# جینۆساید لە عێراقدا
# پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد

ئامادەکردنی

**میدڵ ئیست وۆچ**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

www.dengekan.com

ناونیشانی کتێبەکە بە ئینگلیزی

# GENOCIDE IN IRAQ..

## The Anfal Campaign Against the Kurds

Prepared by:

Human Rights Watch / Middle East Watch

New York - 1993

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri. org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد
- ئامادەکردنی : میدڵ ئیست وۆچ
- وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
- بابەت: مافی مرۆڤ
- نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد قادر
- نەخشەسازیی بەرگ: کەمال حامد
- زنجیرە: 57
- تیراژ: 1500
- ژمارەی (128)ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: چاپخانەی تیشک
- سلێمانی 2004

www.dengekan.com

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 9 | **ڕوونکردنەوەیەکی وەرگێڕ** |
| 14 | سکالاّنامەیەك |
| 17 | **سەرەتایەك** |
| 32 | **تێبینییەك لە سەرمیتۆدۆلۆجی** |
| 32 | بەڵگە بە شایەتەوە |
| 36 | بەڵگەی دۆکیومێنتەکان |
| 38 | بەڵگەی پزیشکیی دادوەری |
| 41 | **پێشەکی** |
| 65 | **بەشی یەکەم: بەعسی و کورد** |
| 77 | ئۆتۆنۆمیی کورد و بەعەرەبکردن |
| 88 | هەل وەرگرتن لە دووبەرەکیی کورد |
| 94 | 1985 ـ 1987: شەڕی بەربلاّو |
| 99 | **بەشی دووەم: دەسپێك بۆ ئەنفال** |
| 110 | سەرەتای کیمیاباران |
| 125 | پەلاماری بەهاری 1987: گوند ڕووخاندن و دووبارە نیشتەجێکردنەوە |
| 129 | بەگەڕخستنی پێشوەختی دەسەڵاتە تایبەتەکانی علی حسن المجيد |
| 133 | فەرمانی کۆکوژی |
| 139 | لێکدانەوەی واتای "ڕیزی نیشتمانی": سەرژمێریی 17 ی ئۆکتۆبەری 1987 |
| 149 | **بەشی سێهەم: ئەنفالی یەك**<br>**گەمارۆدانی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو (23 ی شوبات ـ 19 ی مارتی 1988)** |
| 159 | هێرشی کیمیایی 16 ی مارت بۆ سەر هەڵەبجە |
| 167 | تێکشکانی بنکە و بارەگاکانی PUK |
| **لاپەڕە** | **بابەت** |
| 173 | **بەشی چوارەم: ئەنفالی دوو**<br>**قەرەداخ: 22 ی مارت ـ 1 ی نیسانی 1988** |

| | |
|---|---|
| ڕەوکردن لە قەرەداخ | 178 |
| هەڵاتن بەرەو گەرمیانی خواروو | 182 |
| **بەشی پێنجەم: ئەنفالی سێ**<br>**گەرمیان** 7 ـ 20 **ی نیسانی** 1988 | 189 |
| پلانی پەلامار (1): توزخورماتوو | 193 |
| پلانی پەلامار (2): قادرکەرەم و باکووری گەرمیان | 198 |
| پلانی پەلامار (3): سەنگاو و باشووری گەرمیان | 205 |
| سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی خەڵك | 215 |
| رۆڵی تێکەڵو دووسەرەی جاش | 225 |
| **بەشی شەشەم: ئەنفالی چوار**<br>**دۆڵی زێی بچووك** 3 ـ 8 **ی مایسی** 1988 | 235 |
| هێرشی کیمیایی بۆ سەر گۆپتەپە و عەسکەر | 239 |
| داوی ئەنفال لە ڕۆژهەڵاتی تەقتەقدا | 245 |
| ناوچەی شوان | 251 |
| چیرۆکی زوبێدە | 255 |
| سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالی چوار | 258 |
| **بەشی حەوتەم: ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت**<br>**دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندز (**15 **ی مایس ـ** 26 **ی ئابی** 1988**)** | 263 |
| دوا بەرگریی PUK | 271 |
| **بەشی هەشتەم: کەمپەکان** | 281 |
| کەمپی سوپای میللی لە تۆپزاوا | 281 |
| کەمپی سوپای میللی لە تکریت | 291 |
| **بابەت** | **لاپەڕە** |
| گیراوەکانی بلە و هەڵەبجە | 293 |
| بەندیخانەی ئافرەتان لە دووبز | 296 |
| بەندیخانە کەمپێك بۆ بەساڵداچووەکان | 300 |
| مردن لە نوگرە سەلماندا | 306 |


www.dengekan.com

| | |
|---|---|
| **بەشی نۆهەم: تیمەکانی گوللەباران کردن** | 313 |
| بەسەرهاتی محەمەد | 313 |
| عوزێر و عومەر و ئیبراهیم | 315 |
| بەسەرهاتی مستەفا | 324 |
| بەسەرهاتی تەیموور | 329 |
| **بەشی دەیەم: ئەنفالی کۆتایی( بادینان 25 ی ئاب ـ 6 ی ئەیلوولی 1988)** | 339 |
| بادینان لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی کۆتاییدا | 344 |
| "سێو و شتێکی شیرین" هێرشە کیمیاییەکانی 25 ی ئاب | 348 |
| هەر لە جێدا ئیعدامکردنی بە کۆمەڵ | 361 |
| قەڵاکەی دهۆك و بەندیخانەی ئافرەتان لە سەلامیە | 371 |
| **بەشی یانزەهەم: لێبووردنی گشتیو ئەو کەسانەی کە نەیگرتنەوە** | 378 |
| بڵاوەپێکردنی دەربازبووی کەمپەکان | 385 |
| پرۆسەی فڕێدانە موجەممەعەوە | 389 |
| چارەنووسی مەسیحی و ئێزیدیەکان | 395 |
| **بەشی دوانزەهەم: پاش کارەسات** | 402 |
| بەردەوام پاکتاوکردنی گوندەکان | 407 |
| بەردەوام کۆمەڵکوژی: بەسەرهاتی یونس | 410 |
| بەردەوام کۆمەڵکوژی: بەسەرهاتی حوسێن | 415 |
| کۆتایی "بارودۆخی نائاسایی" | 418 |
| **بابەت** | **لاپەڕە** |
| **بەشی سیانزەهەم: شوێنەواری ونبوو** | 423 |
| حیزبی بەعس: بەرپرسی سەرەتاو کۆتایی پەلاماری ئەنفال | 427 |
| **پاشکۆکان** | 433 |
| پاشکۆی A: نەوارەکانی علی حسن المجید | 433 |
| پاشکۆی B: جێبەجێکەرانی ئەنفال (دەسنیشانێکی کەس و دەزگا سەرەکیەکان) | 441 |
| پاشکۆی C: هێرشە کیمیاییە پێزانراوەکان لە کوردستانی عێراقدا (1988-1987) | 445 |
| پاشکۆی D: نموونەی بێسەروشوێن کردنی بە کۆمەڵ لە ئەنفالدا، بە پێی ناوچە | 449 |
| پاشکۆی E: فەرهەنگۆکی زاراوە عەرەبی و کوردیەکان | 453 |

| | |
|---|---|
| پاشکۆی وێنەکان | 455 |
| لیستی نەخشەکان | |
| پەلاماری ئەنفال: شوبات ـ ئەیلوولی 1988 | 63 |
| ئەنفالی یەك: 23 ی شوبات ـ 19 ی مارتی 1988 | 147 |
| ئەنفالی دوو: 22 ی مارت ـ 1 ی نیسانی 1988 | 171 |
| ئەنفالی سێ (باکوور): 7 ـ 20 ی نیسانی 1988 | 186 |
| ئەنفالی سێ (باشوور): 7 ـ 20 ی نیسانی 1988 | 187 |
| ئەنفالی چوار: 3 ـ 8 ی مایسی 1988 | 233 |
| ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت: 15 ی مایس ـ 25 ی ئابی 1988 | 261 |
| ئەنفالی کۆتایی: 25 ی ئاب ـ 6 ی ئەیلوولی 1988 | 337 |

## ڕوونکردنەوەیەکی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز

ساڵی 1999 چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی (خاك)ەوە بڵاوکرایەوە. ئەو کاتە بە ناوی خوازراوی "سیامەندی موفتی زادە" بڵاوم کردەوە. هۆی ئەوەش تاڕادەیەك ئاشکرایە لای هەموومان, کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دەیڵێم چۆن لە دوای ڕاپەڕینی 1991 ی گەلەکەمان گەڵێ لە ئەنفالچیو بەکرێگیراوانی ڕژێمی لەناوچوو, لەوانەی تا سەر ئێسقان نوقمی خیانەتکاریی بووبوون و دەستیان لە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا سوور بوو خۆیاندایە پاڵ هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و کەڵکیان لە بارودۆخی دژواری ململانێی سیاسی وەرگرت و نەك هەر سەرشۆڕ نەبوون لە بەردەمی خەڵکدا بەڵکو زۆرێکیشیان بە هەر ڕەنگێك بووە بوونەوە بە دەسەڵاتدارو زۆردارەکەی جاران و وێنەی بارودۆخی سیاسیی کوردستانیان بە جۆرێك ئاڵۆز کردبوو,لە خەفەت بەولاوە بۆ خەڵك هیچی تری نەهێشتبووەوە. ئەوانەو سەرجەمی کۆنە بەکرێگیراوانی ڕژێم دەستبالاًییان لە ئاستێکدا بوو, بە نهێنی, چییان بکردایە بۆیان دەچووە سەر .

ڕژێمی ستەمکاری لەناوچوو دەیزانی چی کردووەو چی بە سەر خەڵکدا هێناوە, بۆیە هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوو هەر باسێك لەو ڕووەوە بکرایە خەفەی بکات, ئەوانەش کە دەستیان هەبوو لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە سامناکەدا خۆیان چاکیان دەزانی چییان کردووەو بە سڵ بوون لە هەر باسێکی ئەو بوارەو وایاندەزانی هەر کەس توخنی بکەوێت ئاشکراکردنی کردەوەی تاوانی ئەمانی لێدەکەوێتەوە, ئەڵبەتە گەلێکیشیان پەیوەندییان لە گەڵ ئەمن و موخابەراتی ئەو ڕژێمەدا هەر نەپچڕاندبوو. بەرادەرێکم ساڵی 1994 کتێبی (توونی مەرگ) ی دەرکرد بە ناوی خوازراوی (زیاد عبدالرحمن)ەوە و تێیدا لیستێکی بە ناوی هەندێك لەوانە کردبوو کە ڕۆڵیان لەو کارەساتەدا بووە, بەمە ئۆقرەیان لە بەر بڕاو کەوتنە سۆراخ کردنی ناوی ڕاستەقینەی خاوەنی ئەو کتێبەو ئەنجام وا کەوتەوە ئەو

برادەرەم ڕەهەندەی وڵاتان بوو. بۆ ئەم کارەی منیش, لە پاش چەند کۆڕو سیمینارێك لە سەر بایەخی ئەم کتێبە, چ لە کوردستان و چ لە هەندەران, دیسان وایان هەست کرد کە ناو و کردەوەکانیان دەخرێتە ڕوو و خۆشیان بۆ "شتێك" مەڵاس دابوو. منیش بە ئامۆژگاریی چەند دۆستێکم کردو ئەو ناوە خوازراوەم هەڵبژارد. بەڵام کە دواتر زانرا ئەمە باسێکی مەنهەجیو زانستییە لە سەر ئەنفال و جینۆساید و لیستی ئاشکرا کردنی ناو نیە, ئیتر وەك بڵێی, خەمیان نەماو زۆریان گوێ نەدایە.

یەکەم چاپی "جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد" لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە بازاڕدا نەماو تەنانەت لە کوردستانی ئەودیو و هەندێ شاری لای خۆشماندا کتێبفرۆشەکان بە دانسقە بە دوایدا دەگەڕان و لە بازاڕی ڕەشدا بە چەند بەرابەری نرخی خۆی دەفرۆشرایەوەو دەمێکە دۆست و برا پێم دەڵێن چاپی دووەمی پێویستە. لە ڕاستیشدا وایەو تا ئێستا من ئەم کارەی ڕێکخراوی میدڵ ئیست وۆچ, بە گەورەترین و بایەخدارترین بەرهەم دەزانم بەو قووڵیو فراوانیو بێلایەنییەوە لە سەر ئەنفال و جینۆساید دوابێت. لە بەر ئەوە هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نیە کە بڵێم وا پێویست دەکات هەموو کوردێك و مرۆڤدۆستێك بیخوێنێتەوەو هەروەها پێویستیش دەکات بەشێکی زۆری لە فێرگەو زانکۆکانماندا وەك بەرنامەیەکی چەسپاو بخوێنرێت و توێژینەوەی لە سەر بکرێت. بە ڕاستی خەڵکی کوردو بە پلەی یەکەم قوربانیانی دەستی جینۆساید قەرزاری ئەم کارە پڕ بەهایەی ڕێکخراوی چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن یان (میدڵ ئیست وۆچ) کە بەشێکە لە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس وۆچ). ئەم ڕێکخراوە ئێستا گەلێ ئەکتیڤە لە بواری چاودێری کردنی مافی مرۆڤداو بارەگای سەرەکی لە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لە گەلێ وڵاتی تریشدا بنکەی هەیە.

خوێنەری ئازیز

ئەم بەرهەمەی میدڵ ئیست وۆچ, وەك لە دووتوێی کتێبەکەدا چەند جارێك دووپات دەبێتەوە, بەری ڕەنجی نزیکەی دوو ساڵ گەڕان و بەدواداچوونی تیمەکانی ئەو ڕێکخراوەیە, چاوپێکەوتنی زیاد لە 350 شایەتحاڵی ئەنفالزەدەیە, هەڵدانەوەی چەندین گۆڕی بەکۆمەڵە, کنەو پشکنینی زیاد لە چواردە تەن دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی دەست بەسەرداگیراوی

عێراقـەو سـوود بینینـە لـە دەیـان سەرچـاوەی دانسـقەو دەگمـەن لـە بـواری جینۆسـایدو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا.

ڕێکخراوەکە پاش ئەنجامدانی نووسینی ئەم کتێبە ڕوو دەکاتە خەڵك و دەڵێ کارەکەی ئێمـە هێشـتا بـە ئـەنجامی خـۆی نەگەیشـتووەو کـاتێ ئـەم کـارە تـەواو دەبێـت کـە بتـوانین سەرجەمی فایلەکانی عێراق و دۆسیەی ئەنفال بپشکنین, کە بێگومان لە شوێنێکی ئەرشیفی دەزگای ئەمن و موخابەراتی عێراقدا هەڵگیراون. کاتێ کارەکەی ئێمە تەواو دەبێت کە بتوانین گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو هەزاران قوربانیە هەڵدەینەوە کەوا لە بیابانەکانی باشوورو ڕۆژئاوای عێراقـدا, بـە کـوژراوی یـان بـە زینـدوویی کراونەتـە ژێـر خاکـەوە, پاشـانیش تـەواوی ئـەو کەسانەی دەستیان بووە لەم تاوانە سامناکەدا بیاندەینە دادگا بۆ ئەوەی سزای شیاوی خۆیان وەربگرن.

بەڵێ, وا ئێستا ئەو ڕژێمە بە تەواوی سوپاو ئەمن و ئامرازی داپڵۆسینیەوە گۆڕنراو دارو باری هەڵوەشا, زۆرێك لەو فایل و بەڵگەنامانە گیران کە شایەتیی لەو تاوانە سامناکانە دەدەن، بە فایلی زۆرێك لەوانەی بازرگانییان بە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمانەوە دەکرد, گەلێك گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدرانەوەو ئێسك و پرووسکی قوربانیانی دەستی ڕژێمیان تێدا دەرهێنرا. ئـەو ئێسـکانەی دەرزیـاژنی ویـژدانی مرۆڤایـەتی دەکـەن و لـە کاتێکـدا چـەندین وڵات و کۆمپانیاو تاکەکەس بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان کاسەلێسییان بۆ چەپەڵترین ڕژێمی سەر ئەرز دەکردو چەك و کەرەستەی کۆمەڵکوژییان بۆ دەستەبەر دەکرد، خەڵکی ئەم وڵاتە گرفتاری دەستی تاقمە جەللادێك بووبوون, بە جۆرێکی وا کە دەگمەن و کەموێنە بێت لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیداو ئێسك و پرووسکی زیاد لە ملیۆنێك قوربانیی بێتاوان شایەتی ئەو ڕاستیەن. مخابن لە نێو هەزاران و هەزاران لاشەی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقدا، ئێستا ئێسکی قوربانیانی ئەنفال بێکەس و بێخاوەنن و تا ئێستاش نا ئارام و نەسرەوتوو, تەرمی هەزاران ژن و منداڵ و پیری کورد لەو گۆڕە بە کۆمەڵانەدا ترنجاونەتە سەریەك و لە سۆنگەی بێئارامیی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی ئەم وڵاتەدا کەسێك نیە، لایەك نیە, لەوێ دەریان بێنێ و جارێکی تر بە ڕێوڕەسمی شایستە بیاننێژێتەوە، یان چواردەوریان پەرژین کات و بیانکاتە باخچەو گوڵ وەك یادکردنەوەیەك لەو ستەمە بێئامانەی دەرهەقیان کرا، یان هەر هیچ نەبێ مشووری ئەوە بخوات پارچە کاغەزێکی وەفاتنامە بداتە دەست کەس و کاریان بۆ ئەوەی دوا پرسەیان بۆ دابنێن و چیتر لە ئازارو دڵەڕاوکێی مان و نەمانیاندا نەتلێنەوە.

کورد دەبوو لە ئاست ستەمی جینۆسایدو ئەنفالدا, هێڵی سووری لە نێوان ڕابوردووی تاڵی پڕ لە ململانێ‌و یەکتر کوشتن و ئێستایدا بکێشایەو لە ئەنفالەوە مێژوویەکی نوێی بۆ خۆی بنووسیایە, دەبوو هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی قەڵەمی ئەژنۆیان لە ئاست ئەو قوربانیانەدا بشکایەو چیتر هەڵوەدای شەڕی دەسەڵات و دەسکەوتی نابەجێ نەبوونایە.

باشە چی دەبوو, ئەگەر کورد بۆ تاقە جارێکیش بووە لە مێژووی خۆیدا، ئەم تراجیدیا سامناکەی بکردایەتە مەسەلەیەکی نەتەوەیی پیرۆزو سنووری ئەو پیرۆزییەی نەبەزاندایە. باشە جوولەکە بۆ کردی، ئەرمەن بۆ کردی، کەمبۆدی بۆ کردی، ئەی کورد بۆ نەیکرد؟ باشە بۆچی ئێمە لە ئاست ئەو هەموو خوێنە بە ناهەق ڕژاو و قوربانیەدا ئاوها بێباك و خەمساردین. تاکەی قوربانی‌و جەللاد وەك یەك تەماشا بکەین، تاکەی بە لۆجیکی "ئەوی ڕابورد بەسەرچوو" هەڵسوکەوت بکەین و هەموو دەم ڕێنمای کردەوەو ڕەفتارمان بێت. باشە بۆ باشترین مێژوو ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دەنووسێتەوە، وەك ئەم مێژووەی ئەنفال؟ بۆ باشترین پلانی دواڕۆژ ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دادەنێن؟ بۆ باشترین چارەنووس ئەوەیە کە خەڵکی غەیرە خۆمان بۆمان دیاری دەکەن؟ کە نەشیانکرد، ئەو کات دەکەوینە وێزەیان بە گلەیی‌و ناڕەزایی‌و بە پیلانگێڕیان لە قەڵەم دەدەین. ئەی خۆمان چین؟ لە چیمان کەمە، خوێنە لە کاروانی خەباتی بێوچاندا ڕووبارێکمان لێڕشتووە، تواناو ئیرادەی میللەتە هەمانە.

گەلی برادەرینە..

ئێستاش نەچووە بچێت، با ئێمەش وەك میللەت وەك خەڵك، کۆششی خۆمان نەوەستێنین بۆ ئەوەی نەهێڵین تاوانباران جارێکی تر بە مفتی بیخۆن، هەوڵدەین بیاندەینە دادگاو بە کردار نەك بە سۆز دۆسێی تاوانکارییان شیبکەینەوەو بیانگەیەنینە ئەو سزایەی شیاوی تاوانەکانیانە. ئێمە تەنهاو تەنها بەمە گیانی قوربانیانمان و ویژدانی گەل و کەس و کاریان ئاسوودە دەکەین، تەنها بەمە دەتوانین بەهای پیرۆزی خەبات و قوربانیدان بەرز ڕاگرین، تەنها بەمە دەتوانین خۆمان بەر نەفرەتی مێژوو و نەوەکانی بانەڕۆژ نەکەین و ڕێگەش لە دووبارەبوونەوەی ئاوها تاوانێك بگرین. با کۆششمان یەکخەین بۆ نووسینەوەی ئەم مێژووەمان کە تێیدا دەژین و ڕۆژ بە ڕۆژ درووستی دەکەین. با لە ئێسك و پرووسکی

قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجەوە دەست پێبکەین و تەواوی ئەمڕۆ و ئایندەمانی لە سەر بنیات بنێین.

من بۆ ئەم چاپی دووەمە هەوڵم داوە هەر خەوش و ناتەواوییەك لە چاپی یەکەمدا هەبوو ڕاستیان بکەمەوەو بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی تر دێڕ بە دێڕی دەقە کوردیو ئینگلیزییەکەم بەراورد کردووەتەوە، بۆ ئەوەی چەندی لە توانامدا بێت پوختی بکەم و ئەمانەتی وەرگێڕانەکە بپارێزم. سوودیشم لە گەڵ دۆست و برادەری شارەزا بینیوە بۆ ڕاستکردنەوەی ناوی ئەو دەیان گوندو شاخ و شوێنەی وڵات کە لە دەقەکەدا هاتووەو تیمەکانی میدڵ ئیست ووۆچ هەڵەیان لە نووسینیدا کردووەو بە هاوکاریی ئەوان هەوڵمداوە وەك چۆن خەڵکی ئەو ناوچانە گۆی دەکەن ئاوهایان بنووسمەوە, بە پەیڕەوی کردنی ڕێبازی زانستیی ئەم بوارە. بێجگە لەوەش لە فرە شوێنی تێکستە وەرگێڕراوەکەدا, لە پەراوێزدا تێبینیو باری سەرنجی خۆمم دەربڕیوە بە مەبەستی سوود گەیاندن و دەوڵەمەند کردنی کارەکەو زۆریش ماندوو بووم لە هەڵەبژێریی دەقە کوردییەکەدا بەو هیوایەی تا بتوانم بە کەمترین هەڵەی تەکنیك و چاپەوە بیخەمە بەر دیدەی خوێنەری ئازیز.

لەم چاپەدا بە شیاوم زانی هەندێك وێنەی پاشماوەو ئێسك و پرووسکی قوربانیانی ئەنفال, کە لە پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق لە لایەن دۆستێکمەوە بەدەستهێنراون و پاشتر ناوی دێت, لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاوبکەمەوە.دواجار, سوپاسو پێزانینم بۆ گشت ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردووم لە گەڵاڵە کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا, بە چاپی یەکەمو ئەم چاپەی ئێستاشیەوە. لە گەڵ ڕێزدا.

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

## سکالانامەیەك

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**سەرۆك و سەرکردەی سەروەر، بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێ)، سەرکۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەڕێز:**

**هەڤاڵی تێکۆشەر، سلاوت لێدەکەم و وەك هاولاتیەکی دڵسۆز خۆمت پێدەناسێنم.**

**بە ناوی دادپەروەریی بەعسەوە لێت دەپاڕێمەوە گوێ لە کێشەکەم بگری، چوونکە شەو و ڕۆژ خەوی لێزڕاندووم. لەبەرئەوەی هیچ هیوایەکم نەماوەو لە ئێوە بەولاوە کەسی ترم نیە پەنای بۆ ببەم، وا ئەم کێشەیەم دەخەمە بەردەمتان بە ئومێدی ئەوەی بایەخێکی پێبدەن.**

**گەورەم:**

**من، عاسی مستەفا ئەحمەد، کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە، لە 24 ی ئابی 1990 دا وەك دیلێکی جەنگ گەڕاومەتەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لەساڵی 1955دا لە دایك بووم. لە شەڕی قادسیەی سەدامی شکۆداردا لە کەرتی شووش بەشداریم کردو لە 27 ی مارتی 1982 دا بە دیل گیرام. تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگ دەرچوو، بە دیلێتی مامەوە. پاشان گەڕامەوە بۆ نیشتمان و خاکی نیشتمانی دایکی خۆشەویستم ماچ کردو، لە بەردەم وێنەی سەرکردەی سەرکەوتووماندا سەرۆك سەدام حوسێن کڕنۆشم برد. لە دڵی خۆشمدا هەستم بە پەرۆشییەکی بێپایان دەکرد بگەڕێمەوە ناو خێزانەکەم. ئەوان دڵخۆش دەبوون بە بینینم و منیش خۆشحاڵ دەبووم بە دیداریان و هەموومان نوقمی خۆشی و شادییەك دەبووین ئەوسەری نەبێتەوە و لە باسکردن نەیەت.**

**بە هەرحاڵ، گەڕامەوە ناو ماڵی چۆڵ و هۆڵ، ژنەکەم و منداڵەکانم لەوێ نەبوون. ئای لەم کارەساتە دڵتەزێنە! ئای کە چ زووخاوێك بوو! پێیان وتم تەواوی خێزانەکەم لە عەمەلیاتی ئەنفالدا کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفال، کە لە ناوچەی باکووردا، بە فەرماندەیی هەڤاڵ علی حسن المجید**

ئەنجامــدرا. مــن هــیچ شــتێك دەربــارەی چارەنووســیان نــازانم و كەســانی خێزانەكەم ئەمانەن:

1- عەزیمە عەلی ئەحمەد, لەدایكبووی 1955, خێزانمە.

2- چرۆ عاسی مستەفا, لەدایكبووی 1979, كچمە.

3- فەرەیدوون عاسی مستەفا, لەدایكبووی 1981 , كوڕمە.

4- ڕووخۆش عاسی مستەفا, لەدایكبووی 1982, كوڕمە.

بەم شێوەیە, ئەم سكالأیەم دەخەمە بەردەستت, ئومێد دەكەم بەزەییەكت پێمــدا بێتــەوەو چارەنووســیانم پێڕابگەیــەنیت. خــوا ســەرتان بخــاتو بتانپارێزێت.

سوپاسو ڕێزمان

ئیمزا
دیلی جارانی جەنگ, سەربازی ئیحتیات
عاسی مستەفا ئەحمەد
بێ ماڵو بێ داڵدە, پارێزگای سلێمانی/ چەمچەماڵ
گەڕەكی بێكەس/مزگەوتی حاجی برایم
4 ی تشرینی یەكەمی 1990

www.dengekan.com

وەڵام

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

کۆماری عێراق

دیوانی سەرۆکایەتی

ژمارە: ش ع/ب/16565/4

ڕۆژ: 29 ی تشرینی یەکەمی 1990

بەڕێز/ عاسی مستەفا ئەحمەد

پارێزگای سلێمانی/قەزای چەمچەماڵ/گەڕەکی بێکەس/مزگەوتی حاجی برایم

سەبارەت بە سکاڵانامەکەت لە 4 ی تشرینی یەکەمدا, ژنەکەت و منداڵەکانت لە ماوەی عەمەلیاتی ئەنفالدا, کەوا ساڵی 1988 لە ناوچەی باکووردا ئەنجامدرا, بزربوون.

دڵسۆزتان

ئیمزا

سعدون علوان مصلح

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار

# تێبینییەك لە سەر میتۆدۆلۆجی
# ڕێبازی کارکردن لە سەر دۆکیومێنت و شایەت و
# بەڵگەی پزیشکیی دادوەری کە لەم ڕاپۆرتەدا بەکارهاتوون

## بەڵگە بە شایەتەوە

ئـەم ڕاپۆرتــە بــە ڕادەیــەکی زۆر, لــە ســەر ئــەو شــایەتیانە بەنــدە کــە لــە کوردســتانی عێـراق, لـەو شـایەتحالاّنەوە بەدەسـت هێنـراون کـەوا خۆیـان بـەر ستەمی ئەنفال کەوتوون و (بە زۆریی قوربانیشی بوون). دوو توێـژەری میـدلّ ئیست وۆچ و یاریدەدەرێك بە سێ نێردراوی جیاجیا, لە نێوان نیسانی 1992 و نیسانی 1993دا, ماوەی شەش مانگیـان لـە ناوچە کوردیەکانـدا بردەسـەرو نزیکەی 350 چاوپێکەوتنی تێـرو تەسـەلیان ئەنجامـدا. ئـەو ڕێبـازەی ئـەوان بەکاریان هێناوە لە بەدەستهێنانی بەڵگەو شایەتیدا لە خوارەوە باسکراوە.

تیمی لێکۆڵینەوە, پێش ئەوەی یەکەم نێردراوی خۆی لە نیسانی 1992دا ڕەوانە بکات فۆرمێکی ڕا پرسیی دانا لە سەر بناغەی تێگەیشتنمان بۆ ئەنفال، کە لەوکاتـەدا هێشـتا شـتێکی ئـەوتۆ نـەبوو. بـە دوای ئەمـەدا گفتوگـۆ لـە گـەڵ شـارەزایانی ناوچـەکەو پسـپۆڕانی ئامـاردا کـرا. دروسـتکردنی ئـەم فـۆرمی ڕاپرسیە بە مەبەستی ئاسانکردنی خشتەدانان و دیاریکردنی ئەو زانیاریانە بـوو کـە پەیوەنـدییان بـە ڕاگواسـتنی زۆرەملـیّو بێسەروشـوێنکردنی کـوردەوە هەبوو لە سەروەختی ئەنفالدا.

کـاتیّ تیمەکـە گەیشـتە ناوچەکە فـۆرمی ڕاپرسـیەکەی بـە ژمارەیـەکی کـەم چاوپێکەوتن تـاقیکردەوەو هـەر زوو گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە پرسـیارەکان ژمارەیـــەك فاکتـــەریان ڕەچـــاونەکردووە، لەوانـــە ئـــەو ڕووداوە مێژووییـــە تایبەتمەندانـەی یارمەتیـدەرن بـۆ تێگەیشـتنی ئـەو بارودۆخـەی لـە ئـەنفال

ئـالاّبوو، هـەروەها سروشـتی ڕێبـازی پرۆسـەکەش. ئـەوجا تیمەکـە فـۆرمی ڕاپرسـیەکەی بـە تـەواوەتی دەسـکاری کـردو کەوتـە توێژینـەوەی خـۆیو لـە حەفتەکانی دواتردا , تەنها چەند گۆڕانکارییەکی کەمی کرد.

مەبەستی توێژینەوەکەش ئەوە بوو چەندی دەکرێ پەردە لە ڕووی ئەنفال هەڵماڵرێو هەروەها ئەو خەڵکەش کەوا باسدەکرا گوایە لەو ماوەیەداو لە دوای پرۆسـەکە بێسەروشـوێن کـراون. ئـەو خەڵکانـەی خرانـە بـەر لێکۆڵینـەوەو پرسیارو پرسیارکاری, کران بە سێ تاقمەوە: (1) ئەو شایەتانەی ڕاستەوخۆ ئەنفال زەدەبوون (2) ئەو کەسانەی کاریان لە یەکە سەربازیەکان (یان نیمچە سـەربازیەکان)دا کـردووە، وەك گـەریلای کـورد (*پێشـمەرگە*)، کۆنـە ئەفسـەرانی سوپا، یان فەرماندەی (*موستەشاری*) میلیشیا کوردەکانی سەر بە حوکوومەت. (3) کارمەنـدانی ڕێکخـراوە ناحوکوومیـە نێودەوڵەتیـەکان و کاربەدەسـتانی بەڕێوەبەرێتیی نـاوخۆیی کوردو هەموو ئەوانەی بە وردیو لە شوێنی خۆیدا ئاگاداری بارودۆخەکە بوون چ لە پێش, یان پاش, یان لە کاتی ئەنفالدا.

بـە هـۆی سروشـتی تایبـەتیی سیاسـەتی عێـراق بەرامبـەر بـە کـوردە دێهاتنشینەکان لە سالاّنی 1980وە, دەبوو زۆربەی شایەتحاڵەکانی ئەنفال لە کۆمـەڵگا گـەورەکانی نیشـتەجێکردن (*موجەممـەعات*)ی دۆڵـەکانی بـاکووری عێراقـدا بدۆزرانایەتـەوە. پـاش ئـەوەی حوکوومـەتی عێـراق, لـە کۆتـایی ئۆکتۆبـەری 1991دا, لـە بەشـێکی گـەورەی هـەرێمی کوردەکـان کشـایەوە, گوندنشـینی هەنـدێك ناوچـە کەوتنـە گەڕانـەوە بـۆ گونـدە ڕووخاوەکانیـان بـۆ کشتوکاڵ کردن و هەندێ جاریش بۆ دروستکردنەوەی خانووەکانیـان. تیمی توێژینەوەکــە, چــەندی تــوانی ســەردانی کۆمــەڵگاکانو گونــدە (نیمچــە دروستکراوەکانیان) کردو لە هەموو حاڵەتێکدا پرسیارە گرنگەکە ئەوە بوو: "لـە کـوێ دەتـوانین خـەڵکی ئـەنفال ببیـنین؟" (*ئەنفالـەکان* بـە کـوردی). ئـەوجا خەڵکی ئەو شوێنە پێش تیمەکە دەکەوتن بۆ ماڵێك کە دەیـانگوت ***ئەنفالـەکانی*** لێیەو لەوێ دەبوو هەندێ پرسیاری سەرەتایی بکرایە بۆ تاقیکردنـەوەی ئەو خەڵکانـە, ئایـا بـە ڕاسـتی "ئـەنفالن"و ئـەو کەسـانە نـین کـە لـە گونـدەکانی خۆیانـەوە بـۆ ئـەوێ ڕاگـوێزراون لـە قۆناخـەکانی پێشـتری گونـد ڕووخاندنـدا, چوونکە ئەوانە ڕاستەوخۆ بەر ئەنفال نەکەوتبوون. ئەم ڕێگەیە کاریگەرییـەکی بەدەمـەوە هـاتنی هـەبوو: خێزانێکی *ئەنفالـەکان* ڕێبـەدێی تیمەکـەی دەکـرد بـۆ لای خێزانێکـی تـر, تـا وایلێهـات تیمەکـە هەسـتی دەکـرد ناوچـەیەکی تایبـەتی جوگرافیی ئەنفالی سەرلەبەر گرتووەتەوە.

تیمەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە سێ ڕێگەی جیاواز شایەتحاڵەکانی دەستدەکەوت:

1- سەردانی هەڕەمەکیی نیشتەجێکان و پرسیارلێکردنیان دەربارەی ئەنفالەکان (ئەمە بەرفراوانترین ڕێگە بوو).

2- شوێنکەوتنی چاوساغی تایبەتی.

3- ناوبەناو ئاوڕدانەوە لەو داواکاریانەی پاڕانەوە و تکاکارییان تێدا نەبوو وچاوپێکەوتنیان لە گەڵ دەکرا. لە سەرەتاوە تاقە پێوەر بۆ بڕیاردان لە سەر کەسێك چاوپێکەوتنی لە گەڵ بکرێت یان نە ئەوەبوو کە ئایا ئەو کەسە لە سنووری ناوچەی عەمەلیاتی سەربازیدا بووە لە کاتی ئەنفالداو خزم و کەسی لەدەستداوە لە ئەنجامی پەلامارەکەدا؟ لە قۆناخەکانی دواتری توێژینەوەکەدا, کاتێ کە نموونەی دیار دەرکەوتن, گەڕانەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانە بوو لەو ناوچانەی ئەنفالدا بوون کەوا تیمەکە زانیاریی تەواوی لە سەریان نەبوو , یان ئەوانەی ستەمێکی زۆر سەختیان لێکرابوو, وەك پەلاماردانیان بە چەکی کیمیایی. بێجگە لەوەش هەر لەو دەمەدا ژمارەیەك چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسانێکدا ئەنجامدرا کە لە کاتی ئەنفالدا لەو ناوچانەدا بوون کەوا بەر پەلاماری ئەنفال کەوتووە بەڵام خێزانەکانیان بێ ئازار ڕزگاریان بووبوو, هەروەها لە گەڵ ئەو کەسانەشدا کە دووچاری جۆرەها پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بووبوون لە دەمی پێش ئەنفال و دوای ئەنفالیشدا (1987 و 1989).

پاشان تیمەکە بە شێوەیەکی وردتر کەوتە سۆراخکردنی ئەو شایەتانەی لە ئەنفالدا گیرابوون و برابوون بۆ شوێنی ئیعدامکردنی بەکۆمەڵ (کە ئەو کاتەو ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵی حوکومەتی عێراقدان) و لەوێوە توانیویانە دەرباز بن و بە سەلامەتی بگەڕێنەوە. شایەتیی ئەم لە ئیعدام دەربازبوانە سەلماندنی یەکلاکەرەوە بوون لە هەوڵ و تەقەلای میدڵ ئیست وۆچدا بۆ پێشکەش کردنی بەڵگەی ئەوەی کە زۆربەی زۆری ئەوانەی لە ئەنفالدا دەسگیر کران و بە ڕەسمیی دەڵێن چارەنووسیان نادیارە, ڕێکوڕاست ئەوەیە کە کوژراون. تیمەکە توانی حەوت کەس لەو دەربازبوانەی ئەنفال بدۆزێتەوە, هەروەها یەکێکی دیکەشی دۆزییەوە کەوا سێ مانگ پاش ئەنفال لە ئیعدامکردن ڕزگاری بووبوو. هەندێك لەم دەربازبوانە حەزیان نەدەکرد

بناسرێن لەبەرئەوەی, وەك خۆیان دەیانوت, لە تۆڵەکردنەوەی دواڕۆژی حوکوومەت دەترسان. تەیموور, کە یەکێکە لە هەشت کەسەکە, لە چەند بۆنەیەکدا تەلەفزیۆنی ناوخۆی کوردی چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردبوو, هەروەها ڕۆژنامەنووسانی بێگانەش چاویان پێکەوتبوو. دووەم کەسیان حوسێنی ناوبوو و شایەتیی بۆ مستەر ماکس ڤان دەرشتۆیل Max Van der Stoel دابوو, کە چاودێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە سەر عێراق , لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ناوچەکە لە سەرەتای ساڵی 1992دا . چواریشیان لە لایەن فەرماندەکانی پێشمەرگەوە, کە دەنگوباس و بەسەرهاتیان بیستبوون, دۆزرانەوە. دوانەکەی تریش بەو شێوەیە دۆزرانەوە کە ناویان لە شایەتیی یەکێك لە دەربازبووەکاندا هاتبوو گوایە لە کۆمەڵەکەی ئەودا بوون لە کاتی ئیعدامکردندا.

ئەمان بێ هیچ گۆڕینێك, زۆر پەرۆشی ئەوە بوون کەوا چییان بەسەرهاتووە بۆ تیمەکەی بگێڕنەوە. زۆربەی ئەمانە (تەیمووری لێبەدەر– و) پێشتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نەکرابوو سەبارەت بەم تاقیکردنەوەو بەسەرهاتەیان. هەر هەموو بێپرنگانەوە ناوی خۆیان داو تەنها ئەوە بوو هەندێکیان داوایانکرد ناسنامەکانیان لە کاتی بڵاوکردنەوەدا ئاشکرا نەکرێت. یەك دوانێکیان لێدەرچێت کە ویستیان ناوەکانیان بگۆڕدرێت دەنا هەر هەموویان کە باسیان لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوەن.

تیمەکە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی لە سەر کاسێت تۆمار کردووەو وێنەی شایەتەکانیشی بە (سلاید) گرتووە. لە حاڵەتی چاوپێکەوتنە گرنگەکاندا تیمەکە داوای ڕوخسەتی لێدەکردن کە دیمەنە زۆر بایەخدارەکان یان هەموو چاوپێکەوتنەکە بە ڤیدیۆ کاسێت تۆماربکرێت (وەك حاڵەتی هەندێ لە دەربازبووانی ئیعدامکردنی بەکۆمەڵ). تیمەکە هەموو کات لە گەڵ وەرگێڕێکی کورد یان زیاتر هاتوچۆی دەکرد. ئەم کەسانە دەبوو دوولایەنە کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن، لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی (بە دیالێکتی سۆرانی یان کرمانجی) و بە پێچەوانەوە. بێجگە لەوە، هەندێ چاوپێکەوتن ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەندامانی تیمەکەوە بە ئینگلیزی یان بە عەرەبی ئەنجامدەدرا.

ڕاستیەکەی لە هەموو حاڵەتەکاندا، لە کاتێکی دیارکراودا تیمەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەك کەسدا دەکرد، هەرچەندە فرە جاریش خزمە نزیکەکانی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا لەوێ ئامادە دەبوون. پرسیارەکان ئەم بابەتانەی خوارەوەیان گرتبۆوە:

1- مێژووی شەخسیی لە پێش ئەنفالدا (حاڵەتی شەخسی، ئەندامانی خێزان، ماڵ و سامان، کاروپیشە، ئایین و هۆز، هتد).

2- زانیاریی لە بارەی گوندی ئەو کەسەوە کەوا پێش ئەنفال تیایدا ژیاوە (شوێنی، قەبارەی دانیشتوانی، هۆزی سەرەکی، چالاکیی ئابووریی سەرەکی، ئاستی خزمەتگوزاریی حوکوومەت، هتد).

3- جموجووڵی سەربازیی لە ناو گوندەکەو دەوروبەریدا لە پێش ئەنفالداو سیاسەتەکانی حوکوومەت کە کاریگەریی لە سەر دانیشتوان هەبووە (بوونی پێشمەرگە، هێرشەکانی حوکوومەت، ئابڵووقەی ئیداری و ئابووری، زەرەرو زیان، سەرژمێریی دانیشتوانی ساڵی 1987، هتد).

4- ڕووداوەکانی سەرەوەختی ئەنفال (سروشتی پەلامارەکەی حوکوومەت، بارودۆخی دەسگیرکردن، ڕێگای گواستنەوە، پرۆسەی جیاکردنەوە، بارودۆخی گرتن، پێکراوان، بارودۆخی بەردان، هتد).

5- هەلومەرجی ژیان و گوزەران لە پاش ئەنفال و هەوڵدان، ئەگەر هەبێت، بۆ سۆراخ کردن و دۆزینەوەی کەسوکارە بێسەروشوێنەکان.

بابەتی خاڵەکانی 1 و 2 پەیڕەویی شێوە پرسیارو وەڵامێکی گونجاو وردیان کردووە، لە هەمان کاتدا بابەتی خاڵەکانی 3 و 4 و 5 نەرمیی زیاتریان تیادابوو: پرسیار لەو کەسە دەکرا ڕووداوەکانی چۆن بیردەکەوێتەوە ئاوهای بگێڕێتەوە و تیمەکەش یان (أ) تەنها پرسیاری ڕوونکردنەوەی بەرواری تایبەتیو شوێن و بەراوردکاریی دەکرد یان (ب) سەرنجی لە وردەکاریی هەندێ بەسەرهاتی تایبەت دەردەبڕی کە بۆ پرۆژەکە گرنگ بوو، یان (ج) بەراوردکردنی هەر جیاوازییەك لە شایەتیەکەدا دەربکەوتایە یاخود لە شایەتییەك و ئەوی پێشوویدا یەکی نەگرتایەتەوە.

بە هۆی ئەو ڕێژە زۆرەی نەخوێندەوارییەوە لە دێهاتی کوردستانداو هەروەها نەریتی تایبەتی خەڵکی ناوچەکە بۆ کات و سەردەم دیاریکردن، تیمەکە بەرەوڕووی گرفت و زەحمەتێکی زۆر دەبووەوە لە دەسنیشانکردنی بەرواری تەواوی ڕووداوە تایبەتیو دیاریکراوەکان و کرۆنۆلۆجیایان، لە سەر بناغەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ گوندنشینەکان دەکرا. بۆ نموونە، زۆر جار بەروارەکان بە جەژنە ئاینیەکانەوە دەبەسترانەوە. بە شێوەیەکی گشتی،

تیمەکە دوای چاوپێکەوتنێکی زۆر، دڵنیابوو لەوەی کە وێنەیەکی وردی لە قۆناخە جیاجیاکانی ئەنفال و ڕووداوەکانی نێوان ئەم قۆناخانەی دەستکەوتووە. هەندێك لەم بەروارانە لە دواییدا بە پێی ئەو بەڵگەنامانە چەسپکران کەوا لە دەزگا *ئەمنیو ئیستیخباراتیەکانی* عێراقدا, لە کاتی ڕاپەڕینەکەی مارتی 1991دا, کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. بە گشتی، تیمەکە بڕیاری لە سەر ڕاستیی ئەو بەسەرهاتە تاکانە دەدا کاتێ کە ناوەرۆکیان لە گەڵ سیاقی گشتیو سەرجەم ئەو نموونانەی کە لە ماوەی پرۆژەکەدا کۆکرابوونەوە, یەکیاندەگرتەوە. هەروەها جۆرەکانی تری بەڵگەو گرێدانیان لەگەڵ چاوپێکەوتنێکی دوای ئەوە, کە لە هەندێ حاڵەتی کەمدا, لە گەڵ هەمان ئەو کەسە ئەنجام دەدرایەوە. لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا, تیمەکە هەوڵی ئەوەی دەدا بەڵگەی پشتگیری بە دەست بێنێ. ئەمەش ئەو بەڵگەنامە شەخسیانەی دەگرتەوە کە لای ئەو کەسە بوون چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز دەکرا (بۆ نموونە ڕێپێدانی هاتوچۆکردن و فەرمانە ئیداریەکان)، یان ڕاپۆرتی پشکنینی ئەو شوێنانەی باسکران (وەك بەندیخانە یان گوندێك بەر هێرشی کیمیایی کەوتبێت). لە ئەنجامی ئەم ئیجرائاتانەدا, ژمارەیەکی کەمی چاوپێکەوتنەکان, یان بەشێکیان, خرانەلاوە یان کەڵکیان لێوەرنەگیرا, چونکە ئەو شایەتیانە لەوە دەچوو جێمتمانە نەبن یان بەڵگەی پشتگیریی تەواویان نەبوو.

* * *

## بەڵگەی دۆکیومێنتەکان

لە ڕاپەڕینە میللیەکەی ساڵی 1991 دا لە باکووری عێراق, خەڵکی مەدەنیی کوردو ئەندامانی حیزبە سیاسیە کوردیەکان پەلاماری دامودەزگاکانی حوکوومەتی عێراقیان داو داگیریان کردن, بە دەزگا ئەمنیو ئیستیخباراتیە جۆراوجۆرەکانیشەوە. زۆر لە بینای ئەم دەزگایانە زیانی قورسیان پێگەیشت یان سەرپاك سووتان, بەڵام هەندێك بێ زیان مانەوە. بەمە کوردەکان بوون بە خاوەنی ئەم بیناو دەزگایانەو هەرچیەکیان تێدابوو. ئەو کەرەستەو کەلوپەلانەی تیایاندا بوون بە بڕێکی زۆر بەڵگەنامەو تۆمارو کاغەزو ڤیدیۆ کاسێتو نەوارو فیلمو وێنەوە هەموو بران.

ئەو ڕۆژانەی پێش ئەوەی هێزەکانی عێراق پێشڕەوی بکەنو ڕاپەڕینەکە تێکبشکێنن, حیزبە کوردیەکان توانییان زۆربەی زۆری ئەو بەڵگەنامە دەست

بەسەرداگیراوانە لە شارو شارۆچکەکانەوە بگوێزنەوە بۆ سەنگەرو شوێنە قایمەکانیان لە چیاکاندا. لە بەهاری ساڵی 1992دا, یەکێك لە دوو لایەنە گەورەکە, یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان, ڕەزامەندیی دەربڕی کە بچێتە ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵییەوە لەگەڵ میدڵ ئیست ووچ و لیژنەی پەیوەندیەکانی سەناتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە PUK ڕازیبوو بەڵگەنامەکانی لای خۆی بنێرێتە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیان. لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سەناتیش ڕەزامەندی دەربڕی کە بەڵگەنامەکان بدرێنە بەشی تۆمارگە ڕەسمیەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکی و لە ئەرشیفی نیشتمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بپارێزرێن. میدڵ ئیست ووچیش قایل بوو بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەر بەڵگەنامەکان لە بواری مافی مرۆڤداو تیاشیاندا شوێن کێشەی جینۆساید بکەوێت و بیداتە دادگای عەدلی نێودەوڵەتی لە لاهایThe Hague .

کەرەستەکەی PUK بریتی بوو لە چواردە تەن بەڵگەنامەو کرابوونە 847 سندووقەوە. تێکرا ژمارەی پەڕەکانی بە زیاد لە چوار ملیۆن دەخەملێنرا. لە مایسی 1992دا PUK دۆکیومێنتەکانی بە شێوەیەکی کاتی خستە لای میدڵ ئیست ووچ و پاشان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە بە فڕۆکە گوێزرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. دواجار لە واشنتۆن بە ئەرشیفی نیشتمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان سپێردران و لە کۆگاکانیدا هەڵگیران, بەڵام هەر لە ژێر چاودێریی هاوبەشیPUK و میدڵ ئیست ووچدا مانەوە.

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1992دا تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەر بە میدڵ ئیست ووچ دەستی دایە کاری تەتەڵەو گێژکردن و پێرست بۆ دانان و شیکردنەوەیان. دۆکیومێنتە بایەخدارەکان دەرهێنران, وێنەیان لە بەر گیرایەوە, وەرگێڕدران و ژمارەیەکیان کەوتوونەتە ئەم ڕاپۆرتەوە. ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە سەر عێراق, بەڕێز ماکس ڤان دەرشتۆیل, لە ڕاپۆرتەکەی مارتی 1993یدا بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سوودی لە هەندێك لەو بەڵگەنامانە وەرگرتبوو کە میدڵ ئیست ووچ دۆزیبوویەوە.

زۆربــەی زۆری بەڵگەنامــەکان هــی دوو شــوێنن: پارێزگــای ســلێمانی و قەزاکانی و پارێزگای هەولێرو قەزاکانی, بە تایبەتی *قەزای* شەقلاوە. بڕێکی زۆریان هی دەزگاکانی بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی گشتیی بوون (*مدیریە الامن العامە*), کەمێکیشیان هی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازی (*مدیریە الاستخبارت العسکریە العامە*) و حیزبی بەعس بوون. بە گشتیی بەڵگەنامەکان لە دووتوێی فایلدا بوون, یان پەڕەکان خرابوونە سەر یەك و لە نێوان دوو بەرگی ڕەقدا بە قەیتان بەسترابوون. هەروەها بەشێکیشیان دەفتەری بەرگ تێگیراو بوون. بە پێی ئەو بارودۆخەی باڵی کێشابوو بە سەر ئەو کاتەی ڕاپەڕینەکەدا، بە تایبەتی لە سلێمانی ژمارەیەك لەو بەڵگەنامانە بە تەواوی پەرش و بڵاو بووبوونەوەو هەندێکیان سوتابوون و بووبوونە ژێر پێوەو قوڕاویی بووبوون و لە رۆر حاڵەتیشدا دڕابوون. بەهەرحاڵ, زۆربەی بەڵگەنامەکان هەروەکو خۆیان مابوونەوەو هیچیان لێنەهاتبوو.

تەواوی بەڵگەنامەکان، دەستنووس یان چاپ بوون و بە عەرەبی نووسرابوون و بە باشی دەخوێنرانەوەو بابەتێکی فراوانی جۆراوجۆریان گرتبوّوە کە بە ئاسانی دابەش دەکرانە سەر سێ جۆر بابەتدا:

1- کاروباری بەڕێوەبردنی کارمەندانی دەزگاکان وەك: مووچە، مۆڵەت وەرگرتن، پلە بەرزکردنەوە ، مۆڵەتی چەك هەڵگرتن، کاروباری دیسپلین و هتد.

2- زانیاریی شەخسی: ئەمانە کۆمەڵە فایلێك بوون کە زانیارییان لە سەر کارمەندانی ئەو دەزگایە، هاوڵاتی ئاسایی، یان ئەندامی گومانلێکراوی حیزبە کوردیە بەرهەڵستکارەکانی تێدابوو. ئەمانە پاشخانی چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵکردنیشیان تێدا تۆمارکرابوو. ژمارەیەك لە فایلەکان مێژووی ژیانی تەواوی تێدابوو, هەندێکیش بە فەرمانی ئیعدامکردن یان وەفاتنامە داخرابوون.

3- ڕاپۆرت لە سەر ڕووداوەکانی ناوچەکەو بارودۆخی سیاسی: ئەم دوو جۆرە بەڵگەنامانە بە زۆری پێکەوە دانرابوون و ڕاپۆرتی ئەو جموجووڵانەشیان تێدابوو بوون کە *ئەمن* و سوپا دژ بە *پێشمەرگە* ئەنجامیان دەدا، هەروەها ڕاپۆرت لە سەر چالاکیی *پێشمەرگە* لە ناوچەیەکی دیاریکراودا لە گەڵ ئەو فەرمان و ڕاسپاردە ڕەسمیانەی کە ئاڕاستەی دامودەزگا جۆراوجۆرەکان کرابوون.

هەرچەندە سێ جۆرەکە بە گشتی لە بەڵگەنامەکاندا بە جیا دەردەکەوتن، بەڵام وا ڕێکدەکەوت کە فەرمانێکی گرنگ پەیوەندیی بە سیاسەتی

حوکوومەتــەوە هــەبوو دەرهــەق بــە کــورد، لــە فــایلێکی نهێنیــی کەســێکدا دەردەکەوت. هەندێ جار بەڵگەی ستەم و خراپەکاری بەشێوەی بچڕبچڕ یان بە یەکەوە گرێدراو دەبووە سەرچاوەیەکی باشی زانیاری بەلأم شێوەی دەربڕین و ئاشکراکردنی مەسەلەکان ئەگەر کەسێك پێی ڕانەهاتبێت بە ئاسانی ناچێتەوە سەری. دواجاریش ئەرکی ئەو تیمەی میدڵ ئیست ووٚچ سەرپەرشتیی دەکرد ئەوەبوو کە دەبێ وەك پێویست ئەم برە هێجگار زۆرەی بەڵگەنامەکان لە بێـژنگ بدات و بە دوای نەختینەی شاراوەدا بگەڕێت.

* * *

## بەڵگەی پزیشکیی دادوەری

لـە مـایس و حـوزێرانی سـاڵی 1992دا, میـدڵ ئیسـت ووٚچ و پزیشـکانی مـافی مـرۆڤ، تیمێکـی توێـژەری پزیشـکیی دادوەرییـان (فۆرێنسـیك) نـارد بـۆ کوردستانی عێراق. تیمەکە پێکهاتبوو لـەو لێکۆڵەرەوانـەی کـە ڕاهێنرابوون لـە سەر ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی دادوەری, ئەرکیۆلۆجیو یاسا. ئەمانە گۆڕیان لـە زۆر وڵات هەڵـدابۆوە وەك ئەرجـەنتین، چـیلی، ئێلسـلڤادۆرو گواتیمـالا. لـە کوردسـتانی عێـراق, لـە سـێ شـوێندا گۆڕیـان هەڵدایـەوە: گونـدی کـورێمێ، گونـدی برجینـێو گۆڕسـتانی کۆمەڵگایـەکی ڕزگاربووەکـانی ئـەنفال لـە نزیـك شاری هەولێر.

تیمەکە لە پشکنین و لێکۆڵینەوەکەیدا, پەیڕەویی ستانداردی نێودەوڵەتیی کـرد کــە لــە لایــەن نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە بلأوکراوەتــەوە "پرۆتۆکـۆڵی نموونـەیی لێکۆڵینـەوەی یاسـایی لـە سـەر یاساشـکێنی، ملـهوڕیو کۆکـوژی" (پرۆتۆکــۆڵی مینیســۆتا)[1]. ئــەنجامی تــەواوی لێکۆڵینــەوەی تیمەکــە لــە ڕاپۆرتەکەی میدڵ ئیست ووٚچ و پزیشکانی مافی مرۆڤدایە (پـەلاماری ئەنفال لـە کوردسـتانی عێراقـدا: وێرانکردنـی کـورێمێ)، کـانوونی دووەمـی 1993. ڕێبازی کارکردنی تیمەکە لە هەر شوێنێك لەو شوێنانە لە خوارەوە باسکراوە.

---

[1] کارنامەی بەرگریی کاریگەرو لێکۆڵینەوە لە سەر یاساشکێنی، ملهوڕی، کۆکوژی، 1991.
Manual on the Effective Prevention and Investigation of Extra-Legal, Arbitrary and Summary Executions, 1991.

## کوڕێمێ:

تیمەکە کەوتە هەڵدانەوەو پشکنینی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گوندی وێرانکراوی کوڕێمێ کە پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی بیست و شەش پیاو و کوڕی هەرزەکاری تێدابوو، کە هەر هەموویان تیمی گوللە بارانکردن ڕیزیان کردبوون, پاشان دەسڕێژیان لێکردبوون و کوشتبوونیان. پسپۆڕی شوێنەوارناسی تیمەکە ڕووپێویی گوندە ڕووخاوەکەی کردو نەخشەی ئەوەی بۆ دروستکرد کە پێش ڕووخان چۆن بووەو لە کارەکەیدا تەکنیکی ستانداردی ڕووپێوی شوێنەوارناسیی بەکارهێنا. ئەوجا ئەندازەی قەوانە فیشەکە کۆکراوەکانی گرت بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو چەکانەی لە شوێنی ئیعدام کردنەکەدا تەقەیان پێکراوە. پسپۆڕی ئەنترۆپۆڵۆجیای سەرۆکی تیمەکەش کاری هەڵدانەوەو پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کورێمێی بەڕێوەبردو تەکنیکی ستانداردی گۆڕهەڵدانەوەی بەکارهێنا, بۆ پاراستنی پەیکەرە ئێسکەکان و هەر شتێکی تری مرۆڤکرد کە تێیدا بێت. لێکۆڵینەوەکان لە مەیتخانەی نەخۆشخانە گشتیەکەی دهۆك ئەنجامدرا, بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی لە گۆڕەکەدا بوون, هەروەها توخمیان، تەمەنیان، نیشانەی تری ناسینەوەیان لە گەڵ جۆرو شێوازی کوشتنەکەیان. پارێزەرانی تیمەکەش, چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەربازبوان و گوندنشینی تردا ئەنجامدا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە بەڵگەی زانستیی پشتگیریی دەکردن.

## برجینێ:

تیمەکە مەسحێکی شوێنەوارناسی و هەڵدانەوەو پشکنینی گۆڕەکانی گوندی برجینێی وێرانکراوی ئەنجامدا, بە پێی ڕێبەدێی کردنی دەربازبوانی گوندەکە, کەوا لە ئابی 1988 دا بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرا. شوێنەوارناسی تیمەکە مەسحێکی ستانداردی بۆ کەلاوەکانی گوند ئەنجامدا. شارەزایانی ئەنترۆپۆڵۆجیای پزیشکیی عەدلیش گۆڕی ئەو کەسانەیان هەڵدایەوە کەوا لە قەڵەم درابوون بە هەڵمژینی گازی کیمیایی مردوون.

پارێزەرانی تیمەکەش چاوپێکەوتنیان لە گەڵ گوندنشینە دەربازبوەکاندا کرد سەبارەت بە ڕووداوەکان. بێجگە لەوە، تیمەکە خۆڵ و خاکی لەو چاڵانە دەرهێنا کەوا باسدەکرا بۆمبە کیمیاییەکانیان بەرکەوتووە. لەساڵی 1993 دا,

تاقیگەی چەکی کیمیایی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە پۆرتن داون Porton Down ڕاپۆرتێکی لە سەر دۆزینەوەی پاشماوەی گازی خەردەل و دەمار, لەو نموونانەی کە لەو شوێنانە وەرگیراون, بلاوکردەوە. ئەمە یەکەم حاڵەتی پەلاماری چەکی کیمیایی بوو کە لە سەر بنەمای پاشماوەی توخمی کیمیایی سەلمابێت لەو شوێنەدا کە بۆمبی بەرکەوتبێت و شوێنەواری بەجێهێشتبێت.

**هەولێر:**

تیمەکە لە گۆڕستانی کۆمەڵگایەك* کە دەربازبوانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزرابوو، کەوتە گۆڕ هەڵدانەوەو پشکنینیان. گۆڕستانەکە لە لایەن پسپۆڕانی ئارکیۆلۆجیەوە ڕووپێو کرا بۆ دەسنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵ و گەورە.

زاناکانی پزیشکیی عەدلیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە, کە یەکێك لەوانە وەك باسدەکرا لە لایەن دەربازبوویەکی گوندی کوریمێوە هەڵکەندرابوو و لاشەی خوشکە ساواکەی تێخستبوو. پشکنینی گۆڕەکەش پشتگیریی باسەکەی دەکرد و پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێك دەبوو و نیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.

## سەرەتایەك

ناوبەناو, هەل و دەرفەت لە کارەساتەوە دەرەخسێ. سەبارەت بە میدل ئیست ووچیش بواری ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە لە سەر مافی مرۆڤ لە باکووری عێراقدا, دوابەدوای پشێوی و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی سەرەتای ساڵی 1991 بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هاتە پێشەوە کە زۆربەی خوێنەران لە ڕێگای ئامێری تەلەفزیۆنەکانیانەوە لێی بە ئاگان. کاتێ کە

---

* لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەداو لە بەشی ئەنفالی کۆتاییدا, کەمێك بە دوورو درێژتر باسی هەڵدانەوەو ڕووپێو کردنی ئەم گۆڕانە دێتە پێشەوە لە کۆمەڵگای بەحرکە ـ جێژنیکان ـ و.

www.dengekan.com

هێزەکـانی حوکوومـەتی عێـراق لـە بەرانبـەر پێشـڕەوی کردنـی هێـزی هاوپەیمانانو پێشمەرگە کوردە جەنگاوەرەکان پاشەوپاش کشانەوەو هاوکات لـە گـەڵ گەڕانـەوەی ئـاوارە مەدەنیـەکان لـە سـنوورەکانی تورکیـا و ئێرانـەوە، دەرکـەوت کـە ئـەو قەدەغـە کردنـە درێژخایەنـەی بەغـدا لـە سـەر لێکۆڵـەرە سـەربەخۆکانی دانـابوو کـە نزیـك هـەرێمی کوردەکـان بکەونـەوە بـە زەبـری هێـز تێکشکێنرا. بەڵام کەس ناتوانێ پێشبینی ئـەوە بکـات تـاوەکو کـەی پەنجـەرەی هەلو دەرفەت هەروا کراوە دەبێت.

ئـەم گومانـە لاوازە هـەروا دەمێنێتـەوە، چـوونکە کوردەکـانی عێـراق وەك کەمایەتیـەکی هەمیشـە هەڕەشـەلێکراو پاشـەڕۆژیان مەترسـیی لـە سـەرەو بـە هـەمان شـێوەش ژیانیـان. لـە کـاتی ئـەم نووسـینەدا، فشـارێکی زۆر تونـدی سزاکانی UN لە سەر عێراقو ئابلووقەیـەکی ئـابووریی نـاوخۆ کـە هێزەکـانی حوکوومـەت سـەپاندوویانە، هەڕەشـەی برسـێتییەکی بەکۆمـەڵ دەکـا لـەو سـێ ملیۆنو نیو دانیشتوانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردە شۆڕشگێڕەکاندا دەژین. هێزەکانی حوکوومـەت کـە بـە درێـژایی هێڵـی ئاگربەسـت مۆڵیانـداوە بـە ئاسانی دەتـوانن نـاوچەکە داگیربکەنـەوە پـێش ئـەوەی ڕۆژئـاوا بتـوانێ فریایـان بکەوێت.

میدڵ ئیست ووچ، لەو دوو ساڵەی ڕابوردوودا، ئـەوەی ڕەچـاو کـردووە کـە ئایائەوەندە کات دەبێت بۆ بەدەسـتهێنانی زانیارییـەکی جێمتمانـەی ئـەوتۆ کـە قەناعـەت پێکردنـی ڕای گشـتیی جیهـانیو پاشـانیش دادگایـەکی یاسـایی. هەرچەندە پێشتر هەنـدێك ڕاپـۆرت دەربـارەی ئـەنفال[1] بڵاوکرابوونـەوە بـەڵام بـە

---

[1] ئەو نووسینانەی لەو دەمەدا لە سەر ئەنفال بڵاوکراونەتەوە گرنگەکانیان ئەمانەن:

-"مردنی نهێنی: مینی زەمینیو کارەساتە مەدەنیەکان لە کوردستانی عێراقدا."

Hidden Death: Land Mines and Civilian Casulaties in Iraqi Kurdistan (October 1992, PP 67).

- "گۆڕە نائارامەکان: گەڕان بە دوای بێسەرو شوێنانی کوردستانی عێراقدا."

Unquiet Graves: The Search for the Dissappeared in Iraqi Kurdistan (Febrauary 1992, PP 41).

- "پەلاماری ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا: وێرانکردنی کورێمێ."

The Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme (January 1993, PP 116).

دەرکردنی ئەم کتێبە, یەکەم مەبەست هاتە ئەنجامدان. ئەگەرچی بەڵگەی تەواو هەیە کە لە ڕاستیدا ئەو دەیان هەزار کوردە مەدەنیەی کە ساڵی 1988 لە لایەن هێزەکانی حوکوومەتەوە "بێسەروشوێن کران", نەماون, بەڵام سەبارەت بە چارەنووسیان دەشێ هەموو کات کار لە سەر ئاشکرا کردنی بکرێت. ئەمەش بە زۆری لە سەر پاشە ڕۆژی سیاسەتی عێراق وەستاوە.

چەندین ساڵ پێش ڕووداوەکانی ساڵی 1991, قسەیەکی زۆر دەربارەی ستەمو خراپەکاریی لە ڕادەبەدەری هێزەکانی ئەمنی حوکوومەت دەرهەق بە کوردەکان, لە ڕۆژاوادا بە بەردەوامی دەکرا. کوردە شۆڕشگێڕەکان باس لە وێرانکردنی چوار هەزار گوندو بێسەروشوێن کردنی نزیکەی 182 هەزار کەس دەکەن تەنها لە ساڵی 1988 دا . ڕووداوی ئەنفال . کە وەك جفرەیەکی سەربازیی ڕەسمیی لە بەیاننامە گشتیەکانو یاداشتە ناوخۆیەکانی حوکوومەتدا بەکار دەهات . کە بە باشی لە ناو عێراقدا دەزانرا, بە تایبەتی لە ناو هەرێمە کوردیەکەدا. کە تەواوی لایەنە ترسناکەکانی مەسەلەکەش ئاشکرابوو ناوەکە خۆی لە هەستو ویژدانی میللیدا چەسپاند . هەر وەك ئەوەی کە هۆلۆکۆستی ئەڵمانە نازیەکان لە هەستو ویژدانی دەربازبوانیدا کەوتەوە. لەبەر ئەوەی هەردوك چونیەکن و مەودای ترسو سامیشیان لە یەکەوە نزیکە.

لێکدابڕانی کورد بە هۆی جوگرافیای شاخاوییان و باری سیاسیی ناهەموارییانەوەو پەیڕەویکردنی سیاسەتی پەرت کەو زاڵ بە لە لایەن

---

دوو ڕاپۆرتەکەی دواییان بە هاوبەشی لە گەڵ پزیشکانی مافی مرۆڤدا PHR بڵاوکراونەتەوە.

- هەروەها "مافی مرۆڤ لە عێراقدا Human Rights in Iraq "ڕاپۆرتێکی میدڵ ئیست ووچ لە شوباتی 1992 دا بڵاوکراوەتەوەو بەشێکی زۆری لە سەر ستەملێکردنو سەرکوتکردنی کوردەکانە لە لایەن حوکوومەتەوەو لە دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی زانکۆی یال (نیو هاڤن 1990) دەستدەکەوێت.

حوکوومەتـەکانی ناوچـەکەوە کـارێکی کردبـوو کـەم کـورد درکـی بـەو مـەودا پتـەوەی ڕێکخستن و سـەرتا پاگیریەی ئـەنفال دەکرد. بۆیـە لـە بـەر ئـەو هۆکـارە ئاشـکرایانەی پـێش ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1991 و کـاتێ کـە سـەرکردە کـوردە شۆڕشگێڕەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو, بۆ ماوەیەکی کاتی بوونەوە بە حـوکمڕانی زۆربـەی بەشـەکانی خـاکی نـەریتییان, کـەم لـە ڕاسـتیەکان لـە بەردەستدا بوون کە ڕێکخراوەکانی دەرەوە پشتیان پێببەستن.

میدڵ ئیست ووچ لە ڕاپۆرتی شوباتی 1990یدا بە ناونیشانی "مافی مرۆڤ لـە عێراقـدا" سـەرلەنوێ ئـەو زانیاریانـەی بنیاتنایـەوە کـە لـە سەرچـاوەکانی تاراوگـەوە بـە دەسـتهێنرابوون, بـە شـێوەیەك کـە گێڕانـەوەی ڕووداوە کۆنـەکان زۆر وردتـر دەرچـوون. لـە گـەڵ ئەوەشـدا, وا دەردەکـەوت کـە زۆر لـە قسـەی کوردەکـان خـەیاڵی بێـت و جێمتمانـە نـەبێت. لـە ڕاسـتیدا, ئـەم پرۆسـەی دۆزینەوەیە, دەرسێکی سادە بوو بۆ ئەو بیانیانەی لە دەرەوە شوێن کاروباری کـورد کـەوتبوون. ڕاپۆرتـدەرە ڕۆژئاواییـەکان و کـارگوزارانی فریاکـەوتن و ڕێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ و ئەوانـەی کـە سـەردانی کوردسـتانی عێراقیـان کردووە درکیان بەوە کردووە کە چ بارێکی سامناك تووشی کورد هاتووە لە لایەن حوکوومەتەکەیانەوە, ئەڵبەتە زیادەڕۆییشی تێدایە.

لـەم ڕاپۆرتـەدا، کـە لـە مـاوەی هـەژدە مـانگ زیـاتردا کۆکراوەتـەوە، میـدڵ ئیسـت ووچ لـەو باوەڕەدایـە کـە ئێسـتا بـە قەناعەتـەوە نیـازو مەبەسـتی تـەواوی حوکوومەتی سەدام حوسێنی دەرخستووە سەبارەت بە لەناوبردنی کەمایـەتیی کـوردی عێـراق لـە ڕێگـەی بەکۆمـەڵ کوشـتنی بەشـێکیەوە. بێگومـان کـورد کۆمەڵێکی ئەتنیی[2] جیاوازن و لە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبی عێراق جودان و لـە مـاوەی ئەنفالـدا وەك کـورد کـران بـە مەبەسـت و نیشـان. دوو ئـامرازی حوکوومـەت بـوون بـە بنـەماو پـەیڕەویکاری ئـەم سیاسـەتە . یـەکێکیان سەرژمێریی نیشتمانی لە ئۆکتۆبەری 1987دا و ئەویتریان ڕاگەیاندنی "ناوچە قەدەغەکراوەکان" بوو کە زۆربەی زۆری دێهاتی کوردنشینی گرتەوەو ڕاست و

[2] لە ڕووی مرۆڤناسییەوە (ئـەنترۆپۆلۆجی)، کـورد میللـەتێکی هینـدۆ ـ ئـەوروپایین و ئاخاوتنیـان بـە زمانێکە پێوەندیی بە فارسیەوە هەیە بێجگە لە تێکەڵەیەکی زۆری عەرەبیو تورکی کـە بـە پێـی ئـەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن دەگۆڕێ.

چەپ لە هەر چوارلاوە وەك لێفەیەکی شێتانە تەریبدراوی لێکرا[*]. ئەم ئامرازانە پشتیان بە پاشخانی نزیکەی بیست ساڵ سیاسەتی حوکوومەت دەبەست لە پیادەکردنی "بە عەرەبکردن" داو تێیدا لە ناوچەکانی نەتەوە تێکەڵ و ئەو شوێنانەی تر کە بە لای بەغداوە گرنگ بوون و بایەخی ستراتیجییان هەبوو دانیشتووە کوردەکانیان تەنك دەکردو جووتیاری عەرەبی کۆچەریان بۆ دەهێنان و زۆر بە فراوانی یارمەتیو هان دەدران بۆ نیشتەجێبوون لەو ناوچانەداو هێزی حوکوومەتیش پارێزگاریی دەکردن.

ئەڵبەتە شتێکی چاوەڕوان کراوە کەوا کوردەکان دەست بدەنە چەك, وەك پێویستیش پەنایان بۆ بردووە, کاتێك لە داواکارییاندا بۆ بەدەستهێنانی خودموختارییەکی گەورەتر لە بواری سیاسیو فەرهەنگیدا نائومێد بوون. ڕاستیەکەشی ئێمە لە ئەنفال ناگەین بیٚ بەئاگابوون لە نیو سەدە تێکۆشانی چەکداریی کورد دژ بە حوکوومەتی ناوەندیی عێراق بە ڕژێمە سیاسیە جیاجیاکانیەوە. لە سەرەتای سالآنی حەفتادا بەعسیەکان کە هێشتا دەسەلآتی تەواویان پەیدا نەکردبوو زیاد لەوانی پێشووی خۆیان ڕۆیشتن لە دانپیانانی ئەو داواکاریانەداو پلەیەکی گەورەو بایەخداری خۆبەڕێوەبردنیان داو لە دەستوورێکی کاتیی نوێدا ناسنامەو کەسێتیی سەربەخۆو جیاکاری کوردیان سەلماند. ئەو دەستوورە تا ئەمڕۆش لەکاردایەو تا ئێستاش بەغدا هەر لەو خەیاڵەدایە کە ناوچەی حوکمە ئۆتۆنۆمیەکەی"هی عێراق" بە ئیدارە کوردیەکەی خۆیەوە هەر لە ئارادایە. ئەم ئیدارە گاڵتەجاڕیە لە کەرکووکی[*] ژێر دەسەلآتی حوکوومەتدا جێگیربووەو بەردەوام تانە لە "دەسەلآتدارە

* لێرەدا مەبەست شەقوپەق یان لەتوپەت کردنە لە شێوازی دوورین یان تەریبدانی لێفەدا, دەقە ئینگلیزیەکەشیان وا دارشتووە Crazy-patterned quilt ـ و.

* ڕاستیەکەی ڕژێمی عێراق یەکەمجار لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 هەوڵی دا ئەو دەسەلآتە کارتۆنیە لە شاری مەخمووری باشووری هەولێر دابنێت، بەلآم پاشان بردیە بەغداو هیچ کاتیٚ ئەو ئیدارەیە لە کەرکووك نەبووە ـ و.

www.dengekan.com

بەکرێگیراوەکەی بێگانە"** دەدات لەو بەشەدا کە کوردە شۆڕشگێڕەکان بەڕێوەی دەبەن.

هەروەها لۆجیکی ئەنفال لە جەنگی ئێران . عێراقیش بەدەر نیە. پاش ساڵی 1986, هەردوو حیزبە سەرەکیەکە, یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان PUKو پارتی دیموکراتی کوردستان KDP لە لایەن حوکوومەتی ئێرانەوە یارمەتیو دەسگرۆیی دەکران و هەندێ جاریش لە پەلاماردانی سەربازیی هاوبەشدا دژ بە پێگەو شوێنەکانی حوکوومەتی عێراق بەشدارییان دەکرد، بەش بە حاڵیKDPیش لە ناو ئێراندا بنکەی پشتەوەی خۆیی هەبوو. قۆستنەوەی ئەم هەلە لە لایەن بەغداوە بۆ دەستپێکردنی کاری دژە یاخیبوون و کۆنترۆڵ کردنی ناوچە سنووریەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی عێراق و زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی ناوەوەو سەندنەوەیان لە شۆڕشگێڕان کێشەیەکی ئەوتۆی لە سەر نیە، بەڵام ئەوەی کە میدلْ ئیست ووچ مشتومڕێتی لە سەری کەوا حوکوومەتی ناوەند لە ئەنجامدانی ئەم کارەیدا زیاد لە پێویست ڕۆیشتووە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگای کرداری سەربازیی ئاساییەوەو لە ژێر پەردەی پرۆسەکەدا ڕژێمی سەدام حوسێن تاوانی گەورەی جەنگی ئەنجامدا هاوجووت بە تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتیو جینۆساید.

لە کاتێکدا کە زۆربەی خوێنەران ئاشنای پەلاماردانەکەی مارتی 1998 ی هەڵەبجەن کەوا زیاد لە پێنج هەزار کوردی مەدەنیی تێدا کوژرا . ڕووداوەکە هەڵاو بگرێکی جیهانیی کەمخایەنی نایەوە . ڕەنگە سەریشیان لەوە سوڕبمێنێ ئەگەر بزانن کە یەکەم بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژ بە کورد لە لایەن حوکوومەتی ناوەندەوە یانزە مانگ پێشتر ڕوویدابوو. هەموو ئەمانە باسکراون ومیدلْ ئیست ووچ چل پەلاماری لەم چەشنەی تۆمارکردووە کە تێیدا کورد نیشان بووەو هەندێك لەوانە چەند جۆرێك پەلاماری گرتووەتەوە لە ماوەی چەندین ڕۆژدا, لە نێوان نیسانی 1987و ئابی 1988 دا. هەر کام لەم پەلامارانە تاوانی جەنگ بوونو چەکی قەدەغەشی تێدا بەکارهاتووە.

---

** لێرەدا کەوانەکان هی دەقەکە خۆیەتیو گواستنەوەی دیدی ڕژێمە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو ڕابەرانی, وەك لەمەودوا لە گەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا دێت ـ و.

ڕاستیەکەشی خەڵکێك کە شەڕکەر نەبوون بە زۆریی دەبوونە قوربانیو دەخرانە سەر زەرەرو زیانی پەلامارەکە.

بە خەملۆ بۆچوونی ئێمە لە ئەنفالدا لایکەمەکەی 50 هەزار یان ڕەنگە 100 هەزار کەس کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون لە نێوان شوباتو ئەیلوولی 1988دا کوژرابێتن. کوشتنی ئەوان لە گەرمەی شەڕو پێکداداندا نەبوو بەڵکو "زیانی لابەلا" بوون بە گوزارشی سەربازیو هەروەها لە ئەنجامی لەڕێلادانو ملهوڕیی فەرماندە عەسکەریەکانەوە نەبوو وەك تاکە کەس کە ئەم توندڕەویەیان بێ سزادان لە لایەن سەرووی خۆیانەوە تێپەڕیبێت. بێگومان ئەم کوردانە بە ڕێکیو بە پێی یاساو ڕێسایەکی مەحکەمو بە ژمارەیەکی زۆر لە سەر فەرمانی حوکوومەتی ناوەند لە بەغدا خراونەتە بەر مردن, پاش چەندین ڕۆژ یان حەفتەی ڕاپێچکردنیان لە گوندەکانیانەوە کە بەر تێکدانو وێرانکردن کەوتن یان لە کاتی هەڵاتنیاندا لە دەست هێرشو پەلاماری سوپا بۆ سەر "ناوچە قەدەغەکراوەکان". لە کاتێکدا تەنها کەمینەیەك شەڕکەر بوون یان هەندێك وەك "هێزی پشتگیری" بۆ حیزبو لایەنە شۆڕشگێڕەکان کاریان دەکرد, بەڵام زۆربەی زۆری کوژراوەکان شەڕکەر نەبوونو کوشتنیان تەنها بە هۆی ئەوەوە بوو کە دانیشتووی ئەو ناوچانەن کەوا پشت سنووری دەسەڵاتی حوکوومەتی عێراق کەوتبوون. بە گەڕانەوە بۆ سروشتی وردەکاریی داڕشتنی پێشوەختی پلانی ئەنفال دەبینین ئەوانی کە بەرپرسی کوشتارەکەنو تیمەکانی گوللە باران کردن بوون هەڵبژاردەی یەکەکانی ئاسایش بوونو پەیوەندییان بەو هێزانەوە نەبووە کە کوردەکانیان دەستگیرکردووە. بە واتایەکی تر, دەستێك گسکی دەداو ئەوی تریش کاری لەکۆڵکردنەوەی ئەوەی ئەنجام دەدا کە ڕژێم بە "پیسیو پاشماوەی" لە قەڵەم دەدا.

هەردوو توێژەری مەیدانیی خاوەن ئەزموون, جێمێرا ڕۆن Jemera Rone و یووست هیلتەرمان Joost Hiltermann و هەندێ جار توێژەرێکی لەوان خوارتر یارمەتیدەریان بووە, ماوەی شەش مانگیان لە باکووری عێراقدا

www.dengekan.com

بەسەربردووە لە نێوان نیسان و ئەیلوولی 1992دا, کە تێیدا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری بوون لە سەر ئەنفال (بڕوانە تێبینییەك لە سەر میتۆدۆلۆجی). لە پێشدا مێرمنداڵێکی تەمەن دوانزە ساڵ بە ناوی تەیموور عەبدوڵا ئەحمەد تاقە دەربازبووی پێزانراوی ژمارەیەکی زۆری پیاو و ژن و منداڵی کورد بوو کەوا بەرەوخوار کراونەتەوە بۆ نێو قووڵایی خاکی عەرەبنشین لە عێراقداو پاشان لەوێ بێسەروشوێن کراون. گریمانەی ئەوە هەیە کە ئەمانە هەموو بە پەلە ئیعدام کرابێتن, بەڵام هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نەبوو. تیمەکەی میدڵ ئیست ووچ لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەیاندا حەوت دەربازبووی دیکەی کۆمەڵکوژیەکەیان دۆزیەوەو چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کردن کە تێیدا بە وردی و دوورو درێژییەکی قەناعەت بەخشەوە یادەوەریەکانیان گێڕاوەتەوە. ئەمانە پێنجیان لە پەلامارە شەش مانگیەکەی سوپادا گیراون و براون بۆ گوللە باران کردن, دوانیشیان بە ماوەیەکی کەم دواتر.

بۆ ئەوەی بگەینە ئەو خاڵەی کە تێیدا لە ئەنجامەکانی ئەم کارە دڵنیابین بێ هیچ دژواری و پێچەوانەیەك, کارێکی وا ئاسان نیە. بەشێکی چاودێری مافی مرۆڤ Human Rights Watch کە چاودێریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە Middle East Watch پێشتر گەلێ سەرچاوەی تەرخان کردووە بۆ ئەم پرۆژە گەورەیەو زیاد لە هەر کارێك کە تا ئێستا ئەم جووتە رێکخراوە لە مێژووی پانزە ساڵەی تەمەنیاندا گرتبێتیانە ئەستۆ. ئێمە زۆر منەتبارو چاولەبەری ئەو کەس و دەزگایانەین کەوا گوستاخانە بە دەنگمانەوە هاتوون بۆ ئەم پرۆژەی کوردە. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە خۆی نیشانەیەکە, بەڵام ئەنجام و کۆتایی تا ئێستا دیار نیە. تەنها ئەوانەی کە بەرپرسن . هەردوك, حوکوومەت بە گشتی و ئەو کەسانەش کە ئەقڵی ئاڕاستە کردن و جێبەجێکردنی ئەنفال بوون, بدرێنە دادگا, ئەوکاتە کارەکە بە ئەنجام دەگات و تەواو دەبێت.

بە هۆی نەبوونی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانکاران, کەوا دەسەڵاتی دادگایی کردنی ئەوانەی ببێت کە بەرپرسن لەو تاوانە سامناکانەی لێرەدا باسیان لێوە کراوە, سێ بوار خۆیان دەخەنە ڕوو. یەکەمیان دادگایەکی نیشتمانیی عێراقی, لە هەلومەرجی ئێستادا, کە سەرۆك سەدام حوسێن و حیزبی بەعس هێشتا هەر لەدەسەڵاتدا بن، ئەمەیان تا ڕادەیەك ڕێی تێناچێت

ئاوها کارێك برەخسێت. دووەمیان هیوایەك هەیە دادگایەك بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەسترێت و گوێ بگرێت لە بەشێك یان گشت ئەو تاوانکاریانەی سەرەوە، لە سەر بناغەی ئەو بەڵگەو شایەتیانەی لە لایەن دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن. لە کاتێکدا ئاوها پێشنیارێك لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرێتیی کلینتۆنەوە خراوەتە بەردەستی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەلام بەدیهێنانی جێی گومانەو بەندیشە بە ڕاڕایی سیاسەتی هێزە سەرەکیەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دواهەمینیش، دادگای یاسایی نێودەوڵەتییە International Court of Justic (ICJ) لە لاهای کە دادگایەکی جیهانییەو بەشێکە لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆئەوە هاتووەتەکایەوە کە کێشەو گرفتی نێوان ولاتان چارەسەر بکات ئەگەر پەیمانشکێنی یان پاشگەزبوونەوەیەك ڕوویدات لە ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیدا. کێشەی کوردی عێراقیش لە گەڵ ڕێکەوتننامەی ساڵی 1951دا گونجاوە سەبارەت بە ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید، کە عێراق و 107 دەوڵەتی تردا تیایدا بەشدارن. گرنگە ئەوەش بگوترێ کە عێراق دانی بە مافی دەسەلات و حوکمدانی ICJدا ناوە بۆ گوێگرتن لە کێشەکانی جینۆساید, کە لە لایەن دەوڵەتێکی تری بەشداربووی وەك ئەو, بەرامبەری ڕاست دەکرێتەوە. بە ڕای میدڵ ئیست ووَچ ئەگەری ئەم ڕێگایەیان لەبارترە بۆ کێشەی ئەنفال. بەدواداچوونی ئەم بوارەیان ئەوە ناگەیەنێ کە واز لە بوارو ڕێگەکانی تر بێنین و پەکیان بخەین، ئەمانە دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن. ICJ, تەنها دەسەلاتی دادگایی نێوان دەوڵەتانی هەیە نەك تاکە کەس, بەلام بە پێچەوانەی بە هەڵە تێگەیشتنی گشتیی ICJ دەتوانێ سوودی پراکتیکیانە بە کوردی عێراق بگەیەنێ . بۆ نموونە داواکردنی ئیجرائاتی کاتیی پارێزگاریی (کە دەوڵەتێکی بەشدار یان بەشدارانی

ڕێکەوتننامەی جینۆساید دەکریٚ بۆ کورد بکەونە کار) یان داوای ئەوە بکەن کە حوکوومەت زەرەرو زیانی قوربانیەکان ببژێرێت.

تا ئەمڕۆ تەنها هەر بۆسنیاو هێرزەگۆڤینیا کێشەیەکیان دژ بە دەوڵەتێکی تر, هەیە کە لە ژێر ڕکێفی ڕێکەوتننامەی جینۆسایدایە. دادگای یاسایی نێودەوڵەتیش ICJ, بەخێرایی ڕازی بووە بە وەرگرتنی ئیجرائاتی پارێزگاریی کاتیی, لە مارتی 1993دا. بەڵام تا ئێستاش بە پێی ناوەرۆکی سکاڵانامەکە بڕیاری خۆی نەداوە. هێنانە پێشەوەی کێشەیەکی کاریگەر دژ بە عێراق و لە سوودی کورد دەبێتە ڕووداوێکی گەورەو بایەخدار لە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا کە بێگومان کێشەکە دەباتەوەو لە سەر بناغەیەکی ڕیالیستیانەو یاسایی بەهێز دەیباتەوە. بڕیارەکە گیان دەکاتەوە بەر ڕێکەوتننامەی لەگیانەلادابووی جینۆسایداو ڕێزی یاسای نێودەوڵەتی بەهێز دەکات و ڕژێمە ستەمکارو ملهوڕەکانی سەرانسەری جیهان وا لێدەکات کە هەڵوەستەیەك بکەن و دوودڵ بن لە بەرپاکردنی کاری لەو جۆرانە دژ بە گەلێکی کەمینە.

کەواتە، بەڵگەکان چۆن کۆکراونەتەوەو بۆچی میدڵ ئیست ووۆچ دڵنیایە لەوەی کە دەتوانرێت کارێکی سەرکەوتوو دژ بە حوکوومەتی عێراق بکرێت؟

دوادوایی ساڵی 1991 بوو . مانگێك پاش ئەوەی بەرەی کوردستانیی عێراق، کە هاوپەیمانییەکی حەوت حیزبیە، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی شۆڕشدا دامەزراندبوو . کە ئێمە بڕیارمان دا دووەم نێردراوی خۆمان بنێرین بۆ ئەو هەرێمە. (نێردراوێکی پێشتر مەسحێکی باشی ئەنجام دابوو لە سەر گیروگرفتی مینی زەمینی کە کۆسپێکی گەورە بوو بۆ سەرلەنویٚ نیشتەجێبوونەوەی ئاوارەکان). ئەم نێردراوە . کەوا هاوکارییەکی پڕکێشانە بوو لە گەڵ پزیشکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤدا کە پێشتر کارێکی گەورەیان بە ئەنجام گەیاندبوو لە سەر بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە, ساڵی 1988, لە ماوەی ئەنفالی کۆتاییدا . لە ڕێگەی تورکیاوە چووەتە ناو کوردستانی عێراق. مەبەستی ئەم تیمە تەماشاو تاوتویٚ کردنی دیاردەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بوو کە لە شوێنی جۆراوجۆر لە لایەن کوردەکانەوە دۆزرابوونەوە. لە ماوەی دە ڕۆژدا تیمەکە لە ناوەوەو دەرەوەی شارە کوردیە سەرەکیەکانی وەك هەولێرو سلێمانیو دەوروبەریاندا چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵی

هەڵدایەوە, کە قوربانیەکانی دەستی ئەمنیان تێدا بوو (*ئەمن هێزی سەرەکیی ئاسایشی ناوخۆ بوو*). تیمەکە لە دوا ساتەکانی نوێکردنەوەی پرۆسەی پرۆڤاید کۆمفۆرتدا Provide Comfort ئەویێ بەجێهێشت . ئەو پرۆسە پارێزگاریەی هاوپەیمانان کە بنکەی لە تورکیایەو ماوەکەی لە بەسەرچووندا بوو. (ئەنقەرە لە یانزەمین کاتژمێردا ڕێگەپێدانی نوێکردەوە).

لە ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەی مارتی 1991 دا بڕێکی هێجگار زۆری تۆمارو بەڵگەنامەی حوکوومەتی عێراق دەستی بەسەرداگیرا, لەو کاتەدا کە کوردەکان دامودەزگاکانی پۆلیسی نهێنییان داگیر کرد, کە خاوەن دەسەڵاتی هەموو شارو شارۆچکەکان بوون. زۆر لەو بەڵگەنامانە سووتێنران یان پەرش و بڵاوکرانەوە لەو پەلەپەل و هەڵچوون و ترس و بیمانەدا کە مۆرکی ئەو ڕۆژگارە بوون. کوردەکان بە زۆریی بە دوای ئەو سەرچاوانەدا دەگەڕان کە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەبوو بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوخراپانەی دزەیان کردبووە ناویانەوەو کەم کەس هەبوو بیر لە ئەنفال بکاتەوە, لە گەڵ ئەوەشدا کە هەر هەژدە مانگی بە سەردا تێپەڕیبوو, (ڕاستیەکەی تا ئەو کاتە 30 مانگ بوو . و). بەدەستهێنانی ئەم بەڵگەنامە ڕەسمیانەو تاوتوێ کردنیان بوو بە مەسەلەیەکی پیرۆز لای توێژەران, بۆ ئەوەی دەرفەتێکیان ببێت لە گەڵ دەربازبوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا بدوێن و ئێسك و پرووسکی ئەوانە بپشکنن کە ڕزگار نەبوون. دواتریش خوێندنەوەی ڕاپۆرتە ڕەسمیەکان دەربارەی ئەوەی کە ڕوویدابوو, تاقە ڕێگای لێکۆڵینەوە بوو لە سەر تۆماری مافی مرۆڤ , لە کاتێکدا ئەو ڕژێمەی ئەم هەموو ستەم و پێشێلکردنەی ئەنجام دابوو هێشتا هەر لە دەسەڵاتدابوو.

میدڵ ئیست ووٚچ پێکەوە لە گەڵ نووسەری عێراقی کنعان مکیە[3] و پیتەر گاڵبرەیت Peter Galbraith ی سیناتی ئەمریکی لە لیژنەی پێوەندیەکانی دەرەوە, کەوتنە گفتوگۆ لە گەڵ ئەو حیزبە کوردیانەی کە بەڵگەنامەکانیان لەلابوو, بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستن و شیکردنەوەیان. مەسەلەکە گەلێ گومانی لێئالابوو وەك: کوردەکان بە تەواوەتی دەستیان بە سەر چەندا گرتووە, دۆکیومێنتەکان تا چەند بە کەڵکن, لە کوێ شاردراونەتەوە, چۆن کۆسپی دیبلۆماسی و لۆجستی چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ببرێنە دەرەوەی وڵات؟ لەبەرئەوە چەندین سەردان پێویست بوو بۆ ئەم هەرێمە بۆ ئەوەی کارەکە ڕێك بخرێت. لە مایسی 1992 دا نزیکەی چوارده تەن بەڵگەنامە بە تەواوی گوێزرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە دەسپێشخەریی میدڵ ئیست ووٚچ و لە هەموو کاتێکدا کەرەستەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندا مایەوە. لە گەیشتندا لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سینات بەرپرسیاریی بەڵگەنامەکانی گرتە ئەستۆ و سپاردنی بە شوێنێکی سەلامەت, تاوەکو لە لایەن تیمێکەوە کە میدڵ ئیست ووٚچ سەرپەرشتیی دەکرد تاوتوێی بکرێت ( بڕوانە بەشی میتۆدۆلۆجی سەبارەت بە باس و خواسی بەڕێوەچوونی کارەکە).

بە شێوەیەکی سەرەکی بەڵگەنامەکان هی: " ***مدیریە الامن العامە*** ـ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایش" و "***مدیریە الاستخبارات العسکریە العامە*** ـ بەڕێوەبەرێتی گشتی هەواڵگریی سەربازی"* و بە ڕادەیەکی کەمتریش حیزبی بەعسن. ئەم بەڵگەنامانە کلیلی دەرگا لادانە لە سەر تێگەیشتنی لۆجیکی ئەنفال. ماوەی ساڵانی سەرەتای 1960 تا 1991 یەکلاکەرەوەیە لە گەڵاڵە

---

(3) کنعان مکیە, بە نازناوی سمیر الخلیل کتێبی "کۆماری ترس: چیرۆکی عێراقی سەددام حوسێن لە ناوەوە" و "دڵڕەقی و بێدەنگی: جەنگ, ملهوڕی, ڕاپەڕین و جیهانی عەرەب" ی دەرکردووە.

.-Republic of Fear: The inside story of Saddam Hussein’s Iraq (NewYork: Panthion Books, 1990).

- Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising and the Arab World (New York: W.W. Norton, 1993).

* ئەم ناوو دەستەواژانە لە دەقە ئینگلیزیەکەشدا هەر بەم جۆرە بە شێوە عەرەبیەکەیان هاتووە ـ و.

کردنی مەسەلەیەکی یاساییدا دژ بە حوکوومەتی عێراق. لە نێوان نیسانی 1992 و نیسانی 1993دا، میدڵ ئیست ووچ شایەتیی لە زاری زیاد لە 350 کەس وەرگرتووە کە شایەتحاڵ یان دەربازبووی ئەو کارو کردەوانەی دەسەڵاتداران بوون کە پەیوەندییان بە ئەنفالەوە هەبوو. ئەم زانیاریانەش کاکڵەی تێگەیشتنی ئێمە پێکدێنن سەبارەت بە ڕەفتاری حوکوومەت. بە پێی ئەو کەرەستەو بابەتانەی تا ئەمڕۆ تاوتوێ کراون دەرکەوتووەو سەلماوە کە ئەو کوردانەی وا گیراون و ڕاپێچ کراون لێکۆڵینەوەی دووروودرێژیان لە گەڵدا کراوەو پاشان جیاکراونەتەوەو نێردراون یان بۆ مردن یان بۆ زیندانیکردن یاخود دووبارە نیشتەجێکردنەوە لە ئۆردووگاکاندا.

لە مایسی 1991 دا کاتێ کە دەسەڵاتداری بێسنووری ئەنفال، علی حسن المجید، کە دواتر بەرز کرایەوە بۆ وەزیری بەرگری، لە دانوستانێکی نەزۆکدا لە گەڵ سەرکردە کوردەکاندا کۆبووەوە دەیزانی چۆن قسە دەکات، کاتێ بەرەوڕووی داواکاریی کوردەکان بووەوە کە چارەنووسی کوردە سەرنگومکراوەکان ڕوون بکاتەوە . ئەو ژمارەیەی ئەوان دایاننابوو 182 هەزار کەس بوو . ئەم بە تووڕەییەوە وایدەربڕی کە تێکڕا ئەو ژمارەیەی "لە ئەنفالدا کوژراون بە هیچ جۆرێك لە سەد هەزار زیاتر نەبووە". ئەلمەجید ئەم قسەیەی بۆ لەخۆبایی بوون و خۆهەڵکێشان کرد نەك بۆ ئەوەی دان بە تاوانی خۆیدا بنێت.

بێگومان لە شوێنێکی ئەرشیفی بەغدادا دۆسیێی تەواوی کوردە بێسەروشوێنەکان هەیەو لە پاش پێنج ساڵی گرتنیان ڕەنگە هەندێکیان تا ئێستاش هەر زیندوو بن. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە زۆربەی زۆریان زیاتر ڕێی تێدەچێت لە گۆڕی بەکۆمەڵی دوورە دەستدا کۆتاییان پێهێنرابێت وەك لەم کتێبەدا باسی لێوەکراوە. لەبەر ئەوە میدڵ ئیست ووچ داوا لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکات ڕوونکردنەوەیەکی تەواو لە سەر ئەوانەی فڕاندوونی بدا بەدەستەوە بۆئەوەی کەسوکاریان بتوانن پرسە بۆ مردنیان دابنێن و جارێکیتر

بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. وردە وردە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانیمانەوە ڕوونبووەوە کە هەرچەندە ئەنفال تەنها شەش مانگی خایاندو- لەو ماوەیەدا زۆربەی بێسەروشوێن کردنەکان ئەنجامدران . بەڵام پەلاماری سەرەکیی گوند ڕووخاندن و ڕاگواستنی زۆرەملێی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی نیشتەجێی "ناوچە قەدەغەکراوەکان" ماوەی دوو ساڵی گرتەوە، لە مارتی 1987 ەوە تا نیسانی 1989. ئەمەش هاوکات بوو لە گەڵ ئەو ماوەیەدا کە علی حسن المجید دەسەڵاتێکی نائاسایی مردن و ژیانی خەڵکی وەرگرت وەك سکرتێری مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس. پەلامارەکە لووتکەی بیست و پێنج ساڵی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی بەکۆمەڵ و تێکدان و کاولکردنی دێهات بوو. هەروەها ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانەش بووینەوە کە حوکوومەت لە ماوەی قۆناخە جیاجیاکانی پەلامارەکەدا پەیڕەوی دەکرد. لە کاتی ئەنفالی کۆتاییو لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئابی 1988 داو پاش ئاگربەستەکەی جەنگی ئێران . عێراق، بەرەوڕووی کێشەیەکی کەموێنە بووینەوە کەوا هێزەکانی حوکوومەت قڕیان خستبووە گوندنشینە نێرینەکان و دەسبەجێ کوشتبوونیان. (لە گەڵ جێگای دیکە گوندنشینە نێرینەکان بەکۆمەڵ سەرنگوم بوون و گریمانەی ئەوە هەیە کەهەموویان لە شوێنی نهێنیدا ئیعدام کرابێتن). گوندی دوورەدەستی جارانی کورێمێ، لە پارێزگای دهۆك، لە شوباتی 1992 دا دەسنیشانکرا کە گۆڕێکی بەکۆمەڵی تێدایە. دووەم تیمی پسپۆڕ لە پزیشکیی عەدلیی ئەنترۆپۆلۆجیدا و دیسانەوە هەر بە هاوکاریی پزیشکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ PHRو, بە پشتبەستن بە شارەزایی لێکۆڵەرەوانی ئەمەریکای لاتین, لە مایسی 1992 دا نێردرا بۆ ناوچەکە. لە پاش مانگێك کارکردنی مەیدانیی لە کورێمێ و شوێنەکانی تر ئەنجامی کارەکەیان لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان بوو لە سەر چارەنووسی قوربانیانی ئەنفال لە یەك ناوچەداو لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1993دا بڵاوکرایەوە.

دوای پشوودانێکی زستانی 1992 . 1993, لە مارتی 1993دا لێکۆڵینەوەی مەیدانیی بۆ ئەم ڕاپۆرتە (ئەم کتێبە . و) دەستی پێکردەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە زانیاریەکانماندا هەبوون، چونکە زۆر شت مابوو بکرێت پێش ئەوەی وەڵامەکان جێی خۆیان بگرن سەبارەت بەو

کارەساتەی بە سەر کوردا هات. لە حاڵەتی ئاشکرا نەکردنی هیچ نهێنیەکدا لە لایـەن بەغـداوە، پێویسـتمان بـە خەملانـدنێکی ورد هەیـە بـۆ ژمـارەی بێسەروشـوێنەکان، وەك نموونەیـەك. بـە هـەرحاڵ, هەنـدێك لـە شـوێنی کوشتارەکە, بێگومان هەمووی نا , زانراون. کاری لێکۆڵینەوەی بەرفراوانیش وا پێویست دەکات لەو ناوچانەی عێراقدا ئەنجام بدرێت کە لە ژێر دەسەلاتی حوکوومەتدا ماونەتەوە. بەلام زەمان لە جێی خۆی ناوەستێت و ڕژێمی بەعس هەڕەشە لە ناوچە ئابلووقەدراوەکەی کوردەکان دەکات و هەروا لێناگەڕێ هێزو دەسەلاتیان تا سەر بێت. حوکوومەت هێزەکانی خۆی لە سەر ئەو هێڵە سەربازیە مۆڵداوە کە بە تیرەیی باکووری عێراق دەبڕێت*، (ئەمە ئەو پشتێنەیە کە ناردنی خۆراك و سووتەمەنی و دەرمان و پێداویستیەکانی تری لە دوو ساڵ لەمەوپێشەوە لە کورد قەدەغەکردووە)**.

ئـەوەی بـە ئاشـکرا جڵـەوی گرتـوون هەڕەشـەی زەبـر وەشـاندن و تۆڵەکردنەوەیە لە لایەن هێزی ئاسمانیی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنساوە کە ڕۆژانە ئێشکی ئەم بەشەی عێراقی سەرووی هێڵی پانی 36 دەگرن. بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی سەلامەتی دابینکردن (پرۆڤاید کۆمفۆرت), هەموو شەش مانگ جارێك ڕەزامەندیو ڕێگەدانی ئەنقەرە داوادەکرێتەوەو تا ئێستا ئەم ڕەزامەندیە هەر دەدرێت بەلام تورکیا زۆر خۆشی بە کوردا نایە چ لە تورکیا خۆیدا یان لەمدیوی سنووری عێراقەوە، لەبەرئەوە بە نابەدڵی ڕێگای هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا دەدات کە هەتاهەتایە قەڵغانی پاراستن بن بە سەر شێوە دەوڵەتێکی تازە چەکەرەکردووەوە.

لە سەر بنچینەی ئەو بەڵگانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون، میدڵ ئیست وۆچ تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاگاداری ئەوە بێت کەوا

---

* مەبەست لەو هێڵەیە کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەلات شۆڕدەبێتەوە و بەشە ڕزگاربووەکەی کوردستانی عێراق لەوانیتر جیادەکاتەوە ـ و.

** مەبەست سەردەمی ئامادەکردنی ئەم کتێبەیە کە سالانی (1992 و 1993) بووە ـ و.

www.dengekan.com

جینۆساید لە ناوچە شاخاویەکانی باکووری عێراقدا, لە ساڵی 1988 دا بەرپاکراوە. لە ئەستۆگرتنی یاسایی کارکردن لە سەر بنەمای ئەو زانیاریە بۆ سزادانی ئەوانەی پێی هەڵساون و نەهێشتنی دووبارەبوونەوەی کارێکی بەجێیەو نکوولی لێناکرێت. ئەمانە دەکرێ شوێنیان بکەوی چ لە ڕێگەی دادگای عەدلی نێو دەوڵەتیەوە یان لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. چوونکە ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی ڕێکەوتننامەی جینۆساید لە سەرێتی بەربەست لە کارو کردەوەی جینۆساید بکات. جگە لەوەش لە تەمووزی 1993 دا ڕەشنووسی پێشنیارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خرایە بەردەمی ئەنجومەن بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی تاوانی جەنگی عێراق و جینۆساید. بۆ ئەم مەبەستەش حوکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەو وڵاتانەش کە پێوەندیی توندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە پێویستە هەر زانیاریەکیان دەربارەی ئەنفال لە لایە بیخەنە ڕوو. پارێزگاری کردنی بەردەوام لە کورد پێویستە, ئەگەر ویسترا هەڕەشەی توندی تۆڵەسەندنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا, پووچەڵ بکرێتەوە. لە گەڵ ئەوەشداو لە پرۆسەی پارێزگاریی بارودۆخی ئێستادا نابێ چاوپۆشیی لەو ڕاستیە بنەڕەتیە بکرێت کە حوکوومەتی عێراق دەبێ تەواوی چارەنووسی هەموو ئەوانە ئاشکرا بکات کە لە کاتی ئەنفال و لە پێش و لە پاش ئەنفالیشدا دەست هێزەکانی کەوتوون. لە کاتێکدا کە بە ئەقڵەوە ناچێت سەرۆک سەدام حوسێن خۆی و یاریدەدەرە نزیکەکانی و خزمەکانی بدرێنە دادگا, بەڵام پێویستە حوکوومەتەکەی دوای ئەو لە بەغدا لە بەرپرسیاریی خۆی نەدزێتەوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل لەم تاوانە گەورەو گرانانەو گشت ئەوانە بدا بە دادگا کە تێیدا بەشداربوون و سەپاندنی حوکمی یاسا بە سەریاندا تا پەڕی ئەوپەڕ. دەبێ بواریش بۆ کوردی عێراق بڕەخسێنرێت کە لە ئاشتی و ئاسایشدا بژین و ئازادبن لە ئاخاوتندا بە زمانی خۆیان و, پراکتیزەی کولتوورو نەریتی خۆیان بکەن وەك کورد. کوشتن و ڕاگواستن و تێکدان و کاولکردنی بەرفراوانی دێهات کە باسی دوورو درێژیان لە لاپەڕەکانی لەمەودوادا دێت نابێت ڕێگەی پێ بدرێت جارێکیتر ڕووبداتەوە.

* * *

ئـەم ڕاپۆرتـە لـە لایـەن جـۆرج بلاکـەوە George Black نووسـراوە, کـە نووسـەرێکە لـە بـواری مـافی مـرۆڤو کێشـە نێودەوڵەتیـەکانی دیکـەدا[4]. ڕاسـتێکەی کارەکـە بـە هاوکـاریو کۆششـی مسـتەر بـلاكو یووسـت هیلتـەرمان Joost Hiltermann, کـە بەڕێوەبـەری پـرۆژەی کـوردە لـە میـدلْ ئیست وۆچداو جێمێرا ڕۆن Jemera Rone, ڕاوێـژکار لـە چاودێریی مافی مرۆڤدا کە ڕێکخراوی دایکە, هاتە بەر.

بـە گشـتیی بەرپرسـیاریی بلاّوکردنـەوەی ڕاپۆرتەکـە لـە ئەسـتۆی ئەنـدرو وایتلی‌یـە Andrew Whitely, بەڕێوەبـەری ڕاپەڕانـدن لـە میـدلْ ئیسـت وۆچدا. شـۆڕش ڕەسـوولْ, کـە لێکۆلەرەوەیەکـە لـە گـەلْ میـدلْ ئیسـت وۆچـدا هاوکـاریی کـردووە لـە بلاّوکردنـەوەی کارەکـەداو پێشـنیارو ڕاسـتکردنەوەی بایەخـداری تێـدا ئەنجامـداوە. سـوزان هـاوارد Suzanne Howard بـەرپرس بوو لە ئامادەکردنی دەسنووسی بلاّوکراوەکە. وەرگێڕانـی بەڵگەنامـەکانیش لـە لایـەن چـەند کەسـێکەوە ئـەنجام دراون. لێکۆلـەرەوە مەیدانیـەکانیش دکتـۆر هیلتـەرمانو خـاتوو ڕۆن بـوونو مسـتەفای خـەزری, ڕاوێـژکار لـە میـدلْ ئیسـت وۆچدا, یارمەتی داون.

کاری مەیدانیی ئەوان لە ساڵانی 1992و 1993 دا کاکڵەی ئـەو زانیاریانـە پێکدێنێ کە لە لاپەڕەکانی لەمەودوادا دەخرێنـە ڕوو. کـاری بێوچـانی وەرگێـڕە کوردەکانمانو یارمەتیدانیان بۆ وەدەستهێنانی ئەم زانیاریانـە جێـی پێـزانینو ڕێزمانـە. هـەروەها میـدلْ ئیسـت وۆچ زۆر سوپاسـی ڕێکخـراوی مافی مـرۆڤ لـە کوردسـتانی عێـراق دەکـات بـە لقەکانیـەوە لـە هـەولێرو سـلێمانیو دهـۆك.

---

[4] تازەترین کتێبی مستەر بلاك "دەستە ڕەشەکانی بایجینگ"
Black Hands of Beijing, " John Wiley & Sons,NewYork,1993"
کە مێژوویەکی بزووتنەوەی دیموکراتییە لە چین لە ساڵی 1976 ەوە, پێکـەوە لەگـەلْ ڕۆبـن مـۆنرۆ Robin Munroکە لە چاودێری ئاسیایە Asian Watchدایاناوە.

سوپاس بۆ کۆمیتەی بەرگری لە مافی قوربانیانی ئەنفال لە سلێمانیو سوپاس بۆ ژمارەیەك لە دکتۆرو پارێزەرو خاوەن پیشەی تر لە کوردستانی عێراقدا کە ناکرێ ناویان بێنین لە بەر سەلامەتییان. پێزانینێکی تایبەتی بۆ بەڕێز ڕەسوولێ بۆ ئەو کارە پێشەنگەی لە دۆخێکی هێجگار سەختو نالەباردا ئەنجامی داوە لە سەر پەلاماری ئەنفال, لە سالانی 1988 ـ 1989 دا, پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە دەستەی میدلێ ئیست وۆچەوە.

لێکۆڵینەوەی پزیشکیی دادوەری (فۆرێنسیك)* کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی دێتو دەچینەوە سەری بە هاوکاریو هاوبەشیی تیمەکانی میدلێ ئیست وۆچ و پزیشکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ PHR ئەنجامدراوەو لە کانوونی یەکەمی 1991 دا ئەریك ستۆڤەر Eric Stover سەرپەرشتیی کردووەو لە مایس ـ حوزێرانی 1992 یشدا کێن ئەندەرسن Ken Anderson. مستەر ستۆڤەر بەڕێوەبەری جێبەجێکەری PHRەو مستەر ئەندەرسن بەڕێوەبەری پڕۆژەی چەك لە ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤدا. د. کلاید سنۆ Clyde Snow، پسپۆڕی بەناوبانگی بواری ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکیی دادوەری, سەرۆکایەتی تیمە زانستیەکانی هەردوو نێردراوەکەی کردو لە شوباتی 1992شدا بەشداریی سەردانێکی تری کرد بۆ کوردستانی عێراق.

لێکۆڵینەوەی یاسایی لە سەر ئەو پێوەرانەی کە بە هۆیانەوە پێویستە ڕژێمی بەعس حوکم بدرێت لە سەر کردەوەکانی لە کوردستانی عێراقدا لە ماوەی سالانی 1987 ـ 1989دا لە لایەن پرۆفیسۆر لۆری دەمرۆچ Lori Damrosch, لە فێرگەی یاسای سەر بە زانکۆی کۆلۆمبیا, لە ئەستۆ گیرا. کەیت هایەتKeith Highet و کێنیت ڕۆت Kenneth Rothی جێگری بەڕێوەبەری جێبەجێکەری چاودێریی مافی مرۆڤ ئامۆژگاریی پسپۆڕانەیان پێشکەش کرد.

---

* فۆرێنسیك Forensic تەماشاو تاوتوێ کردنی لاشە یان ئێسكو پرووسكی قوربانیەو پاشان لێکۆڵینەوەی پزیشکیو یاساییە لە سەریو دواجار کێشەکان لە دادگادا ساغ دەبنەوەو بڕیاریان لە سەر دەدرێت. بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردیدا لەوانەیە پزیشکیی دادوەری یان شەرعی ئەو مانایە بگەیەنێت بەڵام پێموایە پڕبە پێستی ئەو چەمکە نیە کە لێرەدا مەبەستە ـ وەرگێڕ.

پێتــەر گاڵبرەیــتGalbraith Peter ڕاوێــژکاری بــاڵای لیژنــەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سیناتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو چارڵس دەنبـەرDunbar Charles باڵیۆزی پێشـوو لـە وەزارەتـی دەرەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکان بوو شایستەی پێـزانین و سوپاسـی گـەرمی میـدڵ ئیسـت وۆچن بۆ ئەو یارمەتیو هاوکاریە بێسنوورەیان لەم پرۆژە گەورەیەدا.

لـە کۆتاییـدا میـدڵ ئیسـت وۆچ سـوپاسـی خـاتوو سـوزان میسـەلاس Susan Meiselas دەکـات بـۆ ئـەو دڵگـەرمیو خـۆ بەسـتنەوە بـە بابـەت و میللــەتێك ئاشــنایی باشـــی لـــە گەڵیانــدا پەیــداکردووە. وێنــەو تۆمــارە ڤیدیۆییەکانی سوودێکی گەورەیان بەخشی.

ئەندرو وایتلی

بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی میدڵ ئیست وۆچ

نیویۆرك

# پـێـشـەکی

ئـەم کتێبـە, گێڕانـەوەی چـیرۆکی پـەلاماڕێکی فڕکردنـی کـوردە لـە بـاکووری عێراقـدا. ئەمـە بەرهـەمی زیـاد لـە سـاڵ و نیـوێکی گـەڕان‌و لێکۆڵینەوەیە, کە تێیدا تیمێکی لێکۆلـەرەوانی میـدل ئیست ووچ چـەندین تـەن لـە بەڵگەنامـە دەسـت بەسـەرداگیراوەکانی حوکوومـەتی عێراقـی شـیکردووەتەوەو چـاوپێکەوتنی مەیـدانیی لەگـەڵ زیـاد لـە 350 شـایەتدا ئەنجامداوە, کە زۆربەیان دەربازبووی پەلامارەکەی سـاڵی 1988 ن کـە بـە ئـەنفال ناسـراو گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـەوا لـەو سـاڵەدا ڕژێمـی عێـراق تاوانی جینۆسایدی بەرپاکردووە.

ئـەنفال "واتـە تـالانی", نـاوی سـوورەتی هەشـتەمی قورئانـە. هـەروەها ناوێکیشە عێراقیـەکان لـە زنجیرەیـەك کـردەوەی سـەربازییان نـاوەو لـە 23 ی شـوبات تـا 6 ی ئـەیلوولی سـاڵی 1988 ی خایانـدووە. لـە کاتێکـدا کـە تێگەیشـتنی پـەلاماری ئـەنفال مەحاڵـە بێگەڕانـەوە بـۆ دوایـین قۆنـاخی جـەنگی سالانی 1980 ـ 1988 ی ئێـران ـ عێـراق، بـەڵام ئـەنفال خـۆی کـاری ئـەو جەنگـە نـەبوو. کۆتـایی هـاتنی شـەڕو پێکـدادان بـە پێـی هەلومـەرجی عێـراق دەرفـەتێکی مێـژوویی لـەباری بـۆ بەغـدا ڕەخسـاند هـەوڵ‌و تەقـەلای دەمـێ سـاڵی خـۆی بگەیەنێتـە لووتکـەو کـورد بێنـێ بـە چۆکدا. چوونکە شەڕوشۆڕی ڕژێمی عێراق لەگەڵ کوردا بـۆ زیـاد لـە پـانزە ساڵی پێشتر دەگەڕایـەوەو پـێش دەسـتپێکردنی دوژمنایـەتی نێـوان ئێـران‌و عێراق.

هـەروەها ئـەنفال زینـدووترین‌و بـەهێزترین گوزارشـت بـوو بـۆ ئـەو "دەسەڵاتە تایبەتیانەی" بە علی حسن المجید درابـوو، کـە ئـامۆزای سـەرۆك سـەدام حوسـێن‌و سـکرتێری گشـتیی مەکتـەبی بـاکووری حیزبـی بەعسـی عـەرەبیی سۆشیالیسـتی عێـراق بـوو. لـە 29 ی مـارتی 1987 تـا 23 ی نیسانی 1989، ئەلمەجید دەسـەڵاتێکی ئـەوتۆی پێدرابوو, کـە لـە بـاکووری

عێراقدا، هاوتای دەسەڵاتی سەرۆك خۆی بوو و دەسەڵاتی بە سەر هەموو دەزگاكانی دەوڵەتدا دەشكا. ئەلەجيد, كە تا ئەمڕۆش لەناو كوردا بە "عەلی ئەنفال" يان "عەلی كيميايی" دەناسرێ، فەرماندارى ڕەهاى جينۆسايدی كوردەكان بوو. لە ژێر سەركردايەتی ئەلەجيددا، ئەوانەی كە ڕۆڵی سەرەكیو كارايان لە ئەنفالدا بينی بريتی بوون لە: فەيلەقەكانی يەك و پێنجی سوپای نيزاميی عێراق، بەڕێوەبەرێتيی ئاسايشی گشتی (*مديريه الأمن العامه*) و دەزگای هەواڵگريی سەربازی (*ئيستيخبارات*). ئەو ميليشيا كوردانەی كە بە فەوجەكانی بەرگريی نيشتمانی، يان *جاش*، دەناسران ئەركی يارمەتيدانی گرنگيان پێسپێردرابوو[1]. بەڵام سەرچاوە تەواوكەرەكانی تێكڕا دەزگاكانی سەربازیو ئەمنیو مەدەنيی دەوڵەتی عێراق, وەك لە قسەكانی ئەلەجيدا هاتووە "بۆ چارەسەركردنی كێشەی كوردو لەناوبردنی تێكدەران" وەگەڕخرابوون[2].

پەلامارەكانی ساڵانی 1987 ـ 1989 ئەم خاسيەتانەی خوارەوەی پێشێلكردنی بەربلاوی مافەكانی مرۆڤيان لەخۆ گرتووە:

- ئيعدامكردنی تێكڕاو بەكۆمەڵ و بێسەروشوێن كردنی دەيان هەزار خەڵكی شەڕنەكەر، لەوانە ژمارەيەكی زۆر ئافرەت و منداڵ و هەندێ جار تەواوی دانيشتوانی گوندەكان.
- بەكارهێنانی چەكی كيميايی بە شێوەيەكی بەرفراوان ، لەوانە گازی خەردەل و دەمارەگاز GB، يان سارين، دژ بە شاری هەڵەبجەو دەيان گوندی كوردنشين و كوشتنی هەزاران خەڵك, بە زۆريی ئافرەت و منداڵ.

---

[1] زاراوەيەكی كورديی گاڵتە پێكردنە بۆ فەوجەكانی بەرگريی نيشتمانی، وشەی جاش مانای "بەچكە يان جاشە كەر"ە.

[2] "تێكدەران" زاراوەيەكی زۆر باوە كە لە لايەن ڕژێمی عێراقەوە بە گەريلای كورد "پێشمەرگە"و خەڵكی مەدەنيی هەواداری ئەمان دەوترێ.

- وێرانکردنی تێکڕا دوو هەزار گوند، کە لە بەڵگەنامەکانی حوکوومەتدا وا باسکراون : "سووتاون"، "تێکدراون"، "تەختکراون"و "پاکتاو کراون"، بە لایکەمیشەوە دە دوانزە شارۆچکەی گەورەو مەڵبەندی بەڕێوەبردن "قەزا و ناحیە" هەمان شتیان بەسەرهاتووە.
- تێکڕا وێرانکردنی ئامانجە مەدەنیەکان لە لایەن ئەندازیاریی سوپاوە، لەوانە تەواوی قوتابخانەکان، مزگەوتەکان، بیرەکان و گەلێ بینای تر کە نیشتەجێی خەڵك نەبوون لە گوندە دەسنیشان کراوەکاندا، بە ژمارەیەك وێزگەی سانەویی کارەباشەوە.
- تالانکردنی ماڵ و سامانی هاولاتیە مەدەنیەکان و ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان بە ڕادەیەکی بەرفراوان لە لایەن هێزەکانی سوپاو میلیشیای سەر بە حوکوومەتەوە.
- گرتنی هەرەمەکیی گوندنشینان لە "ناوچە قەدەغەکراوەکاندا"- (*المناگق المحڤوره*)، هەرچەندە ئەم شوێنانە زێدو خاکی خۆیان بوو.
- بەندکردن و دەسبەسەرکردنی دەیان هەزار ئافرەت و منداڵ و خەڵکی بەتەمەن بۆ چەندین مانگ لە بارودۆخی ئەوپەڕی سەخت و نارەحەتدا بێ فەرمانی دادوەری و بێهیچ هۆیەك لەوە زیاتر کە وایان لە قەڵەم دابوون گوایە هەواخواو سەر بە نەیارانی کورد بوون. سەدانیشیان بە هۆی بەدخۆراکیو نەخۆشییەوە مردن.
- بە زۆر ڕاگواستنی سەدان هەزار لەخەڵکی دێهات پاش وێرانکردنی ماڵ و حاڵیان، بەردانیان لە بەندیخانە یان لە ئاوارەیی گەڕانەوەیان. ئەم خەڵکە مەدەنیانە بۆ هەندێ جێگە لە کوردستاندا بارکران کە دووربوو لە شوێن و ڕێی خۆیانەوە. لەوێ سوپا هەڵێرشتن و تەنها بۆرە قەرەبوویەك* کرانەوە، یان هەر هیچیان نەدرایە لە بری وێرانکردنی دێهات و تێداچوونی ماڵ و سامانیان. لە هیچ ڕوویەکیشەوە

---

* لە پەلامارەکانی سالأنی 1987 ـ 1989 ی ڕژێمی عێراقدا بۆ سەر دێهاتی کوردستان، خەڵکەکە هیچ جۆرە قەرەبوویەکیان پێنەدرا. ئەو بۆرە قەرەبووە تەنها لە پەلاماری ڕاگواستنی سالأنی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا بوو ـ و.

فریایـان نەکـەوتن نـە بـۆ نیشـتەجێکردن و نـە بـۆ پۆشـاك و خـۆراك و ڕێگەشیان نەدەدا بگەڕێنـەوە بـۆ گونـدەکانی جارانی خۆیـان, پێچەوانەشـی سزای مردن بوو. لە بارودۆخێکی ئاوها سەختدا زۆریـان لـە مـاوەی سـاڵێکی دوورخستنەوەیاندا مردن.

- تێکوپێکدان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی دێهاتی کورد.

ڕژێمی عێراق، وەك نازییەکانی ئەڵمانیا، کـارو کردەوەکـانی پـەردەپۆش دەکردو لە ژێـر گوزارشـتی ناسـکدا دەیشـاردنەوە. لـەو شـوێنانەی بەرپرسـە نازیەکان لە "ئیجرائاتی جێبەجێ کـردن"، "کـاری تایبـەت" و "سـەرلەنوێ نیشــتەجێکردنەوە لــە ڕۆژهــەڵات" دەدوان، بەعســیە بیرۆکراتــەکانیش دەربـارەی "ئیجرائـاتی کۆکردنـەوە"، "گەڕانـەوە بـۆ ڕیـزی نیشـتمانی" و "سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە لە باشـوور" دەدوان. بـەڵام لـە ژێـر پـەردەی قسـەی شـیرین و لووسـدا تاوانـەکانی عێـراق دژ بـە کـورد دەگاتـە ئاسـتی جینۆساید, کە"بریتیـە لـەو کارانـەی بـە نیـازی تێکشکاندن و لـەناوبردنی کۆمـەڵێکی نیشـتمانی، ئـەتنی، ڕەگـەزی یـان ئـاینی ئەنجامـدەدرێن, جـا هەمووی بێت یان بەشێکی"[3].

★ ★ ★

پـەلامارەکانی سـاڵانی 1987 ـ 1989 بـە قـووڵی ڕەگیـان لـە مێـژووی کـوردی عێراقـدا داکوتـاوە. هـەر لـە سـەرەتای ڕۆژگـاری سـەربەخۆیی عێراقـەوە، کوردەکـانی ئـەم وڵاتـە ـ کـە ئـەمڕۆ ژمارەیـان لـە چوار ملیـۆن زیاترە ـ بۆ سـەربەخۆیی یـان ئۆتۆنۆمییـەکی بـە ڕێـوجێ دەجەنگن. بـەڵام هەرگیز ئەو ئامانجانەیان بەدینەهێناوە کە بۆی تێکۆشاون.

---

[3] وەك پێناسەکراوە لە پەیمانی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا. 78 UNTS 277 پـەیمانی جینۆسـاید لـە 9 ی کـانوونی یەکـەمی 1948 بـە بڕیـاری کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یەکگرتووەکان سەلمێندراو لە 12ی کانوونی دووەمی 1951ەوە کەوتووەتە کار.

www.dengekan.com

لـە سـاڵی 1970 دا, کـاتێ حیزبـی بـەعس بـە پەرۆشـەوە دەیویسـت مانـەوەی خـۆی لـە سـەر دەسـەڵاتە لەرزۆکەکـەی مسۆگەر بکـات، پلەیـەکی بەرچاوی حـوکمی زاتـی دا بـە کـوردو زۆر لـەوە زیـاتر بـوو کـە لـە سـوریاو ئێران‌و تورکیا ڕێگەی پێدرابوو. بەڵام ڕژێـم سـنووری هـەرێمی ئۆتـۆنـۆمیی کوردستانی بە شێوەیەك دیاری کرد کە بە ئەنقەست ئـەو ناوچـە نەوتییـە دەوڵەمەندانەی لێدەربکات کـەوا کەوتبوونـە نـاو سـنووری خـاکی کـوردەوە. کوردەکان ناوچەی ئۆتۆنۆمییان ڕەتکردەوەو بەغـداش یەکلایەنـە لـە سـاڵی 1974 دا سـەپاندی‌و لـە هـەر سـێ پارێزگـای بـاکوور، هـەولێرو سـلێمانی‌و دهۆکی پێکهیناو ڕووبـەری نزیکـەی 14000 میلـی چوارگۆشـەی گرتـەوە ـ کـــە بەســـەریەکەوە بەقـــەد ڕووبـــەری ویلایەتـــەکانی ماساچوســـێت‌و کۆنێکتیکەت‌و ڕۆدئایلاند دەبـوو (سـێ ویلایـەتی ئـەمریکان - و) ـ ئەمـەش تەنها نیـوەی ئـەو خاکە بـوو کـە کـورد بـە هـەقی خـۆیی دەزانـی. لـە گـەڵ ئەوەشدا هـەرێمی ئۆتـۆنـۆمیی بایـەخێکی ئـابووریی تـەواوی هەبوو،چونکە نیوەی تەواوی بەرهەمی کشتوکاڵیی وڵاتێکی تاڕادەیەك زۆر بیابـان, کـە بـە سـەختی بـە دەسـت بەشـنەکردنی بـەرووبوومی خۆمـاڵیی خۆراکـەوە دەیناڵاند، لێرە بەدەستدەهات.

دوا بـە دوای بڕیـاری ئۆتۆنـۆمی، حیزبـی بـەعس دەسـتی دایـە "بـە عەرەبکردنی" ناوچـە نەوتیـەکانی کـەرکووك‌و خانـەقین‌و بەشـەکانی تـری باکوورو جووتیارە کوردەکانیـان دەرکـردو عـەرەبی خێڵەکیی هـەژاریان لـە باشـورەوە هـاوردو خسـتنیانە جێگاکانیـان. بـاکووری عێـراق تـا سـەر بـە ئاشـتی نەمایـەوە. لـە سـاڵی 1974 دا شۆڕشـی کـورد کـە دەمێـك بـوو لـە هەڵچووندا بوو جارێکی تر بە سـەرکردایەتی جـەنگاوەری ئەفسانەیی مـەلا مستەفای بـارزانی هەڵگیرسایەوە، کـە لـەو کاتـەدا حوکوومەتـەکانی ئێـران‌و ئیسـرائیل‌و ویلایەتـە یـەکگرتووەکان پشـتگیرییان دەکـرد. بـەڵام لـە سـاڵی 1975 دا شۆڕشەکە بـە خێرایـی هەرەسـی هێنـا، کـاتێ کـە عێـراق‌و ئێـران ڕێکەوتننامـەی سـنووریان مـۆر کـردو شـا پشـتگیریی خـۆی لـە پـارتی دیموکراتی کوردسـتانی بـارزانی کێشایەوە. پـاش ئـەوەی KDP هـەڵات بـۆ

ئێران دەیان هەزار لە گوندنشینانی عەشیرەتی بارزانی لە ماڵو حاڵیان دەرکرانو بە زۆر بۆ ناوچە ڕووتەنەکانی بیابانی باشووری عێراق ڕایانگواستن. لێرە، بێ هیچ یارمەتیدانێك دەبوو سەرلەنوێ بە چنگەکرێ ژیانی خۆیان دروست بکەنەوە.

لە ناوەڕاستو کۆتایی سالآنی حەفتادا، ڕژێم دووبارە کەوتەوە جموجووڵی دژ بە کوردو لانیکەم چارەکە ملیۆنێك خەڵکی بە زۆر لە سنوورەکانی ئێرانو تورکیادا ڕاگواستو گوندەکانی ڕووخاندن بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنیی بە درێژایی سنوورە مەترسیدارەکاندا. زۆربەی کوردە ڕاگوێزراوەکان لە *موجەمەعاتدا** نیشتەجێ کرانەوە، کە نشینگەی نوێی ساکارو نارێك بوونو دەکەوتنە سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکان لەو ناوچانەی کوردستانی عێراقدا کە لە لایەن سوپاوە کۆنترۆڵ کرابوون. دەقی وشەکە مانای "تێکەڵکردن" یان "بەکۆمەڵ" دەگەیەنێ. عێراقیەکان لە پرۆپاگەندەیاندا, بە شێوەیەکی باو بە "گوندە هاوچەرخەکان" ناویان دێننو لەم ڕاپۆرتەدا بە گشتی وەك "کۆمەڵگاکان" باسکراون. تا ساڵی 1987یش ئەو گوندنشینانەی لە کۆمەڵگاکاندا نیشتەجێ دەکران, هەروا قەرەبوویەکی هاکەزاییان دەدرایە, بەڵام نەیاندەهێشت بگەڕێنەوە بۆ شوێنو ڕێی خۆیان.

پاش ساڵی 1980و لە دەستپێکردنی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراقەوە، ژمارەیەکی زۆری سەربازگەکانی عێراق لە کوردستاندا چۆڵکران یان قەبارەیان کەمکرایەوەو هێزەکانیان بۆ بەرەکانی شەڕ گواستەوە. لەو بۆشاییەدا کە جێما، *پێشمەرگەی* کورد - "ئەوانەی بەرەو ڕووی مەرگ دەبنەوە" -جارێکیتر کەوتنەوە سەرخۆیانو بووژانەوە. KDP ئەو دەمە یەکێك لە کوڕانی بارزانی، کە مەسعوود بوو،

---

* وشەو دەستەواژە عەرەبیەکان بەو پێیەی زۆر بە سەر زاری خەڵکەوە بوون لە گەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا دێنە ئاراوە ـ و.

www.dengekan.com

سەرکردایەتی دەکردو هاوپەیمانیی خۆی لە گەڵ تاران زیندوو کردبۆوەو لە ساڵی 1983 دا مەفرەزەکانی KDP یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا لە گرتنی شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنووردا. تۆڵەی ئەمەش خێراو کوتوپڕی بوو: لە شاڵاوێکی برووسکە ئاسادا بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی بارزانیە ڕاگوێزراوەکانیان تێدا نیشتەجێ کرابوو، هێزەکانی عێراق لە نێوان پێنج تا هەشت هەزار** نێرینەیان ڕافراند کە تەمەنیان لە دوانزە ساڵ وەبان بوو. ئەوانە جارێکیتر هەرگیز نەبینرانەوەو بە زۆری وا پێدەچێت کەوا پاش ئەوەی چەندین مانگ بەدەستبەسەریی ماونەتەوە، هەموو کوژرابێتن. لە گەڵ ڕووەوە، عەمەلیاتی ساڵی 1983 ی بارزانیەکان دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر بە ئەندازەیەکی هێجگار گەورەتر لە سەردەمی پەلاماری ئەنفالدا بەکارهات. هەروەها نەبوونی هیچ هاوارو نارەزاییەکی نێودەوڵەتیی لەئاست ئەم تاوانی کۆمەڵکوژیە، لەگەڵ ئەو هەوڵو کۆششەشدا کە کورد خۆی کردی بۆ جاردان لە مەسەلەکەو خولقاندنی فشارێك لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانو حوکوومەتەکانی ڕۆژئاوادا، زاتی وەبەر بەغدا نا کە مرخ لە پرۆسەیەکی گەورەتر خۆش بکاتو باوەڕ بەوە بێنێ کە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت. لەم تاوتوێو لێکدانەوەیەدا حیزبی بەعس ڕاست بۆی چوو بوو.

ئەوەی کە بەغدای زۆر نارەحەت کردبوو پەرەسەندنی نزیکبوونەوەی نێوان ئێرانیەکانو نەیارە کوردە سەرەکیەکەی KDP، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان PUK ی جەلال تاڵەبانی بوو. ڕژێمی بەعس لە نێوان 1983 ـ 1985 دا ساڵێك زیاتر گفتوگۆی لە گەڵ PUK کردبوو ، بەڵام گفتوگۆکە لە کۆتاییدا سەرنەکەوتو هیچ بەرهەمێکی نەبوو, شەڕێکی قورسیش دەستی پێکردەوە. لە دوا دوایی ساڵی 1986 دا

** بە پێی ئەو هەواڵو دەنگوباسەی لە کوردستانی عێراقدا باوە ئەو ژمارەیە لە هەشت هەزار مێرمنداڵو پیاوی بارزانی زیاترە ـ و.

حیزبەکـەی تاڵـەبانی ڕێکەوتننامەیـەکی ڕەسمیـی سیاسـیو عەسـکەریی لەگەڵ تاراندا بەست.

لەم کاتـەدا دەسـەڵاتی ڕژێـم بـە سـەر بـاکووری عێراقـدا تـەنها هـاتبووە سـەر کـۆنترۆڵکردنی شـارو شارۆچـکەو کۆمـەڵگاکان لەگـەڵ ڕێگاوبانـە سەرەکیەکاندا. لەولاشـەوە هێزەکـانی *پێشمەرگە* پشـتیان بـە زەمینەیـەکی ڕەگداکوتاوی ناوخۆ بە ستبوو. هەزاران سەربازی هـەڵاتووی کـوردو ئـەوانی کـە نەچـووبوون بـۆ سـەربازی (موتەخـەلیف)، لـە ترسـا داڵـدەیان دابـووە گونـدەکانو ماڵـەکانیان تێبردبـوون. ژیـانو گـوزەرانی خـەڵکی دێهـات ڕاهـاتبوو بـە ئابلۆوقـەی ئـابووریی سـەختو زەحمـەتی بەدەسـتهێنانی ئازووقـەو خـۆراك، سـەرباری ئـەوەش کرابوونـە نیشـانی تۆپبـارانو بۆمبـارانی فڕۆکـەو هەڵکوتانـە سـەری پـڕ لـە سـزادانو تۆڵەکردنـەوە لـە لایەن سوپاو جاشەوە. لە بەرانبەر ئەمەدا، کوردی دێهاتنشـین لـە بـەردەمی ماڵەکانیانـدا ژێرزەمینیـان* دروسـت کردبـوو و زۆربـەی کاتیـان بـۆ خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتو دەرەو شـیوەکاندا بـە سـەر دەبـرد، کـە چەشـنی شانەی هەنگ لە ناوچە دێهاتییـەکانی بـاکووری عێراقـدا هـەن. لەگـەڵ ئـەم هـەموو نارەحـەتیو بێزارییـەی ژیانـدا، لـە سـاڵی 1987 دا ناوچـە شـاخاویەکانی نـاوەوەی کوردسـتانی عێـراق بـە ڕاسـتی ڕزگـارکراو بـوون. حیزبـی بەعسـیش ئەمـەی بـە بارودۆخێـك دادەنـا کـە ئـەقڵ نـەیبڕێتو نەتوانێ لە ئاستیدا بێدەنگ بێت.

بەخشینی دەسەڵاتی نائاسایی بە علی حسن المجید لە مارتی 1987دا کاری دژە یاخیبوونی بچڕبچڕی دژ بـە کـوردی کـردە پـەلامارێکی تێکدانو

---

* ئەم جۆرە ژێرزەمینانە لە دێهاتی کوردستاندا پێی دەوترا "کونە تەیارە" کە بریتی بوو لە چاڵێكو دارو تەختەی ئەستووری دەخرایە سەرو خۆڵو خاکێکی زۆری بە سـەردا دەکـرا. لـە کـاتی بۆمبـارانی فڕۆکەو تۆپباراندا خەڵکەکە بۆ خۆپاراستن لە کوشتنو بریندار بوون پـەنایان بـۆ دەبـرد. لـە گـەلێ شوێنی دیکـەی ئـەم کتێبـەدا، بـۆ ئـەم جـۆرە ژێـرزەمین یـان حەشـارگەیە، ئێمـە "کونـە تـەیارە" بەکاردێنین ـ وەرگێڕ.

www.dengekan.com

وێرانکـــردن. وەك ڕاولْ هیلْبێـــرگ Raul Hilberg لـــە مێـــژووە بایەخدارەکەیدا سەبارەت بە "هۆلۆکۆست" باسی دەکات:

"پرۆسـەی لـەناوبردن نموونەیـەکی ڕەگ داکوتـاوە. تـەنها یـەك ڕێگـە هەیە کـە بتواترێـت بـە هۆیـەوە کۆمـەلْێکی پـەرتو بـلاْوی کاریگەرانـە پـێ لەناوببرێت. سێ هەنگاو هەن کە لە پرۆسەکەدا بنەڕەتین:

**دەسنیشانکردن**

**کۆکردنەوە (یان گرتن)**

**لەناوبردن**

ئەمە پێکهاتەی نەگۆڕی پرۆسە پرۆسـە بنچینەییەکەیە، چـونکە هـیچ کۆمـــەلْێك بـــێ کۆکردنـــەوە یـــان گرتنـــی قوربانیـــەکان نـــاکوژرێنو قوربانیەکانیش ناتوانرێ قڕ بکرێن لـە پـێش ئـەوەدا کـە بکوژەکـە بزانێـت کێ سەر بە کۆمەلْەکەیە"[4].

جینۆسـایدی کـورد لـە سـالاْنی 1987 ـ 1989 دا، بـە هـۆی پـەلاماری ئەنفالەوە، بە تەواوی لەگەلْ نموونەکەی هیلْبێرگدا یەکدەگرێتەوە.

* * *

علی حسـن المجیـد, لـە یەکـەم سێ مـانگی پـاش وەرگرتنـی پۆسـتەکەی وەك سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکووری حیزبـی بـەعس، دەسـتی کـرد بـە پرۆسـەی دەسنیشـانکردنی ئـەو کۆمەلْـەی کرابـووە ئامـانجی ئـەنفال و مـەودای چـالاکیی داپلْۆسـین و سـەرکوتکردنی زۆر فـراوان کـرد دژ بـە سـەرجەم خـەلْکی دێهاتنشـینی کـورد. ئەلمەجیـد دەسـتووری دا کـە "تێکـدەران" مـافی خاوەنـدارێتی مـالْ و سـامانیان لەدەسـتداوەو مـافی یاسایی هەموو دانیشتوانی گونـدە قەدەغـەکراوەکانی ڕاگـرت و فـەرمانی دا

---

[4] ڕاولْ هیلْبێرگ "لەناوبردنی جوولەکەکانی ئەوروپا".
Raul Hilberg: The Destruction of European Jews (NewYork: Holmes and Meier, 1985 Student edition), P 267.

خزمانی پلە یەکی "تێکدەران" ئیعدام بکرێن، بە هەمان شێوەش دەبوو مامەڵە لەگەڵ ئەو مەدەنیە بریندارانەدا بکرایە کەوا دەزگا ئیستیخباراتیەکان وای لە قەڵەم دەدان گوایە دژایەتیی ڕژێمیان کردووە.

لە حوزێرانی 1987دا، ئەلەجید دوو کۆمەڵ بڕیاری یەك لە دوای یەکی دەرکرد سەبارەت بە چۆنێتی کارکردنی هێزەکانی ئەمن لە کاتی پەلاماری ئەنفالدا و دوای پەلامارەکەش. ئەم بڕیارانە لە سەر بناغەی ڕاستیەکی سادە بەند بوون, کە ڕژێم لەو کاتەدا کاری لە سەر دەکرد: لە ناوچە دێهاتیە "قەدەغەکراوەکاندا" تەواوی دانیشتووە کوردەکان هاوبەش و هاوکارن لەگەڵ *پێشمەرگە* یاخیەکانداو دەبێ بەم پێیە ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێت.

یەکەم ڕاسپاردەی ئەلەجید ئەوە بوو کە نەهێڵێ تاقە کەسێك لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بمێنێتەوەو دەبێ بە سیاسەتی تەقە کردن بە مەبەستی کوشتن جێبەجێ بکرێت. دووەم ڕاسپاردە کە ژمارە س ف 4008 بوو و لە 20 ی حوزێرانی 1987دا دەرچوو، فەرمانەکانی دەسکاری کردو مەودا فراوانی کردن و دەسەڵاتی ڕەخساند بۆ پرکێشی کردنێکی ئاشکرای کۆکوژیو زۆر بە ڕوونیو وردەکارییەکی مووچڕکە بەخش دەریدەبڕی. لە برگە چواریدا دەستوور دراوەتە فەرماندەکانی سوپا بە "جێبەجێ کردنی بۆمبارانی کوێرانەو بەکارهێنانی تۆپخانەو هەلیکۆپتەرو فڕۆکە لە هەموو کاتێکدا بە شەو و بە ڕۆژ بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارەی خەڵك لەم ناوچە قەدەغەکراوانەدا". لە برگە پێنجیشدا ئەلەجید فەرمان دەدات کەوا "هەر کەسێك لەم گوندانەدا بگیرێت دەبێ بەند بکرێت و لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و ئەوانی تەمەنیان لە نێوان 15 ـ 70 ساڵدایە دەبێ ئیعدام بکرێن پاش وەرگرتنی هەر زانیارییەکی بەسوودو، دەبێ لە کات و ساتی خۆیدا ئاگادار بکرێینەوە".

www.dengekan.com

ئەگەرچی ئـەم شـێوازە یاساییە بیرۆکراتیـە هـەر لـە کارکردنـدا بـووە, بەڵام ڕژێمی عێراق لە مێـژوودا یەکـەم ڕژێـم بـوو کـە بـە چـەکی کیمیـایی هێرش بکاتە سەر دانیشتوانی مـەدەنیی خـۆی. لـە 15 ی نیسـانی 1987دا هێزی ئاسمانیی عێراق گازی ژەهراویـی کـرد بـە سـەر بارەگـای KDPدا لـە زێوەشـکان، لـە پارێزگـای دهـۆکـدا نزیـك بـە سـنووری تورکیـا، هـەروەها بـۆ سەر بارەگاکانی PUKیش لـە جووتـە گونـدی سـەرگەڵوو و بەرگـەڵوو لـە پارێزگای سلێمانیدا. بـۆ دوای نیـوەڕۆی ڕۆژی ئاینـدەش ژەهـری کیمیاییـان کــرد بــە ســەر خــەڵکی مــەدەنیی بێچــەکی گونــدەکانی شــێخ وەســان و بالیسـانداو زیـاد لـە سـەد کەسـیان لێکوشـتن، کـە زۆریـان ئـافرەت و منـداڵ بــوون. دەیــان قوربــانیی دیکــەی پەلامارەکــەیان لــە ســەر قەرەوێڵــەی نەخۆشــخانەی شــاری هــەولێر ڕافڕانــد، کــە بــۆ تیمــارکردنی کــوێریو سووتاوییان برابوونە ئەوێو پاشان جارێکیتر نەبینرانـەوە. ئـەم ڕووداوانـە یەکەمینی لایکەمەکەی چل پـەلاماری کیمیـایی بەڵگـەدارە بـۆ سـەر نیشـانە کوردیـەکان لـە مـاوەی هـەژدە مـانگی دواتـردا. هـەروەها یەکـەم نیشـانەی خۆسـازدانێکی نـوێی ڕژێـم بـوو بـۆ کوشـتنی ژمارەیـەکی گـەورەی ژن و منداڵی کورد بە بێ جیاوازی.

لـە مـاوەی یەکـەم حەفتـەی هێرشـەکانی چـەکی کیمیـایی ناوەڕاسـتی نیسـاندا، هێزەکـانی ئەلەجیـد ئامـادە بـوون بـۆ دەسـتپێکردنی ئـەوەی کـە خــۆی نــاوی نــابوو بەرنامــەی ســێ قۆنــاخیی گونــد پاکتــاوکردن یــان کۆکردنەوە. یەکـەمیان لـە 21 ی نیسـان تـا 20 ی مـایس، دووەم لـە 21 ی مـایس بـۆ 20 ی حـوزێران. بەمـە زیـاد لـە 700 گونـد سـووتێنران و بـە بلــدۆزەر تــەختکران, زۆربەشــیان لــە ســەر ڕێگاوبانــە ســەرەکیەکانی ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حوکوومەتـدا بـوون. سـێهەم قۆنـاخی کارەکـە دواخرا، چونکە زۆربەی هێزەکانی عێـراق هێشـتا هـەر لـە بـەرەی جەنگـدا بوون و پێداویستیی کـارێکی ئاوهـا گـەورەو گـران جـارێ دابـین نـەبووبوو. بـەڵام دواتـر ئامانجـەکانی قۆنـاخی سـێهەم بـە هـۆی ئەنفالـەوە جێبـەجێ کران.

لەهەلومەرجی دەسنیشانکردنی ئەو کۆمەڵەی کرابوونە مەبەست بۆ لەناوبردن هیچ هەنگاوێك بۆ ڕژێمی عێراق لە سەرژمێریەکەی 17 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1987 گرنگتر نەبوو. ئێستا وا گوند ڕاماڵینەکەی بەهار لە نێوان هەردوو بەشی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگە*و حوکوومەتدا ناوچەیەکی دابڕکردنی دروستکردووەو حیزبی بەعس دوا ئینزاری دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکانی کرد کەوا: یان "بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی"، کە بە واتایەکیتر بەجیهێشتنی ژیان و ماڵو حاڵیان و بە زۆرەملێ نیشتەجێبوونەوەیان لە ئۆردووگایەکی پیسی ژێر چاودێریی هێزەکانی *ئەمندا*، یان مافی هاووڵاتێتی عێراقییان لەدەستدەدەن و بە سەربازی هەڵاتوو لەقەڵەم دەدرێن. دووەم هەڵبژاردن هاوتابوو لە گەڵ سزای مردندا، چونکە ئەوانەی ملیان بۆ سەرژمێریەکە نەدابوو، بڕیارێکی پێشتری ئابی 1987 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی حوکمڕان دەیگرتنەوە، کە بریتیبوو لە سەپاندنی سزای مەرگ بە سەر سەربازە هەڵاتووەکاندا. ئەو ماوەیەی کە بەرەو سەرژمێریەکە دەچوو، ئەملەجید مەسەلەی کۆمەڵی دەسنیشانکراوی پتر پاکو پوختە کردو فەرمانی بە کاربەدەستانی هەوالگریی خۆی دا وردو درشتی دۆسێی خێزانیی ئەو "تێکدەرانە" ئامادە بکەن کە هێشتا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا دەژیان. کاتێ کە دۆسێکان تەواو بوون خەڵکێکی لە ژمارە نەهاتووی ژن و منداڵ و پیر بۆ ناوچە دێهاتیەکان دەرکران تاوەکو هاوبەش بن لە چارەنووسی خزم و کەسی *پێشمەرگەیاندا*. ئەم شەن و کەوکردنەی حاڵەت بە حاڵەت و خێزان بەخێزانەی دانیشتوان بوو بە مۆرك و خاسیەتی ئەو بڕیارانەی لە سەردەمی ئەنفالیشدا دەردەچوون سەبارەت بەوەی کێ بژێو کێ دەبێ بمرێ. دوا شت, کاتێ کە سەرژمێریەکە هاتە سەر دیاریکردنی ڕەگەز تەنها دوو ئەڵتەرناتیڤی بەوانە دا کە ناونووس کران، هەرکەس دەبوو عەرەب یان کورد بنووسێ،

www.dengekan.com

کە ئەمەیان مەرجێك بوو ترسناکترین ئەنجامی هەبوو بۆ سەر گرووپە کەمینەکانی تری وەك ئێزیدیو ئاشووریو کلدان کە بەردەوام لە ناوچە کوردیەکاندا دەژیان[5].

★ ★ ★

پەلاماری ئەنفال, چوار مانگ دوای سەرژمێریەکە لە شەوی 23 ی شوباتی 1988دا, بە هێرشێکی سەربازیی قەبەو بەهێز بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی PUK لە سەرگەڵوو-بەرگەڵوو دەستیپێکرد. تێکڕا ئەنفال کرا بە هەشت قۆناخەوە، کە حەوتیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی PUKدا بەڕێوەچوون. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی KDPیش لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراقدا، کە ڕژێم بە هەڕەشەیەکی کەمتری لەقەڵەم دەدان، ئەمانە مەبەستی دوا قۆناخی عەمەلیاتی ئەنفال بوون لە کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلوولی 1988دا. دەسەڵاتدارانی عێراق بە هیچ جۆرێك پەلامارەکەیان لە خەڵك نەشاردەوە. بە پێچەوانەوە، لە هەر قۆناخێکدا کە ئۆپەراسیۆنەکە سەردەکەوت و یەکلادەبۆوە هەمان زوڕنای پڕوپاگەندەی بۆ لێدەدراو هەراو بەزمی شەڕە سەرکەوتووەکانی جەنگی ئێران-عێراقی بۆ دەکرا. تەنانەت تا ئەمڕۆش ئەنفال لە میدیا ڕەسمیەکانی عێراقدا ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت و ساڵی 1993 پێنجەمین بیرەوەریی تێکشکانی سەرگەڵوو - بەرگەڵوو لە 19 ی مارتی 1988دا، بابەتی سەردێڕی درۆشمەکان بوو.

هێزەکانی عێراق کەوتنە کەرتوپەرت کردنی دێهاتی کوردستان و بە هێرشێکی هێجگار گەورە و بەرفراوان لە چەشنی جووڵەی فلچەی جامسڕی ئۆتۆمۆبێل جارێ بە لای سووڕانەوەی میلی کاتژمێردا و پاشانیش بە پێچەوانەوە یەك لە دوای یەکی "ناوچە قەدەغەکراوەکانی" ڕادەماڵی. یەکەم ئەنفال, کە فورسایی خۆی خستە سەر گەمارۆدانی بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتیی PUK زیاد لە سێ حەفتەی خایاند.

---

[5] لە کاتێکدا ئێزیدی کە تایەفەیەکی تەوفیقیی (ساینکریتیك) بە ڕەگەز کوردن، بەڵام ئاشووری و کلدان خۆیان دوو گەلی جیاوازو دێرینن.

قۆناخـەکانی دواتـری پەلامارەکـە بـە گشـتی کـورتتر بـوون و لـە نێـوان هەریەکەیانـدا سـووکە پشـوویەك دەدرا تـاوەکو یەکـەکانی سـوپا بـەرەو نیشانی داهاتوو دەچوون. دووەم ئەنفال, لـە ناوچەی قەرەداخـدا لـە 22 ی مارتــەوە بــۆ 1 ی نیســانی 1988 ی خایانــد، ســێهەمیش ئــەو هــەردەو دەشـتاییانەی گرتـەوە کـە بـە گـەرمیان ناسـراوە و لـە 7 تـا 20 ی نیسـانی برد، چوارەم لە دۆڵی زێی بچووکداو کـورتترینی هـەموو قۆناخـەکان بـوو و لـە 3 تـا 8 ی مایسـی خایانـد. تـەنها لـە ئـەنفالی پێنجـدا, کـە لـە 15 ی مایسدا دەسـتیپێکردو ناوچـە شـاخاویەکانی بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی هـەولێری گرتــەوە، هێزەکـان گرفتێکـی زۆریـان هاتـەڕێو بـەرەوڕووی بەرگرییـەکی تونـد بوونـەوە لـە ناوچـەیەکی سـەخت و هەڵەتـدا لـە لایـەن دوا هێـزی *پێشمەرگەی* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەو ڕژێمی ناچار کرد کە لە 7 ی حوزێراندا بە شێوەیەکی کاتی هێرشەکە بوەستێنێ.

بـــە پێـــی فـــەرمانی دیـــوانی ســـەرۆکایەتی (کـــە نیشـــانەی ڕۆڵـــی سەرپەرشـتیی شەخسـیی خـودی سـەدام حوسـێن خۆیـەتی لـە ئەنفالـدا), عەمەلیاتەکـە دوو جـار لـە تـەمووزو ئابـدا تـازە بـووەوەو ئـەم کـرداره سەربازیانە ناونران ئەنفالی شەش و ئـەنفالی حـەوت. پاشـان لـە 26 ی ئابـدا وا ڕاگەیـــەنرا کـــە دوا ناوچـــەی بندەســـەڵاتی PUK "لـــە تێکـــدەران پاککرایەوە".

لەم کاتەدا بـوو کـە ئێـران بـە مەرجـەکانی عێـراق ڕازی بـوو سـەبارەت بە ئاگربەست و کۆتایی هێنان بە جەنگ. بەمـەش دەسـتی ژمارەیـەکی زۆر لـە هێزەکـانی عێـراق بـەرەڵا بـوو بـۆ ئەنجامـدانی عەمـەلیاتی ئـەنفال لـە ناوچـەی بادینـانی بەشـی بـاکووری کوردسـتانی عێراقـدا. ئـەنفالی کۆتـایی, لەگـەڵ گزنگـی بەرەبـەیانی ڕۆژی 25 ی ئابـدا دەسـتی پێکـردو لـە چـەند ڕۆژێکـی کەمـدا کۆتـایی پێهـات. لـە 6 ئـەیلوولی 1988 دا ڕژێمـی عێـراق بەیاننامـــەی ســـەرکەوتنی دیفـــاکتۆی خـــۆی دەرکـــرد بـــە جـــاڕدانی

لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو کورد. (علی حسن المجید دواتر بە یاریدەدەرانی خۆیی وتبوو کە بەرهەڵستی لێبووردنەکەی کردووە، بەڵام وەك پیاوێکی دڵسۆزی حیزب ناچار بووە ملی بۆ کەچ بکات).

هەموو قۆناخەکانی ئەنفال تارادەیەك هەمان شێوازیان تێدا پەیڕەوی کراوە, هەر قۆناخێك بە شێوەیەکی تایبەتی بە بۆردمانی کیمیایی دەستی پێدەکرد بۆ سەر مەدەنیو *پێشمەرگە*, هاوکات لەگەڵ هێرشکردنێکی گەورەی سەربازی بۆ سەر بنکەو سەنگەرەکانی PUK یان KDP. کۆکتێلی کوشندەی هەردوو گازی خەردەلو دەمارەگاز خەڵکە مەدەنیەکەی لە *پێشمەرگە* زیاتر لەناودەبرد، چوونکە *پێشمەرگە* هەندێکیان ماسکی گازو ئامرازی تری سەرەتایی خۆپاراستنیان هەبوو. لە گوندی سێوسێنان (ئەنفالی دوو)، زیاد لە 80 کەسی مەدەنی کوژران، لە گۆپتەپە (ئەنفالی چوار) 150 کەس زیاتر تێداچوون، لە وەرێ (ئەنفالی پێنج) 37 کەس کوژران. گەورەترین هێرشی کیمیایی بۆمبارانی 16 ی مارتی شارۆچکەی هەڵەبجەی کوردنشین بوو، کە لە نێوان 3200 تا 5000 لە دانیشتوانی کوشت. هەڵەبجە وەك شارێك, لە ڕووی تەکنیکەوە بەشێك نەبوو لە ئەنفال ـ هێرشەکە, لە تۆڵەی گرتنیەوە بوو لە لایەن *پێشمەرگەوە* بە هاوکاریو پاڵپشتی گاردی شۆرشی ئێرانی, بەڵام بەشێکی زۆری جینۆسایدی کورد بوو.

لە پاش هێرشە سەرەتاییەکە، هێزی زەمینیو *جاش* لە هەموو لایەکەوە ناوچە دەسنیشانکراوەکەیان دەدایە ناو و هەر نیشتەجێیەکی مرۆڤیان بەردەم بکەوتایە کاولو وێرانیان دەکردو هەرچی ماڵو سامانو ئاژەڵو وڵاخی خەڵکەکە بوو تاڵانیان دەکردو ئاگریان لە خانووەکان بەردەدا ، پێش ئەوەی دەستەی تێکدان و ڕووخاندن بانگ بکەن بۆ تەواوکردنی کارەکە. هەرکە وێرانکردن تەواو دەبوو ئەوجا قۆناخەکەی هیڵبێرگ لەمەڕ "کۆکردنەوە" یان "گرتن" ی کۆمەڵی دەسنیشانکراو ئەنجامدەدرا. کاروانی ئیڤاو بارهەڵگری سوپا گوندنشینانیان دەگواستەوە بۆ سەنتەرەکانی خڕکردنی نزیك مەیدانی عەمەلیاتو کەمپی ڕاگوزار.

لــە هــەمان کاتیشــدا میلیشــیا جــیاو دۆڵیــان دەپشــکنی بــۆ شــوێن پــێ هــەڵگرتنو گرتنــەوەی هــەر کەســێك دەربازبووبێــت. (هــەروەها هەنــدێ کەسی ئەم میلیشیایانە، وەك گومـانو متمانـە نـەکردنێك بـە ڕژێـم، ژیـانی هـەزارانیان سـەندەوە بـە دزە دەربـاز کردنیـان بـۆ شـوێنی سـەلامەت یـان یارمەتیدانیان بۆ ئـەوەی لـە هێڵـەکانی سوپا بپەڕنـەوە). پۆلیسی نهێنـیش شارو شارۆچکەو کۆمـەڵگاکانیان دەپشکنی بـۆ ڕاوکردنـی هـەڵاتووەکانو لـە چەندین حاڵەتـدا زۆربـەیان بـە لێبـووردنی درۆینـەو "گەڕانـەوە بـۆ ڕیـزی نیشـتمانی" فریــو دەدرانو لــە شــوێنی خۆحەشــاردان دەهاتنــە دەر, بــەو بەڵێنانەی کە پیسترین مانای شەرخوازیو خراپەیان لەخۆگرتبوو.

* * *

تــا ئێــرە ئــەنفال زۆر لــە خاســیەتەکانی پــەلامارێکی دژە یــاخیبوونی تێدایــە، ئەگەرچــی پــەلامارێکی دڕنــدەی نائاســاییش بــوو. هــەروەها بەڵگەنامە عێراقیـە گیراوەکـان ئـەوە دەردەبـڕن کـە لـە قۆنـاخی شـەڕەکانی سـەرەتادا ئامانجـەکانی دژە یـاخیبوون لــە ئــەقڵی هێزەکــانو ئەفســەرە فەرماندەکانیاندا پێش هەموو شتێك بـوون. بـۆ دڵنیـا بـوون، عێـراق ـ وەك هەر دەوڵەتێکی تری سـەربەخۆ بـە ڕەوای دەزانـی شـەڕی یـاخیبوون بکـات، لە گەڵ ئـەو ڕاستیەشـدا کـە ئـەنفال، بـە پێناسـەکردنێکی تەسکبینانە، دژە یاخیبوونێك بوو، هیچ لـەوە کـەم ناکاتـەوە کـە لـە هـەمان کاتیشـدا کـارێکی جینۆســـاید بـــوو و هـــیچ هاوبەشـــیەکیش لـــە نێـــوان دژە یـــاخیبوونو جینۆســـایدا نیـــە. ڕاســـتێکەی، لەوانەیـــە ئـــەمیان هۆکارێـــك بێـــت بـــۆ تـــەواوکردنی ئـــەویتریان. بەنـــدی 1 ی ڕێکەوتننامـــەی جینۆســـاید ئـــەوە دەسەلمێنێ کە "جینۆسـاید چ لـە کـاتی ئاشـتی یـان لـە کـاتی جەنگـدا بـەرپا بکرێت، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بە تـاوان لەقەڵـەم دەدرێـت". بـە پەلـەو کوێرانە ئیعدامکردنی خەڵکی شەڕنەکەر یـان دەسبەسـەرکردنی ئەنـدامانی کۆمـەڵێکی ئـەتنیی ـ نیشـتمانیو کـاری لـەم چەشـنە ڕەوایـی سـەردەمی

www.dengekan.com

جـەنگ یـان ئیجرائێکـی دژە یـاخیبوون نیـە، بـێ ڕەچـاوکردنی سروشـتی شەڕو ناکۆکیەکە.

لە گـەڵ ئـەم مشتومڕەشـدا لـە سـەر پرەنسیپ، گـەلێ سیماو ڕوخساری ئەنفال بواری دژە یاخیبوونی تێپەڕانـدووە. ئەمانـەش پـێش هـەمووو شـتێ، ئـەو ڕاسـتیە سـادەو سـاکارانە ئاشـکرا دەکـەن کەچـی ڕوویـدا پـاش ئـەوەی ئامانجە سەربازیەکانی پرۆسەکە جێبەجێ کرا:

- بەکۆمەڵ کوشتنو بێسەروشوێن کردنی دەیان هـەزار خـەڵکی بێـدیفاع، کـە هـیچ وەختـێ شـەڕکەر نـەبوون (پـەنجا هـەزار بـە گـوێرەی کـەمترین مەزەندەو ڕەنگە ئەو ژمارەیە دوو هێندەش بێت).
- بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی دژ بـە خـەڵکی بێچـەك لـە چـەندین شوێنو کوشتنی هەزارانو تۆقاندنی هێندەش زیـاتر بـۆ چـۆڵکردنی خـانووماڵیان.
- تاڕادەیەك تێکرا تێکشکاندنی بنـەماو توانـای خێـزانو کۆمـەڵ، لەوانـە بە تـەواوی تێکشکاندنی کۆڵەکـەی بنـەڕەتیی کشتوکاڵو ئـابووریی دێهـاتی کورد.
- لە هەلومەرجێکی سزا ئـامێزدا ڕاپێچکردنو بەنـدکردنی هـەزاران ژنو منداڵو خەڵکی بەتەمەن کە سەدان حاڵـەتی مردنـی لێکەوتـەوە. ئەوانـەش کـە دەربـازبوون بـە زۆری بـە هـۆی یارمـەتیی نهێنیـی خـەڵکی شـارو شارۆچکە کوردەکانی ئەو نزیکانەوە بووە.

دووەم، ئەو مەسەلەیەی کە چۆن ئـەنفال وەك پرۆژەیـەکی بیرۆکراسـی ڕێکخرا. لە تێڕوانینـی ئـەنفال وەك دژە یاخیبوونێـك ، هـەر ڕووداوێـك لـە ڕووداوەکـانی سـەرەتاو کۆتاییـەکی ئاشـکرای هـەبوو, بەڕێوەچوونیشـی لـە دەسـتی سـوپای نیزامـیو میلیشـیای *جاشـدا* بـوو. بـەڵام ئـەم دەزگایانـە بـە خێرایی لە کارەکە دەرچوون و خەڵکە مەدەنیـە گیراوەکـەش گوێزراوەتـەوە بۆ بەردەستی دەسـەڵاتێکی بیرۆکراسـیی تـەواو جیـاوازی پرۆسێسـە کـردنو دوا جـاریش لەکۆڵکردنـەوە. دامودەزگـای جیاجیـا بـە کارەکـەوە سـەرقاڵ بوون ـ وەك *ئەمن*، *ئیستیخبارات*، سوپای میللی (کـە جۆرێکـە لـە پاسـەوانی

وڵات)و ئـــەوجا حیزبـــی بـــەعس خۆیشـــی. بەندیخانـــە کەمپـــەکانو کاروانـەکانی مـردن بـە شـێوەیەکی سروشـتی دوور بـوون لـە شـانۆی شـەڕو پێکدادانـەوەو تـەواو لـە دەرەوەی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمیی کوردسـتان بـوون. شـایانی باسـە کـە کوشـتتنەکان بـە هـیچ واتایـەك هاوکـات نـەبوون لەگـەڵ کـاری دژە یاخیبوونەکـەدا: چـوونکە گیراوەکـان لـە پـاش چـەندین ڕۆژ یـان بگـرە چـەندین حەفتـەش لـەوەی کـە هێـزە چـەکدارەکان ئامـانجی خۆیـان بەجێهێناوە، کوژراون.

لــە کۆتاییشــدا, پرســیاری ئــەو نیــازە دێتــە پێشــەوە کــە دەچــێتە ناوجەرگەی چەمکی جینۆسایدەوە. کەرەستەو بەڵگەنامـە گیراوەکـانی نـاو دەزگــا ســیخوڕیەکانی عێــراق زۆر بــە ڕوونــی ئــەوە دەردەخــەن کــە کۆمـــەڵکوژیو پـــەلامارەکانی دژە کـــوردی ســـاڵانی 1987 ـ 1989, هــەموویان بــە شــێوەیەکی پتــەو و پێکــەوە گرێــدراو نەخشــەیان بــۆ کێشرابوو. ئەگەرچی دەسەڵات بە سەر ئەم پەلامارانـەدا هـەمووی ناوەنـدی بوو, بەڵام سەرکەوتنەکانیان بە هۆی هاریکاریو هەماهـەنگیی ژمارەیـەکی زۆر دەزگـاوە بـوو, لـە دیـوانی سـەرۆکایەتی کۆمـارەوە بگـرە تـا دەگاتـە خـوارەوە بـۆ نـزمترین یەکـەی *جاش*, چ ناوچـەیی بـووبێتن یـان لـە ئاسـتی نیشتمانیدا.

ئەڵبەتە, لێپرسراو لـە چـەقی ئـەم تـۆڕە بیرۆکراسیە گەورەیـەدا ، علـی حسـن المجیـد بـوو. لەویشـدا مەسـەلەی نیـاز لـە دووەم ئاسـتی گرنگـدا دەردەکەوێت.

ژمارەیــەك شــریت بــۆ کۆبوونــەوەکانی علــی حســن المجیــد لــە گــەڵ یاریدەدەرەکانیدا لە ساڵانی 1987 ـ 1989 دا تۆمـارکراون. ئـەم شـریتانە لـە لایـەن چـوار پسـپۆری بێلایەنـەوە تـاوتوێ کـراون بـۆ دڵنیـا بـوون لـە ناوەرۆکیـانو سـەلماندنی ئـەوەی کـە قسـەکەری سـەرەکیی ئەلمەجیـد بـووە. ئەلمەجید بەوە ناسراوە کـە دەنگێکـی جیاکـاری تـۆن بـەرزی هەیـەو مۆرکـە

ناوچـەییە تکریتیەکـەی خـۆیی پێـوە دیـارە. ئـەم دوو خاسـیەتەش دەسـبەجێ لـە لایـەن ئـەو عێراقیانـەوە ناسـرانەوە کـە میـدڵ ئیسـت وۆچ ڕاوێـژی پێکردبـوون. وەك کەسـایەتییەکی ناسـراو کـە زۆر جـار لـە ڕادێـوو تەلەفزیۆنـدا دەردەکـەوێت[6]، دەنگەکـەی زۆر بـە باشـی لـە لایـەن گـەلێ لـە عێراقیەکانـەوە دەناسـرێتەوە. عێراقییـەك کـە دەربـارەی ئـەو مەسـەلەیە ڕاوێژی پێکرابوو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کـە قسەکەری سـەرەکیی ئـەو گفتوگـۆ تۆمـارکراوە چـەند سـەعاتیەی لای میـدڵ ئیسـت وۆچـە بـە هێـزو دەسـەڵاتەوە قسـە دەکـات و زمـانێکی پیسـیش بـەکاردێنێ. بـە پێچەوانەشـەوە، ڕاوێژکارەکـە دەڵـێ: "خـەڵکانی تـر کـە لـەم کۆبوونەوانـەدا بوون کپ و سام لێنیشـتوو بـوون و تـۆنی دەنگیشـیان ترسـێکی زۆری پێـوە دیـارە، بـە تایبـەتی کـاتێ کـە ڕووی دەمیـان کردووەتـە ئەلەجیـد خـۆی". هـەروەها وەك دوو شـارەزا تێبینـی دەکـەن، ئەلەجیـد بـە نازنـاوە باوەکـەی کـە (ئـەبو حەسـەن)ە ناودەبرێـت. شـریتەکان بەڵگـەی دوژمنکـاریی ڕەگەزپەرسـتانەی تاڵیـان دژ بـە کـورد تێدایـە لـە لایـەن پیاوێکـەوە کـە لـە هەموو کەس زیاتر پیلانی بۆ لەناوبردنیان گێڕاوە.

ئەلەجیـد لـە یـەکێك لـە کۆبوونەوەکانـدادا دەپرسـێ: "مـن بـۆ لێیـان گەڕێم لەوێ بـژین, وەك کـەر کـە هـیچ شـتێك نـازانن؟ باشـە ئێمـە چیمان لەمانە دەستدەکەوێت؟" لە بۆنەیەکی تـردا بـە هـەمان شـێوە قسـە دەکـات: "مـن وتم لەوانەیـە هەنـدێ کەسـی باشـیان تێـدا (لـە کـوردا) بدۆزینـەوە.. بـەڵام هـەرگیز وانـەبوو". لـە شـوێنێکی تریشـدا دەڵـێ: "مـن سـەریان پاندەکەمەوە، ئەم سەگانە ئێمە دەبێ هەر سـەریان پـان بکەینـەوە". پاشـان تێهەڵدەچێتەوەو دەڵێت: "ئاگام لێیان بێت؟ نـەخێر، بـە بلـدۆزەر دەیانکـەم بە ژێر خۆڵەوە".

---

[6] ئەلمەجید لەو پێنج ساڵەی دواییدا پۆسـتی جـۆراو جـۆری پێسـپێردراوە, وەك سـکرتێری گشـتیی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس، وەزیری ناوخۆ، پارێزگاری کوێتی داگیرکراو لە لایەن عێراقەوە لـە ساڵی 1990داو پاشانیش وەك وەزیری بەرگری.

دڵسۆزیی بۆ ڕژێم هیچ دادێکی نەداو کەسی لە پەلامارەکانی علی حسن المجید نەپاراست، بە کەسانی *جاشی* سەر بە حوکوومەتیشەوە. تا ئەو ڕادەیە, کە ئەلەجید خۆی هەڵدەکێشاو هەڕەشەی چەکی کیمیایی لە سەرۆك *جاشەکان* دەکرد ئەگەر بێت و گوندەکانیان چۆڵ نەکەن. لەم کارەدا تەنها ڕەگەزو شوێنی نیشتەجێبوونی سروشتی ڕەچاوکران و بوون بە فاکتەری هاوبەشی بەرپاکردنی کۆکوژیەکەی ساڵی 1988.

گوند پاکتاوکردنی ساڵی 1987 تێکرا لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حوکوومەتدا بەڕێوەچوو و هیچ شتێك لە ئارادا نەبوو کە کاری دژە یاخیبوونی لە بەرانبەردا بکرێت. دانیشتوانی جارانی ئەم ناوچانە، ئەوانەیان کە ڕازی نەبوون بە نیشتەجێکردن لە *موجەممەعێکدا* کە حوکوومەت بۆی دیاری کردبوون و لەبری ئەوە پەنایان بردەبەر ناوچەیەکی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە, کە زۆر کەس وایکرد - ئەوە لە سەردەمی ئەنفالدا تێداچوون.

هەمان شت بە سەر کەمایەتیە بچووکەکانیشدا هات. لە سەرژمێریی تشرینی یەکەمی ساڵی 1987دا زۆر لە ئاشووریو کلدانە مەسیحیەکان - ئەمانە گەلێکی نەژاد دێرین و ئارامی زمانن - ئەو داوایەی حوکوومەتیان ڕەتکردەوە کە بە عەرەب یان بە کورد ناونووس بکرێن. ئەوانەی کە نەیانویست بە عەرەب تۆمار بکرێن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە کورد دانران و لە کاتی ئەنفالی کۆتاییدا لە پارێزگای دهۆك، کە زۆربەی مەسیحیەکانی تێدا کۆبووەتەوە، ڕژێم زۆرخراپتر و دڵڕەقانەتر لە دراوسێ کوردەکانیان مامەڵەی لە گەڵ کردن. ئەو ژمارە کەمە تورکمانەش، کە کەمینەیەکی تورکی زمانن، کەوا شانبەشانی *پێشمەرگەی* کورد دەجەنگان ڕزگاریان نەبوو، چوونکە حیسابی ئەوەیان بۆ کرا کە بووبوون بە کورد.

بە درێژایی ئەو بیست ساڵەی ڕابوردوو, حوکوومەتی بەعس بە بەردەوامی سەرقاڵی پەلاماری بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان

www.dengekan.com

بــووە. هــەر ئەمــەش بــوو بــە هــۆی بــەرپاکردنی بەرەنگاربوونــەوەی چەکداریی کوردەکان، کە بە خاسیەت و پێکهاتە کوردی بوو. لە ساڵی 1988دا شۆڕشگێرەکان و هەموو ئەوانەش کە بە هەواداریان لەقەڵەم درابوون، وەکو کورد مامەڵەیان لەگەڵ کردن و هەر هەموو بەجارێ ڕامالْران. ئەوانە خەڵکی شەڕکەر بوون یان نە مەسەلەیەکی گرنگ نەبوو، ئەوەی لای حوکوومەت گرنگ بوو، ئەوانە هەر هەموو "کوردی خراپ" بوون لایەنی حوکوومەتیان نەگرتبوو.

★ ★ ★

کەمێك ئەولاتر شوێن شێوازەکەی هیلبێرگ بکەوین، جارێ وا کۆکردنەوەو گرتن تەواوبووەو ئەمجارەیان لەناوبردن دەست پێدەکات. پێشتر کۆمەڵی دەسنیشانکراو بە وردی دیاریکراون. وا ئێستا نۆرەی دووەم دیاریکردنی کۆمەڵە کۆکراوەکەیە: ئەوانەی بە ڕاستی دەبێ بکوژرێن. لە ئاستێکدا ئەمە مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو. بە پێی هەلومەرجی ڕاسپاردەکانی حوزێرانی 1987 ی ئەلمەجید، کوشتن سزایەکی ئۆتۆماتیکی بوو بۆ هەر نێرینەیەك لە تەمەنی چەك هەلگرتندا بێت و لە ناوچەیەکی ئەنفالدا ببینرێت[7]. لە هەمان کاتیشدا کەس وای بۆ نەدەچوو کەوا ببڕێتە بەردەمی تیمێکی گوللەباران کردنی ئەنفال بێئەوەی وەك تاکە کەسێك لە کێشەکەی بکۆڵرێتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە بەلگەنامەکان پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکەن، لە پێشەوەیان فەرمانێکی سەرۆکایەتیی کۆمارە لە 15 ی تشرینی یەکەمی1987دا ـ دوو ڕۆژ پێش سەرژمێریەکە ـ دەڵێ: "ناوی ئەو کەسانەی کە دەدرێنە دادگایەکی گشتیو فراوان دەبێ بەکۆمەڵ لیست نەکرێن، بەڵکو چاکتر وایە لە ئالۆگۆڕی نامەو نووسراوتاندا لە سەر بنەمایەکی تاکەکەسی ئیشارەتیان پێبدەن یان ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن". کاریگەریی ئەم فەرمانە لەو لیستانەدا ڕەنگدەداتەوە کە سوپا یاخود ئەمن بۆ کوردە گیراوەکانی

---

[7] پیاوانی دێهاتنشینی کورد وەك دابونەریت چەکی شەخسیی خۆیان پێیەو پەیوەندیی بە هەڵوێستی سیاسییانەوە نیە.

سـەردەمی ئـەنفال دروسـتیان کردبـوو و ڕەچـاوی نـاو، تـوخم، تەمـەن، شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی گرتنی هەرکەسەیان بە جیا کردبوو.

پرۆسـە کردنـی گیراوەکـان، لـە تۆڕێـك کـەمپ و بەندیخانـەدا بەڕێوەدەچوو. سەنتەرەکانی یەکەمجاری گرتنی کاتیی لە ژێر کۆنترۆڵی هـەوالگریی سـەربازیدا هـەر زوو لـە 15 ی مـارتی 1988ەوە دەسـبەکار بوون. لە کۆتـایی ئـەو مانگـەدا بێسەروشوێن کردنـی بەکۆمـەڵ بـە گـەرمی دەسـتی پێکردبـوو و لـە ناوەڕاسـتی نیسـان و سـەرەتای مایسـدا گەیشـتە چـڵەپۆپە. زۆربـەی گیراوەکانیـان بـۆ شـوێنێك گواسـتەوە کـە پێیـدەوترا تۆپزاواو کـەمپێکی سـوپای میللـی بـوو لـە نزیـك کەرکووکـەوە، ئـەو شـارەی کـە بارەگاکـەی علـی حسـن المجیـدی لێبـوو. هـەروەها بەشـێکی خەڵکەکـەش بـران بۆ سەربازگەی سوپای میللی لە تکریـت. لـە تۆپزاواشـەوە ژن و منـداڵ بارکران بۆ کەمپێك لە شارۆچکەی دبس*. لە نێوان 6 تـا 8 هـەزار گیـراوی بەتەمەنیش, گوێزرانەوە بۆ بەندیخانـەی چـۆڵی نـوگرە سـەلمان لـە بیابـانی باشـوورو لـەوێ سـەدانیان لێمـردن بـە هـۆی گـوێ پێنـەدانیان و برسـێتیو نەخۆشـییەوە. بەندیـەکانی ئـەنفالی کۆتـایی بادینـانیش، بـە سیسـتەمێکی جیـاو لـە هـەمان کاتیشـدا هاوتـەریب، بـە زۆری لـە قـەڵا سـەربازیە زەبەلاحەکەی دهـۆك بەنـدکران و پاشان ئـافرەت و منـداڵ گوێزرانـەوە بـۆ کەمپە بەندیخانەیەك لە سەلامیە، لە سەر ڕووباری دیجلە, نزیك مووسڵ.

پـاش لێبووردنـە گشـتیەکەی 6 ی ئـەیلول, زۆربـەی ژن و منـداڵ و خەڵکی بەتەمەن لە کەمپەکانـەوە بـەربوون, بـەڵام هـیچ کـەس لـە پیـاوانی ئـەنفالکراو بەرنـەدران. گریمانـەی میـدڵ ئیسـت ووچ، پشـت بـە شـایەتیی ژمارەیـەك لـە دەربـازبووانی ئـەنفالی سـێ دەبەسـتێ، کـە خوێنـاویترین ئەنفال بوو. ئەویش ئەوەیـە کـە بـە کۆمـەڵی گـەورەو بـە نهێنـی براونەتـە

---

* ناوی ئەم شارۆچکەیە لە بنەڕەتدا دووبزەو خەڵکی ناوچەکە وای گۆدەکەن، بەڵام بە پێی سیاسـەتی بەعەرەبکردن شێوازی ناوەکە لە نەخشەی عێراقداو لە ناوهێنانیدا, لە دووبزەوە کراوەتە دبس ـ و.

www.dengekan.com

بەردەمی تیمەکانی ئیعدامکردن لە دەرەوەی ناوچە کوردیەکان و کراون بە ژێر گڵەوە. لە ماوەی ئەنفالی کۆتاییشدا لە بادینان، لایکەمەکەی لە دوو حاڵەتدا کۆمەڵی پیاوان لە پاش گرتنیان لە لایەن ئەفسەرانی سوپاوە دەسبەجێ ئیعدامکراون. کارەکەش بە فەرمان و ڕاسپاردەی فەرماندەکانیان جێبەجێ کراوە.

لە ڕێگەی شایەتیی دەربازبووەکانەوە، بە لایەنی کەمەوە شوێنی سێ گۆڕی بەکۆمەڵ دەسنیشان کراوە، یەکێکیان لە نزیك کەناری باکووری ڕووباری فوراتە، نزیك شاری ڕەمادیو بە تەنیشت ئۆردووگایەکەوەیە کە کوردەکانی ئێرانی تێدا نیشتەجێ کراوە، ئەوانەی کە لە سەرەتای جەنگی ئێران - عێراقدا بۆی زۆر ڕاگوێزراون. ئەویتریان لە دەوروبەری شوێنەواری کۆنی حەزەردایە (الحضر - هەترا) لە باشووری مووسڵەوە. سێهەمیش لە بیابانی لای شاری سەماوەوەیە، باوەڕیش وایە کە بە لای کەمەوە دوو گۆڕی بەکۆمەڵی تر لە چیای حەمرین هەبن، یەکێکیان لە نێوان کەرکووك و تکریتداو ئەوەکەی تریشیان لە ڕۆژئاوای توزخورماتوو[8].

لە کاتێکدا کە سیستەمی کەمپ لایەنێکی جینۆسایدی نازییەکان دێنێتەوە یاد، لەولاشەوە شێوازی ئەو ئیعدامکردنانەی ڕزگاربووە کوردەکان دەیگێڕنەوە دەبێتە هۆی ورووژاندنی بیرەوەرییەکی دزێوی تر - چالاکیەکانی یەکە بکوژە گەڕۆکەکانی نازییەکان *Einsatzkommandos*، لە ولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاتی ژێر دەستیاندا. هەموو ئەو تەکنیکە ستانداردانەی لە لایەن نازیەکانەوە بەکارهاتبوون بە بەلگەوە لە حاڵەتی کورددا بەکارهاتن. بەشێك لە

---

[8] گۆڕی بەکۆمەڵی تر لە هەندێ شوێنی هەرێمی ژێر دەسەلاتی کوردەکاندا دۆزراونەتەوە کە پاشماوەی ئیعدامکراوەکانی دەستی ئەمنیان تێدا بووە، کە لە ماوەی پێش ئەنفال و سەردەمی ئەنفال و دوای ئەنفالدا کوژراون.
(دوای ئازاد کردنی عێراق لە نزیك دووزخورماتوو گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، کە ئێسك و پرووسکی 25 پێشمەرگەی تێدا بوو، ئەوانەی کە نیسانی 1988 لە شەڕی تازەشاردا شەهید بوون. ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو گۆڕە بەکۆمەلانەی لێرەدا باسیان هاتووە ـ و.)

کۆمەڵی گیراوەکان ڕیزکراون و لە بەردەمەوە تەقەیان لێکراوەو ئەوجا ڕایانکێشاونەتە گۆڕی بەکۆمەڵی پێشتر هەڵکەندراوەوە، هیتر درندانەو بە پاڵ خستوونیانە چاڵەوەو هەر لەوێدا بەر ڕێژنەی گوللەیان داون. گەلێکیشیان جووت جووت پاڵ خستوون بە تەنیشت مەیتی تازەوە, لە سەر شێوازی ماسیی سەردینی قوتووکراو*, پێش ئەوەی بیانکوژن. هەندێکیتر بە یەکەوە بەستراونو لە لێواری چاڵەکەدا وەستاندوونیانو لە پشتەوە تەقەیان لێکراوە بۆئەوەی بە دەما بکەونە چاڵەکەوە - بە لای بکوژانەوە ئەمە شێوازێکی زۆر بەکار بوو. لە پاشاندا بلدۆزەر خۆڵ یان لی ڕۆکردووەتە سەر کۆمەڵی لاشەکان. هەندێك لە شوێنی گۆڕەکان دەیان چاڵی جیاجیایان تێدایەو بێگومان لاشەی هەزاران قوربانییان لەخۆگرتووە. بەڵگەی مادیی ئەوە نیشاندەدات کە بکوژان بە پێی بەرگی یونیفۆرمیان ** ئەندامانی حیزبی بەعس، یان ڕەنگە *ئەمنەکانی* بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی گشتیی عێراق بووبێتن. بە کەمترین مەزەندە پەنجا هەزار کوردی دێهاتنشین لە سەردەمی ئەنفالدا کوژراون. لە کاتێکدا کە نێرینەکانی تەمەن نێوان نزیکەی چواردە تا پەنجا ساڵ بە شێوەیەکی ڕۆتینی بەکۆمەڵ کوژراون, بەلام کۆمەڵێك پرسیار دەوری ئەو پێوانەی هەڵبژاردنە دەدەن کە لە فەرمانی کوشتنی منداڵی وردو تەواوی خێزاندا ڕەچاو کراون.

بە هەزاران ئافرەتو منداڵ لەناوبران، بەلام کوشتنەکەیان بە هۆی جیاوازیو گۆڕانەوە بوو لە ناوچەکاندا, کە زۆربەیان دانیشتوانی دوو

---

* ماسییەکی بچووکەو جووت جووت یان زیاتر بە ساغی لە پاڵ یەکدا لە ناو ڕۆنو شلەیەکی تایبەتدا لە قوتوو دەکرێتو لێکچوواندنەکە لێرەوەیە ـ و.

** لێرەدا مەبەست لە یونیفۆرم Uniform ئەو جۆرە بەرگە بوو کە بەعسیەکان، ئەمنەکان، کەسانی سەر بە دەزگای ئیستیخبارات و موخابەرات لەبەریان دەکرد. دەستە جلەکە بریتی بوو لە کراسو پانتۆڵێکی یەك جۆر قوماشی ڕەنگ سەوزی تێری زەیتوونیو بە عەرەبی (قَگعتین) یان پێدەوت ـ و.

www.dengekan.com

"کۆمەڵی" لەبەرچاو بوون و بەر ئەنفالی سیّو چوار کەوتبوون. لەوانەیە دڵگەرمی یان ئارەزووی کاتیی فەرمانـدە مەیدانیـەکان ڕۆشـناییەك بخاتـە سـەر ئـەوەی کـە بۆچـی هەنـدێ لـە ژنو منـداڵ ڕاپـێچ دەکـران, لـە هـەمان کاتیشـدا ڕێگـە بـە خـەڵکانی تـردەدرا بـە دزە دەربـازببن. بـەڵام ئـەو خراپـەکاریو ستەمانە بـە تـەواوی نـاتوانن شـێوازی دواتـری بێسەروشـوێن کردنەکە ڕوون بکەنەوە، چونکە گیراوەکان بـە خێرایـیو بـە زینـدوویی لـە ژێـر دەسـتی سـوپا دەرکـرانو گوێزرانـەوە، ئـەوجا لـە سـەنتەرەکانی پرۆسەکردندا لە شوێنیتر, لـە مێـردو بـاوكو بـرا جیاکرانـەوەو پاشـان زۆر بـە خـوێن ساردیو لـە پـاش ماوەیـەك بەنـدکردن کوشـتوونیان. پێدەچێت شوێنی خۆبەدەستەوەدان لە شوێنی نیشتەجێ بـوون زیـاتر ڕەچـاو کرابێت لـە بڕیـاردانی ئـەوەدا کـە کـێ دەبـێ بکـوژرێو کـێ بمێنـێ. بەڵگەنامـەکانی ئەمن ئاماژە بۆ فاکتەرێکی تر دەکەن کـەوا هێزەکـان بـەرەوڕووی بـەرگریی چـەکدارانە بووبێتنـەوە لـە ناوچـەیەکی دیـاریکراودا، ئەمـەش بـە زۆری، بەڵام نـەك هـەمووی، ئـەو ناوچانەیە کـە کوشـتنی ژنو منـداڵیان بـووە بـە مۆركو نیشانە. پێوانـەی سـێیەم ڕەنگـە هەسـتکردن بێـت بـە "هەڵوێسـتی سیاسـیی" گیراوەکـان، ئەگەرچـی ئەمـەیان کـارێکی گـرانو بـە ئەقڵـەوە نەچووەو نازانرێ چۆن بۆ منداڵ پەیڕەوی کراوە.

هۆکـارە وردەکـان هەرچـیەك بـن, بـەڵام بەڵگەنامـە گیراوەکـانی عێـراق ئـەوە ڕووندەکەنـەوە کـەوا دەزگـا ئـەمنیو ئیسـتیخباراتیەکان, هـەر هـیچ نەبێ لە هەندێ حاڵـەتی تـاك کۆڵێونەتـەوە, تەنانـەت پەناشـیان بردووەتـە بەر بەرزترین دەسەڵات گـەر دەربـارەی چارەنووسـی کەسـایەتیەکی تایبـەت بـەگومان بـووبێتن. ئەمـەش وا دەگەیـەنێ کـە پرۆسـەی لەناوبردنەکـە، لانیکـەم لـە پرەنسـیپدا، بـە شـێوازێکی بیرۆکراسـیی تونـد ئاڕاسـتە کـراوە. بـەڵام بەڵگـەکان بـە تـەواویی ئـەوە دەگەیـەنن کـەوا مەبەسـت لـەم بنـەماو پێودانگـە ئـەوە نـەبووە کـە حـوکمی خـۆی بـە سـەر کەسـێکی تایبەتـدا بسەپێنێ کە تاوانبارە یان بێتاوانە لە تۆمـەتێکی دیـاریکراودا، بـەڵکو تـەنها سـەلماندنی ئـەوە بـوو کـە ئـاخۆ ئـەم کەسـە سـەر بـەو کۆمەڵـە

دەسنیشانکراوەیە کە دەبێ " ئەنفال بکرێت" یان نە, مەبەستیش لەوە کوردی ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حوکومەت. لە هەمان کاتیشدا, شایەتیی دەربازبوان بەردەوام پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە مەسەلەکە تەنها بەسترابوو بە ڕێکەوتو کاری لاوەکییەوە لە پراکتیکدا. جیاکردنەوەی ئەو خەڵکە گیراوەی لە ناوچەکانی ئەنفالەوە هێنرابوون بە پێی تەمەنو توخم و هەروەها هەڵبژاردنی ئەوانەش کە دەبوو لەناوببرێن، کارێکی بێسەروبەرو نابەجێ بوو و لە هیچ پرۆسەیەکی ماناداری لەوەوپێشی لێکۆڵینەوە یان هەڵسەنگاندن نەدەچوو.

* * *

هەرچەندە ئەنفال وەك پەلامارێکی سەربازی بە لێبووردنی گشتیی 6 ی ئەیلوولی 1988 کۆتایی هات، بەڵام لۆجیکی ئەنفال وانەبوو ـ ئەوانەی لە بەندیخانەکانی وەك نوگرە سەلمانو دووبزو سەلامیە بەربوون، هەروەها ئەوانەش کە بە پێی بڕیاری لێبووردنەکە لە ئاوارەیی گەڕانەوە، لە کۆمەڵگاکاندا نیشتەجێ کرانەوە بێ هیچ قەرەبووکردنەوەو یارمەتیدانێك. ئەو خەڵکە مەدەنیەش کە هەوڵیان دەدا فریایان بکەون لە لایەن *ئەمنەوە* ڕاودەنران یان دەگیران.

ئەو کۆمەڵگایانەی چاوەڕێی دەربازبووانی ئەنفالی کۆتایی بادینان بوون بە ناو شوێنی نیشتەجێ بوونو *ئەنفالەکانیان* تەنها لە سەر زەوییەکی ڕووتەن هەڵدەڕشت لە دەشتی هەولێردا بێ ئەوەی هیچ شتێکی تێدا بێت لە شوورەیەكو قوللەی پاسەوانیی سەربازیی بەولاوە بە چوار دەوری ئەو شوێنەدا . سەدان کەس لەو شوێنەدا بە هۆی کەشوهەوا, نەخۆشی, برسێتی, بەدخۆراکیو کارتێکردنی چەکی کیمیایی لێیان لەناوچوون. سەدانی تر لە خەڵکی ناموسڵمانی ئێزیدیو ئاشووریو کلدان کە گەلێکیان ژنو مندالْ تێدابوو لە کەمپەکانەوە ڕایانفڕاندنو

بێسەروشوێنیان کردن وەك تەواوکەری قوربانیانی جینۆسایدی کورد. تاوانی سەرەکیی ئەمانە هەر ئەوە بوو کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکانی زۆرینە کوردا مابوونەوە پاش ئەوەی سەرۆك و دەمڕاستەکانیان ئەو پۆلێنکردنەی ڕژێمیان ڕەتکردبۆوە کە لە سەرژمێریی 1987 دا بە عەرەبیان دابنێن. ڕژێم نیازی نەبوو ڕێگە بەو کوردانە بدات کە لێبووردن گرتبوونیەوە بە تەواوی مامەڵە لەگەڵ مافە مەدەنیەکانی خۆیاندا بکەن وەك ئەودوای هاووڵاتیانی عێراق. ئەوان دەبوو لە مافە سیاسیەکان و هەل و دەرفەتی کارکردن بێبەش بن تاوەکو *ئەمن* دڵسۆزییانی بۆ ڕژێم پەسەند نەکردایە. هەروەها دەبوو بەڵێننامەی نووسراو ئیمزا بکەن کە لەو کۆمەڵگایانەدا دەمێننەوە کەوا بۆیان تەرخان کراوە, ئەگەر نا, ئیعدام دەکران. دەبوو ئەوەش باش بزانن کە دەستیان ناگاتەوە بە ناوچە قەدەغەکراوەکان کەوا سەرپاك مینڕێژ کرابوون بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ تیایاندا نیشتەجێ بێتەوەو بڕیاری س ف 4008 و بە تایبەتی بڕگە پێنجیو فەرمانی کوشتنی هەر نێرینەیەکی گەورە ، هەر لە کاردا مابۆوەو وەك خۆیشی جێبەجێ دەکرا.

گرتن و ئیعدامکردن هەر بەردەوام بوو, تەنانەت هەندێك لە ئیعدامکردنەکان ئەو گیراوانەشی گرتبۆوە کە لە کاتی لێبووردنەکەدا, بە زیندوویی لە بەندیخانەدا مابوونەوە. میدڵ ئیست ووچ سێ حاڵەتی ئیعدامکردنی لە دوادوایی ساڵی 1988دا تۆمار کردووە، لە یەکێکیاندا 180 کەس کوژرابوون. بەڵگەنامەکانی لقێکی ناوخۆیی *ئەمن* لە یەکەم هەشت مانگی ساڵی 1989 دا لیستی ناوی 87 کەسی تری ئیعدامکراوی کردووە، یەکێکیان پیاوێکە بە "فێرکردنی زمانی کوردی بە پیتی لاتینی*" تاوانبار کرابوو.

سەبارەت بەو چەند سەد گوندە کوردنشینەش کە لە ئەنفالدا بێ زیان دەرچوون، لە بەر ئەوەی سەر بە حوکومەت بوون، بەردەوامیی

---

* ئاماژەیە بە ئیعدامکردنی نووسەرو شاعیر دڵشاد مەریوانی، کە مامۆستای زمانی کوردی بوو لە قوتابخانەیەکی دواناوەندیی شاری سلێمانیدا ـ و.

ئـەم دەربازبوونـەیان مسۆگەر نـەبوو و لـە کۆتـایی 1988 و سـاڵی 1989 دا دەیـان گونـدیان سـووتێنراو بـە بلـدۆزەر تـەختکرا. ئەنـدازیاریی سـوپا تەنانــەت شارۆچــکەی گــەورەی کوردنشــینی قەڵادزێشــی ڕووخانــد (کــە ژمـارەی دانیشـتوانی حـەفتا هـەزار کـەس بـوو) و چواردەورەکەشـیان بـە "ناوچــەی قەدەغــەکراو" ڕاگەیانــد. بەمــەش, دوا مەڵبەنــدی گرنگــی دانیشتوانی نزیك سنووری ئێرانیان ڕاگواست.

سیاسـەتی کوشـتن و ئەشـکەنجەدان و خـاکی سـووتاو بـەردەوام بـوو، بـە واتایـەکی ترئـەوە بووبـووە مەسـەلەیەکی ڕۆتینـی ڕۆژانـە لـە کوردسـتانی عێراقـدا، کـە هەمیشـەیی بـوو لـە ژێـر حـوکمی حیزبـی بەعسـی عـەرەبیی سۆشیالیستدا. کەچی، بـە قسـەی ئەلەجیـد, کێشـەی کـورد چارەسـەرکرابوو و"تێکـدەران"یـش لـەناوبرابوون. لـە سـاڵی 1975 بـەدواوە نزیکـەی چـوار هـەزار گونـدی کوردنشـین وێرانکرابـوو و لایکەمەکـەی تـەنها لـە ئەنفالـدا, پەنجا هەزار خەڵکی دێهاتی کـورد لەناوچوون و, ئەگـەرێکی بـە هێـز هەیـە کـە ژمـارە ڕاسـتەقینەکە دوو ئەوەنـدە بێـت. هـەروەها نیـوەی زەویـوزاری کشـتوکاڵیی بەرهـەمهێنی عێـراقیش چـۆڵکراو بـە فـیڕۆ چـوو. هـەمووان ئـەوە باسدەکەن کە سەرجەم ژمارەی ئەو کوردانەی لەم دە ساڵەی دواییدا کوژراون، لەو کاتەوە کە پیاوە بارزانیـەکان لـە ماڵی خۆیانـەوە ڕاپێچکران لـە ژمارەکـانی سەد هەزاردایە.

لە23 ی نیسانی 1989 دا حیزبی بەعس وایبۆچوو کە ئیتر ئامانجەکانی جێبـەجێ کـردووەو لـەو بـەروارەدا ئـەو دەسـەڵاتە تایبەتیانـەی لـە علـی حسـن المجید سـەندەوە کـە دوو سالْ پێشـتر پێیـدرابوو. فەرمانـدەی باڵای ئەنفال لـە ئاهەنگێکدا بۆ پێشوازیکردن لەو کەسەی جێی ئەمی گرتـەوە ڕوونیکـردەوە کـە "بارودۆخی نائاسایی تەواو بوو".

گـەر زمـانی ڕێکەوتننامـەی جینۆسـاید بـەکاربهێنین, ئامانجەکـەی ڕژێـم بـۆ لـەناوبردنی بەشـێکی کۆمەڵەکـە (کوردەکـانی عێـراق) بـوو, هـەر وایشـی کـرد.

www.dengekan.com

نیــازو کــردەوە یــەکیانگرت و ئەنجامەکەشــی جێبــەجێکردنی تــاوانی جینۆسایدی لێکەوتەوە. بەمەش علی حسن المجید دەستی بەتاڵ بوو بۆ ئەوەی بپەرژێتە سەر ئەرك‌و کاری تر کە بەهرەی تایبەتی ئەمیان پێویست بوو ـ یەکەمجار وەك پارێزگاری کوێتی داگیرکراو, پاشانیش لە ساڵی 1993 دا وەك وەزیری بەرگریی عێراق.

## پەلاماری ئەنفال: شوبات – ئەیلوولی 1988



# بەشی یەکەم

# بــەعســی و کــورد

*"ڕەشە ڕەنگی، خێوەتی ڕەشە، ڕمەکەی، زرێکەی، ئەسپەکەی، قەڵغانەکەی، پەڕەکەی
پەڕە تاڵەکەی هەڕەشەی مەرگ و دۆزەخ دەکات
بێئەوەی ڕێزێك بۆ ڕەگەزو پایەو تەمەن دابنێ
ئەو دوژمنانی خۆی بە ئاگرو شیر لەناودەبات".
ـ کریستۆفەر مارلۆ, کتێبی (تەیموورلەنگی مەزن).*

*"هەر چەرخ و زەمانێك لەویتر جیاوازە. بەڵام سەدام حوسێن لە تەیموورلەنگی شەش سەد ساڵ لەمەوبەر خراپترە".
ـ عەبدولقادر عبدالله عەسکەری
(خەڵکی گۆپتەپە، ئەو شوێنەی کە لە 3 ی مایسی 1988دا بە چەکی کیمیایی بۆردمان کرا).*

ئەم وڵاتە خاکی گوڵاڵەی بەهارو کێڵگەی گەنمی بە شەپۆلە، خاکی جۆگەلەی بەخوڕو دەرەو شیوی هەزار بە هەزاری پڕ مەترسیە، خاکی ئەشکەوتی نهێنیو گاشە بەردی ڕووتەنە. لە سەرووی هەمووشیانەوە خاکێکە ئاوازی ژیانی تێدا بەوە پێناسە دەکرێ کە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان دانیشتوانیو چیاکانیدا. چیا، یەك لە دوای یەك ڕیزبوون و ترۆپکەکانیان تا چاو بڕکا هەڵکشاون و هەرە بەرزەکانیان بە درێژایی وەرزەکانی ساڵ بەفر دایپۆشیون. هەر لە کۆنیشەوە وتراوە: "چیاکان تەخت کەن, کوردەکان لە یەك ڕۆژدا نامێنن".

کورد لەم چیایانەدا هەزاران ساڵە نیشتەجێن, وەك توێـژەرێك دەڵێ: "ئـەم ناوچانە لە سەدەی دوانزەهەمەوە بە کوردستان ناسراون. هەروەها لە چاخە دێرینەکانەوە مرۆڤیان تێدا ژیاوەو یەکێك لە نشینگە گرنگەکانی شارستانێتی مرۆڤ پێکدێنن. چەرموو، لە دۆڵی چەمچەماڵی عێراقی ئەمڕۆدا، یەکێکە لە کۆنترین گوند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لێرە چوار هەزار ساڵ پێش ئەم چەرخەی ئێستامان مرۆڤ دانەوێڵەی جۆراوجۆری چاندووە وەك: (گەنمو جۆ و نیسك و نۆك و ...تاد)، میوەجاتی وەك: (زەیتون، بادەم, بستەو هەنجیر) ی چنیوەو مەڕو بزنی بەخێوکردووە"[1].

بە هەرحاڵ, کوردەکان سەرەڕای ئەو شوێنەوارە دێرینەشیان, نەیانتوانیوە لەم چەرخەی ئێستادا هەرگیز نەیانتوانیوە قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ پێکبێنن. لە سەدەی شانزەیەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم ناوچەکانیان بەشێك بوو لە هەردوو ئیمپراتۆرێتی عوسمانیو فارس. بە ڕووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، دەبوو کورد بە پێی پەیمانی سیڤەری ساڵی 1920 سەربەخۆیی بدرێتێ. بەڵام کاتێ کە بزووتنەوە نەتەوایەتیەکەی کەمال ئەتاتورك ناوچە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیای داگیرکرد ئەم بەڵێنە بوو بە هەڵم. کوردەکان جارێکیتر بینییان وا نیشتمانە شاخاویەکەیان بە سەر چوار دەوڵەتی تازە دروستکراودا بەشکراوە ـ تورکیا، سوریا، عێراق, یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی دێرینی ئێران یان وڵاتی فارس وەك پێشتر پێی دەوترا.

هەر یەکێك لەم دەوڵەتانە, کۆسپێکی لە بەردەم هاوواربوونی کەمایەتیە کوردەکەی خۆیدا دروستکردووە. گرووپی کوردی هەر وڵاتێکیش لەمانە دژی دەسەڵاتی حوکوومەتە تازەکەی ناوەند شۆڕش و یاخیبوونی بەرپاکردووە. لەم نەریتی یاخیبوونەدا هیچ لایەکیان ئەوەندەی کوردەکانی عێراق بەردەوام

---

[1] پ. جەی. برێد وود، لێکۆڵینەوەی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراقدا، شیکاگۆ ـ 1960.

P.J.Braidwood, Prehistoric inverstigation in Iraqi Kurdistan (Chicago-1960).

www.dengekan.com

نـەبوون[2]. بـە بـەراوردکردن لـە گـەڵ ئـەو 4 ملیـۆن کـوردەی لـە عێراقـدا دەژیـن, ژمارەی دانیشتوانی کوردی گـەورەتریش هـەن ـ کـە نزیکـەی 10 ـ 15 ملیۆنیـان لـە تورکیاو 7 ملیۆن لە ئێران دەژین[3]. لێرەدا هەندێ فاکتەر هـەن کـە کوردی عێـراق لـە دراوسـێکانیان جیادەکەنـەوە. ئـەوان تـا سـاڵانی 1980 بـە ڕێـژە گـەورەترین کەمینەی ئیتنی بوون لە ناوچەکەداو بە لایکەمەوە 23٪ ی سـەرجەمی دانیشـتوانی عێراقیـان پێکـدەهێنا[4]. ڕێـژەی کـورد لـە تورکیـادا ڕەنگـە بـە پێچـەوانەوە ئێسـتا بەرزتر بێت، بەڵام ئەمە دەرەنجامێکی ڕەوتی دیمۆگرافی ئاسایی نیە. کەمبوونـەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردی عێراق مەسەلەیەکی سیاسییە. سـەدان هـەزار هـەڵاتوون و ئاوارەی وڵاتان بوون، دەیان هەزاری تریش کوژراون، بە زۆری لە ساڵی 1988داو لـە ماوەی شەش مانگ و نیوی پەلاماردانێکی قڕکـردن و تـەفروتوونا کردنیانـدا کـە بـە ئەنفال ناسرا.

هـەروەها, کـوردی عێـراق زیـاتر بوونەتـە قوربـانیی هەڵکـەوتێکی جـوگرافی، چوونکە لە سەدەی بیستەمدا ئیحتیاتێکی گەورەی نەوت لە سـەر خـاکی باوباپیریـان

---

(2) ـ نووسینێکی تەواو لە سەر کورد کارەکەی مارتن ڤان بروونەسنە: ئاغا، شێخ، دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەلایەتیو سیاسی کوردستان.

Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan (London Zed Books, 1992).

ـ بۆ بەرچاوخستنێکی مێژوویيو فەرهەنگیی گشتیش بڕوانە: میهرداد. ر. ئیزەدی: " کـورد: کورتـە باسێک."

Mehrdad. R. Izady," The Kurds: Aconcise Handbook "(Washington D.C, Crane Russak, 1992).

ـ دیسان هەر لەم بارەیەوە کورتـە باسـێکی سوودبەخشـی دێڤیـد ماکـدواڵ: " مەسـەلەی کـورد: پێداچوونەوەیەکی مێژوویی."

David McDowall, The Kurdish Question:Ahistorical Review.

ـ لە کتێبی "کورد: خستنە ڕوویەکی هاوچەرخانە"

Philip. G. Kreyenbroek and Stephan Sperl, eds. The Kurds: Acontemporary Overview (London and New York: Routledge, 1992)

بەتایبەتی لاپەرە 24 ـ 30.

(3) ئیزەدی Izady ئەم ژمارانەی خوارەوە دەدات: تورکیا 13.65 ملیۆن، ئێران 6.6 ملیۆن و عێراق 4.4 ملیۆن.

(4) بە پێی ئیزەدی, کورد لە ساڵی 1980دا 25٪ ی خەڵکی عێراقی پێکهێناوەو لە تورکیـادا 21.3٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە. لە ساڵی 1990یشدا بەوەی دەخەمڵێنێ کـە ڕێژەکـە 23.5٪و 24.1٪ بێـت یەک لە دوای یەک. هەندێ خەملی تر هەن زۆر کەمن و کورد تەنها بە 16 ـ 17٪ ی خەڵکی عێراق دادەنێن.

دۆزرایەوە. کوردەکان زۆر جار بەرەنگاری حوکوومەتی عێراق بوونەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە، بە تایبەتی شاری کەرکووکی ڕەگەز تێکەڵ. هەر ئەم هەڵپەکردنەشە بۆ سەرچاوە سروشتیەکان و دەسەڵات بە قەدەر هەر ڕەچاوکردنێکی ئایدیۆلۆجی یان دوژمنایەتیەکی ڕەگ داکوتاوی ئیتنی کە بناغەی ئەو ڕەفتارە درندانەیەی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیستی حوکمڕان پێکدێنێت سەبارەت بە کورد. لە ساڵانی 1920ەوە کوردی عێراق شۆڕش لە دوای شۆڕش بەرپادەکەن دژ بە دەسەڵاتدارانی ناوەند. زۆرترینی ئەم شۆڕشانە شادەماریان لە ناوچەیەکی دوورەدەستی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا بووە کە پێی دەوترێ دۆڵی بارزان و دەکەوێتە نزیك سنوورەکانی ئێران و تورکیاو سەر کەنارەکانی ڕووباری زێی گەورە. لە سەرەتای ساڵانی 1940 ەوە تا ناوەڕاستی ساڵانی 1970, بیرو ئایدیای شۆڕشی کورد لە ناوی سەرکردەی خێڵەکیی کاریزمای* ئەو دۆڵە, مەلا مستەفای بارزانی, جیانەبووەتەوە.

تاقە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی بارزانی لە ساڵی 1946دا بوو، ئەو کاتەی کوردەکانی عێراق و ئێران هێزی خۆیان کردە یەك و کۆماری مهابادیان دامەزراند. بەڵام ئەزموونی مهاباد تەنها ساڵێکی خایاندو لەناوبرا. ئەوجا بارزانی لەگەڵ چەند هەزارجەنگاوەرێکدا (چەند سەد جەنگاوەرێك ڕاستترە-و) لە "ڕێڕەوێکی درێژی"[(5)] بەناوبانگدا بۆ یەکێتی سۆڤێت هەڵات. لە پاش ڕووخاندنی پاشایەتیی لە عێراقدا, ساڵی 1958، کورد بەرەوڕووی شێوازێکی دەڤگرتوو بوونەوە لەگەڵ هەموو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکاندا؛ یەکەم, ماوەیەك دانوستان دەستی پێدەکردو بە شێوەیەکی نەگۆڕ داواکاریی کوردی لەمەڕ ئۆتۆنۆمی جێبەجێ نەدەکردو شکستی دەهێناو لە پاشاندا, کاتێ کە وتووێژەکان دەوەستان, توندوتیژی سەرلەنوێ دەستی

---

* واتە کەسێکی خاوەن دەسەڵات و دەمڕاست کە قسەی نادرێتە دواوە و فەرمانی بەجێیە ـ و.

(5) کوردەکان، بە پێچەوانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانی ترەوە هەرگیز نەیانتوانیوە پشت بە یارمەتی گونجاوی سۆڤییێت ببەستن.

www.dengekan.com

پێـدەکردەوە[6]. دێهـات بۆردمـان دەکـران و دەسـووتێنران و جـەنگاوەرانی کـورد بێبەزەییانـە ڕاودەنـران و دەکـوژران. ئـەو نـاوەش کـە لـە خۆیـان نـاوەو بـە وردیـی حاڵـەتی بوونیـانی دەرخسـتووە، *پێشمەرگەیە* ـ "واتـە ئەوانـەی ڕووبـەڕووی مـردن دەبنەوە".

★ ★ ★

لە ساڵی 1988داو لە ماوەی دوا شەش مانگی شەڕی درێژخایەنی هەشـت ساڵەی عێـراق لـە گـەڵ ئێرانـدا، شـتێکی سـامناك لـە چـیاکانی بـاکووری عێراقـدا ڕوویـدا. ڕژێمەکەی سـەدام حسـێن "چیاکانی تـەختکرد", لانیکـەم لـە شـێوەی مەجازیـدا بـە واتای تەختکردنی هەزاران گوندو هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئـابووریی عـادەتیی دێهات لە کوردستانی عێراقداو کوشتنی دەیان هەزار لە دانیشتووانی.

ماوەیەکی زۆر بوو جیهانی دەرەوە, لـە دوو ڕووداوی گـەورەی کـوردی عێـراق بـە ئاگا بوو. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا, نزیکیـی قوربانیـان لـە سـنووری نێودەوڵەتیـەوەو بەم پێیەش, نزیکییـان لـە میـدیای دەرەوە بـوو بـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی هەواڵـەکان. یەکەمیان پەلاماری 16 ی مارت بوو بە گازی ژەهـراوی بـۆ سـەر شـاری کوردنشـینی هەڵەبجە، نزیك بە سنووری ئێران. دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـە کـارێکی چـاکی خۆیـان

---

[6] لـە شۆڕشـی چـواردەی تـەمووزی 1958 ەوە چـوار ڕژێـم لـە بەغـدا هاتووەتەتـە سـەر حـوکم: حوکوومەتی سەربازیی عبدالکریم قاسم و"ئەفسەرانی ئازاد" 1958 ـ 1963، یەکەم ڕژێمی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست (شـوبات ـ تشـرینی دووەمـی 1963)، حوکوومـەتی برایـان عـارف و عبدالرحمن البزاز 1963 ـ 1968، پاشان دووەم ڕژێمی بەعسـی (لـە سـاڵی 1968ەوە تـا ئێسـتا). سەدام حوسێن، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی کوودەتای تەمووزی 1968، لە ساڵی 1979دا بوو بـە سەرکۆماری عێراق. چاکترین کارێکی گشتیی لە سەر ئەو ماوەیە کارەکەی ماریۆن فاروق سلاگلێت و پێتەر سلاگلێتە:

ـ (عێراق لە ساڵی 1958 ەوە: لە شۆڕشەوە بۆ دکتاتۆریەت.)

Marion Farouk-Sluglett and Peter Sluglett, Iraq since 1958: From Revolution to Dictatorship (London: I.B. Tauris, 1990).

لێکۆڵینەوەی بەسوودی تر هەن لەوانە:

ـ فێب مار: مێژووی عێراقی هاوچەرخ.

Phebe Marr, The Modern History of Iraq (Boulder: Westview Press, 1985.

ـ هەروەها کاردری (CARDRI) الیژنـەی دژ بەداپڵۆسـین و دابینکردنـی مـافی دیموکراسـی لـە عێراقدا ): عێراقی سەدام، شۆڕش یان پاشگەزبوونەوە؟

CARDRI, Saddam’s Iraq: Revolution or Reaction? (London: Zed Books, 1986).

زانی کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمی بۆمبارانەکەدا, شوێنەکە پیشانی میدیای جیهانی بدەن. لە گەڵ ئەوەشدا, تەفرەو چاوبەستیەکە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو ــ چوونکە ڕاپۆرتە موخابەراتیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان, بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ماوەی جەنگی 1980 ـ 1988 ی ئێران ـ عێراقدا, بە توندی بە لای بەغدادا "دایاندەشکاند"*، بەوەی گوایە هەردوولا بەرپرسیارن لە هێرشی کیمیایی هەڵەبجەدا[7]. ئەمەیان درۆو دەلەسەیە چونکە شایەتیی ئەو کەسانەی لە پاش کارەساتەکە ماونەتەوە ئەوە دەگەیەنێ کە هەڵەبجە کارێکی عێراقی بوو، وەك ڕەتدانەوەو تۆڵەکردنەوەیەك بۆ ئەو گرتنە کەمخایەنەی شارەکە لە لایەن

* ئەم کەوانە هی دەقەکە خۆیەتی ـ و.

[7] هەندێ کتێب لە بارەی جەنگی ئێران ـ عێراقەوە بە ڕۆتینیو بە ڕاپۆرتی بێ بەڵگەو بناغە جارِی ئەوە دەدەن کەوا هەردوولا لە هەڵەبجەدا چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە. سەرچاوەی ئەم بۆچوونە هەرِمەکیو گشتیە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی کۆلێجی جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لایەن ستێفن س . پێلیتایەر، دۆگلاس ڤ. جۆنسنو لیف ئار.ڕۆزنبێرگەرەوە ئەنجامدراوە "توانای عێراقو ئاسایشی U.S لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا".

"Iraqi Power and U.S security in the Middle East)"(Carlisle Barracks, PA: Strategic Studies Institute, U.S Army War College,1990).

ئەمە دیسانەوە لە کتێبێکی ئەم دواییەی پێلیتایەردا دووبارە بووەتەوە, کە جاران ئەفسەرێك بووە لە دەزگای موخابەراتی U.S دا، بە ناونیشانی "جەنگی ئێران ـ عێراق: پشێویی لە بۆشاییدا"

Pelletiere "The Iran-Iraq War: Chaos in Vacuum", (New York: Praeger,1992).

کەوا لە سەرنجەکانیدا بە توندی بە لای عێراقدا دایدەشکێنێ " لە 23 ی مایسدا (ئاوها)و لە شەڕێکدا بە سەر شارەکەوە، گاز لە هەردوولاوە بەکارهێنرا. لە ئەنجامدا دەیان لە کوردە عێراقیە مەدەنیەکان کوژران. ئێستا بە تەواوی ڕوونە کە گازی ئێرانیەکان کوردەکانی کوشتووە"

بە گریمانەی بنەمای ئەم لێکدانەوەیە قوربانیەکانی هەڵەبجە دەمولێویان شین هەڵگەڕاوە کە خاسیەتێکی گازی سیانیدەو باوەڕ ناکرێ عێراق وەدەستی هێنابێت. گازی سیانید ژەهرێکی میتابۆلیکیەو دەبێتە هۆی شین هەڵگەڕانی دەم و لێو، بەلام ئەوان (واتە قوربانیانی هەڵەبجە ـ و) دوورن لەوەی کە بەڵگەی ئەم بەکارهێنانەیان پێوە دیار بووبێت . دەمارە گازەکان دەبنە هۆی ئیفلیجی لە کۆئەندامی هەناسەداناو دەم و لێوی قوربانیش شین هەڵدەگەڕێنن.

چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ دوکتۆر (هاوارد هوا)دا، قوتابخانەی تەندروستیی گشتیی هارڤارد، 13 ی مایسی 1993. سەبارەت بەکارهێنانی دەمارە گازبە بەڵگەوە لە لایەن عێراقەوە دژ بە کورد لە ماوەی ئەنفالدا، بڕوانە پەراوێزی ژمارە 10.

www.dengekan.com

*پێشمەرگە* عێراقیەکانو گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی (*پاسداران*)ەوە. ئەو هەزاران کەسەی کوژران لە ڕاستیدا گشت مەدەنی بوونو قوربانیی ڕژێمی عێراق بوون[8].

دووەم ڕووداو کە زۆر ناو و شۆرەتی ڕۆیشت کۆچکردنی بە کۆمەڵی لای کەمەکەی شەستو پێنج هەزارو ڕەنگە بیشگاتە هەشتا هەزار ئاوارەی کوردی عێراق لە چیاکانی باکووری ناوچەی بادینانەوە بۆ ناوچە سنووریەکانی تورکیا لە دوادوایی مانگی ئابدا[9]. هۆی هەڵاتنەکەشیان دواتر دەرکەوت, زنجیرەیەکی تر بوو لە هێرشی هێزە چەکدارەکانی عێراق بە چەکی کیمیایی[10]. لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە،

---

[8] توێژەری کورد، شۆڕش ڕەسوڵ، کە لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر وێرانکردنی گوندە کورد نشینەکان ئەنجامداوە بە ناونیشانی (لەناوبردنی گەلێک Destruction of a Nation) و لە نیسانی 1990 دا بە تایبەتی بڵاوکراوەتەوە، لیستێکی بە ناوی نزیکەی 3200 کەس کۆکردووەتەوە کە لە پەلامارەکەی هەڵەبجەدا کوژراون. زۆرمەزەندەی سۆز ئامێزیش تا حەوت هەزاری دەبەن. بڕوانە لاپەڕە 213.

[9] بە زۆری دووبارە بوونەوەی ژمارەی 65000 لە ڕاپۆرتەکەی پیتەر گالبرەیتو کریستۆفەر ڤان هۆڵن وەردەگیرێت، کە بە ناونیشانی "بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستاندا، دوا هێرش و پەلاماری عێراق".

Peter W. Galbraith and Christopher Van Hollen, Jr. "Chemical Weapons use in Kurdistan: Iraq's Final offensive."

کە دەستەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە داویانە بە لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سەناتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 21 ی ئەیلوولی 1988 دا . هەروەها دەیان هەزاریان ئاوارەی ئێران بوون چ ڕاستەوخۆ بە هەڵاتن لە عێراقەوە یان بە تێپەڕ بوون بە ناو تورکیادا.

[10] بڕوانە

Galbraith and Van Hollen : Chemical Weapons Use in Kurdistan

. ڕاپۆرتەکەی پزیشکانی مافی مرۆڤ لە شوباتی ساڵی 1989دا: "بای مەرگ، بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە لایەن عێراقەوە دژ بە دانیشتوانە کوردەکەی"

.Physicians for Human Rights, "Winds of Death: Iraq's Use of Poison Gas against its Kurdish population. "

گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بریندارە ئاوارەکانی لە تورکیا تەماشا کرابوون تووشبووی گۆگردی خەردەل Sulfur mustard بوون. لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکانی مافی مرۆڤPHR سەرنجی ئەوەیان داوە کەوا "باسوخواسی ئەو مردنانەی شایەتحاڵ دەیگێڕنەوە کە لە چەند دەقیقەیەکی دوای بەرکەوتنی گازەکەدا بووە، تەنها بە کاری گازی خەردەل لێکنادرێنەوە" نهێنیەکە جارێکی تر کەوتەوە بەر سۆراخکردن لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوە لە سەر نموونەی ئەو گڵانە دەکرا کە لە گوندی برجینێ هێنرابوون، ئەو گوندەی کەوا لە ساڵی 1988 دا بەر پەلاماری چەکی کیمیایی کەوتبوو. لە نموونەکاندا توخمی دەگمەنی دەمارە گاز -Nerve Agent GB هەبوو کە بە (سارین)یش دەناسرێ. بڕوانە:

PHR-Human Rights Watch "Scientific First: Soil Samples Taken from Bomb Craters in Northern Iraq even four years Later", April 29, 1993.

بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە شەڕو کوشتاردا بە جۆرە کارێکی قێـزەون دادەنرێـت. بە پێی پرۆتۆکۆلی جنێڤ لە ساڵی 1925دا, کە عێـراقیش لایەنێکە تیایـدا, چەکی کیمیایی قەدەغەکراوە. پاشانیش زۆر وڵات ئەو چەکە عەمارکراوانـەیان لـەناو بـرد. لـە کاتێکـدا کـە عێـراقو بـە ڕادەیـەکی کـەمتر ئێـرانیش لـە زۆر ڕووەوەو لـە سـاڵی 1983 بە دواوە گـەلێ لـە بـوارە قەدەغـەکراوەکانی مەیـدانی شـەڕیان شـکاند، بـەڵام پـەلامارەکانی هەڵەبجـەو بادینـان, ئاسـتێکی نـوێی نامرۆڤایـەتییان نیشـان دا وەك یەکەم نموونەی دۆکیومێنت کراوی حوکوومەتێك بـۆ بـەکارهێنانی چەکی کیمیـایی دژ بە خەڵکە مەدەنیەکەی خۆی.

لـە گـەڵ ئەوەشـدا, هەڵەبجـەو بادینـان تـەنها دوو پارچـەن لـە وێنەیـەکی پارچـە پارچـە کـراوی زۆر گـەورەتری مەتـەڵ ئـامێزو بەشـێکی ئـەو پـەلامارە نەخشـە بـۆ کێشـراوە پێکـدێنن کـە لـە مـارتی 1987ەوە تـا مایسـی 1989ی خایانـد. بـە پێـی بۆچوونی میدڵ ئیست ووچ پەلاماردانی عێراق بۆ سەر کورد لەو ماوەیـەدا, بـە پێـی هەلومەرجی پەیمانی جینۆساید گەیشتبووە ڕادەی جینۆساید[11]. میدڵ ئیسـت ووچ دوای زیاد لە هـەژدە مـانگ توێژینـەوەی پێکهـاتوو لـە سـێ تـوخمی دیـارو تەواوکـەر

---

" کارێکی زانستی بۆ یەکەمجار : نموونەی گڵی وەرگیراو لـە شـوێن بۆمبـەکانی بـاکووری عێراقـەوە دەمارە گاز ئاشکرا دەکات ـ تەنانەت لە پاش چوار ساڵیش" . 29 ی نیسانی 1993.

[11] پەیمانێکە بۆ قەدەغە کردن و سزادانی تاوانی جینۆسـاید، 78 UNTS 277 بـە پێـی بڕیـاری ژمارە 2670 لە 29 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1948 دا لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کراو لە 12 ی کانوونی یەکەمی 1951 دا چووە بواری کـار پێکردنـەوە. ئـەم ڕێکەوتننامەیـە بـەم جـۆرە پێناسەی جینۆساید دەکات: "ئەو کارانەی بە مەبەستی دەکرێن بۆ لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێك لـە کۆمەڵێکی نیشتمانی، نەتەوەیی, ئیتنی یان ئاینیو شتی لەم چەشنە". بۆ وردبوونەوەو تاوتوێ کردنـی گشتیی ئەو چاپەمەنیو بلاوکراوانەو هەروەها زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە بڕوانە:
Frank Chalk and Kurt Jonasson: "The History and Sociology of Genocide,Analysis and Case Studies ", New Haven: Yale University Press,1990).

(مێژووو سۆسیۆلۆجیای جینۆساید، شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەسەلەکان.)

هەروەها(چاودێری جینۆساید) :
Helen Fein : (Genocide Watch)New Haven; Yale University Press ,1992).

گەیشـتووەتە ئـەم ئەنجامـە. یەکـەمیان زنجیرەیـەکی چـڕی دیـدارو چـاوپێکەوتنی مەیدانی بوو لە گەڵ کوردە دەربازبووەکانـدا. لـە نێـوان نیسـانو ئـەیلوولی 1992دا, لێکۆڵەرەوانی میدڵ ئیست ووٚچ چاوپێکەوتنی قووڵو وردیـان لەگـەڵ نزیکـەی 300 کەس ئەنجامداوە لە کوردستانی عێراقـداو لـە گـەڵ سـەدانی تـر گفتوگۆیـان کـردووە دەربـارەی ئـەزموونو بەسـەرهاتیان . زۆربـەیان ڕاسـتەوخۆ بـەر توندوتیـژی کـەوتبوونو زۆریشـیان ئەنـدامانی زۆر نزیکـی خێزانیـان لەدەسـتدابوو. لـە مـارتو نیسانی 1993 دا پەنجا چاوپێکەوتنی تر ئەنجامدراو ئەو پرسـیارانە کـران، کـە بـێ وەڵام مابوونەوە.

دووەم مـەودای پرۆژەکـەی میـدڵ ئیسـت ووٚچ لەمـەڕ کوردسـتانی عێـراق زنجیرەیـەك تاقیکردنـەوەی پزیشـکیی عـەدلی بـوو لـە سـەر گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان بـە سەرپەرشـتی پسـپۆڕی کارامـەی ئـەنترۆپۆلۆجیای پزیشـکیی عـەدلی دوکتـۆر کلایـد کـۆلنز سـنۆ. یەکـەم گەشـتی زەمینـە خۆشـکەری د.سـنۆ بـۆ ناوچـەکانی هـەولێرو سـلێمانی لـە کـانوونی یەکـەمی 1991 دا بـوو. لـە دوو سـەردانی بـە دوای یەکـدا, تیمەکەی د. سنۆ چەند گۆڕێکیـان هەڵدایـەوە بـە تایبـەتی ئـەو شـوێنەی کـە لاشـەی بیسـتو شـەش پیـاو و هـەرزەکاری تێـدابوو کـەوا لـە کۆتـایی ئـابی 1988 دا لـە دەوروپشـتی گونـدی کـورێمێی ناوچـەی بادینانـدا بـە دەسـتی سـوپای عێـراق کوژرابوون[12].

سێهەم, کە بەرفراوانترینیانە, لێکۆڵینەوەی ئێمـە بـوو لـە سـەر ئەرشـیفی دەست بەسـەردا گـیراوی دەزگـا ئـەمنیو ئیسـتیخباراتیەکانی عێـراق. لـە مـاوەی سـاڵی 1991وسەرەتای ساڵی 1992 داو لەگـەڵێ سەرچاوەی جۆراوجـۆرەوە، میـدڵ ئیسـت

---

[12] ئەنجامی کاری ئەم نێردراوانە لـە دوو ڕاپـۆرتی میـدڵ ئیسـت ووٚچ و پزیشـکانی مـافی مرۆڤـدا بلاوکراونەتەوە،

ـ یەکەمیان بە ناونیشانی "گۆڕە نائارامەکان :گەڕان بە دوای بێسەرو شوێنان لە کوردستانی عێراقدا " شوباتی 1992.

"Unquiet Graves: The Search for the Disappeared in Iraqi Kurdistan", February 1992.

ـ دووەمیشیان "پەلاماری ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا : وێرانکردنی کورێمێ، کانوونی یەکەمی1993".

"The Anfal Camaign in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme", January 1993.

ووّچ فـایلێکی هاکـەزایی پێکـەوە نـابوو لـەو بەڵگەنامـە ڕەسمیانـەی عێـراق کـە لـەو بوارانــەی سیاســەتی ڕژێــم دەدوان بەرانبــەر بــە کــورد. زۆربــەی ئەمانــە لــە دەزگــا حوکوومەتیەکانی عێراقدا گیرابوون لە کاتی ڕاپەڕینە لەبارچووەکەی مارتی 1991 ی کوردا. پاشان لە مایسی 1992 دا ، ڕێگە بە میدڵ ئیست ووّچ درا بۆ لێکۆڵینەوەو گەلاڵە کردنی 847 سندووق لـەو کەرەستـەیەی حوکوومـەتی عێـراق کـەوا لـە کـاتی *ئینتیفـازەدا** یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان PUK، کـە یەکێکـە لـە دوو حیزبـە سەرەکیەکەی کوردستانی عێراق، دەستی بەسەریاندا گرتبـوو. بـە پێـی ڕێکـەوتنێکی نێـوان PUK و لیژنـەی پێوەندیـەکانی دەرەوەی سـەناتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، بەڵگەنامـەکان بـوون بـە تۆمـاری لیژنەکـە لـە کۆنگرێسـدا[13]. لـە 22 ی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی 1992دا شـیکردنەوەی بەڵگەنامـەکان دەسـتیپێکردو لـە زۆرحاڵەتـدا توانرا زانیاریی نێو بەڵگەنامەکان دەربارەی چەند گوندێکی دیاریکراو یان هێـرش و پەلامارەکان لەگەڵ بابـەتی شـایەتیەکانی هـەمان شـوێندا بـەراورد بکـرێن. هـەروەك ڕاوڵ هیڵبێرگ لە مێژووەکەیدا لەمەڕ هۆڵۆکۆست تێبینی ئەوە دەکات کەوا "ڕێگـەی ئەوەندە زۆر نیە کە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بتوانێ لە ماوەیـەکی کەمـدا ژمارەیـەکی زۆرلەو خەڵکانە بکوژن کە لە ناویاندا دەژین. ئەمـەیان کێشـەیەکی تـەواو کاریگـەرو مەودا دوورە"[14].

ئەم بەڵگەنامانە بە فراوانیو دووروودرێژیـەکی سەرسامکەرەوە ئـەوە دەردەخـەن کە چۆن دەوڵەتی بیرۆکراسیی عێراق جینۆسایدی کـوردی ڕێکخسـتووە. بەشـێك لـەم

---

* لە دەقەکەشدا هەر ئینتیفازە Intifada بەکارهاتووە, کە بەرامبەرە عەرەبیەکەی ڕاپەڕینەو لەو دەمەدا ئەمەیان زۆرتر لە سەر زاران بوو ـ و.

[13] لە کاتێکدا کە وەزارەتی بـەرگریی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان یارمـەتی ئاسـانکردنی لێکۆڵینـەوەی بەڵگەنامەکانی دا بە تەرخانکردنی دەستەیەکی تەکنیکی بۆ ئەم پرۆژەیەی کوردستانی عێـراق، میـدڵ ئیست ووّچ و یەکێتی نیشتمانی کوردستان PUK پێکەوە کۆنترۆڵی تەواویان بە سـەر ئەرشـیفەکەدا هێشتووەتەوە.

[14] ڕاوڵ هیڵبێرگ: "لەناوبردنی جوولەکەکانی ئەوروپا"

(Raul Hilberg, The Destruction of European Jews, NewYork. Holme and Meir, 1985) P8.

www.dengekan.com

بەڵگەنامانە لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لە ماوەی ڕاپەڕینی هاوڵاتیانی کورد لە شاری سلێمانیدا دەستی بەسەرداگیراو پاشان هەروا بە تێکەڵوپێکەڵی خرانە نێو گونیەی ئاردی پلاستیکیی ئەستوورەوە. بەشێکی تریشیان، کرانە نێو سندووقی چایەوەو ئەوجا لە ناو گونیەدا پێچرانەوەو مۆری "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ شەقڵاوە PUK-Shaqlawa"یان لێدرا. ئەمانە لە دەزگاکانی سەر بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایشی عێراقەوە (*مدیریه الأمن العامه*)، کە بە شێوەیەکی باو بە *ئەمن* دەناسرێن، لە هەولێرو شارۆچکەی شەقڵاوەی هاوینە هەواری باکوور دەستیان بە سەردا گیرابوو[15]. ناو دۆکیومێنتەکانی ناو ئەم سندووقانە, بە زۆری لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانی مارتی 1991دا کە گەلێ بینای حوکوومەتی تێدا گڕتێبەردرا ڕەش بووبوون. هەندێکیشیان چرچولۆچ بووبوون، یان بەشێکیان لێدڕابوو و بە زۆریش نەدەخوێنرانەوە، چونکە ماوەیەکی زۆر شێ لێیدابوون. بەڵگەنامەکان لە نێو بۆکس فایلدان یان بە پەت و قەیتان شل و شاو پێچراون یان دەرزییان لێدراوە. پەڕاوە دەسنووسەکان بە کاغەزی گوڵگوڵیی بەرگ تێگیراون و نایلۆنیشیان تێگیراوە. هەندێکیشیان ناونیشانە عەرەبیەکانیان بە پیتی زەخرەفە کراوی سەر گێژکەرو قەڵەمی ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ نەخشێنراوە. یەك پەڕاوی پۆلیسیش, بە ڕێکوپێکی بە کاغەزی کریسمەسی بەریتانیای مەزن پێچراوەتەوە, کە باڵندەیەکی سنگ سوور پیشان دەدات لە ناو چڵەداری پیرۆزدا دخوێنێ. لە دووتوێی ئەم فایل و بەرگانەدا بەڵگەنامەکان بە وردیو دوورودرێژی ئەوە پیشان دەدەن کە چۆن بیرۆکراسیی ئەمنی عێراق چارەسەری "گرفتە کاریگەرەکەی" تەختکردنی هەزاران گوندی

---

[15] ئەمن کە کاروفەرمانی تەکنیکییان تا ڕادەیەك نزیکە لە کاری مەکتەبی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا FBI، سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی 1960 وەك دەزگایەکی نهێنیی حیزبی بەعس کە بە "الجهاز الخاص" دەناسرا "واتە دەزگای تایبەت"، ناوە نهێنیەکەشی "جهاز حنین"بوو. خودی سەدام حوسێن خۆی سەرپەرشتیی درووستکردنەوەی دەزگای پۆلیسی نهێنی دەکرد کە لە ساڵی 1973دا ناو و فەرمانی ئێستای (ئەمن Amn) ی دراوەتێ. بڕوانە سمیر الخلیل "کۆماری ترس Republic of Fear" ل 5 ـ 6, 12 ـ 13 (الخلیل ناوی خوازراوی جارانی نووسەری عێراقی کنعان مکیه بوو).

تێبینی: دەزگای ئەمنی عێراق لە پێش ساڵی 1973یشەوە هەر بە ناوی (مدیریه الامن العامە)ەوە هەبوو و هەمان ڕۆڵی سەرکوتکردن و داپڵۆسینی دەبینیو ڕەگیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی پێش 14 ی تەمووزی 1958 کە ئەو دەمە ناوی (مدیریه التحقیقات الجنائیه) بوو. ڕاستە بەعسیەکان لە دوای ساڵی 1968ەوە دەزگای ئەمنیان لە سەر سیاسەت و ڕێبازی ناسراوی خۆیان دامەزراندووە. بەڵام دەزگاکانی وەك (الجهاز الخاص) زیاتر بە لای دەزگای موخابەراتو دەزگای داپڵۆسینی تایبەتی دیکەدا شکانەوەو نەبوون بە بناغەی (مدیریه الامن العامه) ـ وەرگێڕ.

کوردنشینی کردووە لە گەڵ سڕینەوەیان لە سەر نەخشەو کوشتنی دەیان هەزار کەس لە دانیشتوانیان. لێرەدا بەڵگە هەن لە شێوەی بڕیاری حوکوومیی مۆرکراودا کە فەرمانی کۆمەڵکوژیی دەسبەجێ دەدات, خۆ ئەگەر هەر لە شێوەی ئەوەی ئەوانیشدا باسی بکەین , وا هەزاران پەڕە لە بابەت: تێبینیی هەوالگریی مەیدانیی, گفتوگۆی تەلەفۆنی نارێکوپێك نووسراو لە پەراوێزدا، مەحزەری کۆبوونەوەکان، فەرمانی گرتن ، فەرمانی ڕاگواستن، تێبینی لە سەر سووتاندنی گوندێك، لیستی کوژراو و برینداری هێرشە کیمیاییەکان، لیستی خێزانە "تێکدەرەکان"، تۆماری چاودێریکردنی تەلەفۆن، قەدەغە دانان لە سەر بەشە خۆراك، ئیفادەکانی لێکۆڵینەوە، سڵاو و پیرۆزباییی بۆ یەکە سەربازیە سەرکەوتووەکان. هەروەها لە دووتوێیاندا، بێشومار کاری دزێو و تێکەڵوپێکەڵ هەن کەوا سەرجەم بە سەر یەکەوە وێنەی جینۆسایدی کورد پێکدێنن.

★ ★ ★

بۆ ئەوانەی لە کوشتوبڕی قەسابخانەکە دەربازبوون، دەتوانرێ تاقیکردنەوەکە بۆ تاکە وشەی عەرەبیی (*الأنفال* *al-Anfal*)دا کورت بکرێتەوە. وشەکە لە بناغەدا ئاینیەو ناوی هەشتەم بەش یان *سوورەتی* قورئانە. بە پێی نووسەری عێراقی کنعان مکیە، کە وتارەکەی مایسی 1992 ی لە گۆڤاری هارپەردا *Magazine Harper's* ، یەکەم مامەڵەی ڕۆژنامەگەریی بوو لە سەر پەلاماری ئەنفال، کەوا هەشتەم سوورەتی بریتیە لەو "حەفتاو پێنج ئایەتەی کە بە وەحی بۆ محەمەدی پێغەمبەر هاتووە, دوابەدوای یەکەم شەڕی گەورەی موسڵمانە تازە ئیمانـدارەکان لە بەدردا (ساڵی 624 ی زاینی). ئەم شەڕە لە گوندی بەدردا بەرپابوو کە کەوتبووە ویلایەتی حیجازی سعوودیەی ئێستاوە. موسڵمانەکان ژمارەیان 319 کەس بوو, بە گژ نزیکەی هەزار کافری مەککەدا چوونەوەو شکاندنیان. ئەم شەڕە لە لایەن یەکەم

دەستەی موسڵمانانەوە داکۆکیو سەلماندن بوو بۆ باوەڕە نوێکەیان و سەرکەوتنیان لە ئەنجامی پشتگیری خواوە بوو"[16].

لەم سوورەتەدا (*الأنفال*) بە واتای "تالانی" دێت، وەك تالانی یان دەسکەوتی شەڕ. سوورەتەکە بەم شێوەیە دەسپێدەکات: "سەبارەت بە ئەنفال لێت دەپرسن، بڵێ ئەنفال هی خوداو پێغەمبەرەو ترسی خوداتان بێت و نێوانی خۆتان چاك بکەن و ملکەچی خوداو پێغەمبەری بن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن"* سوورەتەکە لەگەڵ سرووشی خودادا بۆ فریشتەکان بەردەوام دەبێو دەڵێ: "خودای تۆ بە فریشتەکان ڕادەگەیەنێ کەوا من لە گەڵتانم، پشتی ئەوانە بگرن باوەڕیان هێناوەو ترس و سام دەخەمە دڵی کافرانەوە. لەملیان بدەن و تەواوی سەرپەنجەکانیان ببڕن، چوونکە

---

[16] ڕژێمی عێراق ڕەنگە ئەم سوورەتەی لە بەرئەوە هەڵبژاردبێت تاوەکو شەرعیەتێك بدات بە شەڕەکەی لەگەڵ کورددا، بە پەنابردنە بەر دروستکردنی شەڕێکی ساختە لە نێوان دوو سوپای نیزامیو لە دژ بەرانبەرێکی گەورەی بەهێزتر.

وتارەکەی مکیە: "ئەنفال: ڕووهەڵماڵینی پەلامارێکی عێراقی بۆ لەناوبردنی کوردەکان"ل 53 ـ 61 (The Anfal:Uncovering an Iraqi Campaign to exterminate the Kurds, Harper's Magazine, May,1992).

وتارەکە کورتەیەکی وەرگیراوی کتێبەکەیەتی کە بە ناوی: "دڵڕەقیو بێدەنگی: شەڕ، ملهوڕی، ڕاپەڕین و جیهانی عەرەب."

Cruelty and Silence: War, Tyranny, uprising and Arab world (NewYork: Norton, 1993).

هەروەها سەردانەکەشی بۆ باکووری عێراق بووە هۆی پێکهێنانی ڕاپۆرتە فیلمێك لە لایەن گوین ڕۆبەرتسGwynne Roberts ی فیلمسازی بەریتانیەوە بە ناوی "کێڵگەی کوشتاری سەددام " Saddams Killing Fieldsکە لە کانوونی دووەمی 1992دا لە تەلەفزیۆنی BBCوە پەخشکراو, هەروەها لە 31 ی مارتی 1992شدا لە Front line ی PBS دا پیشاندرا .

دوو تێڕوانینی تریش دەربارەی پەلاماری ئەنفال بڵاوکراونەتەوە: یەکەمیان, ڕایمۆند بۆننەر: "هەمیشە لە یادت بێت"

Raymond Bonner: Always Remember (The New Yorker, September, 28, 1992, pp. 46-51, 54-58 and 63-65).

دووەمیان: جەدیت میلەر: "عێراقی گوناهبار، کێشەیەکی جینۆساید"

Judith Miller, “Iraq Accused: Acase of Genocide” (The NewYork Times Magazine, January 3, 1993, pp. 12-17, 28, 31-33,36).

وتارەکەی میلەر بە درێژی باسی بەرەوپێشچوونی پرۆژەکەی میدڵ ئیست ووچ دەکات لە سەر بەڵگەنامەکانی کوردستانی عێراق.

* وای بەچاك دەزانین دەقە عەرەبیەکەشی بڵاوبکەینەوە کە لە سوورەتی ئەنفالی قورئان دەرهێنراوە ـ و.

"یسألونك عن الأنفال قل الأنفال لله و للرسول فاتّقوا الله و أصلحوا ذات بينكم و أطيعوا الله و رسوله ان كنتم مؤمنين".

**ئـەوان بـەرەنگاری خـوداو پێغەمبـەر بوونـەوەو هـەر کەسـیش بـەرەنگاریی خـوداو پێغەمبەر بکات، ئەوە سزای خودا توندو سەختە، کەوابوو بیچێژن و سزای ئـاگریش بۆ کافرانە"**[**][17].

**ئەگەرچی سەدام حوسێن لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار پـەلامارو شـاڵاوەکانی بـە زمـانێکی ئـاینیو خوداپەرسـتی داپۆشـیوە، بـەڵام عێراقـی بەعسـیەکان دەوڵـەتێکی عیلمانیی سەربازیەو قوربانیانی پەلاماری ئەنفالی ساڵی 1988 کوردەکانی بـاکووری عێـراق بـوون و بـە زۆریـش موسـڵمانی سـوننی بـوون. لـە کـاتی ئەنفالـدا هەرچـی مزگەوت هەبوو لە گوندە کوردنشینەکاندا کەوا بەر پەلامارەکـە کـەوتن ڕووخێنـران و کەتیبـە ئەندازیاریـەکانی سـوپای عێـراق بـە بلـدۆزەرو دینامیـت تـەختی زەوییـان کردن.**

★ ★ ★

---

[**] **اژ یوحی ربّك الی الملائکه أنّی معکم فپبّتوا الّـژین ئ۟منـوا سـألقی فی قلـوب الّـژین کفـروا الرعـب فاچربوا فوق الْعناق و اچربوا منهم کلّ بنان. ژلك بأنهم شاقّوا اللّٰه و رسوله ومن یشاقق اللّٰه و رسوله فأنّ اللّٰه شدید العقاب. ژلکم فژوقوه و أنّ للکافرین عژاب النار".**

[17] **قورئانی وەرگێڕدراو**

A. J. Arberry (trans), The Koran Interpreted (NewYork: Colliere books. Macmillan Publishing Co. 1995) P.198

www.dengekan.com

## ئۆتۆنۆمیی کورد و بەعەرەبکردن

گەر بڵێین ئەنفال, بەو هەموو ترس و سامەشیەوە، تەواو دەگمەن و بێوێنەیە, ئەوە دەبێتە هەڵە. چوونکە حیزبی بەعس لە ڕابوردوو و لە زۆر بۆنەدا بەڵاو کارەساتی زۆر ترسناکی بە سەر کوردا هێناوە. بۆ گاڵتەجاڕیی زەمان, کاتێ پرسیار لە کوردەکانی عێراق دەکرێت سەبارەت بە ماوەیەکی ئارامی لە ژیانیاندا, پێش هەموو شتێك باس لە ساڵانی بەرایی دووەم دەسەڵاتی حیزبی بەعس دەکەن لە دوای کوودەتاکەی تەمووزی 1968. ئایدیۆلۆجیی ڕادیکاڵی عەرەبایەتی (پان عەرەبیزم) کە ئەو حیزبەی لە سەر دامەزرابوو لەگەڵ کوردا, کە غەیرە عەرەبن و لە ڕووی فەرهەنگ و زمانەوە پەیوەندییان بە فارسەوە هەیە، ناکۆك و دژوار بوو. لە گەڵ ئەوەشدا ڕژێمە تازەکەی عێراق دەسپێشخەریی کردو پێشکەوتنێکی وەدەستهێنا بۆ ئەنجامدانی چارەسەرێکی درێژخایەن لە گەڵ کوردەکاندا.

وەنەبێ بەعس کورتی هێنابێت لە سیاسەتی پراگماتیدا، بەڵام ئەو حیزبە کاتێ هاتە سەر حوکم لاوازبوو و نەیدەویست ململانێ لەگەڵ کێشەو گرفتی یاخیبوونێکدا بکات. لە بەر ئەوە پاش 1968, گوتاری بریقەداری پان عەرەبیزم خرایە لاوە لە هەوڵدانێکی تازەدا بۆ پێکهێنانی قەوارەی عێراقێکی یەکگرتووی وا کە کوردی تێدا هاوبەش بێت، با هاوبەشێکی تەواو یەکسانیش نەبێت. دەوڵەتی نیشتمانیی نوێی عێراق دەستکردێکی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بوو لە ساڵەکانی 1920دا، ئەو کاتەی کە *ویلایەتەکەی* باشووری جارانی ئیمپراتۆریتی عوسمانیی سەرلەنوێ دابەشکرایەوە بۆ چەند ناوچەیەکی ماندێت (ئینتیداب) و لە لایەن بەریتانیاو فەرەنساوە بەڕێوەدەبران. سنووری عێراقیش, کە ویلایەتی مووسڵیشی گرتەوە, بە باشی بەرژەوەندیی بەریتانیای دەردەخست بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوتی ئەو ناوچەیە.

بەمجۆرە نەوت سەلماندی کە پاژنەکەی (ئەخیلێ)* بوو و لە تووڕەکەی ئۆتۆنۆمیدا پێشکەش بە کورد کرا لە لایەن سەدام حوسێنەوە، کە ئەو دەمە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ڕاستێکەی جێگری سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بوو

---

* ئەخیلێ Achilles پاڵەوانێکی ئەفسانەیی گریك بووە. هیچ چەکێ کاری تێنەکردووە تەنها لە پاژنەوە نەبێت ـ و.

ـ و) و بەرپرسیاری کاروباری کورد بوو. بەیانی 11 ی ئازاری 1970 لە سەر کاغەز پـڕ بـوو لـە بـەڵێن, بەیانەکـە دانـی یاسـایی بـە نەتـەوەی کـوردا نـاو گـەرەنتیی بەشـداریکردنی کـوردی لـە حوکوومەتـدا دا لەگـەڵ خوێنـدن و فێرکـردن بـە زمـانی کـوردی لـە قوتابخانەکانـدا[18]. بـەڵام بڕیـاری دیـاریکردنی ئـەو ناوچـانەی یـەکلا نـەکردەوە کـە دەکەونـە بـەر سـنووری "کوردسـتان"و هێشـتیەوە بـۆ ئەنجامـدانی سـەرژمێریەکی نـوێ. بێگومـان سـەرژمێریەکی ئاوهـاش بـە مسـۆگەریی زۆرینـەی کوردی دەردەخست لە شاری کەرکووك و کێڵگە نەوتیـەکانی دەوروپشـتیدا، بەهـەمان شـێوەش ناوچـەی خانـەقینی پـڕ نـەوت لـە باشـووری شـاری سـلێمانی. بـەڵام هـیچ مێژوویـەك بـۆ سـەرژمێریەکە دانـەنرا تـاوەکو سـاڵی 1977 و لـەو دەمـەدا مامەڵـە کردن لە گەڵ ئۆتۆنۆمیدا مردبوو[19].

هیواو ئامانجی کورد, هەر وەك جاران, پابەندی هێـزە سیاسـیە گـەورەکان بـوون. لە نیسانی 1972دا, ڕژێمی بەعسی ڕێکەوتننامەیەکی دۆستایەتیی پـانزە سـاڵیی لـە گـەڵ یـەکێتی سـۆڤێتدا مـۆرکرد، دوو مـانگ دواتـریش کۆمپانیـای نـەوتی عێراقـی خۆماڵی کردو لە شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 ی عەرەب ـ ئیسرائیلیشدا داهـاتی نـەوتی عێراق دە جاران زیادی کردبوو[20]. لە حوزێرانی ئەو ساڵەدا پەیوەندیەکانی بەعس

---

[18] لە تەمووزی 1970دا دەستووری کاتی بڕیاریدا کەوا "گەلی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکدێت، نەتەوەی عەرەب و نەتـەوەی کـورد. (ڕاسـتتر ئـەم دەسـتووورە لـە پـاش شۆڕشـی 14 ی تەمووزی 1958 دەرچووەو ئەم دانپیانانەی تێدایە ـ و). ئەم دەستووورە دان بە مافە نەتەوەییـەکانی گەلی کوردا دەنێ لەگەڵ تەواوی مافە سیاسـیەکانی هـەموو کەمینەکانـدا لـە چوارچـێوەی یـەکێتیی عێراقدا". دیدو بۆچوونی حوکوومەتی عێـراق لـە دەرکردنـی ئۆتۆنـۆمی، جـاڕدانی ئـەوەبوو گوایـە دەیەوێ "چارەسەری کێشەی کورد بکات لە عێراقدا" (بەغدا ـ بڵاوکراوەکانی الپورە , 1974).

[19] دیسان جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین کـەوا ئـەم سـەرژمێریە سـنووری جوگرافیشـی بـۆ پرۆسـەی ئەنفالی 1988 دیاریکردووە. بڕوانە لاپـەڕەکانی 177 ـ 186. هـەروەها بڕوانـە تێبینیـەکانی علـی حسن المجید لە سەر قەبارەی دانیشتوانی عەرەب لە کوردسـتاندا. پاشـکۆی A لاپـەڕەکانی 431 ـ 438.

[20] بە پێی کتێبەکەیماریۆن فاروق ـ سـلاگلێت و پێتەرسـلاگلێت لاپـەڕە172, کـەوا سـاڵی 1972 داهاتی نەوتی عێراق تەنها 575 ملیۆن دۆلار بوو، ئەمە بەرزبووەوە بۆ 1.84 بلیۆن دۆلار لـە سـاڵی 1973دا و 5.7 بلیۆن دۆلار لە ساڵی 1974دا. بڕوانە:..

ـ کورد ئالۆز بووبوو و ڕابەری ئەفسانەیی گەریلا مەلا مستەفای بارزانی بە ڕەسمی داوای کێڵگە نەوتیەکانی کەرکووکی کرد. بەغدا ئەوەی وا لێکدایەوە کە جاڕدانێکی ئاشکرای هەڵگیرساندنی شەڕەو لە مارتی 1974دا یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی دەرکرد.

ئەم یاسا نوێیە زۆر دووربوو لە بەیانەکەی ساڵی 1970وە و ئەو هەرێمەی کە بۆ ئۆتۆنۆمی دیاریکرابوو بە ئاشکرا ناوچە پڕنەوتەکانی کەرکووك و خانەقین و جەبەڵ سنجاری لێدەرکرابوو. هاوشان لە گەڵ پرۆسەی ئۆتۆنۆمیی ساڵانی 1970 ـ 1974 دا ڕژێمی عێراق ڕیفۆرمێکی ئیداریی بەرفراوانی پیادەکرد کە تێیدا هەر شانزە ویلایەت یان پارێزگاکەی وڵات ناویان گۆڕاو لە هەندێ حاڵەتیشدا سنوورەکانیان دەسکاریی کرا. پارێزگای کەرکووکی کۆن کرا بە دوو بەشەوە. ناوچەکانی دەوروبەرو شارەکە خۆی ناونران "*التأميم-Al-Tamim*" واتە خۆماڵی کردن و سنوورەکەشی وا نەخشە کێشرایەوە کە عەرەب زۆرینە بێت تیایدا. پارێزگایەکی بچووکتری تازەش دروستکرا بۆئەوەی بە صلاحالدین بناسرێ و شاری تکریت بگرێتەوە لەگەڵ گوندی نزیکی ئەلعوجەدا کە شوێنی لەدایکبوونی سەدام حوسێنە. ئاشکراشە کەوا هاوشانیی یان نزیکییەك نیە لە نێوان سەدام حوسێن و ئەو جەنگاوەرە ئەفسانەییەی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە لە ڕۆژاوا بە صلاحالدین ناسراوە، تەنها ڕێکەوت نەبێ (سەرەڕای ئەوەش بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران صلاحالدین خۆی کورد بووە بەڵام وەك زۆرێك لە هاوڕەگەزانی, خۆی بە تەواوی خستبووە خزمەتی لەشکری عەرەبەوە)[21]. بەغدا ماوەی دوو حەفتە مۆڵەتی بە کوردەکان دا

---

Iraq Since 1958:From Revolution to Dictatorship (London 1990)

[21] لێکۆڵەرەوەی ئیسرائیلی ئەماتزیا بارام لە کتێبە سەرنجڕاکێشەکەیدا : فەرهەنگ، مێژوو، ئایدیۆلۆجی لە پێکهاتنی بەعسی عێراقدا 1968 ـ 1989.

Amatzia Baram: Culture, History" and Ideology in the Formation of Bathist Iraq, 1968-1989. (NewYork: St.Martins Press, 1991), pp. 61-62.

ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن ڕیفۆرمی ئیداری بووە بە مۆرك و خواستی ئەو حیزبە بۆ گرێدانی مێژووی نوێی عێراق بە ڕابردووی هەرە دێرینی شکۆدارەوە. تەماشاکە پارێزگای دیوانیە ناوی گۆڕا بە قادسیە، ئەو شەڕە یەکلاکەرەوەی نێوان عەرەب و فارس لە ساڵی 635ز دا, شەڕی نێوان ئێران ـ عێراقی ساڵانی 1980 ـ 1988یش بە ڕەسمی کراوە بە قادسیەی سەدام.

بـۆ ئـەوەی مەرجـەكانی قوبـوولْ بكـەن[22]. وەلاّمـی بـارزانیش دەسـتپێكردنەوەی شۆڕشی چەكداری بوو.

سەركردەكانی كورد, بـەو بڕوایـەی كـە دۆسـتی هەمیشـەییو بـەردەوامیان نیـە, دەبـوو هاوپـەیمانێتیی گونجـاو لـە گـەلْ بێگانـەدا ببەسـتن و بـارزانی وایـدادەنا كـە پشـتگیریی بێگانـە ڕێگـە بـە سـەركەوتنی شـەڕەكەی دەدات. مەترسـیو سـلْكردنیش لەوەی كە عێراق تازە چووەتە پالْ یەكێتی سۆڤیەت هانی حوكوومـەتی ئیسـرائیل و دەزگای موخابەراتی مەركەزیی ئەمەریكا CIA دا مەشـق بـە سـەركردە بـەرزەكانی KDP بكـەن و بـە شـێوەیەكی بـەربلاّویش زانیـاریو چـەك دەدرا بـە بـارزانی بـە چـەكی قورسیشـەوە. لـە هـەمان كاتیشـدا شـای ئێـران یارمـەتیو پێداویسـتیی بـۆ بنكـەكانی پشـتەوەی هێزەكـان دابـین دەكـرد بـە پشـتگیریی لۆجستیشـەوە*. بـەم یارمەتیە *پێشمەرگە* بۆ ماوەی سالْێك بەرگرییان لە هێرش و پەلاماری عێـراق كـرد، هەرچەنـدە زیاد لە سەد هەزار خەلْكی ئاوارە بەرەو ئێران هەلاّتن و شارە كوردەكانی زاخۆ و قەلاّدزێ بە فڕۆكە بۆردمان كران و بە قورسیی زیانیان لێكەوت.

بەلاّم بـارزانی زیـاد لـە پێویسـت پشـتی بـە دەرەوە بەسـتبوو لـە كێشـەكەیدا. لـە ئـازاری 1975دا شـاو سـەدام حوسـێن ڕێكەوتننامـەی جـەزایریان مـۆركرد، كـەوا زۆربـەی چاودێرانی تووشـی سەرسوڕمان كـرد، بـەوەی هـەر هـیچ نـەبێ ئـەو كاتـە، دژایەتیی دوورودرێژی ئەو دوو دەولّەتەی كۆتایی پێهێنا. عێراق پـەیمانی بـە ئێـران دا ڕێـڕەوی ئـاوی شـگ العـرب، كـە نـاكۆكیی لـە سـەربوو، بـەش بكـەن و لـە جیـاتی ئــەوەش شــا دەســبەجێ ســوپاكەی بگێڕێتــەوەو پشــتگیریی لۆجســتیی ســەربازی و یارمەتیدان لـە كوردی عێـراق بگرێتـەوە. لـە مـاوەی حەفتەیەكدا شۆڕشـی بـارزانی هەرەسـی هێنـاو سـەركردە شكاوەكەشـی زۆری نـەبرد كۆچـی دوایـی كـرد. "كـاری

---

[22] ئەمەیان ماكدۆوالْ McDowall ناوی لێناوە "ئۆتۆنۆمی بە دوا ئینزارەوە".

* لۆجستیی (یان سەوقی) دابینكردنی ڕێگەو جێگەو ئازووقەو دەرمان و ئاز و گوێزی سەربازیە لە پشت بەرەكانی شەڕەوە ـ و.

www.dengekan.com

ژێربەژێر نابێ لەگەڵ کاری تەبشیریدا تێکەڵ بکرێ"، ئەمە سەرنجێکی بەناوبانگی دکتۆر کیسنجەر بوو لە سەر مەسەلەکە.

لە دیدو بۆچوونی حیزبی بەعسەوە هاوکاریی بارزانی لە گەڵ ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیلدا نیشانەی ئەوەیە کە کورد بوون بە تابووری پێنجەم. "ئەوانەی کە خۆیان بە بێگانە فرۆشتووە بێسزادان دەرناچن"، ئەم قسەیە سەدام حوسێن هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کاتێ کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و لێپرسراوی ڕەسمیی کاروباری ئاسایشی ناوخۆ بوو[23]. ئەو بارو هەڵوێستە بۆ بیست ساڵی دواتر بوو بە مۆرکی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بەعس لە گەڵ کورددا، ترۆپکیشی ئەو پەلامارە بوو کە بە ئەنفال ناسرا.

★ ★ ★

بە هەرەسهێنانی شۆڕشی بارزانی، وەك کورد پێی دەڵێن، ڕژێمی عێراق چالاکیەکانی دژ بە کوردی گۆڕییە ئاستێکی بەرزتر. پلان دانەرانی نەریتیی دژە یاخیبوون هەل و دەرفەتیان بۆ لوا کە سەرلەنوێ نەخشەی سروشتیی باکووری عێراق بە پێی خواستی خۆیان بکێشنەوە. ئەمەش مانای ئەوە بوو کەوا کوردە یاخیبووەکان لە خاکی باوباپیرانیان ڕاگوێزرێنو لە ناوچەی نوێی ژێر کۆنترۆڵی سەربازیی توندوتیژی دەسەڵاتداریێتیی بەغدادا دووبارە نیشتەجێ بکرێنەوە.

لە ساڵی 1975دا, حوکوومەتی عێراق دەستی دایە پەلاماردانێکی ڕامالێنو"بەعەرەبکردنی" ئەو ناوچانانەی لە کوردستان وەدەرنران بە پێی

---

[23] وتارێکی سەدام حوسێن لە 24 ی ئەیلولی 1973, ڕووداوەکانی ئێستای عێراق
Current Events in Iraq, London, Longman, 1977 ,
لاپەڕە 17 ـ 18 کە لە کتێبی (کۆماری ترس-Republic of Fear) ی الخلیل وەرگیراوە. هەروەها بەڵگە زۆرن لە سەر ئەوەی کەوا حیزبی بەعس دژایەتیەکی ڕەگەزپەرستانەی دەرهەق بە کورد لە ئەستۆ گرتووە لە بەر ئەوەی خزم و نزیکی فارسن. بۆ نموونە بە پێی الخلیل, لە لاپەڕە 17 دا, دەزگای لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی (الحریە) ی حوکوومەتیی لە عێراقدا ساڵی 1981, نامیلکەیەکی بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشانی "سێ شت دەبوو خوا دروستی نەکردنایە: فارس و جوولەکەو مێش" کە لە لایەن خیراللە گلفاح ی خەزووری سەدام حوسێنەوە نووسراوەو جاران پارێزگاری بەغدا بوو. بە بیرو هزری گلفاح "فارس ئاژەڵن و خوا لە شێوەی بنیادەمدا دروستی کردوون، جوولەکە تێکەڵەیەکی پیسیو پاشماوەی جۆراوجۆری خەڵکن، مێشیش دروستکراو و خەڵقندەی بێهوودەن کە تێناگەین خوا مەبەستی چیە لەم دروستکردنەدا".

بەخشینی ئۆتۆنۆمی. ئەمە هەوڵێك بوو یەكەمجار لە ساڵی 1963دا دەستی پێكرد. سەدان گوند لە ناوەڕاستی ساڵانی 1970دا لە پارێزگاكانی نەینەواو دهۆكدا, لە باكوور, وێران كرانو زیاتر لە 150 گوندیش لە پارێزگای دیالە، كە كلكەیەكە لە كوردستانی عێراقو بەرەوخوار شۆڕبووەتەوەو ئیحتیاتێكی نەوتی بایەخداری تێدایە, وێران كران[24]. لە ساڵەكانی دواییدا, بەربەست لە سەر ئیشكردن و نیشتەجێی كوردەكان لە ناوچەی كەركووكدا دانرا [25].خەڵكی خێڵەكیی عەرەبیش لە باشووری عێراقەوە بە یارمەتیدانو سوودبەخشینی حوكوومەت بۆ نیشتەجێكردنیان دەمیان چەور دەكراو دەخرانە سەر كەڵكەڵەی ئەوەی بگوێزنەوە بۆ باكوور. جووتیاری كوردی لە ڕەگوڕیشە هەڵكەندراویش دەنێردرانە ئۆردووگای ژێر دەسەڵاتی حوكوومەت بە درێژایی ڕێگاوبانە سەرەكیەكاندا. بەشێكیش بە زۆرەملێ ڕاگوێزران بۆ ناوچە دەشتاییو چۆڵەكانی باشووری عێراق، لەوانە هەزاران ئاوارەی ناوچە خێڵەكیەكانی بارزان كە لە دوادوایی ساڵی 1975دا بە پێی لێبووردنێكی گشتی لە ئێران گەڕانەوە. لێرەوە بە یەكجارەكی لە شوێنی خۆیان هەڵكەنرانو نائومێد بوون لەوەی كە بگەڕێنەوە سەر كاروباری ئاسایی كشتوكاڵی خۆیان. "ئەو كۆمەڵە خانوانەی كە حوكوومەت لەو ناوچانەدا بۆ كوردەكانی تەرخان كردبوو هەر یەكەی نزیكەی كیلۆمەترێك لەوانیترەوە دوور بوون", ئەمە

---

[24] ڕێنیشاندەرێكی بەكەڵك بۆ ئەو گوند پاكتاوكردنانە كارەكەی ڕەسووڵە (واتە شۆڕش ڕەسووڵ ـ و) "Destuction of a Nation لەناوبردنی گەلێك"، كە میدڵ ئیست ووچ بە تەواوی متمانەیان پێدەكات، لیستی 369 گوندی ڕووخێنراو یان چۆڵكراوە لە بەشی باكووری كوردستانی عێراقداو لیستێكی دیكەش بە ناوی 154 گوندە لە پارێزگای دیالەدا.

[25] بۆ نموونە ڕاسپاردەیەك لە بارەگای بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایشەوە (ئەمن) بە ژمارە ك/ 34478/3 لە 4 ی مایسی 1985دا دەرچووەو لە بارەی كۆچكردنی كوردەوە دەدوێ بۆ شاری كەركووك. بەڵگەنامەكە فەرمانی بەوە كردووە كە هیچ گۆڕانێكی مەسەلەی نیشتەجێبوون لە پارێزگای التأمیم (كەركووك)دا ڕێگەی پێنادرێت "تاوەكو لیژنەی كاروباری باكووری (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش)و دائیرە ئەمنیەكان بیروڕای خۆیانی لە سەر دەرنەبڕن. ئەمەش بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی وردو نهێنی لە بارەی ئەو كەسەوەو هۆی نیشتەجێبوونی لە پارێزگای ناوبراودا".

یەکێك لە ئاوارە گەڕاوەکان دەیگێڕایەوە "ئەوان پێیان وتم کە پێویستە لەوێ بمێنمەوەو ببم بە جووتیار، بەڵام ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی لەوێ کشتوکاڵ بکەین، چوونکە سەرتاپا بیابان بوو"[26]. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1975دا لێپرسراوێکی عێراقی دانی بەوەدا نا کە نزیکەی پەنجا هەزار کورد ڕاگوێزراون بۆ ناوچەکانی باشوور لە ناسریەو دیوانیە، بەڵام ژمارەی ڕاستەقینە بە زۆریو بێ هیچ گومانێك لەوە زیاتر بوو[27].

ناوهێنانی "خانوو" شێوە چاوبەستیەکە بۆ ئەو نیشتەجێ نوێیانەی تا بڵێی سەرەتایی بوون. کوردە ڕاگوێزراوەکان بە کاروانی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر بەرەوخوار دەکرانەوەو لە ناوجەرگەی چۆڵەوانیدا هەڵیاندەڕشتنو بێ لانەو کولانە بەجێیاندەهێشتن. "ئەمە بۆ ئەوەیە کە ڕێگەی چوونەوەتان لێبگرین, بۆ لای مستەفا بارزانی یان ئێران" گوندنشینێك بە دەم ئاخ هەڵکێشانەوە ئەم یادگارە تاڵەی دەگێڕایەوە کە چۆن سەربازێك ئەم قسەیەی پێ وتووە[28]. خەڵکێکی زۆر بە هۆی گەرماو برسێتییەوە مردن ، ئەوانی کە مانەوە لە پێشدا گوزەرانیان لە ژێر کەپردا بوو، کە پەناگەیەکی سادەو ساکار بوو لە لقە دار دروستدەکراو بە زەل و پووش سەری دەگیرا، یان چاتۆڵ کە ڕایەخو بەتانی بوو بە سەر لقە داردا هەڵدەدرا. لە پاش بەینێك هەرچۆنێك بوو تەگبیری حاڵی خۆیان کردو خانوویان لە قوڕ دروستکرد بەو پارەیەی پیاوەکان بە کرێکاریی ڕۆژانە لە شارە نزیکەکاندا دەستیان دەکەوت.

لە ساڵانی 1977 ـ 1978 داو بە پێی بەندەکانی ڕێکەوتنەکەی 1975 ی جەزائیر عێراق دەستیکرد بە دانانی پشتێنەیەکی ئەمنیی بە درێژایی سنوورەکانی باکووریدا, ئەویش بە چۆڵکردن و ڕاماڵینی ناوچەکانی ئەو پشتێنەیە. یەکەمجار، وەك ئەفسەرێکی ئەوسای سوپای عێراق بە میدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاند، ئەم پشتێنە بێ دانیشتوانە مەوداکەی پێنج کیلۆمەتر بوو (3.1 میل) بۆ ناوەوەی

---

[26] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای قوشتەپە، 3 ی مایسی 1992.

[27] ڕاپۆرتی تایمزی لەندەنی، 27 ی تشرینی دووەم 1975، کەوا لە مارتن ڤان بروونەسن وەرگیراوە : " کورد لە نێوان ئێران و عێراقدا " لاپەڕە 27.
The Kurds Between Iran and Iraq. Middle East Report, July - August 1986.

[28] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای قوشتەپە، 4 ی مایسی 1992.

عێـراق، پاشـان زەوی تریشـی درایـە دەمو بـوو بـە دە کیلۆمـەترو ئـەوجا پـانزەو دواجاریش سی (18.6 میل). پارێزگای سلێمانی کە بە درێژایی ناوچە شاخاویەکان هاوسنوورە لە گەڵ ئێراندا زۆر بە خراپی بەرکەوتو ئەو گوندانـەی کـە لـە شاڵاوی یەکـەمی پاکتـاو کردنـی سـنووردا وێرانکـران خۆیـان دا لـە 500 گونـد زیـاتر، کـە زۆربـەی زۆریـان لـە پارێزگـای سـلێمانیدا بـوون[29]. دیسـان بـەیانو ڕاپۆرتـە ڕەسمیـەکانی عێـراق کـەمترین ژمـارە ڕادەگەیـەنن: ڕۆژنامـەی (الپـورە) ی حیزبـی بەعس بە 28 هەزار خێزانی دادەنێ (نزیکەی دووسەد هەزار کەس) کـەوا تـەنها لـە دوو مـانگی هـاوینی 1978 دا لـە ناوچـەکانی سـەر سـنوورەوە ڕاگـوێزراون[30]. ڕاگوێزراوەکـان دەڵـێن کـە تـەنها مـاوەی پێـنج ڕۆژیـان دراوەتـێ بـۆ کۆکردنـەوەی کەلوپـەلیانو جێهێشتنیماڵـەکانیان, کـاتێکیش مۆڵەتەکـە تـەواو دەبـوو تیمـەکانی سوپا بۆ ڕووخاندن دەستبەکار دەبوون.

ئەم پرۆسـەیە هەرەمـەکیو بـە ڕێکـەوت نـەبوو. لـە ئـابی 1979 دا, دەزگایـەکی بیرۆکراسیی نـوێ پێکهێنرابـۆ بـەڕێوەبردنی ئـەو بـە کۆمـەڵ ڕاگواسـتنە, لـە شـێوەی لیژنــەی کاروبــاری بــاکووری ســەر بــە ئەنجومــەنی ســەرکردایەتیی شــۆڕش بــە سـەرۆکایەتیی سـەدام حوسـێن ، (وا باسـدەکرێ کـە لیژنـەی لێکۆڵینـەوەی تایبـەت ـ *هیئـە التحقیـق الخاصـە*)ش هـەر لـەم کاتـەدا هاتووەتـە کایـەوەو بـەرپرس بـووە لـە دەسنیشـانکردنی جموجـوولی *پێشـمەرگەو* دەسـەڵاتی تـەواوی بڕیـاردانی سـزای مردنیشی هەبوو بێ پرسکردن بە بەغدا[31].

---

[29] ڕەسوولێ ئەم ژمارانەی خوارەوە دەدات: 336 گوند لە پارێزگای سلێمانی ڕووخێنراوە (26 لە ساڵی 1977دا و 31 لە ساڵی 1978دا)، 120 لە پارێزگای هەولێر (79 لە ساڵی 1977دا و 41 لە ساڵی 1978دا). ئەوانیتر دەکەونە پارێزگای دهۆکو دیالەوە. هەندێ شایەتیی دیکـەش لـە لایـەن میدلێ ئیست ووچەوە کۆکراوەتـەوە کـەوا بـاس لـەوە دەکـەن گوایـە 124 گونـد لـە دەوروپشتی شارۆچکەی قەڵادزێ ڕووخێنران و 260 ـ 265 گوند لە سەرجەم پارێزگای سلێمانیدا ڕووخێنراون.

[30] ڕۆژنامەی الپورە ، 18 ی ئەیلوولی 1978، لە ڤان بروونەسن وەرگیراوە. لاپەڕە 24.

[31] لیژنەی کاروباری باکوور سەرچاوەیەکە لەناو برێکی یەکجار زۆر لە بەڵگەنامە حوکوومەتیەکانـدا کە میدلێ ئیست ووچ پشکنیوێتی. لە کۆماری ترسی (الخلیل)یشدا، لە لاپەڕە 24دا، بە ناوی "لیژنەی باڵای کاروباری باکوور" ئاماژەی بۆ کـراوە. دەسـتەی لێکۆڵینـەوەی تایبـەت لـە کـەرکووک بـە پێـی

www.dengekan.com

لیژنەکەی سەدام حوسێن بە پێی بەرنامەیەکی دارێژراو کەوتە دووبارە نەخشەکێشانەوەی کوردستانی عێراق‌و پاکتاوکردنی ناوچە سنووریەکان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاداو یەکەم ئەندازەی بەرفراوانی سیستەمی *موجەممەعات* یان کۆمەڵگای تۆمار کرد لە ئۆردووگاکانی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی کوردەکاندا[32]. *موجەممەعات* (کۆیەو تاك نیە) گوندی دروستکراوی سادەو ساکاری کۆکردنەوە بوون‌و دەکەوتنە نزیك شارۆچکە گەورەکان یان سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقدا. هەندێ جار بڕە قەرەبوویەکیان بە کوردەکان دەدا لەبری ئەو زەوی‌و زارانەی کە لێیان زەوت دەکرا، ئەگەرچی ئەو بڕە پارەیەی دەیاندا فرەجار مایەی گاڵتەو پێکەنین بوو. هەروەها دەیانتوانی چەردە قەرزێك لە بانکی خانووبەرەی حوکوومەت وەربگرن بۆ خانوو دروستکردن لە کۆمەڵگاکاندا، بەڵام قەدەغە بوو لێیان بگەڕێنەوە سەر خاکی باوباپیرانیان.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە گەڵ ئێراندا، کە لە 22 ی ئەیلولی 1980دا, بە هێرشبردنێکی عێراق دەستپێکرد، پەلاماری دژ بە کوردی ڕژێمی بەغدا شیرازەی تێکچوو. سەربازگەکانی سوپا لە کوردستانی عێراقدا وردە وردە چۆڵکران یان کەمکرانەوەو هێزەکانیان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ئێران کران. *پێشمەرگەش*، کە جارێکیتر کەوتبوونە کار ئەو بۆشاییەیان گرتەوە. بەمجۆرە گوندەکانی باکوور بوون بە پەناگەی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی کە نەچووبوون بۆ سەربازیی یان لە سوپا هەڵاتبوون. بە زۆری‌و بە شێوەیەکی کاریگەر دێهاتەکان بوون بە ناوچەی ڕزگارکراو.

لەم ساڵانەی سەرەتای شەڕی ئێران - عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان KDP، کە ئەو کاتە لە لایەن کوڕانی مەلا مستەفای بارزانیەوە هەردوو برا

---

چاوپێکەوتنێك کە میدلْ ئیست ووِچ لە گەلْ کۆنە ئەفسەرێکی *ئیستیخباراتی* سەربازیی عێراقدا ئەنجامی داوە، ئەو دەمە لە چوار ئەندام پێکهاتبوو ـ نوێنەری حیزبی بەعس‌و نوێنەرێکی هەر یەکە لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایش (*ئەمن*)، دەزگای هەواڵگریی سەربازی (*ئیستیخبارات*)و دەزگای هەواڵگریی دەرەوە (*موخابەرات*).

[32] کەمپی دووبارە نیشتەجێ کردنەوەی تر (*ئۆردووگا* بە کوردی‌و *معسکرات* بە عەرەبی)، لە میانەی پەلاماری بە عەرەبکردنی ساڵی 1975دا دروستکران بۆ نیشتەجێ کردنی ئەو عەرەبە سوننی‌یە تازانەی لە باشوورەوە دەهاتن. بە تایبەتی لە ناوچە دەشتاییەکانی باکووری دهۆکدا کە جاران نشینگەی عەشیرەتی سلێڤانیی کورد بوون .

مەسعوودو ئیدریس سەرکردایەتی دەکرا، بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجی بەغدای ڕاکێشابوو[33]. لە ساڵی 1975 بە دواوە KDP لە کەرەج، لە نزیك تارانەوە جێگیر بوو. ڕق و کینەی ڕژێمی عێراق بەوە زیادی کرد کاتێ کە زانی ئەم گرووپە کوردە سازو ئامادەیە بۆ دۆستایەتیو هاوپەیمانێتی لە گەڵ حوکمڕانە ئاینیە نوێکانی ئێراندا وەك چۆن پێشتر لە گەڵ شادا بوو. ئەو گوندنشینانەی کە لە ساڵی 1975دا, لە دۆڵی بارزان ڕاگوێزرابوون, نزیکەی پێنج ساڵیان لە شوێنە تازەکانیاندا لە پارێزگای دیوانیەی باشووردا, بەسەربرد. بەڵام لە ساڵی 1980دا سوپای عێراق بەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانەی ئیڤایان پێدەوتراو لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە هێنرابوون هەمدیس ئەم ئۆردووگایەی بیابانیان پی ٚپێچانەوەو پێیانڕاگەیاندن کە ئەمجارەش دەگوێزرێنەوە. بۆ زۆریان چارەنووسی ئەمجارە قوشتەپە بوو، کە کۆمەڵگایەك بوو ماوەی نیو سەعاتە ڕێیەك بە ئۆتۆمبێل دەکەوتە باشووری شاری هەولێری کوردنشینەوە. هەندێکیشیان بران بۆ بەحرکە لە باکووری هەولێرەوەو ئەوانی تریش بۆ *موجەممەعاتی* دیانەو هەریر لە باکووری ڕۆژهەڵات.

لەم کۆمەڵگایانەدا خانووبەرەی هەمیشەیی نەبوو، هیچ نەبوو لە خێوەت بەولاوە، بەڵام خەڵکەکە بۆ یەکەمجار ئاهێکیان پێداهاتەوە بەوەی کە جارێکی تر هەوای کوردستانیان هەڵمژیەوە. وەلێ لە دوا حەفتەی مانگی تەمووزی 1983دا، دانیشتوانی قوشتەپە هەستیان بە جموجووڵێکی سەربازیی نائاسایی کرد. فڕۆکەی جەنگیی بە ئاسمانی ئەو ناوەداو بە ڕاسەریانەوە گرم و هووڕیان بوو و بەرەو سنووری ئێران دەفڕین. هەروەها کاروانی هێزی سەربازی لە سەر ڕێگا قیرەکەی کە ئۆردووگاکەی کردبووە دوو بەشەوە, بەدیدەکراو بەرەو هەمان لا دەڕۆیشت. بارزانیەکان لە ڕادیۆی تارانەوە زانییان کەوا هێرشێکی ئێرانی سەربازگەو شارۆچکەی ستراتیجیی حاجی ئۆمەرانی سەر سنووری گرتووە، بەڵام ئەوەی کە

---

[33] ئیدریس لە ساڵی 1987دا بە هۆی دڵ وەستانەوە کۆچی دواییکردو مەسعوود بارزانی بە سەرۆکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان KDP مایەوە.

www.dengekan.com

جارێ نەیانـدەزانی ئـەوەبوو کـەوا KDP کاریگەرانـە وەك پێشـەنگ و ڕێپیشـاندەر بەر هێزەکانی ئێران کەوتبوون.

تۆڵەکردنەوە لە بەرەبەیانی 30 تەمووزدا دەستی پێکرد. ژنێکی بارزانی کە لـەو کاتەدا لە قوشتەپە دەژیا وتی[34]: "ئێمە هەموو لە خـەودا بـووین کـاتێ سـەرباز لـە کاتـژمێر 3 ی بەیانیـدا گـەمارۆی کۆمەڵگاکـەیان دابـوو. بـەر لـە شـەبەق، کـاتێ کـە خەڵکەکە وەخۆ دەکەوتن بچنە سەر ئیشوکاریان هەموو سەربازەکان بە جارێ ڕژانـە ناو کۆمەڵگاکەوەو هـەر پیاوێـك دەچووە دەرەوە دەیـانگرت. تەنانـەت پیرەمێردێکـی شێتیشیان گرت و بە توندی دەست و قاچیان بەسـتەوە. هـەروەها ئـەو مەلایەشـیان گرت کە دەچوو بۆ مزگەوت بانگی نوێژی بـەیانی بـدات. ئـەوجا دەرگـای ماڵـەکانیان شکاندین و کەوتنە گەڕان و پشکنین بە دوای پیاوەکانماندا. ئەوان تەنانەت کولانـەی مریشـك و تـانکیی ئـاو و سـەلاجەو گشـت شـوێنێکیان دەپشـکنیو تـەواوی ئـەو نێرینانەی تەمەنیان لە سیازدە ساڵ وەبـان بـوو بردنیـان. ئافرەتـان دەسـتیان کـردە گریـان و ڕۆڕۆ و قورئانیـان بـەرەو ڕوویـان بـردو لـە سـەربازەکان زۆر پاڕانـەوە پیاوەکانیان نەبەن".

"بێوەژنێکی بارزانی" ی تر، کە ئێستا ئـەو ژنانـە وا نـاودەبرێن، دەیگـوت: "مـن پەلەقاژەی ئەوەم دەکرد بچووکترینی کوڕەکانم بهێڵمەوە کە زۆر لاوازو نەخۆش بـوو و زۆر لێیـان پاڕامـەوەو وتم: (ئێـوە سـیانی ترتـان بـردووم، دەسـتم دامێنتـان تـەنها ئەمەم بۆ جێبهێڵن). سەربازەکان تەنها ئەوەندەیان پێ وتم (ئەگەر چیتر لـە سـەری بڕۆی دەتکوژین)، پاشان بە قۆناخە تفەنگ کێشایانە سەر سنگمداو کوڕەکەیان بـرد. لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو". بەمجۆرە لە نێوان پێـنج تـا هەشـت هـەزار پیـاوی بارزانییان لە قوشتەپەو کۆمەڵگاکانی تر گرت و سواری پاسی گـەورە کـران و بـەرەو خواریـان بـردن. ئەوانـە هـەرگیز جـارێکیتر نەبینرانـەوەو بێوەژنـانیش تـا ئـەمڕۆ وێنەی لە چوارچێوە گیراوی مێردو کوڕو براکانیان پیشانی هەرکەسێك دەدەن سـەر لە کۆمەڵگای قوشتەپە بدات و سـۆراخی هـەر هـەواڵ و زانیاریـەك دەکـەن دەربـارەی چارەنووسیان[35].

---

[34] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، قوشتەپە 4 ی مایسی 1992.

[35] هەندێ بەڵگە هەن ئەوە دەردەخەن کە پیاوە بارزانیـەکان لانـی کـەم سـاڵێ بـە دەسبەسـەریی ماونەتەوە پێش ئەوەی بە یەکجارەکی بکوژرێن و لەناوببرێن. یەکێك لە فایلەکانی *موخابەرات* سیو

**بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك لە پاش ڕەشبگیریەکە کارەبای ئۆردووگای قوشتەپەیان بڕیو نەیانهێشت ئافرەتەکان لەو ئۆردووگایە بچنە دەرەوە، تەنانەت بۆ بازاڕیش, خەڵکی هەولێر شەوانە بە دزیەوە خواردنیان بۆ دەبردن. "خۆ ئێستا پیاوتان نیە بۆ نایەن لەگەڵ ئێمەدا بمێننەوە؟" ئەمە یادەوەریی ژنێکە کەوا لە پشتەوە *ئەمنەکان* ئەم جۆرە توانجەیان تێگرتبوو. لە وتاردانێکی ساڵی 1983یدا سەرۆك سەدام حوسێن گومانێکی ئەوتۆی نەهێشتەوە لەوەی کە بە سەر بارزانیەکان هاتووە: "ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیشیان لە پەیمان کرد, بۆیە ئێمەش بە سزای توندو سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن"[36]. ڕەشبگیرکردن و بە گریمانەش کۆمەڵکوژ کردنی پیاوە بارزانیەکان زەنگێکی ڕاستەوخۆی دووبارە بوونەوەی مەودایەکی زۆر لەوە گەورەتر بوو, پێنج ساڵ دواتر، لە ماوەی ئەو پەلامارەدا کە بە ئەنفال ناسرا.**

★ ★ ★

---

نۆ فەرمانی سەرۆکایەتیی یەك لە دوای یەکی تێدایە کە لە ساڵی 1983دا بە ژمارەی 988 بۆ 1036 دەرچووەو لیستی ناوی ئەو کەسانەیان تێدایە کە حوکمی مردن دراون بە هۆی "کێشە تایبەتکارەکانەوە" ئەوجا گەلێ نووسینیان کراوەتە پاشکۆ و یەك لە نووسینە دەسخەتەکان لەوە دەدوێت کە: "ئایا هیچکام لەو کەسانەی لە سەرەوە ناوبراون و حوکمی مردن دراون لای ئێمە بەندن؟" وەڵامەکەش دیسان بە دەسخەتێك بوو کەوا لە ڕێکەوتی 9 ی نیسانی 1985دا نووسراوە: "هیچکام لەو کەسانەی لە سەرەوە ناویان هاتووەو حوکمی مردن دراون بەندیی لای ئێمە نین، بێجگە لە بارزانیەکان کە لە ناوچەی ئێمەدا دەژیان لە پێش گرتنیاندا"، (ئەمەیان جەختی لە سەرکراوە). بە گوێرەی قسەی پیاوێکی خێڵەکیی دەربازبووی بارزانی کەوا میدڵ ئیست ووچ لە 18 ی مارتی 1993دا لە سەلاحەدین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە، هەندێ لە ژن و منداڵی بارزانیەکان جارێکیتر لە ساڵی 1986دا لە لایەن دەزگاکانی حوکوومەتەوە ڕاپێچکراون و بارکراون بۆ سنووری تورکیاو فەرمانیان پێکراوە وڵات بەجێبهێڵن. بەڵام لە پاش بەینێك گەڕاونەتەوە بۆ قوشتەپەو دواتر بە ئاشکرا کاری دیکەیان لە دژ نەکراوە. بەڵام هەندێ ئیجرائات دژ بە دەربازبووە بارزانیەکان کرا، لەوانە لێسەندنەوەی ئەو مافەیان کە هاوڵاتی عێراقی بن، کەوا بە وردیو دوورودرێژی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامەو نووسراوی *ئیستیخباراتدا* دەردەکەون لە کانوونی دووەمی 1968داو لە سەر حوکم و بڕیاری لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەدوێت. نووسراوی ژمارە 6740 ی لیژنەی کاروباری باکوور "نهێنیو شەخسی" لە 16 ی کانوونی دووەمی 1986دا.

[36] ڕۆژنامەی العراق، 13 ی ئەیلولی 1983.

www.dengekan.com

# هەل وەرگرتن لە دووبەرەکیی کورد

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان KDP ی برایـان بـارزانی تاقـە سەرچـاوەی بەرهەڵستکاریی *پێشمەرگە* نەبوو بۆ ڕژێم. ناکۆکیو دابەشبوونی بزووتنەوەی کورد ڕەگێکی قووڵی هەیە، کە مێژووییو خێڵەکیو بگرە مەزهەبیشە. لـە زۆر دەمێکـەوە داواکـاریی دۆڵــی بـارزان بــۆ ســەرکردایەتی کردنــی بزووتنەوەکــە, وابەســتەی هەلومــەرجی ئــاینیو ڕۆحییــە. ئــەم هەڵوێســتە ڕەق و سەرســەختیە وای لــە بارزانیەکان کردووە, ببنە دوژمنی باوەکوشتە لە گـەڵ ژمارەیـەك لـە عەشـیرەتەکانی دەراوسێیاندا وەك سوورچیو زێباری[37]. کاریزمـای مـەلا مستەفای بـارزانی، ئەگـەر نەشـڵێین تـاکڕەوی، هـەروەها شـێوازی سـەرکردایەتی کردنـی تـەوژمێکی بـەردەوامی نەیاری لە خودی حیزبەکەی خۆیدا دروستکردبوو. پاش هەرەسـەکەی 1975 ئـەم ناکۆکیانە بە ئاشکرا تەقینەوە. هێزی برایان بارزانی یـاخود "نـەوەی خیانـەتکاری" کە ڕژێمی بەعس ئەو دەمە وای نـاو دەبـردن، هـەر زوو جـەلال تاڵـەبانی بـەرەنگاری بووەوە. تاڵەبانی کە جاران یاریدەدەری بارزانیی گەورەو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، زۆر لەمێژبوو ڕەخنەی لە شێوازی "دەرەبەگانـەی" بنچینە عەشایەریی ئەو ڕێکخراوە دەگرت و ئێستاش بـە نیـازە بـە بزووتنەوەیـەکی چەپی عیلمانیی ڕەگ داکوتاو لە ناو ڕۆشنبیرانی شاردا, جێـی بگرێتـەوەوە. لـە ساڵی 1976دا, تاڵـەبانی ئـەو گۆڕانــە ڕەسمیــەی بــە پێکهێنــانی یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردستان PUK بە ئەنجام گەیاند. دوو ساڵ دواتریش, شەڕێکی بەربڵاو لـە نێـوان هەردوو لایەنە ناکۆکەدا بـەرپابوو. ئـەم دووبەرەکیـە تاڵە تـا دوا دوو سـاڵی جـەنگی ئێران ـ عێراق درێژەی کێشاو کارەساتی دڵتـەزێنی تووشـکردن. گرووپـەکانی تـریش, بارودۆخەکـەیان زیـاتر ئـاڵۆز کردبـوو. لـە سـاڵی 1979دا یـەکێکی تـر لـە گـەورە یاریدەدەرانی جارانی مەلا مستەفا، مەحموود عوسمان, لە گەڵ کۆمـەڵێك *پێشـمەرگە* کە لە PUK جیابووبوونـەوە, هێـزی یەکخستو حیزبـی سۆشیالیستی کوردستانی دامەزراند. لە هەمان ساڵێشدا, حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەستی دایـە چـەك دژ بـە ڕژێمی بەغداو بنکەو بارەگای خۆی لە باکووری سلێمانیدا دامەزراند، لە هەمان ئـەو

---

[37] بۆ نموونە، بڕوانە ئاغا، شێخ، دەوڵەت‌ای ڤان برووئەسن بکە، لاپەڕەکانی 28، 231 ـ 232.

دۆڵەی PUK ی لێبوو[38]. هەر زوویش دابەشبوونێکی جوگرافیی ئاشکرا سەری هەڵدا, KDP لە ناوچە شاخاویە دوورەکانی بادینان لە باکووردا بە هێزی دەسەڵاتدار مایەوە، لە هەمان کاتدا PUK لە ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕووباری زێی گەورەدا باڵادەست بوو. (گرووپە بچووکەکانی تر کاری خۆیان بە ڕەزامەندیی ئەو دوو ڕێکخراوە سەرەکیەی *پێشمەرگە* ئەنجام دەدا). ئەم دابەشبوونە لە ڕووی زمانو فەرهەنگیشەوە بوو: خەڵکی باکوورو ڕۆژاوای ڕووبارەکە ئاخاوتنیان بە دیالێکتی کرمانجیی زمانی کوردیە، بەرەو خوار ببیتەوە دەبێتە سۆرانی[39].

لە بەر ئەوەی ڕژێمی عێراق نەیدتوانی کێشەی کورد بە زەبری هێزچارەسەر بکات, سیاسەتی داپلۆسینی خۆی تێکەڵ بە هەوڵی "پەرت کەو زاڵ بە" کرد. ئەم سیاسەتەش دوو مەودای هەبوو: یەکەم یاریکردن بەو ناکۆکیە تاڵەی نێوان حیزبە سەرەکیە کوردیەکان، دووەمیش چەکدارکردنی چەندی بکرێ لە کورد لە ڕیزی دەستەو تاقمی شێوە سەربازیی بنچینە خێڵەکیی سەر بە حوکوومەتدا*. لەبارترین هەلو دەرفەت بۆ بەغدا تاوەکو بتوانێ کێشەی نێوان KDP و PUK زیاتر قووڵ بکاتەوە، بە ڕواڵەت پەرەسەندنی مەترسیی جەنگی ئێران ـ عێراق بوو. تاڵەبانی, زۆر بە توندی دژ بە بڕیاری بارزانی وەستا لە ئاسانکردنی هێرشی تەممووزی 1983 ی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران، هەروەها لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا نارەزایی

---

[38] بۆ باکگراوندێکی گشتی بڕوانە فاروق ـ سلاگلێتو سلاگلێت، لاپەڕە 187 ـ 190و ڤان بروونەسن(ئاغا، شێخ، دەوڵەت) لاپەڕە 31ـ32و 34ـ 36. وێنەکە بەوە زیاتر ئاڵۆز بوو کە لەم ناوچانەدا ژمارەیەک دەستەو کۆمەڵی بچووک بچووک هەبوون، لەوانە هەندێ ڕێکخراوی ئێرانیش وەک ـKDP ئێران و کۆمەڵە, کە شەڕی گەریلاییان دژ بە ڕژێمی تاران لە ناو خاکی عێراقەوە بەڕێوە دەبرد.

[39] زمانی کوردی یەکێکە لە کۆمەڵەی زمانە ئێرانیەکانو بێجگە لە سۆرانیو کرمانجی گەلێ دیالێکتی تر هەن. بڕوانە ڤان بروونەسن: ئاغا، شێخ، دەوڵەت، ل 21 ـ 22، کە لە:D.N.Mackenzi وەرگیراوە . "بنچینەکانی زمانی کوردی " لاپەڕە 68 ـ 86 .
" The Origion of Kurdish, Transaction of the Philological Society", 1961.

زۆرتـری دەربـڕی کـاتێ کـە هێـرش‌و پـەلاماری ئێرانیـەکان سـنووری ناوچـەکانی دەوروبەری پێنجوینیان بەزاند ـ ئەوەی مایەی ناڕەحەتی‌و نیگەرانی بـوو, لـە نزیـك بنکـەو سـەنگەرە قایمـەکانی PUKەوە بـوو لـە پارێزگـای سـلێمانی[40]. تاڵـەبانی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هێزەکانی شان بە شانی حیزبی بـەعس شـەڕ بکـات بـۆ دەرپەڕاندنی داگیرکەران لە خاکی عێراق. بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە، سـەدام حوسـێن بـەڵێنی خـۆی بـۆ بەخشینی ئۆتۆنـۆمیی بـە کـورد بـەرەو ڕووی سـەرکردەی PUK کردەوە، بەو هیوایەی جەنگاوەرە قاڵبووەکـانی بـە لای بەغـدادا ڕابکێشـێت. نزیکـەی دە ساڵێك دواتر, یەکێك لە ئەنـدامانی ئـەو وەفـدەی PUK کـە دانوسـتانی لـە گـەڵ ڕژێمی عێراقدا دەکرد قسەکانی تاریق عەزیزی ئەندامی ئەنجومەنی سـەرکردایەتیی شۆڕش‌و دواتریش, وەزیری دەرەوەی عێراقی گێڕایەوە: "ئەو پێی وتین ئەگەر ئێـوە یارمەتیمان بدەن قەت لە بیرمان ناچێتەوە ، بەڵام ئەگەر لە دژمان بوەستن هـەرگیز لـە یادمـان ناچـێت‌و دوای تـەواوبوونی جـەنگ (ئێـران ـ عێـراق) لـەناوتان دەبـەین‌و تەواوی گوندەکانتان وێران دەکەین"[41]. ئەمەش هەروا هەڕەشەیەکی بەتاڵ نەبوو.

دانوسـتانەکە بـێ بڕینـەوەو یەکلاکردنـەوەی هـیچ مەسـەلەیەك مـاوەی زیـاد لـە ساڵێك درێژەی کێشا پێش ئەوەی بە یەکجارەکی لە کانوونی یەکەمی سـاڵی 1985دا هەرەس بێنێ. لە کاتێکدا کە ژمارەیەك هۆکار هەبوون بۆ سەرنەگرتنی وتووێژەکـە، هیچکام لەوانەی تاڵەبانی باسی کردبوو لە دووبارە کردنەوەی ئەو داواکاریە قوبـووڵ نەکراوانـەی مـەلا مسـتەفای بـارزانی تێنەدەپـەڕین, ئـەوەی کـەوا ناوچـەکانی کەرکووك‌وخانـەقین بـە کێڵگـە نەوتیەکانیانـەوە وەك بەشـێك لـە کوردسـتان

---

* ئەم ناکۆکیەی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان زۆر لە مێژە بووە بەو زەمینە لەبارەی کـە دەرفەتی زێڕین بۆ دوژمنەکانی بڕەخسێنێت سیاسەتی "پەرت کەو زاڵ بە" بە چاکی پیـادە بکـەن و ئەمە زۆر بە زەقی لە دیاردەی کوشندەی جاشێتیدا دەردەکەوێت, کە چۆن تەنانەت دوای ڕاپـەڕینی 1991 و بگرە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقیش, بارودۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی کورد تا چ ڕادەیەکی ترسناک بە دەستیەوە گرفتارە ـ وەرگێڕ.

[40] لەم کاتەدا عێراق چەندین جار چـەکی کیمیـایی دژ بـە هێزەکـانی ئێـران بـەکارهێناوە، بـەڵام وا پێدەچێت هێرشەکەی پێنجوێن یەکەم بەکارهێنانی ئەو چەکە بووبێت لە ناو خاکی عێراقدا. بڕوانە: Anthony H. Cordesman and Abraham R.Wagner, The Lessons of Modern War: The Iran-Iraq War "وانەکانی جەنگی نوێ: جەنگی ئێران ـ عێراق" (London and Boulder: Mansell-Westview, 1990).

[41] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، واشنتۆن، 2 ی مایسی 1993.

دابنرێن[42]. ئەگەرچی سەدام حوسێن بۆی نەکرا هاوپەیمانیەکی کۆكو بەردەوام لە گەڵ تاڵەبانیدا دامەزرێنێ بەڵام لەو ڕاستیە دڵنیا بوو کە ناکۆکیی نێوان KDP و PUK ئێستا لە هەموو کاتێك قووڵترو تاڵترە .

لەم سەردەمەی ئێستاماندا، پەیوەندیی خێڵەکی لە زۆر شوێنی کوردستانی عێراقدا تا ڕادەیەك لاواز بوو بوو. بە هەرحاڵ، کە ئەوە بەهێز بمێنێتەوە زەمینەیەکی بەپیتو لەبار بۆ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان خۆش دەکات بۆ ئەوەی میلیشیایان لێپێکبێننو یەکێتیو پتەویی نێوان کوردیان پێهەڵتەکێنن. ئەمانە بە ڕەسمی لە ژێر دەستی سەدام حوسێندان و بە فەرمانەدەیی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی دەناسران (*قیادە جحافل الدفاع الوگنی*)و زۆر دەمێکە، لە ڕووی گاڵتە پێکردنەوە ئەم تاقمە شێوە سەربازیانە لە لایەن کوردەکانی ترەوە بە *جاش* یان "جاشە کەر" ناویان دەبەن[43].

*جاشەکان* بە هەندێ شێوە لە سەرەتای ساڵەکانی 1960ەوە پەیدا بوون، بەڵام ڕۆڵی ئەوان لەمەودوا چەندین جار فراوان کرا. بنەماکەشی ئەوە بوو کە هەر کۆمەڵێکی خێڵەکی دەبوو هێزی *جاشی* خۆی پێکبێنێ تاوەکو دڵسۆزیی خۆیان بۆ ڕژێم بسەلمێنن. فەرمانەدەی هەر یەکەیەکیش ناونیشانی "*موستەشار*" ی دەدرایە، بە مانای ڕاوێژکار. ئەگەر سەرۆکە خێلەکیەکان ڕەزامەندیی پێکهێنانی فەوجی *جاشیان* پیشان نەدایە ئەوە هەڕەشەو گوڕەشەکانی *ئەمن* زۆر جار ڕازی دەکردن[44].

---

[42] بڕوانە: مارِ "مێژووی عێراقی مۆدێرن"، ل Marr,History of Modern Iraq. 307

[43] ئەم نازناوە هێند بەربڵاو و ڕۆژانە بەکارهاتووە کەوا لە ناوهێنانیدا زۆر لە هێزی دزێویو گاڵتەئامێزی خۆی لەدەستداوە. لە ناوچەکانی دیالێکتی کرمانجیدا لە باکوور ئەم کوردە شێوە سەربازانە پێیاندەوترێ چەتە Chatta بە مانا دز یا ڕێگر.

[44] کۆنە *موستەشارێک* باس لە گفتوگۆیەکی ساڵی 1987 دەکا لەگەڵ بەڕێوەبەری *ئەمنی* سلێمانی، عەقید خەڵەف دا کردبووی: [پێی وتم کەوا دەبێ چەك بۆ حوکوومەت هەڵبگرمو زۆری فشار خستە سەرم کە بچمە پاڵیان. ئەوەشی پێ وتم (تۆ بەشداریت لە جەنگدا (ئێران ـ عێراق) نەکردووەو پێویستە ببیتە *موستەشار*) هەروەها پێی وتم (ئەگەر نەبیت ڕەنگە ناسنامەی عێراقیت لێ بسەنرێتەوە)]، لەمەودوا مانای ئەم هەڕەشەیە زۆر ترسناك کەوتەوە، تا وایلێهات لە کاتی ئەنفالدا

www.dengekan.com

لە دوا قۆناخەکانی جەنگی نێوان ئێران - عێراق‌و لە سەروەختی ئەنفالدا, *جاشی* ئاسایی لە ژێر فەرماندەیی عەمەلیاتی *ئیستیخباراتی* سەربازیدا بوو. بێجگە لەمەش دوو هێزی تری هەڵبژاردەی کوردی سەر بە حوکوومەت هەبوون: یەکەمیان "*قوات الگواری‌و* - هێزی لەناکاو" کە چالاکیی کاروباری ئیستیخباراتی‌و دژە تیرۆریان لە ناو شارەکاندا ڕادەپەڕاند لە ژێر سەرپەرشتیی حیزبی بەعسدا. دووەمیشیان "*مفارز خاصە*" یان یەکەی تایبەتی *ئەمنە* کوردەکان کەوا لەو کەسانە پێکهاتبوو کە هاوکارو دڵسۆزی حوکوومەت بوون‌و بەشێکی ڕەسمیی *ئەمن* بوون. گشت ئەم تاقمانە بە توندی لە لایەن ڕژێمەوە دژ بە هاوڵاتیە کوردەکانی خۆیان ئاراستە دەکران. کۆنە سەرۆك *جاشێك*, لە پێشەکیی سیمینارێکدا ئەوەی گێڕایەوە کە ئەفسەرەکانی *ئیستیخباراتی* سەربازیی لە کۆبوونەوەیەکدا بە *موستەشارە کانیان* وتبوو کەوا *پێشمەرگە* نە کوردن‌و نە عێراقی‌و بە پێی یاسای ئیسلام ئەوانە "کافرن‌و بەم پێیە دەبێ ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێت"[(45)].

ئەرك‌و فەرمانی *جاشی* ئاسایی‌و سادە بە شێوەیەکی فراوان چون یەکن لە گەڵ هەمان جۆر میلیشیای بەشەکانی دیکەی ئەم جیهانەدا[(46)]. ئەمانە تەنها چەکی سووکیان پێدرابوو, پارێزگاریی ڕێگاوبان‌و دەورێ‌و ئێشکگرتنی دێهاتیان پێسپێردرابوو, هەروەها وەك شارەزاو چاوساغیش پێش سوپای نیزامی دەکەوتن‌و گوندەکانیان دەپشکنی بۆ سەربازی هەڵاتوو و موتەخەلیف‌و ئەوانەی کە گومانی *پێشمەرگەیان* لێدەکرا دەیانگرتن‌و دەیاندانە دەستی حوکوومەتەوە. لە بەر هەندێ

---

کارتی ناسنامەی کەسایەتی ڕاستەقینە بوو بە مەسەلەی ژیان‌و مردن. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

(45) بە شێوەیەکی گشتیی, لە عێراقدا وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی, یاسای ئیسلام پەیڕەویی ناکرێ چونکە دەوڵەتێکی عیلمانیە، ئەگەرچی هەندێ توخم یان ڕەگەزی یاسای ئیسلامی تێکەوتووە وەك یاسای خێزان. بە هەرحاڵ وەك کرداری ئەنفال خۆی ئەمە خاسیەتێکی سەرتاپاگیری هەوڵدانی ڕژێمی بەعس بوو بۆ حەڵاڵ کردن‌و شەرعیەت پێدانی هێرش‌و پەلامارەکانی بۆ ئەوەی بەرگی زمانی ئاینیان بە باڵادا ببڕێت.

(46) چونیەکیی کارو فەرمانی *جاش* لە گەڵ هی میلیشیای وڵاتانی تردا، بۆ نموونە، گواتیمالاو پیرۆ بڕوانە: چاودێریی ئەمەریکا: "پیرۆ لە ژێر ئاگر بارانیدا ، مافی مرۆڤ لە دەمی گەڕانەوەی دیموکراسیەوە." یان "ئێشکگرانی مەدەنیی لە گواتیمالادا".

-American Watch:" Civil Patrols in Guatimala" ,(August,1968).

-"Peru Under Fire: Human Rights since the Return of Democracy" (New Haven: Yale University Press 1992 ).

هۆكارى ڕوونو ئاشكراش ڕژێم هەرگیز بە تـەواویی متمانـەی بـە ڕاسـتیو دڵسۆزیی *جاش* نەدەكرد. ڕاستەوخۆش سەرچاوەی *جاشێتی*و *جاش* گرتن لە كۆمەڵگاكانو ئەو شارۆچكەو گوندانـەوە بـوو كـە لـە ژێـر كـۆنترۆڵی حوكوومەتـدا بـوون (بـۆ نموونـە، زاخۆ، وەك باس دەكرا پێنج هـەزار *جاشـی* هـەبوو)، یەكـەكانیان زۆر جـار لـە گـەڕو چەرخەدا بوون و هەوڵیان دەدا نەیەڵن هەواداری نـاوخۆ دەربكـەون و گەشـە بكـەن. *موستەشارەكان* دەیانزانی كە ڕژێم سڵە لە هەر جۆرە پەیوەندیەكی قەدەغە لە گـەڵ سـەركردەكانی *پێشـمەرگە* لـەو دەوروبـەرە. فایلـەكانی *ئـەمن* كـە میـدڵ ئیسـت ووچ تەماشاو تاوتوێی كردوون پڕن لە دۆسێی چاودێریو خەفیەیی لە سەرۆك *جاشەكان* .

ساڵەكانی سەرەتای جەنگ دژی ئێران، ئەوەی ئاشكرا كرد كە سەربازە كوردەكـان نەدەچـوونە ژێربــارو لــە چــەندین حاڵەتــدا كوردەكــان لــە خزمــەتی ســەربازیی دەردەكـرانو لـە جیاتیـدا دەیانخسـتنە ڕیـزی *جاشـەوە*. ئەگـەر گـەنجێكی كـوردی بـۆ سـەربازی بـانگكراو، خزمایـەتی لـە گـەڵ *موستەشـاری* ناوچـەیەكدا هەبوایـە، وا بـە هۆیەوە هەموو هەوڵێكی دەدا بـۆ خۆدزینـەوە لـە خزمـەتی سـەربازییو لـە جیاتیـدا خزمـەت لـە فـەوجێكی *جاشـدا* بكـات. زۆر لـە *موستەشـارەكان*، ئـەم ڕۆڵـە تازەیـەی خۆیان لا پەسەندو دڵخۆشكەر بوو. هەندێكیان كەسانێكی هیچ بوون، بەڵام بە هـۆی حوكوومەتــەوە بەرزدەكرانــەوە بــۆ پلــەی دەســەڵاتی ڕاسـتی. ئــەوانیتر بــە نــەریت ســەرۆك خێــڵ بــوونو زانییــان ئــەم *موستەشــارییە* هــەلێكی زۆر لــەبارە بــۆ پــارە كێشانەوەو ئەوەیان بە باشی دەزانی كەوا كاریگەرییان لە نـاو كـوردی ناوچـەكانیاندا ئـەو بـرەوەی جـارانی نـەماوە. *موستەشـار* بێجگـە لـە مووچـە دیاریكراوەكـەی خـۆی ڕێگەی پێدرابوو بڕێكی كەمی مانگانەی هـەر كەسـێكیش وەربگرێـت كـە بـە نـاو لـە ژێر فەرمانیدایـە. لـە بـەر ئـەوە وا بـاو بـوو ئـەو كەسـانە ( یـان بـە شـێكی زۆریـان) چالاكیو ئەركی *جاشێتی* نەبینن. ڕژێم، لە سەر كاغەز ژمـارەی تـا دوو سـەدو پـەنجا هەزار سەربازی پیادەی كوردی لە ژێر ڕكێفدا بـوو (مەبەسـتی جاشـە ـ و)، بـەڵام لـە ڕاستیدا تەنها بەشێكی كەمی ئەم ژمارەیە چەكی هەڵگرتبوو. ئەم پیاوە كوردانە، بـۆ

www.dengekan.com

ناسنامەیەکی مۆرکراوی *جاشێتی* کە لە خزمەتی سەربازیی بیانپارێزێت, مووچەی جاشێتیەکەیان دەدا بە *موستەشارەکە*. ئەم مووچەیە مانگانە 85 دینار (255 دۆلار)* بوو بۆ هەر سەربازێکی سەر کاغەز. بەمە بۆ هەر *موستەشارێکی* زۆرزان دەکرا سامانێکی گەورە پێکەوە بنێ. بۆ نموونە، هەردوو برا عومەرو حوسێن سوورچی دەسکەوتەکانیان لە فۆنتەراتو کاروباری بیناسازیدا بەکاردەهێناو بوون بە دەوڵەمەندترین کەس لە کوردستاندا.

لە کاتێکدا کە حوکوومەت ئامادە بوو بۆ چاوپۆشی کردن لەو جۆرە کارانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کرا، لە بەر خاتری دڵسۆزیی *موستەشارێك*، کەچی بەوپەڕی دڵڕەقیشەوە ڕەفتاری لە گەڵ هەر کەسێکیاندا دەکرد کە جۆرە سەربەخۆییەکی بنواندایە. گەلێ کەس شایەتیی بۆ میدڵ ئیست ووچ داوە سەبارەت بە سەرگورەشتەی *موستەشارێك* کە ناوی جەعفەر مستەفا بووەو لە ساڵی 1986دا لە بەر هەڵگەڕانەوەو سەرپێچیکردنی ئیعدام کراوە. ئەم پیاوە وا باسدەکرێ لایەنگرێکی دڵگەرمی ڕژێمی بەعس بوو، بەوەش ڕازی بووبوو کە هێزێکی *جاش* پێکبێنێت, بەڵام تەنها بەو مەرجەی ڕێگەی پێبدرێت لە ناوچەکەی خۆی, لە چیاکانی بادینان بمێنێتەوە. ساڵی 1986 فەرمان درا کەوا جەعفەر مستەفا بگوێزرێتەوەو ئەمیش ملی بە فەرمانەکە نەداو نەڕۆیشت. لە ماوەی لە کاروەستانیدا, بەرەنگاربوونەوەی ئەم پیاوە بۆ سەدام حوسێن, بووبوو بە قسەو باسی هەموو کوردستانی عێراق. بەڵام پاش حەفتەیەك لە بەغدا ئیعدامکراو لاشەکەشیان لە پایتەختەوە ناردەوە بۆ ماڵی خۆی، لە نزیك شارۆچکەی مانگێش لە باکوور، لەوێش بۆ جاری دووەم بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە هەڵواسرا*. ماوەیك دوای ئەوە, هەردوو گوندی بێسفکیو دێرگژنیك, کە ئەو خاوەنیان بوو, سووتێنرانو تەخت کران[47].

---

* بە نرخی جارانی دیناری عێراقی کە یەك دینار سێ دۆلار بوو ـ و.

[47] بە پێی دۆسێی گوندە ڕووخاوەکان کەوا لە لایەن کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان (KURDS) وە کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە، گوندی بێسفکیی باکوورو بێسفکیی باشوور لە ساڵی 1987دا ڕووخێنرانو دێرگژنیکیش لە ساڵی 1988دا. هەردوو گوندەکە سەر بە ناحیەی دۆسکی بوون.

* بە پێی قسەی چەند دۆستێکم لەو ناوچەیەدا ، وا دەگێڕنەوە کە ئەم جەعفەر مستەفایە بانگ دەکرێ بۆ کەرکووك و لەوێ لە ڕووی فەرماندەی فەیلەقی یەکدا دەوەستێ ازیاتر ڕێی تێدەچێت کە لە ڕووی علی حسن المجیددا وەستابێت). دواجار بە دەسبەسەری دەیهێننەوە بۆ مانگێش, لە

* * *

## 1985 ـ 1987: شەڕی بەربڵاو

لە پاش تێکچوونی گفتوگۆی بەعس ـ PUK لە کانوونی دووەمی 1985دا، ڕژێمی عێراق ڕوانی کەوا کۆنترۆڵکردنی کوردستانی عێراق جارێکیتر کەلیی تێکەوتووەتەوە. شەڕ لە گەڵ ئێراندا، کە وای بۆ دانرابوو سەرکەوتنێکی خێرا وەدەستبێنێ، هەردوو لای بە کوژراو و برینداری زۆرەوە بە جۆرێکی بێکۆتایی کێش دەکرد. لە گەڵ ئەوەشدا کە حوکوومەت زنجیرەیەك قەڵای گەورەو بچووکی لە هەموو شوێنێکی ناوچە دێهاتیەکانی کوردا دروست کردبوو بەڵام کارێکی گونجاو نەبوو ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی خۆی لەو ناوەدا مۆڵ بدات. دەیان گوندو نیشتەجێی کورد، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی PUKدا لە نزیك سنووری ئێرانەوە، لە ناوەڕاستی ساڵانی 1980وە بەرەبەرە سووتێنران و دانیشتوانیشیان سەرلەنوێ لە *موجەممەعاتدا* نیشتەجێ کرانەوە. بەڵام خەڵکی سەدان گوندی دێرینی تر، کە خۆیان لە دوو هەزار دەدا، هەوڵیان دەدا شەڕی دژە یاخیبوون, لە گەڵ ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەیاندا تێکەڵ بکەن. لەم پرۆسەیەدا, هەموو کۆمەڵگاکەیان گۆڕانی بە سەردا هات.

تۆپباران کردن گەورەترین هەڕەشە بوو بۆ وورەی خەڵکەکە. سوپای عێراق کوردستانی لە شێوەیەکی تۆڕئاسادا بەش بەش کردبوو, لە هەموو لایەکەوە تۆپخانەی قورسیان بۆ دابەستبوون بە مەودای زیاد لە بیستو پێنج میلو هەموو دەم گولله تۆپ دەیکوتان و پێشبینی ئەوە نەدەکرا هەر ڕۆژەو کام نیشان مەبەستە. کاروباری کشتوکاڵ کردنی ئاسایی بووبوو بە گەمەیەکی کوشندەی مەرگو ژیان.

---

پاییزی 1986دا, لەوێ بە بەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە کە بۆ ئەم مەبەستە کۆیان کردبوونەوە گوللە بارانی دەکەن و ماوەی چەند سەعاتێکیش لاشەکەی هەڵدەواسن, شایی و ئاهەنگێکی گەورەش بەو بۆنەیەوە ساز دەکەن ـ وەرگێڕ.

www.dengekan.com

خـەو لـە خـەڵك حـەرام بووبـوو و بـەردەوام نیگـەرانیو دڵـەڕاوکێ مێشـکی هـەموو کەسی تێکدابوو.

هەلیکۆپتەر هەمیشە سەربازو *جاشی* لە گوندەکانـدا دادەبەزانـد, بـۆ گـەڕان بـە دوای سـەربازی هـەڵاتوو, موتەخـەلیف یـان ئـەو کەسـانەی گومـانی *پێشـمەرگەیان* لێدەکرا. بە لێشاو کـورد دەگیرانو ئیعـدام دەکـران. خـەڵکێکی زۆریـش بـە هێـرشو پەلاماری بەردەوامی فڕۆکەی شەڕکەر- بۆمبهاوێژی میگو سـۆخۆی دەکوژران، کـەوا حوکوومەت لە سۆڤێتی وەرگرتبوون. هەر لە سەردەمی یەکـەم ڕژێمـی بەعسـەوە لـە سـاڵی 1963دا، گوندنشـینە کوردەکـان فێـری ئـەوە بووبـوون کـە چـۆن خۆیـان لـە هێرشـی ئاسمـانی بپـارێزن بـە دروسـتکردنی ژێرزەمینـی سـەرەتایی لـە دەرەوەی ماڵەکانیانەوە. وا ئێستا ڕەوتـی دروسـتکردنی ژێـرزەمین چووەتە پـێشو لـە جـاران مەحکەمترو قایمتر دروست دەکـرێن. لـە ڕاستیشـدا زۆریـان هـۆدە بـوون لـە زەویـداو بەرزیشیان بواری بە پێوە وەستانی دەداو بە تەختەی پان یـان جەمـەلۆن و لقـەدارو چەند چینێك خۆڵو بەرد سەر دەگیران. ئەوانەی کە چاکتر دروست دەکران لـە بـەر دەرکەکەیاندا توونێلێکی پێچاوپێچی تێدابوو بـۆ خۆپاراسـتن لـە تەقینـەوەو پارچـە بۆمـب. زۆر گونـدیش بـە ڕۆژ چـۆڵیان دەکـردو دەچـوونە نێـو ئەشـکەوتو بـن گاشەبەردی ئەو نزیکانەو ئێوارەش کـە تاریـك دادەهـات دەهاتنـە دەرەوەو دەچـوونە لای کاروبـاری ئـاژەڵو کێڵگەکانیانـەوە. لێـرە گونـدی بچووکی سـێ چـوار ماڵـە یـان شارۆچـکەی سـێ چـوار هـەزار کەسـی خۆبـەخۆ کاروبـاری خۆیـان ڕێکخسـتبوو و بەڕێوەیان دەبرد. زۆر لە گوندەکان ئەنجومـەنی پێـنج کەسـیی خۆیـان هەڵبـژاردبوو (*مجلس الشعب* بە عەرەبیو *ئەنجومەن* بە کوردی).

کاتێ حوکوومەت خزمەتگوزاریی سادەو سـەرەتایی خـۆی لـە ناوچـە دێهاتیـەکان کێشـایەوە مامۆسـتا *پێشـمەرگەکان* فریاکـەوتنو جێـی مامۆسـتایانی قوتابخانـە چۆڵکراوەکانیان گرتـەوە. هـەروەها *پێشمەرگە* برینپێچەکانیش بنکە تەندروسـتیە داخراوەکانیـان دەبـرد بـەڕێوە. بـە زۆریـی گونـدەکان کارەبـاو ئـاوی خواردنـەوەی بۆرییان نەبوو، بەمە توانای ڕژێم بۆ تۆڵەکردنەوەو سەغڵەتکردنیان لەم ڕووەوە کـز بـوو. لەبەرئـەوە، هـەروەکو جـاران، کوردەکـان لـە زێو کانیاوەکـانو ئـاوی ژێـر

زەوی[48] پێداویسـتیی خۆیـان دابـین دەکـرد، زۆری ئـەو کەسـانەش کـە حـاڵو گوزەرانیان باش بوو مەکینەی کارەبای خۆیان هەبوو. کاروباری بازرگانیش لـە سـەر قاچاخچێتی بەندبوو, گوندنشینەکان بـە پێـی ئـەوەی کـە شـارەزای گشـت تـوولـەرێی گـردو تەپۆڵکـەکانی دەوروبـەر بـوون دەیـانزانی چـۆن خـۆ لـە ڕێگـرتنو ئابلۆوقـەی ئابووریی حوکوومەت بپارێزن کە بـە سـەر ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی *پێشـمەرگەدا* سـەپاندبووی. لـە خاڵـەکانی پشـکنینەوە تـەنها بـواری تێپـەڕبوونی ئـافرەت دەدرا. هەندێ جاریش کوڕی گەنج لەوێوە بە بەرتیل دەرباز دەبـوون، بـەڵام ئەمـە کـارێکی ترسناك بوو, هەندێ کەس دەگیرانو بێسەروشوێن دەکران بە گومـانی ئـەوەی گوایـە یارمەتیی *پێشمەرگە* دەدەن.

لـەو دەمـەدا جـۆرە جیاوازییـەك لـە نێـوان *پێشـمەرگە*و خەڵکـە مەدەنیـە ئاسـاییەکەدا پەیـدابووبوو. ڕاسـتێکەی *پێشـمەرگەی* کـارا مووچـەی ڕێکخراوەکـەی خۆیـان وەردەگـرت و بـە نۆبـە مـاوەی 15 ـ 20 ڕۆژ ئـەرك و فـەرمانی خۆیـان بەجێـدەهێناو ئەوەنـدەش لـە مـاڵی خۆیـان دەمانـەوەو لـە سـەر زەویـوزاری خۆیـان کاریان دەکرد*. بەڵام زۆربەی ئەو پیاوانەی لە تەمەنی سەربازیدا بوون و (تەنانـەت هەندێ جار ئـافرەتیش) لـە ڕێکخراوێکدا خرابوونـە ژێـر چـەکەوە بـە نـاوی هێـزی بـەرگریی میللـی یـان *هێـزی پشـتگیری*و ئـەرکی سـەرەکییان بـەرگری کـردن بـوو لـە گونـدەکانیان ئەگـەر هێرشـیان کرایـە سـەرو بەرەنگاربوونـەوەی سـوپاو ڕاگرتنـی تـا هێزی *پێشمەرگە* دەگات. چەکی سووك, دەسـتکەوتنی زەحمـەتێکی زۆری نەدەویست و لە *جاش* دەکڕراو باو بوو هەر ماڵەو چـەکێك یـاخود زیـاتری هـەبێت. لـەو کاتـەدا *پێشمەرگە* بۆ ئەوە کاریان دەکرد کـە هاوتـایی ڕژێـم تێکبـدەن و لاسـەنگی بکـەن بـە

---

[48] هەندێ گوند سیستەمێکی تایبەتی ئاوی خواردنەوەو ئاودێریی ژێـر زەوییـان هـەبوو لـە شـێوەی جۆگەلەدا کە بە خشت دادەپۆشران. ئەم خەنەك یـان جۆگەلـەی ژێـر زەویـە پێـی دەوتـرێ کـارێز . Karez

* جیاوازیی نێوان خەڵکی گوندەکان و پێشمەرگە لەو ئاستەدا نەبوو کە زۆر هەستی پێبکرێت. لاموایـە جـۆرە تێکـەڵبوونێك لێـرەدا دروسـتبووبێت، چـوونکە ئـەو سیسـتەمی 15 ڕۆژ لـە مـاڵ و 15 ڕۆژ دەوامکردنە لە نێو فەوجەکانی جاشدا باوبوو، نەك پێشمەرگە ـ و.

www.dengekan.com

هێزی جێگیرو گەڕۆکیانەوە. سەدان یەکەی بچووك بچووکی گەریلا، یان *مەفرەزە* بە دێهاتەکاندا دەسووڕانەوە. لە ناوچە شاخاویەکاندا *مەفرەزە* دەبوو هێند بچووك بووایە کە تەنها پێنج کەسی لەخۆ بگرتایە، لە گوندەکانیشدا کەمترین ژمارەی پێویست پانزە کەس بوو بۆ بەرگریکردنێکی سەرکەوتووانە. لە *مەفرەزە* گەورەتر *کەرت*و لە کەرتیش گەورەتر *تیپ* بوو**، کە ئەمەش بە پێی بۆچوونی کوردەکان هاوشان بوو لەگەڵ فیرقەیەکی سوپای نیزامیدا(49). لە سەرەتای ساڵی 1987ەوە تەنها شارو شارۆچکە گەورەکان و کۆمەڵگاکان و ڕێگاوبانە قیرەکان لە کوردستانی عێراقدا لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی بەغدادا مابوونەوە. دەسەڵاتیش بە سەر ناوچە دێهاتیەکاندا لە نێوان KDP لە باکوورو PUK لە باشووردا دابەشکرابوو. لە کاتێکدا کە ڕژێم دەمێك بوو ناو وناتۆرەی لە KDP دەناو بە "نەوەی خیانەتکاری" ی لە قەڵەم دەدان، ئێستا وا نیشانەی شوومی ئەوە دەبینێ کە PUKیش وەك بریکارێکی سەربازیو سیاسیی هێزێکی بێگانە کار دەکات کە عێراق لە گەڵی بەشەرهاتووە. لێرە بەدواوە گرووپی تاڵەبانی بە ڕەسمی وەك "*عومەلای ئێران*"* واتە بەکرێگیراوی ئێران ناودەبران, ئەمەش زاراوەیەك بوو, سەدام حوسێن خۆی دایهێنابوو(50). ئەم جوێن و بە سووك ناوهێنانە لە لایەن ڕژێمەوە بێبناغە نەبوو، چوونکە لە بەشی دووەمی ساڵی 1986دا هاریکاریی کردنی نێوان PUKو ئێرانیەکان بوو بە ڕاست. ئەو کاتەش KDP دەمێك بوو ڕێگەی ئێرانی لە بەردەمدا والا بوو وەك پەناگەیەك. وا PUKیش ئێستا هەست بەوە دەکات کە هیچ چارێکی تر نیە لەوە زیاتر کە وەکو ئەو بکات. لە کوردستانێکی چواردەور بە وشکایی گیراودا خەبات و تێکۆشان قەت سەرناکەوێ بێ یارمەتیدانی دەراوسێیەکی دۆست. نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە ئەو دەمە جێگری سەرکردەی یەکێتی

---

** لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا هەر هەمان وشەگەلی مەفرەزە، کەرت، تیپ بەکارهاتوون، ئەم دابەشکردنە زیاتر هی پێکهاتەی پێشمەرگایەتی PUK بوو ـ و.

(49) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، واشنتۆن ، 2 ی مایسی 1993.

* لە دەقەکەشدا هەر بە شێوەی Umala Iran هاتووە ـ و

(50) ناوزەدکردنی بەرهەڵستکارانی ڕژێم بە جوێن و ناو و ناتۆرەی ناشیرین زۆر باوبوو. مێرمنداڵێکی تەمەن حەڤدە ساڵ کەوا لە لایەن ڕژێمەوە ئیعدامکرابوو، لە دۆکیومێنتێکی ئەمندا کە فەرمان بە مەیتخانەی سلێمانی دەکات لاشەکەی لەکۆڵکاتەوە، بە "ئاگرپەرست" باسکرابوو وەك نیشانەیەکی سووکایەتی کردن بە ئاینی زەردەشتیی ئێرانی کۆن

نیشتمانیی کوردستان بوو دەیوت:"هیچ ڕێگایەك نەبوو خۆراك و ئازووقەی لێوە بگاتە ئێمە، هیچ یارمەتییەك نەبوو بۆ بریندارەکانمان، هیچ ڕێگەیەکیش نەبوو بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیەی کە ڕزگارمان کردبوو. لە بەر ئەوە ئێران پەنجەرەی ئێمە بوو بۆ جیهان".

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1986دا PUKو حوکوومەتی ئێران گەیشتنە ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنە لە سەر هاوکاری کردنی ئابووری، سیاسی، سەربازی. هەردوولا لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە دەبێ قورسایی تەواو بخەنە سەر شەڕکردنی ڕژێمی عێراق تا ڕووخاندنی سەدام حوسێن، هەردوو لاش پەیمانی ئەوەیان دا کە هەڵسوکەوتی یەکلایەنە لە گەڵ بەغدا نەکەن[51]. ئەگەر هەر لایەکیشیان بەرەوڕووی هەڕەشەو فشارێکی سەربازیی توند بووەوە ئەوە ئەویتر بەرەی دووەم بکاتەوە بۆ سووککردنی فشارەکەو ئێران ڕەزامەندیی پیشان دا کە چەك و یارمەتیی دارایی‌و پزیشکی بداتە P UKو لە هەمان کاتیشدا پێی لە سەر سەپاندنی ڕژێمێکی ئیسلامیی بە سەر بەغدادا, دانەدەگرت[52]. ئەنجامەکانی ڕێکەوتنەکە یەکسەر دەرکەوتن و، لە 10 ی ئۆکتۆبەردا, کۆمەڵێك گاردی شۆڕشی ئێرانی یان *پاسداران* بە هاوەڵیی *پێشمەرگەی* کورد لە بیرە نەوتەکانی کەرکووکیان دا، لە قووڵایی ناو خاکی عێراقدا. لە هەمان کاتیشدا بۆ بەجاریێ تووڕەکردن و دەمارگرتنی بەغدا، بە ناوبژیکردنی ئێرانیەکان PUK و KDP لە گەڵ یەکتر ئاشتبوونەوەو کۆتاییان بە ناکۆکیە درێژخایەنەکەی نێوانیان هێنا.

ئەم ڕێکەوتنەی تاران گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە هەڵوێستی ڕژێمی عێراقدا بەرپا کرد. لە گەڵ ئەوەشدا کە عێراق لە شەڕی دژ بە ئێراندا باڵادەست بوو، بەڵام بارودۆخی ئەمنیی لە ناو سنووریدا خراپ لە دەست دەرچووبوو. لەو کاتەوە کە

---

[51] پەیمان شکاندنێکی تر بەرامبەر بە کورد، ئەوەبوو تاران بی هیچ پرس و ڕایەك بە کوردەکان لە تەمووزی 1988دا بڕیاری شەڕ ڕاگرتنی UN ی قوبووڵ کرد لە هەڕەتی پەلاماردانی ئەنفالدا.

[52] چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ لە گەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، واشنتۆن ، 2 ی مایسی 1993.

www.dengekan.com

سەرلەنوێ شەڕ لە گەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی 1985دا دەستپێکردەوە کاروباری کورد بە محمد حمزە الزبیدی سپێردرا، کە سەرۆکی مەکتەبی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعس بوو. لە پاش پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەنەی بارودۆخی هەرێمەکە، وەك باسدەکرێ، کەوا فەرمان دراوە بە الزبیدی لە ماوەی شەش مانگدا کۆنترۆڵی بکات، کە ماوەکە تەواو بوو شەش مانگی تری درایە دەم، بەڵام دیسان هەر باری تێکچوون و ئاڵۆزیی بەردەوام بوو و لە سەرەتای ساڵی 1987دا بەغدا بڕیاری دا ئیجرائاتی توندوتیژ بگرێتە بەر. لێرە بەدواوە هەموو ئەوانەی هێشتا لە ناوچە شاخاویەکانی کورددا دەژیان وخەریکی کاروباری کشتوکالیی خۆیان بوون بە دوژمنی کاریگەری دەوڵەت لە قەڵەم دران لە بەر هیچ شتێك نە لە ڕەگەزو بوونی سروشتییان بترازێ لە سەر خاکی باوباپیرانیان.

---

# بەشی دووەم

# دەسپێك بـۆ ئـەنفـال

*"مـن ئـەو جوگرافیزانـە هـیچ و پووچانە بە درۆ دەخەمەوە*
*کـە ناوچـەیەکیجیهان سـێ جـاران دەکەنەوە،*
*ئەو ناوچانەی مـن مەبەستم بێت لێیان دەردەکەم و*
*بەم قەڵەمە دەیانکەمەوە بـە یـەك نـەخشەو*
*نــــاوی ویلایــــەت و شــــارو شارۆچکەکان*
*دەکەمە پاشکۆی ناوی خۆم..."*
*ـ مارلۆ، تەیموور لەنگی مەزن.*

تەواوی ئەو مەرامانەی لە قۆناخەکانی سەرەتای شەڕی عێـراق لـە گـەڵ کورددا لێیان بە نیازبوون، لە ساڵانی 1987 ـ 1988دا و لە ئاخرو ئـۆخری جـەنگی نێـوان ئێران ـ عێراقدا گەیشتنە ترۆپك و ئەوپەڕی لـەو پـەلامارەدا کـە بـە ئـەنفال ناسـرا. لەو بەڵگەنامە عێراقیە دەست بەسەردا گیراوانەدا کە ئێستا لـە لایـەن میـدڵ ئیـست وۆچەوە لێکۆڵینەوەیان لـە سـەر دەکرێت ئـەم تێرمـی ئەنفالـە بـەردەوام لـە هـەموو شـوێنێکدا قـوت دەبێتـەوە: گونـدەکان لـە میانـەی "عەمـەلیاتی ئـەنفالی قارەمانـدا پاككرانـەوە"، هـەڵاتنی گوندنشـینەکان بـۆ وڵاتـانی دەراوسـێ هۆکـاری "ئـەنفال"ی دراوەتێ، کێڵگە نەوتێك بە ناوی "ئەنفال"ەوە کرایەوەو"کەرتێکی تایبەتی ئـەنفال" ی حیزبــی بەعســی عــەرەبی سۆشیالیســت لــە یــادی ئــەو ڕووداوەدا دامــەزرا.

**قۆنتەراتێکی حوکوومەتیش بە ناوی "کۆمپانیای ئەنفال"ەوە کاری وشککردنی زۆنگاوەکانی باشووری عێراقی گرتبووە ئەستۆ[1]. بەڵگەنامەکان بە پشتگیریی شایەتیی ئەو کەسانەوە کە لە ئەنفال دەرباز بوون ئەوە دەسەلمێنن کە تواناو داهاتی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی بەربڵاو خرابوونەگەڕ بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی کارەکە.**

**"ئەنفال" ئەو ناوەبوو کە بە زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری نەخشە بۆ کێشراوی سەربازی دراو سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوەچوو، لە نێوان دواوایی شوبات و سەرەتای ئەیلولی 1988دا. سەرتاپای فەرماندەیی عەمەلیاتەکە لە دەستی مەکتەبی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کەوا بنکەی بارەگاکەی لە شاری کەرکووك بوو و لە مارتی 1987 بەدواوە "هەڤاڵی تێکۆشەر" علی حسن المجید سەرۆکایەتی دەکرد[2]. ئەو گوندنشینە کوردانەی لە ڕووداوەکانی ساڵی 1988 دەرباز بوون بە شێوەیەکی ڕۆتینی ئەلمەجید بە "عەلی ئەنفال" یان "عەلی کیمیایی" ناودەبەن.**

**لە بەر چەند هۆیەك، دانانی ئەلمەجید زۆر گرنگ بوو. تا ساڵی 1987 سیاسەتی سەربازیی دژ بە *پێشمەرگە* لە لایەن هەردوو فەیلەقی یەك و پێنجی سوپای عێراقەوە، کە بنکەیان لە کەرکووك و هەولێر بوو، دادەنرا. بەڵام لەم کاتەدا، حیزبی بەعس خۆی بەرپرسیاریی ڕاستەوخۆی تەواوی سیاسەتی بەرامبەر بە کورد گرتە ئەستۆ. هەروەها بەرپرسیاریی ئەلمەجید، چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بەست بە بازنەی بەرزترین دەسەڵاتی عێراقەوە ، کە بازنەیەکی بنەماڵەیەو لە**

---

[1] ئەو زۆنگاوانە بووبوونە ئامانجێکی بەربڵاوی نەخشەو پلانی ئەندازەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی یاخیبوون و سەرپێچیەکانی باشوور لە لایەن حوکوومەتی ناوەندیی بەغداوە. ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕژێم لەگەڵ دانیشتووانی شیعەی باشووردا، بە مەعدان یان عەرەبی زۆنگاوەکانیشەوە بە دوور و درێژی لە ڕاپۆرتێکی میدڵ ئیست ووٚچدا باسکراوە بە ناونیشانی "بارودۆخی ئێستای مافی مرۆڤ لە نێو شیعەکانی عێراقدا، مارتی 1993. Current Human Rights Conditions Among the Iraqi Shias

[2] مەکتەب یان نووسینگەی باکوور یەکێکە لە چوار مەکتەبی ناوچەیی حیزبی بەعس و تەواو جیاوازە لە گەڵ لیژنە یان کۆمیتەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا. مەکتەبەکانی دیکەی ئەو حیزبە بەرپرسن لە باشوورو ناوەڕاست و بەغدای پایتەخت. ئەم دابەشکردنەی عێراق بە سەر ناوچەی ئاسایشدا لە ڕێکخراوی چوار مەکتەبیی یان نووسینگەیی ئەمن و *ئیستیخباراتیشدا* ڕەنگی داوەتەوە.

شــاری تکریتــدا ســەنتەری گرتــووەو شەخســی ســەرۆك ســەدام حوســێن خــۆی سەرپەرشتیو چاودێریی دەکات.

باوکی سەدام، کە خۆی هەرگیز نـەیبینیبوو، لـە بنەماڵەی ئەلەجیـدی تکریـت بوو، علی حسن المجیدیش ئامۆزای سـەرۆکی عێـراق بـوو[3]. ئەلەجیـد، کـە لـە ساڵی 1941دا لـەدایکبووە، سـەرەتاو بناغەیـەکی تورەهـاتی هـەبوو، یەکـەمجار لـە ساڵی 1968دا بەوە ناسـرا کـە ـ تـەنها عـەریفێکی ـ پاسـەوانی شەخسـیی حـەماد شـەهابی تکریتــی بــوو، کــە فەرمانــدەی مــەوقیعی بەغــدای ســوپا بــوو و یــەکێك بــوو لــە سەرکردەکانی کوودەتا بەعسیەکەی ئەو ساڵە. ئەلەجیـد بـەخێرایی لـە نێـو بازنـەی تکریتیەکاندا پێشکەوتو بەرزبووەوەو لە سـاڵی 1979دا ڕۆڵێکـی بایەخـداری بینـی لە پاکسازیی سەرکردایەتیی حیزبدا. لـە کـاتی دانوسـتانی سـاڵانی 1983 ـ 1985ی نێوان ڕژێم و PUK دا سەدام حوسێن ئەم ئامۆزایەی بە بەرێوەبەری *ئەمن* دانا.

ئەلەجیـد، تەنانــەت بــە پێوانــەکانی دەزگــای ئــەمنیی بەعسـیش، ناوبــانگێکی درنــدەی تایبــەتی هــەبوو. بــە گــوێرەی وەســفی (شەخســی و بەڵگەنەویسـتی) کۆنــە *موستەشـارێك* کـە زۆری هەڵسوکەوت لـە گـەڵ کـردووە دەڵێـت "لـە سـەدام حوسـێن مەترسـیدارتر بـوو و ڕێـزی خـەڵکی نـەدەگرت. کـارکردن لەگەڵیـدا زۆر گـران بـوو, کابرایەکی گـەوجو نـەفام بـوو و تـەنها فەرمانـەکانی سـەدام حوسـێنی بەجێـدەهێنا. ئەم کاتی خۆی عەریفێکی پۆلیس بووە وا ئەمڕۆ وەزیری بەرگرییە. بە پێچەوانەوە (سەدام حوسێن مارێکی ژەهراویی کوشندەیە)و خۆی وا پیشان دەدا کـە لاوازە بـەڵام لـە هـەموو دەرفەتێکـدا ژەهـری خـۆی بـەکاردێنێ و لـە بـاروزرووفی سـەختدا، کـە پێویستی بە خەڵکی دڵڕەق بێت پەنا دەباتە بەر علی حسن المجید"[4].

---

[3] درەختی ئەم بنەماڵەیە لە کتێبەکەی سیمۆن هەندرسن دا باسکراوە "ئیمپراتۆرێتی ئێستا: مـەرامی سەدام حوسێن لە عێراقدا." لاپەڕە 87 .

Simon Henderson " Instant Empire: Saddam Hussien's Ambition for Iraq" San Fransisco Mercury House 1991.

عدنان خیراللەی وەزیری بەرگریی جارانی عێـراق کـە سـاڵی 1989 لـە ڕوداوی کەوتنـە خـوارەوەی هێلیکۆپتەرێکدا کوژراو حسێن کامل المجیدی وەزیری پیشەسازیو پیشەسـازیی سـەربازی، لـە نـاو خاڵۆزاو ئامۆزا دەرکەوتووەکانی سەدام دان .

(دواتر لە ساڵی 1995 دا حسێن کامل و براکەیو باوکی بە دەستی سەدام حوسێن کوژران-و)

(4) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ کۆنە موستەشارێکدا ، زاخـۆ، 1 ی ئـەیلوولی 1992. لـە ساڵی 1989دا ئەلمەجید کرا بە وەزیری ناوخۆ, پاشانیش، لـە ئـابی 1990دا و دوای داگیرکردنـی کوێت کـرا بـە پارێزگـاری ئـەوێش. ئێسـتاش (واتـە 1993-و) وەزیـری بـەرگریی عێراقـەو هـەر

هێرش‌و پەلامارەکانی ئەنفال لە لایەن هێزە نیزامیەکانی هەردوو فەیلەقی یەك‌و پێنجەوە ئەنجامدران، بە پاڵپشتی یەکەکانی فەیلەقەکانی تر کە لە بەرەی شەڕی ئێراندا نەبوون(5). گاردی کۆماریی هەڵبژاردەش بەشداریی قۆناخی یەکەمی ئەنفالی کرد، ئەو یەکانەی تریش کە بەشدارییان کرد هێزی تایبەت (*القوات الخاصە*)و هێزی کۆماندۆ (*مەغاویر*)و هێزی کوتوپڕی (*قوات الگواری‌و*)*، کە دەستەو تاقمی ژێر ڕکێفی حیزبی بەعس بوون بۆ کاری دژە تیرۆریزمی نێو شارەکان. پاشانیش، چالاکیی پشتگیریی بەرفراوانیان دەکرد - پێش یەکە سەربازیەکان دەکەوتن بۆ ناوچە ئاوەدانەکان و گوندەکانیان دەسووتاندو تاڵانیان دەکردن و بە دوای گوندنشینە هەڵاتووەکاندا دەگەڕان و کاری بەدەستەوەدانیان ڕێکدەخستن ـ گشت ئەمانە لە لایەن کوردی شێوە سەرباز (پاراميليتار)ی *جاشەوە* ئەنجامدەدران.

بەڵام لۆجیکی پەلامارەکەی علی حسن المجید بۆ سەر کورد لە ماوەی شەش مانگی پەلامارە سەربازیەکە زیاتر ڕۆیشت‌و تێیپەڕاند. لە ڕوانگەی بۆچوونێکی مافی مرۆڤەوە، میکانیزمی جینۆساید بە دانانی علی حسن المجید لە مارتی 1987ەوە کەوتووەتە کارو تا نیسانی 1989 لەگەڕدا بوو . بە چەند حەفتەیەك

---

بەردەوامە لە سەر کارو کردەوەی ئەوپەڕی دڕندانەی خۆی. بە پێی قسەی شایەتحاڵێك، ئەلمەجید بە دەستی خۆی نزیکەی 25 ـ 30 بەندیی لە گرتووخانەی بەسرە کوشتووە لە 3 یان 4 ی نیسانی 1991دا. لەو کوژراوانە شەشیان منداڵ بوون. بڕوانە میدڵ ئیست وۆچ: "بارودۆخی ئێستای مافی مرۆڤ لە نێو شیعەکانی عێراقدا "، 5 ی مارتی 1993.

Middle East Watch, "Current Human Rights Conditions among Iraqi Shi’a " March 5, 1993.

(5) سوپای عێراق بە هەمووی لە حەوت فەیلەقی نیزامی پێکهاتووە, بەڵام زاراوەی "هێزە تایبەتەکان" پێویستی بە هەندێ ڕوونکردنەوە هەیە. لە هێزە چەکدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاداو ئەوانیتریش کە لە سەر شێوازی ئەم دروستکراون، هێزی پیادەی سووك هەن‌و ئەرکیان هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنە لەگەڵ بابەتی شەڕی نهێنی‌و عەمەلیاتی نهێنیدا. بە پێچەوانەوە هێزە تایبەتیەکانی عێراق یەکەی پیادەی هەڵبژاردەی جووڵۆکن و بە چاکی پڕچەك کراون‌و بەزۆریش بەتالیۆنی تانك پاڵپشتیان دەکەن. ئەم هێزانە بە هۆی بەرفراوانیی جەنگی ئێران ـ عێراقەوە تەواو پەرەیان سەند بوو و بە بەراورد لە گەڵ *Stosstrupen* ی ئەڵمانیای جەنگی جیهانی یەکەم دەچوون. بڕوانە "شێوازی شەڕی عێراق: هێزە زەمینیەکان" لە "کتێبی زرێی بیاباندا", لاپەڕە 50 ـ 59 .

"Iraqi Order of Battle: Ground Troops" in (Desert Shield Factbook) Bloomington, IN, GDW,1991.

* ئەم وشەو دەستەواژە عەرەبیانە هەر بەم شێوەیە لە دەقەکەدا هاتوون ـ و.

دوای گەیشتنی ئەلەجید بۆ کەرکووك دەرکەوت کەوا حوکوومەتی عێراق بڕیاری داوە کێشە کوردیەکەی خۆی بە یەکجاریی‌و بۆ هەتاهەتایە بنبڕ بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەش سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەتی بۆ تەرخان کردبوو. نموونەی بەردەوامیی ئەو بڕیارو ڕاسپاردەو کردارانەی هێزە *ئەمنیەکان* پەیڕەوییان دەکرد گومانی ئەوەی نەهێشتبووەوە کەوا نیازی حوکوومەتی عێراق تێکشکاندنی تەواوی ڕێکخراوە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاری کورد بوو و لە هەمان کاتیشدا لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی گشت نیشتەجێکانی ئەو خەڵکەی لەو ناوچانانەدا مابوونەوە کەوا لە ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگەدا* بوون، ئەو شوێنانەی لێبڕزای کە هەندێك لەو خێڵانەیان تێدا نیشتەجێبوو کەوا گومان لە دڵسۆزییان نەبوو بۆ بەغدا. ئەوەی ڕێی لە بەدیهێنانی ئەم نیازو مەبەستانە دەگرت لە ساڵی 1987دا، کەموکوڕیی لۆجستیی بوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەوە بوو کەوا بەشێکی زۆری ئەو هێزو کەرەستانەی ئەنفال دەیویستن هێشتا هەر لە بەرەی شەڕی ئێراندا قەتیس مابوون.

* * *

عێراق بوو کە لە ساڵی 1980دا شەڕی هەڵگیرساندو عێراقیش بوو بە مایەی ئەوەی کەوا ئەو شەڕە هەشت ساڵ درێژە بکێشێت[6]. لە گەڵ ئەوەشدا ئێرانیەکان

---

[6] لە نێو ئەو دەقە سەرەکیانەدا لە سەر ئەم شەڕە ئەمانە بەرچاو دەکەون:

ـ"The Gulf War جەنگی کەنداو", Edgar O'Balance. London , Brassey's , 1988." ـ"The Longest War: The Iran- Iraq Military Conflict" Dilip Hiro (NewYork: Routledge,1991).

"درێژترین جەنگ : شەڕو پێکدادانی سەربازیی نێوان ئێران ـ عێراق"

ـ "Iran and Iraq at war" Shahram Chubin and Charles Tripp Boulder: West view Press, Second revised edn.1991)" "ئێران‌و عێراق لە جەنگدا"

ـ"The Lessons of Modern War"Cordesman and Wagner "وانەکانی جەنگی نوێ" .

زۆربەی ئەم کتێبانە کەموکووڕیی پشتگوێخستنی بووژانەوەی کاتیی ئێرانیان پێوە دیارە لە ساڵو نیوی دوادوایی جەنگدا، کە بێ ئەمەیان تێگەیشتنی پەیوەندیی نێوان یەکەم شەڕی کەنداوو پەلاماری ئەنفال کارێکی ئاسان نیە. ڕاستکردنەوەیەکی بەسوود کتێبەکەی:

Richard Jupa and James Dingeman "Gulf Wars: How Iraq won the first and lost the second.Will there be a third?" Cambria, CA: 3W Publications,C.1991).

"شەڕەکانی‌کەنداو: چۆن عێراق یەکەمی‌بردەوەو دووەمی‌دۆڕاند. تۆ بڵێی‌سێهەمیش بەرپابێت؟", لاپەڕە 1 ـ 9.

لە هەندێ جاردا توانییان عێراق بخەنە حاڵەتی بەرگری لەخۆ کردنەوە. لە تەمووزی 1983دا هێزەکانی ئێران شارۆچکەو سەربازگەی بایەخداری حاجی ئۆمەرانی سەر سنووریان گرت، کە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ڕەواندزەوە. بە هەرحاڵ, لە ڕوانگەی ئێرانەوە, مەبەستی سەرەکیی شەڕەکە هێرشی والفجر 8 بوو, لە شوباتی 1986دا ، کە لە پەلامارێکی سەرسامکەردا نیمچە دوورگەی زۆنگاو ئامێزی فاوی گرتو بەمەش ڕێگەی عێراقی لە کەنداوی فارس بڕی.

ئێران, پاش سەرکەوتنە تازەکەی لە فاودا، کە تێیدا سوپای عێراقی تووشی زەرەرو زیانێکی گەورە کردو ("مەیلی" ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بە لای بەغدادا بەهێز کرد)، بەرەی دووەمی لە باکوور، لە چیا سەختو تووشەکانی کوردستانی عێراقەوە, کردەوە. ماوەی زیاد لە شەش ساڵ بوو ڕژێمی عێراق وەك دیفاکتۆیەك (ئەمری واقیع - و) وازی لە زۆربەی ناوچە دێهاتیەکانی باکوور هێنابوو و لە ژێر کۆنترۆڵی *پێشمەرگەدا* بوون، بەڵام ئێستا وا هێزی بێگانە هەڕەشەی داگیرکردنی ناوچەیەکی بەربڵاوی لای سنوور دەکەنو هێزە زۆر پێویستەکانی لە بەرەی باشوورو دەوروبەری بەسرەوە بۆ ڕادەکێشن. هێرشو پەلاماری ئۆکتۆبەری ساڵی 1986 ی پاسدارە ئێرانیەکان بوو بە هۆی دەمارگرژیی کاربەدەستە عێراقیەکانو تەنانەت بیرە نەوتە گرنگەکانی کەرکووکیش، کە نزیکەی سەد میلێك لە سنوورەوە دوور بوون، زۆر قایم نەبوون و لەو هێرشانە بەدەرنەبوون.

لێکۆڵەرەوان, مشتومڕی ئەوەیان لە نێواندایە کە ئایا عێراق لەم دوا قۆناخەی جەنگدا هەڕەشەو مەترسیی تەواوی لە سەر بووە لە لایەن ئێرانەوە. ئەڵبەتە هێرشە قەبەو بەرفراوانەکەی (کەربەلا - 5) ی ئێران بۆ سەر دەریاچەی ماسیی لای بەسرە لە کانوونی دووەمی 1987دا دوا بەکارهێنانی تاکتیکی "شەپۆلە مرۆڤ" بوو کەوا هێزیان بە دەیان هەزار کەس، کە بە زۆری لە بەسیجی[7]نیمچە مەشق پێکراو پێکدەهات، دەکردە سەر ئامانجە جێگیرەکانی دوژمن. ئەنجامیش ئەو کارەساتە

---

[7] بەسیج، یان یەکە گەڕۆکەکان، لە ڕاستیدا خۆبەخشی مەشق پێنەکراو بوون لە ژێر سەرپەرشتیی پاسدارانەدا. ئەوانە تەواوکەری بیروبۆچوونی ئێران بوون لەمەڕ "شەڕی ئیسلام" کەوا زیاتر پشت بە باوەڕ دەبەستێ وەك لە تەکنۆلۆجیاو شارەزایی سەربازیی ئاسایی، بڕوانە:)
Chubin and Tripp, Cordesman and Wagner, Iran and Iraq at war.
"ئێرانو عێراق لە جەنگدا" , لاپەڕە 42 ـ 49 .

سـامناکانە بـوو کـە بەرگـەی نـەدەگیرا وەك تـاران ئێسـتا پێـی لێـدەنێ. لـە 12 ی شوباتدا, هێزەکانی ئێران بە هێرشێکی بچووك لە ژێر نـاوی (فـەتح 4) دا گەڕانـەوە بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران، ئەگەرچی هەندێك وایبۆدەچن کە ئەمـە زیـاتر کـارێکی چاوبەستیو پرۆپاگەنـدە بـوو لـەوەی کـە هێرشـێکی ڕاسـتەقینە بێـت[8]. بـەڵام سـێ حەفتە دواتر، لە 4 ی مارتدا هێرشێکی ترسناکی نوێی ئێرانی بە ناوی (کەربەلا 7) ناوچە سنووریەکانی عێراقی لە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندزەوە بەزاند بە هێزێکی سـەربازی کـە ئـەمجارەیان *پێشـمەرگەی* هـەردوولا KDP و PUK هاوکارییـان کـردو تـوانی هەشت کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراقەوە. ڕژێمـی عێـراق بـەم دەسـت تێکەڵکردنـە بەجارێ شێت و هار بوو، بە تایبەتی تێوەگلانی هەردوو لایەنە کوردە ڕکەبەرەکـەی یەکتر[9]. لە 13 ی مارتداو لـە چاوپێکەوتنێکی دەگمەنـدا لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـێکی بێگانـەدا، هاشـم حەسـەن ئـاکرێی وەزیـری دەوڵـەتی عێراقـی بـاری سـەرنجی لـەوە دەربڕیـوە کـەوا "ئێرانیـەکان هـەوڵی ئـەوە دەدەن ئـەم کەسـانە بـەکاربێنن بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەرك و کـاری چـەپەڵ و لەبەرئـەوە شـارەزای جوگرافیـاو هـەموو کونو کەلەبەرێکی ناوچەکەن بۆیە ئێرانیـەکان تـەنها وەك چاوسـاغ و ڕێپیشـاندەری گاردی خومەینیو هێزەکانی ئێران کەڵکیان لێدەبینن". کوردەکان، یان ڕاستتر بڵـێین PUKی تاڵەبانی بە ئاشکرا کەوتبوونە سەر قسەو باسـی دابەشـکردنی لـە دەوڵـەتی عێراق[10].لە 14 یان 15 ی مارتـدا, سـەدام حوسـێن مـاوەی زیـاد لـە پێـنج سـەعات سـەرۆکایەتیی کۆبونەوەیـەکی فەرمانـدەیی گشـتیی هێـزە چـەکدارەکانی کـرد. وەك باسدەکرێ علی حسن المجیدیشی تیادا ئامادە بـووە. پێویسـتە باسـی هـەر بێگانەیـەك لە سەر ئەوەی چی لەم کۆبوونـەوە نهێنیـەدا ڕوویـدابوو بـە باشـی بخرێتـە بەرچـاو،

---

[8] بۆ نموونە، بڕوانە: Cordesman and Wagner, Iran - Iraq at War, P257

[9] KDP و PUK دواجار گەیشتنە ڕێکەوتنێکی سیاسی ـ سەربازیی ڕەسمیـی هاوکـاری کـردن لـە تشرینی دووەمی 1987دا و لە ساڵی 1988یشدا بەرەی کوردستانی دامـەزراو لـە دواییشـدا پێـنج حیزبی بچووکی تر چوونە ناو بەرەوە.

[10] بە گوێرەی ڕوونکردنەوەیەکی نەوشیروان مستەفا ئەمین لـە چـاوپێکەوتنێکی نیسـانی 1987یـدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆندا، یەکێك لەو مەسەلانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەچـاوی کردبـوو "بچڕبچڕکردنی عێراق بوو بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك: شیعەو کوردو سوننە", لە ئـەماتزیا بـارام: "فەرهەنگ، مێژوو، ئایدیۆلۆجی لە پێکهاتنی بەعسی عێراقدا

Amatzia Baram: Culture, History" and Ideology in the Formation of Bathist Iraq, 1968-1989.

لاپەڕە 127 وەرگیراوە.

بەڵام بە پێی لانیکەم دوو باس، کەوا سەرۆکی عێراق بە گەورە ئەفسەرانی خۆی وتووە کە ئەو بە هۆی "هیلاکیو داخورانەوە لە تێکشکاندن" دەترسێ[11]. لە 18 ی مارتدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی هەرێمایەتیی حیزبی بەعس پێکەوە بڕیاریاندا بە دانانی ئەلەجیدی ئامۆزای سەرۆك بە سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعس.

هەردوك, سعدی مهدی صالح و محمد حمزه الزبیدی, کە پێش ئەم لەو پۆستەدا بوون بواری ئەوەیان دا کەوا کێشەی کورد بۆ ماوەیەکی زۆر دومەڵێکی بەچڵکوکێم بێت، بەڵام ئەلەجید هەڵەکانی ئەوان دووبارە ناکاتەوە. لە ناوەرۆکدا یەکنەگرتنەوەی لێکۆڵەرەوان لە بارەی شەڕی ئێران عێراقەوە مەسەلەیەکی ئەکادیمییە، لانیکەم لەو بوارانەدا کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە. ڕاستیەکەی لەوانەیە سەدام حوسێن پێشبینی تێکشکانێکی لەسەرخۆی کردبێت بە هۆی سیاسەتی ئەو کاتەی بەغداوە. لەوانەشە هێرشە ڕاگیراوەکەی ئێرانی دەریاچەی ماسیی لە کانوونی دووەمدا, بە خاڵی وەرچەرخان دانابێت لە بەرژەوەندیی عێراق و بۆ ئەوەی وەکو هەلێك لە ناو وڵاتەکەدا بۆ سوودی خۆی بەکاریبێنێت. هەر لایەکیان بێت, شتێکی ئاشکرایە کە ئەو بڕیاری ئیجرائاتی نائاسایی پێویستی دابوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد, کە بووبووە گرفتێکی لاوەکی لە ململانێی ئێران ـ عێراقداو, بنەبڕکردنی بە شێوەیەکی یەکجارەکی.

تواناو دەسەڵاتی یاسایی نوێی علی حسن المجید لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هاوتای تواناو دەسەڵاتی سەرکۆمار خۆی بوو، بە پێی بڕیاری ژمارە 160 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە 29 ی مارتی 1987دا. بەمە ئەلەجید بوو بە "نوێنەری سەرکردایەتیی شۆڕش لە جێبەجێکردنی سیاسەتیاندا لە تەواوی هەرێمی باکووردا، بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیشەوە، بە مەبەستی پاراستنی ئەمن و ئاسایش، دابینکردنی باری هێمنی و پیادەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا". بڕیارەکە بەردەوام دەبێ لە سەر ڕوونکردنەوەیو دەڵێ: "پێویستە بڕیارەکانی هەڤاڵ علی حسن المجید لە لایەن تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پەیڕەوی بکرێن، بە سەربازیو مەدەنیو ئەمنییەوە"، فەرمانی ئەو بە تایبەتی "دەسەپێ بەسەر ئەو

[11] لە (Cordesman and Wagner, Iran - Iraq at War) ل 259 ـ 260 وەرگیراوە. هەروەها O'Ballance هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە، بەڵام کەمتر دووروودرێژیی دەداتێ.

مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە بواری کارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و لیژنەی کاروباری باکوورەوە هەیە". فەرمانێکی تریش کەوا لە 20 ی نیسانی 1987دا لە لایەن سەدام حوسێنەوە دەرچوو و دەسەڵاتی زیادەی بە ئەلمەجید دا بۆ دیاریکردنی بودجەی لیژنەی کاروباری باکوور.

"بڕیارو ڕاسپاردەکان" ی ئەلمەجید دەبوو بێ چەندوچوون لە لایەن تەواوی دەزگا ئەمنیەکانەوە جێبەجێ بکرایە، بە دەزگای *ئیستیخباراتی* عەسکەریشەوە، هەروەها لە لایەن هێزەکانی *ئەمنی* ناوخۆو فەرماندەیی سوپای میللییەوە (*قیادە الجیش الشعبی*)و تەواوی فەرماندە سەربازیەکانیشەوە لە ناوچەی باکوور. بڕیاری ژمارە 160 و پاشکۆکانی هیچ گومان و دوودڵیەکیان نەهێشتەوە کەوا بە ئاسانی علی حسن المجید بوو بە فەرماندەی باڵاو بڕیار بەدەستی ڕەهای هەموو ڕووەکانی ئەنفال.

* * *

نزیکەی ساڵێك تێپەڕی پێش ئەوەی ئەو پەلامارە دەستپێبکات، بەڵام پاش چەند حەفتەیەك لە دانانی المجید، لۆجیکی ئەنفال بە تەواوی دەرکەوت. چوارچێوەی کاری یاسایی بۆ خرایەگەڕو فەرمانی نوێ بۆ هێزەکانی *ئەمن* دەرکرا، هەروەها شەپۆلێکی دوو مانگیی هێرشی سەربازیو گوند وێرانکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ دەستی پێکردو بۆ پەلامارێکی گەورەتری لەوەوپاش خۆیان سازدەکرد. دواتر, ئەلمەجید بە یاریدەدەرەکانی وتبوو "من دوو ساڵم بۆ خۆم دانابوو بۆ کۆتایی پێهێنانی چالاکیی تێکدەران"[12]. هەر بە هاتنی یەکەم ڕۆژانی فێنکیی بەهارو توانەوەی بەفر لە چیاکاندا, ئەلمەجید دەستیکرد بە پرۆسە سێ قۆناخیە دڕندانەکەی "گوند کۆکردنەوە"، یان بە واتایەکی تر وێرانکردنی سەدان گوندی کشتوکاڵیی کوردو ڕاگواستن و نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوانیان لە کۆمەڵگاکاندا.

---

[12] کاسێتی گفتوگۆیەك لە نێوان علی حسن المجیدو یاریدەدەرەکانی لە حیزبی بەعسدا کە ناویان نەهێنراوە، 22 ی کانوونی دووەمی 1989.

تەنانەت فەرماندە پایەبەرزەكانی سوپاش تووشی ڕاچڵەكین و سەرسوڕمان بوون لەو دڕندایەتیەی كەوا لە مێشكی ئەم كابرایەدایە. ئەو لەمەودوا وەك نهێنییەك بۆ یاریدەدەرەكانی دركاندبوو:

"كاتێ ئێمە بڕیاری ڕووخاندن و كۆكردنەوەی گوندەكانمان داو هێڵی جیاكەرەوەمان لە نێوان خۆمان و تێكدەرانـدا كێشا، یەكەم كەس كە دوودڵیو گومانی لە بەردەم سەرۆكدا بۆ دەربڕیم (گالع الدوری ـ فەرماندەی جارانی فەیلەقی پێنج) بوو. یەكەم كەس كە مەترسیی خستە ڕێم گالع الدوری بوو. تا ئەمڕۆش مۆركی ئەو كاریگەرییەی گالع هەر دیارە. ئەو بە تەواوی ئەو گوندانەی خاپوور نەكرد كە من دەمویست لەوكاتەدا. ئەمە هەڵوێستی كۆنترین ئەندامی حیزبی بەعس بوو، ئەی كەوابوو سەبارەت بە خەڵكیتر چی بڵێین؟ چۆنمان قەناعەت پێبكردنایە كە كێشەی كورد چارەسەر بكەن و تێكدەران لەناوبەرن؟"[13].

خشتەكانی ئەم سێ قۆناخەی پەلامارەكەی ئەلەجید لە ژمارەیەك بەڵگەنامەی ڕەسمیدا دەركەوتن و بە شێوەیەكی سەرنجڕاكێش لە نامەیەكی ئەركانی گشتیی جاشدا بۆ فەرماندەیی فەیلەقی پێنج لە 13 ی نیسانی 1987دا، ئەمە وا دەردەكەوێ وەڵامی فەرمانێكی زارەكیی فەرماندەی فەیلەقی پێنج بووبێت سەبارەت بە "لە ئەستۆگرتنی تەواوی ئیجرائاتی (لێرەدا ناخوێنرێتەوە) كۆتایی پێهێنانی تێكدان لە ناوچەی باكوورداو چۆنێتی جێبەجێكردنی چۆڵكردن و ڕووخاندنی ئەو گوندانەی قەدەغەی ئەمنییان لە سەرە". یەكەم قۆناخی پرۆسەكە دەبێ لە 21 ی نیسان دەستپێبكات و لە 20 ی مایسدا كۆتایی پێبێت، دووەمیش یەكسەر لە 21 ی مایسدا دەستپێبكات و تا 20ی حوزەیران بەردەوام بێت[14]. نەخشەی ئەمنیو سەربازی ئامادەكرابوو و بە هێڵی سوور سنووری ئەو ناوچانە دیاریكرابوو كەوا "لە بەر هۆكاری ئەمنی قەدەغەیان خرابووە سەر". *ئەمن* بە تایبەتی "كۆمیتەی گوندە قەدەغەكراوەكان" ی پێكهێنا بۆ چاودێریكردنی ناوچە ڕاگوێزراوەكان و ئەو

---

[13] هەمان سەرچاوە, بۆ تەواوی تێكستەكە, بڕوانە پاشكۆی (A).

[14] نووسراوی تایبەتی ئەركانی گشتیی هێزەكانی بەرگریی نیشتمانیی (بەشی عەمەلیات) بۆ فەرماندەیی فەیلەقی پێنج لە هەولێر، بە ژمارە 573/28 لە 13 ی نیسانی 1987دا "ئەوپەڕی نهێنی". شاری مەخموور دەكەوێتە نزیكەی 35 میلی باشووری ڕۆژئاوای هەولێرەوە.

ناوچانەی بۆ قۆناخەکانی یەك و دوو دیاریکرابوون فەرمانەکە ڕوون و ئاشکرابوو کەوا "سەرجەم گوندە قەدەغەکراوەکان دەبێ بڕوخێنرێن"[15].

ئەفسەرێکی پێشووی *ئیستیخباراتی* سەربازیی، کە لەم دواییەدا خۆی گەیاندبووە لای PUK بە میدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاندبوو کەوا ئەو بەهارە کۆبوونەوەیەك لە کەرکووك بەسترابوو و پارێزگارەکانی هەولێرو کەرکووكو دهۆكو سلێمانی تێدا بەشدار بوو بوون، هەروەها فەرماندەکانی فەیلەقی یەكو پێنجو فەرماندەی فیرقەکانو گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعسیش. لەم کۆبوونەوەیە دا علی حسن المجید بە تووڕەییەوە قسە دەکاتو فەرمان دەدات کە "نابێت یەك خانوو بە پێوە بمێنێت" لە گوندە کوردنشینەکانی دەشتی هەولێردا ، بەڵکو تەنها گوندە عەرەبنشینەکان دەمێننەوە[16].

هەر ئەم شایەتە لە کۆبوونەوەیەکی دواتردا لە هەولێر گوێی لێبووە ئەلەجید هەمان فەرمانی دووبارە کردووەتەوەو هەڕەشەی ئەوەشی لێکردوون کە "خۆم دێمو چاودێریی کارەکە دەکەمو ئەگەر تاقە یەك خانوو بە پێوە ببینم ئەوە فەرمانەدەی ئەو بەشە بەرپرسیار دەکەم"، ئەو کۆنە ئەفسەرەی *ئیستیخبارات* لە سەر قسەکانی دەڕواتو دەڵێت: "لە پاش ئەو فەرمان پێکردنە چووم پڕ دوو ئیڤا تەقەمەنیم لە عەمبارێکی سوپا لە هەولێر پەیداکرد (ئیڤا ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگری دروستکراوی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتە)، ئەوجا بە زەبری هێز 200 بلدۆزەرم لە هاولاتیانی هەولێر بە بێگار سەندو بە بلدۆزەرەکان کەوتینە تێکدانی خانووی قوڕینی گوندەکان و بینا کۆنکریتەکانیشمان بە دینامیت دەتەقاندەوە، بۆ ئەم کارەش ئەندازیاریی سەربازیمان خستبووە گەڕ"، هێزەکان لە بەرەبەیاندا دەستبەکار دەبوون و بیرەکانیان پڕدەکردەوەو کارەباشیان دەبچڕیو تەنها ستوونەکانیان بە پێوە دەهێشت. پاش ئەوەی کاری ئەندازیاریی تەواو دەبوو، *ئیستیخبارات* بە هەلیکۆپتەر گوندەکانیان دەپشکنیو هەر خانووبەرەیەك بە پێوە بمایە خێرا فەرمان دەدرا بە فەرماندەیی ناوچەکە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوەو کارەکە بە تەواوی ئەنجام بدەن، جاری واشبوو بە توندیی تەمێ دەکران. ئەمە پرۆژەیەکی یەکجار نائاسایی بوو و لە

---

[15] مەحزەری کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنیی شەقڵاوە، 4 ی نیسانی 1987.
[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، زاخۆ، 24 ی حوزێرانی 1992.

سەرانسەری کوردستاندا بەڵگەی بەرچاو هەن کە چەندین گوند ئاوها ڕووخێنراون و وێرانکراون.

لە ناوچە وێرانکراوەکاندا هیچ جۆرە کشتوکاڵێك نەما, هێزی ئاسمانیی حوکوومەت بەردەوام بەسەر ئەو ناوچانەدا دەگەڕاو دەسنیشانی هەر کارێکی کشتوکاڵیی ڕێپێنەدراوی دەکردو لیژنە ئەمنیەکانی ناوچەکانیش بەرپرسی هەر سەرپێچیەك بوون. هەروەها قەدەغەیەکی توند خرایە سەر کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە لە ناوچە کوردنشینەکاندا، بە هەمان شێوەش بازرگانیکردنی کشتوکاڵی لە نێوان پارێزگاکاندا. علی حسن المجید یش وەك باسدەکرێ، لە کۆبوونەوەکەی هەولێردا گەلێ ڕاسپاردەی تایبەتیی شەڕو پێکدادانی دەرکردووەو فەرمانی ئەوەی دابوو کەوا سوپا لە حاڵەتی بەرگریی کاریگەردا دەستبکاتەوەو ئەگەر ئەو بەرەنگاریە بوو بە شەڕو پێکدادان ئەوە دەبێ لە تۆڵەی ئەوەدا تەواوی خەڵکی ئەو گوندە بکوژرێن. بەڵام لە ڕاستیدا بەرەنگاربوونەوەیەك نەبوو، چونکە ئەو گوندانەی بۆ پاکتاوکردنی ساڵی 1987 دەسنیشانکرابوون لە نزیك یان لە سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا بوون، تەنها لە قۆناخی سێیەمی پەلامارەکەدا نەبێت کەوا هێزەکانی حوکوومەت پرکێشییان کردو هەڵیانکوتایە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگە* .

* * *

## سەرەتای کیمیاباران

ڕژێمی عێراق، تەنانەت پێش ئەوەش کە یەکەم قۆناخی پاکتاوکردن بکەوێتە کار، سنوورێکی نوێی دیکەشی دژ بە کورد تێپەڕاند. هەر لە یەکەم ڕۆژانی حوکمڕانیی ئەلەجیدەوە، *پێشمەرگە*و بە تایبەتی *پێشمەرگەی* PUK بە شێوازێکی جێگیر بەردەوام بوون لە سەر چالاکیی سەربازیی. لە سەرەتای نیساندا, PUK گەورەترین هێرشی خۆی تا ئەو کاتە لە دۆڵی جافەتیدا، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دووکانەوە, دەستپێکرد. دۆڵەکە بارەگای سەرکردایەتیی PUKی تێدابوو و هەزاران *پێشمەرگەی* تێدا کۆبوونەوە بۆ هێرشکردن و لە ماوەی چەند سەعاتێکدا دەستین بە سەر دەیان ڕەبیەی بچووکی سەربازیدا گرت و

سەدانیشیان بە دیل گرتن. بەڵام وەڵامدانەوەی حوکوومەتیش زۆری نەخایاند. پێشمەرگەیەکی PUK کە لەم پەلامارەدا شەڕی کردووە دەگێڕێتەوە کەوا: "سەرکردایەتیمان زانیاریی پێگەیشتبوو کە عێراق بە تەمایە چەکی کیمیایی بەکاربێنێت. ئەوان ئامۆژگارییان دەرکردبوو کەوا لە حاڵەتی پەلاماردانی کیمیاییدا چیبکرێت و ڕایانسپاردین کە پەڕۆی تەڕ بدەین بە دەموچاوماندا، ئاگر بکەینەوە یان بچینە ئەو شوێنانەی کە دەکەونە سەروو ناوچەی کارتێکراوەوە.بۆ یەکەمجار کە حوکوومەت گوللە تۆپی کیمیایی بەکارهێنا، لە دۆڵەکانی جافەتیو شارباژێردا لە 15 ی نیساندا بوو، شەوێ دوان دوای سەرکەوتنەکەمان. ئێمە نەماندەزانی ئەوە کیمیاییەو دەنگەکەی وەك دەنگی تۆپبارانی ئاسایی زل نەبوو و بۆنی سێوی گەنیو و سیرمان دەکرد. گوللە تۆپێکی لە ژمارە نەهاتوو بەسەرماندا داباریین، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوون"[17].

بەڵام ڕۆژی دوایی, بارودۆخەکە لە گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسان, بەو جۆرە نەبوو. ئەم دوو گوندە هەر ماوەی میل و نیوێکیان لە نێواندا بوو و لە نێو دۆڵێکی سەختو هەڵەتی باشووری شارۆچکەی ڕەواندزدا بوون. دۆڵی بالیسان بارەگای *مەڵبەندی سێی* PUK، یان فەرماندەیی هەرێم بوو[18]. ئەوکاتە, لە دوای نیوەڕۆی 16 ی نیساندا, ژمارەیەکی کەم *پێشمەرگە* لەوێ بوون، چوونکە زۆربەیان لە چالاکیە سەربازیەکەی دۆڵی جافەتیدا لە کلکەی ئەوسەری دەریاچەی دووکانەوە, بەشدارییان کردبوو. لە جیاتی ئەوان خێزانەکانیان گرفتار بووبوون.

---

[17] چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ، چۆمان، 23 ی مارتی 1993. هەروەها وەك باسدەکرێت لە 15 ی نیسانی 1987دا هێرشێکی کیمیایی کراوەتە سەر بارەگای KDP لە زێوە، کە ناوچەیەکی گەورەی چۆڵکراو بوو نزیك سنووری تورکیا.

[18] PUK بە هەموو چوار *مەڵبەندی* هەبوو. بنکە و بارەگای یەکەمیان لە چیاکانی قەرەداخدا بوو و بەرپرسی کاروباری سیاسی و سەربازی بوو لە پارێزگای سلێمانیدا. دووەمیان لە دۆڵی جافەتی بوو و سەرپەرشتی عەمەلیاتی لە پارێزگای کەرکووك (التأمیم)دا دەکرد. سێیەم و چوارەمیش بنکەیان لە دۆڵی بالیساندا بوو لە نزیك دۆڵی سماقووڵییەوەو پێکەوە بەرپرسی کاروباری PUK بوون لە پارێزگای هەولێردا. پاشان ئەم دوو مەڵبەندە بوون بەیەك و لە ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان PUK و KDP مەڵبەندێکی نویێ لە زێوە کرایەوە بە ناوی مەڵبەندی چوار بۆ ڕاییکردنی کاروباری PUK لە پارێزگای دهۆکدا. زێوە بارەگای KDPیشی تێدابوو و دەکەوتە سەر سنووری تورکیا.

باليسان خۆی گوندێكی گەورە بوو، كە تا نيسانی 1987 نزيكەی 250 ماڵ دەبوو (دەوری 1750 كەس)[19] و لە هۆزی خۆشناو بوون، هەروەها چوار مزگەوت و قوتابخانەيەكی سەرەتايیو يەكێكی ناوەنديشی تێدابوو و بە هێڵێكی ڕاستەوڕاستی نزيكەی دوانزە ميل دەكەوتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچكەی شەقڵاوەوە. شێخ وەسانيش كە گوندێكی بچووكتر بوو و نزيكەی 150 ماڵێك دەبوو، كەمێك دەكەوتە ئەولاترەوە بە لای باكووری ڕۆژهەڵاتداو لە نێو هەندێك چياو گرددا جێگير بووبوو. دۆڵەكە بۆ ماوەيەكی زۆر جێگەو ڕێگەی *پێشمەرگە* بوو. بزووتنەوەكەی بارزانی لە ساڵانی 1961 تا 1974 كۆنترۆڵی كردبوو، پاشانيش *مەڵبەندی سێی* PUK لە دەمی بەرپابوونی جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1980وە. لە دەوروبەری ساڵی 1983يشەوە دۆڵی باليسان بوو بە "ناوچەی قەدەغەكراو" و هەرچەندە حوكوومەت خاڵی پشكنينی لە ڕێگادا داناو هەوڵيدا ئابلۆوقەی بخاتە سەر بەڵام لە بەربەستكردنی گەيشتنی خۆراك و كەلوپەل و زەخيرەدا سەركەوتنێكی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا. لەو دەمەشەوە بەشە خۆراكی ڕاگيرابوو و مامۆستای حوكوومەتيش لە قوتابخانەكانی كێشرابووەوە. فڕۆكەكانی عێراقيش بەردەوام هێرشی دەكردنە سەرو تەنگی پێهەڵچنيبوون و گوندنشينان ناچاری خۆشاردنەوە دەبوون لە ئەشكەوتە تاريكەكانی چياكانی ئەو ناوەدا، بەڵام هێزی زەمينی هەرگيز نەدەهاتە ئەو دۆڵەوە.

وا دوای نيوەڕۆيەكی درەنگی 16 ی نيسانە, نمەنم باران دايكردووەو گوندنشينانيش لە سەر مەزراو كێڵگەكانيان گەڕاونەتەوەو خەريكی ئامادەكردنی نانی شێوانن, لەم كاتەدا دەنگی فڕۆكە پەيدابوو و تا دەهات نزيكدەبووەوە. خەڵكەكە هەندێكيان هەر لە ماڵەكانياندا مانەوەو هەندێكی تريان بە پەلەپڕووزێ خۆيان گەياندە كونە تەيارەكانيان، پێش ئەوەی پۆلێك فڕۆكە دەركەون و بە سەر هەردوو گونددا نزم ببنەوەو بۆمبەكانيان بەربدەنەوە. ئەوجا ژمارەيەك تڵپەی تەقينەوە پەيدابوو. تا ئەم ساتە هيچ حوكوومەتێك هەرگيز چەكی كيمیايی دژ بە

[19] ژمارەی دانيشتوانی باليسان و شێخ وەسان لە دۆسێكەی ڕەسووڵ وەرگيراوە، لەمەڕ گوندە وێرانكراوەكان، ئەگەرچی ئەو گوندنشينانەی ميدڵ ئيست ووچ چاوپێكەوتنی لە گەڵ كردوون وايدادەنێن كە باليسان گەورەتر بووەو نزيكەی 525 ماڵ بووە. كاربەدەستانی كۆميسيۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە يەكگرتووەكان (UNHCR) وای لەقەڵەم دەدەن كەوا تێكڕا قەبارەی هەر ماڵێك حەوت كەسە لە گوندە كوردەكاندا.

دانیشتوانی مەدەنیی خۆی بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەو ڕێژە قورس و زۆرەی تیاچوونی خۆبەخشە ئێرانیەکان لە ساڵی ڕابووردودا، کاتێ کە گازی ژەهراوی بە فراوانی لە مەیدانی شەڕدا بەکاردەهات، بەڵگەی بەرچاو و بەهێز بوو بۆ حوکوومەتی عێراق کە ئەم چەکە قەدەغەیە چ ترس و سامێك بەرپادەکات. هەر لە بەر ئەم دیمەنە ترسناکەشی بوو کە بڕیاری تۆمارکردنی درا لە سەر کاسێتی ڤیدیۆ. ڕژێمی عێراق زۆر بە وردیو بە شێوەیەکی هەمەلایەنە کاروباری ئەم تۆمارکردنەی ڕایی دەکرد. خەڵکی وڵاتە دراوسێکان بە نیمچە لاقرتی پێکردنێکەوە دەیانوت عێراقیەکان "پرووسیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن"[20]. لە بڕیاری بەرزەوە بۆ کاری ئاساییو هاکەزایی، بۆ تەواوی کاروباری هێزە ئەمنیەکان دەکران بە نووسراو و برووسکە, ژمارە و بەرواریان بۆ دادەنراو لە وەرگرتندا مۆر دەکران. تەنانەت فەرمانێکی ئاسایی ڕیزبەندیەکی بەرزی ئاسایشی لەخۆ دەگرت و ژمارەیەکی زۆر کۆپیی دەسنووس یان چاپکراوی لێدەگیرایەوەو ئەوجا بە پێی زنجیرەی فەرمانەکان پۆلێن دەکراو دەخرایە نێو فایلەوەو نووسەرەکانیان بەتەواوی بڕوایان بەوە هێنابوو کە هەرگیز کەس پەی بەو نهێنیانە نابات. لە ناوەڕاستی ساڵەکانی 1980یشەوە دەزگاکانی ئاسایشی عێراقی کەوتنە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای ڤیدیۆ وەك شێوەیەکی نوێ تۆمارکردن. ئەو کاتە دەبوو چالاکیەکانی هێزەکانی *ئەمن* بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە سەر شریتی ڤیدیۆ تۆمار بکرێن چەشنی: وێرانکردنی گوندەکان، گوللە بارانکردنی ئەو *پێشمەرگانەی* دەگیرێن، تەنانەت تا دەگاتە پەلاماردانی کیمیاییش بۆ سەر هاوڵاتیە مەدەنیەکان.

ئەو شریتە ڕەسمیەی بۆمبارانی دۆڵی بالیسان، کە وەك باسدەکرێ جاشێك تۆماری کردووە، ستوونی پانو پۆڕی دووکەڵی گەواڵە هەور ئاسای سپیو بۆرو پەمەیی دەردەخات. ئەو دەمە لە چیاکانیشەوە کزە بایەکی مەیلەو ساردی لای ئێوارە هەڵیکردبوو و بۆنێکی نامۆی لە گەڵ خۆ دەهێنا کە بۆ هەندێك یەکەمجار خۆشبوو و وەك بۆنی گوڵ وابوو، بۆ هەندێکی تریش وەك بۆنی سێوو سیر بوو.

---

[20] هیچ ڕێکەوت نیە کەوا دەزگا *موخابەراتیەکانی* عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی مەشق پێکردن و پێداویستییان لە لایەن هاوچەشنەکانیان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە دابین دەکرا. ڕەنگە دۆسیێ و فایلەکانی دەزگای(Stasi) *staatssicherhitsdienst* ی جاران ڕووناکیی زیاتر بخەنە سەر ئەم پەیوەندیە.

شایەتی دیكەش پێلە سەر ئەوە دادەگرن كە بۆنو بەرامی دەرمانی مێروو كوژی بووە. بەڵام پیرە ژنێكی خەڵكی بالیسان دەیوت: "بەجارێ تاریكی داهاتو نەماندەتوانی هیچ شتێك ببینین و كەس كەسی بەدی نەدەكردو یەكپارچە دنیا بوو بە تەمومژو لە دواییدا هەموو كوێرو نابینا بووین". هەندێك ڕشابوونەوە , دەمو چاو هەمووی ڕەش داگەڕاو خەڵكی بە دەست هەڵاوسانی بە ئازاری بنباڵیانەوە دەیانناڵاندو ژێر مەمكی ئافرەتانیش دابوویە ئێشێكی سەختو دواتر زەرداوێك لە چاو و لووتیانەوە دەهاتە دەر, زۆر لەوانەی كە لە مردن دەرباز بوون بە سەختی تووشی كێشەی بینین بوونو هەندێكیان ماوەی مانگێك زیاتر هەر بە تەواوەتی كوێر بوون. لە شێخ وەسان دەربازبووان باسی ژنێكیان دەگێڕایەوە كە چۆن هەردوو چاوی كوێر بووەو بەملاو بەولادا كەوتووەو منداڵەكەی توند لە باوەش گرتووەو نەیزانیوە مردووە. ژمارەیەك لە گوندنشینان بەرەو چیاكان هەڵاتنو لەوێ مردن, ئەوانی كە لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەكانەوە نزیك بوون هەر بە پێوە گیانیان دەرچوو[21]. شایەتێكی دیكەش، كە *پێشمەرگە* بوو، بە میدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاندووە كەوا پەلاماری دووەمیش، دوای ئەوە بە سەعاتێك دووبارە بووەتەوەو ئەمەیان پۆلە هەلیكۆپتەرێك ئەنجامیداوە[22].

چەند *پێشمەرگەیەك* كە لە كاتی هێرشە ئاسمانیەكەدا لەوێ بوون لە لایەن PUK ەوە بۆ تیمار كردن ڕەوانەی ئێران كران، چوونكە بردنیان بۆ هەر نەخۆشخانەیەكی عێراقی مەترسیی زۆری هەبووە لە سەر ژیانیان. (دەبێ ئەوە بوترێ كە بوونی *پێشمەرگە* لە ناو گونددا بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی بە شەرعیەتی ئەنجامدانی كارەكەوە نیە. چونكە چەكی كیمیایی نیشانی مەدەنیو

[21] ئەو نیشانانەی گوندنشینەكان دەیگێڕنەوە بە شێوەیەكی گشتی لە گەڵ كاریگەرێتی گازی خەردەلدا دەگونجێ. ئەگەرچی باسی ئەوە هەیە كەوا هەندێ لە قوربانییان كە دەسبەجێ مردوون پێدەچێت بە هۆی بەكارهێنانی دەمارە گازیشەوە بووبێت، چونكە گازی خەردەل، بە زۆر خەستیش بێت وا زوو كوشندە نیە تا لایكەمەكەی نیو سەعاتی بە سەردا تێنەپەڕێت. بڕوانە پزیشكانی مافی مرۆڤ: بای مەرگ

P H R,Winds of Death.

[22] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 16 ی مارتی 1993.

سەربازی لێك جیا ناكاتەوەو بەكارهێنانی لە هەر هەل و مەرجێكدا بێت, حەرام كراوە[23].

بۆ بەیانیی ڕۆژی ئاینـدە هێـزی زەمینـیو *جاش* چوونە بالیسانەوەو ماڵی چۆڵكراوی خەڵكیان پاك تالان كردو ئەوجا خانووەكانیان تەختی زەوی كرد. هەمان ڕۆژیش، یان ڕۆژێك دواتر، لە پاش ماوەیەك چاوەڕێكردن بۆ ڕەوینەوەی گازەكە، بەشی ئەندازیاریی سوپا شیخ وەسانی بە دینامیت تەقاندەوەو بە بلدۆزەر تەختی كرد. ئەو گوندنشینانەش كە ڕزگاریان بوو, شەوی پێشتر هەموو هەڵاتبوون, هەندێك بەرەو شاری سلێمانیو كەمێكیشیان بەرەو شەقڵاوە ڕێگەیان گرتەبەر, بەڵام زۆربەیان بەرەو شارۆچكەی ڕانیە ڕۆیشتن، كە نەخۆشخانەیەكی تێدا بوو و بەدەم ڕێگاوە خەڵكی گوندەكانی دەرواسێ یارمەتییان دەدان، كەوا هەندێك لەمانیش وەك باڵوكاوا، بێڕۆ، كانی بەرد، تووتمە با گازەكەی بە سەریاندا هێنابوو و كاری تێكردبوون .

خەڵكی بێڕۆ تراكتۆرو عەرەبانەیان نارد بۆ شێخ وەسانو دە عەرەبانەیان هەر یەكە پەنجا شەست كەسی لەوانەی بەرەو ڕانیە دەچوون هەڵگرت. لە كۆمەڵگای سەروچاوەو لە قەراخ شارۆچكەكەدا تراكتۆرەكان وەستان بۆ ناشتنی تەرمی پەنجا كەس كە تازە گیانیان سپاردبوو. ئەو ئاوارانەی گەیشتنە ڕانیە شەوێكیان لەوێ بەسەربردو دكتۆرەكانی ئێرە برینەكانیان شۆردنو قەترەی چاویان پێدان بەڵام ئەمانە هیچ لە كاریگەرێتی گازەكەیان كەم نەكردەوەو بەرچاویان هەر بە تاریكی مایەوە. خەڵكە ئاوارەكە شەوێكی نائارام و بێ حەوانەوەیان بەسەربردو نەخۆشخانەی ڕانیە پڕ بوو لە گریانو هاوار.

بۆ سبەی بەیانی، *ئەمنو ئیستیخبارات* چوونە نەخۆشخانەوەو فەرمانیان بە خەڵكەكە دا لە جێگە دەرچنو بڕۆنە ناو ئەو پاسە كۆستەرانەوە كە لە دەرەوە

[23] لێرەدا وا چاكە ئاماژە بۆ تێبینیەكی دەسنووسی بێ بەروار بكەین كە لە *ئەمنی* شەقڵاوەوە دەرچووەو پشتگیریە بۆ بۆمبارانەكەی 16 مایسو باس لە شانزە گاردی شۆڕشی ئێرانی (پاسداران) دەكا كە لە كاتی بۆردومانی گوندەكانی بالیسان و شێخ وەسانو تووتمەدا لەوێ بوون. پاسدارەكان وەك باسدەكرێ "بۆ خۆ ڕزگاركردن ئاگریان كردووەتەوە" ـ كە ئاماژەیەكە بۆ هەوڵدانو بەرگری كردن لە گازی ژەهراوی. بەڵگەنامەیەكی دیكەی *ئەمنی* شەقڵاوە لە هەمان فایلدا، بە بەرواری 20 ی مایسی 1987 باسی ئەوە دەكات كەوا سێ ئەندامی مەكتەبی سیاسی PUK دەنگ هەیە بەر گاز كەوتبێتن لە "هێرشە سەربازیەكانی ئەم دواییەدا لە كوردستان".

وەستاون[24]. ئەم پاسانە گوایە بۆ شاری هەولێریان دەبردن بۆ تیمارکردن، وەك بە گوندنشینەکانیان وتبوو، پاشانیش هەڕەشەی ئەوەیان لێکردبوون کە دەبێ بە دوکتۆرەکان بڵێن کە برینەکانیان لە ئەنجامی هێرشێکی فڕۆکەی ئێرانەوە بووە دەنا تیمار ناکرێن[25]. نزیکەی کاتژمێر نۆی بەیانی خەڵکێکی ڕەش و ڕووت، شەکەت و ماندوو، چڵکن و قوڕاوی بە جلوبەرگی کوردییەوە ڕژانە بەشی ئیمێرجنسیی نەخۆشخانەی کۆمارییەوە لە هەولێر. شایەتێك چوار کۆستەری پڕی ژماردبوو کە هەریەکەیان 21 سەرنشینی تێدا بووە، لە گەڵ حەوت ئۆتۆمبیل و پیکابی تر. هەندێکیتر ژمارەیان بە نزیکەی دوو سەد لە قەڵەم دەدەن، لە هەموو تەمەنێك، بە پیاو و ژن و منداڵەوە. ئەمانە هەموو خەڵکی مەدەنیی بێچەك بوون و هەر بە گەیشتنیان چواریان لێمردن. ئەمان لێرە بە دوکتۆرەکانیان ڕاگەیاندبوو کەوا بە چەکی کیمیایی هێرشیان کراوەتە سەر. بەڵام سەرەڕای سووتانی لەش و کوێربوون و چەندین برینی دیکەیان ئەوانەی لە دۆڵی بالیسانەوە گەیشتبوون بە گشتیی هێشتا هەر توانای ڕۆیشتنیان مابوو، ئەگەرچی هەندێکیشیان بێهۆش کەوتبوون .

لێرە ئەگەرچی دوکتۆرەکانی نەخۆشخانەی نزیکی دایکایەتی و منداڵانیش بە هانایانەوە هاتن، بەڵام فریانەدەکەوتن وەك پێویست تیماری ژمارەی زۆری ئەم حاڵەتە لەناکاوە بکەن, قەرەوێڵە و جێگەی تەواو نەبوو بۆ قوربانیان و زۆربەی نەخۆشە برینەدارەکان لە سەر زەوی پاڵکەتبوون و، سەرنشینانی سێ لەو چوار کۆستەرە بە ناچاری لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلەکاندا چاوەڕێیان دەکرد بۆ فریاکەوتنی سەرەتایی. لە کاتی تەماشاکردن و تیمارکردندا بۆ دوکتۆرەکان دەرکەوت کە چاوی قوربانیان وشکبووبوونەوە و نووسابوون. بە پێی زانیاریی سەرەکی کە چۆن قوربانیانی کیمیایی چارەسەر دەکرێن، قەترەیان لە چاو کردن و برینەکانیان بۆ شۆردن و دەرزیی ئەتروپینیان لێدان، کە دەرمانێکی بەهێزی دەمارە گازە.

نزیکەی سەعاتێك دەبوو کەوا دوکتۆرەکان خەریکی چارەسەر کردنی نەخۆشەکانیان بوون, کاتێ بەڕێوەبەری لقی ناوخۆی *ئەمن* گەیشت کە ئەفسەرێك

---

[24] ئەم ئۆتۆمبیلە لە عێراقدا زۆر بەرچاو و بەکارهاتووە. بە شێوەیەکی باو و لە بەر ئاسانی پێی دەوترێ "کۆستەر"، لێرە بەدواوە لە تێکستەکەدا هەر بەم شێوەیە دێت.

[25] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، بالیسان، 30 نیسانی 1992.

بـوو بـە نـاوی حسـن الـدوری*. کارمەنـدانی نەخۆشـخانەی کۆمـاریی هـەولێرو بـە تایبــەتی ئــەوانی مەیتخانــە ئــەزموونێکی دوورودرێــژیان لەگــەڵ *ئەمنــدا* هــەبوو. هەولێر نەك هەر تەنها بارەگای دەزگای پۆلیسی نهێنیی شاری تێدا بـوو (أمـن البلـدە - و) بــەڵکو بارەگــای ئــەمنی پارێزگــای هــەولێرو فەرمانــدەیی عەمــەلیاتی تــەواوی "ناوچــەی ئۆتۆنــۆمیی" کوردســتانی عێراقیشــی تێــدا بــوو. چــەندین ســاڵ بــوو مەیتخانــەی نەخۆشــخانەی کۆمــاری بــە لێشــاو لاشــەی لــەم دوو دەزگایــەی *ئــەمن* وەردەگرت. ئەو پەڕاو و تۆمارانەی نەخۆشخانە کە لە لایـەن میـدڵ ئیسـت ووّچـەوە تـاوتوێکراون زانیـاریی تـەواو لـە سـەر 500 لاشـە دەدەن کـە لـە نێـوان 1968 ـ 1987دا لەئـەمن وەرگـیراون، هەرچـەندە ئەمـەش بەڵگـەی تـەواو نیـەو گریمانـەی ژمارەی زۆر زیاتر هەیە کە تۆمار نەکراون.

مردنەکان لە فۆرمی ئەو نووسراوانەدا تۆمار دەکران کە لە *ئەمنـەوە* دەنێـرران، واش دەردەکـەوێت کـە بیرۆکراسـیی دەزگاکـە بەگومانیشـەوە بـە توانابێـت. لـە هـەر نووســـراوێك دوو کــۆپی ڕەوانــەی مەیتخانــە دەکــراو دوکتــۆری بــەرپرس دەبــوو یـەکێکیانی ئیمـزا بکردایـەو بگەڕایەتـەوە بـۆ *ئـەمن*, کاربەدەسـتانی نەخۆشـخانەش کۆپیی دووەمیان بـە نهێنیـی لـە ئەرشـیفێکدا دەپاراسـت بـە نـاوی "تۆمـاری خـەڵکی چەکداری مـردوو لـە هـەولێر". ئـەم سجلە مـاوەی سـێ ساڵی لـەخۆ گرتبـوو کـە لـە حوزێرانی 1987ەوە دەستپێدەکات تا 25 ی حوزێرانی 1990. تۆمارەکان بە پێـی نووســــراوەکانی *ئـــــەمن* دروســـــت کــــــراون. کارمەنـــــدانی نەخۆشــــخانە لەچاوپێکەوتنەکانیاندا لەگەڵ میدڵ ئیست ووّچدا، بـاس لـەوە دەکـەن کـە نزیکـەی 300 وەفاتنامەیان کردووە، لـە سـەر فـەرمانی *ئـەمن*، بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە ناویـان دەدان بەڵام هەرگیز لاشەیان نەبوو, ئەم کارە لە ساڵی 1987ەوە دەستی پێکردبوو.

بەم پێیە وادەردەکەوێ کەوا شـێوازێکی سـتاندارد نـەبووەو لاشـەکان بـە ڕێگـەی جۆراوجـۆر گەیشـتوونەتە مەیتخانـەی هـەولێر. هەنـدێ جـار *ئـەمن* تەلـەفۆنیان بـۆ کارمەندانی نەخۆشخانە کردووەو بە زۆریش لە نیوەشـەودا، کـە دەبـێ ئامـادەبن بـۆ

* لە تێکستە ئینگلیزیەکەدا ناوەکە بە شێوەی حەسەن نەدووری هاتووە، من زۆرم پرسیار کـردووەو لەو دەمەدا کەسێك بەم ناوە بەرپرسی ئەمنی هەولێر نەبووە. ئەم ناوە زۆر پێدەچێت حسن الدوری بێـتو تیمەکـەی میـدڵ ئیسـت ووّچ وەك چـۆن لـە زاری شـایەتەکانەوە گوێبیسـتی بـوون وایـان نووسیوەتەوەو کورد بە تایبەتیش گوندنشینێکی بالیسان ئەم ناوەی هەر بەو جۆرە بۆ گۆدەکرێـت ـ و.

وەرگرتنـی لاشـە یـان چـەند لاشـەیەکی "تێکـدەرە ئیعـدامکراوەکان" و فـەرمانیان دەدانـێ وەفاتنامــەیان بــۆ دەربکــەن, ئــەوجا کرێکــاری کۆڵکێشــی نەخۆشــخانە هەڵدەبژێران, ئەوانەی شوێنی متمانەی *ئەمن* بوون, دەچوون تەرمـەکانیان دەهێنـاو لە هەندێ حاڵەتیشدا تەرمەکان بە پیکاب یان ئۆتۆمبیلی ئەو دەزگایـە دەبـران پـاش ئەوەی لە بەتانییەوە دەپێچـران, گـەلێ جاریش ئەمبولانسی نەخۆشخانە دەبـرا بـۆ کۆکردنەوەی لاشەکان لە بارەگای *ئەمن* لە عەینکاوە، کە گەڕەکێکی مەسیحی نشینە لـە هـەولێر، یـان لـە سـەربازگەکەی قـەراخ شـاری هـەولێر. هەنـدێ لـە لاشـەکان جێدەستی فەلاقەو ئەشکەنجەدانیان پێوە دیار بووەو زۆربەشیان جێگوللـەیان پێـوە دیـاربووە، کـە هەنـدێ جـار گەیشـتووەتە سـی گوللـەو لـە کـاتی گوللـەباران کردنـدا دەسـتیان لـە پشـتەوە بەسـتوون و بـە کۆڵەکەیەکیانـەوە شـەتەك داون[26]. هـەردوو چاویشیان بە مێزەر یان پشتێنێکی کوردی دەبەستنەوەو سەعاتی دەستو ناسـنامەو هـەموو شـتێکی شەخسیشـیان لێدەسـەندن. هـەر کـە لاشـەکان دەگەیشـتن تـەواوی کاروبـاری کفـن کـردنو شـاردنەوە بـە نهێنـی جێبـەجێ دەکـرا. فـەرمانیش بـە کارمەندانی مەیتخانە دەدراو (هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردن) کـە نـابێ پەیوەنـدی بـە کەسـوکاریانەوە بکـەن یـان ناوەکانیـان بـۆ کـەس بـدرکێنن لـە نەخۆشـخانەدا. هەروەها نەیاندەهێشت دوکتـۆرە ئێشکگرەکانی مەیتخانـە نزیکـی لاشـەکان بکـەونو تەماشایان بکەن. ئەرکی ئەوان تەنها جێبەجێکردنی بڕوانامـەی مـردن بـوو. ئەگـەر لاشەکان بە رۆژدا ببرایـەن ئـەوە تـەواوی دەوروبـەری مەیتخانـە بـە *ئـەمن* ئابڵووقـە دەدراو کارمەنـدانی تـری خەسـتەخانە لـەو نـاوە دەردەکـران. لـەوێ *ئـەمن* خۆیـان کاروباری لە فرێزەر خستنیان دەگرتە ئەسـتۆ تـا کـارگوزارانی شـارەوانی دەهـاتن بـۆ

---

[26] ئەمە تەواو گونجاوە لەگەڵ کرداری تیمێکی گوللەبارانی عێراقیدا، کەوا لە سەر شـریتێکی ڤیـدیۆ تۆمارکراوەو میدڵ ئیست ووچ تەماشاو تاوتوێی کردووە. لە شریتەکەدا پێنج بەندی بـە جلوبـەرگی کوردییەوە چاویان بەستراوەتەوەو هەر یەکەیان بە ستوونێکەوە بەستراوەتەوەو تاقمێك بەرانبەریان لێگرتوون و بە خەستی گوللەبارانیان دەکەن. گوللەبارانەکە هەر بەردەوام بوو تەنانەت پاش ئەوەش کە بە ئاشکرا دیار بوو مردبوون. ئەوجا لە دواییدا ئەفسەرێك بە جلی ڕەسمییەوەو بە دەمانچەکەی فیشەکی بەزەیی بە سەری هەر یەکەیانەوە دەنێ. ئەوجا تاوێك دەوەستنو دوا جار ئەفسەرێکی تـر لە ڕیزەکە دێتە دەرەوەو دەمانچەکەی لە لاشە کەوتووەکاندا بـەتاڵ دەکاتـەوە. ئـەم ئیعدامکردنـە تایبەتیـە لـە گۆڕەپـانێکی گشـتیداو بـە بەرچـاوی عەشـاماتێکی زۆرەوە جێبـەجێ کـراوەو لـە لایـەن کاربەدەستانی بەرزی حیزبو *ئەمنەوە* کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوونو بـە چـەپڵەڕێزان پێشـوازی لێدەکرا.

ئـەوەی بـە نهێنـی تەرمـەکان ببـەنو لـە بەشـی هـەژارو بێـدەرەتانانی گۆڕسـتانی هەولێردا بیانشارنەوە. ئەگەر تەرمەکان زۆر بوایەن ئەوە بلدۆزەرێکیان بە بێگار لە فۆنتەراتچیەك دەسەندو گۆڕێکی بەکۆمەڵیان پێهەڵدەکەنـد. کارمەنـدانی مەیتخانـە نەدەبوو لاشەکان بشۆن یـان ڕوویـان بکەنـە مەککە وەك پێداویسـتیەکی ڕێـوڕەسمی ئیسـلامی. جارێکیشـیان ئەفسـەرێکی *ئـەمن* بـە کـارگوزارێکی وتبـوو "سـەگ هـیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نیە"[27].

سـەرلەبەیانی ڕۆژی 17 ی نیسـانی 1987 کـاتێ کـە حسـن الـدوری گەیشـتە خەسـتەخانەی کۆمـاری هـەموو دوکتۆرەکـان سـەرقاڵی حاڵەتـە لەناکاوەکـە بـوون. ئەفسەرەکە دوو یاوەری دیکەی *ئەمنی* لەگەڵدا بوو بێجگە لە ژمارەیەکی زۆری گارد کە لـە دەرەوە لـە نـاو حەوشـەی نەخۆشـخانەدا مانـەوە. بـە گـوێرەی قسـەی هەنـدێ شایەت کەوا یاوەرانی حسن الدوری, ئیبراهیم زەنگنـەی پارێزگـاری هـەولێر بـووە لـە گـەڵ لێپرسـراوێکی حیزبـی بەعسـدا کـە تـەنها بـە نـاوی یەکەمیـەوە دەناسـرا کـە عبدالمنعم بوو. ئەفسەرەکانی *ئەمن* کارمەندانی نەخۆشخانەیان خستە بەر پرسـیارو لێکۆڵینەوە کەوا ئەم نەخۆشە تازانە کێنو لـە کوێـوە هـاتوونو کـام دوکتـۆر تیمـاری کردوون. ئـەوجا هـەمان پرسـیاریان لـە کارمەنـدانی دەرمانسـازی دووبـارە کـردەوەو سۆراخی جۆری چارەسەرو درەمانیان دەکرد. لەگەڵ وەڵامی ئەم پرسـیارانەدا کـاپتن دووری تەلەفۆنی بۆ بارەگای *ئەمن* کرد بـۆ زانیـاریی زیـاتر. هـەر کـە تەلەفۆنەکـەی داخسـتەوە دەسـبەجێ فەرمانیـدا هـەموو تیمارکردنێـك بوەسـتێ. ئـەوجا بـە دوکتۆرەکانی ڕاگەیاند کە دەبێ هەر شاشو لەفافێك بە نەخۆشـە برینـدارەکانەوەیـە لێبکرێتەوە. دوکتۆرەکـان پرسـییان بۆچـی؟ بـەڵام کـاپتن لـە وەڵامـدا وتـی گوایـە لـە سـەرووی خۆیـەوە فـەرمانی پێکـراوە کـەوا هـەموو نەخۆشـەکان بگوێزنـەوە بـۆ خەسـتەخانەی سـەربازیی شـار. یەکـەمجار کارمەنـدانی خەسـتەخانە ناڕەزاییـان دەربـڕیو ویسـتیان کارەکـە ئـەنجام نـەدەنو بـەردەوام بـوون لـە سـەر تیمـار کردنـی نەخۆشەکان بەڵام *ئەمنەکان* دەمانچەیان لێهەڵکێشانو فەرمانیان پێکردن دەسبەجێ بیوەستێنن دەنا دەیانبەن بۆ بارەگای *ئەمن*.

---

[27] ئەم باسوخواسە بابەتی چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیسـت وۆچـە لـە هـەولێر، 23ــ 25 ی نیسـانی 1992.

لـە پـاش تەلـەفۆنی دووەم، کـە وای پیشـان دا بـۆ خەسـتەخانەی سـەربازییە، ژمارەیـەك ئـەمبولانسو ئۆتـۆمبیلی بارهـەڵگر گەیشـتنو نەخۆشـەکانو ئـەوانی تریشیان برد کە ماوەی سەعاتێك دەبوو لـە سێ کۆستەرە وەستاوەکەدا چاوەڕێیان دەکـرد. پاشـان هـەر ئـەو ڕۆژە دوکتۆرەکـان تەلـەفۆنیان کـرد بـۆ نەخۆشـخانەی سـەربازی بـۆ هەواڵپرسـینی بـارودۆخی نەخۆشـەکانیان، بـەڵام ئـەوان هـەرگیز نەگەیشـتبوونە ئـەوێو جـارێکیتر دوکتۆرەکـان بەرکـەوتووانی کیمیـایی دۆڵـی بالیسانیان نەبینیەوە. دواتر بیستیانەوە کەوا کۆمەڵێ ئەمبولانسی سەربازیی پڕ لە خـەڵك بـەرەو لای مـەخموور بـراون لـە باشـووری ڕۆژاوای هـەولێرەوە. ڕاسـتێکەی، ژمارەیەك لە دەربـازبووان بـە میـدڵ ئیست ووۆچیان ڕاگەیانـدووە کـەوا قوربانیـانی دۆڵی بالیسان براون بۆ بنکەیەکی کۆنی پۆلیس، کـە ئـەو دەمـە بووبـووە ناوەنـدێکی گرتن لە لایەن *ئەمنەوە*، ئەم ناوەندە بینایەکی چیمەنتۆی مەحکەم بوو لە گـەڕەکی عەرەبنشینی ئەو شارەدا (مەخموور) نزیك بە گازینۆکەی بـایز. لـە کـاتی گەیشـتندا بـارودۆخێکی تێکەڵوپێکـەڵ بـەرپابووەو *ئەمنـەکان* گیراوەکانیـان بـە پێـی تەمـەنو توخم جیاکردووەتـەوە. لـەم هەراوهوریایـەدا چـەند کەسێك توانیویانـە دەربـازببن. یـەك لەوانـە ئافرەتێـك بـووە هـەڵاتووەو منداڵـەکانی بەجێهێشـتووە. ئـەوانی کـە مابوونەوە لە زینـدانی داخراویـان تونـد کردبـوونو پاسـەوانی بـەرگ یونیفۆرمیـان* لەسەر دانابوون، کە هەندێکیان سەرتاپا سـەوزو هەنـدێکی تـر سـەرتاپا شـین بـوون. ئەمانە لێرە چەند ڕۆژێك بێخواردنو پێخەفو چاودێریی پزیشکی گیردرابوون.

حەمەد سەعید ئەحمەد، کارگوزاری مەیتخانەی سەر بە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر، پیاوێکی بەڕێزو لە ناوەندی تەمەندا بوو، حەجی مەککەشی کردبـوو. لـەو ڕۆژانەدا بۆ کاری پێویست بـانگ کرابـووە بەندیخانـەی *ئـەمن* لـە گـەڕەکی تـەیراوای هەولێرو فەرمانی پێدرابوو تەرمەکان بباتو ئامادەیـان بکـات بـۆ ناشـتن. لـە مـاوەی سێ ڕۆژدا شەستو چوار لاشەی ژماردبوو. لە کاتی کۆکردنەوەی لاشـەکاندا تەماشـای کردبـوو ژمارەیـەك خـەڵکی بەنـدکراو لـە حەوشـەی بەندیخانەکـەدا دەسـووڕێنەوە. ئەمانە هەندێکیان لیکاو لە دەمیان ڕێی کـردووە، هەنـدێکیتر لەشـیان پەڵـەی ڕەشو سووتاویی پێـوە دیـاربووە، بـە تایبـەتی بـە دەسـتو ملیانـەوە. ئـەو زۆر پیـاو و ژنو

---

*یونیفۆرم Uniform دەستەجلی چونیەك کە جلی ڕەسمیشی پێدەوترێو لێرەدا ئیشارەتە بۆ جلی اقگعتین‌ای بەعسیو ئەمنەکان ـ و.

منــداڵی بەنــدکراوی بینیبــوو بــە منــداڵی ســاوای بەرمەمکەشــەوە بــە باوەشــی دایکەکانیانەوە. لاشـەکانیش کـەوا بـە جیـا لـە هۆدەیـەکی بەندیخانەکـەدا دانرابـوون هـەمان نیشـانەیان پێـوە دیـاربووەو زامەکانیشـیان هیچـیان شـوێن گوللـە نـەبوون. زۆربەی مردووەکانیش دیاربووە منداڵ یان خەڵکی بەتەمـەن بـوون. کاربەدەسـتێکی *ئەمن* بە ئەحمەدی (حەمـەد سـەعید ئەحمـەد) وتبـوو: "ئەمانـە تێکـدەرن، گشـتیان تێکـدەرن‌و ئێمـەش بـە چـەکی کیمیـایی هێرشمـان کردوونەتـە سـەر" شـۆفێرێکی ئەمبولانسیش پێی گوتبوو کـەوا یـەکێك لـە مردووەکـانی ناسـیوەتەوە خـەڵکی شـێخ وەسان‌و کارگوزاری نەخۆشخانەی کۆماری بووە.

لـە دەرەوەی بەندیخانـەش خـزم‌و کەسـوکار لەچاوەڕوانیدا بـوون‌و بـە سـۆنگەی هەواڵێکـەوە هـاتبوون گوایـە ئەمانـە بـە بارمتـە گـیراون بـۆ ئـەوەی خـزم‌و کەسـە *پێشمەرگەکانیان* ناچاربن خۆبەدەسـتەوە بـدەن. ئەحمـەد لـە دوا سـەردانی ئـەو سـێ جارەیدا دوو پاسی گەورەی بینیبوو لـە بەندیخانەکـە دێنـە دەرەوەو پەنجـەرەکانیان بە پەڕۆ داپۆشراوە. پاشان هەر ئەو ڕۆژە بەندییەکی ئافرەت هەرچۆنێك بـوو خـۆی پێگەیاندبوو و چپاندبووی بە گوێیدا [دەزانی ئەو پاسانە چییان دەکرد لێرە؟ ئـەوە هەموو پیاوەکانیـان بـەرەوخوار بـرد وەك بارزانیـەکان (لـە سـاڵی 1983دا)]، ئیـدی جارێکیتر ئەو پیاوانە بە زیندوویی نەبینرانەوە[28].

لە پاش بەکۆمەڵ سەرنگوم کردنی پیاوەکان، ئەو ژن‌و منداڵانەی کە مابوونـەوە شـەوێکیان بـەرەو لای خـەلیفانیان بـردن کـە مـاوەی سـێ سـەعاتێك لـە بـاکووری ڕۆژهـەڵاتی هەولێرەوەیـەو لـەوێ لـە شـوێنێکدا، کـە پێیـدەوترێ ئاڵانـە، لـە قـەراخ ڕووبارێك‌و لە دەشـتێکی چۆڵدا هەڵیانڕشـتن‌و بـە دەردی خۆیانـەوە بـەرەڵایانکردن. لێـرە لـە گـەڵ ئـەو خەڵکـەی تـری دۆڵـی بالیسـاندا، کـە بـەرەو سـلێمانی هـەڵاتبوون،

---

[28] لاشەی ئەوانەی لە بەندیخانەدا مردبوون لە ئەیلوولی ساڵی 1991دا لـە گۆڕسـتانی هـەولێر لـە گۆڕ دەرهێنران‌و بە ڕێورەسم‌و ئاهەنگێکی تایبەتی دووبارە نێژرانەوەو بە کاسێتی ڤیدیۆ تۆمارکراوە. لە کاتی ئەم لە گۆڕدەرهێنانەدا حەمەد سەعید ئەحمـەد تـەرمی براکـەی خـۆی دۆزییـەوە، کـە لـە ڕووداوێکی جیاوازی نیسانی 1988دا لە لایەن ئەمنەوە کوژرا بوو. ئەحمەد لە 25ی نیسانی 1992دا لە هەولێر لە لایەن میدڵ ئیست وۆچەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: میـدڵ ئیست وۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ: "گۆڕە نائارامەکان، گەڕان بە دوای بێسەروشوێنانی کوردستانی عێراقدا" شوباتی 1992.

PHR/MEW: "Unquiet Graves, The Search for the Disappeared in Iraqi Kurdistan,Feb. 1992.

یەکیانگرتەوە. ئەمانیش دەیانوت کەوا لە سلێمانی لە نەخۆشخانەیەکدا دەسبەسەر بوونو ئەمنیان بە دیارەوە بووەو قەدەغە بووە خەڵکی مەدەنی بێنە لایان. (زانیارییەکی سەربەخۆش نیە بیسەلمێنێت کە چی بە سەر پیاوەکانیان هاتووە، کەوا لێرەش هەندێکیان بێسەروشوێن کراون).

لە ئالانە، ئەو دایکەی کەوا لە بەندیخانەکەی *ئەمن* لە هەولێر هەڵاتبوو (پێدەچێت ئەوەی مەخموور بووبێت ـ و) لەگەڵ منداڵەکانی یەکیانگرتەوە. ئەم ژنە گێڕابویەوە کەوا چەند خێزانێکی گوندەکانی کانی بەردو تووتمەو شێخ وەسانو بالیسان باسی زۆر منداڵیان بۆ کردووە لەوێ بە هۆی برسێتیو تینوێتیو بەر سەرماو گەرما کەوتنەوە مردوون. (چەند گوندێکی کەمی لێبەدەر، تەواوی دۆڵی بالیسان بە تیرۆرو تۆقاندن چۆڵکرا. بەڵام مەسەلەکە بە باری باشەدا کەوتەوە، وەك دوایی دەبینین، چوونکە ئەو هەڵاتنەیان بوو بە هۆی ڕزگاربوونی ژیانی هەزاران کەس کە بەر پەلاماردانی ئەنفالی ساڵی ئاینەدە کەوتن). پاشان خەڵکی کوردی بە بەزەیی دانیشتووی شارۆچکەی خەلیفان هەندێك لە دەربازبووانیان بردە ماڵی خۆیان وەك دەڵێن "بە باوەشو بە کۆڵ" خزمەتیان کردن تا هێزوگوڕیان تێهاتەوە.

بەشێك لە دەربازبووان دواتر لە کۆمەڵگا پیسەکەی سەروچاوەدا گیرسانەوە کە گەلێ لە گوندنشینانی ئەو ناوە شەوی هێرشو پەلامارە کیمیاییەکە بۆی هەڵاتبوون. کاتێ مەلا پیرەکەی بالیسان چووبووە لای لێپرسراوانی حیزبی بەعس لە سەروچاوەو تکای چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی لێکردبوون، ئەوانیش زۆر بە ڕقو بێزلێکردنەوە پێیان وتبوو: "بڕۆ بە ڕێتەوە ئێوە هەر بنیادەم نین"[29].

★ ★ ★

بە گوێرەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لە گەڵ چوار دەربازبوو و ژمارەیەك کارمەندی تەندروستیو کارگوزاری مەیتخانەی هەولێردا کراوە، دەکرێ مەزەندەیەکی هاکەزایی ژمارەی کوژراوانی بۆمبارانی کیمیایی بالیسان و شێخ وەسانو گوندە دەراوسێکانیان بدەینە دەستەوە:

---

[29] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ شێخ قادرسەید ئیبراهیم بالیسانی، بالیسان، 30 نیسانی 1992.

- 24 کوژراو لە بالیسان لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی چەکی کیمیاییدا. ئەمانە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی گوندەکەدا نێژراون.
- 103 کوژراو لە شێخ وەسان بە نزیکەی پەنجا کەسەوە کەوا لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا لە کۆمەڵگای سەروچاوە نێژراون. کوژراوەکان بریتی بوون لە سیوسێ منداڵی خوار تەمەنی چوار ساڵ و بیستو هەشت منداڵی تری تەمەن نێوان 5 ـ 14 ساڵو نۆ کەسی بەتەمەنی نێوان 60 ـ 85 ساڵ[30].
- نۆ یان دەیان لە نەخۆشخانەی ڕانیە مردن.
- چوار حاڵەتی مردن لە کاتی گەیشتنە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێردا.
- لە نێوان 64 ـ 142 کوژراودا لە بەندیخانەی *ئەمن* لە هەولێر، لەو بریندارانەی بۆردمانی کیمیایی کە بێ تیمارکردن مانەوەو پاشان بە برسیکردنو پشتگوێخستن مردن. ئەمانە دوو پیرەژنیشیان تێدابوو بە ناوی سلمی مصگفی حمید و عادیلە شینکۆ و کچێکی نۆ ساڵانیش بە ناوی حەوسەت عبدالله خدر.
- باری دوو پاس پیاوی کامڵ و کوڕی هەرزەکار لە بەندیخانەی *ئەمنەوە* لە هەولێر بێسەروشوێن کران و میدڵ ئیست ووچ وایبۆدەچێت کە دواتر ئیعدام کرابێتن. چەند شایەتێك ژمارەیان بە 70 ـ 75 کەس دادەنێن. بیستو دوو پیاو لە بالیسان پەنجا لە شێخ وەسانو چواریش لە گوندە نزیکەکانی دەوروبەر. لە ناو ئەمانەشدا محەمەد ئیبراهیم خدر کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوو و موحسین ئیبراهیم خدر کە تەمەنی دوانزە ساڵ بوو، هەردوو مێرمنداڵ کوڕی مەلاکەی بالیسان بوون.
- "ژمارەیەکی زۆری منداڵ" لە دەشتی چۆڵی خەلیفاندا فڕێدراون.

بە پێی هەندێ بەراوردو لێکدانەوە، میدڵ ئیست ووچ ژمارەی کوژراوانی دۆڵی بالیسان بە 225 یان ڕەنگە 400 کەسی مەدەنیی دادەنێ، وەك ئەنجامێکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هێرشی کیمیایی بۆ سەر گوندەکانی ئەو دۆڵە لە لایەن عێراقەوە لە 16 ی نیسانی 1987دا.

---

[30] لیستێکی دەسنووسی 103 کوژراو و 48 برینداری گوندنشین لە ساڵی 1992 لە لایەن کۆمیتەی پشکنینو بەدواداچوونی کوردی ستەملێکراوەوە، کە گرووپێکی مافی مرۆڤە لە هەولێر، دراوەتە میدڵ ئیست ووچ.

پەلامارەکەی شێخ وەسان‌و بالیسان گەلێ ئەنجامی گرنگی بە دەستەوە دا. یەکەم، کارێکی پڕ بەڵگەی زۆر زووی پەلاماردانی کیمیایی بوو دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە. دووەم، بەڵگەی پتەو و تەواو لە سەر نیازو مەرامی هێزەکانی *ئەمن* بە دەستەوە دەدەن سەبارەت بە بڕیاری دەسەڵاتی باڵاتر بۆ سەرنگوم کردن‌و کوشتنی زۆرترین ژمارە لە خەڵکی مەدەنی‌و بێچەك لەو شوێن‌و ناوچانەی شەڕو کێشەیان تێدایە لە کوردستانی عێراقدا. بەم واتایە، وەك بەکۆمەڵ فڕاندنی پیاوە بارزانیەکان لە ساڵی 1983دا، بێسەروشوێن کردنی خەڵکی دۆڵی بالیسان ڕاستەوخۆ شێوازە ئەنفالی پێشوەخت بوو، هەرچەندە جیاوازیی بنەڕەتیی ئەوە بوو کە لە ئەنفالدا ژن‌و منداڵ نیشانی ڕاستەوخۆ بوون. هەر بەو شێوەیەش، ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوانەی لە بۆمبارانەکە دەربازبوون‌و بە تایبەتی جیاکردنەوە بە پێی تەمەن‌و توخم، گرتنی نایاساییان‌و بێبەش کردنیان لە خواردن‌و چاودێریی پزیشکیی‌و بەجێهێشتنی ژن‌و منداڵ لە شوێنێکی چۆڵایی دوور لە ماڵ‌و حاڵی خۆیان, ئەمانە هەموو سەرەتای ئەو تەکتیکە بوون کە بە ئەندازەیەکی بەربڵاو لە پەلاماردانی ساڵی 1988دا بەکارهێنرا. هەروەها ڕووداوی دۆڵی بالیسان ئەو ڕۆڵە سەرەکیە دەخاتە بەرچاو کە لە پەلاماردانی قەلاچۆکردندا بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاسایش (*ئەمن*) گێڕای. ڕووداوەکانی نەخۆشخانەی کۆماری لە هەولێر مەترسیدارترین پێشێلکردنی بێلایەنیی پزیشکی پێکدێنێ.

★ ★ ★

بە هەرحاڵ, ڕژێم زۆر دوور بوو لەوەی کە کارەکانی لە گەڵ ئەم دۆڵە یاخیانە کۆتایی پێبێنێ. لە ناو هەزاران لاپەڕەی ڕاپۆرتە نهێنیەکانی دەزگا *ئەمنی‌و ئیستیخباراتیەکانی* عێراقدا لە سەر هێرشی ئاسمانی‌و گوند سووتاندن، لێکۆڵەرەوانی میدڵ ئیست ووۆچ یەکێکیان بەر دەست کەوتووە کە باسێکی دوورودرێژو سەرنجڕاکێشی تێدابووە. ئەویش کورتە ڕاپۆرتێکی *ئەمنی* هەولێرە لە 11 ی حوزێرانی 1987دا سەبارەت بە هێرشێکی ئاسمانیی نوێ بۆ سەر پێنج گوندی دۆڵی مەلەکان کەوا ماوەی چەند میلێك لە ڕۆژهەڵاتی بالیسان‌و شێخ وەسانەوەیە. لە کاتی پەلاماردانەکەدا سەرنجدراوە کە "30 کەس بینایی چاویان

لەدەستداوە"و دوان لە قوربانیان ناسراونەتەوە. لێرە بەڵگەی تەواو بە دەستەوەیە کە تاقە چەکێك بووە بە هۆی کوێربوون، ئەو چەکەش گازی ژەهراوییە[31]. لە گەشتێکی مەیدانیی دواتردا بۆ کوردستانی عێراق، دەرفەت ڕەخسا بۆ چاوپێکەوتنی یەکێك لەوانەی کوێربووبوون و یەکێك بوو لەو حاڵەتە زۆرانەی کە یەکدەگرنەوە لەگەڵ بەڵگەنامەو شایەتحاڵەکاندا. ئەم پیاوە ناوی کەمال بوو و لە چۆمان دەژیا، کە شارۆچکەیەکی ڕوخێنراو بوو لە سەر ئەو ڕێگایەی لە ڕەواندزەوە بەرەو ئێران دەچوو[32]. کەمال وەك *پێشمەرگەیەکی* کارا ئەزموونی کیمیابارانی دۆڵی جافایەتیی بینیبوو باس و گێڕانەوەشی سەبارەت بە پەلاماری 15ی نیسان لە پێشەوەو لە لاپەڕەکانی 139 ـ 145 دا نووسراوە. ڕۆژی دوایی کە هەواڵی شالاوە وێرانکەرەکەی دۆڵی بالیسانی بیستبوو خێرا خۆی گەیاندبووە خێزانەکەی لە گوندی بلەی ژۆری کەوا پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێکی ئەو شاخانە, کە زۆر سارد بووەو هەرچۆنێك بووە کەمال قەناعەتی بە خێزانەکەی کردووە بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. بەڵام کاتژمێر شەشی بەیانیی ڕۆژی 27 ی مایس ژنەکەی لە خەو ڕاپەڕاندبوو و ئاگاداری کردبووەوە کە گوند پەلامار دراوە:

"ئێمە زانیمان کیمیاییە چونکە دەنگی تەقینەوەکان بەرز نەبوو, بۆمبا زۆر بوو, بە خێزانەکەمم وت ئەمە پەلاماری کیمیایی نیە بۆ ئەوەی نەتۆقن، بەڵام ئەوان زانییان مەسەلە چیە. ئەوجا کەوتینە سووتاندنی ئەو لقەدارو گەڵایانەی بۆ ئالیکی ئاژەڵ هەڵمانگرتبوون و ئاگرێکی زۆر گەورەمان کردەوە، هەروەها مێزەرو جلوبەرگەکانمان لە ئاوی کانیەکە هەڵکێشا. باوکە پیرەکەشم لەگەڵماندا بوو. هێرشەکە هێندە قورس بوو نەمانەدەتوانی گوند بەجێبێڵین و لە بەر ئەوەش بوو ئاگرمان کردەوە. کانییەکی تایبەتی ژنان لە ناو گونددا بوو, بە هەمووانم وت، بە ژن و پیاوەوە، خۆیان فرێبدەنە ناو ئاوەکەوە. هێرشەکە تا سەعات 10 ی بەیانیی

---

(31) نووسراوێك لە *ئەمنی* پارێزگای هەولێرەوە بۆ *ئەمنی* شەقڵاوە ژمارە: ش ش/ 4947 لە ڕۆژی 11 ی حوزێرانی 1987دا و بە "نهێنی" ڕیزبەند کراوە باسی گازی خەردەل دەکات کە چۆن بۆ ماوەیەکی زۆر بەرکەوتووان تووشی کوێربوونی کاتی دەکات یان هێزی بینین لاواز دەکات. چەندین کەس لە دەربازبووانیش کەوا میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردوون باسی کوێربوونی لانی کەم مانگێکیان کردووە لە پاش هێرشی کیمیایی.

(32) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، چۆمان ، 23 ی مارتی 1993.

خایاندو من براکەم نارد بۆ *مەڵبەند* بۆ ئەوەی بە دوکتۆرو دەرمان فریامان بکەون. لە گەڵ خۆرئاوا بووندا بارودۆخەکە زۆرخراپ کەوتەوەو گەلێ کەس کوێربوون.

پاش خۆراوا, لە جۆگەکە پەڕینەوەو بەرەو شوێنێکی بەردەلآنیی دەرەوەی گوند ڕۆیشتین. حاڵمان زۆرخراپ بوو، کیمیایی کاری لە هەمووومان کردبوو, بە ئاستەم بەرپێی خۆمان دەبینیو هەناسەشمان توند بووبوو، خوێنی لووتمان بەردەبوو, ناو بە ناویش لە هۆش خۆمان دەچووین. یەکێکمان نارد بۆ گوندەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی ئاومان بۆ بێنن، هەرچەندێکیش پارەیان داواکردایە دەمدانێ*. بەڵام گوندنشینەکان دەترسان بێنو وایاندەزانی کیمیایی درمو پەتایەو تووشیان دەکات, خەڵکی گوندی کەندوور نەبێت زۆر ئازا بوونو شیریان بۆ هێناین[33]. لە هەمان کاتدا, براکەمو هاوەڵێکی گەیشتبوونە *مەڵبەند* بەڵام لە گەڕانەوەیاندا لە پڕ لە شوێنی خۆیان دەکەون, لە بەر ئەوەی بیناییان لەدەستدابوو. دواجار خەڵکی گوندەکانی تر هێستریان بۆ ناردنو هێنانیانەوە. ئەوان هەندێ دەرمانو قەترەی چاویان لە گەڵ خۆ هێنابوو، لەوانەی کە مەڵبەند پێیدابوون, بۆ بەیانی ڕۆژی ئایندەش کەس نەمرد بەڵام حاڵمان زۆرخراپ بوو. پاشان *مەڵبەندی سێ* دوکتۆرێكو برێك پارەی بۆ ناردین ولآخی بەرزەی پێبگرین بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە ئێران. ئەو ژنانەی لەگەڵماندا بوون لە بارێکی هێجگار ترسناکدا بوونو بە کەوچك خواردنمان دەکردە دەمیانەوە, منداڵی بچووکیش بە زەحمەت هەناسەیان بۆ دەدرا. بەرێکەوتین بۆ گوندی مەلەکان کە کەشوهەوای ساردتر بوو, لەو باوەڕەدا بووین ئەوێ باشتر بێت بە هۆی هەوا پاکەکەیەوە. پاشان گەیشتینە ناوچەی سێوەکە, لەوێ خەڵکێك خەریکی ئاژەڵ بەخێوکردن بوونو زۆریان بەزەیی پێماندا هاتەوەو کەوتنە گریانو بانگیان بەسەرماندا هەڵداو خێرا خواردنیان بۆ هێناین. بۆ سبەینێ بەیانی ئەوێمان بەجێهێشتو چووین بۆ وەرتێ. ئێمە دەبوو

---

* پێموایە لێرەدا یان تیمەکەی میدڵ ئیست ووچ قسەکانیان بە هەڵە وەرگرتووە یان کابرای شایەتحاڵ جلەوی بۆ گێرانەوەیەکی گۆترەکاریی شلکردووە. ڕەنگە مەبەستی فریاکەوتن بووبێت نەک ئاو هێنان, کە بێگومان لەو وەرزەی دوادوایی بەهاردا ئاو لەوێ زۆر بووە. هەروەها لە کوردەواریدا هەرگیز فریاکەوتن و بەهاناوە چوونی یەکتر بەرانبەر بە پارە نەبووە, هەر خۆیشی چەند دێڕێك دوای ئەم قسەیە باسی هاوکاریی گوندەکانی دەراوسێیان دەکات ـ وەرگێڕ.

(33) کەندوور, یەکێکە لەو پێنج گوندەی بەر هێرشەکەی 27 ی مایس کەوتن و لە ڕاپۆرتێکی *ئەمندا* ناوی هاتووە. ئەوانیتر مەلەکان، تارینان، بلەی ژۆری و ژێرین.

دەموچاومان داپۆشین چونکە تیشکی رۆژ ئازاری دەداین و وەك دەرزی دەچزا بە چاوماندا"[34].

بۆ شەوی سێهەم, کاروانی دەربازبووان گەیشتە لێژایەکانی دامێنی چیای قەندیل، کە لووتکە بەرزەکەی دەگاتە نزیکەی 12000 پێ, لە باشووری حاجی ئۆمەران لە سەر سنووری ئێران. هەر کە گەیشتبوونە ئێران دەسبەجێ خرابوونە ژێر چارەسەرو چاودێریی پزیشکییەوە. دواجار هەر هەموو لەو بارودۆخە پڕ مەینەتە دەرچوون تەنها برازایەکی کەمال نەبێت کە تەمەنی هەژدە مانگ بوو.

* * *

## پەلاماری بەهاری 1987:
## گوند ڕووخاندن و دووبارە نیشتەجێکردنەوە

هەر پێنج رۆژ دوای کیمیابارانەکەی دۆڵی بالیسان، هێزی پیادەو بلدۆزەر کەوتنە وێزەی سەدان گوند لە کوردستانی عێراقدا. بە پێی مەسحە جێمتمانەکەی ڕەسوولْ سوپای عێراق لە هێرش و پەلامارەکانی ساڵی 1987دا بە لایەنی کەمەوە 703 گوندی کوردنشینی لە سەر نەخشە سڕیوەتەوە. لەوانە 219 لە ناوچەی هەولێردا، 122 لە دەشتە پڕ لە گردۆڵکەکانی ناسراو بە گەرمیان لە باشووری رۆژهەڵاتی کەرکوکەوە، لە گەڵ 320 گوندی ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانیدا. هەروەها بادینانیش لێدرا ، ئەگەرچی زۆر سەخت نەبوو. کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان (KURDS)، کە ڕێکخراوێکی فریاکەوتنی ناوخۆیە، پەنجا گوندی لیست کردووە کە لە پارێزگای دهۆکدا رووخێنراون. زۆربەی ئەو گوندانەی کەوا لە "قۆناخی یەکەم و دووەمی" شاڵاوەکەی علی حسن المجیددا ڕووخێنران، کەوتبوونە سەر ئەو ڕێگاوبانە سەرەکیانەی لە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا بوون. ڕامالینی ئەم گوندانە بوو بە هۆی دابڕانێکی سروشتیی ناوچە دێهاتیەکانی ژێردەسەڵاتی *پێشمەرگە* لە بەشەکانی

---

[34] ئەو نیشانانەی کەمال باسیکردوون بە تەواوی لە گەڵ بەرکەوتووی گازی خەردەلدا یەکدەگرێتەوە.

دیکەی وڵاتەکە. بۆ وێرانکارییەکی لەم چەشنە دەبوو دەوڵەتی عێراق هێزو توانایەکی بەربلاو بخاتە گەڕ. لێرەدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان گوند ڕامالینی بەهاری ساڵی 1987و پەلاماری ئەنفالی ساڵی دواتردا, گرنگترینیشیان پەیوەستبوو بە ڕەفتارو مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵکی ئەو گوندانەدا کە سوپا دەیڕووخاندن‌و وێرانی دەکردن.پەلاماری ساڵی 1987 ئەڵتەرناتیڤێکی ئاشکراو ڕوونی دانێ با نابەدڵیش بووبێت، بەڵام ئەنفال ئەوەشی نەدانێ.

بۆ نموونە، دانیشتوانی ئاوایی نارێنی سەر بە ناحیەی قەرەتەپە لە بەشی باشووری گەرمیاندا، ساڵی 1987 ڕاگوێزران بۆ ناوچەی ڕەمادیی ناوەڕاستی عێراق[35]. خەڵکی ئاوایی زەرداویش, هەر لەو نزیکانە ئاگادار کرانەوە کەوا نۆرەیان هاتووەتە سەر. خەڵکەکەش دێیان بەجێهێشت‌و باریانکرد بۆ لای خزم‌و ناسیاویان لە دێهات‌و شارۆچکەکانی دەرووبەردا. هەندێکیشیان سەرلەنوێ لە کۆمەڵگای تازە دروستکراوی بنەسلاوەدا نیشتەجێ کرانەوە، کە شەش میل لە هەولێرەوە دووربوو و لە جێگەی کۆنە گوندێکی کوردنشیندا دروستکرابوو. بە پێچەوانەوە کەس سزا نەدرا هەرچەندە ئاوایی زەرداو خۆی پاش چەند رۆژێك بە بلدۆزەر تەختی زەوی کرا. میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ خێزانێکدا کردووە کەوا ئاژەڵ‌و کەلوپەلی ماڵ‌و خۆراك‌و دانەوێڵەی عەمارکراوی لەدەستدابوو لە ڕووخاندنی زەرداودا، بەڵام قەرەبووی هەزار دیناری درابوویە (3000 دۆلار بە نرخی گۆڕینەوەی ڕەسمیی ئەو کاتە). پاشانیش خێزانەکە, بە 4500 دینار قەرزی بانکی خانووبەرەی حوکوومەت, توانی خانوویەك لە بنەسلاوە دروست بکات.

ئەمە شێوازێکی نموونەیی بوو، گوندنشینەکان ئازاری جەستەیی نەدران، بەڵکو هەندێکیشیان جۆرە قەرەبوویەکی هاکەزاییان دەدرایە، ئەگەرچی هەر خێزانێك ملینەدایە بە ڕاگواستن بۆ شارۆچکە یان کۆمەڵگاکان ئەوە ئەو قەرەبووەی وەرنەدەگرت*. هەروەها پێشتر لە نیازی ڕژێم ئاگادار دەکرانەوە سەبارەت بە

---

[35] دوو بەشی ئیداریی بنەڕەتی هەن لە هەر پارێزگایەکی عێراقیدا کەوا قەزاو لەویش خوارتر ناحیەیە. ناحیەی قەرەتەپە سەر بە قەزای کفری یە. نموونەی نارێن و زەرداو لە چاوپێکەوتنێکی میدڵ ئیست ووچەوە وەرگیراوە کە لە کۆمەڵگای بنەسلاوە لە 7 ی تەمووزی 1992دا ئەنجامدراوە.

* ڕاستێکەی ئەو بۆرە قەرەبووە ساڵانی 1978 ـ 1980 دەکرا لە کاتی گوند ڕووخاندنی سەر سنووری ئێران‌و تورکیادا، بەڵام لە گوند ڕووخاندنی ساڵی 1987دا نەکراو ڕەنگە تیمەکەی میدڵ ئیست ووچ لێیان تێکەڵ بووبێت ـ و.

ڕووخانـدنی گونـدەکان ( هەرچـەندە ئەمـەیان لـە پراکتیکـدا فـرە جـار پـەیڕەوی نەدەکرا ). بـۆ نموونـە، خـەڵکی دێـی قشلاخ کۆنی سـەر بـە ناحیـەی قادرکـەرەم لـە گەرمیان، سەرباز ئاگاداری کردنەوە کە مۆڵـەتی پـانزە ڕۆژیـان هەیـە بـۆ چـۆڵکردنی دێکەیان. بەڵام لە ڕاستیدا پێش تەواوبوونی ئەو مۆڵەتە سوپا هەڵیکوتایە سـەریان‌و دێکەیانی تەختی زەوی کرد. بە پێی قسەی پیـاوێکی خـەڵکی ئـەم گونـدە هێزەکـانی سوپا ناوچەی دانیشتوانی هـۆزی زەنگنـەی کـوردی لـە نیسـانی 1987دا ڕامـاڵی‌و لـە نێوان حەفتا تا سـەد گونـدی سـەر ڕێگاوبانـە سـەرەکیەکانی بـە بلـدۆزەرو دینامیـت تەختکرد، کە بەسەر هەرسێ ناحیـەی نزیـك بـە یـەکی قادرکـەرەم‌و قەرەحەسـەن‌و قەرە هەنجیردا دابەش بوو بوون[36].

زۆر لـە گوندنشـینان لـە لایـەن سـەرباز یـان *جاشـەوە سەرپشـك* کرابـوون کـەوا "بـڕۆن بـۆ لای تێکـدەران یـان بێنـە پـاڵ حوکوومـەت"، ئەمـە وەك پـەیامێك بـە گونـدێکی هـۆزی جـەباریی سـەر بـە ناحیـەی قادرکـەرەم ڕاگەیـەنرابوو. ڕێگـە بـە بێلایەنی نەدەدراو لێـرە بـە دواوە شـوێنی نیشـتەجێبوونی هەرکەسـێك بـە بەڵگـەی لایەنگریی سیاسیی دانرا. هاتن بۆ لای حوکوومەت پێی دەوترا "گەڕانـەوە بـۆ ڕیـزی نیشتمانی"، کە دەستەواژەیەکە لە بەڵگەنامە ڕەسمیەکاندا لە سەرەتای ساڵی 1987 بـەملاوە زۆر دووبـارە دەبێتـەوە*. هـەواداریی سیاسـی پێشـتر پەیوەنـدیی بـەم هێڵکێشانە تازەیـەی شـەڕەوە نـەبوو، قـەبارەی چارەسـەرکردنیش هـەر بـەو شـێوەیە بوو. لە پەلاماری بەهاری 1987دا زۆر ناحیە بە خەڵکەکەی چۆڵکران‌و ڕووخێنران ، لەوانە نەوجوول، قەرەداخ، قەرە هەنجیر، کۆکز، سـەنگاو، لـە ئەیلوولیشـدا ناحیـەی شوانیان بە دوادا هات. لە پارێزگای دهۆك لە باکوور، ناحیـەی کـانی ماسـی چـۆڵکراو ڕووخێنراو ئەمەش بە ئاشـکرا پەیوەنـدیی بـەو شـەش ڕۆژ گرتنـەوە بـوو لـە لایـەن هێزەکانی KDPوە. هەندێك لەم ناحیانـە شارۆچـکەی چـەند هـەزار کەسـی بـوون. تەنانەت بـوونێکی بـەهێزو بەرچاوی جاشـیش نەیـدەتوانی هـیچ جـۆرە پاراسـتنێك مسـۆگەر بکـات ئەگـەر ئـەو شارۆچـکەیە بکەوتایەتـە ناوچـەی دەستنیشـانکراوی

---

[36] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی 23 ی تەمووزی 1992.

* ئەم تێرمی "گەڕانەوە بۆ ڕیزی نیشـتمانی"یـە نـاوەرۆکی سیاسـەت‌و ڕەفتـاری درۆ و تـەفرەدانی ڕژێمی بەعسی عێراق پێکدێنێ بەرانبەر بە مەسەلەی کوردو هەرلە سـەرەتای جڵـەوی حـوکم گرتنـە دەستیەوە ویردی سەر زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیەتی ـ و.

ئۆپەراسیۆنی سوپاوە. وەك علی حسن المجید, دواتر لە کۆبوونەوەیەکی گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعسدا باسی کردووە "من بە *موستەشارەکانم* وت ڕەنگە *جاشەکان* بڵێن ئێمە گوندەکانی خۆمان خۆشدەوێ‌و نامانەوێ چۆڵیانبکەین، وتم من ناتوانم گوندەکانتان بهێڵمەوە چوونکە بە چەکی کیمیایی لێیاندەدەم‌و ئەوسا ئێوەو خێزانەکانیشتان تیادەچن"[(37)].

لە گەڵ ئەو هەموو تێکدان‌و وێرانکردنەشدا، لە ژمارەیەکی فایلە ڕەسمیەکانی عێراقدا کە لە ئۆفیسەکانی *ئەمنی* هەولێرو شەقڵاوەدا دۆزرانەوە، تیایاندا ئەوە ئاشکرا دەبێ کەوا ڕژێم بە بەرنامەی "قۆناخی یەکەمی" پاکتاو کردنی دێهات دانەکەوتووە. لەم ماوەیەدا تۆنێکی شەڕخوازی‌و خۆمەڵاسدان لە بەڵگەنامەکانی حوکوومەتدا ئەو سەردەمەدا ڕەنگدەداتەوە. لە نێو ئەو پرسیارانەدا کە بۆ ئەو کەسانە دانرابوون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگەوە* خۆیان بەدەستەوە دەدا، یەکێکیان بەمجۆرە دەپرسێ: "ئایا بارودۆخی خەڵکەکە چۆنە لە ڕووی ئابووری‌و دەروونییەوە بە هۆی گوند ڕاماڵین و سیاسەتەکانی ترەوە؟"[(38)].

لە 20 ی نیساندا *ئەمنی* هەولێر لقەکانی خۆی ئاگادار کردووەتەوە کەوا پەلاماری نوێی گوند ڕووخاندن ڕەنگە ببێتە هۆی تووڕەیی خەڵك‌و خۆپیشاندان بە بۆنەی یادکردنەوەی چواردەهەمین ساڵەی بۆردمانی قەڵادزێوە لە 24 ی نیساندا. لە هەمان ڕۆژدا, لیژنەی ئەمنیی هەولێر, بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم زەنگنەی پارێزگار ئاگاداریی ئەوەی دەرکرد کە لەوانەیە "تێکدەران" پەلاماری دەزگاکانی حوکوومەت بدەن لە تۆڵەی ڕاگواستنی خەڵکدا لە "ناوچە قەدەغە کراوەکانەوە"ـ (*المناگق المحڤوره*). لە 22 ی نیساندا زەنگنەی پارێزگار پێشبینیکرد کە لەوانەیە PUK هەوڵی ئەوە بدات کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور بێنێ بۆ چاودێری کردنی وێرانکردنی گوندەکان. سێ ڕۆژ دوای ئەوەش، لە 25 ی نیساندا، *ئەمنی* هەولێر ئاگادارییەکی توندوتیژی دەرکرد لە بارەی پەلاماری تۆڵەکاریی *پێشمەرگەوە* بۆ سەر گوندە عەرەبەکان، هەروەها ناڕەزایی ئەوەی دەربڕیوە کەوا

---

(37) کاسێت (نەوارا) ی کۆبوونەوەیەکی نێوان علی حسن المجید و گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعس، کەرکووك، 26 ی مایسی 1988.

(38) ئیفادەی "گەڕاوەیەك بۆ ڕیزی نیشتمانی" لە حوزێرانی 1987دا لە ناو فایلەکانی *ئەمندا* دۆزراوەتەوە.

کاتێ هێزەکانی حوکوومەت گوندی فریزیان ڕووخاندووە کەوتوونەتە بەر هێرشی "تێکدەران"و هێزی ئاسمانیش وەك پێویست کارەکەی بە ئەنجام نەگەیاندووە. لە 20 ی مایسدا بەرپێوەبەری *ئەمنی* شەقڵاوە سکاڵای بۆ هەولێر نووسیوە کە "تێکدەران" توانیویانە نارەزایی خەڵك لە بارەی پەلاماردانەکەوە بقۆزنەوەو بە سوودی خۆیانی وەربگێرن, بە تایبەتیش نارەزایی لەوە دەرپیوە, کەوا هیچ کۆمەڵگایەك ئامادەنەکراوە بۆ خەڵکی دێهاتە ڕاگوێزراوەکانو زۆربەیان بە ناچاری بی ٚهیچ جێگەو ڕێگەیەك لەو دەرودەشتە ماونەتەوە(39).

★ ★ ★

## بەگەڕخستنی پێشوەختی دەسەڵاتە تایبەتیەکانی علی حسن المجید

لە مانگەکانی بەرایی حوکمی علی حسن المجیددا، حیزبی بەعس بە زنجیرەیەك بریاری ڕامالینو فەرمانی ئیداری پەتی لە مل دانیشتوانی دێهاتی کوردستان جەڕاندو تەواو تەنگی پێهەڵچنین.(40)

---

(39) تا ئەوکاتە چەند گوندێکی کەم لە ناوچەی شەقڵاوەدا ڕووخێنرابوو، ئەوانەی دۆڵی بالیسانی لێبترازێ، ڕەنگە هۆکەشی بگەرێتەوە بۆ بەرەڵاکردنی دەربازبوونی کیمیابارانەکە، لە ئاڵانەدا. بروانە لاپەرەکانی 152 ـ 156 لە پێشەوە.

(40) پێکهاتەی توانا و دەسەڵاتی حیزبی بەعس ئاڵۆزو فرە ڕووەو دەسەڵاتی تەواوی بە سەر زنجیرەیەك فەرماندا لە پەلامارەکانی دژ بە کوردیدا پشت بە تێگەیشتنی ئەو جیاوازیە کەمە دەبەستێ کەوا گەلێ دەزگای تێکەڵبوو جیا دەکاتەوە. وەك لقێکی نیشتمانیی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، بەعسی عێراق سەرکردایەتیی هەرێمایەتی هەیە کە علی حسن المجید لە ساڵی 1986ەوە بووە بە ئەندامی ئەو سەرکردایەتیە . لە عێراقدا بەرزترین دەزگای ڕاپەڕاندن بە ڕەسمی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشە کە ئەلمەجیدی تێدا نیە، هەرچەندە لە پراکتیکدا ئەوپەری دەسەڵاتو توانا لە لایەن سەدام حوسێن خۆیەوە قۆرخ کراوە بە هاوکاریی تاقمێکی گەورەی بە بنەچە تکریتی, دڵسۆزانی دەزگای سەربازیو ئەمنیو زۆربەیان خزمو پەیوەندیدارن بە سەرۆکەوە. ئەلمەجیدیش ئەندامی سەرەکیی ئەو دەستەو تاقمەیە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ خۆی ژمارەیەك لیژنەی داناوە لە سەر بنچینەی هەرێمایەتی، لەوانە لیژنەی کاروباری باکوور. سەدام حوسێن لە سەروەختی بەیانی ئۆتۆنۆمیی ساڵی 1970 دا سکرتێری ئەم لیژنەیە بوو. لە نێوان 1987 ـ 1988دا تاهیر تۆفیق لەو پۆستەدا بوو، کە وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشو بەم پێیە لە ڕووی تەکنیکیەوە سەرپەرشتیاری ئەلمەجید بوو، هەرچەندە ئەو تواناو دەسەڵاتە تایبەتیەی بە شێوەیەکی کاتی درابوو بە علی حسن

- لە 6 ی نیساندا تەواوی" تێکدەران" مافی مڵك و ماڵی خۆیان لەدەستدا. ئەلەجید خۆی دەنووسێ کەوا "بە پێی ئەو دەسەڵاتەی بڕیاری ژمارە 160 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە 26 ی مارتی 1987دا پێیداوین، بڕیارماندا سەرۆکی لیژنە ئەمنیەکان (*رؤساو اللجان الأمنیە*) ی پارێزگاکان سەرپشك بکەین لە مەسەلەی دەست بەسەردا گرتنی ماڵ و سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی تێکدەراندا. دەبێ لە ماوەی یەك مانگدا، لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری دەست بەسەردا گرتنەوە، ئەو کارە جیبەجێ بکرێت"[41].
- لە 10 ی نیساندا, ئەلەجید مافە یاساییەکانی دانیشتوانی ئەو گوندانەی ڕاگرت کە لە بەر هۆکاری ئەمنی قەدەغەکرابوون. راچی حسن سلمان, جێگری سکرتێری فەرماندەیی مەکتەبی باکوور, دەنووسێ کەوا "بەڕێزی ڕایسپاردووە کە نابێت سەیری ئەو کێشانە بکرێت لە لایەن دانیشتوانی ئەو گوندانەوە بەرزدەکرێنەوە کە قەدەغەی ئەمنییان لە سەرە، چوونکە ڕێك وەك ئەوە وایە لە لایەن تێکدەرانەوە بهێنرێت، بە هەمان شێوەش هەموو ئەو داوایانەی پێشتر بەرزکراونەتەوە ڕادەگیرێن"[42].
- لە 1 ی مایسدا ئەلەجید فەرمانیدا بە ئیعدامکردنی خزم و کەسی پلە یەکی "تێکدەران". زۆر دەمێك بوو ڕژێم سیاسەتی گرتن و سزادانی خێزانی *پێشمەرگەی* کوردی پیادە دەکرد, بە زۆریش لە تێکدانی خانوو و ماڵیاندا. بەڵام وا ئێستا ئەلەجید فەرمانی لەناوبردنیان دەدا وەك نموونەیەك بۆ پەند لێوەرگرتن. ئەم فەرمانانە, بە درێژایی ماوەی پەلاماری ئەنفال لەکاردا مانەوەو بگرە تا ماوەیەك لەوەوپاشیش. بۆ نموونە، یاداشتێکی دەسنووس لە 20 ی تشرینی دووەمی 1989 داو بە ئیمزای "بەڕێوەبەری *ئەمن*، ئەفسەری لێکۆڵینەوە"و لە بارەگای *ئەمنی* سلێمانییەوە دەرچووەو بە دوورودرێژیی باس لە کێشەیەك دەکات کەوا

---

المجید, بە پێی بڕیاری ژمارە 160 ئەوەی ڕاگرتبوو. ئەلمەجید خۆی سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس بوو, ئەمەش زیاتر مەسەلەکەی ئاڵۆز کردبوو، چوونکە فەرماندەیی مەکتەبی باکوور قەوارەیەکی هاوشان بەڵام جیاوازیش بوو لە ژێر سەرپەرشتیی تاهیر تۆفیقدا. مەکتەبی باکوورو فەرماندەیی مەکتەبی باکوورلەو شوێنانەدا کەوا دەقەکە پێویستێتی بە ڕوونی جیاکراونەتەوە.

[41] نووسراوی مەکتەبی باکوور: س‌ش/2396/18، 6 ی نیسانی 1987.

[42] نووسراوی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور ژمارە: 1/ 2713 ، 10 ی نیسانی 1987.

هاوولاتیـەکی عێراقـی سـکالانامەیەکی داوە بـە دەسـەلاتداران سـەبارەت بـە بـاوكو دایكو برا دیارنەماوەکانی .

نامەکـەی بەڕێوەبـەری *ئـەمن* بـۆ کەسـێکە نـاوی نـەهێنراوەو (تـەنها بـە "بـەڕێزتان" نـاوی هـاتووە) بـاس لـە هـەردوو ژن و مێـردی بێسەروشـوێن دەکـات ، گوروون ئەحمەد[*] و نەعیمە عەبدوڕەحمانی ژنی، کەوا لە 19 ی مایسی 1987دا لە بەغدا "لەناوبران". کوڕەکەشیان, هۆشیار گوروون ئەحمەد, کـە "ئەنـدامی تـاقمێکی تێکدەری ئێرانە" لـە 12 ی تـەمووزی 1987داو بـە پێـی فـەرمانی دادگـای شـۆڕش (*محکمە الپورە*) لە سێدارە دراوە . ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکرێت هـۆی کوشـتنی بـاوكو دایکـی ئـەم پیاوەیـە، کـە لـە بەڵگەنامەکـەدا بـەم شـێوەیە هـاتووە "وەك جێبـەجێ کردنێکـی فـەرمانی هـەڤاڵی تێکۆشـەر علـی حسـن المجیـد، ئەنـدامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی (حیزبی بەعس) کە بـە نووسـراوی ژمـارە 106309 ی نهێنـیو شەخسـیی بەڕێوەبـەرێتیی ئاسایشـی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لـە 1 ی مایسـی 1987دا بۆمـان ڕەوانـە کـراوە ، سـەبارەت بـە لـەناوبردنی کەسـوکاری پلـە یـەکی تاوانباران".

نووسـراوێکی تـر, کـە نـاوی *ئـەمنی* سـلێمانی لـە بەشـی سـەرەوەی چـاپکراوەو ژمارەکـەی س.ت 21308, لـە بـەرواری 16 ی ئـەیلوولی 1989 دەرچـووەو بـە "ئەوپـەڕی نهێنـی" ڕیزبەنـد کـراوە بـاس لـە گوللـەبارانکردنی ئاشـکرای پێـنج "تاوانبار" دەکات لە بەردەم خەڵکیداو لـە لایـەن تیمـەکانی ئیعدامکردنـەوە, گوایـە "پەیوەنـدییان بـە ڕێکخراوەکـانی نـاوخۆی سـەر بـە ئێرانـەوە بـووە". ئـەم گوللەبارانکردنە لە 24 ی تشرینی یەکەمی 1987دا, بـە ئامـادەبوونی لێپرسـراوانی حیزبـی بـەعسو دەزگـا *ئـەمنیو ئیسـتیخباراتیەکان,* جێبـەجێ کـراوە[43] . پـاش

---

[*] *ئەم پیاوە خەڵکی سلێمانی بوو,بە مەلا گوروون دەناسرا, نابینا بوو و قورئانی دەخوێند-و.

[43] بنەمای تێوەگلاندن لە ئیعدامکردنی بەکۆمەڵداو پێداگرتن لـە سـەر بەشـداریکردنی ئەنـدامانی حیزب لە تیمەکانی گولله بـاران کردنـدا یەکێکـە لـەو کۆڵەکانـەی حـوکمیحیزبی بەعسـی لـە سـەر دامەزراوە. بەدناوترینی ئەم نموونەیـە بـە تەلـەفزیۆن پیشـاندانی نزیکـەی 25 کـەس لـە گـەورە لێپرسراوانی بەعسو گەورە ئەفسەرانی سوپا، کەوا چەندین ئەنـدامی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشیان تێدا بووە، لە تەمووزی 1979داو پاش مانگێك لەوەی کە سەدام حوسـێن سـەرۆکایەتیی کۆماری قۆرخ کرد. تاوانبارکراوان لە بەردەمی پڕ بە هۆڵێك لـە هاوەڵەکانیانـداو بـە ڕێـوڕەسمێکی تایبەتی دانپیانان تۆمەتی خیانەتیان درایە پاڵو بە پەلە پێیاندا هـاتنو کوشـتنیان. سـەدام بـە چـاوی فرمێسـکاویەوە فـەرمان بـە لێپرسـراوە بەعسـیەکان دەدا کـەوا بەشـداری بکـەن لـە گوللـە بـاران

**ماوەیەك "بڕیاری ئەوە درا كە پێویستە سێ خێزان لە تاوانباران .. بە شێوەیەكی نهێنیو لەسەرخۆ ئیعدام بكرێن". فەرمانی ئەم ئیعدامكردنە بە نووسراوی ژمارە 6806 لە 12 ی كانوونی یەكەمی 1987دا، لە لایەن فەرماندەیی مەكتەبی باكوورەوە دەركراوە.**

- **لەم كاتەدا برینداره مەدەنیەكانیش گوللە باران دەكران, ئەمەش لە ڕاگەیاندنێكی دەسنووسدا دەبینرێت, بە ژمارە 3324 لە 14 ی مایسدا، لە لایەن بەڕێوەبەری *ئەمنی* شاری هەڵەبجە، لە باشووری ڕۆژهەلاتی كوردستانی عێراقەوە، ڕەوانەی *ئەمنی* سلێمانی كراوە. نووسراوەكە بە دوورودرێژی باسی كردەوەیەكی سەربازی دەكا دژ بە گەڕەكی كانی ئاشقانی ئەو شارەو ئاماژە بە برووسكەی ژمارە 945 ی ڕۆژی پێشوو دەكات لە لایەن فەرماندەیی فەیلەقی یەكی سوپاوە. (بە فەرمانی فەرماندەیی فەیلەقی یەك و ئامۆژگاریی هەڤاڵ علی حسن المجید بوو كە هاولاتیە مەدەنیە بریندارەكان ئیعدام بكرێن پاش دڵنیابوون لە دژایەتی كردنیان بۆ دەسەڵاتداران لە ڕێكخراوی حیزبو دەزگای *ئەمن*و پۆلیسو ناوەندی *ئیستیخبارات*و بەكارهێنانی شۆفڵو بلدۆزەر بۆ تەختكردنی گەڕەكی كانی ئاشقان)[44].**

★ ★ ★

## فەرمانی كۆكوژی

**نیازو مەبەستی تەواوی ڕژێمی عێراق, زۆر دڕندانە لە دوو ڕاسپاردەدا دەردەكەوێت كەوا لە حوزێرانی 1987دا لە لایەن ئۆفیسی ئەلمەجیدەوە دەرچوون.**

---

كردنیاندا. بڕوانە الخليل، كۆماری ترس Republic of Fear ل 70 ـ 72. هەروەها چیبلی مەلات: "كۆسپەكانی بەردەم دیموكراتیزەكردن لە عێراقدا: خوێندنەوەیەكی مێژووی عێراقی پاش شۆڕش, لە دیدی شەڕی كەنداوەوە" 1992،
Chibli Malat: "Obstacles to Democratization in Iraq: A Reading of Post-Revolutionary Iraqi History through The Gulf War" باسێكی بلاونەكراوەیە، كە لە گەڵ كتێبەكەی الخليل دا جیاوازە لە چەند بوارێكی گرنگدا سەبارەت بە سروشتی پراكتیزەكردنی دەسەلات لە لایەن بەعسیەكانەوە.

[44] ئەمە نموونەیەكی سزای بەكۆمەڵە، بە گوێرەی شایەتیی دانیشتوویەكی پێشووی هەڵەبجە كە میدڵ ئیست ووچ لە 11 ی حوزێرانی 1992دا چاوپێكەوتنی لە گەڵ كردووە. ئەو گەڕەكە لە تۆڵەی خۆپیشاندانێكی دژ بە حوكوومەتدا تێكدراوەو وەك باسدەكرێ نزیكەی 1500 ماڵێكی لێ ڕووخێنراوە.

هەردوو بەڵگەنامەکە زۆر بە ڕوونی قەدەغەکردنی تەواوی ژیانی مرۆڤ ڕادەگەیەنن لە ناوچە دەسنیشانکراوەکانی دێهاتی کوردنشیندا کە زیاد لە هەزار گوندی دەگرتەوە ، کەوا هەر کەسی تێچوو بێ سێو دوو لێکردن بکوژرێتو پێویست بە فەرمانی دەسەڵاتی بالاتر ناکات. یەکەمیان ڕاسپاردەیەکی شەخسیە بە ژمارە 3650/28 و بە ئیمزای علی حسن المجید خۆی لە 3 ی حوزیرانی 1987داو ئاراستەی ژمارەیەك دامودەزگای مەدەنیو سەربازی کراوە، بە فەرماندەکانی فەیلەقەکانی یەكو دوو و پێنجی سوپاوە لە گەڵ بەرپۆەبەرێتیی *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمیو *ئیستیخباراتو موخابەراتدا*. دەقەکەشی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەگەیەنێ:

[ 1- هیچ کەسێك، هیچ جۆرە خۆراكو مەکینەو ئامێرێك نابێت بگاتە ئەو گوندانەی لە بەر هۆکاری ئەمنی قەدەغە کراون و لە قۆناخی دووەمی گوند کۆکردنەوەکاندان. هەر کەسێکیش بیەوێ بێتەوە دەتوانێ بگەڕێتەوە ڕیزی نیشتمانیو ڕێگە نادرێ بە کەسوکاریان پەیوەندییان پێوە بکەن بە ئاگاداری دەزگا ئەمنیەکان نەبێت.

2- بوونی ئەوخەڵکانەی لە قۆناخی یەکەمدا ڕاگوێزراون لە ناو ئەو ناوچانەی کە لە بەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغە کراون، ڕێگەی پێنادرێت. هەروەها ئەو ناوچانەش کە لە قۆناخی دووەمدان هەتاوەکو 21 ی حوزیرانی 1987[45].

3- سەبارەت بە بەروبووم: لە کۆتایی دروێنەو هێنانە ناوی بەروبوومی زستانەدا کە دەبێ لە پێش 15 ی تەمووزدا تەواو بێت، ڕێگە نادرێت بۆ سەرەتای ئەمساڵ کشتوکاڵی هاوینەو زستانە بکرێت.

4- قەدەغەیە ئاژەڵو ماڵات ببرێت بۆ لەوەڕ لەو ناوچانانەدا .

5- پێویستە هێزە چەکدارەکان بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە, هەر مرۆڤێك یان ئاژەڵێك لەم ناوچانەدا هەن بیکوژن, چوونکە تەواوی ئەو ناوچانە قەدەغەیان خراوەتە سەر. (لێرەدا جەختی لە سەر کردووە).

---

[45] وا دەردەکەوێ کە لەم کاتەدا, ئەو دوو قۆناخەی (21 ی نیسان ـ 20 مایسو 21 ی مایس ـ 20 ی حوزێران) لە بنەڕەتدا دانرابوون سەری نەگرتو بوو بە یەك کردەی سەربازی. لێرەدا "قۆناخی دووەم" بە ئاشکرا مەبەستی دەست پێکردنێتی لە 21 ی حوزێراندا.

6- ئـەو کەسـانەی بـەر ڕاگواسـتن دەکـەون بـۆ کۆمـەڵگاکان لـەم بڕیـارە ئاگـادار دەکرێنەوەو بە تەواوی بەرپرسیارن لە هەر سەرپێچییەك.]

ئەم فەرمانانە, دواتر بە شێوەی ئاشکرا ئاڕاستەی پلەکانی خـوارەوەی زنجـیرەی فەرمانـدەیی کـران. ئەمانـە وشـە بـە وشـە دووبـارە دەکرانـەوە, بـۆ نموونـە وەك لـە نووسراوێکی ژمارە 4754 لە 8 ی حوزێرانی 1987دا دەردەکەوێت کەوا لە *ئـەمنی* هەولێرەوە ئاڕاستەی تەواوی بەش‌و دەزگاکانی کراوە .

لـە 6 ی حوزێرانـدا, سێ ڕۆژ دوای بڕیارەکـەی ئەلمەجیـد, راچـی حسـن سـلمان, جێگری سکرتێری فەرماندەیی مەکتەبی باکوور زنجیرەیەك ئامۆژگـاریی گشـتیی بـۆ فەرماندەی هەموو فەیلەقەکانی سوپا دەرکرد "بە مەبەسـتی کۆتـایی پێهێنـانی ئـەو هەموو کۆمەڵە خیانەتکارانەی بارزانی‌و تاڵەبانی‌و پارتی کۆمۆنیست، کـە چـوونەتە ڕیـزی دوژمنـی داگیرکـەری ئێـران‌و پشـتگیریی دەکـەن لـە دەسـدرێژی کردنـە سـەر نیشـتمانی ئـازیزدا". سـەلمان فەرمانیـدا بـە زیـادکردنی خۆسـازدان بـۆ شـەڕو پەرەپێدانی کاروباری هەواڵگری‌و توندوتۆڵکردنی حاڵـەتی ئامـادە باشـی لـە تـەواوی یەکەکاندا، لە هەمان کاتیشدا جۆرە نائارامییەکی دەربڕی سەبارەت بە نوێبوونەوەی هێرشی *پێشمەرگە* بە نیازی "بچڕاندنی زنجیرەی فەرماندەیی"[46].

گرنگترینـی هـەموو بەڵگەنامـەکان ئـەوەبوو کـە لـە 20 ی حـوزێرانی 1987دا فەرماندەیی مەکتەبی باکوور بە ئیمـزای علـی حسـن المجیـد دەریکـردووەو سـەرەڕای ئەمـەش, مـۆری کۆمیتـەی کاروبـاری بـاکووری ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕشـی لێـدراوە. ئـەم ڕاسـپاردەیە کـە ژمـارە س ف 4008 ی هـەڵگرتووە دەسـکاریکراو و فراوانکراوی ڕاسپاردەیەکی 3 ی حـوزێران بـوو کـەوا ژمارەیـەکی یـەکجار بایەخـدار ڕێنمـایی تێـدا بـوو، لەوانـە هانـدانی ڕاسـتەوخۆی تـاڵان‌و بـڕۆ وەك پێشـێلکردنێکی ڕوون‌و ئاشکرای یاساکانی جەنگ و جارنامەیـەکی ئاشـکرای سیاسـەتی کۆکـوژی ، بـە بڕیـاری بـەرزترین ئاسـتی دەسـەڵاتی ڕژێمـی عێـراق. بـە پێـی ئـەو بەڵگەنامـە ڕەسمیانـەی بـە درێـژایی سـاڵی 1988 دەرچـوون‌و بـەردەوام دەگەڕێنـەوە سـەری

---

[46] سەرچـاوە, نووسـراوی فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوورە کـە ژمارەکـەی 3726/28و لـە 6 ی حوزێرانی 1987دا دەرچووەو بـە "ئەوپـەڕی نهێنـی‌و شەخسـی" پـۆلێن کـراوە. ئـەم بەڵگەنامەیـە جارێکیتر بڵاوکراوەتەوە لە "ڕاپۆرت لە سـەر هەلومـەرجی مـافی مـرۆڤ لـە عێراقـدا، ئامـادەکردنی مستەرماکس ڤان دێرشتۆیل، ڕاپۆرتدەری تایبەتی کۆمیسیۆنی مافی مـرۆڤ بـە پێـی بڕیـاری ژمـارە 1992/ 71 ی ئەو کۆمیسیۆنە " 19ی شوباتی 1993 ل 77.

ئاشکرایە کەوا ڕاسپاردەی 4008 هەر لەکاردا بووە بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق‌و دەزگا ئەمنیەکان لە ماوەی پەلاماری ئەنفال‌و پاش ئەنفالیشدا. بۆ نموونە، نووسراوێکی *ئەمنی* سلێمانی لە 29 ی ئۆکتۆبەری 1988دا دەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕاسپاردەیە وەك بناغەیەك بۆ "گوللەباران کردنی 19 تاوانبار، لە لایەن ئەم بەڕێوەبەرێتیەوە، چوونکە لەو گوندانەدا گیراون کە لە بەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغە کراون".

شتێکی ئاشکرایە کەوا داواکردنی ئەلەجید بۆ دەسبەجێ کوشتنی ئەو خەڵکەی لە ناوچە قەدەغە کراوەکاندا دەگیران، هەندێك ترسی خستبووە نێو ئەوانەی بەرپرسیار بوون لە جێبەجێکردنی فەرمانەکەدا. بە درێژایی ساڵانی 1987و 1988 کاربەدەستە پایە بەرزەکانی عێراق لێشاوێکی بەردەوام لێکدانەوەی نابەجێیان دەرکرد بۆ برگە 5 ی ڕاسپاردەی س ف 4008 ـ ئەو برگەیەی کە پەیوەندیی بە ئیعدامکردنەکانەوە هەبوو. نووسراوێکی مەکتەبی باکوور لە کانوونی یەکەمی 1987دا ناڕەزایی ئەوە دەردەبڕێت کە"دەزگا *ئەمنیەکان* نابێ سەغڵەتمان بکەن بە پرسیار کردن دەربارەی برگە 5، مەسەلەکە خۆی لە خۆیدا ڕوونەو پێویست بە دەسەڵاتی باڵاتر ناکات"[47]، ئامۆژگاریەکانی *ئەمنی* هەولێریش، لە 22 ی تشرینی دووەمی 1988دا، جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کەوا برگە 5 دەبێ "بێ هیچ لێبواردنێك جێبەجێ بکرێت".

---

[47] ڕاسپاردەی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور ژمارە 855 لە 29 ی کانوونی یەکەمی 1987 دا کەوا بە "ئەوپەڕی نهێنی‌و شەخسی‌و تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە بۆی دەچێت" ڕیزبەند کراوە.

دەقی تەواوی بڕیاری س ف 4008:
20 ی حوزێرانی 1987

لە: فەرماندەیی مەکتەبی باکوورەوە .

بۆ: فەرماندەیی فەیلەقی یەك، فەرماندەیی فەیلەقی دوو ، فەرماندەیی فەیلەقی پێنج [48].

بابەت: مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو گوندانەی کە لە بەر هۆکاری ئەمنیی قەدەغە کراون.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە دوا مۆڵەتی ڕەسمیی ڕاگواستنی ئەم گوندانە لە 21 ی حوزێرانی 1987دا کۆتایی دێت بڕیارمان دا ئەم خاڵانەی خوارەوە لە 22 ی حوزێرانی 1987ەوە جێبەجێ بکرێن:

1 - هەموو ئەو گوندانەی کە تێکدەران ـ بەکرێگیراوانی ئێرانو خیانەتکارانی لەو چەشنەی دەرهەق بە عێراقیان تێدا بێت لە بەر هۆکاری ئەمنی بە قەدەغەکراو دادەنرێن.

2 - ئەم شوێنانە بە ناوچەی عەمەلیات دادەنرێنو بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تیایاندا بە تەواوی قەدەغەیەو هێزە چەکدارەکان بێ هیچ بەربەستێك دەتوانن دەستیان لێبکەنەوە تاوەکو ڕاسپاردەی تریان لە لایەن مەکتەبمانەوە بۆ دێت.

3 - هاتوچۆکردن بۆ ئەم ناوچانە, هەروەها هەر چالاکیەکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵو پیشەسازی قەدەغە دەبێتو بە چاکی لە لایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە چاودێریی دەکرێت.

4 - فەرماندەیی فەیلەقەکان پەیڕەویی بۆردمانی کوێرانەی ئەو ناوچانە دەکەنو تۆپخانەو هەلیکۆپتەرو فڕۆکە هەموو کاتێك بە شەو و بە ڕۆژ بەکاردێنن, بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارەی ئەو کەسانە بکوژن کە لە ناوچە قەدەغە کراوەکانداو ئێمەش لە ئەنجامەکانی ئاگادار بکەنەوە. (لێرەدا جەختی لە سەر کراوە).

5 - هەموو ئەو کەسانەی لەو گوندانەدا دەگیرێن دەبێ لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێتو ئەوانی تەمەنیان لە نێوان 15 ـ 70

---

[48] ئەمە تەنها دانەیەکە لەو ژمارە زۆرانەی کۆپی ڕاسپاردەی س ف 4008 کەوا ئاراستەی دەزگای جۆراوجۆر کراوەو میدڵ ئیست ووچ لە ناو فایلەکانی حوکوومەتی عێراقدا بەدەستیهێناوە.

ساڵدایە پێویستە ئیعدام بکرێن پاش ئەوەی زانیاریی بەکەڵکیان لێوەردەگیرێتو لە کاتی خۆیدا ئاگادار بکرێینەوە (جەختی لە سەر کراوە).

6 - ئەوانەی تەسلیم بە دەسەڵاتە حوکوومیو حیزبیەکان دەبنەوە لە لایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت بۆ ماوەی ئەوپەڕەکەی سێ رۆژ کە دەکرێ درێژ بکرێتەوە بۆ دە رۆژ ئەگەر پێویستی کرد، بە مەرجێ لە هەموو حاڵەتەکان ئاگادرامان بکەنەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکە پێویستی بە ماوەیەکی زۆرتر بوو پێویستە بە تەلەفۆن یان برووسکە ڕەزامەندیی ئێمە یان هەڤاڵ گاهر توفیق العانی وەربگیرێت.

7- هەموو شتێك کە لە لایەن *موستەشارەکان*و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ خۆیان دەبێت جگە لە چەکی قورسو دابەستراو و مامناوەندی[49]. ئەوان دەتوانن چەکە سووکەکان بۆ خۆیان گلبدەنەوە بە مەرجێ تەنها ئاگاداری ژمارەی ئەو چەکانەمان بکەنەوە. فەرماندەی فەیلەقەکان دەبێ بە خێرایی تەواوی *موستەشارەکان*و فەرماندە هاوکارەکانیانو فەرماندەی یەکەکان ئاگاداربکەنەوەو زانیاریی تەواومان بدەنێ سەبارەت بە چالاکییان لە نێو فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیدا (لێرەدا جەختی لە سەر کراوە).

بۆ زانیاریتانو دەستبەکاربوون لە ناوچەی دەسەڵاتتاندا، ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا
هەڤاڵ
علی حسن المجید
ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی
سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور

---

[49] بە واتایەکی تر، *جاشی* شێوە سەربازی کورد، دەسبەجێ بە دوای دامەزراندنی علی حسن المجید لەو پۆستەدا ڕیزەکانیان زۆرگەورەو فراوان بوو ، بە گوێرەی چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ کۆنە *موستەشارێکدا*، زاخۆ،30 ئابی 1992. ئەم بڕیاری س ف 4008 و ئیشارەت کردنە بۆ دەسکەوت ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی نێوان پەلاماری داهاتوو و چەمکی ئەنفال لە مانا قورئانیەکەیدا. ئەو بەڵگەنامانەی سوپا لە پێداچوونەوەیاندا بۆ پەلاماری ئەنفال زۆر ئاماژە دەکەن بە ڕۆڵی لە بەرچاوی لە تاڵانیی بەدەستهێناندا.

وێنـــەی بــــــۆ:

- سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان.
- سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن.
- دەزگای ئەمنیی حیزب.
- سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا.
- پارێزگارەکان (سەرۆکی لیژنە ئەمنیەکان)ی نەینەوا، التأمیم، دیالە، صلاح الدین، سلێمانی، هەولێر، دهۆك.
- ئەمینـداریێتی لقـەکانی (حیزبـی بـەعس) ی ئـەو پارێزگایانـەی لـە سـەرەوە ناوبراون.
- بەڕێوەبەرێتی گشتیی *ئیستیخباراتی* سەربازی.
- بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئاسایش (*ئەمن*).
- بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی.
- دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی باکوور*.
- دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلآت.
- بەڕێوەبەرەکانی ئاسایشی پارێزگاکانی: نەینەوا، التأمیم، دیالە، صلاح الدین، سلێمانی، هەولێر، دهۆك.]

علی حسن المجید بە ئاشکرا سووربوو لە سەر ئەوەی کە خودی خۆی بچێتە نێو تەواوی وردو درشتی کاروباری پەلامارەکەوە. بۆ نموونـە، لـە ناوەڕاسـتی عەمـەلیاتی ئەنفالـدا فـەرمانێکی دەرکـردووە کـە نابێـت هـیچ گونـدو شارۆچـکەیەك بپشـکنرێت بێڕەزامەندیی شەخسیی خۆی[50]. بێجگە لـەوەش لیسـتی ئـەو شـوێن و دەزگایانـەی کەوا ڕاسپاردەکەی 20 ی حوزێرانیـان بـۆ نێـردراوە هەنـدێك ئامـاژە بـە نەفەسـێکی

* ئەم دوو دەزگایە بـە شـێوە عەرەبیەکـەی بـە (منقومـە أسـتخبارات المنگقـە الشـمالیە و منقومـە أستخبارات المنگقە الشرقیە) دەناسران ـ و.

[50] نووسراوی فەرماندەیی مەکتەبی بـاکوور ژمـارە 3321 لـە 6 ی تـەمووزی 1988دا، کـەوا لـە *ئـەمنی* سـلێمانی وەرگـیراوەو بـە شـێوەیەکی دەوری بـۆ گشـت بەڕێوەبەرێتیـەکانی *ئـەمن* چـووە (ژمارەکەی ناخوێنرێتەوە) لە 16 ی تەمووزی 1988دا.

بیرۆکراتــی دەکـات، بـۆ ئـەو ژمـارە زۆرەی دەزگـا مـەدەنیو حیزبـیو سـەربازیو ئەمنیانەی بە جێبەجێکردنەوە سەرقاڵ بوون.

* * *

## لێکدانەوەی واتای "ڕیزی نیشتمانی": سەرژمێریەکەی 17 ی ئۆکتۆبەری 1987

پاش 20 ی حوزێران, شاڵاوی گوند ڕووخاندن بە شێوەیەکی کاتیی سووك بـوو، هەرچەندە هـەر بـەردەوام بـوو لـەو ناوچانەدا کـە دەکەوتنـە نزیـك ئـەو ڕێگاوبانـە بچووکانەی کوردستانی عێراقیان گرتبۆوە, بەڵام بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەبوو ئەو گوندانە ڕاگوێزرێن کە جاران لە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا بوونو نزیکی ئـەو ڕێگـا سـەرەکیە بـوون لـە مووسـڵەوە بـە هـەولێرو کـەرکووكو تووزخورمـاتوودا تێدەپەڕی پـێش ئـەوەی بـە ڕۆژهەڵاتـدا لابداتـەوە بـە سـەر کفـریو کـەلارو پێبـازو دەربەندیخانـدا. لـەو دەمـەدا جـەنگی ئێـران - عێـراق هێـزی سـەربازیی ڕژێمـی پەککخستبوو و نەیدەتوانی چیتر وەك پێویست بەکاریبێنێت لە پەلامارەکەیدا. بـەڵام لـۆجیکی سیاسـیو بیرۆکراتیـی پاکتـاوکردنی بـەهاری 1987و هـەروەها سـەرەتای لۆجیکی ئـەنفالیش، لـە نیـوەی دووەمـی ئـەو ساڵەدا ڕوونبوونـەوە. ئەمـەش بـۆ پـتر دابڕبـوونی نێـوان "ڕیـزی نیشـتمانی" و زۆربـەی ناوچـە شـاخاویەکانی ڕۆژهـەڵاتو باکووری ژێر کۆنترۆڵی *پێشمەرگە* کەوا "ناوچەی قەدەغـە کـراو" (*المناگق المحظوره*) بوونو دانیشتوانیشیان، بێ هیچ ڕەچاوکردنێکی تەمەنو توخم, تێکڕا بێ جیاوازیی بە "تێکدەر" لە قەڵەم دران.

بـە هـەرحاڵ، ئـەوان دوا هـەلێکیان هـەر درایـە بـۆ گـۆڕینی لایەنەکـەیان, وەك ڕاسپاردەکەی 3 ی حوزێرانی ئەلەجیدیش دەریـدەبڕێ، هێشـتا هـەر بـوار مـابوو بـۆ کورد "بگەڕێنەوە ڕیـزی نیشـتمانی"، یـان بـە واتایـەکی تـر بچنە شـارو شارۆچکەو

كۆمەڵگاكانو بچنە لای ڕژێم. ڕژێمی عێراق, بۆ ئەوەی لە ڕووداوەكانەوە نزیك بێت و چاودێریی خێزان بە خێزان بكات, ئامرازێكی نموونەیی لە دەستدا بوو, لە شێوەی سەرژمێرییەكی نیشتمانیدا. عێراق لەو نیو سەدەیەی پاش سەربەخۆییدا پێنج سەرژمێریی بە ئەنجام گەیاندبوو, ئەنجامی تازەترینیان كە لە ساڵی 1977دا كرا, خرایە خانەی"نهێنی"یەوە. بە پلانی ئەوەی كە هەر دە ساڵ جارێك سەرژمێری بكرێت دەبوو لە ساڵی 1987دا ئەو سەرژمێریە جێبەجێ بكرێتو خرایە رۆژی 17 ی ئۆكتۆبەرەوە. بە نزیكبوونەوەی رۆژی سەرژمێری, دەسەڵاتداران بەردەوام پێیان لە سەر توندوتۆڵ كردنی ئیجرائاتی *ئەمنیو ئیستیخباراتی* دادەگرت بۆ ڕێگرتن لە هەر نزیككەوتنەوەو هاتوچۆیەك لە نێوان هەردوو لادا. *ئەمنی* هەولێر فەرمانی بە نوێكردنەوەو توندكردنی پاسەوانیو وریایی دا بە چواردەوری كۆمەڵگاكانی بنەسڵاوەو دارەتوو و كەورگۆسكدا كەوا هەموو ماڵەكانیان ڕاگوێزراوانی پەلاماری بەهاری 1987 بوون[51]. هەروەها فەرمان دەركرا بۆ گرتنو شكاندنی هەرچی تراكتۆر هەیە، چونكە لەوانەبوو یارمەتیی "تێكدەران" بدەن بۆ شكاندنی ئابلۆوقەی ئابووریی سەپێنراو بە سەر ناوچە قەدەغەكراوەكاندا. خاوەن تراكتۆرەكانیش دەبوو بكرێنە "ئەوپەڕی نموونەی سزادان"[52].

لە 6 ی ئەیلوولدا, علی حسن المجید كۆبوونەوەیەكی بە گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعس كرد بۆ وتووێژ كردن لە سەر خۆ ئامادەكردن بۆ سەرژمێریەكە. حاڵەت بە حاڵەتو یەك بە یەكی تاكە كەسانو پێكهاتەی هەردوو بەرەكە دەبوو تاوتوێ بكرێنو هەڵوێستیان لە ڕووی یاساییەوە دیاری بكرێت. "ئەو تێكدەرانەی پەشیمان دەبوونەوە" تا ڕۆژی سەرژمێری ڕێگەیان پێدەدرا بگەڕێنەوە. بەڵام هیچ گەڕاوەیەك دوای 17 ی تشرینی یەكەم وەرناگیرێتەوە "تاوەكو چەكەكانیان تەسلیم نەكەنەوە". لە هەمان كاتدا ئەلمەجید وایدادەنا كەوا كارێكی پەسەند نیە ڕێگە بە

---

[51] ئەم نووسراوەش پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ كە "دەبێ زۆر بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ تێكدەران بكرێت، وەك چۆن ڕەفتار لەگەڵ دوژمنی ئێرانیدا دەكرێت" نووسراوی *ئەمنی* پارێزگای هەولێر ژمارە ش. س 1/ 13295 لە 15ی ئۆكتۆبەری 1987دا، كەوا بە "نهێنیو شەخسیو تەنها ئەو كەسە بیكاتەوە كە بۆی نێردراوە" ڕیزبەند كراوە.

[52] نووسراوی ژمارە 542 چەشنی" ئەوپەڕی نهێنی"و بەرواری 30 (مانگە كە ناخوێنرێتەوە) 1988 لە لیژنەی بەگژداچوونەوەی چالاكیی دوژمنكارانەی پارێزگای سلێمانییەوە بۆ گشت لیژنە ناوخۆییەكانی بەگژداچوونەوەی چالاكیی دوژمنكارانە.

خێزانو کەسوکاری ئەو تێکدەرانە بدرێت کە پەشیمان نەبوونەتەوە لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی حوکوومەتدا بمێننەوە. ئەو خەڵکە دەبوو بە زۆر دەربکرانایەو ڕەوانەی لای کەسوکاری تێکدەریان بکرانایە لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا. ئەم سیاسەتە گشتیە, بە لای کەمەوە ماوەی دوو ساڵ لەکاردابوو[53]. بەڵام ئەلەجید ئێستا جەردێکی تەواوی پێویستە بۆ هەموو ئەم حاڵەتانە لە لیژنە *ئەمنیەکانی* هەموو پارێزگاکانی باکوورو دەبوو ئەم لیستەش لە پێش 15 ی ئەیلوولدا بگاتە بەردەستی. هەر بە تەواوبوونی دەبێ ئەو خێزانە دەسنیشانکراوانە دەربکرێن بۆ ئەو شوێنانەی کەسوکاری تێکدەریانی تێدایە، ئەو نێرینانەی لێبەدەر کە تەمەنیان لە نێوان 12 ـ 50 ساڵدایەو ئەوانە دەبێ دەسبەسەر بکرێن"[54].

دەزگا ئەمنیەکانی ناوچەکە وادیاربوو بە تەواوی کەوتبوونە خۆیانو هەماهەنگییان لەو کارەدا دەکرد. میدڵ ئیست ووٚچ گەلێ فەرمانی دەرکردنی خەڵکی پشکنیوە کە لە *ئەمنی* هەولێرەوە دەرچووە وەك نموونەیەکی ئەو ماوەیەی پێش سەرژمێریەکە. لە حاڵەتێکیاندا کەوا لە ناوەراستی ئەیلوولی 1987 دا دەرچووە ناوی تەواو و ناونیشانو ڕۆژی لەدایکبوونو ژمارەی خانووی هەشتا ژنو منداڵو پیرەمێردی تەمەن 51 ـ 89 ساڵ دەدات کەوا لە ماڵی خۆیان دەرهێنراونو بە

---

(53) بۆ نموونە ئەمە لە نووسراوێکی ئۆفیسی تایبەتی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپاوە هاتووە کە بۆ فەرماندەیی فەیلەقی دوو نێردراوەو ژمارەکەی ر أ ج /5033/13/1 لە 14 ی حوزێرانی 1985، هەروەها فەرمانی ژمارە 4087 ی کانوونی یەکەمی 1986 لە لیژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێرەوەو ڕاگەیاندنی ژمارە 4151 ی لیژنەی کاروباری باکووری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە 15 ی حوزێرانی 1987دا.

(54) تەنها بێجگە لەو "خێزانانەی شەهیدیان داوە (واتە ئەوانەی لە شەڕدا کوژراون)و کەسیان بێسەروشوێن یان دیلە، سەرباز یان جەنگاوەرن لە فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیدا (*جاش*)، لەو حاڵەتانەدا تەنها دایك دەردەکرێت بۆ لای کوڕی تێکدەری." کورتەی ئەنجامی کۆبوونەوەی 6 ی ئەیلوول لە برووسکەیەکدایە بە ژمارەی 4350 لە 7 ی ئەیلوولی 1987دا لە مەکتەبی باکوورەوە بۆ گشت لیژنە ئەمنیەکانی ناوچەکە. ئەم ڕاسپاردانە زۆر بە فراوانی دابەشکراون. میدڵ ئیست ووٚچیش وێنەیەکی ئەم بەڵگەنامەیەی دەستکەوتووە لە شێوەی نووسراوێکدا بە ژمارە 2/ 237 "نهێنیو زۆر بە پەلە" لە 19 ی ئەیلوولی 1987دا کەوا لە لایەن لیژنەی *ئەمنیی* قەزای شەقڵاوەوە ئاڕاستەی ژمارەیەك دەزگای حیزبو پۆلیس کراوە. ئەگەرچی لە گەلێ ڕووی چونیەکەوە تەمەنی ئەوانەی کە دەبێ بگیرێن بە 17 ـ 50 ساڵ دیاری دەکرێت، بەڵام دوایی ڕێککردنەوەی خوارترین تەمەن دەکرێ 12, 15 یان 17 ساڵ بێت. ئەمە بە ئاشکرا لە شایەتیی ئەو دەربازبووانەوە دەردەکەوێ کەوا جیاکردنەوەی ئەوانەی کە دەبوو بکوژرێن لە کاتی ئەنفالدا کەمتر پشتی بەبەڵگەنامەی لەدایکبوون دەبەستو بەندیەکان خێرا بە چاو هەڵدەسەنگێنران و مەزەندەی تەمەنیان دەکرا. بڕوانە لاپەڕە 367 ـ 368 .

کۆمەڵ دەرکراون بۆ "ئەو ناوچانەی تێکدەرانی تێدایە[55]". یەکێك لەوانە کە لەدایکبووی ساڵی 1949 بووە وا ناوی هاتووە کە لە بەر ئەوە گیراوە "تاوەکو سزای شیاوی خۆی وەربگرێت".

لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو کە سەرکردایەتیی مەکتەبی باکوور فەرمانیدابوو کە:

"سیمیناری بەکۆمەڵ و کۆبوونەوەی ئیداری ڕێکبخرێت بۆ باسکردنی گرنگیی ئەو سەرژمێریە گشتیەی دانراوە لە 17 ی ئۆکتۆبەردا ئەنجام بدرێت. دەبێ زۆر بە ڕوون‌و ئاشکرا جەخت لە سەر ئەوە بکرێت کە ئەو کەسەی کە ناتوانێت بە بێ بیانوویەکی بەجێ بەشداریی سەرژمێریەکە بکات, ئەوە هاووڵاتی عێراقی لەدەست دەدات‌و بە هەڵاتووی سوپاش لە قەڵەم دەدرێت, بەمەش بەر ئەحکامی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ژمارە 677 ی 26 ی ئابی 1987 دەکەوێت".

گرنگیی ئەم کردەوەیە لەوەدایە کەوا زیادەڕۆیی تێدا دەگمەنە، چوونکە بڕیاری 677 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش مەرجی ئەوە دادەنێ کە "سزای مردن لە لایەن ڕێکخراوە حیزبیەکانەوە جێبەجێ دەکرێت پاش لێکۆڵینەوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەر هەڵاتوویەك کە گیراوەو هەڵاتنەکەی یان تەخەللوفەکەی لە ماوەی یەك ساڵ زیاتر بێت یان لە جارێك زیاتر تاوانی هەڵاتنی ئەنجامدابێت", (لێرەدا جەختی لە سەر کراوە)[56]. کەوا بوو خۆ ناونووس نەکردن لە سەرژمێریدا کارێك بوو سزای مەرگی لە سەر دەدرا.

---

(55) نووسراوی ژمارە 9475و 9478 لە 16و 17 ی ئەیلوولی 1987دا, لە ئەمنی هەولێرەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هەولێر، کە بە " نهێنی" پۆلێن کراون‌و تیایاندا هاتووە کەوا ئەو چل‌و چوار خێزانەی دەسگیرکراون بەم جۆرەیە: 22 بەکرێگیراوی ئێران (PUK)، 7 نەوەی خیانەتکاریی (KDP)، 8 پارتی کۆمۆنیستی خیانەتکار، 3 حیزبی سۆشیالیست، 4 سەر بە لایەنی نەزانراو.

(56) بڕیاری ژمارە 10 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە 3 ی کانوونی دووەمی 1988دا کەوا هەندێ بڕگەی بڕیاری ژمارە 677 ی دەسکاری کردووە بەڵام ئەم دەستەواژەیەی وەك خۆی هێشتووەتەوە. هەردوك لە لایەن سەدام حوسێنەوە وەك سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ئیمزا کراون. دوو تێبینی زیادە لێرەدا پەیوەندی تەواویان بە بابەتەکەوە هەیە. یەکەمیان, سەرژمێریەکە ڕێگەیەکی بۆ ڕژێم ساز کرد بۆ تاقیبکردنی سەربازە هەڵاتووەکان، کە کێشەیەکی درێژخایەن‌و نەبڕاوە بوو بۆ سوپای عێراق. دووەمیان, کە زۆر گرنگتر بوو، ئەوەی دیاریکردووە کەوا ئیعدامکردنی سەربازە هەڵاتووەکان لە لایەن ئەندامانی حیزبی بەعس خۆیەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ ناسنامەی بکوژانی سەروەختی پەلاماری ئەنفال.

ئەنجامەکانی سەرژمێریی 1987 هەرگیز بۆ خەڵك بڵاونەکرایەوە. کارمەندانی فەرمانگەی ئاماری حوکوومەتیی لە سلێمانی بە میدڵ ئیست ووچیان ڕاگەیاندووە کە وایبۆدەچن ئەو سەرژمێریە تەنها 70٪ وردو ڕاست بووە، بێگومان لە بەر ئەوەی بەشێکی گەورەو فراوانی کوردستانی عێراقو ناوچە زۆنگاوە یاخیەکانی باشووری عێراقی نەگرتەوە. زۆربەی دانیشتوانی "ناوچە قەدەغەکراوەکان" هەر لەو شوێنە مانەوە کە تیایدا بوون، هەندێکیشیان، بە تایبەتی لە شوێنە دوورەدەستەکانی ناوچەی بادینانەدا دەیانوت کەوا هەر نەیانزانیوە ئەو سەرژمێریە کەی کراوە، سەرەڕای ئەو شاڵاوە بەرفراوانەی ڕاگەیاندن لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی حوکوومەتەوە بۆی کرابوو. ڕاسپاردەکانی ئەم سەرژمێریە تەواو جیاوازبوون لە هی پێنج سەرژمێریەکەی پێشوو. لەمەدا ئەوانەی کە سەرژمێریەکە نەیگرتنەوە دەبوو بە هاوڵاتیی عێراقی دانەنرێنو ئێزگە ڕەسمیەکان جاڕی ئەوەیان دەدا کەوا خزمەتگوزاریی حوکوومەتیو بەشە خۆراكو ئازووقەیان لێدەبڕێ. ئەم سەرژمێریە تەنها دوو بواری تێدا بوو: دەتوانی خۆ بە عەرەب بنووسی یان کورد, لەوە بترازێ هیچیتر نەبوو. ئەم هێڵی لێکجیاکردنەوەی نەتەوەیە زۆر بە توندوتۆڵی داڕێژرا بوو. ژمارەیەك بەڵگەنامەی ڕەسمیی ساڵانی 1988و1989 کۆمەڵێك فەرمانی سەدام حوسێنو علی حسن المجید دەخەنە ڕوو کەوا هەر هاوڵاتیەك دەیتوانی بە نووسینی داواکاریەکی سادە خۆ بکاتە عەرەب. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە, ئەو کەسانەی بیانویستایە بە کورد دابنرێن, ئەوە بەر ماڵوێرانیو دوورخستنەوە دەکەوتن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

خەڵکی کاتێ سەرژمێریی دەکران کە خۆیان بە ناونووسەکانی ئامار بناساندایە. ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچەی قەدەغەکراودا دەژیان ئەوەی دەگەیاند کە ماڵی خۆیان چۆڵبکەنو ئەوێ بەجێبێڵن. هەرکەسێك بۆ ئەوەی سەرژمێریەکە بیگرتایەتەوە دەبوو خۆی بە دانیشتووی شارۆچکە یان کۆمەڵگایەکی ژێردەسەڵاتی حوکوومەت بنووسیبایە. (تەنها هیوایەك بۆ خۆڵادان لەم یاساو ڕێسایە بەرتیلدان بوو بە کارمەندێك بۆ ئەوەی لەو کاتەدا لە عێراقدا بتهێڵێتەوە. ئەمە بەردەوام پەیڕەوی دەکرا تەنانەت لە کاتی ئەنفالیشدا). ئەو گوندانەی لە عەمەلیاتی پێشتری سوپادا ڕووخێنرابوون ـ شاڵاوی بە عەرەبکردنی ساڵی 1975، پاکتاوکردنی ناوچەکانی سەر سنوور لە کۆتایی ساڵانی 1970دا، یان شاڵاوی بەهاری 1987 ـ بە

ویست و خواستی حوکوومەتی بەغدا نەمابوون. بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەكانی سەر سنوور بە شێوەیەكی نایاسایی گەڕابوونەوەو سەرلەنوێ خانووەكانیان دروستكردبووەوە، بەڵام سەرژمێریەكە نەیگرتنەوەو ناونووسی نەكردن, ئەودوای خەڵكەكەش لەم كاتەدا لە ناو كۆمەڵگاكاندا بوون.

وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم لە ئامار دەركردنە، كارمەندانی ئاماری حوکوومەتی هەندێ ژمارەیان داوە بە میدڵ ئیست ووچ دەربارەی سلێمانی كە یەكێكە لە چوار پارێزگاكەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی كوردستانی عێراق. سەرژمێریی ساڵی 1977، 1877 گوندی لە پارێزگای سلێمانیدا ژمارە كردووە كەچی لە سەرژمێریی 1987دا ژمارەكە هاتووەتە خوارەوە بۆ تەنها 186. كەواتە نزیكەی 1700 گوند لە نەخشەی ڕەسمیدا سڕانەوەو نەمان. لەمانە چەند سەد گوندێكیان لە پاكتاوكردنی ساڵانی 1970 ی ناوچەكانی سەر سنوورو چەند قۆناخێكی شەڕی دژ بە ئێراندا كاولو وێرانكران. زۆربەی دانیشتوانیان لەو نوێ كۆمەڵگایەدا نیشتەجێكران كە لە سەرژمێریەكەی 1987یشدا تۆماركراون. ئەودوای گوندەكان سووكو ئاسان نەژمێردران چوونكە كەوتبوونە "ناوچە قەدەغەكراوەكان" ی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگەوە*. هەر كە سەرژمێر كردنی دانیشتوان تەواو بوو ئەنجامی ناونووس نەكردنەكە خێرا دەركەوت. تۆپبارانو بۆردمانكردنی فڕۆكە زیادی كرد. كە وەختێ خەڵكەكە چوون بۆ شارەكانی دەوروبەریانو سۆراخی بەشە ئازووقەیان كرد، وەك پیاوێكی خەڵكی گوندێكی قەرەداخ دەیگێڕایەوە، پێیان وترابوو لە بیری خۆتانی ببەنەوە, كاربەدەستانیش پێیانوتبوون: "ئێوە ئێرانین, بۆ بەشە ئازووقەتان بڕۆن بۆ لای ئێرانیەكان!"[57]. هەروەها بە هەمان شێوە وەڵامی گوندنشینەكان دەدرایەوەو بۆ ڕوخسەتی ژن مارە بڕینو ڕێگەدانی حوکوومەت بۆ ڕاییكردنی هەر كاروبارێكی مەدەنی.

لە 18 ی تشرینی یەكەمدا، ڕۆژێك دوای سەرژمێریەكە، تاهیر تۆفیقی سكرتێری لیژنەی كاروباری باكووری سەر بە ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش، یاداشتێكی توندوتیژی دا بە تەواوی لیژنە *ئەمنیەكانی* كوردستانو بیریان

---

[57] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، كۆمەڵگای نەسر، 28 ی تەمووزی 1992. سیستەمی ئازووقەو خۆراكی لە لایەن حوکوومەتەوە دابەشكراو كلیلی ئابووریی نیشتمانی بوو لە ماوەی شەڕی ئێران ـ عێراقداو بنەمایەكی بایەخداری كۆنترۆڵ كردنی سیاسی بوو بۆ ڕژێم.

دەخاتەوە کەوا بە هۆی چاودێریکردن لە ئاسمانەوە دەبێ ڕاسپاردەی ژمارە 4008 ی 20 ی حوزێران "بە وردیو بە تەواوی" جێبەجێ بکرێت. هەر لیژنەیەك سستی لە کارەکەیدا بکاتو ملکەچی فەرمانەکە نەبێت "بە تەواوی بەرپرسیارە لە بەردەم هەڤالی تێکۆشەر سەرۆکی مەکتەبدا" ـ مەبەستیش لەمە علی حسن المجید‌ە[58].

چەندین بەڵگەنامەی تری دوادوایی ساڵی 1987 بە دەمارگرژییەکی ئاشکراوە جەخت لە سەر برگەی 5 دەکەن (فەرمانی گوللەباران کردنی دەسبەجێ, پاش لێکۆڵینەوە)، لە سەر بنچینەی حاڵەت بە حاڵەت, کەوا پێویستی بە ڕێگەپێدانی دەسەلاتی بەرزتر نیەو پێویستە چیتر مەکتەبی باکوور بەم داواکاریانەوە خەریك نەکرێت لە کاتێکدا کە فەرمان بەو کارە بە تەواوی ڕوونو ئاشکرایە .

لەم کاتەدا, ئابلۆوقەدانی باکووردا زیاتر ڕێکخرا. لە 29 ی ئەیلوولدا, ئەلەجید ڕەزامەندیی لە سەر کۆمەڵێك پێشنیاری نوێی توند دەربڕی لەو لیژنەیەوە کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەبوو, بە سەرۆکایەتی تاهیر تۆفیقو ئەندامێتی خالد محمد عبّاس لێپرسراوی کەرتی *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلاتو فرحان مگلك صالح لێپرسراوی کەرتی *ئیستیخباراتی* باکوورو عبدالرحمن عزیز حسین بەڕێوەبەری *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لیژنەکە ناڕەزاییان لەوە دەربڕیوە کە خۆراكو دەرمانو سووتەمەنیو پێداویستیی تر هێشتا هەر دەگەیشتە"تێکدەران". بەم پێیە, دەبوو خاڵەکانی پشکنین توندبکرێنەوەو زۆر دوکانی بەقاڵیو خواردەمەنی لە شارۆچکەکاندا دابخرێن. پۆلیسی نهێنیش دەبوو چاودێریی کەرەستەو زەخیرەی تەواوی چێشتخانەو نانەواخانەو چایخانەکان بکات. هەروەها دەبوو قەدەغەیەکی زۆر توند بخرێتە سەر فرۆشتنی هەموو بەرووبوومی کشتوکاڵیی ناوچە قەدەغە کراوەکان. بەشە ئازووقەش دەبوو وا کەمبکرێتەوە کە بە ئاستەم بەشی پێداویستیی ژیانی مرۆڤ بکات. هەروەها دەبوو بە چاکی دڵسۆزیی کارمەندانی بەشی خۆراك دابەشکردن هەڵبسەنگێندرێ[59].


---

[58] فەرماندەیی مەکتەبی باکوور، نووسراوی ژمارە 1216, 18 ی ئۆکتۆبەری 1987 " نهێنیو تایبەت"، بۆ گشت لیژنە ئەمنیو بەڕێوەبەرێتیەکانی ئەمن لە پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو هەردوو پارێزگای دیالەو سەلاحەدین.

[59] کۆپییەك لە ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی لیژنەکەی تاهیر تۆفیق لەمەڕ ئابلۆوقەی ئابووری لەگەڵ نووسراوێکدا لە لایەن سەرۆکی بەشی ئابووریی وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووبوو لە هەولێر بەدەستهێنرابوو. هەولێر، نووسراوی ژمارە 248 لە 14 ی تشرینی دووەمی 1987دا.

لە ژێر سایەی ئـەم ڕژێمـە ستەمکارەدا, دانیشـتوانی ناوچـە قەدەغـە کراوەکان بـەردەوام لـە ململانێـی ژیـانو مردنـدا بـوون. لـە مـاوەی یەکـەم هەشـت مـانگی بەرپرسیاریی علی حسن المجیددا بناغـەی "دوا چارەسـەری" کێشـەی کوردی عێـراق داڕێـژرا. لـۆجیکی کارەکـە ڕوونو ئاشـکرا بـوو، هـەروەها زنجـیرەی فەرمانـدەیی بـۆ دانرابوو. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی 1987 "تەنها هـەنگاوی ڕێخۆشـکەر بـوون", وەك کۆنــە ئەفســەرێکی *ئیسـتیخبارات* باســی دەکــرد "چــوونکە جــەنگ هێشــتا هــەر بـەردەوامبوو و حوکوومـەتی عێـراقیش هێنـدە بـەهێز نـەبوو, زۆربـەی هێزەکـانی سوپاش لە بەرەدا گیربووبوون. لە بەر ئەوە ڕقو توورەییەیان لە دڵی خۆیاندا جارێ هێشتبووەوە", بەڵام ئەمە تەنها تا سەرەتای سـاڵی 1988 ی خایانـد, کـاتێ زۆربـەی هێرشەکانی زستان کە بەغدا زەندەقی لێچووبوو, نەیتوانی ئەنجامێك بەدی بهێنـێو گوللۆڵەی بەختی ئێرانیش لە مەیدانی شەڕدا کەوتبووە لێژیی.

ئەنفالی یەك: 23 ی شوبات – 19 ی مارتی 1988



# بەشی سێهەم

# ئەنفالی یەك:

# گەمارۆدانی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو

## 23 ی شوبات ـ 19 ی مارتی 1988

*"من بەو ئامێرانەی کە هەرگیز تاقی نەکراونەتەوە ،*
*شارەکانتان و کۆشکە زێرِینەکانتان داگیر دەکەم،*
*تاڵانیان دەکەم و بەجارێ کاولیان دەکەم،*
*بە گڕی ئەو ئاگرانەی کە خۆیان بە هەورەکاندا دەدەن،*
*ئاسمان دەهەژێنم و ئەستێرە دەتوێنمەوە و*
*چون فرمێسکەکانی موحەممەد*
*بۆ لاوازبوونی شکۆی وڵاتەکەی،*
*دایاندەبارێنم."*
*ـ مارلۆ، کتێبی (تەیموورلەنگی مەزن)*
*"وەك رِۆژی قیامەت وابوو کە لە بەردەمی خودادا رِادەوەستێ".*
*ـ دەربازبوویەکی هێرشەکەی سەر هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی لە 16 ی مارتی 1988دا.*

شادەماری یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی جەلال تاڵەبانی دەکەوتە نێو قووڵایی چیاکانی پارێزگای سلێمانیی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقەوە. گرنگترین دەزگاکانی ڕێکخراوەکە لە دۆڵی جافەتیی درێژو بەرتەسکدا جێگیربوون، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کەوا دانیشتوانی سەر بە هۆزی بایەخداری جافن. سەرکردایەتیی باڵای PUK و مەکتەبی سیاسی بارەگاکەی لە گوندی بچووکی یاخسەمەر بوو. ئێزگەی ڕادیۆی PUK و نەخۆشخانە مەیدانیە سەرەکیەکەی لە بەرگەڵوو بوو لەو نزیکانە، کە نیشتەجێیەکی کاتییە. سەرکردەی جێگری تاڵەبانیش، نەوشیروان مستەفا ئەمین، لێرە دادەنیشت و کاتێ کە تاڵەبانی لە دەرەوەی وڵات بوو لە سەروەختی ئەنفالدا ئەو سەرکردایەتیی PUKیی دەکرد. هەر بە تەنیشتیەوە سەرگەڵووی هاوسێش بارەگای مەڵبەندی دوو, یان فەرماندەبی هەرێمی لێبوو, کە بەرپرسیار بوو لە عەمەلیاتی پێشمەرگەلە پارێزگای کەرکووکدا. گوندەکانی دیکەش وەك مالوومە و زێوێ ئەڵقەی گرنگی پەیوەندی بوون لە زنجیرەی سەرکردایەتیدا.

سەرگەڵوو شارۆچکەیەکی بچووکی 500 ماڵیی دەبوو (3500 کەس)و بە ئۆتۆمبیل بە سەر ڕێگایەکی چەوڕێژدا لە ناحیەی سورداشەوە نیو سەعاتێك دەبوو. هەرچەندە خانووەکانی لە قوڕو بەرد دروستکرابوون بەڵام زەمینەی چیمەنتۆڕێژبوو و هەموو ماڵێکیش ئاوی خۆی لە کانیەکانەوە ڕاکێشابوو. گوندی هەڵەدنیش لەوێوە بە پێیان سەعاتەڕێیەك دەبوو، ئەویش دیسان گوندێکی گەورەی 350 ماڵی بوو و چواردەوری ڕەزو باخ بوو و هێزێکی زیادەی جەنگاوەرانی PUK لێبوو. "گرنگیی (دۆڵەکە) بۆ *پێشمەرگە* وەك گرنگیی بەغدا وایە بۆ حوکوومەت" بەو جۆرە بازرگانێکی ناوچەکە بۆی دەچوو[1].

ئەم شوێنە, کە لە هەرچوارلاوە بە شاخی تووش و سەخت دەوردراوە سەنگەرێکی قایمی نەریتیو نموونەیی بوو بۆ گەریلاو لە بەر هەڵکەوتی هەڵەت و سەختی پەنایاندابوویە. هەروەها گرنگییەکی ستراتیجیی گەورەی دیکەشی هەبوو، لەبەرئەوەی ماوەی چەند میلێکی کەم کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی بەنداوی بایەخداری دوکان و وێزگەی هایدرۆ کارەبایی سەر بەنداوو دەریاچەکە کە هەمان ناوی

---

[1] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ حەکیم مەحموود ئەحمەد، کە دانیشتوویەکی ئەوسای گوندی هەڵەدن بووە، کۆمەڵگای پیرەمەگروون، 27 ی تەمووزی 1992.

هەلگرتبوو و سەرچاوەیەکی گەورەی دابینکردنـی کارەبایـە بـۆ شـارەکانی سلێمانیو کـەرکووك[2]. گرتنـی بەنـداوی دووکـان مەسـەلەیەکی یەکلاکـەرەوە بـوو لـە پلانـی PUK دا بــۆ ڕزگــارکردنی بەشـێکی فراوانــی کوردسـتان لــە ماوەیــەکی خێــراو کورتخایەنـدا. نیـاز وابـوو شـارەکانی ڕانیـەو کۆیسـنجق و قـەڵادزێ بگیرێـت (بڕوانـە نەخشــەی لاپــەڕە 188)، بەمــەش دەورانــدەوری دەریاچــەکە کــۆنترۆڵ دەکــراو بەرەیەکی تازەش بە درێژایی زنجیرە چیای هەیبـەت سوڵتان، لـە نێـوان کۆیسـنجقو کەناری ڕۆژاوایـدا دەکرایـەوە. بـەڵام ئـەو پلانـە کـە ئامـادەبوو لـە شـوباتی 1988دا جێبەجێ بکرێت، سەری نەگرت.

لـە سـاڵی 1985 وەو لـە ئـەنجامی سـەرنەکەوتنی دانوسـتانی نێـوان PUK و حوکوومـەتی عێراقـدا، تـەواوی ناوچـەی دۆڵـی جافـەتی "هێڵـی سـووری بـە دەوردا کێشرا"و بە "ناوچەی قەدەغەکراو" دانـرا. هێـرشو پـەلاماردانی فڕۆکـەو تۆپخانـە بــەردەوام وازی نــەدەهێناو ڕۆژانــە بــە تۆپبــاران دەیکوتــا. بــەڵام بارەگــای PUK بەچاکی بەرگریی لێدەکراو هەرچی پیاوو تەنانەت هەندێك ژنیش لـە سـەرگەڵوو و یاخسـەمەرو هەڵەدنـدا لـە هێزێکـی بـەرگری لەخۆکردنـدا ڕێکخرابـوون. خاڵـەکانی پشـکنینی حوکوومــەت لــە ڕێگاوبانــەکانی دەوروبــەردا زۆر بێدەســەڵات بــوون لــە سەپاندنی ئابلۆوقەی ئابووریدا. چەکی کیمیایی کە بە مەبەسـتی ورە ڕووخانـدن دژ بــەهێزەکانی ئێــران بــەکاردەهات لــە هــاوینی ڕابــوردوودا دژ بــە ســەنگەرەکانی PUKیــش بــەکارهات. دوای نیــوەڕۆی ڕۆژی 8 ی حــوزێرانی 1987 بــۆ مــاوەی ســەعاتێك بــە چــەکی کیمیــاییو بــە ڕاجیمــە گونــدەکانی بەرگــەڵوو و هەڵــەدن و سـێکانیان بۆردمـانکرا. لـە پـاش ئەمـە ئـیتر *ڕاجیمـە* لـە ژیـانی گوندنشـینەکاندا بەردەوام ئامادەبوو و چەند مانگێك درێژەیکێشا، لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت زەرەرو زیـان زۆر نـەبووبێت. جووتیارێـك بـە میـدڵ ئیسـت ووچـی وتبـوو کـەوا منـەتباری چیای بەرزو دارستانی چڕو حەشارگەی سرووشتینو لـە لایـەکی تریشـەوە بـە هـۆی

---

[2] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکەوە لـە گـەڵ پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراقو حیزبـی سۆشیالیسـتی کوردستانو ژمارەیەك لە حیزبە ئێرانیەکان جاران بنکەو بارەگایان لە ناوزەنگ، " دۆڵی حیزبان" بوو کەوا کەمێك دوور بۆ لای باکوورەوە بوو. بڕوانە ڤان بروونەسن (ئاغا، شێخ، دەوڵـەت) لاپـەڕە 39. بەڵام لە ساڵی 1983دا پێیان چۆڵکرا کاتێ کە ئێرانیەکان پەلاماری ئەو ناوچەیەیان داو عێراقیەکانیش بۆ گێڕانەوەی, هێرشێکی پێچەوانەیان ئەنجامدا. هەروەها دۆڵی جافەتی، بێجگـە لـە PUK، هێـزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی ئێرانیشی گرتبووەخۆ.

ناکارامەیی تۆپچیە عێراقیەکان لە نیشانە پێکاندا. ناخۆشترین کارەسات لە هەڵەدن بوو کەوا گوللە تۆپێکی کیمیایی کەوتە ماڵێکەوەو پیاوێکی بە ناوی یاسین عبدالرحمن‌و شەش کەسی خێزانەکەی کوشت. لە سەرێکی تریشەوە کاریگەریی سەرەکی بۆردمانکردن بە گاز دەبووە هۆی فرمێسك ڕژاندن‌و هەناسەتەنگی, دواتر هێرشی کیمیایی نیشانەی تری لێپەیدابوو وەك سووتاوی‌و تلۆق کردن, ئەوانی کە دەمردن لە پێشدا شەکەت دەبوون‌و تاوێك لەرزو مووچڕکە دەیگرتن ئەگەر ماوەی سەعاتێك بەر گازی کیمیایی بکەوتنایە ، هەندێکیشیان تێکدەچوون‌و بەملاو بەولادا دەکەوتن‌و بە هیستریاوە پێکەنین دەیگرتن[3].

هێزی ئاسمانیی عێراقیش بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ئەو دۆڵە, جاران عەمەلیاتی وەرسکردنی فڕۆکە هەر بە هێلیکۆپتەر ئەنجامدەدرا بەڵام وا ئێستا ئێرانیەکان چەکی دژە ئاسمانی دەدەنە PUK و ئەمە بوو بووە هۆی ئەوەی هێلیکۆپتەرەکانی عێراق بکەونە دۆخێکی مۆلەقەوەو ئیتر ناچار فڕۆکە خرایەکار. هەندێ جار پەلامارەکە بە جۆرە فڕۆکەیەکی بچووکی دروستکراوی سویسرا، کە پیلاتۆزی پێدەوترا، ئەنجامدەدراو ئەمانە بە شێوەیەکی باو بۆ مەشق یان کاروباری کشتوکاڵی بەکاردەهاتن. لە سەروەختێکی تریشدا فڕۆکەی سۆخۆیی جەنگی‌و بۆمبهاوێژی لە دەنگ خێراتری سۆڤێتی کەوتە کارو لە هەر پەلامارێکدا 15 یان 20 فڕۆکە پێکەوە بۆمبارانیان دەکرد. لە هێرشەکانی یەکەمجاردا تەنها چەکی ئاسایی بەکار دەهات، بەڵام لە 15 ی نیسان‌و هەروەها لە تەمووزیشدا فڕۆکە جەنگیەکان بۆمبارانی کیمیاییشیان کرد. بە هۆی بڵاوبوونەوەی گازەکە لە هەوادا کاریگەریی سەرەکی ئەوە بوو کە دەبووە هۆی کوێربوونی کاتی‌و نزیکەی دوو حەفتەی دەخایاند, لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك خەڵکی کوشت کە زۆربەیان مەدەنی بوون. لە هاوینی 1987دا *پێشمەرگە* ماسکی گازیان لە ئێران وەرگرت و هەر بەشێك یان تیپێك ئەفسەرێکی پسپۆری گازی کیمیایی بۆ تەرخانکرا. بەڵام گوندنشینی ئاسایی بە هەڵاتن بۆ شوێنی بەرزایی‌و دەموچاوی خۆداپۆشین بە پەرۆی تەڕ خۆیان لە گازەکە دەپاراست کە با بە سەریدا دەهێنان، وەك چۆن

---

[3] ئەمانە نیشانەن کەوا دەمارەگاز، وەك سارین، لێرە بەکارهاتووە.

ئێرانیەکان دوکتۆرەکانی *پێشمەرگەیان* لە سەر ڕادەهێنا یان ئەوەبوو ئاگریان لە ئەشکەوتەکان‌و ئەو ژێرزەمینانەدا دەکردەوە کە پەنایان دابوونێ[4].

★ ★ ★

بە درێژایی کانوونی دووەم‌و شوباتی 1988 شەڵەژاوییەك کەوتە نێو ڕاپۆرتەکانی هەواڵگرییەوە کەوا لە *ئەمنی* سلێمانی‌و فەیلەقی یەکەوە دەردەچوون‌و ئاگاداریی ئەوەیان دەردەبڕی کەوا کارێکی هاوبەش لە گۆڕێدایەو لە لایەن " بەکرێگیراوانی ئێران " (*عومەلای ئێران*)* و ڕژێمی تارانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. بە گوێرەی بۆچوونی *ئەمن* "کرێگرتەکانی" گاردی شۆڕشی ئێران ، کەوا لە بنکەکانی PUKەوە کاری خۆیان ئەنجامدەدەن‌و "ئەرکی سەرپەرشتی‌و چاودێریی جێبەجێ دەکەن‌و مەبەستیان پارێزگای تەئمیمە" یان بە واتایەکیتر نیازیان ڕۆژاواو بیرە نەوتەکانی کەرکووکە. *مەڵبەندی* یەکی PUK کە بارەگای لە قەرەداخ بوو "ئاسانکاریی هاتنە ناوەوەی گاردی خومەینیی لە کەرتی دەربەندیخانەوە دەکرد" لە 1 ی شوباتدا لقی حیزبی بەعس لە قەرەداخ *ئەمنی* ئاگادار کردەوە کە "ئێرانی دوژمن نەخشەو پلانی یارمەتیدانی تێکدەران دادەنێت" بۆ هێرشکردنە سەر ژمارەیەك ئامانجی دیاریکراو، لەوانە شارۆچکەی گەورەی هەڵەبجەش. لە 8 ی شوباتدا، ڕاپۆرتێك لە هەواڵدەرێکی نهێنییەوە *ئەمنی* لە بارودۆخی خۆ سازدانی دوژمنەوە ئاگادار کردەوە. ڕاپۆرتەکە سەرنجی ئەوەش دەدا کە جەلال تاڵەبانی خۆی

---

[4] بەڵگەی ئەوەی کەوا ڕژێمی عێراق نیازی بووە چەکی کیمیایی بەکاربێنێ‌و لە بارەی ئەوەوە کە پێشمەرگە ماسکی گازیان بەدەستهێناوە لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەدایە کە لە ئەرشیفی عێراقدا گیراون . برووسکەیەکی "نهێنی‌و بە پەلە" لە ڕائید سەعدی مەحمود حوسێنی فەرماندەی کەرتی زاخۆ لە 22 ی حوزێراندا (ساڵەکەی سڕاوەتەوە), بەڵام بە ناوەرۆکی نووسینەکەدا دیارە هی ساڵی 1987 ەو ژمارەکەشی ئە. س /3/ 4181 و نێردراوە بۆ فەرماندە (أ)و نووسیوێتی: "ئاماژە بە " نووسراوی فەرماندەیی هێزی 38، نهێنی‌و بە پەلە 14665 لە 20 ی حوزێراندا دا ئەم زانیاریانەی خوارەوەمان پێگەیشتووە: 4000 ماسکی گاز گەیشتووەتە لقی یەکی نەوەی خیانەتکاریی (واتە KDP ) بۆ خۆپاراستنیان لە گازی ژەهراوی‌و تێکدەران کاتێ بەکاری دەهێنن کەوا ئێمە کوڕو کۆمەڵیان کیمیاباران بکەین. تکایە لە وردی‌و ڕاستیی ئەم زانیاریە بکۆڵنەوەو هەموو ئیجرائاتێکی پێویست وەربگرن".

* لە دەقەکەشدا هەر بەم شێوەیە هاتووە ـ و.

لە دەرەوەی وڵاتەو پتر لە سەری دەرواو دەڵێ: "ژمارەی تێکدەران لـە سـەرگەڵوو لـە نێوان600ـ 800 دایە"[5].

هەرچەندە PUK مێژوویەکی دووروودرێژی هەبوو بۆ هەڵسوکەوت و ژیـان لـە ژێر هێـرش‌و پـەلاماردا، بـەڵام ئـەمجارەیان وا پێدەچێت خۆی ئامادەنـەکردبێت بـۆ ئـەم پـەلامارە تونـدو سـەختە کـە لـە کۆتـایی ئـەو مانگـەدا تێکیشـکاند. لەوانەیـە *پێشمەرگە* بەو ڕادەیە مەزەندەیان نەکردبێت چوونکە ڕژێمی عێـراق ئـەو دەمـە لـە ڕووی سایکۆلۆجیەوە بـە شـەڕی ئێرانـەوە گرێـدرابوو, بـەڵام ئـەوان خێـرا لـە نیـازی تێگەیشـتن کـاتێ کـە ئابڵووقـەی دۆڵـی جافـەتی دا. بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن لێـرە مەبەسـت تـەنها ئـەوە نـەبوو سـەری PUK ببڕێـت، بـەڵکو کاریگـەریی ڕووخانـدنی سایکۆلۆجیشی سەلماند، کەوا ڕژێم هەر شـوێنێکی هەڵدەبـژاردو لـە هـەر ناوچـەیەك, بە سەر *پێشمەرگەدا* زاڵ دەبوو.

کاتژمێر نزیکەی یەك‌و نیو یـان دووی شـەوی 23 ی شـوبات بـوو کـەوا خـەڵکی یاخسـەمەرو سـەرگەڵوو و بەرگـەڵوو لـە تـاریکی‌و بارانـدا بـە دەنگـی ناڵـەو زرمـەی *ڕاجیمە*[**] وەئاگاهاتن. ئەگەرچی بەڵگەیـەکی ئاشـکرا نیـە کـەوا سوپای عێـراق ئـەو دەمە وشەی "ئەنفال" ی بەکارهێنابێت بۆ ئەو عەمەلیاتە ، بەڵام ئەم بۆردمانـە بـە هـەموو نیـازو مەبەسـتێك بـە یەکـەم تەقـەی پـەلاماری ئـەنفال دەژمێردرێـت[6]. مەسەلەیەکی ڕوون‌و ئاشکرایە کەوا ڕژێـم هـەر لـە سـەرەتای ئـەو پـەلامارە نوێیـەوە دەلالـەتێکی تایبـەتی پێـوە گرێـداوە, بـۆ نموونـە، فـەرمانێکی وەزارەتـی بـەرگریی عێـراق، کـە لـە 23 ی شـوباتدا ئیمـزا کـراوەو ئامـاژە بـۆ بڕیـارێکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش دەکـات، وایـدەردەبڕێ کـە ئەوانـەی لـەم شـەڕەی دژ بـە

---

[5] ئەم تێبینیانە لە زنجیرەیەك برووسکەی نهێنیی دوورودرێژ وەرگـیراوە سـەبارەت بـە بـارودۆخی ناوچەکانی سەرگەڵوو و قەرەداخ, لە لایەن *ئەمنی* سلێمانییەوە نێردراوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشـی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. بـەرواری برووسـکەکان لـە 25 ی کـانوونی دووەمـەوە تـا 19 ی مـارتی 1988 دەگرێتەوە.

** لێرەداو لە گەلێ شوێنی دیکەی کتێبەکەدا هەر وشەی ڕاجیمە بەکارهاتووە ـ و.

[6] سەبارەت بە دەستپێکردنی پەلاماردانی سەرگەڵوو هەندێك بەرواری جیاواز دراوە بە میدلْ ئیست ووْچ کە لە نێوان 22 ـ 26 ی شوباتی 1988 دایە. لە فەرمانێکی وەزارەتی بەرگریدا کە لێرە هەیە, بە ئاشکرا دیارە کە بـەرواری ڕاسـتەکە 23 ی شـوباتە. لـە چـاوپێکەوتنە مەیدانیەکانـدا هـەردوولا جەنگاوەرانی پێشمەرگەو گوندنشینە ئاساییەکانیش زۆر بە جیـاوازی مێـژووی ڕووداوەکـان دەدەن، تەنانەت ڕووداوی زۆر گرنگیش.

"تێکـدەران"دا دەپێکـرێنو تیادەچـن بەوانەشـەوە کـە بەشـدارن لـە پـەلاماری "پاکتـاوکردنی" گوندەکانـدا، بـە ڕێـزو شـکۆوە وەك "شـەهیدی جـەنگی شـکۆمەندی قادسیەی سەدام" دەژمێردرێن، بە واتای ئەوەی کەوا ئەو شەڕەش دژی ئێرانە[7].

لـە بەرەبـەیانی 23 ی شـوباتدا, هێـزە زەمینیـەکانی حوکوومـەت لـە هـەموو لایەکەوە پەلاماری دەستپێکرد. "ئـەو سوپایەی گـەمارۆی بنکـەو بارەگاکـانی دابـوو هێنـد قەبـە بـوو لـە شـوورەیەك دەچـوو کـە ئـەو ناوچـەیەی لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان دابڕیبێـت"، ئەمـە قسـەی *پێشـمەرگەیەکە* لـەو ڕۆژانـەدا لـە سـەرگەڵوو بووە[8]. هێڵی بـەرە ڕێـك بـۆ مـاوەی چل میـل درێـژ بووبـۆوە، لـە بنگـردی کـەناری ڕۆژهـەڵاتی دەریاچـەی دووکانـەوە تـا سـلێمانیو شارۆچـکەکانی مـاوەتو چـوارتا. PUK زیاد لە سێ حەفتە بەرگریکرد لەگەڵ ئەوەشدا کە هێرشـەکە سـوپاو هێـزی ئاسمـانیو گـاردی کۆمـاریی هەڵبـژاردەی لـەخۆگرتبوو و ئەمـەی دواییـان تـەنها لـە قۆناخە بەرنگەکانی ئەنفالدا بەکارهات[9]. ئامـانجی دیـاریکراوی هێـزە چـەکدارەکان تەنها بنکەو بارەگاکانی PUK نەبوو بەڵکو گونـدەکانی ئـەو دۆڵـەش بـوو کـە 25 ـ 30 گوند دەبوون[10]. بـە پێـی سەرچاوەکانی PUK لـە نێـوان 200 ـ 250 کـەس لەو گەمارۆدانەدا کوژران، کـە زۆربـەیان *پێشـمەرگەی* کـارا بـوون. بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـەی *پێشـمەرگە* بـەرگرییان دەکـرد زۆربـەی گوندنشـینەکان لـە ئەشـکەوتەکانی ناوچەکەدا خۆیان شاردبۆوە. بـەڵام لـە ڕۆژانـی سـەرەتای مارتـدا گونـدەکان یـەك لـە دوای یـەك داگیرکـرانو تانـكو زرێپـۆش هێڵـەکانی بـەرگریی PUK ی تێکشـکاند. دانیشـتوانی ناوچـەکەش بـەزۆریی بـەرەو ئێـران هـەڵاتنو پـاش ئـەو ڕەوکردنـە یەکەکانی ئەندازیاریی سوپا بە بلدۆزەر گوندەکانیان تەختی زەوی کرد.

---

(7) نووسراوی دەوریی وەزارەتی بەرگری بەشی یاسایی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ژمـارە: ق6300/236/2 لە 23ی شوباتی 1988دا.

(8) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گۆپتەپە، 2 ی حوزێرانی 1992.

(9) گاردی کۆماری (حرس جمهوری) و لە سەرەتادا وەك هێزێکی شێوە سـەربازی جێمتمانـە لـە ڕووی سیاسییەوە دەستی پێکردو پێکهاتبوو لە سێ لیوا لە خەڵکی ناوچەی تکریتی سەرۆك سـەدام حوسـێن. پاشان پەرەی پێدراو کرا بە فەیلەقێکی هەڵبژاردەی زرێپۆشی میکانیکیی قـورس کـە بریتـی بـوو لـە بیستو پێنج فیرقەی بەهێز پێکهاتووە. ناسینەوەی هێزەکانی گاردی کۆماری لە مەیداندا ئاسانە بـە هۆی بەرگی ڕەسمیی بەڵەکیانەوەو پارچـە پەڕۆیـەکی جیاکـاری سێگۆشـەی سـوور بـە سـەر شانیانەوە .

(10) ئەم ژمارەیەمان لە ئاراس تاڵەبانی وەرگرتووە کە لێپرسراوێکی بـەرزی PUKو بـرازای جـەلال تاڵەبانیی سەرکردەی حیزبە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، زاخۆ، 12 ی نیسانی 1992.

سوپا دۆڵی جافەتیی لە سێ لاوە ئابلۆوقە دابوو, تەنها ڕێگەیەکی هەڵاتنی لە لای ڕۆژهەڵاتو سنووری ئێرانەوە هێشتبووەوە کە پانتاییەکەی نزیکەی دوانزە میل دەبوو بە هێڵێکی ڕاستەوڕاست لە سەرگەڵووەوە بە سەر چیاکاندا . بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمیەکانی هەواڵگری، PUK تا 25 ی شوبات بە یارمەتیی ئێرانیەکان بە لای کەمەوە دوو ڕێگای بەرەو سنوور کردووەتەوە[11]. لەم قۆناخەدا وا دەردەکەوێ هێزەکانی حوکوومەت هەوڵیان نەداوە بۆ گرتنی ئەو خەڵکەی بە سەر کەژە بەفرگرتووەکاندا بەرەو ئێران هەڵدەهاتن و پێدەچێت لەم کاتەدا سەرنگومکردنی بەکۆمەڵ هێشتا نەبووبێت بە ڕێبازی سیاسەتی ڕەسمی. هەندێك لەوانەی کە دەربازبووبوون سوپا سەرپشکی کردبوون کە بڕۆن یان بمێننەوە، بەڵام وەك ژنێکی خەڵکی مالوومە دەیگێڕێتەوە پێیان وتوون "ئێوە ئازادن بڕۆن یان بمێننەوە، بەڵام ئێمە بەرپرسیار نین لەوەی ئەگەر مانەوە چیتان بەسەردێت، لەوانەیە بکوژرێن یان ببنە قوربانیی چەکی کیمیایی"[12]ئەمەش هەروا هەڕەشەیەکی خۆڕایی نەبوو، چوونکە چەکی کیمیایی لە ماوەی ئەنفالی یەکدا بەردەوام بەکاردەهات.

زۆربەی *پێشمەرگە* توانییان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پاشەکشە بکەن، بە نیازی ئەوەی هێزەکانیان بەرەوخوار بگوێزنەوەو لەو دەشتە پانو بەرینو پڕ تەپەوتەلانەدا کە بە گەرمیان دەناسرا کۆیان بکەنەوە, بەڵام تەماشایان کرد کەوا هێزەکانی حوکوومەت ڕێگەیان لێگرتوونو لەبری ئەوە ناچارکران ڕووەو باکوور ملبنێن، بەرەو چیا دوورەدەستەکانی قەندیل لە سەر سنووری ئێران ـ عێراق، نزیك بە حاجی ئۆمەران. هەندێکیشیان بۆ بێشەڵانەکانی قەراخ گۆلی دووکان هەڵاتنو لەوێ بەرگرییان لە خۆیان کرد تا زەخیرەو تەقەمەنیان هاتە تەواوبوون. ئەوانەشیان کە دەربازبوون بە شپرزەییو حاڵێکی خراپ لەدواییدا گەیشتنە ئێران, بەشێکیشیان سەربازگەیەکی کاتییان لە گوندی شاناخسێ کردەوە، کەچی ئەویش لە دەوروبەری 22 ی مارتدا بە چەکی کیمیایی لێدرا, ئەو بەیانیە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق بە سەریدا سووڕانەوەو باڵۆنیان خستە خوارەوەو لە کاتژمێر دووی دوای

---

[11] برووسکەیەکی نهێنی کە لە لایەن "کۆڵۆنێلێکی ئاسایش"ەوە ئیمزاکراوە، لە ئەمنی سلێمانییەوە بۆ ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی ژمارە 4610 لە 25 ی شوباتی 1988دا.

[12] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دانیشتوویەکی جارانی مالوومەدا (ناحیەی ماوەت)، کۆمەڵگای باینجان، سلێمانی، 18 ی مایسی 1992.

نیوەڕۆدا شەش فڕۆکەی تر دیسان گەڕانەوە سەری و بۆمبەکانیان خستە خوارەوە. جەنگاوەرێکی PUK کە ئەو دەمە لەوێ بووە دەیوت: "ئەو ناوە پڕبوو لە *پێشمەرگەو* خێزانی ڕاکردوو, هەزاران کەس لەوێ بوونو زۆریان لە خێوەتدا دەژیان. من خۆم بریندار بوومو دەموچاوم ڕەشداگەڕابوو و پێستم ئازاریدەدامو بە ئاسانی هەناسەم بۆ نەدەدرا, بەڵام ئەمانە هەرچۆنێك بێت ئاسان بوون، خەڵکێتر کە نزیك بوون لە شوێنی لێدانەکەوە هەموو لەشیان بڵقی کردبوو و هەندێك لە پیاوان گونیان هەڵاوسابوو. " فەرماندەیەکی PUK وای لە قەڵەم دەدا کە 28 کەس کوژرابێتنو 300 یش برینداروو زۆربەشیان خێزانو کەسوکاری *پێشمەرگە* بوون. (هەندێ سەرچاوەی تر وایبۆدەچن ژمارەکە کەمتر بێت) بەشێکی کوژراوەکان مەدەنی بوونو لەو دەمەدا تێداچوون کە پەلەقاژەیان کردووە بە چیاکاندا بەرەو ئێران بپەڕنەوە[13].

* * *

*پێشمەرگە*، بەم پەلاماره تازەیەو بەم ڕادە زەبرو توندیەی کە هەر زوو زانرا بە ناوی ئەنفالەوەیە، لەوە گەیشتن کە شتێکی ئەوتۆیان پێناکرێت بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکەکە, بۆیە پێیانڕاگەیاندن کە هەرچۆنێکیان کردووە خۆیان چارەسەری خۆیان بکەن. لێرەوە, لە ڕێگای سەرکردایەتیی PUK ەوە کە هێشتا سەلامەتبوو, بەردەوام ئاگاداری لە ئێزگە نهێنیەکەی ڕادیۆی *پێشمەرگەوە* بڵاودەکرایەوەو وادیاربوو خەڵکە مەدەنیەکە ئیشارەتی ئەوەیان درابوویە کە بەرەوڕووی مەترسی بوونەتەوە. ئەمەش کە هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری سوپادا بۆ هێشتنەوەی ڕێگایەکی هەڵاتن ئەڵبەتە بوو بە هۆی ڕزگاربوونی خەڵکێکی بێشومار. بەڵام دوای ئەوەی کە ئەنفال ناوچەکانی دیکەی گرتەوە کارەکە گران کەوتەوەو زەحمەت بوو هیچ ئاگادارییەك بدرێتە خەڵکەکە. لە پاش گەمارۆدانی بنکەو بارەگاکانی PUK *پێشمەرگە* دەستیان بەرنەدا لەو جێگەو شوێنانەی پەلامارەکە بە نیاز بوو بیانگرێتەوە، بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا.

---

[13] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، زاخۆ، 14 ی مارتو 6 ی نیسانی 1993.

زۆربەی گوندنشینانی دۆڵی جافەتی دەربازبوون, هەندێك بەرەو شاری سلێمانی هەڵاتن، بەڵام بەشی هەرە زۆریان سەری خۆیان بـەرەو ئێـران هـەڵگرت، بـەو ناوچـە سنووریە چۆڵانەدا كە بەخەسـتی مینرێـژ كـرا بـوون. ئەمـە گـەورەترین ڕەوكـردنو كۆچی بەكۆمەڵی ئاوارە بوو پاش سیانزە ساڵ لە تێكشكاندنی ئەو شۆڕشـەی بـارزانی سەركردایەتیی دەكرد. ئەمە لە مارتدا بوو, هێشتا زستانی سەختی وڵاتی كوردان بـە سەرنەچـووبوو, گوندنشـینێكی خـەڵكی سـەرگەڵوو كـە لـە نـاوەنجی تەمەنیـدا بـوو دەیـوت: "ئێمـە هـەر مـاڵو سـامانێكمان شـكدەبردو لـە مـاوەی زیـاد لـە پـەنجا سـاڵدا پێكمانــەوە نــابوو بــە جێمانهێشـت. خەڵكەكـە وەك مێگەلـە مـەڕی تۆقیـو بـە نـاو چیاكاندا بەرەو ئێران ڕەویدەكرد, بـاران لـە سـەر دەربـاریو فڕۆكـەی جـەنگیش بـە ڕاسەرمانەوە بوون. شەش كەسی خەڵكی سەرگەڵوو بە ڕێگاوە سەرما ڕەقیكردنـەوەو مردن، هەروەها سی كەسی تریش لە خـەڵكی گونـدەكانی ئـەو دۆڵـە بـە هـەمان دەرد چوون"[14].

ئـافرەتێكی تەمــەن پەنجاوحــەوت سـاڵی خــەڵكی گونــدی قەرەچـەتان دەیـوت "خەڵكەكە ڕایاندەكردو پێڵاویان لە پێدا نەمابوو، بەفرێكی زۆر لە زەویدا كـەوتبوو و هەمووومان لە بەر سەرما هەڵدەلـەرزین"[15], ئـەو خەڵكـەی كـە منـداڵی پێبـوو لـە ڕێگە گیریخواردبوو و نەیاندەتوانی بەخێرایی بڕۆن. لێرە ڕووداوێكی كارەسـاتبار لـە كۆمــەڵێك خــەڵك قــەوما لــە نزیـك كـانی تـوو، كـە كـەلاوەی گونـدێك بـوو لـە ژوور ســـەرگەڵووەوەو لـــە پاكتـــاوكردنی ســـاڵی 1978 ی گونـــدەكانی ســـەر ســـنووردا چۆڵكرابوو. *پێشمەرگەی* چەند حیزبێك لە كانی توو لەناو خۆیانـدا تێكچووبوون و لەم ئاژاوەو پشێویەدا خەڵكێكی زۆر لە گوندنشینە هەڵاتووەكان دەیانویست بـە نێـو چیاو لووتكە بەفرینەكاندا بپەڕنەوە بۆ ئێران بەڵام زۆر درەنگ دەرچوونو لە ڕێگـا تاریكییان بەسەردا هاتو هێشتا ماوەیەكی زۆریان مابوو بگەنە مەنزڵ, لە بەر ئـەوە بە لای كەمەوە هەشتایان لە سەرما ڕەقبوونەوەو هەندێك مەزەنـدەش وایبۆدەچێت كە زۆر لەوە زیاتر بێتو ژمارەكە خۆی لە 160 كەس بدات[16].

---

[14] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، كۆمەڵگای پیرەمەگروون، 30 تەمووزی 1992.

[15] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، كۆمەڵگای پیرەمەگرون، 27 ی تەمووزی 1992.

[16] ژمارە كەمەكەیان لە بەرپرسـانی ئـەو دەمـەی PUKەوە وەرگـیراوەو مەزەنـدەكردنی ژمـارە بەرزەكەش لەو گوندنشینانە وەرگیراوە كە میدڵ ئیست ووچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ كردوون.

ئەگەرچی گەمارۆدانی دۆڵی جافەتی بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵی لە تەکدا نەبوو، بەڵام بەشێك لەو خەڵکەی لە هەرەشەی ئەنفالی یەك دەربازبوون لە کۆتایی مانگی نیساندا و بە چەند حەفتەیەك لە پاش گرتنی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو تووشبوونەوە. جووتیارێکی خەڵکی هەڵەدن بە میدڵ ئیست ووچی وتووە کەوا لە پاش سێ رۆژی رەوکردنەکە خێزانەکەی لە سەر سنوور چوونەتە ئۆردووگایەكو کوردی بەبەزەیی ئێران یارمەتییان داونو خێوەتیان داونەتێ, کابرا یادی ئەو رۆژگارەی دەکردەوەو دەیوت "ئەوان لەوێ ماوەی مانگێك مانەوەو دوای ئەوە سوپای عێراق گەیشتە سەر سنوورو سەرپاکی خەڵکەکەی دەسگیرکرد، بە خێزانەکەی منیشەوەو ئەمە لە 20 ی نیساندا ڕوویدا. سوپا بە هەلیکۆپتەر هێزی دابەزاندو لەملاشەوە بەفرێکی زۆر دنیای گرتبوو و خەڵککەش تەواو بە هیلاك چووبوون."ئەم پیاوە لەو ڕۆژەدا نۆ کەسی خێزانەکەیو کەسوکاری لەدەستدابوو کە بریتیبوون لە دایکیو سێ خوشکی، کە دوانیان دووگیان بوون، لەگەڵ سێ خوشکەزای کە تەمەنیان لە خوار شەش ساڵەوە بووە. ئەم شایەتحاڵە هەڵاتبوو بۆ ئێرانو تەنها باوکی، کە لە کۆتایی پەنجاکانی تەمەنیدا بوو، بە زیندوویی دەرچوو[17].

گەلێ خەڵکی دیکەش کە لە کاتی گەمارۆدانی بارەگاکانی PUK دا هەڵاتن و دواتر بە شێوەی جۆراوجۆر سەرنگوم بوون. سێ برای خەڵکی سەرگەڵوو دووبارە لە سنوور پەڕینەوە بۆ عێراق، پاش ئەوەی دوو حەفتە لە ئێران مابوونەوەو لەوێ دەنگوباسێکی درۆیان بیستبوو لێبووردن بۆ ئەوانە دەرچووە کە خۆ بە دەستەوە دەدەن[18]. بەم پێیە, ئەوانیش خۆیان دابووە دەست *موستەشارێکەوە* لە کۆمەڵگای سەنگەسەری نزیك قەڵادزێ، بەڵام کابرا هەرسێکیانی تەسلیم بە حوکوومەت کردبوو و ئیدی قەت نەبینرانەوە. بە هەمان شێوەش کۆمەڵێکی پانزە کەسیی

---

[17] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای پیرەمەگروون، 27 ی تەممووزی 1992.

[18] بڕیاری لێبووردن ماوەیەکی دوورودرێژ پەسەندترین تاکتیکی ڕژێمی بەعس بوو. بەهەرحاڵ مەسەلەیەکی گرنگ بوو بۆ هاوولاّتیان کە ئایا مامەڵە لەگەڵ لێبووردنێکی ڕاستەقینەدا دەکەن کەوا لە کەناڵە ڕەسمیەکانەوە جاڕی بۆ دەدرا. واتەواتی لێبووردن فرەجار کاریگەرییەکی ڕووخێنەری هەبوو و هاولاّتیی ڕاکردوو و *پێشمەرگەی* پێ لە خشتە دەبرا تاوەکو بکەونە داوی حوکوومەتەوە، بە تایبەتی لە کاتی پەلاماردانی ئەنفالدا بە هۆی دەرکردنی لێبووردنی درۆینەوە چ ئەوانەی گشتیی بوون یان بۆ ناوچەیەکی دیاری کراو دەردەکران. تاوەکو 6 ی ئەیلوولو تەواوبوونی پەلامارە سەربازیەکە، لێبووردنێکی ڕاستەقینە نەدرا، بڕوانە بەشی 11.

سەربازی هەڵاتوو، پاش چەند هەفتەیەك خۆشاردنەوە لە چیاکاندا خۆیاندابووە دەست *موستەشارێکەوە* لە گوندی چەرمەگا, گوایە بەڵێنی شەرەفی دابووە خێزانی یەکێکیان کە کەسیان هیچ زیانێکیان پێناگات بەڵام ئەم کورە گەنجانەش دیسانەوە لە بەندیخانەی *ئەمنی* سلێمانیدا بێسەروشوێن کران. ئەم لێبووردنە ساختەو پەیمان شکاندنانە بەردەوامو بۆ چەندین جار لە قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی پەلاماری ئەنفالدا دووبارە دەبووەوە.

* * *

## هێرشی کیمیایی 16 ی مارت بۆ سەر هەڵەبجە

ماوەی چەندین ساڵی کینەو دژایەتیی نێوان ئێرانو عێراق بوو بە هۆی ئەوەی کەوا حیزبە کوردیەکان، وەك دەلاقەیەکی جیۆپۆلێتیك، بتوانن بەکاریبێنن بۆ سوودو قازانجی خۆیان. لە پاش دوو حەفتە خۆڕاگرتن لە بەرامبەر گەمارۆدانی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوودا PUK بە نائومێدی ناچاربوو بەرەیەکی دووەم بکاتەوە بە پاڵپشتی هێزی سەربازیی ئێران, *پێشمەرگە* هەڵەبجەیان هەڵبژارد وەك شارۆچکەیەك لە دەشتاییەکدا کە تەنها چەند میلێك لە سنوورەوە دوورەو وەك چاوبەستی کردنیش بۆ کشاندنەوەو دوورخستنەوەی هێزەکانی عێراق لە سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو. بەڵام پلانەکە بە تراجیدیایەکی حیساب بۆنەکراو شکایەوەو ئەم هاوپەیمانێتیەی لەگەڵ ئێراندا کە چاوەڕێی سوودی لێدەکرا بە ڕووداوێکی ئیفلیج وەرگەڕا. هێرشی چەواشە کردنەکەی هەڵەبجەش تەنها دیدو بۆچوونی عێراقی بەو لایەدا بەهێز کرد کەوا شەڕی دژ بە ئێرانو شەڕی دژ بە کورد چونیەکەو یەك شتە. لە کۆتایی شوباتدا عێراق هێرشی مووشەکبارانی بۆ سەر تاران زیاد کرد وەك بەشێك لە "*شەڕی شارەکان*"[19].

---

[19] جوپاو دینگەمان لە "جەنگەکانی کەنداو, لاپەڕە 5 ـ 6دا " بڕوایان وایە کەوا عێراق 182 مووشەکی سکۆد ـ B گرتووەتە ئێران لە ماوەی 52 ڕۆژی پەلاماری مووشەکبارانەکەیدا کە لە 29 ی شوباتی 1988دا دەستیپێکرد. بە یارمەتی ئەندازیارانی بەرازیلو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ئەم سکۆدە "پەرە پێدراوانە"دەگەیشتنە پێتەختی ئێران کە لە سەر سنووری عێراقەوە 340 میل دووربوو.

مەبەست لە کارەکەش ئەوە بوو کە پاڵ بە ئێرانی لاوازکراوەوە بنرێت بۆ سەر مێزی وتووێژ بە پێی هەلومەرجێکی لەبارو گونجاو بۆ بەغدا. کاربەدەستێکی شوێنباوەڕی پایەبەرزی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ پاتریك تایلەری پەیامنێری واشنتۆن پۆست پێی لەوە ناوە کە عێراق لە هەوڵی ئەوەدا بوو دانەڕۆ بۆ دوژمنەکەی بکاتو بیخاتە داوێکەوە لە ئاست توانای هێزەکانیدا نەبێت. هەروەها ئەم کاربەدەستە ئەوەشی وتبوو کە "بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووماندا ئێمە بمانەوێ ئێرانیەکان هێرش بکەن"[20]. کەواتە ئێران ناچار کراوە هێرش بکاتە سەر هەڵەبجە.

هەڵەبجە شارۆچکەیەکی کوردنشینی قەرەباڵغو بازاڕێکی بازرگانیی گەرمی هەبوو و ژمارەیەك دامودەزگای حوکوومەتیشی تێدابوو. ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە ، لە بەر ئەوەی دێهاتنشینێکی زۆری بۆ ڕاگوێزرابوو گەلێ زیادیکردبوو لە نێوان 40 ـ 60 هەزار کەس یان زیاتر دەبوو. *پێشمەرگە* سی ساڵێك دەبوو, لێرە بەهێز بوونو چەندین حیزبی نهێنی لە کارو چالاکیدا بوون، وەك سۆشیالیستو کۆمۆنیستو هی دیکەش، بێجگە لە یەکێتیی نیشتمانیی جەلال تاڵەبانیش. یەك لەو گرووپانە کەوا بە تایبەتی لەو ناوچەیەدا بەهێز بوو، حیزبی بزووتنەوەی ئیسلامیی سەر بە ئێران بوو (بزووتنەوەی ئیسلامیی لە عێراقدا)*. وەك تۆڵەکردنەوەیەك لە پشتگیریی ناوخۆ بۆ *پێشمەرگە* هێزەکانی عێراق سەرلەبەر هەردوو گەڕەکی کانی ئاشقانو مۆردانەیان لە مایسی 1987دا بە بلدۆزەر تەختکرد[21]. لە دەوروبەری ساڵی 1983وە هێزەکانی ئێران بە نهێنیو لە ژێر پەردەی تاریکیدا دزەیان دەکردە ناو هەڵەبجەوە بۆ زانیاری کۆکردنەوە. شارۆچکەکە

---

[20] بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتە " کاربەدەستەکە باسی ئەوەی کردووە کە عێراق ئەمەی بە بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی گەورە داناوەو بۆ ئەوەی بۆ هاوپەیمانانی عێراقی بسەلمێنێ کە ئێران ئومێدی ئەوەی نیە بتوانێ هێڵەکانی بەرگریکردن لە عێراق تێکبشکێنێ. لەوەش زیاتر دەبوو وە بیری جیهان بهێنرێتەوە، وەك ئەو دەیوت، کە جەنگ بریسکەیەکی هەردەم بە گڕەو پێویستی بە هەوڵو تەقەلای دیپلۆماسیی گەورە هەیە بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێنرێت"، (واشنتۆن پۆست، 2 ی مارتی 1988).

* ناوەکە لە دەقەکەدا بەم شێوەیە هاتووەو ڕاستەکەشی (بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراقدا)یە ـ و.

[21] سەبارەت بە تەختکردنی گەڕەکی کانی ئاشقان، بڕوانە ئەو بەڵگەنامەیەی لە لاپەڕە 131-132 دا خراوەتە ڕوو.

**کەوتبووە لێواری ناوچەی جەنگەوەو کۆمەڵێ گوندی بچووکیش لە نێوان هەڵەبجەو سـنووری ئێرانـدا لـە کۆتـایی سـاڵانی حـەفتادا تـەختکرابوونو خەڵکەکـەیان لـە کۆمـەڵگاکانی قـەراخ شـارەکەوە سـەرلەنوێ نیشـتەجێکرابوونەوە. بـەڵام گـەورەترین بایـەخی سـتراتیجیی هەڵەبجـە ئـەوە بـوو کـەوا ڕێـك مـاوەی حـەوت میـل دەکەوتـە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دەربەندیخانـەوە، کـە بەنداوەکەی کۆنترۆڵی بەشـێکی گرنگـی دابینکردنی ئاوی بەغدای پایتەختی عێراق دەکات.**

**لـە دوو حەفتـەی یەکـەمی مارتـدا بـەردەوام ڕاپۆرتـەکانی هـەواڵگریی عێـراق سـەرنجی مۆڵخـواردنی گـاردی شۆڕشـی ئێـرانو *پێشـمەرگەیان* دەدا لـە ڕۆژئـاوای هەڵەبجـەدا هاوکـات لەگـەڵ تۆپبـارانی شارۆچـکەی نزیکـی سـەید سـادق لـە لایـەن هێزەکانی ئێرانەوە[22]. لە 13 ی مارتدا ئێرانیـەکان بـە ڕەسمـی ڕایانگەیانـد کـە لـە ناوچەی هەڵەبجەوە هێرشـێکی نوێیـان دەستپێکردووە بـە نـاوی (زەفـەر 7)ەوە. بـە گوێرەی ڕادیۆ تـاران هێرشـەکە لە لایـەن هێزێکـی هاوبەشـی *پێشمەرگەی* PUK و پاسـدارانەوە ئەنجامـدراوە، لـە تۆڵـەی پـەلامارە کیمیاییـەکانی ئـەم دواییـەی ڕژێمـی عێراقدا بۆ سـەر کـورد[23]. بـۆ ڕۆژی ئاینـدە هێرشـێکی دیکـەی هاوبەشـیان کـرد بـە ناوی (بیت المقدس 4)ەوە و ئێرانیەکان لافی ئەوەیان لێدا گوایە هێزەکانیـان دوانـزە میلی ماوە بگەنە سلێمانی. لە 16 ی مارتدا تاران هێرشێکی تری ڕاگەیانـد بـە نـاوی (والفجـر 10 )ەوە[24]. ئێـران بـە شـانازیو لـەخۆبایی بوونـەوە وایـدەربڕی کـەوا هێزەکـانی گەیشـتوونەتە لێـواری ڕۆژهـەڵاتی گـۆلی دەربەنـدیخانو 800 کیلۆمـەتری**

---

(22) **هاتوچۆی برووسکەی نهێنیی نێوان هەردوو بارەگای *ئەمنی* سلێمانیو *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمیی لە 6 ـ 16 ی مارتی 1988دا.**

(23) **هەردوولا، ئێران و PUK، لە بارەی هێرشی هەڵەبجەوە ژمـارەی جیـاواز باسـدەکەن لـە سـەر قەبارەی ئەو هێزانەی بەشدارییان کردبوو. لە کاتێکدا کە ئێـران بەشـداریی خـۆی بـە قەبارەیـەکی گەورە دەردەبڕێ، ئەو سەرچاوانەی PUK کە میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون بـاس لەوە دەکەن کەوا گرتنی هەڵەبجـە عەمـەلیاتێکی هاوبەشـی *پێشـمەرگە* بـوو و ئێرانیـەکان لـە دوای پەلامارە کیمیاییەکەی 16 ی مارت بە ژمارەی قەبەو زۆر هاتنە کایەوە. هیچکام لەم دوو باسەش بە تەواویی جێی بڕواو متمانە نیە.**

(24) **لە نێو ژمارەیەکی زۆر هێرشی ئێرانی لە جەنگدا، مانای والفجر سەنگێکی تایبەتی هەبوو. والفجـر 1 لە شوباتی 1983دا یەکەم هاتنە ناوەوەی ئێران بوو بۆ ناو خاکی عێراق . والفجر8, 9 لە شـوباتی 1986دا ئەنجامەکەی گرتنی نیمچە دوورگەی فـاو بـوو, لـە هـەمان کاتیشـدا داگیرکردنـی ناوچـە شاخاویەکانی نزیک سلێمانی بوو، کەوا هێزەکانی ئێرانی هێنـد نزیـک کردبـوّوە بتـوانن ئـەو شـارە تۆپباران بکەن. بڕوانە کۆردسمان و واگنەر: ئێران و عێراق لە جەنگدا, لاپەڕە 159, 212, 224.**

چوار گۆشەیان لە خاكی عێراق داگیركردووە لە گەڵ 102 گوندا (كە دەبێ رووخێنراو بن)، بەڵام سەركەوتنی (والفجر 10 ) وەك تاران بانگەشەی بۆ كرد، "ئازادكردنی" شارۆچكەی هەڵەبجە بوو.

هەڵەبجە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە 13 ی مارتەوە بەر تۆپبارانێكی خەستی ئێران كەوت لە بەرزاییەكانی دەوروبەریەوە. پێگە سەربازیە بچووكەكانی عێراق كە لە نێوان هەڵەبجەو سنووردا بوون یەك لە دوای یەك دەشكانو لە ترسا بۆ ناو شار پاشەكشەیان دەكرد. هەندێكیان بەرگی سەربازییان فڕێدەداو پەنایان دەبردە بەر مزگەوتەكان، بەڵام هەندێكیشیان چوونە پێگە سەربازیەكانی بەرگریی كاتییەوە لە سەربازگەكانی ناوشارداو گەلێكیشیان بە كۆمەڵ هەڵاتن, بەڵام رژێمی بەغدا بە تەما نەبوو هێزێكی پیادەی زۆر بخاتە بەرەی هەڵەبجەوە چونكە ستراتیجێكی تەواو جیاوازی لە مێشكدا بوو. وەك باسدەكرێ, هەندێ لە پاسدارە ئێرانیەكان هەر زوو لە 13 ی مارتەوە دزەیان كردبووە ناو شارەوەو لە شەوی 15ی مارتدا بە ئاشكرا بە ناو شەقامەكاندا نمایشیاندەكرد بە یاوەریی كوردە عێراقیەكانو سڵاویان لە خەڵكی شار دەكردو هاواریان دەكرد "ألله أكبر خومەینی رەهبەر!"و خۆیاندەكرد بە ناو ماڵەكانداو فەرمانیان پێدەكردن نانی شێوانیان بۆ ئامادە بكەن. هەندێك بە سواریی ماتۆڕ بە دەوری هەڵەبجەدا دەسووڕانەوەو گەلێكیان مێرمنداڵ بوونو تووكیان لێنەهاتبوو و تەنها دارو چەقۆیان هەڵگرتبوو, هەروەها زۆریشیان ماسكی گازیان پێبوو. ئەمانە لە خەڵكە واق وڕماوەكەی سەرجادەیان دەپرسی كە شارە پیرۆزەكانی كەربەلاو نەجەف چەند لێرەوە دوورن[25].

چەكدارانی بزووتنەوەی ئیسلامیی عێراقی بە بۆنەی سەركەوتنەوە شاییو هەڵپەركێیان سازدابوو لە بەردەمی بارەگای *ئەمنو ئیستیخباراتدا*، كە بۆ خۆیان داگیریان كردبوو. بەڵام خەڵكی شار بە گشتیی لە چاوەڕوانیی بەڵاو مەترسییەكی گەورەدابوون، بە تایبەتی كەوا لە 15 ی مارتدا فەرمان بە كارمەندانی

---

[25] هەردوو شارەكە مەرقەدی گرنگی شیعەیان تێدایە: مەزاری ئیمام عەلی لە نەجەفەو هی ئیمام حوسەینیش لە كەربەلایە. پرسیاركردنی ئەو پاسدارانەش لەو بارەیەوە هەندێك لە سادەییو ساویلكەییان دەگەیەنێ. هەردوو شار دەكەونە باشووری بەغداوەو چەند سەد میلێكیش لە هەڵەبجەوە دوورن.

فەرمانگـەکان درا چـۆڵی بکـەنو بگوێزنــەوەو[26] خـەڵك بـە تـەواویی چـاوەڕوانی تۆڵەکردنەوەیەکی دەسبەجێی عێراق بوون. برووسکەیەکی *ئەمن* لـە ڕۆژی ئاینـدەدا بە ئاشکرا باس لە زەرووڕەتی" کارێکی سەربازیی توندو بەهێز دەکات"[27].

هێرشی پێچەوانەی عێـراق لـە چێشـتەنگاوی 16 ی مارتـەوە دەسـتیپێکرد، بـە پەلامارێکی ئاسایی هێزی ئاسمانیو تۆپباران کردن لە شارۆچکەی سـەید سـادقی لای بـاکوورەوە. زۆربـەی ماڵـەکانی هەڵەبجـە ژێرزەمینـی سـەرەتاییان لـە نزیـك ماڵـەوە دروستکردبوو*, هەندێك چوونە ئەم ژێرزەمینانەوەو ئـەودوای خەڵکەکـەش چـوونە ژێرزەمینە حوکوومەتیەکانەوەو ئەوان هەر لە سەرەتای شـەڕی ئێـران ـ عێراقـەوەو لـە سـاڵی 1980وە بـەم بارودۆخـە ڕاهـاتبوون. یەکـەم شـەپۆلی بۆمبـارانی فڕۆکـە پێدەچێت بۆمبی ناپاڵمو فۆسفۆری تێدا بەکارهاتبێت . بە پێی قسەی شـایەتحاڵێکی بۆردمانەکـە "ئـەم بۆمبانــە جیـاواز بــوون لــەوانیتر، چــونکە ئەمانــە ناڵەیــەکی لەڕادەبەدەرو گڕێکی هێجگار گەورەو توانای وێرانکردنێکی نائاساییان هەبوو, ئەگەر دەسـتت بدایەتــە ئــەو بەشــەی لەشــتەوە کــە بەرکــەوتبوو و گــڕی تێبــەربووبوو دەستیشـت دەسـووتا, ئـەو بۆمبـە دەبـووە هـۆی ئـەوەی هـەموو شـتێك گڕبگرێـت" بۆمبارانەکـە بێوچـان چـەند سـەعاتێك بـەردەوامبوو "ئەمـە تـەنها یـەك بۆمبـاران نەبوو کە بوەستی هەناسەیەکی تێدا بدەیتو پاشان یەکێکیتر دەستپێبکاتەوە، بەڵکو بەردەوام فڕۆکە دەهاتنو دەچوون, شەش فڕۆکە بۆمبارانیان تـەواو دەکـردو شەشـی تر دەهاتن"[28].

ئـەوانی بـە دەرەوەو لەسـەر شـەقامەکان بـوون ئاشـکرا دەیـانبینی کـە فڕۆکـەی عێراقی بوون نەك ئێرانی، چونکە هێند بە نزمی دەفڕین نیشـانەکانیان بـە ئاسـانی چاودەکران. دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەو لە دەروبەری کاتـژمێر3 دا ئەوانـەی کـەوا لـە

---

[26] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ کارمەندێکی ئەوسای شارەوانیی هەڵەبجەدا، هەڵەبجە، 8 ی مایسی 1992.

[27] برووسکەیەکی نهێنیی ئەمن، کە بێ ژمارەیـە ، بـۆ ئـەمنی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لـە 16 ی مـارتی 1988دا.

* زۆر لە ماڵەکانی هەڵەبجە ژێرزەمینـی کـۆنکرێتیی خۆیـان هـەبووو خـەڵکی شـار زیـاتر خۆیـان بـۆ ژێرزەمینی ماڵەکان کوتا. ئەو ژێرزەمینە ساکارانەی لێرەدا باسدەکرێو لە گونـدەکانی کوردسـتاندا پێیاندەوترا ( کونـە تـەیارە) زیـاتر لـە کۆمـەڵگاکانی عەنـەبو زەمـەقیی قـەراخ شـاری هەڵەبجـەدا دروستکرابوون ـ وەرگێڕ.

[28] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەڵەبجە، 17 ی مایسی 1992.

ژێرزەمینەکانـدا مابوونـەوە هەسـتیان بـە بـۆنێکی نائاسـایی کـرد. ئـەمانیش وەك گوندنشینەکانی بەهاری ڕابوردووی دۆڵی بالیسان بە بۆنی سێوو گوڵاوو خـەیاریان دەشوبهاندو پیـاوێکیش دەیـوت "بۆنەکـەی زۆر پـیس بـوو لـە ژەهـری مـار دەچـوو" کەواتە کەس پێویستی بەوە نەبوو پێی بگوترێ ئەمە بۆنی چیە.

وادیارە پەلامارەکە بەشی باکووری شاری بە خەستی گرتبـووەوەو دوور بـوو لـە سەربازگەکانەوە ، ئەگەرچی ئەو دەمە چۆڵیشکرابوون. لـە ژێرزەمینەکانـدا کوتـوپڕ تـرس وسـامو زەندەقچوونێك پەیـدابوو ئەوسـەری نەبێتـەوە, هەنـدێك پەلـەقاژەی ئەوەیان دەکرد درزو برینی دەرگای ژێـرزەمین بـە خـاولیی تـەڕ بگـرن، یـان پـەڕۆی تەڕکراویان دەدا بە دەموچاویانداو یان ئاگریان دەکردەوە. بەڵام دواجار هیچ شـتێك دادی نەدانو لە تاوا دەرپەڕینە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان. دنیـا تاریـك بـوو بـوو و هیچ ڕووناکییەکی سەرجادە نەبوو، چوونکە ڕۆژی پێشتر ئاگری تۆپخانە کارەبای بە سەر یەکدا تێکدابوو. خەڵکی هەڵەبجە لە بەر تروسکاییەکی کـزی ڕۆشـنایی دیمـەنی مۆتەکەو کابووسیان بە چاوی خۆیان دەبینی. لاشەی بێگیـان، بـە مـرۆڤ و ئاژەڵـەوە، لارو پـاڵ لـە سـەر شـەقامەکان کـەوتبوون، لـە بـەر دەرکـەو دەروازەکانـدا کەڵەکـە بووبـوون، بەسـەر سـتێرنی ئۆتۆمبیلەکانیانـدا شـۆڕبووبوونەوە. ئەوانـەی کـە هێشـتا مابوون بەملاو بەولادا لەتریان دەداو بـە هیسـتریاوە پێدەکـەنینو پاشـان دەکـەوتن. سـەربازە ئێرانیـەکان بـە نێـو شـەقامە تاریکەکانـدا تیـژ تێدەپـەڕینو بـەرگی خۆپاراستنیان پۆشیبوو و ماسکی گازیشیان بە دەموچاوەوە بـوو. ئـەو خەڵکـەی کـە هەڵـدەهاتن بـە زەحمـەت ڕێگـای خۆیـان دەبینـیو وایـان هەسـتدەکرد "دەرزی دەچەقێتە چاویاندا"و میزیان بووبوو بە خوێن[29].

ئەو خەڵکەی گوڕوتینێکی تێدا بـوو بـەرەو ئێـران هـەڵات. تـەرزەو بارانێـك بـە جـارێ ئـەو نـاوەی کردبـووە قوڕولیتـەو زۆر لـە خەڵکـە ئاوارەکـە بـە پێـی پـەتی دەڕۆیشـتن، ئەوانـەش وا ڕاسـتەوخۆ بـەر گـاز کـەوتبوون کـە شـەو داهـات حاڵیـان زۆرخراپتربوو. منـداڵێکی زۆر بـە ڕێگاوە گیانیـان دەرچـوو و هەرکـە دەکـەوتن لـەو شوێنەدا بەجێدەمان. بۆ سبەینێ بەیانی زوو فڕۆکەی جەنگیی عێراق بە ئاسمانەوە دەرکەوتنو بە ئاشکرا چاودێریی هەڵاتنی دەربازبوانیان دەکرد. زۆر لە خەڵکەکە لە

---

[29] ئەو نیشانانەی کەوا لە لایەن دەربازبوانەوە باسدەکرا لە نیشانەی بەرکـەوتنی گـازی خـەردەلو دەمارە گازی وەك سارین دەچن.

ڕێگاوبانەکان لایانداو بە ناو چیاکاندا پەرش‌و بڵاوبوونەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا کە هەڕەشەی مین لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بوو. بە گوێرەی باس‌و گێڕانەوەیەك نزیکەی شەش هەزار کەسی خەڵکی هەڵەبجە لە کەلاوەی گوندەکانی لەو پێگەدا خڕبوون. نزیکەی ئەوەندەی تریش لە ناو تل و بەردەکانی دەرەتفێ دا کۆبوونەوە کە دوا گوندی بەری عێراق بوو لە سەر سنوور[30]. ئێرانیەکان ئامادەبوون بۆ پێشوازیکردنی لێشاوی ئاوارەکان. ئەو ڕۆژە دواینیوەڕۆیەکی درەنگ هەلیکۆپتەری ئێرانی گەیشتنە لەو پێگەو دوکتۆرە عەسکەریەکان خێرا دەرزیی ئەترۆپینیان لە دەربازبوان دا پێش ئەوەی لە سنوور بپەڕنەوە. لە ئێران، هەر هەموو خەڵکەکە لە سەر ئەوەن کە چاودێری‌و خزمەتێکی باش کراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان برینەکانیان کاریگەربوو و تیمارکردنیان کەڵکی نەبوو و لە سەر خاکی ئێران مردن. هەروەها زۆری نەخۆشەکانیان گوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانەی شارەکانی تاران‌و کرماشان و شارۆچکەی بچووکی پاوە. ئەودوایان دوو حەفتە لە بینای قوتابخانەیەکدا مانەوە لە شارۆچکەی هەرسین‌و لەوێ دوکتۆر چاودێریی دەکردن. پاشانیش لەوێوە بران بۆ دوو ئۆردووگای پەنابەران، کەوا یەکێکیان لە سونغوور بوو لە سەر کەنداوی فارس، نزیك بە بەندەر عەباس. ئەویتریشیان لە کامیاران بوو لە ئوستانی کرماشانی نزیك سنووری عێراق. لەوێ خەڵکەکە لە چاوەڕوانیدا مانەوە تا ئەنفال تەواو بوو و وایانزانی ئیدی بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ‌و حاڵی خۆیان. بەڵام هیچ ماڵێك نەمابوو بۆی بگەڕێنەوە، چونکە سەرلەبەری بیناو خانووبەرە لە هەڵەبجەدا بە دینامیت‌و بلدۆزەر تەختکرا دوای ئەوەی هێزەکانی عێراقی تێهاتەوە. بە هەمان شێوەش هەردوو کۆمەڵگای زەمەقی‌و عەنەب کە لە دوادوایی ساڵانی حەفتادا لە قەراخ شاری هەڵەبجەدا دروستکرابوون بۆ نیشتەجێکردنەوەی خەڵکی گوندنشینی ناوچە سنووریە تێکدراوەکان، ئەوانیش تەختکران. بە هەمان ڕەنگیش شارۆچکەی سەید سادقی بیست هەزار کەسیش تێکدرا. لە هەردوك هەڵەبجەو سەید سادقدا هەردوو وێزگەی سانەویی کارەبا بە

[30] ڕەسووڵ ناوی ئەم گوندانەی خستووەتە لیستی گوندە رووخێنراوەکانی پاکتاوکردنی ساڵی 1978 ی ناوچەکانی سەرسنوورەوە. دەرەتفێ گوندێکی سی ماڵیی سەر بە ناحیەی بیارە بوو, لەمەو پێگەش دوو گوندی بچووکی 8و 12 ماڵی بوون سەر بە ناحیەی سیروان.

دینامیت تەقێنرانەوە[31]. تەنانەت لە پاش تەختکردنی هەڵەبجەش زۆر لە لاشەی کوژراوەکان لە سەر شەقامەکان مابوونەوەو لە جێی خۆیاندا بۆگەنیان کردبوو پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ بە سەریاندا[32].

"تێداچوونی هەڵەبجە شتێکە جێگای داخە" ئەم قسەیە وەزیری دەرەوەو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، گارق عزیز کردبووی‌و ئەوەشی وتبوو کەوا " تاقمی جەلال تاڵەبانی لە ناوچەکەدان‌و ئەم خائینانە لەگەڵ ئێرانی دژمندا دەستیان تێکەڵکردووە"[33]. هەرکە هەواڵی هەڵەبجە لە سەرانسەری عێراقدا بڵاوبووەوەو ئەوەی کە پرسیاری دەکرد کاربەدەستانی بەعس پێیاندەوت ئێران بەرپرسیارە. قوتابیەکی کوردی بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی مووسڵ یادی ئەو رووداوە ڕاچڵەکێنە دەکاتەوەو نایەوێ بڕوا بەو هەواڵە بکات و لە گەڵ کوردەکانی هاوەڵی قەناعەتی تەواویان هەبووە هێزەکانی حوکوومەتی عێراق هێرشەکەیان ئەنجامداوە، بەڵام نەیانوێراوە نارەزایی دەربڕن لە ترسی ئەوەی نەوەك بگیرێن[34].

ڕژێمی عێراق تاوەکو تەمووز هیچ جموجووڵێکی نەکرد بۆ گێڕانەوەی هەڵەبجە کە وەك دیفاکتۆیەك* لە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانیەکاندا مابۆوە. لە ڕۆژانی دوای کۆمەڵکوژیەکەی گازدا حوکوومەتی ئێران بایەخێکی گەورەی بە مەسەلەکە داو بە فرۆکە ڕۆژنامەنووسانی لە تارانەوە گواستەوە بۆ هەڵەبجە، کە ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسی بێگانەشیان تێدا بوو. ئەمانە وێنەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی

---

[31] ئەمە وەك باسدەکرێ لە هەموو ناحیەو قەزایەکدا ڕوویدەدا کە لە پەلاماری ساڵانی 1987 ـ 1989دا وێراندەکران. بۆ بەراورد بڕوانە شیکردنەوەی میدڵ ئیست ووچ لە بارەی بە ئامانج هەڵبژاردنی سیستەمی کارەباوە لە عێراقدا لە سەردەمی جەنگی کەنداوی 1991دا (پرۆسەی گەردەلوولی بیابان) لە: "مردنی نا پێویست لە جەنگی کەنداودا: پێکراوانی مەدەنیی لە هێرشی ئاسمانیداو سەرپێچیکردن لە یاساکانی جەنگ" ل 171 ـ 193.
Middle East Watch: "Needless Death in the Gulf War: Civilian Casualties during the Air Campaign and Violations of Laws of War".
لە هەڵەبجەو سەید سادقدا بە ئاشکرا مەبەست ئەوە بوو کە ئەو دوو شارۆچکەیە بە کەڵکی نیشتەجێبوون نەهێڵن. دواتریش, هەردوکیان بە بەشێك لە "ناوچەی قەدەغەکراو" ڕاگەیەنران.

[32] هێزەکانی ئێران لە هەڵەبجە نزیکەی 3000 قوربانیی هێرشە کیمیاییەکەی 16 ی مارتیان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا لە کۆمەڵگای عەنەب بە خاك سپاردووەو بە چینێکی کەمی خۆڵ دایانپۆشیون. چوار ساڵیش دواتر لاشەکان هەرلەوێدا مابوونەوەو بوو بوونە هۆی پیسبوونی ئاوی ژێرزەویی ناوچەکە .

[33] عەممان، (صوت الشعب) بە عەرەبی، لە FBIS دا, 25 ی مارتی 1988.

[34] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی 20 ی مایسی 1992.

* دیفاکتۆ de facto زاراوەیەکی سیاسیەو واتای ئەمری واقیع دەگەیەنێ ـ و.

ژنومنداڵو خەڵکی بەتەمەن بوون کە لە شەقامەکاندا بێ گیان کەوتبوون، یان بە پشتا کەوتبوونو دەمیان کرابووەوەو بە ئاشکرا ئەوەی دەگەیاند کەوا گەورەترین ژمارەی کوژراوان خەڵکی مەدەنیی بێچەکی کورد بوون. تا ئێستاش ژمارەی قوربانییان بە ڕێکی نازانرێت چەندە و زۆربەی خەملو مەزەندەکانی کوردو ئێرانیەکان بە چوار تا حەوت هەزاری دادەنێن[35]، بەڵام ژمارەی ڕاستەقینەی سەلمێنراو خۆی لە 3200 کەس دەدات کە سەرجەم ژمارەی ئەو کەسانەیە کەوا لە ماوەی چاوپێکەوتنی دەربازبواندا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆکراونەتەوە[36].

* * *

[35] بۆ نموونە بڕوانە Time "هاواری کوردان" لە 19 ی ئەیلوولی 1988داو واشنتۆن پۆست "کوردە شۆڕشگێڕەکان دەڵێن ئامادەین بۆ لێدانی عێراق" لە 24 ی کانوونی دووەمی 1991داو هەردوکیان باس لە ژمارەی 4000 دەکەن، کەنداڵ نەزان "کورد، قوربانیەکانی دیکەی سەدام"، واشنتۆن پۆست 20 ی کانوونی دووەمی 1991 بە (5000) ی دادەنێ، ئێزابێل ئۆکیفی "دووبارە سەردانی کێڵگەی فلاندەرز"، نیو ستەیتسمەن ئەند سۆسایەتی مارتی 1989 (3500)، "قەسابخانەی گاز" لە کوردەکان: گرووپی مافی کەمینەکان 1990 (6000)، ئۆبزێرڤەر "شێوازی هیتلەریانەی جینۆساید هەڕەشە لە کورد دەکات" 7 ی مایسی 1989 (7000).

[36] ئەم ژمارەیە لە لایەن توێژەری کورد شۆڕش ڕەسوولەوە کۆکراوەتەوە.

## تێكشكانی بنكه و بارەگاكانی PUK

هەڵەبجە نموونـەی پیشـاندانێكی هێـزی عێـراق بـوو لـە جەنگێكـدا كـە ئێـران هـەرگیز نەیـدەتوانی بیباتـەوە, هـەروەها كۆمەڵكوژیەكەشـی بـە گـاز خزمـەتی ئامـانجێكی گـرنگتری دەكـرد بـۆ ڕووخانـدنی پێشـمەرگەی كـوردو خـەڵكی مـەدەنیی هـەوادارییان لـە ڕووی سایكۆلۆجیەوە. هەڵەبجـە نموونـەی دڕنـدەترین شـێوەی سـزای بەكۆمـەڵ بـوو كـەوا بـە زەقـیو بـێ هـیچ ڕەچـاوكردنێكی ئـەو هـەموو قەدەغـە نێودەوڵەتیانـەی لـە سـەر بـەكارهێنانی چـەكی كیمیـایی دانرابـوو ئەنجامـدرا. *پێشمەرگەكانی* PUK لەوەوپێش گەلێ جار بەر گازی ژەهراوی كـەوتبوون، بـەڵام وا ئێستا خواست و ئیرادەی خەڵكی سیڤیل پێشێلدەكرێت.

پەلاماری كیمیایی دژ بە هەڵەبجە زەنـگ لێدانی سیاسـەتی لەوەوپاشـی ئـەنفال بوو. لە هەر یەكە لەو هەشت قۆناخەی پەلامارە سەربازیەكەدا ئەم چەكە قەدەغانە دژ بـە گونـدەكانی كـورد بـەكارهات، بـە ڕادەیـەكی وا كـە دانیشـتوانیان بتۆقێنیـتو ڕووداوی هەڵەبجەیان بیربخاتەوە. لـە گـەڵ ئەوەشـدا كـە هەڵەبجە بەشـێك نـەبوو لـە ئەنفال ، بەڵام بە گەورەترین كاری دڕندەیی جەنگ دەژمێردرێت دژ بە كـوردو بـەم مانایە هەڵەبجە وێنەیەكی ئاشكرای لۆجیكی بیرۆكراتیـی پـەلاماری ئـەنفال بـوو. لـە 15 ی مارتداو لە ئێوارەی پێش لێدانی هەڵەبجەدا سەركردایەتیی مەكتـەبی بـاكوور فـەرمانی دا كـە "خێزانـی ئـەو تێكدەرانـەی پـەنا دەبەنـە بـەر یەكـەكانمان دەبـێ دەسبەسەر بكرێنو لە ئۆردووگـای تایبەتیـدا دابنـرێنو كارەكـەش بـە سەرپەرشـتیی ئەفسەرانی *ئیستیخباراتی* هـەردوو فەیلـەقی یـەكو پێـنج بەڕێوەدەچێت"[37] . ئـەم ئۆردووگایانە یەكەم هـەنگاوی داڕشـتنی پیلانـی كۆمـەڵكوژی بـوو كـە لـە سـەردەمی ئەنفالدا بەڕێوەچوو, بەڵام دەربازبووە هەڵاتووەكانی هەڵەبجە نـەگیرانو نـەبران بـۆ ئۆردووگای تایبەت*, لەبەر ئەوەی ڕژێمی عێـراق هەڵەبجـەی بـە بەشـێك لـە ئـەنفال

---

[37] نووسـراوی ژمـارە 297 ی فەرمانـدەیی مەكتـەبی بـاكوور لـە 15 ی مـارتی 1988دا. ئـەم ڕاسپاردانە لە دەزگای ئیستیخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتەوەو لە ڕۆژی 18 ی مارتـدا بـە نووسـراوێكی "نهێنیو شەخسیی "بێ ژمارە ڕەوانەی *ئەمنی* سلێمانی ، چەمچەماڵ، سـەید سـادقو دەربەنـدیخان كراوە.

* لە دەربازبوانی هەڵەبجە ئەوی دەسگیركراو بە تایبەتی لە پاش لێبووردنێكی ساختەی ڕژێمی عێراق، ئەوانەی كەلە ئێران گەڕانەوە بەشێكیان لێگرتنو تێكەڵ خەڵكە ئەنفال كراوەكەیان كـردنو گـەلێكیان

دانەنا. هۆکەشی بە ئاسانی ئەوە بوو کەوا هەڵەبجە شار بوو و ئامانج و مەبەستی ئەنفالیش مامەڵەکردن بوو لە گەڵ دانیشتوانی دێهاتی کوردا [38].

★ ★ ★

لە پاش هەڵەبجە بارەگای سەرکردایەتیی PUK زۆر بەرگریی نەکرد, لە کاتژمێر دەو دە دەقیقەی شەوی 18 ی مارتدا یەکەکانی سوپا ڕژانە ناو سەرگەڵووەوەو زیانێکی قورسیان لەواندا کە تا دوا هەناسە بەرگرییانکرد, بەرگەڵووش ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ گیرا. سەدام حوسێن گفتی خۆی بردە سەر بۆ "پانکردنەوەی سەری مارەکە", لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیاننامەی ئەو سەرکەوتنەی ئامادەکردو قسەکەرێکی ڕەسمیی بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لە ڕادیۆی عێراقەوە بە گوێگرانی ڕاگەیاند وا "هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕژاونەتە سەر شەقامەکانی هەولێرو خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕنو سروودی پشتگیری بۆ سەرۆك سەدام حوسێن دەڵێنەوە" [39]. ئەو بەیاننامەیەی سوپا یەکەم سەرچاوەی ڕەسمیی بوو میدڵ ئیست ووچ توانی ئەو پرۆسەیەی تێدا بدۆزێتەوە کە بە ئەنفال ناسرا. لەوەودوا کۆتایی سەرکەوتنی هەر قۆناخێکی یەك لە دوای یەکی ئەو پەلامارە لە میدیای عێراقەوە بە هەمان تۆنی لەیەکچووی هەڵلاو بگرەوە پەخشو بڵاودەکرایەوە.

---

لێ سەرنگوم کران، ئەودواشیان ڕاپێچی ئۆردووگای بەرحوشتری لای هەولێر کردنو لەوێ نیمچە دەسبەسەر کران ـ وەرگێڕ.

[38] بە هەمان لۆجیکی ئەنفال، بە هەموو واتایەك خراپ، ئەو گوندنشینانەی ناوچەی هەڵەبجە کە پاش کیمیا بارانەکە گەڕابوونەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە " ناوچە قەدەغە کراوەکاندا" دواتر "ئەنفالکران" . بەم ڕەنگە بیست خێزان لە گوندی تەوێڵە ( ناحیەی بیارە )، هێزەکانی عێراق پاش ئەوەی لە تەمووزی 1988دا ئەو ناوچەیەیان گرتەوە, دایان بە سەریانداو وەك باسدەکرێ هەر هەموو تێکرا گیرانو بێسەروشوێن کران. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ دانیشتوویەکی جارانی تەوێڵەدا ، سلێمانی ، 27 ی مارتی 1993.

[39] ڕادیۆی "صوت الجماهیر" لە بەغدا، 19 ی مارتی 1988. لە FBIS، لە 21 ی مارتی 1988دا، لاپەڕە 23، وەرگیراوە.

## دەقی بەیاننامەی 19 ی مارت بەمجۆرە بوو:

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

"وەك هـەر دەسـدرێژكارێكی چاوچـنۆك، هێزەكـانی خومـەینیی زایۆنیسـت بـە پشـتیوانی هەنـدێك لەوانـەی خیانـەتیان لـە نیشـتمانو خـەڵكی هـەرێمی بـاكووری عێراق كرد، ئەوانەی كە گەلی كوردی بە ئەمەك لە ڕیزەكـانی خۆیانیـان وەدەرنـاون، ئـەو كەسـانەی كـە خزمـەتی بێئابڕوانـەیان بەبێگانـە كـردووە. یـەك لـەو كـارە پرشـەرمەزاریەیان دەسكێشـیكردنی هێزەكـانی داگیركـەربوو بـۆ ئـەوەی بێنـە گونـدەكانی ناوچـە سـنووریەكانی لای هەڵەبجـەوە لـە پارێزگـای سـلێمانیدا. وەك گوزارشێك لە خواستو ئارەزووی گەلی عێراقی مەزن هێزی چەكداری قارەمانمان بە هاوكاریی نیشتمانپەروەرانی بـە شـەرەفی گـەلی كوردمـانو لـە وەڵامـی ناپـاكیی ئـەم تاقمە سەرلێشێواوەدا، هێزەكانی بەدری قارەمان، قـەعقاعی قارەمـان ، موعتەسـەمی قارەمـانو ئەو هێزانەی بەشدارییان كردوون، لە هێزە چـەكدارەكانمانو فەوجـەكانی بەرگریی نیشتمانی ، پرۆسـەی ئـەنفالیان ئەنجامـدا بـە سەرپەرشـتیی فـەریق ڕوكـن سـوڵتان هاشـم، كـە بـە شـێوەیەكی كـاتی ئـەم ئەركـەی پێسـپێردرا سـەرەڕای ئـەركو كارەكانی تری[40]. هێزەكانمان هێرشیانكردە سەر بنكەو بارەگاكـانی یـاخیبووان، كـە جەلال تاڵەبانیی خیانـەتكارو بـەكرێگیراوی ڕژێمـی ئێـرانو دژمنـی عـەرەبو كـورد ڕابەرایـەتییان دەكـات، لـە ناوچـەكانی سـەرگەڵوو، بەرگـەڵوو، زێـوەداو هـەروەها لـە ناوچە شاخاویە سـەختەكانی سلێمانیدا. لـە كاتـژمێر 1300 ی ئـەمڕۆداو لـە پـاش نەبەردێكی ئازایانەو تۆڵەستێن لەگەڵ خیانەتكاراندا، بارەگای یاخیبوون دەسـتی بـە سـەردا گـیرا. فەرمانـدەی ئـەو هێـزەی پاسـی بارەگـای یـاخیبوونی دەكـرد لەگـەڵ

---

[40] هێزە جۆراوجۆرەكان بە پێی بەشەكانی سوپای عێراق ناویان لێنراوە. یەكەمیان بە نـاوی شـەڕی بەدرەوەیـە كە لە ساڵی 624 ی زایندا بەرپا بووەو بابەتی سوورەتی (الانفـال)ی قورئانـە. جەنـەراڵ هاشـم پاشـان بـوو بـە فەرماندەی هێزەكانی عێراق لە كاتی پرۆسەی گەردەلوولی بیابانداو نوێنەری لایەنی عێراق بـوو لـە دانوسـتانی خۆبەدەستەوەدانی ئەو وڵاتە لە 3 ی مارتی 1991دا لە گەڵ فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان، جەنـەراڵ نۆرمـان شوارزكۆف.

ژمارەیەك خیانەتكاران‌و كەسانی سەرلێشێواودا دەسگیركران، بە پشتیوانی خواو خواستی پیاوە دلگەرمەكانی عێراق، بە عەرەب‌و كوردەوە. ئەمانە ژمارەیەكی زۆریان لێكوژراو ئەوانیتریش بە شەرمەزاریی هەلاتن.

ئەمەیە بوێری‌و دلسۆزیی بێوێنە, ئەمەیە ئەو ململانێیەی تەواوی جیهان لێی سەرسامە، ململانێی گەلی سەدام حوسێنی سەركردە، بە عەرەب‌و كوردەوە، لە پێناو خزمەتی نیشتمانیداو خۆشەویستی‌و دلسۆزییان بەخشیە سەركردەی مەزنیان، كە هێمای سەركەوتن‌و ناونیشانی شكۆمەندییانە. گەلی ئێمە تەواوی ئەو خیانەتكارانەی لە ڕێزەكانی خۆی وەدەرناوە، ئەوانەی كەوا بە نرخێكی هەرزان خۆیان بە دوژمنی بێگانەی چاوچنۆك فرۆشتووە.

سوپاس بۆ خوا بۆ ئەو سەركەوتنەی، ڕووڕەشی‌و شەرمەزاریش بۆ سەرشۆڕان.

ئیمزا

فەرماندەیی گشتیی هێزە چەكدارەكان

19 ی مارتی 1988 "

**ئەنفالی دوو: قەرەداغ 22 ی مارت – 1 ی نیسانی 1988**



# بەشی چوارەم
# ئەنفالی دوو:
# قــەرەداخ
## 22 ی مارت ـ 1 ی نیسانی 1988

*"بــڕۆن مــاڵو خێزانتــان بێــنن،*
*هیچتان بۆ نابێت"*
*ـــ ئەفســـەرێکی ســـوپا بـــەو*
*گوندنشـــینانەی وتبـــوو، کـــە لـــە*
*باشووری قەرەداخەوە هەڵاتبوون.*

هەرچەندە گەمارۆدانی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو خەرج و باجێکی زۆر گەورەی هەبوو، بەڵام هێزە چەکدارەکانی عێراق بەو ڕادەیە ملهوڕ نەبوون کە مەبەستەکانی تر پشتگوێ بخەن. بۆ ڕێگە گرتن لە هەر هەوڵدانێکی PUK بۆ بەهێزکردنەوەی بنکەو بارەگا گەمارۆدراوەکانی، ڕژێم سیاسەتی هێرشکردنی بەردەوامی پیادەکرد بۆ سەر فەرماندەییە ناوچەییەکانی تر، وەك مەڵبەندی یەك کە بنکەی لە چیاکانی قۆپیی قەرەداخدا بوو و بەرپرسی هەموو عەمەلیاتی پارێزگای سلێمانی بوو. لە هەر قۆناخێکی ئەنفالدا کە هێرشی سەرەکی چەقی جوگرافیی خۆی دەگۆڕی، ئەم شێوازی فشاری لاوەکیە هەر دەمایەوە.

www.dengekan.com

کـەم شـوێنی کوردسـتانی عێـراق هەیـە وەك قـەرەداخ جـوانو دلگیربێـت. زنجیرەیـەك لووتکـە شـاخی مشـار ئاسـا کـە نزیکـەی 70 میلێـك بـەرەو باشـووری ڕۆژهەڵات دەکشێو هێند ڕێکوڕاستە لە دەمی گوێزان دەچێت. بـەڵام ئـەم خاسـیەتی جوانیەشی وایکردووە کە قەرەداخ *سەخت*و قایم نەبێت. تێکشکاندنی بـەرگریکردن لە دۆڵی جافەتی، کـە چواردەوری شاخی تـووشو سـەخت بـوو، بـۆ بیستو حـەوت لیوای سوپا بە هاوکاریی *جاشی* کورد ماوەی سێ حەفتەی خایاند, بەڵام قـەرەداخ بـە پێچەوانەوە: هێڵێکی تـەنکی چیاو ئـەملاو ئەولاشـی پێدەشتی تەختـەو بـە کـەڵکی بـەرگریکردن نایـەت. لـە لای ڕۆژئـاواوە هـەردەو دەشـتایی گـەرمیان "واتـە ناوچـەی گـەرم"، لـە ڕۆژهەڵاتیشـەوە تـا سـاڵی 1988 چـەندین گونـدی بچـووك بچـووکی کشـتوکاڵیی لـە ئـامێزی ژمارەیـەك چـەم و شـیوی سـەوزو بەپیتـدا بـوونو هـەموو کێڵگـەی گـەنمی زسـتانەو جۆو تـووتنو مـەرەزە بـوونو لـە نزیکیشـیانەوە مـەزرای بامیو فاسوولیاو پاقلەو تەماتـەو کاڵـەکو شـووتیو ڕەزەتـرێ بـوو*. لـە سـەری ئـەو سەری باشووری زنجیرە چیای قەرەداخـەوە کـەژی زەردەی بـەرزی شـەش هـەزار پـێ ئێشکگرەو سەنگەرێکی قایمی *پێشمەرگەیە* لـە پشـتی ئەمیشـەوە بـۆ لای ڕۆژهـەڵات ڕاڕەوێکی تەنگەبـەرەو ئـەو ڕێگایـەی لـە سلێمانییەوە دێت پێیـدا تێدەپـەڕێتو بـە سەر شارۆچکەی دەربەنـدیخانو ئـەو دەریاچەو بەنـداوە ستراتیجیەشـدا کـە هـەمان ناویـان هەیـە، گـوزەر دەکـات. لـە کاتێکـدا کـە ئـەنفالی یـەك لـە بـاکوور لەوپـەڕی گەرمەیدا بوو دەزگای *ئیستیخباراتی* عێراق چاوی خستبووە سـەر ئـەم دەریاچـەیەو چاودێریی دەکرد لە ترسی ئەوەی نەوەك هێزەکانی ئێران لـە ئـاوەوە هێـرش بکەنـە سەر بەنداوەکەو وێزگەی کارەباکەی.

حوکوومەت هـەر لـە سـەرەتای جـەنگی ئێـران ـ عێراقـەوە وازی لـە دێهاتـەکانی ناوچـەی قـەرەداخ هێنـابوو و دەسـەڵاتی بـە سـەریاندا نەدەشکا. لـە سـاڵی 1987دا ناحیەکـە خۆیشـی چۆڵکراو دانیشـتوانی بـۆ هـەردوو کۆمـەڵگای نەسـرو زەڕایـەن

---

* لێرەدا باسکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان هەندێك تێکەڵو پێکـەڵیی تێدایـەو زیـاتر سـەرنجێکی ڕۆمانسیانەیە ـ و.

گوێزرانەوە. سوپاو جاش لە شارۆچکە چۆڵەکەدا مانەوە، بەڵام *پێشمەرگە* هەر زوو پێی چۆڵ کردن , لە تۆڵەی ئەوەدا بۆمبارانی فڕۆکە هەرچیەك لە قەرەداخ مابۆوە وێران و کاولی کرد. بەو حاڵەشەوە هێزەکانی PUK بەردەوام بوون لە کۆنترۆڵکردنی کەلاوەکانی قەرەداخو ئەوانیش وەك خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر ڕاهاتبوون بە تۆپبارانی بەردەوام لە پێنج شەش بنکەی تۆپخانەی حوکوومەتەوە لە نێوان سلێمانیو دەربەندیخاندا.

لە ساڵی 1983وە تەوەری چالاکیی *پێشمەرگە* لە قەرەداخدا هەردوو گوندی تەکێو بەلەگجاڕ بوو کەوا بێجگە لە PUK بارەگای هێزی چەکداری پارتی کۆمۆنیستی عێراقیشیان تێدا بوو. ماوەی نێوان ئەم دوو گوندە دوو میل کەمتر بوو و ڕێگەیەکی خۆڵ بە یەکەوەی دەبەستن، ناوەندی ناحیەی قەرەداخیش نزیکەی سێ سەعاتێك بە پێیان لێیانەوە دووربوو. گوندی گەورەی *سێوسێنانیش* دەکەوتە قوڵی ڕۆژهەڵاتیانەوەو *پێشمەرگە* لەم گوندەدا نەخۆشخانەیەکی مەیدانییان دامەزراندبوو کە خزمەتی زۆربەی دانیشتوانی ئەو دەروبەرەی دەکرد. لە مانگەکانی بەرایی ساڵی 1988دا برووسکەکانی دەزگای هەواڵگریی عێراق پڕبوون لە تێبینیو سەرنجدانی ئەوەی کەوا پاسدارانی ئێران بە ئارەزووی خۆیان خەریکی جموجووڵن لە بنکەو بارەکاگانی *پێشمەرگەدا* لە قەرداخ و لە ڕاپۆرتێکدا هاتووە کە هێزێکی 200 کەسیی پاسداران لە 25 ی کانوونی دووەمدا لە بەلەگجاڕ بوون، لە 6 ی مارتدا ژمارەیان گەیشتووەتە 400[1]. وا باس بوو کەوا لە 9 ی مارتدا هەشتا کەس لە "گاردی خومەینیی جادووگەر" لە *سێوسێنان* بووبێتنو پڕچەك بوون. لە دەوروبەری مانگی شوباتدا، کە ڕۆژەکەی بە وردیی نازانرێت، هەشت فڕۆکەی عێراقی هێرشێکی کیمیاییان کردووەتە سەر تەکێو بەلەگجاڕ. عومەر کە پیاوێکی

---

[1] ئەم زانیاریانە لە دووتوێی ئەو برووسکە یەك لەدوای یەکانەدا هاتوون کە لە بارەگای ئەمنی سلێمانییەوە بۆ بارەگای ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی نێردراوە بە ژمارە 1754 لە 25 ی کانوونی دووەمی 1988و 5474 لە 6 ی مارتی 1988داو 5860 لە 9 ی مارتی 1988دا. دووەم برووسکەیان باس لەوەش دەکا کەوا شەست کەس لە ئەندامانی "پارتی کۆمۆنیستی خیانەتکاری عێراق" لە بەلەگجاڕ بوون.

خەڵکی تەکێ بوو بۆمبارانەکەی بە چاوی خۆی دیبوو دەیوت: "بۆمبێکی زۆریان بەردایەوە، نازانم چەند بوو، ڕەنگە هەشت یان نۆ بووبێت. کاتێ کە دەتەقینەوە ناڵەیەکی زلیان دەهات بەڵام دووکەڵێکی کەمیان لێپەیدا دەبوو و وەکو خوێ بە سەر زەویدا بڵاودەبووەوە. ئەو کەسانەی دەستیان پێوە دابوو دواجار پێستیان تلۆقی کردبوو, ئەو ئاژەڵانەش کە لەو گژوگیایەیان خواردبوو کەوا بەر کیمیاییەکە کەوتبوو یەکسەر مرداربوونەتەوە". بەڵام زیانی گیانیی لە خەڵکەکە نەکەوتبوو، چونکە لەبەر بۆردمانی ڕۆژانە هەموو خەڵکی تەکێ بە ڕۆژدا دەچوونە ئەو کونە تەیارانەوە کە لە دەشتودەر دروستیان کردبوون. "بەڵام لە بەلەگجارِ زۆر لە پاسداران و *پێشمەرگەی* PUK و گەلێ لە خەڵکی تریش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەرچاویان تاریکبووبوو و هیچیان نەدەبینی . پاسدارەکانیش سێ و چوار ڕۆژ پێش ئەنفالی قەرەداخ لە بەلەگجارِ دەرچووبوون"[2].

پەلاماری کیمیایی بەردەوام لە کاتی ئەنفالی یەکەمداو وا ئێستاش بۆ سەر قەرەداخ، وادیارە ئەو کاریگەریەی هەبوو کە حوکومەتی عێراق مەبەستی بوو. ڕاپۆرتێکی هەوالگریی *ئەمن* لە 16 ی مارتدا، واتە لە ڕۆژی کوشتارەکەی هەڵەبجەدا، تێبینی ئەوەی کردووە کەوا چەند تیپێکی PUK ماوەی چەند ڕۆژێک لەوەوپێش، لە بنکەو بارەگاکانی خۆیانەوە بەرەو باشووری کوردستانی عێراق بڵاوەیان لێکردووە لە ترسی هێرشی کیمیایی زیاتر. برووسکەیەکی دیکەی ڕۆژی دوایی باسی ئەوە دەکات کە "لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی خۆمانەوە زانیومانە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش تاقمی حسک ی خیانەتکار ( حیزبی سۆشیالیستی کوردستان) نزیکەی 1500 ماسکی گازیان دەستکەوتووەو لە ڕژێمی ئێرانی

---

[2] ئەم شایەنتحاڵە ئیدیعای ئەوەش دەکا کە چەکو جبەخانەی پاسداران مووشەکی هۆکی دژە ئاسمانیی ئەمریکیشی تێدا بووە، کە جۆرێک بوو لە کەینو بەینی ئەو مەسەلەیەدا درا بە تاران کە بە ئێران ـ کۆنترا ناسرا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 21ی مارتی 1993. کاربەدەستانی PUK نکوولیی لەوە دەکەن کە هیچ هۆکێک هاتبێتە عێراقەوەو دەڵێن ئەوان تەنها سام 7 یان بەکارهێناوە. هەروەها ئیدیعای ئەوەش دەکەن کەوا کاری سەرەکیی گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی کۆکردنەوەو سۆراخ کردنی زانیاریی *ئیستیخباراتی* بووە.

زایۆنییان وەرگرتووە"[3]. بە هەرحاڵ, ئەم وەخۆکەوتنە کەمێك کەڵکی هەبوو بۆ ئەنفالەکەی قەرەداخ لە 22 ی مارتدا، کەوا یەکێك لە کوشندەترین پەلاماری کیمیایی تێدا ئەنجامدرا بۆ سەر گوندی سێوسێنان. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی دوای نەورۆز بوو، کە سەری ساڵی تازەی کوردییەو یەکەم ڕۆژی بەهارەو *پێشمەرگە* ئاهەنگیان دەگێڕاو ئاگرێکی گەورەیان کردبوۆوەو تەقەی خۆشییان بە ئاسماندا دەکرد[4]. خەڵکی سێوسێنان ، سەرەڕای هەواڵی هێرشکردنە سەر سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو و هەڵەبجەو هەروەها سەرەڕای تازە پەیدابوونی پاسدارانی ئێران لە گوندەکەیاندا، وادیارە خەیاڵێکی سەیرو بێبناغەیان لە مێشکی خۆیاندا دروستکردبوو. گوندنشینێك بیرەوەریەکانی ئەو ڕۆژانەی دەگێڕایەوەو دەیوت: "خەڵکەکە دەیانوت ئەمەش هەر وەك جارانی پێشوو دەبێت، ئەوان هێرشمان دەکەنە سەرو ئێمەش دەیانشکێنین"[5]. هەرچەندە سێوسێنان بارەگای تیپێکی PUK ی تێدابوو بەڵام لەو دەمەدا ئەوەندە *پێشمەرگە* لەوێ نەبوو و زۆربەیان لە بەرەی شەڕی سەرگەڵووـ بەرگەڵوودا بوون. ئێوارەی ڕۆژی 22 ی مارت لە کاتی نانی شێواندا خەڵکی گوند بە نرکەو هاژەی گوللە *ڕاجیمە* ڕاچڵەکینو بۆن و بەرامی *سێو* لەو ناوەدا بڵاوبوۆوە. گوللە *ڕاجیمەیەك* کەوتە حەوشەی ماڵی پیاوێکەوە ناوی مەهدی هادی زۆراب بوو دەسبەجێ سیانزە کەسی لەو خێزانە چواردە کەسییە کوشتو تەنها یەك کوڕیان دەربازبوو، ئەویش *پێشمەرگە* بوو و هەڵاتبوو بۆ چیاکان. شەش خەمڵو ژمارەی

---

[3] برووسکەکانی ژمارە 6631 لە 16 ی مارتی 1988داو ژمارە 6739 لە 17 ی مارتی 1988دا، لە *ئەمنی* سلێمانییەوە بۆ *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەم بەڵگەنامانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی لە سەرەوە باسکراونو بە ئاماژە کردنیان بۆ چالاکیی پاسداران لە ناو هەڵەبجەو دەوروپشتیدا بە ئاشکرا دیارە کە هەردوو ڕاپۆرتەکە لە لایەن باوەڕپێکراوانێکەوە ئامادەکراون کە ئاگاداری هێرشە کیمیاییەکەی 16 ی مارت نەبوون.

[4] لە کاتێکدا کە شایەتحاڵێکی تر ڕۆژی 18 ی مارت بە بەرواری پەلاماردانی سێوسێنان دادەنێ، بەڵام ڕۆژی دووەمیان زیاتر ڕێی تێدەچێت. هەموو بەروارێکی ئەو شایەتانە پێویستی بە وریاییە، چوونکە ئەگەرچی کورد ڕۆژژمێری هەتاویی 365 ڕۆژ بەکاردێنن، بەڵام مانگەکانی لەگەڵ ڕۆژژمێری گریگۆریی ڕێك بەرانبەر نابنەوە. سەبارەت بە ڕۆژژمێری کوردیو جەژنی نەریتیی نەورۆز، بڕوانە ئیزەدی، کورد، لاپەڕە 243 ـ 241.

[5] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای نەسر، 30 تەمووزی 1992.

www.dengekan.com

جیاواز لە لایەن گوندنشینانی ناوچەکەو کاربەدەستانی PUK ەوە دراوە بە میدڵ ئیست ووچ کەوا تێکڕا کوژراوانی هێرشە کیمیاییەکەی سێوسێنان بە 78 تا 87 دادەنێن.

عومەر، کە جووتیارێکی خەڵکی تەکێ یە دەڵێ: "کاتێ هەواڵی هێرشەکەمان پێگەیشت لەو خەڵکانەی لەوێوە هەڵاتبوون، گەلێ لە پیاوانی گوندەکەمان خێرا بە هانای خەڵکی سێوسێنانەوە چوونو تەماشا دەکەین لە هەموولایەکەوە لاشە لە ناو گونددا کەوتووە. من بە دەستی خۆم لە گەڵ خەڵکەکەدا شەستو حەوت تەرممان بە تراکتۆر گواستەوە بۆ گوندی کۆشکو لەوێ بە خاکمان سپاردن. ئێمە هەموویانمان بە جلوبەرگی خۆیانەوە خستە ناو گۆڕێکی گەورەوە لە گۆڕستانی حاجی ڕەقەدا. چواردە لاشەی تر لە گوندی ئەستێڵی سەروو بە خاك سپێردران. ئەوانە هەموویان دەسبەجێ مردبوون و خوێن لە کونەلووتیان دەهات وەك بڵێی مێشکیان تەقیبێت".

بۆ ڕۆژی ئاینده ، 23 ی مارت، *ڕاجیمەی* کیمیایی دای لە گوندی دووکان، کە گوندێکی تری حەفتا ماڵی بوو و بارەگایەکی PUK ی تێدابوو[6]. لە شەوی بیستو چواری مانگدا دای لە گوندە 200 ماڵیەکەی جافەران، ئێرە PUK ی لێنەبوو بەڵام بارەگایەکی بچووکیKDP تێدابوو کە کاروباری عەمەلیاتی پارێزگای کەرکووکی لە ئەستۆدا بوو. بە گوێرەی قسەی دوو گوندنشین ئەوە یەکەمجار نەبووە کەوا جافەرانی تێدا بۆردمان کرابێت بە گازی کیمیاییو لە مایسی 1987دا فرۆکەی شەڕکەری میگ بۆمبگەلێکی کیمیایی هاوێشتووەتە دەوروپشتی ئاواییو پیاوێك چواردە بۆمبی ژماردووە کە دووکەڵی سوورو سەوزو سپییان لێبەرزبووەتەوە. جافەران بەختی هەبوو چوونکە هیچکام لەم هێرشە کیمیاییانە کەسی نەکوشت، بەڵام سەدان سەر مەڕوماڵاتو ڕەشەوڵاخی لەناوبرد. بۆردمانی مایسی 1987 لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی خەڵك لە دەرەوەی گوند بوونو کارمەندانی پزیشکیی *پێشمەرگەش* لە بنکەیەکی ئەو نزیکانەوە فریایانکەوتنو

---

[6] ئەمیان تێکەڵ نەبێت لە گەڵ شارۆچکەی دووکاندا، کە دەکەوێتە باکووری سلێمانییەوە .

دەرمانیـان پێـدان[7]. یەکـەم هێـرش خەڵکەکـەی وا تۆقانـدبوو بـە دەگمـەن لێیـان دەگەڕایەوە گونـدو هـەر لـە دەشـتودەرو ژێرزەمینـە کاتیەکانـدا گوزەرانیـان دەکـرد. بەمجۆرە هێرشە کیمیاییەکەی مارتی 1988 بە *ڕاجیمـە* لـە کاتێکدابوو کـەوا گونـد چۆڵکرابوو.

★ ★ ★

---

(7) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گوندی جافەران، 6 ی حوزێرانی 1992.

www.dengekan.com

# ڕەوکردن لە قەرەداخ

وا ئێستا بناری شاخەکان جمەیان دێت لەو خەڵکەدا کە لە دەست ئەنفال ڕایانکردووە ، چونکە هێرشی زەمینیی سوپا لە دوای نیوەڕۆی 23 ی مارتەوە دەستیپێکردو هێزەکانی فیرقەی 43 ی سوپا بە پاڵپشتی *جاش*و هێزی کوتوپڕیی *ئەمن* لە چوارلاوە بەرەو ئەو ناوچەیەی دەکەوتە نێوان قەرەداخ[*]و دربەندیخانەوە پێشڕەوییان کردو گوندنشینەکانیان وەك نێچیر لەماڵی خۆ دەردەپەڕاند[8]. بە گشتی خەڵکەکە لەو هەواڵانە زەندەقیان چووبوو چ بە دەماودەم چ بە ڕادیۆ مەیدانیەکانی *پێشمەرگە* بڵاودەبوونەوە لە بارەی ئەو هێرشە پڕ لە وێرانکاریەی گازی ژەهراویی بۆ سەر سێوسێنان.

کۆڕەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو باکوور بوو, خەڵکەکە پەلەقاژەی ئەوەیان دەکرد لە سلێمانی یان لە یەکێك لە کۆمەڵگاکانی سەر شارێیەکە پەنایەك بدۆزنەوە. کۆمەڵە خەڵکێکی چەمی سمۆر لە لای جافەرانەوە با بۆنی سێوی گەنیوی دڵتێکدەری بە سەریاندا هێنابوو. خێزانێکی تری خەڵکی مەسۆیی پەنایان بردبووە ئەشکەوتێك لەولای ماڵەکانی خۆیانەوە، بەڵام هەڵەیەکیان کردبوو کاتێك خەوتبوون چراکەیان نەکوژاندبۆوەو شەویٚ لە گوڕو هووڕی هەلیکۆپتەر بە ئاگا هاتبوونەوە، کە دیارە ترووسکایی چراکە بەکێشیکردبوو بۆ ئەویٚو لەناکاو دەنگی تەقینەوەیەك ئەشکەوتەکەی پڕکردبوو لە بۆنێکی خنکێنەر کە لە بۆنی کاڵەك دەچوو و خێزانەکە خێرا دەرپەڕیبوونە دەرەوەو دوو منداڵیان لە گەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، کە بۆنەکە کاریتێکردبوون و خۆشبەختانە ڕزگاریان بوو و لە

---

[*] مەبەست لە شارۆچکەی قەرەداخە, واتە سەنتەری ناحیەکە ـ و.

[8] جموجوولەکانی سوپا ڕۆژ بە ڕۆژ بە وردیو دوورو درێژی لە شانزە برووسکەی دەسنووسی *ئەمندا* نووسراوەو خراوەتە فایلێکەوە بە ناونیشانی "ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی قەرەداخ، ( لێرەدا ناخوێنرێتەوە)و دەربەندیخان". ئەم بەڵگەنامانە کەوا بابەتی "نهێنیو بە پەلەن"ماوەی نێوان 23 ی مارت تا 1 ی نیسانی 1988 یان گرتووەتەوە کاتیٚ کە *ئەمن* گرتنی تەکیٚو بەلەگجاڕی ڕاگەیاند.

لاپاڵەکانی کەژی زەردەدا خۆیان شاردەوە. لە پاش سێ ڕۆژ لەوێوە تەماشایانکرد وا سوپا گوندی مەسۆیی دەسووتێنێ[9].

نیازی ڕژێم چیبووە لە گەڵ خەڵکە مەدەنیە گیراوەکەی ئەنفالی دوودا بیکات تا ئێستاش هەر بە نەزانراوی‌و تەمومژ ماوەتەوە. ئەو کاتە *ئیستیخبارات* فەرمانی لە مەکتەبی باکوورەوە وەرگرتبوو بۆ دامەرزاندنی ئۆردووگای کاتیی بە مەبەستی نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوەکان, بەڵام ئەو خەڵك خڕکردنەی دوا حەفتەی مانگی مارت لە شێوازی قۆناخەکانی دواتری عەمەلیاتی ئەنفال نەدەچوو. لە نێوان قەرەداخ‌و سلێمانیدا کۆسپێکی سروشتی بووبوو بە تەگەرە لە بەردەم گوندنشینە هەڵاتووەکاندا، ئەویش شاخی 4300 پێی گڵەزەردە بوو. لەوێ خەڵکەکە کەوتن بە سەر هێزی سوپاو *جاش*و کۆماندۆدا بە جلی ڕەسمیی بەڵەك بەڵەکیانەوە لە گەڵ یەکەکانی هێزی کوتوپڕیی *ئەمنـدا* ( *قـوات الگـواری‌و*)، کە ئەو ناوەیان هەموو گرتبوو. لە هەموو لایەکەوە هەروا خەڵکی شەکەت و ماندوو، عەرەبانەو تراکتۆرو ئاژەڵ‌و ماڵات بوو. هەلیکۆپتەر بە ڕاسەرەوە دەسووڕایەوە, تانك‌و تۆپخانە هەموو لایەکی ئاگر دەداو "ئەو ناوە وەك مەنجەڵ دەکوڵا", وەك پیاوێکی دەربازبووی خەڵکی جافەران دەیگێڕایەوە.

تا ئێستاش ئەو هەڵوێستەی سوپا هەر بە نادیاریی ماوەتەوە، چوونکە لە ڕۆژانی بەرایی ئەنفالی دوودا بە هەندێ لە گوندنشینانیان گوتبوو بچنە ناو شار یان کۆمەڵگاکانەوە ( هەرچەندە دواتر *ئـەمن* لە نەسرو زەڕایەن‌و سلێمانیدا ماڵ بە ماڵیان پشکنی‌و بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان). هەندێ لە خەڵکە هەڵاتووەکە کاتێ سەربازەکانیان بینی پاشەوپاش کشانە دواوە بۆ ناو شاخەکان‌و خۆیان لەو داوە لادا. دەنگوباسی ڕەوەکەی قەرەداخ گەیشتە سلێمانی‌و خزم و کەسی هەندێك لە خەڵکەکە بەرەو شاخی گڵەزەردە چوون بۆ ئەوەی فریایان بکەون‌و دەربازیان بکەن. ئەگەرچی هێزێکی سەربازیی زۆر ئەو ناوەی هەموو گرتبوو، بەڵام دەربازبوانی

---

[9] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 21 ی مارتی 1993.

www.dengekan.com

هێرشە کیمیاییەکەی سێوسێنان هەواڵی لێبووردنێکی کاتییان بیستبوو بۆیە ماوەی چەند ڕۆژێك بە قەدپاڵی شاخەوە لە بەر باران مانەوە تا شتێکیان لێڕوونبێتەوەو کەس دەستی بۆ نەبردن. بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمی پەلاماردانەکەدا سەربازانی خاڵی پشکنینی سەر ڕێگای نێوان سلێمانیو قەرەداخ دەستیانکرد بە گرتنیان, هەندێك بە تایبەتی پیرو پەککەوتە بە یارمەتیی جاشەکان توانییان دەربازبن، ئەمەشیان ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی پێچەوانەی میلیشیای کورد کە پاشتر بە درێژایی ماوەی ئەنفال گێڕایان. لە گەڵ ئەوەشدا لە نێوان 25 ـ 30 کەس لە خەڵکی سێوسێنان لەو خاڵی پشکنینەدا دەسگیرکرانو جارێکیتر نەبینرانەوە. پێدەچێت هەڵوێستی هێزەکان لە ئەنجامی بەرپابوونی ڕووداوێکەوە گۆڕابێت کەوا عومەری جووتیارەکەی گوندی تەکێ بە چاوی خۆی بینیبووی‌و بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە:

"کاتێ کە ئێمە گەیشتین، هێشتا سوپا دەستی نەکردبوو بە خەڵك گرتن, ئەفسەرەکان تەنها پرسیاری ئەوەیان لێکردین کە ئایا تێکدەران لە ناوچەکەماندا هەن‌و ئێمەش پێماندەوتن بەڵێ لەوێن. بەڵام پاشان شتێك ڕوویدا، ئەویش ئەوەبوو کەوا عەرەبانەی تراکتۆرێکی پڕلە گەنم ڕێگاکەی گرتبوو چوونکە تایەیەکی پەنچەربوو و خاوەنەکەی لەوێدا بەجێیهێشتبوو, تانکێك هاتبوو ویستبووی لایبداتە قەراخ جادەکە بەڵام لەو کاتەدا عەرەبانەکە وەرگەڕاوەو ژمارەیەکی زۆر کلاشینکۆف لە ژێر گەنمەکەوە کەوتووەتە خوارەوەو ژمارەکەش بەشی چەکدارکردنی پۆلێکی تەواوی کردووە. پاش ئەمە لە هەموو شوێنێك یەکەکان ئاگادارکرانەوە کە ڕێگاوبان توند بگرن‌و ئەوانیش کەوتنە گرتنی خەڵك، بە ژن‌و منداڵ‌و بگرە تەنانەت بەو کەسانەشەوە کە لە سلێمانییەوە هاتبوون.

من تەنها بیست مەتر لەولای تانکەکەوە بووم‌و لە پشت سەربازەکانەوە کە پێنجسەد کەسمانی لێدەبوو, ئێمە کە ئەمەمان بینی خێرا بەرەو چیا هەڵاتین‌و جاشەکان ئاگاداریان کردینەوە کە تا بتوانین‌و بۆمان بکرێ ڕابکەین‌و خۆبشارینەوە, خالیدی برام هێشتا لە پشتی تراکتۆرەکەوە بوو کە ڕووداوەکە بەرپابوو, ئێمە ئەو کاتە زۆر لە یەکەوە نزیکبووین‌و دەنگیشمان دەگەیشتە یەکتر کەچی ئەو گیراو برا

بۆ سلێمانی"[10]. خالید ئیتر هەرگیز نەبینرایەوە، بە هەمان شێوەش سێ پیاوی تری خەڵکی تەکێ کە لەگەڵ ئەمدا گیرابوون. عومەریش خۆی کردبوو بە ناو شارداو دەربازبوو.

ئەوانەی کە لە خالَی پشکنینەکەدا گیران خرانە نێو ئیڤاوەو ڕەوانەی بارەگای هێزەکانی تەواری کران لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی*. لەوێ هەزاران بەندکراوی لێبوو کە لە قەرەداخەوە هێنرابوونو ڕۆژانەش سەدان کەسی تریان دەهێناو سەربازەکان ناویان دەنووسینو ناسنامەو هەر شتێکی بەنرخیان پێبوایە لێیاندەسەندن. پیاوێکی خەڵکی گوندی دۆڵانی خوارووش دەگێڕێتەوە کە یەکەمجار لە سەربازگەیەکدا بەندیانکردووە کە ئەفسەرانی *ئیستیخبارات* سەرپەرشتییان کردووە, پاشان گوێزراوەتەوە بۆ بنکەی هێزەکانی تەواری[11].

لێرە گیراوەکان بۆ ماوەی سێ چوار حەفتە ماونەتەوەو هەندێك لە گەنجەکان چاویان بەستراوەتەوەو لەوانیتر جیاکرابوونەوە. ئەوانیتریشیان دوو ڕۆژ کردبووە دەرەوەو پاشان گێڕدرابوونەوە بۆ زیندانەکانیان. زیندانیەکان لێرە هیچێکی وایان نەدەدانێ بیخۆن، بەڵام دەیانتوانی خواردن لە پاسەوانەکان بکڕن. ئەو گوندنشینانە هەرچەندە سوپا گرتبوونی، بەڵام کە برابوونە بنکەی تەواری لەوێ *ئەمن* ڕۆژانە لێکۆڵینەوەی لە گەڵ کردوونو پرسیارەکانیان لەم جۆرە بووە: "ئایا کوڕت *پێشمەرگەیە* ؟ چالاکیی *پێشمەرگە* لە گوندەکەتاندا چیە؟" ئەم لێکۆڵینەوەیە وا پێدەچوو تەنانەت منداڵی تەمەنی قوتابخانەی سەرەتاییش بە "تێکدەر" لە قەڵەم

---

[10] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای باینجان، 21 ی مارتی 1993.

* ئەمە بەشی هێزی لە ناکاوی ئەمنی سلێمانی بوو کە بە عەرەبیەکەی بە (قوات الگواری) و بە کوردیەکەشی هەر بە ( تەواریەکەی چوارباخ ) ناوی ڕۆیشتبوو. ئەم دەزگایە بینای قوتابخانەیەکی سەرەتایی داگیرکردبوو وەك بنکەیەك بۆ کاروباری داپڵۆسین و ئەشکەنجەدانی خەڵك و گەلێ کەسی بێتاوان لەم دەزگا بەدناوەدا تێداچوونو بێسەرو شوێن کران. لە سەرووەختی ئەنفالو دواتردا ئەفسەرێکی ئەمن کە ناوی (ڕائید تەها) بوو بەرپرسی ئەم دەزگایە بوو و بە درندەیی ناوبانگی دەرکردبوو ـ وەرگێر.

[11] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی، 1 ی نیسانی 1993.

www.dengekan.com

بدات. ئەوجا تێکرا لە پاش دوو تا سێ هەفتە پاس‌و کۆستەریان هێناو گیراوەکانیان ڕووەو ڕۆژئاوا بۆ لای کەرکووك گواستەوە.

میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ دەربازبوانی دە گوندێکی قەرەداخدا کردووە کە بەر ئەنفالی دوو کەوتوون, ئەوان هەموو کات ناوی ئەو گەنجانەیان دەهێنا کە لە تەمەنی سەربازیدا بوون‌و پاش گرتنیان لە بنکەی هێزەکانی تەواریی سلێمانییەوە بێسەروشوێن کران. لە گوندی سەرکۆ نۆ کەس سەریان بە دواوە نەهێنا، چوار کەس لە تەکێ‌و چواری تریش لە گوندی بەلەگجاڕی نزیکی سەرنگوم بوون، هەروەها دوو کەس لە بەردێ ، سێ لە کۆشك، دوو لە دۆڵانی خواروو، سێ لە دێوانە، نۆ لە مچەکوێر * پێنج لە چەمی سمۆر. بەمجۆرەو بە سەر یەکەوە لە تەواوی ناحیەی قەرەداخدا، بە هەر هەشتا گوندەکەیەوە، گریمانەیەکی ئەقلگیری ئەوە هەیە کەوا چەند سەد پیاوێکی گەنج لە ماوەی ئەنفالی دوودا سەرنگوم کرابێتن.

بەڵام بەسەرهاتەکە گەلێ لەمە ئاڵۆزترە وەك ئەزموونی گوندی چەمی سمۆر دەریدەخات. ئەو پێنج گەنجەی خەڵکی چەمی سمۆر کە لە سلێمانی شوێنبزر کران سەربازی ڕاکردوو بوون‌و لە گەرماوگەرمی ڕەوەکەدا خۆیان دابووە دەستەوە. بە هەرحال، شوێنی ئەم گوندە، کە بە دامێنی شاخە بەرزەکانی قەرەداخەوە بوو، خەڵکی دیکەشی بۆ بە کێشکردو لەدواییدا دەرکەوت هەڵەیەکی کوشندە بوو, چونکە لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکەکە بەرەو باکوور هەڵاتن، دوو خێزان بە سەر کەژە سەختەکاندا بەرەو دەشتی گەرمیان پەڕینەوە بە هیوای ئەوەی بە سەلامەتی بگەنە شارۆچکەی کەلار، بە لێکدانەوەی ئەوەی ڕەنگە ئەنفالی بەرنەکەوێت. ئەم تاقمە خەڵکە بە ژن‌و پیاوو منداڵەوە حەڤدە کەس بوون‌و لەوانە کەسیان نەگەیشتنە مەنزڵ. هەروەها سەدان کەسی دیکەش بە هەمان دەرد چوون کە بەو

---

* لێرەدا ناوی گوندی مچەکوێر کەمێك بە شێواوی تۆمارکراوە ( Mitsa Chwier )و ئێمە وەك ناوی گەلێ شوێنی تر ڕاستمان کردەوە ـ و.

خەیاڵەوە بەرەو خوار هەڵاتن و وادیارە هەر هەمووشیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە گیرابێتن[12].

* * *

## هەڵاتن بەرەو گەرمیانی خواروو

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ناوچەکاندا لە شێوازو نموونەی بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵدا لەو ماوەیەدا کە پەلاماری ئەنفال خایاندی. لە پاش ئەنفالی یەك، پیاوی کامڵ و کوڕی هەرزەکار کە لە لایەن سوپاوە گیران بێسەروشوێنکران‌و ئەم شێوازەش لە هەموو ناوچەکاندا دووبارە دەبووەوە. بەڵام لە گەلێ جێگاو بە شێوەیەکی بەرچاو گەرمیانی خواروو، ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژن‌و منداڵیش ڕاپێچکران‌و جارێکیتر نەبینرانەوە. پێوەری ئەم کارەش دیارە تەنها شوێنی لەدایکبوونی ئەو کەسە نەبوو بەڵکو ئەو ناوچەیەش بوو کە تێیدا دەگیرا. لە گەلێ حاڵەتدا، بەڵام هەمووی نە، شێوازی بێسەروشوێنکردنەکان پێدەچێت ڕەنگدانەوەی پلەی ئەو بەرگریە بێت کەوا هێزەکان بەرەوڕووی دەبوونەوە. ئەگەر شەڕو بەرگریی *پێشمەرگە* لە شوێنێکدا گەرم بوایە ئەو ژن‌و منداڵانەی لەو ناوەدا دەگیران زیاتر بەو لایەدا دەشکایەوە کە لە گەڵ مێردو باوکەکانیاندا سەرنگوم بکرێن . لێکدانەوەی ناوەڕۆکی نووسراوێکی *ئەمن* لە 2 ی ئابی 1988دا ئەو مانایە دەگەیەنێ کاتێ کە داوای زانیاری دەکا لە سەر بەندکراوەکانی لای خۆی کە ئایا لەو شوێن‌و ناوچانەدا گیراون کە شەریان تێدا قەوماوە یاخود نە؟[13]

---

[12] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 19 ی مارتی 1993.

[13] نووسراوێکی نهێنی لە *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ *ئەمنی* پارێزگای هەولێر لە 2 ی ئابی 1988دا. دەقەکە دەڵێ " تکایە سەرنجی برووسکەی ژمارە 9887 مان بدەن لە 20 ی تەمووزی 1988داو ئاگادارمان بکەنەوە ئایا ئەو کەسانەی ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیاندنە دەیانگرێتەوە لە حەوزی ناوچەی شەڕەوە هاتوون یان نە".

ئـەو ژنو منداڵانـەی لـە قەرەداخـەوە بـەرەو بـاکوور هـەڵاتن بـۆ سـلێمانیو کۆمـەڵگاکان زیانیـان پێنەگەیشـت، کەچـی ئەوانـەی پـەڕەوازەی گـەرمیانی خـواروو بوون لەناوچوون. دوو پیاو و سێ ژن و شـەش منـداڵ لـە گونـدی عـەلیاوا سـەرنگوم بوون. چلو حەوت کەسی خەڵکی مەسۆیی، کە زۆر منداڵو ساوای بەرمەمکەیان لە نێواندا بوو، لەنزیك کـەلارەوە دەسـگیرکرانو هـەرگیز نەبینرانـەوە[14]. دانیشتوانی هۆمەرقەڵا، کە گوندێکی بیست ماڵە بوو لای کلکەی خـوارووی کـەژی زەردەوە، هـەر ئەوەنـدە هـەواڵی کیمیابـارانی گونـدی سێوسـێنانیان بیسـت، هـەموو تێکـڕا هـەڵاتنو تەنها فریای ئەوە کەوتن هەندێ شتومەکی پێویست لەگەڵ خۆیان ببـەن وەك پـارەو پێخەفو ئاژەڵو ماڵاتیان دا لەبەرو کەوتنە پەراوێزی شاخو بەرەو باشووری ڕۆژئاوا سەری خۆیان بۆ گەرمیان هەڵگرت و لە گەڵ ئەوەشدا کە *پێشمەرگە* نـەبوون بـەڵام هـەموو پیاوێـك چـەکی خـۆیی هـەبوو، وەك نـەریتێکی بـاو لـە نێـو پیـاوانی کـوردی عێراقدا, سیانیشیان سەربازی هەڵاتوو یـان موتەخـەلیف بـوون. ئـەم بیسـت خێزانـە چەند ڕۆژێـك بـەڕێوەبوونو بـە شـەو لـە ئەشـکەوتەکاندا یـان هـەر لـەو دەشـتودەرە دەخەوتن و بە هیوای ئەوە بوون کە زوو بگەڕێنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، کاتێ کـە حوکوومەت لە ناوچەکەیان دەکشێتەوە، وەك هـەموو جارێکی پێشـتر کـە ڕوویـدەدا. بەڵام ئەمجارەیان جیابوو، چونکە هـەر کـە گەیشـتنە گونـدی بەکربایـەف، لـە پـەڕی ڕۆژهـەڵاتی گەرمیانـەوە، هـەواڵیانزانی کـە تـەواوی ناوچـەی قـەرەداخ کەوتووەتـە دەست هێزەکـانی حوکوومـەتو سـەرلەبەر گونـدەکانیان تـەختی زەوی کـراوەو هـیچ ماڵ و خانوویەك نەماوە بۆی بگەڕێنەوە. دوابەدوای ئـەمان سـوپا کـەژی زەردەی بـە گولله تـۆپی کیمیـایی دابێـژابوو و بەرەبـەیانی 1 ی نیسان هـەردوو گونـدی تـەکێو بەلەگجاڕی گرت کەوا بڕبڕە پشتی گرنگی *پێشمەرگە* بوون[15].

---

[14] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 21 ی مارتی 1993و کۆمەڵگای نەسر 26 ی مارتی 1993.

[15] تەلگرافێکی "نهێنیو بە پەلە" لە *ئـەمنی* دەربەندیخانـەوە ژمـارە 9507، کاتـژمێر1740، 1 ی نیسانی 1988 باسی گرتنی "چوار بنکەی تێکدەرانو بەکرێگیراوانی ئێران، هاوکات لەگەڵ بنکەیەکی گـاردی خومـەینیی جادووگـەرو بنکەیـەکی تێکـدەرانی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق " دەکـات. بـەم سەرکەوتنانەی سوپا کاری سەربازیی پێویستو بنەڕەتی لە ئەنفالی دوودا تەواو بوو.

سوپا پێڕانەگەیشت خەڵکی هۆمەرقەڵا بگرێت کەچی ئەوان یەکڕاست خۆیان کرد بە قوڕگی دوژمندا. گەرمیان ئامانجی داهاتووی ئەنفال بوو و خەڵکی گوندی بەکربایەف ئەمەیان پێڕاگەیاندن، چوونکە دانیشتوانی ئەو گوندە مۆڵەتی حەفتاو دوو سەعاتیان درابوویە خۆبەدەستەوە بدەن. هەر بیست ماڵەکەی هۆمەرقەڵا ئەو شەوە کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لە سەر ئەوەی چیبکەن و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بێجگە لە خۆبەدەستەوەدان هیچ چارەسەرێکیتر نیە. پاشان گەشبینییەکی زۆر لە ناویاندا هاتە ئاراوە کەوا ڕۆیشتن بەرەو خەتی حوکوومەت لە شەڕی ئێرەو ئەوێی سوپاو *پێشمەرگە* دەیانپارێزێت, بۆ بەیانی بەرەو لای هێزەکانی حوکوومەت ملی ڕێگەیان گرت و تا گوندی بۆیسانە چوون, کەمتر لە میلێکیش ئەولاتر گوندی شێخ تەویل بوو، کە ڕەنگە تاقە نیشان بووبێت لە تەواوی ماوەی پەلاماری ئەنفالدا کە زۆر بە توندی بەرگریی لێکرا.

لە ئاخرو ئۆخری مارتدا خەڵکی شێخ تەویل کە سەر بە تیرەی تەرخانی بوون، داڵدەی سەدان کەسی خۆوڵاتیی کوردیان دا کەوا لە قەرەداخەوە هەڵاتبوون، هەرچەندە ئەوانە لە تیرەو هۆزی جیاواز بوون بەڵام وەك پیاوێك دەیوت "ئێمە پەنامان دان و بووبووین بە یەك"[16]. بۆ بەیانیی زوو خەڵکە مەدەنیە تۆقیوەکە تەماشایانکرد وا هێزێکی نوێی *پێشمەرگە* گەیشتن و لە کەژی زەردە هەڵاتبوون. سێگۆشەی نێوان ئەو شاخە و شێخ تەویل و دەربەندیخان ئەو دەمە وەك مەنجەڵ دەکوڵاو یەکبینە لە هەموو لایەکەوە تۆپباران بوو، چ لە لایەن عێراق یان ئێرانەوەو کەس لێکی جیانەدەکردنەوەو پشێوی و شپرزەیی گەیشتبووە ئەوپەڕی . لە 3 ـ 5 ی نیسان سوپاو *پێشمەرگە* کەوتنە شەڕێکی سەختەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی شێخ تەویل و یەکلا نەدەبووەوە. لەو پشێوی و تێکەڵ و پێکەڵیەی پێش شەڕەکەدا زۆربەی خەڵکی شێخ تەویل ماڵیان چۆڵکردو ڕۆیشتن بۆ سەر شارێی نێوان

---

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتوویەکی جارانی شێخ تەویلدا، کۆمەڵگای باوەنوور، 28ی مارتی 1993.

دەربەندیخانو کەلار, لەویٚ حەفتاو نۆ کەسیان لێگیراو سەرنگوم کران. بەڵام ئەمە هێشتا ئەنفالی سێ واتە ئەنفالی گەرمیان نەبوو و ترسو سامی ئەوە هێشتا مابووی. خێزانەکانی هۆمەرقەڵا چاوەڕێ بوون، چونکە چوار پیرەمێردی خەڵکی بۆیسانە بە هەڵکردنی ئاڵای سپییەوە بەرەوپیریی هێزەکان چووبوون. لەوێ پێیان وتبوون "بڕۆن ماڵو خێزانتان بێنن، هیچیان بۆ نابێت". بۆیە ژمارەیەك پیاو و ژنو منداڵ باوەڕیان بە بەڵێنی ئەفسەرەکە کردو خۆیان دا بە دەستەوە، کەچی دەسبەجێ گرتنیان. ئەوانی کە لە دواوە مانەوە پاشتر زانییان خەڵکەکە براون بۆ بارەگای لیوا سەربازیەکەی کەلارو ئیتر ئەوە دوا دەنگوباسیان بوو.


ئەوانی کە لە خێزانەکانی هۆمەرقەڵا مابوونەوەو خۆیان دابووە دوا جارێکیتر هەڵاتنەوەو نەوەستان تا گەیشتنە دێی لاڵی خانی* سەر ڕێگا سەرەکیەکە. لەوێ تەماشایانکرد خەڵکێکی زۆر ڕژاوەتە ئەو ناوەو کاروانێکی گەورەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگریش هێنراوە بۆ کۆکردنەوەیان. لێرەش دیسانەوە خەڵکەکە کەوتنەوە ڕاوتەگبیرو سەرباری ترسو دڵەڕاوکێ هەمدیس بە ناچاری سەریان بۆ ئەوە لەقاند کە خۆبەدەستەوەدان تاقە چارەیانە. ئەکرەم, کە کوڕێکی تەمەن هەژدە ساڵی خەڵکی هۆمەرقەڵا بوو، هێشتا هەر دوودڵ بوو, لە ترسی سزای نەچوونە سەربازی خۆی لە نێو بەرمیلێکی بەتاڵدا شاردبووەوە تەماشای خەڵکەکەی کردبوو کەوا بە کۆمەڵ خۆبەدەستەوە دەدەن. هەر لەوێدا پێنجسەد کەس خۆیان دابووە دەستەوە، تەنها بیست کەس نەبێت کە ئەکرەمیشیان تێدابوو خۆیان هێشتبووە دواوە. بەمجۆرە ئەکرەم ڕزگاربوو و پێنجسەد کەسەکەش بێسەروشوێن بوون[17].

---


* لاڵی خان گوندێکی سەر ڕێگای نێوان دەربەندیخان ـ کەلارە بە سەر ئاوی سیروانەوە. لە دەقەکەدا بە هەڵە ناوی بە شارۆچکە هاتووە ـ و.

[17] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای نەسر، 28 ی تەمووزی 1992. ڕاستێکەی ئەکرەم بە ناو ژمارەیەك یەکەی سوپاو خاڵی پشکنیندا تێپەڕ بوو بە درێژایی ڕێگەداو هەر دەستی لە بزنەکانی بەرنەدا, ڕەنگە هەر ئەمەش ژیانی ڕزگار کردبێت. زۆر چیرۆكو بەسەرهاتی لەم چەشنە بۆ میدڵ ئیست ووچ باسکراوە دەربارەی ئەو سەربازە ڕاکردووانەو چۆنێتی دەربازبوونیان، بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیانی خوارووداو ئەوانەیان کەوا لە کاتی ئەنفالدا بە لای ڕانە ئاژەڵەوە بوون.

ئەنفالی سێ: گەرمیان (باكوور) 7 -20 ی نیسانی 1988



ئەنفالی سێ: گەرمیان (باشوور) 7 -20 ی نیسانی 1988



# بەشی پێنجەم

# ئەنفالی سێ:

# گـەرمـیـان

## 7 ـ 20ی نیسانی 1988

*"ئەمـە یەکـەم جـار بـوو کـە خـەڵکیان ڕاپێچـی لـەناوبردن دەکرد"*

*ـ جووتیارێکی گوندی گۆڵەمەی ناحیەی قادر کەرەم*

گـەرمیان ـ وڵاتـی گـەرم ـ هـەردەو دەشـتێکی پـانو بەرینـە لـە بەشـی هـەرە باشووری سۆرانی زمانی کوردستانی عێراقداو هاوسنووری ناوچەکانی عەرەبنشینی عێراقـە. سـنووری ئـەم ناوچـەیە لـە ڕۆژئـاواوە شـارێی نێـوان شـاری بـە نـەوت دەوڵەمەندی کەرکووکو شارۆچکەی تووزخورماتووە، لە باکوورەوە ڕێگای کـەرکووک ـ چەمچەماڵ، لـە لای ڕۆژهەڵاتـەوە چیاکانی قـەرەداغو لـە باشووریشـەوە هـەر سێ شارۆچـکەی کـەلارو کفـریو پێبـازە[1]. کـەمێك بـە وردیـی سـەرنج بـدەیت چـەقی جوگرافیی گەرمیان ناحیەی قادرکەرەمـە، کـە سـەروەختێك سـەنتەرێکی قـەرەباڵغی

---

[1] شارۆچکەی پێباز، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکیی نێوان کەلارو دەربەندیخان، ناوێکی تریشـی هەیە کە "باوەنوور"ە واتـە بـاوکی ڕوونـاکی بـۆ ڕێـزی پیاوچـاکێك لـەوێ نێـژراوەو دەڵـێن گوایـە مەرقەدەکەی هەموو شەوانێکی هەینی نووری لێبەرزدەبێتەوە.

دە هـەزار کەسـیی بـووە. لـە کۆتـایی یەکـەم حەفتـەی مـانگی نیسـاندا پاشمـاوەی پـەرتوبڵاوی ئـەو *پێشـمەرگانەی* لـە ناوچـەی سـەرگەڵوو - بەرگـەڵوو شـکابوون، بەرەوخوار بوونەوە بۆ سەنگەرەکانی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان لـە گـەرمیان. هـەروەها ئـەو گوندنشـینانەی لـە ئـەنفالی دووەم هـەڵاتبوون سـەری خۆیـان بـەرەو باشــوورو ڕۆژاوا هــەڵگرتبوو بــۆ ئێــرە. هەنــدێك لەجــەنگاوەرانی مەڵبەنــدی دووسـەنگەری بـەرگرییان لـە شـێخ تەویلـدا لێـدابوو، کـە جمـەی دەهـات لـە ئـاوارەی قەرەداخدا. هەندێکیتر چوون بۆ گوندی باشتەپە لـە سـەر زێـی ئاقسوو، کـە دەشـتی گەرمیان دەکا بە دوو بەشەوە, (خەڵکی ناوچەکە پێیدەڵێن ئاوەسپی لـە بـەر ڕەنگـی شیریی سەرچاوەکەی)[2].

بـە بـەراوردکردن لـە گـەڵ دۆڵـی جافەتیـدا، یـان تەنانـەت قـەرەداخیش، زەویـە تەختایەکانی گـەرمیان کـەمتر دەسـتیاندەدا بـۆ شـەڕی گـەریلایی. بەهـەرحاڵ، ئێـرە ناوجەرگەی سیاسیی شۆڕشی PUK بوو و ڕۆڵـەی گونـدە کشـتیارییەکانی ئـەم نـاوە زۆربەی هێزی شەڕکەری ڕێکخراوەکەیان پێکدەهێنا. هەروەها گوندەکان پڕبـوون لـە سـەربازی هـەڵاتوو و *پێشـمەرگە* تـۆڕێکی فـراوانو بـە چـاکی ڕێکخـراوی پشـتگیریی ناوچەکەیان دەسـتەبەر کردبـوو. "ئـەوان هـەموو جـار بـە شـەو دەهـاتنو نانیـان لـە ماڵەکان دەخواردو پاشان کۆڕو لێدوانی سیاسییان بۆ خەڵکی ساز دەکـرد، کـە بۆچـی دەبێ شەڕ لەگەڵ حوکومەتدا بکەنو نەبن بە جاش". ئەم قسانە ئافرەتێکی خەڵکی گوندی شێخ حەمید دەیگێڕایەوە، کە لـە نزیـك سـەنگەرێکی گرنگـی PUK وە بـوو لە تازە شار[3]. پیاوێکیش لە گونـدی کـانی قـادری ئـەو نزیکانـە دەیـوت:"پێشمەرگە فەرمانیان دەرکردبوو کە هەر ماڵێك دەبێ چەکێ بکڕێـت، ئەمـە وەك یاسـا وابـوو و

---

[2] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ فەرماندەیەکی جارانی PUK دا لـە گـەرمیان، سـلێمانی، 28 ی مارتی 1993.

[3] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمـەڵگای باینجـان، 19 ی مـارتی 1992. ئەڵبەتـە لـەم کاتـەدا سەربازی هەڵاتوو بە هیچ جۆرێ نەیانـدەوێرا بگەڕێنـەوە، چـوونکە بڕیارەکـانی ئـەو دواییـە سـزای مەرگی بە سەر هەڵاتوواندا سەپاندبوو. دیاردەی ئیعدامکردن بە بەرچاوی خەڵکـەوەو تەنانـەت بـە تەلەفزیۆن وێنەگرتنی بووبووە شتێکی ئاسایی. بڕوانە سەرەوە لاپەڕە 148.

www.dengekan.com

خەڵکەکەش پێی ڕازی بوونو وایاندادەنا کە پێویستە. خەڵکە مەدەنیە چەکدارەکە دەچوونە پاڵ *پێشمەرگە* بۆ داکۆکیکردن لە گوندەکانیان. ئەمان وەك "هێزی پشتگیریی" باسدەکرانو هەموو گوندێك یەکەی بەرگریی مەدەنی خۆی هەبوو"[(4)].

بەڵام ئێستا *پێشمەرگە* شتێکی ئەوتۆی پێناکرێو ناتوانێ بەر لە هێرشی قورسو قەبەی سوپای عێراق بگرێت, ئەمەیان لە شەڕێکی ئاسایی زیاتربوو و یەکلایەنە گەورەو لەکێشنەهاتوو بوو. بۆ ماوەی زیاد لە حەفتەیەك شەپۆل لە دوای شەپۆلی هێرشو پەلاماردانی پیادەو زرێپۆشو تۆپخانەو فڕۆکەو *جاش* ناوچەکەی گرتبووەوەو گەمارۆیدابوو.خەڵکی گەرمیان قەناعەتیان بە خۆبەدەستەوەدان هێنا، بەوەی دەربازبوون مەحاڵەو هەرگیز لەمەوپێش هێزی سەربازو میلیشیای بێشوماری ئاوهایان نەبینیبوو. سوپا ناوچەکەی بەجێنەهێشت تا هەموو گیانلەبەرێکی دەسگیر نەکردو شوێن هەموو گوندنشینێکی هەڵاتوو دەکەوتن بە هەلیکۆپتەرو بە پێ بۆ ناو شاخو شارۆچکەو شارەکان[(5)].

سوپای عێراق بێبەزەییانە لاوازیی PUK ی لە گەرمیاندا قۆستەوە, ئێرە سەنگەری مەحکەم و شوێنی قایمی تێدا نەبوو, ئێرە نە بەرگەڵوو و نە یاخسەمەر بوو و نەچەکی قورسیشی لێبوو. ئەو چەند گوندە کەمەی کە *پێشمەرگە*و هێزی جێگیریان تێدابوو بە ئاسانی دابڕانو هیچ هێزێکی پاڵپشتو زەخیرەو خواردنێکیان نەدەگەیشتی, جەنگاوەرە دابڕاوەکانیش دەبوو یان هەڵبێن یان شەڕ بکەن تا تەقەمەنییان پێنامێنێت. ئەو *پێشمەرگانەی* لەناوچەکانی ئەنفالی یەکەمو دووەمەوە گەیشتبوون هەموو ماندوو و شەکەت بوونو ڕووخانو ورە بەردانێکی گشتیی باڵی کێشابوو بە سەر هەموو لایەکدا بە هۆی پەلاماری کیمیاییەوە بۆ سەر

---

[4] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی 25 ی تەمووزی 1992.

[5] ڕاپۆرتێکی مەیدانیی"نهێنیو بە پەلە" لە *ئیستیخباراتی* عەسکەریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ مەکتەبی باکوور، بۆ نموونە، باسی چواردەور گرتنی گوندی کەلار دەکا لە بەرەبەیانی 26 ی نیساندا اوا دیارە مەبەست گوندی گەورەی کەلاری کۆنە بە تەنیشت شارۆچکەی کەلارەوە – وا. سێ سریەی زرێپۆشی لیوای پیادەی 444 ئابڵووقەی گوندەکەیان داوەو گەڕاون بە دوای "ئەوخێزانانەی دزەیان کردووەتە ناو گوندەوە لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفالی سێدا", بە مەرجێ هەموو جۆرە شەڕێك بە لای کەمەوە حەفتەیەك دەبوو تەواو بوو بوو.

دۆڵـی جافـەتیو قـەرەداغ و هەڵەبجـە. وا دیـارە ڕژێمـی عێـراق لـە پـەلاماردانی گەرمیانـدا گـازی ژەهراویـی بـە پێویسـت نـەزانی، ئەگەرچـی لانیکـەم یـەك جـار لـە ئامـانجێکی سـەر بـە گێچـەڵدا بـەکاری هێنـابوو[6]. *پێشـمەرگە* ئابڵووقـەدراوەکان نزیکـەی پێـنج ڕۆژێـك بـەرگرییان کـرد، بـەڵام لـە زۆربـەی شـوێنەکاندا بـەخێرایی تێکشکێنـران.

★ ★ ★

دەکرێـت نەخشـەو پلانـی شـەڕی سـوپای عێـراق لـە گەرمیانـدا بـە هەنـدێك وردەکارییەوە بزانرێت، بەهۆی *سی*و *سێ* برووسـکەی یـەك لـە دوای یـەکی "نهێنـیو بـە پەلـە" ی *ئیسـتیخباراتی* سـەربازییەوە، کـەوا سـەعات بـە سـەعاتی بارودۆخیـان خستووەتە ڕوو لە مەیدانی شەڕدا[7]. ئەم بەڵگەنامانە باسی زنجیرەیەك جموجووڵی گەمارۆدانی گەورە گەورە دەکەن کەوا ڕەتڵی هێزەکان بە لایەنی کەمـەوە لـە هەشت قۆڵـەوە بـە دەورانـدەوری گەرمیانـدا پێشـڕەوییان کـردووەو ئابڵووقـەی شـوێنە دەسنیشـانکراوەکانی پێشـمەرگەیان داوەو ڕێگـەیان بـۆ خەڵکـە هەڵاتووەکـە کردووەتـەوە بچـنە ئـەو شـوێنانەی بـۆ خڕکردنـەوەیان دیـاریکرابوو و هـەموو ڕێگـەکانی دیکـەی دەربازبوونیـان لێگرتبـوون. (بڕوانـە نەخشـەکە). هـەروەها

---

[6] ڕاپۆرتگەلێکی متمانە پێکراو هەن لە سـەر پـەلاماردانی کیمیـایی گونـدی تازەشـار (ناحیـەی قـادر کەرەم). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە لاپەڕە(248 ـ 249). هەروەها میدلْ ئیست ووّچ هەندێ ڕاپـۆرتی پێگەیشتووە لە سەر هێرشی کیمیایی بۆ سەر خاڵۆبازیانی (قەرە حەسەن)، بەڵام زۆر جێی متمانە نین.

[7] ئەم برووسکانە بە گشتیی سەرناوەکەیان "کورتەیەك لە سەر *عومەلای* ئێران" بوو بەروارەکانیان لە 9 ـ 27 ی نیسانی 1988 بوو. ئەمانە هەموو لە نێو فایلدا بە پەت بەسترابوونو بـە دەسـخەت ناونیشانەکەیان نووسرا بوو "فایلی عەمـەلیاتی ئـەنفالی سـێ (کـەرتی قـادر کـەرەم)، 9 ی نیسـانی 1988. بەڵام بە پێی وردەکاریی ناوەڕۆکەکەی پیایدا دیارە کەوا دوورە لەوەی فایلێکی سەرتاپاگیری گۆڕەپانی گەرمیان بێت. زۆربەی بەڵگەنامەکان بە *ئیستیخباراتی* سەربازیی کەلار یـان فەیلـەقی دوو دەستپێدەکاتو باسی عەمەلیاتی بەشی خـوارووی گـەرمیان دەکـات. ژمارەیـەکی کـەمیان ڕاپـۆرتی *ئیسـتیخباراتی* توزخورمـاتوو و چەمچـەماڵنو بـاس لـە عەمـەلیاتی ژوورتـر دەکـەن. هەنـدێ لـەم دۆکیومێنتانە لە ڕاپـۆرتی 19 ی شـوباتی 1993دا لەسـەر عێـراق لـە لایـەن ڕاپۆرتـدەری تایبـەتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خرانەڕوو لە لاپەڕە 203 ـ 221 دا.

www.dengekan.com

برووسکەکان باس لە نزیکەی 120 گوند دەکەن کەوا "گیراونو تێکدراون" یان "سووتێنراونو وێرانکراون", هیچکام لەمانەش وەك ئامانجی سەربازی باس نەکراون، لە هەندێ حاڵەتی کەمدا نەبێت کە باس لەوە دەکرێ گوایە بەرەنگاریان بوونەتەوە, یان لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا گوندێکیان پشکنیوەو سەرباز هیچیان نەدۆزیوەتەوە جگە لە تاوانبار کردن بەوەی کە "وێنەی تێکدەران یان خومەینیی جادووگەریان" دۆزیوەتەوە[8].

نیازو مەرامی پرۆسەکە زۆر روون نەبوو: بەڵام دەبوو تەواوی شوێنەواری نیشتەجێبوونی بنیادەم بسڕێتەوە. گەلێ لە ڕاپۆرتە مەیدانیەکانی *ئیستیخبارات* ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا باسدەکەن" تەواوی ئەو گوندانەی هێزەکانیان پێدا تێپەڕی تێکدرانو سووتێنرانو ئێستا زۆربەی ئەو گوندانە "لە سەر نەخشە سڕاونەتەوە". ڕەتڵی کەلار لە 13 ی نیساندا ئەم ڕاپۆرتەی داوە. ڕەتڵی پوونگڵەش لە 20 ی نیساندا گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی "لە پاش جێبەجێکردنی ڕووخاندنی گوندەکانی کەرتەکەی خۆی"[9]. ئەوان تەنها بە یەك جار ڕۆیشتن بۆ گوندەکان دانەدەکەوتنو لە ناوەڕاستی ئابیشدا هێزەکان گەڕانەوە بۆ "سووتاندنو ڕامالێنی پاشماوەی هەر ماناو دەلالەتێکی ژیان"[10]. یەك بە یەکی حاڵەتەکانو ناوی ئەو گوندانەی کاولکراون دەقاودەق یەکدەگرنەوە لە گەڵ شوێنی سەرنگومکردنە بەکۆمەڵەکاندا کە لە لایەن دەربازبوانەوە بۆ میدڵ ئیست ووچ باسکراوە.

★ ★ ★

---

[8] برووسکەی فەیلەقی دوو ژمارە 10724 لە 14 ی نیسانی 1988دا باسی عەمەلیاتی ڕەتڵی کفری دەکات "لە پاش داگیرکردنی گوندی عەزیز قادر، هێزەکە لە ناو گونددا هیچی نەدۆزییەوە لە کەلوپەلی ناومالّو بەڵگەنامەو وێنەی تێکدەرانو خومەینیی جادووگەر بترازێ، کە هەمووی سووتێنرا".

[9] برووسکەی *ئیستیخباراتی* کەلار ژمارە 10686 بۆ *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلات لە 13 ی نیسانی 1988دا، هەروەها بروسکەی فەیلەقی دوو ژمارە 11386 بۆ فەرماندەیی مەکتەبی باکوور لە 21 ی نیسانی 1988دا.

[10] بروسکەی ژمارە 19442، 20 ی ئابی 1988، *ئەمنی* کەلار "نهێنیو بە پەلە". فەرمانی "دابڕینی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە زەوی کێڵانو داچاندنیو سووتانیان" کەوا بە ڕاگەیاندنی مەکتەبی باکووری ژمارە 3821 لە 3 ی تەمووزی 1988 دا دەرکراوە.

## پـــــــــــــــلانی پەلامــــــــــــار:

## ( 1 ) تووزخورماتوو

بەرەبـەیانی ڕۆژی 7 ی نیسـان پێشـەنگی هێزەکـانی سـوپاو فەوجـەکانی *جاش* کەوتنــە جموجــوولْو لــە بنکــەکانیان دەرچــوون لــە تووزخورمــاتووی لای گۆشــەی باشووری ڕۆژاوای گەرمیانەوە. لە دوو ڕۆژی دواتریشدا، هێزەکانی تر لە کـەرکووك‌و لەیلان‌و چەمچەماڵ‌و سەنگاوەوە دەرچوون‌و لە هەموو لایەکـەوە بـەرەو شارۆچـکەی قادرکـەرەم پێشـڕەوییان کـرد. ڕەتڵـی تووزخورمـاتوو خێـرا بـوو بـە سـێ هێـزی هاوبەشەوە، یەکـەمیان بـۆ باشـووری ڕۆژهـەڵات لـە شارۆچـکەی نەوجوولـەوە بـەرەو چەمی ئاوە سپی. دووەمیان، کەوا هێزێکی هاوبەشی گەورەتر بوو، بـەرەو ڕۆژهـەڵات پێشـڕەویی کـرد بـە گوێچـەمداو پاشمـاوەی ئـەو *پێشـمەرگانەی* لـە مەڵبەنـدی دوو مابوونەوە لە باشتەپە ڕێیان پێگـرت, بـەڵام پـاش ئـەوەی فرۆکـە ئـەو نـاوەی دابێـژا خێـرا بەرگریەکـە کۆتـایی پێهـات‌و هێزەکە ڕایگەیانـد کـە حەڤـدە گونـدی ڕامـاڵی‌و زیانیشیان یانزە کوژراو بوو، کە هەشتیان *جاش* بوون[11]. دوان لەم گوندانە وارانیـی ژوور و خـوار بـوون، کـەوا *پێشـمەرگە* لـە دوای باشـتەپە پاشەکشـەیان بـۆ کـرد. وارانیەکان کاتی خۆی زۆریان سـزاو ناڕەحـەتی چەشـتبوو و لـە سـاڵی 1963وە سـێ جـار لـە مـاوەی جیاجیـادا سـووتێنرابوون. هـەروەها ئـەم جووتـە گونـدە بـوون بـە نموونەی وێنەیەکی تاڵی کاریگەریی فەرمانی علی حسن المجید بە بۆردمانی فڕۆکەو تۆپبـــاران بـــۆ ئـــەوەی "گـــەورەترین ژمـــارەی خـــەڵك بكـــوژن لـــەو ناوچـــە

---

[11] ئەو هێزە هاوبەشە پێکهاتبوو لە لیوای 65 ی هێزی تایبەت‌و لە لایەن هەردوو فـەوجی بـەرگریی نیشتمانیی 58و 200ەوە پاڵپشت دەکرا. برووسکەی *ئیستیخباراتی* تووزخورماتوو ژمارە 10340 لە 10 ی نیسانی 1988دا. برووسکەکە سکاڵای ئەوە دەکات کەوا فەوجێکی تـری *جـاش* (فـەوجی 25)، "لە هێزەکە کشاوەتەوەو ئـەو ئەرکانـەی پێیـسپێردراوە ئـەنجامی نـەداوە"، ئـەم جـۆرە سـکاڵایانە لەمەڕکەموکورتیی میلیشیای کورد بەردەوام دووپات دەبێتەوە لەم برووسکانەدا.

www.dengekan.com

قەدەغەکراوانەدا"[12]. چەند مانگێك پێش ئەنفال هەلیکۆپتەرەکانی حوکوومەت سێ جار پەلاماری کوشندەیان دان, یەکێکیان پیرەمێردێکی کوشت لە کاتی دروێنەدا لە سەر کێڵگەکەی خۆی پشووی دەدا, ئەویتریان کچێکی پانزە ساڵانو دایکی کوشت لە کاتێکدا کە ئاویان لە چەمەکە دەهێنا, جاری سێهەمیش دوو کوڕی منداڵی شوان کوژران کە هەردووکیان برابوونو تەمەنیان هەشت ساڵو پانزە ساڵ بوو. بەلام ئەنفال جیاواز بوو, هێزەکان لە کاتی بەرچایی بەیانیدا گەیشتنو ئاگریان بەردا خانووەکانو هەرچی ئاژەڵو ماڵاتە کوشتیان* و زۆر لە خەڵکەکەیان گرتو ڕاپێچیانکردن. هەندێکیش لە خەڵکەکە بەرەو هەردەو تەپۆڵکەکان هەڵاتنو چەند ڕۆژێك لەو ناوەدا مانەوە, بەڵام دوایی زانییان کەوا لە سێ لاوە ئابلۆوقەدراونو هیچ چارێکیان نیە لەوە زیاتر کە بەرەوخوار ببنەوە بۆ سەر جادەی سەرەکیو لەوێ خۆیان دا بەدەست هێزێکی *جاشەوە* کە فەرماندەکەیان موستەشارێك بوو بە ناوی عەدنان جەباری. ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان بوو، کە مانگی ڕۆژووگرتنی موسوڵمانانەو پیاوێکی پیر وایدەهاتەوە یاد کە 17 ی نیسان بوو, لەوێ بارهەڵگری ئیڤا چاوەڕێیان دەکردن بیانبەنو زۆریان هەرگیز نەبینرانەوە. دواتر گوندنشینە دەربازبووەکان لیستێکیان بە ناوی 102 کەسەوە کردبوو لەو خەڵکەی وارانی کەوا بێسەروشوێنکراون[13]. لێرەش وەك هەموو گوندەکانی ناوچەی داودە ئەوانی کە تیاچوون ژمارەیەکی زۆریان ژن و منداڵ بوون.

هەر لەو ماوەیەشدا هێزی هاوبەشی سێهەمی تووزخورماتوو هێرشێکی توندی کردە سەر بنکەی PUK لە تازە شار, کەوا نزیکەی دوانزە میلێك دەکەوتە باکووری چەمی ئاوەسپی یەوە. تازەشار نموونەیەکی تەواوی ئەو گیرخواردنو ئاستەنگە بوو کەوا PUK لە گەرمیاندا تووشی هات. تازە شار گوندێکی بچووکی دەوروبەری

---

[12] بڕگە 4 ی ڕاسپاردەی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور س ف 4008 لە 20 ی حوزێرانی 1987 لەبەشی دووەمدا باسکراوە.

* ڕاستتر ئەوەیە کە تاڵانیان کرد ـ و.

[13] میدڵ ئیست ووچ، چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی دانیشتووی جارانی وارانیدا. کۆمەڵگای بنەسلاوەو سلێمانی 19 ی نیسانو 12 ی مایسی 1992.

بیست ماڵ دەبوو, وا حسێبدەکرا کە بایەخێکی ستراتیجیی تایبەتی هەیە لە بەر ئەوەی نزیکی ڕێگای نێوان تووزخورماتوو و قادرکەرەم بوو. هێزێکی *پێشمەرگەی* 20 ـ 25 کەسی لێرە سەنگەری لەو هێزانەی سوپا گرتبوو کەوا لە ڕێگا سەرەکیەکەوە بەرەوخوار پێشڕەویی دەکردو بە چەکی قورسو تانكو فڕۆکەو هەلیکۆپتەریش لە ئاسمانەوە پشتگیریيان دەکرد. *پێشمەرگەکان* بەو ژمارە کەمەو بەو نەختە چەكو فیشەکەیانەوە لە کاتژمێر هەشتی بەیانیەوە تا دواینیوەڕۆی 9 ی نیسان بەرگرییەکی ئازایانەیان کرد, بەڵام سەنگەرەکانی ئەمان لە چەمو شیوێکدا بوو کەوا دەوروپشتی هەموو گردو تەپۆڵکە بوو و بارودۆخی بەرگریکردن زۆر لاسەنگبوو چوونکە سوپا بە ئاسانیو بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشەی کردو لە پشتی تازەشارەوە چواردەوری گرتن. سەرباز سەر یاڵەکانیان گرتو سێ گوندی تریان بەر لۆز کەوتو وێرانیان کردن، گوندەکان: کانی قادری سەروو، کانی قادری خواروو، ئاوایی شێخ حەمید بوون.

گەلێ کەسی خەڵکی گوندەکانی دراوسێ دەڵێن کەوا سوپا لە تازەشاردا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. پیاوێکی خەڵکی کانی قادری خواروو، کە چوار میل لەوێوە دوورە، بەمیدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە کە بە ڕادیۆ گفتوگۆی بێتەلی وەرگرتووەو ئەفسەرە فەرماندەکە وتوویەتی گاز تاقە ڕێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگریەکە[14],

[14] بە پێی قسەی شایەتگەلێکی زۆر کەوا میدڵ ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون مەسەلەیەکی باو بووە لای پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان کە ڕادیۆکانیان بخەنە سەر ئەو فریکانسانەی لە لایەن هێزی چەکداری حکوومەتەوە بەکاردەهاتن. فەرماندەیەکی PUKلە گەرمیاندا دڵنیا نەبوو لەبەکارهێنانی کیمیایی لە تازە شاردا، بەڵام باسو گێڕانەوەی شایەتەکان لە گەڵ گەلێ سەرچاوەی تردا کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، بەڵگەی قەناعەت بەخش دەدەنە دەستەوە کە پەلامارێکی لەو جۆرە بووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دانیشتووانی ئەوسای شێخ حەمیدو کانی قادری خوارووداا، کۆمەڵگای باینجانو سلێمانی ، 19 ی مایس و 25 ی تەمووزی 1992و 19 ی مارتی 1993. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کەوا هێرشێکی کیمیایی دووەمجاریش لە 10 ی نیساندا ئەنجامدرابێت. جووتیارێکی مەڕدار لە گوندی تالأوی ئەو نزیکانە باس لەوە دەکا ئەو *پێشمەرگانەی* دەرباز بووبوون بەو لایەدا هەڵاتنو لە دەروبەری نیوەشەودا فڕۆکە بۆردمانی کردبوون. بە گوێرەی قسەکانی ئەم پیاوە ئەو کیمیابارانە دە کەسی لە تالأو کوشتووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 18 ی نیسانی 1992.

**پاشــان شــایەتەکە فڕۆکــەی هۆکــەر هەنتــەری بــەریتانیی بینیــوە تازەشــاری بۆردمانکردووەو گەواڵە دووکەڵی سپیی زۆری لێپەیدا بووە. سـەعاتێك لـەوەو دواش سوپا چووەتە ناو دێوەو تەواوی بەرگریکەران کوژراون.**

**ئایشە، کە ئافرەتێکی ئەو کاتە دووگیانی تەمەن بیست ساڵ بـوو لـە دێـی شـێخ حەمید، لە سەر بەرزاییەکی ناو کێڵگە گەنمەکەی خۆیانەوە تەماشای بۆمبارانەکـەی کردبـوو, ئـەو یەکـەمجار نـەیزانیبوو کـەوا کیمیـایی بـەکارهاتووە، چـونکە هێـزی ئاسمانیی عێراق کاتی خۆی زۆرجاری بۆردمان کردبوون, بـەڵام کـاتێ لای ئێـوارە لـە بەرزاییەکە هاتبووە خـوارەوە لاشـەی هـەر بیست و پێـنج *پێشمەرگەکەی* بینیبـوو. "ئەو کاتە زانـیم کـە چەکی کیمیاییـان بـەکارهێناوە، چوونکە ژمارەیـەکی زۆریـش بــزن‌و مانگــاو پەلــەوەرم بینــی مرداربووبوونــەوە". شــەوی 10 ی نیســانیش *ئیستیخباراتی* تووزخورمـاتو برووسـکەی کـردووە بـۆ مەنزوومـەی ڕۆژهـەڵات کـە "لاشـەی 15 تێکـدەر لابـراون‌و لـە نزیـك فەرمانـدەیی کـەرتی سـەربازیی تـووزەوە نێــژراون. لــە پــێش ناشــتندا وێنــەیان گــیراوەو بــە نووســراوێکی تایبــەتی دەنێررێت"[15]. ڕەتڵەکە، پاش ئـەوەی لـە تازەشـار بـووەوە، بـەرەوخوار پێشـڕەویی کـردو کۆمــەڵێك گونـدی تـری ڕامـاڵی‌و تـەختی کـردن، ئـەوجا دوابـەرگریکردنی *پێشمەرگەی* لـە گونـدی کـەریم باسـام تێکشکاندو گەیشتە لای بـاکووری گوێچـەمی ئاوەسپی.**

**ئایشـەش وەك هـەموو خەڵکەکـەی ئـاوایی شـێخ حەمیـد هـەڵاتو هـەر ئەوەنـدە ئەوێی بەجێهێشت تووشی *موستەشارێك* بوو، نـاوی شـێخ ئەحمـەدی بـەرزنجی بـوو ، هاتبوو بۆ سۆراخی خزموکەسی خۆی. ئایشە پرسـیاری ئـەو بارودۆخـەی لێکردبـوو, *موستەشـاریش* لـە وەڵامـدا وتبـووی "مـن نـازانم، بـەڵام ئێـوە یەکڕاسـت خۆبدەنـە دەستی سوپاوە, ئەمە باشترین شتە بیکەن و من ناتوانم هیچ شتێك بکەم ، تەنانـەت ئەگەر خزمەکانی خۆیشم بکوژرێن".**

---

[15] **برووسکەی *ئیستیخباراتی* تووزخورماتوو ژمارە 10334، 10 ی نیسانی 1988.**

پاشان ئایشە منداڵەکانی هەڵگرتو ڕووەو هەردە ڕێیدا لە بەرو هەرچەندی کرد مێردەکەی نەدۆزییەوە. ئایشە بەدەم ڕێگاوە قسەی *موستەشارەکە* لە گوێیدا دەزرنگایەوەو یەکەمجار بە پرتاو ڕووەو قادر کەرەم ملی نا بۆ خۆبەدەستەوەدان، چونکە سوپا هەموو ڕێگەیەکی دەربازبوونی لێداخستبوون. بەڵام لە ڕێگا بیروڕای گۆڕیو لە جیاتی ئەوە بڕیاری دا لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی گوندەکەیان لە بنکاچو ئەشکەوتێکدا خۆیان بشارنەوە. لەو دەمەدا لاپاڵی گردو چیاکانی خوار قادرکەرەم کۆمەڵ کۆمەڵ ئاوارەیان پێوە نیشتبوو. لە ئەشکەوتەکەدا ماوەی سێ ڕۆژ خۆیان شاردەوەو لە ڕۆژی دووەمدا ئایشە منداڵی بوو. ئەو زۆری برسی بوو و هێندە بێهێز بوو نەیدەتوانی شیر بداتە منداڵەکەی‌و هیچ پەڕۆوپاڵێکی پێنەبوو لە منداڵەکەیەوە بیپێچێ‌و لە هەوای ساردی شەو بیپارێزێ. بۆ ڕۆژی سێهەم ئایشە پرکێشیکردو هاتە دەرەوە بەڵکو خواردنێ شتێ پەیدا بکاتو منداڵە تەمەن یەك ڕۆژەکەی لە ئەشکەوتەکەدا بەجێهێشتو هەر بە هاتنەدەرەوەی دەسبەجێ لە لایەن دەورێیەکی *جاشەوە* دەسگیر کرابوو، ژنە واقی وڕمابوو لە کارو کردەوەی ئەمانەو *جاشەکانیش* بەڵێنیان دابوویە بیبەنە لای *موستەشارەکەیان* بۆ ئەوەی کاروباری لێبووردنی بۆ جێبەجێ بکاتو لەوە بەولاتر هیچی دیکە نابێت. دواجار *جاشەکان موستەشارەکەیان* لە پەڕی قادرکەرەم دۆزییەوەو دەرکەوت هەمان ئەو شێخ ئەحمەد بەرزنجیە بوو کە ئایشە سێ ڕۆژ پێشتر لای کەلاوەکانی گوندەکەیدا بە ڕێکەوت تووشی بوو.

"کابرا لە گەڵ خۆی بردمی‌و بەڵێنی پێدام یارمەتیم بداتو پاشان خستمیە قوتابخانەیەکی نزیکەوە. من لە قوتابخانەکەدا هەستم بە دڵنیایی کردو ئەویش هەندێ خواردنی بۆ هێنام, لەدوای چەند سەعاتێکی کەم خەڵکێکی زۆریان هێنا,چونکە زۆر لە گوندنشینان دەهاتن‌و خۆیان بەدەستەوە دەداو هەموویان بە هانی *جاشەکانی* شێخ ئەحمەد ئەو کارەیان دەکرد. ئەوجا سەرباز ژن‌و پیاویان لێکجیاکردەوەو کەلەپچەیان لە دەستی پیاوەکان کردو خستنیانە ژوورێکی جیاوازەوە. کاتێ کە سوپا مەسەلەکەی گرتە دەست، *جاشی* خستە لاوە. شێخ

www.dengekan.com

ئەحمەد ون بوو و ئیتر جارێکیتر نەمبینیەوە. لە دواییدا سەربازەکان هەموو پیاوەکانیان بردو کردنیانە ناو پاسی عەسکەرییەوەو دەسبەجێ دوای ئەوەش هەمان شتیان لەگەڵ ژنو منداڵدا کرد"[16].

چیرۆکی ئایشە بە یەکێك لە سەیرو سەمەرەترین چیرۆکەکانی ئەنفال دەژمێردرێتو لە کارێکی بەزەیی ئامێزی بە ئاشکرا لابەلادا ئەفسەرێکی سوپا رێگەی پێدا قوتابخانەکەی قادرکەرەم بەجێبێڵێو بچێ بۆ سلێمانی. ئایشە نەك هەر لە ئەنفال رزگاریبوو بەڵکو لە دواییدا لەگەڵ مەلۆتکەکەشیدا کە لە ئەشکەوتەکەدا بەجێیهێشتبوو سەرلەنوێ یەکیانگرتەوە. زۆربەی خەڵکی ناوچەکەی ئەو کەمبەخت بوون، ئەگەر ئەم وشەیە شیاوبێت بۆ ئێرە، تەنانەت ئایشە خۆیشی مێردەکەیو سێ براو دوانزە کەسی تری خێزانەکەی لەدەستدا. ئەمانە لە گەڵ کۆمەڵێکی لای کەمەکەی هەشتا پیاوی خەڵکی شێخ حەمیددا بوون کە خۆیان دابووە دەست *موستەشارەوەو* ئیتر هەرگیز نەبینرانەوە. لە کەریم باسامیش، لەو نزیکانە، لانیکەم بیستو پێنج کەس بێسەروشوێن بوون، لە عەزیزبەگ، کە گوندێکی نێوان تازە شارو تالاو بوو لیستەکە هەڵکشا بۆ نەوەتو دوو کەس، کە زۆریان ژنو منداڵ بوون.

★ ★ ★

---

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای باینجان، 19 ی مایسی 1992.

## پـــــــــــلانی پەلامـــــــــــار:

## ( 2 ) قادر کەرەم و باکووری گەرمیان

هەر لە هەمان ئەو ماوەیەدا، یەکەکانی دیکەی سوپا بـەردەوام خـەریکی هـەمان پەلاماری تۆقێنەر بوون بۆ سەر ناوچـەکانی باکووری قادرکـەرەم، بـە سەرپەرشتیی عەمیدی هێزی تایبەت، بارق عبدالله الحاج حنگە، کە وادیـاربوو فەرمانـدەی گشتیی عەمـــەلیاتی ئـــەنفالی ســێ بێــت لــە گەرمیانــدا[17]. ئــەو ڕەتلانــەی لــە ڕۆژاواوە پێشــڕەوییانکرد هــیچ کۆســپو تەگەرەیــەکیان نەهاتــە ڕێو لــە شــاڕێکەینێوان کەرکووك و چەمچەماڵەوە لایانداو بـە ناوچـەیەکدا گوزەریـانکرد کـەوا لـە پـەلاماری بـــەهاری 1987دا بـــە شـــێوەیەکی بـــەربلاو وێرانکرابـــوو و خەڵکەکـــەی ڕاگوێزرابـوو.ئـەوان خێـرا لـە دواینیوەڕۆیـەکی درەنگـی 10 ی نیسـاندا گەیشـتنە قادرکەرەم. بۆ سبەینێ بەیانی ڕەتلێکی *جاش*، کە سەید جەباری فەرماندەی بوو، لە ناحیەکـە دەرچـوو بـۆ تێکـدانی تاقـە دێـی چـەپەکی بـرایم غـولام، لـە نـاو هـەردەو بەردەلانیەکی باشووری قادرکەرەمدا[18]. خەڵکەکەی، پاش ئەوەی هـەواڵیان زانیبـوو کە شەڕ لە نزیکیانەوە ڕوویداوە هەر هەموو هـەلاتبوون. بـەلام پـاش چـەند ڕۆژێك لە خۆشاردنەوە بەناچاری بلاوەیان لێکردو ملی ڕێگەیان گرت بۆ خۆبەدەستەوەدان.

---

[17] لیوا بارق کە " پاڵەوانی قادسیە"ی (جەنگی ئێران ـ عێراق) بوو ، ئەو دەمە فەرماندەی ئەو هێـزە تایبەتیانە بوو کە پاراستنی بیرە نەوتەکانی کەرکووکیان پێ سپێردرابوو. شایەتی تریش هـەن بـاس لەوە دەکەن کە لە کاتی ئەنفالی دوودا لە سەر شاخی گڵەزەردە بینیویانە. بە گوێرەی قسـەی کۆنـە بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی عێراقی، بارق فەرماندەی ئەو پەلامارە سەربازیەش بووە کـە لـە ناوەڕاسـتی هەشتاکاندا دژ بە نەیارانی شیعەی باشوورئەنجامدرا. (چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ حمدی عبدالمجید گلی، سلێمانی 24 ی تەمووزی 1992). بارق لە سـاڵی 1991دا ئیعـدامکرا بـە گومـانی ئەوەی گوایە بەشداریی پیلانێکی کردووە بۆ ڕووخاندنی سەرۆك صدام حسێن.

[18] برووسکەی ژمـارە 10488 لـە *ئیسـتیخباراتی* چەمچـەماڵەوە بـۆ بنکـەی *ئیسـتیخباراتی* ناوچـەی ڕۆژهەلات لە 11 ی نیسـانی 1988دا. باسـێکی نەسـەلماوی ئـەوەش هەیـە کـەوا لـەو ناوچـەیەدا هێرشێکی کیمیایی کراوەتە سەر گوندی خاڵۆ بازیانی .

لیستێك به‌ ناوی پەنجاو یەك پیاوی برایم غولام دراوه به میدڵ ئیست ووچ، لەوانەی کە تا ئێستا هیچ سەرو سۆراخێکیان نیە[19].

برایم غولام گوندێکی سەر بە هۆزی زەنگنە بوو. زەنگنەو جەباریی دراوسێیان هەردوك بوون بە قوربانیی سەختترین وێرانکاریو تالانوبڕۆی ئەنفالی سێ[20]. لە نیسانی 1988دا زەنگنە دانیشتووی کۆمەڵە گوندێکی ڕۆژهەلاتی قادرکەرەم بوون، گوندەکانی جەبارییش دەکەوتنە هەردەو تەپۆڵکەکانی باکوورییەوە. ڕەتڵی ئەو هێزانەی کە لە بنکەکانی عەمەلیاتیانەوە لە سەنگاو و چەمچەماڵ دەرچووبوون تەواوی ئەو گوندانەیان پاکۆداو ڕایانماڵین.

هەندێك لە خەڵکی گوندەکانی جەباری، لە کەلەبەرێکی کاتییەوە کە *پێشمەرگە* لە سەر ڕێگای کەرکووك ـ چەمچەماڵ کردبوویەوە، توانییان بەرەوژوور هەڵبێنو دەربازبن. خەڵکیتریش هەوڵیاندا دەربازبن بەلام نەیانتوانی لە دەست هێزەکانی سوپا دەربچن. لە کاتی ئەنفالی سێدا دانیشتوانی تاوێربەرز*، کە گوندێکی بچووکی جەباریی بوو لە جادە قیرەکەوە نیو سەعاتە ڕێ دەکەوتە ڕۆژاوای قادر کەرەمەوە، خەریکی دروستکردنەوەی خانووەکانیان بوون کە سوپا هاوینی ڕابوردوو سووتاندبوونی. ئەمان کە وەختێ زانییان وا هێزەکانی سوپا لە قۆڵی کەرکووكو چەمچەماڵەوە پێشڕەوی دەکەن لە چەشنی دەمە مەقاشێکی زەبەلاحداو تەنگیان پێهەڵچنیون، دەمەو بەیان هەلاتن، بەلام هەر تەنها ماوەی دوو سەعات لە گوند دوورکەوتنەوە سەربازو *جاش* دوایانکەوتنو گرتنیان. لە سەرجادە قیرەکەش کاروانێ سەرباز چاوەڕێی دەکردنو لەوێوە بردنیان بۆ ناحیەی لەیلان کەوا کەمێك لە باشووری کەرکووکەوەیە.

---

[19] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتوویەکی ئەوسای گوندی برایم غولامدا، سلێمانی 28 ی حوزێرانی 1992.

[20] زەنگنە یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستانو لە هەردوو دیوی سنووری ئێران ـ عێراقدا نیشتەجێن. جەباریش، لە گەڵ ئەوەشدا کە دوو *موستەشاری* سەر بە ڕژێمیان هەبوو، سەیدو عەدنان جەباری، بەلام هیچیان پێنەکراو عەشیرەتەکەیان پێ نەپارێزرا. بۆ زانیاریی گشتیی لە سەر هۆزەکانی کوردو هاوپەیمانێتی خێڵەکی بڕوانە:(Izady, The Kurds, PP.74-86)

* لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بە هەڵە ناوی بە (تایبەرز) هاتووە – و.

گونـدەکانی دیکـەی جـەباری لـە گـەڵ گەیشـتنی هێزەکانـدا چـۆڵکران. گونـدی مەحموود پەریزادیش، کە دەکەوتـە نزیـك جادەی سـەرەکییەوەو تـەنها مـاوەی نیـو سەعات بە ئۆتۆمبیل لە هەردوك قادرکەرەمو کەرکووکەوە دوور بوو، هـەمان دەردی بـە سـەر هـات. لـە زۆر ڕووەوە مـەحمود پـەریزاد نموونـەی سـەرجەمی ناوچـەی جەباری بوو: بیستو پێـنج مـاڵی لـە قـوڕ یـان بلـۆکی چیمەنتۆ دروستکراو و هـەر ماڵەو ژێرزەمینی خۆی، نە کارەباو نە خزمەتگوزاریی ئاوی خواردنەوە، مزگەوتێکی بچـووك، لـە گـەڵ خانوویـەکی بـۆ قوتابخانـە تـەرخانکراودا بـەڵام داخرابـوو و مامۆستاکەشی کە حوکوومـەت داینـابوو لـەوێ گوێزرابـووەوە کـاتێ کـە ناوچـەکە لـە ناوەڕاستی ساڵانی 1980وە کەوتبووە بندەستی *پێشمەرگە*.

لە 11 ی نیساندا کاتێ کـە ئـەنفال گەیشـتە مـەحموود پـەریزاد، *پێشمەرگە* لـە دوو گوندی ئەو نزیکانـە بەرگرییـەکی هاکـەزایی سوپایان کـردو خـەڵکی مـەحموود پەریزاد بەرەو هەردەو چیاکان هەڵاتن بۆ خۆدەربازکردن لـە نزیکبوونـەوەی ئـاگری تۆپخانـە. لـەوێ لـە گـەڵ لێشـاوی ئـاوارەی گونـدەکانی تـری جەباریـدا یـەکیانگرتو ڕەنگە ژمارەیان خۆی لە هەزار کەس بدایە. دەنگوباسی هێرشـە کیمیاییەکـەی ڕۆژی پێشـتر بـۆ سـەر تازەشـار خێـرا بڵاوبـووەوەو ژنو زا بڕیاریانـدا خۆبدەنـە دەسـتی سـوپاوەو پیاوەکانیشـیان کـە زۆریـان *پێشـمەرگەی* کـارا بـوون دوو ڕۆژ دوای ئـەوە مانەوەو خۆیان شاردبووەوە. لای نیوەڕۆ ژنو منداڵ گەڕانەوە بۆ گوندەکـەیانو لـەو کاتەدا هەلیکۆپتەر بە ڕاسەریانەوە دەسووڕایەوەو لە هەموو لایەکەوە زرمەی تـۆپو ئاگربـاران بـوو. سـوپا تـازە مـەحمووود پـەریزادی گرتبـوو و هێزێکـی بچـووکی *جاشیشیان* لە گەڵدا بوو, سەربازەکانیش تازە گەڕیـان لـە خانووەکـان بـەردەداو چـی ماڵو کەلوپەلێك بە خەڵکەکە بوو لێیانسـەندن. هـەروەها پـێش ئـەوەی خانووەکـان بسـووتێن، هێزەکـان دەسـتیان بـە چـیدا دەگەیشـت تاڵانیـان دەکـردو دەسـتیان لـە گەیانلەبـەری مـاڵییش نەدەپاراست وەك کەروێشكو مریشكو تەنانـەت کـۆتریش. پاشـان خەڵکەکـەیان خسـتە ڕیزێـك ئیڤـاوە کـە چاوەڕێی دەکـردنو بـەرەوژوور بـۆ

چەمچەماڵیان بردنو لەو گرو دووکەڵەی مەحموود پەریزادی تێدا نوقم بوو بوو دووریان خستنەوە.

کەم کەس لە خەڵکی ناو جەباری فریا کەوتن لە دەست پێشرەویی هێزەکان هەڵبێن, بەڵام هەندێ جار لە لایەن دۆستی جاشیانەوە یارمەتی دەدرانو ئاگاداریان دەکردنەوە, بۆ نموونە، ئەمە لە هەنارە روویدا کە دەکەوێتە باکوورەوە بە لای چەمچەماڵداو رێگەیەکی شاخاویی ناخۆش بەستبووی بە بنکەیەکی ناوچەیی PUK ەوە لە تەکیێ جەباری. شەڕوشۆڕ لەو ناوەدا چەندین ساڵ بوو بەردەوامبوو و ژمارەیەك لە دێهاتیەکان بە بۆردمانی فڕۆکە تیاچووبوون. پیاوێکی دەربازبووی خەڵکی ئەم ناوە دەیگێڕایەوە کە وەختێ بریندارەکانیان دەبرد بۆ نەخۆشخانە دوکتۆرەکان پێیاندەوتن: "ئیوە شیاوی ئەوەن ئاوها رەفتارتان لە گەڵ بکرێت چوونکە خیانەتکارنو لە گەڵ ئێراندا دەستتان تێکەڵکردووە"*. خەڵکی هەنارە بوو بوو بە عادەت لایان کە بە رۆژ لە دەشتودەر بن بە خۆیانو ئاژەڵەکانیانەوەو, لە کاتی پێویستدا, لە ژێرزەمین (کونە تەیارە) کانیاندا خۆ بشارنەوەو تەنها بە شەو بگەرێنەوە ماڵەکانیان بۆ نانکردن.

کە ئەنفال گەیشتە هەنارە، بەیانیەکەی بە هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگیو دوای نیوەرۆش بە هێزی پیادەوە ، تەنها ژمارەیەکی کەم *پێشمەرگەی* شەڕکەری لێبوو. هەندێك لە خەڵکی گوندیش پرکێشییان کردو چوونە لای ئەو *جاشانەی* لەوێبوونو زۆریان لێپاڕانەوە گوندی هەنارە نەرووخێنن. جاشەکان نەیانگرتنو بە پێچەوانەوە ئامۆژگارییان کردن بە پەلە فریای خۆیان بکەونو هەڵبێن. شەو کە تاریك داهاتو خەڵکی گوند لە هەردەو چیاکانەوە داگەڕانە خوارەوە بێجگە لە کەلاوەو دووکەڵ هیچیتریان چاو نەکرد, تەواوی خانووەکان بەر بلدۆزەر درابوون بە مزگەوتەکەشەوە. ئەوجا دواجار خەڵکەکە لە ژێر پەردەی تاریکیدا بە پێو بە تراکتۆر بەرەو شارۆچکەی لەیلان کەوتنە رێ. پیاوێکی خەڵکی هەنارە

---

* پێموایە قسەی ئەو شایەتە لێرەدا لە جێی خۆیدا نەبێتو هیچ دوکتۆرێ ئەو پلارەی تێ نەگرتبێتو رەنگە ئەم توانجە هی کەسێکی سەر بە ئەمن بووبێت ـ و.

دەگێڕێتــەوەو دەڵــێ: "کــاتێ تراکتۆرەکــەم بــەرەو لــەیلان لێــدەخوڕی لایتــەکانیم کوژاندبۆوەو ئەو ناوە هەموو تاریکو نووتەك بوو گوندەکەی خـۆم نـەبێ دەسـووتا، بۆیە دەستم کردە گریانو زانیم کۆتایی هەموو شتێکە"[21].

لـە لـەیلان، خەڵکـە ڕاکردووەکـەی هـەنارە لـە گـەڵ ئـاوارەی دوو گونـدی تـر یەکیانگرت. خەڵکی شارۆچکەی لەیلان هەرچۆنێك بوو پێیان لە جەرگی خۆیان نـاو ئــەو شــەوە تابــەیانی داڵــدەیان دان. لــەوێوە خــزمو کــەس توانییــان گــەلێکیان لێدەربازبکەنو بردنیان بۆ کەرکووكو لە قەرەباڵغیی شاردا ونیان کردن، هەندێکیتر توانییـان خۆیـان بکـەن بـە ئۆردووگـای شۆڕشـدا، کـە نیشـتەجێیەکی نـوێو گـەورەی کوردە ڕاگوێزراوەکان بوو لە قەراخ شارۆچکەی چەمچەماڵدا کە لـە گـەڵ زەوییـەکی تەختاییــدا جیاوازیــەکی ئــەوتۆی نــەبوو و بــەمجۆرە لــەوێ ڕزگاریــان بــوو. وەك ئەنجامێك هەنارە لـە چـاو گونـدەکانی دیکـەی جەباریـدا کـەمتر نەهامـەتیی ئـەنفالی بەرکەوت و بە گوێرەی قسـەی ئـەو کەسـانەی دەربـازبوون، بیسـتو شـەش کـەس لـە یەك خێزانی خەڵکی گۆلەمە سەرنگوم بوونو بانگۆڵی نزیکیشـی چـل و یـەك کەسـی لەدەســتداوە[22]. بێســەرو شــوێنەکانی هــەنارە ژمارەیــان حەڤــدە بــوو ، *ئیمـامی** مزگەوتەکەو شانزە کوڕی هەرزەکار کە خۆیان دابوو بە دەست *موستەشاری* بـەدناو تەحسـین شاوەیسـەوە، کـەوا بەڵێنـە پووچـەکانی لـەبارەی لێبووردنـەوە لـە ناوچـەی قادرکەرەمدا زۆر باسدەکرا. یەکێك لە دەربازبووان پێیڕاگەیاندین کەوا:

"(*موستەشـار*) بـە خەڵکەکـەی ڕاگەیانـد کـە لێبـووردنێکی گشـتیی دەرچـووەو بەڵێنی شەرەفی دا کـە گەنجـەکان هیچیان بـۆ نابێـتو یارمـەتییان دەداو هەرکەسـی دۆزییەوە دەیگەیەنێتە شوێنی سـەلامەت. لـە بـەر ئـەوە دەبـێ خـۆ بدەنەدەسـتەوەو

---

[21] ناوەڕۆکی ئەم دوو کەوانە لە چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ وەرگیراوە لـە گـەڵ دانیشـتوویەکی جارانی هەنارەدا، سلێمانی 21 ی مایسو 28 ی حوزێرانی 1992.

[22] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ، کۆمەڵگای جدیدە زاب، هـەولێر 2 ی مـایسو 16 ی تـەمووزی 1992.

* لە دەقە ئینگلیزیەکەشدا هەر وشەی ئیمام هاتووە کە لێرەدا مەبەستی مەلای مزگەوتە-و.

www.dengekan.com

لێبووردن دەیانگرێتەوە. پیاوێك شانزە لاوی هێنا، كە هەموو كوڕو خزم و كەسی بوونو دانیە دەست سەرەك *جاشەكەوە*, ئەمانە هیچیان پێشمەرگە نەبوون. لە پاش دوو سێ مانگ باوكەكە چووە لای تەحسین بۆ سۆراخی كوڕەكان. تەحسینیش پێی گوتبوو كە علی حسن المجید قسەی بۆ هەموو *موستەشارەكان* كردووەو پێی وتوون نابێت كەس لە چارەنووسی ئەوانەی بێسەروشوێن كراون بپرسێتەوە"[23].

★ ★ ★

گوندەكانی بەشی ڕۆژهەڵاتی هۆزی زەنگنە دووچاری كارەساتێكی زۆر خراپتر بوون . هێزێكی هاوبەشی گەورەی سوپا بە دەیان تانكەوە, لە ناحیەی سەنگاوەوە بەرەو ڕۆژاوا دەرچوو بە نیازی گرتنی بنكەیەكی گرنگی PUK لە دۆڵی گۆلباخدا كە ماوەی دە میلێك كەمتر دەكەوتە ڕۆژهەڵاتی قادركەرەمەوە. سوپا بە ڕۆژێك تا ئێوارە ئەوجا توانی بەرگریی لەم ناوچەیەدا تێكبشكێنێ، هەرچەندە بۆ *پێشمەرگە* ڕوونو ئاشكرابوو كەوا دژ بە شتێكی مەحاڵ شەڕ دەكەن و ئەنجام سیانیان لە قەیتوول كوژرانو حەوتیشیان لە گەڕاوی. تیپی 59 ی PUK بە هاوكاری لە گەڵ ئەوانی كە لە تیپی 55 ی قەرەداخ مابوونەوە لە 10 ی نیسانـدا لە هەردوو گۆلباخی سەروو و خواروو دامەزرانو بەری هێزەكانیان گرت تا شەو داهات. دوو

---

[23] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی 21 ی مایسی 1992. گەلێ لە *موستەشارە* بێزلێكراوەكان،بە تەحسین شاوەیس خۆیشیەوە، دواتر هەڵگەڕانەوەو لە دەمی ڕاپەڕینەكەی مارتی 1991دا چوونە پاڵ پێشمەرگەو تێكەڵوپێكەڵیەكی ئیزافییان لە ڕووخساری ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسیی كورددا دروست كردووە.

*پێشمەرگەی* تر لێرە "شەهید بوون"* لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەدا ئەودوایان زانییان کە شوێنەکەیان بێئومێدە لە بەر ئەوە بەرەو باشوور پاشەکشەیان کرد[24].

خەڵکی قایتەوەن، کە گوندێکی سەد ماڵیی سەر ڕووباری باسەرە بوو، بە بۆردمانکردنی گوندی گەڕاویی نزیکیان وەئاگاهاتن کەوا ئەنفالیان پێگەیشت و هەرئەوەیان پێکرا بە پەلەپڕووزێ منداڵ بدەن بە تای شانداو بە جلەکانی بەریانەوە هەڵێین. بەڵام سوپا لە پێش تاریکیی ئێوارەدا پێیانگەیشت. پیرەژنێکی دەربازبووی ئەوێ دەیگێڕایەوەو دەیوت: "ئێمە دەوڵەمەند بووینو مەزراو باخ و باخاتمان هەبوو، گشتی بە تاڵان چوو. ئەوان تراکتۆریان بردین، بۆڕیی ئاویان بردین، تەنانەت چراکانیشیان بردین کە بۆ ڕووناککردنەوەی ماڵەکانمان بەکارمان دەهێنان لە کاتی تاریکیدا"[25]. چوار کوڕی ئەم ژنە کە تەمەنیان لە سی و پێنج تا چل و یەك ساڵ بوو، بەو پێیەی کە هیچ دەروویەکی تر نیە، ڕێی ئەلیاوایان گرتەبەر، کە کەلاوەی کۆنە گوندێکی ڕووخاو بوو لە قەراخی قادرکەرەمداو لەوێ خۆیان دا بە دەست *موستەشارێکەوە* بە ناوی شێخ موعتەسەم ڕەمەزان, کە سەر بە هۆزی بەرزنجی بوو[26], "بەڵام موعتەسەم هەر هەموویانی دا بە دەست حوکومەتەوە" و ژنە جارێکیتر نەیبینینەوە.

بە پێچەوانەوە، خەڵکی قەیتوولی ئەو نزیکانە، بە دوو حەفتە پێش ئەوەی ئەنفالیان پێبگات چووبوونە هەردەو چیاکان، پاش ئەوەی لە 19 ی مارتدا هەواڵی گرتنی بنکەو بارەگاکانی PUK یان بیست لە سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو. لەو کاتەدا

---

* ئەمە کەوانی دەقەکە خۆیەتی وەك گواستنەوەیەکی گوتاری ئاینیی شەهیدبوون لە فەرهەنگی کوردو گەلانی موسڵماندا ـ و.

(24) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ فەرماندەیەکی ئەوسای PUK دا کە لە شەڕی دۆڵی گۆلباخدا بەشداری کردووە ، کەلار 30 مارتی 1993. گرتنی گۆلباخی سەروو و خواروو لە برووسکەی *ئیستیخباراتی* چەمچەماڵ ژمارە 10488 لە 11 ی نیسانی 1998 دا باس کراوە.

(25) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، 21 ی مایسی 1992.

(26) شێخ موعتەسەم، کە یەکێك بوو لە مەترسیدارترینی موستەشارەکان، برای شێخ جەعفەر بەرزنجیی دڵسۆزی سەدام حوسێن بوو، کە پارێزگاری سلێمانی بوو و پاشان بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.

www.dengekan.com

*پێشمەرگە* لەو دەوروبەرە نەبوونو ئەمانیش هەستیان بە مەترسی دەکرد.خەڵکەکە لە باکووری دێوەو لەو شوێنانەوە کە خۆیانیان تێدا شاردبۆوە ڕوانییان وا سەرباز دەڕژێنە ناو قەیتوولەوەو *جاش* پێشیان کەوتوونو هەلیکۆپتەریش بە ڕاسەرەوە پاڵپشتییان دەکات و ئەمانیش لە پاش ڕاوێژکردنێکی کورت بە یەکتر بڕیاریاندا بەرەو شارۆچکەی چەمچەماڵ بڕۆن، کە ماوەی چەند سەعاتێك بە پێیان دەکەوتە باکووریانەوە. بەڵام لە هەردەو چیاکاندا هێزەکانی لیوا بارق گرتنیان. لێرە سوپا ناوی نووسینو ئەوجا بە دوو کاروان ئۆتۆمبیلی ئیفا ڕەوانەیان کردن، یەکێکیان بەرەو سلێمانیو ئەویتر بەرەو ڕۆژاوا بۆ لای کەرکووكو گەلێکیان هەرگیز نەگەڕانەوە. خەڵکەکەی تری گوندەکانی ئەو ناوە لە ناخافڵێداو لە ماڵەکانی خۆیاندا بە هەڵمەتی لەناکاوی سوپا دەسبەسەرکران. بۆ نموونە، ئەمە لە گوندی قیرچە ڕوویدا، کە گوندێکی دورەدەستی سەدماڵیی بوو لە سەر ڕێگایەکی خۆڵ لە پشتی قەیتوولەوە. قیرچە شوێنێکی ئارام و بێوەی بوو, دانیشتوویەکی خەڵکی ئەوێ دەیگێڕایەوەو دەیوت: "ئێمە زۆر بە ئاسایی دەژیاینو نە *پێشمەرگە*و نە حوکوومەت کەس ڕووی تێنەدەکردین". پەلاماردانی ئەم گوندە لە بەرەبەیانێکدا بوو کە هێشتا خەڵك لە خەو هەڵنەسابوون و تەنها ژمارەیەکی کەم بە سەلامەتی گەیشتنە هەردەو چیاکان. لیوا بارق خودی خۆی سەرپەرشتیی ئەو هێزانەی دەکرد کە ئەو سەرلەبەیانیە دەرچوونو تەواوی پیاوەکانی گوندیان لە شوێنێکدا خڕکردو لە پشتەوە قۆڵبەستیان کردن. یەکەمجار پیاوەکان بە ئیڤا ڕەوانە کران و تاقمێکی تری ئیڤا مەڕومالاتی خەڵکەکەیان بارکرد*. دواجاریش ژنو منداڵو بە ساڵداچووان ڕاپێچکران، پاش ئەوەی سەربازەکان ماڵەکانیان تالانکردن. ئەوان لە کاتێکدا کە چاوەڕوانی ئیڤاو کۆستەر بوون بیانگوێزنەوە بە بەرچاویانەوە خانووەکانیان سووتاندنو بە بلدۆزەر تەختی زەوییان کردن. شەست کەس لە خەڵکی قیرچە سەرنگوم کران لەوانە هەموو نێرینەیەکی لە چل ساڵ بەرەوخوارو

---

* گەلێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە بارق ئەم مەڕومالاتە تالانیەی بۆ ماڵی باوکی گواستووەتەوە, بێجگە لەویش ئەفسەرە فەرماندەو دەسەڵاتدارەکانی تری سوپای عێراق هەمان ڕەفتاریان بووە, هەرچیەکیش لەوان دەمایەوە موستەشارو جاشی کورد بۆ خۆیان چەپاویان دەکرد ـ وەرگێڕ.

گەلێ ئافرەتیش. هەروەها شەستیش لە گوندی قەیتوولی هاوسێ لەناوچوون. ژنێکی ڕزگاربووی خەڵکی قیرچە بۆ میدڵ ئیست ووۆچ دواوە: "من خەفەت بۆ خۆم ناخۆم، بەڵکو بۆ ئەو ژنانەی کە گەنج بوون، چوونکە نازانین چییان بەسەرهاتووە. ئەوان زۆر گەنج و جوان بوون, ئاخر چ گوناهێکیان هەبوو؟ بۆچیو لە بەرچی؟ چ کارێکی نادروستیان کردبوو؟"[27].

ئەڵبەتە ئەوان هیچ کارێکی هەڵەو نادروستیان نەکردبوو. ئەوان هەر ئەوە بوو کە کورد بوونو لە شوێنێکی هەڵەو لە سەردەمێکی هەڵەدا دەژیان. بەڵام بەسەرهاتیان ڕەنگە تیشکێکی گرنگ بخاتە سەر یەکێك لە نهێنیو پێچو پەناکانی پەلاماری ئەنفال. لە سەرتاپا کوردستانی عێراقدا ئەو پیاو و هەرزەکارانەی گیران, بەکۆمەڵ بێسەروشوێنکران، بە پێی ویست و خواستی فەرمانە کارپێکراوەکانی حوزێرانی 1987. لە هەندێ ناوچەی تایبەتو دیاریکراویشدا ژنو منداڵیش بەو دەردە بران [28]. لە هەندێ حاڵەتیشدا، وەك ئەوەی دۆڵی گۆلباخ، ئەم بەکۆمەڵ بێسەروشوێنکردنە لەو شوێنانە ڕوویدا کە هێزەکان بەرەوڕووی بەرگرییەکی توندی *پێشمەرگە* بووبوونەوە.

★ ★ ★

## پـــــــــــلانی پەلامـــــــــــار:
## ( 3 ) سەنگاو و باشووری گەرمیان

بەشێك لە *پێشمەرگە* توانییان بەرەو باکوور دەرباز ببنو لە ناو هەردەو تەپۆڵکەکانی سەروو ڕێگای کەرکووك ـ چەمچەماڵدا خۆبشارنەوە. بەشێکی تریان،

---

[27] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

[28] بۆ چاك تێگەیشتن لەم شێوازە ناوچەییانە بڕوانە پاشکۆی D

www.dengekan.com

به پێچەوانەوە، بەرەو باشوور بوونەوە لەبەرئەوەی سوپا لە ناحیەی سەنگاوەوە ئەوخوار مشتی لێگرتو تا گوندی درۆزنەی نزیك سەرچاوەی ئاوەسپی ڕایماڵیو بە گوێرەی قسەی شایەتگەلێك نزیکەی بیست گوند لەم ناوچە بچووکەدا وێرانکرا، لەمانە: بارەگاکانی PUK لە دەرەوارو بانیمۆرد (کە وەك باسدەکرێ ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان لێ بێسەروشوێن کرا)، زنجیرە گوندێکی نزیك بە یەك، لەوانە هەسەن کەنۆشی سەروو و خواروو، تەپە عارەب، کارێزە، دوو بریاگو سێ دێی بچووکی چەند ماڵەی نزیك بە یەك کە هەرسێکیان ناویان پێنج ئەنگووست بوو[29]، کەمێکیش بە لای ڕۆژهەڵاتدا گوندەکانی هەنجیرە، سێگومەتان، کێلەبەرزە، دەرزیلە، قەڵاگەو داربەڕوو[30]. سەدان کەس لە خەڵکی گوندنشینی ئەم ناوچەیە دەسگیر کرانو بران بۆ چەمچەماڵ. ناحیەی سەنگاو نزیکتر بوو بەڵام لە پەلاماری 1987دا ڕووخێنرابوو. ئەو *پێشمەرگانەی* لەم ناوەدا مابوونەوە وا ئێستا بە زەحمەتو مەترسییەوە بەکلکەی باشووری چیاکانی قەرەداخدا هەڵدەکشێن کەوا ئەنفالی دوو بەجارێ وێرانی کردبوو. ئەم ناوچە بەرتەسکە، کە *پێشمەرگە* دیسانەوە کەوتنە خۆسازدان تێیدا، لە گەڵ ئەو هێزەدا کە لە باشوورەوە دەهات بوو بە یەکێك لە خوێناویترین شەڕگەی پەلاماری ئەنفال.

لە لای باشووری ئەوپەڕی گەرمیانەوە کە هاوسنوورە لە گەڵ ناوچە بە عەرەبکراوەکانی دیالەدا، ڕەتڵی یەکەمی هێزەکان لە شارۆچکەی کفرییەوە کاتژمێر30: 6 ی سەرلەبەیانیی 9 ی نیسان کەوتەڕێ. هەر لە هەمان بەیانیدا ڕەتڵەکانی تر لە پێگەکانیانەوە لە کەلارو پێبازو پوونگڵەوە کەوتنە پێشرەوی،

---

[29] نەخشەی ئەم کەرتەی دەزگای نەخشە کێشانی وەزارەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان ، شیتی ژمارە (III 5060) ئەم گوندانەی تێدا دەردەکەون: (پێنج ئەنگووستی حاجی محەمەد، پێنج ئەنگووستی حاجی محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگووستی شێخ مستەفا). ئەم فرە ناوی لێکچووە زۆربلاوە لە دێهاتی کوردستانی عێراقدا.

[30] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتوانی ئەوسای هەسەن کەنۆشو درۆزنەدا، کۆمەڵگای شۆڕشو سلێمانی، 9 ی مایس و 28 ی حوزێرانی1992. ڕەسووڵ ناوی ئەم گوندانەی لە گەڵ سەرجەمی ئەو شەستو حەوت گوندەی ناحیەی سەنگاودا لیست کردووە کەوا لە کاتی ئەنفالدا ڕووخێنراون.

ستراتیجیەتی سەرەکیشیان هەمان ئەوەی باکووری گەرمیان بوو کە بریتیبوو لە پرۆسەی ئابلّووقەدانێکی گەورەو فراوان لە چەندین لاوە لە یەك کاتداو دەستکردن بە ڕەشبگیری تەواوی ئەو خەلّکە مەدەنیەی گەمارۆیان داون و ڕووخاندنی گوندەکانیان و کۆزە کردنیان بۆ سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکان، یان شوێنە پێشتر دانراوەکانی کۆکردنەوە. هەروەها پاشماوەی *پێشمەرگەش* ناچار بکەن بەرەو شوێنە داخراوەکان بڕۆن و ڕێی دەربازبوونیان لێبگیرێت. بە هەرحالّ, هەنگاوی یەکەم دەبوو بنکەو سەنگەرە دیارەکانی PUK تێکبشکێنن.

یەکەم ئامانجی ڕەتلّەکەی کفری بە فەرماندەیی عەمید سامی لە فەیلەقی یەك، گوندی گەورەی هۆمەربل بوو، کە نیشتەجێی هۆزێك بوو بە هەمان ناوەوە[31]. بنکەیەکی PUK لە هۆمەربلدا بوو لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە لە سالّی 1976دا. لە کاتی دەستپێکردنی هێرشەکەی سوپادا سەد کەسی شەڕکەری تێدا ئامادە بوو. ئەمە هێزێکی *پێشمەرگەی* قالّبووی شەڕ بوو و پێشتر توانیبووی هێرشێکی گەورەی سوپا بشکێنێ. لە گەلّ ئەوەشدا کە ئەو هێزە هێرشبەرە تانك و زرێپۆشێکی زۆر پالّپشتی بوو، بەلاّم بە ناچاری پاشەکشەیان کرد پاش ئەوەی زیانێکی قورسیان لێکەوت و ئەم تێشکانەش بەلگەی ئەوەی دەگەیاند کە ڕژێم نەیتوانی ئامانجەکانی جێبەجێ بکات لە پەلاماری بەهاری 1987دا.

هێزەکەی عەمید سامی لە چێشتەنگاودا گەیشتە هۆمەربل و دەستبەجێ بەرەوڕووی بەرەنگارییەکی توندی *پێشمەرگە* بووەوە، کە تیایدا ئەو چەکە قورسانەشیان بەکارهێنا کەوا سالّی پێشوو گرتبوویان. بە پێی قسەی ئەو فەرماندەیەی PUK کە سەرپەرشتیی شەڕەکەی کردووە کەوا ئەو شەڕو پێکدادانە دوو ڕۆژی تەواوی خایاندووەو ئەمەش لە ڕاپۆرتە مەیدانیەکانی *ئیستیخباراتدا* بە

---

[31] ناوی تەواوی ئەم جەنەراڵە نەدراوە. ڕەتلّەکەی کفری پێکهاتبوو لە فەوجە پیادەکانی 417و 444و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی 100 و 131 و 197یش پالّپشتیان بوون. برووسکەکانی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلاّت ژمارە 10212و10238 لە 9 ی نیسانی 1988دا.

دیار دەکەویت[32]. وەڵامی سوپاش، وەك چۆن لە تازەشار کردی، ناردنی هێزێك بوو، وەك ئـەرکێکی لاوەکـی، بـۆ ڕووخانـدنی ئـەو گوندانـەی ڕاسـتەوخۆ دەکەوتنـە پشـت ئامانجەکـەوە. برووسـکەیەکی 10 ی نیسـان باسـی ئـەوە دەکـات کـە "لـە کاتـژمێر 1015 دا گونـدی چوارشـاخ گـیراو تـەختکرا." ( گونـدی چوارشـاخ مـاوەی سـێ میـل دەکەوتـە بـاکوورەوە.) لـەو کاتـەدا هۆمـەربل لـە هـەموو لایەکـەوە گـەمارۆ درابـوو، ئێوارە کە تاریك داهـات *پێشمەرگە* بۆیـان دەرکـەوت چـیتر بـەرگریکردن بێسوودەو ناچار پاشەکشەیان کرد. خـەڵکی گونـد هـەموو لـەو کاتـەدا هـەڵاتبوون، بـەڵام خێـرا هێزەکانی حوکوومەت لە هەردەو جەوەڵەکانـدا دەوریـان گـرتنو دەسـگیریان کـردنو بە ئیڤا ڕەوانەیان کردن.

ڕەتڵە سەرەکیەکە بەرەو ژوور پێشڕەویی کـردو بنکەیـەکی بچووکی PUKیـی لـە گونـدی تـووکن گـرتو پاشـان تەکـەڵ تەکـەڵ لـە سـەر یـەك بیست گونـدی تـری "وێرانکردو سووتاندنی"و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تا سـەر ئاوەسـپی ڕۆیشـت. یـەك لەوانە گونـدی عـەلیانی تـازەی بیست مـاڵیی بچووك بـوو، کـە تاقمێـك جـەنگاوەری پاشەکشە کـردووی PUK سـەنگەری بـەرگرییان تێـدا لێـدابوو[33]. "محەمـەد" کـە تەمەنی 32 ساڵ بوو، ئەندامی هێزی پشتگیریی *پێشمەرگە* بوو، ئـەو بەیانیـەی 13 ی نیسان لە ماڵ بوو کە هێزەکان گەیشتبوونە ئەوێو دەگێڕێتـەوە کـە:"حوکوومـەت لـە هـەموو لایەکـەوە پێشـڕەویی دەکـرد، لەبەرئـەوە مـەحاڵ بـوو ئێمـە بمێنینـەوە. ناچـار بـەرەو گونـدی میلقاسـم ڕۆیشـتین و ژنو منـداڵمان بـە تراکتـۆرو عەرەبانـە لەگـەڵ خۆمـان بـرد. هـەروەها ئـاژەڵو ماڵاتیشـمان بردبـوو و هەرچـیمان هـەبوو خستبوومانە عەرەبانەکانەوەو وامانـدەزانی سـوپا دەمانخاتـە خێوەتـەوە لـە بارەگـای

---

[32] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ فەرماندەیەکی ناوچـەیی PUK دا، سـلێمانی 1 ی ئـابی 1992. دانیشتوویەکی جارانی گوندی هۆمەربلیش لە چاوپێکەوتنێکدا بە دوورودرێژی دەیگێڕێتەوە، کۆمەڵگای بنەسلاوە، 7 ی تەمووزی 1992.

[33] برووسکەیەکی " نهێنیو بە پەلە" لە *ئیستیخباراتی* کەلارەوە بـۆ دەزگـای *ئیسـتیخباراتی* ناوچـەی ڕۆژهەلات ژمارە 10687 لە 13 ی نیسانی 1993دا، لە بارەی عەلیانی تازەوە دەڵێ "سووتێنراوەو ڕووخێنراوە" لە کاتژمێر هەشت و نیوی سەر لە بەیانیی 13 ی نیساندا .

فیرقە، لەوبەری *سیروان*، چونکە کە هاتینە ڕێوە وایانپێوتین کە *پێشمەرگە* نەماوە بەڵکو بڵاوەیان لێکردووەو چوون بۆ شاخ"[34].

محەمەدو خێزانەکەی سێ ڕۆژیان پێچوو تا گەیشتنە میلقاسم، کە لە کاتێکی ئاساییدا ئەم ڕێگەیە هەر دوو سەعاتەو بگرە کەمتریش. لەوێوە سەرباز پێشی خۆیان دان بۆ سەر جادەی سەرەکیو فەرمانیان پێکردن بەرەو قەڵاکەی قۆرەتوو لێخوڕن، کە بارەگای فیرقەی پیادەی 21 ی تێدا بوو و چەکدار چواردەوری گرتبوون. ئەم قەڵایە یەکەم قۆناخی محەمەد بوو بە ناو پێچ و پلووچی ئەنفالدا.

لە هەمان کاتداو لە 11 ی نیساندا هێزی هاوبەشی دووەم، بە فەرماندەیی نەقیب عبد عوّاد لە فەوجی پیادەی 417 لە ڕەتڵەکە کە جیابووەوە بۆ چارکردنی گوندی دوڕاجی کە ماوەی چەند میلێك لە ڕۆژاوای هۆمەربلەوە بوو، "لەوێ خەڵکەکە خۆیان دا بە دەستی هێزەکەوەو ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگایەکی بەتایبەت ئامادەکراو لە نزیك فیرقەی پیادەی بیستو یەکەوە". ئەمە تێبینی ئەو ئێوارەیەی ڕاپۆرتی *ئیستیخبارات* بوو، کە سەرنجێکی ڕەسمیی دەگمەنە لە سەر ڕاگوێزانو بەندکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنیو ئاماژەیەکی ئاشکراشە بۆ قەڵاکەی قۆرەتوو[35].

هێزەکەی نەقیب عەواد ئەو شەوە لە دوڕاجی هەڵیداو بۆ بەیانی گەڕایە دواوەو لە گەڵ ڕەتڵی سەرەکیدا یەکیگرتەوە. لە ڕێگاکەشیدا هەردوو بەلەگەی گەورەو بچووکی سووتاند، کە ئەمانیش وەك دوڕاجی گوندی ناو داودە بوون. خۆشەویستیی *پێشمەرگە* لێرە ڕەگێکی قووڵی هەبوو، وەك ڕەشاد دەیوت، کە جووتیارێك بوو لە سەرەتای شەستەکانی تەمەنیدا "ئەوان کوڕو کچمان بوون، برامان بوون، خەڵکی خۆمان بوونو خۆشمان دەویستن". ڕەشاد لە ماڵەوە بوو کە لە چێشتەنگاودا بۆردمانی فڕۆکەو تۆپباران دەستیپێکرد، ناچار خۆیو فکریی ژنی

---

[34] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ، گوندی عەلیانی تازە، 30 مارتی 1993.

[35] برووسکەی ژمارە 10468 لە 11 ی نیسانی 1988دا لە *ئیستیخباراتی* کەلارەوە بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەلات.

لەگەڵ ئەودوای خەڵکی ئاواییدا بەرەو گردو تەپۆڵکەکان هەڵاتن بەڵام فڕۆکە بە ڕاسەریانەوە بوو وازی لێنەدەهێنان‌و فکری بەرکەوت‌و کوژرا. ئەوانەش کە لە دەستی بۆردمانەکە دەرباز بوون لە لایەن هێزێکی *جاشەوە* کە دوو *موستەشاری* خەڵکی کفری بە ناوی, شێخ کەریم‌و سەعید جاف فەرماندەییان دەکرد، ڕاونران‌و دەسگیرکران‌و ڕاپێچی "ئۆردووگای تایبەتی ئامادەکراو" کران لە قۆرەتوو، لە سەفەری بەرەو مردن چوونیاندا. لە نێو ئەو خەڵکەی بەلەگەی گەورەدا کە ئەو ڕۆژە سەرنگوم کران ئەکبەری کوڕی ڕەشاد، سێ کوڕی برازای، دوو کچی خوشکەزای‌و شەش منداڵی بچووکیان کە تەمەنیان لە یەك ساڵەوە تا حەوت ساڵان بوو[36]. ئەو ڕێژە زۆرەی ژن‌و منداڵ لە ناو بێسەروشوێنکراواندا خاسیەتێکی ئەنفال بوو لە ناوچەی هۆزی داودەدا.

★ ★ ★

یەکەم ئامانجی ئەو یەکانەی سوپا کە سەرلەبەیانیی 9 ی نیسان بە فەرماندەیی ڕائید منزر ابراهیم یاسین لە کەلارەوە دەرچوون جووتە ئاوایی تیلەکۆی ژوورنگ و خوارنگ بوو لە ناوچەی چالاکیی مەڵبەندی یەکی PUK کە لە پاش تێکشکانەکەی قەرەداخ لێرە خۆی گرتبووەوە[37]. پێشڕەویی هێزەکان تاڕادەیەك بێ سەرئێشە بوو و لە بەیانیی زووی 11 ی نیساندا هەردوو تیلەکۆ ڕووخێنران, دوای شەڕە تەقەیەکی کەمخایەن کە تەنها چوار سەربازی تێدا بریندار بوو. ئەم ناوچەیە جێنشینی تیرەی ڕۆغزایی هۆزی جاف بوو و نەخشەیەکی ئەوتۆ وردی نەبوو و پێویستی دەکرد هەلیکۆپتەر هێز بۆ ئەو ناوچانە بگوێزێتەوە چوونکە ڕێگەوبانی تێدا نەبوو. هێزەکانی ڕائید یاسین بە سەر چەندین گونددا

---

[36] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود،20 مایسی 1992.

[37] ناوی ئەفسەرەکە لە برووسکەی ژمارە 10212 ی 9 ی نیسانی 1988دا هاتووە کە لە لایەن *ئیستیخباراتی* کەلارەوە ئاراستەی دەزگای *ئیستیخباراتی* ناچەی ڕۆژهەڵات کراوە.

گوزەریانکرد کە بوونو شوێنیان بە ڕەسمیی هەر تۆمار نەکرابوو بەڵام بێگوێدانە هیچ شتێك گشتیان ڕووخاندن.

زۆر بە کەمی، ئەگەر هەبێت، کۆمەڵی خێڵەکیی کورد هەن کەوا لە ئەنفالدا وەك جافی ڕۆغزایی بە سەر هاتبێت، کە یەکێکە لەو کۆمەڵە تیرانەی هۆزی جافی لێپێکهاتووەو دانیشتووی زیاد لە سەد گوندی ئەم ناوچەیە بوونو سەرپاکیان ئەنفال ڕایماڵین. سەرۆکی ڕۆغزایی پیاوێکی بە تەمەن و ناوی مەحموود تۆفیق محەمەد بوو (ساڵی 1927 لەدایکبووە) و لە بەراوگەل* دەژیا، کە گوندێك بوو لە پێدەشتێکی تەنگەبەردا لە کلکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی گەرمیانەوە نزیك بە چیاکانی قەرەداخو چواردەوری بنکەو بارەگای گرنگی PUK بوو. ئەگەرچی بەراوگەل بەر ئەنفالی سێ کەوت، بەڵام خەڵکەکەی لە ترساندا هەڵاتبوون بە هۆی ئەو پەلامارە کیمیاییانەوە کە لە ئاخرو ئۆخری مارتداو لە کاتی ئەنفالی دوودا ئەنجامدران.

مەحموود پیاوێکی دەوڵەمەند بوو و خێزانێکی گەورەی هەبوو، کە بیستو چوار کەس بوونو لە خانوویەکی پانو پۆڕی گەورەدا دەژیان و دەوری هەموو ڕەزەترێو باخو باخاتی سێوو هەنجیرو هەنار بوو. ئاگری تۆپخانەو بۆردمانی فڕۆکە بوو بوو بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیانو تەنها چەکی کیمیایی وەی ڕووخاندن. لە پاش پەلاماردانی سێوسێنانو شوێنەکانی تری قەرەداخ لە کۆتایی مارتدا، خەڵکی بەراوگەل بە پەلە کۆبوونەوەیەکیان لە ناو خۆیاندا کرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە PUK هێشتا هەر لە گونددا بوو، مەحموود یادی ئەو دەمە دەکاتەوەو دەڵێ: "ئێمە بڕیارمان دا خۆمان بدەینە دەستی حوکوومەتەوە، بەو پێیەی کە باوکی میللەتە، ئێمەش جووتیاری هەژار بووینو پەیوەندیمان بە هیچ لایەکی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام ئەوان ئەوەیان پێکردین کە کردیان". کوڕەکەشی

* لێرەدا ناوی ئەم گوندە بە هەڵە نووسراوە ( بەراوە Barawa) بەڵام ڕاستەکەی بەراوگەل یان بەراووەڵە .هەروەها ناوی تەواوی ئەم پیاوە حەمەی تۆفیقە نەك مەحموود. ساڵی 2002 ئەم پیاوە ناودارە بە داخی خێزان و کەسوکاری بێسەروشوێنکراویەوە کۆچی دوایی کرد ـ و.

www.dengekan.com

هەڵیدایەو وتی: "کە چووینە لایان، حوکوومەت هەموومانی گرتو هەرچیمان بوو تالآنیان کردو خۆشمانیان ئەنفالکردو هیچ نەمایەوە"[38]. خەڵکی بەراوگەل ماڵ و حاڵیان بەجێهێشتو ڕێیاندا لە بەر بۆ گوندێکی تری ڕۆغزایی کە ناوی کوڵەجۆ بوو و چل پەنجا ماڵێك دەبوو, لە بەراوگەلەوە بە پێیان بەرەو باشووری ڕۆژاوا بە ناو هەردەو جەوەڵدا چەند ڕۆژە ڕێیەك بوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەنفالی سێ هێشتا بە ڕەسمیی دەستی پێنەکردبوو بەڵام لەو کاتەدا گردو بەرزاییەکان پڕبوو بوون لە سەربازو لە هەموو خاڵێکی پشکنیندا، دەبوو خەڵکەکە باسی ئەوەیان بکردایە کە دەچن بۆ ناو حوکوومەتو خۆیان بە دەستەوە دەدەن. هێزەکانیش دەستیان نەدەهێنا ڕێیانو پاشان خەڵکەکە گەیشتنە کوڵەجۆو لەوێ دوو شەو بە سەلامەتی مانەوە. بەڵام لە ڕۆژی سێهەمدا تەماشایان کرد ئەو گوندەی پەنایان بۆ برد وا چواردەوری گیرا.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریی سوپا ڕەتڵەکەی کەلار لە کاتژمێر یانزەو چارەکی پێش نیوەڕۆی 13 ی نیساندا گەیشتووەتە کوڵەجۆ. بەڵام بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی بگەنە ئەوێ لە شوێنێك کە پێی دەوترا تەپە سەوز بەرگرییەکی کەمخایەنیان تووش هاتو "بەمجۆرە ئەو گوندە وێرانکراو ڕووخێنراو دەست بە سەر چوار تفەنگدا گیرا"[39]. تەیموور عەبدوڵڵا ئەحمەد، کە کوڕێکی دوانزە ساڵ بوو لە سەروەختی ئەنفالدا، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لەوێ دەژیا[40]. باوکی، کە جووتیارێکی گەنم چێن بوو، پارچە زەوییەکی بچووکی لەوێ هەبوو وەك پیاوەکانی تر لە "هێزی پشتگیریی" گونددا بوو. تەیموور گەورەی چوار منداڵ بوو لە ماڵداو لەو دەمەوە کە بە ماڵەوە لە دێی هەوارە بەرزەی ئەو نزیکانەوە هاتبوونە ئێرە سێ کچیان لە دوای یەك بوو بوو. بە پێچەوانەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە کەوا

---

[38] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

[39] برووسکەی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ دەزگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی ڕۆژهەڵات، ژمارە 10687 لە 13 ی نیسانی 1988دا.

[40] سەرگورشتەی تەیموور، کە ماوەیەکی زۆر بە تاقە دەربازبووی دەستی تیمێکی بکوژانی ئەنفال دەناسرا، بە هەموو لایەکدا بلاّوبووەوە. ئەم باسەی ئێرە هی چاوپێکەوتنێکی میدڵ ئیست ووۆچە، کۆمەڵگای سموود، 29 ی تەمووزی 1992.

هەڵدەهاتن، خەڵکی کوڵەجۆ، وەك تەیموور بۆ میدڵ ئیست ووچی باسدەکرد، تا دوا سات هەر لە ماڵەکانی خۆیاندا مانەوەو نەجووڵان. بەڵام ئێستا وا تانكو تۆپی قورس دەبینن لە تیلەکۆوە، کە بە پێیان سەعاتە ڕێیەك لێیانەوە دوورە، بەرەوڕوویان دێت، ناچار هەر ماڵەو ئاڵایەکی سپی لە سەربان هەڵکردو ئەوجا هەموو ڕایانکرد. پیاوەکان بە باوکی تەیمووریشەوە چەکەکانیان لە بیرەکانی ئاواییو شوێنیتردا شاردەوە. تەیموور خێرا فریای باوكو دایکی کەوتو بە پەلە هەندێك کەلوپەلی ماڵیان خستە ناو عەرەبانەی تراکتۆرە شەقو شڕەکەیانەوە. ئەوان بە گریمانەی ئەوەی کە زۆریان پێناچێتو دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بە خەیاڵی خۆیان وایاندانا کە بچنە کۆمەڵگای سموودی گەورەو نوێی نزیك کەلار، بۆ لای ئەو خزمو کەسانەیان کەوا لە ئەنجامی پەلاماری پاکتاوکردنی گوندەکان لە بەهاری ساڵی پێشوودا لەوێ نیشتەجێ کرابوون، بەڵام خەڵکی کوڵەجۆو ئاوارەکانی بەراوگەل تەماشایان کرد سوپا تەنها تاقە ڕێگەیەکی درچوونی بۆ هێشتبوونەوە, لە شێوەی ڕەحەتییەکدا, وەك کۆزە کردنێك بەرەوخوار بۆ گوندی ملەسوورەی* نزیك ڕێگای سەرەکیی نێوان کفریو کەلار[41]. ئەوان تا گەیشتنە ملەسوورە بە تراکتۆر دوو سەعاتی ویست، چونکە لە بەر قورسیی باروبنەیان لەسەرخۆ دەڕۆیشتن.

هێزەکە پاش ئەوەی کوڵەجۆی تێکدا لەوێوە بەرەو باکوور پێشڕەویی کردو کاروانێك بلدۆزەرو ئیڤای بەتاڵی شوێن خۆی خستبوو و زۆری پێنەچوو گەیشتە هەوارە بەرزە، شوێنی لەدایکبوونی تەیموور، ئەمیش دیسان لە ڕۆژانە ڕاپۆرتی

---

* لە دقەکەدا بە هەڵە نووسراوە ملەستوورە. ئەم گوندە زۆر نزیك نیە لەو ڕێگایەوەو ماوەی 15 کیلۆمەترێکی لێوە دوورە ـ و.

[41] گوندنشینانی بەشەکانی تری گەرمیانی خواروویان ڕاپێچی شارۆچکەی مەیدان کرد کەمێك دوور لە ودیوی ڕێگاکەوە.

www.dengekan.com

هەوالگریدا تۆمار کراوە کە "سووتاوەو تەختکراوە"[42]. کونەکۆتریش کە گونـدێکی بچووکی شەش ماڵیی بوو لە دوای ئەو، سوپا لەوە دابوو پێی بگات بەڵام هـەر شـەش ماڵەکـە چـۆڵیانکردو هـەڵاتن، کەچـی لـە هەردەکـەدا کەوتنــە نــاو دەورێیــەکی سـەربازەوەو بـەرەو ملەسـوورەیان خـوار کردنـەوە.ئەفسـەرێك بـەڵێنی پێـدان کـەس زیـان نـاهێنێ‌و هـەموو بـەم زووانـە لـە کۆمەڵگایـەکی تـازە دروسـتکراودا نیشـتەجێ دەکرێنەوە. بەڵام لە جیاتی ئـەوە مەسـەلەکە وا کەوتـەوە کـە سـێ‌و چـوار کـەس لـە شەش خێزانەکـەی کونـەکۆتر بێسەروشـوێن بکـرێن‌و ئەمـە بـوو بـە شـێوازێك و لـە ناوچەی ڕۆغزاییدا پەیڕەویکرا. مەحموود تۆفیق محەمـەدی بەراوگـەل، پیرەمێـردی سـەرۆك خێـڵ سـێ‌و حـەوت کەسـی بنەماڵـە گەورەکـەی لەدەسـتدا، لەوانـە هـەردوو ژنەکـەی‌و دە منـداڵی کـە تەمـەنیان لـە دوو سـاڵانەوە تـا پـانزە سـاڵ بـوو، هـەروەها کوڕەکەی‌و بووکەکـەی‌و شـەش منـداڵی بچووکیشـیان. بێجگـە لـەوەش بیسـت‌و پێـنج کەسـی تـریش لـە خزمـەکانی گونـدی تەپـە گەڕووسـی دراوسـێیان، کـە بنکەیـەکی *پێشمەرگەی* لێبوو، سەرنگوم بوون و زیاد لە نیوەیان منداڵ بوون[43].

لـە 15 ی نیسـاندا، کـە بـاران‌و لێزمەیـەکی زۆر بـوو، هێزەکـانی ڕەتڵـی کـەلار گەیشتنە باکووری ئەوپەڕی ناوچەی عەمەلیاتی بۆ دیاریکراویان‌و گوندی قولیجانی نزیك چەمی ئاوەسپییان وێرانکردو سووتاندیان. خێزانێك لە قولیجان ڕایکردبوو و کـەوتبووە نـاو هێزێکـی جاشـەوە کـە *موستەشـارێك* بـە نـاوی فـەتاحی کـەریم بـەگ فەرمانــدەی بــوو, پێــی وتبــوون "ســەردەمی ئێــوە تــەواو، ئێســتا ئــیتر زەمــانی حوکوومەتە"[44]. ئەمانیش هیچ دەروویەکیان نەبوو بێجگە لـەوەی کـە بـە ناچـاری ڕووەو ڕێگـای سـەرەکی ملبنـێن. خەڵکـە ڕاپێچـکراوەکەی گونـدەکان دوو ڕۆژیـان لـە

---

[42] سوپا کاتێکی ڕێك‌و تەواوی بۆسووتاندنی گوندی هەوارەبەرزە تۆمار کردووە کاتژمێر 17:27 ی 17 ی نیسان. برووسکەی *ئیستیخباراتی* کەلار بۆ دەزگـای *ئیسـتیخباراتی* ناوچـەی ڕۆژهـەڵات ژمـارە 11180 لە 19ی نیسانی 1988دا.

[43] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

[44] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود،20 ی مایسـی1992. زۆر شـایەتی دیکـەش ناوی فەتاح بەگ دێـنن وەك فەرمانـدەی هێزەکـانی *جـاش* لـەم ناوچـەیەدا. بـە گـوێرەی قسـەی یەکێکیشیان، فەتاح بەگ لە بنەماڵەی بەگزادەی جاف بووە.

ملەسووره بەسەربردو نەیاندەتوانی بۆ هیچ لایەکی تر بڕۆنو لەو گوزەرەدا لە دەرودەشت لێیکەوتبوون. عەشاماتێکی زۆر لەو ناوەدا خڕبووبوون کە لە ژماردن نەدەهاتنو " لە ڕۆژی قیامەت دەچوو" وەك پیاوێکی خەڵکی کونەکۆتر دەیوت کەوا خۆیو ئاژەڵو ماڵاتەکەی بە سەلامەتی لەوێوە گەیشتبوونە ملەسووره, لە ڕۆژی سێهەمدا سەرباز فەرمانی پێدان بکەونەڕێ. ئۆتۆمبیلی ئیڤایان لە سەربازگەی کەلارەوە بۆ هێنرابوو، ئەوانەش کە ئۆتۆمبیلو تراکتۆری خۆیانیان پێبوو بە خاوەنەکانیانەوە بە دوایاندا ڕاپێچیانکردن. کاروانەکە لە ڕووباری دیالە* پەڕییەوەو بە سەر ناوچەیەکی ڕووتەنو بەردەڵاندا گوزەری کرد، کەوا لە دوادوایی ساڵی 1975ەوە بە زۆر بەعەرەبکرابوو و پاشانیش لە پاکتاوکردنی ناوچە سنووریەکانی کۆتایی ساڵەکانی 1970و سەرەتای جەنگی ئێران ـ عێراقدا چۆڵکرا. قۆناخی خەڵکەکە قەڵای قۆرەتوو بوو، کە بارەگای فیرقەی پیادەی 21 ی سوپای عێراق بوو. بە واتایەکیتر "ئۆردووگای ئامادەکراوی تایبەت" کە خرابووە ژێر کۆنترۆڵی *ئیستیخباراتەوە* بە پێی بڕیاری 15 ی مارتی فەرمانـدەیی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس[45].

★ ★ ★

لە 18 یان 19 ی نیساندا ڕەتڵەکانی کفریو کەلار بە ماوەی دە ڕۆژ لە ئەنفالی سێدا ئەرکەکانی خۆیانیان تەواوکردو هەرچی بەرگریکردن بوو لە نێوان ڕێگای کفری ـ کەلارو ڕووباری ئاوەسپیدا تێکشکێنراو تاقە بەرد یان خشتێکی هیچ گوندێك بە پێوە نەما. لای ڕۆژهەڵاتیشەوە هێزەکانی پێبازو پوونگڵە هەمان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا, هێزە هاوبەشەکەی پێباز کە محمد ناقم حسن فەرماندەی بوو بە دوو ڕۆژ ئەوجا توانی هێزەکانی PUK جووتە گوندی سۆفی

---

* لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەم ڕووبارە دەوترێ سیروانو لە شارۆچکەی جەلەولا بەرەو خوار پێی دەوترێ (نهر دیالی)و لە باشووری بەغدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە ـ و.

(45) نووسراوی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور, ژمارە 297 , 15 ی مارتی 1988.

www.dengekan.com

ڕەحـیمو عـەلی وەسمـان بڕووخێنێـت و ناڕەزاییـان لـە *موستەشـارێکی* ناونـەبراوی بەرپرسی فەوجی بەرگریی نیشتمانیی 75 دەربڕیوە کە لە مەیدانی شەڕ هەڵاتووە. بـەڵام هـەر کـە ئـەو گیروگرفتانـە چارەسـەر کـران ئـەودوای هێزەکـە بـێ هـیچ تەگەرەیەك پێشڕەویکردو لە پاش تەختکردنی چوارده ئاوایی تر هێـزە هاوبەشـەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی.

بـەڵام ئـەو هێزانـەی لـە پوونگڵەوە پێشـڕەوییان کـرد تەگەرەیـەکی سـەختیان هاتەڕێ. ئەم گوندە مـاوەی هەشـت میلێـك دەکەوتـە باشووری بەنـداوی بایەخـداری دەربەندیخانــەوە، هێــزە هاوبەشــەکە هــەر لــە یەکــەم ڕۆژی دەرچــوونیدا تووشــی بەرەنگاریەکی تونـدی تـاقمێکی *پێشمەرگە* بـووەوە کـە بـەرگرییان لـە گونـدی شـێخ تەویل دەکردو چەند ڕۆژێکیش لەوەوپێش شەڕێکی قورسی تێدا قـەومابوو. عەقیـد سەلمان عبدالحسن کە فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بـە فیرقـەی 17 بـوو پێشتر لە پێکدادانێکدا بریندار کرابـوو، بـێ ئـەو زنجیرەی فەرمانـدەیی لێکترازابـوو. یەکێك لە فەوجە پاڵپشتەکانی *جاش*، کە فەوجی 131 بوو ، بە شـپرزەییو نـاڕێکی پاشەکشـەی کـرد. بەشـێکیش لـە هێزەکـە لەگـەڵ ئەفسـەرێکی تـردا دابڕابـوونو *پێشمەرگە* دایانگرتنەوە، ئەودواشیان ماوەی دوو میل پاشەکشەیان کـردو داوایـان لـە فیرقەی 21 ی قۆرەتوو کرد بێت بە هانایانەوە.

سـوپا لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە فڕۆکـەو تانـكو هەلیکۆپتـەری مووشـەکهاوێژو تۆپخانـەی قـورس یارمـەتییان دەدا بـەڵام پێـنج ڕۆژی تـەواوی خایانـد بـۆ شـکاندنی پەنجا *پێشمەرگە* لە شێخ تەویلدا. لە شەوی 13 ی نیساندا *پێشمەرگەکان* فـەرمانیان بـۆ هـات کـە بکشێنەوە[46]. لـە کاتـژمێر14:30 ی ڕۆژی ئایـندەدا، ڕائیـد سـالم، کـە ئەفسەرێکی تازەی فەرماندەی هێزە هاوبەشەکە بوو، هەواڵی دا بە بارەگای خۆی کـە

---

[46] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ *پێشمەرگەیەکدا* کە لە شێخ تەویل شەڕی کردووە، کەلار، 31 ی مارتی 1993.

هەردوو گوندی شێخ تەویل‌و بۆیسانەی دەراوسێشی " گیران‌و تێکدران". هەر لەو کاتەشدا ڕاپۆرت درا کەوا پەنجاو سێ خێزان "گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی"[47].

بەمە هێزەکان بەریان بەرەڵا بوو بچنە قووڵایی ناوچەیەکەوە کە دوو حەفتە لەوەوپێش کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر چۆڵیان کردبوو، ئەوانەش ئەو گوندنشینانە بوون کەوا مەحموود تۆفیق محەمەدی سەرۆك تیرەی جافی ڕۆغزایی دەمسپییان بوو. ئەو دەمە PUKو کۆمەڵێکی بچووکتری *پێشمەرگەی* پارتی کۆمۆنیستی عێراق‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی گەڕابوونەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆیان لە گەرمیان، لە زنجیرەیەك بنکەدا بە درێژایی لاتەنیشتی ڕۆژاوای کەژی زەردەی 5900 پێ بەرزدا. ئەم ناوچەیە ماوەیەکی زۆر نەبوو لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە، لە ئەنفالی دووەمدا وێرانکرابوو وا ئێستاش ئەو هێزانەی کە لە ڕۆژئاواوە پێشڕەویی بۆ دەکەن، لەگەڵ ئەو هێزە تایبەتیانەدا کە هەلیکۆپتەر دایاندەبەزێنێ (*قوات خاصە*) گەمارۆیان داوەو تەنگیان پێهەڵچنیوە, لەبەر ئەوە مەحاڵ بوو بۆ *پێشمەرگە* چیتر بەرگری بکات. دوا سەنگەری بەرگریی PUK لە زەردەلیکاو فرەی نەبرد تێکشکاو هەزاران کەسی خەڵکی ئەم گوندانە پۆل پۆل خۆیان دەکرد بە گوندی فەقێ مستەفاداو لەوێش سەربازو *جاش* چواردەوریان گرتن‌و بە ئیفا ڕەوانەیان کردن. بەشێکیش لە خەڵکەکە بە زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆر بە درێژایی زنجیرە شاخەکانی قەرەداخدا بەرەو باکوور ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو *پێشمەرگانەدا* کە لەوێ مابوونەوە.

---

[47] ئەم زاراوە بریقەدارانە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕی نامەو نووسراوە ڕەسمیەکانی ماوەی ئەنفالدا بەکاردەهات. هەرچەندە زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەم کاتەدا دەگیران, زیاتر پێدەچێت کوژرابێتن وەك لەوەی مابێتن. برووسکەکانی *ئیستیخباراتی* فەیلەقی دوو بۆ فەرماندەیی مەکتەبی باکوورو دەزگاکانی تر ژمارە 10780 و 10915 لە 15 ی نیسانی 1988دا. شیاوی باسە بۆیسانە شوێنی خۆبەدەستەوەدانی خەڵکە هەڵاتووەکەی هۆمەرقەلاّ بوو کە لە ئاخرو ئۆخری مارتدا، لە ئەنجامی عەمەلیاتی ئەنفالی دووی قەرەداخدا گەیشتبوونە ئێرە.

www.dengekan.com

سـەرلەبەيانيى ڕۆژى 20 ى نيسـان هێـزە هاوبەشـەكەى پوونگڵـە گەڕايـەوە شـوێنى خۆىو ڕايگەياند كە تەواوى ئامانجەكانى جێبەجێ كراوە [48].

* * *

## سـەنتەرەكانى كـۆكردنەوەى خـەڵك

*"ئــەم خەڵكــە بــۆ مــردن دەبــرێن،*
*لەبەرئەوە نابێ پارەو ئـاڵتوون لەگـەڵ*
*خۆيانـدا ببەن"*

*ـ ئەفسەرێكى سوپاى عێـراق لـە كـاتى*
*تاڵانكردنـى گونـدێكدا*

گونــدو شارۆچـكەى بچـووكى وەك ملەسـوورەو فـەقێ مسـتەفاو مەيـدان لــە باشوورى گەرميانو ئەلياواو لەيلان لـە بـاكوور, يەكـەم سـەنتەرى كۆكردنـەوە بـوون كـەوا خەڵكـە مەدەنيـە هەڵاتووەكـەيان بـۆ ڕاپـێچ دەكـرا. لـە هەنـدێ حاڵەتـدا، لـەم قۆناخەدا ڕەچاوى ئەوە دەكرا كە بە بنەچە خەڵكى كوێنو ناسنامەكانيان بـە پەلـە تەماشا دەكرا. لە سـەرەتاى گرتنيانـدا پێكهاتەيـەكى دەسـەڵاتى بـەربڵاوى ژمارەيـەك دەزگاى تايبەتى حيزبىو پۆليسو *ئيستيخباراتيان* بۆ خستەگەڕ تاوەكو لـە نزيكـەوە مامەڵـە لـە گـەڵ كێشـەى كـوردە "تێكدەرەكانـدا" بكـەن. بـەڵام لـەم قۆناخـە زووەى پرۆسـەكەدا، تـا ڕادەيـەك هـەموو ئەوانـەى شـايەتو بـە ديـارەوە بـوون تەرەفـدارى حوكوومەت بوون، كە يان هێزى سوپاى نيزامى بوون ياخود ميليشياى *جاش* بـوون. لـــە بـــەر ئـــەوە باســـكردنى ســـەنتەرەكانى كۆكردنـــەوەى ســـەرەتايى وەك كارێكى"سەرپێى" ورد نيەو مەبەست ناپێكێ، چوونكە كوردەكان بـە پێـى نەخشـەو

---

[48] برووسكەى *ئيستيخباراتى* فەيلەقى دوو بۆ فەرماندەيى مەكتەبى باكوورو دەزگاكـانى تـر, ژمـارە 11386 لە 21 ى نيسانى 1992دا.

پلانێكی داڕێژراو ڕاپێچی ئێرە كراون. لە هەمان كاتیشدا شوێنانی وەك ئەلیاواو ملەسوورە، مۆرگی شلوشاوی‌و خۆدزینەوەیان پێوە دیار بوو و پێدەچێت تەنها شوێن بن لە پەلاماری ئەنفالدا كە بەو جۆرە لاواز بووبێتن. تاڕادەیەك گومان لەوەدا نەبوو كە تەنانەت دەزگا گرنگەكانی سوپای عێراقیش نەرمییان دەنواند لە مامەڵە كردنی ژمارەیەكی ئاوها لە ئەندازە بەدەری خەڵكی دیل و بەندكراودا. بەڵام تاڕادەیەكیش ئەمە ڕەنگدانەوەیەكی قووڵی ئەو ڕۆڵە تەمومژاویە بوو كەوا *جاشەكان* لە كاتی پاكۆدان و ڕاپێچكردنی خەڵكەكەدا گێڕایان.

(لە بارەی باس‌و خواسی *جاشەوە* بڕوانە لاپەڕە 88-94).

بۆ ئەو گوندنشینانەی لە پەلاماری باكووری گەرمیاندا ڕاپێچكران لانیكەم چوار سەنتەری بنەڕەتی هەبوو:

لەیلان، ئەلیاوا، قادركەرەم‌و چەمچەماڵ. زۆر لە گیراوەكان بە دوان‌و بگرە بە سیانی ئەم سەنتەرانەدا تێپەڕیون‌و لە هەر هەمووشیان لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ كراوە. لەیلان كە ناحیەیەكی بچووكە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی كەركووكەوە، وادیارە لە ئاست پرۆسەكردنی ئەو ژمارە زۆرەی دەسبەسەرە كوردەكاندا نەبوو كە پێیدا تێپەڕین. ئەو خەڵكەی لە گوندەكانی هۆزی جەباری هەڵاتن بە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر گەیشتبوونە لەیلان. هەندێكیان بە دەسپێشخەریی خۆیان‌و ڕەنگە بەو هیوایەوە كە شارۆچكەیەك، با بچووكیش بێت، زیاتر دەیانپارێزێ لەو دێهاتانەی كەوا مەترسیی پەلاماردانیان لە سەر بوو، هەروەها لە ڕووی دابینكردنی خۆراكیشەوە. بەڵام ئەوان هەرئەوەندە بە پیادە لە لەیلان نزیكبوونەوە پێشوازییەكی ناحەزانە كران‌و ژنێك لە گوندی قەرەحەسەن دەیوت سەربازەكان تەقەیان بە سەرماندا كرد, ئەوانیتر و بە تایبەتی پیاوەكان لە قادركەرەمەوە بران بۆ لەیلان، چونكە لە قادركەرەم خۆیان بەدەستەوە دابوو لە ژێر چاودێری *جاشدا* دەسبەسەركرابوون‌و دەست‌و چاویان بەسترابۆوە.

ئەوان هەر كە گەیشتنە لەیلان سەربازەكان لە هەر یەكەیان زانیاریی پێویستیان وەرگرت. ئافرەتەكان دەستیانكردە گریان‌و لێیانپاڕانەوە بەزەییان

www.dengekan.com

پێیاندا بێتەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام پێیاندەوتن خەمتان نەبێت هیچ شتێك لە ئارادا نیە لێی بترسن‌و حوكوومەت لە كۆمەڵگایەكی تازەدا زەویتان دەداتێ‌و ژیانێكی ئاسایی دەستپێدەكەنەوە. بەڵام ژنەكان بەوە ترسیان لێنیشتبوو كەوا بە زۆر لە مێردو باوك‌و كوڕەكانیان جیاكردنەوە، كە ترنجاندبوونیانە پەچەڕانێكی تەلبەندكراودا لە دەرەوەی ماڵەكان. شایەتێك كە ئەو دەمە لەوێ بووە دەیوت: "ژمارەی خەڵكەكە لە ئەندازە بەدەر بوو"و بە قسەی شایەتێكی تر "زیاد لە 2000 پیاو و ژن‌و منداڵی لێبوو.". هەموو شوێنێك پڕبوو لە پاسەوانی سەربازو *جاش*. لەگەڵ ئەوەشدا *ئەمن* زۆر بە وریاییەوە چاودێریی ژن‌و منداڵی نەدەكردو ژمارەیەكیان توانییان لەو ئاخۆڕان بخۆرانەدا خۆ دەربازبكەن‌و پێش ئەوەی ناونووس بكرێن بە دزییەوە هەڵبێن. ژنێكیش پاش لێكۆڵینەوە لەگەڵكردنی لە لایەن ئەفسەرەكانی سوپاوە ڕێگەی پێدرابوو بڕوات, ئەوانەش كە مانەوە ماوەی هەشت نۆ ڕۆژێك لە بەر تەرزەو بارانی سەرەتای نیساندا لەو دەشتە هێشتنیانەوەو پاشان پیاوەكان بە ئیڤا ڕەوانەی چارەنووسێكی نادیاركران.

لە كاتێكدا كەوا قادركەرەم شوێنێكی سەرەكی بوو بۆ كۆكردنەوەو تاوتوێكردنی خەڵكی ئەو گوندانەی سەر بەم ناحیەیە بوون بەڵام ئەلیاواش، كە شوێن كۆنە گوندێكی ڕووخاو بوو كەمێك لە لای ڕۆژئاواوە، هەر بە سەنتەرێكی كۆكردنەوەی سەرەتایی مایەوە بۆ گەلێ لەخەڵكەكە. ئێرە لە كاتی ئەنفالی سێدا بووبوو بە بارەگای *موستەشاری* بەدناو شێخ موعتەسەم بەرزنجی، برای پارێزگاری سلێمانی. ناوی موعتەسەم لە چاوپێكەوتنەكانی دەربازبوانی ئەنفالدا بەردەوام دووبارە دەبووەوە، شان بە شانی پێنج سەرۆك *جاشی* تر:عەدنان‌و سەید جەباری، ڕەفعەت گلی، قاسم ئاغا، تەحسین شاوەیس، وەك یەكێك لەو هۆكارە بنەڕەتیانەی ڕاوەدوونان‌و بەدەستەوەدانی بەكۆمەڵی خەڵكەكە لە ناوەندی گەرمیاندا.

گەلێك هۆكار بوون بە مایەی پاكۆدان‌و ڕاپێچكردنی خەڵك، لەوانە بۆچوونی سادەو ساویلكانە كە گوایە ئەم پەلامارەش هەر وەك ئەوانی پێشووە، تروسكایی ئومێدێكی دەربازبوون، مەترسیی ئەوەی لە ناوچە قەدەغەكراوەكاندا بگیرێن،

تۆقینو زەندەقچوون لـەو هێزانـەی بەکۆمـەڵ گونـدەکانیان دەسـووتاندن. هـەروەها لـەو دەمەشـدا بـە چاوبەسـتی لێکـردنو دەمچـەورکردن خەڵکەکـەیان فریـودا، وەك بـەڵێنی لێبـووردن لـەو کەسـانەی خۆبەدەسـتەوە دەدەن. هـەروەها بـەکارهێنانی بڵندگۆی مزگەوتەکەی قادرکـەرەم لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانەوە کـە بـەردەوام پـەیامی ئـەوەیان بڵاودەکـردەوە کـەوا خـەڵکی گونـدەکان دەبـێ لـە مـاوەی سـێ ڕۆژدا خۆیـان بدەن بە دەستەوە، لە یەکشەمەی 10 ی نیسانەوە تا سێ شەمەی 12 ی نیسان, لـەو ماوەیەشدا ڕێگەیان دەدرێ بگەڕێنەوە بۆ ئـەو شـوێنانەی خۆیـان تێـدا شـاردبۆوە لـە هەردەو چیاکاندا بۆ هێنانەوەی ئەو کەلوپەلانەی پێیـانبووە. هـەموو ئـەو پیاوانـەی خۆیان بەدەستەوەداوە تەنها دەکرێن بە *جاش*و نۆرە واجبی[*] خۆیـان لـەوێ دەبیـنن. ئـەم دەنگۆیـە بـە خێرایـی لـەناو ئاوارەکانـدا بڵاوبـووەوەو خـەڵکی شارۆچـکەکەش هـەواڵیان گەیانـدە خـزم و کەسـیان کـەوا مەسـەلەکە مەترسـی تێـدا نیـە. یەکـەکانی *جاشیش* بە فەرماندەیی شێخ موعتەسەمو *موستەشارەکانی* تر لە هـەردەو چـیاکاندا بڵاوبوونەوە. "ئەوان دەیـانوت حوکوومـەت ئـازاری ئـەو پیاوانـە نـادات کـەوا خۆیـان بەدەستەوە دەدەنو هەموویان پسووڵەی *جاشێتییان* بۆ دەکرێت, هەروەها ئەوەشـیان پێـوتن کــە خێزانــەکانیان بێــننو بیاندەنــە دەســتەوە" وەك دەربازبوویــەك دەیگێڕایەوە[49].

*جاشەکانی* موعتەسەم, بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کۆمـەڵێکی زۆر پیـاوی دەسبەسـەریان لە ئەلیاوا گیردا تاوەکو دامودەزگای تایبەتی سوپا ناوەکانیان تۆمار کردن. یەکێك کە بـەم خـاڵە ترانزێتـەدا تێپـەڕیوە دەیگێڕایـەوە کـە "هـەزاران پیـاو لـەوێبوون، لـە *پێشمەرگە*و سەربازی هەڵاتوو و موتەخەلیفو خەڵکی مەدەنیی ئاسایی گونـدەکانی

---

[*] ئەم زاراوەیە لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا بەدواوە تا ڕاپەڕینی ساڵی 1991، زۆر بـاو بـوو لـە نێـو فەوجە خەفیفەکانی جاشدا, کە 15 ڕۆژ لە ڕەبایە بوون و 15 ڕۆژیش لە ماڵەوە ـ و.

[49] زۆر کەس لە دەربازبووان هەمان قسەیان لە بارەی شێخ موعتەسەمەوە دەکرد، بەم شایەتحاڵەی خەڵکی گوندی کانی قادری خوارووشەوە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 25 ی تەمووزی 1992.

www.dengekan.com

ژێـر دەسـەڵاتی *پێشـمەرگە*". لێـرەش پـەیامی *موستەشـارەکان* بـەردەوام دووپـات دەکرایـەوە: پیاوەکـان دەبـرێن بـۆ بنکـەو بارەگاکـانی *جاش* لـە چەمچـەماڵ، کـەوا سەعاتە ڕێیـەك بـە ئۆتۆمبیـل لـەلای باکوورەوەیـە، لـەوێ ناسـنامەی *جاشێتییان* بـۆ دەکـەنو دوای ئـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ قادرکـەرەم, پاشـان دەڕۆن خێـزانو ئـاژەڵو ماڵاتیـان دەهێـننو ئـەوجا لـە *موجەممـەعێکی*[**] ژێـر دەسـەڵاتی حوکوومەتـدا نیشتەجێ دەکرێنەوە.

لـە ڕۆژی دووەمـی یـان سـێیەمی ڕاپێچـکردنەکەدا، لیـوا بـارق، فەرمانـدەی عەمەلیاتی سەربازیی ناوچەی ئەنفالی سێ، سەردانێکی شەخسیی ئەلیاوای کـردو بـە ئامادەبوونی ئەو وێنەی تەلەفزیۆنیی بەندیەکان گیرا. بە پێی قسەی شایەتێکی تـر، هەمان کارو ڕەنگە لە هەمان ڕۆژیشدا بێت، لـە بنکـەی پۆلیسـی قادرکـەرەم دووبـارە کرایـەوە، چـوونکە لـەوێش چـەند سـەد کەسـێکی گـیراو هـەبوو[50], لـەو دەمـەدا هەلیکۆپتەرێك لە تەختاییەکی ئەو نزیکانـەدا نیشـتەوەو سـێ کەسـی لێهاتـەدەرەوە، لیوا بارقو فەریق ڕوکن سـوڵتان هـاشمی فەرمانـدەی فەیلـەقی یـەكو شەخسـی علـی حسـن المجیـدیش. ئەمجارەشـیان وێنـەی ڤیـدیۆیی گـیراو ئەمـەیان لەدواییـدا لـە تەلەفزیۆنی نیشـتمانییەوە پیشـاندرا وەك فیلمێکـی "تێکـدەرە ئێرانیـە گیراوەکـان". ئـەم فیلمـە بـەردەوام بـۆ مـاوەی چـەند حەفتەیـەك لێدەدرایـەوە، تـا ئەوکاتـەی کـە ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی دەسـتی کـرد بـە گلـەییو گازنـدە کـە پیشـاندانی زیانبەخشەو بـە پێچـەوانەوە خـەڵکی وایـدەبینێ کـە ئەمانـە گوندنشـینی ئاسـایینو *پێشمەرگە* نین[51].

---

[**] لە دەقەکەشدا هەر وشەی موجەممـەع *Mujamma'a* هـاتووەو لـە گـەلێ شـوێنی کتێبەکـەدا دووبارە دەبێتەوە ـ و.

[50] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دانیشتوویەکی جارانی گونـدی خـدر ڕەیحـان، کۆمـەڵگای شۆڕش، 1 ی تەمووزی 1992.

[51] نووسـراوی 2 ی مایسـی 1988، کـە ئامـاژە بـە نووسـراوی ژمـارە ل.ش.د/397 ی ( نهێنـیو شەخسی) دەکات لە سکرتێری ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتەوەییـەوە " *مجلـس الامـن القـومی*" بـۆ وەزارەتی ناوخۆ، مەکتەبی وەزیر، لە گەڵ وێنەیدا بۆ لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕشو بەڕێوەبـەرێتیی ئاسایشـی گشـتی. ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی دەستەیەکی باڵای ڕاوێژکارەو خودی سەرۆك سەدام حوسێن خۆی سەرکردایەتیی دەکات. هەروەها

سـەدان کـەس لـە خەڵکـە دەسبەسـەرەکە، کـەوا مەزەندەیـەك بـە دوو هـەزار کەسیان لە قەڵەم دەدات، ماوەیـەك لـە کۆمـەڵگا چۆڵەکەی قـەڵخانلوو هێشتنیانەوە، کە بە تەنیشت قادرکەرەمـەوە بـوو کـاتی خـۆی بـۆ نیشتەجێکردنەوەی گوندنشینە ڕاگوێزراوەکانی پەلاماری بەهاری 1987 دروستکرابوو. هەروەها سەدانی تـریش لـە قوتابخانەیەکی سەرەتایی قادرکەرەم گیردرابـوون و لـەوێ ژن و پیاویـان لێکدابڕیبوو. ئافرەتێك یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوەو دەڵێ: "مـن لـە گـەڵ زۆر ئـافرەتی بەتەمەنـدا خرامـە ژوورێکـەوەو تـەنها ئـافرەتی گـەنج مـن بـووم لـەوێ و تـرس و سـامێکی زۆرم لێنیشـتبوو, لەبەرئـەوە دەموچـاوم بـە سەرپۆشـەکەی خـۆم داپۆشـیبوو نەمدەویست کـەس ببیـنم. ئێمـە لـەوێ دوو ڕۆژ ماینـەوەو لـە پەنجەرەکـەوە تەماشـام دەکـرد سـەربازەکان چـاوی پیاوەکـان دەبەسـتنەوەو لێیانـدەدەن"[52]. لـە پـاش دوو ڕۆژ پاسێکی سەربازی هات و پیرەژنەکانی بارکرد بۆ چەمچەماڵ و لـەوێ لـە شـەقامەکاندا بێ نان و ئاو بەرەڵایانکردن, بـەڵام ئەمـە حاڵـەتێکی جیـاواز بـوو هۆکەشـی تـا ئێسـتا هەر بە نەزانـراوی ماوەتەوە[53]. بە گـوێرەی قسـەی یـەکێك لـەو لاوە زۆر کەمانـەی، کـە لـە ناوچـەی قادرکەرەمـدا ڕزگـاریبوو "ئـەو خەڵکانـەی خۆیـان دا بەدەسـتی حوکوومەتەوە هەموویان بێسەروشوێن بوون. ئەوانی کە ڕزگاریان بوو ئەوانە بـوون

---

نووسراوەکە ئاگاداریی ئەوەش ڕادەگەیەنێ کەوا "شانە نهێنیەکانی PUK" ڕەنگـە خۆپیشـاندانێك دژ بە حوکوومەت ڕێك بخات لە کەلار بۆ نارەزایی دەربڕین لە سەرئەوەی کـە " ئـەو تێکدەرانـەی لەگەڵ خێزانەکانیاندا گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی" بەندکراون. "گەڕانـەوە بـۆ ڕیـزی نیشـتمانی" بەردەوام لە بەڵگەنامەکانی سوپادا دەردەکەون کەوا بـاس لـە گرتنـی خـەڵکی مـەدەنی دەکـەن لـە سـەروەختی عەمـەلیاتی ئەنفالـدا. ئاگاداریەکـەی 2 ی مایسـی ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی وایدەگەیـەنێ کـە گوندنشـینە کوردەکـان کەوتوونەتـە گومانـەوەو وایـدادەنێن کـە مەسـەلەکە پەردەپۆشێك بێت بۆ نیازێکی خراپ.

[52] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتوویەکی ئەوسای ئاوایی شێخ حەمیـددا، کۆمـەڵگای باینجان، 18 ی مایسی 1992.

[53] میدڵ ئیست ووچ ئاگای لە خەڵکی تریشە کە دەربازبوون بـە هـۆی بەرتیلـدان یـان ڕێکـەوتنێکی تایبەت لە گەڵ کاربەدەستانی ناوچەکە. بەڵام لەوە ناچێ لەم حاڵەتەدا ئەو مەسەلەیە ڕوویدابێت.

www.dengekan.com

که له هەردەو چیاکاندا مانەوە، یان له شارەکاندا خۆیان لە ماڵە خزمدا شاردبۆوە یان کەسوکاری *جاشیان* ڕزگاریان کردن، یان بەرتیلیان بە *موستەشارەکان* دا"[54].

قادرکەرەم خۆیشی له دەست ئەنفال دەرنەچوو. پاش ئەوەی شارۆچکەکە وەك سەنتەرێکی کۆکردنەوەی خەڵك بەکارهات سەربازو ئەندامانی حیزبی بەعس ماڵ بە ماڵ گەڕان بۆ ناونووسکردنی دانیشتوانیو لە هەمان کاتیشدا ئەمن بە بڵندگۆ خەڵکەکەی ئاگادار دەکردەوە کە نابێ کەس داڵدەی ئاوارەکانی ئەنفال بدات، وەك لە هەندێ شارۆچکە ڕوویدابوو. خەڵکی قادرکەرەم ماوەی پانزە ڕۆژیان پێدرا ماڵەکانیان چۆڵ بکەنو بڕۆن لە کۆمەڵگای شۆڕشی لای چەمچەماڵ خانوو بکەنو لە سەرەتای مایسدا شارۆچکەکە بەر بلدۆزەر درا. بەهەرحاڵ، ئەگەر چاوبگێڕیت بە سەرجەم ڕوخساری لۆجیکی ئەنفالدا دەبینیت کەوا خەڵکی قادرکەرەم لە چاو بارودۆخەکەدا زیانێکی ئەوتۆیان نەکردووە. تەنانەت ئەوان هەر ماڵەو بڕی 1500 دینار قەرەبوویان وەرگرت (واتە 4500 دۆلار)* لەبری ڕووخاندنی خانووەکانیان. ژمارەی دانیشتوانی قادرکەرەم لە سەرژمێریی ئۆکتۆبەری 1987دا تۆمارکراوە. ئەگەرچی قادرکەرەم کەوتبووە ناوەڕاستی ناوچەی شەڕوشۆڕەوە، بەڵام تا ئەو دەمەش، بە پێی چەمکە بیروکراتیەکە، هەر لە "ڕیزی نیشتمانیدا"[55] مابۆوە.

چەمچەماڵ دوا شوێنی گیردانی خەڵکە دەسبەسەرەکەی گوندەکانی باکووری گەرمیان بوو، ئەگەرچی لە ئاستێکی کەمتردا بوو. چەمچەماڵ شارۆچکەیەکی گەورەو قەزا بوو و یەکێك بوو لەو سەنتەرە کەمانەی دانیشتوان لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا کە وەکو خۆی مابووەوە. ئەو کەسانە کە بۆ چەمچەماڵ دەگوێزرانەوە لە سەنتەرەکانی دیکەی کۆکردنەوەوە دەهێنران وەك لەیلانو

---

[54] چاوپێکەوتنی میدلْ ئیست ووّچ، هەولێر، 12 ی ئەیلوولی 1992.

* بە نرخی جارانی دیناری عێراقی, کە یەك دینار سێ دۆلار بوو ـ و.

[55] ڕووخاندنی قادرکەرەم لە لایەن دانیشتوویەکی ئەوسای ئەوێوە بۆ میدلْ ئیست ووّچ باسکراوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەکۆمەڵگای شۆڕش، 29 ی حوزێرانی 1992. بە پێی قسەی ئەم شایەتە، شۆڕش لە نیسانی 1988دا تەنها دەشتێکی تەخت بوو. ئەوانی کە بۆ ئەوێ ڕاگوێزران خانووەکانیان لە ژێر سەرپەرشتیی ئەندازیارێکی حوکوومەتدا دروستکرد.

قادرکەرەمو شوێنی بەندکردن بارەگای لیوای سەربازی یان بارەگاکانی *جاش* بوو[**] .
هەندێك لە پیاوە گیراوەکان بە پاس هێنران بۆ ئێرەو سەرباز دەچوونە ناویان بۆ ئەوەی زانیاریی تەواویان لێوەرگرنو دڵنیایان دەکردنەوە کە لێبووردنێك بە دەستەوەیەو هیچ شتێك نیە لێی بترسن. بەڵام بارودۆخەکە بۆنی خوێنی لێدەهاتو مەترسیەکی بێئامان لە ئارادابوو و لە پەنجەرەی پاسەکانەوە گیراوەکان هەزاران پیاو و ژنو منداڵی برسیو شڕەڵیان دەبینی لە سەربازگەکەدا.

گەلێ لە پیاوەکانی تریش لە دۆخێکی سەخت و خراپدا لە پشتی ئیڤادا گوێزرانەوە بۆ چەمچەماڵ. یەکێك لەوانە دەیوت: "زۆر ئازارمان بە دەست گاردو یاساوڵەکانەوە چەشتو دەستو قاچمان بەسترابۆوەو چەند جارێك لە ئیڤاکە دەکەوتینە خوارەوەو سەریان دەخستینەوە. ئیڤاکان لە پشتەوە دەرگایەكو یەك تاقە پێپیلکەیان هەبوو، ئێمەش لەبەر ئەوەی بەر پێی خۆمان نەدەبینیو نەشماندەتوانی دەستمان بەکاربێنین دەکەوتینە خوارەوە. بە ڕاستی بارودۆخێکی چەواشەو شپرزە بوو"[56]. پیاوێکیتر هەڵیدایەو وتی: "لە بارەگای لیوا، هەروا لە ئیڤاکان تووڕیاندراینە خوارەوەو ئەوجا ناو و ناونیشانیان لێمان وەرگرت"[57]. دوای ئەوەی کە لە بارەگای لیوا وەستاین، دەرکەوت دامودەزگای حوکوومەتیی دیکەش بۆ یەکەمجار لە کارەکەدا بەشدارکراون. پاشان گیراوەکانیان بە نێو شەقامەکانی چەمچەماڵدا بردو هەندێ ئەملاو ئەولایان پێکردنو هێندەی پێنەچوو خۆیان لە بەر دەرگای ئۆفیسی ئەمندا بینیەوە: دەزگای پۆلیسی نهێنیی ترسناك.

لێرەدا دۆخێکی بێوێنەی بەزەیيو هاوکاریکردن بەرپا بوو. لە ئەنفالدا گەلێ کاری خۆڕسك و بوێرانەی تاکە کەسی ڕوویداوە، چ لە لایەن *جاشەوە* یان لە لایەن خەڵکی شارۆچکە کوردەکانەوەو ژیانی زۆر کەسی سەندەوە. بەڵام هیچیان بەراورد

---

[**] بەندکردنی خەڵکەکە لە بنکەو بارەگاکانی جاشدا نەبوو، بەڵکو لە سەربازگەی لیواو بینای قایمقامیەت بوو ـ و.

[56] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، هەولێر، 12 ی ئەیلوولی 1992.

[57] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای شۆڕش، 1 ی تەمووزی 1992.

www.dengekan.com

ناکرێت لەگەڵ ئەو گوژمو بەدەنگەوە هاتنەی خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵدا کاتێ کە هاوخوێنە کوردەکانی خۆیان بینی بە سەر ئیڤاوە بە شەقامەکانیاندا دەگێڕن. لە پرکێشییەکی بێهاوتاو ژیانی خۆ خستنە مەترسیەوە خەڵکی شار بە بێچەك یاخیبوونێکی خۆڕسکییان بەرپاکرد بۆ ئازادکردنی گیراوەکان[58].

بێگومان *جاش* دەستیان هەبوو لە نارەزایی دەربڕینەکەی چەمچەماڵدا، هەروەها بەختو رێکەوتیش رۆڵی خۆیان بینی. ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەکارهاتن بۆ گواستنەوەی گیراوەکان لە بارەگای لیواکەی چەمچەماڵەوە ئیڤای سەربازی نەبوون بەڵکو ئۆتۆمبێلی بە بێگار گیراوی مەدەنی بوون بە شۆفێرەکانیشیانەوەو ژێربەژێر پاسەوانە جاشەکان قەناعەتیان بە ژمارەیەك لەم شۆفێرانە کردبوو کە ئافرەتە گیراوەکان ئازاد بکەن. شۆفێرەکانیش ئەو هەلەیان قۆستەوەو کاتێ کە بوو بە هەراو قەرەباڵغی، خەڵکی شار ئۆتۆمبیلەکانیان بەر بەرد داو شوشەکانیان شکاندن."تەنانەت منداڵی بچووکیش پڕ کۆشیان لە بەرد بوو و هەرەشەی پەنجەرە شکاندنیان دەکرد". ئەم قسەیە پەرژین دەیکرد کە ئافرەتێکی بیست ساڵ بوو لە گوندی قیرچەو توانیبووی خۆی دەرباز بکات[59].سەرباز کەوتنە تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانو، تەنانەت فرۆکەی شەرکەری میگو هەلیکۆپتەریش هەڵسانو بۆردمانی ئاپۆرەی خەڵکەکەیان کرد. پەرژین درێژەی بە قسەکانی دەداو دەیوت "جلەکانم بە گوللەی سەربازەکانی بارق دابێژرابوون". بە پێی باسو گێڕانەوەی خەڵك پێنج کەس کوژرانو دوانزەش بریندار بوون.

---

[58] ڕاستێکەی دەربازبوونێکی لەو جۆرە مانگێ لەوەو پاش لە شارۆچکەی کۆیسنجق ڕووی دا لە کاتی ئەنفالی چواردا، بەڵام لە ئاستێکی زۆر بچووکتردا.

[59] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی 12 ی مایسی 1992. دوای یاخیبوونەکەی چەمچەماڵ، دامودەزگا دەسەلاتدارەکان ماڵ بە ماڵیان پشکنیو بە دوای ئەوانەدا دەگەڕان کە لە داوی ئەنفال خۆیان لادا بوو. هیچ یاخیبوونێك تووڕەییو دەمارگرژیی ئاوهای نەورووژاندووە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دەسەلاتداراندا. پشکنینی لەو جۆرەش لە کەرکوك، سلێمانی, تووزخورماتوو و کۆمەڵگا گەورەکەی سموودی لای کەلار لە باشووری گەرمیان، ئەنجام درا. هەر هەموو شایەتەکان لە سەر ئەوەن کەوا پشکنینەکان لە لایەن دەزگای ئەمنەوە ئەنجام دراون.

ڕاپەڕینەکە پێدەچێت یەکەمجار جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەستهێنابێ‌و گەلێ لە خەڵکە گیراوەکە دەرباز بوون‌و دانیشتوانی چەمچەماڵ داڵدەیان دان "لە بەر خاتری مرۆڤایەتی" بەڵام ئەمە کۆتایی ڕووداوەکە نەبوو, ئەو کەسانەی هەڵاتبوون‌و دواتر کە *ئەمن* بە شوێنیاندا دەگەڕاو لێی دەسگیر دەکردن‌و بە بەرچاوی خەڵکەوە ئیعدام دەکران*, خێزانی قوربانیەکانیش دەبوو پارەی گوللەکان ببژێرن[60].

پەرژین لە دووەم ڕۆژی خۆشاردنەوەیدا لە چەمچەماڵ، تەماشای ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنیی دەکرد دەربارەی ئەنفال لە بەرنامەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی عێراقەوە. ئەم فیلمەش لەو کاتەدا گیرابوو کە علی حسن المجیدو فەرماندەکانی سوپا لە 10 ی نیساندا سەردانی بنکەی پۆلیسی قادرکەرەمیان کردبوو. فیلمەکە کۆمەڵێك "گیراوی کرێگرتەی ئێرانی سەر بە جەلال تاڵەبانی" پیشان دەدا. پەرژین لەم فیلمەدا فەریقی مێردی ناسییەوە، بە چاوبەستراوی لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە پیاوانی گوندەکەی خۆیانداو ئەوە دواجار بوو کە بە زیندوویی بیبینێتەوە.

★ ★ ★

لە بەشی باشووری گەرمیاندا دوو سەنتەری سەرەکیی چونیەکی کۆکردنەوەی خەڵك هەبوون. ئەو کوردانەی کەوا لە ناوچەی داودەدا گیرابوون، لەگەڵ ئەو خەڵکانەش کەوا لە تاو ئەو هێرشە کیمیاییەی کرایە سەر بنکەی PUK لە تازە شار هەڵاتبوون بۆ ئێرە، یەکەمجار بران بۆ مەڵبەندێکی چۆڵی لاوان لە تووزخورماتوو. هەندێك لەمانە هەر لەو شوێنەی کە تێیدا گیرابوون ژن‌و پیاو لە یەکتر جیاکرابۆوە. ئەوانەش کە بە تێکەڵی هێنرابوون لێرە جیایانکردنەوەو خستنیانە دوو بینای جیاوازی مەڵبەندی لاوانەکەو ماوەی نزیکەی سێ ڕۆژ تا حەفتەیەك هێشتنیانەوە. ئەو بینایەی بۆ ئافرەت‌و منداڵ دانرابوو نزیکەی چوار

---

* پێدەچێت لێرەدا جۆرە تێکەڵ کردنێك دروست بووبێت، چونکە ئەو کەسانەی لە چەمچەماڵ‌و شوێنانی تر لەو گەرماو گەرمەداو بگرە دواتریش گیرانەوە دیسانەوە تێکەڵ بە گیراوەکان کرانەوەو وەك ئەوان بێسەروشوێن کران ـ و.

(60) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، سلێمانی، 1 ی نیسانی 1993.

www.dengekan.com

هەزار کەسی تێدا بوو بە گوێرەی قسەی دەربازبوویەك کە خەڵکی نزیکەی دە دوانزە گوندی داودەی ناسیبۆوە.

لێرەش وەك لەیلان، خەڵکێکی کەم توانییان بە یارمەتیی ئەو *جاشانە* دەربازببن کە ئەرکی پاسکردنی ئەو شوێنەیان پێسپێردرابوو. تەنانەت, وەك باسدەکرێ, *موستەشارێکی* بەبەزەیی پەنجەرەیەکی بیناکەی شکاندبوو و شەو بواری زۆر ژنو منداڵی دابوو دەربازببنو ئەم کارەی ژیانی گەلێ کەسی سەندەوە. سەربازە نیزامیەکانیش، کە زۆربەیان عەرەب بوون، ڕەفتاریان زۆر ناشیرین بوو هەر پارەو نەختینەیەك بە ژنەکان بوو لێیان دەسەندنو پێیان دەوتن: "هەرچیتان پێیە لێتان دەسێنین چونکە پشتگیریی *پێشمەرگەتان* کردووە". ئەوانەی کە لە تووزخورماتووەوە بە یەکجاریی بێسەروشوێن کران، پاش ئەوەی ڕاپێچی ناو ئۆتۆمبیلی بارهەڵگریان کردن و بە سەدان ژنو منداڵیان لە نێواندابوو. ئافرەتێکی بەتەمەنی یەکێك لە گوندەکانی دوادە، کە هەرگیز جارێکیتر براکەیو مێردەکەیو باوکیو ئامۆزایو دوو بووکی نەبینییەوە، کە گەورەکەیان بە شەش منداڵی بچووکەوەو بچووکەکەشیان "کچێکی زۆرجوان بوو ناوی لەیلا بوو و تازە شووی کردبوو"سەرباز بە زۆر ڕایاندەکێشاو ئەویش توند دامێنی کراسەکەی خەسووی گرتبوو و خۆی پێوە نووساندبوو. هەموو ئافرەتە بەتەمەنەکان لە سەربازەکان دەپاڕانەوە نەیبەن، بەڵام ئەوان پاڵێکیان بە پیرەژنەکەی خەسوویەوە ناو لەیلایان پەلکێش کردو ئیتر جارێکیتر نەبینرایەوە[61].

بۆ ئەودوای باشووری گەرمیان، بە گوندەکانی جافی ڕۆغزاییشەوە سەنتەری سەرەکیی خڕکردنی خەڵکەکە بارەگای فیرقەی پیادەی 21 بوو لە قۆرەتوو، کە قەڵایەکی گەورەی سامناك بوو، لەو جۆرە قەڵایانەی لە سەر نەخشەو ڕەنگرێژیی سۆڤیەت بوون کەوا لە ساڵانی هەشتادا لە گەلێ شوێنی کوردستاندا دروستکران. لە

---

[61] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ خێزانێکی خەڵکی ناحیەی نەوجوول، کۆمەڵگای بنەسڵاوە، هەولێر، 19 ی نیسانی 1992.

پاش ڕاپەڕینەکەی کورد لە سلێمانی لە ئەیلوولی 1991دا*، هێزەکانی عێراق لە کاتی کشانەوەیاندا بەرەوخوارتر، قۆرەتوویان بە دینامیت تەقاندەوە. دوو مانگ دوای ئەوە نووسەری عێراقی کنعان مکیە سەردانی قەڵاکەی کردو لەو لایەوە کە ڕووەو سنووری ئێران بوو مکیە "چل یان ڕەنگە پەنجا عەرەبانەی بینیبوو لەو جۆرانەی کە جووتیاری کورد لە پشتی تراکتۆری دەبەستن بۆ ئازوگوێزی خۆراكو ئاژەڵو ماڵات" ئەم عەرەبانانە بە تەختەدار لێواریان بەرزکراوەتەوە، لە چەشنی ئەو عەرەبانەیەی تەیمووری تەمەن دوانزە ساڵ لە گوندی کوڵەجۆوە لە گەڵ باوكو دایکیو سێ خوشکە بچووکەکەی پێی هاتبوونە ئەوێ. مکیە لە سەری دەڕواو دەڵێ: "کۆمەڵ کۆمەڵ جلوبەرگی کاڵبووەوەو شەرواڵ، کە پانتۆڵی نەریتیی کوردە، لەو عەربانانە کەوتبوونە خوارەوە یان لە ناویاندا گەنیبوون یان بە سەر خۆڵو گژوگیای زەردەوەبوودا بڵاوبووبوونەوەو لەو ناوەدا هەروا نەعلو پێڵاوی لاستیکی بەجێماو بوو کەوتبوون"[62].

یەکێك لەو گوندنشینانە بۆ میدڵ ئیست وۆچی گێڕابووەوە کەوا "بە لای کەمەوە دە هەزار کەس لەو قەڵایەدا بەندکرابوونو هەموو برسیو ماندوو بوونو ترس دایگرتبوون. کەس نەیدەزانی مەسەلە چیە، بەڵام من دەمزانی کەوا شتێکی

---

* لێرەدا مەبەست لەهەڵچوونی خەڵکە لە سلێمانیو گەلێ شوێنی تر (لە تشرینی یەکەمدا نەك ئەیلوول) بەرانبەر بەو تۆپبارانە کوێرانەیەی لە هەندێ پێگەو سەربازگەی سوپای عێراقەوە دژ بە خەڵکی ناو شار ئەنجامدەدرا. تێکڕا خەڵکی شارو کۆمەڵگاکان بە هاوکاریی پێشمەرگە ڕاپەڕین لە دژ ئەم ڕەفتارەو سوپای عێراق لە بەرانبەر هێزی جەماوەردا نوشوستی هێناو لە ناوچەکە چووە دەرەوە. پاش ماوەیەکیش لە 1991/10/24 دا تەواوی دامودەزگاکانی حوکوومەتی عێراق لە کوردستان کشانەوە ـ و.

[62] مکیە: "ئەنفال ، پەردەلادان لە سەر پەلامارێکی عێراقی بۆ لەناوبردنی کورد"، گۆڤاری هارپەر، مایسی 1992 ل55.

Makiya, “The Anfal: uncovering an Iraqi Campaign to Exterminate the Kurds”, Harper’s Magazine.

www.dengekan.com

سامناك بە دەستەوەیە. كەس لە وزەیدا نەمابوو قسە لەگەڵ كەسدا بكاتو هەموو ماتو بێدەنگ بووینو چاوەڕێ بووین بزانین چی ڕوودەدات"[63].

هەندێ لە گیراوەكان تەنها شەوێك لە قۆرەتوو مانەوە بێنانو بێئاو، هەندێكی تر دەیانوت ماوەیەكی زۆر خواردنێكی هێجگار كەمیان داونەتێو مەمرەو مەژی هێشتوونیانەوە: "ئێمە لە بارەگای فیرقە ماوەی سێ ڕۆژ لە خێوەتداماینەوەو ڕۆژانە تەنها یەك نانمان وەردەگرت بۆ كەسێك لەگەڵ ئاوداو خەڵكێكی بێشومار لەوێبوون. سەربازەكان ناوی هەموویان دەنووسیو پرسیاریان لێدەكردن: ناوی تیرەو هۆزیان، لە گەڵ *پێشمەرگە* بوون یان حوكوومەت. كەس نەیدەوێرا بڵێ لە گەڵ *پێشمەرگە* بوومو هەموو بەجارێ دەیانوت كە جووتیارو شوان بوون"[64]. تەیموور خۆی ، لە دوای چوار ساڵ ئەو دیمەنەی قۆرەتووی بە ڕوونی بیردێتەوەو دەڵێ: "تەواوی خەڵكی گوندەكانی ناوچەی كەلار لەوێبوونو هەرچی هۆدە هەبوو پڕبوو لە خەڵك، كە لەوانەیە پەنجا هۆدە بووبێتو هەر یەكەیان 100 ـ 150 كەسی دەگرتو خواردنێكی زۆر كەمیان پێدەداین كە بریتیبوو لە شۆرباو نانو ئاو. بەڵام ڕێگەیان دەدا كەسانی خێزان بە یەكەوە بن. هەموو گاردەكان پێدەچوو سەرباز بن، چونكە هەموو جلی خاكییان لەبەردا بوو و لەگەڵ گیراوەكان قسەیان نەدەكرد. ئێمە لەوە دەترساین كە بمانكوژنو لە ناو خۆماندا هەر باسی ئەوەمان دەكرد، چونكە دەمانزانی ئەم پەلامارەی حوكوومەت وەك ئەوانی پێشتر نەبوو. ئێمە جاش تەفرەیانداینو درۆیان لەگەڵ كردین"[65].

★ ★ ★

## ڕۆڵــــــی تێكەڵ و دووســــــەرەی جـــاش

[63] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ گوندنشینێكی خەڵكی كەریم باسامدا، كۆمەڵگای سمـوود، 20 ی مایسی 1992.

[64] چاوپێكەتنی میدڵ ئیست ووچ، كۆمەڵگای زەمەقی، 24 ی تەمووزی 1992.

[65] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، كۆمەڵگای سموود، 29 ی تەمووزی 1992.

ڕاستێکەی *موستەشارەکان* درۆیان کرد، یان با بڵێین بەلێنێکیان دا کەوا پایەو شوێنیان شیاوی بەڵێنێکی ئاوها نەبوو. دواجار لێرەدا دەبێ باسی ڕۆڵی پێچەوانەی هێزەکانی *جاشیش* بکەین لە سەروەختی ئەنفالدا. وەك بەشدار لە تاوانی سوپادا، گومانی ناوێ کە ئەوان هاوکاربوون لە ناردنی هەزاران کورددا بەرەو مردن. یەکەکانی *جاش* ئەرك و فەرمانێکی بەربلاویان لەئەستۆ گرتبوو. ئەوان کاروانی سوپایان دەپاراستو پێش هێزەکان دەکەوتن بۆ گوندەکان بۆ ڕێخۆشکردنو سۆراخکردنی هەواڵو زانیاریی پێویست، یان بە واتایەکی تر کەوڵ سووری بەر لەشکر بوون*. ئەوان گشت هەردەو چیاکانیان دەپشکنیو بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان کە لە دەست پێشڕەویی سوپا هەڵاتبوونو دەسگیریان دەکردنو لە بەندیخانەیان توند دەکردن. فرە جاریش نامەردانە بەڵێنی خۆیان دەشکاند بۆ ڕێبەدێیو بە سەلامەتی گەیاندنی گیراوەکان. ئەوان ئاوارەکانیان تەفرەداو بەڵێنی لێبووردنێکیان دانێ کە هەرگیز لەئارادا نەبوو، واتە بەڵێنی ئەوەیان پێدان کە ئەمەش زنجیرەیەکی کۆتایی نەهاتووی پەلامارەکانی حوکوومەتە بۆ سەرلەنوێ نیشتەجێ کردنەوە، بەوەی گوایە "ژیانێکی هاوچەرخ" بۆ خەڵکەکە دەخوازن لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا. شیاوی باسیشە *جاشەکان* بەردەوام، وەك باسدەکرێ، درۆیان بۆ ئەفسەرەکانی سوپا دەکرد کەوا گوندنشینە دەسبەسەرەکان "لە شەڕدا گیراون"، وەك مەرایی کردنێك بۆ ئەوەی لێیان ڕازی بن، یان ڕەنگە بە هیوای ئەوە بووبێتن کە بە پارە یان بە شتومەك خەڵات بکرێن.

خەڵاتی شتومەك دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو و *جاش* ڕاستەوخۆ کەڵکیان لە بەرێوەچوونی ئەنفال وەردەگرت، پڕبە پێستی واتا قورئانیەکەی "تالانکردنی کافران" چونکە لە پەلاماری ئەنفالدا مەرجی ئەوە هەبوو کە "هەر شتێك لە لایەن ڕاوێژکار (*موستەشار*)ی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیو جەنگاوەرەکانیانەوە

---

* پێموایە لێرەدا بەرانبەر دەستەواژەی Cannon fodder ی دەقە ئینگلیزیەکە هەر کەوڵ سووری بەر لەشکر شیاو بێتو خۆیشی ئەو مەبەستەی هەیە ـ و.

www.dengekan.com

**دەستی بەسەردا بگیرێت ڕاستەوخۆ دەدرێتە خۆیان، تەنها چەکی قورس و ئیسنادو مامناوەندی نەبێت"[66]. "پیاوەکان بدەنە دەستی ئێمەو ماڵو کەلوپەلیش بۆ ئێوە"، ئەمە قسەی "ڕەفیق حیزبییەکی"** بەعسی بووە بۆ یەکێك لە سەرانی *جاش*[67]. "*پێشمەرگە* کافرو بێدینن‌و دەبێ وەك کافریش ڕەفتاریان لە گەڵ بکرێت"، ئەم قسەیەش بە کۆنە *موستەشارێك* وترابوو لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئەفسەرانی *ئیستیخباراتی* سوپاوە سازیان کردبوو. "ئێوە هەر ماڵو سامانێکی *پێشمەرگە* هەیەو لە شەڕدا دەستی بە سەردا دەگرن بۆ خۆتانی ببەن، ژنەکانیشیان بە پێی شەرع‌و یاسا *حەلاڵی* ئێوەیە، هەروەها تەواوی ئاژەڵو ماڵاتیشیان"[68]. ئەوی ڕاست بێت *جاشەکانیش* درێغییان نەکردو گوندە چۆڵکراوەکانیان سەرپاك بێبەزەییانە تالاندەکرد لە پێش سووتاندن‌و تەختکردندا. ئەو باسەی کەوا لێرەدا ژنێکی گوندنشین دەیگێڕێتەوە نموونەو شێوازی گەلێ حاڵەتە: "لە گەڵ پیاوەکەمدا لە ئەشکەوتێکدا خۆمان شاردبۆوە، *جاش* هاتن گرتینیاین، بەلام نە هیچیان پێوتین‌و نە گوتیان لەبەرچی‌و بۆچی.ئەوان تەنها داوای ناسنامەی مێردەکەمیان کردو لێیانسەندو نەیانگێڕایەوە. *جاشەکان* بە بەرچاوی خۆمەوە هەموو شتێکی ماڵەکەمیان برد، بە پێخەف‌و ڕایەخ‌و تەواوی کەلوپەلی ناوماڵەوە. من هیچ پارەیەکم نەبوو، بەلام چی خشڵم هەبوو برديان، هەروەها ئاژەڵو تراکتۆرەکەشیان بردین‌و هەرچییەکمان هەبوو لە عەرەبانەی تراکتۆرەکەیان بارکرد. بە هەمان شێوەش گسکیان لە هەموو ماڵەکانی گوند دا، پاشان ڕوانیم گریان لەو شمەك‌و کەلوپەلانە بەردا کە بێسوود بوون بۆ سەربازو *جاشەکان*، وەك جلوپۆشاکی**

---

[66] ڕاسپاردەی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور ژمارە: س ف 4008 لە 20 ی حوزێرانی 1987دا. بڕوانە پێشەوە لاپەڕە 136 ـ 138 .

** ئەمە کەوانی دەقە ئینگلیزیەکە خۆیەتی, ئەم زاراوەیە لە ناو کوردیشدا باو بوو وهەر ئەم شێوازە عەرەبیەی بۆ بەعسیەکان بەکاردەهات نەك هاوڕێو هەڤاڵی کوردی ـ و.

[67] ئەو تێبینیە بە ڕێکەوت گوندنشینێك گوێی لێبووە لە گفتوگۆیەکی نێوان ئەفسەرێکی سوپاو *موستەشارێکدا* بە ناوی سەعید ئاغا لە گوندی گەرەوان (ناحیەی ڕەواندز). چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، گەرەوان، 29 ی نیسانی 1992.

[68] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ کۆنە *موستەشار* محەمەد عەلی جاف، سلێمانی، 11 ی مایسی 1992.

خەڵکەکە. ئەوجا بە چاوی خۆم بینیم نەوتیان کرد بە سەر خانووەکانداو گڕیان تێبەردان"[69].

بەڵام لە کاتێکدا کە زۆربەی جاشەکان ئەو ئەرك و فەرمانانەی پێیان دەسپێردرا بە ڕێکی ئەنجامیان دەدا، لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ کەوا دوودڵیی لەمێژینەی ڕژێمی عێراق سەبارەت بە دڵسۆزیی سیاسیی میلیشیای کورد بنەمایەکی ڕاستەقینەی خۆی هەبوو, *جاشەکان* وەك تاکە کەس توانیویانە خەڵکی زۆر بە سەلامەتی دەربازبکەن بۆ شارۆچکەو کۆمەڵگاکان لە سەرەتای پاکۆدانو ڕاماڵینەکاندا. چوونکە ڕاستێکەی هەر بە بۆنەی *جاشیشەوە* بووە کەوا ئەو ژنە گوندنشینە بتوانێ تاڵانکردنو سووتاندنی ماڵەکەی ببینێو خۆیشی ڕزگاری ببێت. ژنە لە سەر قسەکانی دەڕۆیشتو دەیوت: "هەندێ *جاشی* تر بە سەر زیلەکانەوە[70] بوونو لە خاڵەکانی پشکنیندا بە سەربازەکانیان دەوت ئەو زیلە داپۆشراوانە مەڕیان تێدایە. بەم شێوەیە *جاشەکان* زۆربەی ژنو منداڵی ئەو گوندەیان ڕزگارکرد".

پێدەچێت هەندێ لە دڵنەرمیی *جاشەکان* بە هۆی بەرتیلەوە بووبێت کەوا بە ئاسانی ڕێی چەپاوکردنی پێگرتنەبەرو بەرەو نوقمبوونی تالآن و بڕۆی بردن. پیاوێکی گەنج لە گوندی قایتەوەنی ناو زەنگنەی سەر بە ناحیەی قادرکەرەم دەگێڕێتەوە کەوا چۆن پرکێشیی کردووەو قەناعەتی بە *جاش* هێناوە یارمەتی بدەن: " توانیم گەلێ خێزانو ژن و زا دەرباز بکەمو تاقم تاقم دەمبردن بۆ

---

[69] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ ، کۆمەڵگای باینجان، 18 ی مایسی 1992. ئەم شایەتە خەڵکی گڵناغاج بووە، کە گوندێك بوو لە سەرەتای مایسداو لە کاتی ئەنفالی چواردا وێرانکرا، بەڵام شتە گرنگەکانی باسوخواسی ئەم ئافرەتە لە لایەن زۆر شایەتحاڵی قۆناخە جیاجیاکانی پەلاماری ئەنفالدا دووبارە بووەتەوە.

[70] زیل مۆدێلێکی سۆڤێتی پێشووی ئیڤای سەربازیی دروستکراوی ئەڵمانیای ڕۆژهەلآت بوو، هەردوو ناوەکە لای کورد باو بوون، بەڵام لە کاتی ئەنفالدا زاراوەی ئیڤا زیاترو بەربلآوتر بەکاردەهات. ئێمە بە گشتی ئەم ئۆتۆمبیلانە بە ئیڤا ناو دەبەین.

www.dengekan.com

کەرکووكو قادرکەرەمو شوێنانی تر. لە خاڵەکانی پشکنیندا ماستو خواردنو هەرشتێکی ترم پێهەڵبسووڕایە وەك بەرتیل دەمدا بە *جاشەکان*"[71].

بەڵام چەند بەڵگەیەکی تر ئەوە دەگەیەنن کە هۆکاری گونجاو و ڕێتێچوو بۆ پیاوەتیی لابەلایی جاشەکان ئەوە بوو کە بە ڕاستیی بڕوایان بەو درۆیانە کردبوو کە بۆ خەڵکی دێهاتیان دەکردو خۆشیان هەر درۆیان لە گەڵ کرابوو. میدڵ ئیست ووچ کۆنە *موستەشارێکی* بینیوە کە فەوجەکەی لە لایەن سوپاوە زانیاریی ئەوەی دراوەتێ کە "دەچن بۆ گرتن یان کوشتن یان هێنانی پیاوی گوندەکان". بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی جیاکار بوو و لە گوندێکی پارێزگای دهۆکی باکوورەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوا ناوچەی قۆناخی ئەنفالی هەشتو کۆتایی بوو و پێدەچێت فەرمانەکانی سوپا لە گەڵ بواردا گۆڕانکاریی بەرچاویان تێدا کرابێت. ڕاوبۆچوونێکی زۆر بڵاو هەیە، بە تایبەتی لە ئەنفالی سێی گەرمیاندا، کەوا *موستەشارەکان*و ئەو کەسانەش کە ئەوان فەرمانیدەیان بوون لە نیازو مەبەستی ڕژێم بێئاگابوون تاوەکو پاکۆدانو ڕاپێچکردنەکە گەیشتە قۆناخێکی لەپێشتر.

"من قەت لە لایەن سوپاوە پێم نەدەوترا ئەو خەڵکە بۆ کوێ نێردراون"، ئەمە قسەی *موستەشارێکی* سەر بە تیرەی ڕۆغزایی جاف بوو کەوا ئەرکو کاروباری فەوجەکەی لە کۆمەڵە گوندێکی گەرمیانی باشووردا بووە، بە کوڵەجۆشەوە، کە ماڵی تەیموور عەبدوڵا ئەحمەدی تێدابوو. "من هەمیشە وایبۆدەچووم کە بەرەوخوار برابێتن[72]، هەرگیزیش بە بیرمدا نەدەهات قەسابخانەیان بۆ سازبکەن. هەموو ئەوەی کە *جاش* کردی یارمەتیدانی سوپا بوو بۆ ڕەخساندنی باشترین ڕێگای کارکردنە سەر خەڵکی گوندەکانو گرتنی ئەوانەی دەرباز دەبوونو تەسلیم کردنیان بە سوپا". ڕۆژێکیشیان لە ئەفسەرێکی پرسیبوو ئەم خەڵکە گیراوە چییان لێدەکرێت, ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:"دەیانبەین بۆ گوندی هاوچەرخ" بەڵام دواتر *موستەشارەکە* دڵی کرمێ دەبێت و لە دەرفەتێکدا سەردانی کەمپێکی سوپا

[71] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 21 ی مایسی 1992.

[72] وەك چۆن کاتی خۆی ڕوویدا، لە مەسەلەی ڕاگواستنە بە ناوبانگەکەی بارزانیەکانو خەڵکی تریشدا، لە ساڵەکانی 1970دا.

دەکات (پێدەچێت قۆرەتوو بووبێت)و لەوێ خەڵکێکی گیراوی زۆری بینیبوو، لێرەش دیسانەوە لە ئەفسەرێکی پرسیبوو کە نیازیانە چیان لێبکەن، ئەفسەرەکەش لە وەڵامدا وتبووی: "ئەوە کاری تۆ نیە". کاتێ گومانی *موستەشارەکە* بوو بە قەناعەت، بە قسەی خۆی هەستی بە پەشمانیەکی زۆر کردووە: "تفمان لە خۆمان دەکرد بۆ بەشداربوونمان لەم کارەدا کە تاوانێك بوو کردمان"[(73)].

بۆ هەندێ جاشیتر، درك کردن بە مەسەلەکە وادیارە لە سەنتەرەکەی توزخورماتووەوە سەریهەڵداو دڵیان بە تەواوی بە لای گیراوەکاندا گۆڕا. زیندانییەکی ئەو دەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "کە *موستەشارەکان* بینییان وا ژنو پیاو لێکجیادەکرێنەوە، ئیتر زانییان چ کارێك بە دەستەوەیەو زۆر بێزار بوون. بۆیە *موستەشارەکان* هەوڵیاندا بە نهێنی ئافرەتەکان دەرباز بکەن"[(74)].

ژنێکی خەڵکی گوندی وارانی، جاش گرتبوویانو بردبوویان بۆ توزخورماتوو، دابوویانە دەستی سوپاوەو بەمجۆرە لەوێ "دەسبەجێ ژنو پیاویان لێکترجیاکردەوەو خستنیانە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەوەو بردنیان بۆ تکریت. کاتێ لێمان پرسین مەسەلە چیەو چیان بە دەستەوەیە، ئەفسەرەکان وتیان تکریت باشترو لەبارترە بۆیان". لێرەدا *جاشەکان* کەوتبوونە گومانەوەو "هەندێکیان هاتن بۆ ڕزگارکردنی هەمان ئەو کەسانەی کە خۆیان پێشتر گرتبوونیانو دابوونیانە دەستی سوپاوە. بەمجۆرە *جاشێك* دە ئافرەتی ڕزگار کرد. پاشان بردنیان بۆ ماڵی خۆیانو لەوێ شاردینیانەوە"[(75)].

بەڵام پرسیاری ڕاستەقینە لە بارەی ڕۆڵی *جاشەوە* ئەوەیە کە ئایا ئەمانە لە ڕاستیدا چ جۆرە هێزێك بوونو تواناو دەسەڵاتیان تاکوێ بڕیدەکرد. لە زنجیرە پرۆسەی ئەنفالدا، میلیشیای کورد لە بنی قووچەکەکەوە بوونو لە سادەترین

---

[(73)] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ محەمەد عەلی جاف، سلێمانی، 11 ی مایسی1992.

[(74)] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتوویەکی جارانی گوندی وارانیی ناوچەی داودە، سلێمانی 12 ی مایسی 1992.

[(75)] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

www.dengekan.com

سەربازی پیادە لە سوپای نیزامیدا ئایەختر بوون. تاوەکو هاتنە سەر کاری علی حسن المجیدیش، بوون بە *جاش* جۆرە حاڵەتێکی پارێزگاریی بەو کەسە دەبەخشی. بەڵگەنامەکانی *ئەمن* لە سەر ئەو گوند ڕووخاندنەی لە ساڵی 1986 دا جێبەجێکراوە بە ئاشکرا ئەوانەی لێدەرکردووە کەوا کەسوکاریان *جاش* بووە[76]. کەچی ئێستا بارەکە گۆڕاوەو ژمارەیەك لەو گوندانەش کە سەر بە ڕژێم بوون لە گەڵ گوندەکانی تردا سووتانو بەر بلدۆزەر دران.ئەو بەڵێنانەی *جاشەکان* بە خەڵکە گیراوەکەیان دا، تەنانەت ئەگەر نیازپاکیشی تێدا بووبێت، بۆشو بەتاڵ دەرچوو. جووتیارێکی دەسڕۆی گوندی قولیجانی ناو جافی رۆغزایی لە گەرمیانی خواروو، لە گوندە سووتاوەکەی هەڵاتبوو و دەستەودامێنی فەتاحی کەریم بەگ بوو، کە دەسەڵاتدارترین *موستەشار* بوو لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی فریای بکەوێت و یارمەتی بدات, ئەمیش پێی وتبوو کە هیچ ترسێکی نەبێت, "پسووڵەیەکی پێدامو تێیدا نووسیبووی کەوا من لە گەڵ ئەوی *موستەشاردام*و حەوت سەر خێزانم لە گەڵدایە. ئەوەشی پێوتم کە ئەگەر ئەم نامەیەم پێبێت ئەوە سوپا دەست ناهێنێتە ڕێم"[77]. کابرای جووتیار گەلێ خۆشحاڵ بوو بەم چاوبەیەکتر کەوتنەو ملی ڕێگەی گرت بەرەو جادەی سەرەکی بۆ سەرقەڵا, لەوێ تاقمێ سەرباز تێیانخوڕی بوەستێ, ئەمیش بە دڵنیاییەوە پسووڵەکەی *موستەشاری* دا بە دەستیانەوە بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بگاتە جێ. سەربازەکە پرسی: "ئەم فەتاح بەگە کێیە؟"و گوزارشێکی بەکارهێنا کە تەشەرێکی ناشیرینە لە زمانی عەرەبیداو بە لاقرتییەوە وتی: "فەتاح بەگ پێڵاوەکانمە". نامەکە هیچ نرخێکی نەبوو و کابرای جووتیار لە گەڵ خەڵکە گیراوەکەدا ڕاپێچی قەڵاکەی فیرقەی 21 کرا لە قۆرەتوو.

★ ★ ★

---

[76] نووسراوێکی دەسنووسی لیژنەی کاروباری باکووری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە دیسەمبەری 1986دا باس لە ڕووخاندنی سێ گوند دەکات، بەڵام ڕەزامەندیی لە سەر ڕاسپاردەیەکی فەیلەقی یەك دەربڕیوە بۆ هێشتنەوەی ئەوانی تر چوونکە دانیشتوانیان *جاش* بوون.

[77] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

گەلێ لە *مۆستەشارەکانی* جاران باسوخواسێکی وردیان داوەتە میدلّ ئیست ووّچ سەبارەت بە ژمارەیەك كۆبوونەوە لە هەولێرو کەرکووك لە گەلّ علی حسن المجیـدو فەرماندەکانی هەردوو فەیلەقی یەك و پێنجدا. لە یەکێك لەم کۆبوونەوانە، لـە ئـابی 1988دا, ئەلمەجید بە *مۆستەشارەکانی* وتووە کەوا پەلاماری ئەنفال دەبێ ئێستا لـە بادینان دەستپیبکات، کە سەنگەری مەحکەمی KDP ی مەسعوود بـارزانی بـوو لـە باکوور. بەلاّم بە فەرمانی خودی سەدام حوسێن خۆی کوردی بادینـان دوا مۆلّەتیان دەدرێتێ "بگەڕێنەوە بـۆ ڕیـزی نیشـتمانی". تێکدەران ئەگـەر پـێش دەسـتپێکردنی عەمەلیاتی سەربازیی لەو ناوچەیەدا خۆبەدەستەوە بدەن ئەوە بەر بەزەیی دەکەون [(78)].

پاشـان ئەلمەجیـد داوایکردبـوو پرسـیاری لێبکرێـتو زۆر کـەس هەلّسابوون بـۆ قسـەکردن. یـەك لەوانـە شـێخ موعتەسـەم عبـدالکریم بـەرزنجی بـوو، *مۆستەشـارە* دەسەلاّتدارو ترسناکەکەی قادرکەرەم کەوا هەزاران خـەلّکی مـەدەنیی دابـووە دەسـت سـوپاوە. بـە پێـی قسـەی *مۆستەشـارێکی* تـر کـە لـە کۆبوونـەوەی ئـەو ڕۆژەی هـۆلّی ڕۆشنبیریی جەماوەردا لـە هـەولێر بەشـدار بـووە، شـێخ موعتەسـەم پێیـدا دیـاربووە بـەگومانو دوودلّ بـووەو پرسـیوێتی ئایـا ئـەو بەلّێنـەی لـە قۆناخـەکانی سـەرەتای

---


(78) یاداشتێك كە لە لایەن *ئەمنی* سلێمانییەوە لە 11 ی تەمووزی 1988دا دەرچووە چەسپاندنی ئەم سیاسەتە نوێیە دەردەخات. بەشێك لەم بەلّگەنامەیە دەلّێت: "هەڤالّ علی حسن المجیـد، ئەنـدامی سـەرکردایەتیی هەرێمایـەتییو سـکرتێری گشـتیی مەکتـەبی بـاکوور ئـەم خالاّنـەی خـوارەوەی ڕاگەیاندووە:
1- ئەو تێکدەرەی خـۆی بـە دەسـتەوە دەداتو چـەکەکەی دەهێنێتـەوەو ئـەوەی کـە لـەو ناوچـانە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا پرۆسـەی ئـەنفال نەیگرتووەتـەوە، لـە هـەموو تاوانێـك دەبەخشـرێ، بـەو تاوانانەشەوە کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمیو هەلاّتنەوە(لە خزمەتی سەربازی) بـەرپا کـراون. ( لێـرەدا جەختی لە سەر کراوە ).
2- ئەو تێکدەرەی بێچەك لەو ناوچانە دەگەڕێتەوە کەوا عەمەلیاتی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە، لە تاوانی چوونە پالّ تێکدەرانو کەمتەرخەمیو هەلاّتن دەبەخشرێت. ( جەختی لە سەر کراوە.)
3- نابێ هیچ تەگەرەیەك بخرێتە ڕێی ناونووسین لە فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیدا".

ئەنفالدا دراوە ڕێزی لێدەگیرێت؟[79]، بەڵام دوودڵیو ئازارەکانی ویـژدانی هاوکـارێکی کوردی ئاوها کاریگەر، ئەو پیاوەی کە ڕژێم هەر شـتێکی داوالێکـرد جێبـەجێی کـرد، بە ڕقو بێزەوە خرانە لاوە. ئەلەجید بە موعتەسەمی وتبوو: "تۆ بووی بە خـاڵێکی ڕەش بـە سـەر ئاوێنەیـەکی سـپییەوە"و ئەگـەر بهاتبایـەو دانەنیشـتایە ئەلەجیـد ئیعدامی دەکرد "تەنانەت ئەگەر خواش شەفاعەتی بۆ بکردایە"، چونکە لـە بـەردەم ڕازگـری گشـتیی مەکتـەبی بـاکووری حیزبـی بەعسدا، تەنانـەت زاتـی خـوا خۆیشـی کەمدەسەڵات بوو.

---

[79] چاوپێکەوتنیمیدلْ ئیست ووچ لەگەڵ کۆنە موستەشارێکدا، سلێمانی، 30 حوزێرانی 1992.

www.dengekan.com




ئەنفالی چوار: 3 - 8 ی مایس 1988

# بەشی شەشەم

# ئەنفالی چوار:

# دۆڵــی زێــی بــچووك

## 3 ـ 8 ی مایسی 1988

*"هەنــدێك كــوێر بــوونو هەنــدێك نەگەیشــتنە گوندەكــەی ئێمــەو هــەر بــە ڕێگــاوە گیانیــان دەرچووو هەموو ڕەش داگەڕابوون"*

*ـ نەعیمە حەسەن قادری خەڵكی گڵناغاج، باسی ڕەوكردنی خـەڵكی گونـدی گۆپتەپەی دەراوسـێیان دەكات لە كـاتی كیمیابـارانی ئـەو گونـدەدا لـە 3 ی مایسی 1988دا.*

لـە پـاش پـەلامارە كوتـوپڕە بەربڵاوەكـەی گـەرمیان ـ وا هـیچ هـەواڵێكیتر نیـە دەربارەی ئەوەی كە چی ڕوویدابوو ـ ئەو هێزانـەی *پێشـمەرگە* كـە لـەوێ مابوونـەوە بــەرەو بــاكوور ڕۆیشــتن. لــە هــەمان كاتیشــدا ســوپا خــۆی ئامــادە دەكــرد بــۆ بەرەنگاربوونـەوەیان لـەوێو دەزگای *ئستیخبارات*و *ئـەمن* كەوتنـە گـەڕان بـە شـوێن ئەوانەدا كە دزەیان كردبووە شارۆچكەو كۆمەڵگاكانـەوە، بـۆ دەسـگیركردنیان . لـە 4 ی مایسـدا بەڕێوەبــەرێتی ئاسایشــی گشــتیی فــەرمانێكی دەركــرد كــە هــەموو ئــەو

کەسانەی لە ناوچەی عەمەلیاتی یەکەم سێ ئەنفالدا لە لایەن سوپاوە گیراون بە دەسبەسەریی دەمێننەوە بۆ هەڵسەنگاندنی یەك بە یەکی حاڵەتەکان[1].

لە بەشی باکووری گەرمیاندا زۆر لە خەڵکەکە لەو داوە دەربازبوونو خۆیان کردبووە ناو قەرەباڵغیی کەس بە کەس نەبووی کەرکووكو شارۆچکە کوردنشینە بچووکەکانداو خۆیان تێکەڵی خەڵك کردبوو. بەڵام ئەوانی باشوور کەمتر ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا، چونکە لە هەر چوار لاوە بە هێزی سوپاو شاخو شارێی کۆنترۆڵکراو و ناوچەی دەشتایی بەعەرەبکراو دەوردرابوون، لە بەر ئەوە دەرفەتێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ خۆدزینەوە لە دەست وەردیانو یاساوڵەکان. تەنها خەڵکێکی کەم توانییان ئەو کارە بکەن لە توزخورماتوو و کۆمەڵگای سموودی لای کەلار (سموود: بە عەرەبی خۆڕاگرتن دەگەیەنێ). ئەوانەی کە گیرابوون بە گەورەترین کۆمەڵی بێسەروشوێنکردن دەژمێردرێن لە ماوەی پەلاماری ئەنفالدا. لە کاتێکدا کەوا ئەو نێرینانەی تەمەنیان 15 ـ 50 ساڵ بوو لە هەموو بەشەکانی گەرمیاندا بە شێوەیەکی ڕۆتینی بەکۆمەڵ تێداچوون، کەچی تەنها لە باشوور بێسەروشوێن کردنەکە ژمارەیەکی یەکجار بەرچاو ژنو منداڵی گرتەوەو، زۆربەشیان لە هەردوو هۆزی داودەو جافی ڕۆغزایی بوون. لەوەش ناچێ مەسەلەکە خێڵەکانیان بێتو لەو سۆنگەیەوە بێتو، وا دیارە هۆیەك لە ئارادا نیە وا لە ڕژێمی عێراق بکات کینەی تایبەتی بەرامبەر بەم دوو گرووپە لە دڵدا هەڵگرێ*. بێجگە لەمەش خەڵکی سەر بە هۆزی تر کە هەڵاتبوون یان پەڕەوازەی لای باشووری چەمی ئاوەسپی بوون بەر هەمان ڕەفتارو مامەڵە کەوتن. هیچ لێکدانەوەیەك یەکناگرێتەوە لە گەڵ دڕندەییو دەمارگرژیی لەڕادەبەدەری

---

[1] ئەوەی لەم بەڵگەنامەیەی خوارەوەدا هاتووە پاڵپشتە بۆ ئەو بۆچوونە، بڕوانە نووسراوی *ئەمنی* سلێمانی بۆ فەرمانگەی *ئەمنی* چەمچەماڵ: " تەواوی ئەو کەسانەی لەو شوێنانەدا خۆیان بە دەستەوە داوە کە شەڕی تێدا بەرپا بووە لە کاتی عەمەلیاتی ئەنفالی یەكو دوو و سێدا، دەبێ ڕەوانەی بەڕێوەبەرێتیەکانی ئاسایش بکرێن لە گەڵ ڕوونکردنەوەیەکی بارو هەڵوێستی سیاسیی هەریەکەیاندا بۆ جێبەجێ کردنی ئیجرائاتی پێویست (وشەیەك لێرەدا ناخوێنرێتەوە)". ڕاگەیاندنی ژمارە 2827 لە 4 ی مایسی 1988دا.

* لاموایە تیمەکەی میدڵ ئیست ووٚچ لێرەدا بەچاکی مەبەستی نەپێکابێت کەوا لەسەر بناغەی هۆزو خێڵ بۆچوونەکەی دانابێت. ڕاستە ئەم دوو شوێنە زیانی گەورەیان لێکەوت، بەڵام ناوچەکانی تریش بێبەش نەبوون لە دڕندەیی ڕژێمی عێراقو چۆنی بۆ بکرایە دەستی نەدەپاراست ـ و.

فەرماندەکانی سوپاو هەڵسوکەوتیان لە گەڵ گیراوەکان لـە مـاوەی چـەند ڕۆژی گواسـتنەوەیاندا بـۆ کەمپـەکانی کۆکردنـەوە، لـە کاتێکدا کـەوا هێشـتا زینـدووبوون. لەوێبوو کەوا دەزگاکانی *ئەمن و ئستیخبارات* جیایـان کردنـەوەو پـاش پرسـکردن بـە بـاڵاترینی دەسـەڵاتەکان بڕیـاری ئـەوە دەدرا کـەوا چـی پێویسـتە بکرێـت لەگـەڵ هەرکەسێك لە بەندکراوەکاندا[2].

هـیچ تیۆرییـەك نـاتوانێ بـە تـەواوی سـەرنگومکردنی بەکۆمـەڵی ژن و منـداڵی باشووری گـەرمیان ڕوونبکاتـەوە، لەوانەیـە لـە بەشـێکیدا ڕەنگدانـەوەی ئەقڵیـەتێکی تۆڵەکردنەوەی تێدا بەدیبکرێ بە هۆی ئەو بەرگریە توندەوە کە سوپا تووشـی هـات لـە گونـدەکانی ژێـر دەسـەڵاتی PUK دا وەك تازەشـارو هۆمـەربل و شـێخ تـەویل، چـوونکە دانیشـتوانی ئـەم شـوێنانەو خـەڵکێکی زۆری تـری وەك ئـەمان تووشـی نەهامەتیـەکی بێئامـان بـوون، یـان وەکـو تـر، تـەواوی خـەڵکی گونـدەکان بـەجارێ گسـکیان لێـدرا هەنـدێ خـەڵکی بەتەمـەنی لێبـەدەر. بـە نـەبوونی سـەرژمێریەکی هەمەلایەنەو تەواو زۆر زەحمەتە ژمارەی سەرجەمی ئەو کەسانە مەزەنـدە بکرێـت کەوا لە ماوەی ئەنفالدا لەناوبران. بەڵام بە پێیکەمترین مەزەندە دەکرێ بڵێین لای کەمەکەی دە هـەزار کورد تـەنها لـەم ناوچـە بچووکەدا بێسەروشـوێن کـراون[3]. لە ناوچەیەکی بچووکی تریشدا شـێوازێکی لـەو جـۆرە دووبـارە بووەتـەوە، ئەمـەش لـە

---

[2] ئەمە، سەرەڕای جەختکردن لە سەرشوێنی گرتنەکە، مایەی گرنگی پێدانێکی تایبەتی *ئەمن* بوو لـە ئاڵوگۆڕی نامەو نووسراودا، بڕوانە لاپەڕە 180-182 ی سەرەوە. ئۆفیسی *ئەمنی* پارێزگای هـەولێر بە پێویستی زانیوە پەنا بباتە بەر دامودەزگاکانی *ئەمن* لە بارەی بۆچوونیانەوە کـە چـی بکرێـت لـەو کەسانەی لە ژێر دەستی ئەمدان، واتە ئۆفیسی *ئەمنی* پارێزگای هەولێر.

[3] ڕەسوولْ (لەناوبردنی گەلێك Destruction of a Nation)، وایدادەنێ کە لە ماوەی ئەنفالـدا 200 گوند لەم کەرتەدا ڕووخێنراوە کەوا تێکڕا دانیشتووانی نزیکەی 35000 کەس بوون. بـە پێـی چاوپێکەوتنی زۆری میـدلْ ئیسـت وۆچ لەگـەڵ دەربازبووانـدا، ڕێـژەی بێسەروشـوێن کردنـی 30٪ پێدەچـێت پەسـەندو لـەجێی خۆیـدا بێـت. میـدلْ ئیسـت وۆچ دەخوازێـت کـەوا سـەرژمێرییەکی سـەرتاپاگیر سـازبکرێت بـۆ ڕەخسـاندنی ئـەژمارێکی وردی ئـەو کەسـانەی کـەوا کـوژراو یـان سەرنگومکراون لە ئەنجامی ئەنفالدا.

www.dengekan.com

کۆمەڵە گوندێکدا بوو بە سەر زێی بچووکەوە لە کاتی ئەنفالی چواردا و لە حەفتەی یەکەمی مایسی 1988دا.

لە پشتی شارۆچکەی چەمچەماڵەوە زەوییەکەی بە تیژی شۆڕدەبێتەوەو یەکسەر لە لای باکوورەوە دۆڵی پانو بەرینی زێی بچووک دێت، کە هێڵی سنووری نێوان هەردوو پارێزگای هەولێرو تەئمیم (کەرکووك) پێکدێنێت. (کورد بە رووبارەکە دەڵێن ئاوی دووکان، لە بەر ئەوەی لە بەنداوی سەر دەریاچەی دووکانەوە سەرچاوە دەگرێت)، ئێرە ئەو ناوچەیە بوو کە پەناگەیەکی کاتیی بەخشیە ئەو هێزانەی PUK، کەوا لە ئەنفالی سێ هەڵاتبوون. لە دەوروبەری 13 ی نیساندا *پێشمەرگەکانی* گەرمیان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە چیتر بەرگریکردن بێسوودە. ئەو رۆژە سەرکردایەتیی سەربازیی هێزی *پێشمەرگە* کۆبوونەوەیەکی نهێنییان لە تیلەکۆ کرد ـ دوو رۆژ دوای ئەوەی سوپا گوندەکەی سووتاند ـ و بڕیاریاندا پاشەکشەیەکی رێکوپێك بکەن. یەکەمجار بەرەو گوندی مەسۆیی بەرگەچ (ناحیەی سەنگاو) کشانەوە، پاشان لە 15 ی نیساندا بوون بە سێ ڕەتڵەوەو هەریەکەیان بوو بە بەرپرسی سەلامەتیی کۆمەڵێکی گەورەی ژنو منداڵ. دوو تاقمیان بەرەو ناوچەی رێدار (شوان)، لە باکووری رۆژئاوای چەمچەماڵەوە، کەوتنەرێ.[4] ئەویتر بە رابەرایەتیی کرۆکە دەربازبووەکەی *مەڵبەندی* یەك بەرەو شارۆچکەی عەسکەر*،کە ماوەی چەند میلێك لە باشووری زێی بچووکەوە دوور بوو، رێیان گرتەبەر[5]. لە ساڵی 1988دا دۆڵی زێی بچووك هەندێ شارۆچکەی بچووکی کوردنشینی لەخۆ گرتبوو، لەوانە ناحیەکانی ئاغجەلەرو تەقتەقو رێدار، لە گەڵ چەند گوندێکی گەورەدا کە بایەخی خۆیان هەبوو لە ناوچەکەدا وەك عەسکەرو گۆپتەپە. دوورتریش لای باکوورەوە دەشتی کۆیە بە ئیحتیاتی نەوتە بەکارنەهاتووەکەیەوە, ئەو ناوەی گرتبۆوە, بۆ لای باکووری رۆژئاواشەوە شاری هەولێر بوو لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی گوندەکانی دەشتی هەولێردا کەوا لە هێرشی

---

[4] رێدار شارۆچکەیەکە لە ناوەڕاستی ناحیەو ناوچەی هۆزی شواندا‌و هەردوو ناوەکە بە زۆریی لە جێی یەکتر بەکاردەهێنرێ.

* عەسکەر شارۆچکە نەبوو، گوندێکی گەورەو ناودار بوو ـ و.

[5] باسو خواسی پاشەکشەی PUK لەو چاوپێکەوتنانەی میدڵ ئیست ووٚچەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەگەڵ دوو فەرماندەی ئەوسای پێشمەرگەدا ئەنجامدراوە لە سلێمانیو کەلار، 28 و30 مارتی 1993.

بەهاری 1987 ی سوپادا بەرنەکەوتبوون. ئەمانە هەموو لەو کاتەدا بەشێك بوون لە ئامانجەکانی ئەنفالی چوار. لە لای باکوورو ڕۆژهەڵاتیشەوە عەمەلیاتەکە بە درێژایی لێواری ڕۆژئاوای دەریاچەی دووکاندا دەیگرتەوە تا کلکەی ئەمسەری زنجیرە چیای قەرەداخ.

لە کاتی دەستپێکردنی ئەنفالی چواردا ورەی سوپای عێراق لەوپەڕی بەرزیدا بوو. لە 17 ـ 18 ی نیساندا, عێراق لە دژە هێرشێکی وێرانکاریدا کە 10 هەزار کەسی دوژمنی لەناوبرد، نیمچە دوورگەی فاوی سەر کەنداوی فارسی گرتەوە، بەوەش ئابڕووی لە دەستچووی جەنگە هەشت ساڵیەکەی سەندەوەو زەمینەشی بۆ بەزینی یەکجارەکیی ئێران خۆشکرد [6].

* * *

---

[6] بڕوانە: Jupa and Dingeman, Gulf Wars, PP. 6-7

www.dengekan.com

# هێرشی کیمیایی بۆ سەر گۆپتەپە و عەسکەر

گۆپتەپە* بە مانای " گردی سەوز" دێت لە تورکیدا ـ ئەو زمانەی کە هێشتا کاریگەریی بە ئاشکرا دیارە لە ویلایەتی مووسڵی سەر بە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیی جاراندا. هەرچەندە تەواوی گوندەکە لە بنەڕەتدا بە قەد پاڵی گردەکەوە بوو، بەڵام هەندێ ماڵ لە دەشتێکی تەختایی خوار کەناری زێی بچووکدا نیشتەجێبوونەوە، ئەوە کاتەی گۆپتەپە لە ساڵی 1963دا لە سەروەختی ڕژێمی بەعسی یەکەمدا سووتا، پاش یەکەمین شەڕو پێکدادان لە ناو ئەو هەموو شەڕە توندانەی لە نێوان هێزەکانی حوکوومەتو *پێشمەرگەدا* ڕوویدەدا. ڕاستێکەی گۆپتەپە زیاتر شارۆچکەیەکی بچووك بوو لەوەی کە گوند بێتو لای کەمەکەی 300 ماڵو هەندێکیش دەڵێن 500 ماڵ دەبوو، بێجگە لەوەی کە قوتابخانەیەكو بنکەیەکی تەندروستیو دوو مزگەوتی سوننی مەزەبی تێدا بوو. کێڵگەکانی دەوروبەریشی بەرهەمێکی باشی لۆکەو گەنمو توونتو گوڵەبەڕۆژەو پەتاتەو باینجانو بیبەرو پاقلەو بامیەو ڕەزەترێو قەیسیو هەنجیرو شووتی هەبوو**، گۆپتەپە تەنانەت کارەباشی هەبوو، ئەگەرچی هێشتا ئافرەت هەر ئاوی بە کوڵی گوێدرێژ دەهێنا لە ڕووبارەکە.

گۆپتەپە دووچاری ستەمکارییەك بووبۆوە کە زۆربەی گوندەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان پێی ئاشنا بوون. لە خاڵێکی پشکنینی ناحیەی ئاغجەلەرەوە کە بە ئۆتۆمبیل نیو سەعات ڕێ بوو بە سەر ڕێگایەکی قیردا، سوپا کەم و زۆر ئابلۆوقەی ئابووریی سەپاندبوو و نەیدەهێشت هیچ جۆرە خۆراکێك بگاتە گوندەکانی ڕۆخی خوارووی زێی بچووك. لە ساڵی 1982 یان 1983داو لە دوای شەڕێکی سەختی نێوان هێزەکانی حوکوومەتو *پێشمەرگەدا*، گۆپتەپە زۆر دڕندانە بە هێزی ئاسمانیو تانكو هێزی زەمینییەوە پەلامار درا. لە نێو ئەوانەدا کە کوژران، ژنێکی

---

* گۆپتەپە، لە نووسینو نەخشەدا بە گۆکتەپە دەنووسرێت، وشەیەکی تورکیە و مانای گردی سەوز دەگەیەنێت. بەڵام کورد هەر بە گۆپتەپەی گۆدەکاتو دەنووسێت ـ و.

** دیسانەوە لێرەشدا هەر بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانەو بە تێکەڵی لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەدوێ ـ و.

تەمەن چل‌و پێنج ساڵ بوو بە ناوی مریەم حوسێن، کە هەلیکۆپتەرێك تەقەی لێکردبوو. گۆپتەپە لە ڕۆژگاری مەلا مستەفای بارزانیەوە هەر *پێشمەرگەی* تێدابووە, لە پاش ساڵی 1984یشەوە گوندەکە بنکەیەکی گرنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتەخۆ. لەبەر ئەوە بەردەوام بۆردمان دەکراو ژنێك گێڕایەوە کە "ئێمە زۆربەی ژیانمان لە ژێرزەمیندا بە سەر دەبرد"، فەوزیە ژنێکی تەمەن *شەست* ساڵ بوو، کە پرسیاری ئەوەی لێکرا هەڵوێستی خەڵکەکە چۆن بوو بەرانبەر بە *پێشمەرگە*، بە دەم زەردەخەنەیەکەوەوە وتی "خەڵك *پێشمەرگەی* خۆش دەویست، ئەی خۆ کەس ڕقی لەخزم‌و خوێشی نابێت"و *پێشمەرگە* ئەوانی لە سوپاو *جاش* دەپاراست. ئەو ژنە بەردەوامبوو لە سەر قسەکەی‌و وتی "ئەڵبەتە ئەگەر *پێشمەرگە* نەبوایە ئەوان هەر بە چەقۆ دەیانکوشتین‌و زمانیان دەبڕین"[7].

ڕۆژی سێی مایسی 1988 ڕۆژێکی دلگیری بەهار بوو. دۆڵی زێ فەرشێکی سەوزی پۆشیبوو و گوڵ‌و گوڵزار لەو ناوەدا دابووی بەیەکدا. ڕەمەزان هێشتا مابووی‌و خەڵکی بەڕۆژووبوون, ژنانی گۆپتەپە نانیان دەکردو منداڵانیش لەنێو ئاوی دووکاندا شڵپە شڵپیان بوو. بە درێژایی مانگی نیسان گۆپتەپە *پێشمەرگەیەکی* زۆری بە خۆیەوە بینی دەهاتن‌و دەچوون، ماوەیەکی کورت لە گوند لایاندەدا نانیان دەخواردو هەواڵی تێکشکانی گەرمیان‌و قەرەداخیان پێبوو, شەو لەوێ دەمانەوەو پاشان دەڕۆیشتن. بەڵام هیچ شەڕێك لە گۆپتەپە خۆیدا نەبوو و ئێستا وا 10 ڕۆژ تێپەڕیوە بە سەر گوزەرکردنی دوا تاقمی جەنگاوەرانی کورددا لێرەوە.

ڕۆژ نزیکەی سەعاتێکی مابوو, لەناکاو گرمەی فڕۆکە بێدەنگیی ئەو دەمەو خۆراوا درنگەی شڵەقاند. عەبدولقادر عبداللە عەسکەری، پیاوێك بوو لە دوا دوایی شەستەکانی تەمەنیدا، کەمێك لەولای ماڵەکەیەوە بوو کە هاژەی فڕۆکەی هاتە بەر گوێ. هەموو کەس لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا عەبدولقادرو بنەماڵە ناودارەکەی دەناسی. باوکی ئەم سەرۆك هۆزی قەڵاسێوکە بوو و سی‌و شەش گوندی

[7] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 18 ی مایسی 1992.

www.dengekan.com

ئەو هەردەو دەشتانەی دەوروپشتی ئاغجەلەر ملکی بوون. لە سەروەختی مردنیدا ملکەکانی ئەم پیرەمێردە هاتە سەرحەوت گوندو، ئەویش لە نێوان کورەکانیدا دابەشیکردو عەبدولقادر گۆپتەپەی درایەو وەك خۆی دەڵێ "من هەمیشە بەم دەستانەی خۆم کارم کردووەو قەت حەزم لە چەوساندنەوەی کەس نەکردووە"[8].

عەلیی براشی گوندی عەسکەری نزیکی وەرگرتو نازناوی عەسکەریی لەوەوە بۆ ماوەتەوە. کاتی خۆی عەلی فەرماندەیەکی پلە بەرزی PUKو جێمتمانەیەکی نزیکی جەلال تاڵەبانی بووە.

عەسکەر، کە بە پێیان سەعات و نیوێك لە گۆپتەپەوە دوورە، وا دیارە یەکەم ئامانجی فڕۆکەکان بووبێت لە 3ی مایسدا، بێگومان لەبەرئەوەی کە مەڵبەندی یەکی PUK لە پاشەکشەیدا لە گەرمیانەوە، دەیویست بنکەیەك لێرە دابنێ. پۆلێك فڕۆکەی میگ بە نزمی هەڵیانکوتا سەر گوند، کە ئەو دەمە پڕبوو لە *پێشمەرگە*، لەناکاو هەشت تڵپەی تەقینەوە پەیدابوو, بەدوایدا ستوونێك دووکەڵی سپی چوو بە ئاسمانداو بۆنێکی خۆشی نەعنای لێوە دەهات. لەو کاتەدا بای وەشتی* دەهات و بەرەو هەیدەر بەگ ڕایماڵی کە دوو میل لەولاترەوە بوو. وەختێ بارودۆخەکە روونبووەوە دەرکەوت نۆ کەسی خەڵکی عەسکەر کوژراون. هەر ئەوکاتە *پێشمەرگەکانی* PUK ڕژانە ئەو ناوەو کەوتنە لێدانی دەرزیی ئەترۆپین لەو کەسانەی بەر گازەکە کەوتبوون[9].

عەسکەر لە گۆپتەپەوە دیارنەبوو, عەبدولقادریش هیچ ئاگایەکی لە مەسەلەکە نەبوو کاتێ کە سەری هەڵبڕی تەماشایکرد فڕۆکەکان نزیك دەبنەوە. "من ئەو کاتە هیچ بایەخێکم پێنەدا چوونکە گەلێ جار بۆردمان کرابووین، وامزانی هەروەکو جارانەو نەچووینە کونە تەیارەی بەر ماڵەکانمانەوەو کەس بایەخێکی ئەوتۆی بە فڕۆکەکان نەداو پێیان ڕاهاتبووین، بەڵام کە بۆردمانەکە دەستیپێکرد دەنگەکەی لە جارانی پێشوو جیاواز بوو وەك ئەوسا ناڵەی نەدەهات. من خۆم دووکەڵەکەم بینی بەرزبووەوە، یەکەمجار سپیو پاشان بۆر هەڵگەڕاو بە پەلە ڕامکرد"، بەڵام بای

---

[8] یاسای چاککردنی زەویوزاری ساڵی 1958 ئەم شێوازی ملکایەتیەی لەناوبرد. بەڵام عەبدولقادر عبداللە عەسکەری بە ڕەزامەندیی خەڵك هەر بە دەم سپییەکی کاریگەری گوندی گۆپتەپە مایەوە.

* بای وەشت: بەو بایە دەوترێ کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەکات ـ و.

[9] چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دانیشتوانی عەسکەرو هەیدەر بەگدا، گوندی عەسکەر، 2 ی ئابی 1992.

وەشـت دووکەڵەکـەی بـەرەوڕووی ئـەم بردبـوو، "پـەنجا مـەترێك ڕامکـردو دواجـار کەوتم و لە هۆش خۆم چووم. بۆنی دووکەڵەکە لە بۆنی دەنکە شقارتەیەك دەچوو کاتێ کـە دایدەگیرسێنی". بۆمبارانەکە ڕێك لـە کاتـژمێر 5.45 ی دەمـەو ئێـوارەدا بوو، بە پێی قسەی نەسرینی بـووکی عەبـدولقادر کـە ئـافرەتێکی تەمـەن چـل سـاڵی ژنی لەتیفی کوڕی بوو، کەوا کاتی خـۆی مامۆسـتای قوتابخانـە بـووە، نەسـرین بۆیـە کاتەکەی بە وردی لەبیربوو چوونکە مـاڵێکی خۆشـگوزەران بـوون و کاتـژمێری قـەد دیواریـان هـەبوو. نەسـرین چـوار فرۆکـەی ژمـاردبوو، ئەگەرچـی هەنـدێکی تـر لـە خـەڵکی گونـد دەڵـێن شـەش بـووەو هەنـدێك ئەوەشـی دەخەنـە سـەر کـە بـۆ جـاری دووەمیش شەش فرۆکەکە گەڕاونەتەوە سەریان و بۆمبەکانیان بەرداوەتـە خـوارەوە. دووکەڵەکە، وەك نەسرین دەیگێڕایەوە سووربوو پاشـان شـین هەڵگـەڕاو بـۆنی سـیری لێـدەهات. شـپرزەییو تـرس و سـام بـەجارێ ئـەو نـاوەی گرتبـووەوەو خـەڵکی گونـد هاواریان لێهەڵسابوو و بە هەموو لایەکدا ڕایاندەکردو بە بۆنەکە دەکـەوتن، نەسـرین ئامۆژگاریـە گشـتیەکانی *پێشـمەرگەی* بیرکـەوتبووەوە کـە لـە ڕووداوی پـەلاماری کیمیاییدا وا چاکە بەرەو ڕووبار بڕۆیت و دەموچاوت بە پەڕۆی تەڕ داپۆشیت. بۆیە ئەمیش پڕیکردبوو بە کۆمەڵێ خاولیداو لەگەڵ حەوت منداڵیـدا بـەرەو ڕۆخـی زێ ڕایان کردبوو، بەڵام کچە گەورەکەی کە لە لایەکی ترەوە ڕایکردبوو دواتر گیرابـوو و بێسەروشـوێن کـرا. ئامۆژگـاریی بـەکارهێنانی خـاولیی تـەڕ ژیـانی نەسـرین و خێزانەکەی سەندەوە، هەرچەندە باکەش یەکڕاست گازەکـەی بـە سـەر ڕووبارەکـەدا بـرد بـۆ ئـەو شـوێنەی ئـەمان بـۆی هـەڵاتبوون تەنانـەت بـۆمبێکیش کـەوتبووە ئاوەکەوەو سەر ئاوەکەی پڕکردبوو لە ماسیی تۆپیو[10].

ئێستا پەیکەرێکی ساکار لە سەر ترۆپکی "گردە سـەوز" یـادی ئەوانـە دەکاتـەوە کـە لـە هێرشـە کیمیاییەکـەی گۆپتەپـەدا کـوژران. دەربـازبوان دەڵێن نزیکـەی 300 لاشەیان ناشتووە، بەڵام دواتر PUK لیسـتێکی بـە نـاوی 154 کەسـەوە دەرکردبـوو

[10] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 1 ی ئابی 1992.

www.dengekan.com

کەوا لەو پەلامارەدا کوژرابوون[11]. هەندێك لە خەڵکەکە هەر لە سەر کێڵگەو مەزراکانیان مردن لە کاتێکدا کە خەریکی کاروباری کشتوکاڵیان بوون، هەندێ لاشەش لە ڕووبارەکەدا دۆزرانەوە، پاشان چەند کەسێکی خەڵکی گوند بە بلدۆزەرێکی خواستەمەنی چاڵێکی قووڵیان لە بەردەمی ئەو مزگەوتەدا هەڵکەند کە سوپا لە هێرشێکی پێشتریدا ڕووخاندبووی‌و زۆر لاشەیان هەر ئەو شەوە شاردەوە. منەوەر یاسین، کە ئافرەتێك بوو لە سەرەتای شەستەکانی تەمەنیدا‌و یارمەتی خەڵکەکەی دابوو بۆ ناشتنی کوژراوەکان، دەیوت "هەندێکیان دەموچاویان ڕەش هەڵگەڕابوو و بە دووکەڵ داپۆشرابوو، ئەوانیتر ئاسایی بوون بەڵام وشکبووبوون، من دایکێکم بینی مەمکی لە دەمی کۆرپەکەیدا بوو و لەو دۆخەدا ڕەقبووبوو"، چەند ڕۆژێك دواتر کە هێزی زەمینیی سوپا گۆپتەپەیان وێرانکرد تەرمەکانی تریان هەروا هاکەزایی بە کۆمەڵە خۆڵ داپۆشیبوو. هیچ ماوەو چارێکیتر نەبوو لەوە زیاتر، وەك ئەفسەرێك گێڕابوویەوە بۆ یەکێکی بنەماڵەی عەسکەری کە چووبوو بە دەم ڕووداوەکەوە، چونکە ئەو دەمە دنیا گەرم بووبوو و لاشەکان لەوەدا بووە بۆگەن بکەن و ئەگەر بە دانەپۆشراوی بەجێی بهێشتنایە لەوانە بوو کێشەو گرفتی تەندروستیی بخوڵقاندایە بۆ سەربازەکانی[12]. بەهەرحاڵ ژمارەی تەواوی کوژراوەکان هەرچەند بووبێت، بەڵام قورسترین زیانی پەلامارێکی کیمیایی سەلمێنراو بوو، هەڵەبجەی لێبترازێ کە شەش حەفتە لەوەوبەر ڕوویدابوو.

* * *

خەڵکی دێهاتەکان دەگێڕنەوە کە دوابەدوای پەلامارەکەی گۆپتەپە، ئاوی زێ خێرا زیادیکرد، ئەوە فێڵێك بوو ڕژێم پێشتریش لە پەلامارەکانی تردا بەکاریدەهێناو کونی ئاوەکانی بەنداوی دووکانی دەکردەوە بۆ ڕێگەگرتن لە هەر

[11] ناوی 38 کەس لە دوو خێزان، لەوانی کە لە پەلامارەکەدا کوژراون، دراوە بە میدڵ ئیست ووچ، ئەمانە زیاد لە نیوەیان منداڵن. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولقادر عبداللـه عەسکەری‌و دانیشتوانی دیکەی جارانی ناوچەکە، کۆمەڵگای دارەتوو و گوندی گۆپتەپە، 20 ی نیسان و 24 ی مایسی 1992.

[12] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 4 ی تەمووزی 1992. لە ئەنجامی هەندێك پەیوەندیی ڕەسمیدا، ئەم خزمە، کە وەك شارنشینێك ئەنفال زیانی پێنەگەیاندبوو، مۆڵەتی پێدرا لە پاش پەلامارە کیمیاییەکە بچێتەوە بۆ گۆپتەپە بۆ سۆراخکردنی کەسوکاری.

هەوڵدانێك بۆ پەڕینەوە لە ڕووبارەكە بە نیازی هەڵاتن و دەربازبوون. ئەو خەڵكەی لە گۆپتەپەو عەسكەرو هەیدەربەگ بەسەلامەتی دەرچوون بە گشت لایەكدا پەرش و بڵاوبوونەوە, هەندێك بەرەوخوار بۆ لای چەمچەماڵ ڕایانكرد بە هیوای دۆزینەوەی پەنایەك لە كۆمەڵگاكانی تەكیەو باینجان لە سەرجادەی سەرەكیی سلێمانی. هەندێكیتر بەرەو ڕۆژئاوا ملیان نا بە لاڕێو بزنەڕێكانداو بە شانی زێدا شۆڕبوونەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی. زیاد لە پەنجا خێزانی خەڵكی عەسكەر لە بەیانیی 4 ی مایسدا لە لایەن ئەو هێزانەوە كە بە سەر جادەی سەرەكیدا دەهاتنە پێشەوە گیران و بە لۆری بەرەو ڕۆژهەڵات گوێزرانەوە بۆ كۆمەڵگای سووسێ.

عەبدولقادر پاش ئەوەی بە هۆی كاریگەریی كیمیاییەكەوە لە هۆش خۆی چووبوو، ئاگای لە هیچ شتێكی تر نەمابوو تا بەیانیی ڕۆژی ئاینده كە لە ژوورێكی نامۆدا بەخەبەر هاتبۆوە. ئەو كاتە دەنگێك هاتبووە بەرگوێی كەوا گەیشتووەتە گوندی مامڵێسی كە نزیكەی پێنج میل لە ڕۆژئاوای گۆپتەپەوە بوو، چوونكە لەتیفی كوڕی بە بێهۆشی گەیاندبوویە ئێرە. لەو كاتەدا بۆنی سووتاویی دەهات كە تەماشای دەرەوەیان كرد ڕوانییان زۆربەی خانووەكانی مامڵێسی گڕیان گرتووە، ئەوجا عەبدولقادرو لەتیف بە پەلە خۆیانكردە ناو ژێرزەمینێكداو لەوێدا ماوەی سێ ڕۆژو دوو شەو مانەوە تا لەناكاو دەركەی ژێرزەمینەكە درایە بەر دەسڕێژی گوللەو ئەمانیش بە پەلەپرووزێ ڕایانكردە دەرەوەو تەماشایان كرد چوار زرێپۆشی نەفەرهەڵگرو ئیڤایەك و هێزێكی سەرباز بە فەرماندەیی ڕائیدێكی سوپا لەوێدان. بەمجۆرە پیرەمێردو كوڕەكەی خۆیان بەدەستەوەداو ڕاپێچكران.

هەر لەودەمەدا نەسرینی بووكی عەبدولقادرو حەوت منداڵەكەی بە دەم گریان و هاوارەوە پەنایان بردە بەر ئەشكەوتێك كەوا سی كەسی ئاوارەی گۆپتەپەو بیستی خەڵكی مامڵێسیشی تێدا بوو، لەوێ لە كاتژمێر پێنجی بەیانیی 4 ی مایسدا چوونەدەرەوەو ڕوانییان هەلیكۆپتەر لای خوارەوە بە سەر دۆڵەكەدا دەسووڕێتەوە، هەندێك لە پیاوەكان دوربینیان پێبوو بێدەنگ تەماشایاندەكرد ئەو بەیانیە درەنگانێك هێزەكان چوونە ناو گۆپتەپەوە. ئەم باسوخواسە لە بەڵگەنامەكانی

پەلاماری ئەنفالی چواری سوپادا ڕەنگدەداتەوەو وایان تۆمارکردووە کەوا هێزەکان کاتژمێر 5.30 ی سەرلەبەیانیی 4 ی مایس چوونەتە عەسکەرەوەو بەرەو باکوور بۆ گۆپتەپە پێشڕەوییان کردووە[13]. نەسرین و منداڵەکانی هەر کە هێزەکانیان بینی نزیك دەبنەوە، هەڵاتن بۆ ناو هەردەو چیاکان و بەختێکی باشیان هێنا چوونکە ماوەی دە ڕۆژ لەو ناوەدا بە سەری زیندوو مانەوەو لە دواییدا بە سەلامەتی گەیشتنە کۆمەڵگای تەکێ، بەڵام بووکێکی تریان کە فەهیمەی ناوبوو، بێبەخت بوو هێزەکان لە گوندی جەلەمۆرت گرتیان و بێسەروشوێن کرا. (سەرباری ئەمەش یەکێکی تری ئەو خێزانە کوڵۆڵ وماڵوێرانە کە منداڵێکی تەمەن سێ مانگ بوو بە ناوی ئاڤانەوە ، گرفتاری بەسەرهاتێکی وابوو کە مەسەلەی منداڵ فڕاندنەکەی سوپای ئەرجەنتینی وەبیرهێنایەوە لە سەردەمی "جەنگی پیس" ی ساڵانی 1970دا. ئاڤان لە هێرشە کیمیاییەکە ڕزگاریبوو، ئەگەرچی دایکیو براکانیو خوشکەکانی هەموو کوژران، چونکە *جاشێك* ئەم منداڵە شیرەخۆرەی لە بێشکە دەرهێنابوو و بردبووی بۆ ژنە بێمنداڵەکەی خۆی لە کۆیسنجق. دواجار منداڵەکە مامێکی وەریگرتبۆوە.)

★ ★ ★

## داوی ئەنفال لە ڕۆژهەڵاتی تەقتەقدا

لێرەش وەکو گەرمیان، لەوەدەچێ هێزەکانی سوپا ستراتیجی گەمارۆدانی پەیڕەو کردبێت، چوونکە لە کاتی پەلاماردانی ناوچەی ئەنفالی چواردا لایکەمەکەی دە دوانزە ڕەتڵی جیاجیا لە چەند قۆڵێکەوەو لە یەك کاتدا هێرشیان کرد. بەش بەشی ڕاپۆرتە دەسنووسەکانی ئەنفالی چوار لە لایەن فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە، فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم، ئەوە دەردەخەن کەوا ڕەتڵی هێزەکان لە هەموو

---

[13] ڕاپۆرتی ڕۆژانەی دەسنووسی ژمارە 8184 ی مایسی 1988 لەلایەن (ناوەکەی ناخوێنرێتەوە) فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سەربازی.

قۆڵێکەوە لە گەڵ یەکەم گزنگی بەرەبەیانی 4 ی مایسدا داویانە بە سەر دۆڵی زێی بچووکدا، دوانزە سەعات دوای بۆردمانە کیمیاییەکەی عەسکەرو گۆپتەپە. بەشێکیان لە کۆیسنجقەوە پێشڕەوییان کرد بۆ گوندەکانی لێواری باکووری زێی بچووك، بەشێکی دیکەش لە ڕۆخی باشوورەوە مۆڵیان خواردو لە سووسێو چەمچەماڵەوە پێشڕەوییان کرد، دوو کاروانیش لە تەقتەقەوە دەرچوون، یەکێکیان بۆ باکوور ڕووەو کۆیسنجق ڕۆیشت و ئەویتریان لە زێ پەڕییەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی.

زۆربەی ڕەتڵەکان ڕاپۆرتیان لە سەر بەرگرییەکی کەم و هاکەزایی داوە، بەڵام لە دوو شوێن *پێشمەرگە* شەڕی چاکیان کردووەو هێزەکانیان لە جێی خۆیاندا وەستاندووە، لە گەڵ ئەوەشدا کە بەردەوام ئاگری تۆپخانەو ڕۆکێت پاڵپشتی ئەم هێزانە بووە، سەرلەبەیانی 4 ی مایس فەریق ڕوکن هاشم ڕاپۆرتی لە سەر "بەرەنگاریی توند" داوە لە چیای تەکەڵتوو کەوا چەند میلێك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تەقتەقەوەیە، بەڵام لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا شاخەکە "پاککرایەوە دوای کوشتنی نۆ کەسیان کە لاشەکانیان هەر لەو شوێنەدا بەجێماوە". لە دۆڵی سەخت و هەڵەتی چەمی ڕێزاندا، لە ڕۆژهەلاتی گۆپتەپەوە، ئەو ڕەتڵەی لە سووسێوە بۆی چوو گوند بە گوند گرفت و تەگەرەی دەهاتە ڕێ "کاتژمێر 740 گەیشتە سوورقاوشان و بەرەنگاری تێکدەران بووەوە کە ژمارەیان 20 ـ 25 کەس دەبوو، کاتژمێر 900 توانی گوندەکانی عەودالان و کەلەباش بسووتێنێ پاش تێکشکاندنی بەرگری. کاتژمێر 945 گوندی تەلانی سووتاند لە پاش تێکشکاندنی بەرگریی چوار تاقم لە تێکدەران کە هەریەکەیان دە کەس دەبوون" ئەم بەرگریانە بە ڕادەیەك بوون کەوا جەنەراڵ هاشم بە پێویستی بزانێ داوای یارمەتیی زیاد لە 700 کەس لە هێزەکانی *ئەمن* بکات کە بە هەلیکۆپتەر لە سلێمانییەوە گوێزرانەوە[14].

---

[14] ڕاپۆرتی دەسنووسی مەیدانیی ڕۆژانە لە لایەن فەرمانـدەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سەربازیی ژمارە 8179/19، کاتژمێر 0500، 5 ی مایسی 1988.

www.dengekan.com

بۆ دواینیوەڕۆیەکی درەنگی 4 ی مایس دۆڵی چەمی ڕێزان کپ و بێدەنگ بووەوە[15]. ڕۆژی دواتر تەنها ناوبەناو لە گۆپتەپەو ئەوبەری ئاو لە گۆمەشین کەمێك شەڕە تفەنگی تێدابوو، لە 6 ی مایسدا تەواوی ناوچەکە لە لایەن سوپاوە کۆنترۆڵ کرا، دوو ڕۆژ دوای ئەوە یەکەکان بە لێواری دەریاچەی دووکاندا بەرەوژوور هەڵکشان و بە دەم ڕێوە هەرچیەکیان تووش بووایە دەیانسووتاند، لە 8 ی مایسدا ئەنفالی چوار تەواوبوو.

بە درێژایی زێی بچووکدا ئەمبەرو ئەوبەر بە تەواوی وێرانکرا، ئەوانی لای باکوور کەمتر ڕێگای دەربازبوونیان بۆ ڕەخساو زۆر بە خراپی بەرکەوتن و نزیکەی 1680 کەس ناونووسکراوە کە بێسەروشوێن کراون لە شەش گوندی گەورەی کلێسە، بۆگد، کانی بی، قزلوو، کانی هەنجیر، گۆمە شین. زۆر لە خەڵکەکەی گوندەکانی کەناری باشوور، وەك نەسرین و منداڵەکانی بە سەلامەتی گەیشتنە کۆمەڵگاکان، هەرچەندە ئەوانەی کە لەناوچوون کارەساتێکی سامناك بوو، نزیکەی 500 کەس تەنها لە گۆپتەپە مەزەندە دەکرێ سەرنگوم بووبێتن و سەدانی تریش لە گوندەکانی وەك گڵناغاج، گردخەبەر، جەلەمۆرت، قەسرۆك و قامیشە سۆراخیان نەما[16]. ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ڕۆژانە کە لە لایەن فەیلەقی یەکەوە دەردەچوو، بۆ ڕۆژی 6 ی مایس مەزەندەی ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە ژن و منداڵ بوون، ڕاپۆرتەکە هەروەها تێبینی ئەوەی داوە کە ئەوانەی ئەو ڕۆژە لە نزیك تەقتەق خۆیان بە دەستەوە داوە 60 پیاو, 129 ئافرەت و 396 منداڵ بوون, بێجگە لە 37 تێکدەر[17].

---

[15] ڕاپۆرتی دەسنووسی ڕۆژانەی ژمارە 8276 لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سەربازی، 6 ی مایسی 1988.

[16] ئەمانە تەنها ئەو گوندنشینە دەربازبووانەن کە میدڵ ئیست وۆچ توانیویێتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات. بە پێی ڕەسووڵ (واتە کتێبەکەی شۆڕش ڕەسووڵ, لەناوبردنی میللەتێک ـ و) حەفتاو پێنج گوند لە ناحیەی ئاغجەلەر لە ماوەی ئەنفالی چوارەمدا وێرانکراوە، لەگەڵ بیست وچوار گوندی سەر بە ناحیەی مەرکەزی کۆیە، پەنجا و دووی ناحیەی تەقتەق و شەست و یەکی ناحیەی ڕێدار. بەڵگەنامە سەربازییەکانیش باس لە 138 گوند دەکەن کە "سوتێنراون و ڕووخێنراون و پاکتاوکراون" لە ماوەی ئەنفالی چواردا، لێرەشدا هەروەکو حاڵەتی ئەنفالی سێ ئەم لیستانە زۆربەی ئەو گوندانە دەگرێتەوە کە دەربازبوانی ڕاپۆرتی بێسەروشوێنکراوە مەدەنیەکانیان داوەتە میدڵ ئیست وۆچ.

[17] ڕاپۆرتی دەسنووسی ڕۆژانە ژمارە 8280 ی 6 ی مایسی 1988 لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ عەمەلیاتی سوپا.

ئەو خەڵکەی کەوا لـە بـاکووری ڕووبارەکەوە دەژیـان هـیچ ڕێگەیـەکیان نـەبوو هەواڵی پەلامارە کیمیاییەکەی گۆپتەپـەیان پێبگـات، چوونکە هێزەکـانی سـوپا ئـەو قەیاغــەیان لەکارخســتبوو کــە گوندنشــینان بــەکاریان دەهێنــا بــۆ ڕاکێشــانی کەڵەکەکانیان لە پەڕینەوەدا، بەڵام هەڵاتنی پڕ لـە تـرس و تـۆقینی دەربـازبوان، کـە زۆریان کوێربووبوون یان بە ڕێگاوە دەمردن، خەڵکی گوندەکانی باشووری زێـی لـەو ڕاستیە ئاگادارکردەوە کـە ئێستا وا ئـەنفالیان پێگەیشتووە, هەنـدێك هـەر ئەوەنـدە هـەواڵی گۆپتەپـەیان بیست هـەڵاتن و هەنـدێکیش هـەر لـە شـوێنی خۆیـان مانـەوە. پـاش کیمیابارانەکـەی ئـەو ئێوارەیـە لـە نیوەشـەودا خـەڵکێك کـە لـە "بـۆنی سـێو" ڕزگاریـان بووبـوو گەیشـتنە گونـدی داربـەڕوو، کـە بـە پێیـان سـەعات و نیوێـك لـە ڕۆژئاوای گۆپتەپەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خـەڵکی داربـەڕوو پێدەچوو هەسـتیان بـە گەرماوگـەرمیی ئـەو مەترسـیە نـەکردبێت و ئـەو شـەوە هـەر لـە جێـی خۆیانـدا مابوونەوە, بۆ کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوایـی کـاتێ بـە خۆیانیـان زانـی *جاش* و هێزی سوپای نیزامی کە لە تەقتەقەوە هاتبوون چواردەوریان گرتن، فڕۆکـە بە ڕاسەرەوە بۆردمانی دەکردو هەلیکۆپتـەریش فڕوهـووڕی بـوو بـە سـەر دێـداو بـە بڵندگۆ جاڕیاندەدا: "وەرنـە دەرەوە، لێبـووردنی گشـتیتان بـۆ دەرچـووە "، بـەمجۆرە خەڵکی گوند دەسگیرکران و لە ئیڤایان بـارکردن و ڕەوانـە کـران, مـاڵ و خانووشـیان گڕی تێبەردرا[18].

لە نیوەشەودا بەشێکی تری دەربازبووانی گۆپتەپە لایانـدابووە گردخەبـەر، کـە گونـدێکی ناوچـەی *شـێخ بزێنـی* بـوو، خـەڵك لێـرە پێشـتر هەسـتیان کردبـوو کـە دەقەومێت و هەندێك لە پیاوان لە ترسا ژن و منداڵیان نـاردبوو بـۆ شارۆچکەکان و خۆشیان پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتی هـەردەو چیاکانی دەوروپشتیان. هـەروەك لە گەرمیان ڕوویدا لێرەش هەمان بەڵێنی ساختەی لێبووردن دەدرا بەوانـەی خۆیـان

---

[18] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆیسنجق، 22 ی نیسانی 1992. ئەم شایەتە ناوی یانزە کەسی لە پیاوە بێسەروشوێنەکانی گوندی داربەڕووی لابوو.

www.dengekan.com

بەدەستەوە دەدەن، لە لایەن قاسم ئاغاوە، کە *موستەشارێکی* یەکەڵە چاوی خەڵکی کۆیسنجق بوو و خەڵك بە" *قاسمە کوێر*"* ناویان دەبرد. بە هۆی ئەم فێڵەوە هێزەکانی قاسم ئاغا دوو سەد پیاویان گرت، لەوانەی کە لە گردخەبەرو دەوروبەری هەڵاتبوون، بەڵام هەندێکی تر هێشتا هەر لە گردخەبەردا مابوونەوە کاتێ کە ڕزگاربووەکانی گۆپتەپە گەیشتن، بۆ ڕۆژی ئایندە لە تاریك و ڕوونی بەرەبەیاندا لەناو گونددا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چیبکەن. هەندێك لە گەنجەکان بڕیاریاندا چارەنووسی خۆیان ببەستن بە *پێشمەرگەوەو* بچنە شاخ و وادیارە هەندێك بەم ڕێگەیە ڕزگاریان بوو، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە وایبۆچوون کەوا هیچ چارێکیتر نیە لە خۆبەدەستەوەدان بەولاوە. بەم ڕەنگە ئەو بەیانیە بەرەو گوندی قامیشە ڕێگەیان گرتەبەر، چوونکە دەیانزانی کە سوپا لەوێیەو لەوە دەترسان نەوەك ئەمانیش کیمیاییان بە سەردا بکرێت. خەڵکەکە بە نۆ عەرەبانەی تراکتۆر دەرچوون و دوو سەعاتی برد تا گەیشتنە قامیشە. لەوەدەچێ سوپا بە تاکتیك قامیشەی دیاری کردبێت کە هەمان ڕۆڵی گوندەکانی وەك ملەسوورەو ئەلیاوای گەرمیان ببینێت، وەك سەنتەرێکی کۆکردنەوە بۆ ئەوەی گوندنشینە هەڵاتووەکانی بۆ ڕابدەن. ئاوارەکانی گردخەبەر سەیریان کرد قامیشە هێزێکی *جاشی* تێدایە بە فەرماندەیی *موستەشارێك* کە ناوی بورهان شوانی بوو، هەروەها هێزی نیزامیی سوپاشی تێدابوو لە گەڵ هێزێکی کۆماندۆی بەرگ بەڵەکدا (*مەغاویر*)*. پیرەمێردێکی دانیشتووی گردخەبەر دەیوت "سوپا تەقەیان بە سەر خەڵکەکەدا دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر بیانترسێنن و، بگرە لەگەڵ خەڵکی پیرو بەتەمەنیشدا بێبەزەیی بوون"[19]. پیاوێکی خەڵکی گردخەبەر بە ڕواڵەت خەڵکی نزیکەی شەش حەوت گوندی ناسیبۆوە کە لەوێ گیردرابوون، ئەفسەرێکی سوپا کە دوو ئەستێرەی لە سەر شان بوو (مولازمی یەکەم) دەیپشکنین و "پارەو گوارەی ئاڵتوون و هەموو شتێکی" لێدەسەندن، هەروەها ناسنامەکانیشیان لێسەندن و هەرگیز بۆیان نەگێڕانەوە. پێدەچێت سوپا هەندێ ئیجرائاتی جیاوازی پەیڕەویکردبێت لە

---

* لە دەقە ئینگلیزیەکەشدا هەربە کوردیو بەم شێوەیە هاتووە ـ و.

* لە دەقەکەشدا هەر بەو شێوەیە هاتووە (Maghawir) , مەغاویر یەکەی تایبەتی سوپای عێراق بوو مەشقکردنیشیان جیابوو و ئەرکی سەربازیی تایبەتیان پێدەسپێردرا ـ و.

(19) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

پـەلاماردانی جەلەمۆرتـدا، کـە گونـدێکی تـری ناوچـەی شـێخ بزێنـی بـوو و مـاوەی چـەند میلێـك دەکەوتـە خـوار گردخەبـەرەوە، هێزەکـان تـا 6 ی مـایس نەگەیشـتنە جەلەمۆرت، بەڵام خەڵکەکەی کە دەنگوباسی بۆمبارانی گۆپتەپەیان لـە *پێشـمەرگەی* هەڵاتووەوە بیست، هـەڵاتن بـۆ شـاخ و لەگـەڵ سـەدان و بگـرە ڕەنگـە هـەزارانیش لـە خـەڵکی ئـاوارە خۆیـان لـە ئەشـکەوت و بندارەکانـدا شـاردەوە، بـەڵام هـەر زوو سـوپا ئابلۆوقـەی دان و کەوتنـە تەقـەکردن لێیـان و دوو پیاویـان کوشـت و ئـەوانیتر خێـرا هاتنـە دەرەوەو دەسـتیان بـەرزکردەوە. هێزەکـە هـەر لەوێـدا ژن و پیاویـان لـە یـەك دابـڕیو خەڵکەکـەی جەلـەمۆرتیان دایـە بـەر بـۆ گوندەکـەی خۆیـان، لێـرەش وەکـو قامیشە پارەو نەختینەو ناسنامەیان لـە هـەموو کەسـێك سـەند، لـە هـەمان کاتیشـدا *جاش* و سەربازەکانی تـر ماڵـەکانیان پـاك تـاڵانکردن، لـەو سـاتەدا کـە بڕێـك خـانوو ئاگری تێبەردرابوو و هەندێکی کۆنکریتیش شۆفڵیان لە سـەر بـوو تـەختی دەکـردن، سـێ ئۆتـۆمبێلی بارهـەڵگری سـەربازیش لـەو نزیکانـەوە وەسـتابوون، دیمـەنی تاڵانوبڕۆکەش هێندە ناقۆڵاو دزێو بوو کە جاشێك لە تاوا خۆی پێنەگیراو بە دەنگی بەرز نـاڕەزایی دەربـڕی، بـەڵام ئەفسـەرێکی سـوپا بـە تووڕەییـەوە پیایـدا هەڵشاخاو وتی: "ئەمانە بۆ کوشتن دەبرێن و ناتوانن پارەو زێڕ لەگەڵ خۆیـان ببـەن، چوونکە قانوونی دەوڵەت دەڵێ دەبێ ئەمانە لەناودرێن". لەم کاتەدا فەرمانـدەی ئـەو هێـزەی *جاش* هات بە سەرداو *جاشە* یاخیبووەکەی چەککردو پێیوت: "ئەمە یاسای دەوڵـەتی ئێمەیەو تۆ ناتوانیت هیچ شتێك بکەیت"[20].

ئەوجا لـە جەلـەمۆرت هـەر لـە کـاتی گرتنیانـدا ژن و پیـاو لـێکتر جیاکرانـەوەو چـاوەڕێی سـەنتەری کۆکردنـەوەیان نـەکرد ئـەو کـارە ئـەنجام بـدات، ئـەم کـارە لـە گڵناغـاجیش دووبـارە بـووەوە (ئەگەرچـی دواجـار ژنـی شـووکردوویان لەگـەڵ مێردەکانیـان نـارد)، بـەڵام لـە قـەرەناو کـە لـە نزیـك شارۆچـکەی تەقتەقدایـە، ژنەکانیان هێشتەوەو کەس نازانێ لە بەر چ هۆیەك بوو. پیرەژنێکی خەڵکی قـەرەناو

---

[20] چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.

www.dengekan.com

بە میدڵ ئیست وۆچی وتووە کەوا "ئەفسەرەکانی سوپا هەموو پیاوەکانیان بردو ئێمەشیان تا دوو ڕۆژ لە گوندا گلدایەوە، ئێمە نەماندەتوانی نە نان بخۆین و نە هیچ شتێ بکەین، تەنها لە ڕیزێکی گەورەدا دانیشتبووین، کاتێ کە لە ناو گوندا چاوەڕێمان دەکرد *جاش* و سەرباز سەرپاك ماڵەکانیان سووتاند"[21]. لە پاش ئەو دوو ڕۆژە ژنەکانی قەرەناو بە پاسی سەربازی بران بۆ چەمچەماڵ و لەوێ لە سەر شەقامەکان هەڵیانڕشتن. "لە سەربازەکانم پرسی بۆچی ئا بەم جۆرە لەم شارەدا بەجێمان دەهێڵن، کە کەسی تێدا ناناسین، لە وەڵامدا وتیان ئێوە زۆر خۆشبەختن کە لێرە وازتان لێهێنراوە، پیاوەکانتان هەموو ڕەوانەی دۆزەخ کران".

لە لای باکووری زێی بچووکەوە هەمان شت بە زۆری دووبارە بووبۆوەو ئەو ڕەتڵەی لە کۆیەوە دەرچوو گوند بە گوندی دەگرت و وێرانیدەکرد، بۆ نموونە گوندەکانی گۆمەشین و کلێسە کەوا کەوتبوونە سەر ڕۆخی باکووری زێ، ڕێك بەرانبەری گۆپتەپە. لە 4 ی مایسدا ئەنفال گەیشتە کلێسە، واتە ڕۆژێك دوای کیمیابارانەکە، ئێرەش وەك گۆمەشین بنکەیەکی PUK ی تێدابوو و بەردەوام *پێشمەرگەی* زۆری لێبوو، ژنێك لێرە وایلێکدەدایەوە کە "ڕۆحی ئێمە لە مێشکی ئەواندا بوو". زۆربەی خەڵکەکە دوو ساڵ پێش ئەنفال لە کلێسە دەرچووبوون و خانووی تازەیان لە سەر زێ دروستکردبوو، لە شوێنێکی تەنگەبەری گەلیی ئاسادا، ئەوان بەم شوێنەیان دەوت قوڵتی کاریز "واتە چاڵی جۆگەلەی ژێر زەوی". ئا لێرەدا بوو کە ئەنفال بەرۆکی گرتن و پاش هەوڵدان و پەلەقاژەیەکی کەمخایەن بۆ خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتی چیاکاندا سەرجەم هەر هەموویان بەکۆمەڵ گیران و بێسەروشوێن کران.

لە ئۆکتۆبەری 1986دا گۆمەشین و قزڵووی دەراوسێی ڕق و تووڕەییەکی بێئەندازەی ڕژێمیان وروژاند، کاتێ کە تاقمێك پاسداری ئێرانی بەم دوو گوندەدا گوزەریان کرد، لە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی نائاساییدا لە سنوورەوە. پاش ماوەیەکی کەم فڕۆکە گۆمەشینیان دایە بەر مووشەك و خەڵکەکە بە تۆڵەکردنەوەیان لەقەڵەم دا. پارچە مووشەکێك بەر ژنێك کەوت ناوی ئایشە بوو لە کارێزەکەوە ئاوی دەهێناو دەسبەجێ کوشتی. یەکێکیتر دیواری ماڵێکی کون کردو ژنێکی بە ناوی هاجەرو

---

[21] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای باینجان، 18 ی مایسی 1992.

مندالـە تەمـەن هـەژدە مانگەکـەی برینـدار کـرد، لەبـەر ئـەوەی ئۆتۆمبیـل نـەبوو بیانگەیەننە نەخۆشخانەو برینەکانیان تیماربکەن هەردوکیان پاش چەند سەعاتێك مردن.

ئـەو *پێشـمەرگانەی* لـە تێکشـکانەکەی باشـووردا هـەڵاتبوون, لـە ڕۆژانـی پـێش ئەنفالی چواردا لە گۆمەشین یەکیانگرتەوە. کوڕێکی هـەرزەکاری خـەڵکی گۆمەشـین، کـە لـەو دەمـەدا تەمـەنی سـیانزە سـاڵ بـوو، مەزەنـدەی 200 ـ 300 *پێشـمەرگەی* دەکرد کە لە سەرەتای مایسدا لەو نـاوەدا بـوون. ڕۆژێـك دوای هێرشـە کیمیاییەکـەی گۆپتەپە بڕیاریانـدابوو بـڕۆن بـۆ ئێـران و تراکتـۆری گوندنشـینەکانیان گرتبـوو بـۆ گواستنەوە، خەڵکی گۆمەشین دەستەودامێنیان بوون و زۆریان لێپاڕانەوە واز بێنن و تاقـە ئـامرازی دەرچـوونیان لـە دەسـت نەکەنـەوە، بـەڵام *پێشـمەرگە* گوێیـان بـە نارەزاییـان نـەدا. بەهـەرحاڵ, دەمەوبـەیان تراکتۆرەکـان بـە بـەتاڵی لەگـەڵ شۆفێرەکانیان گەڕانەوەو خەڵکی گوند پێیان هەڵاتن بەرەو لای کۆیـە [22]. بـۆ ڕۆژی دوایـی فڕۆکـەو هێـزی زەمینیـی عێـراق پـەلاماری گۆمەشـینیان دا، گـەلێ کـەس لەخەڵکی گوند لە کاتی ڕاکردندا گیران و سەرنگوم کران. شایەتێك دەگێڕێتەوە کەوا 115 کەس لە خەڵکی گۆمەشین "*ئـەنفالکراون*", یـەکێکیتر ئـەو ژمارەیـە بـە 130 دادەنێت[23]. لە 6 ی مایسدا فەیلەقی یەك ڕاپۆرتی داوە کە گوندەکانی گۆمەشـین و گردخەبەرو زنجیرە گوندێکی تریش هەموو تەختی زەوی کران[24].

---

[22] وەك چەمچەماڵ لە ئەنفالی سێدا، کۆیەش بوو بە ئامـانجی مـاڵ بـە مـاڵ پشـکنینێکی تونـد بـۆ دۆزینەوەی دەربازبوانی ئەنفالی چوار، زۆر خەڵك لە ئەنجامی ئەم پشکنینەی *ئەمندا* شوێنبزر بوون.

[23] چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 7و8 ی تەمووزی 1992.

[24] ڕاپۆرتی دەسنووسی ڕۆژانە ژمارە : 8276 لەفەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سوپا، 6 ی مایسی 1988. وا دیارە ئەم قۆناخەی ئـەنفالیش هەنـدێ خـەڵکی لـووش کـردووە کـە مەبەست و نیشانی ڕاستەوخۆ نەبوون. مەسەلەیەکی سـەیر و سـەرنجڕاکێش بـە سەرشـۆفێرێك و دوو کۆڵکێشدا هاتووە، کەوا یەکێکیان بیست و پێنج ساڵ پۆلیسی عێراق بووە و ناوی خەسرەو خـدر سەعید بووە لە شارۆچکەی کۆیە، پێدەچێت لە سەرەتای مایسدا بووبێت کە ئەمانە هەرسێکیان لـە بازاڕدا بوون و *ئەمنێك* و سێ *جاشی* قاسم ئاغا لێیـان چـوونەتە پێشـەوەو فـەرمانیان پێکـردوون لـە گەڵیاندا بڕۆن و لە ڕێگا پێیان وتوون کەوا هەندێ کەلوپەلیان هەیـە بیگوێزنـەوە. خێزانـی خەسـرەو

www.dengekan.com

* * *

## نـــــاوچەی شـــــــوان

لە کاتێکدا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تەقتەق بەمجۆرە وێرانکرا، یەکەکانی تری سوپا بەرەو ناحیەی شوان (ڕێدار) وەرچەرخان کەوا کەمێك لای ڕۆژئاواوە بوو. لێرەش دیسانەوە تاقمە *جاشەکەی* کەوا *موستەشاری* کورتەبنەو تێکسمڕاو قاسم ئاغای کۆیە فەرماندەیان بوو یارمەتیدەرو پشتیوان بوون. شارۆچکە بچووکەکەی شوان خۆی لە بەهاری 1987دا ڕووخێنرابوو و لەو حەفتا گوندەی سەر بەم ناحیەیە بوون لەپاکتاوکردنی ئەو بەهارەدا زۆریان تەختی زەوی کران و دانیشتوانیان لە هەردوو کۆمەڵگای تازە دروستکراوی دارەتوو و بنەسڵاوەدا لە کەناری باشووری شاری هەولێردا سەرلەنوێ نیشتەجێ کرانەوە.

کە بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆیت زەویەکە زیاتر بەرەو تەختایی دەچێت و هەردەو هەڵەت کەمدەبێتەوە، لێرەوە دۆڵی زێی بچووك پان دەبێتەوە، ئەگەرچی هێشتا هەر

---

خدر سەعید دواتر بیستوویانە کە هەرسێکیان براون بۆ گوندی کانی بی، ڕێك بەرانبەر بە گۆپتەپە لەمبەری زی ٚوە. سێ ڕۆژ دوای ئەوە خێزانی پۆلیسی پێشوو نامەیەکیان لە پاسەوانێکی سەربازگەی تۆپزاواوە پێگەیشتووە کەوا خەسرەو گیراوە. [ ڕۆڵی سەرەکیو یەکلاکەرەوەی تۆپزاوا لە ئەنفالدا بە دوور و درێژی لەمەودوا لە لاپەڕەکانی 281 ـ 291 داباس دەکرێ]. لێرە بەدواوە خێزانەکە نەیاندەوێرا نزیکی دەسەڵاتداران بکەون لە ترسی ئەوەی نەوەك ئەمانیش سەرنگوم بکەن، ئەمە دوا هەوڵ بوو لە بارەی ئەو سێ کەسەوە دەستکەوت، کە وەك بڵێی فوویان لێکراو نەمان.

پاشان لە کانوونی دووەمی ساڵی 1992دا ئاگادارکرانەوە کەوا ناوی خەسرەو خدر سەعید لە بەڵگەنامەیەکدا دەرکەوتووە کە بە دیواری مزگەوتێکی ناو شاری هەولێردا هەڵواسراوە، پەڕە کاغەزەکە تومەز فەرمانێکە لە *ئەمنی* هەولێرەوە نێردراوە بۆ مەیتخانەی نەخۆشخانەی کۆماریی ئەو شارە، نووسراوەکە "ئەوپەڕی نهێنی"و ژمارە 10160 ی لە سەر بوو و لە ڕۆژی 29 ی حوزەیرانی 1988دا دەرچووبوو، واتە شەش هەفتە دوای ونبوونی کۆڵکێشەکان، ئەم نووسراوە فەرمانی بە نەخۆشخانە کردووە کە ئەو چوار تێکدەرە بنێژن و وەفاتنامەشیان بۆ دەربکەن. ناوی خەسرەو خدر سەعید و حەسەن محەمەد حەسەن مەولوود، ئەو شۆفێرەی خەڵکی کۆیە کە لە گەڵیدا فڕێنرابوو، لە لیستی ناوی ئەو چوار کەسەدا بوون، ناوی کۆڵکێشە گیراوەکەی دووەمیش لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی هاوشێوەدا دەرچووبوو کە لە لایەکی تری دیواری ئەو مزگەوتەوە هەڵواسرابوو، چوار ڕۆژ دوای ئەوەش خێزانی خەسرەو خدر سەعید وەفاتنامەکەیان لە نەخۆشخانەی هەولێرەوە دەستکەوت و، هۆی مردنیشی بە ئیعدامکردن باس کرابوو، ئەم مەسەلەیە بە تەواویی ئەوە دەردەخا کەوا ئەمن خەڵکی مەدەنیی بێتەرەفیشیان ناچارکردووە ڕۆڵێکی یارمەتیدەر بگێڕن لە گواستنەوەی ماڵ و سامانی گوندنشینەکاندا لە کاتی ئەنفالی چوارداو دواجاریش کوشتوونیان بۆ ئەوەی نهێنیی کارەکەیان ئاشکرا نەبێت.

بە ناو زۆر کەندرو تەقتەقەو تاوێری ئاسۆییدا دەشکێتەوە. لەم ڕووەیەوە سروشتی زەویەکە بۆ شەڕی گەریلایی دەستی نەدەدا، کەچی لەگەڵ چاوپێکەوتندا کەوا میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ خەڵکی گوندەکانی شواندا ئەنجامیداوە ئاشکرایە کە مەفرەزەی بچووکی *پێشمەرگەی* (هەردوولا PUK و کەمێکیش KDP) لێرە بۆ چەند حەفتەیەك خۆیان گرتووەو هەندێ سووکە شەڕیشیان کردووە پێش ئەوەی بکشێنەدواوە. ژمارەیەکی بەرچاویش لە خەڵکی مەدەنی توانیویانە لە هێڵەکانی سوپاوە دەربازبن.

زۆر لە گوندەکانی ناو شوان، لەبەرئەوەی تاڕادەیەك لە زەوییەکی نزماییدا بوون و نزیکی ڕێگاوبان و شارەکان بوون، هەرگیز نەبووبوونە "ناوچەی ڕزگارکراو" بەو مانایەی ناوچە شاخاویەکانی ناوەوەی تێدابوو. زیاد لە چەند کەسێك باسیان لەوە دەکرد کەوا ئەم گوندانە بە "نۆرە" هەر جارەو دەکەوتنە دەست لایەك، *پێشمەرگە* یان هێزەکانی حوکومەت. لەو ماوانەدا کە *پێشمەرگە* دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا دەشکا ناوبەناو حوکومەت دڕندانە پەلاماری دەدا، وەك ئەودوای بەشەکانی تری کوردستانی عێراق ـ هەڵکوتانەسەری *جاش* بۆ سزادان, سووتاندن و تاڵانکردن, بۆردمانکردن بە تۆپ و مووشەك و جارجارە بە فڕۆکەش. لە پاش شاڵاوی گوند ڕووخاندنی بەهاری 1987، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازە ڕاکردووەکان خانووی ساکارو سەرەتاییان لەو ناوچانەدا دروستکرد کە بۆ خۆپاراستن پەنایان بۆ بردبوو. زۆربەی ئەو گوندانەش کە مابوونەوە داڵدەی ژمارەیەکی زۆر سەربازی هەڵاتوو و موتەخەلیفیان دابوو, بۆ نموونە گوندی دەلۆی ناو شوان کە هەشتا ماڵێکی لە قوڕو بەرد دروستکراو دەبوو, نیوەی تەواوی پیاوەکانیان خۆیان بە *پێشمەرگەی* کارا دادەناو نزیکەی پەنجا شەست سەربازی هەڵاتووی خزمەتی سەربازیشی هاتبووە سەر.

دەلۆ کاتی خۆی دووجار تێکدرابوو و دروستکرابۆوە، جاری یەکەم لە ساڵی 1963داو جاری دووەمیش لە ساڵی 1976دا، ئەنفالی چوار سەرلەبەیانیی 5 ی مایس گەیشتە ئەو گوندە بە هێرشێکی مووشەکباران لە لایەن فڕۆکەی باڵ چەسپ

www.dengekan.com

و هەلیکۆپتەرەوە، بۆ هەموارکردنی ناوچەکەو ڕێخۆشکردنی پێشڕەویی هێزی تایبەتی 77 و هێزی زەمینی. هەندێ کەس هەر یەکسەر لە ناوماڵەکانیاندا کوژران. بە پێی قسەی شایەتێك سێ چوار پیرەژن و چوار پێنج منداڵ لە سەرەتای هێرشەکەدا کوژراون، چ بە سووتان و چ بە ئاگری تۆپخانە[25]. لەم هێرشەی سوپادا بیست و هەشت کەس گیران و بێسەروشوێن کران، لەوانە سیانیان ئافرەت و یەکێکیان منداڵی بچووك بوو. ئەوانی کە مانەوە هەڵاتن بۆ هەردەو چیاکان و گەلێکیشیان خۆیان شاردەوەو لە داوی ماڵ بە ماڵ گەڕانی *ئەمن* خۆیان لادا، کەوا لە کەرکووك و چەمچەماڵ و کۆمەڵگای بنەسڵاوەدا جێبەجێکرا.

هەروەها زۆر خەڵك بەختیان هەبوو بۆ دەربازبوون لە گوندی خاڵەکوتیا، کە بە پێیان چارەکە سەعاتێك بوو لە دەلۆوە، بە هەمان شێوەش لە جگیلە، کە سوپا تەنها توانی شەش کەسی پیرو بەساڵداچوو بگرێ لەو گوندە سی ماڵییە، بە مەلای گوندیشەوە, ئەوانی تر هەموو پێشوەخت ئاگاداربوون و ڕایانکرد. لە حەشارگەیەکی قەدپاڵی شاخێکی ئەو نزیکانەوە پەنجا کەسی خەڵکی گوندی دەرماناو لە ناوچەی شێخ بزێنی، بە وردی تەماشای *جاش* و سوپایان دەکرد لەو کاتەدا کە گوندەکەیانیان تاڵانکردو پاشان سووتاندیان. ئەوان ماوەی دوانزە ڕۆژ لەو ئەشکەوتانەدا مابوونەوەو بێجگە لە گژوگیای کێوی هیچیان نەخواردبوو، لەدواییدا برسێتی ناچاریکردن داگەڕێنە خوارەوە بۆ شارۆچکەی تەقتەق و لەوێ "خۆمان خستە بەر سۆزو بەزەیی خەڵکەکەو دەستمان ماچ کردن". بە یارمەتی خەڵکی شارۆچکەکەو *موستەشارێکی* خۆولاتی سەدان کەسی ماڵوێران و پەڕەوازەی ناوچەی شێخ بزێنی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە کێڵگەیەکی مریشك بەخێوکردندا شاردرانەوەو لە هۆڵی مریشکەکاندا بە سەر یەکدا کەڵەکە بووبوون، سەیر لەوەدا بوو کە هێزەکانی سوپا هەرگیز درگی پێنەکردن و نەیدۆزینەوە[26].

لە ناوچەی شوان تەنانەت هەندێ لەو کەسانەش کە نەچووبوون بۆ سەربازی لە ڕاماڵینی ئەنفال ڕزگاریان بوو، بۆ نموونە ئەمە لە گوندی پەڵکانە ڕوویدا پاش ئەوەی هێزی نیزامیو یەکەکانی کۆماندۆ هێرشیان بردە سەر، بە پاڵپشتی تۆپخانەو بۆردمانی فڕۆکەو گازی فرمێسك. خەڵکەکە زانییان وا ئەنفالیان

---

[25] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای بنەسڵاوە، 7 ی تەمووزی 1992.

[26] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 20 ی نیسانی 1992.

پێگەیشتووەو سەرلەبەیانیەکەی ڕایانکردبوو و بە کەڵەکی دارین لە زێی بچووك پەڕیبوونەوەو خۆیان لە هێزەکانی حوکوومەت کەلا گرتبوو، ئەم کۆمەڵە خەڵکە بێئەوەی هیچ ئازووقەو زەخیرەیەکیان پێبگات ماوەی دوو مانگ لەو شاخانە مابوونەوە، لەدواییدا ژمارەیەك لە سەربازە هەڵاتووەکان دزەیان کردبووە ناو کۆمەڵگای بنەسڵاوەوە، کە پێدەچوو هێزەکانی *ئەمن* چاودێرییەکی وردیان نەکردبێت.

لە هەموو شتێك سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو کەوا تاقمێکی شەست کەسیی لەو گەنجانەی نەچووبوون بۆ سەربازی لە گوندی ئێلنجاغ دەربازبوون، کە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی پەڵکانەو ماوەی چەند میلێك لە باشووری تەقتەقەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێلنجاغ دەکەوتە دۆڵی شیوەسوورەوە، ئەو دۆڵەی کەوا سەنگەرێکی مەحکەمی *پێشمەرگە* بوو، بەڵام شوێنەکەی قایم نەبوو، چونکە کەوتبووە نزیك سەربازگەیەکی سوپاو ڕێگا قیرەکەوە. لە ساڵی 1987دا لە پاش شەڕێکی قورس ڕووخێنرا، بەڵام خەڵکەکەی سووربوون لە سەر دووبارە گەڕانەوەو دروستکردنەوەی خانووەکانیان لە شوێنێکی چەپەکدا کە تۆزێ دوورتربوو لە سەربازگەکەوە. نزیکەی هەموو دانیشتوانی گوند لە دەست ئەنفال ڕزگاربوون. یەکەمجار ژن و منداڵ دزەیان کردە ناو تەقتەقەوەو خۆیان تێدا شاردەوە، پاشان شەست گەنجەکە بە چەکەکانیانەوە ڕایانکردە هەردەو چیاکان و تەنها دوو کەسیان گیران، ئەودوایان لێرەو لەوێ شوێنگۆڕکێیان دەکردو مانەوە تا دەرچوونی لێبووردنە گشتیەکەی 6 ی ئەیلوولی 1988، کە نیشانەی کۆتایی هاتنی ڕەسمیی پەلاماری ئەنفال بوو[27].

* * *

[27] بەهەرحاڵ، ئەم لێبووردنە ئەوە ناگەیەنێ کەوا کۆتایی بە کێشە و گرفتیان هێنابێت، چونکە هەر شەست سەربازە ڕاکردووەکە گێڕرانەوە بۆ یەکەکانی خۆیان لە سوپاداو لەوێ لێیان دابوون و مامەڵەی خراپیان لە گەڵ کردبوون پێش ئەوەی بەرەڵایان بکەن. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ خەڵکی گوندی ئێلنجاغ، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

www.dengekan.com

# چـــــیرۆکی زوبێـــــدە

درامای هەلآتنی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی شوان لە ئەنفال بە یارمەتیدانی *پێشمەرگە* لە شایەتیی زوبێدەدا بە جوانی ڕەنگدەداتەوە، کە ئەو دەمە کچێکی گەنجی نۆزدە ساڵ بوو. زوبێدە خەڵکی گوندی سەربیر بوو، کە گوندێکی گەورە بوو لە تەختاییەکدا بە لای ڕێگای سەرەکیی هەولێر- کەرکووکدا، هەرچەندە سەربیر گوندی ژێر دەسەلآتی *پێشمەرگە* نەبوو بەلآم لە پەلاماری بەهاری 1987دا وێرانکرا، وەك دەیان گوندی ژێر دەسەلآتی حوکوومەت لە دەشتی هەولێردا. خەڵکی گوند یەکەمجار مۆڵەتی دوو مانگیان پێدرا بۆ چۆڵکردن و بە ڕەسمی ئاگادارکرانەوە کە خانووەکانیان تەختدەکرێت "بۆ پاراستنیان لە هەراسانکردنی *پێشمەرگە*"، کەچی دوای حەفتەیەك ماوەکە کەمکرایەوە بۆ تەنها بیستو چوار سەعات و فەرمانیان پێکردن بچن بۆ کۆمەڵگاکانی بنەسلآوەو دارەتوو، کە لەو دەمەدا لە دەشتێکی تەختایی بەولاوە هیچیتر نەبوون.

زوبێدەو باوك و دایکی باریانکرد بۆ شاری هەولێر، نەك بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی سەباز فەرمانی پێکردبوون. دوو براکەشی *پێشمەرگەی* کارای سەنگەری PUK بوون لە ناوچەی شێخ بزێنیدا. لە هەولێر ماوەی سێ مانگ بەردەوام *ئەمن* دەچووە سەریان لە بەر ئەوەی کوڕەکانیان *پێشمەرگە* بوون. بۆیە بە ناچاری باوکەو دایکەو زوبێدە لە ئەیلوولی 1987دا چوون بۆ "ناوچە قەدەغەکراوەکان". گوندە تازەکەیان بەردەوام حوکوومەت بۆردمانی دەکردو لە بۆمبارانێکی فڕۆکەدا, شوباتی 1988دا،

ئەم خێزانە لە ژێرزەمینەکەیاندا بەر بۆن و بەرامێکی خەستی سێو کەوتن و دوو سەعات دواتر کە هاتنەدەرەوە تەماشایانکرد ژمارەیەك *پێشمەرگە* کیمیایی لەشی سووتاندوون بەڵام کەس نەمردووە[28].

ماڵی زوبێدە لە 4 ی مایسداو ساڵێك دوای وێرانکردنی سەربیر ئەنفالیان گەیشتێ و ڕۆژێك پێشتر هەلیکۆپتەرێك بینرابوو بە سەریانەوە دەسووڕایەوە, لە بەرئەوە پەلاماردانەکە تاڕادەیەك چاوەڕوان نەکراو نەبوو. کاتژمێرچواری بەیانی تۆپباران دەستیپێکردو خەڵکی گوند خێرا پەنایان بردە بەر ئەشکەوتی چیاکان و لەوێوە چاك دەیانڕوانی وا سوپا دەچێتە گوندەکانی سەر ڕۆخی باکووری زێی بچووکەوەو دانیشتوانیان ڕاپێچ دەکات و ماڵەکانیان دەسووتێنێ، هەروەها بەجوانی گوندەکانی قەشقەو خورخوریان بینی لەوسەری زێوە تێکدەدرێن. بەڵام ئەمان هەستی ئەوەیان نەکردبوو کەوا سەرباز تەنها هەر لە ناو دۆڵەکەدا نەبوون بەڵکو سەرشاخیشیان گرتبوو و بە ڕاسەری ئەو شوێنانەوە بوون کە ئەمان خۆیانیان تێدا شاردبۆوە.

ماڵی زوبێدە بڕیاریاندا لەوێ دووربکەونەوەو بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵبێن, لەوەدا بەختیان هەبوو چونکە زۆری پێنەچوو سەرباز بەرەو ئەشکەوتەکە داگەڕان و ئەوانەی تییدابوون گیران و سەرنگوم کران. خێزانەکەی زوبێدە, بە یاوەریی ڕەحمان کە یەکێك بوو لە دوو برا *پێشمەرگەکە*, بۆ ماوەیەکی زۆر کورت گەڕانەوە بۆ ماڵ، بەڵام کاتێکیان زانی وا سوپا بە تانك و زرێپۆشی سەربازهەڵگرەوە لێیان نزیك دەبنەوە. بۆیە هەمدیسان ڕایانکردەوەو کە ئاوڕیاندایەوە ڕوانییان وا سەرباز نەوت دەکەن بە سەر خانووەکانیاندا و گڕیان تێبەردەدەن. ئەوان ڕایاندەکردو سوپا بە شوێنیانەوە بوون و گوللە تۆپ بەملاولایاندا دەکەوت، بەڵام کە لە زنجیرەیەك

---

[28] هیچ هێرشێکی کیمیایی بۆ سەر ئەم ناوچەیە لە لایەن سەرچاوەی ترەوە باس نەکراوەو نەکەوتووەتە هیچ لیستێکی PUK و KDPیەوە بۆ ئەم جۆرە پەلامارە، لە گەڵ ئەوەشدا باسەکە قەناعەت بەخشەو شایەتەکەشی تاڕادەیەك جێی بڕواو متمانە بووە لە باس و گێڕانەوەکانی تردا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 15 ی تەمووزی 1992

www.dengekan.com

جۆگەلەو شیو پەڕینەوە دیاربوو لە دەست ڕاونەرەکانیان دەرچوون. پاشان بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن لە گوندی تورکی لایاندا، کە ئەمیش سەنگەرو شوێنێکی قایمی دیکەی *پێشمەرگە* بوو. تورکی خۆیشی هەر زوو بەر بۆردمان کەوت و خەڵکە ئاوارەکەی بەرەو زێی بچووك هەڵاتن، بەو نیازەی کە بپەڕنە ئەو بەرەوەو ویستیان بە پێ لێیبدەن بەڵام کە ئاوەکە گەیشتە بەربینیان وازیان هێنا. لە پشتیانەوە *پێشمەرگە* بە هاوەن و ئارپیجیو نارنجۆکەوە سەنگەری بەرگریی بە ورەیان لێدەدا . دواجار ڕەحمانی برای زوبێدە سێ کەڵەکی ناڕێکی لە تەختەدارو چووپ دروستکردو زوبێدەو باوك و دایکی پێیان پەڕینەوە. ڕەحمان کە لەمبەر مایەوە هاواری لێکردن بۆ سەلامەتییان بچنە ناوچەی قەڵاسێوکەی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگە*[29].

ئەوان کاتێ چوونە ئەوبەرەوە بۆ لێواری باکووری ڕووبارەکە, خۆیان لە گوندێکی چۆڵکراوی تردا بینییەوە، ئەویش گوندی شەیتان بوو. لە یەکێك لە خانووە چۆڵەکاندا نان و جلوبەرگی وشکیان دۆزییەوە، بەڵام هێشتا هەر گوێیان لە ڕەحمان بوو لە دوایانەوە بانگی دەکردن "بڕۆن! بڕۆن! ڕاکەن بۆ قەڵاسێوکەو شوێن *پێشمەرگە* بکەونا" بەمجۆرەو بە درێژایی شەوی 5/4 ی مایس بە ڕاڕەوێکی تەنگەبەردا ڕۆیشتن, دەمەو شەبەق یەك دوو سەعاتێك پشوویان دا، پاشان گەیشتنە شاخ و ئەشکەوتێکیان دۆزییەوە کە بەلایانەوە شوێنێکی سەلامەت بوو. بۆ بەیانی لای چێشتەنگاوەوە کە سەریان لە حەشارگەکەیان دەرهێنا تەماشایان کرد سوپا لە دەشت وتەختایەکەی خواریانەوە یەکبینە خەریکی سووتاندنی گوندەکانە. دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ و بە ڕێکەوتێکی نائاسایی سەیر تووشی عومەری دووەم کوڕی *پێشمەرگەیان* بوون. عومەر کە بیستی ڕەحمان لەوبەری ئاو بەجێماوە کەوتە گریان و براڕۆ و پێی داگرت لە سەر ئەوەی بگەڕێتەوە لای و یارمەتی خەڵکەکە بدەن لە زێ بپەڕنەوە تاوەکو لە دەستی سوپا دەربازبن کە لە پێشڕەویکردندا بوو، بەڵام لە پێشدا باوك و دایکی و خوشکەکەی بەرەوژوور بردو لە زێ دوورکەوتنەوەو چوون بۆ گوندی نێرەگین، لەوێ هەرچۆنێك بوو لە گەڵ عەشاماتێکی زۆردا عەرەبانەو تراکتۆرێکی شەقوشڕیان دەستکەوت. لەدواییدا نزیکەی کاتژمێر چواری بەیانیی

[29] ناوچەی قەڵاسێوکە سەر بە ناحیەی ئاغجەلەرە. ڕەحمان لەو کاتەدا ئاگای لەوە نەبوو کەوا لە هەمان کاتدا یەکەکانی تری سوپا بە دوای کیمیابارانەکەی گۆپتەپەدا ئەم ناوچەیەیان وێران کردووە.

ڕۆژی 6 ی مایس ئەم خێزانە کەنەفت و ماندووە گەیشتنە کۆمەڵگای بنەسلاوە کە تاڕادەیەك سەلامەت بوو.

عومەر تەنها یەك جار, لە ناوەڕاستی مایسدا, هات بۆ بنەسلاوەو ماوەی دوو حەفتە مایەوەو دووبارە گەڕایەوە بۆ سۆراخی براکەی. خێزانەکە لە ئابدا هەواڵی پێگەیشت کەوا هەردوو براکە یەکتریان دۆزیوەتەوەو پێکەوە لە شەڕێکدا دژ بە سوپا بەشداربوون لە حوزێراندا, لە نزیك گوندی تورکی. شیاوی باسە کەوا لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا چەند مەفرەزەیەکی *پێشمەرگە* لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی چوارەوە ماوەی لایکەمەکەی مانگێك خۆیان ڕاگرت و ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد. هەر ئەو *پێشمەرگانەی* هەواڵی بەیەکگەیشتنەوەی عومەرو ڕەحمانیان هێنا لە هەمان کاتدا هەواڵی گرتنەکەشیان هێنابوو، هاوڕێکانیان بە دووربین تەماشایان کردبوو کە *جاش* گرتوونیان و لە ئیڤای سەربازیدا ڕەوانەیان کردن. لێرە بەدواوە باوك و دایك و خوشکەکەیان هەرگیز جارێکیتر نەیانبینینەوە.

* * *

## سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالی چوار

خەڵکی ئەو گوندانەی لە ئەنفالی چواردا لە ماڵ وحاڵی خۆیان دەرپەڕێنران، سەرەنجام بردنیان بۆ لانیکەم سێ سەنتەری کۆکردنەوەی کاتی لە دۆڵی زێی

بچووکدا. ژمارەیەك لە گیراوەکانی گۆمەشینو هەندێ گوندی تر لە دوای گرتنیان ماوەی سێ ڕۆژ لە هەرمۆتە* هێشتنیانەوە، کە سەربازگەیەك بوو لە قەراخ کۆیسنجقەوە. کۆمەڵگای تەکێ کە ساڵی 1987 لە سەر ڕێگای سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵەوە دروستکرابوو، یەکەم قۆناخی وەستانی ئەو لۆریە سەربازیانە بوو کە دەربازبووانی هێرشە کیمیاییەکەی گۆپتەپەو دەوروبەریان پێدەگواستەوە. ژنێکی خەڵکی گۆپتەپە هەواڵی زانیبوو کە کچەکەیو زاواکەیو پێنج منداڵیان لە بارهەڵگرێکی سەربازیدا لە تەکێ بینراون, هەروەها شووبراکەیو خێزانەکەی کە دوانزە کەس بوون لە بارهەڵگرێکی تردا بینرا بوون. "کچە گەورەکەیان بینیبوو هاواری کردبووە خەڵك ڕزگاریان بکەنو چاوی بە خزمێك کەوتبوو هاواری بۆ کردبوو هەوڵ بدات ڕزگاریان بکات، بەڵام ئەو نەیتوانیبوو هیچیان بۆ بکات"[30]. هەروەها دوابەدوای ئەنفالی چوار زۆر لە خەڵکە ئاوارەکە ڕێی تەکێیان گرتەبەر، بە ئومێدی ئەوەی پەنایەك بدۆزنەوە لەوێ، هەرچەندە دانیشتوانی کۆمەڵگاکانیش ئاگادار کرابوون ئەگەر هەر کەسێ داڵدەی هەر دەربازبوویەکی ئەنفال بدات خانووەکەی دەڕووخێنرێ[31].

بەڵام شارۆچکەی تەقتەق خۆی, کە سەنتەرێکی ناوچەیی گرنگی نزیکەی دە هەزار کەسیی بوو لە لێواری باکووری زێی بچووکدا, بوو بە شوێنێکی سەرەکیی کۆکردنەوەی ئەو گوندنشینانەی لە ماوەی ئەنفالی چواردا ڕەشبگیرکران. لێرەش وەك قادرکەرەم لە باشوور, گیراوەکان هێند زۆر بوون کە زیاد لە سەنتەرێکیان بۆ خرایەکار. هەندێکیان باسی ئەوە دەکەن کە براون بۆ ئـامریەی** سەربازگەی شارۆچکەکە, لە ناو یەکێك لەو قەڵا لە ژمارە نەهاتووانەی کە کوردستانی عێراقی گرتبۆوەو بە پێی نەخشەیەکی ستاندارد لە ساڵەکانی 1970دا دروستکرابوون. پیاوێکی پیری خەڵکی داربەڕوو دەڵێ گوایە لە کاروانێکی ئیڤادا براوە بۆ ئەوێ، کە هەندێکیان خەڵکی گوندەکانیان تێخستووەو ئەوانی تریش مریشكو مەڕو بزنو

---

* هەرمۆتە گوندێکی مەسیحی نشینە بە تەنیشت کۆیەوە ـ و.

[30] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ دانیشتوویەکی ئەوسای گۆپتەپەدا، کۆمەڵگای باینجان، 18 ی مایسی 1992.

[31] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 1 ی ئابی 1992.

** لێرەدا هەر وشەی ئامریەی عەرەبی بەکارهاتووە بە واتای فەرمانـدەییو دەستەواژەکەش بە عەرەبی ( ئمریە المعسکر, الموقع, الپکنە ) دەگرێتەوە ـ و.

گاو گۆتاڵی خەڵکەکەیان بارکردووە [32]. بە دەم ڕێگاوە ژنێکی دووگیان لە ئیڤاکەی ئەماندا منداڵی بووە. ئەم پیاوە لە سەربازگەکەدا خەڵکی زیاد لە دە دوانزە گوندی هەردوو بەری زێی ناسیوەتەوە، کەوا ترنجاندبوونیانە هۆدەکانی ناوەوەو ژنو پیاویان لە یەکتر جیاکردبۆوە. خەڵکەکە لەوێ شەوێك ماونەتەوەو پاشان خراونەتە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەوەو ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراون.

دووەم شوێن کە دەربازبوان بە شێوەی جۆراوجۆر ناوی دەبەن وەك "گەوڕ"، "شوێنێکی تەلبەندکراو بوو بۆ ئاژەڵ"، "تەویلەیکی ئاژەڵ بوو لە نزیك پردەکەوە" یان "هەندێك ساپیتە بوو بۆ مانگاو ئەسپ بەکاردەهات"*. لێرەش سەدان کەسی خەڵکی گوندەکانی دۆڵی زێی بچووك کۆکرانەوە. هەندێ شایەت دەڵێن کەوا خێزانەکان لێرە لێکتر بڕنەکراون، هەندێکیش بە پێچەوانەوە دەڵێن گوایە پیرو گەنجیش لە یەك جیاکراونەتەوە. پاسەوان بەردەوام چاودێرییان کردووە بەلام لێرە لێکۆڵینەوە نەکراوەو تەنها هەندێ ئیجرائاتی سەرەتایی کراوەو چەند سەعاتێکی کەمی پێچووە. ژمارەی سەربازیش لەوە کەمتر بووە کە کۆنترۆڵی خەڵکێکی ئاوها زۆر بکاتو لێرەش وەك گەرمیان جاشەکان فریای ژمارەیەك خەڵك کەوتوون دەربازیان بکەن. کاتێ کە کاروانێك ئۆتۆمبیل براونەتە ناو ئەم شوێنی بەندکردنەوە ئافرەتێکی گەنج بازیداوەتە خوارەوەو توند منداڵە کۆرپەکەی گرتووەتە باوەشیو ڕایکردووەو هەرچەندە پاسەوانەکان تەقەیان لێکردووە سوودی نەبووەو ئەنجام دەربازبووە. لە شێرزەییو بارودۆخی شێواوی گەیشتندا براو خوشکێکی منداڵی خەڵکی گوندی قەسرۆك ـ کوڕێکی یانزە ساڵ ناوی عوسمان بووەو خوشکێکی لە خۆی گەورەتری، پاسەوانێکی *جاش*، کە کابرایەکی نەناسیش بووە، لێیان نزیك دەبێتەوەو بە چپە پێیان دەڵێ "هەلەو لە دەستی مەدەن، سەرباز

---

[32] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ ، کۆیسنجق، 26 ی نیسانی 1992.

* ڕاستیەکەی ئەمە کۆنە شوێنێکی حوکوومیی مانگا بەخێوکردن بووە نزیك پردەکەی تەقتەق و هەر بە شێوازە عەرەبیەکەی پێیوترا‌وە"حەزیرەکە"، لە کاتی ئەنفالدا ئەم گەوڕانە چۆڵبوون و ڕەشەوڵاخیان تێدا بەخێو نەدەکرا ـ وەرگێڕ.

www.dengekan.com


لـەم نـاوەدا نیـە، ڕابکـەن‌و هـەر کەسـێ لێـی پرسـین خـەڵکی کـوێن بڵـێن خـەڵکی تەقتـەقین"، بـەو پێیـەی کەسـێك خـەڵکی شارۆچکە یـان کۆمەڵگایـەك بوایـە بـەر نەدەکەوت، بە گوێرەی لۆجیکی بیرۆکراتیی توندوتیژی ئـەنفال. ئـەوجا هـەردوکیان لـە ئۆتـۆمبیلی *جاشـێکدا* کـە خـواردنی دەهێنـا بـۆ گەوڕەکـە، خۆیـان مـات کـردو بـە سـەلامەتی لـە نـاو سـەربازەکانەوە دەرچـوون. ئـەوە دواجـار بـوو کـە ئـیتر عوسمـان بـاوك‌و دایکـی‌و دوو بـرای‌و سـێ خوشـکی تـری ببینێتـەوە، کـە لـەوێ مابوونـەوەو منداڵەکەیان تەنها سێ ساڵی تەمەن بوو.

لـە پـاش مانەوەیـەکی کەمخایـەن لـە گـەوڕی ئاژەڵەکانـدا، جـارێکی تـر ئـەو خێزانەیان لە گەڵ خەڵکەکەی تردا ڕاپێچی ناو ئەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانـە کـردەوە کەوا چاوەڕێیان دەکـردن‌و پاشـان لـە پردەکـەی سـەر زێـی بچووك پەڕینـەوەو وەك ئەوانی پێشوو بەرەوخوار بوونەوە، ڕووەو شاری پڕنەوتی کەرکووك و جێ بارەگـای مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بـەعس. دۆکیومێنتـەکانی سوپا سـەبارەت بـە ئەنفالی چوار، لـە لایـەن حوکوومەتـەوە بەڵگـەی ئاشـکرا دەخەنـە ڕوو کـەوا خەڵکـە گیراوەکە چییان بەسەرهاتووە. فەریق ڕوکن هاشم کـە نـوقمی تێکەڵوپێکـەڵ کردنـی نووسینی ڕاپۆرتـە مەیدانیـە دەسنووسـەکانی بـووە بـە کورتی تێبینـی لـە سـەر دوو تاقم خەڵکی مەدەنیی گیراو دەربڕیوە لە ناوچەی شوان، کەوا سەرجەم چواردە پیاو، دوانزە ئافرەت‌و بیست منداڵ بوون، "نێردراون بۆ بەڕێوەبەرێتیی *ئەمنی* پارێزگـای تـەئمیم (کـەرکووك) ". ئەمـەش چارەنووسـی ئەوانـە ئاشـکرا دەکـات کـە کـاروانی بارهەڵگری ئیڤایان لێ پڕ دەکردن[33].

---

[33] تێبینیەکانی فەریق ڕوکن هاشم لە 5 ی مایسدا دەڵێ "چل‌و یەك کەس.. لە گوندە جیاجیاکانەوە هاتن بۆ بارەگای حـەرەکاتمان لـە شـوان..." لـە 6 ی مایسـدا چـوار پیـاوو یـەك ژن "لـە گونـدی قەدەغەکراوی تورکی گیراون"و هەردوو تاقمەکـە "نێـردراون بـۆ بەڕێوەبـەرێتیی ئـەمنی پارێزگـای تەئمیم". کۆمەڵە ڕاپۆرتێکی دەسنووس (ژمارەکانیان ناخوێنرێتەوە) لە فەرماندەی فەیلـەقی یەکـەوە بۆ بارەگای عەمەلیاتی سوپا، کاتژمێر 600، 6 ی مایس‌و کاتژمێر 700، 8 ی مایسی 1988.

ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندز : 15 ی مایس- 26 ی ئابی 1988



# بەشی حەوتەم
# ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت
# دۆڵ و چیاکانی شـەقـڵاوە و ڕەوانـدز

## 15 ی مایس ـ 26 ی ئابی 1988

هێزەکانی جەلال تاڵەبانیی "کرێگرتەی ئێران" ئێستا وا دەرکراون لە بنکەو بارەگا سەرەکیەکانیان لە دۆڵی جافەتی، لە سەنگەرو قایمکاریە شاخاویەکانیان لە قەرەداخ، لە دەشتە پانو بەرینەکانی گەرمیانو لەو دەشتو تەختاییانەش بەرەو ڕۆژاوای هەولێر دەبنەوە. لێرەو لەوێ، لە ئەشکەوتەکانداو لە شوێنە چەپەکەکاندا پاشماوەی بەرگرییەکی لابەلا هەر مابوو. چەندین دەستەی *پێشمەرگە* تەنانەت لە پاش وێرانکردنو چۆڵبوونی گەرمیان لە ئەنفالداو لەوەودواش هەر مابوونەوە. بەڵام زۆربەی پاشماوەکانی PUK بەرەو شوێن و قایمکارییە دوورەکانی لای باکووری دەریاچەی دووکان ڕۆیشتن، بۆ دوا بەرگریکردن لە نێو چیا

تووش‌و بەرزکان‌و دۆڵ و شیوە تەنگەبەرەکانی باشووری شارۆچکەی ڕەاندزو ڕۆژئاوای سنووری ئێران.

لە ڕۆژئاوای دەریاچەکەوە، هێزی *پێشمەرگەی* شەکەت‌و ماندووی شەڕ هەواڵی ڕووخان‌و هەڵاتنی گوندنشینەکانی دەوروبەری گۆپتەپەیان زانی لە یەکەم حەفتەی مایسداو لە هەندێ حاڵەتیشدا بە چاوی خۆیان بینییان. بە درێژایی ڕۆخی دەریاچەکەو لە دوا شەڕو پێکدادانەکانی ئەنفالی چواردا، ئەو *پێشمەرگانەی* لە شەڕەکانی شاخی تەکەڵتوو و دۆڵی چەمی ڕێزان دەربازبوون بێهوودە هەوڵیاندەدا بەرگریی هێرش‌و پەلاماردانی سوپا بکەن. ئەوەندەی لە توانایاندابوو کردیان و بۆ ماوەی سێ چوار ڕۆژ خۆیان شاردەوەو هەندێکیشیان چوونە ناو سەوزایی‌و بێیشەلانی گوێئاوەکەو تا تەقەمەنییان پێما بەرگرییان کرد. پاشان، وەك *پێشمەرگەیەك* دەیگێڕێتەوە, لە شەودا کاتێ کە هەلیکۆپتەرەکانی حوکوومەت نەیتوانیبوو چیتر شوێنەکانیان دیاری بکات پاشەکشەیان کردو خەڵکە مەدەنیەکەیان لەدوای خۆیانەوە جێهێشت. دواجار، لە حەفتەی دووەمی مایسدا گەیشتنە چیای کۆڕەك‌و جێ‌و ڕێ بێترسەکانی خۆیان لە دۆڵی بالیساندا.

لە ناوەڕاستی مایسی 1988دا بوو کە ئەنفال گەیشتە بالیسان‌و دۆڵەکانی دەوروپشتی کە خەڵکێکی زۆریان تێدا نەبوو. ئەمە لووتکەی هەڵمەتی ڕژێم بوو بۆئەوەی بە یەکجاریی PUK وەك هێزێکی شەڕکەر تێکبشکێنێ‌و بۆ سزادانی ئەو خەڵکە مەدەنیانەی هێشتا پشتگیرییان دەکردن‌و لە هەمان کاتیشدا دەرپەڕاندنی هێزەکانی ئێران لە بەرەی باکووری جەنگی ئێران ـ عێراق[1]. لەم قۆناخەی ئەنفالدا ڕاگواستن‌و

---

(1) ئێران پاش لەدەستدانی فاو هەر زوو ناوچەکانی دەوروبەریشی لەدەستچوو و لە 13 ی حوزێرانی 1988دا هەوڵی دوا هێرشی دا لە باشوورەوە، بەڵام لە لایەن هێزەکانی عێراقەوە پووچەڵ کرایەوە، لە هەمان کاتیشدا فەیلەقی یەکی سوپای عێراق، کە سەرقاڵی عەمەلیاتی ئەنفالی پێنج‌و

www.dengekan.com

کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی نابێتە کێشەیەکی زۆر گرنگو ئەوتۆ بۆ سوپا، چونکە ئەو دەمە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای هەولێرچۆڵ بوونو دانیشتوانی کوردیان لە دوو ڕاماڵینی گەورەدا ڕاگوێزرابوون. یەکەمیان لە ساڵانی 1977 ـ 1978داو دووەمیش لە 1983 ـ 1984دا. هەروەها دۆڵەکانی باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز خەڵکەکەیان بە زۆری چۆڵیانکرد لە پاش پەلامارە کیمیاییەکانی نیسانی 1987.

لە دیدو بۆچوونێکی سەربازیی وشکەوە پەلاماری ئەنفال بەردوامبوونی لۆجیکی ئەو ڕاماڵینە فراوانە بوو کە سێ مانگ پێشتر دەستیپێکردبوو بە گەمارۆدانی سەرگەڵوو ـ بەرگەڵوو. جموجووڵی هێزەکانی سوپا تاڕادەیەك لە فلچەی ئۆتۆمبیل دەچوو, یەکەمجار بەلای ڕاستدا وەك میلی کاتژمێرو ئەوجا بە پێچەوانەوە، لە هەر قۆناخێکدا لە بەردەمی خۆیەوە هێزی *پێشمەرگەی* کەمبۆوەو لاوازی هەڵدەبڕیو هەموو ئەو ناوچە دێهاتیانەی لە ژێر کۆنترۆڵیPUK دا وەك خۆیان مابوونەوە تا دوا گوندی "پاکدەکردەوە". کەواتە ئەنفالی پێنج وەکو عەمەلیاتی قۆناخەکانی پێشوو نەبوو و سوپای عێراقی تووشی سەرئێشەیەکی زۆر کرد. لە بەر ئەوە هێرشی دووەمو سێهەم بۆ سەر ئەم دۆڵە یاخیانە پێویست بوو و سوپای عێراق ئەم پەلامارە نوێیانەی ناونا ئەنفالی شەشو حەوت.

* * *

دۆڵی بالیسان بنکەی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو و لە گوندەکانی بێرۆ و تووتمەوە کۆنترۆڵی عەمەلیاتی پارێزگای هەولێری دەکرد. هەروەها حیزبەکانی دیکەش لەم ناوچە هەڵەتو دڵڕفێنەدا پێگەیان هەبوو، کەوا هێشتا ورچو گیانلەبەری درندەی تریش هەر بە لاپاڵی چیا سەختو تووشەکانیەوە بوون. حیزبی سۆشیالیستی

---

شەشو حەوت بوو لە ناوچەی باکووری ڕەواندزدا، ژمارەیەك لە لووتکە شاخی ستراتیجیی گرتەوە کەوا ئێران لە باکوور گرتبووی. بڕوانە (Jupa and Dingeman, Gulf War,P.8) هەروەها لە بارەی دۆخی گشتیی سەربازییەوە لە تەمووزی 1988دا بڕوانە:
(Cordesman and Wagner, Iran ـ Iraq at War, PP.348-390)

کوردستان لە دروستبوونیەوە لە ساڵی 1979دا پێگەی لێرە هەبووە، بەهەمان شێوەش دەستەی چەکداری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستانی مەسعوود بارزانیش، کە بنکەو سەنگەری سەرەکییان پتر لە لای باکووری ڕۆژاواوە بوو نزیک سنووری عێراق - تورکیا.

فەرماندەیی *مەڵبەندی سێ* زۆر چاکی دەزانی کە ئەنفال وا بەڕێوەیە بەرەو باکوور. کاتێ کە ئەنفالی چوار تەواوبوو، *پێشمەرگە* دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی خواردنو زەخیرەی چەك و تەقەمەنیو بە کۆڵی هێستر لە نێو چیا بەرزەکاندا دەیانگواستەوە بۆ شاردنەوەیان لە ئەشکەوتە دوورەدەستەکان و ئیحتیاتی خۆیانیان خست بۆ بەرگریکردنی گەمارۆیەکی درێژخایەن[2]. سەدان جەنگاوەر لە دەوروپشتی گەرەوانی سەروو و خواروو, حەوت هەشت میلێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕەوانـدزەوە، کۆبووبوونەوەو لە هەمان کاتیشدا ئەوانیتریش سەنگەری خۆیان گرتبوو لە مەلەکان و ئاکۆیان و وەرتێدا[3].

*پێشمەرگە* ئەمجارەیان هیچ نەبێ ترس و دڵەڕاوکێی چۆنیەتی پاراستنی دانیشتوانی مەدەنییان نەبوو، چوونکە نزیکەی هەموو خەڵکی ئەم دۆڵانە لە ماڵی خۆیان هەڵاتبوون بە هۆی پەلامارە کوشندەکانی گازی ژەهراویی بەهاری ڕابوردووەوە، هەندێ گوندی لێبترازێ وەك بلەی

---

[2] چاوپێکەوتنی میدلێ ئیست ووچ لە گەڵ پێشمەرگەیەکی PUK دا، کۆمەڵگای گەلاڵە، 23 ی مارتی 1993.

[3] هەردوو گەرەوان، وەك زۆری تری گوندەکانی ئەم ناوچەیە، ماوەیەکی دوورودرێژ چەقڵی چاوی ڕژێم بوون. ڕاپۆرتێکی ئەمن لە 22 ی نیسانی 1987دا (حەفتەیەك کەمتر دوای هێرشە کیمیاییەکەی شێخ وەسان و بالیسان کە کەمێك ئەولاتر بوون) باس لە هەوڵدانێك دەکات ـ کە پێدەچێت سەرکەوتوو نەبووبێت ـ لە لایەن هێزێکی هاوبەشی سوپاو پۆلیس و ئەمن و هێزی تایبەتی حیزبی بەعسەوە بۆ تەختکردنی هەردوو گوندی گەرەوانی سەروو و خواروو. نووسراوی *ئەمنی* شەقلاوە بۆ *ئەمنی* هەولێر، ژمارە 5614 ی "ئەوپەڕی نهێنی"ی ڕۆژی 22 ی نیسانی 1987.

www.dengekan.com

ژێریو وەرێ، کە لە بەر چەند هۆیەکی جیاواز دانیشتوانیان هەستیان بە دڵنیایی دەکرد، بلەی ژێری کەوتبووە نێو پێچ وپەنای چیاکانەوە، دوور لە ڕێگاوبان، لە دەمی تەنانەت پێش دەستپێکردنی جەنگی ئێران - عێراقیشدا بنکەو سەنگەری *پێشمەرگە* بوو[4]. هەرچەندە گوندی بلەی سەروو لە 27 ی مایسی 1987دا هێرشی کیمیایی کرایە سەر، کەچی خەڵکی بلەی ژێریی وایان هەست دەکرد بە هۆی دوورەدەستیی شوێنەکەیانەوە پارێزراون و بەمجۆرە هەر لە شوێنی خۆیان مانەوە، بەڵام وا ئێستا بلە سەرلەنوێ کەوتووەتەوە بەر مەترسیو بووە بە ڕاگوزاری *پێشمەرگە* کەوا چیا نزیکەکانی کێلکێل و ژاژووکیان کردبووە سەنگەرو هێڵی بەرگری.

سەبارەت بە وەرێ مەسەلەیەکی تر بوو، هیچ *پێشمەرگەیەك* لەو گوزەرەدا نەبوو و گوندەکەش ڕێك کەوتبووە سەر ئەو ڕێگا قیرەی لە خەلیفانەوە شۆڕدەبووەوە بۆ ڕانیە، نزیك دەریاچەی دووکان. شوێن و ڕێی ئەم گوندە وا هەڵکەوتبوو کە وەك پێگەیەکی *پێشمەرگە* کەڵکێکی ئەوتۆی نەبێت و ئەزموون و تاقیکردنەوەی پێشوو دانیشتوانی وەرێیان وا ڕاهێنابوو کە نزیکییان لە خەتی حوکوومەتەوە شێوە دڵنیاییو ئەمانێکیان پێدەبەخشێ، ئەگەرچی هەندێ لە خەڵکەکەشی چەند میلێك هەورازتر هەڵکشابوون بۆ هەرتەل بە قەدپاڵی چیاکەوە، بەڵام زۆریان هەر لە ناو گونددا مابوونەوە.

ئێوارەیەکی درەنگانی 15 ی مایس، لە کاتێکدا کەوا خەڵکی وەرێ خۆیان بۆ جەژنی ڕەمەزان ئامادە دەکرد، ئەو جەژنەی کە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان کۆتایی پێدێنێت، هەندێ دانیشتووی جارانی گوندەکە، کە ئەو دەمە لە هەرتەل دەژیان، دوو فڕۆکەیان بینی نزم بەسەریاندا دەفڕی، بەڵام زۆر گوێیان نەدایەو هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە وەرێیان کردبێتە نیشان. ئەو پێشمەرگانەی لەو نزیکانە بوون دەسبەجێ زانییان چی قەوماوە چوونکە *جاشەکانیان* بینی لە سەر لووتکەی چیاکان

---

[4] بڕوانە بەشی دووەم: دەسپێك بۆ ئەنفال

ئاگردەکەنەوە، کە ئەوەش بەڵگەی تەواوی بەکارهێنانی کیمیایی بوو. دوو سەعات دواتر، خەڵکی هەرتەل بەجارێ واقیان ورما کە تەماشایان کرد وا خەڵکێك بەرەو لای ئەمان رادەکەن و هەواڵیان پێدان کە وەرێ کیمیایی بە سەردا کراوە. پیاوێکی خەڵکی هەرتەل دەیوت: "هەر کە گەیشتینە لای گوند چوار پێنج کەسێکمان لە باخێکدا بینی بە لاپاڵێکەوە ئاشکرا دیاربوو لەگیانەڵادان. کەمێکیتر رۆیشتین و تەماشامان کرد سێ کەس لە ناو گۆرستانەکەدا مردوون. وەختێ چووینە ناو گوندەوە روانیمان حاڵ زۆر شەرەو هەموو شتێ تێکچووە بە سەر یەکداو سۆپاکان هێشتاخواردنیان لە سەر بوو، ئاژەڵ لەو ناوەدا لاروپاڵ کەوتوون و مردار بوونەتەوە یان لەگیانەڵادان و لرخەیان دێت".

ئافرەتێکی گەنج ناوی ئامینە بوو لە دەرەوەی ماڵەکەی بووە کاتێ کە فرۆکەکان بۆمبەکانیان هاوێشتووەتە وەرێ. "ئەو دەنگەی من گوێم لێبوو لە دەنگی ئۆتۆمبێلێك دەچوو کە زۆر بە خێرایی بڕوات و پاشان پێ بنێ بە برێکدا. دوای ئەوە دەنگی چوار تەقینەوە هات و دووکەڵ گوندی داپۆشی"، نەجیبەی کچە دوو ساڵانەکەی ئامینە یەکێك بوو لەو سیو حەوت کەسەی خەڵکی گوند کە ئەو شەوە گیانیان سپارد[5]. ئەوانەی کە دەربازبوون سیو سێ لاشەیان لە گۆرێکی بەکۆمەڵی دەرەوەی گونددا ناشت، سێ کەسیش بە عەرەبانەی تراکتۆرێك بران بۆ نەخۆشخانە مەیدانیەکەی PUK لە گوندی خەتێی دراوسێ هەر لە ناو گوندەکەدا بە خاك سپێردران و یەکێکیش خەڵکی کۆمەڵگای سەروچاوە بوو کە پێشتر گۆڕی پەنجا قوربانیی گازی ژەهراویی ساڵی پێشووی شێخ وەسانی لەخۆ گرتبوو.

★ ★ ★

---

[5] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، وەرێ، 24 ی مارتی 1993.

www.dengekan.com

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوایی خامۆشییەکی نائاسایی لە گەڵ خۆی هێناو زیاد لە حەفتەیەکی خایاند. دوابەدوای ئەوە پاشنیوەڕۆیەکی زووی 23 ی مایس شەپۆل شەپۆل فڕۆکە دەهاتن و بۆمبی کیمیاییان دەبارانده سەر بالیسان و هیران و دۆڵەکانی دیکەی دەوروبەردا. پەلامارەکە زۆر خەستبوو و چەندین جار دەگەڕانەوە سەری بە ڕادەیەك کە *پێشمەرگە* بۆیان لە ژمارە نەدەهات. پیرەژنێکی خەڵکی گەرەوانی ژۆری لە ئەشکەوتێکدا خۆی شاردبۆوە، دوو فڕۆکەی جەنگیی بینیبوو هەڵیانکوتابووە سەر مەلەکان، لەو نزیکانەو بۆمبیان بەردابۆوە دووکەڵێکی شینی لێپەیدابووبوو "کە ئەو ناوەی هەموو داپۆشیبوو و دنیای تاریك کردبوو"، گازەکە یەکەمجار بۆنیخۆش بوو، خێرا خەڵکی ناو ئەشکەوتەکەی وڕو گێژ کردبوو، زۆریان کەوتبوون، ڕشابوونەوەو چاویان فرمێسکی کردبوو و پێستیان ڕەش هەڵگەڕابوو، دایکێك و کوڕەکەی هەر لە ناو ئەشکەوتەکەدا مردبوون[6].

لە کاتێکدا کە تەواوی دۆڵەکە گرفتاری کارتێکردنی پەلاماری گاز بووبوو بۆ سەر *پێشمەرگە* لە چیای کێلکێلدا، خەڵکی بەچاوی خۆیان بینیبوویان کەوا گوندە چۆلکراوەکانی شێخ وەسان و بالیسان ڕاستەوخۆ بۆ جاری دووەم لێدەدرێت، فڕۆکەی سۆخۆیی سۆڤێتی بۆمبهاوێژی جەنگیی ماوەی بیست دەقیقە شێخ وەسانی بە بۆمبی هێشوویی و کیمیایی بۆردمان کردبوو، هەرچەندە بەشێك لە *پێشمەرگە* ماسکی گازی ئەڵمانییان پێبوو، بەڵام ئەوەندە نەبوو بەشی خێزانەکانیشیان بکات، لەبەرئەوە هەموویان شەڕکەرو شەڕنەکەر وەك یەك ڕایاندەکرد. لە بلە کیمیایی بەلایکەمەوە سێ منداڵی کوشت، لەوانە دوو برای بچووك سۆران وحەیدەرساڵح مەجید کە تەمەنیان دوو ساڵ و سێ ساڵ بوو[7]، هەروەها هەواڵێکی واش هەبوو کە دوو کەس لە خەڵکی نازەنین کوژرابێتنن.

---

[6] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، گەرەوان، 29 ی نیسانی 1992.
[7] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، گوندی ڕمهاوێژ، 18 ی تەمووزی 1992.

بۆمبی هێشوویی‌و گازیشیان کرد بە سەر گوندی سوێرەدا، بە *ڕاجیمەی* کیمیاییش چیای ڕەشکی‌یان* دابێژاو هەڵم و گازێکی خەست بۆ گوندی ئاکۆیان دابەزی. دواجار لە شەوی 23 ی مایسدا یان لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواییدا هێزی زەمینی هاوکات لە سێ قۆڵەوە پێشڕەوییان کرد. زۆربەی ئەو مەدەنیانەی مابوونەوە هەر کە پەلامارەکە دەستیپێکرد هەڵاتن بۆ چیاکان، ژنێکی هەڵاتوو دەیگێڕایەوەو دەیگوت "بۆنێکی پیس و ناخۆش لەو شوێنانە دەهات کە بۆمباران کرابوون" و لاکی ئەسپ و مەڕومالاتی بەر گاز کەوتوو لەو دەشتودەرە کەوتبوون. خەڵکی گوندی ئاکۆیانیش دەردی خەڵکەکەی تر، بە سێ لادا بڵاوەیان لێکردبوو، هەندێك بە پێیان یان بە ئەسپ و هێستر چوون بۆ سنووری ئێران، کەوا نزیکەی سی‌و پێنج میل دووربوو، هەندێکی تر پەنایان بردە بەر کۆمەڵگای حاجیاوا کە لە ساڵی 1987دا لە لای لێواری باکووری دەریاچەی دووکانەوە دروستکرابوو, بە پێیان سێ چوار ڕۆژێك لێیانەوە دووربوو. بەشێکی تریشیان خۆیان لە ناو چیاکاندا قایم کرد.

پاش سەفەرێکی سەخت و پڕ ماندوێتی بە ناوچەیەکی هەڵەت و تووشدا، سەدان ئاوارە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئاکۆیان و گەرەوانیشیان تێدابوو، لە گوندی چۆڵکراوی گولان کە لە نیوەی ڕێگادا بوو بۆ ڕانیە، بە یەکتر گەیشتنەوەو نزیکەی مانگێکیان لەوێ بە سەربردو لەو دەرودەشتەدا دەخەوتن و بە خێرو یارمەتیی خەڵکی ئەو ناوە دەژیان. لەوێ چوونە ژێر ڕکێفی سەرۆکێکی دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە کە سواراغای ناوبوو و سەرۆك هۆزی ئاکۆ بوو. گوندنشینێك کە هەڵاتبوو بۆ ئێرە دەیگوت: "سواراغا لە گولان حوکوومەتێك بوو بۆ خۆی، ئەو

---

* لە دەقەکەدا سێران نووسراوە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بە سوێرەی ناودەبەن, هەروەها چەندم پرسیار کرد لە خەڵکی شارەزای ناوچەکە ئەم چیایەیان هەر بە ڕەشکی ناودەبرد نەك ڕەشکی بانیشان یان بانەشان, وەك لە دەقەکەدا هاتووە ـ و.

www.dengekan.com

سەربازو *جاشی* خۆی هەبوو و فرۆکەکانی سەدامی لێدەرچێت هەموو شتێکی هەبوو"[8].

هەرچەندە ملکەچیی خێڵەکی لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا ئەو توندوتۆڵە نەبوو و لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەمانە خەڵکی سەر بە سواراغا نەبوون بەڵام ئەو بە جۆرێك ڕێکەوت لە گەڵیان پێدەچێت بێهاوتا بووبێت لە مێژووی ئەنفالدا. سواراغا پێیڕاگەیاندن ئەوانەی حەز بکەن دەتوانن لە گوندەکەیدا بمێننەوەو ڕێگاش نادات سوپا دەستیان بۆ ببات. بە گوێرەی قسەی پیاوێکی گوندی گەرەوان "سواراغا بە حوکوومەتی دەوت ئێمە هەموو *جاش* بووین". لە ڕاستیشدا واپێدەچێت ئەو کەسانەی گەیشتبوونە گولان ڕزگاریان بووبوو. خەڵکەکە هەندێکیان بڕیاریاندا لەوێ بمێننەوەو هەندێکی تریش بە تایبەتی ئەوانەی کەسیان *پێشمەرگە* بوو چاریان نەبوو جگە لەوەی کە پەنا ببەنە بەر ئۆردووگای ئاوارەکان لە ئێران. سواراغاش بە سەلامەتی تا سەر سنوور ڕەوانەی کردن و کۆچ و باریان شەو و ڕۆژێکی تەواوی خایاندو بۆ خۆپاراستنیان لە دەورێی هێزەکانی عێراق بەردەوام لاڕێیان دەگرت. ئەودوای خەڵکەکەش کە لە گولاندا مانەوە بڕیاریاندا خۆبدەنە دەست سوپاوە، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای حاجیاوای لای شارۆچکەی ڕانیە نیشتەجێبکرێنەوە، وادەردەکەوێ ئازاد بووبێتن لەو مەسەلەیەدا هەرچەندە بارودۆخ لە کۆمەلگادا زۆر دژوار بوو. پاشماوەی ئەو هاوینە لەوێ گەرم و نادروست بوو, دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە ڕێکوپێك نەبوو و ئۆردووگاکەش لەلایەن بنکەیەکی پۆلیسەوە چاودێری دەکراو دانشیتوانیان ئاگادار دەکردەوە کە زۆر دوورنەکەونەوەو تەنها بۆ کاروباری بازاڕ بچنە ڕانیە یان کۆمەلگای سەروچاوە. لە پاش ئەیلوول گڕەو گەرما بەسەرچوو و ڕێی بۆ سەرماو سۆڵەی زستان خۆشکرد. زارا کە ئافرەتێکی خەڵکی گەرەوان

---

[8] سواراغا جاران لە گەڵ PUKدا بوو، بەڵام دوایی خۆی بەدەستەوە دابوو و ڕێکەوتنی ئاشتیی تایبەتی خۆی لەگەڵ بەغدا سازکردبوو و پەیمانی دابوو کە ئەو ناوچەیەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە بە بێلایەنیی بیهێڵێتەوە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ خەڵکی گوندەکانی ئاکۆیان و گەرەوان، 28و 29 ی نیسانی 1992.

**بوو ئەو زستانە لەو حەوت منداڵی هەیبوو دوانی لەدەستچوو، شیلانی تەمەن سێ ساڵ و ئیسماعیلی دوو ساڵان[9].**

**بەسەرهاتی کۆمەڵی سێهەمی پەرتەوازەکانی ئاکۆیان، ئەوانەی کە ویستیان لە چیاکاندا بمێننەوە، لە کورتەیەکی بەسەرهاتی ئامینەی تەمەن 30 ساڵدا کۆدەبێتەوە. ڕۆژێك ئامینە, پێش ئەوەی سەرباز بگەنە گوندەکەی ئەم لە کاتژمێرحەوتی بەیانیدا ماڵی بەجێهێشت و لای نیوەڕۆ شوێنێکی خۆشاردنەوەی دۆزییەوەو لەوێ لەگەڵ ئاوارەی بلەو گەرەواندا گەیشتنە یەك. خەڵکەکە تێکڕا پەنجا ماڵێك دەبوون و ماوەی چەند ڕۆژێك خۆیان شاردەوەو تا ئەو کاتەی هەواڵیان پێگەیشت کە هێزەکانی حوکوومەت دەوریانداون. ئەمانیش چەند سەعاتێك بە ناو چیاکاندا هاتن و چوون ئەوجا حەشارگەیەکی تریان دۆزییەوە کە دەیڕوانی بە سەر گوندی فەقێیاندا. دیسان لێرەش ماوەی چوار ڕۆژ مانەوە تاوەکو بە تەواوی‌و لە نزیکەوە ئاگری تۆپخانەیان لێکەوتە کارو ژیانی لێ تاڵ کردن. جارێکیتریش وەڕێکەوتن و وەخت و ناوەخت بە سەر لووتکە بەرزەکاندا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕۆیشتن و تەنها بە شەودا پرکێشییان دەکرد بێنەدەروە. بەمجۆرە بە شەکەتیی‌و ماندوویی‌و بێنان‌و ئاو خۆیان کرد بە گوندی جولەمێرگی ژێردەسەلاتی حوکوومەتدا [10]. بەڵام ئەوان لێرە بەختیان نەیهێنا، ئەگەرچی لە سەرەتاوە کەمێك دڵیان خۆش بوو و *جاشەکانی* خاڵی پشکنینی جولەمێرگ نەیانویست بیانگرن،**

---

[9] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گەرەوان، 29 ی نیسانی 1992. تا ئێستا ئەوە نەزانراوە بۆچی ئەوانەی لە گولان خۆیان بە دەستەوە دا هیچیان لێنەکردن، لە کاتێکدا کە خەڵکی هەمان ئەو گوندانە کەوا لە جولەمێرگ خۆیان دا بە دەستی سوپاوە، نێردران بۆ ئۆردووگاکانی ئەنفال. ئەو جیاوازییە لەوانەیە بە مەسەلەی دڵنەرمی‌و بەزەیی فەرماندەکانی سوپا لەو ناوچەیەدا لێکبدرێتەوە.

[10] جولەمێرگ کەمێك کەوتووەتە خوار شارۆچکەی خەلیفانەوەو لە سەرووی دۆڵی ئالانەوەیە. لە نزیکی ئێرەوە بوو و لە سەر چەمی ئالانە کەوا دەربازبووانی بۆمبارانی کیمیایی بەهاری 1987 ی شێخ وەسان و بالیسانی تێدا بەرەڵاکرا لە لایەن *ئەمنەوە*.

www.dengekan.com

بەڵام پێشیانوتن "کاتێکی باش نەهاتنە بەردەستی قەساب"[11]. سەرباری ئەمەش هێزی سوپا خێرا دەوریاندان, ناویان تۆمار کردن و وێنەیان گرتن و ئەوجا بردنیان بۆ سەربازگەی سپیلك لای شارۆچکەی خەلیفان و ماوەی چەند ڕۆژێك کردنیانە خێوەتەوەو هەر هەشت نۆ خێزان لە ژێر خێوەتێکدا بوون، لە شوێنێکدا کە بە تەلدرك چواردەوری گیرابوو. ئەو ژن و منداڵانەش کە پاش پەلاماردانی بلەی ژێری خۆیان دابوو بە دەستەوە لێرە بوون, پیاوەکانیشیان، کە پێش گەڕانەوەو خۆبەدەستەوەدانیان هەڵاتبوون بۆ چیاکان، دواتر هێنرابوون بۆ سپیلك.

بە پێی قسەی دەربازبوان، بلەی ژێری تاقە گوند بوو لەو ناوچەیەدا کەوا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی بێسەروشوێن بکرێت لە ئەنفالدا. بەسەرهاتی گوندی بلەی ژێری لە بەڵگەنامە ڕەسمیەکانی عێراقیشدا ئیشارەتی بۆ کراوە. یەکێك لە ڕاپۆرتە مەیدانیە دەسنووسەکانی *ئەمن* دەڵێ: "شەوی 3/2 ی حوزێران 30 خێزانی خەڵکی گوندی بلەی ژێری لە لایەن فەرماندەیی فیرقەی 45 ی سوپاوە وەرگیران و ئێمەش ژمارەمان کردن، بەم زوانەش لیستی ناو, ئەدرەس, ڕۆژی لەدایکبوونیانتان بۆ دەنێرین"[12]. لێرەدا بەڵگەی زیادی ڕەسمیی چەند بارە بە ساردوسڕییەکەوە لە دەربازبوان دەدوێت بەوەی کەوا کۆمەڵێك خەڵکی مەدەنیی دیاریکراو دەسبەسەر بوون لای حوکومەت و لە ساتەوەختێکدا سەرنگوم کراون. تێبینیەکەی *ئەمن* ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا هیچ شتێکی جیاکارو تایبەت نەبووە لەو بێسەروشوێن کردنانەداو هیچ کەس

---

[11] جولەمێرگ خۆی تا 3 ی ئەیلوول دەستی لێنەدراو لەو کاتەدا ڕووخاندیان، بە پێی برووسکەی ژمارە 4799 ی ڕۆژی 3 ی ئەیلوولی 1988 لە *ئەمنی* شەقڵاوەوە بۆ *ئەمنی* هەولێر، کە ئاماژە بە "پاکتاوکردنی" دۆڵی ئالانە دەکات لە لایەن فیرقەی 37 ی سوپاوە.

[12] بە پێی قسەی دەربازبوان لیستەکە گەیشتووەتە 267 کەس لە خەڵکی بلە. برووسکەیەکی "نهێنیو شەخسی" ژمارە 1130 لە 3 ی حوزێرانی 1988دا لە *ئەمنی* (سدیق)ەوە بۆ *ئەمنی* هەولێر "فق45" وا دەردەکەوێ مەبەستی فیرقەی 45 ی سوپا بێت کە بارەگای لە خەلیفان بوو. ئەم ڕاپۆرتە دانەیەکە لە چلو دوو برووسکە یەك لە دوای یەکەکەی *ئەمن* کەوا ڕۆژانە بارودۆخی مەیدانیی دەدا لە 3 ی حوزێرانەوە بۆ 18 ی ئەیلوولی 1988. ئەم لاپەڕانە بە وردیی باسوخواسی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوتی لە سەر بنیات دەنرێ و ئاماژەیەکی کورتیش بەوە دەکا کە فەیلەقی یەك لەو هەوڵدان و تەقەلایەیدا بۆ "پاککردنەوەی" ئەم ناوچە یاخیو سەختانە لە "تێکدەران" سەرنەکەوتووە.

" ئەنفال " نەکراوە تاوەکو زانیاریی شەخسیی لە سەر تۆمار نەکرابێت و حاڵەت بە حاڵەت تاوتوێ نەکرابێت.

هەندێك لەوانەی بەر ئەنفالی پێنج کەوتن لە سپیلك سەرنگوم کران. هەندێکیتر لە پەنجەرەی بەندیخانەیەکەوە بینرابوون لە ڕەواندز، کۆمەڵێکی تریان هەر لە گرتووخانەی ئەمن لە هەولێر شوێنبزر بوون، بەڵام هەروەك چوار قۆناخەکەی تری پێشووی ئەنفال، هەمان کار یەك لەدوای یەك دووبارە دەبووەوەو لەشوێنی دەسبەسەریی کاتییەوە گیراوەکان ڕاپێچی ئیڤا دەکران و هەموو جارێکیش بەرەوخوار دەکرانەوە بۆ لای کەرکووك.

★ ★ ★

## دوابەرگریی PUK

ماوەی سێ مانگ زیاتر شەڕوشۆڕ درێژەی کێشا لێرەو لەوێ، بەینێك گەرم و بەینێك سارد. لە سەروەختی شەڕەکاندا، وەك *پێشمەرگەیەکی* بەشداربوو لە ناوچەی بالیساندا دەیگێڕایەوە کەوا "ئاسمان هەرگیز بێ فڕۆکەی حوکوومەت نەبوو"[13]. هەرچەندە هێزەکانی حوکوومەت بە خێرایی نزیکەی بیست گوندی ئەو دۆڵانەیان گرت، *پێشمەرگەش* هەستیان بەوە کرد کە سروشتی سەختی ناوچەکە نیازی ڕژێمی پووچ کردەوە لەوەی کەوا ڕێگەی دەربازبونی ئێرانیان لێبگرێت. هەروەها خەڵکی ئەو گوندانەش کە لە چیاکاندا مابوونەوە تەماشایان کرد کە خانووبەرەیان لەو ماوەیەدا دەستی لێنەدرا. بە هۆی ئەوەوە کە سروشتی ناوچەکە جموجووڵی هێزە زەمینییەکانی سنووردار کردبوو، شاڵاوی وێرانکردنی گوندەکان دواخرا تا ئەو کاتەی یەکەکانی ئەندازیاریی سوپا

---

[13] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گوندی ڕمهاوێژ، 18 ی حوزێرانی 1992.

www.dengekan.com

لــە دەوروبــەری کۆتــایی ســاڵدا بــە هەلیکۆپتــەر بۆیــان دەگوێزرانــەوەو دەیانڕووخاندن.

هــەردوو گــەرەوانی ژۆری و ژێــری پێدەچــوو گــوێزێکی ڕەق بــن‌و شــکاندنیان بــۆ ســوپا زۆر ئاســان نــەبێت. ئــەم جووتــە گونــدە بابــەتی ژمارەیەك ڕاپۆرتی مەیدانیی دژ بە یەکن لە لایەن فەرمانگەکانی *ئەمنی* ناوچەکەوە کە لە مانگی حوزێرانی 1988دا ئاڵوگۆڕ کراون. برووسکەی ژمـارە 1132 لـە *ئـەمنی* سـدیقەوە بـۆ *ئـەمنی* شـەقڵاوە لـە ڕۆژی 3 ی حوزێراندا باس لە "پاکتاوکردن‌و سووتاندنی گەرەوانی ژێـری" دەکات. لە هەمان کاتدا برووسکەی ژمارە 1136

لە *ئەمنی* سدیقەوە بۆ *ئـەمنی* هـەولێر لـە ڕۆژی 6 ی حوزێرانـدا بـاس لـە بـەردەوامیی "گـەمارۆدانی هـەردوو گـەرەوانی ژۆری و ژێـری" دەکـات‌و پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە هێـزی *پێشمەرگە* هێشتا هـەر لـە بەرگریـدان لەوێ، تەلـەگرافی ژمـارە 1137 ی ڕۆژی دوایـیش جاری "گرتنـی هـەردوو گــەرەوانی ژۆری و ژێــری" ی داوە. برووســکەیەکی دیکــەش بــە ژمــارە 1179 لـە 14 ی حوزێرانـدا دیسان لـە *ئـەمنی* سـدیقەوە بارەگـای *ئـەمنی* هەرێم لە هـەولێر ئاگاداردەکاتـەوە کـە ژمارەیـەك گونـد بـە گەرەوانیشـەوە ئێستا سووتێنراون[14].

هەنــدێ کەســی خــەڵکی گــەرەوان، لــە پــاش چــەند حەفتەیــەك خۆشـاردنەوە لـە نـاو چیاکاندا، بـە دزە چـوونە نـاو گونـدەوە بـۆ خـۆراك هێنــان. چــەند خانوویــەك تــۆپ ڕووخانــدبوونی، بــەڵام زۆربــەیان وەك خۆیـان مابوونـەوە, تۆمـارە ڕەسمیـەکانیش ئـەوە دەگەیـەنن کـە پرۆسـەی تێکدانەکـە بچـڕ بچـڕ بـووەو لـە مـاوەی ئـەو چـەند مانگـەی دواتـردا

---

[14] ڕەنگە سووتان هەمان شت نەبێ لەگەڵ وێرانکردندا. شایانی باسە ڕەسووڵ مێژووی وێرانکردنی هەردوو گوندی گەروان‌و گوندە دراوسێکانی تری ئاکۆیان‌و فەقێیانی بـە 28 ی شـوباتی 1988 لـە قەڵەم داوە. هەروەها زۆر گوندی تری ئەم ناوەی بە وێران نەکراو داناوە تا دیسـەمبەری 1988. بە هەمان شێوە، وەك نموونە باسی دەکەین، یانزە گوند لە ناحیەی سەلاحەدین‌و هەشت لە ناحیەی هەریر (هەردوکیان سەر بە قەزای شەقڵاوەن). دیسانەوە بڕوانە دواتر لاپەڕە 408.

جێبەجێ کراوە [15]. ئەنجام ئەم گوندانە هەر تەختکرابوون. لە کۆتاییدا کاتێ دانیشتوانی لە پاش ڕاپەڕینەکەی دوای جەنگ لە ساڵی 1991دا, توانییان بگەڕێنەوە بۆ گەرەوان تەماشایان کرد "هەموو شتێك وێرانکراوە, بە دینامیت تەقێنراوەتەوە, تەنانەت ئەو بۆریانەشیان بردبوو کە لە کانیەکەوە ئاویان پێڕاکێشرابووە ناو گوند". هەرچی ئاسەوارێکی ژیان هەبوو نەمابوو, تەنانەت پوورە هەنگیشیان تێکوپێك دابوو. ئەو دارو درەختانەش کە بەکاردەهاتن بۆ دارەڕای خانوو سەرپاك بڕابوونەوە, بەوەشەوە نەوەستابوونو "گۆڕی هەڵبەستراوی شەهیدانیشیان هەڵتەکاندبوو (واتە ئەو *پێشمەرگانەی* کوژرابوون )و لە گۆڕستانی زینێ دا نێژرابوون", ئەمە جەنگاوەرێکی خەڵکی گەرەوان دەیگێڕایەوە کە خزم و کەسی خۆی لەوێ نێژرابوون و ئەو دەمە لەو گوزەرەدا خۆی شاردبۆوەو لە قەدپاڵی چیاکەوە بە دوربین تەماشای کردبوو تاقمێك *جاش*و سەرباز پیرۆزیی گۆڕەکان پێشێلدەکەنو بە دینامیت دەیانتەقێننەوە [16].

---

[15] پێدەچێت لە شوێنی تریش هەمان کار کرابێت. بۆ نموونە, بڕوانە فایلێکی گەورە کە چەندین بەڵگەنامەی ئەمنو سوپای تێدایە, لە ماوەی 18 ـ 22 ی ئابی 1988 دا ئەوە دەخەنە ڕوو کە زۆربەی ئەو گوندانەی لە ماوەی ئەنفالی سێو چواردا گیراون، بەوانەشەوە کە شەڕو پێکدادانی بەرچاویان تێدا بەرپابووە، وەک شێخ تەویلو دۆڵی چەمی ڕێزان، تا چەند مانگێکی دواتر وێران نەکرابوون. ئەم پەلامارەش تەواوی بەروبوومی کشتوکاڵیو ئامێری گواستنەوەو هاتوچۆ پێکردنو کۆگاو عەمباری تێکوپێك دا بە مەبەستی، وەك بەڵگەنامەیەك دەڵێ "سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی ژیان" لە ناوچەکانی ئەنفالدا. برووسکەی *ئەمنی* کەلار، ژمارە 19442 "نهێنیو بە پەلە" لە 20 ی ئابی 1988دا. بەهەمان شێوە، لە کاتێکدا کە ئەنفالی چوارو پێنج بەڕێوەدەچوو، هێزی سەربازیی دیکە خەریکی سووتاندنی دەیان گوندی تر بوو لە ناوچەی قەڵادزێ، لە ڕۆژهەڵاتی گۆلی دووکانەوە، بە مەرجێ لەو کاتەدا هیچ شەڕوشۆڕێکیشی تێدا نەبوو. ئەم پەلامارە هاوزەمانەی گوند ڕووخاندن بۆ میدڵ ئیست ووچ باسکراوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەربازبوانی گوندی بنەوشاندا، 23 ی مایسی 1992. بە هەرحاڵ ئەم گوندانە بە بەشێك لە عەمەلیاتی ئەنفال دانەنرابوون.

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گەرەوان، 29 ی نیسانی 1992.

www.dengekan.com

* * *

لە ڕوانگەی ڕژێمەوە ئەنفالی پێنج ئۆپەراسیۆنێکی ناڕێکوپێكو ناتەواو بوو و تاکە قۆناخ بوو کە بەمجۆرە بێسەروبەر بێتو سەرەتاو کۆتایی دیار نەبێت، چوونکە ئامانجی حوکوومەت ئەوە بوو کەوا PUK ڕابماڵێتو پاشان بچێتە ناوچەی بادینان کە لە لایەن KDPەوە کۆنترۆڵکرابوو و لەوێوە بگاتە سنووری تورکیا. بەڵام وای پێویست دەکرد ئەم ئامانجە چەند مانگێك دوابخرێت چوونکە هێزەکانی *مەڵبەندی سێ* لە بەرگریکردندا لەوە پتەوترو خۆڕاگرتبوون کە سوپای عێراق پێشبینیی لێدەکردن.

کەشو هەوای ئەو شکستیو دواخستنە یەك لە دوای یەکانە لەو بروسکانەدا ڕەنگدەداتەوە کە لە نێوان ئۆفیسەکانی *ئەمندا* ئاڵوگۆڕ دەکران لەو ناوچەیەدا. لە 4 ی حوزێراندا نووسراوە: "لە پێشڕەویکردندا بەرەو چیای کۆڕەك تووشی بەرەنگارییەکی زۆر توند هاتین", 8 ی حوزێران "عەمەلیاتی ئەنفالی تایبەت بەر هێرشی تێکدەران کەوت", 27 ی حوزێران و دووبارە 8 ی تەمووز "پاککردنەوەی گەلیی ڕەش، باداوەرە، گلگە"، 15ی ئاب "لە ماوەی بیستو چوار سەعاتدا وێنەی تەواوی پاکسازیی ناوچەکەمان بدەنێ"[17].

هەستکردن بەوەی کە ئەنفالی پێنج سەرکەوتنی گەورەی وەدەست نەهێناوە دیسان بە ڕوونی لە بەڵگەنامەیەکی نائاساییو دووردرێژی سەربازیدا دەردەکەوێ بە ناونیشانی "شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"ـ (*خاتمە الٲنفال*)*. ئەمە ڕاپۆرتێکە لە لیوا ڕوکن یونس محمد

---

[17] بۆ نموونە، لە برووسکە " نهێنیو بە پەلە"کانی ئەمن ، ژمارە 1333 (سدیق بۆ هەولێر), 3215 (شەقلاوە بۆ هەولێر)، 1293 (سدیق بۆ شەقلاوە)، 3550 (شەقلاوە بۆ هەولێر)، 12233 (هەولێر بۆ شەقلاوە).

* لە دەقەکەشدا هەر بەم شێوە عەرەبییەی هاتووە ـ و.

الـژرب ی فەرمانـدەی فەیلـەقی پێنجـەوە لـە چەشـنی "ئەوپـەڕی نهێنـیو شەخسـی", بـۆ فەرمانـدەیی گشـتیی هێـزە چـەكدارەكان. ڕاپۆرتەكـە لـە ناوەرۆكدا پێداچوونەوەیەكی بریقـەدارو بـە كەفوكوڵـە بـۆ ئـەو پـەلامارە سەركەوتووە كەمخایەنەی لە ناوچەكانی بـاكووری ژێـر دەسـەڵاتی KDPدا ئەنجامدرا، لە نێوان 28 ی ئـاب و 3 ی ئـەیلوولی 1988دا. بـەڵام كـە دێتـە سـەر پاشـخانی دوا ئـەنفال ئـەوە بـاس لـە بێشـومار دواخسـتنی "پاكتاوكردنی" كەرتی ڕەواندز ـ شەقڵاوە دەكات، هـەروەها وێنـەی زنجیرە یەك لەدوای یەكەكانی قۆناخەكانی ئەنفال وەبیردێنێتەوە.

جەنـەراڵ زەرب دەنووسـێ :"لـە پـاش تـەواوبوونی عەمـەلیاتی ئـەنفالی پێنج لە 7 ی حوزێرانی 1988دا, خۆكۆكردنـەوەو پلانـدانان دەسـتیپێكرد بۆ عەمەلیاتی ئەنفالی شەش, پـلان بـۆ پرۆسـەیەكی پاككردنـەوە دانـرا بـە مەبەسـتی تێكشـكاندنی تێكـدەران لـە دۆڵـی بالیسـان و ئالانـەدا (ئـەنفالی شـەش)، ئـەم پلانــە لـە 30 مایسـی 1988دا نێـردرا بـۆ سـەرۆكایەتیی دەستەی ئەركانی سوپا بە برووسكەی (ئەوپەڕی نهێنـیو شەخسیی) ژمـارە 1475 لـە 7 ی حـوزێرانی 1988دا، كـە داوای دواخسـتنی پرۆسـەكە دەكـات تـا كـاتێكی گونجـاوتر، سـەرۆكایەتی دەسـتەی ئـەركانیش بـە برووسـكەی (ئەوپـەڕی نهێنـیو شەخسـیی) خـۆی ژمـارە 519 لـە 7 ی حـوزێرانی 1988دا فەرمانیـدا نەخشـەكە جێبـەجێ بكرێـت بـۆ تێكشكاندنی تێكدەران لە ناوچەكانی بالیسان و سماقوولێدا".

هـۆی سـەرەكیی بڕیـاری ڕاگرتنـی پەلامارەكـە بـە شـێوەیەكی كـاتی وا دیـاربوو ئـەو بەرگرییـە تونـدو سـەختەی PUK بـوو لـە چیـای كـۆڕەك و دەوروبەری، كە بەرزیی لووتكەكەی حـەوت هـەزار پێیـە لـە ڕاسـەری دۆڵـی ئالانەدا، بەڵام ڕاگرتنی كـاتیی شـەڕ لـە مـانگی تـەمووزدا ڕەنگـە پەیوەنـدی بووبێـت بـە سـەردانەكەی جـەلال تاڵـەبانیی سـەركردەی PUKوە بـۆ واشـنتۆن لـە حوزێرانـدا. هەرچـەندە *پێشـمەرگە* دڵخـۆش بـوون بـەم

www.dengekan.com

سەردانە، کەوا تەماشا دەکرا ڕێچکە شکاندنێکی دیپلۆماسی بێت بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا، چوونکە کاربەدەستانی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیانویست لەگەڵ تاڵەبانیدا دابنیشن و ئەو کارمەندە ئاست مامناوەندیانەی وەزارەتی دەرەوەش کە چاویان پێکەوت تەنها تێبینی ئەوەیان دەربڕی کە "بە هۆی هاوپەیمانیی ئەو لە گەڵ ئێرانیەکاندا، گرووپەکەی ڕادەیەك سەرکەوتنی سەربازییان بەدەستهێناوە لە سەر حیسابی خەڵکی کورد بە گشتی"[18]، تێبینیەکە لە بناغەدا بۆچوونی حوکوومەتی عێراقی دەردەبڕی سەبارەت بە PUK. تاڵەبانی کاربەدەستانی ئەمریکای ئاگادارکردەوە لە بارەی عەمەلیاتی ئەنفال و هێرشە کیمیاییەکانی ئەم دواییانەی دژ بە کورد، هەروەها سەردانەکەشی ئەو پرسیارەی هێنایە ئاراوە کە ئاخۆ واشنتۆن چەندی دەربارەی جینۆسایدی کورد زانیبێت ئەو کاتەی کە ڕوویداوە[19].

جەنەراڵ زەرب هەروا بەردەوامەو دەڵێ: "نەخشەو پلانی تێکشکاندنی بنکەو بارەگاکانی تێکدەران لە ناوچەی سماقوولی لە

---

[18] ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز New York Times، 22 ی حوزێرانی 1988.

[19] گفتوگۆی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ لێپرسراوانی PUK ، واشنتۆن، 2 ی مایسی 1993. ئەو بەڵگەنامانەی بە پێی یاسای سەربەستیی زانیاری Freedom of Information Actلە لایەن میدڵ ئیست ووچ و ئەرشیفی ئاسایشی نەتەوەییەوە دەسکەوتوون ڕۆشناییەکی کز دەخەنە سەر ئەم کارە بەردەوامە. برووسکەیەکی وەزارەتی بەرگریی (ویلایەتە یەکگرتووەکان - و) لە ڕۆژی 19 ی نیسانی 1988دا، تێبینی ئەوەی کردووە کەوا نزیکەی 1.5 ملیۆن خەڵکی کورد سەرلەنوێ لە ئۆردووگادا نیشتەجێ کراونەتەوە واتە "دەوری 700 ـ 1000 گوندو شوێنی نیشتەجێی بچووك کراونەتە ئامانج بۆ ئەم نیشتەجێکردنەوەیە"، کەواتە "ژمارەیەکی نادیار بەڵام وەك باس دەکرێ ژمارەیەکی گەورەی کوردە کەوا خراونەتە کەمپی بەندکردنەوە لە نزیك سنوورەکانی ئوردن و سعوودیە"و هەروەها "جموجۆڵ و هاتوچۆی دانیشتوانی سەرتاپای باکوور زۆر بە توندی کۆت و پێوەندیان خراوەتە سەر"، ئەو بەشە درێژەش کە دواتر دێت, بە زۆری سڕاوەتەوە.
برووسکەی دووەمی وەزارەتی بەرگری، ڕۆژی 15 ی حوزێرانی 1988، ئاماژە بە سەردانەکەی تاڵەبانی دەکات بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و باس لە پەلامارێکی نوێی عێراق دەکات دژ بە هێزەکانی ئێران لە کوردستاندا. هەروەها ئاماژەیەکی ئاشکراش دەکات بۆ ئەنفالی پێنج: "هێرشەکە، ئەگەر بڕیری تەواوەتیی لە سەر درا، بە دوای ڕماڵینی سەنگەرو پێگەی کوردو ئێرانیەکاندا دێت, لە ناوچەی هەردوو فەیلەقی یەك و پێنجدا, کە بۆ نزیکەی دوو حەفتە بەردەوام دەبێت. ئێران و کوردەکان عێراقیان بەوە تاوانبار کردووە کە چەکی کیمیایی لەو عەمەلیاتانەدا بەکارهێناوە".

برووسکەی ژمارە 1572 ماندا لە 15 ی ئابی 1988دا هاتووە[20]. لەو برووسکە نهێنیو شەخسیەی ژمارە 2544/ك لە 23 ی حوزێرانی 1988دا کە سەرۆکایەتیی دەستەی ئەرکانی سوپاوە بە برووسکەی ژمارە 641 لە 24 ی حوزێراندا بۆی ناردووین، ئۆفیسی سەرۆکایەتیی کۆماریی (سکرتاریەت) ڕەزامەندیی دەربڕیوە لە سەر دەستپێکردنی عەمەلیاتی تێکوپێکدانی بنکەو بارەگای تێکدەران لە حەوزی بالیسان و ناوچەی سماقوولێدا".

سەرۆك سەدام حوسێن ئەو کاتە, بە شێوەیەکی ئاشکرا, بە گونجاوی دەزانی کە خۆی بە شەخسیی بچێتە سەر کاری بڕیاردان لە بارەی عەمەلیاتی ئەنفالەوە، بە لایەنی کەمەوە ئەو کاتەی پەلامارەکە بەرەوڕووی گرفت و ئاستەنگ بووبۆوە. جەنەراڵ زەرب لە نووسینەکەیدا بەردەوام دەبێو دەڵێ: "لە برووسکەی نهێنیو شەخسیی ژمارە 14671 لە 16 ی تەمووزی 1988دا، لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارەوە کە دەستەی ئەرکانی سوپا بە برووسکەی نهێنیو شەخسیی ژمارە 861 لە 20 ی تەمووزدا ئاڕاستەی کردووە، پێیانڕاگەیاندین کەوا عەمەلیاتی ئەنفال لە دوای جەژنی قوربانەوە پێویستە بە گوڕو تینێکی گەورەوە ئەنجام بدرێت، گەر خواستی خوای لە سەر بێت"[21].

بەڵام وا دیاربوو خوا ئەو کارەی پێ خۆش نەبوو و چەند ڕۆژێکیش بە سەر جەژنی قورباندا تێپەڕی هێرشەکە هەر نەکرا. "لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە بارەگای فەیلەقی یەك لە کەرکووك سەرلەبەیانیی

---

[20] لە ڕوانگەی ئەو کرۆنۆلۆجیایەوە (واتە دیاریکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان بە پێی مێژووی ڕوودانیان ـ و) کە لە خوارەوە دانراوە، ئەم مێژووە دیارە ڕاست نیە.

[21] لە تەقویمی ئیسلامیدا,جەژنی قوربان پەنجا ڕۆژ لە دوای هەشتەم ڕۆژی پاش جەژنی ڕەمەزانەوەیە. لە ساڵی 1988دا کە ڕەمەزان لە 17 ی نیساندا دەستی پێکرد، ئەم بەو پێیە دەکەوێتە 25 ی تەمووزەوە.

www.dengekan.com

29 ی تــەمووزی 1988 بەســترا و تێیــدا یاریــدەدەری ســەرۆکی دەســتەی ئــەرکان بــۆ کاروبــاری عەمــەلیات و بەڕێوەبــەری جموجــۆڵی ســەربازی بەشــداربوون, بــە گــوێرەی ڕاگەیانــدنی نهێنیــی ژمــارە 943 لــە 29 ی تــەمووزدا عەمــەلیاتی ئــەنفالی شــەش و حــەوت دواخــرا بــۆ ئــەو کاتــەی پێداویستیەکانی پرۆسەکە تەواو دەکرێن".

★ ★ ★

لە کاتێکدا کە ڕژێمی عێراق بەردەوام بوو لە سەر ڕاگرتنی ئەنفالی شەش و حەوت، ڕووداوێکی تر هاتە پێشەوەو بوو بە هۆی مەترسیەکی نوێ بۆ *پێشمەرگە*. لە 17 ی تەمووزدا سەرۆك کۆماری ئەوسای ئێران عەلی خامەنەیی، خافێر پێرێز دیکوێلاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگادارکردەوە کە وڵاتەکەی دەیەوێت بڕیاری 598 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان قوبووڵ بکات[22]. ئەوی کە پەیوەندیی بە PUK وە بوو لەم بڕیارەی ئێراندا بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ، شکاندنی مەرجی ڕێکەوتنەکەیان بوو کە لە ئۆکتۆبەری 1986دا لە تاران ئەنجامیاندابوو کەوا هیچکامێکیان یەکلایەنە هەڵسوکەوت لە گەڵ بەغدا نەکەن. بەهەرحاڵ, ئەوان لەو بارەیەوە هیچیان پێنەکرا، وەك چۆن مەلا مستەفای بارزانی هیچی پێنەکرا وەختێ شا پشتگیریو یارمەتی لە KDP بڕی لە ساڵی 1975دا.

لە 26 ی تەمووزدا، ڕۆژێك دوای جەژنی قوربان فەرماندەکانی *مەڵبەندی* سێ کۆبوونەوەیەکی لەناکاویان کردو بڕیاریاندا کەوا پاشەکشەیەکی بەش بەش تاقە ڕێگایە لە بەردەمیاندا، هەر کەسێکیش

---

[22] بڕیاری ژمارە 598 ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە 20 ی تەمووزی 1987 وەرگیراو داوای دەسبەجێ ڕاگرتنی شەڕی کرد کە دەبێ لە لایەن چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووکانەوە سەرپەرشتیی بکرێ. دەقی تەواوی لە "هیرۆ: درێژترین جەنگ" دایە, لاپەڕە 309 ـ 310 .
.Hiro: The Longest War

کـە نـاتوانێ شـەڕبکات بـا مـاڵ و خێزانـی ببـات بـۆ ئێـران، *پێشـمەرگەی* بەتوانا و کاراش لە دواوە بمێننەوە بۆ جەنجاڵکردنی هێـزی حوکوومـەت و پارێزگـاریکردن لـە پاشەکشـە، بـەڵام تەنانـەت ئـەو کاتـەش کـە کشـانەوەکە دەسـتیپێکرد هێـزی ئاسمـانیی عێـراق کەوتـە هێرشـکردنێکی قـورس بـە چـەکی کیمیـایی. ئـەمجارەش گشـت دۆڵـە سـەرەکیەکانی کوتـا: بالیسـان، مەلـەکان، وەرتـێ، هـیران، سمـاقووڵی. بـە قسـەی *پێشـمەرگەیەك* کـە لـەم مەیدانەدا شەڕی کردووە، سیانزە کەس لە چەند شوێنی جیاجیا کوژراون و پانزە بـە پێـی باسـێکی تـریش. گەواڵە هـەوری گـاز زۆری بـۆ *پێشمەرگە* هێنـا کـەوا لـە شـوێنە بـەرزەکانی قـەدپاڵی چـیاکاندا بـۆ سـەلامەتی خۆحەشـاربدەن، بـەڵام سـەرلەبەیانی زووی ڕۆژی دوایـی هێرشـێکی دیکـەی بـۆمبی هێشـوویی ناچـاری کـردن هەمـدیس بکشـێنە خـوارەوە، زۆربـەی ئەوانـەی کـە مابوونـەوە لـە شـپرزەییدا پـەرتو بڵاوبوونـەوەو دوا خـەڵکی مەدەنیش خێرا ڕەویانکرد.

سـەرلەبەیانیی ڕۆژێکـی مـانگی ئـاب فـەوجێکی *جاش* گەیشـتنە دۆڵـی *سماقووڵی*و ڕوانییـان دانیشـتوان لـە تـاو تۆپبـاران ڕادەکـەن. *موستەشـارەکە* بە بڵندگۆ بانگەوازی کرد خۆ بدەنە دەستەوە. پاش پێـنج ڕۆژ ژمارەیـەکی زۆر خـەڵك گەڕانـەوەو بـە پێـی تەمـەن و تـوخم کرانـە سـێ بەشـەوەو نـاونووس کـران. بـە پیاوەکانیـان ڕاگەیانـد ئەگـەر بـە چـەکەکانیانەوە خۆبدەنەدەسـتەوە دەیانبەخشـن، بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی زۆریـان خـەڵکی مەدەنیی بێچەك بوون مەسـەلەکە زۆر زەحمـەت کەوتـەوەو ناچارکران بـە دوای شـوێنی شـاردنەوەی چـەکی *پێشـمەرگەدا* بگـەڕێن، تەنانـەت بـواری هەنـدێکیان دان کـە چـەك لـە *جاشـەکان* بکڕنـەوە بـۆ ئـەوەی کارەکـە بگونجێنن و پێکیبێـنن و لێبووردنەکە بیانگرێتـەوە. پاشان فـەرمانیان بـە پیاوەکـان دا دانپیانانێـك مـۆر بکـەن کـە بـە ڕاسـتی *پێشـمەرگە* بـوون. *موستەشارەکە* گێڕایەوە کە هەر ئەوەنـدەی ئـەم گەمـە سامناکە تـەواو بـوو

"تەواوی ئەو خەڵکە لە تۆپزاوا بێسەروشوێن کران", کە سەربازگەیەکی سوپای میللی بوو لای کەرکوك و بووبوو بە سەنتەری سەرەکیی تاوتوێکردنی قوربانیانی ئەنفال[23].

★ ★ ★

لە ماوەی چەند حەفتەیەکی دواتردا بە دەگمەن ڕۆژ هەبوو هێرشی کیمیایی تێدا نەبێت، تەنانەت دوای ئەوەش کە ئێرانیەکان ڕازیبوون بە مەرجەکانی سەدام حوسێن بۆ شەڕ وەستاندن لە 8 ی ئابدا. ئەگەرچی *پێشمەرگە* ئەو دەمە لە حاڵەتی هەڵاتنی تەواودا بوون، بەڵام سوپای عێراق هەرگیز نەیتوانی دوو ڕێگەی سەرەکیی دەربازبوونیان بەرەو ئێران لێببڕێت. فەرماندە هەوادارەکانی *جاشیش*, وەك سواراغا, یارمەتیی زۆر خێزانیان دا بگەنە سنوورو لە 26 یان 27 ی ئابدا ئەو دەستە *پێشمەرگەیەی* لە دۆڵی بالیساندا مابوونەوە بارەگاکەیان بە دینامیت تەقاندەوەو هەڵاتن و لە 28 ی ئابدا هێزی زەمینیو هێزە بە فڕۆکە گوێزراوەکانیش تەواوی ناوچەکەیان داگیرکرد. لێرە بەدواوە PUK وەك هێزێکی شەڕکەر تەواوبوو و سەرتاپای ناوچەکەش کە ئەوسا کۆنترۆڵی کردبوو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی حوکوومەتی عێراقەوە.

بەمە ڕژێم بایدایەوە سەر ئەولای باکوور، بۆ ناوچەی بادینانی سەنگەرو پێگەی بنەڕەتیی KDP. ئەمجارەیان پەلامارەکە ژمارەی نادرێتیّو هەروا بە سانایی بە ئەنفالی کۆتایی ناودەبرێت. هەروەك ڕاپۆرتەکەی جەنەراڵ زەرب ئاماژەی بۆ دەکا، نەخشەو پلانەکە چەند حەفتەیەك بوو کاری تێدا کرابوو و هاوکات بوو لەگەڵ خۆئامادەکردندا بۆ ئەنفالی حەوت. زەرب دەنووسیّ: "لە برووسکەیەکی نهێنیو شەخسیی ژمارە 941 لە 28 ی تەمووزی 1988دا، کە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بۆی ناردووین, فەرمان دراوە کەوا مامەڵە کردنی تێکدەران لە کەرتی بادینان‌دا دەبێت زریانێکی تێکشکێن بێت".

---

[23] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ لە گەڵ ئەو *موستەشارەی* ئەوسادا، سلێمانی، 30حوزێرانی 1992.

جەنەراڵ بەردەوامە لە سەر قسەکانی خۆیو دەڵێ: " لە 7 ی ئابدا لە بارەگای فەیلەقی یەك لە کەرکووك کۆبوونەوەیەك سازکرا بەسەرکردایەتیی هەڤاڵ علی حسن المجید، ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتیو ڕازگری گشتیی مەکتەبی باکوور، هەروەها جێگری سەرۆکی ئەرکان و بەڕێوەبەرانی جموجووڵی سەربازیو هێزی ئاسمانی بەشداریی کۆبوونەوەکەیان کرد". لێرەدا کورتە ئاماژەیەکی تێدایە لە بارەی مەزاجی توندو تووڕەی ئەلمەجیدەوە: "فەرمان دراوە بە کۆتایی پێهێنانی هەموو کارو چالاکیەکی تێکدەران لە ناوچەی باکووردا".

پاش چەند کۆبوونەوەیەکی تر بۆ شیکردنەوەی وردەکاریەکان, بەرپرسیاریو ئەرکی بەشەکانی سوپا دەسنیشان کرا. "بڕیاردرا فەیلەقی یەکی سوپا عەمەلیاتی کەرتی بالیسان - سماقووڵی بگرێتە ئەستۆ، فەیلەقی پێنج هەردوو ناوچەی شێخان و زاخۆ لە بادینان لە ئەستۆ بگرێت، ئەمە بە پێی برووسکەی ئەوپەڕی نهێنیو شەخسیی ژمارە 1076 لە 16 ی ئابی 1988دا بوو، کە لە لایەن سەرۆکی ئەرکانی سوپاوە دەرچووبوو". تەنها ئەوە مابۆوە کە بەروارەکان دابنرێن. بۆ ئەمەش دوان هەبوو, قۆناخی ئامادەکاری یان ڕێ خۆشکردن لە ئەنفالی کۆتاییدا کەوا دانرابوو 25 ی ئاب دەست پێبکات وەك پێش هەر قۆناخێکی ئەنفال, واتە بۆردمانکردنی فڕۆکەو چەکی کیمیایی. لە 28 ی ئابیشدا هێزی زەمینی "لە گەڵ یەکەم گزنگی بەرەبەیاندا" دەستبەکار دەبێت [24].

---

[24] هەموو بڕگەو دەستەواژەکانمان لە ڕاپۆرتە 60 لاپەڕەییەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە وەرگرتووە کە بۆ سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی سوپای ناردووە بە ناونیشانی "شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی، لە ماوەی 28 ی ئاب تا 3 ی ئەیلوولی 1988" لە بەرواری 25 ی کانوونی یەکەمی 1988 و جفرەی ح2422/2 ی بۆ دانراوە.

www.dengekan.com

# بەشی هەشتەم

# کـەمـپـەکـان

*"من دەڵێم دووریان بخەنەوەو مـەرگیان پیشان دەن"*

*ـ مارلۆ، کتێبی (تەیموورلەنگی مەزن).*

*"بۆ گەنجەکان، دوا قۆناخ تۆپزاوا بوو."*

*ـ ڕەحمان، پیاوێکی بەتەمەنی*

*گوندی داربەڕووی لای تەقتەق .*

## کـــــــەمپی سوپای میللی لە تۆپزاوا

تـۆپزاوا یەکێکـە لـە بـاوترین ناوەکـانی شـوێن لـە بـاکووری عێراقـداو نەخشـەی کوردسـتان هـەروا خـاڵی تۆپزاوایـەو بـە سـەریدا پـەرش و بـڵاو بووەتـەوە. ئەمانـە زۆریـان گونـدی چـەندماڵەی بچووك بچووك بـوون، لـە جـۆری ئـەو گوندانـەی بـە سەدانیان لە مـاوەی ئەنفالـدا وێرانکـران، ئـەمیش وەکـو نـاوی زۆر شـوێنیتر نەشـازو نـەگونجاوە. گۆپتەپـەی شـوێنی هێرشـە کیمیاییەکـەی 3 ی مـایس ، مانـای "گـردی سەوز" دەگەیـەنێ. بۆخنڤاڵدی کەمپە بەندیخانـەی نازییـەکان، ناوەکەی بـە مانـای "دارستانی زان" دێت. وشەی تۆپ لـە زمـانی کوردیـدا بـە مانـای "مـدفع"[*]دێـت، زاوا واتـە ئـەو کەسـەی تـازە ژنـی هێنـاوەو لێکـدانی هـەردوو وشـەکە لـەو جۆرەیـە کـە منـداڵانی قوتابخانـە دەخاتـە پڕمـەی پێکـەنین، بـەو خەیاڵـەی شـتێکی وا قەبـەو زەبەلاح ڕۆڵی نێرینە ببینێت لە شەوی زاوایەتیدا.

بەڵام ڕێك وەکو ئەوەی کە هیچ کوردێك بە بیریدا نایەت "ئەنفال" سوورەتێکی قورئانیش بێت، ئاوهـاش هـەرگیز گوێبیستی مانایـەکی لاوەکیـی "تـۆپزاوا" نـەبووە

---

[*] لێرەدا بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگیی ڕستەکە وشەی (مدفع) ی عەرەبیمان داناوە, دەنا لە دەقە ئینلیزیەکـــەدا هـــەر وشـــە کوردیەکـــەی تـــۆپ نووســـراوەو بـــە ئینگلیزیەکـــەی تـــۆپ واتـــە Artilleryلێکیداوەتەوە-و.

وەك گاڵتەجاڕییەکی ناشیرین. ئەوان بۆ تۆپزاوا سەربازگەیەکی پانوپۆڕیان بە بیردا دێت لە سەر ئەو شاڕێیەی لە شاری پرنـەوتی کەرکووکـەوە بـەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا دەڕوات. تـۆپزاوا ڕووبـەری نزیکـەی دوو میلـی چوارگۆشـەی گرتووەتـەوەو بـە دوو بۆریی نەوتی ژێر زەوی‌و گۆڕەپانێکی چاککردنەوەی ڕێگای ئاسن و فڕۆکەخانەیەکی سـەربازی دەوردراوە، بـۆ ئـەو گوندنشـینانەی کـە لـە مـاوەی ئەنفالـدا لـە گونـدە سووتاوەکانیانەوە ڕاپێچی ئێرە کرابوون، لای ئەوان هەموو ڕێگاکـان بـۆ کـەرکووك و تـۆپزاوا دەچـوون. لـە تـۆپزاوا هـەر بـیرو بۆچـوونێك کـە وای لێکدەدایـەوە ئـەنفال پەلامارێکی سادەی دژە یاخیبوون بێت، بەتەواوی با بردی.

تا ئێستا هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی بارەگای دەزگا جۆراوجۆرەکانی کەرکووك کە بە ئەنفالەوە خەریکبوون نەکەوتووەتە بەردەست، بـەڵام نووسـراوێك لـە *ئـەمنی* سـلێمانییەوە بـۆ بەڕێوەبـەری ناونـەبراوی *ئـەمنی* ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لـە 29 ی ئۆکتۆبەری 1988دا، کەمێك خۆی لە قەرەی پرۆسێسە کردنەکەی تۆپزاوا دەدات و ئاماژەیـەکی بچـووك بـۆ ڕۆڵـی دەکـات. وا ئێسـتا نزیکـەی دوو مـانگ بـە سـەر تـەواوبوونی ئەنفالـدا تێپـەڕیوەو بەڕێوەبـەری ئاسایشـی هـەرێم لـە کـەرکووك بـە ئاشـکرا تەلـەفۆنی دەکـردو داوای ڕاپـۆرتی پێشەوەچـوونی کاروبـاری دەکـرد لـە پارێزگـای سـلێمانی، وەڵامەکـەش کـە "نهێنـی‌و شەخسـی‌و تـەنها ئـەو کەسـەی بـۆی نێـردراوە بیکاتـەوە" بـەم شـێوەیە دەسـت پێـدەکات: "بـە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبان: جەنابی بەڕێز بەڕێوەبەری *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئاماژە بە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکـەمان، ئـەو ئامـارەی داوای دەکـەن ئەمانـەی خوارەوەیـە...". ئـەوجا کورتەیەکی ئەو کارانەی ئەنجامدراون باسی لێوە کراوە: نۆ تێکدەری تاوانبـار لەگـەڵ هەژدە کەس لە خێزانەکانیان ئیعدامکران، بە پێـی فـەرمانی مەکتـەبی هـەڤاڵ علی حسـن المجیـد، نـۆزدە کەسـی تـر ئیعـدامکراون لـە بـەر ئـەوەی لـە ناوچـە قەدەغەکراوەکاندا بینراون‌و بڕیاری ژمارە 4008 ی 20 ی حوزێرانی 1987 یـان پێشـێلکردووە، چل‌و حـەوت تێکـدەری تـر حـوکمی سـێدارە دراون لـە لایـەن دادگـای شۆڕشەوە. لە کۆتاییشدا دێتە سەر ئەوەی کەوا " 2532 کەس و 1869 خێزان کـە سـەرجەم ژمارەیـان 9030 کەسـە، لەوانـەی کـە لـە مـاوەی عەمـەلیاتی ئـەنفالی

قارەمانــدا گــیراون، نێــردران بــۆ کــەمپی ســوپای میللــی[1] لــە پارێزگــای تــەئمیم (کەرکووك)[2]". بە واتایەکی تر بۆ تۆپزاوا.

★ ★ ★

ئـەو خەڵکە لـە سـەنتەرەکانی کۆکردنـەوەی قادرکـەرەمو قۆرەتـوو و لەیلانـەوە هاتبوون، لە چەمچەماڵو ئـەلیاواو تەقتەقـەوە وەك ئـاژەڵو پاتـاڵ ترنجاندبوونیانـە ناو بارهەڵگری ئیڤای هەڵتەكو داتەکەوە. عەبدولقادر عبداللە عەسکەری، ئەو پـیرە بەشکۆیەی دەم سـپیی گونـدی گۆپتەپـە، بـەدەم زەردەخەنەیـەکی خەمناکەوە یـادی ئــەو ڕۆژگــارە دەکاتــەوەو دەڵــێ: "بــۆ ڕۆژی دوایــی(دەوروبــەری 7 ی مــایس) لــە تەقتەقــەوە لــە گــەڵ مانگایەکـدا سـواری ئیڤایـەکیان کـردینو بردینیـان. ئەمـە سووکایەتیی پێکردن بوو, تۆ دەزانی مانگا چی دەکەن، ڕیخ دەکەن. لەو شوێنەدا کـە ڕێگاکە لە ڕێدارەوە بۆ هەولێر پێچ دەکاتـەوە مانگاکـەیان داگرتـە خـوارەوە. مـن بـە مانگاکەم وت (ئێمە هەردوك بۆ قەسابخانە دەچین، بمبـوورە ئەگـەر ڕۆژێـك کـارێکی هەڵەو نابەجێم لەگەڵ کردبێتی)", ئەمـە نـەریتێکی موسـوڵمانانە بـۆ دوا ماڵئـاوایی لە یەککردن[3]*.

ئۆتۆمبیلەکە بە لەقەلەق بـەرەو کـەرکووك ملـی نـاو لـەوێ لـە بـەردەمی بینـای بارەگای حیزبی بەعسدا نزیکـەی سـەعاتێك وەسـتا. (گـەلێ کەسـی شایەتحاڵ کورتـە وەســتانێکیان بیردێتــەوە لێــرە یــان لــە بــەردەمی بارەگــای *ئــەمنی* کەرکووکـدا). عەبدولقادر چوارده گەنجی ژماردبوو کەوا سـەرباز بـە پـاڵ کردبوونیانـە ئیڤاکـەوەو

---

[1] سوپای میللـی *الجـیش الشـعبی*، لـە سـاڵی 1970دا دامـەزراوە وەك میلیشـیایەك کـە حیـزب کۆنترۆڵی بکاتو بۆ مەشق پێکردنی سـەربازیی بـە کـادرانی حیزبـی بـەعسو لـە هـەمان کاتیشـدا پارسەنگی هێزی چەکداری نیزامی بێـت. سوپای میللی هەر بە ناو هێزێکی 250 هەزار کەسیی بـوو، دەنا وەك هێزێکی شەڕکەر لە جەنگی ئێران ـ عێراقدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو و ڕۆڵـی گرنگـی ئەوە بوو کە پاسەوانێتی بینای ناو شارەکان بکات لە کاتێکدا کە سوپای نیزامی لە شەڕدا بوو.

[2] نووسراوی ژمـارە 25163 لـە 29 ی ئۆکتۆبـەری 1988دا، لـە *ئـەمنی* سـلێمانییەوە بـۆ *ئـەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە داخەوە، هیچ ماوەیەکی دەسنیشان نەکردووە، لە بەرئەوە ناگونجێ مەزەندەی سەرجەمی ئەو ژمارانە بکرێت کە بە تۆپزاوادا تێپەڕیون لە ماوەی پەلاماری ئەنفالدا.

[3] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیسـت ووچ لە گەڵ عەبدولقادر عبـداللە عەسـکەری، گۆپتەپـە، 24 ی مایسـی 1992.

* پێموایە ئەم پیاوە لە نائومێدیو بێزاریو لە داخی دڵی خۆیدا ئەم قسەیەی کردووە، نەك نـەریتی دوا ماڵئاوایی کردنی موسڵمانان بێـت، کە ئەوە گەردن ئازاییەو لە گـەڵ کەسـوکارو دەرو دراوسـێدا دەکرێـت نەك لە گەڵ ئاژەڵدا ـ و.

لەوێشەوە زۆری پێنەچووەو لە دەروازەی تۆپزاواوە ئـاودیو بـوون و چـەند کەسـێکی کـەم لـەو گوندنشـینانەی کـە خوێنـدەوار بـوون توانییـان نووسـینی سـەر دەرگاکـە بخوێننەوە. یاوەر پیرەمێردێکی حەفتا ساڵەو تاقە دەربازبووی ئەنفال بـوو لـە مـاڵو خێزانی خۆیدا، لە گوندی کەریم باسامی سەر بـە ناحیـەی قادرکـەرەم, دەگێرِێتـەوە کە:"شەو دەرنگانێك گەیشتینە تـۆپزاوا, هـەموو شـەکەت ومانـدوو بـووینو وەختـە بوو لە برسانا بمرین چوونکە چەند رِۆژ بوو تامی زادمـان نـەکردبوو, هەسـتمان بـە کات نەدەکردو نەماندەزانی چیمان لێدەکەن. کـاتێ گەیشـتین بـە بڵنـدگۆ جارِیـان دا نابێ کەس لە ئۆتۆمبیلەکان بێتەدەر تـا خۆمـان پێتـان نـەڵێین. هەشـت نـۆ ئیڤـا بـە یەکەوە گەیشـتبوونو دواوەیـان بـە چـادر داپۆشـرابوو, نەمانـدەتوانی هـیچ ببیـنین. ئێمە لـە ئیڤاکانـدا مـاوەی نزیکـەی سـەعاتێك ماینـەوەو پاشـان سـەرباز پشـتەکەیان کـردەوەو وتیـان: "بـا یەکـەمجار پیاوەکـان، تـەنها پیاوەکـان دابـەزن"، مـن ئەوەنـدە برسـیو بێهێـز بـووم نـەمتوانی لـە شـوێنی خـۆم بجـووڵێم لـە بـەر ئـەوە لـە دوای گشــتیانەوە دابــەزیم. یەکــەمجار گەنجــەکان دەرچــوونو دەســبەجێ کەلەپچــەیان کردن"[4].

جیاوازییەکی کەم نەبێت، ئەمە نموونەی نەگۆرِی رِەفتارکردن بوو لە گەڵ تـازە گەیشتووەکاندا. هەر کە ئیڤاکان لە حەوشە گەورەکەی ناوەرِاسـتی سـەربازگەکە یـان گۆرِەپانی نمایشدا دەوەستان یەکسەر ژنو پیاو لە یەکتر برِدەکران, رِەفتارەکـە هێنـد درِندانە بوو تەنانەت خەڵکی بەتەمەنیشی نـەدەبوارد. پیرەمێردێکـی حـەفتا ساڵەی خـەڵکی ناحیـەی شـوان بێهـیچ هۆیـەکی ئاشـکرا لـە رِیزەکـە رِاکێشـرایە دەرەوەو ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە بە پلەی نەقیب کەوتە لێدانیو سێ هـەزار دینـاری پێبـوو لێیسـەند (کـە دەیکـردە نـۆ هـەزار دۆلار بـە نرخـی گۆرِینـەوەی رِەسمـی لـە سـاڵی 1988دا). عەبــدولقادری گۆپتەپــە دەگێرِێتــەوە کــەوا عەقیــدێك بەرپرســی

---

[4] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

www.dengekan.com

تاوتوێکردنی خەڵکە تازە گەیشتووەکەو نەقیبێکیش یاریدەدەری بووە[5]. کەمێك دواتر، پیاوەکان جارێکیتر بە پێی تەمەن جیاکرانەوە. منداڵی بچووکیان لەگەڵ دایکەکانیان هێشتەوەو پیرەمێردو بەساڵداچووانیان خستە لایەکەوەو پیاو و کوڕی هەرزەکاریش کە لە تەمەنی چەکهەڵگرتندا بوون ڕایاندانە ئەولاوە. کارەکە بە ڕێکوڕەوانی ئەوەی دەگەیاند کە نێرینەی نێوان پانزە تا پەنجا ساڵی دەگرتەوە، بەڵام لە سەر بناغەی تەماشاکردنی ناسنامە نەبوو بەڵکو تەنها بە ڕوخسارو قەبارە جیایاندەکردنەوە، لە بەر ئەوە درێژێکی زلی دوانزە ساڵ بە گەورە دادەنراو لەوانە بوو شانزە ساڵێکی قەبارە بچووکیشیان تێکەڵ بە کەسوکاری مێینەی بکردایە، یان وادەبوو جووتیارێکی سەر ماشوبرنج لە تەمەنی چل ساڵدا بووە بەڵام بە سەرووی پەنجا دانراوەو ڕزگاری بووە.

پیاوێکی لەو شێوەیە بە ناوی جەلال کە جووتیارێکی تەمەن چلو پێنج ساڵی خەڵکی گەرمیانی باشوور بوو، کە لە ناوەڕاستی نیساندا لە فیرقەی 21 ی قەڵای قۆرەتووەوە گوێزرابۆوە بۆ تۆپزاوا دەیوت: "ئێمە چووینە لای هەزاران کوردی تر کە لە پێش ئێمەدا هێنابوونیان و بە تەواوەتی نەمانەدەزانی چی ڕوودەدا، نەماندەتوانی هیچ قسە بکەین و ترس قسەی بڕیبووین و بە جارێ کوژابووینەوە، تاقە دەنگ کە گوێمان لێدەبوو ئەو کاتانە بوو کە ئەفسەرەکان ناویان بانگ دەکرد، "تاوانبار عەلی ڕەحمان کوڕی ئەوەو ئەوە، .... تاوانبار مستەفا تاهیرکوڕی ئەوەو ئەوە"، ئەوان تەنها ناوی گەنجەکانیان بە بڵندگۆ بانگ دەکردو پیاوە بەتەمەنەکانیان بانگ نەدەکرد"[6].

ئەودەمە کاتی تاوتوێ کردنی نێرینە گەنجەکان بوو، ئەوان کرابوونە کۆمەڵی بچووك بچووکەوەو لە حەوشەکەدا دایاننابوون و کەس پێی نەدەوتن بۆچی هێنراون و چییان بەسەردێ. دواجار لە پاش جیاکردنەوەیان لە لایەن سەرباز یاخود کەسانی سەر بە *ئیستیخباراتەوە* گیانیان پشکنین، هەندێ لێرە

---

[5] ئەم ئەفسەرانە *ئیستیخبارات* بوون‌و بە ئاشکرا ڕۆڵی هەواڵگریی سەربازییان دەگێڕا لە چاودێری‌و تاوتوێکردنی گواستنەوەی خەڵکدا لە کەمپە سەرەتاییەکانەوە. بڕوانە پێشەوە لاپەڕە 281 - 283 ، بەڵام ڕەنگە کارەکە لە لایەن ئەمنیشەوە ئەنجامدرابێت کە هەمان جلوبەرگی سەربازییان بەکاردەهێنا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ عەبدولقادر عبداللە عەسکەری‌و دەربازبوویەکی خەڵکی جگیلە (ناحیەی شوان)، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

[6] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

ناسنامەکانیان لێسەندن، بەڵام لە هەمووی نە، ڕەنگە وەك دەربازبوونیەك بۆیدەچێت لە بەر ئەوە بووبێت کە گاردەکان پەشۆکاوی سامناکیی ئەم ئەرکەیان بووبێتن. گیراوەکان هەر شتێکیان پێبوو لە: شانە، گوێزان، ئاوێنە، چەقۆ، پشتێن، تەزبیح هەموویان لێسەندن، بەڵام جلەکانیان هەر لەبەردابوو. ئافرەتێك دەیگێڕایەوەو دەیوت: "من بە چاوی خۆم کۆمەڵێك سەعات و پشتێن و پارەم بینی لە خەڵکەکەیان سەندبوو و لە سەر زەویەکە هەڵدرابۆوەو لە گریان زیاتر هیچت پێنەدەکرا"[(7)].

هەندێ لە گیراوەکان دەسبەجێ لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکراو هەندێکیش شەو درەنگ لە زیندانەکان دەردەهێنرانە دەرەوە، لە گشت حاڵەتێکدا زۆربەی ئەوانە لێکۆڵینەوەیەکی هەروا هاکەزاییان لەگەڵ دەکرا، کە ڕاستیەکەی لەوە زیاتر نەبوو کە بە کورتی حاڵەتی ئەو کەسەو چەند پرسیارێکی سادەو ساکاری لێبکرێت وەك: ناوی، ناوی دایکی، ژمارەی خوشك و برای، باری خێزانیی، ساڵی ژنهێنانیو ژمارەی منداڵەکانی[(8)]. پیاو بە زۆریی ئەم پرسیارانەشی لێدەکرا "چەند ساڵ *پێشمەرگە* بووی؟"، "لە کام شەڕدا بەشداریت کردووە؟" بەڵام زۆربەی دەترسا وەڵامی ڕاست بداتەوە. "من هەرگیز *پێشمەرگە* نەبووم"، ئەمە وەڵامێکی ڕاستی کوڕێکی گەنج بوو، بەڵام کابرای لێکۆڵەرەوە کە بەرگی یونیفۆرمی هێزی تایبەت "*قوات خاصە*"ی پۆشیبوو لە خوارەوە بۆینووسی بەهەرحاڵ "*پێشمەرگەیە**"[(9)]. گیراوەکان هەر

---

(7) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای بنەسڵاوە، 21 ی نیسانی 1992.

(8) ئەم شێوازی دانیشتن و قسە لە گەڵ کردنە پێدەچێت پەیڕەویکردنی "فۆرمێکی زانیاریی"ستاندارد بێت، کە لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشی عێراقەوە بەکاردەهات. میدڵ ئیست وۆچ زۆری لەم فۆرمانە دەستکەوتووە لە دووتوێی فایلە ڕەسمیەکاندا، تاقە دیاردەی نائاسایی ئەو پرسیارانەی لە تۆپزاوادا باس بکرێت هەواڵپرسینی ناوی دایك بوو، چوونکە لەم جۆرە ئیجرائاتانەدا تەنها ناوی باوك پێویست دەکا.

*لەم جۆرە لێپرسینەوانەدا دەزگای ئەمن و ئیستیخبارات پتر وشەی تێکدەری بەکاردەهێنا لە جیاتی پێشمەرگە ـ و.

(9) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، هەولێر، 12 ی ئەیلوولی 1992. یەکێك لە دەربازبوان لێکۆڵینەوەیەکی چڕتری بیردێتەوە کەوا هەر بەوەوە نەوەستان پرسیاری ئەوەی لێبکەن ئایا

ئەوەنـدەی نـاونووس دەکـران بـە پـاڵ دەیانکردنـە قاوشـی گـەورە گـەورەوە، کـە هەریەکەیان خەڵکی ناوچەیەکیان تێدەکرد. شایەتێك بیستو هەشتی لەم قاوشانە ژمـاردبوو, مەزەنـدەی ئـەوەش دەکـات کـە هـەر قاوشـێك سـەد تـا دووسـەد بەنـدیی گرتبێتـەخۆ. بـەم پێیـە گـەر هـەروا بـە هەڕەمـەکی مەزەنـدەی بکـەین بۆمـان دەردەکەوێ کە سەرجەمی گیراوەکانی کەمپی تۆپزاوا لە هەموو کاتێکدا نزیکەی چوار تا پێنج هەزار کەس بووە، بەڵام بەندیەکان بەردەوام دەگۆڕان و زۆربەیان شەوێك یان ئەوپەڕەکەی چوار ڕۆژ دەمانەوەو پاشان دەبران بۆ شوێنێکی تر.

لە کاتێکدا کە بارودۆخ لە تۆپزاوا بۆ هەموو کەس ترسناك بوو، بەڵام بە زۆری بۆ بەشە قەرەباڵغ و سیخناخەکانی پیاوان بوو. "ئێمە نەمانـدەتوانی قاوشـەکەمان بەجێبێڵین" ئەمە قسەی کوڕێکی خەڵکی لای قادرکەرەم بوو کـە لەگـەڵ کۆمـەڵێکی تـری هاوتەمـەنی خۆیـدا جیاکرابوونـەوەو وایانـدانابوون لـە تەمـەنی خزمـەتی سەربازیی مندالٚتر بن و لەوەش گەورەتر بن کە لە گەڵ دایکەکانیاندا بمێننەوە. کوڕەکە لە سەری دەڕواو دەڵێ: "قاوشەکان لە چیمەنتۆ دروستکرابوون و زۆر قایم و پتەو بوون, دەرگاو پەنجەرەکانیان بە شیشی ئاسن گرتبوو بەڵام شووشەیان تێدا نەبوو، ئەندازەی هەر قاوشێك $6\times30$ مەتر دەبوو, زۆر قەرەباڵغ بوو و شوێن نەبوو تێیدا ڕاکشێی"[10]، پیاوەکانیش وەك دەگێڕنەوە زۆریان لێدەکردن شەو تا بەیانی دەستەوئەژنۆ لە سەر چیچکان دانیشن و هەر کەسێ بیویستایە هەڵبسێتە سەرپێ دارکارییان دەکردو زۆریشیان بە هۆی بێهێزییەوە لەهۆشیخۆ دەچوون.

لە هۆدەو قاوشەکاندا ئاودەست نەبوو, زیندانیەکان تەنەکەیان بەکاردەهێنا بۆ پیساییو لە دەرگاکەشەوە میزیان دەکردە دەرەوە یان هەر دەیانکردە ئەو شوێنەی تیایدا ڕاوەستابوون، ئەگەریش بەختیان بیهێنایە ئەوە ڕۆژی دوو جار دەبران بۆ ئاودەست بەکۆمەڵی پێنج تا دە کەسی لە ژێرچاودێریی پاسەوانداو گەلێ جار بە

---

پێشمەرگەیە یان نە، بەڵکو سەر بە کام لایەنەو کەسێك دەناسێ پێشمەرگە بووبێت، خزمی هەیە پێشمەرگە بووبێت، ئایا کەسی لە هەندەران هەیە، ئایا هیچ کەسێك لە خزموخوێشی ئیعدام کراوەو ئایا ئەم سەربازی ڕاکردوو نەبووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای شۆڕش، 1 ی تەمووزی 1992. ئەم دوو پیاوە هەردوکیان لەو خەڵکە کەمانەن کە لە ئیعدامکردن دەربازبوون و لە لایەن میدڵ ئیست ووۆچەوە سۆراخ کراون و دۆزراونەتەوەو، بەسەرهاتی تەواویان لە بەشی نۆهەمدا ببینە.

[10] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ دەربازبوویەکی گوندی مەحموود پەریزادی ناوچەی جەباریدا، کۆمەڵگای شۆڕش، 9 ی مایسی 1992.

کێبڵـی کارەبـایی فەلاقـەیان دەکـردن. زۆربـەیان لـەم ماوەیـەدا تووشـی سکچـوون بووبـوون بـە هـۆی خـواردنی بەندیخانەکـەوە. یـەکێك لـەو گەنجـە کەمانـەی کـە لـە تۆپزاوا ڕزگاریان بوو دەیوت: "چاکتر وایـە هـەر باسـی نەکـەین، تـۆ ئەگـەر برسـیت نەبوایـە قـەت نەتـدەخوارد، جـۆرە شـۆربایەك بـوو تـەنها لەگـەڵ ئێسـقانی ڕووتـداو ڕۆنێکی زۆری بە سەرەوە بوو و هەموو کەس نەخۆش کەوتن". زۆربـەی گیراوەکـانی تـۆپزاوا ئەمەشـیان دەسـت نەدەکـەوت بـەڵکو ڕۆژانـە هەرکەسـەو دوو *سـەموونی* بچووکی کۆنی وشکهەڵاتوویان دەدانـێ لـە گـەڵ تۆزێـك ئـاودا. هەنـدێکیش خـواردنی هـەر بەرنەدەکـەوت. لـەم ڕووەوە کـەمێك لـە گـەڵ ژن و منـداڵ نـەرمتربوون و هەندێکیان باسیان لەوە دەکرد کە ناوبەناو ژەمێـك بـرنج و چـاو پـەنیریان دەدانـێو تەنانەت جارێکیشیان کەمێك گۆشتیان درابوویە. بەڵام ژن و منداڵیش بەشـێوەیەکی تر ئازاری ڤورسیان دەچەشت، چوونکە پـاش ماوەیـەکی کـەم پێکـەوەبوون پاسـەوانە کوتـەك بـە دەسـتەکان زۆری زۆر دڕندانـەو بـە ڕاکێشـان پیرەژنـەکانیان لـە کـچ و کچـەزاو کوڕەزاکانیـان جیـاکردەوەو ڕەوانـەی لایـەکی تـری نادیاریـان نـاردن. وا باسدەکرێ بە لایکەمەوە لـە دوو حاڵەتـدا، سـەربازو پاسـەوانەکان خۆیـان کردووەتـە بەشی ئافرەتەکاندا لە شـەوی یەکەمیانـدا لـە تـۆپزاواو منـداڵی وردو بگـرە کۆرپـەی بەرمەمکەشـیان لـە دایکـەکانیان جیاکردووەتـەوەو بـە درێـژایی شـەو ئافرەتـەکان گوێیـان لـە ڤیـژەو گریـانی منداڵـەکانیان بـووە لـە ژوورێکـی تـردا. ڕۆژی دواتـر, منداڵەکانیان گێڕاوەتـەوە بـۆ دایکـەکانیان بێهـیچ پاسـاوێك بـۆ دابڕینـی ئـەو شـەش حەوت سەعاتە. بۆ هەندێکی تریان خێزانەکان یەکیان نەگرتەوە تا ڤۆناخی دواتری مەینەتیەکـەیان، کـاتێ جـارێکی تـر ڕاپێچـی نـاو ئیڤـا کرانـەوەو لـە تـۆپزاواوە گوێزرانەوە بۆ بەندیخانەیەکی ژنان و منداڵان لە دووبـز، لـە سـەر ئـەو ڕێگایـەی لـە کەرکووکەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بۆ هەولێرو مووسڵ دەڕوات.

تەیموور عەبدوڵا ئەحمەد، ئەو کوڕە دوانزە ساڵەی لـە 13 ی نیسانـدا سـوپا لـە گوندی کوڵەجۆ گرتـی، دەیگێڕایـەوە کـەوا خـۆیو دایکـیو سـێ خوشـکی لـە تـۆپزاوا

مانگێك ماونەتەوە، كە ئەمەش مانەوەیەكی درێژخایەن و نائاسایی بووە[11]. ئەو لەو ماوەیەدا بە چاوی خۆی مردنی چوار منداڵی بینیوە، كە تەمەنیان پێنج بۆ نۆ ساڵ بووەو بە ئاشكرا لە برسا مردبوون. ئەوجا سەرباز لاشەكانیان بردوون و دوایی تەیموور هەواڵی زانیوە كەوا فڕێدراونەتە چاڵێك لە دەرەوەی كەمپەكەوە[12]. بەڵام لەسەرووی هەموو شتێكەوە ژنانو منداڵان لە تۆپزاوا دەردو ئازاری بینینی سزاو جەزرەبەی مێردو براو باوكەكانیان چەشتووە لە دوا ساتەكانی كۆتاییو بێسەروشوێن بوونیاندا. ئەوان لە دەلاقە شیشبەندەكانی قاوشەكانیانەوە تەماشای پیاوەكانیان كردووە لە بەشێكی تری بەندیخانەكەدا. تەیموور دەیوت هەموو دوو سێ ڕۆژ جارێك گیراوەكانی قاوشەكەی ئەمانیان كردووەتە دەرەوە بۆ هەواگۆڕین و بواری تێكەڵبوونیان داون لە حەوشەی بەندیخانەكەدا. منداڵان كەڵكیان لەم ساتە وەختە وەرگرتووەو دزەیان كردووەتە بەشی پیاوانەوەو لە پەنجەرەكانەوە نانیان بۆ فڕێداون.

لێدانو داركاری كردنی پیاوەكان كارێكی ڕۆتین بوو. تەنانەت پیرەمێردێكی وەك عەبدولقادر عبدالله عەسكەریی خەڵكی گۆپتەپە داركاری كرا، كەوا پیاوێك بوو لە دوادوایی شەستەكانی تەمەنیداو هێشتا لاوازو وڕوكاسی بۆمبارانی كیمیایی گوندەكەی بوو، كەوا فرە نەبوو كرابوو. ئەو شەوەی گەیشتبوو پاسەوانێك فەرمانی پێكردبوو هەڵسێتە سەر پێ، وەڵامی دابۆوە كە ناتوانێت هەڵسێت چونكە گازی ژەهراوی لێیداوە. پاسەوانەكە زۆر بە تووڕەییەوە ئامبازی بوو بوو و كەوتبووە

---

[11] تەیموور زۆری چاوپێكەوتن لەگەڵ كراوە لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی مافی مرۆڤەوە كە سەردانی كوردستانی عێراقیان كردووە، بۆ نموونە بڕوانە میدڵ ئیست ووچ و پزیشكانی مافی مرۆڤ، "گۆڕە نائارامەكان: گەڕان بە دوای بێسەروشوێنانی كوردستانی عێراقدا، شوباتی 1992".
MEW/PHR "Unquiet Graves: The Search for the Disappeared in Iraqi Kurdistan, February, 1992)
هەروەها تەیموور بابەتی بەشێكە لە كتێبەكەی كەنعان مەكییە، "دڵڕەقی و بێدەنگی" لاپەڕە 151 ـ 199Kanan Makiya,Cruelty and Silence.

[12] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ تەیموورعەبدولڵا ئەحمەد، كۆمەڵگای سموود، 29 ی تەمووزی 1992.

لێدانیو ڤیژانـدبووی بـە سـەریدا كـەوا نـابێ هـیچ كەسـێ باسـی پـەلاماری گـازی ژەهراوی بكات [13].

لاوێكـی لـە سـەربازیی هـەڵاتووی خـەڵكی ناوچـەی قادركـەرەم، كـە لـە نـاو هاوەڵەكانیدا بە عوزێر ناسرابوو، ماوەی چوار ڕۆژ لـە تـۆپزاوا دەسبەسـەر بـوو. لـەو ماوەیەدا یەك لە هاوزیندانەكانی پیاوێكی ڕیشنی خەڵكی گوندی خالۆ بازیـانی بـوو، لە ناحیەی قەرەحەسەن. ئەم پیاوە بە عـوزێری وتبـوو كـە ئـازار دراوەو، بـە سڵەوە قسەیان دەكرد چوونكە گاردەكان هەمیشە بە سەریانەوە بوون، ئـەنجام عـوزێر لـەوە گەیشتبوو كە كابرا بە كێبڵ فەلاقەكراوەو بە پانكەی بنمیچەكەوە هەڵواسـراوەو بـە پارچـە ئاسـنێكی گـەرمیش داخكـراوەو پاسـەوانەكان بـە دەمـدا پاڵیانخسـتووەو بـە پۆستاڵ چوونەتە سەر پشتیو لەقەكوتیان كـردووەو كـابرا بـە دەم ئـێش و ئـازارەوە تلاوەتەوە. ئەو وایگێڕابۆوە كە بە شێوەیەكی تایبەتی هەڵسوكەوتی توندوتیـژی لـە گـەڵ كـراوە بـە هـۆی ڕیشـیەوە، بـە گریمانـەی ئـەوەی كـە تونـدڕەوێكی ئیسـلامیو هـەواداری ئێرانـە[14]. ئەفسـەرێك پێیڕاگەیانـدووە ئەگـەر ئـەو ڕیشـەی تـا سـبەینێ بمێنێ لەوانەیە ئیعدام بكرێت. هەر ئەو ئێوارەیە عوزێر ڕیشـی ئـەم پیـاوەو پێنجـی تریشی بە مقەستێكی بچكۆلە هەڵپاچیبوو، كە بەندییەك لای خۆی شاردبوویەوە.

لە چوارەم ڕۆژی گرتنەكـەی عـوزێردا كاتـژمێر 1.30 ی شـەو نـەقیبێكی سـوپا هاتە ژوورەوەو فەرمانی بە گیراوەكان دا هەڵسنە سەرپێو گوتبووی ئێسـتا لیسـتێكی ناوەكان دەخوێنمەوە هەر كەسێ وەڵام نەداتەوە دەسبەجێ بە بەرچاوی ئـەوانیترەوە ئیعـدام دەكرێـت. ئـەوجا بەندیـەكان یـەك لـە دوای یـەك بـانگ كرانـە بـەردەمی ئەفسەرەكە. عوزێر تەماشای كردبوو هـەر پیـاوەو بـە زنجیرە ژمارەیـەكی دراوەتـێو

---

(13) لە پاش تۆپزاوا، عەبدولقادر هەرگیز جارێكیتر هـەردوو كوڕەكـەی ئومێـدو لـەتیفـو فەهیمـەی بووكی نەبینییەوە. چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، 24 ی مایسی 1992.

(14) نووسـراوێكی ئـەمنی شـەقڵاوەی ژمـارە 11408 لـە 31 ی دیسـەمبەری 1987دا ئامـاژە بـە ڕاسپاردەی مەكتەبی باكوور دەكا لە 13 ی دیسەمبەری 1987دا كە دەڵێ: "بـە هـیچ جـۆرێ نـابێ خەڵكی ڕیشدار لە سەنتەری پارێزگاكانو شارو شارۆچكەكان نزیـك بكەونـەوە بـە هـەر هۆیەكـەوە بێت، تاوەكو لە لایەن دەسەڵاتدارێتی پێوەندیدارەوە ڕێگەیان پێنەدرێت".

ژمارەکەی ئەم 375 بوو. ئەوان هەر کە ناوەکانیان بانگ دەکرا دەسبەجێ لە قاوشەکە دەبرانە دەرەوەو هەشت هەشت کۆمەڵیان دەکردن. لە پاش چوار ڕۆژی ژەمە خۆراکی مەمرەو مەژیو برسێتی ئەمان زۆر لاوازو بێحاڵ بووبوون. عوزێر ئەمجارەیان خۆی لە هۆڵێکی بەتاڵدا بینییەوەو پاش گەرمیو بۆگەنی تاقەت پڕووکێنی شوێنە قەرەباڵغەکەی پێشووی, ئەمجارە لە سەرمای نیوەشەوی ناوەڕاستی نیساندا هەڵدەلەرزی. زەویی هۆدەکە پەڵە چەوریی دیزڵ پیسی کردبوو، بێجگە لەوەش سێ پەڵە خوێنی تازەی تێداکەوتبوو, مێزەرێکی کوردیی خوێناویی لە سووچێکدا فڕێدرابوو لە گەڵ پاڵتۆیەكو شەرواڵێکی کوردیدا. لە دەوروبەری کاتژمێر چواری بەیانیدا بەندیەکان لە دەرەوە فڕەفڕی ئۆتۆمبیلیان هاتە بەرگوێ. چەند هەوڵیاندا لە کونی کێلوونی دەرگاکەوە شتێك ببینن بەڵام نەیانتوانی هیچ لە تاریکیدا بەدی بکەنو چوار سەعاتی تریان بە برسێتیو ترسو سڕبوون لە سەرمادا بردەسەر.

ئەو بەیانیی زووە ئازوگوێزی بەندیە پیاوەکان لە لایەن ئافرەتانو پیرەمێردی قاوشەکانی تری تۆپزاواوە بەدیدەکرا. پیاوێکی پیر دەیوت "ڕوانیمان کراسی پیاوەکان دادەکەنو لێیاندەدەن. ئەوانیش بە جووتە بە یەکەوە کەلەپچە کرابوونو پێڵاوەکانیشیان بردن. ئەمە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا نیوەڕۆ بەردەوام بوو"[15]. گەلێ جار پیاوەکان چاویشیان بەستراوەتەوەو بە پێی قسەی هەندێ کەسیش جلوبەرگیان لەبەردا نەهێشتوونو تەنها دەرپێیان لە پێدا ماوە. دواجار خستوونیانە ئەو ئۆتۆمبیلە شوومە بێپەنجەرانەوە کە بە ڕەنگی سپی یان سەوز بۆیە کرابوون, واش باسدەکرێن کە پاس, ئەمبولانس یان بارهەڵگری داخراودا بوون. ئەمەیان ئیتر دواجاری بینینەوەی ئەو پیاوانەی تۆپزاوا بووە. ئۆتۆمبیلە بێپەنجەرەکان بە لایەکدا ڕۆیشتنو پاسەکانیش بە لایەکیتر داو هەردوك پڕبوون لە گیراوە پیاوەکان. سەبارەت بە زۆربەی ژنانو منداڵانێ ـ بەڵام وەك لەدواییدا دەیبینن هەموویان نا ـ دوا قۆناخیان بەندیخانەی دووبز بوو. بۆ خەڵکە بەتەمەنو بەساڵداچووەکان، ڕێگاکەیان بەرەوخوار بە سەر دۆڵەکانی ڕووبارەکەی ناوەڕاستی عێراقدا دەڕۆیشت، پێش ئەوەی بەلای باشووری ڕۆژئاوادا پێچ بکەنەوە بۆ ناو

---

[15] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

بیابـان. ئەفسـەرێکی سـوپا بـە پیرەمێردێکـی خـەڵکی نـەوجووڵی وتبـوو "کوردەکـان ناپاکن‌و خۆمان دەزانین بۆ کوێتان دەنێرین, بۆ ئـەو دۆزەخـەی کـە بـە تایبـەتی بـۆ کورد دروستکراوە"[16]. ئەو دۆزەخەش ناوی نوگرە سەلمان بوو.

* * *

## کـــــــەمپی سوپای میللی لە تکریت

دەیـان هـەزار گوندنشـینی کـورد کـە لـە قۆناخـەکانی سـێ‌و چـواری ئەنفالـدا ڕاپێچـکران بــە ســەربازگەی ســوپای میللیــی تــۆپزاوادا تێپــەڕیون. هــەمان شــتیش سەبارەت بە ژمارەیەکی کەمتر لـە کوردەکـان لـە ئەنفالـەکانی دوو و پێـنج‌و شـەش‌و حەوتدا. دەبێ لێرەدا باسێکی سەربازگەی سوپای میللی شاری تکریتیش بکرێـت، کـە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئـاوای کەرکووکـەوە لـە سـەر کـەناری ڕووبـاری دیجلـە، نزیـك شوێنی لەدایکبوونی سەرۆك سەدام حوسێن. وادیارە تکریـت هـەمان ڕۆڵـی تـۆپزاوای بینیـوە، بـەڵام بەڕادەیـەکی کـەمتر و بـۆ ماوەیـەکی کـورت. ڕاسـتێکەی هـەموو ئـەو

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای بنەسلاوە، 19 ی نیسانی 1992.

شایەتانەی سەروەختێکیان لە تکریت بردووەتە سەر لە کۆمەڵە گیراوەکانی ناوچەی داودەن کە دەکەوێتە سەر چەمی ئاوەسپی لە باشووری گەرمیاندا. ئەمانە هەر هەموویان لە سەرەتای قۆناخەکانی ئەنفالی سێداو لە لایەن ئەو هێزەی سوپاوە گیران کە لە تووزخورماتووەوە پێشڕەویی کردو گشتیان ڕەوانەی تکریت کران پاش ئەوەی لە مەڵبەندی لاوانی تووزخورماتوو دەسبەسەر کرابوون. بڕوانە سەرەوە لاپەڕە 223 - 225 .

زیاتر وا پێدەچێت کە تکریت وەك سەنتەرێکی کاتیی بەکارهێنرابێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە ناوەڕاستی نیساندا کاتێ کە ئەنفالی سێ لە گەرمیاندا لەوپەڕی پەرەسەندن و سەرکەوتندا بوو و تۆپزاوا تەواو پڕبووبوو و جێگەی نەمابوو. لێرەش وەك تۆپزاوا پاسەوانەکان لە هێزی سوپای نیزامی بوونو *ئەمن و ئیستیخباراتیش* ئامادە بوون. بەڵام پیاوێك دەیوت گوایە چەند کەسێکی ناسیوەتەوە سەر بە سوپای میللی (*الجیش الشعبی*)* بوون. بارودۆخ لە تکریتدا ئەوپەڕی سەختو نارەحەت بوو. محەمەد، کە پیاوێکی خەڵکی گوندی تالاو بوو, لە کاتی ئەنفالدا تەمەنی شەستوسێ ساڵ بوو، دەیگێڕایەوە:

"یەکەم بەیانی پیاوەکانیان کردە کۆمەڵی بچووك بچووکەوەو کەوتنە لێدانیان. چوار سەرباز بەندییەکیان فەلاقە دەکردو دەبوو بەندییەکانی تر بەدیارەوە بن. هەر کۆمەڵەو پانزە یان بیست کەس دەبوو و بە زەحمەت کەسێك دەیتوانی لە دارکاریو تێهەڵدانو کێبڵی کارەبایی پێداکێشان ڕزگاری بێت. بەیانی زوو دەیانبردنو دوای نیوەڕۆ دەیانگێڕانەوە. سەرباز پیاوەکانیان بە ناوەکانیان بانگ نەدەکرد بەڵکو تەنها ئیشارەتیان بۆ دەکردن (تۆو تۆ...)و ئا بەم شێوەیە. ئەمانە *ئەمنی* تکریتو کەرکووك بوونو ئێمە بە قەساب ناومان دەبردن[17]. کە تاقمێك پیاوی دارکاریکراو دەگەڕانەوە، تاقمێکی تریان دەبرد بۆ فەلاقە کردن.

ئەو شەوە من لە گەڵ کۆمەڵێکی دە دوانزە کەسیدا بە دەستو چاو بەستراوی بردینیانە دەرەوەو بە سێ یان چوار ئۆتۆمبیل ڕەوانەی شوێنێکیان کردین لە تکریت. بە درێژایی ئەو شەوە دەخولاینەوەو بە دەگمەن دەوەستاین, هیچ

---

* لە دەقەکەدا هەر بەو شێوەیە هاتووە ـ و.

(17) زۆربەی پیاوانی *ئەمن* خەڵکی ڕەمادی و تکریت و سامەڕان، کە سێ شاری سوننی مەزەبی ڕۆژئاوای بەغدان کەوا بڕبڕە پشتی پشتگیریی سیاسیی سەدام حوسێنن.

پرسیارێکیان لێنەکردم. خەڵکەکە گیراوەکە لە گەڵ یەکتر قسەیان نەدەکرد, هەر کەسەو بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوە. لەو دە دوانزە کەسەی ئەو شەوە بردنیانە دەرەوە تەنها پێنج گەڕایەوە. شەوی دوایی کاتێ کە گەڕامەوە بۆ قاوشەکە *ئەمن* هاتن‌و پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە چەند کەس خۆی دەبەخشێ بۆ شەڕ لە دژی ئێران. هەشتا پیاو خۆیان ناونووس کرد، بەڵام درۆ بوو هەموویان سەرنگوم کردن. لیژنەیەك لە *ئەمنەوە* پێکهاتبوو بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ گیراوەکانداو، فەرمانیان پێدرا بە چیچکانەوە دانیشن‌و لەو کاتەدا هەموو پارەکانیان لێسەندن‌و خستیانە توورەکەیەکی گەورەوە. هەروەها گشت ناسنامەکانیان لێسەندین‌و دەیانقیژاند بە سەرماندا بۆ ئەوەی بمانتۆقێنن, یەکێك دەیوت: "ئەو چەکانە بێنە بیانکوژین"، ئەویتر دەیوت: "ئەمانە هەژارن، مەیانکوژن"، یەکێکی تر دەیوت: "خۆزگە هەموومان دەکوشتن". ئەو شەوە درەنگ *ئەمن* هاتنەوەو هەرچی گەنج هەبوو بردنیان‌و تەنها پیرەکان مانەوە. ئەوان گەنجەکانیان بە دە پاسی نیسان زیاتر برد، کە هەر یەکەیان چل‌و پێنج کەسی دەگرت. هەموو ناسنامەکانیان لێسەندن‌و لە جلەکانی بەریان زیاتر هیچیان پێ نەهێشتن".

لە نێو ئەو گەنجانەدا کە ئەو شەوە بێسەروشوێن کران سەڵاحی کوڕەکەی محەمەدو برازاکەی‌و زۆرکەسی تریش لە خزمەکانی. "من ئیتر هەواڵم نەزانین‌و هیچ سەرو سۆراخێکیان نەماو جارێکیتر کەس نەیبینینەوەو تەنها سەدام حوسێن دەزانێ لە کوێن[18]"، ئەمە دوا قسەی ئەو پیاوە بوو.

* * *

[18] چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 18 ی نیسانی 1992.

www.dengekan.com

## گیراوەکانی بلە و هەڵەبجە

پێدەچێت مامەڵەکردن لە گەڵ گیراوەکانی قۆناخەکانی تری پەلاماری ئەنفالدا کەمێك جیاواز بووبێت. لە ماوەی مانگی نیسان و سەرەتای مایسی 1988دا، تۆپزاوا بە جۆرێك مامەڵەی لە گەڵ قوربانیانی ئەنفالدا دەکرد کە تەنها بە پێوەرێکی پیشەسازی دەکرێ لێکبدرێتەوە. بەڵام لە کۆتایی مایسداو کاتێ کە ئەنفال گەیشتە ناوچەکانی باکووری دەریاچەی دووکان، مەسەلەکە هەندێ گۆڕانکاریی بە سەردا هات. میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ سێ تاقم گیراوی ئەوسای تۆپزاوادا کردووە، لەوانە پێنجیان لەو ناوچانە بوون کە بەر ئەنفالەکانی پێنج و شەش و حەوت کەوتبوون، چواریان خەڵکی بلەی ژێری و ژۆری بوون، ئەویتریش ژنێکی گەنج بوو بە ناوی ئامینەو خەڵکی گوندی ئاکۆیانی ئەو نزیکانە بوو[19]. ئەم شایەتانە وا دەگێڕنەوە کە بە جیا لە گیراوەکانی تر دایاننابوون، ئەگەرچی زۆربەی ئەو کۆمەڵە خەڵکی بلە بوون، بەڵام چەند کەسێکی گوندی کەندووری هاوسێشیان تێدابوو، ئەو گوندەی کەوا دانیشتوانی پیاوانە بە دەم قوربانیانی کیمیابارانەکەی مایسی 1987 ی دۆڵی مەلەکانەوە چوون. ئەمانە هەموویان لە پاش چەند ڕۆژێك برابوون بۆ سەربازگەی سپیلك لە نزیك خەلیفانەوە. یەکێکیان باسی ئەوەی دەکرد کە شەوێکیش لە زیندانێکی ژێرزەمیندا لە بارەگای *ئەمنی* کەرکووك ماوەتەوە، زۆریشیان باسی مانەوەی شەوێکی تر دەکەن لە هەولێر.

ئەوەی ئاشکرابوو گرووپەکەی بلەیان هەشت تا دە ڕۆژ لە تۆپزاوا هێشتووەتەوە، کە تاڕادەیەك ماوەیەکی درێژتر بووە لەو ماوەیەی کە زۆربەی گیراوەکانی قۆناخەکانی پێشوو دەمانەوە، هەروەها بارودۆخیان لەوە دەچوو کەمتر سەخت بووبێت و ژنەکان دەیانتوانی جگەرەو ئاو ببەن بۆ مێردەکانیان، کە لە زیندانێکی گەورەی جیاوازدا بەندکرابوون. لە پاش نزیکەی حەفتەیەك ژن و منداڵەکان وەکو ئەوانی پێشووتر ڕەوانەی سەربازگەیەکی تری دووبز کران، زۆربەی پیرەکانیش بەرەوخوارکرانەوە بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمان، بەڵام تەنها یەك پیاوی پیر ڕاستەوخۆ لە تۆپزاواوە برابوو بۆ شارۆچکەی عەربەت لە باشووری شاری

---

[19] چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست ووچ، گوندی ڕمهاوێژ، 18 ی تەمووزی 1992 و ڕەوانەدز 5 ی نیسانی 1992 و خەلیفان و کۆمەڵگای باسرمە، 24 ی مارتی 1993.

سلێمانییەوە.ئەمە لە ناوەڕاستی حوزێراندا بووەو ئەویش بۆخۆی لە عەربەتەوە گەڕابۆوە بۆ باسرمە، کە کۆمەڵگایەکی بندەستی حوکوومەت بوو, لە دوای پەلاماری کیمیایی دۆڵی بالیسان لە نیسانی 1987دا دروستکرابوو.

حاڵەتی فەرەج، کە مامۆستایەکی تەمەن 39 ساڵی خەڵکی هەڵەبجە بوو، جیاوازییەکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی هەبوو لە چاو شێوازەکانی پێشووی بەندکردن لە تۆپزاوادا. شایەتیەکەی ئەم پیاوە ئەوە پیشان دەدا کە چۆن دەربازبوانی ئەو شارۆچکەیە جیا لە ڕاپێچکراوەکانی ئەنفال مامەڵە کراون، هەروەها ئەوەش دەردەخا کە تۆپزاوا تا ماوەیەکی زۆریش دوای پەلاماری ئەنفال هەر لەکاردا بووە. فەرەج و ژنەکەیو دوان لە شەش منداڵی یەکسەر لە پاش پەلامارە کیمیاییەکەی 16 ی مارت هەڵاتوون بۆ ئێران و لە پاش دوو مانگ و نیو مانەوە لە نەخۆشخانەی ئێران و ئۆردووگای ئاوارەکاندا هەر لەوێ، بە خێزانەوە گەڕاونەتە دواوە بۆ عێراق، بەڵام لە خاڵی پشکنینی ڕانیەدا سەرباز گرتوونی. فەرەج و خێزانەکەی پاش ماوەیەك لە لێکۆڵینەوەو لێکۆڵینەوەکاریی *ئەمنی* سلێمانی، ئەوجا بە پاسێك کە بیستو پێنج کەسی خەڵکی هەڵەبجەو ناوچەی کەلاری تێدا دەبێت دەگوێزرێنەوە بۆ تۆپزاوا[20].

ئەو بارودۆخەی فەرەج تێبینی کردووە لە تۆپزاوا بە گشتیی لەو بارە دەچێ کەوا شایەتەکانی ئەو دەمە باسی لێوە دەکەن. ئەوکاتەش هەر بە گەیشتنیان نێرو مێ لێکتر جیاکراونەتەوە، ئەوجا سەدو پەنجا کەسێکیان لە خەڵکەکە ڕاپێچی زیندانێك کردووەو تەنها بەشی مەمرەو مەژی خواردنیان داونەتێ، بەڵام لەم کاتەدا دوکتۆرێکی سەربازیی کوردی خەڵکی خانەقینی لێبووە، کە پیاوێك بووە بە ناوی

[20] ناحیەی کەلار (ڕاستەکەی قەزای کەلارە ـ و)، لە گەرمیانی باشوور بەر قۆناخی ئەنفالی سێ کەوت، هەزاران کەس لەخەڵکی گوندەکانی ناوچەی کەلار لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی نیسان بران بۆ تۆپزاوا، بەڵام ئەمە تاقە حاڵەتە کە بۆ میدڵ ئیست ووۆچ باسکرابێت و گوایە ئەوان لەو وەختەدا لەوێ بووبێتن، شایەتەکە ئەوەی لەلا ڕوون نەبوو کە ئەوانە لە پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بە سەر ئەنفالی سێدا بۆچی لەوێ بوون و بەسەرهاتیان چی بووە، چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، هەڵەبجە، 8 ی مایسی 1992.

www.dengekan.com

نـەجیب. فـەرەج تەماشـای کردبـوو هـەموو هاوزیندانـەکانی خـەڵکی هەڵەبجـەن و زۆربەشیان وەکو ئەم ڕایان نەکردووە بۆ ئێران، بەڵکو لـە نـاو کوردسـتانی عێراقـداو لە پاش بۆردمانی شارەکە گیراون.

فەرەج شەو لـە بەشـەکانی تـری بیناکـەوە گـوێی لـە دەنگـی گریـان دەبێـت و لـە پاسەوانێکی پرسیبوو چی ڕوویداوە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبووی "ئەوانە گیراوەکانی ئـەنفالن و لـە بەندیخانـەوە ڕەوانـە دەکـرێن". کـەوابوو هەڵەبجـە بەشـێك نـەبوو لـە پرۆسەی ئەنفال. بۆ ڕۆژی دوایی فەرەج لە پاسەوانێکی تری پرسیبوو: "باشـە ئـەوە گیراوەکانی ئەنفال بۆ کوێ دەبـەن؟" کـابراش لـە وەڵامـدا وتبـووی:"ئەمـە کـاری تـۆ نیە، ئەگەر جارێکیتر ئەم پرسیارە دووبارە بکەیتەوە تـۆیش لەگـەڵ ئەوانـدا ڕەوانـە دەکرێیت و هەتا هەتایە سەرنگوم دەبیت".

فـەرەج، کـە زمـانی عـەرەبیی دەزانـی، بـە کـوڵگرتن لـە گفتوگـۆ و دەمەتـەقێیان زانی کەوا هەموو گاردەکانی تۆپزاوا لە بەغداوە هێنراون، تەنانەت یـەکێکیان ژمـارە تەلەفۆنەکەشـی دابوویـەو پێـی وتبـوو ئەگـەر بـەربوویت و ڕێـت کەوتـە بەغـدا تەلـەفۆنم بـۆ بکـە "ڕەنگـە کارێکـت پێبسپێرین". دواتـر هـەمان گـارد مامۆسـتاکەی زیاتر خستبووە گومانەوە کـاتێ نامەیـەکی دابوویـەو پێـی گوتبـوو ئەمـە لـە کچێکی کوردەوەیە لە بەشێکی تری بەندیخانەکەو بەڵکو ئەم بیداتە کەسوکاری لـە زینـدانی پیاوان و پێیان بڵێ باری تەندروستی زۆر خراپەو مەترسی مردنی لێدەکرێ. فەرەج کارەکـەی ڕەتکردبـۆوەو نەیویسـتبوو خـۆی لـەم مەسـەلەیەوە بگلێنێـت. بـەوینێك ئەودواتر گومان و دوودڵیەکـەی لـە بـارەی گاردەکـەوە تـەواو سـەلمابوو وەختـێ کـابرا ڕێکـوڕەوان پێیڕاگەیانـدبوو *ئـەمن* حـەز دەکـات ئـەم خەفیـەیی لـە سـەر هاوەڵـە کوردەکانی بکات.

هەوڵدانە بێسەروبەرەکانی *ئـەمن* بـۆ ڕاهێنـانی فـەرەج تـاوەکو کاریـان بـۆ بکـات ڕەنگە تاڕادەیەك هۆیەك بووبێت بۆ ئەو نەرمیەی لەگەڵیدا نواندبوویان، ئەگەرچی لە شایەتیەکەشیدا ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە دەربـازبوانی هەڵەبجـە زۆر نـەرمتر لـە گیراوەکانی ئـەنفال ڕەفتاریـان لەگـەڵ کـردوون، تەنانـەت لـە دوو حەفتـەی یەکەمـدا فەرەج ڕێگەی پێدەدرا سەردانی کورتی ژنەکەی بکات، هەرچـەندە ئـەم ئیمتیازەیـان دواجار ڕاگرتبوو چونکە بەندییەك گیرابوو لـەو کاتـەدا کـە هەوڵیـدابوو لـە کونێکی بنمیچەکەوە هەڵبێت. بۆ ئەوەی کەسی تر نەوێرێ بیر لە ڕاکردن بکاتـەوە گاردەکـان بـە بەرچـاوی بەندیەکانـەوە کەوتبوونـە لێـدان و دارکـاریکردنیو تـامردن وازیـان

لێنەهێنابوو. مامۆستاکەی هەڵەبجە تێکڕا ماوەی پەنجاو دوو ڕۆژ لە تۆپزاوا مابۆوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆر زیاتر بوو لەو ماوەیەی هەر دەربازبوویەکی تر باسی کردبێت. لە دوایشدا ماوەیەکی کەم پاش تەواوبوونی جەنگی ئێران - عێراق بەردراو سەرلەنوێ لە کۆمەڵگای باینجانی نێوان سلێمانیو چەمچەماڵ نیشتەجێ کرایەوە[21].

* * *

## بـــــەندیخانەی ئـافرەتان لـە دووبز*

کەریم، قوتابیەکی تەکنۆلۆجیی تەمەن بیست ساڵی خەڵکی دووبز بوو، هەستیکردبوو کە جموجوڵێکی نائاسایی هێزی حوکوومەت لە قەراخ شارو لە نزیک فلکەی پێچکردنەوەی ڕێگای نێوان کەرکوک - مووسڵدا لە ئارادایە[22]. دانیشتوانی دووبز تەماشایان دەکرد وا پاسی کۆستەری ئەهلی لای کەرکووکەوە دێن و لە سەربازگەی دووبز، کە پێی دەوترا (فێرگەی شەڕکردن - *مدرسه قتال*) و هێزی کۆماندۆی عێراق - *مغاویر*- مەشقیان تێدا دەکرد، کۆدەبنەوە. هەروەها خەڵکەکە پاسی سەوزی داخراوی پۆلیسیشیان دەبینی لە سەربازگەکە دەردەچیو چەکداری جل زەیتوونییان لە تەکدایە. پاشان دوکاندارەکانی دووبز سەرنجیان دەدا وا پۆل

---

[21] فەرەج دەبێ بە پێی لێبووردنە گشتیەکەی 6 ی ئەیلوولی 1988 بەردرا بێت، بەم پێیە دەبێ لە دەوروبەری 16 ی تەممووزدا لەسلێمانییەوە برابێت بۆ تۆپزاوا. کۆمەڵگای باینجان دانرابوو بۆ نیشتەجێکردنەوەی دەربازبوانی چەندین قۆناخی ئەنفال، دوو شایەتی تریش دەڵێن کە مەبەستێکی سەرەکیی دیکەی ئەو کۆمەڵگایەش نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکانی هەڵەبجە بووە، چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست ووچ، هەڵەبجە، 8 و 15 ی مایسی 1992.

* شارۆچکەی دووبزی لای کەرکووک لە سەردەمی سیاسەتی بە عەرەبکردن و گۆڕینی باری دیموگرافیدا لە لایەن ڕژێمەکانی پیشووی عێراقەوە ناوەکەی گۆڕابوو بە دبس - و.

[22] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای بنەسلاوە، 6 ی تەممووزی 1992.

www.dengekan.com

پۆلی شەش حەوت کەسیی ئافرەتی بەندکراو بە یاوەریی پاسەوان دێنە لایان و هەر زوو زانییان کە ئەمانە لە سەربازگەکەی دووبزەوە دێن.

ئەم ئافرەتانەو منداڵەکانیان لە ناوەڕاستی نیساندا بە ژمارەیەکی زۆر لە تۆپزاواوە گوێزرابوونەوە بۆ دووبز، وەك بەشێك لە سێ شێوە جیاکردنەوەوە کە کەسوکارە بەتەمەنەکانیان بردبوون بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمان و پیاوەکانیشیان، پاش ئەوەی تەنها دەرپێیان لەپێدا هێشتبوونەوە، بە دەستو چاو بەستراوی بەرەو لایەکی نادیاریان بردبوون. یەکێك لە گاردەکانی دووبز بە بەندیەکی تازەگەیشتووی وتبوو گوایە کەمپەکە ـ کە دوو بینا بوو لە ناو یەکدا ـ 7000 گیراوی کوردی تێدایە. لە کاتی گەیشتندا هەندێ ژن لە گەڵ منداڵەکانیاندا، کە لە تۆپزاوا گاردەکان لە دەستیان دەرهێنابوون، یەکیانگرتەوە. ئەو کۆمەڵە ئافرەت و منداڵە لە دووبز ماوەی چوار پێنج مانگ مانەوە تاوەکو ڕژێمی عێراق دوا سەرکەوتنی بە سەر *پێشمەرگەدا* ڕاگەیاندو لێبووردنێکی گشتیی بۆ کوردەکان دەرکرد.

ئافرەتەکان بە ئازارێکی زۆرەوە دەتلانەوە کە نەیاندەزانی چی بە سەر مێردو براو باوکیان هاتووە، بەڵام وا ئێستا پاش ئەو بارودۆخە سەختەی تۆپزاوا، دووبز جۆرە حەوانەوەیەکی بەرچاوی پێبەخشین. هیچ نەبێ لێرە شوێن هەبوو لە سەر کۆنکرێتە ڕەق و پیسەکە ڕاکشێن یان بخەون و بەکارهێنانی حەمام و ئاودەست قەدەغە نەبوو و ئاو لە بەلووعەیەکەوە بە ئاسانی دەست دەکەوت. خواردن خراپ بوو، بەڵام کەمێك ڕێکوپێکتر بوو و شۆربای نیسك و برنج و سەموونیان دەدانێ. پاش چەند هەفتەیەکیش هەندێ خواردنی هەمەجۆر کەوتنە ژەمەکانەوە. لە مانگی حوزێراندا ئەو کاتەی کە ئامینە ـ ژنە گەنجەکەی خەڵکی ئاکۆیان ـ گەیشتە ئەوێ بەشە خۆراك لە دووبزدا هەفتانە دوو هێلکەو ماست و چای تێکەوتبوو, لەدواییشدا وایلێهات کەمێ شووتیشیان دەدا. گاردەکانیش سابوون و شەکرو چایان بەو ژنانە دەفرۆشت کە هێشتا پارەیان پێمابوو. هەروەها دەسەڵاتدارانی بەندیخانەکەش هەرحەوت بەندیو بەتانیەکیان دەدایە.

لێرە ئافرەتەکان بواری ئەوەشیان هەبوو جلوبەرگیان لە حەوشەی بەندیخانەکەدا بشۆن و لە ژێر سێبەری دارەکاندا دانیشن یان تەنانەت لە دەرەوە بخەون ئەگەر گەرما لە ژوورەوە بێتاقەتیان بکات. هەندێکیشیان جارجارە لە ژێر چاودێریی پاسەواندا ڕێگەیان پێدەدرا بچن بازاڕ بکەن. ژنێکی دووگیانیش کە

گەیشتە دووبز بردیان بۆ نەخۆشخانەی شارەکە (ئەگەرچی لە ژێرچاودێریی پاسەوانیشدا بوو) و لەوێ ئافرەتێکی دوکتۆری کورد سەرپەرشتیی منداڵبوونەکەی کرد. ئەوانیتر دەیانگێڕایەوە کەوا حەفتەی دووجار دوکتۆر سەری سەربازگەکەی دەداو تەماشای نەخۆشی دەکردو دەرزیو دەرمانی دەدانێ، هەرچەندە هەندێ شایەت ئەمەیان ناسەلمێنن.

بەلام لە گەڵ ئەم هەموو (باشەیەیدا) ئەگەر بەراورد بکرێ، دووبزیش دیسان ترس و سامێکی کەم نەبوو. بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران، گیراوەکان ڕوانییان بەرپێوەبەری ئەم سەربازگەیە هاولاتییەکی کوردەو، پیاوێکی خەڵکی دەڤەری هەولێرە بە ناوی حاجی ئەحمەد فەتاح و حەجی مەککەی کردبوو. ئەو منداڵانەی کەمێك کزربوون و دەیانتوانی هەڵبسووڕێن پاسەوانەکان بە زۆر قاوش و ئاودەستەکانیان پێپاکدەکردنەوە. کوڕێکی چواردە ساڵ کە پێنج مانگی لە سەربازگەکەی دووبزدا بەسەربردبوو دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "*ئەمن* و *ئیستیخبارات* و بەعسیەکان چاودێرمان بوون, هەمیشە دەهاتن و بێ هۆ بەندیەکانیان فەلاقەدەکردو چەند جارێك دەستیان بەستوومەتەوەو لێیانداوم, جارێکیشیان سێ *ئەمن* بە دار پشت و قاچمیان داڕزاند. لەو قاوشەشدا کە تیایدا دەخەوتم دووجار لە بەیانیەوە تا شەو بەستمیانەوە بێئەوەی بیەڵن هیچ بخۆم. من نەمدەتوانیو بۆم نەبوو بپرسم بۆچیو هیچ کەسیش نەیدەتوانی بەرپەرچی یاسای بەعس بداتەوە"[23].

ئەم منداڵە، هەر هیچ نەبێ دەربازبوو بەلام زۆریان و لەوانەیە بە سەدان بێت، بۆیان ڕێك نەکەوت ڕزگاربن، لە سەرەتاوە مردن و لەناوچوون کەم بوو، بەلام کاتێ کە بەهار بەسەرچوو و ڕێی بۆ گەرمای هاوین خۆشکرد، ڕێژەی زیادی کرد. ئامینەی خەڵکی ئاکۆیان، لە دووبز منداڵێکی کچی بوو، بەلام پاش دوو مانگ منداڵەکە نەخۆش کەوت و مرد. تەنها لەخەڵکی بلە چوار یان پێنج منداڵ مردن. نەبات، دایکێکی تەمەن بیستو هەشت ساڵی خەڵکی قادرکەرەم بوو، دوو منداڵی

---

[23] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای شۆڕش، 9 ی مایسی 1992.

www.dengekan.com

ساوای لەدەستداو ماوەی نێوانیان مانگێك بوو. یەكەمجار شارۆی كچە سێ ساڵانی مردو مانگێك دوای ئەوەش نۆرە هاتە سەر كوڕە دوو ساڵانەكەی، دیار. نەبات دەیگوت: "ئەوان لە ترسا مردن، چوونكە هێند تۆقیبوون نەخۆش كەوتن و سكچوون و ڕشانەوەیان تووشبوو"[24]. شێرزاد كە كوڕێكی چواردە ساڵ بوو تاقە یەك شەو حەوت منداڵی ساوای ژماردبوو كە لە دووبز مردبوون، محەمەد كوڕێكی نۆ ساڵ بوو، مەزەندەی پەنجا حاڵەتی مردنی دەكرد لەو زیندانە گەورەیەدا كەوا خێزانەكەیانی تێدابوو، لە ماوەی پێنج مانگی دەسبەسەرییاندا. زۆربەی ئەوانە منداڵی بچووك بوون بەڵام هەندێ پیرەژنیش مردبوون. حەبیبە كە لەو كاتەی ئەنفالدا هەشت ساڵ بووە بیری دێتەوە كە بە زۆر لە نێوان لاشەی مردووەكاندا خەواندوویانە پێش ئەوەی پاسەوانەكان بێن و لایانبەن[25]. هەردوو لاشە بچووكەكەی منداڵەكانی نەبات، شارۆ و دیار، دوو پاسەوان لە سوپای میللی بردبوونیان و شۆردبوونیان و لە گۆڕستانی گومبەتی شارۆچكەكە ناشتبوونیان و هەردوو جارەكە نەبات خۆی بەدیارەوە بووە. لاشەی منداڵە ساواكانی تر لە مزگەوتە كۆنەكەی شارەوە دەبران بۆ ناشتن، بە گوێرەی قسەی كەریمی قوتابیی تەمەن بیست ساڵ، كەوا سەرنجی ئەوەی دابوو بنكەی كۆماندۆی دووبز لە سەرەتای بەهارەوە پڕبووە لە خەڵكی بەندكراو.

خەڵكی شارۆچكەكە دەهاتنە مزگەوت بۆ شۆردنی لاشەكان و لەدواییشدا گەنجەكانیان،كە كەریمیشیان تێدابووە لە كۆنە گۆڕستانێكی لاتەریكی منداڵاندا كە ماوەی میلێك لە مزگەوتەكەوە دوور بووە گۆڕیان بۆ هەڵكەندوون و ناشتوونیان. كەریم خۆی یارمەتی ناشتنی لاشەی چوار منداڵی ساوای داوەو لە ماوەی نێوانیشیاندا هاوەڵەكانی یارمەتی ناشتنی پەنجا منداڵیان داوە، كە هەرهەموویان لە ساڵەوەخت كەمتر بوون، خەڵكی دووبز پارچە زەوییەكیان لە گۆڕستانەكەدا

---

[24] چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، چەمچەماڵ، 19 ی ئەیلوولی 1992.

[25] چاوپێكەوتنەكانی میدڵ ئیست ووچ، ڕەواندز، 28 ی نیسانی 1992 و كۆمەڵگای شۆڕش، 9 ی مایسی 1992 و كۆمەڵگای زەمەقی، 24 ی تەمووزی 1992.

دیاریکردبوو بۆ گۆڕی ئەو منداڵانەو هەر گۆڕێکی بچووکیش بە جیا نیشانە دەکرا[26].

پاشان لێرە هەر ماوە نا ماوەیەك و بە پێی وەختێکی دیاریکراو کۆمەڵە پاسێکی داخراو خۆیان دەکرد بە بنکەکەی دووبزداو ژمارەیەکی زۆریان لە گیراوەکان باردەکرد. لایکەمەکەی دوو جاریان ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ناوچەی کەلاری باشووری گەرمیان بوون، کە بە پێی مەزەندەیەك تێکرا نزیکەی پێنج سەد ژن و منداڵ دەبوون و گوێزراونەتەوە بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمان و هۆکەشی هەر بە نەزانراوی ماوەتەوە[27]، بڕوانە لاپەڕە 385-387، بەلام هەزاران کەسی تر لە بەندیەکان کە ڕەنگە نیوەی ژمارەی گیراوەکانی دووبز بووبێتن، ڕاپێچی لایەکی تری نادیار کران و لە تاریکیی ئەنفالدا ونبوون.

بۆ نموونە شیرین، کە ئافرەتێکی تەمەن 23 ساڵ بوو لە گوندی قەیتوولی ڕەشە* (ناحیەی قادرکەرەم) بەم شێوەیە دوو کچی منداڵی خوشکەزای لەکیس چوو: پەرژین جەعفەر حەسەن، تەمەن 12 ساڵ و نەباتی خوشکە بچووکی لە خۆی خوارتریش. ئەوەی لێبەدەر کە ئەوانی لە ئەنفال ڕزگاریان بوو و لەو کۆمەڵگایانەدا کە نزیك شوێنەکانی ئەوسایان بوون نیشتەجێکرانەوە، ئێستا وا پێنج ساڵ تێپەڕیوە بێئەوەی سۆراخێکیان هەبێت، بەڵکو ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە ئەم دوو

---

[26] شارۆچکەی دبس دەکەوێتە ناوچەیەکی کوردستانی عێراقەوە کە هەردەم لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەغدادا بووە، نە گۆڕستانی گومبەت و نە گۆڕستانە کۆنەکەی منداڵانیش بۆ میدڵ ئیست ووۆچ نەڕەخساوە تاقیکردنەوەی فۆرێنسیکی سەربەخۆی تێدابکات.

[27] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ لە گەڵ ئافرەتێکی خەڵکی (هۆمەربل)دا، کفری، 30 مارتی 1993.

* پرسیاری زۆرم لە خەڵکی شارەزای ئەو ناوچەیە کردووە هیچ گوندێکم بۆ ساغ نەبووەوە بە ناوی قەیتوولی ڕەشە لەو ناوچەیەدا، بەڵکو تەنها یەك گوند هەیە بە ناوی قەیتوول لە سەرووی (قادرکەرەم)ەوە ـ و.

www.dengekan.com

کچەو هەزارانی تریش لەگەڵ ئەماندا کەوا لە دووبـزەوە سـەرنگوم کـران لـە لایـەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە کوژرابێتن[28].

★ ★ ★

[28] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ، کۆمەڵگای شۆڕش، 29 ی حوزێرانی 1992. خوشکەزاکانی ئـەم شایەتە خەڵکی دۆڵی گۆلباخ بوون، ئەو شوێنەی کـە وەک دەگێڕنـەوە ژمارەیـەکی زۆر ئـافرەتی لـێ بێسەروشوێن کراوە.

# بەندیخانە کـــەمپێك بۆ بەساڵداچووەکان

*"ئەگەر ئێوە شتێك دەربارەی دۆزەخ دەزانـــن، ئـــەوە دۆزەخ بـــوو ئێمـــە بینیمان"*

*ـ محەمەد حوسێن محەمەد (لەدایکبووی ساڵی 1912) ودەربازبوویەکی نوگرە سەلمان.*

لە کاتێکدا کە بارهەڵگرو پاسەکان بەرەو باکوور بۆ دووبز دەڕۆیشتن، هەنـدێکی تریـان هـەر لـە تـۆپزاواو تکریتـەوە بـەرەوخوار بوونـەوە بـۆ ناوجەرگەی خاکی عەرەبنشینی عێراق بە ناو بیابانی پانوبەریندا، کە بـــەرەو ســـنووری ســـعوودیە شـــۆڕبووەتەوە، تـــا لەدواییـــدا گەیشـــتنە بەندیخانـەی قـەڵای چۆڵی نـوگرە سـەلمان "چاڵی سـەلمان". بەندیـەکان بـە چوار کـاروانی سـەرەکی گەیشتن. سـەرجەم گیراوەکـانی نـوگرە سـەلمان لـە سـەردەمی ئەنفالـدا پێدەچـێت 6 تـا 8 هـەزار بـووبێتن[29]. یەکـەمجار ئەوانـەی کـە گەیشـتن هـەزاران گـیراوی گونـدەکانی قـەرەداخ و گـەرمیان بـوون ( ئـەنفالی دوو و سـێ )، کـە تەمـەنیان دەوری پـەنجا تـا نـەوەت سـاڵ

[29] ئەم ژمارانە لە سەر بناغەی چاوپێکەوتن لە گەڵ بیستو یەك گیراوی ئەوسای نوگرە سـەلماندا دانراوە، هەروەها لە بەر ڕۆشنایی چاوپێکەوتنێکیش لە گەڵ ئەفسەرێکی پێشووی سوپای عێراقدا کـە ڕۆڵی بەرچاوی بووە لەو بەندیخانەیەدا. چاوپێکەوتنەکان حەڤدە پیاوی گرتبۆوە لە تەمەنی نێوان 45 تا 83 سـاڵێدا لەگـەڵ چـوار ئـافرەت کـە تەمـەنیان لـە نێـوان 50 تـا 60 سـاڵ بـوو، لـە وەڵامـی پرسیارێکیشدا سەبارەت بە تێکڕا ژمارەی گیراوەکان لەوێ، دە دوانزە شایەت مەزەندەکانیان 5 بـۆ 11 هەزار بوو. دوو کەسیان ژمارەیەکی زۆر لەوە بەرزتریان داو ئێمە ڕەچاومان نـەکرد، بێجگـە لـە حاڵەتی مردن و ئەوانی تازە دەگەیشتن بەندکراوانی نوگرە سەلمان تا ڕادەیەك بە جـێگیری مایـەوە تا لێبووردنە گشتیەکەی 6 ی ئەیلوولی 1988.

دەبوو و بە کاروانی گەورەی پاسی داخراو لە ناوەڕاستی نیسانی 1988دا هاتبوون. پاشان لە سەرەتای مایسدا ژمارەیەکی لەوە کەمتری بەساڵداچوان لە دۆڵی زێی بچووکەوە گەیشتبوون (ئەنفالی چوار). سێهەمیش، بە درێژایی هاوین چەندین پاسی ژن و منداڵی خوارووی گەرمیانیان لە بەندیخانەی دووبز گواستەوە بۆ جێگیربوون لە قوژبنە تەریکەکانی نوگرە سەلمانا. دواجاریش لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئابداو چەند ڕۆژێکی کەم پێش ئەوەی کۆتایی هاتنی سەربازیی ڕەسمیی پەلاماری ئەنفال ڕابگەیەنرێت، سەدان کەسی گەڕاوە لە ئاوارەکانی هێرشە کیمیاییەکەی هەڵەبجە ڕەوانەی نوگرە سەلمان کران، پاش ئەوەی خۆیان دابووە دەست سوپای عێراقەوە کاتێ کە لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە ئەم دیوی سنوور. بە پێی هەندێ ڕاپۆرت، خەڵکەکەی هەڵەبجە هەموو تەمەنێکی تێدابوو، لەوانە کۆمەڵێ پیاوی گەنجیش[30].

یەکێك لە دەربازبوانی هەڵەبجە ژنێکی تەمەن 33 ساڵ بوو بە ناوی عورفیە. یەکێك لە پێنج منداڵەکەی ئەم ژنە لە دوای بۆردمانەکە لە ڕێگای ئێران مردبوو. عورفیە لە گەڵ چوارەکەی تردا لە سنوور ئاودیوبوو و پێنج مانگی لە ئۆردوگاکانی ئێراندا بەسەربردو وەك دەگێڕێتەوە کەوا لە 23 ی ئابدا پاسی ئێرانی نزیکەی دوو هەزار خێزانی هەڵەبجەیان گێڕاوەتەوە بۆ سنوور، لەوێ سوپای عێراق چاوەڕێی دەکردن و بە ئۆتۆمبیلی ئیفا بردنیانەوە بۆ سلێمانیو ماوەی پێنج ڕۆژ لە بنکەی هێزی لەناکاو (قوات الگواریو - و) هێشتنیانەوەو تەنیا نان و ئاویان دابوونێ. ئەو شوێنەی کە تێیدا بەندکران وەك عورفیە دەگێڕێتەوە "پڕبوو لە خەڵکی قەرەداخ". لە پاش ئەو ماوەیە پیاوە گەنجەکان لە خێزانەکانیان جیاکرانەوەو ڕاپێچی ناو هەندێ ئۆتۆمۆبیل کران کە لە ئەمبولانس دەچوون و بۆیەی سپی یان سەوز کرابوون لە گەڵ تاقە پەنجەرەیەکی بچووکدا لە پشتەوە، ئەوانەی لەو ئۆتۆمبیلانەدا

---

[30] شایەتێکیش باسی ژمارەیەك بەندکراوی عەرەبی دەکرد لە نهۆمی ژێرزەمینی نوگرە سەلماندا کەوا دزداشەیەکی سپی جیاوازیان لەبەردابووە، بەڵام ئەمە لە لایەن کەسانی ترەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە نەسەلمێنراوە.

بارکران جارێکی تر نەبینرانەوە. ژن و منداڵ و پیرەکانیشیان ترنجاندە ناو پاسی ئەهلیەوەو بە سەر کەرکووك و تکریت و بەغداو سەماوەدا بردنیان بۆ نوگرە سەلمان و لە 29 ی ئابدا گەیشتنە ئەوێ[31].

★ ★ ★

سەفەرەکە لە قەراخ کەرکووکەوە بۆ نوگرە سەلمان, نێوان 12 بۆ 15 کاتژمێری برد، بە پەنجا شەست بەندییەوە کە ترنجابوونە سەر یەك لە پاسی بێپەنجەرەدا کەوا خۆیان لە بنەڕەتدا بۆ نیوەی ئەو ژمارەیە دروستکراون. ئۆتۆمبیلی *ئەمن و ئیستیخباراتیش* کەوتبوونە پێش و پاشی کاروانەکە بە بێتەلی هۆکی ـ تۆکییەوە. هەندێ کاروان بەیانیی زوو دەرچووبوون و ئێوارە درەنگانێك گەیشتبوونە نوگرە سەلمان، هەندێکی تر ئێوارە تاریك داهات دەرچووبوون و شەو هەمووی بە ڕێگەوە بوون. بە مەزەندەی کات و ئەو لایەی ڕوویان تێکردبوو، یان بە تەماشاکردن لە درزی دەرگای پشتەوە کە بۆ هەوا گۆڕکێ جارجار بە کراوەیی دەیانهێشتەوە بەندیەکان دەیانزانی کەوا گەیشتونەتە کام شارـ یەکەمجار تکریت و چەند سەعاتێك دواتر بەغداو لە کۆتاییشدا سەماوە. لێرە گوێیان لە لوورە لووری ئامێری ئاگادارکردنەوە بوو, لە کونی دەرگاکەی پشتەوە ئاپۆرەی عەرەبیان دەبینی گوێ قولاخ بوونەتەوەو لە سەر

---

[31] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای زەڕایەن، 28 ی تەمووزی 1992. ئەڵبەتە ناتوانرێ لە بەر ڕۆشنایی ئەنفال بێسەروشوێن بوونی ئەو پیاوە گەنجانە لە سلێمانی ڕوون بکرێتەوە، چونکە هەڵەبجە بەر ئەو پرۆسەیە نەکەوتبوو. زیاتر پێدەچێت سەرنگوم کردنیان کرداری ڕۆتینی تیرۆر بێت لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە. دواجار ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان وایان لەقەڵەم دا کە هەندێ گەنجی خەڵکی هەڵەبجەش ڕەنگە لە نوگرە سەلمان بێسەروشوێن کرابێتن. ڕاپۆرتی "ساڵانێکە دوای پەلاماردانی گاز و زامەکانی هەڵەبجە هێشتا هەر بەسوێن" Halabja Wounds still open years after Gas attack ، (ڕۆیتەر، 7 ی مارتی 1993) کێشەی ئافرەتێکی هەڵەبجەی خستووەتەڕوو کە لەوکاتەوە براون بۆ ئەوێ (نوگرە سەلمان) چوار منداڵەکەی نەبینیوەتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان 10 ـ 24 ساڵ بووە.

www.dengekan.com

شــەقامەکان ڕیزبــوون و دەڕواننــە کــاروانی ئۆتۆمبیلــە داخراوەکــان کــە باریان بنیادەم بوو. لە ڕێگا لە هیچ شوێنێك وەستان نـەبوو و هـیچ نـان و ئاوێکیان بـە گیراوەکـان نـەدابوو و پاسـەوانی کلاشـینکۆف بەدەسـت هـەموو نارەزاییو سکالأیەکیان بێـدەنگ دەکـرد. لـە سـەماوە, گـیراوە بەتەمەنـەکان زانییــان کــەوا کاروانەکــە بــووە بــە دوو بەشــەوە: لــە کاتێکــدا کــە ئۆتۆمبیلـەکانی ئـەمان بـەرەوخوار ڕۆیشـتن، ئـەوانیتر بـۆ شـوێنێکی تـر لایانـدابوو. ئەمـەیان ئـەو پاسانە بـوون کـە گەنجـە کوردەکـانی تۆپزاوایـان هەڵگرتبوو و جارێکی تـر هـەرگیز نەبینرانـەوە. لـە سـەماوە بـەولاوە هـیچ نـەبوو لـە بیابـانێکی کاکی بـە کـاکی زیـاتر، ناوبـەناویش هەنـدێ کـەلاوەی ڕووخـــاو دەردەکـــەوتن "وەك گونـــدەکانی لای خۆمـــان بـــە بلـــدۆزەر تــەختکرابوون" وەك ژنێـك دەیگێڕایـەوە[32]. سـێ سـەعات لـە باشـووری ڕۆژئـاوای سـەماوەوە، لـە پـڕ زەوییـە تەختەکـە دایـە نشـێویو دوا سـات لـە نزماییەکــەی خــوارەوەدا شارۆچــکەی ســەلمان دەرکــەوت. لەوێشــەوە بــە دووریی میل و چارەکێك شـوێنێك بـوو کـە چواردەوری پـەرژینی تەلـدڕك بوو و لە هەموو سووچێکەوە قولەیـەکی چاودێریی پاسـی دەکـرد. ئەمـەش بەندیخانەی نوگرە سـەلمان خـۆی بـوو. پاسـەکان لـە یـەکێك لـە دوو دەروازە گەورەکــەوە چــوونە ژوورەوەو لــە ناوەڕاسـتی حەوشــەیەکی پــان و پــۆڕدا وەسـتان کـە "سـێ ئەوەنـدەی یاریگاکـەی تـۆپی پێـی سـلێمانی بـوو"[33]. ئەوانــەی کـە یەکـەمجار لـە ناوەڕاسـتی نیسـاندا لـە تـۆپزاواوە گەیشـتبوون تەماشـایان کردبـوو نـوگرە سـەلمان تاریـك و چـۆڵە. ئەمـە بینایـەکی کـۆنی ڕۆژگاری پاشایەتی بوو لـە عێراقـدا یـان ڕەنگـە هـی پێشـووتریش بێـت[34]. چـەند سـاڵ بـوو بـە چـۆڵی مـابووەوەو کۆچـەرە عەرەبـەکان مـەڕوماڵاتیان تێــدەکرد. ســەر دیــوارە ڕووتــەکانیش تێکــەڵ و پێکــەڵ یاداشــتنامەی زیندانیـــە سیاســـیەکانی لێنووســـرابوو. لـــە ســـەر دەرگـــای زینـــدانێك،

---

[32] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.

[33] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، جافەران، قەرەداخ، 11 ی مایسی 1992.

[34] پاشـایەتی لــە عێراقــدا بــە کوودەتایــەکی ســەربازیی لــە 14 ی تــەمووزی 1958دا ڕووخـا. نەخشەدانەرو ئەنجامدەری سەرەکیی زەعیم ڕوکن عبدالکریم قاسـم بـوو، کـە بـە دوایـدا بـوو بـە سەرۆك وەزیران.

پاسەوانێك بە خەتێکی ناشیرین نوسیبووی "خومەینی گووی خوارد"، لە سەر دەروازە سەرەکیەکە یەکێکی تر نوسیبووی "بەخێربێن بۆ دۆزەخ"، لە سەر دەرگای پشتیشەوە نووسینێکی تر دەخوێنینەوە: "کەم هەڵدەکەوێ کەسێك سێ مانگ لەم شوێنەدا بژی". ئەو لێپرسینەوەو لێپرسینەوەکاریەی کە پێویست بوو دەسەڵاتدارێتی عێراق ئەنجامی بدات لەگەڵ ئەم قوربانیە پیرو پەککەوتانەی ئەنفالدا پێشتر لە تۆپزاوا جێبەجێکرابوو. لێرە لە نوگرە سەلمان بەخێرایی تەنها ناو، پیشەو شوێنی نیشتەجێ تۆمار دەکرا بە دەم لاقرتی پێکردن و هەڕەشەدانی گاردەکانەوە. یەکێك دەیوت: "تۆ بە فەرمانی سەدام حوسێن و علی حسن المجید بۆ مردن هاتوویتە ئێرە". بەم ڕەنگە تازە گەیشتووەکان ڕاپێچی ئەو زیندان و قاوشانە دەکران کە پڕبوون لە چیرۆك و بەسەرهاتی بەندیخانە. هۆدە ڕەقوتەقەکان زۆر لە قەبارەدا جیاواز بوون، هەندێکیان تەنها پەنجا شەست بەندیی دەگرت و هیتریان چەند سەد کەسێك[35].
دەرگاکان لە کاتژمێر 10 ی شەوەوە بۆ 7 ی بەیانی دادەخران، لە وەختی تردا گیراوەکان بە سەربەستی دەسووڕانەوە. گەیشتنی یەکەم کۆمەڵی گیراوەکان تاڕادەیەك هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان لە 17 ی نیسانداو لەم مانگە پیرۆزەدا خواردنەکە باشتر بوو لەوەی کە لە تۆپزاوا

---

[35] ڕاپۆرت و گێڕانەوە زۆرە دەربارەی نهۆمی ژێرزەمینی نوگرە سەلمان، ئەگەرچی پێچەوانەکەشی هەر باس دەکرێت، گوایە لەوێوە دەنگی گریان و هاوار بیستراوە، کۆنە ئەفسەرێکی هێزی پیادەی عێراق کە لە پێش ئەنفالدا سەری لەو بەندیخانەیە داوە دەڵێ گوایە لە دەرگایەکی ئاسنی قورسی پەنهانەوە کە دوو کڵۆمی هەبووە بۆ ئەم نهۆمی ژێرزەمینە دەچوویت و لە بنەوە نزیکەی دوو مەتر بەرزییەتی و ڕێك بە قەد باڵای زیندانییەکە بە پێوە ڕاوەستێ. هەروەها ئەم ئەفسەرە باسی زیندانێکی سزادان دەکا لە نوگرە سەلمان کە "چەشنی قەفەزی باڵندە دروستکراوەو جێگەکەی تەنها بەشی دانیشتنی دەکرد"، چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 26 ی نیسانی 1992.

دەدرا[36]. لەو ماوەیەدا برنج و شۆربای سەوزەو پەتاتەو تەماتەو بگرە جارجار گۆشت و میوەش دەدرا لە هەندێ بۆنەدا. ئاوی خواردنەوە بە بۆری لە بیرێك دەردەهێنرا لە حەوشەکەدا, ئەگەرچی گەرم و سوێرو تاڵ بوو و "وەك ژەهری مار وابوو", وەك پیاوێك دەیگێڕایەوە. زۆر لە گیراوەکان بڕوایان وابوو کە یەکەمجار تێکچوونی باری تەندروستییان لە نوگرە سەلمان پەیوەندی بە خواردنەوەی ئەو ئاوەوە هەبوو. یەکەم حاڵەتی مردن لە سەرەتای مایسەوە دەستیپێکرد، ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی شەپۆلی دووەمی گیراوەکانی ناوچەی دۆڵی زێی بچووك.

★ ★ ★

یەك لەو کەسانەی کە لە گەڵ ئەم تاقمەدا گەیشتن عەبدولقادرعبداللە عەسکەریی تەمەن 68 ساڵی سەرگەورەی گوندی گۆپتەپە بوو، کە شانزە کەسی بنەماڵەکەی لەدەستدابوو لە هێرشە کیمیاییەکەی 3ی مایسدا. لە ماوەی ئەو چوار مانگەیدا لە نوگرە سەلمان, عەبدولقادر، کەوا یەکێك بوو لەو زیندانیە خوێندەوارە کەمانەی عەرەبییەکی چاکیشی دەزانی، وەك ڕابەرێکی ئاسایی گیراوەکان دەرکەوت و شایەتیەکەی لێرەدا شیاوی ئەوەیە کە بە درێژیی وەربگیرێت و باس بکرێت:

"پاش شەوی یەکەم لە تۆپزاوا، کاتژمێر هەشتو نیوی سەرلەبەیانی کابرایەکی عەسکەری خۆی کرد بە ژووردا و پێیڕاگەیاندین: خۆتان ئامادەکەن. ئێمە هیچمان پێنەبوو و ئامادەبووین، چوونکە هیچ شتێکمان

---

[36] ڕەمەزان، کە مانگی نۆیەمە لە ڕۆژژمێری موسڵماناندا، وەختی ڕۆژوو گرتنە لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابوون. ئێواران بۆ ڕۆژوو شکاندن لە ژەمەکانی تر خواردنی زۆرتر دادەنرێ و ئەو بەشە خۆراکەی دەدرا بە بەندییەکانی نوگرە سەلمان بە گریمانەی ئەوەی ئێواران دەخورێ و ڕەنگە وەك هێمایەك بێت بۆ ڕادەیەکی دڵنەرمی نواندنی دەسەڵاتداران بەرانبەر بە خەڵکە بەتەمەنەکە. (ئەڵبەتە لە بەر هەمان هۆ، ئەگەر ئەم خواردنە بە ڕۆژ بدرایە ئەوە بە سووکایەتی کردن دەژمێردرا بە باوەڕی کوردی موسڵمان، بە هەرحاڵ توخن کەوتنی ئەم باسوخواسە زۆر بەجێ نیە).

نەبوو بيپێچينەوە, پێيان وتين هۆدەكە بەجێبێڵين. ئێمە تێبينى 150 يان 200 ئۆتۆمبيلمان كرد بە دوو ڕيز وەستابوون و لە ئەمبولانس دەچوون بەڵام سەوز بوون[37] . ئەمانە هەر تەنها دە كەسيان دەگرت، بەڵام بيستو حەوت كەسيان كردە ئۆتۆمبيلەكەى ئێمەوە. ئۆتۆمبيلەكە دوو دەرگاى تێدابوو، يەكێكيان تەسكى بچووك كە تەنها پاسەوانەكەى لێوە سەركەوت و دووەم دەرگاش ئێمەى لێوە بە پاڵ كراينە ژوورەوە. دنيا زۆر گەرم بوو ئەوانيش دەرگاكەيان خڕ لە سەر داخستين, ئۆتۆمبيلەكەى ئێمە تەنها خەڵكى پيرى تێدابوو.

لە پاش سەعاتێ، سەعات و نيوێ داواى ئاومان كرد، من بە عەرەبى وتم "تينوومانە ئاومان بدەنێ"، وەڵاميانداييەوە "ئاو قەدەغەيە بۆ ئێوەو ڕێگە نادرێت". پاش بەينێك هاوەڵێكمان داوايكرد بچێتە دەرەوە بۆ سەرئاو، من ئەمەم بە سەربازەكە وت بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتى "بۆ ئێوە ڕێگە نيە"، دە دەقيقە تێپەڕىو كابرا لەوە زياتر خۆى پێڕانەگيراو لە ناو ئۆتۆمبيلەكەدا بۆنێكى پيس بڵاوبۆوە. پاشان پێنج كەس لە تاو بۆن و گەرمى لەهۆش خۆچوون. ئێمە خۆزگەمان بە مردن دەخواست چوونكە هيچ شتێك ڕێگەى پێنەدەدرا بيكەين. هەموو پياوەكان لە تاو گەرما جلەكانيان لە بەرى خۆيان داكەندو تەنها دەرپێيان لە پێدا مايەوە. ئۆتۆمبيلەكە بەردەوام ڕێيدەكردو ئێمەش نەماندەزانى بۆ كوێ دەڕوات.

سەعات و نيوێك پێش ئەوەى شەو دابێت گەيشتينە قەڵايەك و لەوێ دابەزين. قەڵاكە چۆڵ بوو, بە حەوشەيەكى درێژدا برديناين و چواردەورمان سەربازو پۆليس گرتبوويان. زۆربەى ئۆتۆمبيلەكان دەگەيشتن و پياو و ژنەكانيان هەڵدەڕشت. ژمارەكە گەيشتە 400 كەس.

---

[37] ئەگەرچى مەزەندەكردنى ئەم ژمارەيەى عەبدولقادر لێرەدا ڕەنگە بەرز بێت، بەڵام ژمارەكانى بە گشتى لەوە دەچێت زۆر جێمتمانەو شياوى پشت پێبەستن بن، بە تايبەتى ئەوەى كە پەيوەندى هەيە بە ژمارەى مردووەكانى نوگرە سەلمانەوە. بڕوانە لاپەڕە 306-312.

www.dengekan.com

ئاویان لە دۆلکەو سەتڵدا دەهێنا بێ پەرداخ، ئێمەش وەك مانگا سەرمان دەخستە ناو سەتڵەکان و بە یەکجارو یەکبین ئاومان دەخواردەوەو لە یەك کاتدا سێ کەس سەریان دەخستە سەتڵەکەوە بۆ ئاو خواردنەوە. ئاوەکەش هێندە گەرم بوو خۆتت پێ بشۆردایە, بێجگە لەوە سوێریش بوو.

(پاش ناونووسین), گاردێك کەوتە تەکمان و ڕۆیشتین، هەروا چارەکێکی مابوو تاریك دابێت، ئەوجا چووین بۆ نهۆمی دووەم و لەوێ شەستو چوار کەسیان لێمان خستە ژوورێکەوە کەوا بە ئەندازەی نزیکەی 8×6 مەتر دەبوو، من ناڕەزاییم دەربڕی و وتم: "خۆ ئێمە ئاژەڵ نین بەم قەرەباڵغیە بمانخەنە یەك ژوورەوە، ئێمە چۆن بخۆین، چۆن بخەوین؟". کابرای بەرپرس لە وەڵامدا وتی: "دەمت داخە ئێمە هەر ئەوەمان بۆ داناون". لە پاش سێ دەقیقە ئەو ڕۆیشت و یەکێکی تر لە دەرگاوە هاتە ژوورەوەو تەورەکەیەکی بە شانەوە بوو، ئەمەیان زیندانییەك بوو وتی: "برایان ئێمە ئاگامان لێیە کە ئێوە تازە هاتوون و هیچیان نەداونەتێ، ئێمە ئەمشەو بەشە خواردنەکەی خۆمانمان بۆ هێناون ئەم نانە ببەن، چونکە ئەوان تا سبەی بەیانی هیچ خواردنێکتان نادەنێ". بۆ بەیانی بەندییەك لە قاوشێکی ترەوە هات و چوار کەسمانی لەگەڵ خۆ برد بۆ وەرگرتنی بەشە نانی زیندانەکە، دوای بیست دەقیقە چوار پیاوەکە بە سێ تەورەکە نانەوە گەڕانەوە. هەر زیندانیەك ڕۆژی سێ *سەموونی* بۆ بڕابۆوە بۆ بەیانیو نیوەڕۆ و ئێوارەی[38]. نانەکە لە ئاردی گەنم دروست نەکرابوو، بەڵکو ئاردی زوڕات بوو*. کە دانەوێڵەیەکی دەنك ڕەق و گەورەیەو بە زۆری بۆ ئالیکی ئاژەڵ بەکاردێت".

* * *

---

[38] شایەتی تر دەڵێن کە بەشە خۆراکەکە تەنها دوو سەموون بووە لە ڕۆژێکدا، یەکێك بەیانی کاتژمێر دە و ئەویتریش شەو کاتژمێر دە، ئەمەش لەوانەیە ناوبەناو گۆڕابێت.

* لە هەندێ ناوچەی کوردستان گەنمەشامیی پێدەڵێن، لەم دەقەدا هەر وشە کوردیەکە (زوڕات) نووسراوە ـ و.

# مــــــــــردن لــە نوگــرە ســـــــەلمان دا

بەشـە خواردنـەکانی ڕەمـەزان ئێسـتا بـوون بـە شـتێکی ڕابـردوو و تـەنها بەشـی مەمرەو مەژی نان و ئاوی پیس دەدراو دۆخەکە لـە نـوگرە سـەلماندا زۆر بـە خراپـی تێکچووبوو. گیراوەکان ئەسپێ تێیدابوون و بـەردەوام حاڵیـان شـڕبوو بـە دەسـتیەوە. له ئـاخروئۆخری مایسیشـدا مردنیـان تێکـەوت و شـووڵی لێهەڵکێشـان. ڕۆژ بـوو سـێ کەس دەمردن و ڕۆژی واش هەبوو شەش و حەوت و بگـرە هەنـدێ جـار دەگەیشـتنە دە دوانزە کەسیش. عەبدولقادر کارێکی زۆر باشی کـردووە کـە ژمـارەی مردووەکـانی تۆمارکردووەو تا سەرەتای ئەیلوول کاتێ کـە لـە بەندیخانـە بـەردرا 517 قوربـانیی بـارودۆخی نامرۆڤانــەی نــوگرە ســەلمانی ژمێــرە کردبــوو, کــە بــە هــۆی بــەدیەو بێڕەوشـتیو کەمتەرخـەمیی دەسـەڵاتدارانی عێراقـەوە مردبـوون. لـە دواییشـداو لـە پاش بەربوونەکەی بیستبووی کە چل و پێنج کەسی تر لە دوو شەوی یەك لـە دوای یەکی ئەیلوولدا مردوون.

ژمارەکـانی عەبـدولقادر کـە تێکـڕا دەکاتـە چـوار یـان پێـنج حاڵـەتی مـردن لـە ڕۆژێکـدا لـەو ماوەیـەی بەندکردنیـدا، لـە ئـەنجامی برسـێتیو نەخۆشـیو زوڵـم و ڕەفتاری نامرۆڤانـەوە، ئەوپـەڕی جێـی بـڕواو متمانـەن. ئەڵبەتـە لـەو باسـوخواس و مەزەندانەشـەوە نـزیکن کـە لـە لایـەن شـایەتەکانی تـرەوە دراون. ئـەو چـلو پێـنج حاڵەتی مردنەی دیکـەش ڕەنگـە پەیوەنـدیی بـە پەتایەکـەوە بووبێـت، وەك هەنـدێ ڕزگاربوو باسی لێوە دەکەن کـەوا لـەدوای گەیشـتنی ئـاوارە گـەڕاوەکانی هەڵەبجـە لـە کۆتـایی ئـابی 1988دا، تەشـەنەی کردبێـت. ئەمـەش بـوو بـە مایـەی هێنـانی دەسـتەیەك دکتـۆری سـپی پـۆش لـە سـەماوەوەو ئامۆژگـاریی بەندیـەکانیان کـردووە چیتر لەو ئاوە نەخۆنەوە. پێدەچێ بەرپرسـانی نـوگرە سـەلمان بـە دوو ڕێگـا بـە دەم ئەو لێشاوی مردنەوە هاتبێتن، یەکەمیان ئـەوەبوو کـە تەنکـەرێکیان دانـا بـۆ ئـەوەی ڕۆژانـە ئـاو لـە سـەماوەوە بێنـێو بـە سـەر بەندیەکانـدا دابەشـی بکـات، دووەمـیش گاردەکان وەك نەخشەیەك بۆ کێشانەوەی ئـەو پـارە کەمـەی بەزیندانیـەکان مـابوو،

کەوتنە فرۆشتنی خواردەمەنی بە نرخێکی زۆر گران و چەند قات بەوانەی بە هەر ڕەنگێك بووە توانیبوویان لە تۆپزاواوە شتێك لە پارەی گیرفانیان بشارنەوە.

بە عادەت تەنکەرە ئاوەکە ڕۆژی دوو جار لە سەماوەوە دەهات، ئەگەرچی ڕۆژی واش هەبوو هەر نەدەهات. کاتێ کە تەنکەرەکە دەگەیشت بەندییەکان بەجارێ بە سەریدا دادەبارین و دەبوو بە فڕان فڕانێك ئەوسەری نەبێتەوەو تەنها چەند دەقیقەیەکی کەم بواریان دەدان دەفرەکانیان پڕکەن و ئەوانیش پەلەقاژەی نزیکبوونەوەیان بوو لە سۆندە پلاستیکیەکەو لەو کاتەشدا گاردەکان گاڵتەو سووکایەتییان پێدەکردن و ئەو ئاوە بە نرخەیان دەرشت بە سەریانداو بە سەر زەویەکەداو ئەوجا شەلم کوێرم بە دارو کێبڵ دەهاتن بە وێزەی خەڵکەکەدا. شۆفێری تەنکەرەکەش بۆ ئەوەی پارەیەکی مفتی دەست بکەوێ، کەوتە فرۆشتنی سەتڵە ئاو بە بەندیەکان و هەر سەتڵەی دەدا بە چوار دینار (12 دۆلار, بە نرخی ئەوسا ـ و), لەدواییشدا دەستیکرد بە هاوردنی شیری قوتوو، گۆشت، نیسك، دۆشاوی تەماتەو سابوون.

هەر زوو گاردەکانیش، کە هەندێ شایەت دەیانوت سەر بە *ئەمن* و هەندێکی تر دەیانوت سەر بە *ئیستیخبارات* بوون، چاویان لە شۆفێرەکە کردو کەوتنە شتومەك هێنان، یەك پەرداخ برنج بە دینارێك، پاکەتێ جگەرە بە سێ دینار (نۆ دۆلار)، یەك قوتوو دۆشاوی تەماتە کە وەختی بەکارهێنانی بەسەرچووبوو (ئێکسپایەر بووبوو) بە دوانزە دینار (36 دۆلار)*. لێرەدا عەبدولقادر دەڵێ: "ئێمە بەو بەندیانەمان وت کەوا سەرەوکاریی خواردنیان دەکرد لەگەڵ گاردەکان قسە بکەن و ڕێگەیەك بدۆزنەوە لەو خواردنە خراپ و بێکەڵکانە ڕزگاربین و هەوڵ بدەن شەکرو چا پەیدابکەن ئەگەر بەکڕینیش بێت، چونکە مردن بەجارێ تەنگی پێهەڵچنیبووین. ئەوانیش توانییان شەکرو چاو ڕۆنمان بە پارەی خۆمان بۆ دەستەبەر بکەن. ئەم شتانە شەو بە دزییەوە دەهات و قوتووی دۆشاوی تەماتەیان بە چوار دینار پێ دەفرۆشتین، کە نرخی فرۆشتنی لەلایەن حوکوومەتەوە شەش

---

* لێرەدا بەراوردکردنی نرخی دینارو دۆلار هی ئەو سەردەمە بوو کە یەك دینار سێ دۆلار بووە. نرخی ئەو شتومەکانەش بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر گران و لە ئەقڵ بەدەر بوون. بۆ نموونە یەك کیلۆ برنجی ئەمریکی زۆر باش بە 250 فلس بوو، جۆرەکانی تر برنجی کوردیی لێبەدەر بە کەمتر بوون. پاکەتێ جگەرەی عێراقی 125 فلس بوو، قوتووی دۆشاوی تەماتەی یەك کیلۆیی بە 450 فلس بوو ـ و.

درهەم بوو[39]. هەشتا دینارمان دەدا بە کیسەیەك شەکرو حەفتا دینار بە یەك کیسە برنج، کە نرخی ڕەسمییان پانزە دینار بوو. یەکەم شت کە دەستمان کەوت دۆشاوی تەماتە بوو. هەرچۆنێك بوو مەنجەڵێکمان لەزیندانێکی تر خواست کە بەندییەکانی پێش ئێمە لەوێ بوون و خواردنەکەمان تیادا کوڵاند. پاشان سەموونەکەمان گوشییە ناو شۆربای دۆشاوی تەماتەکەوەو هەموو شلەکەی هەڵمژی. ڕاستیەکەی ئەمە وەك جەژن وابوو بۆ ئێمە*". بەهەرحاڵ، کاریگەریی ئەم بازاڕی ڕەشە، فرەی نەخایاندو تەنها بۆ خەڵکێکی کەم بوو کە بەختیان هەبوو پارەکانیان لە تۆپزاوا لێنەسەندرا. زیندانیەکان تا دەهات لەڕو لاواز دەبوون و بە دەگمەن دەیانتوانی کەڵك لەو ماوە کورتەی دوای نیوەڕوان وەربگرن کە دەکرانە دەرەوەو لە حەوشەی بەندیخانەدا تێکەڵ دەبوون. مردن هەر بەردەوام بوو و هەندێ لەو منداڵانەشی تێکەوت کە تازە لە دووبزەوە هێنرابوون بۆ نوگرە سەلمان. پاسەوانەکان نەیاندەهێشت مردووەکان بە ڕێزو حورمەتەوە بنێژرێن و گەلێ جاریش لەو جێگەیە لایان نەدەبردن کە تیایدا مردبوون تا ماوەی سێ ڕۆژ و پاش ئەوەی لەو گەرمای هاوینەدا بۆنیان دەکرد. ئەمە بە ئاشکرا سیاسەتێکی نەخشە بۆ کێشراو و بە ئەنقەست بوو. ئافرەتێك دەیگێڕایەوە کەوا "لە پاش چەند هەفتەیەکی کەم،

---

[39] دینارا مەبەست دینارەکەی جارانە کە سویسریی پێدەوترا ـ و. ) لە $1000$ فلس پێکدێت، $50$ فلس درهەمێکە و $20$ درهەم یەك دینارە.

** مام عبدالقادر لێرەدا تۆزێ نرخە ڕەسمیەکانی ئەو کاتەی لێتێکچووە، چوونکە یەك قوتوو دۆشاوی تەماتەی یەك کیلۆیی $9$ درهەم بوو (واتە $450$ فلس)، یەك گونیە شەکری $50$ کیلۆیی $10$ دینار بوو، یەك گونیە برنجی ئەمریکی $50$ کیلۆیی $12$ دینار بوو، یەك گونیە برنجی تایلاندی $50$ کیلۆیی $8$ دینار بوو ـ و.

* ئەگەرچی مام عبدالقادر ئەو جارەیان مەنجەڵی لە زیندانێکی تر خواستووە بەڵام ئەمە دەگمەن بووەو بە زۆریی بەندییەکان پاش ئەوەی خواردەمەنییان بەو نرخە گرانانە دەکڕی، کە لە پێشەوە باسکراون، کاسە کەل و قوتووە کۆنی دۆشاوی تەماتەیان بەکارهێناوە بۆ کوڵاندنی ئەو خواردنانەو ئاغزە جگەرەو لەتە سۆندەو مقەباو شتی وایان بەکارهێناوە بۆ ئەم (چێشت لێنانەیان). وەرگێڕ بە دووردرێژیی ئەم بەسەرهاتە تاڵ و سەختانەی نوگرە سەلمانی لە زاری چەند زیندانییەکی ئەو کاتەوە تۆمارکردووەو کاتی خۆیشی هەندێکیانی لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بلاوکردووەتەوەو دوو حاڵەتیشیانی خستووەتە سەر کاسێتی ڤیدیۆ ـ و.

www.dengekan.com

مێردەکەم لە باوەشمدا مرد، ئەو تا دەهات باریك و بنێس دەبوو و پاسەوانەکانی بەندیخانە زۆر بە خراپی دارکارییان کردبوو. لاشەکەی شەو و ڕۆژێك لە قاوشی بەندیخانەدا مایەوەو پاسەوانەکان نەیاندەهێشت بینێژن و زۆریان لێپارامەوە، بەلام گاردێك ڕێکوڕەوان وتی لاشەکە دەبێ لە زینداندا بمێنێتەوە تا دەگەنێ"[40].

لەدواییدا *ئەمن* ناوی مردووەکانیان دەنووسی و هەر پارەو شتێکی بەنرخیان پێبوایە دەیانبردو فەرمانیان دەدا بخرێنە گونیەوەو بە عەرەبانەی دەستیی دەگوێزرانەوە ، لەو جۆرانەی کە بۆ زبڵ فڕێدان بەکاردەهاتن. ئەم پارە دزینە بە تایبەتی ڕق و قینی عەبدولقادری وروژاندبوو:

"پیاوێك مرد, 400 دینار (1200 دۆلار)ی پێبوو. *ئەمنێك* هات و پارەکەی دەرهێناو ماچیکردو وتی ئەمە بۆ حوکوومەتە. من لە سەر ئەوە کەوتمە سەرزەنشت کردنی بەندییەکان و پێم وتن: "خۆ ئێوە ئاژەڵ نین! هەر شتێ لە مردووەکان بەجێبمێنێت هی ئێوەیەو مەیەڵن خەڵکیتر بیبات، بەکاریبێنن پێویستتان پێدەبێت". ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: "ئەی ئاخر ئێمە چیبکەین؟ دەترسین و ناوێرین هیچ بکەین"، منیش وتم: "لە ناو ئەم بینایەدا هیچ شتێکتان لە دەرەوە بۆ نایەو بێپارە ناژین, ئێوە دەبێ تەنها لە خوا بترسن و خواش سزای ئێوە نادا لە سەر ئەوە, دڵنیابن و من لەو دنیا شایەتیتان بۆ دەدەم". لەوەودوا ئیتر پەیڕەویی ئامۆژگاریەکانی منیان کردو تاقە دینارێك یان نیو دیناریان لە گیرفانی مردووەکاندا دەهێشتەوە بۆ گاردەکان. ئەوانیش دوو سێ جار هاتن و کە تەماشایان دەکرد هێندەیان پارە پێ نیە وازیان لە گیرفان گەڕان هێنا".

بەندیەکان هەوڵیان دەدا تەرمەکان بە پێی شەریعەتی ئیسلامی ئامادە بکەن بۆ ناشتن. یەکەمجار کە پارە هەبوو شۆفێری تەنکەرەکەیان ڕادەسپارد لە سەماوە کفنیان بۆ بکڕێت، بەلام کە پارە هاتە کەمی و نەما، کەوتنە بەکارهێنانی مێزەر (*جەمەدانی*) ی مردووەکان بۆ کفن کردن و هەندێ جاریش بەتانیی زیندانیەکیان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنا، کە ئەمەش کەم بوو و بە دەگمەن دەست دەکەوت. لە بەندیەکان، لانیکەم دوان و هەندێ جار چوار یان شەش پیاوی لاوازو لە برسا

---

[40] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ ئافرەتێکی خەڵکی گوندی قەلادا (ناحیەی نەوجوول)، کۆمەڵگای بنەسلاوە، 20 ی نیسانی 1992.

** دیسانەوە بە نرخی جارانی دینار- و.

بەهیلاکچوو کۆدەبوونەوەو لە ژێـر چـاودێریی گاردەکـانی بەنـدیخانـەدا تەرمەکـەیان دەبـرد بـۆ ناشـتن و بـەردەوام بـەدەم ڕێگـاوە ئـەم گاردانـە شـەقیان تێهەڵـدەدان و تێیانەوە دەژەندن بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە کارەکەداو هەموو کات بە دەم ناوونـاتۆرە لێنانەوە دەیانقیڕاند بە سەریاندا. "ئێـوە تێکـدەرن و شـایانی ئـەوەن کـە وەك سـەگ بتۆپن"، ئەمە شاتە شاتی یەك لە گاردەکان بووە.

ئەوان ماوەی دە دەقیقـە ڕێکردنـی بـە پەلـەو نەفـەس پـڕوکێن بـە نێـو بیابانـە وشکەکەدا دەیگەیاندنە لای شوێنی گۆڕەکان کـە چـەند سـەد یاردێـك لـە ڕۆژهـەڵاتی بەندیخانەکەوە بـوو. گۆڕەکـان بریتیبـوون لـە زنجیرەیـەك چـاڵی درێـژ درێـژ کـە بـە شۆفڵ هەڵکەندرابوون و لە مەترێك زیاتر قووڵ نـەبوون. لـەوێ هـیچ شـتێك نـەبوو بۆ نیشانەکردنی گۆڕەکان، لە بەر ئەوە ئازێتباران هەوڵیان دەدا هەرچۆنێك بووە بە چـەند خڕکـە بـەردێك شـوێنەکە دیـاری بکـەن. تەرمـەکان هـەروا بـە هەڕەمـەکی دەخرانـە نێـو گـۆڕەوەو خۆڵیـان بـە سـەردا دەدراو گاردەکـان بواریـان نـەدەدا نوێـژی مردوویان لە سەر بکـرێ*. کاتێـك سـی یـان چـل تـەرم ڕیـزە خەنـەکێکیان پڕدەکـرد بلـدۆزەر تـەختی دەکـردو هـیچ شـوێنەوارێکی نەدەهێشـتەوە و خەنـەکێکی تـری لێدەدا[41].

بۆ سبەینێ، کاتێ تاقمی ناشتنەکە دەگەڕانەوە تەماشایان دەکـرد دەسـتو قـاچی ونجڕونجڕکراو و پەڕۆو پاتاڵی خوێناوی لەو نـاوەدا کـەوتووە، تومـەز بـە شـەو گەلـە سـەگێکی کێـویی ئـەو بیابانـە گۆڕەکانیـان هەڵدەدایـەوەو لاشـەی مردووەکانیـان دەردەهێنـاو دەیـانخواردن، گاردەکـان لـەم سـەگانە تۆقیبـوون و بڕوایـان وابـوو کـە گۆشـتی بنیـادەم بخـۆن هـار دەبـن، لـە بـەر ئـەوە لـە هـەر کـوێ چـاویان بکردنایـە دەیانکوشتن. بەڵام کەم کەس لەوانەی لە نوگرە سەلمان مردن بە ئاسوودەیی سـەریان

---

* دیارە بێجگە لە نوێژی مردووش مەبەست ڕێوڕەسمی ئیسلامیی تەلقین دادانە ـ و.

[41] لێرە گاردە موسڵمانە شیعەکان ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارە دزێوانەیان نەدەنواندو شایەتەکان وا باسی شیعەکانیان دەکرد (تەنانەت بەو ئەفسەرە شیعانەشەوە کەوا فەرماندەیی هێزەکانیان دەکـرد لە ماوەی عەمەلیاتی ئەنفالدا) گوایە زۆر دڵنەرمییان بەرانبەر بە کورد پیشانداوە.

www.dengekan.com

نایەوە." بڕۆن ئەو تەرمانـە بنێـژن بـۆ سـەگەکان"، لێـرە گاردەکـان ئـا بـەم شـێوەیە تانووتیان لە زیندووەکان دەدا.

* * *

ئەو پیاوەی کـە سەرپەرشـتیی ئـەم *سیسـتەمە* دڕندەیـەی دەکـرد نـاوی حـەجاج بوو، کە بـە پێـی زۆر لـە بـاس و گێڕانـەوەکان مـولازمێکی *ئـەمن* بـووە[42]. حـەجاج کەسـێکی ترسـناکی قێـزەوەن بـووەو وەك شـایەتێك باسـی دەکـا "گـەنجێکی کەتـەی دەنگگـڕی کەچـەڵ" بـووەو لـە بارەگـای *ئـەمنی* بەغـداوە هـاتبوو, ئۆتـۆمبیلێکی فۆکسـواگۆنی سـووری بـەرازیلی لێـدەخوڕی*. جێگرەکەشـی پیاوێـك بـووە بـە نـاوی شـەمخی، مـامێکی مـولازم حـەجاجیش کـە نـاوی خەڵـەف بـووە یـەکێك بـووە لـە گاردەکان. حەجاج و دارودەستەکەی بەوە ناویان زڕابوو کە لـە سـەر ساکارترین هۆ، یـان هـەر بـە بـێ هۆ لەزیندانیـەکانیان دەدا. پیاوێـك کـەوا تەمـەنی لـە دەوروبـەری شەسـت سـاڵدا بـووە لـە سـەر ئـەوەی داوای گڵۆپێکی کـردووە فەلاقـەکراوەو گاردێك لاقرتـێ پێکـردووەو پێـی وتـووە: "بـڕۆ لای تاڵـەبانی (واتـە جـەلال تاڵـەبانیی سـەرکردەی PUK) گڵۆپ بێنـە"[43]. بەندییـەکی تـر، کـە برسـێتی بێهێـزو لاوازی کردبوو، ڕۆژێکیـان لـە زیندانەکەیـدا خـەوی لێکەوتووەو لـەو کاتـەدا حـەجاج خـۆی کردووە بە ژووردا. ئەم پیاوە دەگێڕێتەوە کەوا "یەکڕاست دامیە بەر زللەو پێی وتم نابێ لە حـوزووری منـدا قـەت بخـەوی. پاشـان بـە زۆر لـەو شـوێنەدا داینیشـاندم کـە

---

[42] شایەتێك گومانی لەمە دەربڕی و لای وابوو مولازم حەجاج ( زیاتر پێدەچێت ناوی عەجاج بووبێت ـ و) ئەفسەرێکی سوپا بووە، هەمان شایەت وای دەردەبڕی کە "سەرۆکی بەندیخانە" پیاوێك بـووە بە ناوی سەعید حەمە، بەڵام نەیدەزانی سەر بە چ دەزگایەکە. [ تێبینی:ئەم ناوە دەشـوبهێتە نـاوی سەعید حەممۆ، کە سەردەمێك فەرماندەیەکی ناودار بووە لە سوپای عێراقدا. ڕەنگـە خـەیاڵی ئـەم شایەتە زیاتر بە لای ئەم ناوە ناسراوەدا چووبێت و مەسەلەکەی لێتێکچووبێت، دەنـا لـە کەسـی تـر نەبیستراوە ناوێکی وا "سەرۆکی بەندیخانەی نوگرە سەلمان بووبێـت"ــ وەرگێـڕ]. لـە دەسنیشـان کردنی کەسانی سەر بە دەزگـا حوکوومەتیەکانـدا جـۆرە گۆترەکـاریو تێکـەڵبوونێك هەیـە لـە لای شایەتەکان بە هۆی لێکچوونی جلوبەرگیانەوە. چ لە نوگرە سەلمان، تۆپزاوا یان ئـەو شـوێنانەی لـە سەرەتادا تیایاندا کۆکرانەوە، شایەتەکان بە شێوەی جۆراوجۆر یاساوڵ و وەردیانەکانیان دەگێڕنـەوە بۆ *ئەمن*، *ئیستیخبارات*، سوپای نیزامی یان پۆلیس.

* ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلە لە کوردستانی عێراقدا تەنها "بەرازیلی"ی پێدەوترێ ـ و.

[43] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.

پاشماوەو خۆڵ و پیسیی تێدا ڕۆکرابوو"[44]. لێرە تەمەن و ئەمە ژنەو ئەوە پیاوە یان منداڵە هیچ دادێکی نەدەدا. ڕۆژێکیان هەر حەجاج خۆی لە گاردێکی دەپرسی: "باشە ئەم منداڵە *پێشمەرگەیە*؟"، "ئەی ئەم ئافرەتە؟" گاردەکەش لە وەڵامدا دەیوت: "بەڵێ هەموویان *پێشمەرگەن* و هەر هەموویشیان تاوانباران". لە بۆنەیەکی تردا عەبدولقادر عبداللە عەسکەری حەجاجی بینیبوو تاقمێ ئافرەتی گەنجی دابووە بەر شەق و تێهەڵدان و بە سۆندەی پلاستیکیش هاتبووە وێزەیان، ئەم ئافرەتانە تازە لە دووبزەوە گەیشتبوون[45].

هەروەها حەجاج بەندیەکانی بەوە سزادەدا کە لە سەر سك خۆبخشێنن، ئەگەر بە دڵیشی نەبوایە ئەوە گاردێکی دەناردو بە پێلەقە دەچووە سەر باریکیی پشتی زیندانیەکەو بە زۆر نەویی دەکرد، بەڵام ئەو سزایەی کە حەجاج زۆر کەیفی پێدەهات، بە پێی گەلێ باس و گێڕانەوە، ئەوەبوو کە بەندیەکانی دەخستە بەر خۆرەتاوی قرچەی گەرمای نیوەڕۆ. پیاو و ژن و منداڵ وەك یەك ئەم ڕەفتارەیان لە گەڵ دەکرا، تەنانەت ئەگەر زۆر بێهێزو لاوازیش بوونایەو نەیانتوانیایە بە پێ بڕۆن دەبوو ڕابکێشرێنە ئەو جێگەیە. بەندیەکان بە زۆر دەبوو لە سەر چیچکان دابنیشتنایەو ماوەی دوو سەعات سەریان شۆڕبکردایەتەوە، هەر جووڵەیەکیش سزای لێدان و فەلاقەکردن بوو. بێجگە لەم ڕۆتینکاریەش فرە جار بەندیی لە بەر خۆر بە کۆڵەکەیەکی ئاسنەوە دەبەسترا. نۆ دانە لەم کۆڵەکانە لەزەویە کۆنکرێتیەکەی ناوەڕاستی حەوشەکەی نوگرە سەلماندا چەقێنرابوو، کە هەریەکەیان لە باڵای

---

[44] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

[45] دەنگوباسێکی زۆر ترسناك هەیە کەوا لە بارەی کۆمەڵێکی گەورەی کچە عازەبەوە دەدوێ گوایە بەجیا لە بەندییەکانی تر دایانناون و بەردەوام *ئەمنەکان* دەستدرێژییان کردوونەتە سەر، هەروەها باسی ئەوەش هەیە کە یەکێك لەم ئافرەتانە لە ئەنجامی ئەم کارەدا خۆی بە چەقۆیەك کوشتووە. دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتی بەندکراو لە عێراقدا لە هەموو شوێنێ زیاتر بەڵگەی بەدەستەوەبووی هەیەو تەنانەت وا زانراوە کە لە سەر کاسێتی ڤیدیۆش تۆمار کرابێت. ڕاستێکەی میدڵ ئیست ووچ نەیتوانیوە قسە لە گەڵ هیچ شایەتێك یان قوربانییەکی لەو جۆرەی نوگرە سەلمان بکات، کەوا دەستدرێژیی نامووسیان کرابێتە سەر. شیاوی باسە کورد حەز ناکەن لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە بۆ خەڵکی غەیرە بدوێن.

www.dengekan.com

زەلامێـك درێـژترو لـە سـتوونێکی کارەبـا ئەسـتوورتر بـوو[46]. هەنـدێك زینـدانی سـەرەوخوار بـەم کۆڵەکانـەدا هەڵدەواسـران و بـە پشـتێنە کوردیـەکانیان قاچـیان دەبەستنەوەو دەستیشیان بە نەبەستراوی بە ئاستەم دەگەیشتە زەویەکە. گیراوەکانی نوگرە سەلمان دەبوو بە ناچاری خۆڕاگرن لە ژێر دەستی مـولازم حـەجاجی درنـدەدا تا شەشی ئەیلوول، کاتێ کە لێبووردنی گشتیی سەرفرازی کردن بەڵام ڕێگەی نـەدان بچنەوە بۆ شوێن و ڕێی خۆیان.

# بەشی نۆهەم

# تیمەکانی گـوللـەبـارانکـردن

*"دۆزەخ و بەهەشـت جمـەیان دێ لـەگیانی ئەو پیاوانەی*
*لـە مەیدانــە جۆراوجۆرەکــانی شــەڕەوە ناردوومن*
*بـۆ ئـەوەی ناوبـانگم بـڕوات لـە دۆزەخـەوە بەرەو ئاسمان و بەهەشت".*
*ـ مارلۆ، تەیموورلەنگی مەزن.*
*"ئەوە خواستی خوای لە سەر بوو".*
*ـ مستەفا، ئەو کەسەی کە*

[46] ئـەم باسوخواسـە زیـاتر بـە لای ئـەوەدا دەیشـکێنێتەوە کـە مەبەسـتی ئاسـایی لـەم کۆڵەکانـە بەکارهێنانیان بێت لە لایەن تیمەکانی گوللـەباران کردنـەوە. ئـەو ڤیـدیۆ کاسـێتانەی کـە دەسـتیان بەسەردا گیراوەو دەربارەی گوللەباران کردنی بەندکراوی کوردن بە ئاشکرا لەو جۆرە کۆڵەکانـەیان تێدایە کە زیندانیەکانیان پێوە بەستراوە.

# بـــــــەسەرهـــاتی مـــحەمـــــــەد*

لـە كۆمەڵكوژيــەكانی ئەنفالــدا لايكەمەكــەی شــەش كــەس دەربــازبوون، كــە منداڵترينيان كوڕێكی دوانزە ساڵ و گەورەكەيان پياوێكی تەمەن سیو هەشت ساڵ و خـاوەنی نـۆ سـەر خێـزان بـوو، بۆئـەوەی ئـەو ڕاسـتييە بگێڕنـەوە كـە دەيـان هـەزار كوردی عێراق گيرۆدەی هاتن، ئەوانەی كە بەكاروانی ئۆتـۆمبيلی داخـراو لـە كـەمپی سوپای ميللی تۆپزاواوە ڕاپێچكران. ئەمانە هەر شەشيان خەڵكی ناوچـەی گـەرميانی قۆناخی ئەنفالی سێهەم بوون.

محەمـەد، كـە تەمـەنی 32 سـاڵ بـوو, *پێشـمەرگەی* هێـزی پشـتگيریو خـەڵكی گوندی عەليانی تـازە بـوو لـە گـەرميانی باشـوور. لـە دەوروبـەری 16 ی نيسـاندا لـە گەڵ خێزانەكەيدا بردنيانە قەڵای سەربازيی قۆرەتوو (بڕوانە پێشـەوە لاپـەڕە 207 - 209). لەوێ سێ ڕۆژ مانەوەو پاشان ڕەوانەی تۆپزاوا كران و لێرە محەمەد لە دوو ژنەكـەیو حـەوت منـداڵی جياكرايـەوە. هيچـكام لـە خێزانەكـەی بـە زينـدوويی نەگەڕانەوە، باوك و دايكی لێبـڕازێ كـە لـە نـوگرە سـەلمانەوە بـەربوون[1]. محەمـەد دوو ڕۆژ لـە تـۆپزاوا مايـەوە، بێئـەوەی نـە پرسـياری لێبكـەن و نـە هـيچ شتێكيشـی بدەنێ بيخوات. ڕۆژی سێهەم گاردەكان دێنە"قاوشەكەی" كەوا نزيكەی 500 گيراوی تێـدابوو, جـووت جـووت دەسـتی پياوەكانيـان بـە يەكـەوە بەسـت و بردنيـان بـۆ لای

---

* ناوی ڕاستەقينەی ئەم پياوە حەمەعەلی بوو, لە زستانی 1994دا لە شەڕێكی نـاوخۆی كوردسـتانی عێراقدا, لە كەلار, تێداچوو ـ و.

[1] ئەم بەسەرهاتەی محەمەد بابەتێكیچاوپێكەوتنی ميـدڵ ئيسـت ووچ بـوو لـە گەڵيـدا لـە شـوێن گوندەكەی عەليانی تازەدا، 30 مارتی 1993.

www.dengekan.com

ڕیزێك ئۆتۆمبیلی بەڵەك ڕەنگ. محەمەد كورسیەكانی ژماردبوو, هەر ئۆتۆمبیلێك بیستو هەشت كەسی دەگرت. دواینیوەڕۆیەكی كاروانەكە كەوتەڕێو ماوەی نزیكەی شەش سەعات بردنیان، بەڵام محەمەد لای لێتێكچووبوو و نەیدەزانی بەرەو كوێ دەچن، تەنها ئەوەی دەزانی كە زۆربەی كاتی بەڕێوەبوونیان لە سەر ڕێگای قیر بووەو لە دوا كاتژمێریشدا كەوتونەتە سەر ڕێگەیەكی خۆڵی پڕ چاڵو چۆڵی.

دواجار, كە كاروانەكە وەستا شۆفێرەكەی نەیكوژاندەوەو محەمەد لە گەڵ هاڕەهاڕی مەكینەی ئۆتۆمبیلەكەدا لە دەرەوە گوێی لە تەقە بوو. بەندیەكان لە تاریكیدا خێرا بە پاڵ كرانە دەرەوەو باخەڵیان گەڕان بۆ هەر ناسنامەو پارەیەك كە پێشتر نەدۆزرابێتەوە لایان و محەمەد 700 دیناری پێبوو لێیانسەند. كاتێ پشكنین تەواوبوو گاردەكان كەلەپچەی محەمەدو هاوەڵەكەیان كردەوە، كە پیاوێكی خەڵكی باوەكر بوو لە نزیك عەلیانی تازەوە. ئەوجا گاردەكان لەجێی كەلەپچە پەتێكی درێژیان هێناو بە یەك ڕیز دەستی چەپی هەر بیستو هەشت بەندییەكەیان پێبەستەوە. پاشان فەرمانیان پێدان ڕوو لە لێوار خەنەكێكی تازە هەڵكەندراو بوەستن. خەنەكەكە ڕێك بەشی بیستوهەشت لاشەی دەكرد كاتێ كە بكەونە ناوی. گرێ پەتەكەی دەستی چەپی محەمەد شلوشاو پێچرابوو و توانی لە مەچەكی خۆی بكاتەوەو چاوتروكانێك پێش ئەوەی سەربازەكان دەست بكەنەوە ئەم ڕایكرد، دەشتێكی پانوبەرین لە پشتی چاڵەكەوە بوو, گیای بەهاریش هێند بەرزبووبوو كەوا محەمەد لە ڕووناكیی لایتی ئۆتۆمبیلەكە بشارێتەوە، كە لەو كاتەدا ڕوویكردبووە ئەو لایەی ئەم ڕایكردبوو بۆی. زۆر سەیربوو گاردەكان شوێنی نەكەوتن و لە دوایەوە هاڕەی دەسرێژی گوللە هەر بەردەوام بوو. محەمەد بە دەم ڕاكردن و ڕێكردنەوە چوار ڕۆژ بە ڕێگەوە بوو بێهیچ خواردنێك و ئاویشی لە گۆلی بارانەو دەخواردەوەو لەو ماوەیەدا بە خۆر ڕێگەی خۆی دەردەكردو بە سەر دەشتێكی فراواندا كە بە گەنمو جۆ داچێنرابوو بە بۆچوونی خۆی بەرەو گەرمیان دەچێت، ئەو بە پێی جلوبەرگی ئەو شوانانەی لە دوورەوە بەدیدەكردن زانی كەوا هێشتا لە ناوچەی عەرەبنشیندایە، دوایی لە پاش چوار شەو و چوار ڕۆژ ڕێكردن چیتر لە توانایدا نەما یەك هەنگاویتر هەڵبێنێتەوەو هەرچۆنێك بوو بە لارەلار خۆی كرد بە گوندێكی عەرەبنشیندا، خەڵكی گوند لێی كۆبوونەوەو تەماشایان

دەكـردو لێـی ورد دەبوونــەوەو دەیـانوت: "سـەیركەن ئەمـە كوردێكـەو لـە فڕۆكـە بەربووەتەوە".

پاشماوەی بەسەرهاتەكەی محەمەد هێند دوورودرێژە لێرەدا لە گێڕانەوە نایەت، لەو گونـدەدا لـە لایـەن عەرەبەكانـەوە گیراوەو فەلاقـەكراوەو پاشـان دراوەتـە دەسـت پـۆلیس و لێپرسـینەوەی لـە گـەڵ كـراوە، ئـەوجا بـراوە بـۆ مووسـڵ و جـارێكیتر لـە زینـدان نـراوەو لـەوێوە بـراوە بـۆ پۆلیسـی كـەركووك و پاشـان سـلێمانیو كـەلارو جارێكیتر گەڕاندوویانەتەوە بۆ سلێمانیو ئەنجام بەر لێبووردن كەوتووەو بـراوە بـۆ سـەربازی. لـە هەمووشـی سـەیرتر ئـەوەبوو كـە پـۆلیس باوەڕیـان بـە چـیرۆكەكەی هێنابوو، كە هەرگیز نەیگۆڕیبوو، گوایە *جاشـی* فـەتاح بـەگی *موستەشـارەكەی* كـەلار بووە. پۆلیسی ئاسایی عێراقیش كە بێگومان هیچ زانیاریەكیان لە سەر كۆمـەڵكوژیی ئـەنفال نـەبوو، هـەر ئاگاشـیان لـەوە نـەبوو كـەوا مامەڵـە لـە گـەڵ ئەنفالكراوێكـدا دەكـەن. ئەڵبەتـە *ئـەمنیش* كـە مەسـەلەكەی زۆر بـە تونـدی گرتبـوو هـەرگیز بـە كێشەكەی محەمەدیان نەزانیبوو، بـە ڕاسـتی ئـەم پیـاوە بـەهرەو زیرەكییـەكی باشـی هەبووە بۆ مانەوە.

* * *

## عـــــوزێر، عـــــومەر، ئیبراهـــیم

بە ڕێكەوت چوار لەو پێنج كەسەی تـر كـە لـە دەسـت كۆمەڵكوژیەكـەی ئـەنفال دەرچوون پێكـەوە لـە كاروانێكـدا برابـوون بـۆ شـوێنی ئیعدامكردنەكـەیان، تەنانـەت سـیانیان لـە ئۆتۆمبیلێكـدا بـوون، ئەگەرچـی یـەكێك لـەو سـیانە دوانەكـەی تـری نەدەناسیو تا ئەو كاتە نەیدیبوون. بـەم پێیـە دەكـرێ بەسـەرهاتی جیاجیایـان لێـك گرێبدەین و بە دوورودرێژییەكی بەرچاو بنیاتی بنێینەوە.

عوزێر ئەو کوڕە گەنجەی کە لە دوا شەوی تۆپزاوایدا لە سەرما هەڵدەلەرزی‌و گوێی لە گوڕوهووڕی مەکینەی پاس ڕایەڵ کردبوو, لە گۆلاوی چەوری‌و دیزڵ و خوێنی تازەی سەر چیمەنتۆکە ڕامابوو، عوزێر لەو کاتەی ئەنفالدا تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵ بوو، کرێکارێکی سەلتی بینابوو. زۆر ڕووداوی لە جەنگی دژ بە ئێراندا بینیبوو و چەندین جار لە سوپای عێراق هەڵاتبوو. لە دووریی دە میلێك کەمتر لە تۆپزاواوە, لە گوندی تەرجیلی سەر ڕێگای سەرەکیی نێوان کەرکووك و ناحیەی لەیلان لەدایکبووە. لەو دەوروبەرەدا زۆر شوێنی گوستبۆوە پێش ئەوەی لە جافانی ئەو نزیکانە نیشتەجێ بێت، کە گوندێکی بچووکی حەڤدە ماڵی بوو. لەوێ مایەوە تا نیسانی 1987 کە سوپا هێرشی بردە سەر ئەو گوندەو سووتاندی. پاشان عوزێر چوو بۆ خدر ڕەیحان، کە گوندێکی بێدەنگ و سەنگ بوو, ماوەی دوو سەعات‌و نیوێك بە پێیان لە ناحیەی قادرکەرەمەوە دووربوو و جێگەی گەلێ سەربازی موتەخەلیف و هەڵاتووی کردبۆوە.

عوزێریش، وەك زۆربەی خەڵك پەنای بردە بەر هەردەکان کاتێ کە لە دەوروبەری 10 ی نیساندا ئەنفالی سێیان گەیشتێ. کاتێکیش گوێبیستی واتەواتی لێبووردنە کاتییەکەی قادرکەرەم بوون ، یەکێك بوو لەو هەزاران کەسەی کەوا خۆیان دا بەدەست ئەو هێزەی *جاشەوە* کەوا قاسم ئاغای یەکەڵە چاوی کۆیە فەرمانـدەیی دەکـرد. لە میانەی چەند ڕۆژێکی دوای ئەوەدا عوزێر بە بنکەی پۆلیسی قادرکەرەم و بارەگای لیوای سوپا لە چەمچەماڵدا تێپەڕی. ئەو ئۆتۆمبیلەی ئەمی گواستەوە بۆ ئۆفیسی ئەمنی ناوچەکە یەکێك بوو لەو کاروانەی کەوتە ناو هەراکەی خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵەوە، بەڵام عوزێر نەیتوانی دەربازبێت و دواجار لە 14 ی نیساندا گەیشتە تۆپزاوا.

لەم قۆناخەدا, عوزێر دەگاتە ناسیارێکی، ئەوەی کە ئێمە لەمەودوا بە عومەری ناودەبەین، موتەخەلیفێکی تەمەن بیست‌ودوو ساڵ بوو, ئەویش ساڵێك لەوەوپێش لە جافان ڕایکردبوو و لە خدر ڕەیحان گیرسابۆوە. کاتێ ئەنفال دەستی پێکرد عومەر هەڵاتبووە ناو هەردەو دوو ڕۆژ دوای تەسلیمبوونەوەی عوزێر ئەمیش خۆی دابوو بەدەست پیاوەکانی قاسم ئاغاوە. ئەوجا لە چەمچەماڵەوە پێکەوە بردبوونیان بۆ تۆپزاواو لەوێ زۆربەی هاوزیندانەکانیان خەڵکی نەناس بوون، بەڵام دوو کەسیان

لە چارەیان نووسرابوو ببنە هاوڕێی عوزێرو عومەر لەو سەفەرەدا کە نیاز وابوو ببێتە دوا سەفەریان.

ئەوانیش هەردوکیان نەچووبوون بۆ سەربازیو لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگەدا* بوون لە ناحیەی قادرکەرەم. گەورەکەیان "مستەفا" تەمەنی 38 ساڵ بوو و دانیشتووی گوندی تۆپخانە بوو، ئەویتر "ئیبراهیم" تەمەنی 23 ساڵ بوو و باوکی چوار منداڵ بوو، خەڵکی گوندی کانی قادری خواروو بوو. هیچکام لەم دوو پیاوە *پێشمەرگەی* کارا نەبوون، بەڵام ئیبراهیم وەك ئەندامێکی "*هێزی پشتگیریی*" میللی چەکێکی کلاشینکۆفی ئێرانیی* پێبوو، هەروەها هاوەڵ و خزمی زۆربەی ئەو *پێشمەرگانە* بوو کە لە هێرشە خوێناویەکەی سوپادا بۆ سەر بنکەی PUK لە تازەشار کوژران، لەکاتی دەستپێکردنی پەلاماری ئەنفالی سێدا. مستەفاو ئیبراهیمیش وەك عوزێرو عومەر بەو لێبووردنە سێ ڕۆژییە ساختەیەی لە قادرکەرەمدا بڵاوبووەوە فریویان خوارد. مستەفا خۆی بە *جاشەکانی* شێخ موعتەسەم ناساندو ئیبراهیم خۆی دا بەدەست هێزەکەی ڕەفعەت گلیی *موستەشارەوەو* هەردوکیان بە قۆناخی یەکەمی کۆکردنەوەو تاوتوێکردنی ئەلیاوادا تێپەڕین.

شایەتیی ئەم چوار کەسە لە وردەکاریی ڕۆژو بەرواردا کەمێ جیاوازییان هەیە، بەڵام لە کاتێکی نێوان 15 و 17 ی نیساندا (یەکەم ڕۆژی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان)، لە دەوروبەری کاتژمێر هەشتی بەیانیدا ئەمان و سەدان کەسی تر پێکەوە دەرکراونەتە حەوشەی بەندیخانە لە تۆپزاوا. کاروانێك ئۆتۆمبیلی داخراو ئامادەکرابوو بە چاودێریی گاردو سەرباز چاوەڕێی دەکردن. ئەم ئۆتۆمبیلانە دوو جۆر بوون، هەندێکیان (کە بەپێی باسکردنێك هەژدە دانە بوون) پاسی بێپەنجەرەی پۆلیس بوون و ڕەنگیان سپی یان سەوز بووە، عوزێرو ئیبراهیمو عومەر ڕاپێچی یەکێك لەم ئۆتۆمبیلانە کراون.

---

* کلاشینکۆف، هەرچەندە چەکێکی سووکی لە بنەڕەتدا ڕووسییە، بەڵام زۆر وڵات ئیمتیازی دروستکردنی ئەو چەکەیان هەیەو لەم حاڵەتەدا چەکەکە ناوی ئەو وڵاتەی پێوە دەلکێ وەك کلاشینکۆفی چینی و کووبی و ئێرانی و تاد ـ و.

www.dengekan.com

عوزێر بۆی ڕەخساوە سەرنجی ئەوە بدات کە تۆماری مووسڵەو لە سەر پلێتی ڕوخسەتی هاتوچۆکەشی "پۆلیسی نەینەوا" ی خوێندووەتەوەو ژمارەکەشی 5036 یان 5037 بووە. مستەفا بە جۆری دووەمی ئۆتۆمبیلەکان ڕۆیشتووە کە لە ئەمبولانسێکی گەورە یان بارهەڵگرێکی داپۆشراو چووە، پاسەکانی پۆلیس کە بچووکتر بوون هەریەکە سی‌و چوار یان سی‌و پێنج کەسی گرتووەو لە هەر لایەکەوە دوو ڕیزە تەختە بە شانی یەکترەوە ڕوویان لە پێشەوە کردبوو و ڕاڕەوێکیش لە ناوەڕاستیانەوە بوو. ئۆتۆمبیلەکەی مستەفاش پەنجا تا شەست بەندیی دەگرت کە لە سەر چوار تەختە دادەنیشتن و بە پانی‌و درێژیی ئۆتۆمبیلەکە چەسپکرابوو. پاشان دەرکەوت کە بەندییەکان بە پێی شوێن و نیشیەجێیان جیاکراونەتەوە، عوزێر بە دەموچاو فرە کەسی ناوچەی لەیلان ـ قادرکەرەمی ناسیبۆوە، وەك خەڵکی گوندەکانی خدربەگ و قەشقەو قەرەچێوار، هەروەها دوو کەسی تریشی ناسیبۆوە لە خدر ڕەیحانی گوندەکەی خۆی. ئیبراهیم دەگێڕێتەوە کەوا گشت ئەوانەی لە پاسەکەدا بوون گەنج بوون و تەمەنیان بیست بۆ چل ساڵ دەبوو، بەڵام عوزێر لەو باوەڕەدایە کە هەندێ پیاو تەمەنیان لەوە زیاتر بووەو "ڕیشیان سپی بووە".

ناو پاسەکان دۆزەخێك بووە بۆ خۆی، ئەو پاسەی عوزێرو ئیبراهیم و مستەفا سواری بوون بە میزو پیسایی بنیادەم سواغدرابوو، سەرنشینەکانی پێشووی لە پشتی تەختەکانەوە بە کوردی پەیامی کورت کورتیان نووسیبوو: "بۆ سنووری سعودیە .. بۆ سنووری کوێت .. بۆ عەرعەر"[2]. لەم جۆرە پاسانەدا شوێنی بەندیەکان بە دەرگایەکی قوفڵدراو، لە شوێنی تایبەتی شۆفێرەکە جیاکرابۆوە. شۆفێرەکە خۆی لە دەرگایەکی جیاوازی لای ڕاستی پاسەکەوە سەردەکەوت و سەربازێکی پاسەوان بە تفەنگێکی کلاشینکۆفی بێقۆناخەوە چووبووە تەنیشتی‌و بەرگی هێزی تایبەتیی سوپا (*قوات خاصە*) ی پۆشیبوو ـ بەڵەك بەڵەکی زەردو

---

[2] عەرعەر، شوێنێکی سەر سنووری عێراق ـ سعوودیەیەو وێستگەیەکی سەر ڕێگای حاجیانە بۆ مەککە، زۆر لە شایەتەکان ناوی ئەم جێگایە دێنن بۆ بەندکردن و بەکۆمەڵ کوشتن لە ماوەی ئەنفالدا، بۆ نموونە گاردێك لە نوگرە سەلمان بە یەکێك لە بەساڵداچوانی وتووە کەوا کوردە ئەنفالکراوەکان لەوێ بەندن.

قاوەیی بە پەڵەی سەوزەوە, لە گەڵ بێریی سوورو نیشانەی ئاڵتوونیی باڵندەیەك کە باڵەکانی کردووەتەوەو لە دۆخی پەلاماردانی نێچیردایە.

لە ناو ئەو دەرگایەی شوێنی شۆفێرەکەو سەرنشینانی جیاکردبۆوە دەلاقەیەکی تۆڕئاسا هەبوو نزیکەی شەش ئینجی چوار گۆشە دەبوو, ئەو بەندییانەی لە پێشەوە بوون لەوێوە دەیانتوانی ڕێگاکە ببینن و لە ئاوێنەی سەر شۆفێریشەوە دواوە ببینن. بە مەزەندەی عوزێر پاسەکەی ئەمان سی‌و پێنجەمین ئۆتۆمبیل بووە لە کاروانەکەدا[3]. هەروەها سەرنجی ئەوەشی دابوو کەوا پیکابی لەو جۆرانەی کە *ئەمن* بەکاریدەهێنن پاش‌و پێشی هەر پاسێکیان گرتبوو, هەریەکەشیان ڕەشاشێکی لەسەر دامەزرابوو. پیاوێك لە لای پێشەوەی پاسەکەوە دانیشتبوو ناوی ئەنوەر تەیار بوو، تەیار پیاوێکی ڕەشتاڵەی چوارشانەو *پێشمەرگەیەکی* کۆن بوو، هەروەها کاری شۆفێریشی کردبوو و ڕێگاوبانەکان چاك شارەزابوو. لەو سۆنگەیەوە هاوەڵە بەندیەکانی داوایان لێکرد هەرچۆنێك بووە سەیرێکی دەرەوە بکات و بزانێ ڕوویان لەکوێیە، تەیار بە دزییەوە لە دەلاقەی بەینەکەوە تەماشایەکی کردو یەکەمجار وایبۆچوو کە ڕێگای مووسڵیان گرتووە، بۆیە هەموو بەجارێ تۆقین و هەناسەیان لە بەر بڕا، چوونکە وەك ئیبراهیم دەیگێڕایەوە "زۆربەی پیاوکوژانی حوکوومەت لە مووسڵن[4]" و بەندیەکان قەناعەتیان بەوە هێنا کە بۆ مردنیان دەبەن.

فرەی پێنەچوو پاسەکە لە ڕێگای مووسڵ لایداو ڕووی لە باشووری ڕۆژاوا کرد. ئەنوەر تەیار ئاهێکی خۆشیی پێداهات و وتی: "مژدە ڕزگارمان بوو"، ڕەنگە خەڵکەکە وایان لێکدابێتەوە کەوا بۆ بەندیخانەیەکی تریان دەبەن، بەڵام پاسەکان هەر دەڕۆیشتن و ناوبەناو تۆزێك دەوەستان، لەو وەستانانەدا خەڵکەکە کەوتبوونە

---

[3] دیسانەوە کەمێك جیاوازی هەیە لە خەمڵ و بۆچوونی شایەتەکاندا بۆ قەبارەی کاروانەکە، بەڵام ژمارە جۆراوجۆرەکانی دراونەتە میدڵ ئیست ووچ وا دەگەیەنن کە کاروانەکە لە نێوان (1000 تا 1500) بەندیی گرتووەتە خۆ.

[4] ئاماژە بۆکردنێکی ئاشکرای ڕێژەی بەرزی خەڵکی مووسڵە لە گاردی کۆماریدا. (بێجگە لەوەش ڕژێمی عێراق بە زۆری نەیارانی کوردی ڕەوانەی بەندیخانەکانی مووسڵ دەکردو لەوێ ئیعدام دەکران ـ و).

پاڕانەوەو دەستەودامێنی گاردە *قوات خاصەکە* دەبوون ئاویان فریابخات. کابراش لە وەڵامدا دەیوت: "ڕاوەستن کەمێکی تر" و ئاو هەر نەگەیشت. لە تاو گەرمیو نەبوونی هەواگۆڕکێو بۆنی پیس لەو پاسەدا کە مستەفای تێدابوو بەندیەکان ناچاربوون میزی خۆیان بکەنە پێڵاوەکانیانەوەو بیخۆنەوە.

کە وەخت لە دوای نیوەڕۆ لایدا ئەنوەر تەیار کەوتە ئەوەی ئیتر خۆی پێنەگیرێو لە شوێنێکدا هاواری کرد "سەماوەیە!". بەڵام لەدواییدا بەندییەکی تر ئەو شارۆچکە گەورەیەی سەر ڕووباری فوراتی ناسییەوەو فەلووجە بوو. هەرکە لە فەلووجە دەرچووبوون عوزێر تێبینی ئەوەی کردبوو کاروانەکە دەبێ بە دوو بەشەوە، زۆربەی ئۆتۆمبیلەکان بە لایەکی تردا ڕۆیشتن، پێنج دانەشیان کە پاسەکەی عوزێرو ئۆتۆمبیلە سەوزە گەورەکەی مستەفای تێدابوو لەوانە بوون و بەرەو ڕۆژئاوا ملیان نا ڕووەو ئەو شوێنەی خۆر نزیکە ئاوابوون بوو تێیدا. هێندەی نەبرد شاری گەورەی ڕەمادییان تێپەڕاندو کەوتە لای چەپیانەوە، لە پاش ڕەمادی نزیکەی چارەکێ، نیو سەعاتێ ڕێیانکردو ئەوجا بە لای ڕاستدا بایاندایەوە بۆ پەڕینەوە لە پردێك کەوا پاسەوانییەکی توندوتۆڵی لێدەکراو بە سەر ڕووبارێکەوە بوو کە پێدەچوو هەمدیسان فورات بێت. ئەوجا لەودیوی پردەکەوە ئۆتۆمبیلەکان وەستان، ئەو دەمە کاتژمێر شەشو نیوی ئێوارە بوو و لە تۆپزاواوە تا ئەوێ دە سەعاتیان پێچووبوو. بەندییەکان لە دەلاقەی بەینەکەوە تەماشایان کرد لە لای پۆلیسخانەیەکداو لە ژێر کۆمەڵێك دارخورمادا وەستاون و گوێیان شلکرد بۆ گفتوگۆیەکی نێوان یەکێك لە گاردەکانیان و ئەفسەرێکی پۆلیسی مەرکەزەکە. ئەفسەرەکە هەرچەندە بە "گەورەم" بانگدەکرا بەڵام بەرگە نیزامیەکەی هیچ نیشانەیەکی پلە و پایەی پێوە دیارنەبوو. لێرەدا دەرکەوت کە گاردەکە دەیەوێ بەندیەکان بخاتە ئەستۆی ئەفسەرەکەو لیستێکی ناوەکانی دایەو پێیڕاگەیاند کە ئۆتۆمبیلەکان لای پۆلیس دەمێننەوە "تا کارەکە تەواو دەبێت" و ئەو کاتە پێویستە بگەڕێنەوە.

لێرە شۆفێرەکان و گاردەکانی هێزی تایبەت دابەزینە خوارەوە، ئەوانی جێیان گرتنەوە بەرگ سەوز بوون و بێریی ڕەشیان لە سەردابوو، ئەو جلە یونیفۆرمە خاسیەتی تایبەتی جلی *ئەمن* و بەعسیەکان و هەروەها هی پۆلیسی نیزامیی عێراقیش بوو. پاشان ئەفسەرەکەو ئەوانیتریش خۆیان هەڵدایە نێو دوو

لاندکروزەرەوەو دوو بلدۆزەریشیان کەوتە تەك. بلدۆزەرەکان پێشکەوتن و کاروانە تازە نۆ ئۆتۆمبیلەکەش بەرەو ڕۆژئاوا بەسەر ڕێگایەکی قیری پڕ لە چاڵوچۆڵیو بە لێواری فوراتدا بەڕێکەوتن، لە بەر تیشکی زەردەپەڕدا سێبەری دارخورماکان لای ڕاستی ڕێگاکەیان تەنیبوو. یەکێك لە گیراوەکانی ناو پاسەکەی عوزێر زۆر لاوازو بێهێز بوو, بەندییەکی تر کەوا کەمێ عەرەبیی دەزانی داوای تۆزێ ئاوی لە شۆفێرەکە بۆ کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: "لێگەڕێن بابمرێ، ئێوە هەموو پیاوی جەلال تاڵەبانین".

پاش نیو سەعاتە ڕێ کاروانەکە بە لای ڕاستدا بایدایەوە سەر ڕێگایەکی خۆڵ و بەندیەکانیش کەوا لە دەلاقەی بەینەکەوە تەماشایان دەکرد لە بیابان و تاریکیی بەولاوە هیچیان نەدەبینی، هەندێك کەوتنە دۆعاکردن و لەبەرخۆیانەوە شایەتمانیان دەهێنا "أشهد أن لا الە الاّ اللە، و أشهد أنّ محمداً رسول اللە"*. ئیبراهیم لەم ساتەدا وێنەی خێزانەکەی دەهاتەوە بەرچاوو پیاوەکان هەموو لەو ساتەوەختەدا دەستیان کردبوو بە گریان و دەیانپرسی چییان کردووە ئاوها بەو دەردە ببرێن و یەکتریان ماچ کردووەو گەردن ئازاییان لە یەکتر کردووە، بە دەستووری موسڵمانان کاتێ کە هەست دەکەن وا مردن نزیك دەبێتەوە.

* * *

دنیا خەریکبوو بە تەواوی تاریك دەبوو, کاتیش کەوتبووە ئەوە کە مانای نەمێنێت. بە بۆچوونی عوزێر پاسە داخراوەکان ماوەی دە دەقیقەیەك بەم ڕاڕەوەی بیاباندا ڕۆیشتوون، مستەفا بە 15 ـ 20 دەقیقەی دەخەمڵاند، ئیبراهیم دەیوت وای هەست کردووە کە نزیکەی کاتژمێرێك بووە. ئەوجا لەناکاو پاسەکە پێچپیکردبۆوە بۆ وەستان و لە ناو لمەکەدا چەقی. ئۆتۆمبیلەکەی پشتەوەش کە دوا ئۆتۆمبیل بوو

---

* لە دەقەکەدا وەرگێڕانی ئەو شایەتمانە بە ئینگلیزی نووسراوە، من وام پێ چاکبوو هەر بە دەقە عەرەبیەکەی بینوسم، چونکە شایەتمان بەو شێوەیە لە سەر زاران زۆر دەوترێتەوەو بە ڕادەیەك کەوا خەڵکی ڕەشۆکی لە کوردەواریدا وا هەست دەکا کە ئەو شایەتمانەی بەردەوام ویردی سەر زارێتی هەر کوردییەو زمانێکیتر نیە ـ و.

www.dengekan.com

لە کاروانەکەدا بە توندی بەرەو لای ڕاست بایدابۆوە بۆ ئەوەی خۆی لابدات کەچی ئەویش گیربوو. عوزێر لە دەلاقەی بەینەکەوە سێ پاسەکەی ترو دوو لاندکروزەرەکەو یەکێك لە دوو بلدۆزەرەکەی بینیبوو کە دەچنە پێشەوە. لە نیمچە ڕووناکیی بەر لایتەکاندا بۆی دەرکەوت کەوا ئۆتۆمبیلەکان ئەزنەك بە خۆیان دەدەن و بە ناو لمەکەدا دەچنە پێشەوە بۆ شوێنێکی نزمایی‌و ماوەی چارەکە میلێك ڕۆیشتن‌و ئەوجا شۆفێر ئۆتۆمبیلیان کوژاندەوە.

لەو ساتەوە کە ئۆتۆمبیلەکان لایاندایە سەر ڕێگا خۆڵەکە هیچ بوارێك نەمایەوە بۆ ترووسکە هیوایەك و هیچ ئومێدێك نەما، خەڵکەکە بە تەواوی زانییان چییان بۆ سازکراوەو بەوپەڕی پەشۆکاوی‌و هەڵچوونەوە کەوتنە پلان دانان و لە ناو خۆیاندا بە کوردی قسەیان دەکردو دەیانزانی نە گاردەکەو نە شۆفێرەکە لێیان تێناگەن. پلانیان وابوو کە ئەگەر گاردەکان هاتنە پێشەوە بۆ کوشتنیان ئەمان بکەونە بەرگری‌و "تەنانەت ئەگەر یەکێکیش لەم سی‌و پێنج کەسە دەربازبێت هەوڵێکی باشە" وەك ئیبراهیم گێڕایەوە.

بەندیەکان لەناکاو کپ بوون کاتێ گوێیان لە دەسرێژی بەردەوام بوو لە چەکە ئۆتۆماتیکەکانەوەو بە دوایدا بلدۆزەر کەوتە شیڕەو گرم‌وهووڕ. تەقەکان لە پاش نزیکەی بیست دەقیقەیەك کپبوونەوەو نەمان، ئەوجا بلدۆزەرێك لە تاریکاییەکەوە پەیدابوو و یەکڕاست چووە پشتی پاسەکەی ئەمانەوەو چەند جارێك هێزو گوڕی دەدایە خۆی‌و ئۆتۆمبیلەکەی پاڵدەنا بۆئەوەی لە لمەکە دەریبێنێت، بەڵام پێچکەکانی پێشەوە زیاتر دەچەقین و نوقم دەبوون. ئەمجارەیان ویستی لە دواوە پاڵ بنێ بۆ دەرهێنانی پاسەکەو عوزێر وای بە خەیاڵدا هات کەوا شۆفێرەکە نیازیە یەکڕاست پاسەکە بەمانیشەوە بخاتە چاڵێکەوە. لەدواییدا بلدۆزەرەکە پاسە چەقیوەکەی دەرکردو شۆفێرە ماندووەکەی دابەزی‌و مەتارە ئاوەکەی لاکەشی دەرهێنا. بەندیەکان کەوتنە پاڕانەوە بۆ قومێك ئاو و بە هێزو گوڕی خۆیان دەیانکێشا بە لاتەنیشتە ئاسنە بێپەنجەرەکانی پاسەکەداو هاواریان دەکرد، شۆفێرەکەش بە بەرچاویانەوەو بە گاڵتەپێکردنەوە سەری نا بە دۆلکەکەوەو تێرتێری ئاو خواردەوەو ئەو دواکەشی ڕێك ڕۆکردە سەر لمەکە.

وا ئێستا کاتژمێر $7:30$ ی ئێوارەیەو دنیا تەواو تاریکە، خەڵکەکە تەنها بەو سەعاتە کاتیان دیاری دەکرد کە بەندیەکی خەڵکی گوندی خدر بەگ هەرچۆنێك

بـووە توانیبـووی لـە تـۆپزاوا بیشـارێتەوە. دوو جـاری تـریش بـەو ڕەنگـەی پێشـوو ڕێژنـەی گوللـەباران بیسـتراو دەنگـی قیـژەو هـاوار بـەرزبۆوە، لـە پـاش نزیکـەی نیـو سەعات هەردوو لاندکروزەرەکە گەڕانەوە لـە گـەڵ ئـەو ئەفسـەرەدا کـە لـە پردەکـەی سـەر فوراتـەوە کەوتـە تـەك کاروانەکـە. شـۆفێری پاسـەکەی عـوزێر لـە سـەر کورسیەکەی خۆی دابەزیو چووە پشتی ئۆتۆمبیلەکـەوەو لایتـی سـەرەوەی دواکـەی کوژانـدەوە .پـاش ئـەوەی ئـەم کـارەی کـرد گەڕایـەوە بـۆ بەشـەکەی خـۆیو لایتـە بـەرزەکانی تـەواو هـەڵکرد. بەمـە عـوزێرو هاوەڵـەکانی لـە ترسـا دەلـەرزین و لـەم تاومایەدا سێ دەستە سەرنشینی پاسەکەی تەنیشتی ئەمانیان ڕاکێشا بـەر بازنەیـەك ڕۆشـنایيو تـاقمی گوللـەباران کـردن یەکسـەڵەف بـە کلاشـینکۆف و دەمانچـەکانیان دایانگرتنـەوەو بـە گوللـە دایانڕزانـدن. ئـەوجا کـە گوللەبارانەکـە وەسـتا گشـتیان کێشکردنە نـاو چـاڵێکی تـازە هەڵکەنـدراوەوەو عـوزێر تەماشـای کـرد هەنـدێ لاشـە هێشتا هەر دەجووڵێنەوە. ئێستاش تەنها باری یەك پاس زیندانی ماونەتەوە.

پلانی پیاوەکان ئەمەبوو: هەر کـە یەکـەم گـارد هاتـە نـاو پاسـەکەوە بـۆ بردنـی بەندییەکان، ئەمان بەهێزترین کەسیان پـەلاماری بـداو چـەکەکەی لێـزەوت بکات و نەیـەڵێ دەرگاکـە دابخرێتـەوە. زۆربـەی زۆری پیاوەکـان لـەوە لاوازتـر بـوون بتـوانن هاریکاریی یەکتر بکەن، بـەڵام عـوزێرو عومـەرو چـەند کەسـێکی کـەمی تـر چاویان خستبووە سەر دەلاقەی بەینی خانەی شـۆفێرو خانـەی دواوە. ئیـبراهیم بـە تـرس و لـەرز لـە دواوە چـاوەڕێی دەکـردو خـۆی ئامـادە کردبـوو بـۆ هەڵمـەت بـردن ئەگـەر بتوانێ، عوزێر لە کونی بەینەکەوە دوو گاردی دەمانچە بەدەسـتی بینـی ئەمبـەرو ئەوبـەری دەرگاکـەیان گـرت، یـەکێکیتر کلاشـینکۆفێکی بـە دەسـتەوە بـوو لـە پشـت کوشنی شۆفێرەکەوە ڕاوەستا، لە هەمان کاتدا گـاردی چـوارەمیش بـە کلاشـینکۆفەوە چـاودێریی دەرگـای دەرەوەی دەکـردو قاچـێکی لـە سـەر زەویو ئـەویتری لـە سـەر کەمەی دەرگاکە بوو.

پاش چەند ساتێکی کەم یەك لە گاردە بـەرگ نیزامیـەکان، کـە پیـاوێکی کەتـەی مل ئەستوور بوو تەختەکەی نێوان خانەی شـۆفێرو خانـەی دواوەی لابـرد. هـەر کـە

ئەمەی کرد بەندیەك ناوی سەلام بوو شەقێکی بۆ داهێنایەوە لێیبدات، بەڵام گاردی دووەمی پشت شۆفێرەکە بەر دەمانچەی داو هەر لەجێدا سەلامی کوشت و بە توندیی دەرگاکەی داخستەوە، عوزێر گوێی لە یەکەم گارد بوو کە دیاربوو ئەفسەر بوو، جاڕی ئەوەی دا کە دەبێ یەك یەك بەندیەکان ئیعدام بکات.

عوزێر کە جڵەوی وەزعەکەی گرتبووە دەست، ڕایسپاردن کە چی بکەن، ئەویش ئەوەبوو کە ئەمجارەیان گاردەکان هاتن و یەکەم بەندییان بردە دەرەوە عومەر بە هەموو قورساییەکیەوە خۆبدات بە سەر دەرگاکەداو نەیەڵێ دابخرێتەوە، ئەوانی تریش هەر هەموو پەلەقاژە بکەن و خۆیان هەڵدەنە خوارەوە، پاشان بە حوکمی زەرووڕەت ئەمەش ڕوویدا، گاردە کەتەو زلەکە گەڕایەوەو بەندیەکی کێش کردە ناو دەرگا کراوەکەو بە پارچە پەڕۆیەکی سپی چاوی بەستەوەو هەر کە ویستی بیباتە دەرەوە شەش حەوت بەندیی پڕیان پێدا کردو یەك دوانێکیان قایشی کلاشینکۆفی گاردەکەیان توند گرت و هەر لەو کاتەشدا ئەو قۆناخ و لوولەی چەکەکەی توند گرتبوو و بەرینەدەدا. عوزێر هاواری لە بەندیەکی تر کرد کە بکێشێتە ناوچاوی ئەفسەرەکەدا، ئەو بەندیەش ئەگەرچی وەك ئەوانیتر بە هۆی چەند ڕۆژی بێنان و ئاوییەوە بێهێز بوو بەڵام توانی مشتەکۆڵەیەك بسرەوێنێتە ناوچاوی ئەفسەرەکەو دەسبەجێ عوزێر چەکەکەی لە دەست هەڵپڕووکاند، بەڵام ئەفسەرەکە میلەکەی شکاندبوو و شانەی فیشەکەکانیشی دەرهێنابوو و لە پاسەکەوە تووڕیدابووە دەرەوەو بەمجۆرە چەکەکە بێکەڵك بووبوو.

بەندیەکان بە جارێ تێڕژان و پەلەقاژەی چوونە دەرەوەیان بوو لە دەرگاکەوە کەوا بە کراوەیی مابۆوەو ڕێگەی دەربازبوونی گاردی پشت کوشنی شۆفێرەکەیان بڕیبوو. لێرەدا ڕێژنەی گوللە لێیان کەوتەکارو دوو کەس پێکران و کەوتن بە سەر عوزێردا. بەندیەکی تر ویستی لە پاسەکەوە خۆی هەڵداو ئەویشیان خستە خوارەوە. لەو کاتەدا کە عوزێر لە پەلەقاژەی ئەوەدا بوو خۆی ڕزگار بکات، یەك لە چوار گاردەکەی بینی، ئەوەی کە سەلامی کوشتبوو خەریکە بە سەر ئەمدا بکەوێ‌و خوێنێکی زۆر لە شانی دەڕوا، کابرا هاواری کرد "ئەبوسالح ڕاکە فریام کەوە" , وادیاربوو لە لایەن خۆیانەوە پێکرابوو، عوزێر دەستی کوتا بۆ دەمانچەکەی بەڵام نەیدۆزیەوەو باوەشی پێداکردو بە سەر شانە بریندارەکەیدا دای بە زەویداو کابرا هەڵنەستایەوەو دیاربوو لە هۆش خۆی چووبوو. لەم کاتەدا سەرباز یان پۆلیسەکانی

دەرەوە یەكبینــە لەمســەر بــۆ ئەوســەر پاســەكەیان بــەر دەســڕێژی گوللــە دەداو خەڵكەكـەش بـە جـارێ تۆقیبـوون و خۆیـان كردبـووە ژێـر كورسـیەكاندا، لـە نـاو پاسـەكەدا لاشـە بـە سـەریەكدا كـەوتبوون و گوللەیـەك سمتـی ڕاسـتی ئیبراهیمـی پێكـابوو, هەرچـەندە ئێسقانی نـەگرتبوو بـەڵام ئـازاری زۆر بـوو. هـەروەها هەسـتی كردبوو كەوا چاوی ڕاستیشی نابینێ. لەو هـەراو زەنایـەدا عومـەر هەرچۆنێك بـووە خـۆی خزاندووەتـە ژێـر ئۆتۆمبیلەكـەوە, لـە كاتێكـدا لـە هـەموو لایەكـەوە فیشـەك ئۆتۆمبیلەكەی دادەبێژا. پارچەیەكیش كـەمێك ڕانـی عـوزێری زامـدار كردبـوو, لـەو شـوێنەدا كـە ڕاكشـابوو لـە نێـو دەسـڕێژی گوللـەدا دەنگێكـی نـامۆ دەهاتـە گـوێی، یەكەمجار نەیزانیبوو چیە، بـەڵام لەدواییـدا هەسـتی كردبـوو كـە ئەمـە خوێنـەو لـە پاسەكەوە دەچۆڕێتە خوارەوە، چوونكە هەموو بەندیەكانی هاوەڵی كوژرابوون.

* * *

## بــــــەسەرهاتی مستەفـــــــا

سێ ئۆتۆمبیلەكەی تر كە لە كەركووكەوە لـە گـەڵ كاروانەكـەدا بـوون و چـەند سـەد یاردێـك لـە سـەرەوە وەسـتان، لـەو نزماییـەدا كـە عـوزێر لـە پەنجـەرەی شـۆفێرەكەوە بـەدیكردن. لەوێـدا ئیعـدام كردنەكـە زۆر ڕێكـوپێكترو بـە شـێوەیەكی كارامـەتر بەڕێوەچـوو. كـات خۆرئـاوا بـوو كـە گاردەكـان بـە پەلـە هـاتن و دەرگـای پشتەوەی ئەو ئۆتۆمبیلەیان كردەوە، كە مستەفای تەمەن 38 سـاڵی خـەڵكی گونـدی تۆپخانەو خاوەن نۆ سەر خێزانی لە تۆپزاواوە پێ هاتبوو. لێرەدا پیاوەكان دوو دوو كێشدەكرانە دەرەوە، مستەفا لە ترسا پێڵاوەكانی بەجێهێشتبوو، كە لە ناو پاسـەكەدا لــە گــەرما دایكەنــدبوو، لــەوەش بــەئاگابوو كــەوا كەوتووەتــە نــاو قرمــەی دەسرێژكردنەوە، كـە لـەوە نەدەچـوو لـە یـەك شـوێنەوە بێـت بـەڵكو بەیـەكجارو لـە هەموولایەكەوە بوو، سەرباری ئەوەش نەیدەتوانی هیچ شتێكیتر ببینێت لە تاریكیو بیابان بەولاوە.

گاردەکان بـە خێرایـی مستەفایان پشکنیو دەفتـەری خزمـەتی سـەربازییان لـە گیرفان دەرهێنـا، بـەڵام ئـەو 200 دینـارەی پێیبـوو و لـە تـۆپزاوا لـە نـاو جلەکانیـدا شاردبوویەوە لێرەش بۆیان نەدۆزرایەوە. مستەفا هەستی کـرد دەسـتیان لـە پشـتەوە توند بە پشتوێنە کوردیەکـەی شـەتەکداوەو چاویشـیان بەمێزەرەکـەی بەسـتوەتەوەو هەمان شتیشیان لە هاوەڵەکەی کرد. پاشان فەرمانیان پێدان برۆن، مستەفا کە زانـی بۆ مردنیان دەبەن لە بەرخۆیەوە کەوتە ئایەتەلکورسی خوێنـدن: "اللہ لا الـہ الا هـۆ الحیُ القّیَوم"[5],واتە "خوا هەر ئەو خوایەیە کە تاك و تەنهاو زیندوو و ئەبەدییە". ئەوجا نزیکـەی بیسـت یاردێـك چـووە پێشـەوەو هەسـتی بـە هـەڵنووتانێك کـردو بـۆ پێشەوە نووچدەدات. لە دوورەوە گاردێـك فـەرمانی بـە هـەردوو پیاوەکـە دا لـە سـەر پشت پاڵبکەون، مستەفا لە گـەڵ بـەجێهێنانی فەرمانەکـەدا یەکسـەر وەك لاشـەیەکی ساردوسڕ کەوتە نێوان هاوەڵەکەیو یەکێکی تـرەوە. لـەم سـاتەدا دەنگـی گوڕوهـووڕی مەکینـەی بلـدۆزەرێکی هاتـە بـەرگوێ. هـەر بـە دوای ئـەوەدا ڕێژنـەی گوللـەبارانی چـەکی ئۆتۆمـاتیکی دەسـتپێکردو مسـتەفا لـە تەنیشـتیەوە هەسـتی بـە ڕاتـەکین و ناڵەیـــەك کـــرد. دەســـڕێژەکە وەســـتاو مســـتەفاش گـــوێی لـــە گاردەکـــان بـــوو دووردەکەوتنەوە, پاشان زانـی کـە نـەپێکراوەو سوپاسـی خـوای کـرد کـە نـەبینراوەو هەوڵیدا بەلارێیەکـدا دزە بکـات, کـاتێکیش کـەوتـە جووڵـە هەسـتی کـرد چواردەوری

---

[5] ئایەتەلکورسی ئایەتی 255 ی دووەم سوورەتی قورئانـە، دەقـی تـەواوی ئایەتەکـە بـەم جۆرەیـە "خوا، هەر ئەو خوایەیە کە تاك و تەنها و زیندوو و ئەبەدییە، نە خەو دەیگرێ و نـە خەوەنووچـکە، گشت ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان مڵکی خۆیەتی. کێ هەیە داوای ڕەحمەت و بەزەیی لێبکـات بە ئیزنی خۆی نەبێت. خۆی دەزانێ چی لە بەر دەست و چی لە پشتیانەوەیەو پـەی بـە تۆزقـاڵێ لـە عیلمی ئەو نابەن بە ئیزنی خۆی نەبێت. تەختی ئەو بە گەورەییو فراوانیی زەویو ئاسمانەو باکی نیە لە پاراستنیان و خۆیشی پایەبەرزو مەزنـە". "قورئـانی وەرگێـڕدراو" Arberry (trans), (The Koran Interpreted), P.56

تێبینیی وەرگێڕی کوردی: ڕەوانبێژیو مانا بەخشیی قورئان لە زمانە عەرەبیەکەیدایـە، لـە بەرئـەوە گۆڕینی قورئان بۆ ئینگلیزیو کوردی (کە لەم دەقەدا مەبەستە) مانای تەواو و پڕ بە پێستی خۆی نـادا بە دەستەوە. من بە پێی تواناو دەرفـەتی وەرگێڕانەکـە هـەوڵ دەدەم لـە هـەر شـوێنێکدا دەقێکـی قورئانی بە ئینگلیزی کراو بێتە پێشەوە، بێجگـە لـە وەرگێڕانـە کوردییەکـەی دەقـە عەرەبیەکەشـی بنووسمـەوە بـۆ ئـەوەی خوێنـەری کـورد بـە کەشوهـەوا بنەڕەتیەکـەی خـۆی تێبگـات. دەقـی ئایەتەلکورسی بە عەرەبی ئەمەیە: "اللّٰه لا الہ الا هو الحی القیـوم، لا تأخـژہ سـنه ولا نوم،لـہ مـا فی السموات و الارچ، من ژا الژی یشفع عندہ الاّ بأژنہ، یعلم مابین ایدیهم وما خلفهم، ولا یحیگون بشـئ من علمہ الا بما شاو وسع کرسیہ السموات و الارچ، ولا یۆدہ حفڤهما وهو العلی العڤـیم". صـدق اللّٰه العڤیم.

هەموو لاشەی کوژراوە، ئەوجا کەوتە هەوڵی ئەوەی پشتوێنەکە لە دەستی بکاتەوە. فرەی پێنەچوو گاردەکان دوو بەندیی تریان هێناو لە چاڵەکەدا پاڵیانخستن و بە گوللە دایانبێژان، ئەوجا جووتێکی ترو سەرێکی تر دەسرپێژکردن, بەڵام ئەمجارەیان کەمێك ئەولاتر بوون و مستەفا هێشتا هەر سەلامەت بوو و خۆی وای لێکدەدایەوە کە ئەوە"خواستی خوای لە سەر بووە".

ئەمجارە کاتێ کە گاردەکان ڕۆیشتن مستەفا چاوبەستەکەشی کردەوەو تەماشای کرد لە چاڵێکی کەم هەڵکەندراوی درێژدا ڕاکشاوە کە لەوانەیە بیست پێ پان و هەژدە ئینجیش قووڵ بێت، لەوسەری چاڵەکەشەوە بلدۆزەرەکە دەرچووبوو, ئەمە ئەو لێژاییە بوو کە خۆی و بەندیە هاوەڵەکەی تێیکەوتبوون. لای ئەولاشەوە مستەفا ڕوانی تا چاو برکا چاڵەکە درێژبووەتەوەو پڕبوو لە سەدان لاشە.

ئەم دیمەنە سامناکە لە بەر ڕووناکیی لایتەکانی پێشەوەی بلدۆزەرەکەدا دەرکەوتبوو، کەوا لە سەر ئەو لێژاییە وەستابوو کە دەچووە ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەوەو مەکینەکەی وەگەڕخستبوو، وا دیاربوو شۆفێرەکە چاوەڕێی فەرمان بوو هەر کاتێ چاڵەکە پڕبێت، کە ئەو کاتە لەوەدابوو پڕبێت و زۆری نەمابوو، لاشەکان بە خۆڵ داپۆشێ. لەولای لێواری چاڵەکەشەوە مستەفا هێشتا تارماییەکی تەڵخی ئەو ئۆتۆمبیلەی چاودەکرد کە بۆ ئێرەی هێنابوو. ماوەی چارەکە سەعاتێك لە شوێنی خۆیدا مایەوەو گوێی هەڵخستبوو بۆ تەقەی بچڕبچڕو نرکەو هاوار. پاش ماوەیەك زانی کەوا دەنگەدەنگ لە هەموو لاکانەوە نیەو ئەو شوێنەی پشتی ئەم کپ و بێدەنگە, لێرەدا مستەفا کەوتە ئەوەی بە ئەسپاییو بە سڵەوە بە سەر لاشەی کەڵەکەبووی لە خوێن شەلاڵی کوژراوەکاندا هەڵژنێو لە قڕەو هەرای تیمەکانی گوللەباران دووركەوێتەوە. وەختێ تەماشای دەرەوەی کرد ڕوانی ئەم چاڵەی ئەو دواچاڵی زۆری تری ئاوهایە، لە پشتیشەوە تەنهاو تەنها هەر بیابان بوو, مستەفاش کەوتە ڕاکردن.

مستەفا ئەو شەوە تا بەیانی هەر ڕایکردبوو و نەوەستابوو، ناوبەناو نەبێت بۆ هەناسەدانێك. لە نێو بیاباندا سەگەلی کێوی بە بۆنی خوێندا شوێنی کەوتبوون و

لێینەدەبوونەوەو پەرێشانیان کردبوو ئەمیش بەر بەردی دابوون و خۆی پاراستبوو لێیان. لە نێو تاریکیدا گەڵێ ترووسکاییو ڕووناکیی بەدیکردووە بەڵام لە ترسا نەیوێراوە نزیکیان بکەوێت. کە وەختێ ڕۆژ هەڵاتووە چووەتە سەر ڕێگایەکی خۆڵ و لە دوورەوە شارێکی بینیوە، بەڵام پێش ئەوەی بیگاتێ هەستی کردووە کە ئەو بینا نزیکانە سەربازگەیەو دوو سەرباز دیویانەو دەستیان بۆ هەڵتەکاندووە کە دوورکەوێتەوە لەوێو بە ڕێگەیەکی تردا بڕوات، بەڵام ئەوەندە لێی نزیک نەبوونەتەوە کە پەڵە خوێنەکان بە جلەکانیەوە ببینن. ئەو ڕێگەیەی سەربازەکان ئیشارەتیان بۆ کردبوو مستەفای گەیاندبووە سەر ڕووبارێك، لەوێ پەڵە خوێنی جلەکانی شۆردبوو و جارێکیتر بەرەو شارەکە بەڕێکەوتبوو ، زۆری نەبردبوو گەیشتبووە شوانێکی پیرو پرسیاری شوێنەکەی لێکردبوو، کابرای شوانیش لە وەڵامدا وتبووی "ڕەمادی". پیاوە پیرەکە بۆی باسکردبوو کە کوردێکی ئێرانییەو لە ئۆردووگایەك لەو نزیکانە نیشتەجی‌کراوە[6]. بەڵام زۆری مەراق بووە بزانێ بۆچی مستەفا پێی پەتییە, مستەفاش لە وەڵامدا خێرا ئەوەی بە بیردا هاتووە کە بڵێ کارگوزارێکی حکوومەتەو تووشی ڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیل بووەو هەرچی بەڵگەو ناسنامەیەکی پێبووە لە ئۆتۆمبیلە وەرگەڕاوەکەدا بەجێیهێشتووە, لە بەر ئەوەیە خۆی لە خاڵی پشکنینی سەربازی دەپارێزێ. دواجار پیرەمێردەکە ناونیشانێکی لە ئۆردووگاکە دا بە مستەفاو ڕێبەدێی بۆ کرد چۆن دزە بکاتە ئەوێوە بێئەوەی گاردەکان لێی بە ئاگا بێن. ئەوجا مستەفا گەیشتبووە ناو ماڵەکان، بۆنو بەرامی نانی تازە برژاوی هاتبوو بە سەرداو سەیری کردبوو ژنێك نان دەکات، پرسیاری لێکردبوو ئەم شوێنە کوێیە، ژنەش وتبووی کۆمەڵگایەکە بۆ کوردە

---

[6] ئەم پیرەمێردە شوانە دەبێ یەکێك بووبێت لەو هەزاران کوردە ئێرانیەی کەوا لە گوندەکانی ناوچەکانی سنوورەوە ڕاگوێزراون پاش ئەوەی سوپای عێراق لە ساڵی 1980دا بەشێك لە پارێزگای کرماشانی ئێرانی داگیرکرد، ئەو شوێنەی کە مستەفا باسی دەکات زۆر پێدەچێت ئەو کەمپە بێت کە ناوی ئەلتاش (الگاش) بووە لە نزیك ڕەمادییەوەو سەروەختێك ژمارەی دانیشتوانی سی هەزار کەس بووە. بە پێی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور کەوا هاتوچۆی کەمپەکەی دەکرد، نزیکەی 12 ـ 15 هەزار دەسبەسەر لەو کەمپەدا ماونەتەوە لە ناوەڕاستی ساڵی 1992دا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، جنێڤ، 14 ی تەمووزی 1992.

ئێرانییەکان دروستکراوە، بەڵام ئەم خۆی کوردێکی عێراقیی خەڵکی خانەقینە[7].
ژنە ئەوەشی وتبوو کە مێردەکەی لە بازاڕەو لە گەڕانەوەدایە. کاتێ خاوەن ماڵ هاتەوە مستەفا چیرۆکی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلیشی بۆ ئەم گێڕایەوەو لێیپرسی چۆن بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، پیاوەکەش پێیڕاگەیاندبوو ئێستا پاسێك لە کۆمەڵگاکەوە بۆ ڕەمادی دەردەچێت و ئامۆژگاریشی کردبوو چۆن لە خاڵی پشکنین دەربازببێت و هەندێ خواردن و جووتێ نەعلیشی پێدابوو. مستەفا چوو بۆ ئەو شوێنەی هاتوچۆی کۆمەڵگاکەی لێوەدەکرێو لەوکاتەدا پاسەکە کەوتبووە ڕێو خەریك بوو دەڕۆیشت، بەڵام ئەم دەستی بۆ هەڵتەکاندو شۆفێرەکە وەستا. کاتێ سواری پاسەکە بوو سەرنشینێکی تێدا ناسییەوەو زانی خەڵکی دەوروبەری جافانە، ئەویش عوزێر بوو.

* * *

لە پاش کوشتاری پاسەکە، عوزێر بە هەر حاڵێك بوو توانی خۆی لە تاریکیدا ونبکات، بە تووڕەیی‌و پەشۆکانەوە ماوەیەك ڕایکردو کاتێکی زانی بە سەردا کەوتە ناو چاڵێکەوەو بە سەر لاشەیەکدا ڕما، کە خوێن لە لووتیەوە دەهات بەڵام هێشتا هەر هەناسەی دەدا. ئەم چاڵە زۆر جیاواز بوو لەوەی کە مستەفای تێدا کوتبوو بۆ ئیعدام کردن. عوزێر دێتەوە یادی کە چاڵەکە دە دوانزە پێ قووڵ و تەنها شەش پێ پان بوو و بە خەمڵ و مەزەندەی ئەو 400 لاشەی تێدابووە. عوزێر بە چنگەکرێ لە چاڵەکە هاتبووە دەرەوەو ڕووەو بیابان هەڵاتبوو، لە ترسی ئەوەی بناسرێتەوە کە کوردە جلەکانی بەری دامالیوەو گرمۆڵەی کردوون و خستوونیە سەر شانی، هەروەها ئەمیش وەك مستەفا پێڵاوەکانی جێهێشتبوو. ماوەی چەندین سەعات بە ڕێکردن و بە ڕاکردن ڕۆیشتبوو, دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "من تەنها بەو چالانەدا

---

[7] لەوانەیە ئەم ژنەش قوربانییەکی شالاوی بەعەرەبکردنی ناوەڕاستی سالانی 1970 بووبێت. خانەقین دەکەوێتە ئەوپەڕی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستانی عێراقەوە لە بەشە بە عەرەبکراوەکەی پارێزگای دیالەدا.

تێپەڕیم کە پڕبوون لە لاشەو بە بۆندا دەمزانی لە کوێدان، هەروەها کۆمەڵە خۆڵی زۆریشم بینی بلدۆزەر خڕیکردبوون و هەموو ئەو ناوە چاڵو خەنەکی پڕ لـە لاشـە بوو".

عوزێر لە شوێنێکدا لە جادەیەکی قیر پەڕیبۆوەو گەیشتبووە سەر ئاوێك، ڕەنگە دەریاچەیەك بووبێت و لەوبەریەوە تارمایی درێـژ درێـژی دارخورمـای بـەدیکردبوو، لەویَ لەسەر ئاوەکە چۆکی دادابووە بۆ ئاو خواردنەوە، بـەڵام لایتـی ئۆتۆمبیلێـك کـە نزیك دەبـووەوە گوێقـولاخی کردبـوو, ترسـابوو یـەکێك لـە لانـدکروزەرەکانی تـاقمی ئیعدامکردنەکە بێت و خۆی فڕێدابووە نێو ئاوەکـەوە و خـۆی کوتـابوو بـۆ قـووڵایی، وەختێ ئاوەکە هـاتبووە نـاو قـەدی تەماشای کردبـوو ئۆتۆمبیلەکـە پێچیکردەوە بـۆ لایـەکیتر, ئـەمیش ئـاهێکی پێداهاتـەوە. عـوزێریش لێـرە ڕوونـاکیی هەنـدێ بینـای دووری بینیبوو و بـەرەو ڕوویـان ڕۆیشـتبوو, ئـەو دەمـە کاتـژمێر لـە دەوری چـواری بەیانیدا بووە. دواجار ئەمیش هەرچووبووە هـەمان ئـەو کۆمەڵگایـەی مسـتەفای بـۆ ڕۆیشتبوو. عوزێر دواتر زانی کە ئەویَ نیشتەجێی هەزاران کەسـە لەخـەڵکی ناوچـە سنووریەکانی لای قەسری شیرین کەوا لە سـەرەتای جـەنگی ئێـران ـ عێراقـەوە لێـرە وەك بارمتــە گیردرابــوون. کۆمەڵگاکــە بــە تــەلی درکــاویی چــواردەوری گیرابــوو و دانیشـتوانی نـەدەبوو بچـنە دەرەوە لـە مۆڵـەتی هەشـت سـەعات بـەولاوە کـە ڕۆژانـە ڕێگەیان دەدرایە لە بازاڕی ڕەمادی پێداویستیی خۆیان بکڕن.

عـوزێر لـە دەرگـای حەوشـەوە سـەری کێشـابووە یەکـەم مـاڵ لـە سـەرەڕێگەیدا تەماشای کردبوو دوو کەس لە حەوشەدا خەوتوون، وەختێ لە دەرگای دابوو پیاوێـك بە کوردیی دەنگی هەڵبڕیبوو: "ئەوە کێیـە؟", عـوزێریش وەڵامـی دابـۆوە: "هـەژارم, نـانێ ئـاوێکم دەوێ". دەراوسـێکان بـەم دەنگـە دەنگـە بـە ئاگـا هـاتن و لـە دەرکـەی خانووەکەی تەنیشتەوە سەریان هێنادەر بـزانن چـی ڕوویـداوە، بـەڵام کـە عوزێریـان بینـی خێـرا بـە توندیی دەرگاکـەیان داخسـتەوە. لـە وەڵامـی جـاری دووەمـی دەرگـا لێدانەدا عوزێر ڕوانی پیاوێکی پـیرو دوو کـوڕی سـەرو داریـان هەڵگرتـە گیـانی، کـاتێ ئەمیش هەروا لە خـۆوە بەسـەرهاتەکەی خـۆی بـۆ سـێ پیاوەکـە گێڕایـەوە دەسـتیان ساردبووەوەو هەندێ نان و پاقلەی کوڵاویـان دایـەو زۆر ترسـان و نـەیانوێرا داڵدەی کوردێکی شرەڵی ڕاکردوو بدەن لە ماڵی خۆیاندا.

لە بەرەبەیانەوە عوزێر ماڵ بە ماڵ گەڕابوو و پاڕابۆوە تا پیاوێك کە ناوی ئەحمەد بوو دڵی پێسووتابوو و بردبووی بۆ گەراج سواری پاسێکی بچووکی کردبوو بۆ ڕەمادی. لە پاسەکەدا مستەفای بینی، ئەوجا هەردوکیان پێکەوە تا گەراجی پاسی بەغدا ڕۆیشتبوون و لەوێ مستەفا بە بۆچوونی خۆی ئەفسەرێکی *ئیستیخباراتی* ناسیوەتەوە کە لە تۆپزاوا بینیبووی‌و لە ترسا ڕایکردبوو و خۆی لە قەرەباڵغیی گەراجەکەدا ونکردبوو. لەدواییدا عوزێر گەیشتبووە گەڕەکی کوردەکان لە کەرکووك، ئەو شەوەش تەماشای تەلەفزیۆنی کردبوو و خۆی لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا بینیبوو کە سوپای عێراقی پیشان دەدا چاودێریی "کرێگرتە ئێرانیە" گیراوەکانی دەکرد، ئەو فیلمەی لە 10 ی نیساندا لە بنکەی پۆلیسی قادرکەرەم تۆمار کرا[8].

* * *

## بەسەرهاتی تەیموور

[8] ئیبراهیم و عومەریش، دوو دەربازبووەکەی تری قەسابخانەی پاسەکە، گەڕانەوە بۆ کوردستان، بەلاّم دەردو مەینەتیی هەردوکیان هەر بەوەوە نەوەستا. ئیبراهیم وەك عوزێرو مستەفا بە ڕێگایدا بۆ ڕەمادی بە کۆمەڵگای کوردە ئێرانیەکاندا تێپەڕیوەو پاشان لە بەغدا وەك سەربازێکی هەڵاتوو گیراوەو بە زنجیرەیەك زیندانی سەربازیدا تێپەڕیوە پێش ئەوەی لای تاقمێکی *جاش* بگیرسێتەوە لە سلێمانی. عومەریش ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا خۆی شاردەوەو پاشان لە لێبووردنە گشتیەکەی ئەیلوولدا خۆی تەسلیمی سوپا کردو کرایەوە بە سەربازو نێردرا بۆ کوەیت. (عوزێریش هەر وایلێکرا)، لە پاش داگیرکردنەکەی ئابی 1990 لە لایەن عێراقەوە. عومەر سێ ڕۆژ پێش دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی لە کانوونی دووەمی 1991دا بۆ سەر عێراق، بۆ دواجار لە سوپا هەلاّت. ئەنوەر تەیاریش کە لە هەمان پاسی عوزێرو ئیبراهیم و عومەردا بوو، لە شوێنی کۆمەڵکوژیەکە دەربازبووەو لە کۆتایی مایس یان سەرەتای حوزێراندا ئەو *پێشمەرگانەی* کەوا لە ناوچەی قادرکەرەمدا خۆیان شاردبۆوە، بینیبوویان. ئەنوەر لە گوللەبارانی پاسەکەدا لە چوار شوێنەوە زامدار بووەو هیچیان ئێسقانی بەرنەکەوتووە و بە مردوویان لە قەڵەم دابوو. لە دوای ئەو بینینە چاوەڕوان نەکراوەی لای قادرکەرەم، ئەنوەر تەیار بە یەکجاریی سەرنگوم بووە. ئەو *پێشمەرگەیەی* لە دواجاردا بە زیندوێتی بینیبووی وایلێکدەدایەوە کە یان لە برسا مردووە یاخود لە لایەن سوپاوە گیراوەو کوژراوە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ لە گەڵ فەرماندەیەکی ئەوسای PUKدا، کەلار، 30 مارتی 1993.

www.dengekan.com

لە زنجیرەیەك ڕووداوی بە ڕێكەوت و هەل و دەرفەت بۆ هەڵكەوتن لە بیاباندا پێنج پیاو ـ محەمەد، عوزێر، مستەفا، عومەر، ئیبراهیم ـ لە لووتكەی پەلاماری ئەنفالی ڕژێمی عێراقدا بە زیندوویی دەرچوون. لە شایەتیی ئەم پێنج كەسە دەربازبووەدا دەردەكەوێ كەوا یەكێك لە ئامانجە بنچینەییەكانی ئەنفال قڕكردنی ئەو نێرینانە بووە كە لە تەمەنی سەربازیدا بوون, ئەوانەی كە لە ناوچە دێهاتیەكانی كوردستانی عێراقدا دەسگیر كرابوون. تیمەكانی گوللەبارانكردن دەیان هەزاریان لەم كوردانە كوشت بێهیچ شێوەیەك لە پرۆسێسی گونجاو, بێهیچ هۆیەك جگە لە تەمەن یان ڕەگەز یان بوونیان لە "ناوچە قەدەغەكراوەكاندا" , گوایە لە ژێر دەسەڵات و كاریگەریی *پێشمەرگەی* كوردی حیزب و لایەنەكاندا بووە. علی حسن المجیدیش لە زۆر بۆنەدا پێی لە سەر برگە پێنجی ڕاسپاردەكانی س ف 4008 ی فەرماندەیی مەكتەبی باكوور دادەگرت كە دەبێ دەقاودەق جێبەجێ بكرێت[9].

لاشەی زۆر لە قوربانیانی ئەنفال ئێستا لە گۆڕە بەكۆمەڵەكانی نزیك شاری ڕەمادی عێراقدان و بە بلدۆزەر خۆڵیان بە سەردا كراو شوێنەواریان لەو ناوچە بیابانەدا سڕینەوەو تا ئێستا هیچ چاودێرێكی دەرەوە ناتوانێ بیانگاتێ. بەڵام ئاشكرایە كە ئەمە تاقە جێگەی كۆمەڵكوژیی نەبووە لە ماوەی ئەنفالدا. لەم بارەیەوە شایەتییەكانی عوزێر، مستەفا، عومەر، ئیبراهیم، هێشتا ژمارەیەك تەلەسمی بێوەلاّم دەهێڵنەوە. مەزەندەو بۆچوونی ئەوان باس هەزاران كەس دەكات كە لە دەوروبەری ڕەمادی كرابێتن بە ژێر گڵەوە. بێجگە لەوەش, وەك باسی لێوە دەكەن, هەر ئەو شەوەی ئەوان تەنها پێنج پاس لە كاروانێك كە پتر لە سی پاس بووە ڕێگای ڕەمادی گرتووەتەبەر، ئەوانیتر لە نزیك فەلووجەوە وەستاون پاشان بە لایەكی تردا ڕۆیشتوون و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە ئەو بەندییانە برابێتن بۆ جێگایەكی ترو لەوێ كوژرابێتن.

---

[9] بۆ وەبیرخستنەوە ئەم برگەیە دەڵێ: "ئەو كەسانەی كەوا لە گوندە (قەدەغەكراوەكاندا) دەگیرێن دەبێ بەندبكرێن و لە لایەن دەزگا ئەمنیەكانەوە لێكۆڵینەوەیان لە گەڵ بكرێت و ئەوانی تەمەنیان 15 بۆ 70 ساڵە دەبێ ئیعدام بكرێن پاش ئەوەی هەموو زانیارییەكی بەسوودیان لێوەردەگیرێت". بڕوانە پێشەوە لاپەڕە 115-123.

میـدڵ ئیسـت ووّچ ڕاپـۆرتێکی زۆری پێگەیشـتووە، کـە لـە سـەر گێڕانـەوەی دەمـاودەم بەنـدن، دەربـارەی لایکەمەکـەی سـێ شـوێنی تـری کۆمـەڵکوژی کـە لـە پـەلاماری ئەنفالـدا بـەکارهاتبێت. یـەك لەمانـە لـە نزیـك شـوێنەواری الحچـر (هـەترا)وەیـە، نزیکـەی شەسـت میلێـك لـە باشـووری مووسـڵەوە (لێـرەدا بابـەتێك ڕەخساوە بۆ پسپۆڕانی گاڵتەجاڕیی مێژوو، چوونکە سەدام حوسێن پارەو سامانێکی بێشوماری خەرج کـردووە لـە کنـەو پشـکنینی شوێنەواری الحچـردا وەك بەشـێك لـە گـەڕانی بـە دوای ڕەچـەڵەکی دێرینـی گـەلی عـەرەبی عێراقـدا، تـەنها بـۆ ئـەوەی جـارێکیتری دەربخاتـەوە کـە ئەمـە شـوێنی لـەگۆڕنانی دوژمنـە غـەیرە عەرەبـەکانێتی)[10]. شـوێنێکی تـری ئیعـدامکردنی بەکۆمـەڵ لـە نزیـك چـیای حەمرینـەوە بـووە، لـە باشـووری توزخورمـاتوو. دەنگوباسـێکی وا هەیـە، کـە شایەتحاڵێك باس لە چل پاسی پڕ لە کورد دەکا کەوا گاردی کۆماریی بـە ڕێگایـەکی خۆڵدا بردوونیـان بـۆ لای ڕووبـاری عـزێم و لـەوێ گوللەبارانیان کـردوون. ڕاپـۆرتی سێهەم باس لە کۆمەڵکوژیی شوێنێکی تری چیای حەمرین دەکات لە نێوان تکریت و کەرکووکداو بۆ ئەمەیان خەمڵ و مەزەندەی دوو هەزار ژن و منداڵ هەیە.

لیستی ئەوانەی کە لە ماوەی ئەنفالدا بێسەروشوێن کراون هەروا بـە شـێوەیەکی ڕۆتینـی دەدرێـن بـەو کەسـانەی سـەردانی کوردسـتانی عێـراق دەکـەن و تـەنها نـاوی گەنج و پیاوانی کاملّیان تێدایە. لە ڕاستیشدا بە گوێرەی ئەو لیستە جۆراوجۆرانـەی دراون بـە میـدڵ ئیسـت ووّچ، ڕوون و ئاشـکرایە کـە نیـوەی بێسەروشـوێنکراوانی

---

[10] پەرۆشیو بایەخدانی سەدام حوسێن بـۆ ئەلحـەزەر بـە وردی لـە کتێبەکـەی بارامـدا باسـکراوە "فەرهـەنگ، مێـژوو، ئایـدیۆلۆجیا"، ل53 ـ 54. Baram: Culture, History and Ideology, هەروەها ئەلحەزەر ڕەنگە هەمان ئەو شوێنە بێت لە چاوپێکەوتنی کۆنە *موستەشارێکی* خـەڵکی زاخـۆدا، لـە لایـەن نێـڵ کۆنـانی ئێزگـەی ڕادیـۆی National Public ی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم کابرایە باسی لە 12 هەزار پیاوی کورد کردووە کە لە شوێنێکی نادیارداو لە ئـابی 1988دا ئیعـدام کـراون پـاش ئـەوەی لـە مووسـڵ بەنـد کرابـوون. چاوپێکەوتنەکەی کۆنان لێی گوێزراوەتەوە نێو کتێبەکەی مەکیـە (دڵڕەقـی و بێـدەنگی لاپـەڕە 144). (Makiya: Cruelty and Silence) هەروەها ڕاپۆرتی بەردەوام هەیە، بەڵام نەسـەلمێنراون, لە بارەی گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالەوە لە عەرعەر لە سەر سنووری عێراق ـ سعوودیەو لە پارێزگاکـانی دیوانیەو ناسریە لە باشووری عێراقدا.

گـەرمیانی باشـوورو دۆڵـی زێـی بچـووك ئـافرەت و منـداڵ بـوون. ئەڵبەتـە بەشـێك لەوانـەی سـەرنگوم کـران ئـەو منداڵـە شـیرەخۆرە ئاوارانـە بـوون کـە لـە ڕێگاوبانـە بەسـتەڵەکەکانی تورکیـاو ئێرانـدا لەناوچـوون. ژمارەیـەکی زۆریـش منـداڵی ورد لـە بەندیخانـەی دووبـز تووشـی برسـێتی و نەخۆشـیی هـاتن و مـردن. سـەدان منـداڵی تـــریش (کـــە چارەنووســـیان دیـــارەو نەبوونەتـــە ژمـــارە لـــە لیســـتی نـــاوی بێسەروشوێنکراوەکاندا) لە نێـو قوربانیـانی هێرشـەکانی گـازی کیمیاییـدان بـۆ سـەر هەڵەبجـەو گۆپتەپـەو شـوێنەکانی تـر. هـەروەها ژمارەیـەکی زۆریـش لـە منـداڵ بەردەستی تاقمەکانی گوللەباران کەوتن.

یەك لەم منداڵانەی ئەنفال تەیموور عەبدوڵا ئەحمەد بـوو، ئـەو منداڵـە دوازدە ساڵەی خەڵکی گوندی کوڵەجۆی سەر بە ناحیەی تیلـەکۆ لـە گـەرمیانی خـواروو، کـە تەنها شەش حەوت میلێك لە گوندی عەلیانی تازەوە دووربـوو کـەوا مـاڵی محەمـەدی تێدابوو. تەیموور یەکەم کەسی پێزانراوی کۆمەڵکوژیی سەردەمی ئەنفال بوو، کە تـا ئەم دواییەش میدڵ ئیست ووچ تەنها لە گەڵ ئەم چاوپێکەوتنی کردبوو. تا ئێستاش تاقـە شـایەتە کـەوا کۆمەڵکوژیەکـەی ئـافرەت و منـداڵی بـە چـاوی خـۆی بینیبێـت. سەرگوزشـتەکەی لـە شـوێنێکی تـردا بـە باشـی دۆکیومێنـت کـراوە، بـەڵام دەهێنـێ لێرەدا, لە دەقە ڕاستییە شیاوەکەیدا دووبارە بکرێتەوە[11].

تـەیموور لـە تەمـەنی سـێ سـاڵییەوە لـە کوڵـەجۆ دەژیـا، عەبـدوڵای بـاوکی جووتیارێکی گەنم کێڵ بوو و خێزانەکەشی ـ تـەیموور خـۆیو بـاوك و دایکـیو هـەر سێ خوشکە بچووکەکەی ـ لە خانوویـەکی قـوڕی چـوار هـۆدەیی سـاکاردا دەژیـان. منداڵەکان تەمەنیان لە یەکـەوە نزیکبـوو، لـە سـاڵی 1988دا تـەیموور دوازدە سـاڵان بوو، گێلاسی خوشکی ساڵێك لەم منداڵتر بوو، لاولاو دە سـاڵ و سـنوور نـۆ سـاڵ بـوو. کوڵەجۆ لە ماوەی ڕامالینە سێ ڕۆژیە گەورەکـەی سـوپا لـە گـەرمیانی خـوارووداد، لـە

---

[11] بۆ نموونە بڕوانە میدڵ ئیست ووچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ "گۆڕە نائارامەکان: گـەڕان بـە دوای بێسەروشوێنەکانی کوردستانی عێراقدا" شوباتی 1992، لاپەڕە 23 ـ 25
MEW/PHR (Unquiet Graves:The Search for the Dissappeared in Iraqi Kurdistan, Feb. 1992).
هـەروەها "مکیـە: دڵڕەقـی و بێـدەنگی" (Makiya: Cruelty and Silence) جگـە لـەوەش تەیموور گەلی جار لـە بەرنامـەکانی تەلەفزیۆنـدا دەرکـەوتووەو یـەك لەوانـە: (کێڵگـەی کوشـتاری سەددام.
Saddam's Killing Fields لە CBS بەرنامەی 60 minutes, 23 ی شوباتی 1992).

دووەم حەفتــەی نیســاندا، بــەر هێرشــی ســوپا کــەوت و خەڵکەکــەی لــە بــەردەم پێشڕەویی هێزەکاندا هــەڵاتن. تــەیموور و خێزانەکەشــی ڕادرانــە گونــدی ملەســوورە، کە یەکەم شوێنی خڕکردنی خەڵکەکە بوو. ئەوان بە هیوای ئەوە بــوون هەرچۆنێك بووە بگەنە کۆمەڵگای سموود بۆ لای هەندێ خزم و کەسیان کە لـە ساڵانی 1986 و 1987دا لەوێ نیشتەجێ کرابوون، بەڵام مەحاڵ بوو و نەیانتوانی. لـە ملەسـوورەوە بە عەرەبانــەی تراکتــۆر بردیــانن بــۆ قەڵاکــەی قۆرەتــوو, لەوێشــەوە پــاش دە ڕۆژ بــۆ سەربازگەی سوپای میللی لە تۆپزاوا.

لەو کاتەوە ئیتر تەیموور زانی کەوا ئەم پەلامارە لەوانی پێشوو جیـاوازەو بگـرە لە قۆرەتوو ترسی لێنیشتبوو کە خۆیو خێزانەکـەی بکوژرێن. لـە تـۆپزاوا باوکیـان جیاکردەوەو جارێکیتر تەیموور نەیبینیەوە. لە پەنجـەرەی قاوشەکەشـیەوە تەماشـای پیـاوە گیراوەکـانی کردبـوو چـۆن پێکـەوە کەلەپچـە کـراون و جلوبـەرگیان لـە بـەر دامـاڵیبوون تــەنها دەرپێکانیـان نــەبێت، ئــەوجا بــە پــاڵ دەریـانکردبوون. ئــەودوای خێزانەکەی تەیموور ماوەی مانگێك لـە تـۆپزاوا مانــەوەو لـەو ماوەیـەدا تــەنها نـان و ئـاو و کـەمێك پـەنیریان پێـدەدان. هــەر لـەو ماوەیەشـدا چـەندین منـداڵی بچووکی بینیبوو بێهێزو لاواز دەبوون و دەمردن.

ڕۆژێکی ئاخرو ئۆخری مانگی مایس، کاتژمێر دەوری شەشـی بـەیانی، گاردەکـان تــەیموورو دایکــیو خوشــکەکانیان دەرکــردە حەوشــەکەو ناوەکانیــان لــە لیســتێکدا ئیشـارەت کـردن. کـاروانێکی ئۆتـۆمبیلیش ڕێـك لـەو جۆرانـەی لـە پـێش مانگێکـدا مستەفایان پێگوێزرابـۆوە بـۆ ڕەمـادی، چاوەڕێیان دەکـردن. ئۆتۆمبیلـەکان ڕەنگیـان سـپی یـان سـەوز بـوو و لـە بـەر ئـەوەی بێپەنجـەرە بـوون تـەیموور بـە ئەمبولانسـی گەورەی دانابوون. لە هەر پاسێکدا پەنجا یان شەسـت ژن و منـداڵی ژمـاردبوو کـە لـە سەر چوار تەختەکەی ناو پاسەکەدا دانیشـتبوون. بەندییـەکان بـۆ ئـەوەی بچنـە نـاو خانــەی سەرنشـینانەوە دەبـوو بــە دوو خانـەی بچووکی پاسـەوانیدا، کـە لـە نـاوەوە دەرگایـەکیان بـەین بـوو, تێپـەڕن. گاردەکـانی تـر لـە پێشـەوە لـە گـەڵ شـۆفێرەکەدا

سەرکەوتن، تاقە دەرووی هەواگۆڕکێش کونێکی بچووك بوو لە دواوەو تەیموور نەیدەتوانی دەرەوە ببینێ.

پاشان تا خۆراوا بە سەر ڕێگایەکی قیردا ڕۆیشتن و تەنها یەك جار وەستابوون. لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا تەیمووریان بەرزکردبۆوە بۆ ئەوەی لە کونی هەواییەکەوە تەماشابکات، بەڵام هەموو ئەوەی لە جێگەی وەستانەکەیاندا بینی تانکییەکی گەورەی ئاوبوو کە بۆیەی پەڵە پەڵە کرابوو. گەرماکەی لە کێشدا نەبووەو دەرگاکان هەر بە داخراوی ماونەتەوەو دڵۆپێك ئاو نەبووە بیخۆنەوە. کاتێ پاسەکە بەڕێوە بووە سێ منداڵ هاتبوون بەلاداو مردبوون و هەرسێکیان لە تەیموور منداڵتر بوون، بەمەش هەر نەوەستاون و کەس قسەی نەکردووە. تەیموور یادی ئەو ساتەوەختە دەکاتەوەو دەڵێ: "خەڵکەکە تەواو ترسیان لێنیشتبوو، تەواو ماندوو و پڕووکاو، بەجارێ برسی و تینوو بوون و لەوپەڕی نائومێدیدا بوون".

کاتێ کاروانەکە وەستا شەو داهاتبوو. گاردەکان بەندیەکانیان بردە دەرەوە، تەیموور لە تاریکاییدا هیچی نەدەبینی لە بیابانێکی بێکۆتایی بەولاوە، بەڵام توانیبووی نزیکەی سی ئۆتۆمبیل لە کاروانەکەدا بە دی بکات، دەستە دەستە سەربازیش لەو ناوەدا سووڕاونەتەوەو دیاربووە بە لاندکروزەرەکانیان لە تەك پاسەکاندا هاتوون[12]. ئەوجا لە مەتارەکانیان کەمێك ئاویان داوە بە بەندیەکان و پاشان چاوی هەر یەکەیان بە تیلماسکێك پەڕۆی سپی بەستووەتەوە. لە بەر ئەوەی بە سەدان خەڵکی لێبووە کارەکە وەختێکی زۆری گەرەك بووەو بە بۆچوونی تەیموور نزیکەی سەعاتێکی خایاندووە. کاتێکیش تەواوبووە دیسانەوە خەڵکەکەیان سواری پاسەکان کردووەتەوەو تەیموور دەسبەجێ پەڕۆکەی سەر چاوی کردووەتەوە. لێرەوە بە هەڵبەزو دابەزی پاسەکەدا زانیبوویان کەوا لە ڕێگا سەرەکیەکە ترازاون و ڕێگایەکی خۆڵیان گرتووەتە بەر بۆ ناو بیابان.

لە پاش نیو سەعاتێك پاسەکە دیسانەوە وەستاوەو گاردەکان خۆیان هەڵداوەتە خوارەوەو دەرگاکانی پشتەوەیان کردووەتەوە. تەیموور تەماشای کردبوو کەوا هەر ئۆتۆمبیلێك ڕێك بەرانبەر ئەو چاڵەی خۆی وەستاوە کە بۆ ناشتن ئامادەکرابوو،

---

[12] هەرچەندە تەیموور بکوژەکانی بە "سەرباز" ناوهێناوە، بەڵام نەدەچووەوە سەر دەسنیشانکردنی جلی ڕەسمییان. شتێکی زۆر ئاسایی بوو کە ئەو کەسانەی سەر بە دەزگاکانی تر بوون وەك ئەمن و بەعسیەکان هەمان شێوە پۆشاکی چونیەك لە بەر بکەن.

هەر یەك لەم چاڵانەش نزیکەی پانزە پێی چوارگۆشە پان و کەمتر لە یاردێك قووڵ بووە، لە پشتی هەر چاڵێکیشەوە گردۆڵکە خۆڵێکی تازە هەڵدرابۆوە. گاردەکان بە زۆر بەندیەکانیان پاڵناوە بۆ لێواری چاڵەکان و تەیموووریش لە ترس و حەپەساندا لە دایك و خوشکەکانی دابڕاوە. هەر دەسبەجێ ئەفسەرێك و سەربازێك بە کلاشینکۆف کەوتوونەتە گوللەباران کردنیان. شانی چەپی تەیموور پێکراوەو بە دەم ئازارەوە هەنگاوی بۆ لای ئەو سەربازە هەڵهێناوەتەوە کە تەقەی لێکردبوو و لەم ساتەدا تەیموور، وەك دێتەوە یادی سەرنجی دابوو کابرا فرمێسك لە چاوی دێتە خوار، بەڵام کە تەیموور پەلەقاژەی ئەوەی کردووە دەستی پێوە بگرێو لە چاڵەکە بێتەدەر، ئەفسەرەکە قیڕاندبووی بە سەریداو بە عەرەبی فەرمانێکی دابوویەو ئەوجا سەربازەکە دیسانەوە بەر گوللەی دابوو. ئەمجارەشیان گوللەیەك لای ڕاستی تەیمووری گرتبوو ڕێك لە ژوور کلۆکیەوەو خپ خستبووی.

لەدواییدا سەربازەکان پاش ئەوەی کارەکەیان ئەنجام داوە ڕۆیشتوون. تەیموور لە تاریکاییدا نەیبینیون بەڵام گوێی لە دەنگیان بووە، هەر لەو کاتەدا هەستی بە جووڵەیەك کردووە لەولای خۆیەوەو تەماشای کردووە کچێکی منداڵەو لەوە دەچوو گوللەی بەرنەکەوتبێت و بە ئەسپایی پێی وتووە: "با ڕابکەین"، کچەکەش لە وەڵامدا وتبووی: "ناتوانم، زۆر لە سەربازەکان دەترسم". تەیموووریش بێئەوەی زیاتر لە سەری بڕوات خێرا بە کۆمەڵە خۆڵی پشت گۆڕەکەدا هەڵزنابوو. دواتر هەواڵێکی بیستووەتەوە کەوا کچە کوردێکی منداڵ بە زیندوێتی لە بیاباندا دۆزراوەتەوە لەو وەختەداو وایبۆچوو کە هاوەڵەکەی بووبێت لە چاڵەکەدا بەجێیهێشتبوو، بەڵام دایکیو سێ خوشکەکەی ئەو شەوە لە چنگ تیمی گوللەباران کردن دەرنەچوون[13].

---

[13] تەیموور سەرجەم 28 کەس لەخزم و کەسی لە ئەنفالدا تێداچوون.بێجگە لە باوك و دایکیو سێ خوشکەکەی، ئەوانیتر ئەمانە بوون: مامێکی بە ناوی عومەر ئەحمەد قادر، پووری عەینە ئەحمەد قادرو مێردەکەی حمە سعید محیالدین عبدالکریم و سێ منداڵی هەراشیان. پووری مەحسە محمد محمود و نۆ منداڵی، پوورێکی شوونەکردووی بە ناوی حمدیە محمد محمود، خاڵی عوسمان محمد

www.dengekan.com

تــــەیمووریش، وەك کچـــەکە یەکـــەمجار زۆر دەترســـا ڕابکـــات، چـــوونکە لانــدکروزەرەکان هێشــتا هــەر بــە دەوری شــوێنی ئیعدامکردنەکــەدا دەســووڕانەوەو لایتەکانی پێشەوەیان تاریکیی ئەو ناوەی دەڕەواندەوە. تـەیموور گردۆڵکـە خۆڵەکـەی تـۆزێ هەڵـدڕیبوو و خـۆیی تێـدا مـات کردبـوو، هـەر کـە ڕوونـاکیی لایتـەکان لـە گوزەرەکەی دووردەکەوتەوە ئەم خۆی بەکێشدەکرد بۆ چاڵێکی تر، تا بەولایەدا بـۆی دەچوو گەیشتە دوایین چاڵی پڕ لە لاشەو لە دوای ئەوە ئیتر چاڵەکان بـەتاڵ بـوون و کە دەگەیشتە هەر یەکێکیان خۆی بە بنی کۆمەڵە خۆڵەکەوە دەنووساند بـۆ ئـەوەی بەدینەکرێت.

پاشان هەستی بـەوە کـردووە کـە زۆر درەنگـەو وا پێنجـەم یـان شەشـەم کۆمەڵـە خۆڵ تێدەپەڕێنێو هێشتا هەر خوێن لە زامەکانی دەڕوات. بەڵام تەواوی ئەو ناوە وا ئێسـتا کـپ و بێدەنگــە، پاســە داخــراو و لانــدکروزەرەکان ڕۆیشــتوون و تەنانــەت تـەیموور گـوێی لـە دەنگـی هـیچ بلـدۆزەرێکیش نـەما. کەواتـە ئـەو چـاڵانەی لاشـەی قوربانیــە ئیعــدامکراوەکانی ئــەو شــەوەیان تێــدابووە خۆڵیــان بــە ســەردا دراوەو تـەختکراون. هـیچ تـەرمی تـازە بـە دەرەوە نـەماو تـەیموور لـە هەڵاتنیـدا بـە نێـو تاریکیدا بیست چاڵێکی بەتاڵی دیکەشی تێپەڕانـدووە. ئێستا دێتـەوە یـادی کـە ئـەو دەمــەی لاشــە برینــدارەکــەی خــۆی بــەکێش دەکــردو لــە شــوێنی کوشــتارەکە دوور دەکەوتەوە تەنها بیری لە یەك شت دەکردەوە: "گەر بـە سـەلامەتی لەمـە ڕزگـاربم، مەرج بێ پێنج دینار بکەمە خێرو بیدەمە هەژار".


مانگ بە ئاسمانـەوە نـەبوو و تـەنها جارێ لایتـی ئۆتـۆمبیلێکی لـە پشـتیەوە لـە دوور بینی. ئەوجا گەیشتە دوورپێیانی ڕێگایەکی خۆڵ و کوێرانە یـەکێکیانی گـرت و ڕۆیشـت، لـە پـاش دوو سـەعاتێك ڕێکـردن گەیشـتە ئاقـاری چـەند مـاڵێکی ڕەشمـاڵ نشینی بەدوو، سەگەل کەوتنـە وەڕیـن و دەنـگ و هـەرا خـاوەنی نـزیکترین خێـوەتی وەئاگاهێنــاو بــە لایتێکــی دەســتییەوە ســەری کێشــاو مێردمنــداڵێکی بــە بــەرگی کوردییەوە بینی کەوا سەرتاپای خوێن بوو و ڕایکێشا ژوورەوە. ئـەوان نەیانـدەتوانی لە یەکتر تێبگەن، نـە بەدووەکـە لـە کوردی دەگەیشت و نـە تـەیمووریش وشـەیەکی عەرەبیی دەزانی. کابرا نەیتوانی هیچ شتێك بکات بـۆ چارەسـەر کردنـی برینـەکانی

---

محمودو ژنەکەی ئامینە علی عزیزو چوار لە چواردە منداڵیان. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ تەیموور عبداللە أحمد، کۆمەڵگای سموود، 29 ی تەمووزی 1992.

تـەیموور، ئەگەرچـی زۆر کاریگـەریش نـەبوون و ژیانیـان نەخسـتبووە مەترسـیەوە. ئەم پیاوە ماوەی سێ ڕۆژ لـە خێوەتەکەیدا شاردیەوەو پاشـان بـە پیکابەکـەی خـۆی بردبووی بۆ نزیکترین شار، بۆ سەماوەی باشووری بەغـدا، کـە دوا قۆنـاخی وەسـتانی کاروانی ئەو خەڵکە پیرو نەخۆشە بوو کە دەبران بۆ نـوگرە سـەلمان. تـەیموور لـەوێ مایــەوەو مــاوەی دوو ســاڵ خێزانێکــی عــەرەبی خێرخــواو بەبــەزەیی داڵــدەی داو شاردیانەوە. دەرەنجام خێزانەکە بە کەسانێکدا کەوا کەوتبوونە بەینـەوە، بـە نهێنـی هەواڵیان بۆ مامێکی دەربازبووی تەیموور ناردبوو لە کەلار، کـەوا کوڕەکـە زینـدووەو لە بارودۆخێکی باشدایە. لـە ئۆکتۆبـەری 1990دا تـەیمووری مامەکـەی گەیشـتنەوە یـەك. ساڵی دواتـریش پـاش ڕاپەڕینـە سـەرنەکەوتووەکەی کـورد چـیرۆکی تـەیموور لـەملاو لـەولا بڵاوبـووەوەو بـۆ یەکـەمجار ئـاوڕی ڕاسـتەقینەی جیهـانی دەرەوەی پێدایەوە لە ئەنفال کە چەند تۆقێنەرو ترسناك بووە*.

---




نان 25 ی ئاب – 6 ی ئەیلولی 1988

* نووسەری عێراق
کردووە بۆ چاوپێک
گیرفان و بە خەتێ
نیشتمانیی عێراقە

# بەشی دەیەم

# ئەنفـالـی کـۆتـایـی:

# بــادیـنــان

## 25 ی ئاب ـ 6 ی ئەیلوولی 1988

*"ئەو دەمە دەرمان لە فڕۆکەوە دەباری".*
*ـ قوربانییەکی هێرشی کیمیایی 25 ی ئاب*
*بۆ سەر گوندی گویزێ لە ناوچەی ئامێدی.*

هێشتا هەر دوا پاشماوەی PUK بەردەوام بوو لەبەرگریکردندا، کە نەخشەو پلانەکانی بەغدا بۆ ڕامالینی پارتی دیموکراتی کوردستان KDP ی مەسعوود بارزانی کەوتەکارو پێشڕەوییەکی بە پەلە دەستپێکرد. لە 7 ی ئابی 1988دا وەك دەبینین، علی حسن المجید خۆی بە شەخسیی پێی لە سەر سوپای عێراق داگرت پەلە بکات لە تەواوکردنی عەمەلیاتی ئەنفال. ڕۆژی دواتر فەرماندەیی باڵای سوپا "بەیانی بەیانەکانی" خۆی دەرکردو ڕایگەیاند کەوا ئاگربەستێك بە پێی مەرجەکانی عێراق کەوتە کارو کۆتایی بە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران هێنا، کەوا خەرج و باجەکەی ملیۆنێك گیانی مرۆڤ بوو[1].

ئاگربەستەکە پاڵپشتێکی یەکلاکەرەوەی پێویست بوو بۆ سوپای عێراق بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئەنفال بێنێ. فەیلەقی یەك کەوا قۆناخەکانی سەرەتای ئەنفالی گرتبووە ئەستۆ لە بارەگای خۆیەوە لە کەرکووك، ئێستا پاشماوە لاوازەکەی بەرگریی لە دۆڵەکانی شەقڵاوەو ڕەواندزدا هەڵدەبڕێ. فەیلەقی پێنجی سوپاش کە بارەگای لە هەولێر بوو، دەبوو بەرپرسی عەمەلیاتی پارێزگای دهۆك بێت. بە درێژایی سنووری نێوان عێراق و تورکیادا، فیرقەکانی تریش وەك باسدەکرێ و لەوانەش هەندێ تەشکیلاتی فەیلەقەکانی سێ، شەش، حەوت وا ئێستا لە بەرەکانی باشووری جەنگەوە، لە دەوروبەری فاو و بەسرەوە دەگوێزرێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و ئەرکی نوێیان پێدەسپێردرێت.

لە پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا، لیوا ڕوکن یونس زەرب، فەرماندەی فەیلەقی پێنج دەنووسێ: "هەر لە سەرەتاوە ورەی بەرز بە ڕوخساری جەنگاوەرانەوە دیاربوو، بە تایبەتی لە دوای تێکشکانی ئێرانی دوژمن لەو هێرشە سەرکەوتووانەدا کە بە شەڕی قارەمانانەی فاو دەستپێکردو تا شەڕی (محمّد

---

[1] بڕوانە کۆردسمان و واگنەر (Cordsman and Wagner, Iran - Iraq at War, P3) کوژراوانی ئێران لە نێوان 450 بۆ 730 هەزار و هی عێراقیش لە نێوان 150 بۆ 340 هەزاردادەنێن، ئەم ژمارانە پشت بە خەمڵ و مەزەندەکانی CIA دەبەستێت.

www.dengekan.com

رسـول الله) ی خایانـد[2]. ئـەو تەشـکیلاتانەی لـە ئەنفالـدا بەشـدارییان کـرد لـەو شەڕانەشدا ڕۆڵی خۆیان بینی[3]". کۆکردنەوەی هێزێکی زۆرو زەبەنـدی وا پێویست بوو، وەك جەنەراڵ هەستی پێکردبوو، چوونکە کاروباری لۆجستی کێشـەیەکی گـران بـوو و هێزەکـانی دەبـوو بـەرەو ڕووی شەڕوشـۆڕی گـەریلایی کلاسـیکی ببنـەوە لـە دێهاتدا:

"ناوچـەکە بـە گشـتی شـاخاوییەو بەشـەکانی بـاکوورو ڕۆژهەڵاتیشـی کـە هاوتەریبی هێڵەکانی سنووری عێراق و تورکیان زۆر تووش و سەختن و ڕەز و باخ و دارستانی سروشـتیی زۆری تێدایـە. زەوییەکـەی لـە ناوچـە بەرزاییەکانـدا بـەردینی جۆری نیشتووەو زەوییە نزمانەکانیش بریتین لە خاکی پتەو و تێکەڵەی لم و قـوڕ، کـە بـەرەو باشـوورو ڕۆژاوا کشـاوە بـۆ لای پێدەشـتەکانی سـلێڤانیو ئـاکرێ. ئـەم ناوچەیە گەلێ دۆڵ و زێی تێدایە کە لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوورو ڕۆژئاوا شۆڕدەبنەوەو ڕووبار پێکدێنن. لێرە زنجیرە چیا, لووتکـەی بـەرز, دۆڵ و دەربەنـدو گەلێ کۆسپی تـر تەگـەرەی گـەورە دەخەنـە ڕێـی جموجـووڵی هێزەکـان و کەرەسـتەو ئامێری گواستنەوە"[4].

ئەمـە باسـێکی نـاڕێکوپێکی پـلان دانـەری سـەربازی بـوو بـۆ ناوچـەی بادینـانی ناوجەرگـەی شـاخاویو نـەریتیی مـەلا مسـتەفای بـارزانیو"نـەوەی خیانـەتکاریی"* کوڕانی. لە گەڵ ئەوەشـدا کـەوا سروشـتی سـەختی ناوچـەکە پێداویسـتیی لۆجسـتیی ئاڵۆزکردبوو، کە مەرجە دابـین بێـت بـۆ سـوپایەکی نیزامـی، بـەڵام پـەلاماری دژ بـە KDP لە هەندێ سەرەوە پتەوتر و داڕێژراوتر بوو لەوەی کە بۆ تێکشکانی PUK سازکرا. *پێشمەرگەکانی* KDP بە زۆری لە یـەك ناوچـەی جوگرافیـدا خڕبووبـوون، ئەویش بادینان بوو کەوا کاروباری عەمەلیاتی لە بنکەی زێوەشـکانەوە بـەڕێوەدەبرا، کە گوندێکی چۆڵکراوی سەر سنووری تورکیا بوو[5].

---

[2] شەڕی "محەمەد پێغەمبەری خوایە"، (یان ڕاستتر محمد رسول الله - وا) هێرشێکی عێراق بوو کەوا هێزەکانی ئێرانی ڕاماڵی لە ناوچە شاخاویەکانی بەرەی باکووردا، لە ناوەڕاستی حوزێرانی 1988دا.

[3] شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی، لاپەڕە 39 .

[4] هەمان سەرچاوە.

* ئەمە گواستنەوەیەکی ناوزەدکردنی سەدام حوسێن و ڕژێمی عێراقە، کە زۆر جار نووسـەرانی ئـەم ڕاپۆرتە - کتێبە دەگەڕێنەوە سەری بۆ KDP و PUK و سەرکردەکانیان - و.

[5] لە کاتێکدا کەوا PUK سەرکردایەتیی ناوچەیی هەبوو، کە *مەڵبەندی* پێدەوترا، KDP چوار لقی هەبوو کە کاروباری سیاسیو سەربازیشیان لە ئەستۆ گرتبوو. زێوەشکان بارەگای لقی یەك بوو، لقی

* * *

هەرچەندە حیزبی بەعس پێنج مانگی تەرخانکردبوو بۆ "پاککردنـەوەی" ئـەو ناوچـانەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی PUK دا بـوون، بـەڵام هـەرگیز وازی لـەو ڕق‌و کینـە تایبەتیە نەهێنا کە بەرانبەر بە KDP هـەیبوو . KDP لـە پێشدا لـە گـەڵ شـای ئێراندا هاوپەیمان بوو دوای ئـەویش پەیوەندییـەکی بـەتینی لەگـەڵ ڕژێمـی ئـایینی تاراندا دەستپێکرد. لە چەندین بۆنەشدا وەك چاوساغ کاری بۆ سوپای ئێـران دەکـرد لە بەرەی باکووردا. بەهێزیی ئەم هاوپەیمانیە تاڕادەیـەك نـامۆو سـەرنجڕاکێش بـوو چونکە توندڕەویی ئـاینی هـیچ کـاتێ مـۆرك و خاسـیەتی KDP نـەبووە. پـارتی لـە جێـی ئـەوە هـەڵگری خاسـیەتی ڕەگـداکوتاوی بـەها نەریتیـەکانی دۆڵـە تەنگەبـەرو قووڵەکانی بادینان بوو، کە بەشێکی بەرینی چوار هەزار میلی چوارگۆشەی چیاکانی زاگرۆسەو سنووری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری زێـی گەورەیـەو باکووریشی تورکیایـە. هـیچ شـارێکی گـەورەش لـەم ناوچـە وشـك و برینگـەدا هەڵنەکـەوتووە. بادینـان نـە وەك سلێمانییە بۆ ئاوێتەبوونی کولتووری جۆراوجۆرو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نـە وەك هەولێرو کەرکووکیشە بۆ گەشەکردنی پیشەسازی. لێرە بنیـاتی خێڵـەکی‌و دڵسۆزی‌و ملکەچـی بـۆ ئـەو بنیاتـە بـەهێزەو KDP یـش هـەردەم پشـتگیری ئاغـاو شـێخە کۆنەپارێزەکانی ناوچەکە بووە، کە تـا ئێستاش پەرۆشییەکیان تێدایـە بـۆ ڕۆژگـاری ئیمپراتـۆرێتی عوسمـانی، ئـەو دەمـەی کـە دەسـەڵاتدارێتی خێڵـەکی لەکوردسـتاندا خودموختارییەکی زۆری پێدرابوو[6].

---

دوو کە بنکەی لە دۆڵی سماقووڵی بوو عەمەلیاتی پارێزگای هەولێری لە ئەستۆ گرتبوو، لقـی سـێ لـە گوندی جافەرانی قەرەداخەوە کاروباری KDP لە پارێزگای تەئمیم (کـەرکووك)دا بـەڕێوە دەبـرد، لقی چواریش لە ناوچەی چـوارتا بـوو و بەرپرسـی سـلێمانی بـوو. هـەروەها KDP هەنـدێ هێـزی تایبەتیشی هەبوو وەك هێزی بارزان لە ڕایات (ناحیەی مێرگە سوور). چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ هۆشیار زێباری، واشنتۆن، 7 ی حوزێرانی 1993.

[6] لە ناو هۆزە کوردەکاندا، ئاغا ڕابەری دنیایی‌و شـێخیش ڕابـەری ئـاینین، کتێبەکـەی مـارتن ڤـان بروونەسن "ئاغا، شێخ، دەوڵەت" بە وردیی لەم بابەتە دواوە،

Martin Van Bruinessen: Agha, Shaikh and state.

www.dengekan.com

لــە کاتێکــدا کــەوا KDP ئیلهامبەخشــی کۆمــەڵی دڵســۆزان و لایــەنگرانی پارتیزانیی بوو، کە بەشێوەیەکی مێژوویی لـە دۆڵی بارزانـەوە سەرچاوەی گرتبـوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە نێـو سـەرکردە خێڵەکیـەکانی تـردا دوژمنـی بەهێزیشـی بـۆ پەیدا بووبوو. ئەم دووبەرەکیانەش بوون بـە هـۆی ئـەوەی کـە دوا قۆنـاخی ئـەنفال هەندێ خەسڵەتی تایبەتی هەبێت و جیاییکاتەوە لە قۆناخـەکانی دیکـە پرۆسـەکە . هەندێ گرووپی خێڵەکی کـەوا ئاشـتییەکی جیاکاریـان لـە گـەڵ بەغـدادا پێکهێنـابوو توانییان خۆ لە ستەمی ئەنفال بپارێزن. ژمارەیەکی بەرچاوی گونـدەکانی بادینـان و دەوروبەری، هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەك مانەوە، بـە تایبـەتی گونـدەکانی سوورچـی، زێباری، برادۆست و دۆڵەمەری. ئەو گوندنشینە کوردانەش کـە تێداچـوون ڕزگاریـان دەبوو ئەگەر بهاتایەو *موستەشارە* خۆولاتیەکە قەناعـەتی بـە بەغـدا بکردایـە کـەوا ئەوانە بە هەوادارێتی *پێشمەرگە* خراپ نەبوون.

کـارێکی وا ئاسـان نـەبوو بـۆ خـەڵکی دەرەکیـی کـە ژمـارەی *پێشـمەرگەی* کـارای KDP بـزانن. بـە پێـی مەزەندەیـەك سـاڵی 1985 پـارتی شـەش هـەزار شـەڕکەری هـەبووە بەرانبــەر بــە پێــنج هــەزاری PUK[7]. خەملانـدنێکی دواتـر, لـە سـاڵی 1988دا هێـزی هـەر لایـەکیانی بـە دە هـەزار خەملانـدووە[8]. ڕاسـتیەکەی ئـەم ژمارانــە لــە لایــەن نووســەرانی لایـەنگرەوە باسـکراون و ڕەنگـە زیادەڕۆییـان تێـدا کرابێت. ڕاپۆرتەکانی هەوالگریی سەربازییو مەدەنی, کە دراون بە لیوا ڕوکن زەربی فەرمانـدەی فەیلـەقی پێـنج باسـی ئـەوەیان کـردووە کـە سـەرجەم ژمـارەی هێـزی "تێکدەران" لە بادیناندا لە 2600 کەس زیاتر نەبووە[9].

---

[7] ڤان بروونسەن "کورد لە نێوان ئێران و عێراقدا"، ل270
Van Bruinessen, “The Kurds Between Iran and Iraq”

[8] ئە. شێرزاد: "بزووتنەوەی کورد لە عێراقدا، 1975 ـ 1988"
A. Sherzad: The Kurdish Movement in Iraq, P.138).

[9] مەزەندەی سوپا ئەوەبووە کە KDP خۆی لە نێوان 1800 تـا 2000 جـەنگاوەری لـە بادینانـدا هەبووەو بە سەر نزیکەی شەش کۆمیتەی ناوچەییدا دابەش بـووە. بێجگـە لـە 250 KDP ــ 300 *پێشمەرگەی* PUK لە دۆڵی زێوەشکان بووە، نزیك بە سنووری تورکیاو لە ڕۆژهەڵاتی هاوینەهەواری ئامێدییەوە. هەروەها 200 ـ 220 شەڕکەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق و حەفتا "تێکـدەری" پـارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی سـامی عبـدالرحمن، کـە کۆمـەڵێك بـوون لـە KDP جیابووبوونـەوە. KDP بەردەوام ئەو ژمارانـەی سـوپا ڕەتدەکاتـەوە، بـە پێـی قسـەی بەرپرسـانی KDP، هێـزی شەڕکەری ڕێکخراوەکە لە سەروەختی ئەنفالدا هەشت هەزار کەس بووە، بێجگـە لـە سـی و شـەش هەزارکەسـی خـەڵکی دێهـات کـەوا بـە ڕەسمـی لـە "هێـزی پشـتگیریی" میلیـدا وەك ئەنـدام

دژ بەم هێزە کەم و بچووکەو دژ بە دانیشتوانی مەدەنیی بادینان، بیرۆی باکووری علی حسن المجید دوو سەد هەزار سەربازی ناردنە سەر. بە پێی چەندین سەرچاوەی سەربازیی پێشووی عێراق کە میدڵ ئیست ووچ چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردبوون، لە نێوان 14 تا 16 فیرقەی سوپای نیزامیی کە هەریەکەیان دوانزە هەزار کەس دەبوون لە پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا بەشدار بوون، ئەمە بێجگە لە بەشداربوونی بەتالیۆنێکی چەکی کیمیاییو یەکەکانی هێزی ئاسمانیی عێراق و فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی یان *جاش*. ستراتیجیەتی ڕژێم وەك جەنەراڵ زەرب نووسیویێتی: "بەند بووە لە سەر ئەو ئامۆژگاریانەی کە مەکتەبی باکوورو سەرۆکایەتیی ئەرکان لە کۆنفرانسەکەی 7 ی ئابدا لە کەرکووك دەریانکردووە". سەرەتا بنەڕەتیەکانی کارەکەش ئەوەبوو کەوا لە قۆناخەکانی پێشتری ئەنفالدا پیادە کران و بریتیبوو لە خستنەگەڕی هێزێکی زەبەلاح "بۆ ئەوەی لە گشت لایەکەوەو لە یەك کاتدا تێکدەران بداتە ناو بۆ مسۆگەر کردنی گەمارۆدانێکی تەواو"[10]. پێدەچێت مەسەلەی جیۆپۆڵیتیکیش بە تەواوی ڕەچاو کرابێت لەم بیرکردنەوەیەدا. جەنەراڵ زەرب سەرنجی ئەوە دەدا کەوا "ناوچەی عەمەلیات بەسترابوو بە سنووری نێودەوڵەتیی عێراق و تورکیاوەو ئەمەش هەندێ ئاڵۆزیی دروستکردبوو... بەم ڕەنگە فەرمان بە هەموو هێزەکان درا کە کارەکە بە چاکی وەربگرن بۆ مسۆگەر کردنی نهێنیی مەسەلەکەو تێنەپەڕاندنی سنوور"[11]. دوا سەرئێشەی جەنەراڵ کاروباری لۆجستی بوو. "قەبەیی کارە ئەندازیاریەکە کە پێویست بوو بۆ ڕووخاندن و ڕامالینی پاشماوەی تێکدەران و خانوو و ماڵیان لەو ناوچانەدا کە عەمەلیاتەکە دەیگرتەوە .. هێند گەورە بوو کە قورساییەکی نائاسایی خستبووە سەر شانی ئەو یەکەیە"[12]. ڕامالینی ئەوانەی مابوونەوە لە "تێکدەران"

---

تۆمارکرابوون. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ هۆشیار زێباری، واشنتۆن، 7 ی حوزێرانی 1993.

[10] "شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"، لاپەڕە 2 .

[11] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 32 .

[12] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 33 .

www.dengekan.com

و خانووبــەرەیان، بــە واتایــەکیتر وێرانکردنــی نزیکــەی 300 - 400 گونــدی کوردنشینی بادینانی دەگەیاند.

★ ★ ★

## بادینان لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی کۆتاییدا

لە ڕۆژانی پێش دەستپێکردنی دوا ئەنفالدا بەڵگەیەکی زۆر لە ئارادا هەبوو کەچی بە دەستەوەیە. هێزێکی زەمینیی یەکجار قەبە بە درێژایی شارێکانی پارێزگای دهۆکدا بەدی دەکراو بەردەوام ناوچەکە بە تۆپبارانی خەست و بۆردمانی فڕۆکە دەکوترا. هەندێ جاریش بۆمبی هێشوویيان بەکاردەهێنا، بۆ نموونە گوندی سپیندارى لای باشووری قەدپاڵەکانی چیای گارە، لە 24 ی ئابدا بە بۆمبی هێشوویی بۆردمان کراو دوو کوڕی منداڵی چوار ساڵ و پێنج ساڵی کوشت کە ئامۆزای بوون, لە کاتێکدا کە بزنی خێزانەکەیان لە دەرودەشت دەلەوەڕاند[13]. هەر کە ئەم هێرشە سەرەتاییانە دەستیان پێکرد، هەندێ خێزان کەوتنە هەڵاتن بە تایبەتی ئەوانەی گوندەکانیان لە سنووری تورکیاوە زۆر دوور نەبوو و بە پێیان دەگەیشتن، بەڵام خەڵکەکەی تر هەر لە شوێنی خۆیان مانەوەو چاوەڕێ بوون باری توندوتیژیەکە تێپەڕێت. وێڕای ئەوەش وایبۆدەچوون مەسەلەکە وەك گوندی سپیندار بکەوێتەوە، کەوا لە ناوەڕاستی سالآنی شەستەوە گەلێ جار پەلامار دراوە. لە گەڵ ئەوەشدا کە سپیندار خۆی چەند جارێك سووتابوو، بەڵام حوکوومەت هیچ کاتێ ڕێی لە دانیشتوانی نەگرتبوو کە بگەڕێنەوەو دروستیبکەنەوە.

ئەو دەمە دەسەڵاتی ڕژێم بە سەر پارێزگای دهۆکدا کەمبووبۆوە بۆ چەند شارۆچکەو کۆمەڵگایەکی سەر ڕێگاوبانە سەرەکیەکان. هێزەکانی سوپا لەم بنکەو سەنگەرانەیانەوە, لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دڕندانە خاڵەکانی پشکنینان توند گرتبوو. گوندنشینێك دەیگێڕایەوە کەوا "بڕای بڕای نەیاندەهێشت خواردەمەنی لەو بازگانەوە بڕوات و تەنانەت قوتووی بچووکی شیری منداڵیشیان قەدەغەکردبوو، بە هەمان شێوەش نەیاندەهێشت بەروبوومی گوندەکان بچێتە بازاڕەوە لە

---

[13] چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ، دهۆك، 10 ی حوزێرانی 1992.

www.dengekan.com

شارەکاندا"[14]. گوندنشینێکی دیکەش دەیوت: "سێ چوار ساڵیش لە پێش ئەنفالدا تەنها ئافرەت دەیتوانی بە خاڵەکانی پشکنیندا گوزەر بکات، لە بەر ئەوە خەڵکەکە ناچار بوون بە قاچاخی ئاردو برنج و خوێو ڕۆن و نەوت و سابوون و تایدو ڕاشی دەربکەن و هەموو شتێك بەم ڕێگەیە بهێنرایە زۆر گران دەکەوت لە سەرمان. لە خاڵی پشکنینەکەدا (لە شارۆچکەی سەرسەنگ) سەربازەکان هەر شتێکیان بگرتایە دەیانبردو ئاگریان تێبەردەدا، جاری واش هەبوو ئافرەتان شتێکیان لە ژێر جلوبەرگیاندا دەشاردەوە"[15]. گەلێ شایەتحاڵ باس لەو پیاو و مێرمنداڵانە دەکەن کە گیرابوون و سەرنگوم کرابوون چوونکە خواردەمەنییان شاردبۆوە، بەو گریمانەیەی کەوا بۆ *پێشمەرگەیان* بردووە.

لە بادینانیش دەردی ناوچەکانی سۆرانی زمان لە باشوور، کوردەکە ڕاهاتبوو بە ڕۆتینی بارودۆخی سەخت و دژواری سەردەمی جەنگ، هەر کاتێکیش هێزە چەکدارەکان ڕاپۆرتیان لە سەر جموجووڵی *پێشمەرگە* بۆ بچوایە، ئەوا فڕۆکەی هێزی ئاسمانی دەکەوتنە هێرشبردن و بۆمباران و ڕۆکێت هاوێشتن، وەختێ فڕۆکە دەهاتن، خەڵکەکە یەکسەر ڕایاندەکردە ئەشکەوت و ژێرزەمین و ژێر دارو درەختەوە. ناو بە ناویش هەلیکۆپتەر هێزی پیادەی لە گوندێکدا دادەبەزاندو ماڵ بە ماڵ دەکەوتنە گەڕان بە دوای سەربازی هەڵاتوو و موتەخەلیفدا. تۆپخانەکانی نزیکترین شارۆچکە یاخود سەربازگە کوێرانە تۆپبارانیان دەکردو هەندێ جار جووتیارێکی بەدبەختی دەکوشت لە کاتی کارکردنی لە کێڵگەکەیدا.هەروەك ئەم هێرشانەی عێراق بەس نەبووبێت، دانیشتوانی بەشێك لەم ناوچە سنووریانە دەبوو ململانێ لە گەڵ هێرشی فڕۆکەی هێزی ئاسمانیی تورکیاشدا بکەن لە جێبەجێکردنی ئەرکی پشکنین و وێرانکردنیاندا دژ بە دەستەو تاقمی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا PKK کە بنکەکانیان لە باکووری عێراقدا دامەزراندبوو[16].

---

[14] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، گوند کۆسە، 5 ی ئەیلوولی 1992، هەروەها بڕوانە ڕاسپاردەکانی حوکوومەت لە ساڵی 1987دا سەبارەت بە توندکردنەوەی ئابڵووقەی ئابووری، لە لاپەڕە 144 ـ 146 دا.

[15] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای کوانێ، 29 ی ئابی 1992.

[16] لە ساڵانی 1930وە تورکیاو عێراق بەردەوام هەماهەنگی دەکەن لە سەرکوتکردنی نەیارانی کورددا. لە ساڵی 1982دا هەردوو حوکوومەت ڕێکەوتننامەیەکیان مۆر کرد کە ڕێگە بە تورکیا

لە بەهاری 1987داو لە ئەنجامی ئەو بڕیارانەدا کە لە لایەن علی حسن المجیدەوە دەرچووبوو، کە تازە هاتبووە سەرکار, تەواوی پارێزگای دهۆك هێڵی سووری بە دەوردا هێنرا، (ئەم پارێزگایە ناوچەیەکە کەمێك لە ویلایەتی کۆنێکتیکەت بچووکترە). لێرەش وەك ناوچەکانی سۆرانی زمان شالاَویکی گوند سووتاندن لە نیسان و مایسدا دەستیپێکردو چلو نۆ گوند لە شوێنە جیاجیاکانی بادینادا وێرانکرا[17].

"هێڵە سوورەکەش" بە ڕادیۆی ڕەسمی ڕاگەیەنرا، وەك پیاوێکی خەڵکی گوندێکی نزیك شارۆچکەی مانگێش دەیگێڕایەوە. ئەوانەی کە هاتبوونە لای حوکوومەت بە "میللەتی خۆمان" لە قەڵەم دران، وەك ڕادیۆکە جاڕی بۆ دەدا، ئەوانەش کە نەهاتبوون بە ئێرانی دانران. حوکوومەت بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەی بە ناوەوە، گشت ئەو ڕێگا گلاَنەی کەوا دەچوون بۆ گوندە قەدەغەکراوەکان بە کۆمەڵە خۆڵ داخست[18]. کاتێکیش سەرژمێریەکەی ئۆکتۆبەر هاتە ئاراوە زۆر بە کەمی کاری کردە سەر ناوچە دێهاتیەکانی بادینان، تەنانەت وەك بە میدڵ ئیست ووۆچ وتراوە، زۆر گوند هەر پێی نەزانیبوو.

لە گەڵ ئەوەشدا کە هەواڵی ترسناك و دڵتەزێن دەربارەی ئەنفال، بە هۆی ڕادیۆی KDPەوە کە لە ئێرانەوە پەخشدەکرا، دەگەیشتە بادینان کەچی لەوە نەدەچوو گوندنشینەکانی ئەو دەڤەرە بڕوایان هێنابێت کەوا پەلامارەکەی ساڵی 1988 ی حوکوومەت لەوانی پێشتر جودابێت. جێگای سەرسوڕمانە کەوا نەك هەر خەڵکە مەدەنیەکە نەکەوتنە حاڵەتی ئامادەباشی نائاسایی ئەم پێشهاتە سەخت و کارەساتبارەوە، بەڵکو KDP خۆیشی کەوا لەو کاتەدا کۆمیتەی ناوەندیی لە ناو

---

بدرێ هێزی چەکداری بنێرێتە عێراقەوە بۆ ڕاوەدوونانی کوردی یاخیبووی تورکیا، یان لە گەڵ سوپای عێراق عەمەلیاتی هاوبەش ئەنجام بدەن دژ بە پێشمەرگەی کوردی عێراق. بڕوانە ئیکۆنۆمیست (The Economist)، 18 ی حوزێرانی 1993.

[17] بە گوێرەی مەسحێك کە لە لایەن کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی کوردستان (KURDS)ەوە ئەنجامدراوە، کە دەزگایەکی فریاکەوتنی ناوخۆیە.

[18] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، دهۆك، 4 ی ئەیلوولی 1992.

www.dengekan.com

ئێرانـدا کۆبوونـەوەی دەکـردو دەسـتپێکردنی ئـەنفالی کۆتـایی لـە ئـان و سـاتدا بـوو، کەچـی لـەوە نەدەچـوو چـاوەڕوانی هـیچ شـتێکی نائاسـایی بێـت. هەرچـەندە پێشـمەرگەکانی ناوچـەکە خـەڵکی دێهاتـەکانیان لـە ئەگـەری بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی ئاگـادار دەکـردەوە، بـەڵام سـەرکردایەتیی KDP لـەوە ناچـێت هـیچ ئاگادارییەکی حاڵەتی لەناکاوی بڵاوکردبێتـەوە. فەرماندەیـەکی ناوچەکە دەیووت: "وامانـدەزانی لـە پـاش هەڵەبجـە کۆمـەڵی نێودەوڵـەتیی سـەدام حوسـێن ڕادەگـرێ"، ئەمە هەڵوێستێکی پڕ هیوای سەرسامکەر بوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەیان هێرشـە کیمیاییەی کەوا لەو بەهارو هاوینەدا ئەنجامدران[19].

دەزگای سەربازیی عێراق، تەنانەت لە بەڵگەنامە ناوخۆیەکانیشیدا کە ئەوپەڕی نهێـنین، خـۆ لادەداو بێـدەنگی دەکا لـە مەسـەلەی بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی لـە ئەنفالی کۆتاییدا[20]. ڕاپۆرتەکەی جەنەراڵ زەرب تەنها ئەو تێبینیە دەخاتـەڕوو کـە ئـەو بەتالیۆنـەی کارەکـەی لەئەسـتۆ گرتبـوو "ڕۆڵێکـی بێهاوتایـان" بینـی لـە پەلامارەکەداو" بە تەواوی وەك هەموو گرووپەکانی تر" یەکەکـە خرابـووە حاڵـەتی ئامادەباشـییەوەو سەرپەرشـتی بـەکـارهێنانی گڕهاوێـژی دەکـرد لـە لایـەن هێـزی پیادەوە (مەبەستی تۆپی کیمیایی وەشێنە- و). زەرب لە لایـەکی تریشـەوە دەنووسـێ "یەکەکـە لـە کـاتی شـەڕدا ڕۆڵێکـی تـری نـەبوو چـوونکە شـەڕەکە لـە نـاو سـنوورە جوگرافیـەکانی وڵاتـدا بـوو"، ئەمـە سەرسوڕمانێکی سـەیرو سـەرنجراکێش بـوو لـە لایـەن جەنەراڵـەوە، ئـەوەی دەردەبـڕی کـەوا لـە قۆناخـەکانی پێشـووی پـەلاماری ئەنفالـدا چـەند بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو تۆپبـارانی کیمیـایی لـە نـاو خـاکی عێراقـدا بەکارهاتووە.

---

(19) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، زاخۆ، 1 ی ئەیلوولی 1992.

(20) حوکوومەتی عێراق تەنانەت لە پەیوەندیەکانی ناوخۆشیدا، بەوپەڕی نهێنیەوە مامەڵـەی لـە گـەڵ چەکە کیمیاییەکانیدا دەکـرد، نووسـراوی ژمـارە ش19299/5 لـە بەڕێوەبـەری ئـەمنی پارێزگـای هەولێرەوە بۆ تەواوی بـەش و دەزگاکـانی، ڕۆژی 17 ی دیسـەمبەری 1988 لـە جـۆری "نهێنـی و شەخسی و تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە بۆی چووە" ئەمەی تێدایە: "لە بەر ڕۆشـنایی یاداشـتی دیـوانی سەرۆکایەتیی بەڕێز، ژمارە 44154/11/4/4 لە 4 ی کـانوونی یەکـەمی 1988دا، بڕیـاری ئـەوە دراوە کە هەموو ئەو نووسراو و یاداشتانەی زانیارییان لە سەر بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی تێدایە، دەبێ بەرزترین پلەی نهێنییان بدرێتێ، تەواوی ئیجرائاتی پێویست وەربگرن و ئەم یاداشـتنامەیە لای خۆتان بپارێزن و ئیمزای وەرگرتنی بکەن".

ئەم داکۆکیو پێداگرتنەی جەنەراڵ زەرب واپێدەچێت ناکۆك بێت، لە بەر ئەوە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە پەلاماری بادیناندا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە جارێکی بەربڵاوی لێدرا. بە هەرحاڵ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە ئاسانە، چونکە عەمەلیاتی بۆمبارانی کیمیایی لە ماوەی ئەنفالی کۆتاییدا لە ئەستۆی هێزی ئاسمانیی عێراقدا بوو، یەکەکانی تۆپخانەی کیمیایی سوپاش کەوا لە شەش حەوت شوێن دامەزرابوون بێدەنگ مانەوە[21]. لە ڕێگەی شایەتیی کوردە ئاوارە برینداەکانەوە لە تورکیا، هەر زوو دنیا پێیزانی کەوا گازی خەردەل و دەمارەگاز لە باديناندا بەکارهاتوون[22]. گاڵبرەیت و ڤان هۆلن بە تۆمارکردنی ناوی 49 گوند کە "بەر گاز کەوتبوون"، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە عێراق "بە ئەندازەیەکی فراوان چەکی کیمیایی بەکارهێناوە دژ بە دانیشتوانە کوردەکەیو لە 25 ی ئابی 1988ەوە دەستی پێکردووە"و ئەم هێرش و پەلامارانەش "لەناوچوونێکی گەورەی ژیانی خەڵکی مەدەنیی بە دواوە بووە"[23].

---

[21] *موستەشارێک* دەگێڕێتەوە گوایە تۆپی کیمیایی دژ بە گوندی وەرمێلێ بەکارهاتووە، بەڵام لەو چاوپێکەوتنانەدا کەوا لە گەڵ دانیشتوانی ئەو گوندەدا ئەنجامدراوە ئەمەیان نەسەلماندووە. چاوپێکەوتنی میدل ئیست ووچ، زاخۆ، 1 ی ئەیلوولی 1992. دەربارەی ڕووداوەکانی وەرمێلێ بڕوانە لاپەڕە 454.

[22] هەروەها مقۆمقۆی بەردەوامی ئەوە هەیە کەوا عێراق چەکی بایۆلۆجیشی بەکارهێناوەو باس لەوە دەکرێ کە هەندێ نەخۆشیی نامۆ و نائاسایی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بڵاوبووەتەوە. لانیکەم بەڵگەنامەیەك دەیسەلمێنێ کەوا سوپای عێراق عەمباری ئەم جۆرە چەکانەی هەیە، لە نووسراوێکی "ئەوپەڕی نهێنیو شەخسیدا" کە ژمارەکەی ھ/1277 و بەرواری (8 ی ئابی 1986)ە، فەرماندەی کەرتی هەولێر، جەنەراڵ عبدالوهاب عزت فەرمان دەداتە تەواوی یەکەکانی ناوچەکەی کە جەردێکی نیو ساڵەی هەموو ئەو توخمە بایۆلۆجی و کیمیاییانە بکەن کە لەلایانە.

[23] گاڵبرەیت و ڤان هۆلن

(Galbraith and Van Hollen: Chemical Weapons Use in Kurdistan, PP.1,42).

لیستەکەیان ئەوە دەردەخات کە ژمارەیەك گوند بە هۆی ئەو گازەوە تووش بووبوون کە با لە شوێنی ترەوە هێنابووی. گیروگرفتی بەردەوامی بەڵگە هێنانەوە بۆ هێرشە کیمیاییەکانی عێراق جیاکردنەوەی شوێنی سەرەکیی لێدانەکەو ئەو شوێنە لاوەکیانە بوو کە بەر کاریگەریی گازەکە دەکەوتن. ئەو لیستەش لە لاپەڕەکانی 530 ـ 537 دا تەنها ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ

www.dengekan.com

* * *

## "ســـێو و شتێکی شیریـــن"
## هێرشە کیمیاییەکانی 25 ی ئاب

لـە درەنگـانێکی ئێـوارەی 24 ی ئابـدا بارەگـای KDP لـە زێوەشـکانی نزیـك سـنووری تورکیـا بـەر یەکـەم هێرشـی کیمیـایی کـەوت و وەك باسـدەکرێ 10 *پێشمەرگەی* کوشت. بۆ بەیانیی ڕۆژی ئاینده, 25 ی ئاب، لـە نێـوان کاتـژمێر 6.30 و 8.30 ی بەیانیدا، فڕۆکە جەنگیەکانی عێـراق لـە یـەك کاتـدا ژمارەیـەك هێرشـی جیاجیایـان دەسـتپێکرد، کـە ڕەنگـە دە دوانزەیـەك بووبێـت و لەوەدەچـوو زۆریـان هـەمان پۆلـە فڕۆکـە ئـەنجامیان دابێـت، کـە بـە خەسـتی ناوچـەیەکیان گرتبـۆوە پانیەکـەی شەسـت میـل و قـوولایی بیسـت میـل بـوو. هەنـدێك لـە فڕۆکـەکان تاقـە گوندێك یان بنکەیەکی *پێشمەرگەیان* دەکردە نیشان، بەلام بە لایکەمـەوە فڕۆکـەکان لە دوو حالەتدا زنجیرەیەك گوندیان بـە خێرایـی کوتـا (بڕوانـە نەخشـەکە). ئـەنجام هەر لەجێدا نزیکـەی بیسـت کەسـی مـەدەنیو هـەمان ژمـارەش *پێشـمەرگە* کوژران. بەلام چەند حەفتەیەك دواتر سەدان کەس لە خەلکەکەو بە تایبەتی مندالان قڕیان تێکەوت.

هۆکـاری وردی ئـەو بەلێشـاو مردنـە هـەر بـە نـەزانراوی ماوەتـەوەو ڕەنگـە لـە ئەنجامی تێکەلبوونی هـەردوو گـازی خـەردەل و دەمارەگـازی سارینەوە بووبێـت کـە کاریگەرییەکی درەنگوەختی ئاوها کوشندەی بووە، یان لە بەر هێرشـە یـەك لـە دوای یەکـەکان بـووەو پاشـانیش کاریگـەریی سـەرماو برسـێتی لـە چـیاکاندا کـە بـۆی هەلاتبوون، یان لە بەر ئەو بەدخۆراکیو نەخۆشییەی لـە کەمپەکانـدا تووشـی بـوون لـە پـاش گرتنیـان، یـاخود لـە بـەر سـەرجەمی هۆکـان بەسـەریەکەوە. ئەگەرچـی تاڕادەیەك ئەم پرسیارە ئەکادیمییە بەلام هۆکـاری وردی ئـەم مەسـەلەیە هەرچـیەك بێت، حوکوومەتی عێراقە, کەوا بەرپرسی ئەم مردنانە بووە. لە چاوپێکەوتنی یەك

---

بەر هێرشەکە کەوتوون. ئەمە تەنها کێشەی میتۆدۆلۆجی نیە، بەلکو گەلێ وێنەی ڕوونی خاسیەتی ئەم چەکانەش تێکەلْ دەکاو لە یەك جیاناکرێنەوە.

بە یەکی ئەو کەسانەدا کە بە زیندوویی لە هێرشە کیمیاییەکانی ئەنفالی کۆتایی دەرچوون بە زۆری هەمان گێڕانەوەی لێکچوویان هەیە.

- گوندی برجینێ لە ناحیەی زاویتە بۆ بەدبەختی کەوتبووە نیوەی ڕێی نێوان دوو بنکەی گرنگی KDPەوە، کە یەکێکیان بنکەیەکی ناوچەیی پارتی بوو لە باکووری گوندی تویکادا, ڕێك لەوبەری زێی خابوورەوە، ئەویتریش کەمێك بە لای ڕۆژهەڵاتەوە لە گوندی گەڵناسکێدا بوو. هەر سێ شوێنەکە ڕۆژی 25 ی ئاب لە کاتی بەرچایی بەیانیدا بەر چەکی کیمیایی درا. خەڵکی برجینێ لە بەرەبەیانەوە چاویان بڕیبووە ئاسمان، چوونکە چەند ڕۆژێك بوو سەرنجی ژمارەیەکی نائاسایی فڕۆکەیان دابوو بە ڕاسەریانەوەو ترسی بۆردمانکردنی عادەتییان لێنیشتبوو. ئەو ڕۆژە کاتێ هەشت فڕۆکەیان بەدیکرد زۆربەی خەڵکەکە لە ترسا ڕایانکردە کونە تەیارەکانیانەوە کەوا لە نزیکی ماڵەکانیان دروستیان کردبوو. سیانیان بە نزمی، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بە سەر گونددا تێپەڕین و هەر یەکەیان چوار بۆمبی بەردایەوە. خەڵکە دەربازبووەکەی ئێرە وا دەگێڕنەوە کە بۆمبەکان گەواڵە دووکەڵی هێجگار گەورەیان لێبەرزبۆوەو "یەکەمجار سپیو ڕەش بوون و پاشان زەردهەڵگەڕان و بە شێوەیەکی ستوونی پەنجا شەست یارد لە ئاسماندا بەرزبوونەوە ئەوجا دووکەڵەکە بە ناو دۆڵەکەدا بڵاوبۆوەو دواجار نزم بووەوەو بە ناو گونددا تێپەڕی, ئەوجا ئێمە بۆنی گازەکەمان کرد".

گازەکە لە سەرەتاوە بۆنی خۆش بوو، "بۆنی سێو و شتی شیرینی لێدەهات"، هەندێکی تریش دەیانوت: "بۆنەکە دەرمانی مشك و مێرووی کێڵگەو مەزراکانمانی بیرخستینەوە", بەڵام هێندەی پێنەچوو "تاڵ بوو و کاریکردە سەر چاو و دەم و پێستمان، لەناکاو هەناسەشمان سوار بوو"[24]. پاشان خەڵکی گوند زانییان کە چوار

---

[24] تیمێکی پزیشکیی عەدلی، کە لە لایەن پزیشکانی مافی مرۆڤ و میدڵ ئیست ووچەوە نێردرابوو، لە 10ی حوزێرانی 1992دا نموونەی خۆڵی برجینێی کۆکردەوە. نموونەی خۆڵەکان دواتر لە دەزگای بەرگریکردنی کیمیایی و بایۆلۆجیی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیای مەزن لە پۆرتۆن داون، شیتەڵ یان تیا دۆزرایەوە، کە بە سارینیش دەناسرێ، لە گەڵ GBکرانەوەو پاشماوەی دەمارەگاز

www.dengekan.com

کەسی لەماڵێکدا کوشتووە، لەوانە پیاوێکی تەمەن 58 ساڵ و کوڕەزایەکی پێنج ساڵانی. دواجار فڕۆکەکان نزیکەی نیو سەعاتێك بە سەر گونددا سووڕابوونەوەو بە ئاشکرا سەرنجی ئەنجامی بۆردمانەکەیان دابوو. هەندێکی تریشیان هەر ئەو ڕۆژە درەنگانێك گەڕابوونەوەو بۆمبارانی ئاساییان کردبوو و ئاگریان بەردابووە پلۆپووشی ئەو کێڵگانەی لە دواوەیی هاویندا وشك بووبوون. لە بەرزایی قەد چیاوەو لەو شوێنەدا کە برجینێی تێدابوو، خەڵکەکە تەماشایان دەکرد چواردەوریان پڕبووە لە ئاوارەو هەرهەموو بەرەو باکوور بۆ لای سنووری تورکیا هەڵدێن[25].

● ماوەی چەند میلێك لە باکووری برجینێوە، نزیك زێی خابوور، فڕۆکەکان تلاکرویان داگرتەوە، ئەو گوندە گەورەیەی دالدەی زۆرسەربازی ڕاکردووی دابوو. ئافرەتێك کە ناوی حەلیمە بوو، بەرچایی بۆ منداڵەکانی ئامادە دەکرد کاتێ بۆمبەکان بەربوونەوەو تلێەی تەقینەوە هاتە بەر گوێی ژنەو خێرا چووە دەرەوەو ڕوانی ئەو ناوە دووکەڵی سپییەو زەرد هەڵدەگەڕێ. مێردەکەی *پێشمەرگە*و کاری پێسپێردراوی هەبوو، لە بەر ئەوەی زۆر پەلاماری کیمیایی جەنگی ئێران ـ عێراقی بینیبوو، نیشانەکانی ناسینەوەی گازی کیمیایی بۆ باسکردبوو. منداڵەکانی حەلیمە ئەو کاتە لەسەربان خەوتبوون، بۆیە خێرا تا توانی پڕی پێداکردن و بە پەلە بردنیە کونە تەیارەکەی خۆیانەوە، کە چاڵێك بوو لە زەویدا هەڵدەکەنراو پاشان بە تەختەدارو گژوگەڵاو خۆڵ دادەپۆشرا. حەلیمە لە تاو ترس و شپرزەیی زۆزانی منداڵە کۆرپە ساڵە وەختەکەیی لەبیرچووبوو, پاشان تەماشای کردبوو منداڵەکە لە حەوشەکەدا دەگەوزێو هەناسەبڕکێیەتیو ئێڵنج دەدات، حەلیمەش بە پەلە فڕاندیە ژێرزەمینەکەوەو پەتووی تەڕکراوی بە دەمی کونەکەو دیوارەکاندا گرت،

---

پاشماوەی گازی خەردەلدا. بڕوانە ڕاپۆرتی پزیشکانی مافی مرۆڤ و چاودێریی مافی مرۆڤ، "کارێکی زانستی بۆ یەکەمجار: نموونەی گڵی چاڵە بۆمبەکانی باکووری عێراق گازی دەماریان تێدایە، تەنانەت لە پاش چوار ساڵیش"، 9 ی نیسانی 1993. PHR-Human Rights Watch Statement, “Sientific First: Soil Samples Taken From Bomb Craters in Northern Iraq Reveal Nerve Gas- Even four Years Later", April 29, 1993.

(25) باسی تەواوی پەلامارە کیمیاییەکەی برجینێ لە ڕاپۆرتەکەی میدڵ ئیست وۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤدایە، "پەلاماری ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا: وێرانکردنی کورێمێ"، ل 31 ـ 44.
Middle East Watch / Physicians For Human Rights:
“The Anfal Campaigin in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme”

بەڵام کچە ساواکە ڕزگاری نەبوو و چەند ڕۆژێك لەوەودوا لە بەندیخانە کەمپێکدا وەك چەندین منداڵی دیکەی تلاکرو مرد[26].

● لە شوێنێکی لەباری گوندی سپیندارۆکدا، لە سەر ڕۆخی ئەوسەری خابوور، جووتیارێك بە ناوی سلێمان بە دوربینەکەی تەماشای ئەو ناوەی دەکردو ڕوانی دوو فڕۆکە پەلاماری بنکەی KDP دەدەن لە گوندی تویکەو گوندە چەند ماڵیەکەی بەرکەڤریٚدا، کە چەند سەد یاردێك لە یەکەوە دووربوون. سلێمان فریکانسی ڕادیۆکەی خستبووە سەر شەپۆلی بێتەلی فڕۆکەکان و بە ڕاسەریەوە گوێی لە هەندێ گفتوگۆی فڕۆکەوانەکان بوو:

- "ئەوان تەقەمان لێدەکەن"
- "بۆمبەکان هەڵدەنە شوێنە بەرزەکان"
- "کە لە دوای منەوە بیت دەست نەکەیتەوە، ڕایگرە تا دەکەویتە بەرانبەرم".

سلێمان گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە فڕۆکەوانەکان وەڵامی دەسڕێژ دەدەنەوە کەوا لە زەوییەوە لێیاندەکرا. هاوەڵێکی کە ناوی عوبێد بوو دەیوت ئەم ناوچەیە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەیەکی تایبەتی لێکراوەو "حوکوومەت بە خەڵکی ڕاگەیاندبوو ئەگەر تاقە فیشەکێك لە گوندێکەوە بتەقێت بۆمبێکی کیمیایی لە جێی بەردەدرێتەوە. ئەو خەڵکانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتەوە هاتبوون ئەم زانیاریانەیان لەگەڵ خۆ هێنابوو". ڕاستێکەی لەو نزیکەی 350 چاوپێکەوتنە مەیدانیەی میدڵ ئیست وۆچدا ئەمە یەکەم نموونە بوو کەسێك بیگێڕێتەوە کەوا حوکوومەت هیچ ئاگادارییەکی پێشوەختی دەرکردبێت دەربارەی نیازو مەبەستەکانی.

سلێمان تێکڕا سیانزە بۆمبی ژماردبوو، هەرچەندە زۆریشیان لە دەرەوەی گوند کەوتبوون، بەڵام دوایی زانیبووی کەوا دوو بۆمبیان لە نزیك بارەگای *پێشمەرگەکانەوە* کەوتووە لە قەراخ گوندی تویکا لە ڕۆژئاواوە. بە گوێرەی سێ

---

[26] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای گرێگەور، 27 ی ئابی 1992.

www.dengekan.com

باسی جیا جیا چوارده *پێشمەرگەو* کەسێکی مەدەنی لەوێ کوژرابوون. لە بەر ئەوەی با لە لای ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکردبوو هەموو ئەو ئاژەڵ و ماڵاتەی کوشتبوو کە لە ڕۆژئاوای گوندەوە بوون، بەڵام کەس لە ناو گوندو دەوروپشتیدا زیانی گیانیی نەهێنابوو[27].

● گوندی وەرمێلێ نزیك سنووری تورکیا بوو، لە نێوان خابوورو سەری ڕۆژئاوای چیای مەتینداو سەنگەرێکی *پێشمەرگە* بوو. نزیکترین کەمپی گەریلا لە بازێ بوو، کەوا ماوەی سێ سەعات و نیو بە پێیان دووربوو، بە نێو چیاکاندا بۆ لای ڕۆژهەڵاتەوە. خەڵکی وەرمێلێش وەك دانیشتوانی برجینێ لە بەیانیی 25 ی ئابدا پێشبینیی هێرشێکیان دەکرد، هەر وایش بوو, لە کاتژمێر هەشتی بەیانیدا پەلامار دران. ئەمجارە بۆ ئەمان شەش فڕۆکە بوو، بەڵام تەنها دوانیان هێرشەکەیان ئەنجامداو هەریەکەیان شەش بۆمبی فڕێدایە خوارەوە. گوندنشینێکی ئێرە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "ئێمە بەختمان هەبوو، چوونکە باکەی بە پێچەوانەی ئەو لایەوە دەهات کە خەڵکەکە نیو کیلۆمەترێك دوور لە گوند پەنایان دابوویەو لە ژێر دارەکاندا خۆیان شاردبۆوە"[28]. پێنج کەس گازەکە بە سەریاندا هاتبوو و بەرکەوتبوون و ڕشانەوەو پێستیان ڕەش هەڵگەڕاو تلۆقی کرد، بەڵام ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ دوکتۆرێکی *پێشمەرگە* فریایان کەوت و دەرزیی لێدان و تیماری کردنو هەر پێنجیان گەیشتنەوە خێزانەکانیان و بەرەو سنووری تورکیا هەڵاتن.

ڕاستەوخۆ لەوبەری ڕووبارەکەشەوە فڕۆکە لە گوندی بلێجانێی داو با گازەکەی بە سەر گوندێکی بچووکدا برد پێیان دەوت بانێ. پیاوێکی خەڵکی ئەوێ دەیوت: "نەخۆش کەوتمو دەستم بەڕشانەوە کرد. ئەو دواینیوەڕۆیە بانێمان بەجێهێشت و چووین بۆ بلێجانێ و گرکا، دوای ئەوە دەبوو لە ڕێگا سەرەکیەکە بپەڕینەوە (کە لە بێگۆڤاوە بۆ کانی ماسی دەچوو). ئەو کاتە سوپا لەوێ نەبوو، بۆ یەکەمجار هێزەکان لە کاتژمێر دووی شەوی 26 ی ئابدا گەیشتنە ئەوێو ڕێگەی هەڵاتنیان بۆ تورکیا بڕی. ئەوانی کە پێشتر لە ڕێگا سەرەکیەکەوە پەڕینەوە بەختیان هەبوو، ئێمە لە

---

[27] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای هیزاوا و زاخۆ، 1 ی ئەیلوولی 1992.
[28] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، گوندی وەرمێلێ، 31 ی ئابی 1992.

دەوروبــەری کاتــژمێر یــەکی شــەودا گەیشــتینە ئــەوێ، ڕێــك لــە پــێش گەیشــتنی سەربازەکاندا "[29].

● لە بـاکووری جادە سـەرەکیەکەوە ڕێگەیـەکی ڕاسـتەوخۆ بـۆ تورکیـا بـە سـەر گونـدەکانی ڕویسـێو نـزدووریێدا گـوزەری دەکـرد. "کـە سـوپا هـات و دەسـتیکرد بـە خێوەت هەڵـدان لـە سـەر جادەی نـزدووری، خەڵکەکـە مەترسـیی هێرشـێکیان کـردو هەڵاتن"، ئەمە قسەی *پێشمەرگەیەکی* KDP خـەڵکی ڕویسـێ بـوو کـە لـە پێشـەوە خێزانەکەی ناردبوو بۆ تورکیا:

"سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوایـی سـوپا هێرشـی هێنـا. عێراقیـەکان هـەوڵیان دەدا ناوچـە سـنووریەکە دابخـەن. ئـەو خەڵکـەی لـە سـنوورەوە نزیـك بـوون توانییـان بپەڕنــەوە، ئەوانــەش کــە نــەیانتوانی دەســگیرکران و ســەرنگوم بــوون. وەختــێ کــە هێرشە کیمیاییەکە کرا من لە نزیك سنوورەوە بووم و دووکەڵێکی زەردم بینی. ئـەو کاتـە مـن لـە سـەر شـاخ بـووم، بـەڵام ئـەو خەڵکـەی لـە دۆڵەکـەی خـوارەوەدا بـوون بەرکەوتن، براکەشم کە دووسەد یان سێسەد مەترێك لە قەدپاڵی شاخەکەدا لێمـەوە دووربـوو بـەر کیمیاییەکـە کـەوت و دەسـتیکرد بـە کـەف چـەراندنو هەناسـەی بـۆ نەدەدراو پێستی ڕەش هەڵگەڕاو دواجار مرد. نـاوی سـەلیم بـوو و تەمـەنی 45 سـاڵ بوو، ئێمەش هەر لەو جێگەیەدا بە خاکمان سپارد"[30].

● خەسـتترین پـەلاماردان بەدرێـژایی چـیای گـارەدا بـوو، ئـەو زنجـیرە شـاخە گەورەیەی لەنزیك شارۆچکەی سەرسـەنگەوە دەست پێدەکاتو ماوەی بیست میـل یـان زیـاتر بـەرەو ڕۆژهـەڵات درێـژ دەبێتـەوە. لێـرە هێـزی ئاسمـانی لانیکـەم 15 و لەوانەشـە 30 گونـدی جیاجیـای کردبێتـە نیشـانە[31]. لـە قەدپاڵـەکانی باشـووردا

---

[29] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، باتووفە، 9 ی نیسانی 1993.

[30] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، باتووفە، 9 ی نیسانی 1993.

[31] ژمارەیەك چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ چەند لیسـتێکی چـونیەکی سەرنجڕاکێشـی لێهاتووەتـە ئەنجام لە سەر ئەو گوندانەی کەوا بەمدیو و بەودیوی گارەدا کیمیاباران کران: لـە لای بـاکوورەوە، گوندەکانی دهۆکێ، باوەڕکا کەڤری، مێرگەتوی، هەڤنتکا، پیروزانـا، دێرەشـێ، مـژێ، کەڤنەمـژێ، سپیندار خەلفۆ، گێرگاشێ. لە سەر چیاکە خۆی: گەرەگو، گۆهـەرز، زێوەشـکان، بـەلویتێ، گـویزێ،

www.dengekan.com

گونـدە دەراوسـێکانی ئـاڤوك، سـوارێ، سـێدەرا، سـپیندار (ناحیـەی سەرسـەنگ) هـەر هـەموو لـە دەوروبـەری کاتـژمێر هەشـتی هـەمان بـەیانیی 25 ی ئابـدا لێـدران. بنکەیـەکی *پێشمەرگە* لـە چیاکانی ئـەو دەوروبـەرەدا بـوو, خـەڵکی سـوارێ نزیکـەی ساڵێك لەوەوپێش، لە تاو بۆردمان و تۆپبـارانی بـەردەوامی حوکوومـەت, چووبوونە دەرەو ئەشکەوتەکانی لای ئاڤوك.

ئافرەتێکی گەنج کـە نـاوی خەدیجە بـوو، لـە گـەڵ نـۆ منداڵیـدا لـە یـەکێك لـەم ئەشکەوتانەدا بوو کە بۆمباران کران، خوشکە گەورەکـەی کـە ئایشـەی نـاوبوو، تـازە چووبووە دەرەوە بۆ قابوقاجاخ شۆردنی پـاش بەرچایی بـەیانی. خەدیجـە گـوێی لـە زنجیرەیەك تەقینەوەی بەهێز دەبێت هەر وەك بۆمبەکان ڕێك بە سـەریاندا دابـارین و دەرحـاڵ بـەردەمی ئەشـکەوتەکە تاریـك بـوو و دووکـەڵی سـپی دایپۆشـی. بـۆنی دووکەڵەکە وەك "بۆنی هەمان دەرمان بـوو کـە بـە دارسـێودا دەیانپرژانـد"و هـەموو لەناو ئەشکەوتەکەدا وڕوکاس بوون و بـە زەحمـەت هەناسـەیان بـۆ دەدرا، چاویشـیان دەسووتایەوەو فرمێسکی لێدەهات. دوو کوڕی هەرزەکار کە لە دەرەوە خۆیان لـە نـاو دارو دەوەنەکاندا شاردبۆوە، ویستبوویان بە خێرایی خۆ دەربازکەن، بەڵام فڕۆکەکان لە نزمییەوە دانیانە بەر دەسڕێژی شەستیرو هەردوکیان کوشتن.

پاش نزیکەی سـەعاتێك کـە دووکەڵەکـە ڕەوییـەوە، خێزانەکـە هەرچۆنێك بـوو پڕکێشییان کردو بە ترس و لەرز هاتنە دەرەوە بۆ سـۆراخکردنی ئایشـەو تەماشـایان کرد لەولای ئەشکەوتەکەوە کـەوتووەو لـە گیانەڵادایـەو دەمو لێـوی دەجـووڵێنێ وەك بیەوێ قسە بکات، بەڵام دەمی گـۆی نـەدەکردو ڕشـابۆوەو پێسـتی ڕەش هەڵگـەڕابوو، کەمێکیش لەولاوە گژوگیاکە سووتابوو و ڕەش بووبـۆوەو ئـاژەڵ و مـاڵاتێکی زۆریـش لەو ناوەدا کەوتبوون و مردار بووبوونەوە. ئایشە تـەنها دوو سـێ سـەعات دوای ئـەوە ژیـا، ئـەو شـەوەش لـە کاتێکـدا کـە خێزانەکـە لاشـەکەیان دەشـۆرد بـۆ ئـەوەی لـە گۆڕسـتانی گونـد بینێـژن، پێسـتە وشـك و ڕەشـداگەڕاوەکەی بـە دەم دەسـتیانەوە دەهـات[32]. ئـافرەتێکی گـەنجی تـریش کـە نـاوی ئامینـە بـوو لـەو هێرشـەدا کـوژرا. هەروەها خـەڵکی تـریش کە پەلـەقاژەی خۆشاردنەوەیان کردبـوو لـە نێـو چیاکاندا

---

زارکێ، ڕەزویکێ، سارکێ، ڕدێنیا، شێرانە، ئێکماڵە. لە لای باشووریشەوە: سپیندار، سوارێ، ئـاڤوك و هەندێکی تریش.

[32] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 10 ی حوزەیرانی 1992.

لەوەودوا مردبوون، بەڵام گەلێ خێزان توانییان خۆ قورتار بکەن بە پیادەڕۆیی لە دۆڵی تەنگەبەری ئاشاواوە، نزیك بەو کۆشکەی سەر لووتکەی چیا، کە تازە سەرۆك سەدام حوسێن بەوپەڕی دەسبڵاوییەوە دروستیکردبوو.

● لە لای باکووری چیای گارەوە هەردوو گوندی باوەڕکا کەڤریو مێرگەتوی (واتە مێرگی دارتوو)، هەریەکە لە شیوێکی بچووکدا بە پاڵ یەکترەوە بوون و ماوەی دە دەقیقەیەك بە پێ لە یەکەوە دوور بوون. سوپا لە پێش ئەنفالدا چوار جار باوەڕکا کەڤری سووتاندبوو و هەموو جارێك دروست دەکرایەوە. ئەم دۆڵە لە ساڵی 1987 دا حوکوومەت هێڵی سووری بەدەوردا کێشاو هەردوو گوندیش بنکەی *پێشمەرگەیان* تێدابوو. لێرەش دیسان بۆمبارانەکە کاتژمێر هەشتی بەیانیی 25 ی ئاب دەستیپێکرد، پێنج شەش بۆمب بەر باوەڕکا کەڤری کەوت و نۆ دەیەکیش بەر مێرگەتوی، بە پێی گێڕانەوەی هەندێ شایەت بەڵام کەمێك دوور لە بنکەی KDP کەوتن. پاشان دووکەڵی سپی هەموو ئەو ناوەی تەندەوەو هەرچی ئاژەڵ و مریشك و پەلەوەریان هەبوو مرداربوونەوە. بەڵام کەسی خەڵکی گوند زیانی نەهێنا, هەرچەندە ئەوانەش کە بە گازەکەی بەسەریاندا بردبوو دووچاری نیشانە ئاساییەکانی ڕشانەوەو فرمێسك لەچاوهاتن و گێژیی بوون بەڵام دەربازبوون. ئەوان ئەو بەخت باشییەی خۆیانیان بۆ *پێشمەرگە* دەگەڕاندەوە کە چەند ڕۆژێك لەوەوپێش ئاگاداریان کردبوونەوە کە لەوانەیە هێرش و پەلامارێك بە دەستەوە بێت و ئامۆژگاریی ئەوەیان کردبوون کە چۆن خۆیان دەپارێزن بە داخستنی دەرگاو پەنجەرەکان و سەرو دەموچاوی خۆ بەخاولیو پەتووی تەڕ داپۆشن. هەمان ئەو ئێوارەیە خەڵکی هەردوو گوند ڕوانییان وا هێزی زەمینییان لێ نزیك دەبێتەوەو ئەمانیش بەرەو چیاکان هەڵاتن.

● هەمان چیرۆك لە سارکێ و گویزێیش دووبارەبووەوە کە دوو گوندی دەراوسێ بوون لە پێچو پەنا قووڵەکانی چیای گارەدا، نزیکەی دە میلێك لە باشووری شارۆچکەی ئامێدییەوە. ئێرە بنکەو بارەگای *پێشمەرگەی* لێنەبوو، ئەگەرچی جاروبار پێیدا گوزەریان دەکرد. بەیانیی زوو کاتێ گوندنشینان

www.dengekan.com

دانیشتبوونە سەر خواردنی بەرچایی بەیانی، موشیری *پێشمەرگە* کە لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بوو، شەش فڕۆکەی بینی بۆمبیان بە سەر گوندی سارکێ دا بەردەدایەوەو دوای ئەوێش هەڵیانکوتایە سەر گوندی شێرانەی تەنیشتی لای ڕۆژهەڵاتەوە. موشیر بۆ ڕۆژئاوا بەرەو گویزێی گوندی لەدایکبوونی خۆی ڕایکرد، بەڵام چۆڵ و هۆڵ بوو و فڕۆکە جەنگیەکان پێشتر لووتیان لێدابوو.

خەدیجە سەعید, کە پیرەژنێکی نیوە نابینای خەڵکی گویزێ بوو، دەیوت: "دەرمان لە فڕۆکەکان دەباری‌و ئێمەش کە دووکەڵەکەمان بەسەرداهات وڕوکاس بووین و کەوتین، خوشکەکەشم هەردوو چاوی کوێر بوو، دووکەڵەکە بۆنی ئیسپرتۆی کۆنی لێدەهات، بەڵام بۆنەکە زۆر نەمایەوە". فەهیمەی خوشکیشی هەڵیدایەو وتی: "هەستم کرد گێژ دەبم, خەریکبوو ببووریمەوەو فرمێسك لە چاوم دەهات و لەناکاو کەوتم. ویستم دەموچاوم بشۆم و ڕشامەوە, ئەوانەی ڕشانەوە دەربازبوون. گەلێکیش هەر لە هەوەڵەوە مردن. وا ئێستاش من واملێهاتووەو بە هەزار حاڵ بەرپێی خۆم دەبینم". خەڵکی گوندی گویزێ وەك جارانی پێشوو بۆ ئەشکەوت و چیاکان هەڵاتن و دەمەو ئێوارەی هەمان ئەو ڕۆژە تەماشایان کرد وا هێزی زەمینی چووە ناو گوندەوەو کەوتە سووتاندن و تەختکردنی[33].

★ ★ ★

بە پێی واتا سایکۆلۆجیەکان، ئەم هێرش و پەلاماردانە بە ڕادەی ئەوەی کە ڕژێم چاوەڕوانیان بوو کاریگەرو وێرانکەر بوون. بۆردمانەکان لە سەرانسەری بادینانـدا *پێشمەرگە*و خەڵکی مەدەنییان تۆقاند. ئەو گوندانەی بیست میل و زیاتریش لە شوێنی لێدانی کیمیاییەوە دووربوون، بە خێرایی دەنگوباسەکەیان پێگەیشت. کوتوپڕی‌و خەستیی پەلامارەکە بە یەکجارو لە گەڵ لاوە KDP ی بە جارێ شڵەژاندو سەری لێشێواند, زۆر لە *پێشمەرگەکان* سووك و ئاسان شوێنەکانی خۆیان چۆڵکردو بە هانای خێزان و منداڵیانەوە چوون بۆ ئەوەی دەربازیان بکەن و بیانگەیەننە سنوور. *پێشمەرگەیەك* دەیگێڕایەوە کەوا: "هیچکام لە هاوەڵە *پێشمەرگەکانی* خۆمم نەدۆزیەوە، هەرهەموویان چووبوون بۆ یارمەتیدانی خزم و

---

[33] چاوپێکەوتنەکانی میدلّ ئیست ووّچ، کۆمەڵگای جێژنیکان، 3 ی مایسی 1992 و سەرسەنگ، 11 ی نیسانی 1993.

کەسیان و چەکی کیمیایی ترسێکی زۆری لە نێو خەڵکدا بەرپاکردبوو، ئێمە نەماندەزانی چۆنی شەڕ لە گەڵ بکەین بەڵام دەمانزانی چۆن لە گەڵ تانك بجەنگین، چۆن بۆسە بۆ کاروانێکی سەربازی دابنێین و چنگ لە سەر شان ڕاوی بنێین، هەروەها چۆن خۆشمان لە بۆمبارانی فڕۆکە بپارێزین، کەچی نەماندەزانی چۆن شەڕ لەگەڵ چەکی کیمیاییدا بکەین"[34]. هەر دەستبەجێ دوای بۆردمانەکان، دەنگ لە گوندەکاندا بڵاوبووەوە کەوا بەرگریکردن بێسوودە. کوڕێکی گەنجی *پێشمەرگە* کە خەڵکی گوندی سپیندار بوو لە لای ڕۆژاوای گوندی سواریێوە دەیگێڕایەوە :

"تەنانەت پێش ئەوەش کە سوپا بگاتە گوندەکەمان پەیامێکمان لە مەسعوود بارزانییەوە پێگەیشت بەرگری نەکەین. فەرمانەکەی سەرکردایەتیی KDP پێیڕاگەیاندین کە (هەموو شتێك تەواو بوو، شۆڕش کۆتایی هات و ئێمە بە دەستی ڕووت ناتوانین شەڕی چەکی کیمیایی بکەین). هەروەها لقی یەکی KDPیش پێیڕاگەیاندین ( ئێوە یەك ڕێگەتان لە بەردەمدایە: ئەگەر دەتانەوێ خۆبدەنە دەستەوە بیکەن بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە مەدەنیەکە، چوونکە پارتی لەتوانایدا نیە مشووری مەینەت و کارەساتی ئەم هەموو خەڵکە بخوات). ئێمەش نەماندەتوانی ئەم هەموو پیرو منداڵە بگەیەنینە سنوور"[35]. ئەو تۆزە شەڕە پەرتو بڵاوەش کە لە پاش شەپۆلی یەکەمی هێرشە کیمیاییەکان لێرەو لەوێ دەکرا نەتدەتوانی ناوی بنێی بەرگری. باشترین شت کە KDP کردی زنجیرەیەك لێدانی بچڕبچڕ بوو لە پشتەوە کە تێیدا دەستە دەستەی *پێشمەرگەکان* هەوڵیان دەدا کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەر پێشڕەویی سوپاو خاوی بکەنەوە. بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوو، لەبەرئەوەی ئەو شوێنانەی *پێشمەرگە* دەیانویست تێیدا دابمەزرێن، وەك ئەو ڕاڕەوە تەنگەبەرەی کە بە دەراڤا شینێ (واتە دەرە یان ڕاڕەوی شینێ) دەناسرا، زۆر قایم نەبوون و بە

---

[34] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 6 ی حوزێرانی 1992.
[35] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 2 ی حوزێرانی 1992.

www.dengekan.com

توندی بەر پەلاماری فڕۆکە دەکەوتن. بە پێی قسەی جەنگاوەرێکی دێرینی KDP, ئـــەم شـــەڕانە " هـــەموو کورتخایـــەن بـــوون و وەك دەرزی پیـــاکردن بـــوون", هەلیکۆپتەری سەربازیش بە درێژایی ڕۆژی دوایی, 26 ی ئاب, تەنگی بە *پێشمەرگە* هەڵاتووەکان هەڵچنیبوو و لە کۆڵیان نەدەبووەوە[36].

پێدەچـێت نامەردانـەترین پـەلاماری کیمیـایی، ئـەوەی سـەر پـردی باڵووکـا بووبێت، کە خـاڵێکی پەڕینـەوەی سـەرەکی بـوو، لـە ڕووبـاری بـەخوڕی زێـی گـەورە. گونــدی باڵووکــا خــۆی لــە پاکتــاوکردنی ســاڵی 1976 ی ناوچــەکانی ســنووردا چۆڵکرابوو، ئەگەرچی دوای ئەوە چەند ماڵێکی بۆ گـەڕابۆوەو لـە گـەڵ *پێشمەرگەدا* تێیـدا دەژیـان. ئێستا وا خـەڵکی دێهاتـەکان بـۆ پەنابردنـە بـەر تورکیـا، کـە بـە نێـو چیاکاندا ماوەی نزیکەی چوار میلێك دووربـوو، لـە گشت لایەکـەوە لـە دەست سـوپا هەڵاتوون و ڕژاونەتە سەر پـردی باڵووکـا. کاتـژمێر دەوروبـەری یـەکی دواینیـوەڕۆی 25 ی ئاب فڕۆکە جەنگیەکان بە سەر باڵووکاوە دەرکـەوتن، دوو بۆمبیـان هاوێشـتە ناو گوندو چەند دانەیەکی زۆرتریش بە سەر پردەکەو دەرحـاڵ هـەورێکی سـەوزباو پردەکــەی داپۆشــی و کــەلاکی ئــاژەڵ و وڵاخــی لــە ســەر کەڵەکــە بــوو و ڕێگــەی پەڕینــەوەیان گـرت. لـە شـەوی 26 ی ئابـدا شـەڕ کاریگەرانـە کۆتـایی هـات. "ورەو دەروون گەرمیی جەنگاوەرانی (سوپا)، بە تێکشکاندنی تێکدەران و پساندنی تـەواوی بەرگرییان، بەجارێ زیادیکردو بەرزبۆوە", ئەمە تێبینی جەنەراڵ زەرب بوو کە بـە قەناعەتەوە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەرباری ئەنفالی کۆتایی نووسیبووی[37].

لە زۆر حاڵەتدا، هێـزی زەمینـیو *جاش*، یـان *چەتە* (ڕێگـر) کـە لـە ناوچـەکانی کرمانجیزماندا بەم ناوەوە ناسراون، لـە هـەمان ڕۆژی کیمیابارانەکـەدا دەچـوونە نـاو گوندە چۆڵکراوەکانەوە. لە هەندێ حاڵەتی تـردا ڕۆژێ یـان دوان چاوەڕێیان دەکـرد. بەڵام داگیرکردنی بادینان بە تەواوی لە بەرەبەیانی 28 ی ئابدا ئەنجامدرا، ڕێك بـە پێـی خشـتەی کـات بۆدانانـە بنەڕەتیەکـەی جەنـەراڵ زەرب. ئـەنجام دەیـان هـەزار خــەڵکی ئــاوارەو دەربــەدەر ســەریان نــا بــە تورکیــاوە، ئــەوانیتر یــان لــە ماڵــەوە دەسـگیرکران، یـان هـەڵاتنیان بێسـوود بـوو و پـاش ماوەیـەکی کـەم خۆیـان دا بـە

---

[36] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، ئامێدی، 29 ی ئابی 1992. بە پێی قسەی ئەم جەنگاوەرە کەوا لە هێرش و پەلاماردانی هەلیکۆپتەرەکاندا سەرلەنوێ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دووبارەبووەتەوە.

[37] "شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"، لاپەڕە 39.

دەستەوە. هەندێکی تریش لە نێو چیاکاندا خۆیان شاردەوە تا لێبووردنە گشتیەکەی 6 ی ئەیلوول.

* * *

هاوکات لە گەڵ یەکەم شەپۆلی هێرشەکاندا، سوپای عێراق ئەو شارێیەی گرت کە لە شارۆچکەی بچووکی زاخۆی سەر سنوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەردەچێ تا سەر زێی گەورە لە لای باڵووکاوە. نیازەکە ئاشکرا دیاربوو بۆ گرتنی سنووری تورکیاو ڕێگەبەستن بوو لە لێشاوی خەڵکە ئاوارەکە. بەڵام سەیر ئەوەیە سوپا لەمەدا مەبەستی نەپێکاو لە نەخشەکەیدا سەرنەکەوت. لە گەڵ ئەوەشدا کە هەندێك لە خەڵکەکە گیراو گەلێکی تریش فڕۆکەی جەنگیی ڕاوی دەنان و بۆردمانی دەکردن، بەڵام لە نێوان 65 تا 80 هەزار کورد توانییان بپەڕنەوە. حوکوومەتی تورکیا بە نابەدڵی ناچاربوو بە درێژایی سنوور ئۆردووگای سەرپێیان بۆ بکاتەوەو لەوێ ئاوارەکان بەسەرهاتی خۆیان باسکردبوو و برینەکانیان پیشانی ئەو ژمارە کەمە ڕۆژنامەنووسە بیانیانە دابوو کە هەرچۆنێك بووبوو توانیبوویان لێیان نزیك بنەوە. ئەوانی کە لە گوندەکانی خوار شارێکەوە بوون بەرەوڕووی کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر بوونەوە لە کاتی هەڵاتنیانداو ڕێژەیەکی کەمتریان گەیشتنە ناوچەی ئارام لە تورکیا[38].

---

[38] ئاشکرایە کەوا زۆر ڕووداوی ترسناك بەرپاکراوە چ لە گەلیی بازێ، کە هەزاران خەڵکی مەدەنیی لێوە هەڵاتووە لە پەلەقاژە کردندا بۆ پەڕینەوە لە ڕێگای سەرەکیی زاخۆ ـ باڵووکا، یان لە گوندی بازێ خۆیدا کە بنکەی پێشمەرگە بووە. گاڵبرەیت و ڤان هۆڵن لە ماوەی چاوپێکەوتنەکانی ئەیلوولی 1988یاندا لەگەڵ ئاوارەکاندا لە تورکیا، قسەیان لەگەڵ دوو کەس کردووە کە بە چاوی خۆیان کوشتاری نزیکەی (1300) کەسیان بینیوە لە گوندی بازێو ژن و منداڵێکی زۆریان تێدابووە. بە پێی ئەم باس و گێڕانەوەیە قوربانیەکان گوللەباران کراون و پاشان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا کە بە بلدۆزەر هەڵکەنراوە، نێژراون. فیلمسازی بەریتانی گوین ڕۆبەرتس چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو ئاوارەی هەرزەکاردا کردووە لە تورکیا و ئەوەیان گێڕاوەتەوە گوایە بە چاوی خۆیان هێرشێکی کیمیاییان بینیوە بۆ سەر گەلیی بازێ" کە زیاد لە (3000) کەسی تێدا کوژراوە". بە گوێرەی قسەی یەکێك لەم شایەتانە "هەزاران سەرباز بە ماسکی گازو دەسکێشەوە" ڕۆژی دواتر چوونەتە گەلیەکەوەو

www.dengekan.com

زۆر کەس لەوانەی نەیانتوانی هێڵە ئابڵووقەکەی ڕێگای زاخۆ ـ باڵووکا ببەزێنن هەرچۆنێك بوو خۆیان لە دەسگیرکردن لاداو لە نێو چیاکاندا خۆیان شاردەوە، لەوێوە بێهیوا تەماشایان دەکرد وا لە سەرخۆ بلدۆزەر بەرودوا دەکەن لە دۆڵەکانی خوارەوەداو هەر شتێکیان دەهاتە ڕێ دەیانشێلاو تێکیاندەدا بە سەر یەکدا. بە درێژایی گەڕی گەورەی گارەدا، لە باشووری ئامێدییەوە، *پێشمەرگە* شەڕکەرە پەڕەوازەکان پارێزگاریی کاروانێکی بێسەروبەری هەزاران ئاوارەیان گرتبووە ئەستۆ. ئەمانە بە پێ‌و بە کۆڵی ئەسپ ماوەی سێ ڕۆژ بەرەو ڕۆژهەڵات ڕێیانکرد، بەڵام بۆیان دەرکەوت ناتوانن لە زێی گەورە بپەڕنەوە چونکە ئەو کاتە هەموو پردەکان کەوتبوونە ژێر دەستی سوپاوە. ناچار جارێکیتر بەرەو ڕۆژئاوا بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوەو لە ڕێگا لە ڕادیۆی *پێشمەرگەکانەوە* گوێبیستی ئەوە بوون کەوا هەزاران هاوڵاتیی کوردی هاودەردیان گەیشتوونەتە ناوچەی ئارام لە تورکیا. لەگەڵ تەشەنە کردنی هەواڵی هێرشە کیمیاییەکاندا، *پێشمەرگە* هەوڵیدەدا ورەی خەڵکە مەدەنیەکە بەرز بکاتەوەو پێیاندەوتن گوایە ئەو فشارەی هەندەران کە لە سەر ڕژێمی عێراقە لەوانەیە سەدام حوسێن ناچار بکات شەڕەکە ڕابگرێت.

هەرچەندە خەڵکە دەربەدەرەکە نان و ئازووقەیان پێنەبوو، بەڵام ئەوەندە ئاژەڵ‌و ماڵاتی بەجێماو لەوناوەدا بوو کەس بۆ گۆشت دانەدەما. گەورەترین کێشە کەوا تەنگی بە خەڵکەکە هەڵچنیبوو نەبوونی ئاوی خواردنەوە بوو، چونکە زێ‌و کانیاوەکان لە ناو دۆڵ و شیوەکاندا بوون لە خوارەوەو ئەو شوێنانەش گشت بە دەستی سوپاو *جاشەوە* بوون و دەسرێژیان لە هەر شتێك دەکرد کە بجووڵایەتەوە. ئاوارەکان سێ شەو و سێ ڕۆژ بێئاو ڕێیانکردو باسێکی وا هەیە کەوا زۆر منداڵی بچووك لە سەر چیای گارە لە ئەنجامی سکچوون و وشکەوەبوونی لەشدا مردوون[39]. بەڵام ژمارەیەکی سەرسامکەر لەو دەردو مەینەتیە دەربازبوون و لە دوانزەهەمین ڕۆژی خۆشاردنەوەیاندا، ڕێك لە دوای پەخشکردنی بانگی نوێژی

---

لاشەکانیان کێش کردووەتە دەرەوەو لە سەر یەکیان کەڵەکە کردوون و پاشان ئاگریان تێبەرداون. بە هەرحاڵ، چوار ساڵ دواتر، چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست ووچ لە بازێ‌و گوندەکانی دەوروپشتی ڕووداوێکی لەم چەشنەیان تیادا باس نەکراوەو هیچ ڕاپۆرتێك لە سەر ژمارەی زۆر گەورەو بەرچاوی کوشتن یان بێسەروشوێن کردنی ئافرەت و منداڵ نەدواوە کە لە پەلامارێکدا ڕوویدابێت وەك ئەوەی کە باسکرا. ڕاستێکەی ئەوەی لە بازێدا قەوماوە هەر بە نادیارو تەمومژ ماوەتەوە.

[39] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 7 ی ئەیلوولی 1992.

نیـوەڕۆ لـە ڕادیـۆوە، هـەواڵی ئـەوەی دا کـەوا ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بڕیاری لێبووردنێکی گشتیی دەرکردووە.

بەڵام هەزاران کەسی تر بەختیان نـەیهێنا، بـۆ نموونـە، خـەڵکی گـویزێ، کـە لـە 25 ی ئابدا هێرشی کیمیایی کرایە سـەر، مـاوەی دە ڕۆژ لـە چیاکاندا خۆیـان گـرت، بـەڵام ماوەکـە ئەوەنـدە نـەبوو کـە سـوود لـە لێبووردنەکـە وەربگـرن. ئـەنجام بـە برسێتیو هێز لـە بـەر بـڕاوی سـەرباز دەسـگیری کـردن و چـوار سـەعاتە ڕێ بـە پـێ وەبەریان دان بـۆ ئامێـدی. لـەوێش ڕاپێچی نێـو ئیڤایـان کـردن و بـەرەو ڕۆژئاوایـان بـردن بـۆ لای دهۆکـەوە. گـویزێ یـەکێك بـوو لـەو گوندانـەی کـە لـە سەرانسـەری بادینانـدا خـراپترین لێـدانی بەرکـەوتبێت. وەك موشـیری *پێشـمەرگە* گەنجەکـەی خـەڵکی گونـدی سـارکێ دەگێڕێتـەوە کـەوا سـوپا 93 پیـاوی لێگـرتن و هـەرگیز دەنگوباسیان نەبیستڕایەوە، تەنها موشیرو دوو کەسـی تـر ڕزگاریـان بـوو*. لـە یەکـەم ڕۆژی هێرشـەکەدا هەنـدێ کـەس هـەر لـە ماڵـەکانی خۆیانـدا گـیران. بەشـێکیش لـە دانیشـتوانی گونـدی مێرگـەتوی لای بـاکووری چـیای گـارەوە، بـە پەلـە دوای هێرشـە کیمیاییەکەی 25 ی ئاب هەڵاتن، بـەڵام نزیکـەی سـەد کەسـی تریـان کـەوا گـەلێکیان پیرو بەساڵداچووبوون، ئەو ئێوارەیە سەربازو هێزی چەتەی * کورد گەیشـتنە گونـدو گرتنیان. هێزەکان هەڕەشەی ئەوەیان لێکردن کە ئەگەر لەو دەوروبەرەدا *پێشمەرگە* هەر بەرگرییەك بکات ئەمان دەسبەجێ ئیعـدام دەکـرێن. لـە گونـدی وەرەخـەل، کـە ماوەیەك بۆ لای ڕۆژهەڵاتەوەیە لە ناحیەی نێروەڕێکان، *موستەشارێکی* ناوچـەکە بـە ڕیشچەرمووەکانی گوندی وتبوو با خەڵکەکە خۆبدەنە دەستی سوپاوەو هەر کەسێك *پێشمەرگە* نەبێت ترسی نیەو هیچی بۆ نابێت. خـەڵکی گونـدیش بـە قسـەیان کـردو

---

* هەست دەکەم لێرەدا لێتێکچوونێکی بچووك هەبێت، چوونکە یەك دوو لاپەڕە پێشتر باسـی ئـەوە دەکا کە گویزێ گوندی دایکزادی موشیرەو لێرەدا دەڵێ خەڵکی سارکێیە، بەهەرحاڵ وەك دەقەکـە خۆی باسی دەکات ئەم دوو گوندە (گویزێ و سارکێ) زۆر نزیکی یەك بوون و لێرەدا ڕەنگە مەبەست لە قسەکەی موشیر قوربانیانی هەردوو گوندەکە بێت ـ و.

* چەتە Chatta، لە دەقەکەشدا هەر بەم شێوەیە هاتووە و مەبەست جاشە ـ و.

www.dengekan.com

خۆیان بە سوپا ناساند، کەچی خڕ هەموویان گرتن و لە ئیڤایان بارکردن. یەکەم قۆناخیان کۆمەڵگای دێرەلووك بوو، لە سەر ئەو شارێیەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچێو لە زێی گەورە دەپەڕێتەوە. لەوێ ماوەی سێ سەعاتێك لە گەوری ئاژەڵدا گیریان دابوون، پاشان ژن و پیاو، پیرو گەنجیان لە یەکتر جیاکردبۆوە. ئافرەتەکان هەشتاو سێ پیاوی خەڵکی وەرەخەلیان ژماردبوو کە خستبوونیانە ئیڤاوەو بردبوونیان. لە *جاشەکانیان پرسیبوو* بۆ کوێیان دەبەن، کەچی لە وەڵامدا پێیان وتبوون دەمتان داخەن. بەڵگە هەیە کە ئەو چەکدارانە زۆر چاك وەڵامەکەیان زانیوە، چوونکە هەندێ لە ئافرەتەکان گوێیان لێبووە لە ناو خۆیاندا بۆڵە بۆڵی ئەوەیان بووە کە "لەناوبردنی ئەو خەڵکە زیانێکی گەورەیە"[(40)].

لێرەوە دەردەکەوێ کە چیرۆکی ئەنفالی کۆتایی نزیك و هاوشانە لە گەڵ ئەوەی کەوا لە قۆناخەکانی پێشتری پەلامارەکەدا ڕوویدا، چوونکە لێرەش گوندنشینە گیراوەکان، ماوەی چەند کاتژمێرێك یان چەند ڕۆژێکی کەم لە سەنتەری کۆکردنەوەی کاتیدا لە سەر ڕێگا سەرەکیەکەی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا دەسبەسەر دەکران و هەندێ جار لێپرسینەوەیەکی سەرەتاییان لە گەڵ دەکردن. زۆربەی ئەم شوێنی کۆکردنەوانە کۆمەڵگای وەك دێرەلووك بوون، کە بۆ نیشتەجێکردنەوەی کوردە ڕاگوێزراوەکانی سەروەختی پێشتری جەنگی ئێران - عێراق دروستکرابوون. گیراوەکانی ناوچەی دەوروپشتی چیای گارە بۆ ماوەیەکی کورت لە کۆمەڵگاکانی سۆریی ژێریو کوانێو فوتابخانەیەك لە سەرسەنگ دەیانهێشتنەوە. لە شارۆچکەی ئامێدی خۆیشیدا مەرکەزی پۆلیس، سەربازگەکەو بارەگای یەکێتی مامۆستایان هەموو بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهاتن. شوێنە کاتیەکانی کۆکردنەوەو ڕاییکردنیش زۆر خراپ بوون و گواستنەوەی خەڵکەکە گیروگرفتی تێکەوتبوو، زۆربەی ئیڤاکان شکابوون و پەکیان کەوتبوو، شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری مەدەنی بە میدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە کەوا ئۆتۆمبیلەکەی ئەم و دوو پاسی مەدەنیی تریان بە بێگار گرتووە بۆ گواستنەوەی پەنجا شەست کەسی گیراو، کە پیاو و ژن منداڵ بوون بە تێکەڵی، لە بارەگای لیواکەی ئامێدیەوە بۆ سەرسەنگ و لەوێشەوە بۆ

---

[(40)] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای جێژنیکان، 3 ی مایس و 13 ی حوزێرانی 1992.

دهۆك[41]. لە نزيك زاخۆشەوە، كۆمەڵگاكانى بێرسڤىٚو هيـزاوا خرابوونـە خزمـەتى هەمان مەبەستەوە. هەروەها گەلێ كەس باس لەوە دەكەن كە بۆ قـەلاٚ سـەربازيەكەى مانگێش يان بۆ قوتابخانەيەكى سـەرەتايى يـان ناوەنـديى ئـەو شارۆچـكەيە بـراون و لـەوێ بــە بــەلێنى درۆى لێبــووردن فريوياـنــداون. لــە مــانگێش مــاوەى ســێ ڕۆژ ماونەتەوە، هەنديێكيان كەمێ نان و ئاوى گەرمبووى بەرخۆريان داونەتێو هەنـديێكى تر هەر هيچيان بەرنەكەوتووە، ئەگەرچى خـەڵكى بەبـەزەيى ئـەو شارۆچـكەيە وەك باس دەكرێ نانيان لە پەنجەرەكانەوە بۆ فڕێداون[42]. لـە پـاش سـێ ڕۆژەكـە ديسان ئيڤايان بۆ هێناونەتەوەو ئەمجارەيان بۆ باشوور بەرەو دهۆك بردوونيان.

* * *

## هەر لــــــەجێدا ئيعدامكردنى بــــــەكۆمەڵ

لە ناوچەكانى سۆرانى زمانى كوردستانى عێراقـدا، كـاتێ كـە بكـوژان فـەرمانيان پێـدەكرا گيراوەكـان لـە سـەر پێـوانێكى پيشەسـازى لەناوبـەرن, هەنـدێ جـار لـە كارەكانيانـدا لـەڕادە بـەدەر دڕندانـە بـوون. بـەس تـەنها لـە ئـەنفالى سـێهەمدا، كـە پەلامارەكەى گەرميان بوو لانيكەم شەش كەسى دەربازبوو دەركەوتن بـۆ گێڕانـەوەى بەسەرهاتەكانيان. ئەم حاڵەتە لە بادينانـدا نيە، كەوا ساڵێك زياتر ميدلٚ ئيست وۆچ گـەڕان و پشـكنينێكى چـڕى تێـداكردو نـەيتوانى يـەك نێرينـە بدۆزێتـەوە كـە بـە زيندوويى لە كەمپەكانەوە يان لە چنگى تيمەكانى گوللەباران كردن دەرچووبێت.

---

[41] چاوپێكەوتنى ميدلٚ ئيست وۆچ، ئامێدى، 29 ى ئابى 1992، جەنـەراڵ زەرب لـە (شـيكردنەوەى عەمەلياتى ئەنفالى كۆتايى) يەكەيدا دانى بە گيروگرفتـى هەميشـە شـكان و پەككـەوتنى ئۆتۆمبيلـدا ناوە.

[42] بارودۆخى خەڵك لە قەلاٚكەى مانگێشدا لە "وێرانكردنى كورێمێ" لاپـەڕە 58 , Destruction of Koreme كورتەيەكى لێ باسكراوە.

لــە نێــوان نیســان و ئــەیلوولی 1992داو دیســانیش لــە نیســانی 1993دا کارمەندانی میدڵ ئیست ووچ زۆر لە بادینانـدا گـەڕاون و دەیـان چاوپێکەوتنیان لـە گـەڵ دەربـازبوانی ئـەنفالی کۆتـایی (*خاتمـە الأنفـال*)دا ئەنجامـداوە. لـە هـەر کۆمەڵـە گوندنشینێکی جاران، داوا لە شایەتحاڵە دەربازبوەکـان کـرا کـە لیستێك دروستبکەن بــە نــاوی کــوژراو و بێسەروشــوێن کراوەکانیانــەوە. لــە زۆر حاڵەتــدا کارەکــەیان ئەنجامداو بە پێی توانا ناوی تەواو و پێناسەی هـەموو کەسێکیان کـردووەو کـە ئایـا *پێشـمەرگەی* کـارا بـووە، نەچـووە بـۆ سـەربازی یـان سـەربازی هـەڵاتوو بـووە. ئـەو لیستانەی گوندنشینەکانی بادینان دابوویان، تەنها کوڕی هەرزەکارو پیاوی گرتبـۆوە، بە لێدەرکردنی مەسیحیە ئاشووریو کلدانـەکان و هـەروەها کـوردە ئێزیدیـەکانیش، کە دواتر بە درێژی باسی چارەنووسیان دەکرێت.

ئـەو ژمارانــەی کــەوا لــە ســیو شــەش گونــدەوە دراونەتــە میــدڵ ئیســت ووچ دەسنیشانکردنێکی نزیکـە لـە ژمـارەی ئـەو کەسانەی کـە لـە پەلامارەکـەی بادینانـدا کوژراون. هەندێ شوێن بە سەلامەت دەرچوون و هەموو خەڵکەکە ئاودیوی سنووری تورکیا بوون، هەنـدێ تـەنها تاقـە پیـاوێکی لەدەسـتداوەو هەنـدێکی تـر دە تـا بیست کەسێك. کەم شوێن هەیە بە سەختی بەرکەوتبێت و گشت پیاوەکـانی تێداچووبێتن، ئەوانەش وەك نموونە، حەفتاو چوار کەس لە گوندی ئێکماڵـە لـە ناحیـەی دۆسـکیو هەشـتاو سـێ یـان هەشـتاو حـەوت (بـە پێـی دوو گێڕانـەوەی جیـاواز) لـە گونـدی وەرەخەلی ناحیەی نیروەرێکان، نەوەدو سـێ لـە گویزێ. ئـەم سـیو شـەش گونـدە بـە هەموو 632 پیاویان لە ئەنفالدا لەدەسـتداوە، لەوانـەش هەنـدێکیان کـوڕی دوانـزەو سیانزە ساڵ بوون[43].

هەموو ئـەم پیـاو و کوڕانـە، کـە بـۆ دواجـار بـە زینـدوویی بینـراون لای سـوپای عێـراق دەسبەسـەر بـوون، لـە قـەراخ ڕێگـای ئـەو شـوێنانەی تێیـدا گیـراون کەلەپچـە کراون و لە ئیڤادا بە سەر یەکتردا کەڵەکەیان کـردوون، یـان بـە زۆریـی لـە نـاو قـەڵا

---

[43] بـە پێـی دۆسـێیەك کـە لـە لایـەن کۆمەڵـەی ئاوەدانکردنـەوەو گەشـەپێدانی کوردسـتانەوە (KURDS) کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە، لە ماوەی ئەنفالی کۆتاییدا نزیکەی 310 گوند لە پارێزگای دهۆك وێرانکراوە. ژمارەی ناوخۆیی سـوپا دەربـارەی سـەرجەم ئـەو پیاوانـەی لـە مـاوەی ئـەنفالی کۆتاییدا بەندکراون، بەو "تێکدەرانەشەوە" کە خۆیان داوەتە دەستەوە یان گیراون 3063 کەسـە، بڕوانە لاپەڕە 370. نموونەو شێوازی نێرینە سەرنگومکراوەکانی ئەو گوندانەی کە میدڵ ئیست ووچ مەسحی کردوون، ئەوە دەگەیەنن کە سەرجەمی ژمارەکە بێگومان گەورەترە.

سەربازیەکەی دهۆکدا, کە وەك بڵێی ڕۆڵی تۆپزاوای باکووری بینیوە, مامەڵەیان لە گەڵ دەکردن[44]. ئەوانە جارێکیتر کەسیان بە زیندوویی لێنەبینرایەوە، لە کاتی سەرنگوم بوونیانەوە تا ئێستا کە پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە*. ئەنجامیش تەنها ئەگەری ئەوەیە کە لە لایەن تیمەکانی گوللەباران کردنەوە بە کۆمەڵ کوژرابێتن، ڕێك وەك ئەوانەی قۆناخەکانی پێشووی ئەنفال. هەروەها لە ئەنجامی پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا سەدان ئافرەت و منداڵ لەناوچوون و هۆی مردنەکەشیان جۆراوجۆرە وەك: گاز بەسەرداڕشتن، برسیکردن، پشتگوێ خستنی بە ئەنقەست و جێهێشتنیان لە چۆڵەوانیدا. نەك ئەوەی بە گوللەی کلاشینکۆف کوژرابێتن. لە حەوت ئەنفالەکەی پێشوودا بە کۆمەڵ بێسەروشوێن کردنی ژن و منداڵ بە زۆریی ڕەنگدانەوەی بەرگریی *پێشمەرگە* بوو، بەلام لە ئەنفالی کۆتاییدا ئەو بەرگرییە نەبوو قسەی لە سەر بکرێت. لێرە بە ئاسانی KDP نوشوستیی هێناو ئەمەش لەوانەیە ئەو مەسەلەیە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ژن و منداڵی بادینان بەر ئەو لێشاوی بێسەروشوێن کردنە نەکەوتن‌و پارێزران. بەڵام سەبارەت بە پیاوەکان فەرمانەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون.

ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بە میدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاند: "فەرمانمان بۆ هات هەرچی *پێشمەرگەیە* بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە *پێشمەرگە* دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان 15 ـ 60 ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن. ناوچە قەدەغەکراوەکان لە نەخشە سەربازیەکاندا بەڕەنگی سوور دیاریکرابوون و ڕێگاوبانە سەرەکیە ڤیرتاوەکانی لێبەدەر هەموو شوێنێکی گرتبۆوە". ئەم فەرمانانە وەك ئەفسەرەکە باسیدەکرد، بە نووسین (تەحریری)** تا

---

[44] دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کەوا لانیکەم بەشێك لە بەندکراوەکانی دهۆك پاشتر گوێزراونەتەوە بۆ تۆپزاوا، کە تا ماوەیەکی زۆری دوای پەلاماری ئەنفالیش هەر لە کاردا بووە.

* لێرەدا مەبەست تا ساڵی 1993یە کە ئەم کتێبەی تێدا بلاوکراوەتەوە ـ و.

** لە دەقەکەدا بە هەمان شێوە هاتووەو دیارە لە زمانی ئەفسەرەکەی گواستووەتەوە ـ و.

www.dengekan.com

ئاستی فیرقەکان دابەزیبوو و دوای ئەوەش بە دەمی بە ئەفسەرانی پلەکانی خوارەوە وترابوو. سەرچاوەکەشی بە ئاشکرا گەڕانەوە بوو بۆ ڕاسپاردەکانی ژمارە 3650 و 4008 ی مەکتەبی باکوور لە حوزێرانی 1987 دا, کە فەرمانی جێگیرو هەمیشەییان تێدابوو بۆ ماوەی دوو ساڵ بە سەروەختی ئەنفالیشەوە. موقەدەمەکە درێژە بە قسەکانی دەدات و باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو ژن و منداڵانەی لە ناوچەی عەمەلیاتی ئەمدا بوون گیراون و براون بۆ بارەگای فیرقەی سوپا لە بێگۆڤا کەوا بارەگای ئەمی لێبووەو چۆن دواجار لە کۆمەڵگایەکی حوکوومەتیدا نیشتەجێکراونەتەوە[45].

کۆنە ئەفسەرێکی تریش کە لە *ئیستیخباراتدا* کاری کردووە دەڵێ: "فەرمانەکانی علی حسن المجید ئاشکرابوون و دەبوو گشت ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە 15 ـ 60 ساڵ بوو بکوژرێن، چوونکە نەیدەویست جارێکیتر بیانبینێتەوەو دەبوو لەناوبچن". بەهەرحاڵ "خەڵکەکە ژیانیان بەستڕابوو بە میزاجی ئەو ئەفسەرەوە کە لێیان بەرپرس بووە، هەندێکیان دڵنەرم بوون و خەڵکەکەیان بەرداوە، هەمان کاتیش هی وایان بووە کوشتوونی".

ئەم ڕەفتاری "دڵنەرمیەی" هەندێ ئەفسەر لە قسەی شایەتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کوردێکی ئێزیدی خەڵکی گوندی مێزێ (ناحیەی سەرسەنگ) یەکێك بووە لەو هەزاران کەسەی کەوا لە کۆتایی ئابدا لە تاو پەلاماردانی سوپا هەڵاتوون بۆ چیاکان و خۆیان شاردووەتەوە، دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "نزیکەی چل پەنجا ئافرەتێك چیتر نەیانتوانی بەرگەی ئەو بارودۆخە سەختە بگرن و خۆیان دا بە دەست یەکەیەکی سوپاوە لە گوندی شکەفتکێ. فەرماندەکە پیاوێکی باش بوو, خواردنو ئاوی پێدان، بەڵام پێیوتن کەوا فەرمانی پێیە هەموویان بکوژێت و وتبووی لە توانامدا نیە ژن و منداڵ بکوژم, بۆیە ڕەوانەی چیاکانی کردنەوەو پێیڕاگەیاندبوون کە چاوەڕوانی لێبووردنێکی گشتیی بکەن"[46]. هەروەها یەکەکانی *چەتەش* لەم ناوچەیەدا چووبوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی *پێشمەرگەو* هەمووانیان ئاگادار

---

[45] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، زاخۆ، 24 ی حوزێرانی 1992.

[46] لەوە ناچێ فەرماندەکە خۆی, تا ڕادەیەکی زۆر فەرمانی کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە گیراوانەی پێبووبێت، بێ گوێدانە تەمەن و توخم، چوونکە هیچ نموونەیەکی دۆکیومێنت کراو دەربارەی ئەم ڕووداوە نیە. ئەگەر ئەم باس و تێبینیانە ڕاست بن، دەبێ ئەوەشی بزانیبایە کە دواترچی بە سەر ئەو خەڵکانە دەات کە ئەم دەیگرتن و دەیدانە دەست *ئەمنو ئیستیخباراتەوە*. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای خانکێ، 27ی ئابی 1992

کردبوو کە لە شوێنی خۆیان بن و کەس نەیەتەوە، چونکە فەرمانێکی گشتی هەبوو بۆ کوشتنی هەر کەسێك کە خۆی بە دەستەوە دەدا.

هەروەها کۆمەڵێکی گەورەی خەڵکی گوندنشین لەئەنجامی هەوڵ و بۆ تێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ سوپادا ڕزگاریان بوو. ئەم حاڵەتە مەترسیدارە کۆمەڵێکی 160 خێزانیی خەڵکی گوندی سپیندارۆکی گرتەوە، کەوا لە ڕۆژی یەکەمی ئەنفالی کۆتاییدا ویستیان بەرەو تورکیا هەڵبێن، بەڵام ڕێگەی دەربازبوونیان لێگیرابوو و لە سەر جادە سەرەکیەکە تووشی سەرۆك هۆزێکی دەسەڵاتدار بووبوون، کە باوکی *موستەشارێك* بوو. خەڵکەکە ئەم پیاوەیان لەوە دڵنیاکردەوە کە *پێشمەرگەیان* تێدا نیەو ئەمیش چووە لای *ئیستیخباراتی* سەربازیو بۆیان تێکەوت، ئەنجام پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە خۆیان دا بە دەست سوپاوەو بە ئیڤا ناردنیان بۆ بنکەی *ئیستیخباراتی* زاخۆ. لەوێ هەر چەکێکیان پێبوو لێیانسەندن و ئیفادەیان وەرگرتن. دوای ئەوە بەرەڵایان کردن و هەر یەکە چووە لای خزم و کەسی خۆی لە زاخۆ. (گوندەکەشیان سپیندارۆك، سوتێنراو بەر بلدۆزەر درا)[47].

* * *

هەندێك لە پیاو و هەرزەکارانی بادینان هەر لە شوێنی گرتنیاندا ڕیزکرابوون و تیمەکانی گوللەباران کردن بە فەرمانی ئەفسەرێك لە یەکەیەکی سوپادا، دەسرێژیان لێکردوون و کوشتوونیان. بەدناوترین حاڵەت ئەوەی کورێمێ بوو، کە گوندێکی 150 ماڵییو تەنها دوو میل و نیو لە شارۆچکەی مانگێشەوە دووربوو[48]. کورێمێ لە ناوچەکەدا وەك گوندێکی سەر بە حوکوومەت ناسرابوو, ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانی بەکرێگیراوی *ئەمن* بوون. لە سەروەختی ئەنفالدا کورێمێ کەوتە

---

[47] لە پەراوێزێکی سەیر و سەرنجڕاکێشی ئەم بەسەرهاتەدا، ئەو خێزانانەی دوای لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوول لە لایەن *ئەمنەوە* گیرابوون و دواجار لە قەڵا سەربازیەکەی دهۆکەوە نێردرابوون بۆ کۆمەڵگای بەحرکە. ئەمەش بە تەواوی ڕێك و گونجاوە لەگەڵ لۆجیکی بیرۆکراتیی ئەنفالدا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای هیزاوا، 1 ی ئەیلوولی 1992.

[48] بەسەرهاتی ئەم گوندە بە دوورودرێژییەکی شیاوی گرنگی پێدانەوە لە "وێرانکردنی کورێمێ" The Destruction of Koremeدا باسکراوە، بە تایبەتی لاپەڕەکانی 12 ـ 29 و 45 ـ 52.

www.dengekan.com

خۆشاردنەوەو هەر لە سالّی پێشترەوە دانیشتوانی کە هەزار کەسێك دەبوون پەنایان بردبووە بن ئەو کاچ و تاشە بەردە شێدارانەی بە سەر شیوە قووڵەکانی ئەو ناوەدا لووتیان داژەندبوو. هەر بە دوای هێرش و پەلامارەکانی کیمیابارانی 25 ی ئابدا، کوریێمێش وەك گوندە لە ژمارە نەهاتووەکانی تر خەڵکەکەی کەوتنە مشتومڕی ئەوەی چیبکەن. لە 27 ی مانگدا چەند سەد کەسێ بڕیاریان دا ڕێی هاتونەهاتی هەڵاتن بگرنەبەر بۆ تورکیا. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە درەنگانێ لە چیاکاندا تووشی خەڵکانی تری تۆقیوی ئەو دێهاتانە بوون و ئاگاداریان کردنەوە کە تازە کار لە کار ترازاوەو فریاناکەون، چونکە تەواوی ڕێگاوبانەکانی بۆ سنوور دەڕۆن سەربازگرتوونی.

بەمجۆرە خەڵکە ئاوارەکەی کوریێمێ بە ناچاری بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوەو ژمارەیەکیش خەڵکی گوندی چەلکێیان کەوتبووە تەك، کەوا لە دەرەو شیوەکاندا یەکیانگرتبوو. خەڵکەکە ئەو شەوە تا بەیانی بەڕێوەبوون و لە ترسی پەلاماردان نەیاندەوێرا بوەستن. بۆ دواینیوەڕۆی 28ی ئاب جارێکیتر گەیشتنەوە دەوروپشتی کوریێمێ. بەڵام لە پێش ئەماندا سەربازو *جاش* گەیشتبوون، پیاوەکان هەر کە هێزەکەیان بینی دەستیان هەڵبڕیو تەسلیم بوون. ئەفسەرە بەرپرسەکان، کە دوو مولازمی گەنج بوون و تەمەنیان لە بیست ساڵیدا بوو هەر لەوێدا پیاوەکانیان لە ژن و منداڵ جیاکردەوە. پاش بەجێهێنانی ئەو کارە پێدەچوو دڵنیا نەبن دوای ئەوە چیبکەن. بەڵام پاش چاوەڕوانیەکی کەم یەکێك لە ئەفسەرەکان خورییە کۆمەڵێکیان، کە سیو سێ پیاو و کوڕی هەرزەکار بوون، لەوانیتر جیاببنەوە[49]. ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەمەنیان لە سیانزەوە بۆ چلو سێ ساڵ بوو. پاشان گوندنشینەکانی تریان دا لەبەرو بردنیانە پشتی گردێکەوەو لە چاو ونیانکردن, لەم دیویشەوە پیاوەکانیان لە سەر چیچکان دانا. لەوێدا سەربازەکان بەردەوام دڵیان دەدانەوەو پێیان دەوتن هیچ زیانێکتان بۆ نابێت و بگرە جگەرەو ئاویشیان دەدانێ. لەو کاتەدا کە چاوەڕێ بوون یەکێك لە ئەفسەرەکان بە هۆکی - تۆکی* قسەی لە گەڵ

[49] هەندێك مشتومڕ لە نێو گوندنشینەکاندا دروستبووە کە ئاخۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو کۆمەڵەدا بوون چەکیان پێبووە لەو کاتەدا کە خۆیان بە دەستەوە داوە یان نە، بڕوانە "وێرانکردنی کوریێمێ"، ل 45 ـ 47.

* هۆکی ـ تۆکی ئامێرێکی بێتەلی بچووکە بۆ قسە کردن لە مەودای نزیکدا بەکاردێت و ڕاستیی ناوەکەشی ووکی ـ تۆکی‌یە بەڵام لە ناو کوردا یەکەمیان باوەو لە سەر زمان ئاسانە ـ و.

فەرمانـدەکانی خۆیـدا کردبـوو لـە مـانگێش و وای لـە قەڵـەم دابـوو کـە تاقمێـك "تێکدەری چەکداری" گرتووەو چاوەڕێی فەرمانی ئەوانە چییان لێبکات. مولازمەکە لە گەڵ داخستنی بێتەلەکـەدا هـاواری کـردو خوڕییـە سـەربازەکانی دەسـڕێژ بکـەن. بەمجۆرە هەر لەوێدا بیستو حـەوت کـەس لـە سـیو سیّ گیراوەکـە کـوژران، لەوانـە هەژدەیان خەڵکی کورێمیّو نۆشیان خەڵکی چەلکیّ بوون. جێـی سەرسوڕمانیشە کـە شەشیان لێـدەربازبوو. لەدواییـدا سـەربازەکان چـوونە سـەر ڕیزەکـەو هـەر یەکـەیان فیشەکێکی بەزەییان پێوەنان[**]و پاشان لاشەکانیان هەر لەو شوێنەدا جێهێشت[(50)]لـە بەر خۆری هاوین بۆگەن بکەن, ئەوجا دوای حەفتەیـەك سـەربازەکان گەڕانـەوەو لـە دوو بستە چاڵدا کۆیان کردنەوەو خۆڵیان بە سەردا کردن.

تا ئـەمڕۆش مەسـەلەکە جێـی تێڕامـان و لێکدانەوەیـە کـە بۆچـی کـورێمیّ بـەم شێوەیە تاك بکرێتەوە. لە نێو ئەو هەموو تیۆریانەدا کە باسی لێوە دەکرێـت، ڕەنگـە گونجاوترینیـان ئـەوە بێـت کـەوا ڕۆڵـی جارانیـان لـە *ئەمنـدا* کلیلـی نهێنیەکـە بێـت. کـورێمیّ وەك گونـدێکی دڵسـۆز، وا چـاوەڕوان دەکـرا سـەری ڕەزامەنـدیی بـۆ "هێڵـە سـوورەکەی" سـاڵی 1987 بلـەقێنیّو دانیشـتوانی لـە سـەرژمێریەکەی ئۆکتۆبـەردا خۆیـان نـاونووس بکـەن، کەچـی لـە جیـاتی ئـەوە گوندەکـە خـۆی قاچـاخ کـرد. لـەو دەمەوە ئیدی ڕژێم ئەو *ئەمنانەی* جارانی ئەوێی بە خیانەتکاری تایبـەت دانـاو ئـەو بەڵگەنامـە ڕەسمیانـەش کـە گـیران ئـەوە ئاشـکرا دەکـەن کـە سـزای ئـەم جـۆرە

---

[**] Coup de grace گوللەی بەزەیی، دوا گوللەیە لە پاش دەسرێژکردن دەنریّ بە نێوچاوانی ئەو کەسەوە کەوا حوکمی کوشتنی دراوە بە گوللەباران کردن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کـە بـە تـەواوی بـیّ گیان بووە ـ و.

[(50)] نامەردیی لـە گوللـەباران کردنەکـەی کـورێمیّدا خـۆی لـە خۆیـدا سـەیرو سەرنجراکێشـە. لـە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کەوا یەکێك لەو شەش کەسەی دەربازبوون، پیـاوێکی تەمـەن 34 سـاڵ بووەو برینی گوللەیەکی پێوە بـووە، کەچـی ڕۆژی دوایـی لـە لایـەن یەکەیـەکی *جاشـەوە* بـراوە بـۆ نەخۆشخانەکەی مانگێش، لەویّ تیمارکراوەو پاشان بـراوە بـۆ قەلاّکـەی دهـۆك, لـەوێش ڕزگـاری بـــووەو هۆکەشـــی نادیـــارو نـــەزانراوە، بڕوانـــە: "وێرانکردنـــی کـــورێمیّ" لاپـــەڕە 87. (The Destruction of Koreme).

www.dengekan.com

هەڵگەڕانەوەیە ئیعدامکردنی دەسبەجێ بووە[51]. کوریمێ تەنها حاڵەتی کۆمەڵکوژیی مەیدانیی نەبوو. کارێکی تری لەو جۆرە, بەڵام بە ئەندازەیەکی بچووکتر لە مێرگەتوی بەرپاکرا، ئەو گوندەی بناری باشووری چیای گارە کە لە 25 ی ئابدا بە چەکی کیمیایی لێدرا. زۆربەی پیاوەکانی ئەم گوندە *پێشمەرگە* بوون و چووبوونە چیا، بەڵام وەك پێشتر ئەم باسەمان کرد، سەد کەسێك لە خەڵکی ئەم گوندە هەر ئەو شەوەی کە بە ڕۆژەکەیدا کیمیاباران کرابوو، لە ماڵەکانی خۆیاندا سەرباز دەسگیری کردن، پاشان نزیکەی سەعاتێك لەلای کانییەکەی گونددا گلیاندانەوەو لە ماوەی ئەو چاوەڕوانیەدا سەربازەکان ئاگریان لە ماڵەکانیان بەردا. دواتر وەك دەگێڕنەوە، ئەفسەرێکی *ئیستیخبارات* بە هۆکی ـ تۆکی قسەی لەگەڵ فەرماندەکانی خۆیدا کردو پێیڕاگەیاندن کەوا ژمارەیەك لە "تێکدەرانیان" گرتووە. *جاشێك* کە لە نزیکیەوە وەستابوو و کەمێك لە زمانی عەرەبی دەگەیشت بە ئەسپایی بە خەڵکەکەی وتبوو کە کابرا چ فەرمانێکی دراوەتێ: "ژن و پیاوەکان لێکتر جیابکەرەوەو هەموو ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە ژوور پانزەوەیە بیانکوژە". ئەوجا دوانزە پیاو جیاکرانە لایەکەوەو کە شەو داهات ژنەکان بە پێ بران بۆ شارۆچکەی سەرسەنگ کە لەوێوە نزیك بوو.لەم بشێویو تاریکیەدا ئەفسەرێکی پیادەی دڵنەرم لە هەوڵدانێکیدا توانی چوار لە پیاوەکان لە ناو کۆمەڵی ژنەکاندا بشارێتەوەو ڕزگاریان بکات[52]، هەشتەکەی تریان لە چیاکان دوورخستەوەو بردنیان بۆ گوندی باوەڕکا کەعبێ لەو نزیکانە. لەوێ ئەفسەری فەرماندەی سەربازەکان لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە تەوقی سەریو قیڕاندی بە سەریاندا: "بۆچی ئەمانەتان هێناوە بۆ ئێرە؟ من پێم وتن بیانکوژن, چۆن فەرمانی منتان بەجێ نەهێناوە؟" ئەوجا کابرا فەرمانەکەی دووپات کردەوە: ئەم پیاوانە دەبێ بگێڕدرێنەوە ئەو شوێنەی گیراون و گوللەباران بکرێن. بەم ڕەنگە لەو شوێنەدا کە 300 یاردێك لە مێرگەتوی دووربوو دەست و قاچی گیراوەکانیان بە یەکەوە بەست و بە کلاشینکۆف دایانگرتنەوە[53].

---

[51] بە پێی فۆرمەکانی ئەندامێتی لە حیزبی بەعسدا، کە لە ئەرشیفی حوکومەتی عێراقدا دۆزراوەتەوە، تەنها شاردنەوەی ئەندامێتی پێشوو لە حیزبێکی سیاسی دیکەدا زەمینە خۆشکەر بووە بۆ سزای ئیعدام کردن.

[52] ئەم چوار کەسە دواتر لە قەڵاکەی دهۆك بێسەروشوێن کران، بە پێی چاوپێکەوتنێك کە میدڵ ئیست ووچ ئەنجامی داوە. دهۆك، 6 ی حوزێرانی 1992.

[53] ئەم باسە پشتی بە شایەتیی خزمانی یەکێك لەو هەشت پیاوە بەستووە، کەوا لە کاتی گوللە بارانەکەدا بریندار بووەو دواجار خۆی گەیاندووەتە بارەگایەکی *جاش* لەو نزیکانە, لە کۆمەڵگای

* * *

سـوپاس بـۆ ڕاپۆرتـە پـڕ لـە درێژدادڕپەکـەی جەنـەراڵ زەرب سـەبارەت بـە جموجووڵی هێزەکان لـە مـاوەی ئـەنفالی کۆتاییـدا کـە دەکـرێ تـا ڕادەیـەك بـە وردی بڵێین کێ کوشتارەکەی مێرگـەتوی‌و کـورێمێ بەرپرسـیارە[54]. لـە گـەڵ ئەوەشـدا کـە مێرگەتوی بە ناو باس نەکراوە لە ڕاپۆرتەکەی جەنەراڵ زەربدا، بەڵام ئاشکرایە کـە ئەم گوندە کەوتبووە ناوچەی عەمەلیاتی فیرقـەی پیـادەی 41 ی سـوپای عێراقـەوە. فیرقەی 41 سەرپەرشتیی کەتیبەیەکی کۆمانـدۆی فەیلـەقی شەشـی دەکـرد لـە گـەڵ سێ لیوای پیادەی ژمارە 103 و 114 و 706دا. فەرماندەی یەکێك لەم سـێ لیوایـە ـ کـە دەسنیشـان نـەکراوە کامیانـە, بەرپرسـی یەکـەم ڕەتـڵ یـان هێـزی هاوبەشـی فیرقەکە بوو بۆ گرتنی چیای گارەو دابەشبوون بە سەر پێگـەو شـوێنەکانیدا، کـە لـە بنکـەی خۆیـەوە لـە سەرسـەنگ و لـە یەکـەم کاتـژمێرەکانی پەلامارەکـەدا بـەرەو ڕۆژهەڵات بە ناو مێرگەتویدا پێشڕەویی کرد[55].

بە پێـی ئـەو پلانـەی هێرشـبردن کـە فەیلـەقی پێنجـی سـوپا داینـابوو، کـورێمێ بەشـێك بـوو لـە عەمـەلیاتی ناوچـەی حـەوزی خـابوور (بڕوانـە نەخشـەکە). ئـەو مەیـدانی شـەڕەی کـە لـە زاخـۆو باتووفـەوە لـە بـاکوور درێـژدەبۆوە بـۆ مـانگێش لـە باشـوور، بـە دەسـت فیرقـەی پیـادەی 29وە بـوو. هـەروەها سـێ لیـوای پیـادەش، کـە ژمارەیان 84، 238، 435 بوو، بۆ ئـەم عەمەلیاتـە تـەرخان کرابـوون بـە هاوبەشـی

---

قەدش، بەڵام لە دواییدا خێزانەکەی لە ترسا دەیدەنـە دەسـت ئەمنـەوە لـە سەرسـەنگ و ئیـدی لەوێوە سەرنگوم دەکرێت. حەوت پیاوەکەی تریش کە هەر لەوێدا کوژرابوون ئەمانە بوون: محمـد صاڵح عبدالقادر (لەدایکبووی 1938)، مصگفی عبدالقادر مصـگفی (لـەدایکبووی 1926 یـان 1927)، سلێمان شعبان چچۆ (لەدایکبووی 1956)، عادل محمد خالد (لەدایکبووی 1961)، ڕەمەزان أحمد حمو (لەدایکبووی 1968)، حمید أحمد حمو (مێژووی لەدایکبوونی نەزانراوە). دەربازبووە کاتیەکەش ناوی بەنگین مستەفا عبدالقادر بوو (لەدایکبووی 1966). ناوی تەواوی ئەو بیست‌وحەوت کەسەش کە لـە کورێمێ ئیعدام کران لە "وێرانکردنی کورێمێ"
The Destruction of Koreme لە لاپەڕە 50 دا هاتووە.

(54) "شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"، لاپەڕە 17 ـ 19.

(55) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 16.

www.dengekan.com

کردنـی بـەتالیۆنێکی تانـك و تەشـکیلێکی* هێـزی میکـانیکی، یەکـەی ئەنـدازیاریی مەیدان و یەکەکانی تۆپخانـەو بەلەمـەوان و شـانزە فـەوجی بـەرگریی نیشـتمانیش، یان *جاش*.

پەلامارەکـە دابەشـکرا بـە سـەر هەشـت ڕەتڵدا، کـە بنکـەی دوانیـان (شەشـەم و حەوتەم) لە مانگێش بوو[56]. لە کاتێکدا کە ڕەتڵی حەوتەم ڕاسپێردرابوو کە بـەرەو ڕۆژهەڵات پێشڕەوی بکات و گوندەکانی مەجلمـەختیو ئەلکویشکێ بگرێـت، شەشـەم دەبوو بەرەو باکوور پێشڕەویی بکات تا هەردوو گوندی بەڕوشکێ ژێری و ژووری لـە سەر لێواری باشووری زێی خابوور. کەتیبەیەکیش دەبوو بەرەو بـاکووری ڕۆژهـەڵات لابداتەوەو کورێمێ بگرێت. ئەمـەیان ئـەو یەکەیـە بـوو کـە ئیعدامەکەی جێبـەجێ کـرد. بـە گـوێرەی بەڵگـەو گێڕانــەوەی شـایەتەکان گریمانــەی ئـەوە هەیــە کـەوا فەرماندەی ڕەتڵی شەشەمی فیرقەی پیادەی بیستو نـۆ، کـە بارەگاکـەی لـە مـانگێش بوو، ئەو فەرمانەی دەرکردبێت.

جەنــەراڵ زەرب زۆر کــەیفخۆش بــووە بــە ڕاپەڕانــدنی کارەکــە لــە لایــەن ئەفسەرەکانیەوەو لـە 29 ی ئابـدا ڕاپـۆرتی ئـەوەی داوە کـە فیرقـە پیادەکـانی 29 و 41 "تەواوی ئەو شوێنانەیان گرتووە کەوا بۆیان دەسنیشـانکرابوو و هـەموو ئـەرکی پێسپێردراوی خۆیان ئەنجامدا"[57]. لـە حەفتـەی دووەمیشـدا یەکـەو ڕەتڵـەکانی تـر بەردەوام بـوون لـە پرۆسـەی ڕاونـان و پاکتاوکردنـداو دوا *پێشـمەرگەیان* فڕانـدە نـاو تورکیاو ئێرانەوە. لە شەشی ئەیلوولدا دوا لووتکەی ستراتیجی سەر سنوور داگیرکـراو بەم ڕەنگە لە باری سەرنجی سەربازییەوە ئەنفالی کۆتایی تـەواوبوو. جەنـەراڵ زەرب دەستخۆشـیو پیرۆزبـایی لـە "دەسـەڵاتە سـەربازیو مەدەنیـەکان" کـرد بـە بۆنـەی ئەنجامدانی کارە بنەڕەتیەکانی پەلامارەکەوە بـە سـەرکەوتوویيو ستایشـی هـەڤاڵانی حیزبــی بەعســی کــرد بــۆ"بەرزکردنــەوەی پلــەی دلگــەرمیو گیانبــازی لای جەنگاوەران"[58].

---

* لێرەدا وام بە چاك زانی هەر شێوە عەرەبیەکەی بەکاربێنم کە زاراوەیەکی باو بوو لـە نـاو سـوپای عێراقداو زیاتر لە هەر وشەیەکی کوردیی پەتی مەبەستەکە دەگەیەنێ، هـەروەها لـە گـەلێ شـوێنی تردا بۆ وشەی "عەمەلیات"و هەندێکی دیکەش هەمان بۆچوونم هەیە ـ و.

(56) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 17 ـ 19.

(57) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 27 .

(58) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 38 ـ 39.

هەروەها هەمان خاسیەتی دڵسۆزانەی شەڕکردنی لە *جاشەکانیشدا* نرخاندووەو نووسیویێتی: "جەنگاوەرانی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی بە دڵگەرمیو گیانبازییەوە شەڕیان دەکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تێکشکاندنی تێکدەران لە بنکەو سەنگەرەکانیاندا. لە هەموو پێشڕەویو دەرچوونێکدا ئەوان پێش هێزەکان دەکەوتن، چوونکە شارەزای ناوچەکە بوون و بنیاتی لەش و لاریشیان پتەو و گونجاو بوو بە تایبەتی بۆ سەرکەوتن بە کەژو کێودا. ئەمانە ڕۆڵێکی زۆر چالاکیان هەبوو لە ڕووخاندنی گوندەکان و کۆکردنەوەی تاڵانیو دەسکەوتدا"[59]. ئەوجا درێژدادڕییەکی باشیشی کردووە لە باسکردنی ئەم "تاڵانیو دەسکەوتانەدا": ڕەشە وڵاخ، مەڕو بزن، ڕایەخ و پێخەف، جاجم و بەتانی، سەعات، پارەو پووڵ و ئاڵتوون، ئەلبوومی وێنە، دەفرو قابو قاجاخی خواردەمەنی، شیری قوتوو، دەرمانی دان شۆردن .. هتد[60].

هێزەکانی جەنەراڵ "بەرگرییەکی ئەوتۆیان تووش نەبوو" وەك خۆی ڕاپۆرتی لە سەر داوە. ئەمەش لە ژمارەی زەرەرو زیانەکانی سوپادا دەردەکەوێ. تەنها سیو یەك کەس لە ئەنفالی کۆتاییدا کوژراون، لەوانەش هەژدەیان *جاش* بوون کەوا ڕۆڵی چاوساغیان دەبینیو ئەو ئەرکانەیان ڕادەپەڕاند کەوا سوپاو حیزبی بەعس دیاری دەکردن. سەبارەت بەو "تێکدەرانەی" سوپا دەسگیری کردن لە پەلاماری بادینانەدا بەمجۆرەی خوارەوە تۆمارکراوە :

| | |
|---|---|
| ئەو تێکدەرانەی خۆیان بە دەستەوە داوە | 803 |
| ئەو تێکدەرانەی کەوا گیراون | 771 |
| پیاو | 1489 |
| ئافرەت | 3368 |
| منداڵ | 646 9 |

---

[59] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 39.
[60] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 57 ـ 60.

www.dengekan.com

سەرجەم 13395

بێگومان خەڵکانی تریش لە مەیداندا کوژراون بەڵام بە وردی ژمێرە نەکراون، ئەو چل‌و هەشت *پێشمەرگەیەی* لێدەرچێت کە ڕاپۆرت درابوو لە پێکدادانی فیرقەی 29دا کوژراون. لەبری ئەوە جەنەراڵ زەرب بە هەندێ تێبینی لاوەکی قەناعەتی بە خۆی هێناوە کە: "پەڵە خوێنێکی یەکجار زۆر لە هەموو ئەو شوێنانەدا بینراوە کەوا هێزەکانمان پاکیان کردووەتەوە".

★ ★ ★

## قەڵاکەی دهۆك و بەندیخانەی ئافرەتان لە سەلامیە

قەڵا سەربازییەکەی دهۆك دەکەوێتە نزیك مەڵبەندی پارێزگاوە لای نزارکێ‌و لە تەنیشتی ڕێگاکەوە. ئەم قەڵایە بینایەکی کۆنکریتیی قەبەو زەبەلاحە, لە ساڵانی 1970دا لە سەر نەخشەو ڕەنگرێژیی سۆڤیەت دروستکراوەو چوار تۆپی دژە فڕۆکە دەیپاراست کە لە چوار لای سەربانی قەڵاکەدا دامەزرابوون. ئەو 13395 "تێکدەرەی" لە بادینان گیران، لە شوێنی دەسگیرکردنیانەوە بە ئیڤا ڕاپێچی ئەم قەڵایە کران. هەندێ لە بەندییە پیاوەکانیش لە بەشی باشووری بادینانەوە بران بۆ شاری مووسڵ و تا ئێستا بە زیندوویی کەسێکیان لێنەگەڕاوەتەوە بەسەرهاتی ئەوێ بگێڕێتەوە.

زۆربەی زیندانیەکان لە نهۆمی دووەمی قەڵاکەدا بەندکرابوون، کە هێندە پڕو قەرەباڵغ بوو لە تاوا دەچوونە تارمەو بەرهەیوانەکان. خەڵکەکە لەوێ ماوەی دوو تا پێنج ڕۆژ دەمانەوە، ئەگەرچی هەندێك لە پیرو بەتەمەنەکان ماوەی تا دوو حەفتەیەك گلدرانەوە. بڕێك لە ژنەکان یەکەم شەو هەر لە حەوشەی قەڵاکەدا مابوونەوە، لە ناو ئەو ئۆتۆمبیلانەدا کە هێنابوونیان. لێرەش وەك تۆپزاوا ئەوانی تازە دەگەیشتن جیادەکرانەوە: ئەو پیاو و کوڕە گەنجانەی لە تەمەنی خزمەتی سەربازیدا بوون دەکرانە لایەکەوەو ژن و منداڵ و خەڵکی بەتەمەنیش بۆ لایەکیتر. سەرباز هەروا سووکە ئیفادەیەکیان لە پیاوەکان وەردەگرت و ناسنامەکانیان لێدەسەندن، بەڵام پرسیار لەوانیتر نەدەکرا. دامودەزگای *ئەمن* بەو پێیەی کە پەروۆشی هەڵگرتن و پاراستنی تۆماری بەڵگەنامەیی بوون، ئەو کورتە لێپرسینەوەیان بە ڤیدیۆ تۆمار دەکرد.

پیاوەکان بە بەرچاوی ژن و خوشکەکانیانەوە کە لەولایانەوە بێدەسەڵات وەستابوون، بە دارو سۆندە فەلاقە دەکران و بەر شەق و مستەکۆڵەو زللەیان دەدان، گاردەکانی سوپا بۆ گاڵتەو بەزمی خۆیان شقارتەی داگیرساویان بە ڕیش و سمێڵی بەندیەکانەوە دەنا. منداڵەکان دەگریان و ڤیژەو هاواریان بوو و بۆ لای باوکەکانیان

ڕایانـدەکرد، بـەڵام بـە شـەق و جنێـو دەیانگێڕانـەوە. ئـێرەم، کـە ئـافرەتێکی گـەنجی خەڵکی گویزێی سـەر چـیای گـارە بـوو, بـە بەرچـاویەوە شـووبراکەیان زۆر دڕاندانـە فەلاقەکردو هەموو گیانیان خەڵتانی خوێن کرد. ئـێرەم کەوتـە پاڕانـەوە لێیـان " بـۆ خاتری خوا، بۆ خاتری پێغەمبەر" بـۆ ئـەوەی ڕێگـەی بـدەن لەوسـەری حەوشـەکەوە بێتە ئەمسەر خوێن و زامەکانی بشوات، بەڵام سەربازەکان نەیانهێشت و بـە لاقرتـی پێکردنەوە وتیان: "ئێوە نە خواتان هەیەو نە پێغەمبەر"[61].

کاتێ کە کاروباری ناونووسین تەواودەبوو، بەندیەکان بـە سـەر زیندانـە پـیس و بۆگەنەکانـدا پـەرش و بڵاودەکرانـەوە کـە بـە میـزو پیسایی بنیـادەم داپۆشـرابوون. پیرەژنێك بە فێزو هێڵنجدانەوە یادی ئەو ڕۆژگارەی دەکردەوەو دەیـوت: "وەك ئـەوە وابوو کە لە ئاودەستدا بژین". لێرە هەزاران کەس لـەم قەڵایـەدا بـوون، پیاوەکانیـان کردبووە زیندانەکانی نهۆمی خـوارەوەو ژن و منـداڵ و پـیرو بەتەمەنەکانیشیان لـە نهۆمی سەرەوە دانابوو. ڕۆژانەش سەدان کەسی تر دەگەیشتن، ئەوان سەر بە هەموو هـۆزە گـەورەکانی ناوچـەی بادینـان بـوون وەك دۆسـکی، سـندی، ڕێکـانی، بـەرواری، سلێڤانیو ئـەوانیتریش. چـەند سـەد کەسـێکیش لـە بەندیـەکان خـەڵکی گونـدەکانی ئێزیـدیو مەسـیحیە ئاشـووریەکان بـوون و ئەمانـەیان بـە دیـوارێکی دابڕکـەر لـە بەندکراوە موسڵمانەکان جیاکردبۆوە.

لە گەڵ ڕووەوە بارودۆخی نزارکێ تەنانەت لـە تـۆپزاواش پیسـترو خـراپتر بـوو. سەرنجڕاکێشترینیان ئەوە بوو کە خواردنیان بە گیراوەکان نەدەدا. لـە گـەڵ ئەوەشـدا کـە چـەند بۆرییـەکی ئـاو لـە حەوشـەکەدا بـوو بـەڵام گاردەکـان ڕێگـەیان نـەدەدا زیندانیەکان بەکاریان بێنن. چـەند بۆشـکەیەك ئـاوی پـیس و گـەرمی بـەر خـۆر لـە حەوشـەکەدا دانرابـوون و خەڵکەکـە لـەو ئاوەیـان دەخـواردەوە، بـەڵام هـیچ هـەوڵێك نەدەدرا بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی دابەش بکرێت. تەنانەت نـان، نـانی ڕووتـیش لـەوێ نەبوو. گاردەکان پێیانـدەوتن: "ئێـوەی کـورد بـۆ مـردن نێردراونەتـە ئێـرە"، ئەمـە گەڵ لە گیراوەکان دەیانگێڕایەوە.

خـەڵکی شـار کـەمێ لای خێـرو بـەزەییان لـە گیراوەکـان دەکـردەوەو یارمـەتییان دەدان بـۆ ئـەوەی لـە برسـا نـەمرن، وەك چـۆن لـە چـەندین شـوێنی تـری

---

[61] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای جێژنیکان، 3 ی مایسی 1992.

دەسبەسەرکردنی کوردەکان دەکرا لە کاتی ئەنفالدا. جارێکیان پاسەوانێکی کورد دوو توورەکـە نـانی فڕێـدابووە حەوشـەکەوەو منـداڵی برسـی پـەلاماریان داوەو کێشـمان کێشـمانیان بـووە لـە سـەری. گـەلێ لـە منـدالان و بەساڵداچووان برسـێتیو نەخۆشـی زەفەری پێبردن و لە ماوەی تاقە دوو ڕۆژی سەرەتای ئەیلوولدا بیستیان لێمردن، بـە پێـی بـاس و گێڕانەوەیـەك[62]. ماوەیـەك دواتـر, ئـەو بەندیـە پیرانـەی دەمێـك بـوو لـەوێ مابوونـەوە دەیـانتوانی خواردەمـەنی لـە پاسـەوانەکانیان بکـڕن، بـە هـەمان شێوەی کوردە هاوڵاتیـەکانیان لـە نـوگرە سـەلمان. کـاتێکیش کـە هـەر تـەنها پیرەکـان لەوێ مانەوە توندوتۆڵیە ئەمنیەکەی یەکەمجار شلوشـۆڵیی تێکـەوت و بگـرە هەنـدێ لە خزم و کەسی گیراوەکان دزەیان دەکـردە نـاو قەڵاکـەوەو ماوەیـەکی کـەم لـە لایـان دەمانـەوە. بـە شـەوانیش جارجـارە بەندیـەکان لـە قەڵاکـەوە بـە ئەسـپایی خۆیـان دەگەیاندە لای تەلە دڕکاویەکانی پەرژینی قەڵاکەو کیسە نایلۆنی زل زلی خواردنیـان کۆدەکردەوە کە خەڵکی دهۆك لەوێدا بۆیان بەجێدەهێشتن[63].

سەبارەت بە بەندییە گەنجەکان, گاردەکان بەردەوام دڕندانە ڕەفتاریـان لـە گـەڵ دەکردن وەك پیشەیەکی ڕۆتینیـی ڕۆژانـە. ئـەو کەسـانەی تـازە دەگەیشـتن سـەرنجی پەڵە خوێنیان دەدا بە سەر دیوارو زەویی زیندانەکانەوە. هەر ژنێك بیویستایە سـەر لـە مێردەکـەی بـدا لـە نهـۆمی خـوارەوەی قەڵاکـە بـە لێـدان ڕایاندەفڕانـدە دواوە. پیاوەکـان زۆر دڕندانــە بــە تــەوری داربــڕین فەلاقــەدەکران، کــە جــۆرە ئــامێرێکی نەریتییە کورد لە باخداریدا بەکاریدێنێ. جارێکیان پیاوێکی گەنجیان هێند کوتابوو

---

[62] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووّچ، کۆمەڵگای تلکەبەر، 28 ی ئابی 1992.

[63] بێجگە لەو ژمارە کەمەی کەوا لـە قەڵـەم دراوە لـە بـەر نەخۆشـیو برسـێتی مـردوون، بەندیـە پیرەکانی نزارکێ ڕزگاریان بوو، هەروەها بە ڕێکەوتێکی سـەیریش، لایکەمەکـەی دوو کـوڕی گـەنج دەربازبوون، لەوانەی کە لەگـەڵ پیرەکانـدا بەنـدکرابوون بـە هـۆی برینداربوونیانـەوە. یـەکێکیان دەربازبووە برینداره‌کەی قەسابخانەکەی کورێمێ بـوو، ئـەویتر پیاوێـك بـوو بـەر گـازی ژەهـراوی کەوتبوو لـە پەلامارەکـەی وەرمێلێـداو تاقـە نێرینـەی گـەورە بـوو لـەو گونـدە ڕزگـاری بووبێـت. چاوپێکەوتنەکانی میدڵ ئیست ووّچ، گوندەکانی کورێمێو وەرمێلێ، 30 مایس و 31 ی ئابی 1988. (لەوەدەچێت لێرەدا ساڵەکە هەڵەبێت و 1992 بێت نەك 1988 ـ و)

www.dengekan.com

لە بەر دەستیاندا بێهۆش کەوتبوو, ئەوانیش بە چواردەستە خستبوویانە سندووقی ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلییەوەو لە قەڵاکە دەریان کردبوو، ئەو پیاوە لەوەودوا ئیتر نەبینرایەوە. هەروەها گەڵێ کەسی تریشیان لە حەوشەکەدا بە ستوونێکەوە دەبەست ئەوجا پشت و سەرو ملیان بە بلۆکی کۆنکریتی دادەگرتەوە. پیرەمێردێکی خەڵکی ناوچەی ئامێدی دەیگێڕایەوەو دەیوت: "بە چاوی خۆم بینیم ئەفسەرەکان پیاوێکی گەنجیان بە بلۆکێکی وا کوشت، منیش گریام و لە خوا پاڕامەوە کە هەمووومان ڕزگار بکات"[64].

لە بۆنەیەکی تردا, بەندییەك بینیبووی سەربازو ئەفسەرانی *ئیستیخبارات* بە نۆرە خەریکی فەلاقە کردنی کۆمەڵێکی دوانزە کەسیی کوڕی گەنجن، کە جلی *پێشمەرگەیان* لەبەردابوو. ئەفسەرو سەربازەکان دەیانقیڕاند بە سەریانداو جنێویان دەدانێ: "ئێوە شەرمتان نەکرد لەوەی تێکدەر بوون، هەی کەرو کوڕی سەگینە!", پاشان شایەتەکە لاشەی خوێناویی هەر دوانزە لاوەکەی بینیبوو سەرباز ڕایاندەکێشانە دەرەوە. گاردێك پێی گوتبوو ئەوانە *پێشمەرگە* بوون لە چیای مەتین، خۆیان بە دەستەوە داوە یان هەلیکۆپتەر گرتوونی[65].

پیاوێکی گەنج کە دارتاش بوو لە دهۆك، هەواڵی زانیبوو کە باوکی برادەرێکی لە ناو گیراوەکانی قەڵاکەدایەو ئەمیش دەسبەجێ بە توورەکە نان و ترێوە ڕۆیشتبوو بۆ ئەوێ، لە دەروازەی قەڵاکە داوای لە *ئەمنێك* کردبوو ڕێگەی بدات بچێتە ژوورەوە, کابرا لە وەڵامدا پێی وتبوو: "چۆن دەتوانی بچیتە ژوورەوە؟ تێرت تێهەڵدەدەن و دەتکەنە دەرەوە، وەرە با پیشانت بدەم چی بە سەر ئەو خەڵکە هاتووە لەوێ". کابرای *ئەمن* دارتاشەکەی بردبووە سەر چاڵاییەك لە دەرەوەی قەڵاکەداو دەستی بۆ ژمارەیەك پەڵە خوێن ڕاکێشابوو کە دیاربوو پاشماوەی مێشکەسەری مرۆڤیشیان تێدا بەجێمابوو. گاردەکە گێڕابوویەوە کە ئەو پاشماوانە

---

[64] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای جێژنیکان، 3 ی مایسی 1992.

[65] ئەم شایەتە ناوی دوو *پێشمەرگەیانی* دەزانی، محمد تاهیر موسی، تەمەنی 25 ساڵ و خەڵکی گوندی زێوەشکان بووە (ناحیەی سەرسەنگ) و لەزگین عومەر، تەمەنی لەنێوان بیستو بیست و دوو ساڵ، خەڵکی گوندی ئێکماڵە بووە (ناحیەی مانگێش). چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، باتێلێ، دهۆك، 12 ی حوزێرانی 1992.

هی خەڵکی گوندەکانی سپیندارو سوارێی بناری چیای گارە بوون و هەژدەیان لەوێدا بە پەلە ئیعدام کرابوون[66].

پاش چەند ڕۆژێکی ئەو بارودۆخە دۆزەخ ئاسایە، بە یەکەم کۆمەڵی ژن و منداڵیان ڕاگەیاند لە حەوشە گەورەکەدا کۆببنەوەو لەوێ ئۆتۆمبیل چاوەڕێی دەکردن بیانگوێزێتەوە بۆ مەنزڵی تازەیان. فرە جار ئەم ئۆتۆمبیلانە پاسی داخراو بوون و تەنها دوو پەنجەرەی بچووکیان لە پشتەوە هەبوو. هەندێ جاریش پاسی بچووك یان کۆستەر بوون و جاری واش بووە ئیڤای ئاسایی بوون. گاردی چەکداری *ئەمن و ئیستیخبارات* چاوەڕوان بوون لە گەڵ کاروانەکە بڕۆن. دوا وێنەی نزارکێ لە مێشکی ئافرەتەکاندا بەردەوامیی ئەو دەردو ئازارە بوو کە پیاوەکانیان پێوەی دەتلانەوە, کاتێ کە تاقمێکیان لە چاوەڕوانیی ڕەوانەکردندا بوون تەماشایان کرد سەربازە نەعلەتیەکان ژمارەیەك پیاویان لە حەوشەکەدا بەر دارو بلۆکی چیمەنتۆ داوەو هەمووشیان دەست و چاویان بەستراوەتەوە. کە پاسەکان کەوتنەڕێ ژنێك دەستی کردە هاوارو گریان "لێگەڕێن با منداڵەکانیشمان بمرن، وا ئێستا باوکەکانیان دەکوژن"[67]. ڕۆژانی دواتریش, بەندییە پیرەکانی قەلاَکەی دهۆك پاسی زیاتریان دەبینی دەهاتن ـ هەندێکیان ڕەنگیان خاکیو هەندێکیتر شین بوون ـ بۆ بردنی پیاوە گەنجەکان، کە هەرگیز جارێکیتر نەبینرانەوە[68].

* * *

ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژن و منداڵەکانیان هەڵگرتبوو بەرەو باشوور بۆ لای مووسڵ ڕۆیشتن و پاشان بایاندایەوە سەر ڕێگای بەغدا. لە ئۆتۆمبیلێکیاندا ژنێکی دووگیانی

[66] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 4 ی ئەیلوولی 1992.

[67] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای کوانێ، 29 ی ئابی 1992.

[68] یەکێك لە شایەتەکان بەمجۆرە باسی ئەو ئۆتۆمبیلە شینانەی دەکرد کە "درێژیەکەیان بە قەد درێژیی پاس دەبوو، بەڵام لە پاس نەدەچوون"و تەنها تاقە پەنجەرەیەکی بچووکیان لە لاوە تێدابوو لە نزیك خانەی شۆفێرەوەو زۆر بەرزبوو.ئەم شایەتە بۆماوەی چەندین ڕۆژ، ڕۆژانە حەوت تا دە پاسی دەبینی لە قەلاَکە دەردەچوون. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 4 ی ئەیلوولی 1992.

www.dengekan.com

خەڵکی ناوچەی ئامێدی ژان گرتی، ژنەکانی تر هاواریان لە شۆفێرەکە کرد بوەستێ، بـەڵام کـابرای شـۆفێر ملـی نـەداو سـەربازێکی جـەنگاوەریش شـەقێکی بـۆ ژنـە دووگیانەکە داهێنایەوە. پاشان هەر بـە دەم ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلـە پـڕ لـە خەڵکەکەو هەڵبەزو دابەزیەوە بە ڕێگادا ژنە منداڵەکەی بوو. منداڵ ماو ناویان نا هاوار*.

پێـنج سـەعات دوای جێهێشتنی دهۆك، کاروانەکـە گەیشتە لای بەندیخانـە یـان سـەربازگەیەك لـە شارۆچـکەی بچـووکی سـەلامییە, کـە مـاوەی چـەند میلێـك لـە باشـووری مووسـڵەوە بـوو لـە سـەر ڕۆخـی ڕۆژهـەڵاتی دیجلـە. بـە گەیشـتنیان پرۆسـەیەکی کـورتی ناونووسـین ئەنجامـدرا. *ئیستیخباراتیش* کـە *سەرپەرشـتیی* قەڵاکەی دهۆکیان دەکرد ژن و منداڵەکانیان سپاردە پاسەوانی نـوێ، کـە شـایەتەکان ناسیویانن پۆلیسی عێراق و سوپای میللی بـوون. لێـرە بەندیـەکان برانـە بینایـەکی گەورەی یەك نهۆمی، کە کرابووە دوو دەستە قاوشی *سیخناخی* پڕ لە خەڵك و یـەکی نزیکەی پەنجا یارد درێژیەکەی بـوو. هـەر قاوشـەش خـەڵکی شـوێنێکی دیـاریکراوی تێـدابوو، بـەڵام هـەموو گیراوەکـان خـەڵکی بادینـان بـوون و گوێـت لـە یـەك وشـەی سۆرانی نەدەبوو. ئا لێرەدا بوو کە ئافرەتـەکان دەبـوو مـاوەی دە ڕۆژ تـا دوو حەفتـە بمێننەوە. بارودۆخی بەندیخانەی سەلامیە تـا ڕادەیـەك لـە قەڵاکـەی نزارکـێ چاکتر بـوو. هـیچ ئافرەتێـك بـە شـێوەیەکی تایبـەتی سـتەمی لێنـەکراوەو سـووکایەتی پێنـەکراوە. سەرگورشـتەو بیرەوەریـەکانی سـەلامیە لـە حاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵـەتێك دەگـۆڕا. لەوانەیـە یادەوەریـەکان بـە هـۆی کـات و ڕاچـەنین بـەدەم دەردو ئـازارەوە تێکەڵی و لەبیرچوونەوەی تێدا بووبێت، یان بە جۆرێکی تر بڵـێین ڕەنگـە بـارودۆخی بەندیخانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕابێت. هەندێ ئـافرەت وایانـدێتـەوە یـاد کـە ژەمـە خواردنـەکان هـیچ نـەبووە لـە "نـانی وشـك و ڕەق" و ئـاوی تـانکیی نێـو حەوشەکە بەولاوە. هەندێکیتر دەڵێن گوایە ڕۆژانە سێ ژەمیان خواردن داونەتێ، کـە نـــانو بـــرنج و شـــلەو مرەبـــای تێـــدابووەو ئـــاویش لـــە بەردەســـتدا لـــە بەلووعەکانـەوە.تەنانـەت قاڵبـە سـەهۆڵیش هـەبوو بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گـەرمای هاوین, لە گـەڵ دووکـانێکی بچووکی بەندیخانەکـە کـە هەنـدێ شـتومەکی پێویـستی

* لێرەدا هەر وشەی "هاوار"ی کوردی نووسراوەو ماناکەی بە ئینگلیزی لێکداوەتەوە ـ و.

پێفرۆشتوون.هەرچەندە بە هیچ جۆرێ سابوونیان دەست نەدەکەوت، بـەڵام ژنـەکان دەیانتوانی هەموو ڕۆژێ جلوبەرگی خۆیان لە ناو حەوشەکەدا بشۆرن.

لـە گـەڵ ئەمەشـدا, هێشـتا بـارودۆخ لـە سـەلامیە هـەر سـەخت و خـراپ بـوو. بەندیەکان لێرە بێ هیچ یاساو ڕێسایەك گیردرابـوون و هـیچ تۆمـەت و گوناهێکیـان بـەرەوڕوو نـەکرابۆوەو هـیچ هۆیـەکی ئـەم گرتنـەی خۆیـان نـەدەزانی. ئـافرەت و منداڵەکان لە سـەر کۆنکریتـە ڕووتەکـەی قاوشـەکە دەخـەوتن بـێ ڕایـەخ و پێخـەف، هەروەها ئاودەستی پیس و سەرڕێژ کردوویان بەکاردەهێنا. نەشیاندەهێشت بەنـدیی قاوشە جیاجیاکان یەك ببینن و هاموشۆی یەکتر بکەن. هیچ چاودێرییەکی پزیشکی نەبوو, لە ماوەی ئەو دوو حەفتەیەی کە سەلامیەی تێدا بـەکارهێنرا بـۆ بەنـدکردن دوو حاڵەتی مردن ڕوویدا، یەکێك لەوانە منداڵێکی خەڵکی گویزێ بـوو، کـە بـوو بـە ژێر تانکیەکی ئـاوەوەو سـەرباز لاشـەکەیان لابـردو نەیانهێشـت دایکەکـەی بزانـێ بـۆ کوێیان بردووە. سەرباری هەموو شتێکیش ئەو ئازارە دەروونیە بوو کە نەیانـدەزانی مێـردو براکانیـان چیان بـە سـەر هـاتووەو بـەردەوام پێـوەی دەتلانـەوە. بـە لایـەنی کەمـەوە دوو شـایەت دەیـانوت گوایـە پیاوەکـانی بادینـانیش بـۆ ماوەیـەك براونەتـە سەلامیە، بەڵام لە شوێنێکی جیاوازدا بەندیان کردوون. ئـافرەتێکی خـەڵکی ناحیـەی گـولی لـە ڕێگـەی گاردەکانـەوە زانیبـووی کـەوا مێردەکـەیو سـێ بـرای مـاون و لـەو بەندیخانەیەدان. ئافرەتێکی تر کە لە گەڵ زیندانیانی خـەڵکی ناوچـەی سەرسـەنگدا لـە قاوشـی ژمـارە حەوتـدا بـوو، ڕۆژێکیـان تەماشـای کردبـوو دەرگـا ئاسـنەکەی زیندانەکەیان داخراوەو ماوەی شەش ڕۆژ دەرگاکە بە داخـراوی مـابۆوە. لـە بـەیانیی ڕۆژی شەشەمدا ماوەی دوو سەعات کردبوویانەوە، ژنە کـە شـوێنێکی لـەباری هـەبوو لای دەرگاکەوە ناو بەناو سـەیرێکی دەرەوەی دەکـردو لـە حەوشـەکەی دەڕوانـی. ئـەم ژنە بۆ میدڵ ئیست وۆچی گێڕاوەتـەوە: " پیاوەکـانم بینـی چـاویان بەسـترابووەوەو دەستیشـیان لـە پشـتەوە کەلەپچـە کرابـوو. ئـەوان هـەموویان پشـتێنی کوردییـان بەستبوو و *جەمەدانیشیان* بـە سـەرەوە بـوو". بـۆ یەکـەمجاریش بـووە کـە ئـەو ژنـە بزانێ بەندیی پیاو هەیە لە سـەلامیەدا، ژنـە بـەردەوام دەبـێ لـە قسـەکانیداو دەڵـێ:

"چاوم لێوەبوو کردنیانە ئۆتۆمبیلی سەربازییەوە، ئەو ئۆتۆمبیلە داخراوانەی تەنها کونێکیان لە دواوە هەبوو". هەر کە دوو ئۆتۆمبیل باردەکران یەکسەر دەڕۆیشتن و دوانیتر دەهاتنە جێیان و بەمجۆرە کارەکە دەڕۆیشت. ژنەکە زۆر پیاوی دیوە بەم شێوەیە لە سەلامیە دەرکراون و وایبۆدەچێت کە لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژەی داخستنی دەرگای قاوشی ژمارە حەوتدا هەمان کار ئەنجامدرابێت: " دەبێ ئەمە بۆ مەبەستێك بووبێت، دەنا دەرگاکان بەردەوام هەر کراوەبوون"[69].

ماوەیەکی کەم دوای گواستنەوەی ئەو زیندانیە چاو بەستراوانە, لەناکاو بوو بە دەسرێژی تەقە. بەلاَم دەرکەوت شتێکی خراپ ڕوونەداوەو گاردەکانن تەقەی خۆشیی بە ئاسماندا دەکەن و بە ئافرەتەکانیان ڕاگەیاندبوو کەوا سەرۆك سەدام حوسێن بڕیاری لێبووردنی گشتیی دەرکردووە. کەوابوو ئیتر مێردەکانیان ڕزگاریان دەبێت و وایبۆدەچوون کە دەبێ بە ئاهەنگ و گۆرانیو بگرە واشیان بە خەیاڵدا دەهات کە ئافرەتە کوردەکان دەستیان لە گەڵ دەگرن و هەڵپەڕکێ دەکەن.

# بەشی یانزەهەم

# لێبووردنی گشتیو ئەو کەسانەی کە نەیگرتنەوە

*"ئێمە بێکەڵك بووین و پێیاندەوتین هەق نیە بە فیرۆ نانتان بدەینێ"*
*- ڕەحمان حەمید نادر، خەڵکی گوندی داربەڕوو، تەقتەق، دەربارەی بەردانی لە زیندانی نوگرەسەلمان .*

[69] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، باتێلێ، دهۆك، 12 ی حوزێرانی 1992.

بڕیاری ژمارە 736 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دوای نیوەڕۆیەکی زووی 6 ی ئەیلوول و ڕێك پاش نوێژی نیوەڕۆ، لە ڕادیۆوە خوێنرایەوە. بڕیارەکە " لێبووردنێکی گشتیو فراوانی ڕاگەیاند بۆ تەواوی کوردە عێراقیەکان.. لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات"، تەنها بە لێدەرکردنی "تاڵەبانیی خایەن.. چوونکە چەند جارە بە ئەنقەست یاساو نیزام پێشێل دەکات، تەنانەت پاش ئەوەی کە چەند هەل و دەرفەتیشی درایە بۆ ئەوەی بە خۆیدا بچێتەوەو ڕەفتاری چاك بکات". علی حسن المجید بەم لێبووردنە بە جارێ پەست و نیگەران بوو، وەك دواتر بە یاریدەدەرەکانی وتبوو، بەڵام وەك پیاوێکی دڵسۆزی حیزبەکەی پەیڕەوی بڕیارەکەی کردووە[1].

گەشبینەکانی ناو *پێشمەرگە* لەو بڕوایەدا بوون کە لێبووردنەکە لە ئەنجامی فشاری دەرەوە بووەو ڕژێمی سەدام حوسێن ناچارکراوە ملبدات بە هۆی کاردانەوەی نێودەوڵەتیەوەو ئاشکرابوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کاتی ئەنفالی کۆتاییدا. بەڵام دەستدرێژیی دڕندانەو پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە پەلامارەکانی بادیناندا هۆکاری گرنگ و بەرچاو نەبوون بۆ لێبووردنەکە. توندترین ڕەخنەو ئەوی کە گەورەترین کاریگەریی هەبوو لە سەر عێراق، لە لایەن جۆرج شوولڵزی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هاتە ئاراوە، بەڵام ئەم سەرنج و ڕەخنانە تا 8 ی ئەیلوول باسیان نەبوو، کە دوو ڕۆژی تەواو لە دوای جاڕدانی

---

[1] ئاژانسی دەنگوباسی عێراق، لە ڕۆژنامەی "الپورە" ی 7 ی نیسانی 1988دا بەمجۆرە ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لە دوای ئەنفال چەند بڕیارێکی دیکەی لێبووردنی گشتی دەرکرا، لە 30 تشرینی دووەمی 1988دا بڕیاری ژمارە 860 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش "لێبووردنێکی گشتیو فراوانی ڕاگەیاند بۆ تەواوی ئەو کەسانەی خلیسکاونەتە نێو چالاکیی سیاسیی کەرتکەرانەوەو دواجار پەنایان بردووەتە بەر خۆشاردنەوە". لە 28 ی شوباتی 1989دا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری لێبووردنی گشتیی ژمارە 130 دەرکرد بۆ هەموو ئەو عێراقیانەی لە وڵات هەڵاتوون، بەڵام دیسانەوە "جەلال تاڵەبانیی خایەن و کرێگرتەکانی ڕژێمی ئێرانی لێبترازێ"، سەرنج و تێبینیەکانی ئەلمەجید لە سەر لێبووردنەکە لە کاسێتی کۆبوونەوەیەك وەرگیراوە کە لە 15 ی نیسانی 1989دا ئەنجامدراوە.

www.dengekan.com

لێبووردنەکە بوو[2]. بە ڕاپۆرتەکەی فەیلەقی پێنجدا لە سەر ئەنفالی کۆتایی ئەوە دەردەکەوێ کە بڕیاری دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی بە هۆی ئەوەوە بووە کە بەغدا لە 6 ی ئەیلوولدا قەناعەتی هێنابوو کەوا هێزی *پێشمەرگە* تێکشکاوەو لەناوچووە. هاوکات لە گەڵ لێبووردنەکەدا لە دەزگای ڕاگەیاندنەوە قسەو باسی ئەوە دەکرا کەوا "ئەم کوردە (خیانەتکارانە) کونترۆڵی شارو گوندەکانی خۆیان دابووە دەست هێزەکانی خومەینی، بەڵام خوا پلانە گڵاوەکانیانی پووچەڵ کردەوە"[3].

بۆ ڕۆژی دوایی, 7 ی ئەیلوول، دیوانی سەرۆکایەتی بڕیارێکی تری دەرکردو تیایدا دەسەڵاتێکی تایبەتی دا بە علی حسن المجیدو مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس بۆ ئاسانکردنی کاروباری گەڕانەوەی ئاوارەکان لە تورکیا، کە کێشەو بەسەرهاتیان بووبووە هۆی سەرئێشەو ناخۆشییەکی زۆر بۆ عێراق، هەرچەندە حوکوومەتی تورکیاش هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ کەمکردنەوەی تراجیدیاکە[4].

ئاوارەکان دەبوو تەنها لە دوو شوێنی ڕێگە پێدراوەوە بگەڕێنەوەو ئۆردووگای پێشوازی کردن وەریان بگرێت، یەکەمیان پردی ئیبراهیم خەلیلی نێودەوڵەتی بوو لە نزیك زاخۆوە، ئەوی تریش "دەبوو لە لایەن فەیلەقی یەکی سوپاوە دیاری بکرێت و بە پەلە هەموو پێداویستیەکی بۆ جێبەجێ بکرێت". لە پاش ڕایی کردن لە لایەن لیژنەی پێشوازی کردنی گەڕاوەکانەوە (*لجنە استقبال العائدین*) ، کە تازە بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتبوو و لە ژێر کۆنترۆڵی حیزبی بەعسدا کاری دەکرد. ئاوارەکان دەبوو بچوونایەتە کۆمەڵگاکان و لەوێ خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن و

---

[2] پاش ئەوەی شوولز لە گەڵ سەعدوون حەممادیی وەزیری دەرەوەی عێراقدا کۆبووەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا, لە یاداشتنامەیەکی ڕۆژی 8 ی ئەیلوولیدا، "بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد لە لایەن عێراقەوە بە کارێکی پاساو نەدراو و بێزلێکراو و لە لایەن جیهانی شارستانیشەوە قوبووڵ نەکراو" لە قەڵەم دا. بڕوانە میدڵ ئیست ووچ (مافی مرۆڤ لە عێراقدا) لاپەڕە 108 ـ 110. Middle East Watch: “Human Rights in Iraq” New Haven, Yale University Press.

[3] ڕۆژنامەی الپورە، 7 ی ئەیلوولی 1988.

[4] لێرەدا دوو بەڵگەنامەی دەسەڵاتەکانی علی حسن المجید بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان، باس و لێکدانەوەی ئەو دەسەڵاتانەیان تێدایە. یەکێکیان وا دیارە نووسراوێکی ئاساییە بۆ دەزگا جیاجیاکان لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقەوە، بە ژمارە ق/1509 لە 7 ی ئەیلوولی 1988دا. ئەویتر نووسراوی ژمارە ش13631/3 "ئەوپەڕی نهێنی و شەخسی" لە 12 ی ئەیلوولدا، لە *ئەمنی* هەولێرەوە ئاراستەی گشت بەڕێوەبەرێتیەکانی ئەمن کراوە لەو پارێزگایەدا.

ئەو پارچە زەوییەش بۆیان تەرخان دەکرا بە خۆڕایی بوو و پاش پێنج ساڵ دەبوو بە هی خۆیان "بەو مەرجەی کەوا ئەو خێزانە لە لایەن دەسەڵاتدارانی حیزبیو ئەمنیەوە بە باشە پەسەند بکرایەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بە دڵسۆزانە لە قەڵەم بدرایە"[5].

ئەو کوردانەی کە بە بڕیاری لێبووردنەکە گەڕانەوە، هەر کە کاروباری *موجەممەعیان* بۆ جێبەجێ کرا ڕێگەیان پێنەدرا چۆڵی بکەن و بچنە شوێنی تر، ڕاستێکەشی ناچارکران کە بەڵێننامەیەك ئیمزا یان پەنجەمۆر بکەن و دەقەکەی بەم شێوەیە:

" من کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە ناوم (.....)ە، بەڵێن دەدەم کە لە پارێزگای (.....)، لە کەرتی (.....)، لە خانووی ژمارە (.....)دا نیشتەجێ ببم. هەروەها گفتی ئەوە دەدەم کە سزای مەرگ بدرێم ئەگەر ئەو زانیاریانەی لێرەدا داومە درۆبن، یان ئەگەر ناونیشانی خۆم بێ ئاگاداریی بەرێوەبەرێتیی پەیوەندیدارو دەسەڵاتداران بگۆڕم. بۆیە ئیقرار لە سەر ئەوە دەکەم"[6].

ئاوارەکان مۆڵەتی تەنها تا کاتژمێر شەشی ئێوارەی 9 ی ئۆکتۆبەریان پێدرا، کە بە زەحمەت دەیکردە مانگێك بۆ ئەوەی " بگەرێنەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی". هەرکەسێکیش دوای بەسەرچوونی ماوەی لێبووردنەکە خۆی بدایەتە دەستەوە ئەوە دەبرا بۆ بەندیخانەی سەربازیو پاشان دەدرایە دەست فەرمانداریی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس، بێئەوەی باسبکرێت بۆ چ مەبەستێکە[7]. ئەوجا لێشاوێك

---

[5] نووسراوی ژمارە ق/1509 لە 7 ی ئەیلوولی 1988دا، لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقەوە بۆ [الێرەدا ناخوێنرێتەوە) جێگری فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، بەرێز وەزیری بەرگری، بەرێز وەزیری ناوخۆ، بەرێز علی حسن المجید سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور]

[6] میدڵ ئیست ووچ زۆری لەم فایلی بەڵێننامانە تاوتوێ کردووە کە لە کاتی خۆیدا لە لایەن گەڕاوەکانەوە پڕکراونەتەوەو مێژووی جۆراوجۆری مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمیان لە سەرە، هەروەها ئەم بەڵگەنامانە ئیمزای نوێنەرانی بەرێوەبەرێتی مەدەنی، پۆلیس، دەزگای ئەمن و *ئیستیخبارات* و لقی حیزبی بەعسیشیان لە سەرە.

[7] ئیجرائاتەکان لە دوو بەڵگەنامەدا دەردەکەون، کە هەردوکیان لە لایەن *ئەمنی* شەقڵاوەوە دەرچوون، یەکەمیان نووسراوێکە بۆ کۆمیتەی پێشوازی کردنی گەڕاوەکانی سەر بە حیزبی بەعس لە

بڕیاری تر بە دوای لێبووردنەکەدا هات، چوونکە لە گەڵ ئەوەشدا کە ڕژێم باسی لە لێبووردنێکی "گشتی" دەکرد، ئەو نیازەشی هەبوو کە هەموو کورد گیرۆدەی سزادان و جەزرەبەی زیاتر بکات. یەکەمجار لە 8 ی ئەیلوولدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی *شۆڕش* بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە هەر کوردێکی عێراقی، لەوانەی لێبووردن گرتوونیەوە، لە ناو هێزە چەکدارەکان، دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ، یان ڕیزەکانی *جاشدا* بووبێت، لە ئێستا بە دواوە دەردەکرێت و نابێت وەك خۆبەخشیش لە ڕیزی هێزی چەکداردا ناونووس بکرێتەوە[8].

دەسەڵاتداران مەترسیی ئەوەشیان هەبوو کە ئەو کەسانەی "گەڕاونەتەوە ناو ڕیزی نیشتمانی" زەمینەیەکی بەپیت بخوڵقێنن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان لە لایەن *پێشمەرگەوە*، ئەگەرچی لەو دەمەدا "تێکدەران" هەڕەشەیەکی ئەوتۆشیان پێکنەدەهێنا. بەمجۆرە علی حسن المجید مەسەلەکەی بەو بارەدا شکاندەوە کەوا پێویستە ئەوانەی سوودیان لە لێبووردنەکە وەرگرتووە مافە مەدەنیەکانیان بە تەواوی بەرتەسك بکرێتەوەو بە وردیی هەڵسوکەوتیان چاودێریی بکرێت. مەکتەبی باکوور فەرمانی دەرکرد کە "هاوڵاتیانی کورد بە هەمان ئەو پێوەرە مامەڵەیەیان لە گەڵدا دەکرێت وەك هەر هاوڵاتییەکی عێراقی سەبارەت بە تەواوی ئەرك و مافەکانیان، ئەو کوردانەی لێبەدەر کەوا سوودمەند بوون لە بڕیاری لێبووردنی ژمارە 736 لە 8 ی ئەیلوولی 1988دا".

"ئەمانە نابێ بە یەك چاو تەماشا بکرێن لە گەڵ عێراقیەکانی دیکەدا لە ڕووی ئەرك‌و مافەوە، تاوەکو بە تەواویی نیازی پاك و ڕەفتاری ڕاستەقینەیان نەدەن بە دەستەوەو نەیسەلمێنن کە هەر هاوکارییەکیان لە گەڵ تێکدەراندا هەبووبێت کۆتاییان پێهێناوەو لەو هاوچەشنانەیان دڵسۆزتر بن بۆ عێراق کەوا سوودیان لە

---

7 ی تشرینی یەکەمی 1988دا، ئەوی تریش نووسراوێکە بە ژمارەی 5823 لە 11 ی تشرینی یەکەمی 1988دا بۆ گشت بنکەکانی پۆلیس.

[8] ڕەنگە خوێنەر ئەوە بهێنێتە بەرچاو کە ئەمە زۆر کەم دەبووە هۆی سزادانی کورد. بە هەرحاڵ چوونە ناو ڕیزەکانی سوپا، *جاش* یان دەزگاکانی ئاسایشەوە کارێك بوو هەمیشە وای تەماشا دەکرا کە مایەی سوودو قازانجی ئابووری بێت، لە هەمان کاتیشدا جۆرە خۆپاراستنێکیش بوو لە کرداری دژە کوردی ڕژێم. بەو پێیە قەدەغە کردنەکە لێدانێ بوو لە خواست و ویست و هەروەها خواردنی زۆرتری مافە مەدەنیەکانی کەمایەتیە کوردەکەی عێراق. ئەم دەسکاری کردنانەی لێبووردنەکە بە پێی بڕیارەکانی 737 ( 8 ی ئەیلوولی 1988)و 785 (29 ی ئەیلوولی 1988) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، ڕاگەیەنراوە.

بڕیاری لێبووردنی ناوبراو وەرگرتووە. بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ ئەم جۆرە حاڵەتانەدا، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن:

1- نابێ ڕێگەی ئەم کوردانە بدرێ خۆهەڵبژێرن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی (*المجلس الوگنی*)، ئەنجومەنی یاسادانان (*المجلس التشریعی*)، ئەنجومەنی گەل ( *مجلس الشعب* ), ئەنجومەنی شارەوانی (*مجلس البلدیە*)*، یان ڕێکخراوە جەماوەریەکان.

2- ئەو کوردانەی سوودیان لە بڕیاری لێبووردنەکە وەرگرتووە ڕێگەی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و بەکرێگرتنی زەویی دەوڵەتیان نادرێت، یان هەرشتێك پەیوەندیی بە ملکایەتیی دەوڵەتەوە بێت. هەروەها ڕێگەی هیچ کۆنتراکتێکیان نادرێت لە گەڵ هیچ دەزگایەکی دەوڵەتیدا، یان هەر کارێکی کەرتی تایبەتیش بگرنە ئەستۆ، چ وەك پیشە یان کرێکار تا ماوەی دوو ساڵ تێنەپەڕێ بە سەر گەڕانەوەیاندا بۆ ڕیزی نیشتمانی.

3- دەسەڵاتدارانی گونجاو و بە توانا چاودێریی هەڵسوکەوتی ئەوانە دەکەن کە سوودیان لە بڕیاری لێبووردن وەرگرتووەو ڕاو بۆچوونیان دەسنیشان دەکەن و خەفیەی کارامەو لێهاتوویان بۆ تەرخان دەکرێ"[(9)].

*ئەمن*, لە میانەی هەوڵ و تەقەلایدا بۆ تێگەیشتن لە بیروبۆچوونی ئەو چەند "تێکدەرە" کەمەی کە مابوون، تاوتوێی ڕاگەیاندنێکی دەکرد کە بەرهەڵستکارانی کوردی تاراوگە لە وەڵامی بڕیاری لێبووردنە گشتیەکەدا دەریانکردبوو[(10)]. *ئەمن*

---

* هەموو ئەو دەستەواژانەی لەم بڕگەیەدا بە عەرەبی نووسراون لە دەقە ئینگلیزیەکەدا بەو شێوەیە کەوانیان بۆ کراوەتەوەو نووسراون ـ و.

(9) نووسراوی ژمارە 14951 لە 23 ی تشرینی دووەمی 1988داو جۆری "ئەوپەڕی نهێنیو شەخسی" لە سکرتاریەتی *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە بۆ *ئەمنی* سلێمانی، کە ئاماژەی بە ڕاسپاردەکانی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور کردووە.

(10) ئەو ڕێکخراوەی لێرەدا مەبەستە سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراقە *(القیادە السیاسیە للجبهە الکردستانیە العراقیە)* کە پێکهاتەیەکی حەوت حیزبی بوو (دواتر بوو بە هەشت) و PUK و KDP دەستیان بە سەردا گرتبوو.

ڕاپۆرتی دابوو کەوا پڕوپاگەندەکارانی کورد بڕیارەکە بـە سـەرکەوتنێك دادەنـێن بـۆ خۆیان و گوایە بۆ ئەوە دەرچووە کە "هەولێدات بەشێك لە ڕق و نارەزایی خەڵك لە نـاوەوەی وڵات هەڵمـژێو هـەروەها لێشاوی پرۆتێستی جیهـانیش خـاو بکاتـەوە". بێگومـان ڕژێـم دوای ئـەوەی کـوردی تێکشکاند، کـەیفی بـەم نمایشـی ئـازایی‌وخۆ بەپاڵەوان نواندنـە دەهات. ڕاپـۆرتی *ئـەمن* لـەم بارەیـەوە دەڵـێ "مەسـەلەکە خرایـە بەردەم هەڤاڵی تێکۆشـەر علی حسن المجیـد, سکرتێری گشتیی مەکتـەبی بـاکوور", دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە "ڕاوبۆچوونی بەڕێزی لە سـەر مەسـەلەکە بـەم شـێوەیە بـوو: ئەوانـەی کـەوا خیانـەت لـە عێـراق دەکـەن یـان لـە دەرەوەی وڵات دەمێننـەوە، پێویستە ڕەگەزنامەیان لێبسەنرێتەوە"[11].

★ ★ ★

گاردەکـان هـەواڵی لێبووردنەکـەیان گەیانـدە ژن و منداڵـەکان لـە سـەربازگەکەی دووبـزو بەندیخانـەی سـەلامیەو ئـەو خەڵکە پـیرو بەتەمەنـەی هاوینیـان لـە نـوگرە سـەلمان بەسـەربردو دوا کۆمـەڵی ئـەو گیراوانـەی لـە سـەربازگەی سـوپای میللیـی تۆپزاوادا مابوونەوە. ئاوارەکانی ئێـران و تورکیـاش لـە ڕێگـەی ڕادیـۆی بەغـداوە بـە لێبووردنەکەیان زانی‌و وا باسدەکرا کە بە هـەزاران کـەس چووبوونە سـەربازگەکانی سوپا لە سنوور. بە گوێرەی قسەی ئەفسەرە مەیدانیـەکانی ئەوسـا لـە بادینـان، کـەوا فـــەرمانیان پێگەیشـــتبوو چـــیتر بەندیـــەکانیان نـــەکوژن[12]. تەنانـــەت ئـــەو جەنگاوەرانـەی کـە لـە ئێـرانیش دەهاتنـەوە لـە سنوور مامەڵـەی خراپیـان لـە گـەڵ نـەدەکردن. تاقمێـك *پێشـمەرگەی* جاران کـە لـە سـەربازگەی پیرەمـەگروون، نزیـك بنکـەو بارەگـای وێرانکـراوی PUK لـە سـەرگەڵوو، خۆیـان دا بـە دەسـتەوەو کورتـە لێکۆڵینەوەیـەکیان لـە گـەڵ کـردن و بەریانـدان. "پرسـیار دەربـارەی قـەبارەی هێزەکانمان، جۆری ئـەو چەکانەی بـەکارمان دەهێنـان و هـۆی هـەڵاتنمان بـۆ ئێـران لێدەکرا. ئەوجا پرسیاریان ئـەوەیان لێـدەکردین کـە ئێمـە چیمان دەوێ, منـیش لـە وەڵامدا وتم ئێمە کوردین و مافی خۆمانمان دەوێ. حوکوومەت پسووڵەیەکی پێـداین

---

[11] "کاردانەوە بەرامبەر لێبووردنی گشتیی بۆ کوردەکان", نووسراوی "نهێنـی و شەخسـیی" ژمـارە ش. س. ش 5089/3 لە 18 ی تشرینی یەکـەمی 1988دا، لـە *ئـەمنی* چەمچـەماڵەوە بـۆ گشـت بەڕێوەبەرێتیەکانی *ئەمن*.

[12] چاوپێکەوتنی میدلْ ئیست ووْچ، زاخۆ، 24 ی حوزێرانی 1992.

لە خاڵەکانی پشکنینەوە هاتوچۆی پێبکەین و دانەیەکی تریش کە ڕێگەدان بوو بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگا تازانەی بۆمان دیاریکراوە نیشتەجێ بکرێین"[13].

بەڵام وا پێدەچێت کۆمەڵە خەڵکێك پێشوازییەکی باش نەکرابێتن. ئەمانەش ئەو کەسانە بوون کە موتەخەلیف یان سەربازی هەڵاتوو بوون کە لە ترسی گرتن ڕایانکردبووە چیاکان و لە تاو بێخواردنیو برسێتی گژوگیای کێوییان دەخوارد یان لە شوێن کەلاوەی گوندە تەختکراوەکاندا پاشماوەی دانەوێڵەو بەروبوومیان کۆدەکردەوەو هەرچۆنێك بوو مەمرەو مەژی گوزەرانیان پێدەکرد. هەندێك لەم کوردانە ڕەوانەی یەکە سەربازیە کۆنەکانیان کرانەوەو, بۆ گاڵتەجاڕیی دەوران، ماوەی پێنج مانگێك کەوتنەوە ژێر دەستی هەمان ئەو سوپایەی خێزان و کەسوکاریانی "ئەنفال کرد"و ماڵ وحاڵیانی وێرانکرد. کۆمەڵێکی شەست کەسیی سەربازی هەڵاتووی ناوچەی شوان لە کەرکووك، پاش چوار مانگ هەڵاتن خۆیان دا بە دەستی سوپاوە لە کەرکووك. لەوێ هەر کەسەو نووسراوی بۆ کرا بۆ یەکە سەربازیە کۆنەکەی خۆی، بەڵام لە بارەگای یەکەکانیاندا گیران. ڕزگار ئەو کوڕە گەنجەی کە لە سەربازگەی خالیدی* لای هەولێر بەندکرابوو دەڵێ "ئێمەیان خستە هۆدەی بچووك بچووکی قەرەباڵغەوەو ڕێگە نەبوو تیایدا بخەوین و خواردنێکی زۆر کەمیان دەداینێ. من بەردەوام ئەفسەرو سەرباز بە کێبڵ لێیاندەدام" . لێرەشەوە گواستبوویانەوە بۆ سەربازگەی مەشقکردن لە دەرەوەی شارو ماوەی چەند حەفتەیەك مەشقیان پێکردبوو, هەموو جارێکیش کۆیان دەکردنەوە بۆ گوێگرتن لە موحازەرەی ئەفسەرێکی کورد دەربارەی تواناو چاکەو پیاوەتیی حیزبی بەعس. "ئێمە دەمانپرسی باشە چاکەی حیزبی بەعس لە کوێدایە؟ ئەگەر حیزبی بەعس

---

[13] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

* ڕەنگە ئێرە "قیادە قوات خالد"ی لای هەولێر بێت و لای خوێنەر لەگەڵ "سەربازگەی خالید ـ معسکر خالد"ی جارانی کەرکووکدا تێکەڵ نەبێت ـ و.

www.dengekan.com

**ئەوەندە باشە، ئەی کوا ماڵ و خێزانمان؟ بەڵام ئەوان هیچ وەڵامێکیان نەبوو"** ** .
**پاش دوو مانگ بەرەڵاکران، بەڵام دوای ئەوەی یەکی دە دینار ( ئەو کاتە 30 دۆلار) یان لێسەندن، بۆ "درووستکردنەوەی فاو" کە شانۆی قورسترین و گەورەترین شەڕ بوو لە جەنگی ئێران ـ عێراقدا** [14].

★ ★ ★

** لەوانەیە خوێنەری ئەمڕۆ ئەم جۆرە پرسیارانەی ئەو ڕۆژگارەی لا نامۆ بێت، کە هەقی خۆیەتی وا بیربکاتەوەو چۆن لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمە دڕندەیەدا پڕکێشی ئەو جۆرە پرسیارانە بکرێت. وابوو لە دەرەوەی ئەو سەربازگانەی ئەو هەزاران سەربازە هەڵاتوو و موتەخەلیفانەی گرتبووەخۆ، بە هیچ کلۆجێ ئەو پرسیارانە نەدەکرا، بەڵام لە قەرەباڵغیی ئەو ڕۆژگارەی ئەو سەربازگانەداو کۆنترۆڵ نەکردنی ئەو عەشاماتەدا قسەو کردەوەی لەوە نامۆترو سەرنجڕاکێشتر دەکراو ڕژێم مەسەلەی هێورکردنەوەی خەڵکەکەی مەبەست بوو. واپێدەچێت خۆمەڵاسدانیش بۆ داگیرکردنی کوێت کە دواتر ئەنجامدرا بەشێک بووبێت لەو چاوپۆشیە ـ وەرگێڕ.

(14) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

## بڵاوەپێکردنی دەربازبووانی کەمپەکان

بۆ گیراوەکانی تۆپزاوا، دبس، نوگرە سەلمان ڕژێم دوو شوێنی بنەڕەتیی دانا، لە گەڵ ژمارەیەك شوێنی لاوەکیدا. زۆربەی گیراوەکان یان لە شاری سلێمانی یان لە عەربەتی نزیکیدا بەردران. بەشێکی کەمیشیان بردن بۆ چەمچەماڵ و لەوێ لە دواییدا لە کۆمەڵگای شۆڕش نیشتەجێکران، یان بردنیان بۆ کەلارو لەوێوە دوامەنزڵیان کۆمەڵگای سموود بوو. پیرەژنێکی خەڵکی ناوچەی تەقتەق وا باسدەکات کە لە نزیك ناوچە کۆنەکەی خۆیەوە لە بینایەکی حوکوومەتدا لە دووکان دەسبەرداری بوون. لێپرسراوەکانی ئەوێ چەند پرسیارێکی کەمیان لێکردووە، هەر بۆ زانین لێیان پرسیوە: ئایا کوڕەکانت *پێشمەرگە* بوون؟ پیرەژنیش لە وەڵامدا وتوویەتی: "نەخێر لە گەڵ حوکوومەتدان"، ئەوجا پیاوەکان وتوویانە "*ئەلحەمدولیللا* " واتە سوپاس بۆ خوا.

"ئادەی بە ڕیز ڕاوەستن، تاوانبارینە"، ئەمە قسەی گاردێك بوو کاتێ دەیخوڕییە هەزاران زیندانیی پیرو بەتەمەن کەوا لە مەینەتیو دەردەسەریی نوگرە سەلمان ڕزگاریان بوو. هەروەها دەیوت "ئێوە دەبێ هەتاهەتایە ئەم ئەزموونەتان لە یاد بێت و هەرگیز بیر لە هیچ شتێك نەکەنەوە دژ بە سەدام حوسێنی سەرکردەمان، وا لێبووردنیشتان پێبەخشرا". ئەوجا گاردە *ئەمنەکان* جارێکیتر ناویان نووسینەوەو دەستیان کرد بە جیاکردنەوەیان و کۆمەڵ کۆمەڵیان کردنەوە. لە مولازم حەجاجی قێزەون بیستراببوو وتبووی کاتی ئەوە هاتووە کە ئیتر لەم خەڵکە بێکەڵکە ڕزگاربین و فڕێیاندەینە شارەکانەوە(15).

گیراوەکانی نوگرە سەلمان حەفتانە بەردەدران، هەموو ڕۆژی شەممەیەك کاروانی ئۆتۆمبیل دەگەیشت و هەر جارەی تاقمێکی پێنج سەد کەسیی بە ترسو لەرزو گریانەوە دەبرد. ناوبەناو ئیڤاشیان دەهێنا, هەندێ جاریش ئۆتۆمبیلی سەربازیی

(15) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.

www.dengekan.com

بێپەنجەرە، لەو جۆرانەی لە کۆکوژیی قوربانیەکاندا بەکاردەهێنران. بەڵام بە زۆریی پاسی گەورەی مەدەنیی کە ئۆتۆمبیلی "کراوەو خۆش" بوون و کوشنیان تێدابوو, هەر یەکەیان پەنجا شەست کەسی دەگرت. یەکەمجار ڕێگەی شەل و کوێرو پەککەوتەیان دا بڕۆن. گەر یەکێ ناساغ یان ئازارێکی هەبوایە ئەوە لە گەڵ تەواوی خێزانەکەیدا لە یەك کاتدا ڕێگەیان دەدان بڕۆن.

دوا پۆلی بەربوون لە "چاڵی سەلمان" تا مانگی تشرینی دووەمی خایاند. ئافرەتێك کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا ئەوێی جێهێشتبوو وتی ئەوانەی کە مابوونەوە بە زۆریی خەڵکی ناوچەکانی قەرەداخ و هەڵەبجە بوون[16]. بەڵام گەورەترین تەمومژ لە دوو کۆمەڵ ژن و منداڵی باشووری گەرمیان ئاڵاوە کە لە دووبزەوە بۆ نوگرە سەلمانیان هێنابوون, یەکەمیان لە دوای نزیکەی شەش حەفتەو دووەمیش لە ئابدا بوو. بە هەردوو کۆمەڵەکە ژمارەیان دەگەیشتە پێنج سەد کەس, لە بەشێکی جیاکاری بەندیخانەکەدا دایاننابوون و هەموو جۆرە پەیوەندیەکیان بە زیندانیە بەساڵداچووەکانەوە قەدەغە بوو. لەو ماوەیەشدا وەك باسدەکرێ دەیان کەسیان بە هۆی برسێتیو نەخۆشییەوە مردبوو.

ئەوانەی لەم کۆمەڵە خەڵکە مانەوەو نەمردن دوا تاقم بوون کە لە نوگرە سەلمان بەربوون، جگە لە سێ پیرەمێردی ناوچەی کفری لە باشووری گەرمیان کە ڕازی نەبوون بڕۆن ئەگەر کچەکانیان لە گەڵیاندا نەنێرنەوە. کچە عازەبێکی خەڵکی ئۆمەربل دەیوت: "کاتێ کە من بەربووم (لە تشرینی دووەمدا) کەس لەوێ نەمابۆوەو ئێمە دوا کەس بووین"[17]. بەڵام هەندێکی تر لەو کۆمەڵە هیچ دەنگوباسێکیان نیە، لەوانە دوو ئافرەت و چوار منداڵی خەڵکی گوندی بنەکە (ناحیەی تیلەکۆ) کەوا بێسەروشوێن بوونیان چووە سەر باری گرانی ئەو تراجیدیایەی بە شوێن ئەنفالی سێدا باڵی کێشا بە سەر ئەم بەشەی گەرمیانی خواروودا.

---

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای زەرایەن، 28 ی تەممووزی 1992.
[17] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کفری، 30 مارتی 1993. ئەم باس و بەسەرهاتەی ئافرەتانی گەرمیانی خواروو لە نوگرە سەلماندا، دیسان لە چاوپێکەوتنەکانی کۆمەڵگای باسرمە، 24 ی مارتی 1993 و سلێمانی، 1 ی نیسانی 1993 و زاخۆ، 8 ی نیسانی 1993دا هاتە کایەوە.

خەڵكەكە پاش ئەوەی لە نوگرە سەلمان بەردەبوون، يەكەم قۆناخی وەستانيان هەندێ جار سەماوەو هەندێ جاريش تۆپزاوا بوو. جار جارەش پاسەكان و گاردە ئەمنەكانيشيان بە شێوەيەكی لارولوێر ڕووەو باكوور دەڕۆيشتن و لە هەردوو شوێن دەوەستان. زۆر كەس لەوانەی كاتی خۆی دەردو سزای تۆپزاوايان چەشتبوو بە تەواويی دەرووخان كە جارێكی تر لە هەمان بيناو بگرە لە هەندێ حاڵەتيشدا لەهەمان زيندانـدا شەوێكيان بە سەر دەبرد، كەوا چەند مانگێك بوو بەجێيان هێشتبوو. هەنديك جارێكيتر لە ئۆفيسی حيزبی بەعس لە كەركووك ناويان دەنووسرايەوە. هەندێكيتر لە دوورخراوەكان ناسنامەی نوێيان بۆ دەردەكرا كە ئەم وشانەی تێدا نووسرابوو "بەر عەمەلياتی ئەنفال كەوتووە"[18].

لە سەماوە كە نزيكترين شارە لە نوگرە سەلمانەوە، بەنديية بەردراوەكان لە سەعاتێكەوە بۆ حەفتەيەك دەمانەوە. ئەوانی تەندروستييان باش بوو هەر هێندە لەوێ دەيانهێشتنەوە تا ناوەكانيان تۆمار دەكردن, ئەوانەش كە نەخۆش بوون كارگوزارانی سوپاوە لەقوتابخانەيەكی چۆڵدا يان لە بەشێكی نەخۆشخانە كۆنێكی سەربازيدا "زۆر بە نەرمی ڕەفتاريان لە گەڵ دەكردن". هەموو پاكوخاوێن دەكرانەوەو پياوە بە تەمەنەكان تەراش دەكران. پيرەمێردێكی خەڵكی ناحيەی ئاغجەلەر لەو بارەيەوە دەيوت: "ئێمە لە دەعبا دەچووين, لەبەرئەوە دەبوو دەستێكمان پێدابهێنن"[19]. لە دوای نەبوونیو مەينەتيەكەی نوگرە سەلمان ئيدی ژەمە خواردنەكان بە زۆريی چەورو مشەمەر بوون, گۆشت و برنج و ميوە كەس لێی نەدەپرسيەوە. پياوێكی تەمەن مامناوەنديی خەڵكی ناوچەی قەرەداخ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "گەرەكيان بوو پيشانی بدەن كەوا حوكومەت بە باشی ڕەفتارمان لە گەڵ دەكاو دەرمان و خواردنی چاكيان دەداينێ، وەك مريشك و ماسی.

---

[18] چاوپێكەوتنی ميدل ئيست ووچ، كۆمەڵگای بنەسلاوە، 20 ی نيسانی 1992.
[19] چاوپێكەوتنی ميدل ئيست ووچ، هەولێر، 23 ی نيسانی 1992.

www.dengekan.com

گاردەکان پێیان دەوتین دەبێ گۆرانی بڵێین و خۆشحاڵیی خۆمان پیشان بدەین، دەشیانوت حوکوومەت زۆر باشەو وا ئازادتان دەکات"[20].

بە گەیشتنیان بۆ سلێمانی و عەربەت بۆ دواجار ناویان خوێندنەوەو پەنجەمۆریان پێکردن و پسووڵەی بەردانیان پێ ئیمزا کردن. لە سەنتەری پارێزگاش هەندێ لە بەندیەکان برابوون بۆ بینایەکی ئاسایش "کە لە نەخۆشخانەیەکی گەورە دەچوو" و لەوێ دانیشتوانی خێرخوازی شار بە سەر دیوارە بەرزەکانیدا خواردنیان بۆ هەڵدابوون. گەلێکی تریشیان بردبووە یاریگاکەی تۆپی پێی سلێمانیو لەوێ بە پێی ناوچەکانیان جیایان کردبوونەوەو پێیان وتبوون بۆ هەرکوێیەك دەڕۆن سەربەستن تەنها گوندەکانی خۆیان نەبێت (کە شوێن و هەتەریشیان نەمابوو). بە تاقمێکی تریان وتبوو کەوا هەر کەسێ بچێتە ئەو ناوچە قەدەغەکراوانە "هەلیکۆپتەر هەڵیدەگرێو لە ئاسمانەوە بەریدەداتە خوارەوە، یان بێدادگایی کردن ئیعدام دەکرێت"[21].

لە ئۆفیسی حیزبی بەعسیش لە عەربەت هەمان پەیامیان پێڕاگەیاندن. لێرە داواکرابوو لە چەند کەسێکیان کە زانیاریی لە بارەی کەسانی خێزانەکەیانەوە بدەن و پسووڵەی تازەیان بۆ کردبوون. "هەڤاڵێکی" بەعسی لە پیاوێکی خەڵکی کەلاری پرسیبوو: "دەزانی بۆچی بەردراوی؟" کابراش لە وەڵامدا وتبووی: "لە بەر ئەوەی خوا ڕزگاری کردم". پاش هەندێ پرسیاری ڕۆتینی لەم جۆرە، پێیان وتبوون ئیتر دەتوانن بڕۆن بۆ "گوندە هاوچەرخەکان"ـ واتە موجەممەعات*ـ ی وەك سموودو باینجان و لەوێ لە خانووبەرەی باشدا نیشتەجێ دەکرێن.

ئەو بەشە کەمەشیان کە برابوون بۆ چەمچەماڵ تاقیکردنەوەیەکی کەمێك جیاوازیان هاتە ڕێ، لێرە قایمقام وەریگرتبوون، کە بەرپرسی بەڕێوەبەرێتیی مەدەنیی قەزای چەمچەماڵ بوو. لێرەش هەر هەرەشە عادەتیەکە دووپات کرایەوە "پێیان ڕاگەیاندین نەچینەوە بۆ گوندەکان، چونکە قەدەغەکراوە، نابێ بچینە پشتی ڕێگا ڤیرەکەوە، ئەگەر لەوێ بمانبینن سزا دەدرێین"[22]. نیشتەجێی نوێ لە

---

[20] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، جافەران، قەرەداخ، 11 ی مایسی 1992.
[21] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.
* لە دەقەکەشدا هەر بەو شێوەیە ـ و.
[22] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، تەقتەق، 24 ی نیسانی 1992.

کۆمـــەڵگا خۆجێیـــەکانی وەك شـــۆڕش و بنەســـلاوەدا مەیســـەر دەبـــوو. بـــەڵام لێـــرە کارەکـەیان بەتونـد گرتبـوو، بەندیـەکانیان ئـازاد نـەکرد تـا خـەڵکی شـار بـوون بـە کەفیلیان و ڕەزامەنـدیی دەسـەڵاتدارانیان وەرگـرت بـە شـێوەیەکی کـاتی بیانبەنـەوە ماڵی خۆیان (واتە ماڵی خانەخوێکە ـ و). لە هەندێ حاڵەتدا بۆ هەر چوار بەنـدیو کەفیلێکیان دەویست. مەسەلەی کـەفیل پەیـداکردنیش گرفتێـك نـەبوو, دانیشـتوانی چەمچەماڵ ئـەمجارەش ڕۆڵـی تایبـەتی خۆیـان بینییـەوە، بـە تـەواوی وەك چۆن لـە نـاڕەزایی دەربڕینەکـەی نیساندا بینییـان بـۆ ئـازاد کردنـی گیراوەکـانی ئـەنفال، بـە خۆپیشاندانی خۆڕسکیو بـە دەم هاوڵاتیـە کوردەکـانی خۆیانـەوە چـوون و لـە هـیچ شتێك دریغییان لێنەکردن.

* * *

## پرۆسەی فڕێدانە موجەممەعەوە

دەربازبوانی ئەنفال، بە پێی ناوچەو شوێنی جارانیان لە نزیکەی دە دوانزە کۆمەڵگادا گیرسانەوە. ئەوانەی کە خەڵکی گەرمیانی خوارووبوون ڕوویانکردە سموود (واتە خۆڕاگرتن)، کۆمەڵگا گەورەکەی نزیك شارۆچکەی کەلار. زۆربەی خەڵکی گەرمیانی باکووریش چوون بۆ شۆڕش*، بە تەنیشت چەمچەماڵەوە. ئەوانی خەڵکی دۆڵی زێی بچووکیش بوون بە شێوەیەکی سەرەکی لە بنەسلاوەو دارەتوو نیشتەجێ کران، لە دەشتایی باشووری هەولێردا. بەڵام ڕزگاربوانی ئەنفالی کۆتایی لە بادینان، دژوارترین چارەنووس چاوەڕێی دەکردن و دەیان هەزاریان فڕێدرانە شوێنێکی ڕووتەن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە.

سموودو شۆڕش هەردوکیان ساڵێ پێش ئەنفال بە شێوەیەکی سەرەتایی هاتنە ئاراوە و لە بنەڕەتدا دانرابوون بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوانی ئەو گوندانەی گەرمیان و دەشتی هەولێر کەوا بەر بەرنامەی پاکتاوکردنی ساڵی 1987 کەوتبوون. کە وەختێ ئەنفال لە ساڵی 1988دا ئەم ناوچانەی ڕاماڵی، زۆر لە گوندنشینە هەڵاتووەکان پەنایان بردە بەر ئەم دوو کۆمەڵگایە، بێهیچ مۆڵەتدانێکی ڕەسمی. لە پاش لێبووردنەکەی ئەیلوول هەردوکیان بە هۆی نیشتەجێکردنی دەربازبووان تیایاندا هێجگار گەورەو بەرفراوان بوون. بە پێی خەملاندنی ئیدارەی کوردی، دانیشتووانی سموود لە ساڵی 1992دا پەنجا هەزار کەس دەبوون و هەشتاو پێنج لە سەدیان *ئەنفالەکان*** بوون. شۆڕش لەمیش گەورەتر بوو، دابەشکرابوو بە سەر چوار ناوچەی جوگرافیداو شەست هەزار کەسی تێدابوو بە تەواوی دانیشتوانی ناوەندی ناحیەی قادرکەرەمیشەوە ، کە پاش ئەوەی شارۆچکەکە لە مایسی 1988دا بە بلدۆزەر تەختکرا هێنرابوون بۆ ئێرە. تێکرا لە سەدا حەفتای ئەوانەی لە شۆڕشدا نیشتەجێ بوون دەربازبووی ئەنفال بوون[23].

---

* لێرەدا بەئینگلیزی مانای وشەی شۆڕشی لە نێو کەواندا نووسیوە ـ و.

** لێرەدا هەرهەمان وشەی (ئەنفالەکان) بەکارهاتووە، کە ئەمە لە پاش ئەنفال وشەیەکی باوبوو لە سەر زاری دەسەڵاتداران و خەڵکیش ـ و.

[23] ئەم ژمارانە جەوهەر نامیقی سەرۆکی پەرلەمانی تازەی کورد داوێتی، ئەو پەرلەمانەی لە مایسی 1992دا هەڵبژێردرا. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 18 ی حوزێرانی 1992

وشەی "نیشتەجێبوون" ڕەنگە چەواشەکەر بێت، چوونکە هەمووو ئەوەی کە تازە گەیشتووەکان لە حوکوومەتی بەعسیان وەردەگرت پارچە کاغەزێك بوو کە ناونیشانی پارچە زەوییەکی تێدابوو ( ئەوەش پەیوەست بوو بە ڕەفتاری باشەوە ). "بڕۆ خانووەکەت دروست بکە", ئەمە بە زیندانییەکی جارانی نوگرە سەلمان وترابوو کاتێ لە کەلار بەردرابوو. "بەڵام من چۆنم درووست بکردایە؟" کابرا بە تەوسەوە ئەم پرسیارەی لە میدڵ ئیست ووچ دەکرد. هەروەها دەیوت: "ئاخر من نە منداڵ، نە کوڕ، نە خۆراك، نە پارەو بگرە تەنانەت حەسیرێکیشم بۆ دەرنەچوو"[24]. پاشان وردە وردە دوو شارۆچکەی بێزراو هاتنەکایەوە، کە بریتیبوون لە خانووی بلۆکی خۆڵەمێشیی نارێکوپێك, دواجاریش وزەی کارەباو ئاوی بۆریشیان بۆ ڕاکێشرا. ئەم کۆمەڵگایانە چواردەوریان بەپێگەی پۆلیس و سەرباز تەنرابوو و کەس نەیدەوێرا بێت بە دەوریاندا بێ مۆڵەتی ڕەسمی*.

ئەڵبەتە ئەو دەمە هیچ ئەڵتەرناتیڤێك نەبوو بۆ ئەم شێوازە ژیانە. گوندەکان بە مەزراو زەویوزاریانەوە هاتوچۆکردنیان قەدەغەبوو و سزای کوشتنی لە سەر بوو. دۆسیەکانی حوکوومەتی عێراق گەڵێ جار دەگەڕێنەوە سەر مەسەلەی ئیعدامکردنی خەڵك چ بە تاك و چ بە کۆ، لە بەر ئەوەی دوای ئەنفال لە ناوچە "قەدەغەکراوەکاندا" بینرابوون. دانیشتوانی شارۆچکەکان بە بڵندگۆ هەڕەشەیان لێدەکرا ئەگەر هەر کەسێك داڵدەی *ئەنفالەکان* بدات سزای خۆی وەردەگرێت. ڕاماڵین و ڕاپێچکردن تەنانەت شارەکانیشی گرتبۆوە، بە تایبەتی سلێمانی. زۆربەی خێزانەکان, گەر هەمووشیان نەبووبێت، لە کۆمەڵگاکاندا نێرینە نان پەیداکەرەکانیان لەدەست چووبوو و هیچ قەرەبوویەکیش نەبوو بۆ زەرەرو زیانی

---

[24] ئەم پیاوە دواین جار هەردوو کوڕەکەی، کە تەمەنیان یانزەو سیانزە ساڵ بوو، لە بەندیخانەی تکریت بینیبوو. هەروەها پانزە کەسی تریش لە خێزانەکەی لە ئەنفالدا تیاچووبوون. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، سلێمانی، 12 ی مایسی 1992.

* پێدەچێت لێرەدا میدڵ ئیست ووچ بە هەڵەدا برابێت و زیادەڕۆییەك لە مەسەلەکەدا هەبێت، چوونکە ئۆردووگا زۆرەملێکان لە گەڵ ئەوپەڕی خراپیی بارودۆخیاندا بەڵام هاتوچۆکردنیان بە ڕوخسەت و مۆڵەتدان نەبووە ـ و.

گیان و ماڵو خانووبەرەو تەواوی ئەوانەی کە وێرانکران و بە تالان بران. هەروەها ئازووقەش بێ کارتی بەشە خۆراك دەست نەدەکەوت، ئەمەش لە سەر بناغەی سەرژمێریەکەی 1987 بوو و کارتی هەموو کەسێك مۆری حیزبی بەعسی لێدەدراو ئەوەش دیاریدەکرا کە دانیشتووی چ گوندو ناحیەیەکە. لەو دەمەدا ئەو کارتانە تەنها بەوە دەست دەکەوتن کەوا کەسێك وەك دانیشتووی یەکێك لە کۆمەڵگاکان تۆمار بکرایە یان لە ڕێگەی بەرتیلدانەوە. هەندێك لە دانیشتوانی ئۆردووگای بەرحوشتر دەگێڕنەوە کەوا کاربەدەستە بەعسیەکان پێیان وتوون هەروەختێ هاتنە ناو حیزبی حوکمڕانەوە ئەو کاتە پسووڵەی ئازووقەو ئیمتیازاتی تر وەردەگرن[25]. ئەوانەی کە بە قسەیان کردبوون دواتر بۆیان دەرکەوتبوو بەڵێنەکە بەتاڵە.

لە لایەکی دیکەشەوە زۆر لە ئەنفالەکان مەحاڵ بوو ناسنامەی تازەیان بۆ دەربکرێت، کە بێ ئەوە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کاریان دەست نەدەکەوت، منداڵیان نەیاندەتوانی بەردەوام بن لە خوێندندا، نەخۆشیان تیمار نەدەکراو لە هەموو خزمەتگوزارییەکی حوکوومەت بێبەش دەبوون. بە پێی قسەی بێوەژنێکی ئەنفال کە بەردەوام لە نێوان هەردوو کۆمەڵگای شۆڕش و جدیدە زابدا هاتوچۆی بوو, دەڵێ:

" کاتێ چووم بۆ ئەوەی کارێکم دەست بکەوێ پێیان وتم ڕێگە بە خێزانی ئەنفالەکان نادرێ ئیش بکەن، لە قوتابخانە پێیان دەوتم خێزانی ئەنفالەکان ناتوانن منداڵەکانیان تۆمار بکەن، لە نەخۆشخانەش لە بەر هەمان هۆ تیماریان نەدەکردین، ویستم ناسنامە بۆ منداڵەکانم دەربێنم بەڵام دەسەڵاتداران نەیاندامێ. لە قوتابخانە پێیان وتم دەبێ ڕەگەزنامەی عێراقی بۆ منداڵەکانم دەربێنم، بۆ ئەوەش ناردمیان بۆ چەمچەماڵ و هەولێرو لەوێوە بۆ بەغدا، بۆ بەڕێوەبەرێتی *ئەمنی گشتیی*، لەدواییدا نووسراوێکم درایە کە دەڵێ مێردەکەم لە ئەنفالدا ونبووەو ئەمە هیچی بۆ نەکردم لە کۆسپ و تەگەرە زیاتر*. نووسراوەکە هێمایەکی خستە سەرم و جیایکردمەوە. بنکەی پۆلیسی کۆمەڵگای جدیدە زاب پێیانڕاگەیاندم ئەم نووسراوە

---

(25) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ دانیشتوویەکی جارانی بەرحوشتردا، کۆمەڵگای زەرایەن، 28 ی تەمووزی 1992.

* تا ئێستاش لە دادگاکانی ئەحواڵی شەخسیی کوردستاندا دەیان کێشەی لە چەشنی کێشەی ئەم بێوەژنە هەیەو لەڕۆژنامەدا جاریان بۆ دەدرێ کە مێردەکانیان "لە ئەنفالدا ونبوون" بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی میراتگریی مێردە بێسەروشوێنەکانیان بۆ دەربکرێت ـ و.

کارەکـەم بـۆ ئاسـان دەکـات، بـەڵام کـە خـەڵك دەیـانبینی هەمیشـە شـەرمەزار دەبووم"[26].

* * *

دەشــتە وشــك و ڕووتەنەکــەی باشــووری ڕۆژهــەڵاتی هــەولێر پێــنج شــەش خێوەتگەیەکی (لەم وشەیە چاکترمان شك نـەبرد) گرتبووەخـۆ. لـە کۆبوونەوەیـەکی 7 ی ئـەیلوولی مەکتـەبی بـاکووردا علـی حسـن المجیـد بڕیـاری دا کـە دەربـازبووانی پەلامارەکەی بادینان بۆ ئـەم ناوچـە وشـكو برینگـە ڕەوانـە بکـرێن لـە بەندیخانـەی سـەلامیە، قەڵاکـەی دهـۆك، سـەربازگەکانی ئـەترووش و ئـاکرێو ئەوانـەی سـنووری تورکیـا، کـە لـەو کاتـەدا بـە هـۆی لێبووردنەکـەی ڕۆژی پێشـووەوە خـەریکبوو دەگەیشـتن. لـە نیـوە شەوێکیشـدا گـەورەترین کۆمەڵـە خـەڵکیان لـە سـەر زەوییـەکی سـارایینی نزیـك کۆمـەڵگای بەحرکـەدا هەڵڕشـت. ئـەم شـوێنە لـە پـاش ڕووخانـدنی گوندێکی کوردنشین لەپەلامارێکی پێشووی سوپادا بـە جێـژنیکان دەناسـراز لـە پـاش بەینێك جووتە نیشتەجێی بەحرکە ـ جێژنیکان 4241 ماڵیان گرتەخۆ و دایـان لـە یەك و بوون بە کۆمەڵگایەکی زۆر گەورە[27].

لێـرە هـیچ شـتێك لـە پێشـوازیی ئـەو کەسـانەدا نـەبوو کـە تـازە دەگەیشـتن, لـە زەوییەکی ڕەقەن و بنچك و دەوەن و قوڵەی پاسکردن بەولاوە کە ڕەشاشیان لە سەر دابەسترابوو. وەرزەکەی پایزو لە کاتێکدا بوو کە بە ڕۆژ هێشـتا هـەر گـەرم بـوو, بـە شەویشدا تەواو ساردی دەکردو نزیکبوونـەوەی زسـتانی ڕادەگەیانـد. هیچـیش نـەبوو ئــەو خەڵکــە خۆیــانی لــە ســەرماو گــەرما پێبپــارێزن. پیاوێـك لەوانــەی کــە بــۆ

---

[26] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای جدیدە زاب، 2 ی مایسی 1992.

[27] بڕیارەکانی کۆبوونەوەی مەکتەبی باکوور لە نووسراوێکی ئـەمنی هـەولێردا باسـکراون لـە 16 ی ئەیلوولی 1988دا، ئەمەش دەقەکەیەتی: ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتمانی دەگونجێ لـە شارۆچکە نوێکانی پارێزگاکەماندا نیشتەجێ بکرێن. ئەوانـە لای ئەولاکـەی 12714 خێـزان دەبـن و بەمجۆرەی خوارەوە لە شارۆچکە نوێکانـدا نیشـتەجێ بکـرێن: جێـژنیکان 4241، گردەچـاڵ 2794، بەرحوشتر 2314، شاخۆڵان 2387 .

بەحرکەیان هێنابوون دەیوت: "هیچ شتێکیان پێنەداین و دەبوو لە سەر زەوییە ڕەق و تەقەکە بخەوین و برسێتی تەنگی پێهەڵچنیبووین"[28]. فڕێدانی خەڵکەکە لێرە، بێهیچ بناغەیەك، بێنان و بێئاو، بێماواو بێخانووبەرە، بە ئاشکرا ئەوەی دەگەیاند کەوا نەخشەدانەرانی ئەنفال ژیان و مردنی ئەو خەڵکە ڕاگوێزراوەیان لا یەك شت بوو و پاسەوانانی ئۆردووگاکەش بەردەوام ئەمەیان بەگوێدا دەدان.

بەڵام زۆربەی خەڵکەکە لە ئەنجامی بە هاناوە هاتن و فریاکەوتنێکی نائاساییو هێجگار گەورەدا ڕزگاریان بوو. هاوڵاتیانی کوردی هەولێر دەسپێشخەر بوون لەم یارمەتیەداو خواردەمەنیو شەکرو چاو بەتانییان بۆ ئەنفالەکان دەبردو گەڵ جاریش بە هۆی ئەوەوە ژیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە. هەروەها لە کاتی شیاوی خۆشیدا خزم و کەسی دەسبەسەرانی ئۆردووگاکە, ئەوانەی بەر ئەنفال نەکەوتبوون چونکە شوێنی نیشتەجێیان شار یان کۆمەڵگا بووە، فریایان کەوتن و دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردن. یەکەم کەسانی خۆبەخش لە کاتێکدا کەوا هەوڵیاندەدا هەرچۆنێك بووە بگەنە بەحرکەو جێژنیکان، لە ناو دارو دەوەنەکانی دەوروپشتیانەوە بەر تەقە دران، دواجاریش سەرباز گرتبوونیان و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبوون و دارکارییان کردبوون. بەڵام دواتر دەسەڵاتداران چاوپۆشییان لە هەوڵی فریاکەوتن دەکرد، ڕەنگە لە بەر ئەوە بووبێت کە ترسابێتن لە کەمپەکانەوە نەخۆشی بڵاوببێتەوە[29].

بەڵام لە ئاخرو ئۆخری ساڵدا درم و پەتایان تێدا بڵاوبووەوە. گرانەتاو هەوکردنی جگەر خراپ تەشەنەیان کردبوو، هەروەها ئەنفلۆنزاو دیزانتری بە ڕۆتین تیایاندا بڵاوبوو و کوشندەش بوون. لە گەڵ ئەو هەموو هەوڵ و یارمەتیەی خەڵکی هەولێریشدا، زۆر لە دانیشتوانی ئۆردووگاکە بەرگەی پایزو زستانەکەیان نەگرت[30]. گەورەترین ڕێژەی مردن لە ناو منداڵدا بوو, زۆریشیان خەڵکی گوندەکانی پارێزگای دهۆك بوون کە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون. خەڵکی

---

[28] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 2 ی حوزێرانی 1992.

[29] ئەمە ڕاو بۆچوونی ژمارەیەك دکتۆری کوردە لە هەولێر کەوا بۆ میدڵ ئیست ووچیان دەربڕیوە، ئەو دکتۆرانە لە دوادوایی ساڵی 1988دا بە نهێنی چوونەتە بەحرکە و جێژنیکان، لەو دەمەدا کە درم و پەتاکان هەڕەشەیەکی ترسناکیان پێکهێناوە.

[30] تیمێکی پزیشکی عەدلیی میدڵ ئیست ووچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ لە حوزێرانی 1992دا گۆڕستانی بەحرکە ـ جێژنیکانی پشکنیوەو 87 گۆڕی مردووانی ئۆردووگاکەی پێواوە، لەمانە حەفتاویەکیان خوار تەمەنی گەورە بوون. بۆ باسوخواسی تەواوی ڕێبازی کاری تیمەکە بڕوانە "وێرانکردنی کورێمێ،" Destruction of Koreme, PP. 65-70, 92-95

گوندەکانی تلاکرو، وەرمێلێ، وەرەخەل باسی ئەوە دەکەن کەوا زۆربەی منداڵە شیرەخۆرەکانیان لە بەحرکە ناشتووە. پیرەژنێکی خەڵکی گویزێش کە خۆی بەر پەلاماری گازی ژەهراوی کەوتبوو، سێ منداڵی کوڕەزاو کچەزای لە جێژنیکان لەدەستچووبوون، کە ناویان زانا محەمەد شەریف (تەمەن دوو ساڵ)، ناهیدە (تەمەن دوو ساڵ) و براکەشی سامان عبدالرحمن (تەمەن چوار ساڵ)[31] بوو.

لە سەرەتاوە بۆ ماوەی چەند مانگێ، ڕاگوێزراوەکان دەرهەقی زەمانە سێبەریان بە بەتانیو پارچە نایلۆن دروستکردبوو و ڕایەڵێکی شەقو شڕی دارو کۆڵەکەیان بۆ کردبوو.لەم ماوەیەدا ئەوەی بینا بووبێت لێرە تەنها قولەی گاردو ئۆفیسەکانی *ئەمن و ئیستیخبارات* بوون. هەرچەندە دانیشتوانی ئەم ئۆردووگایە لە بەر ئەوەی قوربانیی ئەنفال بوون، نەیاندەتوانی قەرزی بانکی خانووبەرە وەربگرن. بەڵام لە پاش نزیکەی ساڵێك زۆر خانووی پتەو و چاکیان دروستکرد، هۆکەشی نرخی هەرزانی بلۆك بوو, لە هەمان کاتدا کارگەیەکی بلۆکی ئەهلیش پێی دەبەخشین. پاشان وردە وردە کۆمەڵگاکان کەوتنە ئەوەی ڕوخسارێکی نیمچە جێگیر وەربگرن لە پاڵ ئەوانی تردا کەوا ڕژێمی عێراق لە گوژمێکی پێشتری سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی کورددا دروستی کردبوون. یەکەمجار نەیاندەهێشت کەس ڕۆژی لە کاتژمێرێك زیاتر ئەم کەمپانە بەجێبێڵێ، ئەویش بە پسووڵەی ڕوخسەت، بەڵام لە پاش نزیکەی سێ مانگ ئەم توندوتیژیە شلوشاو بووەوەو وازیان هێناو حیزبی بەعس مۆڵەتنامەی دەدا بە خەڵکەکە بچن بۆ هەولێر بۆ کاروباری بازاڕکردن و پاشانیش بۆ کارکردن.

هەندێك پیاوی بەتەمەن و مێردمنداڵی کە توانای کاریان هەبوو، لەملاو لەولا کرێکاریی بیناسازییان دەکرد، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری خێزانەکان بێ

---

[31] زۆر لە دەربازبووان دەڵێن کەوا بیست منداڵی تلاکرو, سی منداڵی وەرمێلی, سیو سێ تا چل منداڵی وەرەخەل لەو ئۆردووگایانە مردوون. لە حاڵەتی یەکەم و دووەمیاندا لەوانەیە بەرکەوتنی چەکی کیمیایی هۆکاری کاریگەر بووبێت، تیمی پزیشکی عەدلیی پزیشکانی مافی مرۆڤ و میدڵ ئیست ووچ پاشماوەی لاشەی سێ کچی ساوایان لە گۆڕ دەرهێناوە، لە گۆڕستانی بەحرکە ـ جێژنیکان و هەریەکەیان شوێنەواری سەختی بەدخۆراکیو نەخۆشییان پێوە دیاربووە. بڕوانە "وێرانکردنی کورێمێ"، لاپەڕە 68.

سەرچاوەیەکی ئـەوتۆی داهـات و دابینکردنـی بـژێوی مابوونـەوە. بـەم ئـازادیی هاتوچۆکردنەی ئۆردووگاکە، گەلێ لە ئافرەتـان چـوون بـۆ هـەولێر بـۆ سـۆراخکردنی مێردو براکانیان، بەڵام پۆلیس و کاربەدەستان لە پارێزگادا فریویـان دەدان و قسـەی سواویان بۆ دەکردن "ئێمە هیچ زانیاریەکمان لـەو بارەیـەوە نیـە.. ڕەنگـە دوو ڕۆژی تـر شـتێکمان بـۆ بێـت.. خـەمتان نـەبێ بـەڕێوەن". ئـەو ژنانـەش کـە زیـاتر پێیـان دادەگـرت و کۆڵیـان نـەدەدا، بـەرەوڕووی دەسـەڵاتدارانی دهـۆك یـان مووسـڵ یـان بەغـدایان دەکردنـەوە، بـەڵام هـەرگیز چ هـەواڵێك نـەبوو و هیچکام لـە پیاوەکانیـان جارێکی تر نەبینرانەوە.

لـە هـاوینی 1990دا , پـاش ئـەوەی حوکوومـەت کـۆنترۆڵی تـەواوی کوردسـتانی عێراقی گێڕایەوە ژێر دەستی، بە دەسبەسەرەکانی بەحرکە ـ جێژنیکانیان ڕاگەیانـد کە بۆ هەر لایـەك بـڕۆن سەربەسـتن. لێـرە هـیچ پرسـیارێکی ئـەوە نـەکرا کـە ئـاخۆ ڕێگـەیان دەدەن بگەڕێنـەوە گونـدەکانی جارانیـان، چـونکە ئـەو دەمـە کـەلاوە بـوون، بـەڵام زۆریـان بـەوە قایـل بـوون کـە لـە کۆمـەڵگای بچووکتردا لـە پارێزگـای دهـۆك نیشتەجێ ببنەوە وەك هیزاوا، گرێگەور، تلکەبەرو ئەوانیتر، کـەوا نـزیکتر بـوون لـە شوێن و هەواری جارانیانەوە لە ناوچەکانی کرمـانجی زمانـدا. بەشێکیشیان هـەر لـە شوێنی خۆیان مانەوەو لە پاش دوو ساڵی نیشتەجێبوونیان لەوێ ئاو و کارەبایـان بـۆ ڕاکێشـان و قوتابخانـەی سـەرەتاییو ناوەنـدییان بـۆ کردنـەوە. لـەو کۆمەڵگایـەدا, نزیکەی پانزە هەزار ڕاگوێزراوی بادینان مانەوە تا بەهاری ساڵی 1991 کەوا شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەی کوردی بە دوادا هات. هەرکە ڕاپەڕین لە نێـو کۆمەڵگا خەمناکەکانی دەشتی هەولێردا تەشەنەی کـرد دانیشـتوانیان فەرمانگـەکانی ئـەمن و پۆلیسـیان تێکوپێـك داو بـۆ چـەند ڕۆژێکـی کـەم جڵـەوی کاروبـاری خۆیـان گرتـە دەسـت. پاشـان گـاردی کۆمـاری کۆمـەڵگاکانیان داگیرکـردەوەو ئەنفالـەکانی بەحرکـە ـ جێـژنیکانیان ئـاوارەی ئێـران کـردو جـارێکی تـریش بـێ مـاڵو حاڵیـان کردنەوە.

* * *

## چـــارەنووسی مەسیحی و ئێزیدیەکـــان

هـەر مـاوەی دوو حەفتەیـەك تێپـەڕیبوو بـە سـەر گەیشـتنی ڕاگوێزراوەکـانی بەحرکەدا (شـایەتەکان دەڵێن بـەرواره تەواوەکـەی 23 یـان 24 ی ئـەیلوولی 1988

بووە )، بڵندگۆ ڕەسمیەکان جارِیان دا کە دەبێ ئەو کەسانەی هاتوونەتە ئۆردووگا بێدواکەوتن خۆیان بە بنکەی پۆلیس بناسێنن. ئەوانەی بەمجۆرە جیاکرانەوە یان ئاشووری‌و کلدانە مەسیحیەکان بوون یان تایەفەی ئێزیدی, کە کۆمەڵێکی ئەتنیی کورد بوون. ئەوەی کە بە سەر ئەم دوو تاقمەیان هێنا کارەساتێکی درِندانە بوو و بە یەکێك لە گەورەترین مەسەلە نادیارو تەمومژاویەکانی ئەنفال ماوەتەوەو ڕوخسارێکی دیکەی جێنۆسایدی کورد بوو.

وێڕای داواکاریی کوردیش بۆ ئۆتۆنۆمیی، بەڵام دانیشتوانی کوردستانی عێراق لە ڕووی ئەتنیەوە یەك نین. هەرچەندە ژمارەی کەمینەکانی لە سەدەی بیستەمدا زۆر بە زەقی دابەزیوە لە ئەنجامی کوشتوبڕو هەڵاتن و فشاری ئاینیدا، بەڵام هەرێمەکە هێشتا هەر نیشتمانی سێ گرووپی گرنگە. بێجگە لە ئێزیدی‌و ئاشووری‌و کلدانی کاسۆلیك، ژمارەیەکی گرنگ و بەرچاوی تورکمانیش لە شاری کەرکووکی فرەنەتەوەو شارۆچکەکانی نزیکیدا هەن. تورکمانەکان, جگە لە سەربازە ڕاکردوو و موتەخەلیفەکانیان، لە دەمێکەوە لە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتدا دەژین و هەندێ جاریش پەیوەندییان لە گەڵ کوردەکاندا گرژبووە. بەڵام مەسەلەی ئاشووری‌و ئێزیدیەکان زۆر لەوە جیاوازەو هەندێ پێکدادانی توندوتیژ نەبێ لە گەڵ کوردەکاندا سەرەتای ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم)، دەنا هاوکاری یەکتربوون و لە ساڵانی 1960 ەوە میراتێکی هاوبەشی چەوسانەوەو ستەملێکردنی ڕژێمی بەغدایان هەبوو.

ئاشووریەکان کە ژمارەیان لە ملیۆنێك زیاترە، یەکێکن لە کۆنترین کۆمەڵگە مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆربەیان ئێستا لە شارەکانی مووسڵ و دهۆك و هەولێردا دەژین، کە هەریەکەیان دانیشتوانێکی گەورەی مەسیحیی تێدایە، هەروەها شارۆچکەی شەقڵاوەی هاوینەهەواریش. لە سەروەختی ئەنفالدا ناوچە دێهاتیەکانیان, کەوا کاتی خۆی گەورە و فراوان بووە، هاتبووە سەر چەند گوندێك لە چیاکانی بادینانـدا. ئەمانە شوێنگەلێکی جوان و دڵڕفێن بوون، بە کەنیسەی خنجیلەو قەشەنگیانەوە، بە ڕەزو باخی ڕێکوپێك و سیستەمی ئاودێریی

ناوازەیانەوە. ئەو مەسیحیانەی* لە کوردستانی عێراقدا دەژین ئاخاوتنیان کرمانجییە لە پاڵ دیالێکتی ئارامیی خۆشیاندا. ئەوان لە گەڵ ئەوەشدا کە بە نەژاد کورد نین بەڵام جلوبەرگی کوردیش دەپۆشن. کەچی ڕژێم لە سەرژمێریەکەی 1977دا بە ڕەسمی بە عەرەبی داناون، بەڵام زۆر لە ئاشووریو کلدانەکان لەوە پەست و ناڕازین و ڕەتیدەکەنەوە. "سەدام حوسێن بێویژدانانە ئێمە بە عەرەب ناو دەبات"، مەسیحییەکی کلدان ئەم قسەیەی بە میدڵ ئیست ووچ وتبوو و بە پەستییەوە پەنجەی بۆ مێزەرەکەی سەری بردبوو کە وەك هەر کوردێکی موسڵمان بەستبوویەوە[32]. ئەوان لە بەر ئەوەی چەندین ساڵە ڕۆڵێکی کاریگەریان بووە لە ناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا هەندێ جار لە قسەو گفتوگۆی ڕۆژانەدا وەك "کوردە مەسیحیەکان" ناودەبرێن[33].

ئێزیدیەکان مەسەلەیەکی تەواو جیاوازن. ئەمانە کوردی کرمانجی زمانن و سەر بە تایەفەیەکی (ساینکرێتیست)** ن، کە تاووسی فریشتە (مەلەکە تاووس) دەپەرستن و هەندێ جار بە شێوەیەکی نادروست وا باسدەکرێن کە "شەیتان پەرستن"[34]. لە باکووری عێراقدا ئێزیدیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەو

---

* لەم ناوچەیەدا بە مەسیحیە کلدان و ئاشووریەکان دەڵێن فەلە یان فەڵە. پێموایە مەبەست لە بە کرمانجی ئاخاوتن لێرەدا دیالێکتی کرمانجیی باکوور بێت,چوونکە مەسیحیەکانی کوردستان بە زۆریی لە ناوچەی بادیناندان ـ و.

(32) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 7 ی تەمووزی 1992.

(33) مەسیحیەکانی عێراق ڕێکخراوی پێشمەرگەیی (بەو جۆرەیە ـ و) خۆیان هەبوو، کە بزووتنەوەی دیموکراسی ئاشووری بوو و ئەندامی کارا بوو لەبەرەی کوردستانیدا، بە پێی قسەی فەرماندەیەکیPUKکە لە لایەن میدڵ ئیست ووچەوە چاوپێکەوتنی لە گەڵ کراوە، بزووتنەوەی دیموکراسیی ئاشووری نزیکەی 100 ـ 150 چەکداری هەبووە، هەروەها مەسیحیەکان پێنج کورسی پەرلەمانیان بۆ دانراوە لە پەرلەمانە 105 ئەندامیەکەی کورددا کە ساڵی 1992 هەڵبژێراوە.

** ساینکرێتیست (Syncretist) یان تەوفیقی، هەڵگری ئەو بیروباوەڕەیە کەوا باوەڕی جیاوازو دژ بە یەك (بەتایبەتی ئاینی) پێکەوە دەگونجێنێ، یان لە ژێر هەندێ پەردەی ڕووکەشدا خۆ حەشاردەدا بۆ پاراستنی ناوەرۆکی باوەڕە بنەڕەتیەکەی خۆی، ئەمەش لە ئەنجامی ستەم لێکردنی ئاینی ڕەسمیو باوەڕی باڵادەستەوە سەرچاوەی گرتووە. من لێرەدا وشەی "ئێزیدی"م بەکارهێناوە لە جیاتی "یەزیدی" کە لە دەقەکەدا هاتووە، چوونکە خۆیان بە تایبەتیو ناوچەی کرمانجی زمانیش بە گشتی وای گۆدەکەن و وشەی دووەمیان لا خۆش نیەو بە جۆرە سووکایەتییەکی دادەنێن ـ وەرگێر.

(34) فریشتەی تاووس خواوەندێکە ڕەنگە پەیوەندیی بە شەیتان Satan ی مەسیحیەتەوە هەبێت، ئەگەرچی لە سیفەتی شەڕخوازیدا هاوبەش نین، بڕوانە مارتن ڤان بروونەسن "کۆمەڵگای کورد، ڕەگەز و نەتەوایەتی و کێشەکانی ئاوارەبوون"

MartinVan Bruinessen, (Kurdish Society, Ethnicity, Nationalism and Refugee Problem) in Kreyenbroek and sperlop, P37.

پێدەشتانەدا نیشتەجێن، کە لە کلکەی باشووری چیاکانی بادینانەوە بەرەو ڕووباری دیجلە شۆڕبووەتەوە، لای باکووری شاری مووسڵەوە. هەمان ئەو ناوچانە نشینگەی ژمارەیەکی زۆر لە ئاشووریە مەسیحیەکانیشە.

ئەم شوێنی نیشتەجێبوونە وای لە ئێزیدیو مەسیحیەکان کردبوو کە ببنە نێچیری ژمارەیەك پەلاماری پێشتری گوند ڕووخاندن لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە، بە هەمان شێوە ببنە نێچیری ئەنفالیش. ساڵی 1973 هەزاران ئێزیدیی لە شوێن و ڕێی خۆیان لە جەبەڵ سنجارو ڕۆژئاوای مووسڵ دەرکران، هاوکاتیش لە گەڵ دەراوسێ کوردە موسڵمانەکانیاندا، زۆر لە ئێزیدیو مەسیحیی ناوچەکانی سلێڤانیو شێخانیان لە گوندەکانیان دەرپەڕاند لە شاڵاوی بەعەرەبکردنی ناوەڕاستی ساڵەکانی 1970 دا. پاکتاوکردنی ناوچە سنووریەکانی ساڵی 1977یش دە دوانزە کەنیسەی مەسیحیی لە بادینان وێرانکرد، کە هەندێکیان تەمەنیان لە هەزار ساڵ زیاتر بوو[35]. سەرباری ئەوەش زۆر لە ئێزیدیەکان لە شوێنو ڕێی خۆیان هەڵکەنران و دووبارە لە کۆمەڵگاکاندا نیشتەجێ کرانەوە، وەك ڕێگە خۆشکردنێك بۆ دروستکردنی بەنداوی زۆر گەورەی سەدامەوە لە سەر ڕووباری دیجلە لە ساڵی 1985دا. شتێکی ئاشکراشە کەوا علی حسن المجید هیچی نەبوو لە گەڵ ئێزیدیەکاندا تەنها ڕقو بە سووك سەیرکردن نەبێت. جارێکیان لە کاتی پەلاماری ئەنفالداو لە کۆبوونەوەیەکی بە کاسێت تۆمارکراودا بە توندی هەڵشاخابوو بە کاربەدەستێکی ناونەبراوی مووسڵدا: "ئێمە دەبێ ناوچەکەتان بکەینە عەرەب، عەرەبی ڕاستەقینە، نەك یەزیدی کە ڕۆژێك دەڵێن کوردین و ڕۆژی دوایی دەڵێن عەرەب. ئێمە لە سەرەتاوە چاوپۆشیمان لە یەزیدی کرد ببنە *جاش*، بۆ ئەوەی

---

هەروەها بڕوانە ئەو بەشەی لە سەر ئاینە لە کتێبەکەی ئیزەدیدا "کوردەکان"
.Izady "The Kurds", PP 131-166.

(35) بە پێی لیستێك کە لە لایەن شۆڕش ڕەسوولەوە ئامادەکراوەو بلاوکراوەتەوە، وەك پاشکۆیەکی ڕاپۆرتەکەی ساڵی 1990 ی، "لەناوبردنی میللەتێك Destruction of a Nation".

www.dengekan.com

تێکدەران پەرەنەستێنن، باشە بێجگە لەمە ئیتر یەزیدیەکان بە کەڵکی چی دێن؟ بێگومان هیچ"[36].

وادیارە ئەلمەجید تۆزێ زیاتر ڕێزی بۆ ئاشووریەکان دانابێ‌و لە "یەکەم قۆناخی" بەرنامەی ساڵی 1987 ی گوند ڕووخاندنەکەیدا ژمارەیەك گوندی مەسیحیەکانی لە باکووردا تەختکرد. وێرانکردنی گوندی باختمێ لە نیسانی ئەو ساڵەدا زۆر بە وردی بۆ میدڵ ئیست ووچ باسکراوە لە لایەن قەشەیەکی ئاشوورییەوە لە دهۆك:

"پێیانڕاگەیاندم کە باختمێ دەڕووخێنن لە بەر ئەوەی پێشتر زۆربەی گوندەکانی دەوروپشتیان ڕووخاندبوو. دەورویەری نیوەڕۆ بوو کاتێ چووم بۆ کەنیسەی سانت جۆرج بۆ دەرکردنی هەندێ لە کەلوپەل و شتەکانی, لەو کاتەدا تانکی سوپای عێراق و بلدۆزەر ڕژانە ناو گوندەوە.پاش ئەوەی لە نوێژ بوومەوە کەلوپەلی کەنیسەکەم دەرکردە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆم بیانبەم بۆ دهۆك. ڕۆژێکی یەکجار خەمناك بوو، سەربازەکانی عێراق و ئەندازیارانی سوپا لە هەر گۆشەیەکی کەنیسەکەوە نزیکەی یەك کیلۆ TNTیان داناو لە پاش پێنج دەقیقە بیناکەیان تەقاندەوەو پاشان کەوتنە ڕووخاندنی ماڵ بە ماڵی گوند. دواتر سێ هەزار دیناریان وەك قەرەبوو دامێ، منیش ڕۆیشتم بۆ لای بەرپرسی حیزبی بەعس لە دهۆك و پرسیم بۆچی گوندەکەتان ڕووخاندین؟ کەچی ئەو لە وەڵامدا وتی: (ئێوە عەرەبن و ئێمە بڕیار دەدەین کە دەبێ ئێوە چیبکەن، ئەوە هەموو مەسەلەکەیە )، منیش چی بڵێم, ناچار ئۆفیسەکەیم بەجێهێشت[37]".

⋆ ⋆ ⋆

لە ئەنفالدا تەنانەت هیوای قەرەبووکردنەوەش نەبوو, گوندە ئاشووریەکانی وەك کانی بەلاڤ (لە ناحیەی بەرواری باڵا) و مێزێ (لە سەرسەنگ) و گوند کۆسە (لە دۆسکی) هاوکات لە گەڵ گوندەکانی کوردە موسڵمانەکانی دەراوسێیان سووتان و

[36] کاسێتی کۆبوونەوەی علی حسن المجید لە گەڵ لێپرسراوانی بەعسیی ناونەبراودا، کەرکووك، 1 ی ئابی 1988. [پێموایە علی حسن المجید وشەی (جاش)ی بەکارنەهێنابێ بەڵکو زیاتر ڕێی تێدەچێ "جەنگاوەری فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی"ی بەکارهێنابێت ـ و].

[37] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 19 ی حوزێرانی 1992.

بەر بلدۆزەر دران. هەندێك لە خەڵكی ئەم گوندانە لە گەڵ كوردەكاندا هەڵاتن و پەنایان بردە بەر چیاكان، سەدانیشیان بە ئاوارەیی لە توركیا دەبینران. هەر هەمووشیان لەو شوێنانە مانەوە تا هەواڵی لێبووردنەكەی 6 ی ئەیلوولیان بیست بۆ گەڕانەوە. چەند ڕۆژێك لە پاش دەرچوونی لێبووردنەكە خەڵكێكی زۆری پەنابەری مەسیحیو ئێزیدی بە پاسی توركی لە ڕووباری خابوور پەڕینەوەو لە خاڵی سەر سنووری ئیبراهیم خەلیل خۆیان دا بە دەستی سوپای عێراقەوە. ئەفسەرانی *ئیستیخبارات* كە چاودێریی گێڕانەوەیان دەكردن داوایان لە ئێزیدیو مەسیحیەكان كرد خۆیان بناسێنن و پاشان فەرمانیان دانێ بەجیا لە لایەكەوە ڕیزببن. لەوێ تەنها ئەوەیان پێوتن كە پیاوان دەگەڕێنەوە بۆ یەكەكانی خۆیان ئەگەر سەربازی ڕاكردووبن، ژن و منداڵیش ڕەوانە دەكرێنەوە بۆ ماڵی خۆیان. كوردە موسڵمانەكانیش پارچە پسووڵەیەكیان پێدان لە سەری نووسرابوو "ڕەوانەی هەولێر بكرێن"، بەڵام ئاشووریو ئێزیدیەكان بە دەستی بەتاڵ مانەوە. كوردەكان بێئەوەی بزانن مەسەلەكە چیەو چۆنە، لای خۆیانەوە وایان دانا كەوا دەراوسێكانیان بە شێوەیەكی باشتر تەماشاكراون[38].

مەسیحیو ئێزیدیەكان پاش ئەوەی بە پێی لێبووردنەكە خۆیان دا بە دەستەوە وەك هەركەسێكی تر نێردران بۆ دهۆك. بە پێی قسەی شایەتێك كە لەوێ بینیبوونی، زۆربەی زۆری ئەو كۆمەڵە ئێزیدی بوون و شەش هۆدەیان لە نهۆمی دووەمی قەڵاكە داگیركردبوو و لە زیندانیە كوردە موسڵمانەكان جیاكرابوونەوە. دەنگوباسی گەیشتنی خەڵكەكە بە خێرایی بڵاوبووەوەو ئەو خزم و كەسانەی هەواڵەكەیان بیست ڕژانە ناو دهۆكەوەو كەوتنە هەوڵدان بۆ سەردانیان. ئیشۆ كە پیاوێكی پیری كلدانی كاسۆلیكی خەڵكی گوندی مێزێ بوو، هاتبوو بۆ سۆراخكردنی چوار كوڕەكەی.ئەوان كەسیان *پێشمەرگە* نەبوو، بەڵكو سیانیان سەربازی هەڵاتوو و

---

[38] ئیجرائاتی جیاكردنەوە لە پردی ئیبراهیم خەلیل لە لایەن ژمارەیەك شایەتەوە باسكراوە. چاوپێكەوتنی میدڵ ئیست ووچ، دهۆك، 3 ی ئەیلوولی 1992.

www.dengekan.com

ئەوی تریش موتەخەلیف بوو. سەردانەکەی ئیشۆ بێسوود بوو، چوونکە هەواڵی زانی کەوا تەواوی پیاوانی مەسیحیو ئێزیدییان ڕۆژی پێشتر بە ئۆتۆمبیلی داخراو بردووەو ئەوە دواجار بوو کە بە زیندوویی ببینرێن. ژن و منداڵ و پیرەکانیش پاش ئەوەی تاقە شەوێك لە دهۆك هێشتبوونیانەوە بە پاس ڕەوانەی ئۆردووگا چۆڵەوانیەکانی بەحرکەو جێژنیکانیان کردن.

ئێرە بوو کە لە پاش دوو حەفتە بانگەوازە نامۆو نەشازەکە بۆ مەسیحیو ئێزیدیەکان کرا بچن بۆ بنکەی پۆلیس یان ئۆفیسی حیزبی بەعس لە ئۆردووگاکەو ئەفسەرانی *ئیستیخبارات* بە ئۆتۆمبیلێکی تۆیۆتا لاندکرۆزەر بە هەردوو کۆمەڵگاکەدا دەگەڕان و جاڕیان دەداو بە تەواوی جەنجاڵی کارەکە بوون. دواجاریش بە چواردەوری ئۆردووگاکانیشدا گەڕان بۆ گەیاندنی پەیامەکە بۆ یەك بە یەکی ئەو خێزانانەی لە ژێر چاتۆڵە کاتیەکانیاندا کۆمەڵەیان کردبوو. ئەوان وایان دەردەبڕی کە مەسەلەکە هیچ ترسێکی تێدا نیە، بەتایبەتی کە قەشەیەکی ئاشووری چەند جارێك ئەو پرسیارەی دووپات کردووەتەوە کەوا چییان لێدەکەن، *ئیستیخباراتێك* لە وەڵامدا وتبووی: "دەتانگێڕنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێمانەوە هێناون"، یەکێکی تریان وتبووی: "دەتانبەین بۆ لای پیاوەکانتان"، ئەمە قسەیەك بوو کە لە دووتوێیدا مانا ڕاستە دڕندانەکەشی تێدابوو.

ئەوجا لە بنکەی پۆلیس ناوەکان خوێنرانەوەو لەگەڵ لیستێکی سەرەکیدا بەراورد کران. شایەتێك گێڕایەوە کە دواتر *ئیستیخبارات* فەرمانیان داونەتێ ببنە سێ تاقمەوە: مەسیحی، ئەو ئێزیدیانەی لە پارێزگای دهۆك خۆیان داوە بە دەستەوە، ئەو ئێزیدیانەی لە ئاکرێ خۆیان داوە بە دەستەوە، واتە لە پارێزگای نەینەوای دەراوسێی دهۆك. ئەم دوو جۆرە جیاکردنەوەیە هەندێ خەڵکی خستە گومانەوەو زۆریان شوێنی گرتنەکەیان بەدرۆوە وت و خۆیان خستە ڕیزی ئەوانەی لە ئاکرێ خۆیان بە دەستەوە داوە[39].

---

[39] ئەو درۆیە کارێکی ئاقڵانە بوو، چونکە جیاکردنەوەی ئێزیدیەکان ئەو نیازەی ڕژێمی دەگەیاند کە تەنها ئەوانە بێسەروشوێن بکات کەوا لەو شوێنانەدا گیراون کە عەمەلیاتی ئەنفال دەیگرتەوەو تا سنووری پارێزگای نەینەوای دەگرتەوە (واتە تەنها پارێزگای دهۆکی دەگرتەوە نەك نەینەوا ـ و)، ئەمەش هەمان ئەو لۆجیکە بوو کە بیرۆکراسییەکی وشکی دەگەیاندو لە بەزەیی بە دەربوو. ئەمەش بە ئاشکرا لە بەڵگەنامەکانی حوکوومەتی عێراقدا دیارە کە مامەڵەو ڕەفتاری لە گەڵ گیراوە مەدەنیەکاندا چۆن بووە. بۆ نموونە, نووسراوێکی نهێنی لە ئەمنی پارێزگای هەولێرەوە بە ژمارە

ئەودوای دانیشتوانی ئۆردووگاکە دواجار گێڕابوویانەوە کەوا بەغیلییان بردبوو بەو دەسبەسەرە ئێزیدیانەی لای دەروازە سەرەکیەکەی ئۆردووگاکەوە چاوەڕێی پاسیان کردووە بۆ گواستنەوەیان، گوایە بەخەیاڵی ئەمان بۆ ماڵی خۆیانیان دەبەنەوە لە ناوچەی شێخان. چەند ڕۆژێکی دواتر, پاسێکی سەربازیی خاکی لە گەڵ ئەفسەرێکی سوپاو نۆ یان دە سەربازدا گەیشتن و بیستو شەش کەسی فەڵەی ئاشووریی خەڵکی گوند کۆسەی هەڵگرت و بردنی. ئێستا وا مەسیحیەکی کەم ماونەتەوە لە گەڵ ئەو ئێزیدیانەدا کە لە ئاکرێ خۆیان دابووە دەستەوە، ئەمانە لە بەحرکەو جێژنیکان مانەوە تا هاوینی 1990، تا ئەو کاتەی کە قەدەغە هەڵگیرا لە سەر هاتوچۆ کردن. هیچکام لەوانەش کە لە کەمپەکانەوە بە پاس ڕەوانەکران نەگەیشتنە ماڵی خۆیان و کەسیشیان لە کۆمەڵگاکانی تری وەك مەنسووریە (مسویریك)و خانکێدا لێ نەبینرا، چوونکە ئەم دوانە تەرخان کرابوون بۆ نیشتەجێکردنەوەی مەسیحیو ئێزیدیەکان. ئەنجامی هەموو ئەوانە چۆن لێکبدرێتەوە هەر کوژراون. قەشەیەکی ئاشووری کە میدڵ ئیست وۆچ چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردووە، دەڵێ کەوا لیستێکی 250 کەسیی مەسیحی کۆکردووەتەوە کە لە ماوەی ئەنفال و گێژەنی دوای ئەنفالدا بێسەروشوێن کراون[40].

ئیشۆ, پیرەمێردە کلدانەکەی گوندی مێزێ، ئۆقرەی نەگرت و کەوتە گەڕانێکی دوورودرێژی پڕ ئەندێشە بە دوای چوار کوڕە سەرنگوم کراوەکەیداو سکاڵانامەیەکی

ش12809/2 لە ڕۆژی 26 ی ئابی 1988دا، دەڵێ ناوی ئەو دوو کەسەی لە گۆڕەپانی عەمەلیاتی ئەنفالدا گیراون "لە لایەن فەرماندەیی مەکتەبی باکوورەوە گێڕراونەتەوە، لە بەر ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە نین کە عەمەلیاتی ئەنفال دەیانگرێتەوە"، (ئەمەیان جەختی لە سەر کراوە).

[40] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، دهۆک،10 ی حوزێرانی 1992. لە تێکڕای دە دوانزە چاوپێکەوتندا کە میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ مەسیحی و ئێزیدی و دەربازبووانی دیکەی بەحرکە ـ جێژنیکاندا ئەنجامی داوە، سەرجەم نەوەدو هەشت ناوی ئەو کەسانەی کەوتووەتە لا کە بێسەروشوێن کراون. ئەم لیستە بریتی بوو لە 64 کەسی مەسیحی (25 پیاو، 18 ئافرەت، 12 منداڵ، کە لە خوار تەمەنی شانزە ساڵەوە بوون و نۆ کەس، کە توخم و تەمەنیان دیارنەبوو)، لە گەڵ 34 کەسی ئێزیدیدا (4 پیاو، 9 ئافرەت و 21 منداڵ). زۆربەی ئەوانەی فەوتان منداڵی ساوای تەمەنی خوار یەك ساڵە بوون. بە تەمەنترین کەسیش ئافرەتێکی 85 ساڵ بوو.

www.dengekan.com

بۆ سەرۆك سەدام حوسێن نووسی، بەڵام هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوتەوە. زۆر لە *ئەمن و ئیستیخباراتەکانی* ئۆردووگای بەحرکە پاڕایەوە شتێکی بۆ بدرکێنن دەربارەی کوڕەکانی، وەڵامی ئەوانیش ئەوەبوو کەوا هەر چواریان لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوول نەیگرتوونەتەوە، چوونکە تەنها ئەوانەی دەگرتەوە کە بە ڕەگەز کورد بوون (هەرچەندە بە ئاشکرا ئێزیدیشی نەدەگرتەوە)، لێرەدا پیرەمێرد بە داخێکی قووڵەوە وەڵامی دابوونەوە: "ئەگەر ئەوەمان دەزانی، هەرگیز خۆمان بە دەستەوە نەدەدا". ئیشۆ ژیانی خۆی خستە مەترسیەوەو پرکێشی ئەوەشی کردبوو سەر لە قەڵاکەی دهۆك بدات و لەوێ تەنها ئەوەی پێڕاگەیەندرا کە پیاوە مەسیحیو ئێزیدیەکان زۆر نیە ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراون.

هەرچەندە سکاڵانامەکەی ئیشۆی پیرەمێرد بۆ سەرۆك بێوەڵام مایەوە، بەڵام بێئەوەی خۆی پێی بزانێ لە لایەن دەزگای هەوالگریی سەربازییەوە پرسیارو پرسیارکارییەکی ناوخۆی زۆری بەرپاکردبوو. ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە *ئیستیخباراتیە* لە کاتی شیکردنەوەی بەڵگەنامە گیراوەکانی عێراقدا لە لایەن میدڵ ئیست وۆچەوە, کەوتە بەرچاو. ئەمانە تیشکیان خستبووە سەر زنجیرەی فەرماندەیی عەمەلیاتی ئەنفال (بڕوانە بەشی 13، لاپەڕەکانی 427 ـ 433), بەڵام باسی ئەوەیان تێدانیە کە بۆچی مەسیحی و ئێزیدیەکان بەکۆمەڵ بێسەروشوێن کرابوون، تەنانەت پاش دەرکردنی لێبووردنێکیش کە هێشتا هەر لە کاردا بووە.

لێکدانەوەیەکی پەسەندو دروستیش ئەوەیە کە ئەم کەمایەتیە سەرسەختانە, وەك دەسەڵاتدارانی عێراق دەڵێن, ئەوەیان ڕەتدەکردەوە کە ببنە بەشێك لە "ڕیزی نیشتمانی" . بۆ ئەوەی تاوانەکانیان خەستتر بێتەوە بەوەش قایل نەبوون کە ڕژێم ڕەگەزیان بۆ دیاری بکات. ئەوان نەك هەر دەیانویست وەکو کورد مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، بەڵکو وەك عەرەبی خراپیش ڕەفتاریان دەکرد. بەمجۆرە دەبوو لە دوو سەرەوە بە ناپاك دابنرێن و هەر بەم پێوەرەش سزادران.

---

# بەشی دوانزەهەم

# پــاش کــارەســات

*"بــە پشــتیوانی خــوا توانیمــان تــاقمی تێکـدەران و هاوکـارانی دوژمـن لـە بـاکووری خۆشەویستمان لەناوبەرین. ئێستا بـارودۆخ لە ناوچەی باکووردا پێویست بـە هەنـدێ ئیجرائات دەکات کـە لـە گـەڵ ئـەم قۆناخـە نوێیەدا بگونجێ."*
*ـ بەیاننامەی مەکتەبی باکووری علی حسن المجید، تشرینی دووەمی 1988*

هــەروەك تاقیکردنەوەکـەی ئێزیـدی و مەسـیحیەکان دەریانخسـت، لێبووردنــە گشتیەکەی 6 ی ئـەیلوول کۆتـایی کارەسـاتی ئـەنفال نـەبوو. وەك پاشـتر دەیبیـنین, کۆمـەڵکوژیی ئـەو زیندانیانـەی پـێش لێبووردنەکـە دەسگیرکرابوون هـەر بـەردەوام بـوو. لیژنـەی حیزبـی بـەعس بـۆ پێشـوازی کـردن لـە گـەڕاوەکان (*لجنـه اسـتقبال العائدین*) ، لایەنی کەم تا دەوروبەری شوباتی 1989 لە کارەکەیـدا بـەردەوام بـوو و خێزانـی "تێکـدەرانی" لـە کۆمـەڵگاکانی دەشـتی هـەولێردا نیشـتەجێ دەکـردەوە[1]. بێجگە لەو بەڵێننامەیـەی نیشـتەجێکردنەوەی پێشـتر باسمان کـرد، "گـەڕاوەکان بـۆ

---

[1] مەحزەری کۆبوونەوەی 1 ی شوباتی 1989ی لیژنەی پێشوازی ئاملژە بە نیشتەجێکردنی خێزانێکی تێکدەر دەدات لە کۆمەڵگای بەرحوشـتر. مـەحزەری کۆبوونەوەیـەکی تـری ئـەو لیژنەیـە لـە 13 ی ئەیلوولی 1988دا، واتە حەفتەیەك دوای ڕاگەیاندنی لێبووردنە گشـتیەکە، بڕیـاری ئـەوەی دا کـە "ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا دەژین کە لە ژێر دەستی تێکدەراندایە وەکو تێکـدەران مامەڵـەیان لـە گەڵ دەکرێت" و تێبینی ئەوەش دەردەبڕێ کە دەبێ گـەڕاوەکان بگوێزرێنـەوە بـۆ کۆمـەڵگاکان لـە لایەن پۆلیسی عێراق و کۆمیتەی قەلاچۆکردنی چالاکیی دوژمنکارانەی (پارێزگای هەولێر)ەوە.

ڕیزی نیشتمانی" دەبوو ئەم خاڵانەش لە ئەستۆ بگرن: 1) لەو خانووەدا بژین کە بۆیان دیاریکراوەو ئەدرەسیان نەگۆڕن. 2) بەشداری نەکەن لە هیچ چالاکییەکی "تێکدەر"دا. 3) "ملکەچی نیشتمانیان بن"، بۆ هەر سزایەك یاسا دایدەنێت[2]. کۆمەڵگا تازەکەی بەرحوشتر لە باکووری شاری هەولێر, لە 27 ی تشرینی دووەمی 1988دا بۆ گەڕاوەکان کرایەوە[3], هەروەها نیشتەجێکردنەوەی ئەو خێزانانەش کەوا گومانی *پێشمەرگەیان* لە سەربوو لە گردەچاڵی ئەو نزیکانە لایکەمەکەی شەش حەوت مانگێك دوای ئەوە بەردەوام بوو[4].

واپێدەچێت ڕژێم لیژنەیەکی تایبەتیی بەدواداچوونی پێکهێنابێت (*لجنە المتابعە*) بۆ جەخت کردن لە سەر جێبەجێکردنی هەلومەرجی بەرنامەی گەڕاوەکان و لێشاوێك فەرمانو نووسراو لە *ئەمن* و دەزگاکانی ترەوە ئاگاداری هێزەکانی ئاسایشیان دەکردەوە بۆ وریابوونێکی زیاتر لە کۆمەڵگاکاندا. هەروەها ئەمن فەرمانی گرتنی هەر کەسێکیان دەردەکرد ئەگەر بێ مۆڵەت کۆمەڵگاکەی جێهێشتبایە، یان بە شێوەیەکی تر سەرپێچی لە مەرجەکانی نیشتەجێکردنەکەوە بکردایە. وادەردەکەوێ لایکەم لە حاڵەتێکدا کۆمیتەی قەلاچۆکردنی چالاکیی دوژمنکارانە لە پارێزگای هەولێردا (*لجنە مکافحە النشاگ المعادی*) وادیاربوو نموونەیەکی تایبەتمەندی ساڵانی 1970 ی ڕاگواستنی خێزانە کوردەکان بۆ

---

[2] ژمارەیەك بەڵێننامە لە سەر ئەو واقیعە، کە مێژووی جۆراوجۆری دوادوایی ساڵی 1988 ی پێوەیە، لە نێو فایلەکانی دامودەزگاکانی حیزبی بەعسدا لە هەولێر دۆزراوەتەوە.

[3] بە پێی نووسراوێکی بێبەرواری حیزبی بەعس کە لە نێو فایلەکانی حوکوومەتی عێراقدا لە هەولێر دۆزراوەتەوە.

[4] ئەوە باس و گێڕانەوەی خێزانێکی خەڵکی گوندی گەڵناسکیێە، کە یەکێك لە بنکە سەرەکیەکانی KDPتێدابوو لە بادینان. ئەم خێزانە وەك باسدەکرێ کوڕەکەیان لە پاش خۆبەدەستەوەدان بە پێی بڕیاری لێبووردن ئیعدام کراوە. میدڵ ئیست وۆچ لای دهۆکدا گۆڕێکی پیشاندراوە گوایە لاشەی ئەو کوڕە گەنجەی تێدا نێژراوە. گۆڕەکە کەوتووەتە شوێنێکی بێنیشانی لای گۆڕستانی شاری دهۆکەوەو دیاربوو کە نزیکەی چلو پێنج گۆڕی تری تێدایە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، دهۆك، 4 ی حوزێرانی 1992.

باشووری عێـراق بووژانـدبۆوە[5]. لـە ئـاخرو ئـۆخری ساڵدا، شـێوازی جـەختکردن و پەلەپــەل لــە بەڵگەنامــەکانی حوکوومەتــدا تــا ڕادەیــەك هێــور بووبــۆوەو تــۆنێکی متمانەکردن بە سڵەوە جێگەی گرتبۆوە. فەرمانێك لە مەکتەبی باکووری علی حسن المجیدەوە بە "پشتیوانی خوا" دەست پێدەکات و دەڵێ: "توانیمان تاقمی تێکدەران و هاوکارانی دوژمن لە باکووری خۆشەویستمان لەناوبەرین".

"ئێستا بارودۆخ لە ناوچەی باکووردا پێویست بە هەندێ ئیجرائات دەکا کـە لـە گەڵ ئەم قۆناخە نوێیەدا بگونجێ, بە وریاییەکی تەواوەوە دژی هەر شـێوازێکی نـوێ بــن کــە لەوانەیــە پاشمــاوەی تێکــدەران ڕەچــاوی بکــەن - ئەوانــەی کــە هــەوڵی دروستکردنی مەکۆی تێکدان و گێرەشێوێنی دەدەن بۆ ئـەوەی هەنـدێ کـارو کـردەوە ئەنجام بدەن کە ورە بە هەوادارەکانیان بدات و بە ئاغاکانیان لە دەرەوە بگەیەنن کە هێشـتا جـێ پێیـان لـە سـەر خـاکی نیشـتمانماندا هەیـەو لـە تواناشـیاندایە کـاری تێکدەرانە بەرپا بکەن. گومـانی تێدا نیـە کـە لـە ئێسـتا بـە دواوە تـاقمی تێکـدەران قەبارەی گەورە بە خۆیانەوە نابینن، یان لە بنکەی جـێگیرەوە دەست بوەشـێنن یـان عەمەلیاتی مەودا گەورە ئەنجام بدەن. لەبری ئـەوە, ڕەنگـە تـاقمی بچووکی گـەڕۆك لە کەسانی تێکدەر ببینین, کە ژمارەیان دە پانزە کەس زیاتر نابێت. ئەوکاتەش ئەم تاقمانە تەماشای وەڵامدانەوەی ئێمە دەکەن بۆ کارو کردەوەکانیان کە تا چ ئەنـدازەو ئاستێکە. ئەگەر کاردانەوەکە ئاسایی‌و ڕۆتین بوو، ئـەوە چالاکیەکانیان دوو ئەوەنـدە دەکەنــەوە, بنکـەکانیان قۆنـاخ بـە قۆنـاخ فـراوان دەکـەن و عەمەلیاتـەکانیان گـەورە

---

[5] زنجیرەیەك ڕاسپاردە لـە لایـەن کۆمیتـەی قەلاچـۆکردنی چـالاکیی دوژمنکارانـەوە لـە شـەقڵاوە دەسنیشانی پێنج خێزانی ناوچەی هەریر دەکات، کە سەرجەم ژمارەیان سـی‌و حـەوت کـەس بـووەو دوورخراونەتەوە بۆ زۆنگاوەکانی پارێزگای زیقار لە باشوور (پێشـتر ناسـریە بـوو) لـە 2 ی کـانوونی دووەمی 1989دا بەو ئۆتۆمبیلانەی لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی پارێزگای هەولێرەوە (مدیریـە المرور) هێنرابوون. ئەفسەرێکی پۆلیسی عێراق لە گەڵ خەڵکەکەدا ڕۆیشتووەو وا باسـدەکا کـە هـیچ شتێکی نهێنی لە گواستنەوەکەدا نەبووە. هەروەها یاداشتنامەیەکی ئـەمنی شـەقڵاوە لـە ڕۆژی 16 ی مایسی 1989دا ئیشارەت بەوە دەدا کە دانیشتوانی جارانی گوندی تێکدراوی خورخاوە، کە ئێستا لە کۆمەڵگاکاندا دەژیـن دووردەخرێنـەوە بـۆ باشـوور، ئەگـەر "تێکـدەران" هەوڵبـدەن پەیوەنـدییان پێوەبکەن.

دەکەنەوە. هەروەها ڕیزی ناوخۆشیان ڕێکدەخەنەوە بە جۆرێکی وا کە پەیوەندیی لە گەڵ ئەو دۆست و لایەنگرانەیان بپارێزن کەوا سوودمەند بوون لە بڕیاری لێبووردنەکە"[6].

ئەلمەجید بە ئاشکرا هەستی دەکرد کە بەرەورووی گرفتێکی دووسەرە بووەتەوە، لە لایەکەوە نەیدەتوانی نەرمیی بنوێنێ، چوونکە ئەمە *پێشمەرگەی* هاندەدا بۆ بەرگریکردن لەو دۆخە. بۆ ئەوەی ڕێگە لەمە بگرێ, فەرمانی ئیجرائاتی دڕندانەی بۆ دەزگای ئاسایش دەرکرد. "پێویستە هێزو توندوتیژییەکی تەواو لە ململانێکەدا بەکاربێت و دەبێ وەڵامێکی بە پەلەو یەکلاکەرەوەمان هەبێت بۆ هەر ڕووداوێك بەرپا دەبێت و ئەندازەی ئەو کاردانەوەیە هاوکێشە نەبێت لە گەڵ ئەندازەی ڕووداوەکەداو هیچ گرنگ نیە ئەنجامیش کەمبایەخ بێت".

لە لایەکی تریشەوە, ئەوەندەی کە پەیوەندیی بە ژیانی ئابووریی کوردستانی عێراقەوە هەبوو, "ئەوی کە پێویستە وازهێنانە لە ئیجرائاتی کوتوپڕی، چوونکە بەردەوامبوون لە سەر گەمارۆی ئابووری ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە هێشتا لە حاڵەتی دەمارگرژیی بارودۆخەکەداین". بەڵگەنامەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کەوا گەمارۆی ئابووری باکوور بە هێواشی شل بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو قەدەغە لەسەر فرۆشتنی گازۆلین و هەندێ جۆری خواردەمەنی هەر بمێنێتەوەو بە هیچ جۆرێکیش ڕێگە بە فرۆشتنی خواردن نەدرێت بۆ دەرەوەی کۆمەڵگاکان. بە هەر *موجەممەعێك* بزانرایە کەوا خەریکی بە قاچاخ ناردنی خواردنە بۆ "بنکەکانی تێکدان" دەبوو دەسبەجێ بەشەخۆراکی دیاریکراوی ببڕێت[7].

---

[6] ئەمەیان لەو بڕیارانە وەرگیراوە کە لە کۆبوونەوەیەکی 8 ی تشرینی دووەمی 1988دا دەرکراوەو هەواڵەی سەرانی ئەمن کراوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا, لە گەڵ کۆمەڵێك ڕاسپاردەی بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەو ناوچەیە بە نووسراوی "نهێنیو تایبەتی" ژمارە 14951 لە 21 ی تشرینی دووەمی 1988دا.

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

www.dengekan.com

ئێستا وا دانیشتوانی دێهات ڕاگوێزروان و دەبوو دیسان سەرژمێریەکی تر بکرێتەوە، یان هەر هیچ نەبێ "نیمچە سەرژمێرییەك" بۆ دەسنیشانکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرژمێریەکەی ساڵی 1987دا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا تۆمار نەکراون[8]. بۆ بەهاری ئاینەدەو لە وەرزی چاندندا ڕژێم خۆی ئامادە کرد بگەڕێتەوە سەر هەندێ چالاکیی زەویوزار داچاندن لە ناوچە دێهاتیەکانی کوردا. لە 9 ی نیسانی 1989دا فەرماندەیی مەکتەبی باکوور فەرمانی ژمارە 3335 ی دەرکرد، کە دەسکاریی ڕێگە گرتنی کشتوکاڵی کردبوو لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا. بە لایەنی کەمەوە ئەو زەویانەی کە لە بنەڕەتدا دەتوانرا جارێکیتر لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بەکاربێنرێن (ئەگەرچی ئەو گەڕاوانەی بەر لێبووردن کەوتبوون ئەمەیان لێ قەدەغەکرابوو)، یان بەکرێ دەدران بۆ کشتوکاڵ کردن ئەگەر لە حاڵەتێکدا ملکی دەوڵەت بن*.

بەهەرحاڵ, بە کردەوە کەمێ گۆڕانکاری کرا، ئەوەی وێرانکرابوو دروست نەدەکرایەوە. بەڕێوەبەرێتیی *ئەمن* ئەوەی هێنابووە بیر لقەکانی خۆی کە "ناوچە قەدەغەکراوەکان دەسنیشان کراون و نابێت کشتوکاڵیان تێدا بکرێت، هەروەها نابێ هیچ کەسێکیشیان تێدا ببینرێت لە بەر کاریگەریی *ئەمنی*و سەربازییان و شوێنیان لە قۆناخی سێهەمدا (واتە قۆناخی گوند ڕامالینەکان)"[(9)]. بڕگە پێنجی بڕیاری س

---

[8] پلانی سەرژمێریی لاوەکی لە ڕاگەیاندنێکی دیوانی سەرۆکایەتیدا دیاریکراوە بە ژمارە ك/45508/1/2 لە 2 ی کانوونی یەکەمی 1988دا، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی نێرراوە بۆ وەزارەتی پلان دانان بە نووسراوی ژمارە 548 لە لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوەو لە بەرواری 25 ی کانوونی دووەمی 1989دا.

* پێموایە ئەم فەرمانی دەسکاری کردنە پەیڕەویی نەکرابێت و کەس بە خاوەن زەویو غەیری ئەوانەوە تا ڕاپەڕینی 1991 نەیتوانی بستێك زەوی بکێڵێ، جگە لە موستەشارەکان و هەندێ کەسی دەسڕۆی سەر بە ڕژێم کە بە بۆرە عەقدێك لەگەڵ فەرمانگە کشتوکاڵیەکاندا زۆربەی زەویوزاری "ناوچە قەدەغەکراوەکانیان" لە وەرزی زستانەی ساڵی 1991/1990 بە گەنم و جۆ داچاند، بەلام زۆربەیان نەیانتوانی لەوەودوا بیدوورنەوەو بەروبوومی هەڵگرن چوونکە ڕاپەڕینی بە سەردا هات ـ وەرگێڕ.

* مەبەست ناوچەکانی بەرهەمهێنانی بەروبوومی دانەوێڵەیە, بە تایبەتی گەنم و جۆ ـ و.

ف 4008 ی سەرکردایەتیی مەکتەبی باکوور کە فەرمانی دەسبەجێ کوشتنی هەر کەسێك دەدا لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا ببینرێت، هێشتا هەر لەکاردا بوو[10]. عێراق بە نەهێشتنی سەبەتە نانەکەی* کوردستانی دەبوو زیاتر پشت بە خۆراکی هاوردەو قەرزی کشتوکاڵیی فراوان ببەستێ، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئوستralیاوە[11]. ئەو دەمە بە مەرجێ ڕێگە بەو جووتیارانە دەدرا لە زەویەکانیاندا کاربکەن گەر ڕازیبوونایە وەك هەواڵدەری *ئەمن* هەر چالاکیەکی گومانلێکراوی ناوچەکەیان بگەیاندایە**. ڕاستێکەی لە شوباتی 1990دا *ئەمن* پێشنیازی کرد ئەم قەدەغەیە توندتر بکرێتەوە. دەزگای *ئەمن* پێشنیازی بۆ فەیلەقی پێنجی سوپا کردبوو، کە تەنها ڕێگەی کشتوکاڵ کردن بدرێت بەو

---

[9] "قۆناخی سێهەم" بە واتایەکی ترو بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەو ماوەیە دەکات کە لە 22 ی حوزێرانی 1987ەوە بەردەوام بووە تا دوا عەمەلیاتی ئەنفال. فەرمانەکە بە نووسراوی ژمارە 6271 لە *ئەمنی* هەولێرەوە نێردراوە بۆ *ئەمنی* شەقلاوەو بەروارەکەی 26 ی نیسانی 1989یە.

[10] ئەمە لایکەمەکەی تا تەمووزی 1989 ی خایاند کە چەندین مانگ دوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتیەکانی علی حسن المجيد یش بوو. نووسراوی کۆمیتەی هەولێری قەلاچۆکردنی چالاکیی دوژمنکارانەی ژمارە 3489 ی (نهێنی) بۆ فەیلەقی پێنج لە بەرواری 5 ی تەمووزی 1989دا. ئەم بڕیارە تەنها کەسانی سەر بە *ئەمن* و مەفرەزە تایبەتەکانی ـ *مفارز خاصە* ـ نەدەگرتەوە، کە هاتوچۆیان بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان بە هەماهەنگی بوو لەگەڵ سوپادا. ئەم بواردنە لە نووسراوێکی *ئەمنی* پارێزگای هەولێردا بۆ بەشی ئاسایشی ناوخۆی فەرماندەیی فەیلەقی پێنجی سوپا، بە تەواوی ڕوونکراوەتەوەو ژمارەی نووسراوەکە ش1524/3 لە بەرواری 13 ی شوباتی 1990دا.

[11] لە نێوان ساڵانی 1983 و 1988دا، عێراق زیاد لە 2.8 بلیۆن دۆلاری بەرکەوتووە لە بەروبوومی کشتوکاڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی بەرنامەی دابینکردنی قەرزەوە (Commodity Credit Corporation CCC). لە ساڵی 1989دا بەڕێوەبەرایەتیی بوش ( بوشی باوك – و ) بەرنامەی (CCC) ی دوو ئەوەندە کردەوە بۆ عێراق و قەرزەکان گەیشتنە ئاستێکی زۆر بەرز، کە یەك بلیۆن دۆلار بوو لە ساڵی 1989دا. بێجگە لە قەرزی گەرەنتیش، بەرنامەی (CCC) قەرزی بێقازانجیشی تێدابوو لەگەڵ فرۆشتنی ڕاستەوخۆ و نرخەکەی لە لایەن حوکوومەتی ئەمەریکاوە پێشکەش دەکرا. بڕوانە میدڵ ئیست وۆچ "مافی مرۆڤ لە عێراقدا"، نیویۆرك، 1990.
Middle East Watch “Human Rights in Iraq", NewYork, 1990, P125.

** ڕەنگە مەبەستی موستەشارەکان و هەندێ کەسانی سەر بە ڕژێم بێت کە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد وەرزێك زەویو زارەکانیان داچاند بەڵام ئەوانە خاوەنی ئەو زەویانە نەبوون ـ و.

www.dengekan.com

جووتیارەی تەواو جێمتمانەی دەسەڵاتداران بێت و بێجگە لەوەش پەیمان بدات کە هیچ خانووبەرەیەکی جێگیر دروست ناکات و بە شەویش کار ناکات.

★ ★ ★

## بـــــەردەوام پاکتاوکردنی گوندەکـــــان

تا ئەم کاتە تەنها چەند سەد گوندێك وەك خۆیان ماونەتەوە لەو سێ پارێزگایەدا کە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان پێکدێنن. بە پێی مەسحێك کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی حوکوومەتە تازەکەی کورد ئامادەی کردووە، 673 گوند لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆکدا بە پێوە مابوون و 4049 گوندیش وێرانکراون. لە سێ بەش دوو بەشی ئەو گوندانەی کە مابوونەوە لە دەوروبەری شاری هەولێرو ناوچەکانی مەخموورو ئاکرێدا بوون[12]. لە گەڵ ئەوەشدا هیچ زەمانەتێکی ئەمنیی نەبوو بۆ ئەو گوندە کەمانەی لە دەست پەلاماری ئەنفال دەربازبووبوون. لە 15 ی نیسانی 1989دا بڕیاری ژمارە 3448 ی مەکتەبی باکوور ڕێگەی دا بە "چۆڵکردن و کۆکردنەوە" ی ژمارەیەکی دیارینەکراو لە گوندەکانی هەردوو هۆزی برادۆست و دۆڵەمەری، وەك ڕێگە خۆشکردن بۆ دروستکردنی بەنداوێکی نوێ لە سەر زێی گەورە لە لای بێخمەدا، کە پرۆژەیەك بوو لە ساڵانی 1950وە کاری بۆ دەکرا. برادۆست و دۆڵەمەری دڵسۆزی حوکوومەت بوون، بەڵام هەڵکەوتنی شوێنەکەیان لە ناوچەیەکدا کە سەروەختێ PUK کۆنترۆڵی کردبوو و لەولاشەوە هاوسنووربوو لە گەڵ ئەو ناوچانەی بە نەریت بنکەو سەنگەری KDP بوون، لەو کاتەدا بووبووە کۆسپ. ئاوە

---

[12] ژمارەکانی ڕەسووڵ زۆر لەوانی وەزارەتەوە نزیکن. ئەو 3839 گوندی ژماردووە کە لە ساڵی 1975 بە دواوە ڕووخێنراون، ئەو گوندانەی کە نەڕووخان ئەو نزیکەی سەد گوندەشیان تێدایە کە سەر بە عەشیرەتی سوورچیی هەواداری حوکوومەت بوون لە قەزای ئاکرێ. لە 28 ی کانوونی دووەمی 1988داو لە دەمەو دەستپێکردنی ئەنفالدا، لیژنەی ئەمنیی شەقلاوە "ئاماژەی بەوە کرد کە بەرهەڵستی لابردنی قەدەغەی ئەمنیی ناکات سەبارەت بەم گوندانە، لە بەرئەوەی دانیشتوانیان سەر بە عەشیرەتی سوورچین و زۆربەیان خەڵکی خۆبەخشن لە فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیدا. بێجگە لەوەش تێکدەران ناتوانن بگەنە ئەم گوندانەو دانیشتوانیان هاوکارییان ناکەن و هیچ بەرەنگارییەك لە ناوچەکە ڕووینەداوە". نووسراوی *ئەمنی* هەولێر بۆ *ئەمنی* شەقڵاوە، ژمارە س ت 17922 ی 21 ی تشرینی دووەمی 1988.

www.dengekan.com

پەنگخواردووەکـەی بەنـداوی بێخمـە، بێجگـە لـە سـوودە ئابووریەکـەی پـوازێکی ستراتیجیی هەمیشەییشی دەخستە نێوان ئەم دوو ناوچـەی شۆڕشـگێڕەوە[13]. چـەند میلێك لە خوار ناوچەکانی برادۆست و دۆڵەمـەری یـەوە، هێزێکی هاوبەشـی سـوپاو *ئەمن* لە کانوونی یەکەمی 1988دا چوارده گونـدی تریـان ڕامـاڵی‌و ڕووخانـدنیان و دانیشـتوانیان گواسـتەوە بـۆ کۆمـەڵگای باسـرمە لـەو نزیکانـە. بـەڵام ئـەمجارەیان بەهانەیان پڕۆژەی بێخمە نەبوو، بەڵکو بەردەوامیی پرۆسەی دژەیـاخیبوون بـوو دژ بە بەرگریی تاك‌و تەرای *پێشمەرگەی* بەجێماو[14].

یەکێك لەو گوندانەی بەرکەوتن سـەرکەند خـەیلانی بـوو، کـە گونـدێکی گـەورە بـوو و دانیشـتوانی نزیکـەی هـەزار کـەس دەبـوون، ئـەم گونـدە لـە دەسـتی ئـەنفال ڕزگاری بووبوو، بەڵام لەم کاتەدا هێزەکانی سوپا بە تۆپباران و هەلیکۆپتـەرو هێـزی زەمینـی‌و یەکـەکانی (*مفـارز خاصـە*)[15] پـەلاماریان دەدا. دوابـەدوای هێرشـەکە سەرکەند خەیلانی تەختکراو زۆربەی خەڵکەکەشی دەسگیرکران، ئـەوجا هـەموویان

---

[13] پرۆژەی بەنداوی بێخمە لـە بنەڕەتـدا وا بـیری لێکرابـۆوە کـە پرۆژەیـەکی بچـووکی ڕێکخسـتنی ئاودێری‌و بەرهەمهێنانی کارەبا بێت، بەڵام کـە بەعسـیەکان لـە سـاڵی 1968دا دەسـەڵاتیان گرتـە دەست بیریان لە نیازو مەبەستێکی فراوانتر کردەوە لە پڕۆژەکە. وا دانرابـوو بەنداوەکـە لـە سـاڵی 1994دا تەواوبێت و بەشـێکی لێدروسـتکرابوو کـاتێ کـە ڕاپەڕینەکـەی کـورد لـە مـارتی 1991دا بەرپابوو و کەلوپەل و ئامێرەکانی بە ڕادەیەکی بـەربڵاو تـاڵانکراو زیـانی هێنـا. چـاوپێکەوتنی میـدڵ ئیست ووچ لە گەڵ بەڕێوەبەرێکی ئەوسای بارەگای هـەولێری (*جحافـل الـدفاع الـوگنی*) یـان(*جـاش*)، هەولێر، 7 ی تەمووزی 1992.

[14] ئەو چوارده گوندە لە نێوان خەلیفان و زێی گەورەدا بوون و لە ڕاپـۆرتێکی *ئـەمنی* هـەولێردا، لـە کانوونی یەکەمی 1988دا، ناوەکانیان کراوەتە لیستێك کە ئەمانەی خوارەوەن: فـەقێیان، کەلـەکین کولوو، مەکردان، منکردان، تاڵەجاڕ، قەڵاتە جنە، پیر ورمان، دۆرەمەڕ، سەرکەند، سۆکە، زرگـووز، گۆسکە، جەمکەی سەروو و خواروو.

[ لە دەقەکەدا نـاوی زۆر لـەم گوندانـە بـە شـێواوی هـاتوون، بـەو پێیـەی لـە ڕاپۆرتەکـەی ئـەمن وەرگـیراوەو لـە بنەڕەتـدا بـە عەرەبیەکـەی بـە چەوت‌وچـێڵی نووسـیویانەو هـەر بـەو شـێوەیەش گوێزراوەتەوە نێو دەقە ئینگلیزیەکە. من بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ناوانـە سـوودم لەخـەڵکی ناوچـەکە وەرگرتووەو تەنها (منکردان)م بۆ ساغ نەبۆوە ـ و]. ڕەسووڵ لە لاپەڕە 65 ـ 67 ی تێبەکەیدا نۆزدە گوندی لە ناحیەی سەلاحەدین و هەریر لیست کـردووە کـە لـە مـانگی کـانوونی یەکـەمی 1988دا ڕووخێنراون، سـەرکەند خـەیلانیی تاقـە نـاوە کـە لـە هـەردوو لیسـتەکەدا هەیـەو بەسـەرهاتیمان باسکردووە.

[15] لە بارەی (*مفارز خاصە*) و یەکە تایبەتیەکانی تری *جاشەوە* بڕوانە لاپەڕە 88 - 93.

بردن بۆ شەقلاوەو لەوێ لە سەربازگەکەیدا شەوێك بە دەسبەسەریی لە ئیڤادا هێشتنیانەوەو ڕۆژی دوایی بردنیان بۆ باسرمە، پێنج کەسیان نەبێت کە بە ئۆتۆمبیلێکی جێبی تایبەتی ڕەوانەی *ئەمن* کران. ئەمانش بریتی بوون لە ژنی کوێخای گوند, کە *ڕەیسیشیان* پێدەوت، لە گەڵ برایەکی و کچێکی عازەبیدا.

کوێخا خۆی لە ڕووداوێکی جیاوازو لە سەرەتای ساڵی 1989دا لە لایەن *ئەمنەوە* گیرابوو, لە بارەگای *ئەمنی* هەولێر ماوەی حەوت مانگ بەندکراو لەو ماوەیەدا بەردەوام فەلاقە دەکراو بە کێبڵ لێیاندەداو بە قولاپ بە بنمیچی ژوورەکەدا هەڵدەواسراو لە ئاویان هەڵدەکێشاو کارەبایان لە نەرمەی گوێچکەی دەدا. لە ماوەی جیاجیاشدا هاوەڵەکانی زیندانی دەبرانە دەرەوەو ئیعدام دەکران. بەڵام سەیر لەوەدابوو لەو ماوە درێژەی دانیشتنەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە کە کوێخای تیادا مابۆوە پێنج گوندنشینە سەرنگومکراوەکەی خەڵکی سەرکەند خەیلانی تەنها بە سەر زارەکی باسدەکران و پێیان وتبوو ئەوانە تێکدەر بوون و جارێکی تر نایانبیننێتەوە. لە پاش حەوت مانگ و بێ ئەوەی بە تاقە وشەیەکیش هیچ شتێکی بۆ ڕوونبکەنەوە، کوێخایان بەردا. پاشان کە گەڕایەوە بۆ کۆمەڵگای باسرمە دوو بەڵگەنامەی لە بەشی ئامارو ساغڵەمیی بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی هەولێرەوە پێگەیشت، کە وەفاتنامەی دوو پیاو بوون لە بێسەروشوێن کراوەکان، مێژووی وەفاتنامەکان 20 ی شوباتی 1989 بوو, هۆی مردنەکەشیان بەم جۆرە نووسرابوو "ئیعدامکردن بە گوللە"، بەڵام هیچ شتێکیان لە بارەی چارەنووسی سێ ئافرەتەکەوە پێنەگەیشت، ئەگەرچی وا باسدەکرا کە ئەو بەڵگەنامانەی لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا کەوتبوونە دەست *پێشمەرگە*, باسی ئیعدام کردنیانی تێدابووە[16].

[16] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باسرمە، 11 ی ئەیلوولی 1992. ڕاپۆرتێکی ناوخۆی *ئیستیخبارات* لە سەر گوندی سەرکەند خەیلانی لە بەرواری 1 ی تشرینی دووەمی 1988دا باسی ژمارەیەک تفەنگی کلاشینکۆفی کردووە کە لە ماڵی ئەم پیاوەدا دۆزراوەتەوەو لە بێشکەی منداڵێکدا شاردراوەتەوە، هەروەها لێکچوونی بەڵگەنامەو قسەی شایەتەکان لێرەدا سەرنجڕاکێشە.

www.dengekan.com

★ ★ ★

## بەردەوام کۆمەڵکوژی:

## بـــــــەسەرهاتی یـــونس

کوشتن، بە ئیعدام کردنی بە کۆمەڵیشەوە, بوو بە شێوازێکی بنەڕەتیی مامەڵە کردنی ڕژێم لە گەڵ کوردەکاندا, هەرچەندە کە ئەنفال لەم کاتەدا تەواو بووەو بەشی زۆری دێهاتیش چۆڵەو کەسی تێدانیە. هەرکەسێك لە "ناوچەی قەدەغەکراودا" ببینرایە بە زۆریی ئەگەری کوشتنی هەبوو، بە هەمان شێوەش هەر کەسە گومانی چالاکیی *پێشمەرگەی* لێبکرایە لەو چەند گوندە کەمەی کە مابوو. هەندێك لەم کوشتنانە لە لایەن مەکتەبی باکووری حیزبی بەعسەوە فەرمانی پێدەدرا, وا دیاربوو علی حسن المجید خۆی بە شەخسی چاودێریی "تێکدەری" ناوداری کردبێ. (یاداشتێکی دەسنووس لە ئەیلوولی 1988دا، لە لایەن بەڕێوەبەری ئۆفیسی *ئەمنی* شەقلاوەوە دەستخۆشیو ئافەرینی ئەلەجیدی بە سەرەوەیە بۆ ئەو کەسانەی بەرپرس بوون لە کوشتنی کادرێکی پارتی کۆمۆنیست و سووتاندنی لاشەکەی. سەرۆکی مەکتەبی باکوور نووسیویێتی: "دەست خۆش! خوا پاداشتیان بداتەوە بۆ ئەمەك و دڵسۆزییان").

هەندێك ئیعدامکردنی تر لە لایەن خودی سەدام حوسێن خۆیەوە فەرمانی پێدەدرا، هەندێکی تریش لە لایەن دادگای شۆڕشەوە (*محکمە الپورە*). ئیعدامکردنیش هەبوو لە دادگای سەربازیی تایبەتیەوە فەرمانی بۆ دەردەچوو[17].

---

[17] نووسراوی ژمارە 25163 لە لایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای سلێمانییەوە لە ڕۆژی 29 ی تشرینی یەکەمی 1988دا باسی ئەو ئیعدامانە دەکات کە لە لایەن مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس و دادگای شۆڕشەوە فەرمانی پێدراوە. بەندییەکی جاران برابووە بەردەمی دادگای سەربازیی ژمارە 23 لە هەولێر کە دەزگایەك بوو دەسەلاتی سزادانی مەرگی هەبوو، لەم حاڵە تایبەتیەدا دەسەڵاتەکانی ئەم دادگایە لە لایەن "فەرمانێکی تایبەتی بەغداوە" هەڵدەوەشایەوە. پاشان ئەم پیاوە ڕزگاری بوو و لە لایەن میدڵ ئیست وۆچەوە لە 27 ی ئابی 1992دا لە کۆمەڵگای خانکێ چاوپێکەوتنی لە گەڵ کراوە.

ژمارەیەکی زۆری وەفاتنامەو دۆکیومێنتە ڕەسمیەکانی تر بەڵگەو شایەتی ئەم ئیعدامانەن. بۆ نموونە, ڕاپۆرتێکی *ئەمنی* سلێمانی لە ئابی 1989دا ناوی هەشتاوحەوت کەسی تێدایە کە لە 1 ی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەوە ئیعدام کرابوون. ژمارەیەکی زۆریان ئەو خەڵکانە بوون کە لە گوندە "قەدەغەکراوەکاندا" گیرابوون. یەکێکیشیان مامۆستای زمان بووەو لە سەر ئەوە ئیعدام کراوە کە لە وانەی زمانی کوردیدا قوتابیەکانی فێرکردووە بە پیتی لاتینی بنووسن[18].

ئەوەی زۆر ستەم بوو, بەردەوامبوونی کۆمەڵکوژیی ئەو خەڵکانە بوو کە لە سەروەختی پەلاماری ئەنفالدا گیرابوون بەڵام لە کاتی لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلولدا لە بەندیخانەدا بە زیندوویی مابوون. تەنانەت هەندێ خەڵك لە ماوەی پێنج حەفتەی لێبووردنەکەدا خۆیان دابوو بەدەستەوەو کوژرابوون، تاوانەکانیشیان لە بەڵگەنامە ڕەسمیەکاندا وا تۆمارکراوە کە گومانی هاوکاریی یان ئەندامێتییان لێکراوە لە ڕێکخراوە نایاساییەکانی وەك PUK و KDP و حیزبی ئیسلامیدا[19].

میدڵ ئیست ووچ توانیویێتی دوو کەس لە دەربازبوانی ئەو کۆکوژیەی دوای لێبووردن بدۆزێتەوە. یونس کە *پێشمەرگەیەکی* تەمەن نۆزدە ساڵ بوو لە ناو PUKداو لە شەڕی سەرگەڵوو, دواتریش لە شەڕی دۆڵی بالیسان لە ئەنفالی شەشدا بەشدار بووبوو, لە نزیك ئاکۆیان بە هۆی هێزەکانی عێراقەوە لە هێزە سەرەکیەکەی *پێشمەرگە* دادەبڕێ‌و ماوەیەك لە شارۆچکەی خەلیفان لای خزمەکانی خۆی دەشارێتەوە. بەڵام دواتر قەناعەت بە واتەواتی لێبووردنێك دێنێت و لە شارۆچکەی سدیق* لە دەوروبەری ناوەڕاستی ئابدا خۆی دابووە دەستی *ئەمنەوە*[20].

---

[18] نووسراوی نهێنی و تایبەتی ژمارە 19727 لە بەڕێوەبەرێتیی *ئەمنی* سلێمانییەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمی، 24 ی ئابی 1989. (ئەو مامۆستایەی لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە دڵشاد مەریوانیی نووسەرو شاعیر بوو ـ و).

[19] لە هەندێ بەڵگەنامەی دەسنووسی نێو فایلێکی *ئەمنی* هەولێردا دۆزراونەتەوە.

* لەو سەردەمەدا ڕژێمی عێراق ناوی ڕەواندزی گۆڕیبوو و کردبووی بە قەزای سدیق ـ و.

[20] زۆر کورد لە ناوچەی خەلیفان لە ئەنجامی ئەم واتەواتەدا پێشوەخت خۆیان دا بە دەستەوە. یەکێك لەوانە *پێشمەرگەیەکی* PUK بوو بە ناوی حەیدەر عەولاً عەلی محەمەد ئەمین، کەوا گرتنەکەی لە 15 ی ئەیلوولی 1988دا لە بەڵگەنامەیەکی 7 ی ئەیلوولی 1990 ی *ئەمندا* ئیشارەتی

ئۆفیسی *ئەمنی* ئەویش بە پەلە گواستبوویانەوە بۆ بارەگای دەزگاکەی خۆیان لە هەولێر. لەوێ خرابووە زیندانێکی گەورەوە لە گەڵ نزیکەی سەد کەسی تردا، کە تێکەڵەیەکی *پێشمەرگە*و سەربازی ڕاکردوو و *ئەنفالەکانی** ناوچەی کۆیسنجق بوون. یونس بۆ ماوەی سێ حەفتەیەکی تر خستبوویانە ژێر لێکۆڵینەوەو دارو فەلاقەوە.

ڕۆژێکیان لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا *ئەمن* زیندانیەکانیان کۆکردبۆوەو چییان پێبوو لێیانسەندبوون, ئەوجا سواری پاسێکی مەدەنیی گەورەیان کردبوون, پاسەکەیان هێندە پڕکردووە کە بە ناچاری لە باوەشی یەکتردا دانیشتوون. لەوێوە بردوونیان بۆ سەربازگەی سوپای میللی لە دووبزو کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتوون. بەندیەکان لە دووبز ڕۆژی دوو ژەم نانی وشك و ئاویان داونەتی، هەموو ڕۆژێکیش *ئەمن* لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردوون. پاشان لە 6 ی ئەیلوولدا گاردەکان پێیان ڕاگەیاندوون کە لێبووردنی گشتیی دەرچووەو بەردەبن. کەچی هیچ شتێك نەگۆڕاو لێپرسینەوەی ڕۆژانە هاوکات لەگەڵ شێوازی دڕندانەی ئازاردانداهەر بەردەوام بوو، لێرە لێدان بە کێبڵی کارەبا کارێکی ڕۆژانەی ڕۆتینی بوو.

---

پێدراوە. فەرماندەی مەفرەزە خاصەیەکی سەر بە ئەمن، کە ناوی نەجمە گرۆ بوو، قەناعەتی بە حەیدەر کردبوو خۆ بداتە دەستی *ئەمنەوە*. پاشان هەر نەجمە گرۆ خۆی لە بەرئەوەی ژنەکەی حەیدەر هێندە دەچووە سەری‌و سۆراخی دەنگوباسی دەکرد، پێی وتبوو: "برۆ ماڵەوە، مێردەکەت نەماوە". چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای گەلاڵە، 23 ی مارتی 1993. لە چاوپێکەوتنێکی پێشتردا لە 18 ی تەمووزی 1992دا لە سدیق، یونس بەمیدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاندبوو کەوا لەو کۆمەڵەی ئیعدام کران ئەم تەنها یەك کەسی ناسیوەتەوە ئەویش خزمێکی خەڵکی گەلاڵەی بووە بە ناوی (حیدر عبداللّه). لە بەرئەوەی کە عەولاّ کورتکراوەی کوردیی ناوی (عبداللّه)یە، کەواتە گومانی تێدا نیەو هەمان ئەو پیاوەیە کە باسمان کرد.

* لە دەقەکەدا هەر وشەی ئەنفالەکان نووسراوەو لە گەلێ شوێنی تری ئەم کتێبەدا بەو شێوەیە هاتووە. ئەم زاراوە نوێیە لە دوای پەلامارەکانی ئەنفال هاتە کایەوە، یەکەمجار بە شێوەیەکی ڕەسمی لە لایەن ڕژێمەوە ئەم ناوبردنە سەپێنراو پاشان وردە وردە لە ناو ڕەشە خەڵکەکەشدا هەمان وشە دەجووڕایەوەو بوو بە مۆرکی سەرجەم ئەو قوربانیانەی بە هەر شێوازێك بوو لە دەست ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دەرچووبوون و بە زیندوویی مابوونەوە. بەم پێیە ئەوانەی لە ئۆردووگاکاندا نیشتەجێبوونەوەو ئەوانەی لە نوگرە سەلمان و دووبزو شوێنانی تر دەربازبوون بە **ئەنفالەکان** ناودەبران و ویردی سەر زاران بوون ـ وەرگێڕ.

www.dengekan.com

لێكۆڵەرەوەكان دوو شێوازی ستانداردی تری ئازاردانیان داهێنابوو، یەكێكیان ئەوە بوو كە كیسەیەكی نایلۆن پڕبكرێت لە سەهۆڵاو و بە بنمیچی هۆدەكەدا هەڵواسرێت و بە دەرزییەك كونێكی تێبكرێت. ئەوجا لە ژێریدا بەندیەكەیان لە سەر قەرەوێڵەیەك دەبەستەوەو دەبوو دڵۆپ دڵۆپ سەهۆڵاوەكە بە سەر ناوچەوانیدا بتكایە. ئەمە هەموو جارێك بیست دەقیقەی دەخایاند، كە لە دوای دە دەقیقەیان ئازارەكەی زۆر توند دەبوو و بەندیەكە سەری بەملاو بەولای قەرەوێڵەكەدا دەخست و هەوڵێكی بێهوودەی دەدا خۆ لە دڵۆپە ئاوەكان لابدات. پاشان ئازاردانی سەهۆڵاوەكەیان بۆ دەگۆڕییە گەرمیەكی زۆر بە تینو تاوشت، لێكۆڵەرەوەكە هیتەرێكی كارەبایی داخبووی دەخزاندە ژێر قەرەوێڵەی زیندانیەكەوەو ماوەی چوار پێنج دەقیقە لە ژێریدا دەیهێشتەوەو بەمە پشتی هەموو دەسووتاو ئازارێكی سەختی دەدا.

ئەمانە سەختترین ئازارو ئەشكەنجە بوون كە یونسیان دووچار دەكراو بە هەرحاڵێك بوو بەرگەی دەگرتن. بەڵام ڕۆژێ, ڕێك پێش ئەوەی لێبووردنەكە ڕابگەیەنرێت، یونس و بەندیەكانی تری هەولێر لە پەنجەرەی زیندانەكەیانەوە تەماشایان كردبوو سێ پیاو لەوانەی كە بە "*پێشمەرگەی* ناوخۆ" تاوانباریان كردبوون، واتە ئەوانەی كە لە ناو شارەكاندا چالاكییان دەنواند، برابوونە حەوشەكە ئەوجا چاوی پیاوەكانیان بەستبۆوەو هەر یەكەیان لە سەر كورسییەك وەستاندبوو و بە ستوونێكی ناو حەوشەكەیانەوە بەستبوو و دەستیشیان لە سەر سەریانەوە بەسترابوو. پاشان شەقێكیان لە كورسییەكان هەڵدابوو بۆ ئەوەی بە هەڵواسراوی بمێننەوەو قاچیان بە هەواوە تەكەی بێت. پێشتریش گاردەكان سەرو بوتڵە گازیان بۆ هێنابوون و هەریەكەیان سەری پەتێكیان بەستبوو بە گونیانەوەو سەرەكەی تریشی بە بوتڵە گازەكەوە. كاتێ ئیشارەتیان درابوویە بوتڵە گازەكانیان بەردابووە خوارەوەو گونی هەرسێ پیاوەكە لە بن دەرهاتبوو و لە ماوەی نیو سەعاتدا هەرسێكیان مردبوون.

پاش چەند ڕۆژێك گاردەكان چووبوونە زیندانەكەی یونسەوەو سەرژمێریان كردبوون و پێیان ڕاگەیاندبوون كە دەگوێزرێنەوە. ئەو دەمە ژمارەیان زیادی كردبوو بۆ نزیكەی 180 كەس، بە تازە گەیشتووەكانەوە ـ هەر وەك پێشتر، كۆمەڵێكی هەمەجۆر *پێشمەرگە*و سەربازی ڕاكردوو و خەڵكی مەدەنیی ئاسایی بوون. ئەوجا هەریەكەیان چاوی بەسترایەوەو ناسنامەكەی لێسەنراو دەستیشیان لە پشتەوە بەستەوەو خستنیانە شەش ئۆتۆمبێلی بێپەنجەرەوە كە یەكی كونێكیان لە پشتەوە هەبوو و خانەی شۆفێر جیاكرابۆوە لە خانەی سەرنشینان، واتە هەمان ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانەی كە دەربازبووانی پێشتری كۆكۆژیەكەی نزیك ڕەمادی باسیان كردبوو. دەوروبەری كاتژمێر حەوتو نیوی ئێوارە دووبزیان جێهێشتبوو. وەك یونس دەیگێڕێتەوە لە 14 ی ئەیلوولدا بووەو هەشت ڕۆژ بووە لێبووردنی گشتیی لەكاردا بووە.

پاشان ئۆتۆمبیلەكان دەروازەی سەربازگەكەیان بەجێهێشت و ماوەی چەند دەقیقەیەك بە سەر ڕێگا قیرەكەدا ڕۆیشتن و دواجار بە لای ڕاستدا بایاندایەوە سەر ڕێگایەكی خۆڵ. لە كاتێكدا كە پاسەكەی یونس لە چاڵو چۆڵیی ڕێگاكەدا هەڵتەكو داتەكی دەكرد، ئەم فریا كەوت دەستی كردەوەو چاوبەستەكەشی شلكردەوە. لە دوای نزیكەی كاتژمێرێك كاروانەكە وەستاو گاردەكان لە دەرگاكەی پشتەوە دەستیان كردە ڕاكێشانی بەندیەكان بۆ دەرەوە. كاتێ نۆرە گەیشتە سەر یونس ڕوانییان دەستی كراوەتەوەو كەوتنە تێهەڵدانی. یونس لە ژێر پەڕۆكەی سەرچاویەوە تەماشای كرد وا ئەفسەرێك بەرەوڕووی دێت و دەستی بەرزكردووەتەوەو لەناكاو ئاسنێكی قورسی كێشا بە تەوقی سەریداو ئەوەندەی هەستكرد كە بە دەمدا كەوت و پێش ئەوەی لە هۆشیخۆ بچێت ئاگای لێبوو پەنجەكانی بەر دەموچاوی زەلامێكی تر كەوت، كە وەختێ هۆشی هاتەوە تەماشایكرد تا ناوقەدی بە لم داپۆشراوە و ڕوانی لە ناو چاڵێكی تەسكدایە، بیست یارد درێژو یەك یارد پان و دوو یاردیش قووڵ، دیاربوو بە حەفارەش دروستكرابوو. یونس تاوێك لە دەوروبەری خۆی ڕاماو گوێی لە دەنگی بلدۆزەرێك بوو نزیك دەبۆوەو دەمە خۆڵێكی كرد بە سەر چاڵەكەی ئەولایداو

تـەپوتۆزێكی زۆری لێبـەرزبۆوە. یـونس لـە نـاو تـۆزو خـۆڵ و تاریكیەكـەدا خـۆی بەكێشـكردو لـە پاسـەكان و بلدۆزەرەكـەو غەڵبەغـەڵبی گاردەكـان دووركەوتـەوە. لـە دوور لە لای ڕۆژهەلاتەوە چـەند ئـاگرێكی بـەدیكردو مەزەنـەی بـۆ بـیرە نەوتـەكانی كەركووك چوو. ئەوجا بـەرەو لای كـەركووك كەوتـە ڕاكـردن و نەوەسـتا تـا گەیشـتە سەر ڕێگایەكی قـیر و دەنگـی ئۆتـۆمبیلێكی هاتـە گـوێ‌و خێـرا چـووە سـەر جادەكـەو ویستی دەستی لێڕاگرێ, بەلاّم كە دەنگەكـە نزیـك بـووەوە تەماشـای كـرد ئیڤایەكـەو جێبێكی سەربازیی لە گەڵدایە, ئەمیش بە پەلەپڕووزێ لـە قـەراخ جادەكـە خـۆی دا بـە زەویـدا پـێش ئـەوەی بـەر لایتـەكان بكـەوێ‌و شـۆفێرەكان بیبیـنن. ئەوەنـدەی پێنەچـوو ئۆتـۆمبیلێكی مـەدەنی هـات و بـە تەنیشـتیەوە وەسـتا، شـۆفێرەكەی هاووڵاتیەكی كورد بوو، دەستە جلێكی سوپای میللیی لەبەردابوو. بەلاّم ئەم ئەوەندە ماندووبوو لەوەدا نەمابوو سڵی لێبكات, كـابراش بێئـەوەی پرسـیاری زۆری ئاڕاسـتە بكات, سواری كردو بردی بۆ دووبز. لە دواییدا, یـونس لـەوێوە دەربـازبوو و لـە گـەڵ هاوەڵە *پێشمەرگەكانیدا* لە ئێران بە یەك گەیشتنەوە[21].

★ ★ ★

---

[21] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## بـــــــەردەوام کۆمەڵکوژیـــــــی:

## بـــــــەسەرهاتی حوســـــێن

"حوسـێن" حاڵـەتێکی زۆر جیـاواز دەخاتـە بەردەسـت. ئـەم سـاڵێك لـە یـونس منـداڵترەو وەك زۆر کـوردی تـر مـەیلی بـە لای مەسـەلەی *پێشمەرگەوە* بـووە، بـەڵام هـیچ چـالاکییەکی سیاسـی نـەبوو. لـە کـاتی ئەنفالـدا خـۆی و چـوار هـاوەڵی لـە شارۆچکەو کۆمەڵگاکانی دەوروپشتی هـەولێردا کـاری دارتاشـییان دەکـرد*. لـە 26 ی تشرینی دووەمی 1988دا, لە ناو خانوویەکی گوندی شیوەڕەش کە لە شاڵاوی گونـد ڕووخاندنی ساڵی 1987 لـە دەشـتی هـەولێردا بـەر نەکـەوتبوو، خـەریکی کـارکردن بـوون, لـەناکاو چـوار پێـنج پیکـاب و لانـدکرۆزەر هـاتن و پڕبـوون لـە "*ئـەمن و مونەزەمە*" یان بە واتایەکی تر بڵێین *ئەمن* و حیزبی بەعس. دەسبەجێ هەر پێـنج لاوەکەیان ڕاپێچی نێو ئۆتۆمبیلەکان کرد. یەکەمجار بردنیان بـۆ بارەگـای حیـزب لـە خـەبات، بـەڵام کـە لـە قۆنـاخی دووەمیـان نـزیکبوونـەوە حوسـێن گـوێی لـە زەنگـی کەنیسـە بـوو, بەمـەدا زانـی کـە هێنـراون بـۆ عـەینکاوە، کـەوا گـەڕەکێکی مەسـیحی نشینە لە قەراخ شاری هەولێردا[22].

لێرە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەو دەستو چاویان بـە پشـتێنەکانیان** بەسـترابۆوەو هـیچ خـواردنو ئاوێکیـان نـەدەدانێو نەیاندەهێشـت لـە زیندانەکـە بچـنە دەرەوە تەنانــەت بــۆ میزکــردنیش. شــەو و ڕۆژ گڵــۆپێکی کارەبــایی دەســووتاو تیمێکــی لێکۆڵینەوە بە سەرپەرشتی پیاوێك کە هاوکارەکانی بە مولازم غەسان ناویان دەبـرد،

---

* ئەم جۆرە دارتاشانە زیاتر تەختەبەستیان پێدەوترێ لە بەر ئەوەی پیشـەکەیان تەختـە بەسـتنە بـۆ تێکردنی سەقفی کۆنکریت, لە کاری بیناسازیدا ـ و.

(22) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 14 ی تەمووزی 1992.

** لە دەقەکەدا بێجگە لە وشەی کەمەربەند (Cummerband) ی ئینگلیزی کە ڕەنگە لە بنچینەدا لە کۆمەڵەی زمانە ئێرانیەکانی وەک فارسیو کوردیەوە هاتبێت، وشەی "پشـتێن" ی کوردیشـی لـە نێو کەواندا نووسیوە ـ و.

کۆششی ئەوەیان لە گەڵدا دەکردن کە دان بـە پەیوەنـدییان بنـێن لـە گـەڵ PUKدا. مولازمەکە زۆر هەوڵی دا بەڵام قسەی خۆش و نـەرمیی سوودی نـەبوو لـە گەڵیانـدا، لــە بــەر ئــەوە دانیــە دەســت هاوکــارە دڵڕەقەکانیــەوەو هــەر نکــوولی کردنێکــی پەیوەندییان بە PUKوە ئازار و ئەشکەنجەدانێکی چاکی بە دوادا دەهات. حوسـێن خرابــووە ژێــر دارو فەلاقەیــەکی واوە کــە پــەتێکیان لــە کەلەپچــەکەی دەســتیەوە بەستبوو و بە بنمیچی هۆدەکەدا هەڵیانواسیبوو و لـە ژێـرەوە لـە بنـی پێیـان دەداو هەر کاتێکیش دەبوورایـەوە ئـاگری جگـەرەیان بـە لەشـیدا دەچـزاندو دەیانهێنایـەوە هۆشی خۆی.

پـاش سـێ ڕۆژ لـەم بارودۆخـە حوسـێن و هاوەڵـەکانی بـران بـۆ بارەگـای *ئـەمنی* هەولێر، بۆ ئەو شـوێنەی کـە سـێ مـانگ لـەوەوپێش یونسـی بـۆ برابـوو. لـەوێ هـەر یەکەیان خستنە زیندانێکی تاکە کەسییەوە کە ڕووبەرەکەی لـە دە پێـی چوارگۆشـە کـەمتر بـوو. حوسـێن نـۆ ڕۆژی تێـدا ژمـارد کـە یەکـەم حـەوت ڕۆژیـان بـەردەوام لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان و هەمدیس فەلاقەو بە بنمیچدا هەڵواسـین بـوو. بێجگـە لەوەش جۆری دیکـەی ئەشـکەنجەدانیان بـەکاردەهێنا وەك ئوتـووی گـەرم هێنـان بـە قاچ و ملداو کارەباشیان لە زمانیو زەکەری دەدا. لێکۆڵەرەوەکان پێیان وتبوو ئەگـەر دان بە پەیوەندیی خۆی بنێ لەگەڵ PUKدا ئـەوە بـەردەبێت, ئەگـەریش نکووڵیی لێبکـات ئیعـدام دەکرێـت، بـەڵام ئـەو پێـی وتبـوون هـیچ شـتێك نـازانێ. لـە ڕۆژی حەوتەمـدا بـە زۆر پارچـە کاغـەزێکیان بـە حوسـێن ئیمـزا کردبـوو، لـە کاتێکـدا کـە هێشتا هـەر چـاوی بەسـترابۆوەو نـاوەرۆکی کاغەزەکەشـیان بـۆ نەخوێنـدبۆوە. بەمـە لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان وەستاو دوو ڕۆژ دوای ئەوە گاردێك دەرگـای زیندانەکـەی حوسـێنی کـردەوەو پێیڕاگەیانـد کـە سـەدام حوسـێن لێبـووردنێکی گشـتیی تـری دەرکـردووە[24]. بـەم پێیـە دەبـوو هـەموو بەندیـەکان بەربـدرێن. حوسـێن و چـوار

---

[24] ڕاسـتێکەی ئەنجومــەنی ســەرکردایەتیی شــۆڕش لــە 14 ی کــانوونی یەکەمــدا لێبــووردنێکی دەرکردبوو. ئێستا حوسێن لەو قەناعەتەدایە کە بەرواری هەوڵی ئیعدامکردنەکەی لـە 8 ی کـانوونی یەکەمدا بــووەو کرۆنۆلۆجیاکەشـی (واتــە یــەك لــە دوای یــەکی مێــژووی بەســەرهاتەکەی ـ وا) وای دەردەخات. لێبووردنی یەك لە دوای یەك، وەك لە شوێنی دیکەدا تێبینـی دەکرێـت، دیاردەیـەکی

هاوەڵەکـەیان هێنایـەوە زینـدانێکی ئاسـاییو زۆری پێنەچـوو جـارێکیتر دەسـتیان بەستنەوەو خستنیانە ئۆتۆمبیلێکەوە کە لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردن. پاشان مـاوەی سەعاتێ دوان بە سەر جادەیەکی قیردا ڕۆیشتن و دوای ئەوەش نزیکەی نیـو سـەعات بە سەر ڕێگایەکی خۆڵداو گوێیان لێبوو گاردەکان لە ناو خۆیانـدا باسـی چارەنووسـی ئەمان دەکەن، یەکەمجار یەکێکیان پرسی "باشە بۆ کوێیان دەبەین؟" ئەویتر وەڵامی دایەوە "بەرەو خوار"، دەنگی سێیەمیش دایـە پاڵیـان و وتـی: "نـاتوانن لـەو خـوارە بژین" و بەم قسانەدا هەر پێنجیان زانییان چییان بە سەر دێ.

کاتێ ڕاوەستان دنیا دەمەو خۆراواو ساردبوو. لـەوێ گاردەکـان بـە بەندیـەکانیان وت: "دانیشن و هیچ نەجووڵێن، دەمانەوێ وێنەتان بگرین". هەر پێنجیـان لـە سـەر چیچکان بـە ڕیـز دانیشـتن و لـە پـڕ گاردەکـان بـە چـەکە ئۆتۆماتیکیـەکانیان بـەر ڕێژنەی گوللـەیان دان، یەکـەم دەسـڕێژی گوللـە بـەر حوسـێن نەکـەوت و خۆڕسـکانە سـەری کـرد بـە کۆشـی خۆیـدا. لـەو کاتـەدا گوللەیـەکی دەسـڕێژی دووەم بـەر شـانی ڕاسـتی کـەوت و هـەر ڕاسـتەو ڕاسـت بـە گۆشـتا چـوو و ئێسـقانی نـەگرت. لێدانەکـە نووچـی پێدایـە پێشـەوەو خسـتیە چـاڵێکی قووڵـەوەو بـە تەنیشـتیەوە گـوێی لـە گەوزینی لاشـەکانی تـر بـوو. پاشـان بکـوژان دوا دەسـڕێژیان کـردو هـەروا هاکـەزایی هەندێ خۆڵیان ڕۆکردە سەر لاشەی قوربانیەکانداو لێیاندا ڕۆیشتن.

حوسێن کە نیوە هۆشێکی بەخۆ بوو کەوتە لادانی خۆڵەکە، چوونکە بە تـەواوی داینەپۆشیبوو. ماوەی دوو سەعاتێك لەوێدا مایـەوە تـا تاریـك داهـات، ئـەو دەمـە لـە گۆڕەکـە وردبـۆوەو تەماشـای کـرد بیرێکـی کـۆنی داتـەپیوەو لێوارەکـانی بـاران دایخورماندووە. ئەوجا دەستی بە هاوەڵەکانیەوە دا بزانێ گیانیان تیدا ماوە یـان نـە، بەڵام ساردوسڕ جووڵەیان نەمابوو. دواجار هەرچۆنێك بوو بە چـنگەکڕێو بـە سـەر لاشەکاندا خۆی لە چاڵەکە ڕزگار کردو تەنها پێڵاوە ئەدیداسەکانی تێدا بەجێهێشت.

---

ئاسایی ژیان بوو لە بندەستی ڕژێمی بەعسدا. بەمجۆرە لە 29 ی شوباتی 1989دا، لێبووردنێکی تر دەرکراوە بۆ هەموو ئەوانەی هـەڵاتوون بـۆ ئێـران و تـەنها جـەلال تاڵـەبانیی سـەرکردەی PUKی لێدەرکراوە.

www.dengekan.com

دنیا ساردو باران بوو, لە دوورەوە گڵۆپو ڕۆشنایی دوو شاری بەدی کرد، بەڵام لە نزیکەوە کە ڕەنگە ماوەی دوو میلێك بوایە، ترووسکەی ئاگرێکی بینیو ڕووی تێکرد. حوسێن لە بەر ئەوەی پێی پەتی بوو هەروەها لە بەر ئەوەی فاچیشی بە فەلاقە کردن هەڵاوسابوو و شینو مۆر بووبۆوە شەوەکەی هەموو خایاند تا گەیشتە ئەو ماڵە. حوسێن بە هەڵە وای مەزەندە کرد کە لە شوێنێکی نزیك کەرکووکدایەو بە عەرەبی دەنگی هەڵبڕی (یا أهل البیت!) واتە خاوەن ماڵ، دەنگی پیاوێك وەڵامیدایەوە (تفچل!)* واتە فەرموو وەرە ژوورەوە. ئەوجا لە دەرگای داو ژنێك لێیکردەوە، ژنە کە ڕوانی ئەمە کوڕێکی گەنجەو پێی پەتییەو هەموو گیانی خەڵتانی خوێنە لە ترسا پاشەوپاش کشایەوەو بە بەزەییەوە کێشای بە سەر سنگیدا. ماڵەکە خێرا نان و چاو ڕۆنی مەڕیان خستە بەردەم و ئەمیش کورتەیەکی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە. کاتێ کە حوسێن قسەی دەکرد ژنە چوو جلوبەرگی عەرەبیی بۆ هێنا لە گەڵ پاڵتۆیەکی زلی سوپای میللیدا بۆ شاردنەوەی پەڵە خوێنەکانی زامەکەی شانی. پاشان کە ڕۆژ بووەوە خاوەن ماڵ بردیە بەر دەرگا بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە ئێستا لە کوێدایە. ئەو شارێیەی کە حوسێن تاوەری کارەباو هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی لەسەر دەبینی سەرێکی بۆ مووسڵ و ئەوسەریشی بۆ قەییارە دەچوو (زیاتر پێی دەوترێ الگیارە ـ و). خاوەن ماڵ بۆ حوسێنی ڕوونکردەوە کە ئەو گڵۆپانەی شەو بینیویتی هی هەردوو شارۆچکەی عەرەبنشینی سەرسارو حەزەر(البرپار و الحچر) بوون [25]. لە کۆتاییدا, حوسێنیش وەك یونس ڕایکرد بۆ ئێران. ماوەیەکیش دوای ئەو ڕووداوە ئەمن وەفاتنامەی ئەم کوڕە گەنجەیان بە دیاریی بۆ دایکی ناردبوو [26].

---

* لە هەردوو شوێنی دەقەکەدا بەو جۆرە, بە عەرەبیەکەی, هاتوون ـ و.

[25] جێی سەرنجێکی تایبەتیە کەوا شوێنەواری الحچر لە باشووری مووسڵەوە، چەند جارێك بە جێگەی کۆمەڵکوژییەخەڵك ناوی هاتووە لە کاتی ئەنفالدا، بڕوانە لاپەڕە 330. بەسەرهاتی حوسێن لە چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچدا وەرگیراوە، کە لە هەولێر لە 14 ی تەمووزی 1992دا لە گەڵی ئەنجام دراوە.

[26] نموونەی سێهەمی باسکراوی کوشتنی دوای لێبووردن، عومەرو ڕەحمانیش دەگرێتەوە، دوو براکەی ناوچەی شێخ بزێنی کە لە ئەنفالی چواردا باسکراون لە لاپەڕە 254 ـ 257 داو کە لە

* * *

## کــــۆتایی" بـــــارودۆخی نائاسایـــی"

ئایا ئەنفال کەی مەبەست و ئامانجی خۆی وەدەستهێنا؟ دەتوانرێ بە چەند شێوەیەك وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بە گوێرەی لێکدانەوەی بیرتەسکانەی سەربازیی بە بەزاندنی KDP لە بادینان و ڕاگەیاندنی لێبووردن لە 6 ی ئەیلوولدا ئەنفال کۆتایی پێهاتووە. لە دیدو بۆچوونی گشتیی خەڵکی عێراقیشەوە دەگونجێ بگوترێ کە لە 1 ی ئۆکتۆبەردا کۆتایی هاتووە، چوونکە لەو ڕۆژەدا حیزبی بەعسی حوکمڕان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا[27]. ئەوەی کە پەیوەندیی بە لۆجیکی ئەنفالەوە هەبێت وەك پەلامارێکی قڕکردن و تەفروتوونا کردن، ئەوەیە کە ئەو پەلامارە بۆ چەند مانگێکی دواتریش بەردەوام بووەو بە لایکەمەوە ساڵی 1988ی هەموو گرتووەتەوە.

لەوانەیە هەندێك مشتومڕی ئەوەشی تێدا بکەن کەوا ئەنفال تا تەمووزی 1989 درێژەی کێشاوە, چوونکە ئەو کاتە بوو کە هێزەکانی عێراق شارۆچکەی گەورەی قەڵادزێیان ڕووخاند، کە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی دووکانەوەو دانیشتوانی نزیکەی حەفتا هەزار کەسێك دەبوون. قەڵادزێ نیشتەجێیەکی دێرین و ناوێکی بەشۆرەتە لەمێژووی کورددا، لە بەر ئەوەی لە 24 ی نیسانی 1974دا کرا بە ئامانجی بۆمبارانێکی خراپ لە لایەن هێزی ئاسمانیی عێراقەوەو سەدان کەسی

---

ناوەڕاستی تەمووزی 1988دا لە لایەن سوپاوە گیران. بەندییەکی تر کە بە هۆی لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوولەوە بەربووبوو، لەو دەمەدا هەردوکیانی بە زیندوویی لە بەندیخانەدا بینیبوو، بەڵام ئەوە دوا بینینیان بووە. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 15 ی تەمووزی 1992.

(27) یوسف رحیم رشید، کە پارێزەرێکە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد KHRO، بە میدڵ ئیست ووچی ڕاگەیاندووە کە لە ئاهەنگێکی لەم چەشنەدا ئامادە بووە لە هەولێر.

www.dengekan.com

تێدا کوژرا[28]. قەڵادزێ خۆی وەك شار، بەر لۆجیکی بەرتەسکی ئەنفال نەدەکەوت، بـەڵام لـە کـاری تۆڵەکردنـەوەو سـزادان بـەدەر نـەبوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە چـەند بەشـێك لــە ســەنتەری شــارەکە لــە ســاڵی 1987دا تێکــدراو وێرانکــرا، بــەڵام کاربەدەســتانی حیزبــی بــەعس هەمیشــە دانیشــتوانیان دڵنیــا دەکــردەوە کــە هــیچ مەترسییەك لە گۆڕێدا نیە.

ناوچـەکانی دەوروبـەری قـەڵادزێش کـە شارۆچـکەی سەنگەسـەرو کۆمـەڵگاکانی پێماڵك و تووەسووران و ژاراوەیـان تێـدابوو ـ ئەمانـە بـۆ ڕاگوێزراوانی پاکتـاوکردنی ناوچەکانی سنوور لە ساڵانی 1970 دا دروستکرابوون ـ ئەمانیش لە دەست ئـەنفال دەربازبوون. لە گەڵ ئەوەشـدا کـە هەنـدێ گونـد لێـرە لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی 1988دا ڕووخێنـران بەڵام دانیشتوانیان ئەنفال نەکران. بەوەی کە قەڵادزێ کـەوتبووە نێـوان ناوچـەیەکی چـۆڵکراوی سـەر سـنووری ئێـران و دەریاچـەی دووکانــەوەو خۆیشـی تاڕادەیـەك تـەختایی بـوو، هەرەشـەیەکی ئـەوتۆی *پێشمەرگەی* پێکنـەدەهێناو ڕژێـم قەناعـەتی کردبـوو کـە دەسـتی لێنـەدات. بـەڵام لـە بـەهاری 1989دا، بـە جـۆرێکی نائاسایی کەوتە بەرچاو وەك تاقە مەڵبەندێکی گەورەی ئاوەدان کـە زۆر نزیـك بێـت لە سنووری ئێران و مابێتەوە. لە هەمووشی خـراپتر چیاکانی ڕۆژهـەڵاتی بووبوونـە خاڵی بنەڕەتیی دووبارە کۆبوونەوەی PUK کە لە هەوڵدانا بـوو بـۆ ئـەوەی بـوونی لـە نـاو عێراقـدا بسـەلمێنێ. بـەمجۆرە لـە 22 ی مـارتی 1989دا لیژنـەی کاروبـاری

---

[28] پاڵنەری بۆمبارانی ساڵی 1974 بە ئاشکرا بڕیاری KDP بووە لـە مـەڕ سـەرلەنوێ کردنـەوەی زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزێ. ئەو زانکۆیە لە مانگی مارتدا لە لایەن ڕژێمەوە داخرا.

* سەرنج:[ئەم داخستنی زانکۆیە بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو لەو مانگەدا زۆر لە قوتابیو مامۆستاکانی، پاش دەستپێکردنەوەی شەڕی کوردو ڕژێم چوونە دەرەوەو پاشان لە قەڵادزێ کۆبوونەوە. بگـرە بـە پێچەوانەوە ڕژێم هەوڵیدەدا دەوام بکرێت بەڵام قوتابی کەمبوون، چوونکە گەلێکیشیان بێجگە لەوانی قەڵادزێ، لە ترسی شەڕوشۆڕ چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان. پاشان وردە وردە قوتابیەکان چوونەوە زانکۆ و دەوام تا ڕادەیەك ئاسایی بووەوە ـ و].

باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش فەرمانی "ئەوپەڕی ئیجرائات کردنی" دا دژ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گۆلی دووکان [29].

لە کۆتایی مانگی مایسدا هێزەکان بە تانك و تۆپخانەی قورسەوە چوار دەوری قەڵادزێیان گرت و مۆڵەتی مانگێکیان دا بە خەڵکی شار چۆڵی بکەن. ئەوان دەبوو "لە بەر بەرژەوەندیی گشتیی" بگوێزرێنەوە بۆ "گوندە هاوچەرخەکان" [30] و سەرپشکیان کردن لە ژمارەیەك شوێندا بە خوایشتی خۆیان هەڵبژێرن: ئۆتۆمبیلی بارهەلگر دەیانبات یان بۆ بازیان لە سەر ڕێگاکەی سلێمانی، یان بۆ سێ کۆمەڵگای نوێ لە دەشتی هەولێر: خەبات، کەور گۆسك، دارەتوو. یەکەی ئەندازیاریی سوپا ماوەی سێ حەفتەی پێچوو بۆ ڕووخاندنی قەڵادزێ، کە لە 1 ی تەمووزەوە دەستیپێکردو هیچ شتێکیان بە پێوە نەهێشت، تەنانەت وێستگەی سانەویی کارەباو وێستگەی پەمپی ئاویش کە ڕژێم خۆی لە ساڵی 1987دا دروستی کردبوون. لە 24 ی حوزێرانی 1989دا بە ڕەسمیی ڕاگەیەنرا کە قەڵادزێ "ناوچەی قەدەغەکراوە".

کەواتە ڕەنگە قەڵادزێ وەك پەراوێزی ئەنفال تەماشا کرابێت، ئەمەش گەڕانەوەیەك بوو بۆ هەمان لۆجیکی چالاکیی دژە کورد کە چەندین ساڵ بوو لەگەڕدا بوو. باشترین وەڵام بۆ پرسیارەکەمان ڕەنگە ئەوە بێت کە بڵێین لۆجیکی ئەنفال وەختێ کۆتایی پێهات کە ڕەفتاری بیرۆکراسیی عێراق گۆڕایە سەر شێوازێکی هەستپێکراوی جیاواز. ئەمە ئەو شتە نیە کە بگوترێ "کەی کوشتو کوشتارەکە وەستا" یان "کەی ڕاگواستن کۆتایی پێهات" یان "کەی دوایین گوند سووتاو تەختکرا". چوونکە سیاسەتی کوشتن و ڕاگواستن و کاولکردن، بۆ چەندین ساڵ، بوو بوو بە دیاردەیەکی ژیان لە ژێر ڕکێفی حوکمی حیزبی بەعسداو تا ئەمڕۆش هەر

---

[29] ڕاسپاردەی ژمارە 1925 لە 22 ی مارتی 1989دا لە لایەن لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە دەرچووەو عبدالرحمن عزیز حسێن ئیمزای کردووە. ئەم ئیجرائاتانە بریتی بوون لە دوورخستنەوەی کاتیی ئەو خێزانانەی پەیوەندییان بە "تێکدەرانەوە" هەبوو بۆ باشوور. هەروەها ڕاسپاردەکە پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ "ڕاسپاردە ئاشکراکانی" بڕیاری فەرماندەیی مەکتەبی باکووری ژمارە س ف 4008 لە 20 ی حوزێرانی 1987دا بەردەوام تێبینی بکرێت.

[30] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ لە گەڵ دانیشتووانی جارانی قەڵادزێدا، 23 ی مایسی 1992

بەردەوامە. بەڵام لە بەهاری 1989دا، دەکرێ بڵێین کە ڕژێمی عێراق وای هەست کردووە تەواوی ئامانجو مەبەستەکانی ئەنفال جێبەجێ کراوە. لە 23 ی نیساندا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری ژمارە 271 ی خۆی دەرکرد کە تێیدا ئەو دەسەڵاتە تایبەتیانەی درابوو بە علی حسن المجید لێی سەنرایەوە[31].

بڕیارەکەی سەدام حوسێن لە کانوونی یەکەمی 1989دا, دەربارەی هەڵوەشانەوەی لێژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، کە زیاد لە دە ساڵ بوو لە کاردا بوو, پتر پشتگیری ئەو هەستەی دەکرد کەوا ئیتر کێشەی کورد بە تەواوی کۆنترۆڵ کراوە [32].

لێرە بە دواوە ئەرکو فەرمانی علی حسن المجید لە کوردستاندا تەواو بوو, وا ئێستا کارو فەرمانی تر چاوەڕێی بەهرەی جیاکاری ئەون، بە تایبەتی پاش دەسدرێژیەکەی ئابی 1990، وەك پارێزگاری کوێتی داگیرکراو. علی حسن المجید، لە خرپوونی لێپرسراوانی بەعسیدا بۆ پێشوازی کردنی حسن علی العامری کەوا لە جێگەی ئەو بووبووە سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور وتبووی: "پێمخۆشە پێ لەوە بنێم کە من کەسێکی گونجاو نیم بۆ بارودۆخی سەقامگیری ئێستا .. هیوادارم هەڤاڵانی باکوور داوای هەندێ شت لە هەڤاڵ حەسەن علی نەکەن کە لە توانایدا نەبێت. چوونکە ئەو قۆناخە بەسەرچوو و لەمەودوا ڕێگە بە ئەندامێکی حیزب نادرێت تواناو دەسەڵاتی لە سەروو دەسەڵاتی سوپاوە بێت، لە بەر ئەوەی بارودۆخی نائاسایی کۆتایی پێهات. ئەم تواناو دەسەڵاتانە لە هەڤاڵ حسن علی

---

[31] فەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە یاداشتێك لە ئەمنی هەولێرەوە بۆ تەواوی دەزگاکانی ئەمن نێردراون، بە ژمارە: ش7604/3 "نهێنیو تایبەت" لە بەرواری 17 ی مایسی 1989دا. یاداشتەکە ئاوای نووسیوە: "بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش ژمارە 271 لە 23 ی نیسانی 1989دا، فەرمان درا بە بەتاڵ کردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی ناوبراو، ژمارە 160 لە 24 ی مارتی 1987دا سەبارەت بە دەسەڵاتە تایبەتیەکانی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور".

[32] بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ژمارە 771 لە 3 ی کانوونی یەکەمی 1989دا کە لە لایەن سەدام حوسێنەوە ئیمزا کراوە, بڕیاری ژمارە 997 ی 2 ی ئابی 1979 ی ئەنجومەنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

وەرنەگیراوەتەوە، لە بەر ئەوەی دەستی بە سەر ئەو کارەدا ناشکێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا قۆناخەکە تەواوبووە"[33].

ئەلمەجید، پیایدا دیار بوو کە زۆر لە کارو کردەوەکانی خۆی ڕازییە, ئەوەش لە بەر ئەوە نەبووە وەك خۆی دەیوت کە هیچ گومانێك لە سەر مرۆڤپەروەریی مەبەستەکانی بکرێت. هەر ئەو ڕۆژە بە گوێگرانی وتبوو: "من کە نمایشێکی تراجیدی دەبینم گریانم دێت. ڕۆژێکیان دامە پرمەی گریان، کاتێ کە لە فیلمێکدا ئافرەتێکم بینی ونبووەو بێ ماڵ و خێزان ماوەتەوە. بەڵام حەز دەکەم پێتان بڵێم ئەوەی کە کردم کردم و دەبوو وا بکەم. باوەڕ ناکەم ئێوە بتوانن لەوە زیاتر بکەن کە من توانیم بیکەم". لە کۆبوونەوەیەکی تردا لەگەڵ لێپرسراوانی حیزبدا، ئەلمەجید سەرنجی ئەوەی دابوو کە "ئەوەی ئێمە توانیمان بیکەین کارێك بوو حیزبو سەرکردایەتی هەرگیز بۆیان جێبەجێ نەکرا تا ساڵی 1987. ڕاستێکەی بەشێك لەمە بە تەواوەتی لە سایەی پشتگیریی خواوە بوو و هیچی تر". لێرەدا ئەندامێکی ناونەبراوی حیزب بۆ پیاهەڵدان قسەکەی پێدەبڕێو دەڵێ: "تەنها خوا لە تۆ زیاتری پێدەکرێت، دەنا تۆ دەتوانی هەموو شتێك بکەیت. ئەمە حیزبی بەعسەو دەتوانێ هەموو شتێك بکات"[34].

# بەشی سیانزەهەم

[33] نەوار(کاسێت)ی کۆبوونەوەیەك لە نێوان علی حسن المجید و کۆمەڵە لێپرسراوێکی ناونەبراوی حیزبی بەعسدا، کەرکووك، 15 ی نیسانی 1989.

[34] نەوار (کاسێت) ی کۆبوونەوەیەکی نێوان علی حسن المجید و کۆمەڵە لێپرسراوێکی ناونەبراودا. کەرکووك، 26 ی مایسی 1988.

www.dengekan.com

# شوێنەواری ونبوو

*"ئـەم کردەوانــە کاریگەریـەکی تەمێکـەرەیان دەبێت لە بەر ئەوەی:*
*(ئە) بەندییەکان بێئـەوەی هـیچ شـوێنەوارێك بەجێبێڵن بزردەبن.*
*(بـێ) هــیچ زانیارییــەکیش دەربــارەی شوێنەکانیان یان چارەنووسیان نادرێت".*
*ـ کتێبی Nacht Und Nebel Erlass (بڕیاری شەو و تەم, ئەڵمانیای نازی)، شوباتی 1942.*

*"ئەوان نوقمی ئاوێکی قووڵ بوون، ون بـوونو هیچ سۆراخیان نیە."*
*ـ پیرەژنێکی دەربازبووی خەڵکی گۆپتەپە.*

ئەڵبەتە, بێسەروشوێن کردنی زۆردارەکی کارێکی تایبەتمەندی تیرۆری دەوڵەتی مۆدێرنە. ئەمەیان دەربازبوو لە شوێنی خۆی وشك دەکاتو پەلو پۆی دەشکێنێتو گومانو ترس دایدەگرێت، نوقمی خەمو پەژارەو ئازێتبارییەکی بێپایانی دەکات و رێــی هــەموو نــەریتو رێــورەسمێکی لێدەبەســترێت. شــۆردن و کفنــودفنکردنی مردووەکەو ناشتنی لاشەکە بـە شێوەیەك کـە ڕووی لـە مەککە بێـت پێداویستیی موســڵمانێکی بــاوەڕدارە. ئــەم کــارو ڕێورەسمانــە بــۆ ســەرنگومکراوانی ئــەنفال نەڕەخسان. لە حاڵەتی ئەوانەدا کە دەگیرانو بـە دەسـتووری تـیرۆری ئاسایی ڕژێمی بـەعس ئیعـدام دەکـران هـەر هـیچ نـەبێ وەك ڕۆتـین و ڕووکەشـییەك خێزانیـان سـەلماندنێکی یاسـایی مردنیـان پێـدەدرا. کەچـی بـۆ ئـەو کوردانـەی لـە ئەنفالـدا بێسەروشـوێن کـران تەنانـەت ئەمەشـیان پێنـەبڕا. پەلامارەکـە بەسەرچـوو کەچـی زۆربەی زۆری دەربازبووان دوودڵیو گومانی ئەو دنیایان تیادا جێگیر بووەو باڵی بـە

سەریاندا کێشاوە. ئافرەتان نان پەیداکەریان لە دەست چووەو یاسای ئیسلام ڕێگە نادات شوو بکەنەوە تا حەوت ساڵ تێنەپەڕێت بە سەر نەمانی مێردەکانیاندا. هەرچەندە باس‌و خواسی تیمەکانی گوللەباران کردن زۆر باش دەزانراو بەردەوام دووپات دەبۆوە، بەڵام کۆمەڵگا پیس‌و چەپەڵەکانی نیشتەجێی ئەو کوردانە هێشتا هەر واتە واتی ئەوەیان تێدا باو بوو گوایە *ئەنفالەکان* ماون‌و لە زیندانی نهێنیدان لە بیابانداو وەك بارمتە گلدراونەتەوە بۆ دانوستانی دوارۆژ لە نێوان ڕژێم‌و *پێشمەرگەدا*، یان براون بۆ وڵاتانی تری وەك سوودان، یەمەن، ئوردن‌و کراون بە کۆیلەو کاریان پێدەکەن.

پێش ڕاپەڕینەکەی مارتی 1991, لە کاتێکدا کوردستانی عێراق هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا بوو، کەم کەس پرکێشیی ئەوەیان دەکرد سۆراخی کەسوکاری ونبوویان بکەن، لە ترسی ئەوەی ڕەنگە هەمان چارەنووس چاوەڕێی خۆیان یان خزم و کەسە ڕزگاربووەکانیش بکات. تەنانەت ئەگەر هەندێ پرسیاری ئەمنیش بخرایەتە لاوە، کەم کەس هەبوو بزانێ چۆن چۆنی‌و لە کوێوە سۆراخێك بکات، بە نێو پێچ‌و پەنای دامودەزگای ڕۆتینی دەوڵەتدا: لە قایمقامەوە دەست پێبکەن؟ لە ئۆفیسی پارێزگاوە؟ لە مەرکەزی پۆلیسەوە؟ لە *موستەشارەوە*؟ لە حیزبی بەعسەوە؟ لە سەربازگەکانەوە؟ لە ئەمنی ترسناك‌و تۆقێنەرەوە؟ کەچی لە گەڵ ئەوەشدا هەندێك خەڵك ئەو پرکێشییەیان کرد, هەر خۆیان خستە ئەو مەترسییەوەو سۆراخ کردن‌و گەڕانیان ـ کاتێکیش ئەو پشکنین و سۆراخکردنەکە پێکەوە گرێدران لە گەڵ بەڵگەنامەکانی حوکوومەتی عێراق‌و شایەتیی ئەوانەی لە کەمپەکان دەربازبوون ـ تیشکێکی گرنگی خستە سەر ئەوەی کەوا لە ئەنفالدا چی کراوە. وا دیارە کارەکە زۆر بە وردی بچڕبچڕ کراوەو هەر دەزگایەکیش کە بەشداری دەکرد تەنها ئەوەی دەزانی کەوا پێویستی بوو بیزانێت. کەواتە تەنها بازنەیەکی بچووکی ناوجەرگەی دەزگای حیزبی بەعس ئاگاداری تەواوی مەسەلەکەو بەسەرهاتی ئەو کەسانە بوون کە "ئەنفال کران".

* * *

هەنــدێ لــە دەربازبووەکــان گەیشــتنە ئــەوەی ڕاســتیەکە تێبگــەن, بــەڵام وشكوبرینگ و بە ساکارترین شێوە. ڕەشید کە شوانێکی خەڵکی چرچەقەڵای بنار شاخی زەردە بوو، توانی لە دەست ئەنفال ڕزگاری بێت لە بەر ئەوەی بە شوێن ئاژەڵو ماڵاتەکەیەوە بوو بە سەر جادەی سەرەکیداو لە نێو هێزەکانەوە دەرچوو. بەڵام دایکیو خوشکێکی دە ساڵیو برایەکی شەش ساڵیو دوو پووری لەدەست دا. دواجاریش کێشکرایە ڕیزی هەمان ئەو سوپایەی کەوا خێزانو کەسوکاری گرتبوو. ئەفسەرێکی مەسیحیی بە بەزەیی دڵی بە ڕەشید سووتابوو, بە ئاشکرا پێی وتبوو کە چیتر بیر لە کەسوکاری نەکاتەوە: "هەموو خەڵکی ئەنفال بە بلدۆزەر کراونەتە ژێر خاکەوە"[1].

بەڵام زۆربەی زۆری خەڵك ئەمەی نەدەزانی. نووری، کە پیاوێکی بەتەمەنی خەڵکی گوندی جەلەمۆرتی وێرانکراوی دۆڵی زێی بچووك بوو، چوو بووە ئۆفیسی قایمقامی چەمچەماڵ بۆ سۆراخکردنی کوڕە ونبووەکەیو بووکەکەیو کچێکی دوو ساڵانیان. لەوێ دەسەڵاتداران ناوەکانیان نووسیبوو, پێیان وتبوو لە پاش سێ ڕۆژ سەریان لێبداتەوە. کە وەختێ گەڕابۆوە بۆ دەسکەوتنی وەڵام پێیانڕاگەیاندبوو پارێزگا هیچ شتێکی پێناکرێت لەم کێشەیەدا. ڕاستیەکەشی قایمقام بە نووری وتبوو "من تەنانەت بەقەد تۆیشم پێناکرێ. تۆ پرسیارت کردووە بەڵام من دەترسم ئەو پرسیارەش بکەم"[2].

سالم پیاوێکی گەنجی خەڵکی ناوچەی شێخ بزێنی بوو, کە سوپا گەیشتبووە گوندەکەی ئەم لە ماڵ نابێت، بەڵام هێزەکان ژنەکەیو هەشت منداڵیان گرتبوو, گەورەکەیان کوڕێکی پانزە ساڵو بچووکەکەشیان کچێکی یەك ساڵان بوو. هەندێ جاشی بە مشورو خەمخۆر لە هۆزەکەی سالم خۆی، هەوڵیاندابوو بە بەرتیل سەربازەکان ڕازی بکەن و بۆ بەردانی هەر منداڵێکی بڕی هەزار دینار (3000

[1] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، کۆمەڵگای نەسر، 26 ی مارتی 1993.
[2] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، هەولێر،23 ی نیسانی 1992.

دۆلار)[*]یـان دابـوو. بـەڵام سـەربازەکان وتبوویـان تـازە کـار لـە کـار تـرازاوەو کـەمێك لەوەوپێش منداڵەکان بارکراون و بردوونیان. لە دوای ئەنفال، سالم بە شوێن هەموو دەنگوبـاس‌و واتەواتێکـدا دەچـوو. بـەمجۆرە چـووبووە کـەرکووك، تـۆپزاوا، تەنانـەت نوگرە سـەلمانیش. لـە سـەر ئـەم کۆڵنـەدان‌و پێداگرتنـەی *ئـەمن سـێ* جـاری گرتبـوو. جاری دووەمیان چاویان بەستبۆوەو هەڕەشـەیان لێکردبـوو کـە جارێکیتر پرسـیاری خێزانەکەی نەکاتەوە[(3)].

مـەحموود تۆفیـق محەمـەد[**]، پیـاوە پیرەکـەی سـەرۆك تـیرەی جـافی ڕۆغزایـی، کەوا لە ناوچەی گەرمیانی باشووردا بە خراپترین شێوە بەرکەوتن، هـەروا لێنەگـەڕا بێوەڵام بمێنێتـەوە. ئـەو بیست کەسـی خێزانەکـەی سـەرنگوم کرابـوون‌و زۆربـەیان منداڵی بچووك بوون. مەحموود خۆی تا قـەڵای قۆرەتـوویش هـەر لـە گەڵیانـدا بـوو، بەڵام لە تۆپزاوا کە پیاوو ژن‌و منداڵیان لێکتر بڕکرد، ئیتر لەم ون بـوون. مـەحموود لە پاش بـەربوونی خـۆی لـە نـوگرە سـەلمان، چـوو بـۆ مـاڵی حـاجی ئەحمـەد فـەتاح، موختارە[*] کوردەکەی بەرپرس بوو لە کـەمپی دووبـز. "کەوتمـە سـەر پێڵاوەکانیـداو لێـی پاڕامـەوە، بـەڵام پێیـان وتم پرسـیار نەکـەم باشـترەو وتیشـیان (ئەمـە هـیچ سوودێکی نیە، بڕۆ بۆ نوگرە سەلمان)". هەموو ئەوەی کە موختـار بـەو پیرەمێـردەی ڕاگەیاند ئەوەبوو کەوا بەندییـەکانی دووبـز گوێزراونەتـەوە، بـەڵام نـەیزانیبوو یـان نەیویستبوو بڵێ بۆ کوێ.

مەحموود لە دووبزەوە چوو بوو بۆ هەولێرو لەوێ بە هـۆی دۆسـت‌و ناسـیارەوە توانیبووی بەڕێوەبەری *ئەمنی* ئـەو شـارە ببینـێ، پێیڕاگەیانـدبوو کـەوا بزربووەکـان نێردراون بۆ جێگایەك پێی دەوترێ عەرعەر, کە خاڵێکی سەر سنووری پەڕینەوەیـە

---

[*] بە نرخی جارانی دینار ـ و.

[(3)] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو، 20 ی نیسانی 1992.

[**] ئەم پیاوە بە ناوی حەمەی تۆفیقی بەراوگەلەوە دەناسرا ( وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە) و لـە 23 ی حوزێرانی 2002 دا کۆچی دوایی کردووە ـ و.

[*] لە دەقەکەشدا هەر وشەی موختار هاتووە ـ و.

www.dengekan.com

بۆ عەرەبستانی سعوودیو شوێنێکی حەوانەی حاجییانیشە لە ڕێیاندا بـۆ مەککە[4]، هەموو پەیوەندی کردنو سەردانێکیشیان قەدەغەیە. مەحموود زۆر لە بەڕێوەبـەری *ئەمن* پاڕابووەوەو بـەڵێنی دابـوو بـۆ هـەر کەسـێکی خێزانەکـەی بـەری بـدات هـەزار دیناری بداتێ، بـەڵام ئـەم وتبـووی ئـەوە مەحاڵـەو "تـەنها سـەدام حوسـێن یـان علـی حسن المجید دەتوانن بەریان بدەن".

پارێزگاری هەولێریش هەر وتبووی هیچ دەسەڵاتێکی نیە. لە گـەڵ ئەوەشـدا کـە مەحموود بۆ ڕێزلێنـان چـەند سـەرێك مـەڕی بـە دیـاری بردبـوو بـۆ شـێخ جەعفـەر بەرزنجی[5]، پارێزگارە کوردەکەی سلێمانی، بـەڵام ئـەویش تـا ڕادەیـەك هـەر هـەمان قسەی گێڕابۆوە: زۆر لە گیراوەکان، بە ژنو پیاوەوە لە عەرعەر بەندکراون و لە بەر نهێنیـــی کارەکـــە گواســـتنەوەیان بـــەو ئۆتۆمبیلـــە بارهەڵگرانـــە ســـپێردراوە کـــە شۆفێرەکانیان میسری بوون. کەوابوو ئەمیش لە مەحموود زیاتری پێنەکرا, کارەکە لە دەست سەرۆك و ئامۆزاکەیدایە. بەهەرحاڵ, لـە کـەرکووکیش پرسـگەی مەکتـەبی بـاکووری حیزبـی بـەعس بـە مـەحموود ڕادەگەیـەنێ کـە علـی حسـن المجیـد "کـاتی ئەوەی نیە چاوی پێبکەوێت". ئەمیش بە نائومێدی گـەڕابۆوە بـۆ سـلێمانیو سـەری کردبوو بە کۆشی کوردێکی دەسەڵاتداردا، کە بەوە ناسرابوو نزیکە لە ئەلەجیـدەوەو گەلێ جار لە ماڵی خۆیدا میوانداریی کردووە. ئەم پیاوە گفتی دابوویە کـە خـۆی بـە شەخسیی بۆی تێبکەوێت. "بەڵام ئەلەجیـد سـوێندی بـە قورئـانی پـیرۆز خواردبـوو کە تەنها سەدام حوسێنو خوا دەتوانن بێسەروشـوێنەکان ڕزگـار بکـەن". بەمـە ئـیتر مەحموود بە خەمباریو نائومێدیەوە وازی لە گەڕان هێنا.[6]

★ ★ ★

---

[4] دەربارەی عەرعەر وەك ئەگەری شوێنێکی کۆمەڵکوژی، بڕوانە بەشی نۆهەم لاپەڕە 330 پەراوێزی 10 .

[5] لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە باس بکرێتەوە کە شـێخ جەعفـەر بـرای شـێخ موعتەسـەم بـەرزنجیی *موستەشـارە* بەدناوەکەی قادرکەرەم بوو. هەروەها وەك باس دەکرێ شێخ جەعفەریش پەیوەندیـداری سـەرەکی بـوو لـە نێوان علی حسن المجید و *موستەشارەکاندا* لە سەروەختی پەلاماری ئەنفالدا.

[6] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

## حـــــــیزبی بەعـــــــس:

## بەرپرسی سەرەتاو کۆتایی پەلاماری ئەنفال*

ژمارەیەك بەڵگەنامەی دەست بەسەرداگیراوی عێراق پاڵپشتی ئەم جۆرە بەڵگەو شایەتییە حەکایەت ئامێزە دەکەن سەبارەت بەو پلە بەرزەی کەوا دەسەڵاتی تێدا چڕ بووبووەوە لە ماوەی پەلاماری ئەنفالدا. ڕەنگە دیارترین حاڵەت کێشەی چوار برا کلدانە کاسۆلیکەکە بێت، کە خەڵکی گوندێکی دیان نشینی نزیك چیای گارە بوون لە ناحیەی سەرسەنگو لە ئەنفالی کۆتاییدا بێسەروشوێن کران.[7] "ئیشۆ" ی باوکیان، کەوا کەسایەتییەکی کاریگەری ناوچەکە بوو، میدڵ ئیست ووچ لە تەمووزی 1992دا لە هەولێر چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردووە، (هەروەها بڕوانە لاپەڕە 395 ـ 401) و ئەوەی باس کردبوو کەوا خێزانەکەیان هەڵاتبوو پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە گوندەکەیان. کوڕەکانیشی کە سیانیان سەربازی ڕاکردوو و یەکێکیان موتەخەلیف بوو، لە ماوەی مۆڵەتی ئەو پێنج حەفتەیەی دوای لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوولدا خۆیان دابووە دەستی سوپاوە. ئەو خزمانەی توانیبوویان سەردانیان بکەن لە قەڵاکەی نزارکێی لای دهۆکدا بینیبوونیان، بەڵام ئەو کاتەی باوکیان گەیشتبوو گاردێك پێی وتبوو کەوا ڕۆژی پێشتر هەموو مەسیحیو ئێزیدیەکانیان بە پاسی داخراوی بێ پەنجەرە گواستووەتەوە.

ئیشۆ لە بەحرکە چووبووە *کن* و *ئیستیخباراتەکان*و داوای ئەوەی کردبوو بزانێ بۆچی کوڕەکانی لەگەڵ ئەودوای کەسانی خێزانەکەیاندا نەبراون بۆ کۆمەڵگا. ئەوانیش پێیان وتبوو لەبەرئەوەی کورد نەبوون لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوول نەیگرتنەوەو حاڵی حازر هیچ زانیاریەکیان نیە لە بارەی ئەو گەنجانەوە کە بۆ کوێ

---

* لە دەقەکەدا بەم جۆرەیە (حیزبی بەعس: ئەلفاو ئۆمێگای پەلاماری ئەنفال). ئەلفاو ئۆمێگا یەکەمو دوا پیتی ئەلفوبێی یۆنانین. لە زمانی عەرەبیشدا لە ئەلفەوە بۆ یاو بۆ مەبەستێکی ئاوها بەکاردێت. دەکرێ لە زمانی کوردیشدا کەوا ئەلفو بێکەی عەرەبییە شتێکی وا بوترێت، بەڵام زۆر گونجاو نیە لە گەڵ سەلیقەو ڕەوانبێژیی زمانی کوردیدا. لەبەرئەوە من ئەو سەردێڕەی سەرەوەم پێ چاکتر بوو ـ وەرگێڕ.

[7] هەموو ناو و شوێنەکان لەم باسەدا گۆڕاون یان سڕاونەتەوە بۆ پاراستنی شایەتەکان.

www.dengekan.com

براون. دواجار ئەو خێزانە نامەیەکیان بۆ سەدام حوسێن خۆی نووسیبوو، بەڵام هەرگیز وەڵامیان وەرنەگرتەوە[8]. شەش مانگ پاش چاوپێکەوتنەکە، لێکۆڵەرەوەکانی میدڵ ئیست ووچ بە ڕێکەوت کەوتبوون بە سەر فایلی ئەم بنەماڵەیەدا، لە سندووقی ئەو بەڵگەنامانەدا کە لە دەزگای *ئیستیخباراتی* هەولێردا بەدەستهاتبوو. بێسەروشوێن بوونی چوار کوڕەکەی ئیشۆ بووبوو بە بابەتی دە دوانزە بەڵگەنامەی "نهێنیو بەپەلە" ی جیاجیاو یەك لە دوای یەك، کە بە سکاڵانامەیەکی براژنەکەی ئیشۆ دەستی پێکردبوو بۆ سەدام حوسێن، لە 7 ی کانوونی دووەمی 1989دا. دەقی سکاڵانامەی ژنەکە بەمجۆرەیە:

"گەورەم سەرۆکی فەرماندە (خوا بیپارێزێو ڕێ نیشاندەری بێت):

لە کانگای دڵمەوە ڕێزو سڵاوم بۆ بنیاتنەری سەروەریی عێراق و سەرکەوتوو بە سەر دوژمنە بەدفەڕەکانیدا.

من هاوڵاتی م ........ چوار کوڕی شووبراکەم لە خزمەتی سەربازی دا بوون لە کەرتی باشووردا. لە سەر بانگەشەی لێبووردنی گشتیی ئێوە، لە دهۆك خۆیان دابوو بە دەستەوەو لەو کاتەوە ئیتر ئێمە هیچ شتێك لە بارەی چارەنووسیانەوە نازانین.

گەورەی بەڕێزو سەرکەوتووم، تکام وایە منەتبارم بکەیتو زانیارییەکم لە سەر چارەنووسیان بدەیتێ، چونکە ئەو کەسەی لە دەرگای دادپەرستیی ئێوە بدات، دەرگا لە سەر بۆنو بەرامێکی خۆشی دلۆڤانیی ئێوە دەکرێتەوە".

ئەوجا سکاڵانامەکە لە دامێنیەوە پەنجەمۆری ئافرەتەکەی خراوەتە سەر.

لە بەر ئەوەی کێشەکە پەیوەندیی بە سەربازی هەڵاتوو و موتەخەلیفەوە هەبوو، دیوانی سەرۆکایەتی بەرەورووی *ئیستیخباراتی* عەسکەریی کردبۆوە. لەوە دەچێ *ئیستیخبارات* لێکۆڵینەوەیەکی ناوخۆی توندوتیژی لە سەر ئەم مەسەلەیە کردبێتو لە بنچینەشدا ئاگادار نەبووبێت لەوەی کە چی بە سەر ئەم چوار کەسەدا هاتووە. لە گەڵ ئەوەشدا کە بنکەی *ئیستیخباراتی* هەرێمی باکوور بە تووڕەییەوە ناڕەزایی دەربڕیوە بەرانبەر بە ناڕێکی ئیشو کاری ئۆفیسەکانی لە دهۆكو موسڵو

---

[8] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 7 ی تەمووزی 1992. زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم مەسەلەیە لە چاوپێکەوتنەکانی تردا هەیە لە گەڵ دانیشتوانی جارانی ئەم گوندەدا.

لە یەکنەچوونی ڕاپۆرتەکانیان بەڵام ڕاستیە سەرەتاییەکانی مەسەلەکە بە خێرایی بڕیار دەدرێن.

وەك زانراوە چوار براکە لە 10 ی ئەیلوولی 1988دا لە ئەترووش خۆیان داوە بە دەست یەکەکانی سوپاوە، چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی لێبووردنەکەو *ئیستیخباراتی* مووسڵ هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبووە کە ئەمانە "چەکیان لەگەڵ تێکدەران هەڵگرتبێت". پاشان لەوێوە گوێزراونەتەوە بۆ لای لیژنەی پێشوازیکردنی گەڕاوەکان لە دهۆك و لە قەڵای نزارکێ بەندکراون و ئەو کاتە باوکیان هەواڵەکەی زانیبوو. مووسڵ ڕاپۆرتی داوە کەوا گیراوەکانی دهۆك لە دواییدا کراونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان نێرراون بۆ قەڵای دارەمان، لە سەر ڕێگای نێوان ئالتوون کۆپریو کەرکووك، بەشەکەی تریشیان گوێزراونەتەوە بۆ تۆپزاوا. ئەمەش تاقە سەرچاوەیەکە باسی ئەم کەمپی سوپای میللییەی کردبێت بەکارهاتبێت بۆ بەندیەکانی ئەنفالی کۆتایی لە بادینان‌دا.

لێرە بە دواوە بەدواداچوونەکە سارد دەبێتەوە. *ئیستیخباراتی* ناوچەی باکوور پیاوانی خۆی دەنێرێ بۆ کۆمەڵگای بەحرکە - جێژنیکان، بۆ ئەوەی چاویان بە خێزانەکە بکەوێت، بە هەمان شێوەش بۆ هەموو قەڵا سەربازیەکانی سەر ڕێگای کەرکووك - هەولێر، بەڵام ئەم سۆراخکردنە زانیاریی تازە نادا بە دەستەوە. نەقیبێکی ئیستیخبارات لە ڕاپۆرتێکدا سەرنجێك دەداتە بەڕێوەبەری *ئیستیخباراتی* ناوچەی باکوور، کەوا ئۆفیسی دهۆك ڕەنگە پتر یارمەتیدەر بێت لەم بوارەدا، ئەگەر حیزبی حوکمڕان لە سەری سووربێت. بە هەرحاڵ سێ ڕۆژ دواتر, لە 14 ی مارتی 1989دا، بەڕێوەبەری دهۆك ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ بنکەی *ئیستیخبارات* ناردو تیایدا نووسیبوی ئەم چوار کەسە "دراونەتە دەست لیژنەی پێشوازیی (گەڕاوەکان) لە پارێزگای دهۆك، کە ئەویش لای خۆیەوە داویێتی دەست فەرمانـدەیی مەکتەبی باکوور لە پارێزگای تەئمیم (کەرکووك). ئێمە لەوە زیاتر هیچ زانیارییەکمان لە بارەی چارەنووسیانەوە نیە"[(9)].

---

[(9)] ئەم هاتوچۆی برووسکەو نووسراوانە، لە نێوان بارەگای *ئیستیخباراتی* گشتیو بارەگای *ئیستیخباراتی* ناوچەی باکوورو ئۆفیسەکانی دهۆك و مووسڵدا، لە 12 ی شوباتەوە بۆ 14 ی مارتی 1989بەردەوام بووە. شیاوی

www.dengekan.com

★ ★ ★

لە کاتێکدا کەوا *ئیستیخبارات* لە پشت پەردەوە کاری دەکرد، وا پێدەچوو *ئـەمن*, کە دەسەڵاتێکی لە ئەندازە بەدەری هەبوو بە سەر ژیانی عێراقیەکانـدا، نـەزانیٚ بـە دواچارەنووسی ئەوانەی لە ماوەی ئەنفالدا بێسەروشوێن کـران یـان بـە پێـی بڕیـارە جۆراوجۆرەکــانی لێبــووردن لــە ســاڵانی 1988 و 1989دا خۆیــان تەســلیمی دەسەڵاتداران دەکردەوە. بۆ نموونە, ئەرشیفی بارەگای *ئـەمن* لـە پارێزگـای هـەولێر پڕە لەو داواکاریانەی لە دەزگاکانی *ئەمنی* ناوچە جیاجیاکانەوە ناردبوویـان و داوای زانیارییان دەکرد لە بارەی سەدان پیاو و ئافرەت و منداڵەوە کـەوا کەسـوکاریان وێـڵ بوون بە دوای هەواڵیاندا[10]. لە دواییداو لە ئەنجامی ئەوەدا کە خەڵکەکـە بـەردەوام دەرگای دەزگاکانی *ئەمنی* دەسەڵاتداریان دەکوتـاو عـەوداڵی "بـۆنی خۆشـی بـەزەیی" بــوون، *ئــەمن* فــەرمانی دا گۆڕانکارییــەك بکرێــت لــە جــۆری وەڵامدانەوەیــدا. نووسـراوێکی دەسنووسـی *ئـەمن* ئـەم سـەرنجەی خـوارەوەی دەربڕیـوە: "لـە 25 ی ئەیلوولی 1990دا بەڕێوەبەری بەڕێز ئـەم بڕیـارەی خـوارەوەی دەرکـردووە: بڕگـەی (ئێمە هیچ زانیارییەکمان لە بارەی چارەنووسیانەوە نیە) جێـی بڕگـەی (ئەوانـە لـە سـەردەمی عەمـەلیاتی ئـەنفالی سـەرکەوتوودا گیراون و لـە بەندیخانـەدا ماونەتـەوە) بگرێتــەوە. مەبەسـت لەمــەش وردەکـاریی مامەڵـە کردنـە لـە گـەڵ ئەگـەری لـەم جۆرەدا"[11].

هەردوك *ئەمن و ئیستیخبارات* دەبوو بگەڕێنەوە بۆ دوایـن دەسـەڵاتی مەکتـەبی بـاکووری حیزبـی بـەعس لـە بـارەی ئەوانـەوە کـە شـوێنیان بـزرە. بـۆ نموونـە, ئـەم بەڵگەیە لە نووسراوێکی *ئەمنی* هەولێردا دەردەکەویٚ، کـە ئەگـەر سـەرپێی تەماشـای بکـەیت بێبایـەخ دێتـە بەرچـاو. نووسـراوەکە لـە 26 ی ئـابی 1988دا دەرچـووەو

---

باسە بڕیاری لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوول مەرجی ئەوەی دانابوو کە هەر کەسیٚ لە پـاش 9 ی تشـرینی یەکـەم خـۆی بدایـە بـە دەسـتەوە (ئـەم کێشـەیە ئێـرە ناگرێتـەوە)، دەبـوو بنێررایـە بـۆ لای سـوپاو لەوێشـەوە بـە دەسبەسەریی بدرایەتە دەست فەرماندەیی مەکتەبی باکوور.

[10] ئەو داواکاریانەی *ئەمن* کە لە لایەن میدلٚ ئیست وۆچەوە تاوتویٚ کراون لە نێوان حوزێران و ئـابی 1989دا دەرچوون‌و دەگەڕێنە دواوە بۆ گرتن و خۆبەدەستەوەدانی تا ئەنفالی دووەم لە نیسانی 1988دا.

[11] یـاداشـتێکی نـاوخۆی دەسنووس لـە لایـەن "بەرپرسـی کاروبـاری سیـاسـییەوە"، *ئـەمنی* هـەولێر، 18 ی تـشـرینی دووەمی 1990.

کورتـە تێبینیـەکی ئاگادارکردنـەوەی داوەتـە *ئـەمنی* نـاو شـاری هـەولێر، کـەوا دوو ئـافرەت لـە لایـەن فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوورەوە گێڕراونەتـەوە (بـۆ *ئـەمن*)، چـوونکە دانیشـتووی ئـەو ناوچـانە نـین بـەر عەمـەلیاتی ئـەنفال کـەوتوون، بـەڵام هـەردوکیان دانیشـتووی پێشووی گونـدەکانی ناحیـەی تەقتـەق بـوون، کـەوا ئـەنفال گرتبوونیـەوەو یـەکێکیان پێشـتر لـە گـەڵ خێزانەکەیـدا نیشـتەجێی شاری هـەولێرو ئەویتریش نیشـتەجێی کۆمـەڵگای قوشـتەپە بووبـوو و بـەم پێیـە نـەدەبوو "ئـەنفال بکرێن". بە پێچەوانەوە, دەبوو پرس بە فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوور بکرێـت بـۆ دوابڕیـاردان لــە ســەر هەرکەســێکی دانیشــتووی ناوچــەیەك کــەوا بــەر ئــەنفال کەوتبێت[12].

★ ★ ★

بڕیاری ژمارە 160 لە 29 ی مارتی 1987دا ئەوەی ئاشکرا کردبوو کـەوا علـی حسـن المجیـد دەسـەڵاتی تـەواوی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی درابوویـە بـۆ یەکخسـتنی هەوڵـەکانی تـەواوی هـەرەمی دەوڵـەت و دەزگـا حیزبیـەکان، سـەربازیو مەدەنیو ئەمنی، ئەوانـەی کـەوا دەوریـان هـەبوو لـە ئەنفالـدا، (بڕوانـە پاشـکۆی B، لاپــەڕە 441-444). هــەروەها وەك بەڵگەنامــە گیراوەکــانی عێــراق و شــایەتیی دەربازبووان دەریدەخەن، ئۆرگانی حیزبی بەعس بووە لە باکوور، بـە سـەرۆکایەتیی ئەلمەجید کەوا دەستیان هەبووە لە بڕیاردان لە سەر چارەنووسی هەرکەسێك کـە لـە کاتی ئەنفالدا گیرابێت.

---

[12] نووسراوی ژمارە ش12809/2 "نهێنی" لە *ئەمنی* هەولێرەوە بۆ *ئەمنی* ناوشار، لـە 26 ی ئـابی 1988دا، ئەم بەڵگەنامەیەش وێنەیەکی باشی ئیجرائاتی کوڵکوموو شـیکەرەوەی ڕۆتینـی دەسـەڵاتی بـاڵاو لـۆجیکی ڕەق و وشکی ئەنفال دەخاتەڕوو. یەك بە یەکی گیراوەکان ڕوونو ئاشکرا حاڵەت بـە حاڵـەت هەڵدەسـەنگێنران پـێش ئەوەی بڕیار لە سەر چارەنووسیان بدەن. هەرچەندە تێبینی ئەوە دەکرێ کـە یـەکێك لـەم دوو ئافرەتـە " لـە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بووە" و ئەویتریشیان "کابانی ماڵ" بووە، بەڵام ئەمانە ڕزگاری نـەکردوون، بـەڵکو شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو بە هۆی ئەوە. پێدەچێت ئەمە کلیلی لۆجیکی سەرانسەر عەمەلیاتی ئەنفال بووبێت.

www.dengekan.com

گـەلێ گرێکـوێرەو شـتی نادیـارو نـەزانراو دەربـارەی ئـەنفال ماونەتـەوە، کـە هەنـدێکیان ڕەنگـە لێکۆڵینـەوەی پاشـەڕۆژی بەڵگەنامـە عێراقیـە گیراوەکان وەڵامـی بدەنەوە[13]. ناسینەوەی ئەو کەسانەی جلوبـەرگی نیزامییـان پۆشـیبوو و تیمـەکانی گوللەباران کردنی ئەنفالیان پێکهێنابوو ڕەنگە هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، ئایا ئەمانە *ئـەمن* بـوون؟ گـاردی کۆمـاری بـوون؟ یـان ئەوانـە، کـە بـە زۆریـی ڕێـی تێدەچێت، "هەڤالانی"حیزبی بەعس خۆی بوون[14]؟ باشە بۆچی ژن و منداڵ تـەنها لـە چـەند ناوچـەیەکی دیـاریکراودا کـوژران؟ تـۆ بڵێیـی ئیعـدامکردنیان لـە ئـەنجامی شـەڕو بەرگرییەوە بووبێت، یان پێوەری تر بەکارهاتبێت؟ ئایا گۆڕی هەموو ئەو کوژراوانە لە کوێن و لاشەی چەند کەسیان لـەخۆ گرتـووە؟ وەڵامەکـەی بـە گـوێرەی ئـەقڵ لـە پەنجا هـەزار کـەمتر نیـەو لەوانەیـە دوو ئەوەنـدەی ئـەو ژمارەیـەش بێـت. کـاتێ کـە سەرکردەکانی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە گەڵ کاربەدەستانی حوکوومـەتی عێراقـدا کۆبوونـەوە، پرسـیاری کـوژراوانی ئـەنفالیان خسـتە بـەردەمیان و باسـی ژمارەی سەدو هەشتاو دوو هەزاریان کردبوو، کە مەزەندەیەکی هاکەزاییەو پشتی بە ژمـارەی گونـدە وێرانکراوەکـان بەسـتبوو، بـەڵام وەك باسـدەکەن علـی حسـن المجیـد بەوپەڕی تووڕەییەوە هەڵسابووە سەر پێ، کاتێ گفتوگۆکە هاتبووە سەر ئەم بابەتەو پرسیاری کردبوو "ئەم ژمارە ڤەبەو پف هەڵدراوی سەدو هەشتاو دوو هەزارە چیـە؟ ئـەو ژمارەیـە هـەرگیز لـە سـەد هـەزار تێناپـەڕێت"، وەك ئەمـە بـە شـێوەیەك لـە

---

[13] لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا میدڵ ئیست ووچ تەنها ڕێژەیەکی کـەمی ئـەو بەڵگەنامـە عێراقیانـەی تاوتوێ کردبوو، کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە سەریاندا گرتبوو. ئەنجامی بەردەوامیی پشـکنین و لێکۆڵینەوەی MEW لە سەر ئەم کەرەستە نائاساییو دەگمەنانە بە دوورودرێـژیی لـە ڕاپۆرتـەکانی داهـاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

[14] ئەم ئەنجامەی کە بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە دوو فاکتەر پشـتگیریی دەکـەن، یەکـەم: ملکەچـیی *ئـەمن* و *ئیستیخبارات*و دەزگاکانی تر بۆ حیزبی بـەعس لـە هـەموو ڕوویـەکی پـەلاماری ئەنفالـەوە، دووەم: بـەردەوام ئاماژەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش و بەڵگەنامـەکانی تـر بـۆ حیزبـی بـەعس وەك دەزگایەکی بەرپرس لە ئیعدامکردنی سەربازە هەڵاتوو و موتەخەلیفەکاندا، کـەوا گوزارشـێك بـوون بـە واقیـع وەك ئێمە دەمانبینی بووبوونە ویردی سەرزاری هەموو ئەو کەسانەی لە "ناوچـە قەدەغـەکراوەکانی" دێهـاتی کوردنشیندا دەژیان.

شـێوەکان ئـەو دەردو مەینەتیـە سـووك بکـات کـە خـۆیو داروودەسـتەکەی بـە سـەر کوردی عێراقیاندا هێنا[15].

ناسنامەی بکوژان و ئەژماری وردو ڕێکوپێکی قوربانیەکان ڕەنگە قەت نەزانرێ، یان هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی دۆسیەو فایلەکان لە بەغدا دەکرێنەوە، بەڵام لە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەدا کـە هـەردەم قوتدەبنـەوە دەکـرێ بڵـێین کـەوا گومـان لـەوەدا نیـە مەکتەبی باکووری حیزبی بەعسی حوکمڕان هاوشـان لـە گـەڵ سـەرکردایەتیەکەیدا، کەوا تاهیر تـۆفیقی ئەنـدامی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش سـەرۆکی بـوو، لـە سەرەتاوە تا کۆتایی بەرپرس بوون لە پرۆسەی ئـەنفال. علـی حسـن المجیـدیش واتـە "عـەلی ئـەنفال" و "عـەلی کیمیـایی" وەزیـری بـەرگریی ئێسـتای عێـراق*، فـەرمانی پێویستی دابووە بکوژان.

ئەلمەجید لە کانوونی دووەمی 1989دا کاتێ کـە لـە بـارەی پرۆسـەی ئەنفالـەوە لـە گـەڵ بەرپرسـانی ناونـەبراوی مەکتـەبی بـاکووردا دەدوێ، بـە قسـەکانیدا دیـارە داکۆکی لە خـۆی دەکـات "چـۆن دەبـوو قەناعـەتمان پێبکردنایـە کـەوا کێشـەی کـورد چارەسەر دەکـەین و تێکـدەرانیش لەناودەبـەین؟" ئـەو ئـەم پرسـیارەی لێـدەکردن و ئاماژەی بۆ ترس و دڵەڕاوکێی ئەفسـەرە پایـە بـەرزەکانی سـوپا دەکـرد سـەبارەت بـە عەمەلیاتی ئەنفال. پاشـان لـە سـەری دەڕواو دەڵـێ چـیمان لـەو خەڵکـە مەدەنیـە لـە ژمارە نەهاتووە بکردایە کە گیرابـوون؟ ئەلمەجیـد دەیپرسـی: "ئایـا دەکـرا هـەروا بـە باشـی بیانهێڵمـەوە؟ ئـەی کەواتـە دەبـوو چـی لـەم بزنانـە بکـەم؟ ئاگـام لێیـان بێـت، خزمـەتیان بکـەم؟ نـەخێر، بـەڵکو بـە بلـدۆزەر دەیانکەمـە ژێـر خۆڵـەوە" و جـا لـە ڕاستیشدا هەر وایکرد.

---

[15] ئـەم سـەرنج و تێبینیـە لـە لایـەن ئـەو لێپرسـراوە کوردانـەوە دراونەتـە میـدڵ ئیسـت وۆچ، کـەوا لـە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون و وادیـارە لـە ژمارەیـەك ڕاپـۆرتی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگەریـدا بڵاوکراوەتـەوە، بڕوانە مکیە ("ئەنفال" گۆڤاری هارپەر، مایسی 1992، لاپەڕە58 ـ 59).
Makiya (“The Anfal” Harper’s Magazine, May, 1992).

* مەبەستساڵی 1993یە کە ئەم کتێبەی تێدا بڵاوکراوەتەوە ـ و.

www.dengekan.com

# بەشی سیانزەهەم

# شوێنەواری ونبوو

*"ئـەم کردەوانـە کاریگەریـەکی تەمێکـەرەیان دەبێت لە بەر ئەوەی:*
*(ئە) بەندییەکان بێئـەوەی هـیچ شـوێنەوارێك بەجێبێڵن بزردەبن.*
*(بــێ) هــیچ زانیارییــەکیش دەربــارەی شوێنەکانیان یان چارەنووسیان نادرێت".*
*ـ کتێبی Nacht Und Nebel Erlass (بریاری شەو و تەم, ئەڵمانیای نازی)، شوباتی 1942.*

*"ئەوان نوقمی ئاوێکی قووڵ بوون، ون بـوونو هیچ سۆراخیان نیە."*
*ـ پیرەژنێکی دەربازبووی خەڵکی گۆپتەپە.*

ئەڵبەتە, بێسەروشوێن کردنی زۆردارەکی کارێکی تایبەتمەندی تیرۆری دەوڵەتی مۆدێرنە. ئەمەیان دەربازبوو لە شوێنی خۆی وشك دەکاتو پەلو پـۆی دەشـکێنێتو گومانو تـرس دایدەگرێت، نوقمی خەمو پـەژارەو ئازێتبارییـەکی بێپایـانی دەکـات و رێــی هــەموو نــەریتو رێــورەسمێکی لێدەبەســترێت. شــۆردن و کفنــودفنکردنی مردووەکـەو ناشـتنی لاشـەکە بـە شـێوەیەك کـە رووی لـە مەککە بێـت پێداویسـتیی موسـڵمانێکی بــاوەڕدارە. ئــەم کــارو ڕێوڕەسمانــە بــۆ ســەرنگومکراوانی ئــەنفال

نەرەخسان. لە حاڵەتی ئەوانەدا کە دەگیران‌و بە دەستووری تیرۆری ئاسایی ڕژێمی بەعس ئیعدام دەکران هەر هیچ نەبێ وەك ڕۆتین و ڕووکەشییەك خێزانیان سەلماندنێکی یاسایی مردنیان پێدەدرا. کەچی بۆ ئەو کوردانەی لە ئەنفالدا بێسەروشوێن کران تەنانەت ئەمەشیان پێنەبرا. پەلامارەکە بەسەرچوو کەچی زۆربەی زۆری دەربازبووان دوودڵی‌و گومانی ئەو دنیایان تیادا جێگیر بووەو باڵی بە سەریاندا کێشاوە. ئافرەتان نان پەیداکەریان لە دەست چووەو یاسای ئیسلام ڕێگە نادات شوو بکەنەوە تا حەوت ساڵ تێنەپەڕێت بە سەر نەمانی مێردەکانیاندا. هەرچەندە باس‌و خواسی تیمەکانی گوللەباران کردن زۆر باش دەزانراو بەردەوام دووپات دەبۆوە، بەڵام کۆمەڵگا پیس‌و چەپەڵەکانی نیشتەجێی ئەو کوردانە هێشتا هەر واتە واتی ئەوەیان تێدا باو بوو گوایە *ئەنفالەکان* ماون‌و لە زیندانی نهێنیدان لە بیابانداو وەك بارمتە گلدراونەتەوە بۆ دانوستانی دواڕۆژ لە نێوان ڕژێم‌و *پێشمەرگەدا*، یان براون بۆ وڵاتانی تری وەك سوودان، یەمەن، ئوردن‌و کراون بە کۆیلەو کاریان پێدەکەن.

پێش ڕاپەڕینەکەی مارتی 1991, لە کاتێکدا کوردستانی عێراق هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعسدا بوو، کەم کەس پرکێشیی ئەوەیان دەکرد سۆراخی کەسوکاری ونبوویان بکەن، لە ترسی ئەوەی ڕەنگە هەمان چارەنووس چاوەڕێی خۆیان یان خزم و کەسە ڕزگاربووەکانیش بکات. تەنانەت ئەگەر هەندێ پرسیاری ئەمنیش بخرایەتە لاوە، کەم کەس هەبوو بزانێ چۆن چۆنی‌و لە کوێوە سۆراخێك بکات، بە نێو پێچ‌و پەنای دامودەزگای ڕۆتینی دەوڵەتدا: لە قایمقامەوە دەست پێبکەن؟ لە ئۆفیسی پارێزگاوە؟ لە مەرکەزی پۆلیسەوە؟ لە *موستەشارەوە*؟ لە حیزبی بەعسەوە؟ لە سەربازگەکانەوە؟ لە ئەمنی ترسناك‌و تۆقێنەرەوە؟ کەچی لە گەڵ ئەوەشدا هەندێك خەڵك ئەو پرکێشییەیان کرد, هەر خۆیان خستە ئەو مەترسییەوەو سۆراخ کردن‌و گەڕانیان ـ کاتێکیش ئەو پشکنین و سۆراخکردنەکە پێکەوە گرێدران لە گەڵ بەڵگەنامەکانی حوکوومەتی عێراق‌و شایەتیی ئەوانەی لە کەمپەکان دەربازبوون ـ تیشکێکی گرنگی خستە سەر ئەوەی کەوا لە ئەنفالدا چی

کراوە. وا دیارە کارەکە زۆر بە وردی بچڕبچڕ کراوەو هەر دەزگایەکیش کە بەشداری دەکرد تەنها ئەوەی دەزانی کەوا پێویستی بوو بیزانێت. کەواتە تەنها بازنەیەکی بچووکی ناوجەرگەی دەزگای حیزبی بەعس ئاگاداری تەواوی مەسەلەکەو بەسەرهاتی ئەو کەسانە بوون کە "ئەنفال کران".

* * *

هەندێ لە دەربازبووەکان گەیشتنە ئەوەی ڕاستیەکە تێبگەن, بەڵام وشكوبرینگ و بە ساکارترین شێوە. ڕەشید کە شوانێکی خەڵکی چرچەقەڵای بنار شاخی زەردە بوو، توانی لە دەست ئەنفال ڕزگاری بێت لە بەر ئەوەی بە شوێن ئاژەڵو ماڵاتەکەیەوە بوو بە سەر جادەی سەرەکیداو لە نێو هێزەکانەوە دەرچوو. بەڵام دایکیو خوشکێکی دە ساڵیو برایەکی شەش ساڵیو دوو پووری لەدەست دا. دواجاریش کێشکرایە ڕیزی هەمان ئەو سوپایەی کەوا خێزانو کەسوکاری گرتبوو. ئەفسەرێکی مەسیحیی بە بەزەیی دڵی بە ڕەشید سووتابوو, بە ئاشکرا پێی وتبوو کە چیتر بیر لە کەسوکاری نەکاتەوە: "هەموو خەڵکی ئەنفال بە بلدۆزەر کراونەتە ژێر خاکەوە"[1].

بەڵام زۆربەی زۆری خەڵك ئەمەی نەدەزانی. نووری، کە پیاوێکی بەتەمەنی خەڵکی گوندی جەلەمۆرتی وێرانکراوی دۆڵی زێی بچووك بوو، چوو بووە ئۆفیسی قایمقامی چەمچەماڵ بۆ سۆراخکردنی کوڕە ونبووەکەیو بووکەکەیو کچێکی دوو ساڵانیان. لەوێ دەسەڵاتداران ناوەکانیان نووسیبوو, پێیان وتبوو لە پاش سێ ڕۆژ سەریان لێبداتەوە. کە وەختێ گەڕابۆوە بۆ دەسکەوتنی وەڵام پێیانڕاگەیاندبوو پارێزگا هیچ شتێکی پێناکرێت لەم کێشەیەدا. ڕاستیەکەشی قایمقام بە نووری وتبوو "من تەنانەت بەقەد تۆیشم پێناکرێ. تۆ پرسیارت کردووە بەڵام من دەترسم ئەو پرسیارەش بکەم"[2].

---

[1] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای نەسر، 26 ی مارتی 1993.

[2] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 23 ی نیسانی 1992.

سالم پیاوێکی گەنجی خەڵکی ناوچەی شێخ بزێنی بوو, کە سوپا گەیشتبووە گوندەکەی ئەم لە ماڵ نابێت، بەڵام هێزەکان ژنەکەی و هەشت منداڵیان گرتبوو, گەورەکەیان کوڕێکی پانزە ساڵ و بچووکەکەشیان کچێکی یەك ساڵان بوو. هەندێ جاشی بە مشورو خەمخۆر لە هۆزەکەی سالم خۆی، هەوڵیاندابوو بە بەرتیل سەربازەکان ڕازی بکەن و بۆ بەردانی هەر منداڵێکی بڕی هەزار دینار (3000 دۆلار)[*] یان دابوو. بەڵام سەربازەکان وتبوویان تازە کار لە کار ترازاوەو کەمێك لەوەوپێش منداڵەکان بارکراون و بردوونیان. لە دوای ئەنفال، سالم بە شوێن هەموو دەنگوباس و واتەواتێکدا دەچوو. بەمجۆرە چووبووە کەرکووك، تۆپزاوا، تەنانەت نوگرە سەلمانیش. لە سەر ئەم کۆڵنەدان و پێداگرتنەی *ئەمن سێ* جاری گرتبوو. جاری دووەمیان چاویان بەستبۆوەو هەڕەشەیان لێکردبوو کە جارێکیتر پرسیاری خێزانەکەی نەکاتەوە[(3)].

مەحموود تۆفیق محەمەد[**] ، پیاوە پیرەکەی سەرۆك تیرەی جافی ڕۆغزایی، کەوا لە ناوچەی گەرمیانی باشووردا بە خراپترین شێوە بەرکەوتن، هەروا لێنەگەڕا بێوەڵام بمێنێتەوە. ئەو بیست کەسی خێزانەکەی سەرنگوم کرابوون و زۆربەیان منداڵی بچووك بوون. مەحموود خۆی تا قەڵای قۆرەتوویش هەر لە گەڵیاندا بوو، بەڵام لە تۆپزاوا کە پیاو و ژن و منداڵیان لێکتر بڕکرد، ئیتر لەم ون بوون. مەحموود لە پاش بەربوونی خۆی لە نوگرە سەلمان، چوو بۆ ماڵی حاجی ئەحمەد فەتاح، موختارە[*] کوردەکەی بەرپرس بوو لە کەمپی دووبز. "کەوتمە سەر پێڵاوەکانیداو لێی پاڕامەوە، بەڵام پێیان وتم پرسیار نەکەم باشترەو وتیشیان (ئەمە هیچ سوودێکی نیە، بڕۆ بۆ نوگرە سەلمان)". هەموو ئەوەی کە موختار بەو پیرەمێردەی

---

[*] بە نرخی جارانی دینار ـ و.

(3) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای دارەتوو،20 ی نیسانی 1992.

[**] ئەم پیاوە بە ناوی حەمەی تۆفیقی بەراوگەلەوە دەناسرا ( وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە) و لە 23 ی حوزێرانی 2002 دا کۆچی دوایی کردووە ـ و.

[*] لە دەقەکەشدا هەر وشەی موختار هاتووە ـ و.

www.dengekan.com

ڕاگەیاند ئەوەبوو کەوا بەندییەکانی دووبز گوێزراونەتەوە، بەڵام نەیزانیبوو یان نەیویستبوو بڵێ بۆ کوێ.

مەحموود لە دووبزەوە چوو بوو بۆ هەولێرو لەوێ بە هۆی دۆستو ناسیارەوە توانیبووی بەڕێوەبەری *ئەمنی* ئەو شارە ببینێ، پێیڕاگەیاندبوو کەوا بزربووەکان نێردراون بۆ جێگایەك پێی دەوترێ عەرعەر، کە خاڵێکی سەر سنووری پەڕینەوەیە بۆ عەرەبستانی سعوودیو شوێنێکی حەوانەی حاجییانیشە لە ڕێیاندا بۆ مەککە[4]، هەموو پەیوەندی کردنو سەردانێکیشیان قەدەغەیە. مەحموود زۆر لە بەڕێوەبەری *ئەمن* پاڕابووەوەو بەڵێنی دابوو بۆ هەر کەسێکی خێزانەکەی بەری بدات هەزار دیناری بداتێ، بەڵام ئەم وتبووی ئەوە مەحاڵەو "تەنها سەدام حوسێن یان علی حسن المجيد دەتوانن بەریان بدەن".

پارێزگاری هەولێریش هەر وتبووی هیچ دەسەڵاتێکی نیە. لە گەڵ ئەوەشدا کە مەحموود بۆ ڕێزلێنان چەند سەرێك مەڕی بە دیاری بردبوو بۆ شێخ جەعفەر بەرزنجی[5]، پارێزگارە کوردەکەی سلێمانی، بەڵام ئەویش تا ڕادەیەك هەر هەمان قسەی گێڕابۆوە: زۆر لە گیراوەکان، بە ژنو پیاوەوە لە عەرعەر بەندکراون و لە بەر نهێنیی کارەکە گواستنەوەیان بەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانە سپێردراوە کە شۆفێرەکانیان میسری بوون. کەوابوو ئەمیش لە مەحموود زیاتری پێنەکرا, کارەکە لە دەست سەرۆك و ئامۆزاکەیدایە. بەهەرحاڵ, لە کەرکووکیش پرسگەی مەکتەبی باکووری حیزبی بەعس بە مەحموود ڕادەگەیەنێ کە علی حسن المجيد "کاتی ئەوەی نیە چاوی پێبکەوێت". ئەمیش بە نائومێدی گەڕابۆوە بۆ سلێمانیو سەری کردبوو بە کۆشی کوردێکی دەسەڵاتداردا، کە بەوە ناسرابوو نزیکە لە ئەلمەجیدەوەو گەلێ جار لە ماڵی خۆیدا میوانداریی کردووە. ئەم پیاوە گفتی دابوویە کە خۆی بە شەخسیی بۆی تێبکەوێت. "بەڵام ئەلمەجید سوێندی بە قورئانی پیرۆز خواردبوو

---

[4] دەربارەی عەرعەر وەك ئەگەری شوێنێکی کۆمەڵکوژی، بڕوانە بەشی نۆهەم لاپەڕە 330 پەراوێزی 10 .

[5] لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە باس بکرێتەوە کە شێخ جەعفەر برای شێخ موعتەسەم بەرزنجیی موستە*شارە* بەدناوەکەی قادرکەرەم بوو. هەروەها وەك باس دەکرێ شێخ جەعفەریش پەیوەندیداری سەرەکی بوو لە نێوان علی حسن المجيد و موستە*شارەکاندا* لە سەروەختی پەلاماری ئەنفالدا.

کە تەنها سەدام حوسێنو خوا دەتوانن بێسەروشوێنەکان ڕزگار بکەن". بەمە ئیتر مەحموود بە خەمباریو نائومێدیەوە وازی لە گەڕان هێنا.[6]

★ ★ ★

## حـــــیزبی بەعـــــس:

## بەرپرسی سەرەتاو کۆتایی پەلاماری ئەنفال*

ژمارەیەك بەڵگەنامەی دەست بەسەرداگیراوی عێراق پاڵپشتی ئەم جۆرە بەڵگەو شایەتییە حەکایەت ئامێزە دەکەن سەبارەت بەو پلە بەرزەی کەوا دەسەڵاتی تێدا چڕ بووبووەوە لە ماوەی پەلاماری ئەنفالدا. ڕەنگە دیارترین حاڵەت کێشەی چوار برا کلدانە کاسۆلیکەکە بێت، کە خەڵکی گوندێکی دیان نشینی نزیك چیای گارە بوون لە ناحیەی سەرسەنگو لە ئەنفالی کۆتاییدا بێسەروشوێن کران.[7] "ئیشۆ" ی باوکیان، کەوا کەسایەتییەکی کاریگەری ناوچەکە بوو، میدڵ ئیست ووچ لە تەمووزی 1992دا لە هەولێر چاوپێکەوتنی لە گەڵ کردووە، (هەروەها بڕوانە لاپەڕە 395 ـ 401) و ئەوەی باس کردبوو کەوا خێزانەکەیان هەڵاتبوو پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە گوندەکەیان. کوڕەکانیشی کە سیانیان سەربازی ڕاکردوو و یەکێکیان موتەخەلیف بوو، لە ماوەی مۆڵەتی ئەو پێنج حەفتەیەی دوای لێبووردنەکەی 6 ی ئەیلوولدا خۆیان دابووە دەستی سوپاوە. ئەو خزمانەی توانیبوویان سەردانیان بکەن لە قەڵاکەی نزارکێی لای دهۆکدا بینیبوونیان، بەڵام

---

(6) چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای سموود، 20 ی مایسی 1992.

* لە دەقەکەدا بەم جۆرەیە (حیزبی بەعس: ئەلفاو ئۆمێگای پەلاماری ئەنفال). ئەلفاو ئۆمێگا یەکەمو دوا پیتی ئەلفوبێی یۆنانین. لە زمانی عەرەبیشدا لە ئەلفەوە بۆ یاو بۆ مەبەستێکی ئاوها بەکاردێت. دەکرێ لە زمانی کوردیشدا کەوا ئەلفو بێکەی عەرەبییە شتێکی وا بوترێت، بەڵام زۆر گونجاو نیە لە گەڵ سەلیقەو ڕەوانبێژیی زمانی کوردیدا. لەبەرئەوە من ئەو سەردێڕەی سەرەوەم پێ چاکتر بوو ـ وەرگێڕ.

(7) هەموو ناو و شوێنەکان لەم باسەدا گۆڕاون یان سڕاونەتەوە بۆ پاراستنی شایەتەکان.

www.dengekan.com

ئـەو کاتـەی باوکیـان گەیشـتبوو گاردێـك پێـی وتبـوو کـەوا ڕۆژی پێشـتر هـەموو مەسیحیو ئێزیدیەکانیان بە پاسی داخراوی بێ پەنجەرە گواستووەتەوە.

ئیشۆ لە بەحرکە چووبووە *کن* و *ئیستیخباراتەکان*و داوای ئەوەی کردبوو بزانێ بۆچـی کوڕەکـانی لەگـەڵ ئـەودوای کەسـانی خێزانەکەیانـدا نـەبراون بـۆ کۆمـەڵگا. ئـەوانیش پێیـان وتبـوو لەبەرئـەوەی کـورد نـەبوون لێبووردنەکـەی 6 ی ئـەیلوول نەیگرتنەوەو حاڵی حازر هیچ زانیاریەکیان نیە لە بارەی ئەو گەنجانەوە کە بۆ کـوێ براون. دواجار ئەو خێزانـە نامەیـەکیان بـۆ سـەدام حوسـێن خـۆی نووسـیبوو، بـەڵام هـــەرگیز وەڵامیـــان وەرنەگرتـــەوە[8]. شـــەش مـــانگ پـــاش چـــاوپێکەوتنەکە، لێکۆڵـەرەوەکانی میـدڵ ئیسـت ووچ بـە ڕێکـەوت کـەوتبوون بـە سـەر فـایلی ئـەم بنەماڵەیەدا، لە سندووقی ئەو بەڵگەنامانەدا کە لە دەزگـای *ئیستیخباراتی* هـەولێردا بەدەسـتهاتبوو. بێسەروشـوێن بـوونی چـوار کوڕەکـەی ئیشـۆ بووبـوو بـە بابـەتی دە دوانـزە بەڵگەنامـەی "نهێنـیو بەپەلـە" ی جیاجیـاو یـەك لـە دوای یـەك، کـە بـە سـکاڵانامەیەکی براژنەکـەی ئیشـۆ دەسـتی پێکردبـوو بـۆ سـەدام حوسـێن، لـە 7 ی کانوونی دووەمی 1989دا. دەقی سکاڵانامەی ژنەکە بەمجۆرەیە:

"گەورەم سەرۆکی فەرماندە (خوا بیپارێزێو ڕێ نیشاندەری بێت):

لە کانگای دڵمەوە ڕێزو سڵاوم بۆ بنیاتنـەری سـەروەریی عێـراق و سـەرکەوتوو بە سەر دوژمنە بەدفەڕەکانیدا.

من هاوڵاتی م ......... چوار کوڕی شووبراکەم لە خزمەتی سەربازی دا بـوون لـە کەرتی باشووردا. لە سەر بانگەشەی لێبووردنی گشتیی ئێوە، لە دهۆك خۆیـان دابـوو بە دەستەوەو لەو کاتەوە ئیتر ئێمە هیچ شتێك لە بارەی چارەنووسیانەوە نازانین.

گەورەی بەڕێزو سەرکەوتووم، تکام وایە منەتبارم بکەیتو زانیارییەکم لە سـەر چارەنووسیان بدەیتێ، چونکە ئەو کەسەی لە دەرگای دادپەرستیی ئێوە بدات، دەرگـا لە سەر بۆنو بەرامێکی خۆشی دلۆڤانیی ئێوە دەکرێتەوە".

ئەوجا سکاڵانامەکە لە دامێنیەوە پەنجەمۆری ئافرەتەکەی خراوەتە سەر.

---

[8] چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، هەولێر، 7 ی تەمووزی 1992. زانیاریی زیاتر لـە سـەر ئـەم مەسـەلەیە لـە چاوپێکەوتنەکانی تردا هەیە لە گەڵ دانیشتوانی جارانی ئەم گوندەدا.

لـە بـەر ئـەوەی کێشـەکە پەیوەنـدیی بـە سـەربازی هـەڵاتوو و موتەخەلیفـەوە هەبوو، دیوانی سـەرۆکایەتی بـەرەورووی *ئیسـتیخباراتی* عەسـکەریی کردبـۆوە. لـەوە دەچێ *ئیسـتیخبارات* لێکۆڵینەوەیـەکی نـاوخۆی توندوتیـژی لـە سـەر ئـەم مەسـەلەیە کردبێتو لە بنچینەشدا ئاگادار نەبووبێت لەوەی کە چی بە سەر ئەم چوار کەسـەدا هاتووە. لە گەڵ ئەوەشدا کە بنکـەی *ئیسـتیخباراتی* هـەرێمی بـاکوور بـە تـووڕەییـەوە ناڕەزایی دەربڕیوە بەرانبەر بە ناڕێکی ئیشو کاری ئۆفیسەکانی لە دهۆکو موسـڵو لە یەکنەچوونی ڕاپۆرتەکانیان بەڵام ڕاستیە سەرەتاییەکانی مەسەلەکە بـە خێرایـی بڕیار دەدرێن.

وەك زانراوە چوار براکە لە 10 ی ئەیلوولی 1988دا لە ئـەترووش خۆیـان داوە بـــە دەســـت یەکـــەکانی ســـوپاوە، چـــوار ڕۆژ دوای دەرچـــوونی لێبووردنەکـــەو *ئیسـتیخباراتی* مووسڵ هـیچ بەڵگەیـەکی بـە دەسـتەوە نـەبووە کـە ئەمانـە "چـەکیان لەگـەڵ تێکـدەران هـەڵگرتبێت". پاشـان لـەوێوە گوێزراونەتـەوە بـۆ لای لیژنـەی پێشـوازیکردنی گـەڕاوەکان لـە دهـۆك و لـە قـەڵای نزارکـێ بەنـدکراون و ئـەو کاتـە باوکیان هەواڵەکەی زانیبوو. مووسڵ ڕاپۆرتی داوە کەوا گیراوەکانی دهۆك لە دواییـدا کراونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان نێرراون بۆ قەڵای دارەمان، لـە سـەر ڕێگـای نێـوان ئاڵتوون کۆپریو کەرکووك، بەشەکەی تریشیان گوێزراونەتەوە بـۆ تـۆپزاوا. ئەمـەش تاقە سەرچاوەیەکە باسـی ئـەم کـەمپی سـوپای میللییـەی کردبێـت بـەکارهاتبێت بـۆ بەندیەکانی ئەنفالی کۆتایی لە بادینان‌دا.

لێرە بە دواوە بەدواداچوونەکە سارد دەبێتـەوە. *ئیسـتیخباراتی* ناوچـەی بـاکوور پیاوانی خـۆی دەنێـرێ بـۆ کۆمـەڵگای بەحرکـە - جێـژنیکان، بـۆ ئـەوەی چـاویان بـە خێزانەکە بکەوێت، بە هەمان شێوەش بـۆ هـەموو قـەڵا سـەربازیەکانی سـەر ڕێگـای کـەرکووك - هـەولێر، بـەڵام ئـەم سـۆراخکردنە زانیـاریی تـازە نـادا بـە دەسـتەوە. نەقیبێکی ئیستیخبارات لە ڕاپۆرتێکدا سەرنجێك دەداتە بەڕێوەبـەری *ئیسـتیخباراتی* ناوچەی باکوور، کەوا ئۆفیسی دهۆك ڕەنگە پتر یارمەتیدەر بێت لەم بوارەدا، ئەگـەر حیزبی حوکمڕان لە سەری سووربێت. بە هەرحاڵ سێ ڕۆژ دواتـر، لـە 14 ی مـارتی 1989دا، بەڕێوەبەری دهۆك ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ بنکەی *ئیسـتیخبارات* نـاردو تیایـدا

www.dengekan.com

**نووسـيبوی ئـەم چوار كەسـە "دراونەتـە دەسـت ليژنـەی پێشـوازيی (گـەڕاوەكان) لـە پارێزگـای دهـۆك، كـە ئـەويش لای خۆيـەوە داوێتـیٚ دەسـت فەرمانـدەيی مەكتـەبی باكوور لە پارێزگای تـەئميم (كـەركووك). ئێمـە لـەوە زيـاتر هـيچ زانيارييـەكمان لـە بارەی چارەنووسيانەوە نيە"[9].**

★ ★ ★

**لە كاتێكدا كەوا *ئيستيخبارات* لە پشت پەردەوە كاری دەكرد، وا پێدەچوو *ئـەمن*، كە دەسەڵاتێكی لە ئەندازە بەدەری هەبوو بە سەر ژيـانی عێراقيەكانـدا، نـەزانیٚ بـە دواچارەنووسی ئەوانەی لە ماوەی ئەنفالدا بێسەروشوێن كـران يـان بـە پێـی بڕيـارە جۆراوجۆرەكـــانی لێبـــووردن لـــە ســـاڵانی 1988 و 1989دا خۆيـــان تەســـليمی دەسەڵاتداران دەكردەوە. بۆ نموونە، ئەرشيفی بارەگـای *ئـەمن* لـە پارێزگـای هـەولێر پڕە لەو داواكاريانەی لە دەزگاكانی *ئەمنی* ناوچە جياجياكانەوە ناردبوويـان و داوای زانيارييان دەكرد لە بارەی سەدان پياو و ئافرەت و منداڵەوە كـەوا كەسـوكاريان وێـڵ بوون بە دوای هەواڵيانـدا[10]. لە دواييداو لە ئەنجامی ئەوەدا كە خەڵكەكـە بـەردەوام دەرگای دەزگاكانی *ئەمنی* دەسەڵاتداريان دەكوتـاو عـەوداڵی "بـۆنی خۆشـی بـەزەيی" بـــوون، *ئـــەمن* فـــەرمانی دا گۆڕانكارييـــەك بكرێـــت لـــە جـــۆری وەڵامدانەوەيـــدا. نووسـراوێكی دەسنووسـی *ئـەمن* ئـەم سـەرنجەی خـوارەوەی دەربڕيـوە: "لـە 25 ی ئەيلوولی 1990دا بەڕێوەبەری بەڕێز ئـەم بڕيـارەی خـوارەوەی دەركـردووە: بڕگـەی (ئێمە هيچ زانيارييەكمان لە بارەی چارەنووسيانەوە نيە) جێـی بڕگـەی (ئەوانـە لـە سـەردەمی عەمـەلياتی ئـەنفالی سـەركەوتوودا گـيراون و لـە بەنديخانـەدا ماونەتـەوە)**

---

**[9] ئەم هاتوچۆی برووسكەو نووسراوانە، لە نێوان بارەگای *ئيستيخباراتی* گشتیو بارەگای *ئيسـتيخباراتی* ناوچـەی باكوورو ئۆفيسەكانی دهۆك و مووسڵدا، لە 12 ی شوباتەوە بۆ 14 ی مارتی 1989بـەردەوام بـووە. شـياوی باسە بڕياری لێبووردنەكەی 6 ی ئەيلوول مەرجی ئەوەی دانابوو كە هەر كەسیٚ لە پـاش 9 ی تشـرينی يەكـەم خـۆی بدايـە بـە دەسـتەوە (ئـەم كێشـەيە ئێـرە ناگرێتـەوە)، دەبـوو بنێررايـە بـۆ لای سـوپاو لەوێشـەوە بـە دەسبەسەريی بدرايەتە دەست فەرمانـدەيی مەكتەبی باكوور.**

**[10] ئەو داواكاريانەی *ئەمن* كە لە لايەن ميدڵ ئيست ووچەوە تاوتویٚ كراون لە نێوان حوزێران و ئـابی 1989دا دەرچوونو دەگەڕێنە دواوە بۆ گرتن و خۆبەدەستەوەدانی تا ئەنفالی دووەم لە نيسانی 1988دا.**

بگرێتـەوە. مەبەسـت لەمـەش وردەکـاریی مامەڵـە کردنـە لـە گـەڵ ئەگـەری لـەم جۆرەدا"[11].

هەردوك *ئەمن و ئیستیخبارات* دەبوو بگەڕێنەوە بۆ دوایـن دەسـەڵاتی مەکتـەبی باکووری حیزبـی بـەعس لـە بـارەی ئەوانـەوە کـە شـوێنیان بـزرە. بـۆ نموونـە, ئـەم بەڵگەیە لە نووسراوێکی *ئەمنی* هەولێردا دەردەکەوێ، کـە ئەگـەر سـەرپێی تەماشـای بکـەیت بێبایـەخ دێتـە بەرچـاو. نووسـراوەکە لـە 26 ی ئـابی 1988دا دەرچـووەو کورتـە تێبینیـەکی ئاگادارکردنـەوەی داوەتـە *ئـەمنی* نـاو شـاری هـەولێر، کـەوا دوو ئـافرەت لـە لایـەن فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوورەوە گێڕراونەتـەوە (بـۆ *ئـەمن*)، چـوونکە دانیشـتووی ئـەو ناوچـانە نـین بـەر عەمـەلیاتی ئـەنفال کـەوتوون، بـەڵام هـەردوکیان دانیشـتووی پێشـووی گونـدەکانی ناحیـەی تەقتـەق بـوون، کـەوا ئـەنفال گرتبوونیـەوەو یـەکێکیان پێشـتر لـە گـەڵ خێزانەکەیـدا نیشـتەجێی شـاری هـەولێرو ئەویتریش نیشـتەجێی کۆمـەڵگای قوشـتەپە بووبـوو و بـەم پێیـە نـەدەبوو "ئـەنفال بکرێن". بە پێچەوانەوە, دەبوو پرس بە فەرمانـدەیی مەکتـەبی بـاکوور بکرێـت بـۆ دوابڕیـاردان لـە سـەر هەرکەسـێکی دانیشـتووی ناوچـەیەك کـەوا بـەر ئـەنفال کەوتبێت[12].

* * *

بڕیاری ژمارە 160 لە 29 ی مارتی 1987دا ئەوەی ئاشکرا کردبوو کـەوا علی حسـن المجیـد دەسـەڵاتی تـەواوی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیی شۆڕشـی درابوویـە بـۆ

---

[11] یـاداشـتێکی نـاوخۆی دەسنووس لـە لایـەن "بەرپرسـی کاروبـاری سیاسـییەوە"، *ئـەمنی* هـەولێر، 18 ی تـشـرینی دووەمی 1990.

[12] نووسراوی ژمارە ش12809/2 "نهێنی" لە *ئەمنی* هەولێرەوە بۆ *ئەمنی* ناوشار، لـە 26 ی ئـابی 1988دا، ئەم بەڵگەنامەیەش وێنەیەکی باشی ئیجرائاتی کوڵکومەوو شـیکەرەوەی ڕۆتینـی دەسـەڵاتی بـاڵاو لـۆجیکی ڕەق و وشکی ئەنفال دەخاتەڕوو. یەك بە یەکی گیراوەکان ڕوون و ئاشکرا حاڵەت بـە حاڵـەت هەڵدەسـەنگێنران پـێش ئەوەی بڕیار لە سەر چارەنووسیان بدەن. هەرچەنده تێبینی ئەوە دەکرێ کـە یـەکێك لـەم دوو ئافرەتـە " لـە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بووە" و ئەویتریشیان "کابانی ماڵ" بووە، بەڵام ئەمانە ڕزگاری نـەکردوون، بـەڵکو شوێنی نیشتەجێبوونیان بوو بە هۆی ئەوە. پێدەچێت ئەمە کلیلی لۆجیکی سەرانسەر عەمەلیاتی ئەنفال بووبێت.

www.dengekan.com

یەکخستنی هەوڵەکانی تەواوی هەرەمی دەوڵەت و دەزگا حیزبیەکان، سەربازیو مەدەنیو ئەمنی، ئەوانەی کەوا دەوریان هەبوو لە ئەنفالدا، (بڕوانە پاشکۆی B، لاپەڕە 441-444). هەروەها وەك بەڵگەنامە گیراوەکانی عێراق و شایەتیی دەربازبووان دەریدەخەن، ئۆرگانی حیزبی بەعس بووە لە باکوور، بە سەرۆکایەتیی ئەلەجید کەوا دەستیان هەبووە لە بڕیاردان لە سەر چارەنووسی هەرکەسێك کە لە کاتی ئەنفالدا گیرابێت.

گەلێ گرێکوێرەو شتی نادیارو نەزانراو دەربارەی ئەنفال ماونەتەوە، کە هەندێکیان ڕەنگە لێکۆڵینەوەی پاشەڕۆژی بەڵگەنامە عێراقیە گیراوەکان وەڵامی بدەنەوە[13]. ناسینەوەی ئەو کەسانەی جلوبەرگی نیزامییان پۆشیبوو و تیمەکانی گوللەباران کردنی ئەنفالیان پێکهێنابوو ڕەنگە هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، ئایا ئەمانە *ئەمن* بوون؟ گاردی کۆماری بوون؟ یان ئەوانە، کە بە زۆریی ڕێی تێدەچێت، "هەڤاڵانی"حیزبی بەعس خۆی بوون[14]؟ باشە بۆچی ژن و منداڵ تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کوژران؟ تۆ بڵێیی ئیعدامکردنیان لە ئەنجامی شەڕو بەرگرییەوە بووبێت، یان پێوەری تر بەکارهاتبێت؟ ئایا گۆڕی هەموو ئەو کوژراوانە لە کوێن و لاشەی چەند کەسیان لەخۆ گرتووە؟ وەڵامەکەی بە گوێرەی ئەقڵ لە پەنجا هەزار کەمتر نیەو لەوانەیە دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیەش بێت. کاتێ کە سەرکردەکانی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە گەڵ کاربەدەستانی حوکوومەتی عێراقدا کۆبوونەوە، پرسیاری کوژراوانی ئەنفالیان خستە بەردەمیان و باسی

---

[13] لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا میدڵ ئیست ووچ تەنها ڕێژەیەکی کەمی ئەو بەڵگەنامە عێراقیانەی تاوتوێ کردبوو، کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە سەریاندا گرتبوو. ئەنجامی بەردەوامیی پشکنین و لێکۆڵینەوەیMEW لە سەر ئەم کەرەستە نائاساییو دەگمەنانە بە دووورودرێژیی لە ڕاپۆرتەکانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

[14] ئەم ئەنجامەی کە بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە دوو فاکتەر پشتگیریی دەکەن، یەکەم: ملکەچیی *ئەمن* و *ئیستیخبارات*و دەزگاکانی تر بۆ حیزبی بەعس لە هەموو ڕوویەکی پەلاماری ئەنفالەوە، دووەم: بەردەوام ئاماژەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەڵگەنامەکانی تر بۆ حیزبی بەعس وەك دەزگایەکی بەرپرس لە ئیعدامکردنی سەربازە هەڵاتوو و موتەخەلیفەکاندا، کەوا گوزارشێك بوون بە واقیع وەك ئێمە دەمانبینی بووبوونە ویردی سەرزاری هەموو ئەو کەسانەی لە "ناوچە قەدەغەکراوەکانی" دێهاتی کوردنشیندا دەژیان.

ژمارەی سەدو هەشتاو دوو هەزاریان کردبوو، کە مەزەندەیەکی هاکەزاییەو پشتی بە ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان بەستبوو، بەڵام وەك باسدەکەن علی حسن المجید بەوپەڕی تووڕەییەوە هەڵسابووە سەر پێ، کاتێ گفتوگۆکە هاتبووە سەر ئەم بابەتەو پرسیاری کردبوو "ئەم ژمارە قەبەو پف هەڵدراوی سەدو هەشتاو دوو هەزارە چیە؟ ئەو ژمارەیە هەرگیز لە سەد هەزار تێناپەڕێت"، وەك ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو دەردو مەینەتیە سووك بکات کە خۆیو داروودەستەکەی بە سەر کوردی عێراقیاندا هێنا[15].

ناسنامەی بکوژان و ئەژماری وردو ڕێکوپێکی قوربانیەکان ڕەنگە قەت نەزانرێ، یان هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی دۆسیەو فایلەکان لە بەغدا دەکرێنەوە، بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا کە هەردەم قوتدەبنەوە دەکرێ بڵێین کەوا گومان لەوەدا نیە مەکتەبی باکووری حیزبی بەعسی حوکمڕان هاوشان لە گەڵ سەرکردایەتیەکەیدا، کەوا تاهیر تۆفیقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەرۆکی بوو، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەرپرس بوون لە پرۆسەی ئەنفال. علی حسن المجیدیش واتە "عەلی ئەنفال" و "عەلی کیمیایی" وەزیری بەرگریی ئێستای عێراق*، فەرمانی پێویستی دابووە بکوژان.

ئەلمەجید لە کانوونی دووەمی 1989دا کاتێ کە لە بارەی پرۆسەی ئەنفالەوە لە گەڵ بەرپرسانی ناوبراوی مەکتەبی باکووردا دەدوێ، بە قسەکانیدا دیارە داکۆکی لە خۆی دەکات "چۆن دەبوو قەناعەتمان پێبکردنایە کەوا کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و تێکدەرانیش لەناودەبەین؟" ئەو ئەم پرسیارەی لێدەکردن و ئاماژەی بۆ ترس و دڵەڕاوکێی ئەفسەرە پایە بەرزەکانی سوپا دەکرد سەبارەت بە

---

[15] ئەم سەرنج و تێبینیە لە لایەن ئەو لێپرسراوە کوردانەوە دراونەتە میدڵ ئیست وۆچ، کەوا لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون و وادیارە لە ژمارەیەك ڕاپۆرتی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە مکیە ("ئەنفال" گۆڤاری هارپەر، مایسی 1992، لاپەڕە58 ـ 59).
Makiya ("The Anfal" Harper's Magazine, May, 1992).

* مەبەست ساڵی 1993یە کە ئەم کتێبەی تێدا بڵاوکراوەتەوە ـ و.

www.dengekan.com

عەمەلیاتی ئەنفال. پاشان لە سەری دەڕواو دەڵێ چیمان لەو خەڵكە مەدەنیە لە ژمارە نەهاتووە بكردایە كە گیرابوون؟ ئەلەجید دەپرسی: "ئایا دەكرا هەروا بە باشی بیانهێڵمەوە؟ ئەی كەواتە دەبوو چی لەم بزنانە بكەم؟ ئاگام لێیان بێت، خزمەتیان بكەم؟ نەخێر، بەڵكو بە بلدۆزەر دەیانكەمە ژێر خۆڵەوە" و جا لە ڕاستیشدا هەر وایكرد.

## پـــــاشكۆی A

## نەوارەكانی علی حسن المجید

ئەمانەی خوارەوە چەند تێبینییەكی هەڵبژاردەی علی حسن المجیدی سكرتێری گشتیی مەكتەبی باكووری حیزبی بەعسە، لە ژمارەیەك كۆبوونەوەی لەگەڵ كاربەدەستانی پایە بەرزی حیزبی بەعسدا, ساڵانی 1988و 1989. نەوار (یان شریت, كاسێت)ی زیاد لە دە دوانزەیەكی ئەم كۆبوونەوانە لە نێو دامودەزگاكانی حوكوومەتی عێراقو ماڵەكەی ئەلەجیدا لە كەركووك, لە كاتی ڕاپەڕینە سەرنەكەوتووەكەی كورددا، لە مارتی 1991دا دۆزرانەوە.

**1ـ كۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی مەكتەبی باكوورو پارێزگارەكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی كوردستانی عێراق لە 15 ی نیسانی 1988دا.**

هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێك لێرەو لەوێ مابێتەوە، كۆمەڵگاكانی لێبەدەر. دەبێ ڕێك وەكو مریشكە بەكرێ لێبێت كاتێ جووجكەكان دەخاتە ژێر باڵیەوە. ئێمە دەبێ ئەو خەڵكە بخەینە كۆمەڵگاكانەوەو چاویشمان لەسەریان بێت. چیتر نایەڵین لە گوندەكاندا بژینو تێكدەران بتوانن سەریان لێبدەن. كۆچكردن لە

گوندەوە بۆ شار کارێکی پێویستە لە باکووری عێراقدا. لـە ئێستا بـەدواوە مـن ئـارد, شەکر, نـەوت, ئـاو, کارەبا نـادەم بـەو گوندنشـینانەی لـەوێ بـژین. بـا لـە مـن نزیـك ببنەوەو گوێم لێبگرن, منیش بتوانم ئەو شتانەیان بۆ باس بکەم کە بـڕوام پێیانـەو پێویسـتن بـۆ ئایـدیۆلۆجیو فێرکـردنو حوکمـدانی دروسـت لـە سـەر مەسـەلەکان. بۆچی ڕێگـەیان بـدەم لـەوێ وەك کـەر بـژینو هـیچ شـتێك نـەزانن؟ بـۆ گـەنم؟ مـن گەنمی ئەوانم ناوێ. ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین، بـا پێـنج سـاڵی تریشی لە سەر بێ.

من ئەو ناوچە گەورەو بەرینانە قەدەغە دەکەمو نایەڵم کەسیان تێـدا بمێنێـت. گوایە چیە ئەگەر ئێمە تەوای ئەو حەوزە قەدەغە بکەین، لە قەرەداخەوە بۆ کفـری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی؟ ئاخر ئەم حەوزە کوێی چاکە؟ ئێمە تا ئێسـتا چیمان لێدەستکەوتووە؟ ئێوە تێفکرێن چەندمان خەرج کردووەو لە دەستمان چووە لە سەر ئەم ناوچانە. لە ناو ئـەو خەڵکـەدا چـەند هـاوڵاتی بـاش هـەنو چەندیشـیان خراپ تێدایە؟

باشە چ شتێك هەڵە بوو؟ چی ڕوویدا؟ سی، بیست، بیستو پێـنج سـاڵ چـالاکیی تێکدەر . بیری لێبکەنەوە ئێمە چەند شەهیدمان داوە!.... ئێستا وایلێهاتووە تۆ هـیچ کاتێ ناتوانی لە کەرکووکەوە بچی بۆ هەولێر بێ ئۆتـۆمبیلێکی زرێپـۆش. سەرانسـەر ئەم حەوزە لە کۆیسنجقەوە بۆ ئێرە (کەرکووك).... من چۆڵی دەکەم. من تـا گـوێرو مووسڵ چۆڵی دەکەم. یەك مرۆڤی تێدا نامێنێ تەنها ڕێگاوبانە سەرەکیەکان نەبێت. تا پێـنج سـاڵی تـر نایـەڵم یـەك بنیـادەم پـێ بخاتـە ئـەوێوە. مـن کشـتوکاڵیانم نـاوێ، تەماتەم ناوێ، بامێو خەیارم ناوێ. ئێمە ئەگەر بەم شـێوەیە کـار نەکـەین چـالاکیی تێکـدەران هـەرگیز کۆتـایی نایـەت، تـا یـەك ملیـۆن سـاڵی تـریش. ئەمـە هـەموو تێبینیـەکانی مـن بـوو. پشـت بـە خـوا ئێمـە زۆر بـە زوویـی لـەناویان دەبـەین, لـە ئێستاوە مانگێك زیاتر ناباتو لە هاویندا هیچ شتێك نەماوەتەوە.

2ـ کۆبوونــەوە لەگــەڵ ئەنــدامانی مەکتــەبی بــاکوورو بەرپرســانی بارەگاکــانی حیزبــی بــەعس لــە پارێزگاکــانی بــاکووردا، نەوارەکــە بــەرواری 26 ی مایســی 1988 ی لە سەرە، بەڵام بە پێی قسەکانو بەراوردکاری لەوەدەچێ هی ساڵی 1987 بێت.

**(وەڵامدانەوەی پرسیارێك لە بارەی سەرکەوتنی پەلاماری ڕاگواستنەوە)**

ڕاستێکەی ئــەوەی ئێمــە ئــەنجامىمان داوە شــتێکە کــەوا حیــزبو ســەرکردایەتی هــەرگیز نــەیانتوانی بیکــەن تــا ســاڵی 1987. بەشــێك لەمــە لــە ســایەی یارمــەتیو پشتیوانی خــواوە بــوو, هیچی تــر نــەبووە. بــە پێچەوانەوە ئەگــەر ئێــوە تــەنها بــەو هێزانەی سوپا, کە بەشداری پەلامارەکە بوون, کارەکەتان ئەنجام بدایە ئــەوە زەرەرو زیانێکی زۆرترتان دەبوو لەوەی کە ئێمە بوومان. بیری لێبکەنەوە لە کارێکی ئاوهادا چەندمان شەهیدو زیانی قورس دەبوو!

باشــە چــی ڕوویــداوە؟ ئــا ئەمانــەن تێکــدەران؟ ئــا ئەمانــەن ئــەو کەســانەی ئێــوە لێیان دەترسان؟ ئەمە باری ڕاستەقینەی تێکدەرانەو ئێوەش ئەم هــەموو کەرەســتەو توانایــەتان هەیــە. ئــەوان نــەیانتوانی بــەرەنگارتان ببنــەوە. کــاتی خــۆی بــەرەنگاری فیرقەیەکیش دەبوونەوە بە چەند ڕەشاشێکی کەمەوە. بەڵام ئەمجارە تەنها بە تــۆپی سووك لە دوورەوە تۆپبارانیان دەکردین.

لەو دەمەدا کە من هاتم هەندێکتان لێرە کارتــان دەکــرد. مــن زۆر پەرۆشــی ئــەم کارە بوومو ئێوەش ڕەنگە لە دڵی خۆتاندا وتبێتتــان "چاکە، کــەمێك چاوەڕوان بــە! کــەمێك چاوەڕوان بــە! ئــەو کەســانەی پــێش تــۆ لێــرە بــوون هــەمان شــتیان دەوتو دوایــیش هیچیان نــەکرد!". ئێــوە هــەر دەبــێ کارێــك بکــەن, ئەمــە چــەند ســاڵەو تێکــدەران هــەرماون، لــە کاتێکــدا کــە ئێمــە ئــەم ســوپا گــەورەو بێشومارەمان هەیــە! ســوێندم بــە خــوا کارەکــە وەك پێویســت بەڕێوەنەچووە. تــەواوی هێزەکــانی ســوپای عێراق نەیانتوانی ئەوە بکەن کە ئێمە کردمان، چوونکە ئەمــە (واتــە ڕاگواســتن) لــە ناخەوە ئازاریان دەدا، ئەمە دەیانکوژێ.

(لێرەدا دەنگێك كە بە ئەبو محەمەد هاتە ناساندن بەرزبۆوەو وتی: تەنها خوا دەتوانێ لە تۆ زیاتر بكات، دەنا تۆ دەتوانیت هەموو شتێك بكەیت. ئەمە حیزبی بەعسەو دەتوانێ هەموو شت بكات).

تێكدەران تەماشای فەرمان و ڕاسپاردەكان دەكەن. فەرمانەكان ئەو گوڕو هێزەیان تێدانیە. ئەوانی پێشوو سەد ئەوەندە بەهێزتر بوون، بەلاّم لەگەلّ قەناعەتو بڕوای ئەوانەدا كە جێبەجێیان دەكرد یەكیان نەدەگرتەوە. ئێستا ئەو بڕوایە هەیە. ئێمە وتمان لەو بەروارەدا دەست دەكەین بە جێبەجێ كردنی پەلاماری ڕاگواستنو بە پشتیوانی خوا لە هەموو شوێنێك كردمان. لە هەمان ڕۆژدا (لە 1987دا) ئەوان بۆ تۆلّەكردنەوە قەرەداخیان گرت.

جەلال تالّەبانی داوای لێكردم كەنالێكی پەیوەندیی تایبەتیی لەگەلّدا بكەمەوە. ئەو ئێوارەیە من چووم بۆ سلێمانیو بەچەكو كەرەستەی تایبەت لێمدان[1]. ئەوە وەلاّمی من بوو, ئەوجا ئێمە هەر بەردەوام بووین لە سەر ڕاگوێزان. من بە *موستەشارەكانم* ڕاگەیاند كەوا ڕەنگە بلّێن ئێمە گوندەكانی خۆمان خۆش گەرەكەو نامانەوێ بەجێیان بێلّین. وتم, من ناتوانم لە گوندەكەت بگەڕێم* لە شوێنی خۆی بمێنێ، چوونكە بە چەكی كیمیایی لێیدەدەمو ئەو كاتە خۆتو خێزانت تیادەچن, دەبێ هەر ئێستا جێیبێلّیت. چوونكە من ناتوانم لە هەمان ڕۆژدا پێت بلّێم دەمەوێت بە چەكی كیمیایی هێرش بكەم. من هەر هەموویان بە چەكی كیمیایی تاقیڕ دەكەم! بزانم كێ قسە دەكات؟ كۆمەلّی نێودەولّەتی؟ لە كۆمەلّی نێودەولّەتی بەمو لەوانەش گوێیان لێدەگرن! .

تەنانەت ئەگەر شەڕ لەگەلّ ئێرانیشدا بوەستێو ئێرانیەكان لە تەواوی ئەو شوێنانە بكشێنەوە كە داگیریان كردووە، من هەر دانوستان لەگەلّ ئەودا ناكەم (واتە تالّەبانی)و ڕاگواستن ناوەستێنم.

---

[1] ئەمە لەوانەیە ئاماژە كردن بێت بۆ پەلامارە كیمیاییەكەی نیسانی 1987 بۆ سەر بنكەو بارەگاكانی PUK لە دۆلّی جافەتیدا.

* لێرەدا لە گەلّ تاك دەدوێو مەبەستی كۆیە. ئەمەش لە ئاخاوتنی میلليی زمانی عەرەبیدا باوە ـ و.

www.dengekan.com

ئەمە نیازی منەو دەمەوێ بە چاکی ئاگاداری بن. هەر کاتێکیش لە ڕاگواستن بووینەوە لە هەموو شوێنێك دەست دەکەین بە پەلاماردانیانو بە پێی نەخشەو پلانێکی داڕێژراوی سەربازی پێگەو سەنگەرەکانیان دەکوتین. لەو هێرشانەدا سێ یەك یان نیوەی ئەو شوێنانە دەگێڕینەوە کە لە ژێر دەسەڵاتیاندایە. ئەگەر توانیمان دوو لە سەر سێی شوێنەکانیان لێبگرینەوە ئەوە لە قوژبنێکی بچووکدا گەمارۆیان دەدەینو بە چەکی کیمیایی لێیاندەدەین. من تەنها ڕۆژێك بە کیمیایی لێیاننادەم، بەڵکو بەردەوام ماوەی پانزە ڕۆژ بە چەکی کیمیایی دەیانکوتم. دوای ئەوە ڕایدەگەیەنم کە هەر کەسێك دەیەوێ بە چەکەکەیەوە خۆی بداتە دەستەوە ڕێگەی پێدەدرێت. ئەوکاتە من یەك ملیۆن لەم پارچە کاغەزانە چاپ دەکەمو لە باکووردا بە کوردی, سۆرانی, بادینانی, عەرەبی بڵاویدەکەمەوە. من ناڵێم ئەمە لە لایەن حوکومەتی عێراقەوەیەو نایەڵم حوکومەت تێکەڵی کارەکە ببێت. من دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (واتە مەکتەبی باکوور). جا ئەوی حەز دەکا بگەڕێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانی نەگەڕانەوە دیسانەوە بە کیمیایی تازەی لەناوبەر پەلامار دەدرێنەوە. من ناوی کیمیایی نابەم چوونکە ئەوە زانیاریی پۆلێنکراوە. بەڵام دەڵێم بە چەکی کوشندەی نوێ داتاندەڕزێنم. بەمجۆرە هەڕەشەیان لێدەکەمو هانیاندەدەم خۆ بە دەستەوە بدەن. ئەوسا دەبینن, کە هەموو ئۆتۆمبیلەکانی خوا خۆیشی بەشی ئەوە نەکات هەموویان هەڵبگرێت. من لەو باوەڕەدام و وایبۆدەچم کە ئەوانە بۆڕدەدرێنو دەبەزن. سوێند دەخۆمو دڵنیام لەوەی کە دەیانبەزێنین.

بە هەڤاڵە پسپۆڕەکانم وتووە کە چەند دەستەیەکی گەریلام لە ئەورووپاوە پێویستە بۆ کوشتنی هەر کامێك لەوانە (واتە لە تێکدەران) کە دەیانبینن. بە پشتیوانی خوا ئەوەش دەکەم. دەیانبەزێنمو تا ئێران لە دوایان نابمەوەو ئەوجا بە موجاهیدین دەڵێم لەوێش هێرشیان بکەنە سەر[2].

---

[2] موجاهیدینی خەڵقی ئێران پاش دەرکردنیان لە فەرەنسا لە ساڵی 1986دا، لە عێراق نیشتەجێ بوونو هاتنە ژێر باڵی حیزبی بەعسەوە.

3ـ کۆبوونەوە لە گەڵ لێپرسراوانی ناونەبراودا، 1 ی ئابی 1988

هەر عەرەبێك ڕەگەزی خۆی دەگۆڕێ بۆ کورد، بۆ ئەوە دەیکات کە خۆی لە خزمەتی سەربازی بدزێتەوە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. ئێمە چی بکەین لەوە؟.... باشە بۆ مووسڵ (واتە پارێزگای مووسڵ) بە کورد تۆماریان دەکات؟ ئێمە داوامان لێکردوون هەموو ئەو کوردانەی لەوێ دەژین بیانئنێرن بۆ چیاکان بۆ ئەوەی وەك بزن بژین. داکیان بگێن! بۆچی خۆتان جەنجاڵو شپرزە کردووە بەمانەوە؟

ئێمە لە مووسڵ دەرمان کردن بێ هیچ قەرەبوو کردنەوەیەك خانووەکانمان تەختکردن و وتمان ئادەی بڕۆن! خێراکەن داکێشن! بەڵام ئەوانەی ئێستا جەنگاوەرن لە سەرەتاوە پێیان دەڵێین کەوا دەبێ لە کۆمەڵگاکاندا نیشتەجێ ببن، پاشان پێیان ڕادەگەیەنین بڕۆن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی. بێ ئەوەی هیچ قسەو بێنەوبەرەیەکیان لەگەڵ بکەین، بەڵێننامەکەیان بۆ دەخوێنمەوەو ئەوانیش دەبێ ئیمزای بکەن. پاشان لە هەر شوێنێ ببینم (نەوارەکە لێرەدا ڕوون نیە)، سەریان پاندەکەمەوە، ئەم سەگانە هەر دەبێ سەریان پانبکەینەوە. ئێمە بەڵێننامەکەیان بۆ دەخوێنینەوە: من کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە قایلم بەوەی کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بژیم و جێگیر بم، بە پێچەوانەوە ئامادەم هەموو جۆرە سزایەك، بە سزای ئیعدامیشەوە قوبووڵ بکەم. ئەوجا بەڵێننامەکە دەخەمە گیرفانم و بە بەڕێوەبەری *ئەمن* دەڵێم لێگەڕێ بۆ هەرکوێ دەڕوا با بڕوا. پاش ماوەیەك دەپرسم لە کوێیە؟ پێم دەڵێن ئەوەتا لێرە، لێپرسراوی حیزب دەبێ بۆم بنووسێو بڵێ ئەم خەڵکانەی خوارەوە لە فلانە شوێن دەژین. منیش دەسبەجێ دەڵێم ئادەی بیکوژن و وەك خەیار لەتی کەن.

دەتانەوێ دانیشتوانی عەرەب بەم خەڵکە خوێڕیو هیچوپووچانە زیاد بکەن؟..... پێویستە ناوچەکەتان (واتە مووسڵ) بکەینە عەرەب، بەڵام عەرەبی ڕاستەقینە نەك یەزیدی کە ئەمڕۆ دەڵێن کوردین و بۆ سبەینێ دەڵێن عەرەب.

ئێمە لە سەرەتاوە چاومان لە خەڵکی یەزیدی پۆشی، بچنە لای *جاش*[*]، بۆ ئەوەی نەهێڵین تێکدەران زیاد بکەن، بێجگە لەمە ئیتر یەزیدی بە کەڵکی چی دێن؟ بێگومان بە کەڵکی هیچ نایەن.

4ـ کۆبوونەوەی مەکتەبی باکوور بۆ پێداچوونەوەی پەلامارەکانی ساڵانی 1987 و 1988. نەوارەکە بەرواری لە سەر نیە، بەڵام لە ناو کۆمەڵێکدایە بە بەرواری 21 و 22ی کانوونی دووەمی 1989.

ترسناکترین قۆناخی هەرەشەکردن لە عێراق, لە نێوان ئابی 1987 و نیسانی 1988دا بوو. بارودۆخێکی زۆر خەتەرناك بوو, ئێمە لە 18 ی شوباتەوە تا 4 ی ئەیلوولی 1988 لە بەرەی سەربازیدا کارێکی جیددیمان دەستپێکردبوو. تەواوی فەرماندە یەك لە دوای یەکەکانی فەیلەقی یەك و فەیلەقی پێنج: فەریق نزار (الخزرجی) و سوڵتان هاشمی فەیلەقی یەك و گالع الدوری و شەهید محمد الحدیپیو نعمە فارس و ئەیادی فەیلەقی پێنج... هەموو ئەو پیاوانەی کە ناوم هێنان لەو فەرماندانەن کەوا لە پلەی مولازمیەوە لە باکووری عێراقدا خزمەتیان کردووە. یەکەم کەس لە ناو ئەمانەدا کە هاتبێتە ناو حیزبی بەعسەوە گالع الدوری بوو.

کاتێ کە بڕیارمان دا گوندەکان بڕووخێنین و کۆیان بکەینەوەو هێڵی جیاکەرەوەمان بۆ کێشا (ئەوەی کە بە هێڵی سوور ناو دەبرێت) لە نێوان ئێمەو تێکدەراندا، یەکەم کەس کە دوودڵیو گومانی بۆ من دەربڕی لە بەردەم سەرۆکدا گالع الدوری بوو. یەکەم کەس کە ئاگاداری کردمەوە گالع الدوری بوو، تا ئەمڕۆش کاریگەریی گالع بە ئاشکرا دیارە. هەموو ئەو گوندانەی نەڕووخاند کە من داوام لێکردبوو. بە لای خۆشیەوە کۆنترین ئەندامی حیزبی بەعسە ، ئەی کەوابوو دەبێ خەڵکی تر چۆن بن؟ چۆن قەناعەتمان پێبکردنایە کە کێشەی کورد چارەسەر دەکەین و تێکدەرانیش لەناودەبەین؟

---

[*] باوەڕ ناکەم علی حسن المجید لێرەدا وشەی جاشی بەکارهێنابێت، بەڵکو زیاتر پێدەچێت وتبێتی جەنگاوەری فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی، چونکە لە دەقەکەدا زۆر وشەی جاش بەکارهاتووە و پێم وایە لێرە بە سەریاندا تێپەڕیبێت و لە دەمی ئەو کابرایەشەوە هەر جاشیان نووسیبێت ـ و.

بـەمجۆرە بـە تەلـەفزیۆن کەوتینـە پیشـاندانی (ئـەو تێکدەرانـەی) خۆیـان بـە دەسـتەوە دابـوو، بـۆ ئـەم فەرمانـدە پایەبەرزانـە. باشـە دەکـرا مـن ئەمانـە هـەروا بەسەلامەتی بهێڵمەوە؟ ئەی کەواتە چیم لـەم بزنانـە بکردایـە؟ مـن پـەیامێکم لـەو پیاوە مەزنەوە، لە باوکەوە (واتە سەدام حوسێن) پێگەیشت و پێمرادەگەیەنێ چاوت لە خێزانی تێکدەرانەوە بێت و ئەمەو ئەوە. فەرماندەی گشتیی ئەمـەی بـۆ نـاردووم و منیش نامەکەم خستە سەرسەرم[3]. بەڵام چاوم لەمانـەوە بێت؟ نـەخێر، مـن بـە بلدۆزەر دەیانکەمە ژێر خۆڵەوە. پاشان داوای نـاوی هـەموو گیراوەکـانم لێدەکەن بـۆ بڵاوکردنـەوەیان، منـیش وتم: "باشـە ئێـوە قەناعـەتتان نیـە بـەوەی کـەوا لـە سـەر تەلەفزیۆن بینیوتـانن و لـە ڕۆژنامـەدا خوێندووتانـەوە؟" ئـەی مـن ئـەم خەڵکـە لـە ژماردن نەهاتووە لە کوێ دابنێم؟ بۆیە کەوتمە دابەشکردنیان بە سەر پارێزگاکانـدا، ئەوکاتەش دەبوو بلدۆزەرەکان بەملاو بەولادا بڵاوە پێبکەم[4]....

5 ـ کۆبوونـەوەی بەخێرهاتنی حسن علی العـامری، کـە لـەجێی ئـەو بووبـوو بـە سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور، 15 ی نیسانی 1989.

حەزدەکەم پێ لەوە بنـێم کـە مـن کەسـێکی گونجـاو نـیم و گونجـاویش نـابم بـۆ بارودۆخی جێگیری ئێستا لە باکووردا.. هـەڤاڵ حەسـەن عـەلی کەسـێکی گونجـاوە بـۆ ئەم بارودۆخە چەسپیوە ئارامەی ئێستا. من ئامادەم بگەڕێمەوەو هەرشتێك ئێوە بـە پێویسـتی دەزانـن بیکـەم، بۆیـە حـەز دەکـەم هـەر بـە ئەنـدامی مەکتـەبی بـاکوور بمێنمەوە. هیوادارم هەڤاڵانی باکوور داوا لە هەڤاڵ حەسەن عـەلی نەکـەن ئیجرائـاتی

---

[3] ماناکەی لەبڕگە عەرەبیەکەدا وا دەگەیەنێ کەوا ئەلمەجید هەمیشـە ویسـت و خواسـتی سـەدام حوسێنی بەلاوە مەبەست بووە، بەڵام لەم حاڵەتەدا وەك بە قسەکانیدا دیارە داکۆکی لە خۆی دەکاو دەڵێ وانەبووە.

[4] نەوارەکە لەم شوێنەدا لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا بچڕاوە.

www.dengekan.com

ئیـداریو هەنـدێ شـت بكـات كـە نـاتوانێو دەرەقـەتیان نایـەت، چـوونكە قۆناخەكـە تـەواوبوو. لەمـەودوا ڕێگـە نـادرێ ئەنـدامێكی سـەركردایەتیی دەسـەڵاتی بـە سـەر سوپادا هەبێت، لەبـەر ئـەوەی بـارودۆخی نائاسایی بەسەرچوو. ئـەم دەسـەڵاتانە لـە هـەڤاڵ حەسـەن عـەلی نەسـەندراوەتەوە لـە بـەر ئـەوەی ئـەو لـە ئاسـتی ئـەرك و فەرمانەكەدا نیە، بەڵكو لە بەر ئەوەیە كەوا قۆناخەكە ئێستا تەواوبووە.

لە یەكەم كۆبوونەوەم, لـە نیسـانی 1987دا, لـە گـەڵ فەرمانـدەی فەیلەقـەكانی سوپا، بەڕێوەبەرانی *ئەمن* و پـۆلیس، پارێزگارەكـان و لێپرسـراوانی حیزبـی بـەعس، بڕیارمان دا تەواوی خەڵكی دێهات ڕابگوێزین بۆ بڕكردنی تێكدەران. كارەكـەمان بـە دوو قۆناخ جێبەجێ كرد، یەكەم قۆنـاخ لـە 21 ی نیسان دەسـتی پێكـردو تـا 21 ی مایسـی خایانـد، دووەم قۆنـاخ لـە 21 ی مایسـەوە تـا 21 ی حـوزێران. لـە 22 ی حوزەیران بە دواوە هەر كەسێك لەو ناوچانەدا بگیرایـە دەبـوو دەسـبەجێ بكوژرایـە بێ هیچ ڕاڕاییو دوودڵییەك بەپێی ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەی تا ئێستاش لەكاردان.

لە كۆبوونەوەیەكماندا لەگەڵ سەرۆكەكانی ئەركانی سـوپادا یـەكێك لـە باشـترین فەرمانـدەكانمان داوای لێكـردم مانگێـك پەلامارەكـە دوابخـەم، وتم نـەخێر، تەنانـەت یەك ڕۆژیشی دوا ناخەم و لە ئێستاوە دروشمی ئێمە دەبێ ڕاماڵینی چالاكیی تێكدەر بێت. ئەمە ئامانجی ئێمەیـە، ئەمـە ئامـانجی ئـەم قۆناخەیـە. هەركەسـێك وا هەسـت دەكات توانای جێبەجێكردنی ئەم كارەی نیە با ئێستا پێم بڵـی. یـەكێك لـە باشـترین فەرمانـدەكان كـە فەرمانـدەی فەیلـەقی پێنجـە، پێـی بـاش نـەبوو منـیش لـەداخا كەرەستەو توانای زیاترم لە فەیلەقی یـەك خسـتە بەردەسـتی. ئەنجامیشـی ئـەوەبوو كە تێكدەران كۆتاییان هات، پاش ئەوەی لە سەدا چلی توانای عێراقیان پەكخستبوو.

كاتێ لێبووردنە گشتیەكەی ئەیلوولی 1988 ڕاگەیەنرا هێندەی نـەمابوو ئـەقڵم تێكبچـێ، بـەڵام وەك ئەنـدامێكی لێپرسـراو لـە حیزبـدا وتم بـا وابێـت. مـن دەمـوت لەوانەیە ئێمە خەڵكی باشمان لێهەڵكەوێ لە ناویاندا (واتە لە نـاو كـورددا)، چـوونكە ئەوانیش گـەلی خۆمـانن. بـەڵام هـەرگیز كـەسمان نەدۆزیـەوە، خـۆ ئەگـەر دەربـارەی كوردە لێپرسراوە پایە بەرزەكان پرسیارم لێبكەن، كامیان باش و دڵسۆزن, من دەڵـێم

تەنها هەردوو پارێزگارەکەی هەولێرو سلێمانی، بێجگە لەم دوانە کەسیان نە باش و نە دڵسۆزن. من گریانم دێ کاتێ شانۆگەرییەك یان فیلمێکی تراجیدی دەبینم، ڕۆژێکیان دەستم کرد بە گریان گریان کاتێ لە فیلمێکدا ئافرەتێکم بینی بزربووەو لە خێزانەکەی دابڕاوە. بەلاّم حەز دەکەم پێتان بڵێم کەوا ئەوەی کردم کردم و دەبوو وامبکردایە، باوەڕناکەم ئێوە بتوانن لەوەی کە من کردم زیاتر بکەن.

حەز دەکەم لە بارەی دوو خاڵەوە قسە بکەم: یەکەم، بەعەرەبکردن و دووەم ئەو شوێنانەی هاوبەشن لە نێوان ناوچە عەرەبنشینەکان و ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا. ئەو خاڵەی قسەی لە سەر دەکەین کەرکووکە. کاتێ من هاتم عەرەب و تورکمان لەسەدا پەنجاو یەکی سەرجەم دانیشتوانی کەرکووك زیاتر نەبوون[5]. وێڕای هەموو شتێك من شەست ملیۆن دینارم خەرج کردووە تا گەیشتووینەتە ئەم بارەی ئێستا. حاڵی حازر مەسەلەکە ڕوونەو بۆ زانیاریتان ئەو عەرەبانەی کە هێنراون بۆ کەرکووك ڕێژەکەیان بۆ لە سەدا شەستیش بەرزنەکردەوە. پاشان تەعلیماتمان دەرکردو نەمهێشت کورد لە کەرکووك، لەو نزیکانەو گوندەکانی دەوروبەریداو لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کار بکەن..

کەرکووك تێکەڵەیەکی نەتەوەو ئاین و مەزەبە. ئەو خەڵکانەی کەوا ئێمە لە 21 ی مایسەوە بۆ 21 ی حوزێران ڕامانگواستن، یەك کەسیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا نەبوون. بەلاّم لە ژێر کۆنترۆڵی تێکدەراندا بوون، جا ئیتر هەواداری ئەوان بووبێتن یان دژیان.

---

[5] لێرەدا ڕوون نیە ئاخۆ ئەلمەجید مەبەستی تەنها شاری کەرکووکە یان پارێزگای کەرکووك بە گشتی.

www.dengekan.com

## پـــــــــــاشکۆی B
## جێبەجێکەرانی ئەنفال:
## دەسنیشانێکی کەس و دەزگا سەرەکیەکان

- **ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (ئە س ش):**

بـەرزترین دەسـەلاتی ڕەسمیـە لـە عێراقـداو سـەرۆك سـەدام حوسـێن خـۆی سەرۆکایەتیی دەکات. لە کاتێکدا کە سـەدام خـۆی بـە شەخسـی سـەرەوکاریی لایەنـە عەمەلیاتیـەکانی ئـەنفالی دەکـرد لـە ڕێگـای دیـوانی سـەرۆکایەتیی کۆمـارەوە، بـەڵام دەسەلاتی بالای مامەڵە کـردن لەگـەڵ کاروبـاری کورددا لـە نێـوان سـالانی 1987 و 1989دا درابووە دەست علی حسن المجیدی ئامۆزای.

- **حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆشیالیست:**

ئەنفال پرۆسەیەکی حیزبی بەعس بوو بە سەرپەرشتیی مەکتەبی باکووری حیزب. لە رووی ئیداریشەوە لەلایەن فەرماندەیی مەکتەبی باکوورو کۆمیتەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە رایی دەکرا. بە پێی بڕیاری ژمارە 160 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە 29 ی مارتی 1987دا، دەسەڵاتێکی نائاسایی درا بە علی حسن المجیدی سکرتێری گشتیی مەکتەبی باکوور کەوا دەسەڵاتی بە سەر سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەتی، حیزبی، سەربازیو ئەمنیدا دەشکا. ئەو کەسەش کەوا لە گەڵ ئەلەجیددا لە سەر بڕیارەکانی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور ئیمزای دەکرد گاهر توفیق العانی بوو، کە سکرتێری لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، جێگری سکرتێری گشتیی فەرماندەیی مەکتەبی باکووریش راچی حسن سلمان بوو.

ئەمانەی لای خوارەوەش ئەو دەزگا سەرەکیانەی تر بوون کە لە ئەنفالدا لە ژێر فەرماندەیی ئەلەجیددا کاریان دەکرد:

- سوپای عێراقو هێزی ئاسمانی (بە یەکەکانی کۆماندۆ، هێزی تایبەت، ئەندازیاریو یەکەکانی چەکی کیمیاییەوە):

تەواوی عەمەلیاتی مەیدانیی شەڕ، گوند سووتاندنو وێرانکردنیان، گواستنەوەی بەکۆمەڵی گیراوەکان, هەمووی لە ئەستۆیاندا بوو. وەزیری بەرگریی عێراق لە کاتی ئەنفالدا فەریق ڕوکن عدنان خیرالله بوو (دواتر لەناوچوو). سەرۆك ئەرکانی سوپا لیوا ڕوکن نزار عبدالکریم الخزرجی بوو. زۆربەی عەمەلیاتی ئەنفال لە لایەن فەیلەقی یەك، کەوا بارەگای لە کەرکووك بوو و فەرماندەشی فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم بوو, لە گەڵ فەیلەقی پێنج، کە بارەگای لە هەولێربوو و فەرماندەشی لیوا ڕوکن یونس محمد الزرب بوو، جێبەجێ کرا. هەروەها فەریق ڕوکن هاشم فەرماندەی مەیدانیی عەمەلیاتی ئەنفالی یەکەم بوو. لیوا ڕوکن أیاد خلیل زکی و لیوا ڕوکن بارق عبدالله الحاج حنگە، بەدوای یەکدا فەرماندەیی ئەنفالی دوو و سێیان کردووە. بەڵام فەرماندەی مەیدانیی ئەنفالەکانی تر نەناسراون.

www.dengekan.com

- **گاردی کۆماری:**

**هەڵبژاردەی شەڕکەری عەمەلیاتەکان بوون لە کاتی ئەنفالی یەك و دوودا.**

## • بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هەواڵگریی سەربازی

**(*مدیریە الاستخبارات العسکریە العامە*):**

**سەرپەرشتی کردنی شوێنە سەرەتاییەکانی کۆکردنەوەی خەڵك وەك قەڵاکانی قۆرەتووو نزارکێ، هەندێ لێکۆڵینەوە، ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە سەربازی ڕاکردوو و موتەخەلیفەوە هەبوو، فەرمانـدەیی مەیدانیی *جاشەکان*. دوان لە فەرماندەییە ناوچەییەکانی *ئیستیخبارات* ڕۆڵی سەرەکییان لە ئەنفالدا هەبوو: فەرماندەی کەرتی *ئیستیخباراتی* ڕۆژهەڵات خالد محمد عباس بوو، فەرماندەی کەرتی *ئیستیخباراتی* باکوور فرحان مگلك صالح بوو.**

- **بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی گشتیی ( مدیریە الأمن العامە)، (بە یەکە تایبەتیەکانی ئەمنە کوردەکانەوە کە بە *مفارز خاصە* دەناسرا ):**

**کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر حاڵەت بەحاڵەت و چاودێری کردنی دانیشتوان. لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکانی تۆپزاوا کەمپە بەندیخانەکانی تر، سەرپەرشتی کردنی هەواڵدەران، گەڕان بە دوای ئەوانەدا کە دەربازبوونو ئەوانەش کە داڵدەیان دابوونو دەسگیرکردنیان، چاودێری کردنی کۆمەڵگاکان. بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان عبدالرحمن عزیز حسێن بوو.**

## • هێزەکانی کوتوپڕی (*قوات الگواریو*):

**ئەم یەکانە لە ژێر فەرماندەیی حیزبی بەعسدا بوون و بریتی بوون لە: *جاش*و *ئەمن*و پۆلیسو بەرپرس بوون لە زانیاریی ناو شارەکان, دژە تیرۆرو سەرپەرشتیی**

شـوێنە سـەرەتاکانی بەنـدکردن وەك بنکـەی تـەواریی لـە شـاری سـلێمانیو ڕەنگـە سەرپەرشتیی شوێنانی تریشیان کردبێت.

- فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی (*جحافل الدفاع الوگنی*) یان *جاش*:

ڕۆڵی یارمەتیدەریان بـوو لـە شـەڕو عەمەلیاتەکانـدا، پـاکۆدانو بەدەسـتەوەدانی خەڵکەکە، پاسەوانی کردن لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی خەڵکدا.

- **سوپای میللی** (*الجیش الشعبی*):

کـارو فـەرمانیان پاسـەوانی بـوو لـە شـوێنو سـەربازگەکانی بەنـدکردنی خەڵکەکەدا (وەك تۆپزاوا، دووبز،.. هتد).

- **لیژنەکان:**

چەند دەستەو گرووپێك بەرپرس بوون لـە هەنـدێ لایـەنی جیاجیـای پرۆسـەی ئـەنفالو لـە مـاوەی 1987 ـ 1989دا هاوشـانی پـەلامارەکانی دژە کورد بـوون. بـە عادەت ئەم گرووپانە هەمیشە لێپرسراوێکی حیزبی بـەعس سـەرۆکایەتی دەکـردنو زۆربەشـیان نوێنـەرانی ئـەمنو فەیلەقـەکانی یـەكو پێنجـی سـوپاو *ئیسـتیخبارات*و پۆلیسی عێراقو دەسەڵاتە مەدەنیەکانیان تێدا بـوو. ئەوانـەی کـە زۆر بەرچـاوبوون، ئەم لیژنەو دەزگایانەی خوارەوەن:

- لیژنەی پێشوازی کردنی گەڕاوەکان (*لجنە أستقبال العائدین*):

بەرپرس بوو لەوانەی "دەگەڕانەوە بۆ ناو ڕیزی نیشتمانی" بە پێی لێبـووردنی گشـتی، لـە نێـوان 6 ی ئـەیلوولو 9 ی تشـرینی یەکـەمی 1988داو لێبووردنـەکانی تریش.

www.dengekan.com

- ليژنـــەی ئـــەمنی (*اللجنـــه الامنيـــه*) و ليژنـــەی بەگژداچـــوونەوەی چـــالاكيی دوژمنكارانه (*لجنه مكافحه النشاگ المعادی*):

ئەمانـه بـۆ بەگژداچـوونەوەی *پێشـمەرگە* ڕێكخـرا بـوون لـه ئاسـتی پارێزگـاو ناوچەكانداو ژمارەيەك ليژنه پەيوەست بـوون بـەم جـۆرە كارانـەوە وەك چاودێريی ئابلّووقـەی ئـابووريی "ناوچـه قەدەغـەكراوەكان"و كـۆنترۆڵی بـه قاچـاخ بردنـی خواردن.

## - ليژنەی بەدواداچوون (*لجنه المتابعه* ):

بەرپرس بوو له مسۆگەركردنی ملكەچيی ئەوانـەی بـه پێـی ياسا دەگەڕانـەوە, ڕاونانی هەڵاتووەكانو توندكردنەوەی جڵەوی پەلامارەكە.

بێجگـه لەوانـەش، ژمارەيـەك وەزارەتـی مـەدەنی ڕۆڵـی پاڵپشـتيان لـه ئەنفالـدا هـەبوو: بـۆ نموونـه، وەزارەتـی كشـتوكاڵ بـەروبوومی بـەجێماوی سـاڵی 1988 ی دووريیەوەو بۆ خۆی بردی. وەزارەتی دارايی ماڵو سامانی "تێكـدەرانی" داگيركـردو چاودێریو سەرپەرشتيی كاولكردنی خانووەكانی دەكـرد. لـه هـەمان كاتيشـدا بـانكی خانووبەرەی دەوڵـەتيش قـەرزی بـۆ نيشـتەجێبوونەوەی نـوێی لـه نـاو كۆمەڵگاكانـدا ڕێكدەخست.

# پـــــــــاشکۆی C

## هێرشە کیمیاییە پێزانراوەکان

## لە کوردستانی عێراقدا 1987 ـ 1988

ئەم خشتەیە تەنها ئەو هێرشانە دەگرێتەوە کەوا میدڵ ئیست ووچ توانیویێتی تۆماری بکات لە ڕێگەی ئەو بەڵگەو شایەتانەوە کە بە چاوی خۆیان بینیویانن. ژمارەی ڕاستەقینە ڕەنگە زیاتر بێت چوونکە زۆر ڕاپۆرتی نەسەلمێنراو و ئیدیعامان پێگەیشتووە دەربارەی هێرشکردنی چەکی کیمیایی لە ماوەی 1987 ـ 1988 دا. بە گوێرەی چاوپێکەوتنە مەیدانیەکانمان، لایکەمەکەی شەست گوند، جگە لە شارۆچکەی هەڵەبجە، بە گازی خەردەل و دەمارەگاز یان هەردوکیان پێکەوە هێرشیان کراوەتە سەر. وادیارە ڕژێمی عێراق بۆ چوار مەبەستی یەکتری تەواوکەر چەکی کیمیایی بەکارهێناوە.

1) بۆ لێدانی بنکەو بارەگا سەرەکیەکانو شوێنەکانی کۆبوونەوەی هێزی *پێشمەرگەی* کورد. ژمارەیەکی زۆری ئەم هێرشانە بۆ سەر دۆڵی جافەتی (ئەنفالی یەك)، ناوچەی قەرەداخ (ئەنفالی دوو)، دۆڵەکانی بالیسانو سماقووڵی (ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت)، زێوەشکان (ئەنفالی کۆتایی) بوون.

2) بۆ هەراسان کردنو کوشتنی ئەو *پێشمەرگانەی* لە حاڵەتی پاشەکشەدا بوون لە کاتی چوونە پێشەوەی ئەنفالدا. هێرشی لەمجۆرە, ئەوانە بوون کە کرانە سەر شاناخسێ (ژمارە 14 لە خشتەکەدا)، کەڕێ زەردە (ژمارە 19) , تازەشار (ژمارە 20)و ناوچەکانی شەقڵاوەو ڕەواندز (ژمارە 26 و 27).

3) بۆ سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی مەدەنی لە سەر پشتگیری کردنیان بۆ *پێشمەرگە*. دراماتیکیترین حاڵەتیش بۆمبارانی هەڵەبجە بوو، پاش گرتنی لە لایەن *پێشمەرگە*و گاردەکانی شۆڕشی ئێرانەوە. ئەوانیتر, ئەو هێرشانەی ساڵی 1987 دەگرێتەوە بۆ سەر شێخ وەسانو بالیسان (ژمارە 4)، هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر سێوسێنان (ژمارە 15) و گۆپتەپە (ژمارە 22).

4) بـۆ بڵاوكردنـەوەی تـرسو تـۆقین لـە نـاو سـەرجەم دانیشـتوانی مەدەنیـداو دەرپەڕانـدن و ڕەوپێكردنـی گوندنشـینان لـە ماڵـەكانیان, بـۆ ئاسـانكردنی گـرتنو ڕاگواستنو كوشتنیان. بە زۆریی دەستپێكردنی هەر قۆناخێكی پەلاماری ئەنفال ئەم جۆرە هێرشانەی دەگرتەخۆ. بەڵام لە ئەنفالی كۆتاییدا (*خاتمە الأنفال*)، لـە ناوچـەی بادیناندا زۆر ئاشكرا دەركەوت و زیاد لە سی گوند لە یەك كاتـدا بۆمبـاران كـران لـە سەر كەرتێكی ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوا، لە بەیانیی ڕۆژی 25 ی ئابی 1988دا.

لە گـەڵ ئەوەشـدا كـە جیاكردنەوەیـەك لـە نێـوان ئـەم ئامانجـە جۆراوجۆرانـەدا یارمەتیی تێگەیشتنی ئەو بیركردنەوە تاكتیكیانە دەدات كە پـەلامارەكانی عێراقیـان لە پشتەوە بوو، بەڵام لە زاراوەی یاساییدا ئەمە شتێكی بـێ مانایـە. چـەكی كیمیـایی بە سروشتی خۆی هیچ شتێك نابوێرێو جیایناكاتەوە، لە بەر ئەوە بـەكارهێنانی لـە هەر هەلومەرجێكدا بێت, قەدەغە كراوە.

| ژمارە | بەروار<br>ڕۆژ/ مانگ/ ساڵ | شوێن | بە هۆی | كوژراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1987/4/15 | سەرگەڵوو- بەرگەڵوو | فرۆكە | نازانرێت |
| 2 | 1987/4/15 | شاخی گۆجار- ماوەت | ڕاجیمە* | ....... |
| 3 | 1987/4/15 | زێوەشكان | فرۆكە | ....... |
| 4 | 1987/4/16 | شێخ وەسان، بالیسان | ..... | 225-<br>400** |
| 5 | 1987/5/؟ | جافەران (قەرەداخ) | ڕاجیمە | ......... |
| 6 | 1987/5/؟ | سەركۆ (قەرەداخ) | فرۆكە | .......... |
| 7 | 1987/5/27 | گوندی بلە - دۆڵی مەلەكان | فرۆكە | 1+ |
| 8 | 1987/5/7 | بەرگەڵوو،هەڵەدن،<br>یاخسەمەر، سێكانیان و<br>ناوچەكانی دەوروپشت<br>(هێرشی چەند بارە). | فرۆكە+ڕاجیمە | 7+ |
| 9 | 1988/2/؟ | ناوچەی شێخ بزێنی | فرۆكە | ........ |

www.dengekan.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 10 | 1988/2/؟ | تەکێ، بەلەگجاڕ | فڕۆکە | ........ |
| 11 | 1988/3/16 | هەڵەبجە | فڕۆکە | 3200-5000 |
| **ئەنفالی یەك (دۆڵی جافەتی)** | | | | |
| 12 | 1988/2/23 | یاخسەمەر | ڕاجیمە | 5 |
| 13 | 1988/3/18-2/23 | سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، هەڵەدن و چیاکانی نزیکیان (لێدانی بەردەوام). | فڕۆکە و ڕاجیمە | + نازانرێت |
| 14 | 1988/3/22 | شاناخسێ | فڕۆکە | تا 28 |
| **ئەنفالی دوو (قەرەداغ)** | | | | |
| 15 | 1988/3/22 | سێوسێنان | ڕاجیمە | 87-78 |
| 16 | 1988/3/23 | دووکان (قەرەداخ) | ڕاجیمە | نازانرێت |
| 17 | 1988/3/24 | جافەران | ڕاجیمە | ....... |
| 18 | 1988/3/24 | مەسۆیی | هەلیکۆپتەر | ....... |
| 19 | 1988/3/30 | کەژی زەردە (قەرەداخ) | ڕاجیمە | ........ |
| **ئەنفالی سێ (گەرمیان)** | | | | |
| 20 | 1988/4/10 | تازەشار | فڕۆکە | 15- 25 |
| **ئەنفالی چوار (دۆڵی زێی بچووك)** | | | | |
| 21 | 1988/5/3 | عەسکەر | فڕۆکە | 9 |
| 22 | 1988/5/3 | گۆپتەپە | فڕۆکە | 154 - 300 |
| **ئەنفالی پێنج، شەش، حەوت (شەقڵاوە ـ ڕواندز)** | | | | |
| 23 | 1988/5/15 | وەرێ | فڕۆکە | 37 |
| 24 | 1988/5/23 | دۆڵەکانی سوێرە، بالیسان، هیران، سماقووڵی | فڕۆکە | +2 |
| 25 | 1988/5/26 | ئاکۆیان، فەقێیان، چیای | ڕاجیمە | ......... |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ڕەشکی | | |
| +13 | فڕۆکە | دۆڵەکانی مەلەکان، سوێرە، گەرەوان، بالیسان، هیران، سماقوولی، بنمێرد | 1988/7/31 | 26 |
| نازانرێت | فڕۆکە | دۆڵی بالیسان و ناوچەکانی هاوسنووری(لێدانی بەردەوام) | 1988/8/26-/8/8 | 27 |
| **ئەنفالی کۆتایی (بادینان)★★★** | | | | |
| نازانرێت | فڕۆکە+ڕاجیمە | زێوەشکان | 1988/8/24 | 28 |
| 4 | فڕۆکە | برجینێ | 1988/8/25 | 29 |
| نازانرێت | فڕۆکە | تلاکرو | 1988/8/25 | 30 |
| نازانرێت | فڕۆکە | گەڵناسکێ | 1988/8/25 | 31 |
| 15-14 | فڕۆکە | تویکا، بەرکەڤرێ | 1988/8/25 | 32 |
| ........ | فڕۆکە | وەرمێلێ، بلێجانێ | 1988/8/25 | 33 |
| 6-3 | فڕۆکە | ئێکماڵە، هێسێ، خرابە | 1988/8/25 | 34 |
| 1+ | فڕۆکە | ڕویسێ، نزدوورێ | 1988/8/25 | 35 |
| ....... | فڕۆکە | بەرەبیێ | 1988/8/25 | 36 |
| 2+ | فڕۆکە | سوارێ، سپیندار، ئاڤوك، سێدەرا (باشووری چیای گارە) | 1988/8/25 | 73 |
| نازانرێت | فڕۆکە | مێرگەتوی، باوەرکا کەڤری و گوندەکانی تر (باکووری چیای گارە) | 1988/8/25 | 38 |
| 9+ | فڕۆکە | گویزێ، ردێنیا، شێرانەو گوندەکانی تر (ناوەڕاستی چیای گارە) | 1988/8/25 | 39 |
| نازانرێت | فڕۆکە | باڵووکا | 1988/8/25 | 40 |

* ڕاجیمە، تۆپێکی فرە لوولەیەو بەسەر ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرەوە دامەزراوە.

** ئەم ژمارەیە باری دوو پاسیش پیاو و هەرزەکار دەگرێتەوە کەوا لە لای ئەمن دەسبەسەر بوونو پاشان سەرنگومیان کردن.

*** ئاماری لەناوچووانی ئەنفالی کۆتایی تەنها دەسنیشانی ئەوانە دەکات کە لە جێدا کوژراون. ژمارەی ئەوانەیان تێدا نیە کە دواتر کیمیایی کاری تێکردبوونو مردبوون.

# پـــــــاشکۆی D

# نموونەی بێسەروشوێن کردنی بەکۆمەڵ لە ماوەی ئەنفالدا، بە پێی ناوچە

ئەوەی لێرەدا پیشان دراوە, نموونەیەکی خەڵکە مەدەنیە بێسەروشوێن و بە کۆمەڵ کوژراوەکانن، لە ماوەی هەر یەك لە قۆناخەکانی پەلاماری ئەنفالدا. ئەمە تەنها بەشێکی زۆر بچووکە لە سەرجەم ئەو ژمارانەی لە کاتی ئەنفالدا سەرنگوم کران و تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ناویان یان ژمارەی تەواویان دراوە, لە کاتی ئەو پتر لە 350 چاوپێکەوتنە مەیدانیەی کە میدڵ ئیست ووچ لەگەڵ دەربازبواندا ئەنجامی داوە.

### ئەنفالی یەك

هیچ ژمارەیەك بە دەستەوە نیەو بەڵگەی واش نیە سەرنگومکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی مەدەنی نیشان بدات. وا دیارە ئەو کوژراوانەش کە لە چوار گوند تۆمارکراون - هەڵەدن، سەرگەڵوو، قەرەچەتان (ناحیەی سورداش)و مالوومە (ناحیەی کارێزە) - لە ئەنجامی بۆمباران، تۆپباران، هێرشی کیمیایی, لە دەشت و دەر مانەوەو سەرماوە بێت.

### ئەنفالی دوو

| ناحیە | گوند | بێسەروشوێن | پیاو | ئافرەت | منداڵ | دیاری نەکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قەرەداخ/ سەرچنار(أ) | 9 | 59 | 32 | - | - | 24 |
| قەرەداخ/ سەرچنار(ب) | 5 | 103 | 23 | 27 | 17 | 36 |
| سەرجەم | 14 | 159 | 55 | 27 | 17 | 60 |

**( أ) ئەو گوندانەی دانیشتوانیان بۆ سلێمانی هەڵاتبوون.**

**(ب) ئەو گوندانەی دانیشتوانیان بۆ گەرمیان هەڵاتبوون.**

## ئەنفالی سێ

| ناحیە | گوند | بێسەروشوێن | پیاو | ئافرەت | منداڵ | دیاری نەکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قادرکەرەم (أ) | 13 | 148 | 129 | - | - | 19 |
| قادرکەرەم (ب) | 8 | 208 | 110 | 6 | 27 | 65 |
| قەرەهەنجیر | 1 | 3 | 3 | - | - | - |
| قەرەحەسەن | 1 | - | - | - | - | - |
| ئاڵتوون کۆپری | 1 | 8 | 8 | - | - | - |
| سەنگاو (1) | 9 | 196 | 60 | 11 | 21 | 104 |

[1] قورسترین و خراپترین نموونەی بێسەروشوێن کردنی بە کۆمەڵ لە سەنگاودا پێدەچێت بـە هـۆی ڕێگاکانی هەڵاتنەوە بووبێت، یان بەرەو گەرمیانی خواروو یان بەرەو چەمچەماڵ بە دۆڵی گۆلباخدا. (بێجگە لەو دوو هۆیـەی سـەرەوە، ئابڵووقـەدان و تەنگپێهەڵچـنینی خەڵکەکـە لـە لایـەن هێزەکـانی عێراقەوە. لە لایەکی تریشەوە فریوخـواردنی خەڵکەکـە بـەوەی کـە هیچـیان لێناکـەن و دەیانخەنـە ئۆردووگاوە، بەشێك بوو لەو هۆکارانەی کە وایکرد خەڵکەکە بەو ژمارە زۆرە بێسەروشوێن بکـرێن ـ وا).

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تیلەکۆ | 7 | 200 | 17 | 27 | 69 | 87 |
| کەلار (2) | 1 | 200 | 6 | 2 | 3 | 189 |
| سەرقەڵا | 2 | 82 | 6 | 3 | 10 | 63 |
| پێباز | 5 | 273 | 24 | 22 | 54 | 173 |
| سەرجەم | 48 | 1318 | 363 | 71 | 184 | 700 |

**(أ) ئەو ناوچانەی لە بەڵگەنامەکانی سوپادا باسی شەڕیان تێدا ناکرێت.**

**(ب) ئەو ناوچانەی شەڕیان تێدا بەرپابووە (دۆڵی گۆلباخ، تازە شار لە لای خوارەوە).**

## ئەنفالی چوار

| ناحیه | گوند | بێسەروشوێن | پیاو | ئافرەت | منداڵ | دیاری نەکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاغجەلەر | 10 | 155 | 47 | 29 | 79 | - |
| شوان | 7 | 68 | 43 | 9 | 16 | - |
| تەقتەق | 5 | 162 | 22 | 11 | 16 | 113 |
| سەرجەم | 22 | 385 | 112 | 49 | 111 | 113 |

## ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت

## (ناحیەکانی خەلیفان و ڕەواندز و هەریر)

| ناحیه | گوند | بێسەروشوێن | پیاو | ئافرەت | منداڵ | دیاری نەکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|

---

(2) ژمارەکە تەقریبییە، بەڵام شایەتەکە وای باسدەکرد کەوا زۆربەی ئەوانەی سەرنگوم کران ئافرەت و منداڵ بوون.

**549**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 51 | 6 | 7 | 59 | 123 | 5 | **سەرجەم** |

# ئەنفالی کۆتایی

**(أ) گوندی کورد.**

**(ب) گوندی مەسیحیو ئێزیدی.**

| **دیاری نەکراو** | **منداڵ** | **ئافرەت** | **پیاو** | **بێسەروشوێن** | **گوند** | **ناحیە** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| - | - | - | 189 | 189 | 17 | **سەرسەنگ (أ)** |
| - | - | - | 175 | 175 | 7 | **دۆسکی (ب)** |

www.dengekan.com

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زاویتە (أ) | 1 | 1 | 1 | - | - | - |
| گولی (أ) | 2 | 30 | 30 | - | - | - |
| سندی (أ) | 3 | 42 | 42 | - | - | - |
| بەرواری بالا (أ) | 2 | 40 | 40 | - | - | - |
| ئامێدی (أ) | 1 | 9 | 9 | - | - | - |
| نیروەرێکان (أ) | 3 | 155 | 155 | - | - | - |
| سەرسەنگ (ب) | 3 | 86 | 11 | 13 | 26 | 36 |
| دۆسکی (ب) | 1 | 34 | 11 | 11 | 3 | 9 |
| بەرواری بالا (ب) | 1 | 6 | 4 | 2 | - | - |
| دێرەلووک (ب) | 1 | 17 | 6 | 2 | 9 | - |
| نیروەرێکان (ب) | 1 | 7 | 2 | 2 | 3 | - |
| گشت (أ) | 36 | 632 | (3)632 | - | - | - |
| گشت (ب) | 7 | 150 | 34 | 30 | 41 | 45 |
| سەرجەم | 43 | 782 | 666 | 30 | 41 | 45 |
| سەرجەمی گشتی | 132 | 2767 | 1255 | 184 | 359 | 969 |
| ڕێژەی سەدی ٪ | | 100 | 45,4 | 6,6 | 12 | 35 |

# پاشکۆی E

## فەرهەنگۆکی زاراوە عەرەبی و کوردیەکان:

- ئەمن: ئاسایش (وەك بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی گشتی/ *مدیریە الامن العامە*)
- چەتە: دز یان ڕێگر، زاراوەیەکی تەوس ئامێزەو بە مانایەکی سووکەوە بۆ ناوبردنی جاش بەکاردێت لە ناوچەی بادینانDA.

---

(3) بە پێنج مێرمندالی تەمەن دوانزە سیانزە ساڵیشەوە.

- ئینتیفازە: وشە عەرەبیەکەی ڕاپەڕینە.
- ئیستیخبارات: هەواڵگریی سەربازیی.
- جاش: بەچکە (جاشە) کەر، زاراوەیەکی دزێو و توانج ئامێزە بۆ فەوجە کوردەکانی بەرگریی نیشتمانی (*أفواج الدفاع الوگنی*).
- لق: بریتییە لە فەرماندەیی بەشێکی پێشمەرگە لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا KDP. (پێکهاتەی بەشێکی سیاسیی سەربازیی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراقە کەوا بەرپرس و ئەندامانی فەرماندەیی لق سەرپەرشتیی ڕێکخراوی سیاسیو چالاکیی پێشمەرگایەتیی ئەو بەشە دەکەن ـ و).
- مفارز خاصە: یەکەی تایبەت (کەرتی ئەمنی کورد).
- مەغاویر: کۆماندۆز.
- مەڵبەند: فەرماندەیی ناوچەیی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان PUK. (دەزگایەکی سیاسی ـ سەربازیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو بەرپرسو ئەندامانی فەرماندەیی مەڵبەند سەرپەرشتیی ڕێکخستنی سیاسیو چالاکیی پێشمەرگایەتیی ئەو بەشە دەکەن ـ و).
- موجەممەع: کۆمەڵگا، ئۆردووگا یان گوندە کۆکراوەکان کە بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەی کورد تەرخان کراوە.
- موستەشار: ڕاوێژکار، فەرماندەیەکی کوردی خێڵەکیی یەکەیەکی جاش.
- موخابەرات: دەزگای هەواڵگریی (جاسووسیی) دەرەوە.
- ناحیە: یەکەیەکی بەڕێوەبەرێتیی حوکوومەتەو مەڵبەندی دەسەڵاتداریی کۆمەڵە گوندی ناوچەیەکە.
- پێشمەرگە: "ئەوانەی بەرەو ڕووی مەرگ دەبنەوە"، گەریلای جەنگاوەری کوردن.

www.dengekan.com

- قــەزا: گــەورەترین یەکــەی بەڕێوەبەرێتییــە لــە پارێزگایەکــدا. (پێکهاتەی ئیـداریی پارێزگا ـ قـەزا ـ ناحیـە، لـە گـەورەوە بـۆ بچووك لای خوێنەری کوردی کوردستانی عێراق ڕوونە ـ و).
- ڕاجیمــە: تــۆپێکی فرەلوولەیــە لــە ســەر ئۆتــۆمبیلی بارهــەلگر چەسـپ دەکرێـت، هەنـدێ جاریش بـەکاردەهات بـۆ هاوێشـتنی گوللـە تۆپی کیمیایی. (ئەم چەکە زۆر باوو ئاشنایە لـە لای کـوردو هـەر ئـەم ناوەشــی, کــە عەرەبیــە, بــە کوردیەکــە ڕۆیشــتووەو هــەموو کــەس بەکاریدێنێ ـ و).
- سوورە: یان سوورەت، بەشێکە (فەسلێکە) لە قورئان.
- تیـپ: فیرقـە، هێـزی بنـەڕەتیی پێشـمەرگەی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانە PUK، لـە چوارچـێوەی مەڵبەنـدا, (لـە چـەند کـەرتێك پێکدێت).

**تێبینـی:**

**زۆر وشە و دەستەواژەی کوردی و عەرەبی لە دووتوێی دەقــە ئینگلیزیەکــەدان, ئێمەش وەك ئەمانەتی وەرگێڕان وەکو خۆیان دامانناون و لە تێکستە وەرگێڕراوەکەدا بە پیتی لار *Italic* نووسیومانن ـ وەرگێڕ.**

## پـــــــاشکۆی وێنەکان*

---

* ئەم وێنانە لە لایەن دۆستی ئازیزمەوە کاك لەتیف فاتیح فەرەج دەستم کەوتوون کەلـە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری عێراق گرتوونی. سوپاسی دەکەم - وەرگێڕ






[www.dengekan.com](http://www.dengekan.com)





**555**



www.dengekan.com





www.dengekan.com



www.dengekan.com

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | رۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەرومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێکبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانرۆیی-فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ<br>ئۆین ج. ئارنۆ<br>میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کوردی<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیزی |
| رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەلێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | رۆمان | 2004 | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | 2004 | ئارام عەلی عەزیز |
| کورتترین رێگەی سەرکەوتن | فارسی | رۆبیرت ئۆریلی | درونناسی | 2004 | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵلا ئەحمەد رەسول | مێژوویی | 2004 | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت الله مقدم مراغەی | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانرۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | 2004 | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی بیانی | چیرۆك | 2004 | نوری سەعید قادر |
| مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | 2004 | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د.رەفعت ئەلسەعید | فیکرییە | 2004 | حەسەن عبدالکریم |
| سەرچاوەکانی زانیو نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | 2004 | ناسر سەلاحی |
| دەوڵەتو کۆمەلگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیکرییە | 2004 | مامەند |
| کاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاساییە | 2004 | دلێر میرزا |
| خاکەکە ماچ کە | ئینگلیزی | ئیلیزابیث لایارد | رۆمان | 2004 | عەزیز گەردی |
| ئازارەکانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | 2004 | ئاری بابان |